هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پڕۆتۆکۆڵەکان

# ١٢٨

ساڵی/ ٢٠٢٢ – بەرگی سەدو بیست و هەشت

---

چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠٢٣

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠٢٢/٩/١ ل ٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢٢/٩/٢١ ل ٢٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠٢٢/٩/٢٢ ل ١٧١
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤ )خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٢٢/٩/٢٧ ل ٢١٧

ئێستا راپۆرتەکەی ئامادەیە و لەبەردەستاندایە، ئێمە ئەگەر راپۆرتەکە بخوێنینەوە هەر ئەمڕۆمان دەوێت بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەکە، لەبەر ئەوەی چل و هەشت سەعات پێشتر بەپێی پەیڕەو لەبەردەستاندابووە، داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەوانەی کە رەزامەندن بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ با دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، زۆر سوپاس، فەرموون دەست پێ بکەن.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بابەت: راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کە راستاندنی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی کاروباری یاسایی رۆژی یەك شەممە رێکەوتی (٢٠٢٢/٩/١٨)، کاتژمێر (١٠)ی بەیانی، کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بە مەبەستی پێداچوونەوە و داڕشتنی یاسایی و دڵنیابوون لە دژ نەبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان، بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٨٥) بڕگەی یەکەم و سێیەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە راپۆرتی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ خوێندنەوەی دووەم سەبارەت بە پڕۆژە یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان_عێراق، لیژنەی یاسایی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی پێ پەسەندە، سەبارەت بە ناونیشانەکەی، پڕۆژە یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان_عیراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێت لەسەر ناونیشان قسە بکات ناوی خۆی تۆمار بکات، دکتۆر زێدان فەرموو.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشی لە هەردوو لیژنە، لەسەر ناونیشان تێبینیەکانم ئەوەیە کە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێك یاسامان دەرکردووە کە تایبەتن بە وەزارەتەکان، یاسای وەزارەتی کارەبا و هەمواری یەکەمی و یاسا وەزارەتی شارەوانی و یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لەگەڵ چەند دەستەیەك، ئەم یاسایە هەم یاسای پەروەردەیە و هەم یاسای وەزارەتە، ئایا دەکرێت لە ناونیشان تەنها باس لە پەروەردە بکەن و ناونیشانی وەزارەتی تێدا نەبێت، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو بەشەی تایبەتە بە وەزارەت جیا بکرێتەوە، بکرێتە یاسای وەزارەتی پەروەردە، وە یاسای پەروەردەش لە ماددە یەك تا سەد و پەنجا و پێنج بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە و بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەم، دیارە باسی وەزارەتی پەروەردە و یاسای وەزارەتی پەروەردەکراوە بە هەمان شێوەی یاسای پەروەردەیە، لە بابەتی ناوی فێرکردن یان چەمکی فێرکردن بێگومان هاوڕام لەگەڵ ئەوەی کە دەبێت تەنها وەزارەتی پەروەرد بێت، چونکە ناوی پەروەردەیە یاساکەشی دەبێت تەنها یاسای وەزارەتی پەروەردە بێت، وە مەسەلەی فێرکردن ئیشکالێکی تێدایە، چونکە لە رووی

زمانەوانیەوە پێناسەی نوێی پەروەردەیە فێرکردن بەشێکە لە پەروەردە، وە پەروەردە گشـتگیرە و فێرکـردنیش لە خـۆ دەگرێـت، وشـەی تعلـیم بە فێرکـردن دێـت لە کوردیـدا، فێرکـاری دەبێـتە تعلیمی، بۆیە تێبنی ئەوانە بکرێت، لەبەر ئەوە تەنها ئەوە بێت کە یاسای پەروەردە زۆر گشتگیرتر و بەهێزترە وەك لەوەی کە فێرکردنەکەی بۆ ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستپێکێ من داخازەکا هەی، داخـازا مـن ئەوەیە پشـتگیریا خوشـکە سـلمە دکەم، ئەڤ یاسـایە گەلەکا درێژبوو کات و دەمێ مە گەلەکی کورت بوو بـۆ ئەوەی ئەم پێـداچوونەوەکا دیـر بکەیـن، ژبەر هەندێ ئەگەر ئەڤڕۆ گەلەك نەچین یەعنی دە ماددە تنـێ بێـنە موناقەشـەکرن دا مە مەجـال هەبیت ئەڤێ دی بە دروستاهی خوینین گەلەك پێتڤی و زروریە ئەڤە داخازا، یا دی ئەز پشتگیریا دکتۆر زێدانی دکەم، مەعقول نینە یاسایا پەروەردێ گەل یاسایا وەزارەتا پەروەردە پـێکڤە بیـت، ئەگەر دەروازا چوارێ جودا ببیت ببیتە دوو یاسا یاسایا پەروەردێ و یاسـایا وەزارەتـا پەروەردە، ژبەر هەندێ پشتەڤانیا دکتۆر زێدانی دکەم، تێبینیا من یا سێیەم فیعلەن پڕۆژە یاسای پەروەردە فێرکردن دبینیم زێدەیە، فێرکردن بەشـەکە ل پەروەردە، پەروەردە شـامل تـرە، تەڤگەرتـرە، ژبەر هەنـدێ کـو ئەم بێـژین بەس رەوشـتە دگەل فێرکردنـێ، پێتڤـی نـاکەت بێـژین پـڕۆژە یاسـای پەروەردە و فێرکردن، چـونکی وەزارەت ژی ئەم بێـژین وەزارەتـی پەروەردە، نـابێژین وەزارەتـی پەروەردە و فێرکـردن، ئەگەر هـات مەهەمـوارکر کردمـانە وەزارەتـی پەروەردە و فێرکـردن وی دەمـی ئەم مەجبـورین بێـژین پـڕۆژە یاسـای پەروەردە و فێرکـردن، مـادام وەزارەت وەزارەتـی پەروەردەیە بێ فێرکردن تەواوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەو هەموو ماددەیەی کە سـەد و هەشـتا و یەك مـاددە لەو پـڕۆژەیەی دایە بەڕاسـتی زۆر زۆرە، من پێموایە ئەم هەموو یاسایە پێویست نییە، بەڵام بگرە نیوەی زیـاتر ڕێنمـایین کـراون بە یاسا، یەعنی حەز دەکەم ئەوە بەڕاستی بەسەرماندا تێنەپەڕێت، با ئێمە یاسـا و ڕێنماییەکـان بـۆ جەنابی وەزیر روونتربێت لەوەی کە وەزیر دەتوانێـت ڕێنمـایی دەربکـات، بەڵام ئەو یاسـایە زۆر زۆرە، داوا دەکەم تەعدیلێك بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـز وەزیـری پەروەردە ئەگەر قسـەیەکت هەیە لەسـەر ئەو قسـانەی ئەنـدامانی پەرلەمـان، فەرموو.

**بەڕێز ئاڵان حەمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سـەبارەت بە پـڕۆژە یاسـای پەروەردە و فێرکـردن ئـێمە بە پـڕۆژە یاسـای پەروەردە و فێرکـاری ناردوومانە، بەڵام لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمـانی کوردسـتان زاراوەی فێرکردنـی پـێ باشـتربوو، سەبارەت بە جیاوازی لە نێوان پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە یەکچوونیش هەیە تەکامولیش هەیە، لە هەمـان کاتـدا جیـاوازیش هەیە، پەروەردە و فێرکـردن چەمکـی پەروەردە فراوانتـری دەکـات، هەنـدێك جـار پڕۆسـەی فێرکـردن دەبێـتەوە بە بەشـێك لە پڕۆسـەی پەروەردە، بەڵام بەکارهێنانی عورفێکی موتەبەعە بۆ ئەوەی کە بە تەواوەتـی تەرکیـزی پەروەردە بچێـتەوە سـەر کارەمەیی و بەهاکان و تەرکیزی پڕۆسەی فێرکاریش بچێتەوە سەر بابەتی خوێندن و فێرکـردن، سەبارەت بەوەی کە پڕۆژە یاساکە بە ناوی وەزارەت نیە، ئەمە پڕۆژە یاسای کەرتـی پەروەردەیە بە گشـتی لە نـاو وەزارەتـی پەروەردە، وە خـاڵێکی گرنـگ ئەوەیە کە جیاکـاری نێـوان یاسـاکان زۆرجـار لە کـاتی پراکتیکەکردنـدا گرفتـت بـۆ دروسـت دەکـات، ئـێمە لە وەزارەتـی پەروەردە مەحکـومین بە دوو یاسـا، هەروەهـا بە سیسـتەمێکیش کە ئەویـش یاسـای ژمـارە (٤)ی سـاڵی (١٩٩٢)ی سـێ جـار هەمـوارکراوی سـاڵی (٢٠٠٧)ە، هەروەهـا یاسـای ژمـارە (١٤)ی سـاڵی (٢٠١٢)ی قوتابخانە و پەیمانگا نا حکومیەکـانە، وە سیسـتەمی قوتابخـانە بنەڕەتیەکـانی سـاڵی (٢٠٠٩)، وە سیستەمی خوێنـدگا ئامادەییەکـانی سـاڵی (٢٠٠٩)یە لە ئەنجـوومەنی وەزیـران دەرچـووە، لەبەر ئەوە پەرتەوازەییەکی زۆر لە یاساکاندا هەیە، ئەگەر دیقەت بدەی ئەم پڕۆژەیەی کە ئێسـتا لەبەر دەسـتی بەڕێزتانـدایە پـڕۆژەیەکە کـۆکەرەوەی هەمـوو یاسـاکانە، هەنـدێ خـاڵیش کە بەڕێـزان باسیانکرد کە بۆ هەندێ شت وەکو ڕێنمایی دێتە پـێش چـاو کـراوەتەوە نـاو ئەم پـڕۆژە یاسـایە، پـڕۆژە یاسـاکە پـڕۆژە یاسـایەکی گشـتگیرە، ئەگەر سـەیری ئەزمـوونی دەوڵەتـان بـکەی دەبینـی مەسـەلەن لە بەریتانیـا دەسـتوور عـورفیە مەکتـوب نـیە، بەڵام پـڕۆژە یاسـاکانیان لە بـواری پەروەردە خۆی لە نۆ سـەد مـاددە دەبینێـتەوە، لە کەنـدا لە سـێ سـەد و حەفتـا و یەك مـاددە، لە سوید لە نۆ سەد، یەعنی مەبەستم چیە مەبەستم ئەوەیە حیکمەت لە فراوانبـوون یـان تەفسـیلْ لە هەنـدێك بـوار کە پێویسـت بـوو بێـت ئەوەیە کە دوورکەوتـنەوەی کەرتـی پەروەردەیە لە میزاجـی، وە بە گـۆڕینی ئەشـخاص و وەزیرەکـان هەنـدێك بـابەتی ئیسـتراتیجی هەن کە پێویستیان بەوە هەیە بەردی بناغەیەکی ئیستراتیجیان بۆ دابنرێت، گۆڕانکاریان بە ئاسانی تێدا نەکرێـت، بـۆ ئەوەی پڕۆسـەی پەروەردە جۆرێـك لە ئیسـقرار وەربگرێـت، ئەمە بەردی بنـاغەی پڕۆژەیەکی پەروەردەی کوردستانیە، بەڵام ئەگەر ئەزمـوونی دەوڵەتـان سـەیر بکەیـن لە کۆریـای باشوور پەنجـا یاسـای پەروەردە هەیە تەحکـوم دەکـات بە پڕۆسـەکەوە، وە هەر یاسـایەکیش بە دەیان و بە سەدان مـاددەیە، مەبەسـتەکە لە ئیسـتقرارە و لە پەرلەمانیشـەوە ئەمـانە موسـادەقە دەکرێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموون ماددەی یەکەم بخوێننەوە.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەروازەی یەکەم:
پێناسەکان و بنەما گشتی و بنچینەیی و ئامانجەکان
بەشی یەکەم: پێناسەکان
ماددەی (١):
بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ووشەو زاراوەکانی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:
یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.
دووەم: ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.
سێیەم: وەزارەت: وەزارەتی پەروەردەی هەرێم.
چوارەم: وەزیر: وەزیری پەروەردەی هەرێم.
پێنجەم: ئەنجومەنی وەزارەت: ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم.
شەشەم: ئەنجومەنی پەروەردە: ئەنجومەنی پەروەردەی پارێزگا، ئیدارە سەربەخۆ قەزاکان.
حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە: بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان.
هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆ و قەزاکان.
نۆیەم: قۆناغی باخچە: قۆناغی شیاندن و ڕاهێنان و ئامادەکردنە، بۆ منداڵانی تەمەن (٤) چوار ساڵ و (٥) پێنج ساڵ بەر لە خوێندنی بنەڕەتی.
دەیەم: خوێندنی پەیڕەوکراو: ئەو خوێندنەیە کە لە قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگە پەروەردەییەکان لەتەمەنی یاسایی قوتابیان و خوێندکاراندا پەیڕەو دەکرێت.
یازدەیەم: خوێندنی ناپەیڕەوکراو: ئەو خوێندنەیە کە لە ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەو کەسانەی کە لە ناوەندی خوێندنی پەیڕەوکراو، و بە پێی ئەو مەرجەی تەمەن کە لەم یاسایەدا هاتووە، مافی خوێندنیان نیە.
دوازدەیەم: خوێندنی پابەندکراو: قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی دەگرێتەوە کە تێیدا بەخێوکار پابەند دەبێت لە تەمەنی یاساییدا منداڵ بخاتە بەر خوێندن لە یەکێك لە قوتابخانەکان.
سیازدەیەم: خوێندنی بنەڕەتی : یەکەم قۆناغی خوێندنی پەیڕەوکراو و پابەندکراوە کە (٩) نۆ پۆلی خوێندن لەخۆدەگرێت.
قوتابخانەی بنەڕەتی: ناوەندی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتییە.
چواردەیەم: خوێندنی ئامادەیی: ئەو قۆناغەی خوێندنە کە دوای قۆناغی بنەڕەتی دەستپێدەکات و (٣) سێ پۆلی خوێندنە و پۆلەکانی دەیەم تا دوازدەیەم لە خۆ دەگرێت.
خوێندنگەی ئامادەیی: ناوەندی خوێندنی قۆناغی ئامادەییە.
پازدەیەم: خوێندنی پەیمانگەی پەروەردەیی: قۆناغی خوێندنی پیشەییە، کە دوای خوێندنی بنەڕەتی دەستپێدەکات و (٥) پێنج پۆلی خوێندنە.

شازدەیەم: پەیمانگەی پەروەردەیی پیشەیی: ئەو ناوەندانەن کە خوێندنی پیشەییان بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵ پاش تەواوکردنی قۆناغی بنەڕەتی تێدا دەکرێت.
حەڤدەیەم: کۆمەڵگەی پەروەردەیی: ئەو دامەزراوانەیە کە باخچەی منداڵان و قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی لەخۆدەگرن.
هەژدەیەم: بازنەکانی خوێندن: ئەو پۆلانەی کە خوێندنی بنەڕەتیان بەسەر دابەش دەکرێت خوێندنی بنەڕەتی لە سێ بازنە پێکدێت، وە ماوەی هەر بازنەیەك، سێ پۆلی خوێندنە.
نۆزدەیەم: دامەزراوە: دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکردنە، کە باخچەی منداڵان، قوتابخانە، خوێندنگە، کۆمەڵگە و پەیمانگە پەروەردەییەکان، بە حکومی و ناحکومی و هاوبەشەوە دەگرێتەوە.
بیستەم: دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکردنی حکومی: ئەو دامەزراوانەی پەروەردەو فێرکردن دەگرێتەوە کە موڵکی حکومەتن و لەلایەن وەزارەتەوە بەڕێوە دەبرێن و خەرجیان لێدەکرێت.
بیست و یەکەم: دامەزراوەی ناحکومی: ئەو دامەزراوانەی پەروەردەو فێرکردن دەگرێتەوە کە موڵکی کەس و لایەنی پەروەردەکاریی ناحکومین و لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوە دەبرێن و خەرجیان لێدەکرێت.
بیست و دووەم: دامەزراوەی ناحکومی قازانج نەویست: ئەو دامەزراوانەی پەروەردەو فێرکردن دەگرێتەوە کە تێیدا قازانجی دامەزراوەکە بۆ سوودی کەسی بەکار نایەت، بەڵکوو تەنها بۆ گەشەپێکردنی منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران و مامۆستایان و کارمەندانی تری دامەزراوەکە و دابینکردنی پێداویستییە زانستی و کارگێڕییەکان بەکاردێت، ئەو دامەزراوانە خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی خۆیانن و لە دام و دەزگای پەیوەندیدار تۆمار دەکرێن، دەبێت لە پەیڕەوی دامەزراوەکەدا دەقنووسکرابێت کە دامەزراوەکە قازانج نەویستە.
بیست و سێیەم: دامەزراوە هاوبەش و پشتیوانکراوەکان: ئەو ئەو دامەزراوانەی پەروەردەو فێرکردن دەگرێتەوە کە موڵکی حکومەتن، وە تێچووەکانیان لەلایەن حکومەتەوە دابین دەکرێت، بەڵام لەلایەن کەسانی پەروەردەیی نیشتمانی یان بیانیەوە، بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت بەڕێوەدەبرێن.
بیست و چوارەم: قوتابی: ئەو کەسەیە کە لە قوتابخانەی بنەڕەتی ناونوس کراوەو بەردەوامە لە خوێندن.
خوێندکار: ئەو کەسەیە کە لە خوێندنگەی ئامادەیی یان بەشی ئامادەیی کۆمەڵگەی پەروەردەیی یان پەیمانگەکانی پەروەردەیی ناونووسکراوە و بەردەوامە لە خوێندن.
بیست و پێنجەم: پۆل: ساڵێکی خوێندنی قوتابی و خوێندکارە، لە هەرقۆناغێکی خوێندندا.
بیست و شەشەم: قوتابخانەی ئێواران: ناوەندی خوێندنی ئێوارانی حکومییە بۆ ئەو قوتابی و خوێندکارانە تەرخانکراوە کە بەهۆی مانەوەی دوو ساڵ لەسەریەك لە خوێندنی ڕۆژ، یاخود بەهۆی تێپەڕبوونی تەمەنی یاساییان، مافی بەردەوامبوونیان لە قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی ڕۆژدا نییە.
بیست و حەوتەم: مامۆستا: کەسێکی شیاو و لێهاتووە بۆ وانەوتنەوە لە دامەزراوەکان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

بیست و هەشتەم: مامۆستای پەروەردەی تایبەت: مامۆستای پسپۆڕە لە پەروەردە و فێرکردنی منداڵانی باخچەی منداڵان و قوتابیانی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە دامەزراوەکان.
بیست و نۆیەم : بەڕێوەبەری دامەزراوە: ئەو کەسەیە کە ئەرکی بەڕێوەبردنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکردنی پێ دەسپێردرێت.
سییەم: یاریدەدەری بەڕێوەبەر: ئەو کەسەیە کە ئەرکی یاریدەدەری بەڕێوەبەری پێدەسپێردرێت.
سی و یەکەم: ڕێنماییکاری پەروەردەیی: ئەو فەرمانبەرەیە کە هەڵگری بڕوانامەیە لە یەکێك لە بوارەکانی دەروونناسی، کۆمەڵناسی، ڕێنمایکردنی پەروەردەیی و کاری کۆمەڵایەتی کە ئەرکی ڕێنمایی پەروەردەیی قوتابیان و خوێندکاران لە سنوری قوتابخانە و خوێندنگەکەی لە ئەستۆدەگرێت.
سی و دووەم: سەرپەرشتیاری پەروەردەیی: ئەوفەرمانبەرەیە کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، لە دامەزراوەکاندا ئەرکی ڕێنمایی و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن لە ئەستۆ دەگرێت.
سی و سێیەم: پلانی فێرکردن: بنەما ودیدگا گشتیەکانی پەروەردە وفێرکردنە، کە لەپرەنسیپە گشتی و فەلسەفیەکانی پەروەردەوفێرکاری هاتوو لەم یاسایەدا سەرچاوە دەگرێت، و بەها و بنەماکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی لەسەر بنیات دەنرێت و ئەو ئامانجانەی بۆ هەر قوتابی و خوێندکارێك فەراهەم دەکرێن و ئامانجەکانی هەر بابەتێکی خوێندن لەهەر قۆناغێکدا، ئەو کارامەییانەی لەهەر منداڵ و قوتابی وخوێندکارێك لەهەر قۆناغێکی خوێندن چاوەڕوان دەکرێت، کاتژمێرەکانی خوێندنی هەر بابەتێکی خوێندن دەگرێتەوە.
سی و چوارەم: کتێبەکانی خوێندن: کتێبەکانی خوێندنی هەر بابەتێك کە وردەکارییەکەی لە پلانی فێرکردنەوە سەرچاوەی گرتووە.
سی و پێنجەم: پروگرامی خوێندن: بەشێکە لە پلانی فێرکردن کە پەیوەستە بە پۆلێك یاخود بازنەیەکی خوێندنی دیاریکراو، وە کتێبەکانی خوێندن لە هەر بابەتێك، لە قۆناغی یان بازنەی پەیوەندیدار، و کتێبەکانی ڕاهێنان و ڕێبەری مامۆستا و ڕێبەری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، و سیستەمی تاقیکردنەوەکان وهەڵسەنگاندن لە خۆدەگرێت.
سی و شەشەم: بەخێوکاری قوتابی: ئەو کەسەی بەخێوکردن و چاودێریکردنی منداڵ، قوتابی و خوێندکار، بە پێی یاسا بەرکارەکان لە ئەستۆ دەگرێت.
سی و حەوتەم: ئەنجومەنی بەخێوکاران: ئەنجومەنێکە بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە لەناوەندەکانی خوێندن پێك دەهێنرێت.
سی و هەشتەم: پەروەردەی تایبەت: بریتیە لە کۆمەڵێك بەرنامەی پەروەردەیی تایبەت، کە دەبێت بۆ قوتابیان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دابین بکرێت، بۆ گەشەکردن و پەرەپێدانی تواناکانی خوێندنیان لە ڕێگەی هۆکارەکانی فێرکردنی گونجاو کە لەگەڵ تواناکانیان بگونجێت، بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە فێرکارییەکان و ئامادەکردنیان بۆ ژیانی گشتی و تێکەڵبوونیان بە کۆمەڵگە.
سی و نۆیەم: قوتابیان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەت: ئەوانەن کە گرفتێکی هەمیشەیی جەستەیی یان ناجەستەییان هەیە کە دەبێتە ڕێگر لە بەشداربوونیان بە شێوەیەکی یەکسان لە ناوەندەکانی خوێندن و فێرکردندا.

چل: پەروەردە و فێرکردن: ئەو پرۆسـەیەیە کە بەپێـی پلانـی فێرکـردن و پرۆگرامەکـان و لەژێـر چاودێری مامۆستا و بەمەبەستی بەهرەمەندبوونی قوتابی و خوێندکاران بە زانست و تێگەشتن و بنیاتنـانی بەهاکـان، لە دامەزراوەکانـدا بەڕێـوە دەچێـت و خوێنـدنەوەیەکی ڕەخنەگـرانەی دەقەکانیش لەخۆ دەگرێت.

چل و یەکەم: بەشـە وانە: پرۆسـەیەکی پەروەردەیـی و فێرکـردنە لە پـۆل و لەژێـر سەرپەرشـتی مامۆستا و لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەڕێوە دەچێت.

چـــل و دووەم: دڵنیـــایی جـــۆری: ئەو ڕێکـــارانەیە کە لە پرۆســـەی پەروەردەو فێرکـــردن لە دامەزراوەکاندا، بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم یاسایە دەگیرێتەبەر.

چـل و سێیەم: خوێنـدنی خێـرا: ئەو خوێنـدنەیە کە ئامـانجی ڕەخسـاندنی هەلـی فێربـوونە، بـۆ ئەوانەی لە تەمەنی یاساییدا لە خوێندن بەردەوام نەبوون، یان هەر پەیوەندیان بە قوتابخـانەوە نەکردووە، ئەوەش لە ڕێگەی ئامادەکردنیان لە ماوەی (٥) پێنج ساڵ یان زیاتر، بۆ ئەوەی بە پێـی تەمەنەکانیان بگەنەوە سەر ڕێچکەی خوێندنی پەیڕەوکراو.

چـل و چـوارەم: نەهێشـتنی نەخوێنـدەواریی: بنیاتنـانی توانسـتەکانی خوێنـدنەوە و نووسـین و بنەماکانی ژمارەکارییە، بۆ ئەو کەسانەی کە نیانە و هـیچ پـۆلێکی خوێنـدنینان بە سـەرکەوتووی نەبڕیوە و تەمەنیشیان لە (١٦) شازدە ساڵ زیاترە.

چــل و پێــنجەم: شــوێنی حەوانــدنەوەی قوتابیــان: ئەو شــوێنانەن لە قوتابخــانە، کە لە دوای تەواوبوونی دەوامی فەرمی قوتابخانەکان دەکرێنەوە، بۆ ئەو قوتابیـانەی لە خـوار تەمەنـی (١٤) چـواردە سـاڵن، وە لەبەر کـاری بەخێوکاریـان نـاتوانن لە کـاتی تەواوبـوونی دەوامـی قوتابخـانە بڕۆنەوە ماڵەوە.

چل و شەشەم: دیداری گەشە: بریتییە لە دیدارێك کە لە قوتابخـانەو خوێنـدنگە بە ئامـادەبوونی مامۆسـتا، بەخێوکـار، قوتـابی یـان خوێنـدکار و بـۆ تـاوتوێکردنی بـاری خوێنـدن بەمەبەسـتی لێکتێگەیشتنی هاوبەش بۆ پەرەپێدانی تواناکانی قوتابی و خوێندکارو باشـترکردنی بـارودۆخی خوێندنیان ئەنجام دەدرێت.

چـل و حەوتەم: قوتابخـانە و خوێنـدنگەی بەهـرەداران و تایبەتمەنـد: بـریتییە لەو قوتابخـانە و خوێنـدنگەی بەهـرەداران، یـان تایبەتمەنـد بە هـونەر یـان وەرزش یـان هەر بـابەتێکی دیـکە کە وەزارەت ڕەزامەندی لەسەر دەدات.

چل و هەشـتەم: مـۆڵەت: ئەو ڕێگەپێـدانەیە کە لەلایەن وەزارەتەوە، وە بەپێـی حوکمەکـانی ئەم یاسایە و ڕێنماییەکانی بە دروستکردنی دامەزراوەیەکی ناحکومی دەدرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمـان، هەر ئەنـدامێکی پەرلەمـان دەتوانێـت (٢) دەقە قسـە بکـات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو پڕۆژە یاسایە پڕۆژە یاسایەکی گرنگە ئیستسـنایەکی بـۆ دەکەیـن دەتـوانن (٣) دەقە قسە بکەن، بەڵام بیرتان بێت وەزیر ناتوانێـت بە (٢) دەقە وەڵامـی هەمـوو پرسـیارەکانتان بـداتەوە، هەر بەڕێزێـك دەیەوێـت قسـە بکـات دەتوانێـت نـاوی تۆمـار بکـات، بەڵـێ بەڕێـزان، ئەندامانی بەڕێز ناوەکان دەخوێنمەوە، ئەگەر یەکێـك نەنووسـرابوو پێمـان بڵـێ، گوڵسـتان خـان، مامۆستا عبدالستار، کاك بەڵێن، ڕوپاك خان، کاك سەرکۆ، کاك باڵانبۆ، کاك شاخەوان، شـادی خـان، کاك بەڵێن، کاك گۆران، شیرین أمین، د.شایان، کاك علی، کاك یاسین، کاك فیصـل، کـاك مەلا ناصـر،

د.شێرکۆ، د.إسماعیل، کاك سیپان، بدریە خان، مژدە خان، مامۆستا عثمان ، مامۆستا عمر، کاك مەم، سەرچنار خان، هەڵەز خان، سوسن خان، د.ڕێبوار، کاك چیا، شێخ ظاهر، ئاشنا خان، کاك مسلم، د.گەلاوێژ، کاك هێڤیدار، سوسن خان، فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا من تێبینیم لەسەر کۆی یاساکە هەیە کە لە ئێستاشدا من دەڵێم ئەو یاسایە گەلەك زۆرە، دەکرێت زۆر کورت بکرێتەوە، تێبینیم لەسەر ئەو ماددەیە لە ڕاستی دا لە خاڵی شەشەم ئەو (ئیدارە سەربەخۆ) بکرێتە (ئیدارە سەربەخۆکان)، هەروەها لە خاڵی هەشتەم دیسان بە هەمان شێوە بکرێتە (ئیدارە سەربەخۆکان)، لە خاڵی نۆیەم کە قۆناغی باخچەیە نووسراوە قۆناغی (شیاندن و ڕاهێنان و ئامادەکردنە بۆ منداڵانی تەمەن چوار ساڵ و پێنج ساڵ) بکرێتە (چوار تا پێنج ساڵ)، لە خاڵی چواردەهەم خوێندنی ئامادەیی ئەو (قۆناغە خوێندنە) کە دوای قۆناغی بنەڕەتی بکرێتە (ئەو قۆناغە خوێندنەیە) نەك ئەو قۆناغەی خوێندنە، لە خاڵی بیست و سێیەم پرسیارێکم هەیە سەبارەت بە ڕستەی کۆتایی کە دەڵێ (بەڵام لەلایەن کەسانی پەروەردەیی نیشتیمانی یان بیاندییەوە) ئەو (بیاندییە)چییە؟ ئایا مەبەست (بیانی)یە کە نووسرایە (بیاندییە)؟ چونکە بەو شێوەیە خوێندرایەوە لەلایەن سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، هەروەها پرسیارێکی ترم سەبارەت بە قوتابی و خوێندکار، بۆچی لە شوێنێك قوتابی هاتووە، لە شوێنێك خوێندکار هاتووە؟ ئایا ئێمە دوای ئەو هەموو ساڵە نەمانتوانیوە لەسەر وشەیەك ڕێك بکەوین؟ هەروەها سەبارەت بە بڕگەی (٣٣) کە باس لە پلانی فێرکردن دەکات، بەڕای من ئەو بڕگەیە زۆر دوور و درێژە و دەتوانرێ کورت بکرێتەوە، دیسان سەبارەت بە خاڵی (٣٨) پەروەردەی تایبەت ئەم خاڵەش بەڕای من پێویستە کورت بکرێتەوە و دوور و درێژە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.ڕێبوار، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر بڕگەی (٢٤) هەیە، تێبینییەکەشم دیارە پەیوەستە بە فەرهەنگی زمانی کوردی و بە تەحدیدی لەسەر ئەو هەردوو وشەیەیە، بڵێین وشەی (قوتابی) و (خوێندکار) و (قوتابخانە) و (خوێندنگە)، دیارە لە پڕۆژە یاساکە هاتووە (قوتابی) بۆ قۆناغی بنەڕەتی دیاری کراوە و پێناسە کراوە، (خوێندکار)یش بۆ قۆناغی ئامادەیی، من پێموایە دەستنیشان کردنی وشە و چەمکەکان بۆ ئەهلی ئیختیصاصی کوردی بەجێبهێڵین، ئەوە بابەتێك نییە پەیوەست بێ بە کەرتی پەروەردەوە، بەڵکو بابەتێکە پەیوەستە بە کۆڕی زانیاری کوردی و پسپۆڕانی زمانی کوردی، من پێموایە هەردووکی موڕادیفی یەکە، قوتابی و خوێندکار هیچ جیاوازی نییە، موڕادیفی یەکترن، بۆیە لێرە بە جیاوازی هاتووە، کەواتە وا باشە بەو شێوەیەی لێ بکرێ بڵێین

(قوتابی قۆناغی بنەڕەتی، خوێندکاری قۆناغی ئامادەیی) یـان (قوتـابی قۆنـاغی ئامـادەیی)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك چیا، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

من دوو تێبینی هەبین، ئەز نزانم من پێشنیارەك هەیە، ئەز نزانم چ ڕادەکا ئەڤ پێشنیارە یاسایی یە، ئەڤ پڕۆژە یاسا نێزیکی (١٨٢) ماددەنە، ئەگەر ئەم ڤێ پڕۆژە یاسای کو رەئیـا بـرادەران (١١١) ئەندام پەرلەمانە، ئەز باوەڕ ناکەم هەیڤهەتا دوو هەیڤـی ئەڤ پـڕۆژە یاسـای خەڵاص بـکەن، ئەز ئێـك پێشـنیارێ دکەم ژ هەر فراکسـیۆنەکێ سـێ یـان چـار کەس دگەل جەنـابێ وەزیـری خانـدنا دووێ بـۆ بێـتە کرنـێ، ئـاخیر جەلەسـە کە خانـدنا دووێ هـاتە کرنـێ، ئەڤ خانـدنا دووێ بێـتە ڕاگەهاندن بۆ مە هەمی پەرلەمانتارا، ب ڤی شـێوازێ ئەم هەمـی نە پسـپۆڕی پەروەردەیـنە، ئەم هەموو نە شارەزای پەروەردەینە، هەندەك کار بۆ کەسێن پەروەدە و پسپۆڕ و شارەزا بـن، بـۆ وێ ژی ئەگەر ئەڤ پێشـنیارا د جهـێ دا بـت، بـۆ مـاوەی حەفـتەیەك دا ئەم بشـێن ڤـێ پـڕۆژە یاسـا خەلاص بکەین، ئەگەر ب ڤی شێوازی بیت باوەڕ ناکەم دوو هەیڤـی دی جەلەسـە و دوو هەیڤـی دی جەنابێت وەزیر لڤێرێ روونن ژ هەمی کارا تێنە لادان، ئەڤ نزانم یاسایی یە ئان نا؟.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوەڵلا دەبێ لە ناو هۆڵی پەرلەمان موناقەشەی بکەین.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

تەمام، ئەز دێ تەنها یەك تێبینیا خوە گەهینم، بابەتێ پڕۆژە یاسا کە بۆ هەموو کوردستانێ یە، بۆ هەموو ماڵبەتەکێیە، بەڵـێ موخـابنی وە دەبـێ پـڕۆژە یاسـا بە سیاسـەت کرنـا پـڕۆژە یاسـای ئەز دبینم بەکار هینانا قوتابی و خوێندکارا نە تشتەکی جوانە پێ دڤی ئەم شتە نێتە کرن، دەمانزانی ناس دزانن باشترین کەلیمە لە هەموو دونیایێ ( st udent) دێتە بەکارهێنان و نـزانم بـۆچی یەعنی ئەم حەتا ڤێ ڕادەیێ پرۆژە یاسایەکێ دا سیاسەتێ دا بەکار بینن بۆ وێ من پێباشـە ئەڤ دوو کەلیمە بێنە لادان، نە قوتـابی بێـتە بەکـار هینـان، نە خوێنـدکار، بابەتەکـا زمـانزانەکی وەسـا بەکار بینن کو هیچ کەسەك سیاسەتێت پرۆژە یاسای نەیێتە کرنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك هێڤیدار، فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار أحمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری پەروەردە و وەزیری پەرلەمان دەکەیـن کە لێـرەنە، لەسـەر مـاددەی (یەکەم) هاوڕای برای بەڕێزم کاك (چیا)مە، قوتابی و خوێنـدکار، ئەوە قوتـابی بەشـی ئیبتیـدائی یە، سـەرەتایی، خوێنـدکار بەشـی ئامـادەیی یە، ئەدی لە زانکـۆ چـی پـێ بڵێـین؟ دەبـێ وەزیـری تەعلیمی عالیش ڕۆژێك بینـنە ئێـرە و دابنیشـن و نـاوێکی بـۆ بێـنن، یەعنـی شـتەکە زۆر ئاسـانە، سبەینێ یەکێك، بەڕێز سـەرۆکی پەرلەمـان، سـبەینێ یەکێـك دکتـۆراکەی بنووسـێت لەسـەر ئەم قانونە و زۆر قانونی تر، دەڵێ کاکە خـۆ پـارتی و یەکێتـی شـەڕیان کـردووە کوردسـتان دروسـت

بکەن نەك قانونەکە بە ناوی حیزبی دروست بکەن، فێرخواز کەلیمەیەکی کوردی یە، جوانە، یان ناوێکی تر بۆ هەردووکی بەکاربینن، قوتابی لێرە بۆ سەرەتایی، خوێندکاریش بۆ ئامادەیی، ئەدی زانکۆ چی پێ بڵێن جەنابی وەزیری پەروەردە زەحمەت نەبێت لێرەی؟ یەعنی ناوێکی دەبێ دانیشین بۆ ئەویش داتاشین و بنووسین زەحمەت نەبێ، ماددەی (بیست و هەشتەم) جەنابی وەزیر مامۆستای پەروەردەی تایبەت، ئەم مامۆستایانەمان هەیە لە کوردستان؟ ئێستا من لە زاخۆ ئەم ساڵە یەعنی پرسیار بۆ ئێمە هاتووە مامۆستامان نییە، یەعنی دەرسی تایبەت بۆ تەڵەبەی کە تەواو ئەندامی جەستەی تەواو نییە، پێی بڵێتن، هەر نایزانی چۆن پێی بڵێت؟ ئایا لە کوردستان ئەو بەشە هەیە؟ (بیست و نۆیەم) و (٣٠)ەم دەڵێ (بەڕێوبەری دامەزراو ئەو کەسەیە..) (ئەو کەسە) بکرێتە (مامۆستا)، (٣٢)ەم سەرپەرشتیاری پەروەردە دەڵێ (ئەو فەرمانبەرەیە..) یەعنی نەتنووسیوە (ئەو کەسەیە)، مامۆستایە دەبێتە بەڕێوبەری دامەزراوەکە و بەڕێوبەری ئەوە، ئەو پێشنیارانەم هەبوو لەو ماددەیە، ماددەی (١)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، گوڵستان سعید، گوڵستان خان، فەرمووو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١)ی یاسای پەروەردە و فێرکردن پێم باشە لە بڕگەی سێهەمی هەتا هەشتەمی وشەی (فێرکردن) بخرێتە سەر پەروەدە، سەبارەت بە بڕگەی (٣١) کە باس لە ڕێنماییکاری پەروەردەیی دەکات، پێم باشە بکرێتە دوو بڕگە بە ناوی (توێژەری دەروونی) و (توێژەری کۆمەڵایەتی)، ئەو توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی یە بەم شێوەیە بنووسرێت (توێژەری دەروونی ئەو مامۆستایەیە کە بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بەرزتری لە دەروونزانی دا هەیە بە ئەرکی ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی و قوتابیان وخوێندکاران ڕاسپێردراوە لەهۆکاری کێشە دەروونی وکۆمەڵایەتییەکانی قوتابییان دەکۆڵێتەوە و ڕێنمایی و هاوکاری ئاراستەیان دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە دەروونی وکۆمەڵایەتیی و ڕەفتارییەکان)، (توێژەری کۆمەڵایەتیش ئەو مامۆستایەیە کە بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بەرزتری هەیە لە کۆمەڵناسی دا کە لە کاری کۆمەڵایەتی بە ئەرکی ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی قوتابیان و خوێندکاران ڕاسپێردراوە لە هۆکاری کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران دەکۆڵێتەوە و ڕێنمایی و هاوکاری ئاراستەیان دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە دەروونی وکۆمەڵایەتیی و ڕەفتارییەکان)، ئەو پێشنیازانەی کە بەڕێز کاك هێڤیدار کردی پشتیوانی لێ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مامۆستا عبدالستار، فەرمووو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (حەوتەم) (بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردە بەڕێوبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان) من پێموایە هەر بنووسین (بەڕێوبەرایەتی یە

گشتییەکانی پەروەردە)، پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی بۆ چییە؟ لەوانەیە سبەی دیسانەکە لە شوێنێك بەڕێوبەرایەتییەکی گشتی پێویست بکات زیاد بکرێت، بە پێی ئێرە بێ ناتواندرێ، هەر بنووسرێ (بەڕێوبەرایەتی یە گشتییەکانی پەروەردە)، لە ماددەی (١٢) نووسراوە (خوێندنی پابەندکراو قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی دەگرێتەوە کە تێیدا بەخێوکار پابەند دەبێت لە تەمەنی یاسایی دا منداڵ بخاتە بەرخوێندن)، نازانم ئەو (پابەند)ە یەعنی مەبەستی چییە بەڕاستی؟ باشە ئەگەر بەخێوکەرێك نەیتوانی منداڵەکەی بخاتە بەرخوێندن، لە گوندێکە کە قوتابخانەی لێ دوور بێ، لە شاریشە بەڵام ئیمکانییاتی دارایی نییە، بەشێکی زۆر خەڵك ئێستاش منداڵەکانی دەنێرێت بۆ کارو کەسابەت، چونکە ژیانی خراپە، ئایا لێرە مەبەستی چییە یەعنی (بەخێوکار پابەند دەبێت لە تەمەنی یاسایی دا منداڵ بخاتە بەرخوێندن)؟ ئایا ئەمە ئیلتیزاماتێکیش لەسەر حکومەت دانانێ ئەگەر وابێ؟ یەعنی نابێ حکومەت هاوکاری ئەوانە بکات کە ناتوانن؟ چ بۆ گواستنەوە، چ بۆ ژیانیان کە ناچاربوو منداڵەکەی بنێرێتە بەر کەسابەت، لە خاڵی (٣١) ئەوەی کە گوڵستان خان باسی کرد منیش هەمان بۆچوونم هەیە بەڕاستی، خۆی عینوانی وەزیفی کە لێرەدا دروستی دەکەی پێموایە ئەوەیە کە توێژەری کۆمەڵایەتی بێ، ئەو عینوانەیان هێناوە ڕێنماییکاری پەروەردەیی کە جیایە لە کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئەوانە، من پێموایە زیاتر توێژەری کۆمەڵایەتی گونجاوترە، پشتگیری ئەوەی گوڵستان خان دەکەم، بەشێوەیەکی گشتیش بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێموایە ئەوە (٤٨) خاڵ بوو، یەعنی ئەگەر دابەشتان بکردبایە باشتر بوو تا (١٠) خاڵ (١٠) خاڵ پێدا بڕۆن، با قەینا یەك ماددەش بێ، بەس ئێستا ئەگەر من دوو، سێ تێبینیی دیکەم هەبێ چۆن بیڵێم؟ ڕەنگە ڕەفیقەکەم نەیڵێ، ڕەنگە شەوی دیکەش نەیڵێ، من پێموایە زۆر بوو (٤٨) خاڵ بەیەکەوە بڵێ قسەی لەسەر بکەن، زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە پەیڕەو زۆر بە صەریحی هاتووە دەڵێ ماددە ماددە، بۆیە ئێمەش مەجبوورین، کاك بالآنبۆ، فەرمووو.

**بەڕێز بالآنبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١) بڕگەی (٢٧) پێناسەی مامۆستای کردووە (کەسێکی شیاو و لێهاتووە بە وانە وتنەوە لە دامەزراوەکان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە) شیاوی لە چ ڕوویێکەوە؟ ئایا مامۆستا پێویست نییە لێرە دیاری بکرێ هەڵگری چ بڕوانامەیەکی بێ، ئەمە ئەگەر دەڵێن بەپێی پەیڕەو ڕێکخراوە یان بەپێی پەیڕەو ڕێك دەخرێ، بۆ لێرە لانی کەم لە مامۆستای بنەڕەتییەوە دیاری ناکرێ هەڵگری چ بڕوانامەیەکە؟ بەڕێوبەری دامەزراوە (٢٩) (بەڕێوبەری دامەزراوە ئەو کەسەیە کە ئەرکی بەڕێوەبردنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی فێرکردنی پێ دەسپێررێ) ئەمیش لەسەر چ بنەمایەك ئەم ئەرکەی پێ دەسپێررێ؟ ئایا پێویست نییە ساڵەکانی خزمەتی بۆ دیاری بکرێ؟ کەسێك یەکەم ساڵ بهێنرێت دابمەزرێنرێت ودوای ئەوە یەکسەر بیهێنێ بیکەی بە بەڕێوبەر، یەعنی لێرەش دا پێویستە ڕەچاوی ساڵی خزمەت وئەو توانایەی بکەی کە پێشتر پێشانی داوە، یاریدەدەری بەڕێوبەریش بە هەمان شێوەیە، ئەویش پێویستە ساڵی خزمەت و هەڵسەنگاندنەکەی بۆ دیاری بکرێ ئەو کاتە ئەو پلەیەی پێ بدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك شاخەوان، فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم کرا، پشتیوانی پێشنیارەکەی گوڵستان خان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك على حەمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز على حەمە صالح طه:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین، من خاڵی (٢٧) پێشنیار دەکەم بڕوانامە بنووسێت، یەعنی دبلۆم بۆ سەرەوە، لە خاڵی (٢٨) کاك هێڤیداریش وتی ئایا ئەو ناوەندانە هەن؟ یاخود ئەو مامۆستا تایبەتانە هەن؟ لە پرۆسەیەك دا ڕێکخراونەتەوە؟ تایبەت دەکەن، خاڵێکی دیکە ئەو مامۆستایانەی کە وانەی تایبەت دەڵێنەوە چ لە سەنتەرەکان، چ ئەڕۆن بۆ ماڵان، ئەمە لە پێناسەکان دا نییە، لە چوارچێوەیەکیشدا ڕێکنەخراوەتەوە کە ئەمە ئێستا وای لێهاتووە زۆرترین بەرکەوتنی هەیە لەگەڵ قوتابی دا، ئەڕۆن لە ماڵەوە دەرس دەڵێنەوە، هەیە هەر بڕوانامەشی نییە، هەیە تەڵەبەی شەشی ئامادەیی یە، هەیە ئامادەییشی تەواو نەکردووە وانەی تایبەت دەڵێنەوە، ئایا نابێت ئەوانەش ڕێك بخرێتەوە لە ژوورەوە، ئەگەر ڕێك بخرێتەوە دەبێ دیسانەوە ئەم بابەتانەش ڕێك بخرێتەوە، بۆیە ئەوەش ئەگەر لە پێناسەکەدا جێگیر بکرێ بۆ توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتیش پشتیوانی گوڵستان خان دەکەم کە بەو شێوەیە جێگیر بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئاشنا خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستییەکەی هەندێك لە ئەندامانی بەڕێز باسیان لە وشەی قوتابی و خوێندکار کرد، من بۆ خۆم وەکو ئەندامی ئەم لیژنەیە هەوڵی زۆرمدا وهەندێك لئەندامانی تریش ڕاستییەکەی لەسەرجەم فراکسیۆنەکان هەوڵی زۆرمان دا لەوەی کە ئەو دوو وشەیە بکەین بە وشەیەکی یەکگرتوو، یەك وشە بێ، چونکە بەڕاستی ڕاستە ئێستا وا دابەش کراوە کە قوتابی بۆ قۆناغی بنەڕەتی یە و دوای ئەوە خوێندکار بۆ قۆناغێکی ترە، بەڵام بەداخەوە ویستێك هەبوو لەسەروو ئیرادەی ئێمەوە کە دەیویست ئەم دوو وشەیە بەم شێوەیە بمێنێتەوە، ئەمە ئەگەر وەکو وشە سەیری بکەین ڕاستەی دوو وشەی سەربەخۆیە ومورادیفی یەکن و هیچ موشکیلەیەکمان نییە لەگەڵی، بەڵام ئەمە باکگراوندێکی ناشیرینی هەیە بەکارهێنانی ئەم دوو وشەیە، پێمانخۆش بووە کە پسپۆڕی زمانەوانی بێن ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن، وشەیەك پێشنیار بکەن با نە قوتابی بێ نە خوێندکار بێ، ئێستاش من پێشنیار دەکەم بەڕێزان لە فراکسیۆنی یەکێتی و لە فراکسیۆنی پارتی، ئەگەر ئێوە بتانەوێ بەڕاستی ئێمە دەتوانین وشەیەك دابنێین و ئەو شانازییە بۆ

پەرلەمانی کوردستان بێ، کە لایەنی کەم توانیومانە سیمای دوو ئیدارەیی و دوو زۆنی کاڵ بکەینەوە لە یەکگرتنەوەی ئەم دوو وشەیەدا، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك فیصل، فەرموو.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، لە ماددەی (١) لە خاڵی(٣١) داواکارم (ڕێنماییکاری پەروەردەیی) بگۆڕن بە (توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی) بەم شێوە بنووسرێتەوە: (٣١-توێژەری دەروونی: ئەو مامۆستایەی کە بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بەرزتری بە دەروونزانی دا هەیە بە ئەرکی ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی قوتابیان و خوێندکاران ڕاسپێردراوە لە هۆکاری کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان قوتابییان دەکۆڵێتەوە و ڕێنمایی و هاوکاری ئاراستەی دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕەفتارەکانیان)، توێژەری کۆمەڵایەتی: ئەو مامۆستایەی کە بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بەرزتری لە کۆمەڵناسی یان کاری کۆمەڵایەتی دا هەیە بە ئەرکی ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی هۆشیاری کۆمەڵایەتی قوتابیان وخوێندکاران ڕاسپێردراوە لەهۆکاری کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران دەکۆڵێتەوە و ڕێنمایی و هاوکاری ئاراستەیان دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕەفتارەکانیان)، پشتگیری لە قسەکانی سوسن خان و د.ڕێبوار و کاك هێڤیدار و کاك باڵانبۆ دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ڕوپاك خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕوپاك أحمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادده (١) لەسەر چەند بڕگەیەك من داوای هەم تەوزیح دەکەم، بڕگە (١٠) خوێندنی پەیڕەوکراو و ناپەیڕەوکراو ئەگەر هەم لیژنە یان وەزیر تەوزیحەکمان بۆ بدات باشە، بۆچی پێناسەی خوێندنی نێودەوڵەتی نەکراوە؟ کە ئێستا دەخوێندرێ و قوتابخانەی نێودەوڵەتی لە پارێزگاکان زۆرە، هەروەها بڕگە (٢١) من پێمباشە نەمێنێ، لابدرێت، کە دامەوزراوەی ناحکومی پێناسە کراوە، پێشنیارەکم هەیە کە ئەگەر ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان پشتگیریم بکەن وەزارەت لەگەڵمان یەك ڕا بێ، خوێندنی ئەهلی نەمێنێ لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئەوەندەی قوتابخانەی ئەهلی زۆرە، قوتابخانەی ناحکومی زۆرە، کاریگەری زۆر لەسەر قوتابخانەی حکومی کردووە کە گرنگییەکی ئەوتۆ بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن نەدرێ، بۆیە ئەگەر ئەو بڕگەیە لابدرێ، (٢٦) لە پێناسەی ناوەندی خوێندنی ئێوارانی حکومییە بۆ ئەو قوتابی و خوێندکارانە تەرخان کراوە کە بە هۆی مانەوەی دوو ساڵ لەسەر یەك نەنووسراوە لە یەك پۆل، پێموایە دەبێ لەیەك پۆل، ئەگەر یان ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس ڕوپاك خان، کاك سیپان، فەرمووو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

له مـادده (١) مـن چەنـد تێبینـی لسـەر مـادده (٩)، (١٤)، (٢١)، (٢٧)، (٣١)، (٤٨) هەیە، ژ مـادده (٩) دەست پێ بکەین کو تایبەته بە قۆناغا بـاخچەی، لڤێـرێ ب وازحـی ئامـاژە ب وێ چەنـدێ دا کـو قۆناغا باخچەی چار ساڵیش و پێنج ساڵیشی تێته وەرگرتن، لێ بەداخەوە د پرۆسـا پەروەردێ دا ل هەرێما کوردستانێ وەزارەتا پەروەردەی کابینه دیڤ کابینه نەشیا گرنگیەکیا تەمـام ب قۆنـاغـا باخچێ بدات، کو قۆناغەکا سەرەتایی یا گرنگە ژ بـۆ پێگەهانـدنا قوتـابی و ئامادەکردنـا وی ژ بـۆ پرۆسا خاندنێ، ئەڤرۆکە لڤێرێ چار ساڵ بۆ پێنج سال هـاتە نڤیسـین، لڤێـرێ پرسـیارێن جەنـابێ وەزیرێ پەرەووەردە دکەین، ئایا ل کی ژێ چار سالی تێتە وەرگرتن ئەگەر فەرمانبەر نەبی دایك و باب کەواتە لە هیچ جێهەکی چار ساڵی ناهێتە وەرگرتن، ئەگەر دایك و باوك فەرمانبەر بن ئینجـا تێـتە وەرگـرتن، ل دەمەکـی دا پلانـا وەزارەتـا پەروەردە ژ بـۆ دروسـتکردنا باخچەیـان چیـیە؟ زۆربەیان ناحیان ئەڤرۆکە بێ بـاخچەنە، ناحیەکـا وەکـی چەمـانکێ سـەدان داواکـاری کـردییە ل سـنووری پارێزگـا دهـۆکی بـێ بـاخچەیە، دەیـان نـاحیەی تـر سـنووری پـارێزگەهێن هەرێمـا کوردستانێ بێ باخچەنە، کەواتە دبێت دەستپێکی پلان ژ بۆ دانانا باخچەهان بێت ئینجا بەحس ل دەستنیشان کردنـا تەمەنـی بهێـتە کـرن، چـونکی ل درسـت کردنـا چـار سـاڵیێ لڤێـرێ ب هـیچ رەنگێکی دگەل پرۆسا پەروەردێ نووکە ل هەرێما کوردستانی ناگونجێت، چـونکی وەکـو پێتڤـی باخچێن زارۆکا نینە، ماددەی (١٤) ئاماژە بە خاندنن ئامادەیی دایە، ناوەندێن خانـدنێن ئامـادەیی پیشەیی، چونکی خاندنێن پیشەیی ل هەرێما کوردسـتانێ هەنە لـێ ئامـاژە پـێ نەهـاتییە دان، د ماددێ (٢١)، ماددێ (٢١) ئاماژە بێت وان دامەزراوێن پەروەردەیێن ناحکومی هاتییە کرن، گـرنگە لڤێرێ ئەڤ چەندە لسـەر بهێـتە زێـدە کـرن، ئەڤ ناوەنـدێن پەروەردیـێن نـاحکومی بکەڤـنە ژێـر چاڤـدێریا وەزارەتـا پەروەردێ دا، داکـو بشـێت ڕەقیـبەك ل سـەر، چـونکی د نـووکەدا گەلەك دامەزراوەیێن ناحکومی هەنە پەروەردە هیچ پەیوەندی پێوە نینە بڕاستی نەشێت تەداخلێشـی تێدا بکات، ئەگەر سەتحی نەبیت یـان چاودێرییەکـا شـکلی نەبیـتن، دێ مـاددێ (٢٧)دا ئامـاژە بە تەعریفا مامۆستا دریە، کو مامۆستا وەکو ڕێنیشاندەرێك ژ بۆ مە هەمیان، لـێ د ناڤـا ڤـێ یاسـادا ئاماژە ب ڕۆلێ وانەبێـژا بهێـتە کـرن، ئەڤـرۆکە پرۆسـا پەروەردا ل هەرێمـا کوردسـتانێ (٥٠%) ژ لایی وانەبێژا تێتە برێڤەبرن، ئەگەر ئەم پارێزگەها دهۆکێ بکەینە نمونە (٥٠%)ی مامۆستایێن کو نووکە دەرسا دبێژن ل خاندنگاها وانەبێژن، ئایا ڕۆلێ وان لڤێـرێ چ بیـتن؟ یـان ئەو خزمەتـا وان کری دەهان ساڵە وانەبێژن و نەهاتینە گرێبەست کرن، نەهـاتینە دامەزرانـدن، ڕۆڵـێ وان وانەبێـژ دڤێ یاسایێ دا چ بیتن؟ دبێـت جێگرییەکـی ژبـۆ وان ژی لڤێـرێ بێـتە کـرن، نەك خزمەتـا وان ب هەروا بچیت، چونکی لڤێرێ بتنێ ئاماژە بناڤێ مامۆستایێ دا بێ کو ئاماژە بە وانەبێژا بدەن، کو (٥٠%)ی پتر پرۆسەیا پەروەردە ژ لای وانەبێژا تێتە برێڤەبرن، ماددێ (٣١) ئاماژە بە ڕێنماییکـاری پەروەردەی دایە، ڤەکولەرێ جڤاکێ، هەبوونا ڤەکوولەرێ جڤاکی دە پرۆسـا خاندنێـدا د ناڤـا هەر خاندنگەهێك دا گرنگییەکا زەرووریيەکا ئەفـزەلیش ژ بـۆ یەکـێ کێشـێن وان قوتابییـان، کێشـێن وان خوێندکاران د ناڤا سازیەن خاندنگەهێدا برێکا ڤان ڤەکولەرا... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

من گەلەك تێبینیێت هەین سەر ڤێ ماددەی، بەس تێبینیەکا گشتی منا هەی هێڤیا من ئەوە گرنگی دان پێ بێتە دان، نزانم حەتا کەنگی، حەتا یاسایێت مە دا ژی ڤە رێژا دوو ئیدارەیی دێت دیارە بیت ئاشکرا بیت، خوێندکار و قوتابی، خوێندنگە و قوتابخانە، چەند ماددەکا لڤێرێ دا هاتی پێتڤیا ئەم ببینە ئێك، ئان قوتابخانەیە بۆ هەمی قۆناغا، یان خوێندنگە بۆ هەمی قۆناغا، قوتابی بۆ هەمی قۆناغا، ئان خوێندکار بۆ هەمی قۆناغا، بەس ئەز پێشنیار دکەم نە قوتابخانە بیت، نە خوێندکار بیت. قوتابی ئەسلێ وێ عەرەبیە هاتیشە ل (کتاب)یا هاتی کوتابا ئەوەی دەڤ زایات خاندن کتابەتیا هاتی کو کوتابە، قوتابخانا نە گەلەکا درستە، مادام پرۆژە عنوانێ وێ ژی هاتی پرۆژە یاسای پەروەردە و فێرکردن بۆچی ئەم ناڤێ قوتابی و ناڤێ خاندنگەهی ژی ژ ناڤی نا وەرگرن، ڤی عنوانی، پەروەردە و فێرکردن ئیزەن فێرکار و فێرگە، فێرکار بۆ قوتابیی مەرحەلا بنەڕەت و بۆ ئیدی، فێرگەهـ ژی بۆ قوتابخانە، یەعنی ئەڤە گەلەکا زەروریە ئەم ببینە ئێك، نیك من نە موشکیلەیە فێرگە بیت، قەتابخانە بیت، خوێندنگەهـ بیت، بەس پێتڤیا ئێك بیت، چونکو ئەڤ ئینقسامە ل تەربیی دا هەی ئەگەر هاتە چاندن مە تەربیەدا چاند دێ چەند شێین موستەقبەلەن ئەڤێ ئینقسامێ ڕاکەین، نایەتە ڕاکرن، ژ بەر هەندێ گەلەکا زەوریـیە ئەم ڤێ ڕاکەین، یەدی تێبینیەت من هەینە ل سەر ڤێ دی خاڵ خاڵ ڤێراچم، ئەوەلەن بێژتن خاڵا (١١)ی بێژیتن خوێندنی ناپەیڕەو، ناپەیڕاو کراو یەعنی (غیر منظمة) مەعقولە غیر مونەزەمە تو شەهادێ بدەیی؟ مادام دێ شەهادێی دەیی بروانامەی دەیی پێتڤیا پەیڤەکا دی بێتە شینا نە پەیڕەوکراو نە پەیڕەو کراو یەعنی (غیر منظمة)، یەعنی (غیر معترف)، تشتەکی دی یەعنی موهیم ناڤەکی دی پیتڤیا بێتە دی کرن، مادام دێ شەهادەی دەنێ، دیسا ژ بیرا من چوویا پێنجێ قۆناغا باخچەیی ئەزی دگەل هەندێمە فعلەن ئەم میپالی تشتی واقعی دانێین، باشە بێژیت چارێ حەتا پینجێ، ڤێ گاڤێ بارا پترێ یەعنی ل ناحیاو قەزا ئیدی نینن، باخچە نینە دێ باشە ئەڤە چەوا ڤان باخچا پیتڤیا باخچە بێنە دروست کرن؟ دیسا تیبینیا من یا دی ل سەر ٢١ی بێژیتن دامەزراوەی ناحکومی هەر دامەزراوە هات یبیتنی بێژیتن دامەزراوەی پەروەردەیی یەعنی (المؤسسة التعلیمة غیر الحکومیة) پێتڤیا پەروەردە پێ ڤێتە کرن کە دەبیتە موئەسەسەی غیر حکومیە، موئەسەسەی حکومی یەعنی چ؟ مەخسەدا مە (المؤسسة التربوية الحكومية) ئان (مؤسسة التربوية غير الحكومية) ژ بەر هەندێ هەر جهیت قانونێ دا هات بیتن دامەزراوەی حکومیا، نە حکومی پێتڤیا پەروەردەیی گەل بێتە ئیدی کرن، د خاڵا ویا دیماهیکێ دا بێژیتن بەڕێوەدەبرێت و خەرجیان لێ دەکرێ، نە خەرجیا، تەرخان دەکرێ (تخصیص) نە دێ بۆ میزانیە سەرف کا، دێ بۆ میزانیە بهێتە تەخسیس کرن، فەرقا هەی مابەینا خەرج کردن و تەخسیس کردن، یا (٢٤ و ٢٥)ی بێژیتن قوتابی و خوێندکار ئەگەر ئەم موتەفق بووین مەعنا وێیە کە شانە دهێتە شەتب کرن، ئان قوتابیە یان خوێندکارە یان فێرکارە، پێتڤیا یەعنی ئەم ڤی پەرلەمانی وەسا نەهێلین ئەڤ ئینقسامە زهنا قوتابیی مە دا فێرکارێ مەدا دسەری وان دابیتن کو ئیدیا هەی، جودابوونیا هەی، ئێك ژ هەر سێکا فێرکار بیت فێرگەهـ بیت، یەعنی بێتە ئیدی

کرن، دیسا یەعنی ئەزێ دبینم گەلەکا زروریە تەعریفەك بۆ وانەبێژی هەبیت، ب هەزارەها مە وان بێژیت هەین، بۆ؟ یەعنی دڤێ دا نەهاتیە تەعریفەك بۆ وانەبێژ نەهاتییە، دوو تەعریف ئەز دبینم زروری هەبن، ئێك وانەبێژ بێتە دیاری کرن، مەخسەد پێ کییە؟ دا ئیشتیهاد نەیەتە کرن، ئێکێ نە ئیختساس بیت بیتە کرن موونافەسێ دگەل وانا بکات ئەڤێ ئەو موستەحەق بن ببنە وانەبێژ، یەعنی گەلەك جارا واستە دبیتە لڤێرێ هەندێ... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێنج دەقیقەت قسە کردووە ئاگامان لێ نەما لە ڕاستی دا، کاك مم فەرموو.

**بەڕێز مم برهان محمدقانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆر بەخێرایی ناچارم کەمی بکەمەوە بەهۆی کەمی کاتەوە، لە ماددەی (١٥٦)ەوە بە بڕوای من پێویستی ئەکرد یاسایەکی سەربەخۆ بێت و پەیوەندی بە وەزارەتی پەروەردەوە بێت، چونکەدیسانەوە لە دوای ئەوە کەوتۆتەوە پێناسە کردنی وەکیلی وەزیر و مدیری مەکتەبەکەی و ئەوانە، پێموایە بارگرانیەکی زۆری کردووە دەستووری عێراقی (١٤٤) ماددەیە بەو دەستوورەی کە لێشاوێ تێبینی هەیە لەسەری، (١٨١) ماددە پێموایە بارگرانیەکی زۆرە تۆزێ دەستیان پێوە بگرتایە لە وشە مەجالی تیایە، ئێستا من بەخێرایی باس لەهەندێ بڕگەکان ئەکەم، تەبعەن ئەمە یاسای پەروەردە وفێرکردنە، یەعنی لایەنی کەم ئەبوو پێناسەی پەروەردە بەجیا و فێرکردن بە جیا هەبووایە، من ئێستا پێشنیازێکم هەیە بۆ لیژنەی بەڕێز لەسەر مەسەلەی پێناسەکردنی پەروەردە، بۆ پێناسە کردنی پەروەردە، پەروەردە پێموایە پرۆسەی خوێندن و پەرەپێدانی توانای قوتابیان و خوێندکارانە لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی خوێندن و بونیادنانی بەهاکاندا، فێرکردن پەرەپێدانی توانای قوتابیان وبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییانە لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی خوێندن دا، نەك هەردووکیان پەروەردە وفێرکردن لە ماددەیەك هاتووە کە بڕگەی (٤٠) پێناسەی هەردووکیانی کردووە کە تێبینیم هەیە لەسەری بەخێرایی ئێستا ئاماژەی پێ ئەکەم، مەسەلەن (١٣) یەم قوتابخانەی بنەڕەتی هاتووە، ناوەندی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتیە، تۆ مادام باسی خوێندنی بنەڕەتیت کردووە کە خوێندنی پەیڕەو کراو و پابەند کراوە لەو قوناغانەیا، ئەوە عەرەب پێی ئەڵێ (تلمیذ) قوتابیە لەسەرەتاییەوە تا نۆ وە (طالب)یش هەیە لە ١٠ ەوە تاوەکو زانکۆ تەواو ئەکا پێموایە لەمەوە بەکاریان هێناوە، هیوادارم لەو عەقڵیەتە حزبایەتیەوە نەبووبێ کەهەندێ لە برادەران باسی ئەکەن، من پێموایە مەسەلە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانە ڕەنگە لەو ڕوانگانەوە بووبێ، ئەگەر وابێ ئەوە کارێکی باشە بۆ ئەو جیاکاریە، مەسەلەی خوێندنی ئامادەیی لەبەرئەوەی لە (١٤)یەم دا باسی خوێندنی ئامادەیی ئەکا، پێموایە خوێندگەی ئامادەیی ئیتر پێویست ناکات خوێندنی ئامادەیی لەو قۆناغەیا تەحسیل حاسڵە کە وتت خوێندنگەی ئامادەیی یەعنی لەو قوناغەیە یەعنی خوێندنی بنەڕەتی نییە تەبعەن یا شتێکی کە، خاڵێکی دیکە کە ئەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، بە نیسبەت (٣٤)ەم کە کتێبەکانی خوێندنی هەر بابەتێك پێموایە (٣٤) لابرێ، لەبەرئەوەی لە (٣٥) کە باسی پرۆگرامی خوێندن ئەکەین، پرۆگرامی خوێندن وایە کتێبەکانیش تەحسیل حاسڵە بەشێکە لە پرۆگرامی خوێندن، من پێشنیاز ئەکەم (٣٥)ەم کورت بکرێتەوە بەم شێوەیە، پرۆگرامی خوێندن بەشێکە لە پلانی پەروەردەو فێرکردن کە پەیوەستە بە پۆلێك یاخود بازنەیەکی خوێندنی دیاری کراو، (٣٨)

پێموایە پێویست دەکات کورت بکرێتەوە، پەروەردەی تایبەت تاوەکو دابین بکرێت تەنیا دوو دێری بمێنێ ئەو تەفاسیلەی پێویست ناکات کە لەناو ئەو دوو دێرەیا نەتیجەکانمان ئەیاتێ، برگەی (٤٠) لابرێت لە پێشتر ئاماژەم بە دوو پێناسە کرد، پەروەردە وخوێندن کە بەو شێوەیەیە بێت، (٤٦) دیداری گەشە پێموایە پێناسەیەکی زۆر درێژە من پێشنیازێك ئەخەمە بەردەم لیژنەی بەڕێز دیداری گەشە دیدارێکە بۆ تاوتوێ کردنی باری خوێندن و ... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) خاڵی (٩) قۆناغی باخچە، قۆناغی شیاندن و ڕاهێنان وئامادەکردنە، من وا ئەزانم وشەی شیاندن بۆ منالی باخچە ناگونجێ، وشەی شیاندن بۆ چاکسازییەکان و بۆ هەندێ حاڵەتی تر گونجاوترە، بۆیە داوا لە لیژنەی بەڕێز دەکەم وشەی شیاندن بگۆڕن بۆ چاودێری، چونکە لە قۆناغی باخچە منال تازە چوار ساڵی تەواو کردووە و تەواو نەکردووە، وابەستەیە بەقۆناغی پێشتر کە زۆرینەی چاودێرییە، قۆناغی دایەنگەیە، بۆیە پێم باشە ئەو وشەی شیاندنە بگۆڕن بۆ چاودێری، خاڵێکی تر سەبارەت بە دامەزراوە هاوبەش و پشتیوان کراوەکان لە خاڵی (٢٣)یەم بەڕاستی من پێم باشە ئەم برگەیە هەر لاببرێ، حکومەت خۆی ئەرکی پەروەردە بگرێتە ئەستۆ، ئەرکی فێرکردن بگرێتە ئەستۆ، ئەمە ئەرکێکی پیرۆزە من وانازانم ئەبێ حکومەت لەمە پاشەکشە بکات یاخود پێویستی بە هاوکاری بێ، یەعنی ١٠٠% ئەبێ ستراتیجی پەروەردە و فێرکردنی منالی ئەم وڵاتە نیشتمانییانە ئەبێ بە پێی کۆمەڵگا و بەها پیرۆزەکانی کۆمەڵگای خۆمان بێت، بۆیە من تەنانەت ئەسڵەن ناڕازیم لە بوونی ناوەندی حکومی.. ناوەندی ناحکومی و خوێندنگەی ناحکومیش بەداخەوە کە ئەم وا ئەکات دەرفەت ئەرەخسێنێ بۆ ڕۆژ بەڕۆژ پاشەکشەی حکومەت لە قوتابخانەکانی خۆی، ببینە (١٠) ساڵ لەمەوپێش لەوە ئەچێ دوو قوتابخانەی ناحکومی هەبێ، بۆچی ئێستا ژمارەی قوتابخانەی ناحکومی ئەوەندە زیاد بوو؟ بۆچی ئێستا خەڵك ناچارە تەنانەت ئەگەر کرێکاریشی کردبێ حەز لەوە ئەکا منالەکانی بنێرێتە ناحکومی لە کاتێك دا قوتابخانە ناحکومیەکان نەچوونەتە ناو ستراتیجی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان دا بەداخەوە ئێستا قوتابخانەی ناحکومی هەیە شانازی ئەکا بەوەی منالەکەی لە (١٨) ساڵی دا فێری ئینگلیزی کردووە و بەس کوردی بیرچۆتەوە، فێری کوردی ناکات، ئەمە دەلیلی چییە؟ دەلیلی ئەوەیە کاتێك پەروەردە و فێرکردن لە دەرەوەی ستراتیجی حکومەت و دەوڵەت و سیستمی نیشتمانیا نەبێ، ئەوەی لێ دەرئەچی بۆیە بوونی ئەم قوتابخانانە، باشە قوتابخانەی دامەزراوەی هاوبەشی پشتیوانی کراو کە حکومەت ئەرکی بەڕێوەبردنی لە ئەستۆ ئەگرێت بۆچی کەسێکی بیانی بێ هاوبەش بێ لەبەڕێوەبردنا، بەداخەوە زۆرێك لەو کەسە بیانیانە ئەجێندای تریان هەیە، بڕۆ بڵێ مەسەلەن ئەم شارەم پێویستی بە ئاوی خواردنەوە هەیە ئەڵێ ئەرکی حکومەتە بڵی ئەم منالانەم لە ماڵی منالانی بێ سەرپەرشت لە سلێمانی نانیان نییە، فلان ڕێکخراو و فلان ڕێکخراو وەرە نانیان بۆ دابین بکە ئەڵێ ئەرکی حکومەتە، بەس یەت ئیدارەی قوتابخانەیەکت بۆ ئەدا بۆ؟؟ چونکە ئەجێندای تری هەیە، بۆیە من بەهەموو شێوەیەك دژی ئەوەم حکومەت موئەسەسەیەکی خۆی

بخاتە دەست ڕێکخراوێکی بیانی ئەبێ نیشتمانییانە ستراتیجیانە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە ١٠٠% بە دەست ئینسانی ئەم وڵاتەوە بێ، خاڵێکی تر سەبارەت بە قوتابی و خوێندکار... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شێخ ظاهرفەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، ماددەی (١) خاڵی (١٢) خوێندنکار پابەند کراوە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی دەگرێتەوە کە تێیدا بەخێوکار پابەند دەبێت لە تەمەنی یاسایی منداڵەکە بخاتە بەر خوێندن لە یەکێك لە قوتابخانەکان، پرسیار لێرە ئەگەر بەخێوکار پابەندە یەعنی ئیلزامی دەکات، ئەی ئەگەر بەخێوکار پابەند نەبوو؟ سزاکەی چییە؟ مادام ئیلزامت کردووە دەبی ئەگەر جێ بەجێی نەکرد سزا بدرێ، ئەی ئەگەر بەخێوکاری نەبوو، یان توانای نەبوو، لێرەدا پێویستە چارەسەرێك بۆ ئەم بابەتە بدۆزرێتەوە، خاڵێکی تر خاڵی (٢٤) هاوڕای هەموو ئەو بەڕێزانەم کە ئەو دوو وشەیە بکرێتە یەك یان وشەیەکی بەدیل ببینرێتەوە، خاڵی (٤٦) دیداری گەشە، تەماشای ناوەڕۆك و پێناسەکەم کرد هیچ وشەیەکی گەشەی تێدا نییە، بۆیە پێشنیار دەکەم بکرێتە دیداری پەرەپێدان، خاڵی (٤٨) مۆڵەت ئەو ڕێگە پێدانەیە کە لەلایەن وەزارەتەوە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و ڕێنماییەکانی بە دروستکردنی دامەزراوەیەکی ناحکومی دەدرێت، لێرە پێشنیار دەکەم لەبەرئەوەی ڕێنمایی کە دەردەچی لە چوارچێوەی یاسایە، پێشنیار دەکەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت لەڕووی سیاغەکەی زۆر باشترە، مۆڵەت/ ئەو ڕێگەپێدانە فەرمیەیە کە لەلایەن وەزارەتەوە بەپێی ڕینماییەکان لەچوارچێوەی حکومەکانی ئەم یاسایە ڕێگا بە دروست کردنی دامەزراوەی ناحکومی دەدرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری وتەکانی کاك هێڤیدار و گولستان خان و کاك د.اسماعیل و مامۆستا عمر کاك شێخ زاهر ئەکەم، سەبارەت بە یەکخستنی ناوێکی یەکگرتوو بۆ قوتابیانی خوێندنگەی بنەڕەتی و ئامادەیی، دواجار پێشنیار ئەکەم کە وەك کاك د.اسماعیل باسی کرد، پێناسەیەك زیاد بکرێ لە دوای ئەوەی کە پێناسەی مامۆستایانی میلاك کراوە، پێناسەی مامۆستایانی یاخود بڵێین توێژەرە کۆمەڵایەتی دەروونیەکان، قوتابی و ئەنجومەنی بەخێوکار هەموو ئەمانە بەڵام پێویست دەکات پێناسەیەك بۆ مامۆستای وانەبێژ دابندرێ کە ئەمانیش شێوازی گرێبەستەکەیان و دەوام کردنیان ئەو پابەندییەی کە هەیانە، بەپێی ئەو ڕێژە زۆرینەش کە لە وەزارەتی پەروەردە دەیانگرێتەوە کۆڵەکەیەکی ئەساسین مافی خۆیان بۆ دابین بکرێ بەشێوەیەکی دیاری کراو پێناسە بکرێن، بەڕاستی ئومێد دەکەم وەکو پێشنیارێك خوێندنگە ئیسلامیەکان کە بابەتێکی ئەساسین پێناسە بکرێ، چونکە لە کۆتایی دا خوێندنگە ئیسلامیەکان کە لە ئێستاش دا لە زمنی وەزارەتی پەروەردەدان ڕاستە قسەیەك هەیە ئەچێتەوە سەر وەزارەتی ئەوقاف، بەڵام لە کۆتایی دا لە سیستمی ئیمتحانات و تاقی کردنەوەی وەزارەتی پەروەردە بەشدارن بۆیە

پێویست دەکا ئەمەش پێناسەیەکی خوێندگەی ئیسلامیەکانا بکرێ، ئومێد دەکەم بۆ بابەتی توێژەرە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان وەك ئەوەی کە خۆیان داوایان کردووە، ئەمانە توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونین لێرە بە ڕێنمایی کاری پەروەردەیی ناویان هاتووە پێویست دەکا مافەکانیان لەژێر ئەو ناونیشانە بێ کە خۆیان داوایان کردووە، ئەمانە دەرچوانی دەروونناسی و دەرچووانی کۆمەڵناسین کە ئەرکیان ڕێنمایی دەروونی و هۆشیاری کۆمەڵایەتییە قوتابیانە لە قوتابخانەکان بە ئاراستەی نەهێشتنی گیروگرفتی قوتابیەکان ئومێد دەکەم یەکێك لە خاڵەکانی تر کە قوتابخانە و خوێندنگەی بەهرەداران و تایبەتمەندە کە ئەمە پێموایە جیاکاریەکی زۆرە لە نێوان قوتابی زیرەك و قوتابیانی تر، یەعنی ئەمانە ئەم قوتابخانەن کە قوتابی بەهرەمەند و زیرەك تیایاندا دەخوێنێ، بەس ئێمە بۆ وابکەین قوتابی زیرەك و بەهرەمەند لە خەڵکی تر جیابکەینەوە با ئەوانە تێکەڵ بە قوتابیانی تر ببنەوەو قوتابیانی تریش سوودمەند بن لە زانیاری لە ئەزموون لە شارەزایی ئەم قوتابیە بەهرەمەندانە کە پێموایە جیاکردنەوەیان کارێکی باش نییە، لەگەڵ قسەکانی مامۆستا عمر دام بۆ ئەوەی کە بەهەمان شێوە ئەو قوتابخانانەی کە پشتیوانی ئەکرێن حکومەت خۆی بەڕێوەی ئەبا، خۆی خەرجی بۆ دابین دەکا پێویست دەکا ئەمانە لە ڕووی ئیدارە دانیشەوە خەڵکی خۆماڵی بە ئەزموونمان زۆرە، ئێمە سەرمایەکی مرۆیی زۆر باشمان هەیە لە وەزارەتی پەروەردە ئەتوانرێ ئیدارە بدرێن و سەرپەرشتی بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شەمۆل فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١) خاڵی (٣١) ڕێنماییکاری پەروەردەیی، دەرچووانی کۆمەڵناسی و دەروونزانی دەگرێتەوە کە ئەوەش لە قانوونی میلاکاتی عێراقی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان نا و ناونیشانی وەزیفیان بە ڕابەری پەروەردەیی هاتووە، بۆیە پێم باشە ئەو ناونیشانە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی یەك بخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د. گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٦) دیداری گەشە لێرە لە کاتێك کە پرۆژە یاسایەکە جارێکی تر داڕێژراوەتەوە هەندێك هەڵە و ئەوەی چاپی هەیە، بۆیە دەبێ ئێمە چاکی بکەینەوە، یەك لەوانە مەسەلەن لێرە کە مامۆستا خاوەن بڕوانامە بیتن کە دەبێتە مامۆستا، مامۆستا کەسێکی شیاو و خاوەن بڕوانامەی پەروەردەیی و لێهاتووییە، ئەوە پەڕێنراوە کە هەڤاڵان زۆر موناقەشەیان لەسەری کرد، لێرە لە ماددەی (٤٦) کە باسی دیداری گەشە دەکرێت، بریتیە لە دیدارێك کە لە قوتابخانە و خوێندنگە بە ئامادەبوونی مامۆستا و بەخێوکار و قوتابی یان خوێندکار وە ڕێنمایی کاریشی تێدایە ئەوە لە یاسا ئەساسەکەی ئێمە دامان ناوە لێرە پەڕێندراوە، ماددەی (٤٨) مۆڵەت ئەو ڕێگەپێدانەیە کە لەلایەن وەزارەتەوە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و ڕێنماییەکانی

بەدروست کردنی دامەزراوەیەکی ناحکومی نا دامەزراوەیەکی پەروەدەیی و فێرکاری ناحکومی دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری پەروەردە و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئەکەم، من لەسەر ماددەی (١) بڕگەی (٩) پرسیارێکم هەیە ئاراستەی بەڕێز وەزیری پەروەردەی دەکەم، لێرە قۆناغی باخچە قۆناغی شیاندن و ڕاهێنان وئامادەکردنە بۆ منداڵی تەمەن چوار ساڵ وپێنج ساڵ، بەر لەخوێندنی بنەڕەتی، ئێمە ئەزانین لە پێش باخچەشەوە شوێنێك هەیە کە پێی ئەڵێن دایەنگە لە ساڵ و دوو مانگەوە مناڵی تیا پەروەردە ئەکرێ و چاودێری ئەکرێ و بۆچی هۆکار چییە لێرە جێگەی نەکراوەتەوە لەناو شارەکاندا هەبێ لەناو قەزاو ناحیەکان دا نەبێت لەژێر چاودێری بەڕێوبەرایەتیە گشتییە پەروەردەییەکانی پارێزگاکان ئەگەر ڕوونکردنەوەمان بەنێ لەسەری، لەسەر خاڵی دەیەم خوێندنی پەیڕەو کراو واللە ئەمە یەعنی بەدەر لە هەموو شتێك باسی ئەوە ئەکرێ ئەگەر ئێمە ئەمانەوێ ئەم یاسایە بۆ موئەسەساتی بێ و بۆ دەوڵەتداری بێ و عەقڵیەتی دەوڵەتداری و وڵاتمان هەبێ و هەرێمەکەمان هەبێ ناکرێت یەعنی بەم بیرکردنەوەیە لە قوتابخانە و خوێندنگا، خوێندکار و قوتابی، یەعنی با ئەمە تێپەڕێنین، بە تایبەتی لە پەروەردەی ئەوەکانی ئەم وڵاتەیا، ناکرێت خۆ ئەگەر یەکێتی و پارتییە کێشەکە، ئەگەر کێشەکە عەقڵیەتەکە ئەوەیە کێ ئەڵێ دە ساڵی دیکە پارتی ویەکێتی لە حوکم ئەبن، یەعنی خۆ ناکرێ ئەم بیرکردنەوەیە ئەوە بێ، ئەگەر بکرێت وەزیری پەروەردە بتوانێ چارەسەری ئەوە بکات سوپاسی ئەکەین، خاڵی (٣١) پشتیوانی بۆچوونی مامۆستا شەمۆل ئەکەم لەوەی کە ڕێنمایی پەروەردەیی بدرێتە توێژەری کۆمەڵایەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پشتیوانی لەو ڕایە ئەکەم کە کاك هێڤیدار زۆربەی هەندێك برادەران باسیان کرد لە یەکخستنی ناوی خوێندکار و قوتابی بۆ وشەیەکی موەحەد، بەشێوازێك کە لەگەڵ یەك وشە بەکاربهێنین، پێناسەی پەروەردە و فێرکردن جیا بکرێتەوە کارێکی باشە، بەس من یەك پرسیارم هەبوو بۆ جەنابی وەزیر لەناو پێناسەکانا بە تایبەت لە بڕگەکانی (١٢ و ١٣) و ئەوانە یەعنی شوێن و مەکانی پەیمانگای کۆمپیوتەر و هونەرە جوانەکان و ئەوانە هەست دەکەم ناڕوونە نادیارە ئەکەوێتە کوێی ئەو پێناسانەوە، پێناسە و ئەرکی مامۆستایانی وانەبێژ فعلەن پێویستی بەوەیە کە ڕوونکردنەوەیەکی زیاتری لەسەر بدرێ و لەناو پێناسەکان و زاراوەکان دا زیاتر تەرکیزی بخرێتە سەر، بڕگەی (١٥ و ١٦) ئەڵێ خوێندنگەی پەیمانگای پەروەردەیی قۆناغی خوێندنی پیشەییە کە دوای خوێندنی بنەڕەتی دەست پێ ئەکات و پێنج پۆلی خوێندنە (١٦)یەم پەیمانگای پەروەردەی پیشەیی ئەو ناوەندانەن کە خوێندنی پیشەییان بۆ ماوەی (٥) ساڵە پاش

تەواو کردنــی قۆنــاغی بنەرەتــی دێــت نــازانم لەڕاســتی دا جیــاوازیەکە لە بەینــی ئەو دوو موئەسەسەیە و ئەو دوو شوێنە چییە ئەگەر جەنـابی وەزیـر ڕوونکـردنەوەیەك بـا، مـاددەی (٢٧) لەڕاستی دا ئێمە گرنگی پرۆسەی پەروەردە و فێرکـردن لە هەمـوو دنیـا یەعنـی ئەهـدافەکە دوو شتە، یەك/ مامۆستایە، دوو/ خوێندکارە، لەڕاستی من پێموایە پێناسە کردنـی مامۆسـتا لە دێـر و نیوێــك دا ئەم زاراوەیە کەموکــورتییە، پێویســت دەکــا ئــێمە بە وردتــر پێناســەی مامۆســتا دابڕێژینەوە، ئێمە لەگەڵ لیـژنە و لەگەڵ جەنـابی وەزیـر و وەزارەتـیش هاوکـار ئەبـین لەوەی کە بتوانین دوایی بە نووسراو پیناسەیەکی تر بـۆ مامۆسـتا دابڕێـژینەوە، بـڕگەی (٣١) پشـتیوانی لە گولستان خان ئەکەم بۆ ئەوەی دووبـارەی نەکەمەوە، بـڕگەی (٣١) سەرپەرشـتیاری پەروەردەیـی بەڕێز جەنابی وەزیر سەرپەرشتیاری پەروەردەیی فەرمانبەرە یان مامۆستایە؟ پرسـیارە چـونکە پێمـوابێ ئەوەی کە مـن تـا ئێسـتا هیـنم کـردووە ئەوان وەکـو مامۆسـتا کـار ئەکەن و زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د. شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکەصالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنــاوی خــوای گەورە، ســەرەتا دەســت خۆشــی دەکەم لە هەردوو لیــژنە، بە تــایبەتی لیــژنەی تایبەتمەند، وەزیری بەڕێـز بەخێرهـاتی، سـەبارەت بە بـڕگەی (٢٧) کە لەو بـڕگەیەوە دەسـت پـێ ئەکەم، پێشـنیار دەکەم پێناسـەکەی بەو شـێوەیە لـێ بکـرێ، ئـێمە مامۆسـتای زانکۆشـمان هەیە چونکە، مامۆستا: ئەو کەسەیە کە بڕوانامەی لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێت و دەکرێت بڕوانـامەی بەرزتری هەبێت کەسێکی شیاو و لێهاتووە بۆ وانەوتـنەوە لە دامەزراوەکـان بەپێـی حوکمەکـانی ئەم یاسایە، ئەوە سـەبارەت بەبـڕگەی (٢٧)، سـەبارەت بە بـڕگەی (٢٩) بەو شـێوەیەی لـێ بکـرێ، بەڕێـوەبەری دامەزراوە، ئەو کەسـەیە کە ئەرکـی بەڕێـوەبردنی دامەزراوەیەکـی پەروەردەیـی و فێرکردنــی پــێ دەســتپێردرێت کە مــاوەی خزمەتــی لە دەســاڵ کەمتــر نەبێــت، بــۆ بــڕگەی (٣١) پشتگیری گولستان خان دەکەم، گولستان سعید، بـڕگەی (٣٢) سەرپەرشـتیاری پەروەردەیـی پـێم باشە بکرێتە ئەو مامۆستایەیە کە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسـایە لە جیـاتی ئەو فەرمـانبەرەیە، بڕگەی (٣٩) لە دەستەواژەی قوتابیان و خوێندکاران، خوێندنگە، قوتـابی، پشـتیوانی لە وتەکـانی ئاشنا خان دەکەم، ئێمە دەتوانین لێرە وشەیەك یا دەستەواژەیەك ئیقتراح بکەین، بەڵام با نەبێتە ئەمە هی فلان فراکسیۆنە و ئەمە هـی فـلان حـزبە، لیـژنەی تایبەتمەنـد زۆربەی فراکسـیۆنەکانی تێدایە، خۆیـان لەسـەر دەسـتەواژەیەك لەسـەر موسـتەلەحێك ڕێککەون بـۆ ئەوەی سـیمای دوو ئیــدارەیی کــاڵ بــکەنەوە، بــۆ بــڕگەی (٤٦) دەســتەواژەی دیــداری گەشــە، لەڕاســتی دا جــوانە دەستەواژەیەکی ڕێکە، بەڵام من پێم باشترە بکرێ بە دیداری پەرەپێدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (١) بڕگەی (٢٧) بۆ ئەوەی قسەکان دووبارە نەکەینەوە پشتگیری لە ڕەئی کاك علی و دکتورە شایان دەکەم پێویست دەکات ئاستی بڕوانامەکە دستنیشان بکرێت، وە سەبارەت بە بڕگەی (٣١) کە دەڵێت ڕێنماییکاری پەروەردەیی لە راستیدا ڕێنماییکاری پەروەردەیی بە بەشی ڕێنمایی و دەروونی و پەروەردەیی دەوترێت، بۆیە پشتگیری لە ڕەئی گولستان خان دەکەم کە ڕێنماییکاری پەروەردەیی بکرێت بە توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی، وە سەبارەت بە ماددەی (٣٩) بە هەمان شێوە پشتگیری لە ڕەئی ئەو بەڕێزانە دەکەم کە پێویست دەکات وەکو دکتۆرە شایان ئاماژەی پێکرد باشترە کە لیژنەی تایبەتمەند لەسەر ناوێکی گونجاو ریکبکەون، بۆ ئەوەی واز لە وشەی قوتابیان و خوێندکاران لەم یاسایەدا بهێنین و بەو شێوازە نەیەت و هەردوو وشەکە کە بەدوای یەکدا هاتووە، هەروەها سەبارەت بە بڕگەی (٤٧) کە دەڵێت قوتابخانە و خۆێندنگای بەهرەداران تایبەتمەند دیارە لەم بڕگەیەدا زیاتر ئاماژە بە توانای بەهرەیی و هونەری و وەرزشی کراوە، بەڵام لێرەدا من پرسیارێکم لە بەڕێز وەزیر هەیە مەبەست ئەو منداڵانەی کە توانای زانستیان زۆر زۆر بەهێزە و جیاوازترن لە منداڵی زیرەك بابڵێین ئایا چ پلانێك یاخود پرۆگرامێکی تایبەت بۆ ئەو منداڵانە دەبێت بۆ ئایندە؟ ئەگەر بکرێت لەم ئاسایەدا یاخود لەم بڕگەیەدا بە دیاریکراوی توانای ئەو منداڵانەش وەلانەنرێت و جێگر بکرێت، وە بەهەمان شێوە پرسیارێکی ترم لە بەڕێز وەزیر هەیە دیارە گرفتێکی گەورە لە کۆی ناوەندەکانی خوێندنی هەرێمی کوردستان هەیە کە بەشێك لە پۆلەکان ژمارەیەکی زۆر خوێندکار یان قوتابی تێدایە بەداخەوە ئەم دوو وشەیە دەبێت بووترێت وە یاخود زۆربەی ناوەندەکانی خوێندن دوو دەوام و یاخود سێ دەوامیشمان هەبێت لە ئێستادا لە کاتێکدا وڵاتانی دونیا کاتێك پرۆژە یاسەیەك تەقدیم دەکەن هەوڵدەدەن کە بە رێکارێك بێت ئاستی توانای قوتابی بە رێژەیەکی بەرچاو لە توانای فێرکردن بەرزبکرێتەوە بەو مانایەی کە تەنانەت بیهێتەوە بۆ ماڵەوە ئەو منداڵە پشوو بدات وە سوود لە بەهرەکانی خۆی وەربگرێت دیسان لە ماڵەوە دەست بە نووسین و خوێندن نەکات، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەگەر بکرێت لەم یاسا و لەم پرۆژە یاسایە دا پلانێکی وا دابڕێژرێت کە ئیتر لە ناوەندەکانی خۆێندن رێژەیەکی زۆری قوتابی و خۆێندکار لە پولێکدا نەمێنەوە چ ناوەندەکانی خوێندن لە دوو دەوام و سێ دەوام بەدەر بکرێت و رزگاربکرێت، وە بەهرە بە توانای قوتابی بدرێت لە ئاستێکدا کە نە بە دەوامی ناوەندەکانی قوتابخانەکانیش وەکو ناوەندە ناحکومیەکان لە(٨) بەیانی تاوەکو (٣) بێت، بۆ ئەوەی منداڵ بەهرە بە توانای زانستی و هۆنەری و توانای وەرزشی بدرێت بەداخەوە لە ناوەندەکانی خوێندنەوە تا ئێستا لە وانەی وەرزش و هونەردا منداڵەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرمووو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی :**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەرەتا من بەوە دەست پێ دەکەم کە سەروەتی مرۆیی بێگومان لە هەموو سەروەتانی تر گرنگترە، ئێمە لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پەروەردە بە شادەماری گوڕانکاری و

ئایندەسازی نیشتمان دەزانین، وە ئێمە ساڵێك زیاترە خۆمان ئامادە كردووە بۆ ئەم یاسایە بەڕاستی خوبەراكانمان و تیمەكانمان لە پێناوی ئەوەی كە پشتیوان بین لە تێروتەسەلكردنی گرنگترین مەنهەج گرنگترین پڕۆگرام كە باسی پەروەردە و باسی ئایندەسازی و مرۆڤسازی و لەم هەرێمی كوردستانەدا، سەرەتا بە قۆناغەكانی جارێ پشتیوانی لە كاك هیڤیدار و دكتور اسماعیل و ئاشنا خان دەكەم بۆ بابەتی فێرخواز و فێرگە كە ئەو یەكلایی بێتەوە ئەو مەوزووعە بەسە تائێستا ئیتر ئەم قوتابی و خوێندكارە با كۆتایی پێ بێنین، وە هەروەها پێناسەی وانەبێژ بكرێت پشتگیری لێ دەكەم لە (٢٩،٣٠) باس لە بەڕێوەبەر و دامەزراوە كرا كە دەبێت پەروەردە و ئەركی پەروەردە فێركردن دەگرێتە ئەستۆ كە ئەوە بێگومان خەڵكی موختەس ئەوە بكات، بۆیە ناكرێت خەڵكی حزبی دابنێین لەو شوێنانە دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بكەینەوە كە خەڵكی شیاو و موختەس لەو شوێنە بێت شیاو بۆ پەروەردە شیاو بۆ فێركردن، وە سەبارەت بە قۆناغی بنەڕەتی بكرێتە دوو بازنە یەك بۆ شەشی سەرەتایی حەوت بۆ ناوەندی، بۆئەوەی بە ئاسانی بتوانرێت ئامانجی بازنەكان دابڕێژێت لە ئێستادا ئامانجەكانی یەكبوون هەمان ئەو ئاماجانەن كە جاران بۆ قوناغی شەش نووسرا بوون وە قوناغی حەوت بۆ نۆ ئامانجی جیاوازی هەیە لە سیستەمی پێشوودا واتە لە (ئوسسی تعلیمی) شەش سێ بە سێ بوو، واتە شەشی سەرەتایی سێی ناوەندی سێی ئامادەیی دەگونجێت ئێستا هەمان شێوەبێت، بەڵام یەكبوونەوەی بنەڕتی كە لە شەشی سەرەتایی و سێی ناوەندی پێكبێت و یەك بۆ نۆ نیزامی بێت، وە سەبارەت بە خوێندنی پەیڕەوكراو پەیڕەوكراومان زیاتر بۆ رابردووە وەك هەواڵناو بەكار نایەیت لە (التعلیم نظامي) واتە لە (Fr mel Ocyshn)دا وشەی دووەم ئاوەڵناوە راستر وایە كە فێركردنی پەیڕەوییانە یان وشەیەكی گونجاوتر بەكار بهێنین پێشنیاری فێركردنی پابەندی دەكەین وەكو چۆن دەڵێین (تعلیمي نظامي) سەبارەت بە خوێندنە ناپەیڕەوكراو و ئامرازی نەرێنی ناچێتە سەركراو راستر وایە كە بە فێركردنی پەیڕەوییانە وەربگیرێت، وە خاڵێكی تر ئەو پێناسەیە هەڵەیە، چونكە فێرخواز لە هەر تەمەنێك و شوێنێك بخوێنێت حكومی بەیانیان حكومی ئێواران ناحكومی نێودەولەتی كە بڕوانامەی باوەڕپێكراو بێت بە فێركردنی پەیڕەوی (تعلیم نظامي)دادەنرێت وە فێربوونێكی ئامانجدارو رێكخراو، بەڵام (لا تعلیمي لانظامي Fr mel Ocyshn) فێركردنی ناپەیڕەوییانە و بڕوانامەی دانپێدان نییە، واتە یان هەر بڕوانامەشی نییە وەك بەشداریكرنی بەهێزكردنی خولی یان پەرەپێدانی مرۆیی لە پەیمانگا ئەهلیەكان، بەڵام (التعیلم غیر نظامي Fr mel Ocyshn) كە پێشی دەڵێن (تعلیم تلقائي)، واتە لە خۆوە فێربوون ئەو جۆرە فێربوونانە دەگرێتەوە كە چالاكییەكانی ژیانی رۆژانەیدا فێری دەبێت بە درێژایی تەمەنی بۆ نمونە منداڵ فێری زمانێك دەبێت، لە هاوڕێكانییەوە یان لە تەلەفزیۆنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك كاوە.

**بەڕێز كاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢٧) دەست پێ دەكەم كە پێناسەی مامۆستا كراوە یەعنی سەرەڕای ئەوە كە دەكرا پێناسەیەكی تێروتەسەلتری بۆ بكرێت و لەگەڵ ئەوەشدا بەڕاستی هەر (٤٨) پێناسەكە

تەعریفەکە بەهیچ شێوەیەك باسی مامۆستای وانەبێژ نەکراوە، باسی ماموستای گرێبەست نەکراوە، هەرچەنەدە پێموایە گرێبەستەکان بوونەتە رەسمی، بەڵام بە تایبەت وانەبێژ لە ئێستادا عەمود فەقەری پەروەردە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان بە دەیان هەزار ماموستای وانەبێژە ئەگەر مامۆستای وانەبێژ نەبێت لە هەرێمی کوردستان پرۆسەی پەروەردە پەکی دەکەوێت، خۆم پێشتر ماموستا بووم لەناو پرۆسەی پەروەردە بووم مامۆستایەك مافی تەواوەتی هەیە، بۆ نمونە عەلاوە و تەرفیعی هەیە هەتا مووخەسەساتی محەلی و کۆمەڵێك مووخەسەساتی تری هەیەن، بەڵام مامۆستایەکی وانەبێژ مافەکانی لە کوێیە؟ مامۆستا هەیە چەندین ساڵە وانەبێژە ئەگەر جاری وا هەیە بە هۆکارێکی حزبی یەکسەر دوور دەخرێتەوە یەکسەر لادەبردرێت جاری وا هەیە بە میزاجی شەخسی لادەبردرێت لە پەروەردەکان وە مافەکەشی دەسوتێت، بۆیە گرنگە لێرە پێناسەی مامۆستای وانەبێژیش بکرێت و مافەکانیشی دیاری بکرێت، وە ئەوەش دیاری بکرێت بەڕاستی مامۆستایەك کە دەبێتە وانەبێژ چەند ساڵ وانەبێژ دەبێت دوایی دەکرێتە رەسمی ئایا تا کەی وانەبێژ بێت؟ بۆیە نازانم ئەگەر تەفاسیلێك هەبێت ئەوە باشترە لەسەر رێنماییکاری پەروەردەیی ماددەی (٣١) کە ئەوە پێموایە داواکاری خۆیانە و بۆ سەرجەم پەرلەمانتاران هاتووە پشتگیری هەموو ئەو رەئیانە دەکەم کە بکرێت کە بنە توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی، وە لەسەر ئاخیر مادده ماددەی (٤٨) لەسەر مۆڵەت پێدان بە دامەزراوە ناحکومیەکان ئەگەر ئەوە روونتر بکرێتەوە چۆنە یاخود ئەو قوتابییانە بۆ ئەو مۆڵەتە بەتایبەت بۆ قوتابخانە ئەهلیەکان چۆنە وە شێوازەکەی چۆنە؟ تۆ ئەگەر سەیر بکەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان لەو هەولێرە قوتابخانەی ناحکومی قەتابخانەی ئەهلی چەندین جۆری هەیە چەندین نرخی هەیە قوتابخانە هەیە لە هەولێر بە (١٦٠٠$)دۆلار (١٦) وەرەقە ساڵانە قوتابی وەردەگیرێت هەشە بە (٦٠) وەرەقە وەردەگیرێت بە (٦٠٠٠$)دۆلار وەردەگیرێت ئایا ئەم پێوەرە چۆنە؟ چۆن دەکرێت؟ وە چۆن تەقدیم دەکرێت؟ ئێمە ئەزموونێکی خراپمان هەیە لە قوتابخانە ناحکومی و ئەهلی لە هەرێمی کوردستان زۆربەی هەرە زۆری هی بەرپرسێکە یان پشکێکی بەرپرسێکی تێدایە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك بەشمان هەیە لەسەر خوێندنگا سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای بەخشەندەو میهرەبان، سەرەتا من پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا عبدالستار و روپاك خان و کاك سیپان بە تایبەتی لەسەر وانەبێژ لە کاك کاوە بەهەمان شێوە دکتور شێرکۆ و مامۆستا عمر و مامۆستا اسماعیل وە گولستان خان و مامۆستا موسلیم و شێخ ظاهرو هەموو ئەو براو خوشکانەی کە جەختیان لەسەر پێناسەی مامۆستایانی وانەبێژ کردەوە زۆر گرنگە لێرەدا پشتگیری دەکەم کە مافیان دیاری کرابێت، وە هەرچەندە یاسایەك هەیە، بۆ ئەوەوی دەوام بکەن و لە ساڵی چەندە بۆ نمونە بنە گرێبەست و پاشان بنە هەمیشەیی خوزگە ئەو یاسایە بۆ مامۆستایانی وانەبێژ جێبەجێ دەکرا کە ئێستا هەستیارترین قوناغە بۆ ئەوان کە بارستی هۆڵەکانی خوێندن چۆڵ دەبن ئەگەر ئەوان هەڵوێستێك وەردەگرن زۆر گرنگە حکومەت لەم کاتەدا مێژوویەك بۆ خۆی تۆمار بکات و بیانکاتە هەمیشەیی و دایانبمەزرێنێت، وە سەبارەت

به خـــاڵی (٢١) و (٤٧) قســـە دەکەم دامەزراوەی نـــاحکومی ئەو دامەزراوەیە کە دامەزراوانەی پەروەردەیی و فێرکردن دەگرێتەوە کە موڵك و کەسی لایەنی پەروەردەیی و ناحکومین و لە لایەن ئەوانەوە بەڕێوەدەبردرێن و خەرجییان لێدەکرێت من پێشنیار دەکەم ئەم خاڵە لابرێت، لەبەرئەوەی کە مـافێکی دەستووری هەیە کە بـاس لەوە دەکـات خوێنـدن بەبێ بەرامـبەر بـۆ هاووڵاتیانی عێراقە بە هەرێمی کوردستانیشەوە من پرسیارێك ئاڕاستەی جەنابی وەزیر دەکەم جەنابتان هەست بەوە ناکەن کە لە خوێندنگەکاندا ئاستی زانستی دابەزیوە لە کەرتی حکومی بۆ نمونە مەنهەجیان زیاترە کاتژمێری خوێندیان زیاترە تەئسیرێکی سلبی دروستکردووە، بە پێی بەدواداچوونەکانی من تەنانەت ئاستی ڕێژبەندی زانکۆکانی گشتی لە هەرێمی کوردستانیش ڕێزبەندیان دابەزیوە بەبونەی کەرتی تایبەتەوە کە لە زۆربەی وڵاتانی دونیاوە خەریکە زیاتر پەرە بە کەرتی گشتی دەدرێت، هەروەها سەبارەت بە خاڵی (٤٧) منیش پرسیارێك ئاڕاستەی جەنابی وەزیر دەکەم کە باس لەوە دەکات قوتابخانە و خوێندگای بەهرەداران و تایبەتمەند بریتیە لەو قوتابخانە و بەهرەدارانی تایبەتمەند بە هونەر یان وەرزش یان هەربابەتێکی دیکە کە وەزارەت ڕەزامەندی لەسەر دەدات من دەڵێم جەنابی وەزیر چ پێوەرێك هەیە بۆ ئەم خاڵە؟ وە ئایا ناعەداڵەتی دروست ناکات؟ چۆن منداڵانی بەهرەدار جیا دەکرێتەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نـاوی خـوای گەورەو میهرەبـان، بە خێرهـاتنی جەنـابی وەزیـری دەکەم دەمەوێـت سـەرەتا پشتگیری ئەو برادەرانە بکەم، لەبەرئەوەی من (٢) خالم هەیە ئەو برادەرانە هەموویـان قسـەیان کرد گولستان خان کاك هیڤیدار کە لە وشەی خوێندکار و قوتابی، هیوادارم بکرێتە فێرخـواز زۆر باشە روپاك خان کە وتی قوتابخانەی ئەهلی نەمێنێت، یەعنی بەڕاستی ئەو ئەهلییە هەر کوردی تێکداوە بە جدی جەریمەیە دکتور اسماعیل وە کاك عمر و کاك مسلم و کاك شیخ ظاهرو کاك کاوە بە جدی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەو خوێندکارە حکومییانە یان ئەو قوتابییە ئەهلییـانە هـیچ مستەوایەکیشـیان نیـیە، بڕواتـان هەبێـت مسـتەوایان نیـیە ئەوە جەنـابی وەزیـر لێـرە دانیشتووە من ئەوەندەی موتابەعەم کردووە زۆربەی ئەو خوێندکارانە هیچییان پێ نیـیە، بـۆیە پێمخۆشە هەر نەمێنێت من لەسـەر دووخـاڵ قسـە دەکەم خـاڵی یەك مەسـەلەن قۆنـاغی یەکەم قوناغی باخچە لە چوار ساڵی بـۆ پێـنج سـاڵی تەحدیـدکراوە بەجـدی ئێسـتا جـاری وا یەك رۆژی مـاوە وەری نـاگرن جـاری واهەیە دوو رۆژی بەسـەر چـووە وەری دەگـرن، بـۆیە پێشـنیار دەکەم حەلێك دابندرێت لە قۆناغی باخچەی ساوایان چوار ساڵ بۆ پێنج ساڵی داناوە با ببێت بە شەش ساڵ، بۆئەوەی ئەو تەلەبە تۆزێك شت فێرببێت بەڕاستی لە چوار ساڵی هیچ فێـر نابێـت خـاڵێکی دیکەمـان ئەوەیە بەس بـزانم حکـومەت حکـومەتە ئەنجـومەنی باوکـانی بـۆچیە؟ بـۆ ئەوەیە تەلەبەی چـی لـێ بکـات؟ ئـاخیر هـیچ نازانێـت ئەنجـومەنی باوکـان یەعنـی چ پەیوەنـدی بە حکومەتەوە هەیە؟ بۆیە داوادەکەم هەر ئەو خاڵەی ئەنجومەنی باوکان نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عبدالناصر.

**بەڕێز عبدالناصر مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین دەستخۆشی بۆ هەردوو لیژنەی تایبەتمەند بەڕاستی زۆر ماندوو بوونە بەم پرۆژە یاسایەوە لە ماددەی (١) بڕگەی (١٤) خوێندنی ئامادەیی ئەو قوناغی خوێندنە لە دوای بنەڕەتی دەستپێدەکات سێ پۆلی خوێندنە، بەڵام لێرە ئامادەیی پیشەییەکان دیاری نەکراوە ئامادەیی پیشەسازی و ئامادەیی کشتوکاڵییەکان پێویستە ئەوانیش هەر سێ ساڵی خوێندنە و بڕوانامەی ئامادەی وەری دەگرن ئەوەش زیاد بکرێت لە مادە (١) بڕگە (٢٧) پێناسەی مامۆستا کەسێکی شیاو و لێهاتووە بۆ وانە وتنەوە لە دامەزراوەکان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە هەرچەند برادەرەکان باسیان کرد کە ئەم بڕگەی مامۆستایان دیاری نەکراوە، بۆیە بەم شێوەیە بێت بۆ بڕوانامەی دبلۆم یان زانکۆ یان زیاتری هەبێت پسپۆڕ بێت بۆ وانە وتنەوە لە دامەزراوەکان، وە لە ماددەی (٣١) پشتیوانی کاك شەمۆڵ و سەرجەم ئەو هەڤاڵانە دەکەم کە ڕێنماییکاری پەروەردەیی لابرێت و بکرێتە توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونناسی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك گۆران.

**بەڕێز گوران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم و دەستخۆشی لە هەردوو لیژنەی بەڕێز بەتایبەتی لیژنەی تایبەتمەند دەکەم دەستیان خۆش بیت من لە ماددەی (١) خاڵی (٣١) پشتگیری لە وتەکانی بەڕێز گولستان خان دەکەم، هەروەها پشتگیری لە تەواوی وتەکانی بەڕێز دکتورە شایان و شیرین خان و مامۆستا عمر و روپاك خان دەکەم، وە داوایەکم هەیە لە بەڕێز وەزیری پەروەردە کەوا قوتابخانە ئەهلییەکان کەم کرێتەوە و بایەخی زیاتر بدەن بە قوتابخانە حکومیەکان کە بۆ خزمەتی زیاتری منداڵی فەقیرو هەژار، وە هەروەها لەو قوتابخانانەی کە ئێستا زمانە بیانییەکان دەخوێنن فێربوونی زمانی بیانی بۆ هەموو کەسێك پیویستەو وە کارێکی باشە، بەڵام زمانی دایك واتە زمانی کوردی فەرامۆش نەکەن، وە هەروەها لە هەندێك شوێن و لە هەندێ قوتابخانەی ئێستا وەکو دەبیستین ڕێژەی قوتابیان زۆر زیاترە لەو خوێندنگەی کە ئێستا دەوامی تێدا دەکەن وە کاتەکانیشی دابەشکردووە، بەڵام هەر هەڵی ناگرێت ئەوەندە ڕێژەی قوتابییەکان زیاترە لەو شوێنەدا داوادەکەین کە یان قوتابخانەکان بۆیان فراوان بکەن یاخود هەوڵ بدەن قوتابخانەیەکی نوێ لەو گەڕەکانەدا بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو مژدەخان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان، لە ماددەی (١) پێش هەموو شتێك پێشنیار دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت بە ناوی بڕگەی (٢٩) بۆ مامۆستای وانەبێژ هەمووومان دەزانین کە مامۆستای وانەبێژ پێشمەرگە ئاسا لە سلکی پەروەردەدا خزمەتیان کردووە بە هەموو بارۆدوخێك و بە هەموو

قوورساییەك لەسەر ژیان و گیرفان و ڕێگاوبان و هەموو شتێك یەعنی شانیان داوەتە بەر ئەو بەرپرساریەتییە هاوشێوەی مامۆستای میلاك بە زیادەوە خزمەتیان کردووە هیچ کەم و کورپییەکیان نەبووە لە خزمەتکردندا، بۆیە بێویژدانیە ئەوپەڕی گوناحە ئەگەر پێناسەی مامۆستای وانە بێژ نەکرێت لەو پڕۆژە یاسایە پەروەردەییەدا جێگای نەکرێتەوە کە ژمارەیان لە سی هەزار مامۆستا زیاترە گوناحە سی هەزار مامۆستا چەند ساڵە خزمەت دەکات بە شایستەیەکی زۆر زۆر کەم هەتا بڕیاری ژمارە (١٤) بۆ مامۆستایانی وانەبێژ دەرکرا ژمارە (١٤) وەزارەتی دارایی کە لە (٢٦)ی مانگ بووە لە (٢٦) شایستەکانیان لە لیستی مووچەدا جێگیر بکرێت، بەڵام تاوەکو ئەو دەقەیە بڕیارەکە جێبەجێ نەکراوە بەڕێز وەزیری پەروەردە دەزانی کە ئێستا بەرەو مانگی (١٠)دەچین ئەوان شایستەی مانگی (٧) یان وەرنەگرتووە کە (١٥٠) هەزار دینارو (٢٠٠)هەزار دینارە یەعنی ئەوان ئێستا پارەی ڕێگایان پێی نییە ئێستا بە بەڵگەوە دەڵێم کە مامۆستای وانەبێژ وەریانەگرتووە، پارەی ڕێگایان پێ نییە (١٠٠%) یەعنی زانیارەکەم دروستە، بۆیە پێویستە لەو بابەتەدا بڕگەی بۆ بکرێتەوە، وە پشتیوانی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە لەسەر مامۆستای وانە بێژ قسەیان کردووە وە ئەوانەی دوای منیش قسە دەکەن لەسەر مامۆستای وانە بێژ، بۆیە پێشنیار دەکەم پێناسەی بکرێت و جێی بکرێتەوە و ببێتە خاڵی (٢٩) لە دوای مامۆستا، چونکە شایستەن بەڕاستی سەبارەت بە بڕگەی (٤٠) هەر لە بڕگەی (٤٠) کە پەروەردە و فێرکردنە پێناسەکردنی خۆی یاساکە پەروەردەو فێرکردنە گوناحە لە (٤٠)دا دابنرێت خۆی یاسایە سەرەکییەکە ئەوەیە کە پێویستە ببێتە بڕگەی (٩) لە پێناسەکاندا، وە هەروەها سەبارەت خاڵی (٢٤) پشتیوانی قسەکانی ئاشنا خان و کاك کاوە دەکەم لەسەرئەوەی کە موڵکی حزبایەتی با لەناو پڕۆژەیەکی پەروەردەدا نەبێت وشەیەکی گونجاو وشەی فێرخواز یان هەر وشەیەکی شایستە دابنرێ و بە جوانی پێناسە بکرێت کە شیاوی ئەوە بێت، وە سەبارەت بە خاڵی (٢٩، ٣٠) کە پێناسەی بەڕێوەبەری دامەزراوە دەڵێت ئەو کەسەیە نابێت بە شەخس ئەوە بکرێت ئەندازیارێك یاخود کەسێك بێ شەهادە ناتوانێت ببێتە بەڕێوەبەری خوێندنگایەك یاخود جێگری بەڕێوەبەر پێویستە ببێتە ئەو مامۆستایەی کە ئەرکی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی ئەرکی پەروەردەیی و فێرکردنی پێ دەسپێردرێت، وە هەروەها لە سێیەم یاردەدەری پەروەردە ئەویش بنووسرێتەوە بە شێوەی ئەو مامۆستایەی سەبارەت بە ماددەی (٣١) بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوە سێ دەقە، بۆیە زۆر زۆر گرنگە سەبارەت بە ڕێنماییکاری پەروەردەیی تویژەری کۆمەڵایەتی و تویژەری دەروونی لەوەدا جێگای نەکراوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڵێ پشتیوانی یەك کەس دەکەم کەسێك کە وای وتووە پشتیوانی تۆ سوپاس، فەرموو هلز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

تێبینێت من سەر ماددا (١) ئەڤەیە بڕگا (٤) پێناسا وەزیری یا هاتی ماددا (١٥٧)دا پێك هاتەیا وەزارەتێ سەر وەزیری یا هاتی وێری وەکیل وەزیر یا هاتی بریکارێ وەزارەتی پێناسێدا نەهاتییە راوێژکار یێ هاتی پێناسێدا نەهاتییە، بەر هندێ ب دیتنا من ئەگەر دەروازا (٤) بێتە جودا کرنێ و پڕۆسەیەکا جودا پێکهاتا وەزارەتێ بێت دێ ئەڤ بابەتێ هەنێ بێژین دێ ئەڤ

ماددێت هەنێ ژی کێمتر لێ هێنێ و پتر دێ کۆنترۆلا ڤی پرۆژە یاسایی هێتە کرن، بەرهندێ یان ئەگەر وەکی خۆ مادەم بریکارێ وەزارەتێ هاتییە مادەم راوێژکار هاتییە ڤێرێ ژی پێناسەك بۆ وانەبێژ ژی بێتە کرنێ، چونکی بابەت بابەتێ پەروەردێ و فێرکردنێیە، وە ماددا(٤٠) وەك رێزبەندییا وێ گەلەکا دیرە دڤی پرۆژە یاسایدا بەرهندێ ئەز پێشنیارێ دکەم بێتە دەست پێکێ وە ببتە ماددا (٩) ناڤ رێزبەندییا پرۆژە یاسایێدا ماددا (١) پشتگیریا وا مامۆستایا دکەم ئەوێت بەحسێ ئیزافە کرنا برگەیەکێ یان پێناسەیەکێ تایبەت مامۆستاییێت وانەبێژڤە کو دیارە ئەگەر ئەم بێژین سەرانسەرێ هەرێما کوردستانێ نزیکی (٣٠) هەزارا بن بەلێ ئەڤرۆکە پشکا هەرە زۆر بە پەروەردا دهۆکێ کەڤیت کو دیارە پارێزگەها دهۆکێ ئەگەر ئەڤرۆ مامۆستاێن وانەبێژ بریارا بایکۆتێ بکەن بێگۆمان دێ پرۆسا پەروەردێ وێرێ هێتە راوەستان، بەرهندێ پێناسا وانەبێژا بێتەکرن، چونکی ماددا (٩) بەحسی قوناغێت باخچا دکەت جەنابێ وەزیری کو بێژیت ل ژیێ (٤) سالێ و (٥) سالێ بەلگە نمونە (٤)سالێ دهۆکێ نەهاتینە وەرگرتن باخچە نەبووینە (٤)سالێ ناهێتە وەرگرتنێ مەرجەکی ئەگەر دایك و بابێت وی فەرمانبەر نەبت من بەدواداچوونا کری پەروەردا دهۆکێ جەنابێ وەزیری پەروەردا زانین سالانا بچیك زیدە دبن زارۆکێت زێدە دبن (٤)سالێ تنێ بۆ وانا هاتی تەبعەن چ رێنمایی ژی نەبویە تنێ ئەڤە ئیحتیمالە تەلەفونەکێ یا بۆ رێڤەبەرێت باخچا چووی (٤)سالێ نەهاتینە وەرگرتن کێمەك نەبن (٥)سالێ یێت هاتینە وەرگرتن، بەرهندێ ئەگەر ئەم واقعی بین یان ڤێ (٤)سالێێ بکەینە مولزەم یان ژی (٤) راکەین خیندنا ناپەیرەوکراو ماددا (١١)دا یا هاتی ئەڤ موستەلەحێ هەنێ دەڤ من خۆ وە هەتا لیژنێژیدا هەتا راوێژکارێت مە ژی پیچەك تێبینی سەر هەبوویە ئیحتیمالە ئەگەر هاتییە وەرگێرانێ ناگونجێت گەل وەرگێرانا وێ یا درستاهی، هندێ ئەڤەژی لێ بێتە زێدەکرنێ سەبارەت، هەروەسا رێنماییکارێ پەروەردەیی ئەز پشتگیریا گشت وا مامۆستایا دکەم وان بەرێزا دکەم ئەڤێت گوتی ك بهێتە گۆڕینێ توێژەرێ کۆمەلایەتی و توێژەرێ دەروونی، ئۆ جودا ژی بەحس لێ بێتە کرنێ پێناسا مامۆستادا جەنابێ وەزیری پرۆژە یاسایدا یا ژمنڤە گونجاوتر بوو کو نوکە هاتیە کرنێ مامۆستا کەسەکێ شیاو و لێهاتووە باشە مەرج نییە وانە هەبیتن هەما هەرکەسەکێ هات ببیتە مامۆستا ئەڤە بیتن بۆ بەری (١٠) سالا گونجاو بیت ك دەرچوویێ ئامادەییا بازرگانی بوو دەرچوویێ خولەکا (٦) هەیڤی بۆ کرنە مامۆستا دیڤ هەجەتا پەروەردێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

چەند تێبینیەکم هەیە لەگەڵ پشتگیری کردنی دکتور شێرکۆ دکتور اسماعیل و مامۆستا هلز و مژدەخان بە تایبەتی مژدەخان ئەوەی لە باری توێژەرەکە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەمە یەعنی هەست دەکەم یاسایەکی شازە بەڕاستی تا ئێستا یاسای وام نەبینیوە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچێت (١٨١) ماددە بێت ماددەی (١)ی (٤٨)برگە بێت بەڕاستی ئەمە شازە، وە لە ناو شازتریش دوو بابەتی لە خۆگرتووە دوو بابەتی جیاوازە پەروەردە و فێرکردنی هێناوە لەگەڵ وەزارەتی هێناوە پێکهاتەی وەزارەتی هێناوە لە ماددەی (١٥٧)هاتووە باسی وەزیر دەکات لێرە هەرێم پەروەردە لە هەرێم لەوێ باسی وەزیر دەکات لەوێ باسی بریکاری وەزیر دەکات لەوێ باسی

نووسینگە دەکات لە پێناسەکاندا جێگای نەکردۆتەوە و هێناویانە بۆ پێکهاتەکان دەمجی کردووە دەکرا لە (١٥٧) لەو ماددەیە جیابکرایە یاسایەکی تر نەك وەزارەتی پەروەردە هەڵبوەشێتەوە و ئەوا دەمج بکرێت لە پێناسەکاندا منیش هەر هاوڕام لەسەری ئەوەی کە مامۆستای وانە بێژلەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا پێناسەیەکی تەشریعی نییە، وە ئەرك و مافی دیارینەکراوە وە لە ماددەی (٧٢) ئەو یاسایە ئیش دەکات کە هاتووە هەر باس لەوە دەکات دەڵێت بە پارەیەکی دیاریکراو وانە دەڵێنەوە و بە گرێبەست دامەزرێن و کە ئەمە گرفتەکانیانە لەو چەند ساڵا ئەوانەی خۆپیشاندان دەکەن لەسەر ئەمە ئێستا کە کاتی خۆیەتی کە لە یاسای پەروەردە و فێرکردندا ئێمە ئەو بابەتە چارەسەر بکەین و پێناسەیەکی بۆ بکەین چۆن پێناسەی مامۆستا کراوە لێرە بە هەمان شێوەش بەس بە گوڕانکارییەکەوە کە کەسێك کە بڕوانامەی هەیە بە پێی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە دەتوانین مامۆستای وانەبێژ جیا بکەیتەوە، وە لە ماددەی (٧٢) چۆنیەتی ئەرك و مافەکانی دیاری بکرێت، بۆئەوەی ئەم گرفتەش چارەسەر بێت کە هی سی هەزار مامۆستایە و چەندین جار دانیشتنی پەرلەمان کراوە ئێمە نەمانتوانیوە دانیشتنێکیان بۆ ساز بکەین بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دوێنێش ئیشارەتم بەوەدا وتم ئیدارە سەربەخۆکان زۆر هاتوونەتەوە تازە لێرە بوو بە ئەمری واقع، بەڵام ئێمە دەتوانین چارەسەری ئەوە بکەین لە یاساکانی پارێزگاکاندا بە تەعدیلێك ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) ئەوەشی بخەینە ناو پێکهاتەکاندا پێکهاتەی بڵێین جۆری ئیدارە سەربەخۆکان منیش هەر هاوڕام کە بڕگەیەك بێتە دوای بڕگەی (٩)، وە لەبەرئەوەی باسی پەروەردەو فێرکردن پێناسەی پەروەردە و فێرکردن ناکرێت ئەوەندە دوور بێت بچێتە بڕگەی (٤٠)، وە دەمەوێت ئاماژەش بۆئەوە بکەم ماددەی (٣٤)ی دەستووری عێراقی بڵێین هەیە کە باسی خوێندن دەکات بە ئیبتیدائییەوە ناوی هێناوە نەك بە بنەڕەتی، بەس نازانم بۆ ئەم وەرگێڕانەی هەرێمی کوردستان سەرەتا قوتابخانە سەرەتاییەکان کە رێك تەرجەمەی ئیبتیدائیە ئێستا بەس بنەڕەتی یەعنی ئەساسی ماددەی (٣٤) بە ئیبتیدائیە هێناویەتی، بەڵام لە خوێندگاکانی خۆماندا لە قوتابخانەکاندا بە بنەڕەتی هاتووە کە ئەوە یەعنی وەرگێڕانەکەی هەڵەیە بۆ ماددەی (٣٤)دەستوور منیش هەر جەخت لەسەر ئەو بابەتە دەکەمەوە فێرخواز و خوێندکار و قوتابی ئەم کێشە و گرفتەی ئەم دوو زۆنەی سی ساڵە هەر چارەسەر نەبووە نەهاتۆتە ناو یاسای پەروەردەش و وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنیشەوە بۆ ئەوەوی دڵی ئەو لا رازیکەی و دڵی ئەولاش رازیکەی (٥٠ بە ٥٠) (٥٠) بۆ قوتابیش (٥٠)شی بۆ خوێندکار یەعنی بەڕاستی با بکرێت بە فێرخواز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو کاك عثمان .

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بڕگە (١٧، ٢١) بەڕاستی من بە کارەساتی دەزانم دژ بە گەلەکەمان بۆ جینۆسایدکردنی ئەو فیکرە رەسەن و کوردیەی کە هەمانە خوێندنی نا حکومی بکریتەوە بۆ ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە بۆخۆیان ئەو مامۆستایانەی کەهەیانە لێی بەڕاستی لەو وڵاتانەی کە لەقیمەی تەقەدومی پەروەردە و خوێندن خۆێندنی ئەهلی نییە ئەوە یەك، وە پاشان چەندین کێشەی خێزانی زیاد کرووە ئێمە وەکو مامۆستایانی ئایینی رۆژانە ئەو کێشانەمان

هەیە باوکێك قوتابیەکەی ناردووە بۆ خوێندگای ئەهلی کچەکەی نەناردووە بۆ ئەهلی لەوە بووەتە کێشە من چووم حەڵم کردووە بەڕاستی با ئەو خوێندنە ئەهلییە نەمێنێت، وە هەروەها کە دەڵێم دژ بە گەلەکەمانە بەڕاستی ئێمە چەندین دەرچوومان هەیە دانەمەزراون بەڕاستی ئەو هەموو شهادەدارەمان هەیە ئەو هەموو خەڵکە لێهاتووەمان هەیە بۆ بچین خەڵکی بیانی هاوردە بکەین داواش دەکەم لە پێناسەی مامۆستایان هاووڵاتی بوون یان کوردستانی بوون یان هەر شتێکی دیکە بێت کە ماموستایەکی بیانی نەبێت، یەعنی غەیری کوردی نەبێت، وە لە بڕگەی (٢٨) پرسیارێکم لە بەڕێز وەزیری پەروەردە هەیە بەڕێز جەنابی وەزیری پەروەردە ئەو بانگشە و ئاماژەیەی کە لەسەر پەرتووکی قوتابی دووەمی بنەڕەتی زانستی زانست بۆ هەمووان هەیە ئەو بانگشەیە لەگەڵ رێزم بەڕاستی کە ئاماژەیە بە بانگشەی هاوڕەگەز خوازان چ بنەمایەك هەیە ئێستا ئەو شتە دانراوە؟ بۆ ناوی قائیدێکی کورد لێهاتوویەکی کورد چالاکوانێکی کورد یا کەسێك بۆ ئاماژە نەبێت بەو هەموو پێشکەوتنەی کە گەلی کورد هێناوە ئەو هەموو قارەمانە ئەو هەموو مەوزووعە ئەو ئالایەی کە لەسەر بەرگەکە هەیە بەڕاستی ئالایە و ئاماژەیە بۆ کەسانی هاورەگەزخواز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر سوپاس ئەندامانی بەڕێز دەستان خۆش بێت، بۆ سەرنج و تێبینییەکانتان دەرفەت دەدەین بە بەڕێز وەزیر فەرموو، فەرموو کاك زێدان.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (١) هەندێك تێبینم هەیە، وەهەمان پێشنیاری ناونیشانیش دووبارە دەکەمەوە کە ئێمە پێچەوانەی کارەکان و یاساکانی رابردوو کار دەکەین پەروەردە و وەزارەت تێکەڵ دەکەین ئەوا دەبێت چارەسەر بکرێت، لەسەر وشەی قوتابی و خوێندکار پشتگیری هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە ئاماژەیان پێکرد، بەڵام باشترین چارەریش ئەوەیە کە لە لیژنەش ئاماژەم پێکردووە لێرەش دووبارەی دەکەمەوە وەزارەتی پەروەردە بکرێتە قوتابی وەزارەتی خوێندنی باڵا بکرێتە خوێندکار چارەسەری هەموو ئەو پرۆسەیە دەبێت کێشەی نامێنێت سەبارەت بە خودی ماددەی یەکەم ئەگەر سەیری هەموو ئەو پرۆژە یاسایە بکەین بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وە ئەوانەی شارەزایەکی تەواویان هەیە لە بواری یاسادانان ئەم یاسایە تێکەڵەی زۆری هەیە لە رووی دابەشکردنەوە بەشی داناوە وە هەمان ئەو بەشە بەشی تری لێی جیابووەتەوە و لە جاری دووەم کە بەش بەکارهاتۆتەوە تەوەرە و بڕگە و چەندین بەشی تر دانراوە کە پێچەوانەی ئەو یاسایانە، بۆیە کە ئێمە لە پێشتر دابەشمان کردووە وە دەرکراون و لە هەمان کاتدا ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی خودی یاساکە بکەین لە ماددەی (١) تا کۆتایی زیاتر لە (٥٠%) ئەم یاسایە بە رێنمایی ئاماژەی پێکراوە دەکرێت کاتێك باس لە رێنماییکاری پەروەردەیی بکەین بە تەعریف، بەڵام ئەو وەسفەی کە بۆی دانراوە وە ئەو کارەی کە بۆی دانراوە بۆ هەموو بەشەکانی تر تا دڵنیایی و جۆری و مۆڵەت لە رێنمایی وەزارەتدا ئاماژە پێ بکرێت و تەفاسیڵی پێ بدرێت ئەگەر لە بڕگەی (٣١) سەیری رینماییکاری پەروەردەیی بکەین کە لە ماددەی (٦٥) جارێکی تر تەعریفی کردۆتەوە تەفاسیڵی داوەتێ، بەڵام کە دەروونناس و کۆمەڵناس ئاماژە پێدەکات دەبێت ئەوەشمان لەبەر چاوبێت کە ئێستا بەشی کۆمەڵایەتیش هەیە کە هەمان ئەو پیشە و کارە دەکات پێویستە لێرە

ئاماژەی پێ بکرێت، هەروەها لە بڕگەی (٣٤) ئاماژە بە کتێب کراوە لە دواتر لە چەندین ماددەی تر باس لە کتێب دەکات، بۆیە پێویستە هەموو بڕگەو ماددەکان یەك بخرێت لە یەك کات و لە یەك شوێندا ئاماژەی پێ بکرێت، وە بەڕێز وەزیری پەروەردە بۆ بەرچاو روونیتان ئەمڕۆش سەردانی چەند قوتابخانەیەکم کردووە ئەم ساڵ کتێبەکانی خوێندن خراپترین کوالیتیان هەیە لە رووی چاپکردنەوە چ سەیری ناوەڕۆکەکان بکەی و وە ئەو پەرتوکانەی پێویستە رەنگاو رەنگ بن یان لە بەرگەکانیشیانەوە سەیری بکەی یان لە رووی کەپسکردنەوە خراپترین کوالیتیان هەیە لە چاو ساڵانی رابردوو، وە بە هەمان شێوە بڕگەی (٤٢) وە برگەی (٤٨) کە سەیری دڵنیایی یان جۆری مۆڵەت دەکەین هەموو ئەو رێنمایانەی کە لە ماددەکانی تردا هاتووە رێنمایی ماددەی یاسایی نین پێویستە لە رینمایی وەزارەتدا دەربکرێت ئێمە چەندین یاسامان هەموار کردۆتەوە لەم ساڵانەی رابردووی پەرلەمانی کوردستاندا بەشێك لە یاساکان کە تەنها (١٠) یان (١٥) ماددە هەبوونە پێویستیان بە هەموار بووە ئەم یاسایە کە (١٨١)ماددەی تێدایە بەشی هەرە زۆری پێویستە رێنمایی بێت دلنیام لەوەی کە تەمەنی ئەم پەرلەمانە درێژ ببیتەوە پێویستی بە هەموار دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان وابزانم لە لیژنەیەوە رەخنەیان هەیە، دوای ئەوە بەڕێز وەزیر قسە دەکات بەڵێ فەرموون.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی.**

ئەندامانی پەرلەمان زۆر سوپاس بۆ پێشنیاز و تێبینەکانتان بۆ دەوڵەمەندکردنی پڕۆژە یاساکە وەڵامی زۆربەی پرسیارەکانتان لە ناوەڕۆکی پڕۆژە یاساکەدا بوونی هەیە ئەمە لە ماددەی (١) کە (٤٨) بڕگە لە خۆی دەگرێت کە تەنها پێناسەن ئەگەر بگەینە ماددەکانی تر ان شاءالله وەڵامەکان بە وازحی وەردەگرن، هەروەها بە نسبەت مەوزووعی بەکارهێنانی ناوی قوتابی و خوێندکار لە ناوەندەکانی خوێندن ئەوە بابەتێکی توندی گفتوگۆکانمان بووە لە هەموو کۆبوونەوەکانمان وە ئێمەش تەمەنا دەکەین لە خوێندنەوەی سێیەمی پڕۆژە یاساکەدا ئەم بابەتە ئەگەر بتوانین یەکلایی بکەینەوە، وە بەنسبەت بڕگەی (٢٣) لە ماددەی (١) دیارە هەڵەی ئیملائی هەیە خۆی دەقی ئەسڵەکە بەم شێوەیە ئەو دامەزراوە و فێرکردنە دەگرێتەوە کە مولکی حکومەتن و تێچووەکانیان لە لایەن حکومەتەوە دابین دەکرێت، بەلام لە لایەن کەسانی پەروەردەیی نیشتمانی یان بیانییەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەت بەڕێوە دەبردرێن، پرسیارەکانی تر ئاراستەی بەڕێز وەزیری پەروەردە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بەڕێز وەزیری پەروەردە.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەندێك کاتم هەیە بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانیان بدەمەوە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(٢٠) دەقە کاتت هەیە بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان، فەرموو.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من لە بابەتی کاك دکتور زیدان دەست پێ دەکەم ئاخر بابەت کە باسی چاپی کتابی کردووە کاك دکتور زیدان ئەمساڵ بایی (١٧) ملیار دینار تەبعی کتاب کراوە (٢٤٠) ملیۆن مەلزەمە کە نزیکی (١٦) ملیۆن کتێب دەکات عێراق کە لە تەنیشتمانە هەموو مانگێك فائیزی (٢) ملیۆن دولاری هەیە، تا ئێستا یەك کتابی تەبع نەکردووە و داوای کتابە کۆنەکان دەکەنەوە، کتابەکان هەمانە لە مەتبەعەی مەساری ئیماراتی تەبع کراوە باشترین مەتبەعەیە لەسەر (شرق الاوسط) چوارەم مەتبەعەیە لە عالەمدا من ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان ئیزنم بدات حەز دەکەم لیژنەکەی ئێوە رۆژی شەممە سەردانی (١٠) قوتابخانە لە شارەکانی کوردستان بکەن ئەگەر کتێبەکانی هی ئەم ساڵ لە هی هەموو (٣٠) ساڵی رابردوو کوالێتی باشتر، بەرزتر، جوانترو روونتر نەبوو من تەحەمولی بەرپرسیارییەتەکە دەکەم جەنابی سەرۆکی پەرلەمان زۆر زۆر سوپاس بۆ گشت خاڵەکانی دیکە کە ئاماژەیان پێداوە بەرێزان من دەمەوێت سوپاسی هەموویان بکەم بۆ خەمخۆریان بۆ دڵسۆزیان وە بۆ ئەو تێگەشتنە قووڵانە لە گرنگی کەرتی پەروەردە، بەڵام پێشنیارێکم هەیە ئەویش ئەوەیە ئەوەی کە ئێمە موناقەشەی لەسەر دەکەین تەعاریفی ماددەکەیە مەدخەلێکە، بەڵام لە ئێستاوە ئێمە بچینە ناو هەموو وردەکاری بابەتەکانەوە کە بەشێکی رەنگە پەیوەندی بەوەوە هەبێت بمبەخشن بە تەواوی نە خوێندراوەتەوە بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەبێت لەوە دەچێت یاساکە زۆرە پێموایە وەزیفەیەکی زۆر گرنگی نیشتمانی ستراتیجی لەسەر شانمانە ئێوە وەکو پەرلەمانتار وەزیفەتان تەشریعە ئێمەش کە ئەرکەکەمان ئەوەیە قانوونەکە جێبەجێ دەکەین لە ئەرزی عەمەلی تەحەمولی یاساکەمان هەبێت توزێك وردتر لێی بڕوانین باشترەکە، چونکە ئەوەی کە ئێمە موناقەشەمان کردووە بەس تەعریفە یەعنی نەچووینەتە ناو تەفاسیلی هیچ بابەتێکەوە من بە کورتی جواب دەدەمەوە قوتابی و خوێندکار بۆ کەس پشتگیری بۆچوونەکانی کاك دکتور هەورامانی نەکرد کە ئاماژەی دا بە (تلمیذ و بە طالب) بۆ هەمووی لە دیوی مەسەلەن سیاسەتەوە کردووە ئەمە لە (٢٠٠٩) هەیە لە سیستەمی بنەڕەتی قوتابخانەو ئامادەیی و پەیمانگاکانە هەیە ئەوە ئیشێکی موتەبەعە لە ناو وەزارەتی پەروەردە لە پۆلی (١) تا پۆلی (٩) دەوترێت قوتابی وە سەرووی پۆلی (٩)ەوە (١٠،١١،١٢)ش دەوترێت خوێندکار کەوابێت ئەمە لە (٢٠٠٩) هەیە ئەمە شتێکی تازە نییە، وە ئەو تەفسیرەی کاك هاورامان بە نەزەری ئیعتیباری وەربگرم باشترە بەس ئەوەی کە گرنگە بۆ ئێمە تەرکیزی بکەینە سەر ئەوە بابەتەکە جەوهەریتری بکات لەم بابەتە موسەلەحە کە لە ئەوانەی خیلافی دروستی کەین لەسەر بەڕاستی شتی گرنگتر هەیە، دوای ئەوەش پڕۆژە یاسا لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان ئێوە دەنگی لەسەر دەدەن چۆنتان دەوێت وای لێی بکەن، بۆیە حزبەکانی خۆتانە هەمووی رێکخراوی قوتابیانی هەیە وە رێکخراوی خوێندکاری هەیە فێرخوازی هەیە، دواجار ئێوە ناوی لێی بنێن چۆن هەر (١١١) ئەندام پەرلەمان رێکەوتن ناوی لێبنێن ئێمە یاسا جێبەجێ دەکەین بەڕێوەبەرە گشتیەکان بۆ باسی ئیدارە سەربەخۆکان و پارێزگاکان کراوە، لەبەر ئەوەی لە ناو وەزارەتی پەروەردە (١٢) مودیریەتی عام هەیە کە ئەوانە بەس تایبەتن بە دیوانی وەزارەتی پەروەردە بەخێوکاری قوتابی بۆ دەبێ پابەند بێت منداڵەکەی بباتە بەر خوێندن بەڕێزان دەستووری عێراقی خوێندنی ئیلزامی کردووە کەوا بێت هیچ کەسێك

ناتوانێـت منـداڵاکەی نەخـاتە بەرخوێنـدن دوو بـابەت هەیە حیکمەتـی ئیلـزام بـوونەکەی وە حیکمەتی ئێوە و هی دیکەش دەستووری عێراقی روونی دەکـاتەوە دەڵێـت (تعليم مجانيـة) وە ئیلزامیش یەعنی هیچ لەسەر دایك و بـاوك نیـیە نە پـارەی کتێبـی لەسـەرە نە مەسـەلەن پـارەی کرێی خوێندنی لەسەرە نە ئەو لەسەریەتی هەتا رەحـلەیەك بـۆ قوتابخـانەیەکیش بکڕێـت ئەگەر بکـڕێتیش کـارێکی خۆویسـتیە دەیکـات، بەڵام حکـومەت دەوڵەت هەمـوو پێداویسـتییەکانی خوێندن فەراهەم دەکات ئەو تەنها منداڵاکەی دەگەیەنێتـە قوتابخانە دەینێرێتە قوتابخانە، بۆیە هەم دەسـتووری عێراقـی خوێنـدنی ئیلزامـی کـردووە هەم مەجانیشـی کـردووە، وە خـاڵێکی دیـکەش دەمەوێـت ئامـاژەی پێـی بـدەم ئـێمە دەوڵەتـداری دەکەیـن ئینقـیلاب نـاکەین بەسـەر موئەسەسات ئەم پەرلەمانە یاسای دەرکردووە یاسای ژمارە (١٤) ساڵی (٢٠١٢) رێگەیـداوە بەوەی کە قوتابخانە ئەهلی هەبێت دەستۆری عێراقی ماددەی (٣٤) خاڵی (٤) دەڵێـت بە نەسـی سـەریع ئاماژە بۆ ئەوە دەدات دەڵێت (التعليم الخاص والاهلي مكفول و ينظم بالقانون) ئەمە دەستووری عێراقـی رێگـای داوە لە عێراقـدا تعلیمـی خـاس ئەهلـی هەبێـت و ئەم پەرلەمـانەش یاسـای بـۆ دەرکردووە، لەبەر ئەوە با نەمێنێت و با دایخەین ئەی باشە هەر ئێسـتا لە کوردسـتان یەك دیـوی نابێت ببینین ئێستا لە کوردستاندا بەس لە ناو وەزارەتی پەروەردە (١٤) هەزار کەسی نا دامەزراو لەناو ئەو قوتابخانانە کە بڕوانامەی دبلۆم و بەکالۆریۆسیان هەیە وەکو مامۆستا وەکو فەرمانبەر کار دەکەن کە ئەمەش دەرفەتێکی کاری باشـە رەخسـاوە، پاشـان حکـومەت دەرگـای بـۆ هەمـوو قوتابیان واڵا کردووە کە منداڵەکەت ببەیە قوتابخانەیەکی حکومی، بەڵام تۆ بە ئیختیاری خـۆت منداڵاکەت دەبەیە قوتابخانەیەکی ئەهلی ئەمە تایبەتە بە خـۆتەوە بە دیـوی خـۆتەوە دەسـتوور رێگــای پێــداویت، وە لە هەمــان کاتیشــدا هــیچ کەس رێگــری لەوە ناکــات منــداڵاکەت لە قوتابخانەیەکی حکومی دابنرێـت، هەروەهـا خـاڵێکی دیـکە بـابەتی رێنماییکـارانی پەروەردەیـی بەڕێزان پێشنیار دەکەم بابەتەکان بە دیـدێکی واقیعـی بخـوێنرێتەوە ئەو کەسـەی کە خەریجـی کشتوکاڵە لە وەزارەتی کشتوکاڵ کە تەعین دەبێت وەسفی وەزیـفەکەی عینـوانی وەزیفیـیەکەی کە وەزارەتـی تەختیـت دادەنێـت بە ئەنـدازیاری کشـتوکاڵی، بەڵام ئەو کەسـەی کە لە لایەن مـن تەعین بووە خەریجی کشتوکاڵە زانست دەڵێتەوە بە عینوانی مامۆسـتا تەعـین بـووە لە لای مـن ئەنـدازیاری کشـتوکاڵ نیـیە ئەو کەسـەی کە دەرچـووی بەشـەکانی کۆمەڵناسـیەوە لەوانەیە لە وەزارەتـی کاروبـاری کـۆمەڵایەتی وەزیـفەی هەیە پێـی دەوترێـت دەروونـنـاس یـان تـوێژەری دەروونی، بەڵام ئایا قوتابخانەکانی ئێمە توێژەری دەروونی تێدا دەکرێت؟ نەخێر قوتابخانەکانی ئێمە رێنماییکاری تێدایە ئەو کەسەیە کە مورشید تەربەویە راسپاردە دەدات ئاڕاستەی قوتابیـان دەکات توێژینەوە ناکـات چارەسـەری بابەتەکانیـان بـۆ دەکـات گوێیـان لێـدەگرێت موتابەعەیـان دەکات بزانێت لە کوێ گرفتێك هەیە لەو گرفتە دەکوڵێتەوە وە بەدواداچوون دەکات، بـۆ ئەوەی کە زەمینەیەکی باشتری دەروونی بخولقێنێت بۆ قوتـابی مەرج نیـیە ئەو کەسـەی کە دەرچـووی کیمیایە لە لای من بە عینوانی مامۆستای کیمیا لە ئامادەیی دادەمەزرێـت، بەڵام دەرچـوویەکی کیمیـا لە وەزارەتـی سـەحە بە عینـوانی یاریـدەدری کیمیـا دادەمەزرێـت بە عینـوانی مامۆسـتا دانامەزرێت، لەبەرئەوە حەز دەکەم من دەزانم لە لایەن ئەو بەڕێزانەوە بۆتان هاتووە بـۆ هەمـوو پەرلەمانتاران وە جەنابی سـەرۆکی پەرلەمـانیش ئەرکـی کێشـاوە تەوزیحێکـی سـێ لاپەڕییمـان بۆی نووسیوە لەسەر ئەو بابەتە هیـوادارم ئەو بـابەتە بە نەزەری ئیعتیبـار وەربگیرێـت مامۆسـتا

دیـاری نەکـراوە چ بڕوانـامەیەکە هەبێـت بەڕێـزان مامۆسـتا دیـاریکراوە چ بڕوانـامەیەکی هەیە مامۆستای وانەبێژ دیاریکراوە لە ناو پڕۆژەکەدا دیاریکراوە کە مامۆستا دەبێت لە دبلۆم کەمتری نەبێـت لە نـاوچەی دوور و نـاوچەی مەنـائی وە بکالۆریۆسـیش کەمتـریش نەبێـت، وە باسـی مامۆستای وانەبێژ کراو باسی گرێبەست کراو بەس ئەمە تەعریفە خۆ من نەم وتووە مامۆسـتای میلاك لە موقەدیمەکە قوتابی ئەم دابەشکاری (cal as f i sh cona) بکەم بۆ مامۆسـتای گرێبەست و بۆ میلاك و بۆ وانەبێژ ئەو بەس تەعریفـی مامۆسـتایە هیچـی دیـکە نیـیە مامۆسـتا جیا دەکاتەوە لەوەی کە فەرمانبەرێك جیاوازە پاشان ئێمە بۆ وانەبێژان بەڕێزان حەز دەکەم یەك تەوزیح بدەم ئێمە لەگەڵ هەموو مـافی وانەبێـژانین لە (٨/٢) بە خۆمـان بە شەخسـی پڕۆژەمـان داوەتە ئەنجومەنی وەزیران لەسەر مافی مامۆستایانی وانەبێژیش ئێمە رێنمایی ژمارە (١٤)مـان دەرکردووە بس تەسحیحێك بۆ مژدەخان مومکینە مووچەیان دوادەکەوێت وە نووسراویشـمان کـردووە بـۆ وەزارەتـی دارایـی بـۆ ئەوەی مووچەیـان مانگـانە بـدرێت بەس مژدەخـان هـیچ مامۆستایەك نییە سەد هەزاری هەبێت وانە بێژبێت نییە دوو سەد هەزاریشیان نییە عەفوم بکە مامۆستای وانەبێژ چوار سەد هەزار وەردەگرێت ئەگەر مودیریش بێت، (٤٥٠) هەزار وەدەگرێت، بەڵام بە گوێرەی رینمایی دارایی مامۆستایە لە قەزایە هەبووە دەرس بڵێتەوە لە نۆزدە بەشـەوە بۆ سەرەوە بڵێن (٤٠٠) هەزار وەردەگرێت پێمان باشە زیاتری بکەین، بەڵام ئەم بابەتـانە هەمـووی پەیوەندی بە ئیمکانییەتی ماددیەوە هەیە روئیای خۆمـان داوە پلانـی خۆمـان داوە لە (٨/٢)ە وە لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەت لە کاتی زەنگی کردنەوەی قوتابخانەکان من لەوێ بەس باسی مامۆستایانی وانەبێژم بۆ جەنابی سەرۆکی حکـومەت کـردووە جەنـابی فەرمـوویەتی کە لەگەڵ ئەنجـومەنی راوێـژە لەگەڵ پلانـی خۆمـان گفتوگـۆ بکەیـن بـۆ ئەوەی کە هەرچییـەك بکرێـت بـۆ مامۆسـتایانی وانەبێـژ ئـێمە بتـوانین خزمەتیـان بکەیـن بەڕاسـتیخاڵێکی دیـکە وانەی تـایبەت و سەنتەرەکان وابزانم کاك عەلی باسی کرد لە ناو ئەو پڕۆژە یاسایە مەمنوع کراوە وانەی تـایبەت، بەڵام ئەوەی کە سەنتەری هەیە پەیمانگـای پیشـەیی هەیە بە قـانون مـۆڵەتی پێـدەدرێت و ئەوە حاڵەتێکی ئاساییە ئەوانەی کە دەوراتـی تەقـوییە دەکەنەوە، چـونکە رێنمـایی هەیە لە وەقـایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە رێنمایی ژمارە (١) و ژمـارە (٢)ی سـاڵی (٢٠٢٠) خوێنـدنی پەیڕەکـراو و خوێندنی نـاپەیڕەوکراو نـازانم ئەگەر تەرجەمەی بـابەتەکە تەواو نەبێـت، بەڵام ( f or mal & i nf or mal educat i on) ئەمە دەبێـت بە حـاڵەتێکی نـامونەزەم سـەیر نەکرێـت بە راســتی ئەوە وەکــو ئەوە ســەیر بکرێــت کە سیســتەمی پەروەردە سیســتەمێکی نەرمە (f l exi bl e) تـۆ دەرفەت دەدەی بە کەسـێك کە بە هـۆی هەر دۆخـێکەوە نەیتوانییـوە خوێندن تەواو بکات یان نەچۆتە بەر قوتابخانە دەرەفەتی پێ دەدەی لە قوتابخانەی ئێواران یان لە خوێندنی خێرا بخوێنێت خوێندنی خێرا ئەگەر منداڵێك رووبەڕووی ئێمە ببێتەوە تەمەنی نـۆ ساڵ بێت نەچووبێتە بەر قوتابخانە چی لێ بکەین ناکرێت لەگەڵ منداڵێکی شەش سـاڵ داینـێن خوێنـدنی خێرامـان بـۆ کـردۆتەوە لە چوارچێـوەی (i nf or mal educat i on)ە ئەو خوێندی خێرایە بە پێنج ئاست نـۆ قۆنـاغ دەبڕێـت کە ئەمە سیسـتەمێکی مـوتەبەعە لە هەمـوو دنیا نیشـانەی نەرمـی سیسـتەمی پەروەردەیە نەك نیشـانەی پەرتەوازەی و خوانەخواسـتە ئەمە سیستەمێکی ناپەیڕەوکراو بێت، بەڵام ناتوانی پێی بڵێـی پابەنـدکراو، چـونکە پابەنـدکراو لە لای ئێمە بە گوێرەی ئەم یاسایە تا قۆناغی نۆی بنەڕەتیە واتا لە پۆلی دە خوێندن ئیلزامی نامێنێت لە

عێراق خوێندن هەتا پۆلی شەشی بنەڕەتی ئیلزامییە کەلیمەی بنەڕەتی کە ئەو بەڕێزە باسی کرد بۆ لە عێراق جیاوازە سەرچنار خان باسی کرد بەڕێزان دەستووری عێراقی سەڵاحییاتی حەسری دیاری کردووە تەربیە لە زمنی سەڵاحییاتی حەسری حکومەتی ئیتیحادی نییە لە دەستووری عێراقی هاتووە سیاساتی تەربەوی بۆ ئەقالیمەکانە دایبنێن و لە کاتێکدا ئەگەر قانوونێك هەبێت بەس موعارز نەبێت لەگەڵ دەستوور قانوونێك هەبێت لە هەرێمدا جیاواز بێت لە قانوونێك لە ئیتیحادی ئەفزەلییەت بۆ قانوونەکەی هەرێمە لەبورای پەروەردە، لەبەر ئەوەی سیاساتی تەربەوی لە زمنی سیاساتی حەسری ئیتیحادی نییە لای ئێمە سیستەممان بریتییە لە نۆ و سێ واتا قۆناغی بنەڕەتی و قۆناغی ئامادەیی لە عێراق تا ئێستا سیستەم بریتییە لە شەش، سێ، سێ بەو جۆرەیە و موخالیفی دەستووریش نییە خوێندنی نێودەوڵەتی تەعریف نەکراوە بەڕێزان تەعریف کراوە، بەڵام دەبێت بچینە ناوی سێ چوار جۆر قوتابخانە هەیە کە لێرە قوتابخانەی ئەهلین ئەو قوتابخانانەی قوتابخانەی ئەهلین بەڵام بە سیستەمی وەزارەتی پەروەردە دەخوێنن ئەوانەی کە قوتابخانەی ئەهلین بەڵام بیانین وەکو قوتابخانەی فەڕەنسی و ئەڵمانی ئەوانە بە سیستەمی دەوڵەتی ئەجنەبی دەخوێنن، وە شەهادەکانیان لە لایەن ئەوانەوە راستەوخۆ سەرپەرشتی دەکرێت، بەڵام بە ئیجازەی دیراسەت و سەرپەرشتی وەزارەت قوتابخانەیەکی دیکەش هەیە لە قوتابخانە نێودەوڵەتییەکانن ئەو قوتابخانانەن کەپڕۆگرامێکی نێودەوڵەتی، وهەروەها تێگەیشتنێکی نێودەوڵەتییان هەیە و سوپەرڤایزەری نێودەوڵەتیشیان هەیە قوتابخانەی چوارەم ئەو قوتابخانانەن کە ئەهلین و قازانج نەویستن کە تەعریف کراوە لە موقەدیمەدا کە دەبێت پارەکە لە پڕۆژەکەدا سەرف بکاتەوە نەك بۆ سوودی کەسی بێت ئەمانە هەمووی تەعریف کراون، بەڵام هێشتا ئێمە نەچووینە ناو تەفاسیلی ئەو بابەتانەوە خاڵێکی دیکە ئەم پڕۆژە یاسایە وەرگرتن لە باخچەی ساوایان باسی لێوەکرا باخچە قۆناغێکی ئیلزامی نییە خوێندنی بنەڕەتی ئیلزامییە بە پێی دەستووری عێراقی یەعنی دەکرێت باخچەت نەبێت بەڵام ئایا باخچەت نەبێت باشە؟ نا خراپە باخچە قۆناغێکی گرنگە، بەڵام ئیلزامی نییە ئێمە ئێستا لە کوردستان بەو جۆرە نییە کە ئێمە قوتابیانمان وەرنەگرتبێت بە راستی ئەمە داتای ئەمڕۆتان پێ دەڵێم قۆناغی یەکەمی باخچە لە کوردستان (٢٧٢) ژووری خوێندنمان هەیە بەس لە ئەهلییەکان، ئینجا ئێستا کۆی گشتییەکان رەقەمەکانتان پێ دەڵێم بۆ قۆناغی یەکەم و دووەم و ئێمە لەم پڕۆژە یاسایە چیمان موعالەجە کردووە وە چیش زۆر گرنگ دەبێت لە کوردستان (٨٧٦) ژووری پۆلی یەکی باخچە هەیە کە (١٩٣٤٦) منداڵی تێدایە لە قۆناغی دووەمی باخچە (٢١١٨٩) ژووری قۆناغی دووەمی باخچە هەیە کە (٧٢٠٢٢) منداڵی تێدایە کەوا بێت نزیکەی (٩٠٠٠٠) منداڵ ئێستا لە باخچەکان دەخوێنن، بەڵام خوێندنی باخچە خوێندنێکی ئیلزامی نییە ژمارەی باخچەکانمان زۆرن نەخێر لە کوردستان نزیکەی (٥٠٠) باخچەمان هەیە، بەڵام ژمارەی قوتابخانە بنەڕەتییەکانمان زۆرترن، بەڵام گرنگی پێ دەدرێت و لە ناو ئەو پڕۆژە یاسایەش ئیهتیمامی پێدراوە خاڵێکی دیکە خوێندنگە ئیسلامییەکان بۆ باس نەکراوە لەبەر ئەوەی خوێندنگە ئیسلامییەکان بە بڕیارێك گوازراوەتەوە سەر وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان خوێندنگەی بەهرەداران جیاکارییە نەخێر خوێندنگای بەهرەداران جیاکاری نییە لە هەموو دەوڵەتێکدا هەیە بۆ ئەو قوتابیانەی کە توانایەکی زیاتریان هەیە پێموابێت یا شیرین خان بوو یا شایان خان بوو تێستی ئای کیویان کرد بۆ ئەو قوتابییانە ئەو تێستانە لە لایەن لیژنەیەکی

پسپۆڕی دەكرێت بۆ ئەو قوتابییانەی كە تێستی ئای كیو بەرزترین دەرەجەكان دەهێنن لەچاو منداڵانی ئاسایی دیكە جیا دەكرێتەوە تێستی ئای كیو بۆ هەر منداڵێك دەتوانی بیكەی، بەڵام ستانداردی هەیە كە تەسنیف دەكرێت بەسەر چوار بەشدا لەو چوار بەسە دیاری دەكرێت چ كاتێك ئەو قوتابییە یان ئەو منداڵە توانا عەقلییەكانی لە قوتابییەكی دیكە لە منداڵێكی دیكە جیاوازە بە تایبەت ئەگەر لە سەروو (١٨%) بێت تێستەكە هەتا لە (٣٠%)ش دەڕوات ئەو قوتابییانە زیاتر دەتوانن لە قوتابخانەكانی بەهرەداران بە پێی ئەو رێكارانە وەرگیرێن بۆ دڵنیا بوونیش بەرپرسم لەو قسەیە من لە (٧/١٥)ەوە وەزیرم یەك منداڵ لە یەك قوتابخانەی بەهرەداران نە بە ئیستیسنا بە واستە وەرنەگیراوە نەبە مەحسووبییەت نە بە مەنسووبییەت هەمووی بە حەقی خۆی لە سەر تێستی (ذكاء) وەردەگیرێت هەر منداڵێك وەرگیرابوو من لێی بەرپرسم جەنابی سەرۆكی پەرلەمان بە شێوەیەكی پوخت من هەوڵمدا وەڵامی ئەو بابەتانە بدەمەوە لە ئەسنای وەڵامدانەوە دەكرێت كە چووینە سەر بڕگە بە بڕگە مادده بە مادده وەڵامی پرسیاری تر بدەینەوە تەنها لەناو وەزارەتی پەروەردە ئەو كەسە پێی دەوترێت مامۆستا ئەوە وەڵامێكی شامله بۆ هەموو بەڕێزان، چونكە هەیە پرسیار دەكات لەسەر سەرپەرشتیار لەسەر رێنماییكار تەنها ئەو كەسە پێی دەوترێت مامۆستا كە (قائم بالتدريس)ە واتا وانە دەڵێتەوە ئەوەی كە وانە دەڵێتەوە بە تەنها ئەوە پێی دەوترێت مامۆستا سەرپەرشتیار كاتێك دەرەجەی ئیشراف وەردەگرێت سیفەتی مامۆستایەتی لە دەست دەدات دەبێتە سەرپەرشتیار بە سەر قوتابخانە و مامۆستا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەم جۆرە كۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دەهێنین زۆر سوپاس بۆ ئامادەبوونی بەڕێز وەزیر ڕۆژانی سێشەممە و چوارشەممە و پێنج شەممە.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

**بەڕێز ارشد حسين محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوچە سنوورییەکانی هەرێم زۆربەی و بە تایبەتی ناوچەی برادۆست لە پاش تەرحیلی (٧٨)ەوە تا ئێستا ئاوەدان نەکراوەتەوە کە نزیکی (١١٥) گوندە، ئەوانەی ئاوەدانیش کراوەتەوە ڕۆژانە تۆپباران ئەکرێن، پێمان باشە داوا بکرێ لە حکومەت قەرەبووی ماددی و مەعنەوی بکرێنەوە، ئەمنیەتیش دابین بکرێ، بۆ ئەوەی ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە نەمینێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ئەبو بەکر.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کاتی خانەنشین بوونی پیشمەرگە پێشلکاری بەرامبەر بە دوو یاسا ئەکرێ لەو پەرلەمانە دەرچووە، یاسا ژمارە (٣٤) ی (٢٠٠٧) و یاسای خانەنشینی کەمئەندامی پێشمەرگە و یاسای ژمارە (٣٨) ی ڕاژە و خانەنشینی پێشمەرگە، کە شۆڕشی گەلەکەمان کە گیانی لەسەر دەست بووە و مووچەی نەبووە کە تا ئێستا حکومەت داوای ئیستیحقاقی تەقاعودی لێ بکات، موخاڵەفەیەکی گەورەی یاسایە، ئەو پێشمەرگانەی ئێستا لەو قاعەیەن، کاك مەلا ناصر و کاك دکتۆر سیروان، پێشمەرگە کەی مووچەی هەبووە لە (٦٠ و ٧٠) کان تا ئەمرۆ خانەنشین داوای ئیستیحقاقی تەقاعودی لێ بکرێ، ئەوە موخالەفەی گەورەی یاسایە، بۆ دوای (٩١) دروستە، بەس پێش ئەو بەرواره ناحەقییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەمان بە یاداشت بدەیت بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکەین، بەڕێزان دەست بە بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار ئەکەین کە بەردەوامی لەسەر خوێندنەوەی دووەمی پڕۆژە یاسای پەروەردە و فێرکاری لەهەرێم، فەرموو ماددەی دوو، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، ستافی وەزارەتی پەروەردە ئەکەین.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەم:

بنچینە فەلسەفییەکان و بنەما گشتییەکانی پەروەردە و فێرکردن:

یەکەم/ بنچینە فەلسەفییەکانی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێم:

ماددەی دوو:

بنچینەی فەلسەفییەکانی پەروەردە و فێرکردن:

١ پەروەردە و فێرکردن میکانیزمی تواناسازی و بنیاتنەری تاکێکی کوردستانی خوێندەوار و هۆشیار و داهێنەرك و بنەمای هێنانە ئارای کۆمەڵگایەکی شارستان و هاوچەرخ و پێشکەوتن کە تێیدا بە هاو پرەنسیپەکانی دیموکراتی دادپەروەری کۆمەڵایەتی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز و پێکەوە ژیان و ئاشتیانە و مرۆڤ دۆستی و پاراستنی ژینگە و خۆشەویستی خاك جێگیر ئەبێت.

٢- ڕوانین له قوتابی و خوێندکار وەك تاکێکی خاوەن خواستی فێربوون و توانستی داهێنان و شیکردنەوە که مافی ڕێز له گرتن و توانستی ڕەخنه گرتنی هەیە.
٣- دەستبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی تاك به پێی دەستوور و یاسا کار پێکراوەکان و بەڵگەنامه نێودەوڵەتییه پەسند کراوەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کی قسەی هەیە؟ (دکتۆر محی الدین، دکتۆر اسماعیل، مامۆستا ابو بەکر، هەلەز خان، سەرچنار خان، کام مەم، دکتۆر هەورامان، گولستان خان، کاك جمال، شرین امین، نەجاة خان، کاك هێڤیدار، کاك ئازاد، کاك هیمداد، دکتۆر ڕێبوار، گولیزار خان، کاك چیا)، فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو باس له قوتابی و خوێندکار ئەکات وەك تاکێکی خاوەن خواستی فێربوون، ئەوە بنچینەی فەلسەفی پەروەردە فێرکردنه له هەرێم، پێم وایه به دەرکردنی مامۆستاش وەك بەشێك بنچینه فەلسەفییەکان پێویسته دابنرێ، کۆپی یەکەمی پێش ئەوەی ڕاستاندنی بۆ بکرێ ئەو بابەته لەلایەن لیژنەی تایبەت دەقێك هەبوو، داوا ئەکەم دەقی نوسخەی ڕابردوو بگەڕێتەوە شوێنی خۆی که ئاماژەی به ڕۆلی مامۆستا کراوە وەك چەقی خوێندن .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هەلەز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەروازە ئێکدا ئەگەر سەیری بکەین یا گوتی پێناسەکان، بنەما گشتی و بنچینه و ئاماژەکان، هیچ ئاماژە ب فەلسەفی نەکریە، بەشی دوودا مه بەحس بنچینا فەلسەفی کری، یان دڤتن ئەڤ بنچینه فەلسەفیەکان دگەل دەروازا یەکەمدا پناسه و بنەما گشتییەکان و فەلسەفییەکان، یان ژی بهێته لادان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له داڕێژەرانی پڕۆژەکه و لیژنەی پەروەردە ئەپرسم زانیمان بنەما ئوسسە، ئەی بنچینه چیيه؟ یەك شته، بکرێته بنەما فەلسەفی و گشتییەکانی پەروەردە و فێرکردن، ماددەی دوو، له چوارچوەی بنەما فەلسەفییەکان ئەو داڕشتنه پێشکەش ئەکەم، بونیاتنانی کەسی هۆشیاری پەرەپێدان و زمەینەسازی و بڕیاردان و ژیان دۆستی و پێکەوە ژیان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گولستان خان.

**بەڕێز گلوستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی ڕاکەی کاك مەم ئەکەم بۆ ماددەی دوو، لە جیاتی بنچینە بنەما فەلسەفییەکانی پەروەردە و فێرکردن، سەبارەت بە پرەنسیپەکان کە لە ناوەراستی ماددەکە هاتووە بە هاوپرەنسیپەکانی دیموکراتی، دووەم، مافی هاووڵاتی بوون زیاد بکرێ، سێیەم، دادپەرەوەری کۆمەڵایەتی دوای ئەوە یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و مرۆڤ دۆستی و پاراستنی ژینگە و سروشت و خۆشەویستی خاکی کوردستان جێگیر بکرێ، خاڵی یەکەم لەگەڵ خاڵی سێیەم نزیکە ئەگەر بکرێتە یەك باشترە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر هەورامان.

**بەڕێز هەورامان حمە شەریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو بڕگەی یەك داوا ئەکەم ئەوەی هاتووە یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز بکرێتە دادپەروەری نێوانی هەردوو ڕەگەز.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بنچینە فەلسەفی وپەروەردە وفێرکردن بەسیستەمێکی پەروەردەی باش وتەندروست و سەردەمیانە فەراهەم ئەبێت، بۆیە تێبینی ئەوەم هەیە ئایا میکانیزمی خوێندنی ئێمە تا چەند گونجاوە تا بتوانین بە دارشتنەوەی دەقێکی ئەوها لەو یاسایە بنچینەیی فەلسەفەیی بنیات بنرێ، سەبارەت بە دووەم، لە ماددەی یەك پێشنیازی ئەوەمان کرد دەستەواژەی قوتابی و خوێندکار دەستەواژەیەکی گونجاوی بۆ بکرێ، بڕگەی سێ، دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی، بەداخەوە لەسەر سیاسەتی دەسەڵاتی ئێمە ڕەنگە بڵێین ئازادی باڵندەیەکی هێندە بریندارە توانای فڕینی نییە، کەوایە وەکو بەرنامە چیمان ئەبێ بۆ ئەوەی یەکسانی بۆ خوێندکار و سیستەمی هێندە گونجاو دابین بکرێ تا هەست بە دابین کردنی مافەکانی ئازادی و مرۆڤ جێگەی بکرێتەوە، لە کاتێکدا مامۆستا لەسەر بیر و ڕای جیاواز و لەسەر داواکردنی مافی خۆی سزا ئەدرێ، لێبرینی مووچەی بۆ کراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال حویز مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو بڕگەی یەك تێبینیم لەسەر پەروەردە و فێرکردن میکانیزمی تواناسازی و بنیاتنەری تاکێکی کوردستانی، خوێندەوار و هۆشیار و داهێنەرن، ئەبێ بنووسرێ داهێنەرە، چونکە تاکێکی بنەمای هێنانە ئارای کۆمەڵگایەکی شارستانی و هاوچەرخ و پێشکەوتووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو گولیزار خان.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئاخیری بڕگەی یەکەم ئەڵێ یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز، لە جیاتی وشەی یەکسانی بکرێتە هاوسەنگی، چونکە لە ڕووی زامانییەوە یەکسانی لە نێوان شتە هاوشێوەکان و جۆری و ڕەگەز بکرێ، بەڵام هەرکات ڕەگەزی دوو شتی جیاواز بێ و وشەی هاوسەنگی بەکار بێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبێنی خۆم ئەو تۆمباران کرنە ژ لایە ئێرانی شەرمەزار بکەم، هێڤیدارم حکومەتا مەرکەزیا بەغدای بتە سەر ئەرکی خۆی و رگری بکەت، سەر خاڵا ئکی، پ باشە دادپەروەری و پکڤە ژیان بتە زدە کرن، چونکی یەکسانی دروست نیە، هەردوو ڕەگەز گورەی رێکەفتنا نێودەولەتی هەردوو ڕەگەز بێنە لادان، ئەڤ یاسا پشتی (٢٠) ساڵی دی هەردوو ڕەگەز زەحمەت بێتن، ڕەگەزی سێ هەیە، لە خاڵا سێ، دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی تاك بەپێی دەستوور، دەستووری کێری؟ پێ باشە بکرێتە بەپێی دەستووری عێراق و هەرێمی کوردستان، مادام دەستوورە بەشەکا پەروەردەیی گرێدای بێ حکومەتا ناوەندی عێراقی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو خەدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتی یاسایەك سیاغە ئەکرێ خۆی لە چەند بەشێکی سەرەکی پێکدێ، بەشی یەکەم پێناسە و ئامانجە، بەشی دوو ئەحکامی مەوزوعیە، ئەوەی تر حوکمە گشتییەکانە، ئەخیرەن باسی هۆکاری دەرچوواندنە، ئەوەی بینیم لە خلالی ئەو چەند ساڵە و ساڵانی تریش لە هیچ یاسایەك باسی بنچینە فەلسەفییەکان نەکراوە، ئەتوانین فەلسەفەکە لە هۆکارەکان و ئامانج باس بکەین، پێم وایە ئەو ماددەیە زیادە، پێم باشە ئەو ماددەیە لابرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو سەوسەن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی هەلەز خان ئەکەم سەبارەت بە بنچینە فەلسەفییەکان لە ناو پێناسەکان هیچ باسی نەکردووە، سەبارەت بە نووسینیش لە ڕووی ڕێزمانییەوە نووسیویانە بنچینە فەلسەفییەکانی و بنەما گشتییەکانی، پێم باشە بکرێتە بنچینە فەلسەفی و بنەما گشتییەکانی پەروەردە و فێرکردن، ناکرێ دوو کۆ لەیەك رستە بێ، سەبارەت بەو شەرعییەی لە بنچینە فەلسەفییەکان هاتووە پێم باشە کورت و پوخت بکرێ باشترە، سەبارەت بە رستەی دوو لەبڕگەی یەکەم

پشتیوانی كاك جەماڵ ئەكەم كۆمەڵگەی شارستان بكرێتە كۆمەڵگایەكی شارستانی، سەبارەت بەدووەم، لەماددەی یەك پەرلەمانتارەكان ئاماژەیان پێدا و گفتوگۆیەكی زۆر كرا، ڕوانین لە قوتابی و خوێندكار ئەو قوتابی وخوێندكارە لەسەر یەك وشە ڕێك بكەوین و جێگیر بكرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشتر هاوپیشەمان كاك چیا قسەیەكی كرد لەسەر سێ ڕەگەز، یەعنی ئەمانەوێ ڕوونكردنەوەمان بداتێ، دوو ڕەگەز هەیە، ڕەگەزی مێ و ڕەگەزی نێر، ڕەگەزی تر نییە، داواكارین بە پێی ماددەی (٥٥) ئەو بەشەی بسرێتەوە لە پرۆتۆكۆل.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا نەجاة.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی یەك ئەگەر بەریخۆ بدەینە دوماهیك، پاراستنی ژینگە و خۆشەویستی خاكی كوردستان، خاكی كوردستان زێدە بكەین، برگ سێ پشتەڤانیا ئاخافتنی كاك چیا دكەم، بەپێی دەستوور و یاسا كارپێكراوەكان لەهەرێمی كوردستان، دەست نیشان بكەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ئازاد.

**بەڕێز ازاد اكرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو، ڕوانین لە قوتابی و خوێندكار وەك تاكێكی خاوەن خواستی فێربوونە، لە پاش فێربوون مافی مومارەسە كردن و پرسیار كردن، چونكە فێربوون مومارەسە و پرسیار كردن نەبێ فێر نابێت، لەبەر ئەوەی مەنهەج زۆرە فێر نابێت بەس لەبەر كردنە، دەوام كەمە، لە ماددەكانی تر مەنهەج كەم بكرێتەوە و دەوام زیاد بكرێ، چوار سەعات زۆرە كەمە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك هیمداد.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە خاڵی دوو پشتیوانی كاك ئازاد ئەكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵا ئێك پشتگیریا خوشكا هەلەز و خوشكا سەوسەن دكەم، فەلسەفە بێتە دیاری كرن، ئەگەر نەبێت ئەڤ ماددی زیادەیە، دوو، پشتەڤانیا دكتۆر هەورامان دكەم، یەكسان ببێتە دادپەروەری

ناقبەرا هەردوو ڕەگەز، ئەز پێشنیار دکەم ئەڤە بێتە زدە کرن، دادپەروەری نێوان هەردوو ڕەگەزا و ڕێز گرتن بۆ بەها بالایەکانی کۆمەڵایەتی، خالا سێ بێژیتن دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی تاك بەپێی دەستوور و یاسا، پێش دەستوور پێشنیار دکەم بەپێی بنەمای ئاینی ئیسلام و بەها کۆمەڵایەتی بالاکان، پاشی ببێتە دەستوور و یاسا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ئەبو بەکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە دکتۆر محی الدین و مامۆستا هەلەز ئەکەم، دوو، پەروەردە و فێرکردن لەو یاسایەش چوار کۆڵەکەی هەیە، پەروەردە، فێرکردن، قوتابی، مامۆستا لەگەڵ پرۆگرام، پێویستە پرۆگرامەکان ڕەنگدانەوەی پێداویستی سەردەم و خواستی سەردەم بێ، فێرکردن بتوان بە جەستەی بەها باڵاکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و ڕەسانەیەتی و هاوچەرخایەتی بەرجەستە بکات، فیعلەن ئەوەی دکتۆر محی الدین وتی پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی ئەبێ ئاماژە بە مامۆستاش بکەین، چونکە لەسەر ئەساسی ڕێز و متمانە بنیاتنراوە، هەردوو لا بەرامبەر بە یەکتر ئەرکیان لەسەر شانە و مافیان هەیە، خاڵی سێیەم، زیادەیە، لابرێ، لەبەر ئەوەی لە خاڵی یەکەم و دووەم ئاماژەی پێدراوە، یەکسانی پێویستە هەبێ، چونکە یەکسانی بەرامبەر یە یاسا، بەڵام دادپەروەریش زیاد بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم پشتگیری ئەو داڕشتنەی کاك مەم ئەکەم، فیعلەن بنچینەش بنەما فەلسەفییەکان پێ باشترە، ئەگەر هەر ئەمێنتەوە لە نیوەڕۆکەکەی کە تێیدا بەها پرەنسیپەکان تا ئەخیری جێگیر ئەبێت، ئەڵێم یەکی لە بەها و پرەنیسیپی پەروەردەی تاکی پێ ئەکرێ و ئەتوانێ خزمەت بکات بەها و پرەنسیپی ئیسلامە، باسی بەها و پرەنسیپی دیموکراتی ئەکەین باسی ئیسلام ناکەین، پێشتریش وتم ئەو کۆمەڵگاییەی پێکەوە بەستراوە، پێم باشە ئەوەی بۆ زیاد بکرێ کە تێیدا بەها و پرەنسیپی ئاینی ئیسلام جێگیر بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زاهیر.

**بەڕێز ظاهرمحمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم دێری کۆتایی یەکسانی، پشتگیری ئەو هاوڕێیانە ئەکەم یەکسانی بکرێتە دادپەروەری، خاڵی دوو، ڕوانین لە قوتابی و خوێندکار بکرێتە یەك وشەی فێرخواز، خاڵی سێیەم، دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی تاك بە پێی دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان و بەڵگەنامە نێو دەوڵەتییە پەسند کراوەکان، پرسیار ئەکەم لە لیژنە بەڵگە نامە نێودەوڵەتییە پەسند کراوەکان مەبەست چییە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مەبەستیان پەسند كراوە لەلایەن عێراقەوە، ئەگەر عێراق پەسندی نەكرد بێ ناتوانین ئاماژەی پێ بكەین، فەرموو دكتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو بنچینانە كۆمەڵێك پرەسیپی و بەهاو دەستەواژەی جوانی تێدایە، ببێتە هاندانێك بۆ ئەوەی قوتابی لێهاتووتر و كارامتر بە ئەركی خوێندنی خۆی هەڵسێ، هەرچەندە ئەو پڕۆژە یاسایە بۆ ئایندەیە، ئەكرێ لە دوای دەرچوونی ئەو یاسایە هەندێ ڕێنمایی بگۆردرێ، بەڵام لە ئێستا ئەمەوێ بەڕێزان لە وەزارەتی پەروەردە ئاگادار بكەمەوە ڕێنمایی ئەكرێ پێی ئەڵێن ڕێنمایی ئەزموونەكان، زۆرێك لە كەسوكاری قوتابی پەیوەندیان كردووە و داوایان كردووە ئەو ڕێنماییە هەموار بكرێتەوە، ئەویش ئەوەیە دیارە سیاسەتی حكومەتی هەرێم ئەوەیە هانی هاووڵاتی و قوتابی بدات بخوێنن، بەڵام ئەو ڕێنمایی ئەزموونەكان ڕێگری ئەكات قوتابی بخوێنێ، چۆن؟ ئەگەر قوتابییەك دوو ساڵ لەسەر یەك لە پۆلێك كەوت دوایی چوو بوو ئەزموونی دەرەكی و ئیمتیحانی خاریجی دایەوە، دوایی دەرفەتی پێ نادرێ لەو قوتابخانە ئەهلیەكان بخوێنێ، تیناگەم ئەو ڕێگرییە چییە؟ ئەگەر ئیمكانییەتی دارایی باش بێ بچێتە ئەهلییەكان كە هەر وەزارەتی پەروەردە مۆڵەتی پێداون، داوا ئەكەم لە بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە بە تایبەتی دوای دەرچوونی ئەو یاسایە بە تایبەتی ئەو ڕێنماییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر زێدان.

**بەڕێز زێدان رشيدخان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنیا گرفتەكەم لەسەر ئەوەیە بنچینە فەلسەفیەكان، ئەگەر وشەی فەلسەفە تێكەل بەو یاسایە بكەین، راستە لە ڕوویەكەوە مەبەست گرنگیدانە بە پەروەردە، بەڵام فەلسەفە زانستی جیاوازە، لە رۆمانی و شارستانی ئیسلامی گرنگی زۆری پێدراوە، ئەوەی فەلسەفەی پەروەردەیی سوودی لێ وەربگرن پێناسەیەكی دوو دێریم هەیە كە تێكەل بكرێ (فەلسەفەی پەروەردەیی) واتە جێ بەجێ كردنی پرۆگرامی میتۆدی بێردۆزی فەلسەفەیی لەسەر پەروەردە، چونكە فەلسەفە رۆلی هەیە لە دیاری كردنی ڕێگاكانی تایبەت بە پرۆسەی پەروەردە، لێرە تەعریفی تایبەت بە فەلسەفە نییە، ئەوەی هەیە تەنیا بنچینەی پەروەردەیە لەگەڵ فێركردن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشێك لە قسەكانم كرا، پشتگیری لە هەلەز خانیش ئەكەم، ئەگەر ئەو ماددەیەش مایەوە پێم وایە پێناسەكەی كاك مەم زۆر گونجاوە، پشتگیری خەدیجە خانیش ئەكەم داوای لادانی ئەو ماددەیەی كرد.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك موسلیم.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش داوا ئەکەم پێناسەی فەلسەفە بکرێ، بە ناونیشانی فەلسەفەی پەروەردە، ئەگەر لەوێ پێناسە نەکرێ پشتیوانی ئەو بەڕێزانە ئەکەم لە ناو نیشانەکە دوو دەستەواژەی کۆ هاتووە، بنەما گشتییەکان لابرێ وبکرێتە بنچینە فەلسەفیەکانی پەروەردە و فێرکردن، لە خەتی دووەم دەستەواژەی کۆمەڵگایەکی شارستان بکرێتە شارستانییەت، پشتیوانی مامۆستا عبدالستاریش ئەکەم بنەماکانی ئاینی ئیسلام بچەسپێ، لە خاڵی سێ دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی تاك لە دوای ئەوە بەها ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان تا ئەخیر.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم، پەروەردە، فێرکردن، میکانیزمی تواناسازی و بنەما، کاری تاکی کوردستانی خوێندەوار، هۆشیار و داهێنەر، بنەمای هێنانە ئارای کۆمەڵگایەکی شارستان و هاوچەرخ و پێشکەوتن تا ئەخیر، خۆ ئەو پەرلەمانە قانوون دەرئەکات، ئەبێ یەکسان بێ بۆ هەمووکەس، پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، مرۆڤ دۆستایەتی، پاراستنی ژینگە، ئەوانە دەستەواژەی جوانن، بەڵام بە چ میکانیزمێك ئەوە ئەگاتە تەلەبە؟ ئەگەر ئینشائێك بنووسم ئەگەرێم جوانترین دەستەواژە، جێ بەجێ کردنەکەی چۆن ئەبێ؟ دووەم، ڕوانین لە قوتابی و خوێندکار، لە دوای خوێندنەوە ڕۆژی تر کردمان لەسەر ئەو بابەتە، لەسەر قوتابی و خوێندکار چووم لەگەڵ یەکێتی قوتابیانی لای خۆمان پارتی دیموکرات قسەم کردووە لەسەر ئەو وشەی قوتابی و خوێندکار چۆن هاتووە؟ دوو پێشنیار هەبوو هەردووکی مەعقول بوون، بۆ ئەوەی لەو بابەتە لێدەربچین خوێندەڤان وشەیەکی زۆر مەعقولە ئەتوانین بەکار بێنین، یانیش قوتابی لە ڕەوزە دەست پێ ئەکات تا ئامادەیی تەواو بکات و ببێتە قوتابی بۆ ئەوەی لە کولیەش ببێتە خوێندکار، ئەو قوتابی و خوێندکارە زۆر ناشیرینە لەسەر پەرلەمان تێبپەڕی، دەستبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی تاك بە پێی دەستوور و یاسا، لە ئەلمانیا ژیاوم برادەرانی تریش لێرەن لەوی ژیاون، کەلتووری مافی مرۆڤ و بابەتی دیموکراسی لە ڕەوزە دەست پێ ئەکات، ئەڵێن ئەمرۆ ئەچنە فلان پارك و لە هۆڵەکە ئەخرێتە دەنگدان، ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو، زیادەیە، چونکە لە قەواعیدی عامی دەستوورە، دەستوور فەلسەفەی موحەد دائەنێ بۆ هەموو نیزامێکی حوکم، ئەگەر بەو شێوازە بێت هەمووی یاسایەك و فەلسەفەی هەبێت پێکدادان دروست ئەبێت لە نێوان یاساکان، دەستوور نیزامی فەلسەفی داناوە بۆ هەموو

وەزارەتەکـان، ئەگەر هەر مـایەوە ئەکـرێ وەك مامۆسـتا هەلەز باسـی کـرد پـێش مـاددەیەك پێناسەکان و بنچینەکان و ئامانجەکـان بکـرێ، بنچیـنەی فەلسـەفی هەر نەهـاتووە، لە کاتێکـدا لە دەروازەی یەکەم باس نەکراوە، ئەبێ لەوێ چارەسەر بکرێ بۆ ئەوەی بتوانین ماددەیەك دابنێـین و ئیشی لەسەر بکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی دوای ئەو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری دووەم/ بنەما گشتییەکانی پەروەردە و فێرکردن:

ماددەی (٣):

١ فێربوون مافێکی دابین کراوە و بە خۆڕاییە لە سەرجەم دامەزراوە حکومییەکان بۆ هەر تاکێك کە مەرجەکانی هاتوو لەو یاسایەی تێدابێت.

٢- زمـانی کـوردی زمـانی فەرمـی خوێنـدنە لە سـەرجەم دامەزراوەکـان جـگە لەو دامەزراوانەی تایبەتن بە پێکهاتەکـان وەکـو (تورکمـان، سـریان، کلـدان، ئاشـوور، ئەرمەن، عەرەب) کە خوێنـدن تیایاندا بە زمانی دایك ئەبێت و ئەو دامەزراوانەی بە پێی حوکمەکانی ئەو یاسایە مۆڵەتیان پـێ دراوە بە زمانێکی تر بخوێنن.

٣- بەکارهێنـانی تونـدوتیژی و جەسـتەیی و دەروونـی و هەمـوو جۆرەکـانی جیاکـاری و خـراپ مامەڵە کردن لە دامەزراوەکان قەدەغەیە.

٤- پەروەردە و فێرکردن لە دامەزراوە حکومییەکان لەسـەر هەمـان سیسـتەم و بەهـاو میکـانیزم بەڕێوە ئەچێت.

٥- قوتابی خوێندکار بە چەقی پرۆسەی خوێندن و فێرکردن هەژمار ئەکرێت.

٦- وەرگرتنـی هەر بـڕە پـارەیەك لەقوتابیـان وخوێنـدکاران و کەسـوکاریان لەلایەن قوتابخـانە و خوێندنگا و پەیمانگا پەروەردەییە حکومییەکان بە مەبەستی خوێندن قەدەغەیە.

٧- وەزارەت کار بۆ پیادە کردنی شێوازی نا ناوەندی ئەکات بە مەبەستی پێدانی دەسەڵاتی زیـاتر بە بەڕێوەبەرایەتی دامەزاروە حکومییەکان.

٨- مامۆستا پێشەنگی سەرەکییە بۆ پەروەردە و هاندانی گیانی فێربوون و داهێنـان و گەیانـدنی زانیاری و توانستە جۆراجۆرەکان بە قوتابیان و خوێندکاران و پێویسـتی بە پەرەپێـدانی خـودی بەردەوام هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (کاك بەهجەت، کاك چیا، دکتۆر ڕێبورا، کـاك هەلـکەوت، کـاك شـێخ ظـاهر، کـاك رزگار، کاك جلال، سوسەن خان، خەدیجە خان، گولیزار خان، کاك هیڤیدار، سارا خان، کلارا خـان، رۆبیا خان، کاك رۆمیۆ، کاك ئازاد، کاك هیمداد، مامۆستا نجاة، دکتۆر محی الدین، دکتـۆر شـێرکۆ، کاك کاوە، دکتۆر اسماعیل، مامۆسـتا ئەبـوبەکر، مـوژدە خـان، مامۆسـتا عثمـان ، سـەرچنار خـان، هەلەز خان، کـاك سـیپان، کـاك مەم، مامۆسـتا عبدالسـتار، گوڵسـتان سـعید، گوڵسـتان بـاقی، کـاك جمال، کاك راهی، روپاك خان، شادی خان، بدریە خان، کاك رزگار، کاك مەلا ناصر، کاك فیصل، کـاك

كاروان، شرين امين، دكتۆره شايان، كاك ياسين، كـاك عەلـی، دكتـۆره گەلاويـژ، كـاك مسـلم)، كـاك بەهجەت.

**بەڕێز بهجت علی ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

برگا دووەم بێژی زمانی كوردی زمـانی فەرميـيە جـگە لەو دامەزراوانەی تـايبەتن بە پێكهاتەكـان وەكو توركمان وسريان وكلد وئاشوور وعەرەب وئەرمەن، پـێم باشـە ئەو خـاڵە تەزاروب دەكـات لەگەڵ دەستووری عێراق و هەيكەلی ئيداری حكومەت عێراق و كوردستانيش، پێم باشە وای لێ بێ پێكهاتەكان وەكو توركمان و سريان و عەرەب.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زمـانی كـوردی فەرميـيە، ئەو قوتابخـانەی ئەهليـانەی مـۆڵەتی فەرميـان لە وەزارەتـی پەروەردە وەرگرتـووە، دەيـان رێكـلام ئەبينـين بە شـانازييەوە ئەڵـێن زمـانی ئينگليـزی سـەرەكييە، كەوايە زمانی كوردی زۆر نەشياوە ئەبێ چارەسەر بكـرێ، تونـدو تيـژی لەگەڵ ئەوەم لێـدان بگەڕێـتەوە، نەما لە قوتابخانەكان، مامۆستا بە چەقۆ لێی ئەدرێ لەلايەن قوتابی، مامۆستا نێـرگەلە ئەكيشـێ لەگەڵ قوتابی، خاڵی تر، وەرگرتنی پـارە، زۆربەی زۆری قوتابخانەكـان پـارە وەرئەگێـرێ بە نـاوی ئەنجومەنێك، شتێكی نەشـياوە، ئێسـتا فێربـووينە بەڕێـوەبەری قوتابخانەكـان پـاس گيـراوە بـۆ قوتابی ئەڵێ بڕێك پارەيەك بدە ئێمە هاتووچۆ بە قوتابی ئەكەی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو هەلكەوت.

**بەڕێز هەلكەوت انور خليفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی حەوت ئەڵێ وەزارەت كار بۆ پيادەكردنی شێوازی نا ناوەندی ئەكات بە مەبەستی پێـدانی دەسەڵاتی زياتر بە بەڕێوەبەڕايەتی دامەزراوە حكومييەكان، لە كوردستان چەنـدين دامەزراوەی ناحكومی هەيە وەكو زانكۆ و پەيمانگا و قوتابخـانە لە كەرتـی تـايبەت، ئەگەر وەزارەت ڕێنمـايی دەربكات ئەوانيش لەژێـر چـاودێری پەروەردە ئەبـن، بـۆيە پـێم باشـە بڕگەيەكـی بـۆ زيـاد بكـرێ (وەزارەت كار بۆ پيادە كردنی شێوازی ناوەندی بكات بە مەبەسـتی پێـدانی دەسـەڵاتی زيـاتر بە بەڕێوەبەڕايەتی دامەزراوە حكومی و ناحكومييەكانی).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو گوليزار خان.

**بەڕێز گليزار رشيد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی پێنج، قوتابی خوێندكار بە چەقی پرۆسەی خوێندن و فێركـردن هەژمـار ئەكرێـت، تـاكەی بەو دوو وشەيە هەر يەك مەعنا بێت، فێرخواز.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ڕۆمیۆ.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی دوو، زمانی كوردی فەرمییە لە سەرجەم دامەزراوەكان جگە لەوانەی تایبەتن بە پێكهاتەكان كە خوێندن بە زمانی دایكە، پێم وایە دیاری كردنی ناوی نەتەوەكان ئیشی وەزارەتێك نییە، كێشەی بۆ ئێمە دروست كردووە، لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێم كە خۆمان ئەندامی لیژنە بووین، بە شێوەیەكی تر هاتووە، گەلی كلدانی، سریانی، ئاشووری، لە نێوان دوو كەوانە بێ فاریزە و بێ هیچ شتێك، نەتەوەیەك بە ژمارە كەم بێت و تۆ كەرت كەرتی بكەی عەدالەت نییە، پێمان باشە بڕگەی دوو بەو شێوەیە بێت (زمانی كوردی زمانی فەرمی خوێندنە لە سەرجەم دامەزراوەكان جگە لەو دامەزراوانەی كە تایبەتن بە پێكهاتەكان كە خوێندن تیایاندا بە زمانی دایك ئەبێت وەكو زمانی (سریانی و توركمانی و ئەرمەن و عەرەبێ) لەو دامەزراوانەی بە پێی حوكمەكانی ئەو یاسایە مۆڵەتیان پێ دراوە بە زمانێكی تر بخوێنن)، چونكە باسی زمانە نەك نەتەوە، لە بڕگەی پێنج، قوتابی و خوێندكار بە چەقی پرۆسەی خوێندن، پێم وایە بكرێتە بە بناغەی پرۆسەی خوێندن، بڕگەی شەشەم، وەرگرتنی پارە، ئەوە حەقیقەتێكە، وابزانم ستافی وەزارەتی پەروەردەش لێرەن، لەبەر نەبوونی پارە كەسوكاری قوتابی پارە ئەبەخشن بۆ چاك كردنی لایەنێكی قوتابخانە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك هیمداد.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زمانی كوردی فەرمییە لە سەرجەم دامەزراوەكان جگە لە پێكهاتەكان، هاوڕام لەگەڵ كاك ڕۆمیۆ، دەست خۆشی لە ستافی وەزارەت ئەكەم كە ناوی پێكهاتەكان دێت، بەڵام ناوی نەتەوە و زمان جیا بكرێتەوە وەكو كاك ڕۆمیۆ وتی، ئەتوانین خاڵێكی تر زیاد بكەین، زمانی توركمانی ببێتە ئیختیاری لە مەكتەبەكانی كوردستان، وەكو مافێك لە سەرجەم قوتابخانەكان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ڕۆبیا خان.

**بەڕێز ڕۆبیە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كرا لەلایەن كاك ڕۆمیۆ پیشتگیری ئەكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كلارا خان.

**بەڕێز كلارە عودیشۆ یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو، (زمانی كوردی زمانی فەرمی خوێندنە لە سەرجەم دامەزراوەكان جگە لەو دامەزراوانەی كە تایبەتن بە پێكهاتەكان)، ناڤی پێكهاتی غەلەتە، رازی نین جاراكا دی دووبارە

بێتن چ قانوونەکی، دیڤ یاسایی ژمارە (٥) ی (٢٠١٥) ناڤی مە گەلی کلدانی سریانی ئاشووریە، ئەڤ بڕگە بهیتە تەعدیل کردن وەکو کاك ڕۆمیۆ وتی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی چوار، پەروەردە و فێرکردن لە دامەزراوە حکومییەکان لەسەر هەمان سیستەم و بەهاو میکانیزم بەڕێوە ئەچێت، پرسیار بۆ لیژنە کام سیستەم؟ ئایا کە یاسایەکی نوێ دائەنێن پێویست نییە هەندێ گۆڕانکاریش بکەین لەو سیستەمە؟ دوێنێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە بازیان قوتابخانەیەك (٨٥) تەلەبە لە یەك ژوور، یەك پانکەش هەبووە، ئەوە شێوازی پەروەردە و سیستەمە؟ قوتابخانەیەکی ئەهلی (٢٥) تەلەبە، بەڵام حکومی (٨٥) تەلەبە، ئەو سیستەمە لێکچووی کام سیستەمی دونیایە؟ باوەڕ ناکەم لەوڵاتێکی دواکەوتووش ئەو سیستەمە هەبێت، لەسەر بڕگەی حەوت، وەزارەت کار بۆ پیادە کردنی شێوازی ناناوەندی ئەکات، نابێ بڵێی کار ئەکات، ئەبێ بڵێی وەزارەت سیستەمی ناناوەندی پەیڕەو بکات بە مەبەستی پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە بەڕێوەبەرایەتی و دامەزراوە حکومییەکان، ئەبێ مولزەم بکرێ کە سیستەمی ناناوەندی پەیڕەو بکات، وتم مامۆستا بوومە و ئەزانم موعاناتانی مامۆستا و خوێندنگا چییە، بێدەسەلاترین کەس بەڕێوەبەر کە ئەبێ بەڕێوەبەر قوتابخانەکانە، ئیدارەی مەکتەبە، هیچ دەسەڵاتی نییە، ئەکرێ لەو یاسایە جێ بکرێتەوە سیستەمی ناناوەندی پەیڕەو بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عوسمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەنجامی بەدواداچوونی خۆم کە چەند دایك و باوکێك وتیان وەك پەرلەمانتار ئێمە کچێکمان لە قوتابخانەیەکە، کوڕێکیش لە قوتابخانەیەك، دانەیەك (١٠) هەزاریان لێ وەرگیراوە یەکیان (٥) هەزار، لەبەر ئەوەی مودیرەکە خۆی لەگەڵ شوفێرەکانی هاتووچۆی قوتابی تەنسیقی هەیە، هەر شۆفێریك لەگەڵ ئەوان نەبێ قوتابی ناهێنێ، لەسەر گیرفانی قوتابی (١٠) هەزار و ئەگەر پاس بێ (٥) هەزارە، ستافی وەزارەت ئاگاداری ئەو بڕیارەن؟ هەندێکیان وانین، سایەقەکان ئەڵێن بەڵێ وایە، داوای ڕوون کردنەوە ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ئەبو بەکر.

**بەڕێز ابو بەکر عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم، فێربوون مافیکی دابێن کراوە و بە خۆڕاییە لە سەرجەم دامەزراوە حکومییەکان بۆ هەر تاکێك کە دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت، ئیتر مەرجەکانی ئەو یاسایە زیادەیە، بۆ هەمووانە، تەنانەت ئەوانەشی خاوەن پێداویستی تایبەتیشن، خاڵی حەوت، مەسەلەی پیادە کردنی شێوازی ناناوەندییەتی، هیچ پەیوەندی بە بنەما گشتییەکانی پەروەردە نییە، ئیجرائاتی

کارگێرییە، ئەکرێ لە بەشی شەشەم یان حەوتی ئەو یاسایە زیاد بکرێ، خاڵی هەشت، یەك دیوی مامۆستا باس ئەکات، پێویستە کەسایەتی مامۆستا و ژیانی ئابڕومەندانە بۆ مامۆستا دابین بکرێ بۆ ئەوەی بە ئەرکەکانی هەلسێ، نەك قوتابی فێر بکات، مووچە و مافی مامۆستا دیاری بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك فیصل.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیر و ستافەکەی ئەکەم، خاڵی شەشەم پێم باشە بەو شێوەی لێ بکرێ (وەرگرتنی هەر بڕە پارەیەك لە خوێندکار و قوتابی وکەسوکاری لەلایەن قوتابخانە وپەیمانگا پەروەردەیە حکومییەکان باخچەی منداڵانی حکومی قەدەغەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو دکتۆرە شایان.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو، پشتیوانی کاك ڕۆمیۆ ئەکەم، پرسیارێکیشم، ئایا زمانی کوردی فەرمییە جگە لەو دامەزراوانەی تایبەتن بە پێکهاتەکان، ئایا لەوێ زمانی کوردی هەر نییە، یان زمانێکی لاوەکییە؟ لەگەڵ ئەوەشم پێکهاتەکان بە زمانی دایك بخوێنن، بڕگەی شەش، ڕەنگە هەندێ مەکتەب ڕاستەوخۆ پارە وەرنەگرن، بەڵام لە ڕێی کڕینی مەلزەمە هەندێ لە مامۆستایان داوای مەلزەمە ئەکەن لە قوتابی، یان کڕینی کەل و پەل وەکو فێنکەرەوە و سوتەمەنی لەلایەن قوتابییەوە، بە تەلەبە ئەڵێن بە دایك و باوکت بڵێن ئەو شتە بکڕن، ئەوە جیاوازە لە یارمەتی دارایی و بەخشین کە باس کراوە لە ماددەکانی تر کە بە ئارەزومەندانەیە، بەڵام کە بە تەلەبە ئەڵێی مەلزەمە بکڕە یان بە جۆرێکی تر کیتابی مەنهەجی هەبێت چ پێویستی بە مەلزەمە هەیە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو ڕوپاك خان.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم ئەڵێ خوێندن بە زمانی کوردییە، ئایا خوێندنگا ئەهلی و تایبەتەکان کە خوێندن بە زمانی ئینگلیزییە ئەکەوێتە کوێی ئەو یاسایە؟ چوارەم، پەروەردە و فێرکردن لە دامەزراوە فەرمییەکان بە هەمان سیستەم و بەها، بەها لێرە زۆر دووبارە بۆتەوە، پێویست ناکات لە پێناسەکان باس بکرێ، بەهای چی؟ بۆ نموونە بەهای کۆمەڵایەتی و ئاینی و ڕەوشتی پێویستە پێناسە بکرێ، بڕگەی هەشت، مامۆستا پێشەنگە بۆ پەروەردە وهاندانی گیانی پەروەردە، پەروەردە لێرە زیاد بکرێ، لە کۆتایی لەگەڵ پاراستنی شکۆی مامۆستا زیاد بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك مەلا ناصر.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بنەما گشتییەکانی پەروەدە، بڕگەی حەوت، وەزارەت کار بۆ پیادە کردنی شێوازی ناناوەندی ئەکات بۆ مەبەستی پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بۆ بەڕێوەبەرایەتی دامەزراوە حکومییەکان، پێویستە دەستەواژەی پیادە کردن بگۆردری بۆ پێویستە وەزارەت بنەمای ناناوەندی بچەسپێنی، دەسەڵاتەکانی دیاری بکرێ و فراوان بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر قسە کرا لەسەر ماددەی سێ، بەپێی دەستووری عێراق ئەبێ زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی سەرەکین، نالێین هیچ زمانێك پەراوێز بخرێ، بەڵام بە رەئی من زمانی فەرمی ئەبێ کوردی و عەرەبی بێت بە حوکمی ئەوەی لەگەڵ عێراقین، تۆ قوتابخانەیەك جیا ئەکەیتەوە بە زمانی تورکی و سریانی و ئاشووری، هیچمان لێك تێناگەین، بۆ زمانی فەرمی پەروەردە نەکەین بە زمانی کوردی و عەرەبی هەموو بە یەکەوە بژین، بۆ لە تورکمانێك نەگەم و ئەویش لە من نەگات، بەیانی دووبەرەکی زۆر دروست ئەبێ، لە ئێران هەموو کوردەکان فارسی ئەزانن، بەڵام هەموومان عەرەبی نازانن، زمان جیایە لەگەڵ ئەوەی مەکتەبی بۆ جیا بکەیەوە، زۆر کەسمان دیوە ئەڵێ منالەکەم کوردی نازانێ، ئەبێ ئیجباری بێ، منێکی کوردیش تورکمانی فێربم و ئەویش کوردی فێر بێت، باسی خوێندکار ئەکات بە پێی دەستووری عێراق نابێ خوێندن بە پارە بێت، لە هەموو عێراق مەکتبەکی ئەهلی نییە، بەڵام کوردستان هەمووی ئەهلیە، داوا ئەکەم پارەیەکی زۆر هەیە با ئەو قوتابخانانە بکرێتەوە، بکرێتەوە حکومی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو، زۆر قسە کرا، پشتیوانی بەشێکیان ئەکەم، ئەو بابەتە پێچەوانەی بڕگەی یەك لە ماددەی چواری دەستووری عێراقە، خۆی تەعنی لێ ئەگیری قانوونی نییە و هەڵبوەشێتەوە، باوەڕم هەیە پێکهاتەکان مافی تەواویان هەیە لە هەر خوێندنگایەك بە زمانی خۆیان بخوێنن، چۆن باوەڕم هەیە زمانی کوردی زمانی ئەساسی دەولەتی عێراقییە، عەرەبیش بە هەمان شێوە، ناکرێ قەتیس بکرێ، بەڵام باوەڕیشم وایە زمانی کوردی لە قەیرانە، وشەی جگە لە هاتووە، ئەبێ لە هەموو شوێنی وەکو یەکتر بێ، تورکمانیش مافی هەیە، عەربیش، بەڵام زمانی کوردیش ئەساس بێت، خۆی لە ئاساس دا دا کێشەی زمانی کوردیمان هەیە،نە سەنتەرێکی ئەوتۆمان هەیە کە تەتویری ئەو زمانە بکات، نە لێکۆڵینەوەی ورد ئەکرێ، ناکرێ بە یاساش دووبارە کێشە بۆ زمانی کوردی بکەینەوە، بڕگەی شەش پشتیوانی کاك فیصل ئەکەم، بڕگەی حەوت کاك کاوە و کاك یاسین پشتیوانی هەردووکیان ئەکەم کە باسی شێوازی ناناوەندی ئەکرێ، وەکو ئیحتیمالە بەردەمی وەزارەت، ناکرێ بە ئەگەر بێت، ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە کار بکات بۆ

ناناوەندیەتی، بکرێ بە واجب، برگەی هەشت لابرێ، مامۆستا پێشەنگە ئەو تەعریفەی بۆ مامۆستا کراوە لە چەندین مادەدەی تر لە یاساکە دووبارەیە، هەتا لە ئەرکی مامۆستا و بەڕێوەبەریش بە وازیحی هاتووە، پێم باشە لابرێ، خزمەت بە یاساکە ناکات جگە لە درێژکردنەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم، خوێندن لە قوتابخانەی حکومی و ناحکومی مافی هەر تاکێکی کوردستانە، ئەوە وەکو خاڵی یەکەم زیاد بکری، برگەی دوو، زمانی کوردی بە هەردوو ئەلف و بای کوردی و لاتینی زیاد بکرێ، (جگە لەو ) لابرێ، لە پاڵ زمانی کوردی هەر نەتەوەیەکی تر مافی هەیە بە زمانی دایك بخوێنێ، لە سێیەم، بەکارهێنانی توندوتیژی جەستەیی و دەروونی، هەر ئەوە زیاد بکرێ، هەر رەفتار و کردار ئیستخفار کردنی پیشە بۆ خواست و ئارەزوو و حەزەکانی کەسی و هەموو جۆرە جیاکاری و خراپ مامەلە کردن لە دامەزراوەکان قەدەغەیە، ئەوە زیاد بکرێ، لە چوارەم پشتگیری کاك کاوە ئەکەم کە هەمان سیستەم و بەهاو میکانیزم دیاری بکرێ، ئەگەر دیاری نەکرێ دیار نییە بە کام ئاراستەیە، لە هەشتەم پشتگیری ئەو بەڕێزانە ئەکەم کە لابرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شیخ ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم، فێربوون مافێکی دابینکراو و بەخۆڕاییە لە سەرجەم دامەزراوە حکومییەکان، بەپێی ماددەی (٣٤) خاڵی دووەم لەدەستووری عێراق دەقێکی دەستوورییە کەخوێندن بە خۆڕایی مافێکی هەر هاووڵاتی عێراقییە لە سەرجەم قۆناغەکان، لێرە باسی مەرج ئەکات، پێم باشە ئەو مەرجانە لابرێ، وەکو دەقە دەستوورییەکە چۆن لە سەرەتا هاتووە بەو شێوە بێت، لە سێیەم، بەکارهێنانی توندوتیژی جەستەیی و دەرووونی هەموو جۆرەکانی جیاکاری خراپ مامەلە کردن لە دامەزراوەکان قەدەغەیە، بکرێتە دامەزراوە پەروەردەییەکان، هەرچەند لە خاڵی نۆیەم لە پێناسەکان مەبەستی دامەزراوە پەروەردەییەکانە، بەڵام لێرەش ئاماژەی پێ بکرێ لە ڕووی سیاغە باشترە، لە پێنجەم، دیسان دووبارە، شەشەم، وەرگرتنی هەر برە پارەیەك لەقوتابی وخوێندکار وکەسوکاریان لەلایەن قوتابخانە وخوێندنگا وپەیمانگا پەروەردەییەکان بە مەبەستی خوێندن قەدەغەیە، تەحدیدی کردیە بە مەبەستی خوێندن، پێم باشە بەو شێوەی لێ بکرێ، نابێ هیچ برە پارەیەك لە قوتابیان و خوێندکاران و کەسوکاریان لەلایەن قوتابخانە و خوێندنگا پەیمانگا پەروەدەییە حکومییەکان وەرگێری بۆ هەر مەبەستیك بێ، ئەوە زیاد بکرێ، حەوتەم، وەزارەت کار بۆ پیادە کردنی شێوزای ناناوەندی ئەکات، پشتگیری ئەو هاورێیانە ئەکەم باسی ئەوەیان کرد وەزارەت سیستەمی ناناوەندی پەیڕەو ئەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سارا خان.

**بەڕێز سارا دڵشاد بکر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پشتگیری قسەکانی کاك ڕۆمیۆ ئەکەم.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو کاك ئازاد.
**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پشتگیری قسەکانی کاك ڕۆمیۆ و کاك هیمداد ئەکەم کە زمانی تورکمانی لە هەرێم ببێتە ئیختیاری، لە هەموو وڵاتێك دوو زمان بە ئیختیاری ئەخوێندرێ، کاك یاسین کە ئەڵێ زمانی تورکمانی فێرببین، ئەگەر بخوێندرێ فێر ئەبین، فێری قسە کردنی ئینگلیزی و عەرەبی نازانین، لەبەر ئەوەی ئێمە زۆر قەواعید و ئەدەب ئەخوێنین، بەڵام تەلەبەیەك ناتوانێ باش بخوێنتیەوە، بڵێ بنووسە نازانی بنووسێ، لەبەر ئەوەی ئیهتیمام بە نووسین و خوێندن و قسە کردنیش نادەین، پێویستە ئەو مەنهەجە بگۆڕێ، ئێستا قسە ئەکەم پێویستم بە قەواعید نییە، منداڵێکیش کە فێری زمان ئەبێ قەت بیر لە قەواعید ناکات، ئەو مەنهەجە بگۆڕێ، ئیهتیمام بە نووسین و خوێندن و قسە کردن بدرێ.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو دکتۆر ڕێبوار.
**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەرنجی بەڕێزتان بۆ بابەتێکی گرنگ ڕائەکێشم کە لە ئایندەیەکی نزیك کاریگەری نەرێنی ئەکاتە سەر فەرهەنگی زمانی کوردی، ئەویش لە قوتابخانە بە ناو ئەهلییەکان زمانی کوردی بنبڕ ئەبێ، ئەکرێ بڵێین دوای (٥ تا ١٠) ساڵی تر نەوەیەکی خوێندەواری کورد لە زمان کۆپی پێستی ئینگلیز بەڕێوەییە، بۆچی بایەخ نادرێ بە زمانی کوردی لە قوتابخانە ئەهلییەکان، گرنگە وەزارەتی پەروەردە چۆن لە یەکی لە بڕگەکان زمانی کوردی فەرمییە لە قوتابخانە حکومییەکان، ئاواش زمانی کوردی فەرمییە لە پاڵ زمانی ئینگلیزی لە ئەهلییەکان، چونکە ئیلیزاماتی قانوونی دروست ئەکات، دوو، گرنگە لەو بڕگەیە ئەرکی وەزارەتی پەروەردە بە ڕوونی دیاری بکرێ کە یەکێ لە بەرپرسیارییەتی ئەوەیە ژینگەیەکی تەندروست بۆ قوتابی دیاری بکات بۆ خوێندن بە پێی ستاندارد و ڕێنمایی یونسکۆ.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو موژەدە خان، بەڕێزان ئەوە تەنیا بنەماکانە، میکانیزم لە دواوەیە، ئەحکام فەرەزیە لە دواوەیە.
**بەڕێز مژده محمود محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
یەکەم ئەڵێ فێربوون مافێکی دابین و خۆڕاییە لە سەرجەم دامەزراوە حکومییەکان بۆ هەر تاکێك، ئەوەشی بۆ زیاد بکرێ (کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێیە)، سەبارەت بە خاڵی دوو ئەڵێ زمانی کوردی فەرمییە لە سەرجەم دامەزراوەکان، تەلەبەی پۆلی حەوتم دیوە لە قوتابخانە

نێودەوڵەتییەکـان لە ئینگلیـزی زۆر عـیملاق قسـە ئەکـات، نـاتوانێ ئەو لاپەرەیە بە (٥) دەقە بخوێنێتەوە، پێم سەیرە وەزارەتی پەروەردە چۆن تا ئێستا بەسەری تێپەریووە یان بە ئەنقەست بووە، مادام وایە لە کوردستانن حەقە زمانی فەرمی بێت، خاڵی چوار، پەروەردە و فێرکردن لەدامەزراوە حکومییەکان لەسەر هەمان سیستەم، دیاری نەکراوە، ڕوون کردنەوە پێویستە، سەیرە وەزیری پەروەردەش ئامادە نییە کە یاسای وەزارەت ئەنووسرێتەوە، خاڵی (٥) ئەڵێ قوتابی و خوێندکار لە جەلسەی ڕابردوو قسە زۆرینە قسەی لەسەر ئەوە بوو، ئایا لیژنەی بەڕێز یان وەزارەت هیچ وشەیەکی بەرامبەر ئەو وشەیە دانراوە بۆ ئەوەی لە بڕگەکان قسەی لەسەر بکەین یان ئەچێتە دەنگدانەوە؟ ئەو کات چۆن موناقەشە ئەکرێ، ئەگەر شتێك دانراوە مەفروزە بوترێ بۆ ئەوەی موناقەشە بکرێ، ئەوەی خاڵی شەش هەر عەیبە ئەو بڕگەیە، لەبەر ئەوەی بە پێی ماددەی (٣٤) ی دەستوور بڕگەی دوو خوێندن لە عێراق بە خۆڕاییە، شتێکی تر، ئەگەر لانەدرێ پارەی حانووت بۆ کوی ئەچێ؟ وەرئەگیرێ، خاڵی حەوت، وەزارەت کار بۆ پیادە کردن ئەکات، واجوانترە بڵێی وەزارەت سیسەتەمی ناناوەندی پەیڕەو ئەکات، ئینجا ئەو ناناوەندیە ئیدارەییە یان داراییە یان هەردووکی؟ خاڵی هەشت، ئەرکی مامۆستا، پێم باشە ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، لەگەڵ پاراستنی شکۆی مامۆستا و ژیانێکی شایستە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمو هەلەز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان تێبینی هەبوو لەسەر بڕگا چوارەم، بێژیت لەسەر هەمان سیستەم و بەهاو و میکانیزم، بەری ڤی بەحسی میکانیزم نەکریە، ژ بەر هندێ تەلەبێت دکەم لیژنا پەروەردی دگەل لایەنی پەیوەندیدار ڕوون کردنەوە بدەن ئایا کامە سیستەم و میکانیزمە، لسەر حەوتەم، هەمان پرسیار هەیە، ڤێری بەحسی شێوازی ناناوەندی ئەکات، ئایا ئەڤ شێوازی بتنێ کارگێریە، یان کارگێری و داراییە؟ هەشت، بەحسی ماف و ئەرکێ مامۆستا کری، دگەل بۆچوونا مامۆستا هەلەدنیمە، مامۆستا موژدە، دبێتن بەحسێ پاراستنا شکۆیێ مامۆستا بێتە کرن و ئیزافە بێتن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کە ئەڵێ لەسەر هەمان سیستەم و میکانیزم مەبەستی هی ڕابردوو نییە، تەوحید ئەبێ، سیستەم و میکانیزمیش ئەگەر تا ماددەی ئەخێر بخوێنەوە بە تەوزیح هەیە، مەبەست کۆنەکە نییە، مەبەست موەحەد ئەبێ، ڕەنگە دەرفەتان نەبووبێ سەیری بکەن تا ئەخیر، داوا ئەکەم تا ماددەی کۆتایی بخوێنەوە، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مم اسكندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە بڕگەی دوو بەو شێوەیە بێت ئەو پڕۆژە یاسایە شایەنی ئەوەیە ڕەنگە ٥٠% ی وشەکانی لابدەی مەعنای تێکنەچێ، زۆر کورتی ئەکەمەوە (زمانی کوردی زمانی فەرمییە لە سەرجەم دامەزراوەکان و پێکهاتەکانیش مافی خوێندنیان بە زمانی دایك بۆ زامن کراوە)، بڕگەی پێنج پێم باشە لێکبدرێ لەگەڵ هەشتەم وای لی بکرێ (قوتابی خوێندکار چەقی پرۆسەی خوێندنن و مامۆستایانیش پیشەنگی پەروەردە و فێرکردنن)، بڕگەی شەش لابرێ چونکە

زیادەیە، لە بڕگەی یەکەم ئەڵێ مافێکی دابین کراوە بە خۆڕاییە، لە دەستووری عێراقیش هاتووە، مادام بڕگەی یەك ئەڵێ بە خۆڕاییە چ پێویست ئەکات بڵێی پارەی لێ وەرناگیری، تەحسیل حاصلە، بڕگەی حەوت بە بڕوای من دابڕێژرێتەوە و بگوازرێتەوە بۆ ناو ئەو دەروازانەی پەیوەندیان بە وەزارەتەوە هەیە، ئەرکی وەزارەتە کە کار بۆ پیادە کردنی ئەمە ئەکات، لەو دەروازانەی ئەخیر لەوێ جێگەی بۆ بکرێتەوە بەو شێوەیە (پەیڕەو کردنی ناناوەندیەتی لە پرۆسەی خوێندن و پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە بەڕێوەبەرایەتی و دامەزراوە حکومییەکان) لێرە هەلگیرێ، هەشتەم، لە بڕگەی پێنج ئیشارەتم پێ کرد لێك بدرێ زیادەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك راهی.

**بەڕێز راهی راهبەر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دوو کاك رۆمیۆ قسەکانی کردم پشتیوانی ئەکەم، بڕگەی یەکەم و شەشەم پشتیوانی کاك مەم ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو، زمانی کوردی زمانی فەرمییە لە سەرجەم فەرمانگەکان ئێستا ڕوونە ئەو قوتابخانە ئەهلیانەی ڕێکلام ئەکەن بۆ خۆیان ئەڵێن زمانی ئینگلیزی فەرمییە، زمانی کوردی خستۆتە خەتەرەوە، پێویستە پەرلەمان و وەزارەتی پەروەردە پارێزگاری لە زمانی کوردی بکەن وەکو نەتەوەکانی تر، چۆن ئێستا ئەو ئاوارە عەرەبانەی لە هەرێمن مەکتەبی عەرەبیان بۆ دابین کراوە، بۆ ئەوەی زمانی خۆیان فێر بن و بیپارێزن، نیو ملیۆن کورد لە بەغدا هەیە مەکتەبی کوردییان نییە، بەڵام پێکهاتەکان مەکتەبی خۆیان هەیە خەتەرە، پێویستە زمانی کوردی نووسراوە فەرمییە، بەڵام پەرەی پێ بدرێ، وەکو ئەو برا بەڕێزانە باسیان کرد ئێستا هەندێ تەلەبە لەو مەکتەبانەن کوردی نازانن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەلی.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزت شتێکت وت بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پرسیاری جەوهەری من بوو، پێشتر وا تێگەیشتبووین بەشێکی زۆری ئامانجی ئەو یاسایە ئەوەیە فەراغی قانوونی پەروەردە هەیە لە چوارچێوەی ئەو یاسایە ڕێکی ئەخەینەوە نەك بۆ ئایندە، بەشێکی لەوانە ناکرێ، زمانی کوردی فەرمییە، ئەوە عەمەلی نییە، ناتوانێ خوێندنگایەکی نێودەولەتی بەشێکە لە سەرجەم دامەزراوەکان، ناتوانێ ئیجباری بکەی، کە مۆڵەتەکەی وەرگرتووە نموونە بریج سکول چۆن ئیجباری ئەکەی؟ لەو مەرحەلە بڵێی بۆ خوێندنگاکانی سەر بەحکومەتی هەرێم یان لۆکالییەکان، خوێندنگا لۆکالیەکانیش دوو بەشە، کۆمەڵایەتییەکان بە کوردییە، بەڵام زانست و بیرکاری

ئینگلیـزییە، ئەو بـڕگە ئەبـێ رێکبخـرێتەوە، پەروەردە و فێرکـردن لە دامەزراوە حکومییەکـان، ئەوانیش لەسەر هەمان سیستەم و میکانیزم نییە، نەك ئەهلییەکان، ئەوەش ئەبێ رێکبخرێتەوە، هەندێ مەکتەب هەیە ئەڵێ لە (٩٥) بـۆ سـەرەوە قوتـابی نمـوونەیی وەرئەگـرن، هەر حکومیشـە، هەندێکی بە ئینگلیزی ئەخوێندرێ، تەمانام ئەکرد وابووایە کە لە پێناسەکان هاتبوو، لە سـنووری سـلێمانی بە هەمـووی ئەڵـێ خوێنـدنگا، لە سـنووری هەولێـر بە هەمـووی ئەڵـێ قوتابخـانە، هەر خوێندکار و قوتابی نییە، خوێندنگای کۆدەشتی بنەرەتی، بەپێی ئەو پێناسـە ئەبێـتە قوتابخـانە، خوێندنگای سەرباغی بنەرەتی، لە هەرێمێك بەشێکی خوێنـدنگایە و بەشـێکی قوتابخـانەیە، ئایـا وەزارەت ئەوانە رێکئەخاتەوە دوای ئەو قانوونە یان وەکو خۆی ئەبێ؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو پشتگێری قسەکانی کاك رۆمیۆ ئەکەم، بۆ سـێیەم پـێم وایە خـاڵی پێـنج ببێـتە خـاڵی سێیەم، تەسەلسولەکەی بگۆڕێ، بەکارهێنانی توندوتیژی جەسـتەیی و دەروونـی هەمـوو جـۆرە جیاکارییەك بە تەواوی پشتگێری کاك رزگار عیسی ئەکەم بۆ ئەو خاڵە، خـاڵی هەشـت، پشـتگیری مامۆستا ئەبو بەکر هەلەدنی و روپاك خان ئەکەم بۆ زیاد کردنی ئەو برگـانەی پێشـنیاریان کـرد و تەسەلسولەکەشی بگۆری بێتە خاڵی چـوارەم، شـکۆی مامۆسـتا زۆر لەوە گەورەتـرە لەو بنەمـایە جێگەی بکرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی پێنج، قوتابی و خوێندکار بە چەقی پرۆسەی خوێندن هەژمار ئەکرێن، زۆر باسی پەروەردە ئەکەین، ئەی بە چەقـی پەروەردەش هەژمـار نـاکرێ، خـاڵی شـەش، بـاس لە وەرگرتنـی هەر بـڕە پارەیەك ئەکرێ لە قوتابی لە خوێندنگا حکومیەکان قەدەغەیە، ئەی ناحکومییەکان، جگە لەو بڕە پارەی رێگەیـان پێـدراوە وەرگـرن بە ڕێنمـایی، وەرگرتنـی هەر برێکـی تـر قەدەغە نـیـە؟ چـونکە زانیاریم هەیە و بەڵگەشم هەیە لە هەندێ قوتابخانەی ناحکومی لەبەرامـبەر ئەوەی قوتـابی دوو دەقە و پێـنج دەقە دواکەوتـووە هەر دەقەی هەزار دیناریـان لـێ سـەندووە، دروسـتە؟ ئەبـێ ناحکومییەکانیش هیچ بڕە پارەیەك جگە لەوەی بەرامبەر خوێندن وەریئەگرن قەدەغەیە، شکۆی مامۆستا باسـیان کـرد پشـتگیریان ئەکەن، پـێم باشـە پاراسـتنی شـکۆ و کەسـایەتی مامۆسـتا لە پـرۆژە یاسـایەك بە وردی بنووسـرێ، یەکێتـی مامۆسـتایانیش گلەییـان هەیە و ئەڵـێن شـتیکمان نـاردووە کـاتی خـۆی رەتکـراوەتەوە و لەو قەزیەش هەر راوێژیـان پـی نەکـراوە، خـاڵی چـوار، زیـادەیە، باسـی پەروەردە و فێرکـردن ئەو یاسـایە بـۆ ئەوانە، چ پێویسـتی بە نووسـینی هەمـان سیستەم و میکانیزم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گولستان خان.

**بەڕێز گلستان باقی سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕوون کردنەکا هەی سەبارەت بە بڕگەی شەش، وەرگرتنی هەر بڕە پارەیەك لە قوتابیان بە مەبەستی خوێندن، لێرە بەحسێ باخچە نەکریە، ئەوانیش لە زمنی چوارچێوەی وازارەت نین؟ ڤێرە بەحسێ هندێ کردبێ کو باخچە چی پارە قەدەغەیە، واتە بەحسی لهەندی دا کو پارە وەرگێری بۆ هندی خارنا شایستە و وەکو ئێك بۆ قوتابیان، لبرگا ئێکی هاتبوو خاندنا حکومی پارە نایەتە ستاندنێ، ڤێرە دوو هەڤ دژی پەیدا بێتن ل برگا شەش و ماددا نەهێ، مە وەکو لیژنا بڕیاردا وەکوی ماددا نەهێ بێتە لادان، ئەڤە بێتە ڕێنمایی و ژ لایە ئەنجومەنا دیاك و بابان بهێتە دانان، ب دلێ خۆ بڕە پارەیەك دابێن بکەتن بۆ خارنا، دوو پرسیار لایی کاك جەلال و مامۆستا عثمان هاتیە بەحس کرن، بەرێ چەند ڕۆژا مە کۆبوونەوەك ڕێکخستبوو ل پارێزگاهێ دهۆکی ژ لایی پەیوەندیدار ل سەر گواستنەوە قوتابیا و ئەو قۆرغکاریەی هەی ژ لایەك بەشیك شوفێران و هندەك ژ ریڤەبەرا، ئەڤ دیاردە بەربلاڤە، وەکو لیژنا ڕێگری بکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شەمۆل.

**بەڕێز شمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دوو، پشتیوانی قسەکانی کاك کاروان ئەکەم، بۆ خاڵی شەش پشتیوانی گولستان خان ئەکەم، وا ڕێکەوتین ماددەی (٩) وەرگرتنی بڕە پارەیەك بۆ تێچووی خواردن وەرگیرێ، وا ڕێکەوتین ئەو ماددەیە لابرێ، بەڵام دانراوە، پیوێستە خاڵی شەش بەو شێوەیە بێت (وەرگرتنی هەر بڕە پارەیەك لە قوتابیان و خوێندکاران و کەس و کاریان لەلایەن قوتابخانە و خوێندنگا و پەیمانگا پەروەردەییە حکومییەکان و باخچەی منداڵانی حکومی قەدەغە بێت، بەپێی ئەو خاڵە بێت جگە لەوەی قەدەغەیە ئەتوانن لە کەس و کاریان وەرگرن بۆ مەبەستی تر، بە مەبەستی خوێندنەکە لابرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ماددەی (٩) کە لانەبراوە، لەبەر ئەوەی لیژنەی یاسایی کۆی پڕۆژە یاساکەی وەکو ئەوەی لە لیژنە هاتووە پەسندی کردووە، ئەو تێبینیە لە ژێر ماددەی (٩) نووسراوە کە لیژنەی داوای کردووە لابرێ، فەرموو خەدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو پشتگیری ئەو بەڕێزانە ئەکەم کە پیوێستە ئەو بڕگەیە بگونجێندرێ لەگەڵ بڕگەی یەکی یاسای ژمارە (٥) ی (٢٠١٥) ی یاسای پاراستنی پێکهاتەکان، پشتگیری کاك رزگاریش ئەکەم کە سیاغەکەی بە شێوازێکە هەست ئەکەی زمانی کوردی لەو قوتابخانانە ناخوێندری و ئیهماڵ کراوە، ئەبێ لە پاڵ زمانی دایك زمانی کوردی بخوێندری، بڕگەی شەش، وشەی قوتابخانە و خوێندنگاش ئەبێ یەکلایی بکرێتەوە وەکو وشەی قوتابی وخوێندکار وموەحەد بێت، گولستان خان باسی کرد و پرسیارم لا دروست بوو، ئایا باخچەی منداڵان ئاساییە پارە وەرگرێ؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
بەڕێـزان سـەبارەت بە قوتـابی و خوێنـدكار و خوێنـدنگا و قوتابخـانە وەختێكـی زۆر لە خۆمـان ئەبەین، ڕەئییەك دروست بووە و باشە بۆ ئەو بابەتە، فەرموو مامۆستا نەجاة.
**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
برگا چاری پەروەردە و فێركردن ئەگەر بەرێ خۆ بدەیت تەناقوزەك دروست بێ لەگەڵ برگا چلێ ماددی ئێك، چـونكە بەحسـی پەروەردە و فێركـردن دكەتـن بەحسـی هەردوو دامەزراوە دكەتـن، حكومی و ناحكومی، ڤێرە تەنیا بەحسـی دامەزراوی حكـومی دكەتـن، پرسـیار، تیمـی وەزارەتـی جیاكاری هەیە ل پەروەردە و فێركردنی نـاڤبەرا دامەزراوێـت حكـومی و نـاحكومی، بێـتە ئـێكلا كرن، ئەگەر بەرێ خۆ بـدەی قوتـابی هەی دچیـتە دومـاهیكی نـا حكـومی خـۆ تەحویـل دكەتە نـا حكومی، بۆچی؟ چونكە حكومی دشێت دەرەجە ب دەست خۆ بێنیـت، دبێـت تەوحیـد بێـت مـا بەینا حكومی و ناحكومی، هەروسا پالپشتیا ئاخافتنا كاك رزگار عیسی و كاك رزگـار محمـد دكەم كو زمانی كوردی ل دامەزراویت نا حكومی و زانیست ژی پیكڤە ئێك مەترسی دا.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
فەرموو كاك چیا.
**بەڕێز چیا حمید شریف:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ب كورتی خاڵا دووی پیشتەڤانیا كاك رۆمیۆ كاك هیمـداد دكەم كـوە پیكهـاتە تنـی بێـتە نڤیسـین، ئاین بێتە لادان، خاڵا پێنجێ بەحس كرن، خـاڵا شەشـی وەرگرتنـی هەر بـڕە پـارەیەك قەدەغەیە، راستە بەس وەكو هاڤالا ئیشارەت دا دیتە وەرگرتنی، دبێت سـزادان هەبێـت و بێـتە زێـدە كـرن، ئەگەر ئەڤ پـارە هـاتە وەرگـرتن سـزا چیـیە؟ ریـڤەبەری سـزا دەی یـان ئیـدارییە؟ دبێـت لیژنـا پەیوەندیدار سزا زیاد بكەت.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
فەرموو كاك هێڤیدار.
**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
دووەم، پشتگیری كاك رزگار عیسی ئەكەین، زمانی ئەلف و بێـی عەرەبـی و پیتـی لاتینـی لەسـەر زیاد بێ، سێیەم، بەكارهێنانی توندوتیژی جەستەیی و دەروونـی هەمـوو جۆرەكـانی جیاكـاری و خراپ مامەڵە كردن لە دامەزراوەكان قەدەغەیە، لە زۆر شوێن رسێرچم لەسەر كردووە چارەسەر كراوە، سزای قوتابی نەماوە لە لێدان، بەڵام ئەبێ سزاش هەبێ، ئیشی نـاو مەكتەبـی پـێ ئەكەم، دایك و باوكی بانگ ئەكەم، نابێ هەموو سزایەك لابدەی، جیاكـاری، وەزارەتـی پەروەردە لێـرەیە، قوتابخـانە هەیە پـۆلی جیـا كـردۆتەوە، كـوری بەرپـرس، مامۆسـتای جیـا، بەڵگەش هەیە، ئەبـێ وەزارەت ئەوەی نووسـیویەتی جـێ بەجێـی بكـات، پیشـتگیری وەرگرتنـی هەر بـڕە پـارەیەك بـۆ هەموو مەبەسـتێك كـاك زاهیـر باسـی كـرد، خـاڵی هەشـت، ئەمەوێ لەسـەر بوەسـتین، مامۆسـتا پێشـەنگی سـەرەكییە، تكـا لە بەڕێـزت و وەزارەت ئەكەم مامۆسـتا باشـترین ژیـانی هەبـێ، نەوە دروست ئەكات، لای كەم هاندانێكی تایبەت هەبێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك رۆمیۆ و کاك ئەبوبەکر هەلەدنی و دکتۆر ڕێبوار ئەکەم، ئەوەی تر پەیوەندی بڕگەی چوار کە باسی پەروەردە و فێرکردن لەسەر هەمان سیستەم و بەها، ئەگەر مەبەست بنچینە فەلسەفییەکانی پەروەردە و فێرکارییە لە هەرێم ناکرێ دوو بنچینەی فەلسەفی پەروەردەیی لە هەرێم پەیڕەو بکەین، پێم باشە ئەو دەقە دابڕێژرێتەوە کە هەم دامەزراوە حکومییەکان و هەم نا حکومییەکان لەسەر هەمان سیستەم وبەها بەڕێوە بچن بەو شێوە (پەروەردە و فێرکاری لە دامەزراوەیی و پەروەردە و فێرکارییە حکومییەکان و نا حکومییە مۆڵەت پێدراوەکان لەسەر هەمان بنچینە و بەها و میکانیزم بەرێوە ئەچێت)، خاڵی کۆتایی، پێم باشە بەو شێوەیە بێ (مامۆستا پێشەنگی سەرەکییە بۆ پەروەردە و هاندانی گیانی فێربوون و داهێنان و گەیاندنی زانیاری و توانستە جۆرا و جۆرەکان بە قوتابیان و خوێندکاران و مافی پەرەپێدان و ڕێزگرتن و ژیانی شایستەی بەردەوامی هەیە)، وەرگرتنی پارە لە شەشەم، پشتگیری ڕای کاك مەم ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم، پێناسەی دامەزراوە بە گشتی هاتووە، بەڵام پێویستە تەحدید بکرێ زمانی کوردی فەرمییە لە سەرجەم دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکردندا، وشەی قەدەغە لە دوو بڕگە هاتووە ئەگەر بکرێ بەرێ پێ نەدراوە جوانترە، بڕگەی چوار وحەوت، وا ئەبینم ڕێك پێچەوانەی یەك بن، چونکە لە چوارەم باس ئەکرێ یەك سیستەم، لەحەوتەم باسی ناناوەندی ئەکات، واتە بەڕێوەبەڕایەتییەك بۆی هەبێ تایبەتمەندی خۆی ڕەچاو بکات، یەك سیستەم بێ لەولاش ئەڵێ سیستەمی ناناوەندی بەکار ئەهێنی، ئەبێ ڕوون بکرێتەوە بۆ نموونە لە بواری کارگێڕی و دارایی و ناناوەندییە، بەڵام لە بواری مەنهەج هەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سیپان.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددی ئیکی و هەشتی پشتگیریا موژدە خان و ئەبو بەکر هەلەدنی و ست هەلەزی دکەم، ل چارەم، پەروەردە و فێرکردن لە دامەزراوە حکومییەکان لسەر هەمان سیستەم و بەها، ڤێری پرسیاری دکەم، چ هەمان میکانیزم، لە ناو هەمان کابێنە بن لسەنتەری باژێری، مامۆستا وانەبێژ بن، بێریزی بەرامبەر مامۆستا بێت ودەست دریژی لسەر بێتە کرن و وەزارەتا پەروەردەیا بێ دەنگ بێتن، خاندنگا لناڤا ئاخیدا بێتن و (٤٠) قوتابی ل ژورەکا بێتن، ئەڤەیە؟ پێتڤیا لسەر میکانیزمەکی سەردەمیان وەزارەتی پەرەوەردی یاسایی خۆ داریژیتن، خالا شەش، بەحسێ

وەرگرتنا بڕەك پارە كردی، ئەڤە بوویە دیاردەیەكی بەرچاڤ ناڤ خاندنگاها، ئەڤەش بۆ سیستەمی پەروەردەیی سەقەتە، نەشیتن خزمەتگوزاری شایستە دابین بكەتن، مامۆستا ناچارە گێرفانا خۆ خزمەتگوزاری دابێن بكەتن مەعاشی خۆ دوو هەیڤا جارەكی دیتە دان، یان بۆ هەر پێداویستەكی خوێندنگا ناچارن وەرگرن بۆ پرۆسە پەروەردەیی، خالا هەشتی، مامۆستا پێشەنگی سەرەكیە، ڤێری پێم باشە شكۆی مامۆستا بێتە پاراستن و بچاڤەكی مەزنتر تەماشا بكەن، مە دیت هەرەشا لسەر مامۆستا هاتیە كرن، ئەگەر پارێز بەندی هەبێتن زۆر باشە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی یەك و دوو و چوار و سێیەمیش پێویستە ئاماژە بە دامەزراوە حكومییەكان ئەدرێ وشەی پەروەردەیی بۆ زیاد بكرێ، دامەزراوە پەروەردەییە حكومییەكان، باسی زمانی كوردی، پێم باشە وای لێ بكرێ، زمانی كوردی زمانی فەرمی خوێندنە لە سەرجەم دامەزراوە پەروەردەییەكان جگە لەو دامەزراوانەی بۆ پێكهاتەكانە، پێكهاتەكانیش ئاماژەیان پێ دراوە و نەتەوەیەكی تریشی بۆ زیاد بكرێ كە خوێندن بەزمانی دایك بێت ومەرجە زمانی كوردیش بخوێندرێ، خاڵی سێ، بەكارهێنانی توندوتیژی زارەكیشی بۆ زیاد بكرێ، چونكە نادروستە، خاڵی پێنج، قوتابی و خوێندكار بە چەقی فێركردن و پەروەردە، خاڵی هەشت لەگەڵی كە مامۆستاش پیشەنگی سەرەكییە و ئەركییەتی كاری پەروەردەیی بۆ فێرخوازان و گەیاندنی زانیاری و توانستە جۆراو جۆرەكان بە قوتابیان بگەیەنێ و شكۆی مامۆستا پارێزراو بێ، وەرگرتنی پارە، وشەی باخچەش زیاد بكرێ، ئەو پابەند بوونە بۆ پەیمانگا پەروەردەییە حكومییەكان نەبێت ناحكومیش بگرێتەوە، خاڵی حەوت، وەزارەت شێوازی ناناوەندییەتی پەیڕەو بكات لە ئیداری و داراییی بە مەبەستی دەسەڵاتی زیاتر بە بەڕێوەبەری دامەزراوە پەروەردەییەكان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو شرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو قسەكانم كرا، پشتگیری كاك مەم و كاك رزگار و كاك عەلی و دكتۆرە شایان و گولستان خان ئەكەم، بڕگەی سێ، بەكارهێنانی توندوتیژی، لە كاتێكدا ئەبینین سزادانی خوێندكار و لێدان و شكاندنەوە و جیاكاری و جیاوازی كردن بوونی هەیە، بڕگەی شەش ئەڵێ وەرگرتنی بڕە پارەیەك بە مەبەستی خوێندن قەدەغەیە، زۆرجار لە ناوەندەكانی خوێندن ئەبینین بۆ پڕ كردنەوەی پێویستی و كەموكورتی قوتابخانە، ڕەنگە ئیجباریش بێت، ئەمەوێ ئەو پرسیارە بكەم سەبارەت بە بڕگەی شەش و س وشەی قەدەغە هەیە، چۆن موعالەجە ئەكرێ ئەگەر بەردەوام بوون سزا هەیە یان نا؟ بڕگەی حەوت، كار پۆ پیادە كردنی شێوازی ناناوەندی ئەكات، پێم باشە بكرێ بە پێویستە وەزارەت بنەمای ناناوەندی بچەسپێنی و دەسەڵاتیش دیاری بكری و فراوان بكرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك جەمال.

**بەڕێز جمال حويز مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـڕگەی یەكەم، هەرچەنـدە بەڕێـزت ڕوون كـردنەوەت دا، بەڵام چـونكە نووسـراوە سـەرجەم دامەزراوە حكومییەكان، حكومەت دەیان دامەزراوەی هەیە، پێویستە بڵێین سەرجەم دامەزراوە فێركـاری و پەروەردەیـیە حكومییەكـان، بـڕگەی دوو، پشـتیوانی دكتـۆر رێبـوار ئەكەم، بـڕگەی هەشت، پشتیوانی مامۆستا ئەبو بەكر ئەكەم، بڕگەی حەوت، پشتیوانی كاك مەلا ناصر ئەكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو سەوسەن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـڕگەی یەك، ئەڵـێ فێربـوون مـافیكی بە خـۆڕاییە، ئەوە دژ یەكە لەگەڵ مـاددەی (٩) كە ئەڵـێ پێویسـتە جـۆر و تیچـووی خـۆراك لە بـاخچەی منـالانی حكـومی بـۆ خـۆراك كە ئەنجـومەنی بەخێوكار، ئەوە دژە، ئەگەر ڕوون كردنەوە بدەن، بڕگەی دوو، پشـتیوانی ئەو بەڕێـزانە ئەكەم كە زمانی كوردی ڕەسمیە، پێویستە پێكهاتەكان لە پاڵ زمانی كوردی زمانی خۆیان بخـوێنن، بـڕگەی چـوار، پەروەردە و فێركـردن لە دامەزراوە حكومییەكـان لەسـەر هەمـان سیسـتەم و بەهـا، كـام سیسـتەم و بەهـا؟ ئەگەر بـۆ دامەزراوە ناحكومییەكانیشـە پێویسـتە لە پـاڵ حكومییەكـان ناحكومییەكـانیش ئیـزافە بكـرێ، بـڕگەی هەشـت، پـێم باشـە لە كۆتـایی بەو شـێوەی لـێ بكـرێ (مامۆستا پیشەنگی سەرەكییە بۆ پەروەردە و هانـدانی گیـانی فێربـوون و داهێنـان و گەیانـدنی زانیاری و توانستە جۆراوجۆرەكـان بە قوتابیـان، پێویسـتی بە گەشەسـەندنی بەردەوامـی خـۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو دكتۆرە گەلاوێژ.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە بەڕێزان ئەكەم، پـێم خۆشـە ڕوون كـردنەوەیەك بـدەم، لێـرە باسـی پرۆگرامـی خوێنـدنە نەك زمـان، كە بـاس ئەكەن زمـانی كـوردی بخوێنـدری لە دامەزراوە حكومیەكـان و نیودەولەتیەكـان، لە مـاددەی (١٢٦) لە چـوارەم هەیە، ئەڵـێ زمـانی كـوردی ئەبـێ لە هەمـوو دامەزراوە ناحكومییەكان بخوێندرێ، مەبەست پرۆگرامی خوێندنە، لە دووەم پێم باشـە (زمـانی كوردی زمانی فەرمی پرۆگرامەكانی خوێندنە لە سەرجەم دامەزراوەكان جگە لەو دامەزراوانەی تایبەتن بە پێكهاتە وەكو (توركمان و سریان و ئاشوور و كلدان و عەرەب كە خوێنـدن تیایانـدا بە زمانی دایك ئەبێ و ئەو دامەزراوانەی بە پێی حكومەكانی ئەو یاسایە مۆڵەتیان پـێ دراوە كە بە زمـانیكی تـر بخـوێنن)، باسـیان كـرد خوێنـدنگاكان چـۆن ئەبـێ بە زمـانی ئینگلیـزی، مۆڵەتیـان وەرگرتـووە بە زمـانیكی تـر بخـوێنن، شەشـەم، وەرگرتنـی هەر بـڕە پـارەیەك، ئەو ماددەیەمـان هەلگرتبوو وەكو ڕەئی هەمووومان، هەشتەم، مامۆستا پێشەنگی سەرەكییە، ( هینـری) ئەڵـێ پـێم

وایە مامۆستا ئەوەندە کاریگەرە بەخۆشی نازانی کەینی کاریگەری و هۆکارەکانی تەواو ئەبێ لەسەر قوتابی، پێویستە شایستەترین ژیانی هەبێ، پێم باشە بڕگەیەکی تر زیاد بکەین، نۆیەم بۆ ئەوەی گۆڕانێك لە پەروەردە و فێرکردن ڕوو بدات مەرجە هەموو قوتابخانەکان هەمان هەلومەرجێ ستانداردی نیودەوڵەتی زانستی بیانگریتەوە، لەهەمان کاتیش هەریەکیان خاوەنی ئەجێندا و بەرنامەی کەلتووری تایبەت بە خۆیان بن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مسلم.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، رایەکان لەسەر یاسایەکی گرنگە، پشوو درێژ بن، ئەمانەوێ پڕۆژە یاساکە دەوڵەمەند بکەین، بڕگەی دوو، زۆربەی ئەندامان هاوڕا بوون لەسەر ئەوەی زمانی کوردی لە قەیرانە، لە داهاتوو کاریگەری بەدەر ئەکەوێ، ڕۆژ بە ڕۆژ قوتابخانە ئەهلییەکان لە زیاد بوونن و ڕێکلامیشی بۆ ئەکەن ئەو ڕستانە دووبارە ئەکەنەوە کە فێری زمانی ئینگلیزی بوون، کارەساتە، بەشی ئەخیر ئەڵێ ئەو دامەزراوانەی بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە مۆڵەتیان پێدراوە بە زمانێکی تر بخوێنن، پێم وایە ڕێخۆشکردنە ئەبێ لابرێ، بڕگەی شەش، وەرگرتنی بڕە پارەیەك، ئەو بابەتە بوونی هەیە، بەڵگەی ئاشکرا هەیە بە مەبەستی کڕینی پێداویستی قوتابخانە، ماوە، ماوە بەڕێوەبەرایەتییەکان وەرەقە ئەنێرنەوە و داوای پارە ئەکەن بۆ پێداویستی قوتابخانە، پێویستە باخچەی ساوایانیش دابنرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر اسماعیل، ئەو ئەندامە بەڕێزانە قسە لەسەر ئێوە ئەکەن، کە ڕاپۆرتتان وایە، ئەبێ جوابیان بدەنەوە.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە دامەزراوە هاتیە چار جارا، پێتقیە بێتە دامەزراوەی پەروەردەیی، دوو، پشتەڤانیا مامۆستا ئەبو بەکری دکەم، سێ، خالا دوێ پشتەڤانیا مامۆستا رۆمیۆ و خوشکا کلارا خان دکەم، وەکو سالا (٢٠٠٥) (کلدانی و ئاشوور و عەرەبێ) هاتییە، خالا چارێ، نە گەلاکا وازیحە، هەمان سیستەم و بەها، پرسیار هەی، مەخسەد چییە؟ بەڕێزت وتی قوتابی و خوێندکار دووبارە نەکەن، دبێت بێتە چارەسەر کرن، خالا شەشی پشتگێری کاك شیخ زاهر و کاك هیڤیدار، ئیزافەك هەبێت بۆ هەر مەبەستەك هەبێت، بێتە دیاری کرن بۆ هەر مەبەستا هەبێتن، خالا هەشتی، پشتەڤانیا وان خوشك و برا دکەم گوتی حورمەت و ڕێزا مامۆستا بێتە گرتن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تیبێنیم لەسەر خاڵی دوو، پرسیار، ئایا ئەوە پێچەوانەی ئەو یاسایە نییە کە لە خوێندنە ئەهلییەکان بە ئینگلیزییە یان زیاتر گرنگی بەو لایەنە ئەدرێ، بۆ خاڵی سێ، هاوڕای گولستان

خـانم، وشـەی زارەکـی بـۆ زیـاد بکـرێ، خـاڵی شـەش، وەرگرتنـی پـارە، بـۆ ئەوەی کـات نەڕوا، خوێندنگاکان زۆر جار غەرامە هەیە، هاورێیانم باسی پێداویستیان کرد، بە نووسین و داواکاری لەلایەن قوتابی یان دایك و باوکی قوتابی، بۆیە پێم باشە کە ئەوترێ وەرگرتنی هەر بڕە پارەیەك بێڵین بە مەبەستی خوێندن و هەر پێداویستیەکی قوتابخـانە و بـاخچەی ساوایانیشـی بـۆ زیـاد بکرێ، خاڵی هەشت، جەخت لەسەر ئەوە ئەکەمەوە، شکۆی مامۆستا پارێزراو بێت، گرنـگ بـو بە ماددەیەك باسی پێگەی مامۆستا بکرایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەیەك هەیە تایبەتە بە پرەنسیپە گشـتییەکانە، کـۆی یاسـاکە بخـوێننەوە، فەرمـوو سـەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەڵێم ئەو ماددەیە و ئەو یاسایە بۆیا ئەوا گەورەیە زۆر شتی تێدایە دووبارەیە، باسـی بنەمـا گشـتییەکان ئەکەن هـاتووە، لە ماددەکـانی دواتـر بـۆ تەلەبەی بـاخچە هـاتووە، بـۆ بنەڕەتـی و ئامادەییش هاتووە، (٢٠) ماددە هەر زیـادەیە، ئەکـرێ لە داڕشـتنی داهـاتوو مـاددەیەکی گشـتگیر هەمـوو بنەماکـانی تێـدابێ، خـاڵی تـر، لەو هەشـت خـاڵە، ئـیمە دەسـتوورمان هەیە، سیسـتەمی حوکمی دیاری کـردووە، خـاڵی یەك ئەڵـێ خوێنـدن بە خـۆڕاییە، مـاددەی (٣٤) بـڕگەی (٢) باسـی بڕگەی یەکی کردووە، ماددەی (٤) بڕگەی (١) خاڵی دووەمی بـاس کـردووە، مـاددەی (٢٩) بـڕگەی (٣) چوارەمی باس توندوتیژی کردووە، دەستەواژەی دامەزراوە حکومییەکان لە بـڕگەی (١٩، ٢٠) کراوە، باسی دامەزراوە کـراوە، بەڵام پەروەردە و حکـومی، باسـی نـا حکـومی نەکـراوە، ئەبـێ لە دامەزراوە حکومییەکان لێرە هاتووە بگەڕێنەوە بـۆ پێناسـەی پێشـوو، دامەزراوەی پەروەردەیـی حکومی و دائەنێن، پێشنیاریشم بـڕگەی هەشـت باسـی مامۆسـتایە بێـتە پـیش بـڕگەی پێـنج کە باسی قوتابییە، مامۆستا باس بکری لە بڕگەی پێنج باسی قوتـابی بـێ، بـڕگەی شـەش، هـیچ بـڕە پارەیەك وەرناگیرێ، ئەگەر بە مەبەستی خزمەتگوزاری بوو؟ بـڕگەی حەوت، حەز ئەکەم تەوزیـح بدرێ ئایا ئیدارییە یـان کـارگێرییە؟ ئـێمە مەبەدەئـی تەدەروجـی قانوونیمـان هەیە، دەسـتوور و بڕیارمـان هەیە، لە ئەخیـر تەعلیماتمـان هەیە، نـابێ دژی یەك بـن و ئەگەر پێویسـتی بە قـانوون هەبێ دائەنرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی دەستووری هەرێممان نییە، دەستووری عێراق هەیە، ڕاستە لێرە جێ بەجێ ئەکرێ، ئەو مەبادیئە دەستوورییانەی هاتوون بۆ مەجالێکی دیـاری کـراو لەنـاو قـانوون بە مەرجـێ دژی یەك نەبن تەفصیلی پێ بدرێ، نابێ بڵێین لە دەستوور هەیە و لێرە باس نەکرێ، فەرمـوو مـاددەی چوار. ئەگەر ئەتەوێ وەکو لیژنە وەڵامت هەبێ بۆ ئەندامانی پەرلەمان ئەبێ لێرە بێت، فەرمـوو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئیزافەی باشتان کرد، هەول ئەدەین جێیان بکەینەوە، لەسەر کۆی یاساکە سەرچنار خان وتی یاساکە دوور و درێژە، یەکی لە تێبینی ئێمە ئەوەیە ئەو قـانوونە زۆر درێـژە، دووبـارەی زۆر تێـدایە و پێویسـت نیـیە، بەڵام توانـای منـیش سـنووردارە، یەکـێ لە تێبینـی مـن ئەوەیە ئەگەر

ئەندامی بەڕێزی لیژنە لەسەر هەموو ماددەیەك قسە بكەن منیش قسە ئەكەم، چونكە تێبینی زۆرم هەبووە و جێ نەكراوەتەوە، بەڵام ئیحترامەن كە ڕاپۆرتێك ئامادە ئەكرێ ڕێزی لێ ئەگرم، ئەگەرنا ئەو ماددانەی تێبینیم هەیە لەسەری وتوومە قسەی لەسەر ئەكەم، ناكرێ هەموویان ئەو تێبینیانەی هەیان بووە جارێكی تر بیڵێتەوە، لەسەر زمان، بەشێكی زۆری كۆك بووین لەسەر ئەوەی زمانی كوردی كەلتووری ئێمەیە، لەبەردەم مەترسی گەورەیە، ئەركی سەرەكی ئێمە ئەو لیژنە و ئەو قانوونەش ئەبێ پارێزگاری كردن بێ لە شەرەفی ئێمە كە زمانمانە، ئەبێ زمانی كوردی ڕێزی لێ بگیرێ، وەكو خاتوو گەلاوێژ ئاماژەی پێدا لە ماددەكانی تر ئەوە بە ڕوونی ئەبینن، تێبینیەكی تری عامیش، من وەكو ئەندامی لیژنە هەستم كردووە بەشێكی زۆری ئەندامانی بەڕێز كە قسە لەسەر قانوونەكە ئەكەن جوان دیارە تا كۆتایی نەیانخوێندۆتەوە، چونكە هەندێ وەڵامی پرسیاری خۆیان دەست ئەكەوێ ئەگەر تا كۆتایی بیخوێنەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو ماددەی چوار.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەوەری سێیەم/ بنەما گشتی و هاوبەشەكانی پەروەردە و فێركردن:

ماددەی چوار:

١ - فێركردن و گەشە پێدان و بنیاتنانی نەوەیەكی بەهرەمەند بە زانست.

٢- بنیاتنانی تاكی هۆشیار كە شانازی بە نیشتیمان و كەلتووری كوردستانی خۆی بكات و لە بنیاتنانی وڵاتەكەی دا بەشدار بێت.

٣- پەرەپێدانی بەهاكانی دیموكراتی ئاشتی و پێكەوە ژیانی ئاشتییانە و یەكسانی نێوان ڕەگەزەكان و ڕێزگرتنی ئاینەكان و ئازادی تاك و مافەكانی مرۆڤ و پاراستنی ژینگە.

٤- گەشەپێدانی توانستەكانی قوتابی و خوێندكار تا ببن بە هاونیشتیمانییەكی خوێندەوار و داهێنەر و هاوچەرخ و چالاك و خاوەن هۆشیاری كەسایەتی سەربەخۆ كاركردن بۆ ئەوەی فێربوونی بەردەوام بە درێژایی تەمەن ببێتە بەشێك لە فەرهەنگی ژیانیان.

٥- گەشەپێدانی توانای نەوەكان بۆ ئامادە كردنیان تا بەشداری لە ژیانی گشتی كۆمەڵگا و بازاری كار و پێشكەوتنی هەرێمدا بكەن.

٦- ئامادە كردن و هاندانی قوتابیان و خوێندكاران تا بەردەوام بن لە خوێندن لە قۆناغی بەرزتر دا.

٧- گرنگیدان بە پەروەردەی وەرزشی و هونەری و جەستەیی قوتابیان و خوێندكاران.

٨- كاركردن بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و ڕەخساندنی هەلی فێربوون و گەڕاندنەوەی دابڕان بۆ ناوەندەكانی خوێندن.

٩- هێنانە ئارای كۆمەڵگایەك كە بڕوای بە ئاوێتە كردنی پەروەردەیی كەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەبێت بەپێی بنەماكانی یەكسانی بۆ ئەوەی فێركردنێكی ئاست بەرزیان بۆ دابین بكرێ.

١٠- بەهێزكردنی تواناكانی قوتابیان و خوێندكاران بۆ بیركردنەوەی زانستی ئەنجامدانی توێژینەوە و تاقی كردنەوەكان بە بەكارهێنانی سەرچاوەی زانستی و تەكنەلۆژیای پێشكەوتوو.

١١- هەوڵدان بۆ راهێنانی قوتابی و خوێندکار لەسەر شێوازە هاوچەرخەکانی خوێندن و پەرەپێدانی توانستی پیشەیی خوێندکاران و ئامادە و مەشق پێکردنیان بە ئاراستەی خۆگونجاندنی تواناکانیان لەگەڵ پیشەیەکی دیاری کراوی پێویست لە بازاری کاردا.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت لەسەر ماددەی (٤) قسە بکەن ئەم بەڕێزانەن، کاك (رزگار)، (گلیزار) خان، کاك (د.زیدان)، کاك (جلال)، کاك (چیا)، مامۆستا (ابوبکر) کاك (مەم برهان)، کاك (د.اسماعیل)، (هلز) خان، (سەرچنار) خان، کاك (دیاری)، کاك (د.محی الدین)، (مژدە) خان، کاك (نزار)، (لیزا) خان، کاك (هیمداد)، مامۆستا (نجاة)، (شنۆ) خان، کاك (ذکری)، مەلا (هەورامان)، (بدریە) خان، کاك (بەڵێن)، (روپاك) خان، (شیرین) خان، کاك (گۆران)، (د.شایان)، (بدریە) خان، فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، سەبارەت بە ماددەی (٤) بڕگەی دووەم بنیادنانی تاکی هۆشیار کە شانازی بە ئاین و نیشتمان و کلتووری کوردستانی خۆی بکات و لە بنیادنانی وڵاتەکەیدا بەشداربێت، بە ئاین و نیشتمان (ئاین)ی بۆ زیاد بکرێت، سەبارەت بە خاڵی سێیەم پەرەپێدانی بەهاکانی پێش دیموکراتی پەروەردەی ئیسلامی دیموکراسی و ئاشتی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە بری یەکسانی چەسپاندن و دادپەروەری بۆ زیاد بکرێت، سەبارەت بە خاڵی چوارەم گەشەپێدانی توانستەکانی قوتابی و خوێندکار تا ببن بە هاونیشتمانییەکی خوێندەوار داهێنەری هاوچەرخ، چالاك خاوەن هۆشیاری، کەسایەتی سەربەخۆ کارکردن بۆ ئەوەی فێربوونی بەردەوام بەدرێژایی تەمەن ببێتە بەشێك لە باتی فەرهەنگ ببێتە (خولیای ژیانیان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (ذکری)، فەرموو.

**بەڕێز ذکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، ماددا (٤) من پێم باشە خالا یەك و دوو بکەنە یەك خاڵ بەم شێوەی لێبکرێت، یەکەم فێرکردن/ فێرکردن و گەشەپێدان و بنیادنانی نەوەیەکی بەهرەمەند بە زانست و تاکەکی هۆشیار کە شانازی بە نیشتمان و کلتووری کوردەواری خۆی بکات، هەرچەندە برادەران بەحسێ مامۆستایەکی براستی مامۆستا شەرحەکا گەلەکا مهمە...

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددە (٤) کاك (ذکری).

**بەڕێز ذکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە ژیانەکا شایستە بۆ مامۆستایی بێتە دابین کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، پابەندی ماددەکە بن بەڕێزان، کاك (بەڵێن)، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم، فێرکردن و گەشەپێدان و بنیادنانی نەوەیەکی بەهرەمەند بە زانست و پەروەردە، (پەروەردە)کە زیاد بکرێت، چونکە هەدەف لە ئامانجەکە لە تەواوی یاساکە زیاتر پەروەردەیە وەك لە فیرکردن، بڕگەی پێنجەم لەگەڵ بڕگەی یازدەهەم ئەگەر بخوێنینەوە گەشەپێدانی توانای نەوەکان بۆ ئامادەکردنیان تا بەشداری لە ژیانی گشتی کۆمەڵگا و بازاڕی کارو پێشکەوتنی هەرێمدا بکەن، یازدەهەم هەوڵدان بۆ راهینانی قوتابی و خوێندکار لەسەر شێوازە هاوچەرخەکانی خوێندن و پەرەپێدانی توانستی پیشەیی خوێندکاران و ئامادە و مەشق پێکردنیان بە ئاراستەی خۆگونجاندنی تواناکانیان لەگەڵ پیشەیەکی دیاریکراوی پێویست لە بازاڕی کاردا، یەعنی هەر یەك ئامانجی هەیە، یەك هەدەفە، یەك داڕشتنە یەك بخرێ، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (د.اسماعیل)، ناومان خوێندیتەوە لێرە نەبووی، (د.محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) بڕگەی سێیەم پێشنیاری ئەوە دەکەم کە یەکسانی نێوان رەگەزەکان بکرێتە (یەکسانی رەگەزیی)، لەتەکیدا وشە (لێبوردەیی) بۆ زیاد بکریت، لە هەمان کاتدا خاڵی سێیەمیش دیسان باس لە پەرەپێدانەکەی لابدرێت بکرێتە (راهێنان و کارکردن بۆ چەسپاندنی بنەماکانی دموکراتی و ئاشتی و پێکەوە ژیان و هتد) لەگەڵ ئەوەی (کاری بەکۆمەڵ و گیانی لێبوردەیی) ئیزافە بکرێت لەو بڕگەیەی، ئەوەی تری پەیوەندی بەوە هەیە کە بڕگەی چوارەمە ئاخیر دێری نووسرایە بۆ ئەوەی فێربوونی بەردەوام بەدرێژایی تەمەنی، قوتابی یان خوێندکار لە قۆناغی بنەڕەتی کە دەکاتە سێی ئامادەیی بەدرێژایی تەمەنی هەر لەو خوێندنگەیەی نامێنێت، بۆیە بەدرێژایی تەمەنی ناکرێت، پێم وایە ئەوە زیادەیە ئیزافەیەکی لێ ئەوە دەکەین، پێم وایە بەدرێژایی تەمەنی لابدرێت دەستەواژەیەکی زیادە، بڕگەی یازدەهەم ئەوەیە پێشنیاری یەکەم بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە (کارکردن بۆ راهێنانی قوتابیان و خوێندکاران لەسەر شێوازە هاوچەرخەکانی خوێندن وە پەرەپێدانی زانستی بە زانیاری ئەوتۆ بتوانی بە دەنگ پێداویستییەکانی کۆمەڵگا و رۆژگاری ئەوتۆ پشت بەستێ بە پەیڕەکردنی شێوازی زانستی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان)، پێشنیاری ئەوە دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت بە زنجیری دوازدە بەو شێوەی لێبکرێتەوە (دەستەبەرکردنی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی بە ئاراستەی کاری بەرهەمهێن و دەستپاکی، راستگۆیی، بڕوابەخۆبوون، هەڵسوکەوتی دروست بەرامبەر فێرگە و مامۆستا و پرۆسەی پەروەردە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (رزگار عیسی سوار)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤)، فەقەرەی دوو (مێژوو) زیاد بکرێتن، بنیادنانی تاکێکی هۆشیار کە شانازی بە نیشتمان و کەلتوور و مێژوو بکاتن، گەلەك کە مێژووی نەبیتن، کەلتووریشی نابیتن ئەو گەلەش کە مێژووی خۆی نەناسی رەگ و ریشەی کوتال نابیتن لەو خاك و نیشتمانە، لە فەقەرەی سێیەم یەکسانی لە فەقەرەکانی پێشتریش گوتمان بکرێتە دادپەروەری، لە ماددەی چوارەم، دێری سێەم کە باس دەکرێتن بۆ فێربوون داهێنانی لێ زیاد بکرێتن ببیتە بەشەك (فەرهەنگ) لابرێتن بکرێتە پرەنسیپوو بنەمای ژیانی، لە بڕگەی پێنجەم هەمووی ناخوێنمەوە، بەڵام بەم شێوەی لێبکرێت (گەشەپێدانی توانای قوتابیان بۆ ئامادەکردنیان وەك بیرمەند و داهێنەر تا پێشەوا بی لە ژیانی گشتی و کۆمەڵگا وە پێشکەوتن لە جیهان و هەرێمی کوردستان)، ماددەی (٦) هەرێمی کوردستان و ئەم دێرەشی لێ زیاد بکرێتن (بەجۆرەك کە جیهان پشت ببەستیتن بە هێز و ئاستی زانستی و توانایی کاری قوتابیانی هەرێمی کوردستان) داواش لە هەموو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان دەکەم ئەم یاسایە ببیتە ئەوەی قوتابیانی هەرێمی کوردستان بازاڕی جیهانی داگیر بکەن هەم لە رووی زانستییەوە هەم لەڕووی توانا، ماددەی شەشەم بەم جۆرەی لێبکرێت (هاوکاری و زەمینەسازی ماددی و مەعنەوی و دەروونی و جەستەیی بۆ قوتابیان بۆ خوێندنی بەردەوام و بەرزتر، بڕگەی حەوتەم، گرینگیدان پەروەردەی وەرزشی و هونەری و دەروونی لێ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (جلال)، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی پێنجەم و شەشەم پشتگیری وتەکانی کاك (ڕزگار عیسی سوار) دەکەم دەمەوێت لەسەر ماددەی حەوتەمیش قسە بکەم بەڕاستی گرینگیدان بە پەروەردەی وەرزشی هونەری جەستەی قوتابیان، ئێمە لە کۆنەوە هەموومان کە قوتابی بوین ئەوەی جیلی منە بەبیری دێت لە ئیستیفاف رادەگیراین و نەشیدی نیشتمانی و چەندین جموجۆڵی وەرزشی بە ئێمە دەکرا ئێستا بەداخەوە لە هەموو وڵاتانی جیهانیش سیستەمە لە قۆناغی بنەڕەتی را هەموویان جودا دەکردنەوە کامە بۆ باسکە باشە، کامە بۆ بالە باشە، کامە بۆ تۆپێ باشە، کامە بۆ هونەرەکانی جەنگی باشە، کەچی لە وڵاتی خۆمان زۆربەی زۆری کە دەگاتە بنەڕەتی و دواناوەندیش دەرسی وەرزش، هونەر دەرێن بابدرێتە (کیمیا)ی، بدرێتە (فیزیا)ی، ئەوڕۆ با نەخوێندرێت، باشە چۆن ئێمە دەتوانین ئەو جیلە پێ بگەینین لەبواری وەرزش و هونەر کە ئەوڕۆ دوو چەکی کاریگەرە لە ئاستی دونیا هەموو وڵاتان بە هونەر و وەرزش.. بەتایبەتی وەرزش، کەچی ئێمە دەرسەکان فەرامۆش دەدەینە ماددەکانی تر، بەڕاستی زۆر گرینگە هەر قوتابی لە سەرەتا لە بنەرەتی ئەگەر گرینگی بە وانەی وەرزش و بە هونەر بدریت بە صەراحەت سەلیقەی دەبێت بۆ خوێندنیش،

توانایەکی باشی دەبێت، مێشکی لەڕووی دەروونییەوە ئارام دەبێت بۆ ئەوەی لەڕووی وەرزش و هونەرییەوە بەرەوپێش بچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (چیا)، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکی لسەر ماددا (٤)، خالا (٣)ە بەهاکانی دیموکراتی لڤێرێ بکرێتە (دیموکراسی) ئاشتی و پێکڤە ژیان ئەڤە بەشەکە ژدیموکراسی پێویست ناکات، رێزگرتنا ئاینی هەر بەشەکە ژدیموکراسییە، ئازادیێ تاك و مافی مرۆڤ ژبەشەکە ژدیموکراسی، کورتر بێتە کرێنێ، هەروەسا خالا (٥،٦،٧،٨،٩،١٠،١١) خالەکی زۆر زۆر تیکرارینە من پێ باشە تەخلیصەك بێتە کرنێ چونکی ئەڤ هەشت خالا هەموو لسەر بەهێزکرنی توانای قوتابییە یەك بوارێ وەرزشییە، بوارێ ژیانێیە، بوارێ پێداویستی تایبەتە، بۆیە ژپێویست هەشت خالا ناکەت، ئەم دشێین ڤی هەشت خالا بکەینە یەك خال، بەس وەکو مەسەلەن وەرزش و هونەری، پێداویستیێ تایبەت، قوتابیی و بەهێزکردن بەم شێوازێ هەتا دوماهیێ، مەشقکردن، بۆچی ئەم دهەشت خالا بنڤیست، ئەم دشێین یەك خالێ ئیشارەتا ڤان خالا بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (نزار)، فەرموو.

**بەڕێز نزار مەلا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئامانجە گشتی و هاوبەشەکانی پەوەردە و فێرکردن لە ماددەی (١) یەکەم فێرکردن و گەشەپێدان و بنیاتنانی نەتەوەیەکی بەهرەمەندو بە زانست، پێم باشە وشەی (پەروەردە)ش لە پیش (فێرکردن) زیاد بکرێت، لە ماددەی (٢) پشتگیری لە کاك (رزگار) دەکەم سەبارەت بە وشەی (مێژوو) لە پێش وشەی (نیشتمان) زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(لیزا) خان، فەرقتان نییە (گلیزار) خان، فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤)، خاڵی سێیەم هەمان تێبینیم هەیە کە تەوزیحم کرد لە ماددەی (٢) خاڵی یەکەم، کە لەجیاتی وشەی (یەکسانی) باشتر وایە وشەی (هاوسەنگی) دابنرێت، سوپاس،

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(لیزا) خان، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە بڕگەی دووەم، کاتێك دەڵێت (کە شانازی بە نیشتمان و کلتووری کوردستان بکرێت) بەڕای من (زمان)یشی بۆ زیاد بکرێت (کە شانازی بە نیشتمان و زمان و کلتوور بکرێت)، هەروەها بڕگەی سێیەم لێرە دەستەواژەی کە باس لەوە دەکات (رێزگرتنی

ئاینەکان) لە هەرێمی کوردستان تەنها پێکهاتەی ئاینی نییە، بەڵکو پێکهاتەی ئاینی و نەتەوەیش هەیە وەکو خوشك و برا تورکمانەکان بۆیە پێم باشە لێرە (ئاینی و نەتەوەکان) زیاد بکرێت، وشەی (نەتەوەکان)یشی بدرێتە پاڵ، هەروەها لە بڕگەی چوارەمیش کە باس لە رستەی کۆتایی باس لە کارکردن بۆ ئەوەی فێربوونی بەردەوام بەدرێژایی تەمەن باس لەوە دەکات بەڕای من (کارکردن) وشەیەکی زۆر گونجاو نییە لێرە، با (هاندان) بێت، هاندان بۆ ئەوەی فێربوون و هزرسازی، وشەی (هزرسازی) دەتوانین لێرە زیاد بکەین بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی هزر و پێگەیاندنی هزر دێت، هەروەها لە حەوتەم پشتگیری لە قسەکانی کاك (رزگار) دەکەم، کە دەڵێ لێرە وشەی (دەروون)ی بۆ زیاد بکرێت، گرینگیدان بە پەروەردەی وەرزشی و هونەری و جەستەیی و دەروونی، هەورەها لە بڕگەی نۆیەم هێنانە ئارای جوانترە بکرێتە بۆ پێگەیاندنی، هێنانە ئارا ببێت بە پێگەیاندنی کۆمەڵگەیەك، چونکە هێنانە ئارا تۆزێك وشەیەکە لەگەڵ یاسا جوان نییە، بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵگەیەك، هەروەها دەیەم داهێنانی نوێی بۆ زیاد بکرێت دیسان کاك (رزگار) باسی لە داهێنانی نوێ کرد، بۆی ئەوەی کە گرینگی بدرێت بە داهێنانی نوێ هەم بۆ مامۆستایان هەم بۆ قوتابیان زۆر جار ئێمە وەکو پەرلەمانتار قوتابیان دێن قسەمان لەگەڵ دەکەن کە داهێنانێکی نوێیان هەیە، بەڵام هیچ شوێنێك نییە کە سەردانی بکەن بۆ ئەوەی گرینگی بە داهێنانەکانیان بدرێت، بۆیە باشترە بڕگەیەکی دیکە بۆ ئەم ماددەیە زیاد بکرێت، بڕگەی دوازدەهەم گرینگیدان و پاڵپشتیکردنی بیرۆکەی نوێ و داهێنەرانەی قوتابیان و مامۆستایان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (هیمداد)، فەرموو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) ئامانجە گشتی و هاوبەشەکانی پەروەردە فێرکردن خاڵی دووەم بنیاتنانی تاکی هۆشیار لەجیاتی ئەو تاکەی تاك گشتییە، ئێمە ئەو یاسایە یاسای پەروەردەیە بیێتە قوتابی باشترە کە شانازی بە نیشتمان و کەلتووری کوردستانی خۆی بکات و لە بنیاتی وڵاتەکەیدا بەشداربێت، لێرە من هەمان فکرەم هەبوو بۆیە پشتیوانی لە (لیزا) خان دەکەم، ئاینی و نەتەوەیی زیاد بێت، لە هەمان کات پشتیوانی لە کاك (چیا) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (دیاری)، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (٤) یەعنی بڕوا بکە لە چەندین بەشی دیکەی ئەم پرۆژە یاسایەیا ئامانجە گشتییەکان بەلایەنی کەمەوە رەنگە دە پەڕەی گرتبێت، دە جار دووبارە بووبێتەوە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم تەواوی ئەم یانزە بڕگەیەی کە لە ماددەی (٤) دا هەیە، تەواوی ئامانجە گشتییەکان لە خوێندنی باخچەی ساوایان، لە خوێندنی بنەڕەتی، لە خوێندنی ئامادەیی بۆ نموونە، بەشێکی گەورەی هەموو ئەمە نازانم بۆ ئەوەندە پێداگرییان کردووە لەسەر دووبارەکردنەوەی بەشێك لەم شتانە، دەکرێت بکرێت بە دوو خاڵ بەشێك بێت لە ئامانجە

گشتییەکان هەر بۆ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، بۆیە پێشنیاز دەکەم بەم جۆرەی لێبکرێت، هیوادارم، ماددەی (٤) (ئامانجە گشتی و هاوبەشەکانی پەروەردە و فێرکردن بریتییە لە فێرکردن و گەشەپێدان و بنیادنانی نەتەوەیەکی بەهرەمەند و هۆشیار کە بەشداربێت لە بنیادنانی وڵاتەکەیدا شانازیکردن بە نیشتمان و کلتووری وڵاتەکەیەوە بکات و تاکێك بێت بڕوای بە بەهاکانی دیموکراسی، ئاشتی، پێکەوە ژیان، رێزبگرێت لە ئازادی تاك، ئازادی رادەربڕین و مافەکانی مرۆڤ و باوەڕی بە خوێندنی هاوتای خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان هەبێت) یەکەم، دووەم ( گرینگیدان بە تواناکانی خوێندکار لەڕووی پەروەردە و وەرزش و هونەر و پیشەیی و بیرکردنەوەی زانستی و ئەنجامدانی توێژینەوە و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و بەشێوەیەکی دروست و گەشەپێدانی توانای نەوەکان بۆ بەشداریکردنیان لە ژیانی گشتی و نەهێشتنی نەخوێندەواریدا)، واتا ئامانجەکان هەوڵەکان هەمووی ئەمانە دەکرێت بە پێنج دێر بە شەش دێر جێ بکرێنەوە لە تەواوی پڕۆژە یاساکەدا، یەعنی لە چەند بەشێکدا دەچێتە هەر بەشێکی ئەم پڕۆژە یاسایەوە کە ئامانجەکان دانراوە دیسانەوە کۆمەڵێك لەم دێرانە دووبارە کراونەتەوە، چەند بڕگەیەکی بۆ دانراوە، بۆیە بەڕاستی ئەمە هیچ زەروور نییە و من پێشنیاز دەکەم بەم جۆرەی لێبکرێت، پشتیوانی لە قسەکانی (لیزا) خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا (ابوبکر)، فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە ئەم (١١) خاڵە زۆرە دەکرێت لە چوار پێنج خاڵ کورت بکرێتەوە، بۆ نموونە لەسەر تاکی وشیار لە بڕگەی دوو، پێنجدا هاتووە، لەسەر مەسەلەی توانست و توانا لە بڕگەی چوار و پێنج و دە و یانزەیا هاتووە، لەسەر مەسەلەی گەشەپێدان لە بڕگەی چوار و پێنجدا هاتووە، لەسەر بەردەوامی لە خوێندن تا عومر بمێنێ لە بڕگەی چوار و شەشدا هاتووە، زۆربەی زۆر دووبارەن، خاڵی سێیەمیش مەبەست چییە لە یەکسانی نێوان رەگەزەکان؟ کە ئێمە هەر دوو رەگەزمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (مژدە) خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی کاك (دیاری)، مامۆستا (ابوبکر) دەکەم، سەبارەت بە ماددەی (٤) پێشنیار دەکەم خاڵی دووەمی بەم شێوەیە بێت (بنیاتنانی تاکی هۆشیار کە شانازی بە ئاین و نیشتمان و زمان و کلتووری کوردستانی خۆی بکات و لە بنیاتنانی وڵاتەکەیدا بەشداربێت)، دەستت خۆش بێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(شنۆ)خان، فەرموو.

**بەڕێز شنو اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی مامۆستا (ابوبکر) دەکەم، سەبارەت بە ماددەی (٤)، بڕگەی چوارەم دووبارەی بڕگەی یەکەمی هەمان ماددەیە وبڕگەی یەکەمی ماددەی دووەمە کە باس لە گەشەپێدانی توانستەکان قوتابی وخوێندکار دەکات، باس لە هاونیشتمانییەکی خوێندەوار و داهێنەر وهاوچەرخ وچالاك، ئەمە بەتەواوەتی دووبارەیە وپێشنیار دەکەم لاببرێت، پێنجەم باس لە بازاڕی کار دەکات، بەهەمان شێوە لە بڕگەی دەیەمی هەمان ماددەیە روونتر باس لەم بابەتە کراوە کە دەڵێ (گونجاندنی تواناکانیان لەگەڵ پیشەیەکی دیاریکراوی پێویست لە بازاڕی کاردا) پێنجەم لابدرێت، (گرنگیدان بە پەروەردەی وەرزشی و هونەری و جەستەیی) مەبەستیان چییە؟ ئەگەر لیژنەی تایبەتمەند وەڵام بدەنەوە، هەروەها (ئەتەکێت) زیاد بکرێت، (گرینگیدان بە پەروەردەی وەرزشی و هونەری و ئەتەکێتی قوتابیان و خوێندکاران)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (شیرین امین)، فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤)، بڕگەی دووەم (بنیاتنانی تاکی هۆشیار کە شانازی بە نیشتمان و کلتووری کوردستانی خۆی بکات و لە بنیاتنانی وڵاتەکەیدا بەشداربێت) سەبارەت بەم بڕگەیە پشتگیری لە رەئی (بدریە) خان دەکەم کە (ئاین)ی بۆ ئیزافە بکرێت، سەبارەت بە بڕگە سێیەم (پەرەپێدانی بەهاکانی دیموکراتی، ئاشتی، پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، یەکسانی نێوان رەگەزەکان هەمان پرسیاری مامۆستا (ابوبکر)م هەیە، پشتگیری لە رەئیەکەشی دەکەم، ئایا مەبەست لە رەگەزی سێیەمیشە ئەگەر مەبەست لە رەگەزی سێیەمیش بێت بۆ ئەو کەسانەی بابڵێین کە بە خۆڕسك یان سرووشتییە لەڕووی جەستەیی و تەندروستی و زانستییەوە ئەو ئەشکالەیان هەیە زۆر زۆر ئاساییە، بەڵام ئەگەر مەبەست لەو کەسانە بێت کە لەسەر خواستی خۆیان دەستکاری رەگەزەکانیان دەکەن بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە ئەو جۆرە کەسانە بەداخەوە لەم یاسایەدا بەدەر بکرێت، سەبارەت بە بڕگەکانی تر بە هەمان شێوە پشتگیری لە رەئی کاك (چیا) دەکەم، پێویست دەکات بڕگەکانی تر هەست دەکەین بە دوور و درێژی و بگرە دووبارەش هاتووە بۆیە رێك بخرێتەوە و تێکەڵکێش بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.هەورامان)، فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، من لەسەر ماددەی (٤) قسە دەکەم، بڕگەی یەکەم بەم جۆرەی لێبکرێت (فێرکردن و گەشەپێدان و بنیاتنانی نەوەیەکی) لە جێی (بەهرەمەند)، (دەوڵەمەند) بە زانست، دووەم (بنیاتنانی تاکی هۆشیار کە شانازی بە ئاین و نیشتمان و کلتووری کوردستانی خۆی بکات و لە بنیاتنان و پاراستنی وڵاتەکەیدا بەشدار بێت) واتا هەم (بنیاتنان)، هەم حیفز و ئامادەی رووبەڕووبوونەوەی هەبێت کاتێك ئەگەر وڵاتەکەی کەوتە ژێر

مەترسی، سێیەم پەرەپێدانی هەتا دەگاتە پەرەپێدانی ئاشتییانە، دوایی کە باسی یەکسانی نێوان رەگەزەکانە بەم جۆرەی لێبکرێت (چەسپاندنی دادگەری نێوان هەردوو رەگەز) رەگەزەکان لابرێت دوای کە دی دەڵێ (رێزگرتنی ئاینەکان)، (رێزگرتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و ئاینەکانی دیکە، ئازادی تاك مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی ژینگە)، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (گۆران)، فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ماددەی (٤)، خاڵی دووەم قسە دەکەم، (بنیاتنانی تاکی وشیار کە شانازی بە نیشتمان و کلتووری کوردستانی خۆی بکات و لە بنیاتنانی وڵاتەکەیدا بەشدار بێت)، داوا دەکەم (پاراستنی زمانی بۆ زیاد بکرێت)، چونکە یەکێك لە بنەماکانی بوون بە دەوڵەت بەهێزکردن و دەوڵەمەندکردنی زمانە، لەناو هەموو گەلاندا بەس گەلی کوردە پارێزگاری لە زمانەکەی خۆی ناکات، نمونە بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق زمانی کوردی و عەرەبی زمانی فەرمییە لە وڵاتی عێراق، ئێمە ئەو کوردانەی کە بەشێك لە شارەکانی ئەوان نیشتەجێن ئایا ئەوانە رێگە بەوە دەدەن کە ئەو کوردانەی کە نیشتەجێن لەوێ بە زمانی عەرەبی لەناو قوتابخانەکاندا بخوێنن، بەڵام ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەو عەرەبانی کە لێرە نیشتەجێن پارێزگاری لە زمانەکەی خۆیان دەکەن و بە زمانی خۆیان دەخوێنن لە قوتابخانەکاندا، بۆیە پێویستە تاکی کورد هۆشیار بکرێتەوە لە پارێزگاریکردن لە زمانی کوردی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.زیدان)، فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەنگە تێبینیەکانی من هەم ئەم ماددە بگرێتەوە کە تایبەتە بە ماددەی (٤)، هەمیش ماددەی (٣)ی پێشتری خۆی، بە حوکمی ئەوەی پێشتر لە لیژنەش تێبینییەکانم خستبووە روو لەسەر داواکاری لیژنە خودی خۆشیان داوایان لێکردم کە ماددەکانی هەمووی تایبەت بە بنەماکان تایبەت بە ئامانجەکان تایبەت بە مانەوەش لە هۆڵ کە نزیکەی دە دوازدە ماددە بوو بکەمە سێ ماددە، ئەو ئەرکەشم کێشا هەمووم رێك خستەوە دایتمە سەرۆکایەتی لیژنەش کە بنەماکانی یەك ماددە بێت، چونکە یاساکە تەنها یاسای پەروەردە و خوێندنە، فێرکارییە، ئامانجەکانیش ئەو پێنج ماددەیەی کە هەیە لە ماددەی (٤)، ماددەی (٦)ی (ئامانجی باخچەکان)، ماددەی (١١)ی (ئامانجی بنەڕەتییەکان)، ماددەی (١٥)ی (ئامانجی ئامادەییەکان)، ماددەی (٢٢)ی (ئامانجی پەیمانگاکان) هەموومان رێك خستۆتەوە کردوومانە ئامانجی ئەم یاسایە، ئەم رێکخستنەوەیە بەداخەوە سەرۆکایەتی لیژنەش بە پەسەندی وەرنەگرتوو ئێستاش ئەو ماددانە هەموویان دووبارەن، ئەو ماندووبوونەش بە هەدەر رۆیی، بۆیە تیبینییەکانی ئێمە پێویستە بەهەند وەربگیرێ، پێویستیشە بۆ خزمەتی یاسایەکە بێت، چونکە هەر کەسێك کە دێ ئەم یاسایە دەخوێنێتەوە ناڵێ دەچم ئەم بەشە دەخوێنمەوە کە پەیوەندی بە باخچەکانەوە هەیە یان بە بنەڕەتی و ئامادەیی یان هەر بەشێکی تر تا پەیمانگاش، کەواتە پێویستە ئەو تێبینیانە

وەرگرنەوە وەکو خۆی دابڕێژنەوە بۆ ئەوەی سوودی گشتی هەبێت و هەموو خاڵەکانیش کۆکراونەتەوە هەمووی کراونەتە یەك ماددە لە هەر سێ بڕگەکاندا.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (نجاە) خان، فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددێ (٤) برگێ حەفتێ پالپشتیا ئاخافتنێت کاك (جەلال پەریشان)ی دکەم، کو بەدەل (گرینگیدان) ببیتە (پابەندبوون بپەروەردەی وەرزشی و هونەری) ل بەر هندێ دا ئەڤ دووانە بگرینگی بهێنە وەرگرتن شیناوێ چ ماددەێ دی نەوەرگرن، هەروەسا ل ڤێرێ ماددێ حەفتێ (جەستەیی) ئەم دشێن چونکی وەرزش ژجەستە ژتێدا هەی محتاجی نەجەستیی بکا تێدا، سەبارەت ماددا دەهێ دێرا دوماهیکێ هەکە ئەم بەرێ خۆ بدەینێ هەمی بخینین ڤی شکلی لێبکەین دێرا دوماهیکێ (بەهێزکردنی قوتابیان تواناکانی قوتابیان و خوێندکاران بۆ بیرکردنەوەی زانستی ئەنجامدانی توێژینەوە و تاقیکردنەوەکان بە دابینکردنی سەرچاوەی زانستی و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بۆ بەکارهێنان) تڤیا دابین ببی پاشی بەکاربینن، نە یەکسەرا ئەم بەکاربینن، تبیا وەزارەت دابین بکاتن سەرچاوێت زانستی تەکنەلۆژیا و پێشکەڤتی پشتی هەنگی بهێتە بەکارهینان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(کلارە)خان، فەرموو.

**بەڕێز کلارە عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاڤاکرنا تاکی ل سەر بنەما بەهاکانی مرۆڤایەتی وڵاتەکی سەرکەفتی و بهێز دروست کەت، دویرش دەمارگیریا ئاینی نەتەوەیی ئەڤەش قۆناغا زارۆکی دەسپێکاتن کوردستانێ ئەم پێدفی بنەوەیەکی وەساینە، چونکە کوردستان یا هەمەجۆری ژلایەنی نەتەوەیی و ئاینی، لەوما پێشنیار دکەم ماددا (٤) برگا دوێ وەسا لێبهێتن (بنیاتنانی تاکی هۆشیار نیشتمان پەروەر، رێزگرتن، باوەری بهەمەجۆریا ئاینی و نەتەوەیی هەبیتن شانازی بمێژوو کەلتووری گەلێ کوردستانێ بکات ل بنیاتنانی وڵاتەکی بەشداربیتن) یاسایی ژی پەرەپێدانی بەهاکانی مرۆڤایەتی بهێتە زێدەکرن، دگەل دیموکراتی، هەروەسا پشتگیری لە قسەکانی (لیزا) خانی دکەم سەبارەت (رێزگرتنی ئاینەکان و نەتەوەکان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددا (٤)، خالا یەکێ (فێرکردن و گەشەپێدان و بنیادنانی نەوەیەکی بەهرەمەند بە زانیاری)، نەك بە (زانست) بە زانیاری مەعلوماتی هەبن خو بخو مەعقول نینە وی علم هەمی هەبی بەس مەعلومات دروستە ل وێرێ پتر جهێ خۆ دگریتن بدروست دبینم، خالا دوێ بێژیتن (کە شانازی بە) پشتگیریا خوشکا (مژدە) دکەم (بە ئاین و نیشتمان)، ئاین بێتە بەری نیشتمانی، هەمی وەکو

یەکی شانازی بدینێ خۆ ببەن، خالا سێیێ پشتگیری و پشتەڤانیا خوشکا (شیرین)، مامۆستا (ابوبکر)ی دکەم ڕەگەزەکان ناچڤی ل ڤێرە بیت چ زهنا مرۆڤی نەچیت بۆ تشتەکی دی، هەردوو ڕەگەزن لەنێـوان دوو ڕەگەزدا ڕەگەزەکـان نەمینیـتن ئەڤ جەمعەکـا دەبیـتە ئەگەری هەنـدێ چیدبیتن فکرا مرۆڤێ بوو جهەکی دی بچیتن، دیسا دیڤرا دبیژیتن ڕێزگرتنـی ئاینەکـان بەری وی ببیتە (ڕێزگرتنی ئـاینی ئیسـلام و ئاینەکـانی تـر) پشتەڤانیا مامۆستا (هەورامـان)ی دکەم دڤـێ بۆچونێدا، خالا ئەخیری دبێژیتن (هەوڵدان بـۆ ڕاهێنـان) ئەو هەوڵدان نەمینیـت ئەمـا ڕەئسـەن (ڕاهێنان) دا بیتە ئەرکەك واجبەك ڤێ ڕابیتن ئێك ژئەهداف ئەڤەنە نە ئەهـدافا مەحـاوەلە کـرنە ئینەما ئەهداف ڕابوونا ڤی کاری ڕاببیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (مەم بورهان)

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن بـۆ لیژنەکـان جەخـت لەسـەر ئەوە دەکەمەوە ئێسـتاکە بەس تەنهـا نمـوونەی ئەم مـاددەیە نزیکەی (٦٠%)ی وشەکان لادەبەم تەماشای بکەن بزانن هیچ مانا دەگۆڕێت یا پوخت تـر دەبێـت، زۆر زۆر درێــژدادڕی هەیە بەداخەوە سـەرەرای دەسـت خۆشـیم بـۆ مانـدووبوونیان بـۆ ئەو زەمیلانەمان، بڕگەی یەکەم لـێگەڕێ، بـڕگەی دووەمیـان (بنیاتنـانی تـاکی هۆشـیار کە شـانازی بە نیشتمان و کلتوورەکەیەوە بکات بـۆ بنیاتنـانی وڵاتەکەی) تەبـعەن (کلتـوورەکەی) نەك کلتـووری کوردستانی زیادە، نە ئەفغانییە نە سیریلانکییە یەعنی ئەو شتانە نیـیە پێویسـت بەو تەفاصـیلە ناکات لێرە هاتووە، خاڵی سێیەم پەرەپێدانی بەهاکـانی دیموکراسـی و پـێکەوە ژیـانی ئاشـتیانە یەکسانی نێوان ڕەگەزەکان ڕێزگرتنی ئاین، ئازادی تاك مافی مرۆڤە، ژینـگە هەمـوو ئەمـانە لەنـاو سیسـتمی دیموکراسـیا کە وتـت ڕێـزی بگیرێـت هەمـووی جـێگەی دەبێـتەوە، پـێکەوە ژیـانی ئاشتییانە جێگای ئاشتی دەبێتەوە مافەکـانی مـرۆڤ هەمـوو ئەمـانە دەگرێتەوە پێویسـت بەمە ناکات، بڕگەی چوارەم هیچ پێویست ناکـات، پێویسـت دەکـات لابرێـت زیـادەیە لەنـاو ئەوانەیـا جێگای بۆ کراوەتەوە، بەنسبەت بڕگەی پێنجەم گەشەپێدانی توانای نەوەکـان بـۆ ئامادەکردنیـان تـا لە خوێنـدن بەردەوام بـبن و بەشـداری لە بەروپێشـبردنی کـایە جیاجیاکـانی بەرێـوەبردنی کۆمەڵگای کوردیدا بکەن، بە تەنیا بەم نیو دێـرە ئیـزافەی بـکەی بەشـێکی زۆری بڕگەکـانی دیـکە لەدواتر هەیە ئەتوانی لابدرێت ئەوانەی بەخێرایی ئاماژەی پێدەکەم، خاڵی شەشەم ئامادەکردنی قوتابیان و خوێندکاران بەردەوام بن لە خوێندن لە قوناغەکانی زیاتر و دواتردا بەرزتردا ئاماژەی پێکراوە لە دەستکارییەکانی خاڵی پێنجەمدا، لە حەوتەمـدا بەڕای مـن دیسـانەوە ئەمە زیـادەیە، پەروەردەی وەرزشی کەواتە دەبێـت بڵێـین گرینگـی بە هـونەری بـدرێت بە پیشـەیی بـدرێت، بە زانستی بدرێت، بە چی بدرێت، لەبەر ئەوەی پەرەپێدان لەبوارە جیاجیاکانـدا بـدرێت کـۆی کـایە جیا جیاکان دەگرێتەوە پێویست ناکات یەك کایە ئێمە ئاماژەی پێبکەین، هەشـتەم (نەهێشـتنی) بکرێتە (کەمکردنەوەی)، چونکە نەهیشتنمان پێ جێبەجی ناکرێت، پێم وایە بڕگەی دەیەمیان بە تەواوەتی دیلیت بکریـت لەبەر ئەوەی لە پێشـنیازە چـاککراوەکەی بـڕگەی پێنجەمـدا جێگـای بـۆ کراوەتەوە، بڕگەی یازدەیەمیش دیسانەوە هەمووی لابرێـت، پەرەپێـدانی توانـای پیشـەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردووە، جێگەمان کردبۆوە بە نیو دێر، پـێم وایە جـێگەی دەبێـتەوە و ئەم

کورتکردنەوەیە خزمەتی پرۆژە یاساکە دەکات، کۆی پرۆژە یاساکە کە سەد و هەشتا و ئەوەندە ماددەیە ئەو درێژدادڕییە بەڕاستی زەرەر لە یاساکە دەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(هلز) خان، فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینێت من ل سەر ماددا (٤) بڕگا یەکەم ئەڤەیە وەکو (د.اسماعیل) گوتی زانست و زانیاری ئیزافە بێتن، چونکی شاملترە، سەر برگا دوو بنیاتنانی تاکی هۆشیار کە شانازی بە ئاین و نیشتمان و کلتوور نەمینێت هەتا دوماهیکێ بێتە داڕشتن، سێیەم دەمێ ئەم کۆبووین دگەل بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی من ئەڤ تێبینیا گوتێ، سەرۆکا پەرلەمانی گوتی چاك بکەن ئەڤ تیبینیا مە ئەڤە بوو، یەکسانی نیوان هەردوو رەگەز، جەماعەت ژئاگهدارن، ل ماددا چویدایا راستڤەکری لڤێرێدا هەر وەکی خۆیا هاتی لبەر هندێ پێشنیارێ دکەم کو عورفیدا، قانوونیدا، شەریعەتیدا، مەبتنێ دوو رەگەزێت هەین، ژدوو رەگەزێ زێتر نینە ل بەر هندێ یا عەرەبی ژنووسای (مساوات مابين الجنسين) ل بەر هندێ بێتە تەحدیدکرنێ، سەبارەت بڕگا چوارەم پشتگیریا کاك (مەم)ی دکەم، پشتگیریا ڤان بەڕێزان دکەم مامۆستا (هەورامان)، (بدریە) خان، (شیرین) خان، (مژدە)، (د.اسماعیل)، مامۆستا (ابوبکر)، سەبارەت ماددا دوو (د.اسماعیل)، سەبارەت ماددا دوو، ماددا سێ، بەس یەك پرسیار من هەیە دکتۆر ئەگەر مەجال هەبیت سەرۆکی پەرلەمانی، نوکە ئەز بخۆ ناگەهم بەس ئەنداما لیژنا پەروەردێمە من حەقی روونرکنێ نینە جوابدانە پەرلەمانتارەکی کو داخازکری لیژنێ ئەگەر پرسیار هەبتن و بەرسف نەداتن بەرسف لدەڤ من هەی، ئایا من حەق نینە ئەز بەرسڤ بدەم، بێمە سەر ستەیجی؟ ئەگەر تەنێ حەق دانا من بۆهندێ ئەز دێمە سەر ستەیجی دوو پرسیاری جوابدەم و دەزڤرمە جێی خۆڤە...

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لێژنەی تایبەتمەند دوای مشورەتکردن لەناو یەکتری دەتوانن وەڵامێکی هاوبەش لە راو سەرنجەکان بە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بدەنەوە.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئیمزا نەکرییە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تەمام، (سەرچنار) خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش چەند تێبینیەکم لەسەر ئەو ماددەیە هەیە، بڕگەی یەك (فێرکردن و گەشەپێدان و بنیاتنان) نا، (بونیاتنان)، (بنیاتنان) چییە؟ وشەیەکی هێنە، بکرێت بە (بونیاتنان) نەوەیەکی بەهرەمەند بە زانست و (زانیاریەکە)ی بۆ بکرێت، بڕگەی دووەم، (بونیاتنانی تاکی هۆشیار شانازی بە ئاین و بە نیشتمان و کلتووری کوردستانی خۆی بکات و لە بونیاتنانی وتەکانی وڵاتەکەیدا بەشداربێت)، سێیەم ئەمەی کە دەیخوێنمەوە دەڵێم ئاوای لێبکرێت (پەرەپێدانی بەهاکانی دیموکراتی، ئاشتی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، رێزگرتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و

سەرجەم ئاینەکان یەکسانی نێوان دوو رەگەز)، (رەگەزەکان) لابرێت بکرێت بە (هەردوو رەگەز) لەگەڵ (ئازادی تاك مافەکانی مرۆڤ پاراستنی ژینگە)، بۆ ئەم سێ خاڵە پشتگیری لە بەڕێز مامۆستا (ابوبکر)، (بدریە) خان، (شیرین امین)، (د.هەورامان)، (د.اسماعیل)، مامۆستا (هلز) دەکەم، خاڵی چوار و تا کۆتایش هاوڕام لەگەڵ وتەکانی بەڕێز کاك (مەم)، پشتگیری لەو دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، (روپاك) خان، فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادده (٤) بڕگەی دووەم (بنیاتنانی تاکی هۆشیار کە شانازی) پێش نیشتمان (ئاین) ئینجا (نیشتمان) کلتووری کوردستانی خۆی بکات، سێیەم (پەرەپێدانی بەهاکانی) کە دەڵێ (بەهاکانی دیموکراتی) پێش (دیموکراتی)، (پەروەردەی ئیسلامی دیموکراتی ئاشتی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە) یەکسانی نێوان رەگەزەکان لابدرێت یاخود بکرێتە (چەسپاندنی نێوان هەردوو رەگەز)، (چەسپاندنی دادپەروەردی نێوان هەردوو رەگەز) یان (یەکسانی نێوان دوو رەگەز)، چونکە دوو رەگەزمان هەیە) وەکو بەڕێزان باسیان کرد، (رێزگرتن لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و ئاینەکان)، بۆ ئەم سێ بڕگەیە پشتگیری لە (بدریە) خان، (هلز) خان، (سەرچنار) خان، مامۆستا (ابوبکر)، بۆ بڕگەی سێیەم (شیرین) خان، هەروەها مامۆستا (هەورامان) دەکەم، بڕگەی چوارەم لە بەشی کۆتایی دەڵێ (لە فەرهەنگی ژیانیان) ئەگەر (فەرهەنگ) بکرێتە (خولیای ژیانیان)، هەروەها لە حەوتەم (گرینگیدان بە پەروەردەی وەرزشی) پێش ئەوە (پەورەدەی ئیسلامی و وەرزشی و هونەری)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.شایان)، فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە بڕگەی سێیەم (یەکسانی نیوان رەگەزەکان) یا ئەوەتا بکرێتە (یەکسانی نێوان هەردوو رەگەز) یاخود ئەگەر کرایە (هەرسێ ڕەگەز) بڵێین نێر و مێ و رەگەزی سێیەم بە مەرجێك رەگەزگۆڕینی لێ بەدەر بکرێت، چونکە ئەمن ئەگەر دەرفەت بدەن لەڕووی زانستی و تەندروستییەوە یەك روونکردنەوەی بچووك لەسەر بابەتی رەگەزی سێیەم دەکەم، رەگەزی سێیەم بە دوو جۆر دەگوتریت ئەوانەی کە هەربۆخۆیان کە لەدایك بوون هەر ئەندامی زاوزێی نێرینە و مێینەیان هەیە کە ئەوانە دەچنە قوتابخانەی بنەڕەتی و قوتابخانەی ئامادەیی ئێ خۆ دەبی یەکسانیەك بکرێت لەنێو ئەوانە نەك لە بن گوێی یەکتری تەلەبەکان پسکە پسك بکەن و بلێن مەسەلەن بۆ نمونە نێرەموکە، رەگەز گۆڕینیش بابەتێکی ترە کە دیارە کۆمەڵگای ئێمە بەتەواوی لەگەڵیدا نین، بۆیە رەگەزی سێیەم بەڵێ بەشێك لە نێرەموکەکان پێیان باشە پێیان بگوترێت رەگەزی سێیەم تەنانەت بەعزێکیان داوای یاسای تایبەت بەخۆشیان کردوە، بۆ بڕگەی دووەم پشتگیری لە (بدریە) خان، هەموو هاوپیشەکانی تر دەکەم کە باسیان کرد لە زیادکردنی ئاین، پشتگیری کاك (گۆران) دەکەم، بۆ بڕگەی سێیەم پشتگیری مامۆستا (ابوبکر)، (شیرین) خان و هاوڕێکانی تر دەکەم، بۆ بڕگەی حەوتەم کە دەڵێ (گرینگیدان بە پەروەردەی وەرزشی و هونەری) (ماڵداریش)ی بۆ زیاد بکرێت، کە ئێمە دەڵێین یەکسانی نیوان رەگەزەکان کەواتە

پیاویش یا کوڕیش هەر لە بیدایەتەوە ڕەگەزی نێر دەبێت فێر بکرێ چۆن ماڵداری بکات، هاوکار بێت لەگەڵ خێزانەکەی لە ماڵێ، بۆیە (ماڵداریش) زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (عبدالستار)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی سێیەم لە ماددەی چوارەم، باسی پەرەپێدانی بەهاکانی دیموکراتی و ئاشتی و تا ئاخیری دەکات، والله من هەر پرسیارێکم هەیە لە ستافی وەزارەت، نازانم لێم بۆتە گرێیەك بەراستی، زۆر باسی بەهای دیموکراتی و باسی پرانسیپی دیموکراتی و باسی فەلسەفەی دیموکراتی و ئیدی من دەپرسم یەعنی چی ئەمانە چین بەهای لەکوێ بوو دیموکراسی، کامە بەهای؟ ئەگەر باسی پێکەوە ژیان بکەین لێرە وتوومانە، ئەگەر باسی ئاشتی بکەین وتوومانە، ئەگەر باسی مافی مرۆڤ بکەی لەوێ وتوومانە، پاراستن ڕێزگرتن لە ئاینەکان، من هەست دەکەم زۆر زەق کراوەتەوە ئەو قەزیە، ئێمە بەهاکانی پیرۆزی ئیسلاممان هەیە، هەڵسوکەتوو ڕەوشتە جوانەکانی ئیسلاممان هەیە، هەزار ئەوەندەی کە لە دیموکراتیدا هەیە لە ئیسلامدا بە زیادەوە هەیە، ئێ لەوێ نووسراوە لێم بۆتە گرێ نازانم بۆ نایننووسن، پێمان شەرمە باسی بەهاکانی ئیسلام بکەین، باسی بەهاکانی ئاین بکەین، بۆیە من پێم وایە هەر لەجیاتی ئەوەی بنووسرێ یا ئەوەتە مەسەلەن بەلایەنی کەم بنووسرێ ( پەرەپێدانی بەهاکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام)، سەبارەت بە ڕێزگرتنی ئاینەکان دەکرێ بنووسرێ مەسەلەن ئاینی ئیسلامیش بنووسرێ، بەڵام وەکو سەرنجی خۆم حەقیقەتەن، بە تێگەیشتنی خۆم لە قورئان پێموایە ئەو جیاکارییە نەکرێت ئاساییە لێرە لەو قەزیەدا، چونکە (امن الرسول بما أنزل إلیە من ربە والمؤمنون كل امن باللە وملائكتە وكتبە ورسلە) هەموو بەیەکەوە، کە من بڕوام بە ئیسلام هەیە بڕوام بە ئاینەکانی دیکەش هەیە، بڕوام بە پێغەمبەری خوا هەیە کە محمد (د.خ)، بڕوام بە پێغەمبەرەکانی دیکەش هەیە، بەڵام ئەگەر بەمەبەست بنووسرێ هەندێ جار مەبەستێکی لە پشتە ئەمە خراپە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ بەڕێزان ئەو بەڕێزانەی ناویان تۆمار کردبوو کۆتایی هاتن، ئەگەر لیژنە وەکو لیژنە دوای مشوراتی خۆتان وەڵامێکتان هەیە، فەرموون، ئەگەر نا جەلسەکە هەڵدەگرین بۆ سەعات (٢:٣٠)، وەکو ئەندام نا، وەکو لیژنە جواب بدەنەوە، فەرموون.

**بەڕێز مسلم عبداللە رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) دیارە ڕایەکی زۆرینە هەبوو لەسەر ئەوەی کە ئامانجەکان لە زۆر ماددەکانی ئەم پڕۆژە یاسایەدا ئاماژەپێکراوە بۆیە بەڕاستی ئێمەش وەکو لیژنە سەرنجێکی بەجێمان لەسەر زۆری ئامانجەکان هەبوو دەکرێ ئێمە سیاغەی بکەینەوە لەگەڵ لیژنە ئاسایی دواتر ئامانجەکان یەك بخەین ئەمە ڕایەك، سەبارەت بە بڕگەی سێیەمیش کە دەستەواژەی ڕەگەزەکان بەکارهاتووە لە ماددەی (٢) ئیشارەتی پێدراوە کە پێشتر ئێمە ڕێك کەوتبووین لەسەر ئەوەی هەردوو ڕەگەز بێت، ئەوە دواتر چاك دەکرێتەوە، دەکرێتەوە هەردوو ڕەگەزە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەلسەکە هەڵدەگرین تا سەعاتی (٢:٣٠)، بەڕێزان تکایە (٢:٣٠) لێرەبن.

## پاش پشوو

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان فەرمانبەرانی راگەیاندن پەخش بکەنەوە، فەرمووون سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی شارەوانی و پەروەردە، فەرموو کاك عبدالسلام ماددەی پێنجمان بۆ بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥):

یەکەم: باخچەی منداڵان قۆنـاغێکی ئارەزوومەنـدانەیە، وە دوو سـاڵ بەر لە خوێنـدنی بنەڕەتـی دەست پێدەکات، وە منداڵ بۆ خوێندنی بنەڕەتی ئامـادە دەکـات و هەمـوو ئەو منـداڵانەی تێیـدا وەردەگیـرین کە لە رۆژی دەسـتپێکردنیان لە بـاخچە یـان رۆژی (٣١/کـانونی یەکەم)ی ئەو سـاڵە تەمەنیان گەیشتبێتە چوار ساڵ یان پێنج ساڵ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟ ئەوانەی قسـەیان هەیە (هلـز خان، کاك چیا، گلیزار خان)، هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیێت من ل سەر ماددەیا پێنج ئەڤەیە ئاخر دێرا وێ دبێژیت تەمەنیان گەیشتبیتە چوار یـان پێنج ساڵ، (یان) ل ڤێرێ نا عەدالیەت پێـدا دکەت، چـونکی مە بـاخچە نیـنە وی ئاسـتێ پێتڤـی چوار ساڵی ناهێتە وەرگرتن ئیلا ئەگەر کەمینە نەبیتن، ژبەر هەنـدێ ئەم مـولزەم بکەیـن چـوار و پێـنج سـاڵ حکـومەت ژیـێ چـوار سـاڵ ژی وەرگریـت ل باخچەیـا، چـونکی مـافەکی وانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من ل سەر وێ ماددێ بوو کە چوار یان پێنج ساڵ بێتە تەحدید کرنێ پشتی هەنگـی سـی و ئیکێ هەیڤـا دوازدە گەلەك جـاران مەسـەلەن (١/١) خـودێ دایە، ئەگەر (١٢/٣١) بیـت تەقـریبەن ساڵەك دێتە ژ دەست دانێ، ژبەر هەندێ مـن پێباشـە تاریخـا ل دایـك بوونـا وی ببیـتە مەسـەلەن چوار ساڵی خۆ تەمام بکەت نەك ساڵێ (١٢/٣١)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گلیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی پێـنج ئەگەر بەراوردی بکەیـن لەگەڵ مـاددەی شـەش هەرچەنـدە مـاددەی شەشـەم باسـی ئامانجەکـان دەکـات، بە رای مـن ئامانجەکـان یـان دەبێـت ئەم مـاددەیە مـاددەی

شەش لە پێش ماددەی پێنج بێت، ماددەی پێنج ماددەی شەش بێت، چونکە لێرەدا باسی ئامانجەکان دەکات، هەرچەندە من لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەندم کە ئەوان باسی ئەوەیانکرد ئەم ئامانجانە کە زۆرن دەبێت پوختی بکرێتەوە، هەروەها لێرەدا من لە ماددە پێنج ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەل ماددە شەش کە باسی ئامانجەکان دەکات باخچەی منداڵان دەکات دەڵێت ڕێخۆشکەر بێت بۆ خوێندن لە قوتابی بنەڕەتیەکان، بۆ ئەم مەبەستە باشتر وایە کە قۆناغی باخچەی منداڵان کە ئارزومەندانەیە ئیختیاریە، ئیختیاری نەبێت، بەڵکو باشتر وایە کە ئەم قۆناغە بکرێتە مەرجێك بۆ دەست پێکردنی خوێندنی بنەڕەتی، چونکە لە ئامانجەکان ئەگەر بەراوردی بکەین یەعنی ناگرێتەوە ئەم ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی شەشەمان بۆ بخوێننەوە، فەرمووو.

**بەڕێز شمول اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری دووەم ئامانجە تایبەتیەکانی باخچەی منداڵان.

ماددەی (٦):

یەکەم: کارکردن بۆ گەشەپێدانی کەسایەتی منداڵ بە تێکەڵاوبوون لەگەڵ منداڵانی دیکە لە ژینگەی دەرەوەی بازنەی خێزان و پیادەکردنی چالاکی پەروەردەیی چێژبەخش و فێرکردنی سوودبەخش.

دووەم: بەدەستهێنانی بنەما بەرەییەکانی خوێندنەوە و نووسین و ژماردن و هاندانی هەستی جوان ناسی و هونەر و پەرەپێدانی کارامەیی جەستەیی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کەس قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس نیە، ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادددەی (٧):

وەزارەت باخچەی منداڵانی نوێ دەکاتەوە و پشتیوانی پەرەپێدانی باخچەی منداڵان دەکات، کەرتی تایبەت هاندەدات بۆ کردنەوەی باخچەی منداڵانی نا حکومی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ ئەوانەی دەیانەوێت قسە بکەن (هلز خان، مەلا ناصر، کاك چیا، کاك هێڤیدار)، کاك مەلا ناصر فەرمووو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامانجە تایبەتیەکانی باخچەی منداڵان ماددەی حەوت لابردنی بڕگەی وەزارەت لە کەرتی تایبەت هان بدات بۆ کردنەوەی باخچەی ساوایانی نا حکومی، یەعنی لەوێ ئەوە زیادە، دەبێت دوو بڕگە بڕگەیەکی زیادە ئەوەی کۆتاییەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەكەم ماددەی حەوت بكرێتە ئەو بەشەیەوە كە پەیوەندی بە وەزارەتەوە هەیە، كە دەڵێت وەزارەت باخچە بكاتەوە لەوێ جێ بكاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێ باشە وەزارەت بێتە لادانێ، چونكی باخچێ منداڵان رێڤەبەریێن پەروەردیێن گشتی ئەو سەرپەرشتیا وان دكەن نەك وەزارەت، بۆ وێ وەزارەت بێتە لادان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان بۆچوونی بەڕێز كاك چیا و كاك مەمم هەیە، وە ماددەی حەوت دەكرێت بەشی رێزبەندی سێیەمی ماددەی شەشەم، یەعنی ماددەیەكی تایبەت بۆ ئەم بابەتە ببێتە چوارچێوە، هەم ماددەكانی یاساكە كەم دەبێت و هەمیش دەبێت بەشێك لە ماددەی شەشەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ل ڤێ ماددێدا دیارە ئیلزامە حكومەتێ نەهاتیە كرنێ كو باخچان بكەتەوە، ل بەر هەندێ سیاغەكا دی تر هەندەك وشەی دی تر لێ بێنە زێدە كرن، پێویستە وەزارەت باخچەی منداڵان نوێ بكاتەوە و پشتیوانی پەرەپێدانی باخچەی منداڵان بكات و كەرتی تایبەت هان دەدات بۆ كردنەوەی باخچەی منداڵانی نا حكومی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

ماددەی (٨):

یەكەم: پێویستە ژمارەی منداڵان لە هەر پۆلێك لەگەڵ رووبەری پۆلەكەدا گونجاو بێت و ژینگەیەكی لەباری تێدا دەستەبەر بكرێت.

دووەم: ئەگەر باخچەی منداڵان یەك دەوام بوو دەبێت دەوامی رۆژانەی باخچە لە شەش كاتژمێر كەمتر نەبێت، وە ئەگەر باخچە دوو دەوام بێت دەبێت دەوامی رۆژانەی باخچە لە پێنج كاتژمێر كەمتر نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟ ئەوانەی دەیانەوێت قسە بکەن (کاك سەرکۆ، هلز خان، کاك چیا، کاك هێڤیدار، کاك دکتۆر محی الدین، شادی خان، خدیجە خان، کاك هەڵکەوت، شنۆ خان، کاك بەڵێن)، فەرموو کاك سەرکۆ.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشت بڕگەی یەکەم ئەوەی کە باس لەوە دەکات پێویستە ژمارەی منداڵان لە هەر پۆلێك لەگەڵ رووبەری پۆلەکەدا گونجاو بێت، ئەگەر ئەمە لە رووی ستانداردەوە دیاریکراوە بۆ نموونە هەیە ناکرێت بەپێی حەجمی ژوور بێت، دەبێت بەپێی ئەوە بێت مامۆستاکە چەندێك دەتوانێت، ئەگەر ئەوە چاك بکرێت بەپێی ستانداردی پەروەردەیی بێت، بڕگەی دووەمیش ئەگەر باخچەی منداڵان یەك دەوام بێت دەبێت دەوامی رۆژانەی باخچە لە شەش کاتژمێر کەمتر نەبێت و دواتری دەڵێت پێنج کاتژمێر، خۆی لە رووی ستانداردی پەروەردەییەوە هەشت کاتژمێرە یەعنی ئێمە کەمی دەکەینەوە، پێویست دەکات ئەویش بە هەمان شێوە بکرێت بە ستاندارد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەیا هەشت بڕگەیا ئێکێ من لەگەل ژینگەیا هەرێما کوردستانێ ناگونجێت، چونکی مادام دەست نیشانکریە پۆلەکێ دا پێتڤیە عەدەدی بنڤیسی، ئەگەر تە عەدەد نەنڤیسی باشە ئەڤ ماددە بێتە لادان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشت تێبینیەکی ئەوەتۆ نەبوو، ببورە من لە ماددەی حەوت تێبینیم هەبوو، دوای لێبوردن دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هەڵکەوت فەرموو.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشت بڕگەی دوو دەڵێت نابێت لە شەش سەعات کەمتر ئەو منداڵە لە باخچەی ساوایان بێت، ئایا منداڵێك تەمەنی چوار ساڵ بێت تەحەمولی ئەوە دەکات شەش دانە سەعات گوێڕایەڵی شتێکی وا بێت، بە رەئی من زۆرە لە چوار سەعات زیاتر نەبێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شنۆ خان فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی دووەم ڕەچاوی هیچ ستانداردێکی جیهانی کراوە کە دەڵێت دەوامی یەکەم و دەوامی دووەم، لەبەر ئەوەی بە بڕوای من ئەمە نا یاساییە، جێگرکردنی ئەمە لە یاسادا شەرعیەت دانە بە شتێکی نا یاسایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشت من دوو تێبینیم هەیە، یەکەم: کاتێك کە پێویستە باس لە ژمارەی منداڵان بکرێت ئێمە لە ئەساسدا خۆمان دەبینین کە ژمارەیەکی زۆری منداڵان لە یەك خوێندنگەیە، من قەت لەگەڵ زیاد نیم لە قانوندا، بەڵام حەقە لێرە سەقفێکی ڕەقەمی دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی کە چارەسەری ئەم بابەتە بکات، چونکە پێموایە ئەمە دەبێتە عورفێکی خراپ، وە هەشە بە داخەوە ئێستا، دووەم: ئەوەی شنۆ خان باسیکرد دەقیقە، ئێمە دەزانین کێشەمان هەیە ئێستا ناتوانین خوێندنگەی زیاتر دروست بکەین، لەبەر ئەوەی تەبەعاتی مالی هەیە ناتوانێت بیکات، بەڵام لایەنی کەم قانون نەبێت، با نەبێتە یاسا، با لابرێت، ئەگەر هاتوو پێویست بوو قەیناکە ئێستا هەیە، بەڵام ناکرێت بەڕاستی ئەمە قانون بێت بۆ ئەوەی کە ببێتە یاسا ئەگەر دوو دەوامیش هەبێت شتێکی یاسایی بەڕاستی ئاسایی نییە ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام تیمی وەزاری لێرەیە ماددەی هەشت، یەکەم: پێویستە ژمارەی منداڵان لە هەر پۆلێك لەگەڵ ڕووبەری پۆلەکە گونجاو بێت، زەحمەت نەبێت گونجاوەکە چۆنە، ئێستا وەڵامەکەمان بدەن، یەعنی هیچ ستانداردێك هەیە دەبێت قاعەکە چەند بە چەند بێت و چەند کەسی تێدا بێت، ستانداردەکە چۆنە، یەعنی پێوەرەکە چۆنە ئەگەر جەنابیان وەڵام بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوان ناتوانن وەڵام بدەن دەتوانن بە نووسین وەڵام بدەنەوە تا دکتۆرە ڤاڵا دەگەڕێتەوە، شادی خان فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشت من پێشنیازەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت، پێویستە ژمارەی منداڵان لە هەر پۆلێك لەگەڵ ڕووبەری پۆلەکەدا گونجاو بێت بەپێی ستاندارد، چونکە جیاوازی هەیە ئێستا ئێمە ناتوانین ژمارەیەك دیاری بکەین، چونکە هەندێك جار پۆلەکان بچووکترن یان

گەورەترن بەپێی مەتر مربەع و بەپێی ستاندارد، ژمارەی منداڵەکان مەتر موربەع دیاری دەکرێت بۆ باخچەی منداڵان بۆ قوتابخانەکانیش بە هەمان شێوە، لەبەر ئەوە دەبێت وشەی ستاندارد زیاد بکرێت بۆ ئەم ماددەیە تا بتوانین مافی هەموو منداڵێك وەکو یەك دابین بکەین لە باخچەی منداڵاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی منیش هەر لەسەر بڕگەی دووەمە، لە راستیدا ئێستا ئەوەی کە واقیع دەگوزەرێ ئێمە ناتوانین باخچەی منداڵان بەو شێوازەی کە لەم یاسایە دەقنووسکراوە جێ بەجێ بێت، ئەگەر بەڕێزان لە تیمی وەزاری تاوەکو د.ڤالا دەگەرێتەوە بینووسن وەڵام بدەنەوە، ئەوەی کە ئێستا ئێمە ئاگادارین زۆربەی باخچەکان سێ سەعات و نیو تا چوار سەعات دەوامی تێدایە لەبەر کەمی شوێن، ئایا لە رووی واقیعیەوە ئێمە دوای دەرچوواندنی ئەم یاسایە دەتوانین ئەم بڕگەیە وەکو خۆی جێ بەجێ بکەین یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیێت من ل سەر ماددەیا هەشت بڕگەیا ئێك پشتگیریا شادی خانی دکەم، ل دیڤ ستانداردا بێتە دەست نیشان کرنێ، ل سەر بڕگەیا دووەم شەش کاتژمێر گەلەکن، یەعنی دبیت مە واقیعی بین ل هەرێما کوردستانێ مە نینە باخچەی ئێك دەوامی، سەدا هەشتا باخچەیێت مە دوو دەوامینە، یاسایەکێ هۆسا مە دەربێخین مامۆستایەك مولزەم بکەین شەش کاتژمێرا دەوامێ بکەتن ئەوی مامۆستای ژی بچیکێت هەین، زارۆکێن هەین دزڤڕیتە ماڵا خۆ، وە دەواما مامۆستایان هەمیا پێنج دەمژمێرە، ئایا بۆچی ئەڤ ئیستسنایە بۆ مامۆستای باخچەی منداڵان دێتە دانان کو شەش دەمژمێرا ل باخچەی دەوام بکەتن، ل بەر هەندێ ئەز پێشنیار دکەم ئەو شەش کاتژمێرە ژی هەر ببنە پینج کاتژمێر دا پتر یا واقیعی بیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ماددەی دە بخوێننەوە، ماددەی نۆ لەسەر پێشنیاری لیژنە هەڵگیراوە، بەڵام لیژنەی یاسایی لەبەر ئەوەی بە پاکێج پەسەندی پرۆژەکەیانکردبوو دەستکاریان نەکردووە، یەکسەر بڕۆنە ماددەی دە.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دووەم :
بەشی خوێندنی بنەڕەتی تەوەری
تەوەری یەکەم: بنەماکانی خوێندنی بنەڕەتی.
ماددەی (١٠):
یەکەم: قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی نۆ ساڵە و لە پۆڵەکانی یەکەم تا نۆیەم پێکدێت و قۆناغێکی پاپەندکراو بە یەکەم قۆناغی خوێندنی پەیڕەوکراو دادەندرێت.
دووەم: ١- هەر منداڵێك لە ڕۆژی (٣١/کانونی یەکەم) تەمەنی بگاتە شەش ساڵ دەبێت پەیوەندی بە قوتابخانەیەکی خوێندنی بنەڕەتی بکات.
٢- لە خوێندنی بنەڕەتی پەیڕەوکراو مەرجە بۆ هەموو کەسێك کە تەمەنی لە شازدە ساڵ تێپەڕ نەبووبێت.
٣- پێویستە قوتابی بەر لەوەی تەمەنی نۆزدە ساڵی تێپەڕ بکات قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی تەواوکردبێت.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان سەبارەت بەم ماددەیە کێ دەیەوێت قسە بکات؟ سوسن خان نوقتە نیزامیەکەت بڵێ تاوەکو منی خان ناوەکان دەنووسێت، فەرموو.
**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئێمە ئیزافەمان هەیە دوای ماددەی هەشتەم ئەگەر بکرێت دەرفەتمان پێبدرێت بۆ ئەوەی ئەو ماددانە باس بکەین، چونکە پێویستە باخچەی منداڵان قۆناغێکی زۆر گرنگە و کۆڵەگەی فێرکردن و پەروەردەی منداڵە، بۆیە من پێشنیار دەکەم سێ ماددە لێرە زیاد بکرێت، ئەگەر دەرفەتم بدەی ئاماژەیان پێدەدەم...
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەو ماددانەی کە دەتانەوێت ئیزافەی بکرێت لە کۆتایی کە موناقەشە تەواوبوو ئینجا دەتوانین دەرفەتتان بدەین بۆ ئەوەی بخەنە ڕوو، من پێموایە ئەگەر سێ ماددە زیاد بکرێت لە ماددەی نۆ و دە و یازدە، ئەوها بڵێ، بەڵێ بەڕێزان ناوەکان دەخوێنمەوە (هلز خان، مژدە خان، دکتۆر اسماعیل، د، شێرکۆ، کاك کاوا، کاك سیروان، مامۆستا ابوبکر، کاك باڵانبۆ، شنۆ خان، کاك سەرکۆ، کاك لقمان، کاك عباس، کاك بهجەت، کاك جلال، کاك سروان، کاك چیا، کاك شێخ ظاهر، ڕۆژان خان، سوسن خان، کاك بەڵێن، کاك ادریس، کاك هێڤیدار، کاك یاسین)، کاك سیروان فەرموو.
**بەڕێز سیروان فرج محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە بنەماکانی خوێندن ماددەی دە، دووەم دەڵێت بنەڕەتی پەیڕەوکراو مەرجە بۆ هەموو کەسێك کە تەمەنی شازدە ساڵ تێپەڕ نەبووبێت، ئەگەر ئەو مەرجە مەبەستی ئیلزامیە مەرج ڕاست نیە، دەبێت وەکو ئەرکە، من پێشنیار دەکەم بنووسرێت ناچاریە، یەعنی ئیلزامیە، چونکە مەرج

ئیلزامی ناگەیەنێت، لەبەر ئەوە ئەو وشەیە یان ناچاری بۆ بەکار بێنین یـان هەر وشـەی ئیلزامـی بۆ بەکاری بێنین بۆ ئەوەی پێویستە شتێکی ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت ب مـاددەی دە بـڕگەی یەکەم هەر منـداڵێك لە رۆژی (١٢/٣١) یەعنـی بەڕاسـتی شـەش سـاڵ زۆرە، لەبەر ئەوەی ئێسـتا ئـێمە دەبینـین جـاری وا هەیە منـداڵێك پێـنج رۆژی مـاوە، هەیە وەزارەت دەڵێـت ئەگەر سەعاتێکیشـی مابێـت قەبـوول نـاکەین دەبێـت ئـیلا شـەش سـاڵ تەواو بکات، منداڵی ئەو زەمانە هەمووما ن دەزانـین ئایپـاد بەکـاری دەهێـنن، یوتیـوب بەکـار دەهێـنن، بەڕاستی منداڵ زۆر زیرەك بووە، شـەش سـاڵ گەلەك زۆرە، بە مەزەنـدەی مـن ئەگەر ئەو شـەش ساڵە تەسبیت بکرێت لە چوار و نیو تاوەکو پێنج، پێنج ساڵیش، یەعنی دەڵـێمەوە خەڵکێکـی زۆر بەڕاستی ساڵانە پەنا دەبـاتە بەر ناسـنامەی ئەحـوالی مەدەنـی تەزویـر لەبەر خـاتری پێـنج رۆژ و مانگێك و دوو مانگ و سێ مانگ، هەویەی تەزویر دەکـات بەس تـاوەکو منـداڵەکەی وەرگیرێـت، دەبێت وەزارەت بەڕاستی بە جدی لەو خاڵە ورد ببێتەوە یەعنـی ئەو شـاش سـاڵە بێـتە پـێش بە لای کەم پێنج ساڵ بێت، لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بهجت فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن ژی تێبینـی ل سـەر ماددەیـا دە دووەم هەیە، هەر منـداڵێك لە رۆژی (١٢/٣١) تەمەنـی بگـاتە شـەش سـاڵ دەبێـت پەیوەنـدی بە قوتابخـانەیەکی خوێنـدنی بنەڕەتـی بکـات، ل ڤێـرە پرسـیار ئەڤەیە یەعنـی شـەش سـاڵ بـۆ تەمەنـێ بچیکـی هـاتیە دیـار کـرن، بەس بچـیکەك تەمەنـێ وی مەزەنترە دێ چ لێهێت، مەسەلەن یەکی یەکە ئەو دهێتە بێبەش کرن ل خانـدنێ، یەعنـی مە زۆر بچیکیت هۆسا یا هەی ل گوندا و ل دەرڤە ئەڤە دەمینن نەشێن بخوێنن، چونکە یاسـاکە رێ پـێ نادەت، پێشنیارێ دکەم مەسەلەن (١٢/٣١) ئەگەر ببیتە یەکی یەك ناهێتە وەرگرتن، ببیتە (١/٣١) ل جهێ (١٢/٣١)، دا ئەڤێت حەفت ساڵیش بێتە وەرگرتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دە ویڕای ئەوەی لە بڕگەی یەکەم پشـتیوانی لە بیروبۆچـوونی کـاك بهجـت دەکەم، لە بڕگەی سێیەم، پێویستە قۆناغی قوتابی بەر لەوەی تەمەنی بگاتە نـۆزدە سـاڵی تێـپەڕ بکات قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی تەواوکردبێت، بەڵام ئێستا زۆرێك دەبینین تەمەنی لە سەرووی ئەوەیە، بەڵام فرسـەتی خوێنـدنی نەبـووە پێشـووتر، پێشـنیاز دەکەم وای لێبکرێـت، پێویسـتە قوتابی بەر لەوەی تەمەنی نـۆزدە سـاڵ تێـپەڕ بکـات قۆنـاغی خوێنـدنی بنەڕەتـی تەواوکردبێـت

دوای ئەوە دەتوانێت خوێندنی ئێواران یاخود بە شێوازی تاقیکردنەوەی دەرەکی درێژە پێبدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ژی تێبینیا من ل سەر ماددەیا دە بڕگەیا دووەم هەر خالا ئێکی هەموو تێبینیا من تێبینی برادەران بی، کو (٣١/ کانونی یەکەم) ئەو ڕۆژ تەحدید کرنە زەرەری دداتە قوتابیان هەیە پێنج ساڵ و سێ ڕۆژ بن عەمری وانا ئەڤ گلەییە زۆرجار هاتیە کرنێ نەهێن وەرگرتنێ ل قوتابخانە، ئەز پێشنیار دکەم ئەو ڕۆژە بێتە لادان کانونی یەکەم ڤەکری بیتن، ئەگەر ڕۆژەك ژی بیتن هەتا ببیت (٣١) ڕۆژ وێ پێنج ساڵی بێتە وەرگرتنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ادریس فەرموو.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دە بڕگەی دووەم خاڵی یەکەم هەر وەکو کاك جلال گووتی منداڵەك بە گوێرەی ناسنامە فەرمیەکان دەبینی مانگ یان دوو مانگ لە تەمەنی کەمە بۆ ئەوەی ببێتە شەش ساڵ دایك و باوکیان ناچار دەبن بۆ ئەوەی دەست ببەن بۆ دروستکردنی ناسنامەی ساختە بۆ ئەوەی منداڵیان وەربگیرێن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە فشارێك لەسەر قوتابخانە دروست ببێت بۆ ساڵی خوێندن، پێوستە بۆ وەرگرتنی من ناڵێم با شەش ساڵی کەمتر وەربگرن، بەڵام پێویستە بۆ وەرگرتنی هەر منداڵێك زیاتر گرنگی بە ناسنامە فەرمیەکان بدرێت، ئەوەی تر زۆرجار دەبێنین خێزانێك بە تایبەتی ئەوانەی کە هەبوونن لە قوتابخانە منداڵیان لەو پەڕی شار دەنێرن بۆ ئەو پەڕی تری شار بۆ قوتابخانەیەك کە دەڵێن ئەو قوتابخانە باشە، مامۆستایان باشە، ئەوەش وا لێدێت کە زیاتر فشار بخاتە سەر ئەو قوتابخانەیە دروست ببێت، بە تایبەتی بۆ کەسانی هەبوون لەو کاتە واستە و واستەکاری دروست دەبێت، دیارە کە ناوی قوتابخانەك بە باشی بچێت ئەو فشار لەسەر زیاد دەبێت و واستە و واستەکاری زیاتر دەبێت، زۆرجار وا دەڵێن ئەو کەسانەی کە لە دەوروبەری ئەو قوتابخانەیە دەژین بێبەش ببن لەو قوتابخانانە، من بە پێویست دەزانم و پێشنیار دەکەم بۆ وەرگرتنی قوتابی و دابەشکردنیان لەسەر قوتابخانەکان لەسەر ئەساسی جوگرافی و نزیکترین قوتابخانە بێت بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە دروست نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەکیل وەزیری پەروەردە و ئەو ستافە بەڕێزەی لەگەڵی هاتوون پرسیارەکانی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بنووسن بۆ ئەوەی بەیانی کە بەڕێز وەزیری پەروەردە دێت لە سەرەتای دانیشتنەکە چارەگێکی دەدەینێ بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکان بداتەوە، وە بەڕێزیان مۆڵەتی وەرگرتووە، لەبەرئەوەی لە زاخۆیە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی حکومەت بۆ کردنەوەی هەندێك دامەزراوەی پەروەردەیی لەبەرئەوەی نەیتوانی ئامادە بێت، بەڵام بفەرموون ئێوە

تێبینیەکان بنووسن بۆ ئەوەی بەیانی بەڕێزیان بتوانێت وەڵامی ئەندامانی پەرلەمان بداتەوە، کاك سروان فەرمووو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دە هاوڕای برای بەڕێزم کاك بهجتم ئەوەی کە منداڵان لە (١٢/٣١)، بەڕاستی لابردنی ئەوە زۆر باشتر دەبێت، چونکە خۆم یەکێکم لەوانەی تووشی ئەو ئاریشە بوومە، ئێستا کچەکەی من یەکی یەك لە دایك بووە کەچی وەریان نەگرت، یەعنی بوو بە حەوت ساڵ ئینجا چوو بۆ قوتابخانە، لەبەر ئەوە من هاوڕای کاك بهجتم، ئەوەی تریش لە بڕگەی سێیەم هاوڕای برای بەڕێزم کاك لقمانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مژدە خان فەرمووو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دە پێشنیار دەکەم خاڵی یەکەم: قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی نۆ ساڵە هەیە بە دوو و سێ ساڵە لە پۆلێك دەبێت نابێت بگوترێت نۆ ساڵ بگوترێت نۆ پۆڵە، بنەڕەتی نۆ پۆڵە، نەك نۆ ساڵ، هەیە بە دوو ساڵ پۆلێك دەبڕێت، یەعنی ئەوە هەڵەیە، سەبارەت بە خاڵی دووەمیش خوێندنی بنەڕەتی پەیڕەوکراو پێویستە بکرێتە مەرج بکرێت پێویست، پێویستە بۆ هەموو کەسێك کە تەمەنی لە شازدە ساڵ تێپەڕ نەبووبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شێرکۆ فەرمووو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك بهجت و مژدە خان دەکەم، ئەوە تێبینیەکەم بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەڵێن فەرمووو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینەکەی منیش هەر لەسەر خاڵی یەکەم لە بڕگەی دووەمە کە تەحدیدی (١٢/٣١) کردووە، لە ڕاستیدا بەڕێز وەکیل وەزیری پەروەردە و ستافی وەزارەت کە دەزانن نەك هەر ئێمە ئەوانیش و ئێمەش لەو کاتەدا ڕووبەڕووی چ تەکلیفێك و تەکلیفاکاریەك دەبینەوە لەسەر ئەوەی منداڵێك بۆ دوو ڕۆژ بۆ سێ ڕۆژ و چوار ڕۆژ وەرناگیرێت، یەعنی تۆزێك مرونەتی تێدابندرێت بە مانگێك پێش ئەوە، بیست ڕۆژ پێش ئەوە خوێندکارەکە وەربگیرێت، بۆ ڕۆژێك و دوو ڕۆژ ساڵێکی خوێندنی نەفەوتێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك باڵانبۆ فەرمووو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بنەماکانی خوێندنی بنەڕەتی ماددەی دەیەم بڕگەی دووەم خاڵی یەکەم وێڕای پشتگیریکردنم بۆ کاك بهجت و کاك سروان، من پێمباشە ئەم ماددەیە بەو شێوەیەی لێبکرێت هەر منداڵێك لە ڕۆژی (٣١/کانونی یەکەم) تەمەنی بگاتە شەش ساڵ دبێت پەیوەندی بە قوتابخانەی بنەڕەتی بکات، ئەمە پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت سێ مانگ یەعنی پێموانییە کاتێکی زۆر بێت، سێ مانگی بمێنێت بۆ شەش ساڵ یان شەش ساڵی تەواوکردبێت، لەبەرئەوەی دەزانین زۆربەی لە دایك بووان وا ڕێك دەکەوێت تا سێ مانگ و چوار مانگیان دەمێنێت بۆ (١٢/٣١) لە خوێندن وەربگیرێن، وە ئەگەر ئەمە چاك نەکرێت لە ماددەی سێیەم ئیشکالمان بۆ دروست دەبێت ئێستاش ڕوونکردنەوە لەسەر ئەوە دەدەم، وە لە خاڵی دووەمیش پشتگیری کاك سیروان دەکەم، مەرج لێرەدا گونجاو نیە خوێندنی بنەڕەتی پەیڕەوکراو، مەرج بۆ کارێك دادەندرێت پێویستە ئەو کارە بکرێت بەم مەرجانە، لەبەرئەوەی ئەم مەرجە پێویستە بکرێت بە زۆرە ملێ یان ئیلزامی بەو شێوەیە دروست دەبێت، لە کاتێکدا لە خاڵی سێیەم دەڵێت پێویستە قوتابی بەر لە تەمەنی نۆزدە ساڵی تێپەڕ بکات قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی تەواو کردبێت، لێرەدا پێویستە ڕەچاوکردنی ساڵی وەرگرتنی دیاری بکرێت، چونکە ئەگەر خوێندکارێك سودفە وا ڕێکەوتبوو سێ مانگی مابوو بۆ ئەوەی کە لە شەش ساڵی وەربگیرێت، کەواتە لە کۆتاییدا ساڵێکی ئەو خوێندکارە دەفەوتێت، لەبەر ئەوە ئەمەش پێویستە هەر چاك بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ ظاهرفەرموو.

**بەڕێز ظاهرمحمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دە بڕگەی دووەم خاڵی یەکەم هەر منداڵێك لە (٣١/ کانونی یەکەم) تەمەنی بگاتە شەش ساڵ دەبێت پەیوەندی بە قوتابخانەیەکی خوێندنی بنەڕەتی بکات، من پشتگیری لەو برادەرانە دەکەم بەڕاستی ئەوە زۆرجار گرفت دروست دەکات، یەعنی ئەگەر سێ ڕۆژی کەم بێت و دوو ڕۆژی زیاد بێت پێویستە ئەو (٣١)ەکە لابرێت، یەعنی بە شێوەیەك ڕێك بخرێت لیژنەیەك دابندرێت بۆ ئەوەی ئەو قوتابیە هەڵبەسەنگێنن ئایا شیاوی ئەوەیە کە وەربگیرێت یاخود وەرنەگیرێت بۆ لەسەر دوو ڕۆژ یان سێ ڕۆژ ساڵ بمێنێتەوە، یاخود ساڵی پاشتر دەوام بکات، بۆیە پشتگیری کاك جلال و کاك بهجت و کاك سروان و کاك لقمان دەکەم لەسەر ئەو بابەتە، سەبارەت بە خاڵی سێیەم پێویستە قوتابی بەر لەوەی تەمەنی نۆزدە ساڵی تێپەڕ بکات قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی تەواوکردبێت، من پێمباشە لە ڕووی سیاغەکردن بەم شێوەیەی لێبکرێت، پێویستە قوتابی لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی تەواو بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من ل سەر ماددەیا ئێکێ یە ل رۆژا (١٢/٣١) من پێمباشە ل رۆژا دایك بوونا هەر قوتابیەك شەش ساڵ تەمام کر بیت نەك (١٢/٣١)، چونکی هەر قوتابیەك ل رۆژا ل دایك بوونا وی بیت وی دەمی شەش ساڵی خۆ تەمام بکەتن، (١٢/٣١) نە شتەکی دروستە و نە یاساییە، چونکی قوتابخانە ئێکی نۆ دەست پێ دکەن، یان هەیڤا دە دەست پێ دکەن، پێویست ناکات (١٢/٣١) بێتە بەکارهێنان، چونکی ئەگەر ئێکی ئێك خودێ دابیت یەعنی چەند رۆژەکا ساڵەکیش دەست وی دچیت، رۆژا ل دایك بوونێ هیچ کێشە و ئاریشە چی نابیت، هەر کەسەك رۆژا ل دایك بوونا وی ببیتە ئەساسێ وەرگرتنێ ئەو ژی شەش ساڵیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە دەکەم کە لە بڕگەی دووەم خاڵی یەکەم لە راستیدا ئەو مەرجە هەڵبگیرێت، چونکە زۆرجار وا هەبووە قوتابی لەبەر یەك رۆژ ساڵێکی قوتابخانەی لێ بەفیڕۆ چووە، لەبەر ئەوە من دەڵێم با زیاتر کارامەیی منداڵ لەبەرچاو بگیرێت نەك ئەو تەمەنە، چونکە قوتابی هەیە لە تەمەنی پێنج ساڵی دەتوانێت بخوێنێتەوە و هیچ کێشەشی نابێت، وە لە بڕگەی سێیەم لە راستیدا پێمباشە بڕگەیەك زیاد بکرێت بە ڕێزبەندی چوارەم پێویستە مامۆستای کارامە و بە توانا دابندرێت بۆ قۆناغی بنەڕەتی، چونکە قۆناغێکی چارنووسازە بۆ خوێندنی باڵاتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، پشتگیری لە قسەکانی کاك بەڵێن وکاك سروان کاك چیا وکاك لقمان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵا ئێکێ ماددەیا دەیەم ئەز پشتەڤانیا خوشکە مژدە دکەم، فیعلەن بۆ پۆڵ دروست ترە، قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی نۆ پۆڵ پێك دێت، چونکی ل تەعریفاتەدا تەعریفا ساڵی خوێندن ناهاتیە کرن، بەڵێ تەعریفا بۆڵێ هاتیە کرن، پۆڵ ساڵەکا خوێندنا قوتابیە ل هەر قۆناغەکا خوێندنا دابیت، مادام ل تەعریفاتدا هاتیە ل ڤێرێ ببیتە پۆڵ باشترە، یا خاڵا دووێ ئەز پشتەڤانیا وانا دکەم کو فیعلەن بچیکێ هەی زیرەکە مەعقول نینە دوو رۆژ و سێ رۆژ ببیتە مانع ساڵەك ب سەرڤە بچیتن، یەعنی بلا مودەك بێتە دانان بزانن چەند ئیتفاق ببیتن هەیڤەك ژی

ئیشکال نینه، یەعنی شەش ساڵ کەم هەیڤەك بیتن یـان بە لایەنـی کەم ئەڤە بچیـتە ئێکـی ئێـك نەبیـتە (١٢/٣١)، خـاڵا دووەم: خوێنـدنی بنەڕەتـی پەیڕەوکـراو مەرجە بـۆ هەمـوو کەسـێك کە تەمەنـی شـازدە سـاڵی تێـپەڕ نەبووبێـت، یەعنـی ل شەشـی دچیـتە خوێنـدنی نـۆ مەرحەڵێـت دیراسینە ئەڤە بوونە چەند، پازدە، مەعنا وێ ل بنەڕەتی ئێکی هەتـا شەشـی و حەفتـی هەتـا نـۆ مافێ رسوبێ ئیك ساڵ ب تنێ یا هەی، ئەگەر هۆسا بیت، ئەوە بێتە چارەسەرکرن، خـاڵا دووێ ل گەڵ خاڵا سێ ئەز حەز دکەم لیژنەیا تایبەت بۆ من جیاوازیەك بخەتە ڤێرێ، دبێژیتن شازدە ساڵ تێپەڕ نەبوویێت، ل ڤێرە دبێـژیتن لەوەی تەمەنـی نـۆزدە سـاڵی تێـپەڕ بکـات قۆنـاغی خوێنـدنی بنەڕەتی تەواوکردبێت، کا بۆ من پچەکی لێکدانەکێ بکەن بزانم کو لیـژنە تەوزیـحەك بـدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شنۆ خان فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر خاڵی یەکەمی بڕگەی دووەم هەبوو قسەکانم کرا لەلایەن کـاك بـاڵانبۆ، پشـتیوانی لە قسەکانی کاك باڵانبۆ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیێت من ل سەر ماددەیا دە بڕگەیا ئێکەم پشتگیریا بەڕێـزان دکەم کـو ئەوێ دبێـژن نـۆ پـۆڵ بیتن، چونکی دیارە بڕگەیا بیسـت پێـنج ل ماددەیـا ئێکـێ دا پێناسـە پـۆڵ یـا هـاتیە کرنـێ، دوو: ئەگەر هۆسا بیتن نۆ ساڵ بیتن تەلەبە یا هەی دوازدە ساڵە قۆناغە بنەڕەتـی تێپەڕنیـتن، چـونکی دیارە ل بڕگەیا سێ دا هەتا پێش نۆزدە ساڵ دشێتن قۆناغا بنەڕەتی تیپەڕنیتین، من تێڕوانینەکـا جودا یا هەی بۆ وان بەڕێزان ئەڤێ دبێژن دڤێتن (١/٣١) بچیتە هێڤەتر، من دڤێ روونکردنێ بدەم ئێکی ئێك تا (١٢/٣١) موالیدەکە، ئێـك موالیـدە، کەنگـی تەڵەبە دهێـنە نڤیسـینێ ل مانگـا شـەش، دبێژیتـێ هەتـا دوماهیکـا هەیڤـا دوازدە تە ژی مـافێ هەی، تەمەنـێ وی دبیـتە شـەش دی تۆمـار بـکەت، باشـە ئەگەر مە تەمدیـدکر گریمـانە کـر مە هەیڤـا ئێـك ل سـاڵا دیتـر ژی ئیـزافە کـر بـۆ موالیـدەکا دی تـر، ژبەر هەنـدێ ئەگەر تە هەیڤـا ئێـك ئیـزافە کـر ل سـاڵا دیتـر هەیڤـا دووش دێ تەڵەب دکەت، چەندین ساڵە مامۆستا برهان دزانیت ئەڤ شتە هەبوو تووشی موشـکیلە بـووین، چونکی هەیڤا دووش تەڵەب کر، هەیڤا سێ ژی موالیدا ساڵا دی تر، ژبەر هەندێ ب دیتنا من ئەڤ بڕگەیە یا هەیە قانونیە ل جهێ خۆ بمێنیتەڤە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دە بڕگەی دووەم خاڵی یەك برادەران زۆربەیان قسەیان لەسەرکرد، پشتگیری بەڕێز کاك چیا دەکەم، هەر منداڵێك لە رۆژی (١٢/٣١) ئەو کات تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵە، لەو رۆژە بووە شەش ساڵ نیوەی ساڵەکە کو دەچێت دەوام دەکات بەپێی ئەم نووسراوە، دەبێت ئەو کات بچێت دەست بە خوێندن بکات، نیوەی ساڵ تێپەڕیووە، ئەوەی دووەم پشتگیری بەڕێز دکتۆر اسماعیل سگێری دەکەم، کابرا ساڵێك خوا نەخواستە لە قوتابخانە پرسەیەکی بۆ دروست بوو، موشکیلەیەکی بۆ دروست بوو نەیتوانی تەواو بکات، مەعقولە ساڵێك قۆناغی بنەڕەتی هەموو مەجالێ بۆ بێڵی ئەگەر دەرنەچوو، هیوادارم بەوە دابچنەوە، وە جەنابی وەزارەت حەز دەکەم بەیانی وەزیر وەڵامی ئەوە بداتەوە، بەڕێز کاك برهان، یەعنی لە نیوەی ساڵ دەبێت بچێت بەشدار بێت، نیو ساڵی لێ تێپەڕی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی مژدە خان و دکتۆر اسماعیل دەکەم بۆ بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە، بڕگەی دووەم کە دەڵێت هەر منداڵێك ئەوەندەی تەواوکرد دەبێت پەیوەندی بە قوتابخانەیەکی خوێندنی بنەڕەتی بکات، منداڵ چۆن دەتوانێت پەیوەندی بکات کە موخاتب ناڵێت، لە ماددەی دوازدەدا باس لە بەخێوکەر دەکات، بە خێوکار دەکات، بۆیە دەبێت لە ڕێی بەخێوکەرەکەیەوە بێت ئەو دەقە وا دابڕێژرێتەوە، ئەوەی تریش پەیوەندی بە ساڵ ومانگ و ئەوانە هەر مودەیەك زیاد و کەم بکەین گلەیی دروست دەبێت، چونکە تۆ مانگێك کەمت وەرگرت و دوو مانگیش ئەو مافەی هەیە، بۆیە من لەم رووەوە پشتگیری لە رەئیەکەی مامۆستا هلز خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم دەبووایە ئەو بەڕێزانەی کە بە نوێنەرایەتی وەزارەتی پەروەردە لێرەن بە دەنگدان مافی ئەوەیان هەبووایە کە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، ئەوە بخراپایە دەنگدان، نەك ئێمە چاوەڕێ بکەین بەیانی وەزیری پەروەردە وەڵام بداتەوە، سەبارەت بە ماددەی دەیەم بڕگەی دووەم و سێیەم بە تەواوی پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر اسماعیل سگێری دەکەم، بەڕاستی نەوعەك لە تەزاروب هەیە، چونکە خۆتان دەزانن کۆمەڵگەی ئێمە دەئیمەن کۆمەڵێك گرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەتا ئابووری هەیە و وا دەکات کە قوتابی لە خوێندن دابڕێت، بۆیە ناکرێت مەسەلەن شازدە ساڵ لە بڕگەی دووەم تەحدید بکرێت، ئینجا لە بڕگەی سێیەم نۆزدە ساڵ تەحدید بکرێت، چونکە بەدیلی ئەوە چیە، بەدیلی ئەوەیە خوێندنی ئێوارانە یاخود خوێندنی خێرایە کە خوێندنی ئێوارانیش لە هەموو شوێنێك نیە، بۆ نموونە هەتا شارۆچکەیەك هەیە

خوێندنی ئێوارانی لێ نیە، ناحیە هەیە خوێندنی ئێوارانی لێ نیە، ئەوە نەوعێك گرفت دروست دەکات، هیوادارین وەزیری پەروەردە روونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەو ماددەیە بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرقی نێوان بڕگەی دوو و سێ بەیانی جەنابی وەزیر دەبێت بۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی روون بکاتەوە، فەرقیان چیە، هەر چەندە فەرقیان هەیە، مەبەستی ئەوەیە تا شازدە ساڵ دەتوانێت پەیوەندی بە خوێندنی نیزامیەوە بکات، بەڵام دوای شازدە دەبێت یاخود خوێندنی خێرا یان خوێندنی ئێواران، نۆزدەکە سێ ساڵ رسوبە سەقفەکەیە، بەڵام خۆیان ئەم قسەیە بکەن، فەرموو کاك سەرکۆ.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دە قسەکانی من کرا، پشتیوانی لە قسەکانی کاك لقمان و مژدە خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دە من سێ چوار تێبینیم هەیە، یەکەم: (١٢/٣١) کە یەکسەر بکەینە (١/١) لەبەر یەك سەبەب، چونکە بەڕاستی ئەمە واقیعێکە ئەوانەی لە بیست و پێنج تاوەکو سی و یەکیش لە دایك دەبن هەوڵدەدەن بیکەنە یەکی یەك، لەبەر ئەوە ئەمە ساڵێکی تەواوی لە قیس دەچێت، ئەم سی و یەکە بکەینە یەکی کانونی دووەم باش دەبێت، مەسەلەی خاڵی دوو و سێ مەسەلەی شازدە ساڵ خۆی بە پازدە ساڵ تەواوی دەکات، من دەزانم شازدە ساڵ و نۆزدەکە مەبەستی ئێواران نیە لەم خاڵە، ئەگەر مەبەستی ئێواران بێت زۆر خراپە، بەڵام هەر شازدەکە لادەین نۆزدەکە بهێڵینەوە، من پێموایە بە پازدە ساڵ تەواوی دەکات و چوار ساڵی مەجال دراوەتێ بۆ ئەو قۆناغانەی کە ناتوانێت سەرکەوتوو بێت یان لە خوێندن دوور دەکەوێتەوە، بۆیە شازدەکە لابدەین، بەڵام کۆتاییەکەی ئەوەیە کە لە ماوەی نۆزدە ساڵ بنەڕەتی تەواو بکات، پێموایە کافیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری دووەم: ئامانجەکانی خوێندنی بنەڕەتی.

ماددەی (١١):

یەکەم: بنیاتنانی بنەماکانی پەروەردە و خوێندنەوە و نووسین و ژماردن لای قوتابیان و پەرەپێدانی تواناکانیان لەو بوارانەدا.

دووەم: بەهرەمەندکردنی قوتابیان بەزانست وپەرەپێدانی تاواناکانیان وگەشەپێدانی کارامەییە سەرەکییە جۆراوجۆرەکانی قوتابیان بە تایبەتی کارامەییەکانی زمانەوانی ژماردن و هونەری و جوڵەیی.

سێیەم: فێربوونی بنەماکانی پەروەردە و هاونیشتیمانی بوون و مەدەنیەت و هاندانی قوتابیان بۆ گیانی دەست پێشخەری تێکۆشان وکۆڵنەدان وتوانای پشوو درێژی بەمەبەستی ئامادەکردنیان بۆ بەشداریکردنی کارا لە هەڵبژاردنی شێوەی ژیانیان.

چوارەم: ئامادەکردنی قوتابیان بۆ بەردەوامبوون لە خوێندنی ئامادەیی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟ بەڕێزان ناوەکانی دەخوێنمەوە (کاك زیاد، گوڵستان سعید، کاك جمال، کاك کاروان، کاك عباس، شادی خان، کاك مەم، کاك جلال، کاك لقمان، کاك شاخوان، کاك یاسین، شیرین خان، د.اسماعیل، د.محی الدین، مژدە خان، مامۆستا ابوبکر، هلز خان، د.ڕێبوار، کاك پێشەوا، لیزا خان، مامۆستا نجاة، کاك سەرکۆ، مەلا ناصر، د.گلاوێژ، سەرچنار خان، کاك ازاد)، کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە بڕگەی یەکەم و دووەم پەرەپێدانی تواناکان لە پەروەردە و خوێندنەوە و نووسین و ژماردن و گەشەپێدانی کارامەییەکان لە زمانەوانی ژماردن هونەری و جوڵەیی، بە رای من هەردووکیان بکرێتە یەك بڕگە، بڕگەیەکی زۆر بەهێز دەردەچێت و لە یەکیش دەچێت، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم لێبوردەیی بۆ زیاد بکرێت، چونکە لە پەروەردە لێبوردەیی زۆر گرنگە، لێبوردەییشی بۆ زیاد بکرێت، تێکۆشان کۆڵنەدان توانای پشوو درێژی و لێبوردەییشی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئامانجەکانی خوێندنی بنەڕەتی لە ماددەی یازدە بڕگەی یەکەمیان بنیاتنانی بنەماکانی پەروەردە و فێرکردنی خوێندنەوە، فێرکردنی بۆ زیاد بکرێت لێرە، لە بڕگەی دووەمیاندا جگەلە لەو خاڵانەی کە ئاماژەی پێدراوە کارامەییەکانی زمانەوانی ژماردن و هونەری و جوڵەیی زانستی و مێژووی و ژینگەیی بۆ زیاد بکرێت، لەگەڵ ماف و ئەرکی هاوڵاتیبوون بۆ خاڵی سێ زیاد بکرێت، فێربوونی بنەماکانی پەروەردە و ماف و ئەرکی هاووڵاتی بوون چەمکەکانی مەدەنیەت، وە هاندانی قوتابیان بۆ گیانی دەست پێشخەری بە مەبەستی ئامادەکردن و دروستکردنی پابەندبوون و گەشەکردنی هەستی نیشتیمانی ئەوە زۆر گرنگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز ليزا فلك الدين صابر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پێموایە لەم ماددەیەدا بڕگەی یەکەم و دووەم زۆر لە یەك دەچن بۆیە پێویستە بکرێت بە یەك بڕگە هەردووکیان بەم شێوەیە، بنیاتنانی بنەماکانی پەروەردە و بەهرەمەندکردنی قوتابیان بە زانست و پەرەپێدانی تواناکانیان و گەشەپێدانی کارامەییە سەرەکیە جۆراوجۆرەکانی قوتابیان بە تایبەتی کارامەییەکانی زمانەوانی و ژماردن و هونەری و جوڵەیی، کەواتە یەکەم و دووەم زۆر لە یەك دەچن هەر وەکو باسمکرد ئەگەر بکرێت بە یەك بڕگە باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك پێشەوا فەرموو.
**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى :**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە بڕگەی سێیەم ئەوەی کە دەڵێت فێرکردنی بنەماکانی پەروەردە و هاونیشتیمانی بوون و مەدەنییەت ئەگەر مەبەست لە شارستانییەتە ئەو مەدەنیەتە نازانم بۆ من کەمێك وازح نییە، هاندانی قوتابیان بۆ گیانی دەست پێشخەری تێکۆشان پێمباشە کاری گرووپیشی بۆ زیاد بکرێت، هەروەها لە بڕگەی چوارەم کە دەڵێت ئامادەکردنی قوتابیان بۆ خوێندنی ئامادەیی پێموایە زەرور نیە یەعنی خۆی وازحە کە کەسێك بنەڕەتی تەواوکرد بۆ ئامادەیی دەچێت، یەعنی شتێك نییە پێویست بە نووسین بکرێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك عباس فەرموو.
**بەڕێز عباس فتاح صالح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بەم ماددەیە منیش هەمان ڕەئیم هەیە پشتگیری لە ڕەئیەکەی لیزا خان دەکەم، ئەم دوو ماددەیە پێویستە هەمان مەبەستیان هەیە بیکەین بە یەك بڕگە، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم من لەگەڵ ئەوەم کە لابرێت، بڕگەی سێیەم لە جیاتی بۆ بەشداری کارا لە هەڵبژاردنی شێوەی ژیانیان دەتوانین بۆ هەموو بوارەکانی ژیانی لێبکەین، ئێمە دەتوانین بڕگەی چوارەمیشی بەکار بێنین و پوخت تر دەبێت ماددەکە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك جلال فەرموو.
**بەڕێز جلال محمد امين:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی یازدە بڕگەی یەکەم پشتیوانی گوڵستان خان دەکەم وشەی فێرکردن لە دوای پەروەردە زیاد بکرێت، هەروەها سەبارەت بەوەی ئەگەر بڕگەی یەکەم و دووەم بکرێت بە یەك بڕگە جارێکی تر پشتیوانی لیزا خان دەکەم بۆ ئەوەی لە یەك نزیك بکرێتەوە، هەروەها سەبارەت بە بڕگەی چوارەم بڕگەی چوارەمیش لابرێت پێموایە زەرور نیە پشتیوانی کاك پێشەوا دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

شادی خان فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە من پێمباشە ئاماژە بە خاڵێك بدەم، لە بنچینە فەلسەفیەكانی بنەما گشتییەكانی پەروەردە و فێركردن كۆمەڵێك خاڵ ئاماژەی پێدراوە، بنەمای فێربوونی ئەم خاڵانەی كە لێرە ئاماژەی پێدراوە ئەو مەرحەڵە تەمەنەیە یاخود بنیاتنانی ئەو كەسایەتیە لەسەر ئەم بنەما فەلسەفیانە مەرحەلە عمری بنەڕەتیە، واتە لە شەش ساڵی تاوەكو نۆزدە ساڵی كە ئاماژەی پێدراوە، بۆیە ئێمە گرنگە تەركیز بكەینەوە سەر ئەو خاڵانەی تر لە بنەما فەلسەفیەكاندا هاتوون بەشی هەرە زۆریان لێرە بێنەوە و كاریان لەسەر بكرێت، وەكو مەسەلەی پرەنسیپەكانی دیموكراتی زۆر گرنگە لێرە كە ئاماژەی پێبدرێت، دادپەروەری كۆمەڵایەتی یەكسانی نێوان هەردوو رەگەز ئەمە زۆر گرنگە كە كاری لەسەر بكرێت لەم مەرحەلە عمریەدا، هەروەها من پشتیوانی لە قسەكانی كاك زیاد دەكەم بۆ خاڵی سێیەم بۆ زیادكردنی لێبوردەیی، هەروەها ئیزافەكردنی پێكەوە ژیان ل دوای دەستەواژەی هاونیشتیمانی بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە برگەی دووەم پێشنیار دەكەم بەوەی كە دەڵێت بەهرەمەندكردنی قوتابیان بە زانست و زانین، وشەی زانینیشی بۆ زیاد بكرێت، چونكە جیاوازن، سەبارەت بە خاڵی سێیەم كۆتاییەكەی ریزی سێیەم كە دەڵێت بە مەبەستی ئامادەكردنیان بۆ لە بری بەشداریكردنی كارا لە هەڵبژاردنی شێوەی ژیانیان بەو شێوەیەی لێبكرێت، بە مەبەستی ئامادەكردنیان بۆ هەموو بوارەكانی ژیانیان، سەبارەت بە خاڵی چوارەم لابرێت، لەبەر ئەوەی بەپێی ئەوە بێت فەرزكراوە بچنە ئامادەیی، بەڵام لە قۆناغی بنەڕەتیدا دەچنە پەیمانگای وەرزشی، دەچنە كۆمپیوتر، هونەرە جوانەكان، بۆیە مەفروزە ئەو خاڵە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا ابوبكر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەو خاڵەدا هاوڕای كاك عباسم كە خاڵی چوارەم زیادە، هەروەها لە خاڵی سێیەمیشدا سێ بنەما جەختی لێبكەینەوە بۆ ئەوەی زۆر ئاڵۆزی نەكەین لەسەر ئەو تەمەنە كە ئەویش بنەماكانی پەروەردە و فێركردن و متمانە بەخۆبوون هاونیشتیمانییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.گلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە هاوڕام لەگەڵ ئەو ئامانجانەی خوێندن کە هەیەتی، بەڵام پێموایە کە پێویستە خاڵێکی تری بۆ زیاد بکرێت، لێرە، ئەویش ئەرکی سیستەمی پەروەردە و خوێندنە قورسایی بخاتە سەر وشەی دیالۆگ گرنگی بە بەشداری و هاوبەشیکردنی قوتابی و خوێندکار بۆ ژیانی پێکەوەیی، وە دروستکردنی نەوەیەك بە ئاگا بێت لە مافەکانی خۆی و ئامادەش بێت بۆ وەرگرتنی ئەرك و بەرپرسیاریەتی لە داهاتوودا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ازاد فەرموو.

**بەڕێز ازاد اکرم بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم بنیاتنانی بنەماکانی پەروەردە خوێندن و نووسین و قسەکردن زیاد بکرێت، چونکە بەڕاستی کە سیڤییەك پڕ دەکەیەوە لێت دەپرسن موستەوای نووسین و قسەکردن و خوێندن دەنووسرێت، ناڵێن موستەوای قواعید و ئەدەبت چییە، ئینجا ئەوانەی کە بە زمانی کوردی نازانن ئەو کوردییەی کە دەخوێنن قواعید و ئەدەبێکی ئەوەندە زۆرە کو فێری زمانی قسەکردنەکە دەبێ، یان ئەوانەی بە ئینگلیزی و عەرەبی دەخوێنن ئەوەندە قواعیدە هیچ ئیهتیمام نادرێت بە خوێندن و نووسین و قسەکردن، لێرە قسەکردن لەلای من زۆر گرنگە، هەروەها لە بڕگەی چوارەمیش ئامادەکردن لێرە بە گوێرەی قابیلیەت و ئیختیصاص بنووسرێت، مەسەلەن ئێمە زۆر حەز دەکەین لە پۆلی نۆ تەلەبەك لەوانەیە حەز دەکات بچێتە گب یان هەندەسە یان بیرکاری، یان فیزیا یان وەرزش یان ڕەسم؟ یان وەرزشی، لێرە دیار بکرێت یەعنی لەو بە چ شێوەیەك ئامادەی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاخوان فەرموو.

**بەڕێز شاخوان ڕؤوف مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە بڕگەکانی یەك و سێ وشەی ڕەوشت زیاد بکرێت لە دوای بنەماکانی پەروەردە و ڕەوشت و خوێندنەوە، هەروەها پشتیوانی گوڵستان خان و کاك عباس و لیزا خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش چەند تێبینیەکم هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، بڕگەی یەکەم بنیاتنانی بنەماکانی پەروەردە و نووسین و ژماردن ئەمە خۆی قۆناغی بنەڕەتی سێ بازنەیە، بازنەی یەك و دوو و سێ، لە بازنەی یەکەم کە پۆلی یەك و دوو و سێ یە ئەم ژماردن و نووسین و خوێندنەوە فێر دەبێت، یەعنی ناکرێت تۆ لێرە بۆ هەر سێ بازنەکەی بێنیتەوە، لەبەر ئەوە بڕگەی یەك لابرێت، لەبەر ئەوەی

لەگەڵ ئامانجەکانـدا نـایەتەوە بـۆ هەمـوو خوێنـدنی بنەڕەتـی ئەمە خـاڵی یەك، بـڕگەی دووەم: بەهرەمەنــدکردنی قوتابیــان بە زانســت دەبــوایە زانیــاری بــۆ زیــاد بکرێــت، ئینجــا لیــژنەی تایبەتمەنـدیش پێمـان بڵێن ئەو جـوڵەییە مەبەسـتیان لە چـیە، جـوڵەیی کە لە کۆتـایی هـاتووە، بڕگەی سێیەم: فێربوونی بنەماکانی پەروەردە لێرە ئەوەی زیاد بکرێت بنەماکانی دینداریشی بـۆ زیاد بکرێت، ئینجا هاونیشتیمانی بوون و مەدەنیەت تاوەکو کۆتایی، ئەوەشمان پێ بڵێن لیـژنەی تایبەتمەند هەڵبژاردنی شێوەی ژیانیان مەبەستیان لە چیبە خۆیـان هەڵیبژێـرن، بـڕگەی چـوارەم زیــادەیە، چــونکە تەحصــیل حاصــڵە، ئەگەر لابرێــت زۆر باشــە ئامــادەکردنی قوتابیــان بــۆ بەردەوامبـوون لە خوێنـدنی ئامـادەیی، ئەی ئەوەنـدە سـاڵە چـی دەخـوێنن هەر ئەوە دەخـوێنن، خوێندنی دوای ئەوەش ئلیزامی نییە، لەبەر ئەوەی ئەوە نەش بێت هەر ئـاسایی و لابرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بنەما پەروەردەییەکان بۆ قۆنـاغی بنەڕەتـی بـابەتێکە فـوق العـادە گـرنگە ئامـاژەی پێبکرێـت، ئەویش بابەتی ڕێزگرتنە لە یاسـا و سیسـتەمی گشـتی کۆمەڵگـا، حەز دەکەم ئەوە وەکـو نمـوونە بێـتە لە بـڕگەی یەکەمـدا، لە بـڕگەی دووەمـدا وشـەی جـوڵە لابرێـت بکـرێتە وەرزش، دیـارە مەبەستی هەر وەرزشە، چونکە وەرزش جـوڵەی تێـدایە، بەڵام بـا بە وازحـی بێـت، مـادام هـونەر هاتووە با وشەی وەرزشیش بێت، بڕگەی چوارەمیش زیادەیە پێموایە هەڵبگیرێت ئەو سێ بنەما سەرەکیە کیفایەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێمـوایە ئەو مـاددەیە و چەنـدان مـاددەی تـریش لە داهـاتوو کە موناقەشـەیان دەکەیـن بە تایبەتی ماددەکانی شەست و سێ و چوار و پێنج و شەش و حەوت قابیلی لابردنن، لە ئەساسـدا ئەوانە پێویست ناکات، خۆی یاساکە لەسەر ئەمەیە، ئامانجەکانی خوێندنی بنەڕەتی و خوێندنی ئامادەیی، ئەگەر بێینە سەر ئەو بڕگانەی کە لە ماددەکەدا هەن هەموویـان تەحصـیل حاصـڵن بـۆ نموونە بنیاتنانی بنەماکانی پەروەردە و خوێندنەوە و نووسین و ژمارە ئەی تەبعەن تۆ بۆ ئەوەی دەخوێنی بۆ ئەوەی کە فێری خوێندنەوە و نووسـین و ژمـارە ببێـت، ئەگەر ئەمە نەبـڕی نـاتوانی بچیە قۆناغی دواتر ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم: کە باس لە بەهرەمەندکردن دەکات لە هـیچ شوێنێکی ئەم یاسایە باسی بەهرەمەندبوونی تێدانیە، یەعنی شتێك نیە کە تۆ بتوانی منداڵ لەم یاسایەدا کە ئێمە کۆمەڵێك تەرحمان هەیە دواتر پێشکەشی دەکەین، کە منداڵ بەهرەمەند بکات، بەهرەمەنـدی چـیە فێـری پیشـەیەك بیـت لە پـاڵ خوێنـدنەکە، ئەمە لەو یاسـایەدا جـێگەی نەکراوەتەوە، کەواتە بەهرەمەند هەر نـیە لە خۆیـدا، سـێیەمیان فێربـوونی بنەماکـانی پەروەردە تەبعەن ئێمە بۆ فێربوونی بنەمەکانی پەروەردە و هاونیشتیمانی بـوون و خۆشەویسـتی تـاوەکو

دوايیە، باشە، خاڵی چوارەم: وەكو برادەرەكانیشم باسیانكرد تۆ ئەگەر ئەم قۆناغە تەواو نەكەی ئەسڵەن ناچی بۆ ئامادەیی، بۆ ئەوەی بچی بۆ ئامادەیی خەڵكێك كەوا واز بێنێت پێویست ناكات ئاماژەی پێ بكەی، بۆیە پێشنیار دەكەم بە داخەوە یاساكە زۆر و بۆریەكی زۆری تێدایە، ئەو شتانەی كە لە كوردستان لە رووی واتایی و كردارییەوە بەرجەستەن ئێستا لە یاساكەدا هەمووی نووسراوە، كە پێویست ناكات بنووسرێت، یەعنی بەشێكی زۆر دەكرێت بە تەعلیمات حەل بكرێت، پێویست ناكات تۆ لە یاسا ئەو هەموو درێژ دادەرێژیت دووبارەكردنەوەیە، بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەمە لابرێت و بە پێویستی نازانم كە لە یاساكەدا هەبێت، ئەگەر لە یاساكەشدا بمێنێتەوە پشتیوانی لە كاك عباس دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك مەلا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە لە ئامانجەكانی خوێندنی بنەڕەتی بە هیچ شێوەیەك ئاماژەی بە پاراستنی بەها باڵاكان و رەوشتی قوتابی و خوێندكار نەكردووە، بۆیە پێویستە بە روونی ئاماژەی پێبدرێت، هەروەها پشتگیری لە قسەكانی كاك عباس و لیژا خان و هەڤاڵانی تر دەكەم بۆ ئەم مەبەستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە پێشنیار دەكەم هەردوو بڕگەی یەكەم و دووەم لە یەك بدرێت وەكو برادەرانیش ئاماژەیان پێكرد، ئەوەی پەیوەندی بە بڕگەی سێیەم و چوارەمەوە هەیە بە تایبەتی لە دوا دێری بڕگەی سێیەم ئامادەكردنیان بۆ بەشداریكردنی كارا لە هەڵبژاردنی شێوەی ژیانیان، هەر لەگەڵ ئەوەی چوارەم ئامادەكردنی قوتابیان بۆ بەردەوامبوون لە خوێندنی ئامادەیی، جۆرێك لە بەر یەككەوتن هەیە، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەكەم كە بڕگەی سێیەم لە دێری سێیەم یان لە كۆتا دێرەكەی لابرێت و تەنها ئەوەی چوارەم بمێنێتەوە، ئامانجەكانی خوێندنی بنەڕەتی بە گشتی لە ئامانجە گشتیە هاوبەشەكانی پەروەردە و فێركردن لە ماددەی چوار بە درێژی باسی ئەوەی كردووە، بۆیە پێویست بە كورتكردنەوە دەكات و زیاد ئامانجانەی كە هاتووە لەوێ ئاماژەی پێكراوە بۆ ئەوە پێویست دەكات كورتی بكەینەوە، چونكە خۆی لە سەد و هەشتا یەك ماددە دەدات، ئەگەر ئێمە وەكو فەرهەنگێكی گەورەیە بۆیە باشتر چڕی بكەینەوە، ئەگەر شتێك پێویستی بەوە بوو با رێنماییەكانی وەزارەتی پەروەردە ئەو وەختە چارەسەری بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا نجاة فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەیا یازدە دوو تێبینیێت هەی، ئێكێ پشتەڤانیا ئاخافتنێت لیـزا خـان و كـاك جـلال دكەم كو بڕگەیا ئێكێ و دووێ گەڵەك نزیكی ئێكن ببیتە ئێك بڕگە، یا چـوارێ ژی ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەینێ خوێندنا بنەڕەتی دەرئەنجامێ وێ بەردەوامبوونە لە خوێندنا ئامادەیی، ژبەر هەندێ بڕگەیا چوارێ بێتە لادان ل ڤێرە پشتگیریا ئاخافتنێت دكتۆر رێبواری دكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەركۆ فەرموو.

**بەڕێز سەركۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە بـڕگەی دووەم بەهرەمەنـدكردنی قوتابیـان بە زانسـت و پەرەپێـدانی تواناكانیـان و گەشـەپێدان و كـارامەییە سـەرەكیە جۆراوجۆرەكـانی قوتابیـان لەگەڵ بـڕگەی دووەمـدا تـێكەڵ بكرێـت فێربـوونی بنەماكـانی پەروەردە و هاونیشـتیمانبوون و مەدەنـیەت و هاندانی قوتابیان بۆ گیانی پێكەوەیی و دەست پێشخەری، هەروەها بڕگەی چوارەمیش لابرێت پشتیوانی لە قسەكانی كاك عباس دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یـازدەم بـڕگەی یەكەم پشـتگیری لە رەئـی گوڵسـتان خـان دەكەم، قسـەكانم دووبارە ناكەمەوە، بۆ بەسـتنەوەی بـڕگەی یەكەم و دووەم پشـتگیری لە رەئـی لیـزا خـان دەكەم، هەروەهـا بـۆ بـڕگەی سـێیەم پشـتگیری لە رەئـی كـاك شـاخوان دەكەم كە پێویسـتە فێربـوونی بنەماكانی پەروەردە و بەها باڵاكانی رەوشت ئیزافە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من زۆربەیانكرا، بەڵام پشتگیری گوڵستان خان و لیزا خان دەكەم، هەورەها لە مـاددەی دووەمیش دەمەوێت ئەو شـتە زیـاد بكرێـت وەرزش و ژیـنگە، جـوڵەیی یەعنـی چـی، لە بـڕگەی چوارەمیش پشتگیری لە رەئی كاك پێشەوا دەكەم كە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە بـڕگەی دووەم بەهرەمەنـدكردنی قوتابیـان بە زانسـت و پەرەپێـدانی تواناكانیان و گەشەپێدانی كارامەییە سەرەكیە جۆراوجۆرەكانی قوتابیـان بە تـایبەت كـارامەیی

زمـانەوانی ژمـاردن هـونەری جـوڵەیی زیـادە، مـادام ئـێمە دەڵـێین کـارامەییە سـەرەکیە جۆراوجۆرەکان تەواو کەواتە هەمووی دەگرێتەوە، هەروەها بڕگەی چوارەمیش لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە، یەکەم: ئەڤ ئامانجە هاتیە دانان تەنێ بازنێ ئیکە، بازنێ ئێک هەتا سێ بەس بۆ وانەیە، ب دیتنا من ئەڤە یا زێدەیە، چونکی بڕگەیا دووێدا یا هاتی، یا بەحس لێ کریە دبێژیت گەشەپێدان هەتا دوماهیکێ دێتن زمانەوانی و ژماردن هونەری، یا هاتی ل بڕگەیا دووێدا، ژبەر هەندێ ئەز پشگیریا وان بەڕێزان دکەم ئەڤێ دبێژن ماددەیا ئێکێ بهێتە لادان، سەبارەت ب بڕگەیا دووێ پشتگیریا سەرچنار خان دکەم کو زانست و زانیاریش بێتە ئیزافە کرنێ، بڕگەیا سێیەم ژی هەر دیسان پشتگیریا سەرچنار خان کو دینداری بەری پەروەردە بێتە ئیزافە کرنێ، هەروەسا بڕگەیا چوار پشتگیریا ئەڤان بەڕێزێت هەنێ دکەم مژدە خان و دکتۆر ڕێبوار و کاك عباس و سەرچنار خان و نجاة خان و کاك سەرکۆ ئەڤ بڕگەیا هەنێ بڕگەیەکا زێدەیە، تەحیصل حاصڵە، دوو: شەرت نیە هەمی تەلەبە بچنە ئامادەیی مە پەیمانگهێت پەروەردەیی ژی هەین، دشێت بچیتە پەیمانگهێت پەروەردەیی ژی ژبەر هەندێ ب دیتنا ئەڤ بڕگەیا هەنێ یا زێدەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵا یا دووێ ل دیڤ ماددەیا یازدە پشتگیری و پشتەڤانیا وانە دکەم ئەوانێ دبێژن زانین لێ زێدە بیت، زانست و زانین دا شامل تر بیت، دیسان پشتەڤانیا وان بۆچوونان دکەم کو فێربوونی بنەماکانی ئاین بەری پەروەردە هەبیتن، چونکی ل ڤێرێ وان ڕێزگرتن بۆ ئاین هەبیتن بەری پەروەردە، وە پشتی پەروەردە بێتە دیارکرن بەهاکانی رەوشت دیسان و هاونیشتیمانی پێگڤە ژیان گەلەکا پێتڤیە ل ڤێ مەرحەلێ، پێگڤە ژیان تەئکید ل سەر ڤێ بێتە کرن تەڤەبولکرنا ئێك و دوو، ئەما یا چوارێ یان بێتە لادان هەر پێتڤی نینە، یان ژی ئەگەر هەر ما ب ڤی رەنگی بیت ئامادەکردنی قوتابیان بۆ بەردەوامبوون ل قۆناغەکانی دوای تر، یەعنی دا نەچیتە ئامادەیی، چونکی مومکین نیە بچیتە ئامادەیی لەوانەیە بچیتە پەیمانگایەکی، ئەو پەیمانگا قۆناغا دوای وییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال حويز مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە بڕگەی یەكەم و دووەم پشتیوانی كاك زیاد و لیزا خان و كاك عباس و كـاك شـاخوان دەكەم، لە بـڕگەی سـێیەم و چـوارەم پێمباشـە هەردووكیـان لەیەك بـدرێن بەو شێوەیەی خوارەوە.

فێربوونی بنەماكانی پەروەردە و هاونیشتیمانیبوون و مەدەنیەت و هاندانی قوتابیان بـۆ گیـانی دەست پێشخەری تێكۆشان و كۆڵنەدان و توانـای پشـوو درێـژی بە مەبەسـتی ئامادەكردنیـان بـۆ بەردەوامبوون لە خوێندنی ئامادەیی و ئامادەییە پیشەییەكان و هەڵبژاردنی خولیا و پاشەڕۆژی خوێندنیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی بڕگەی دووەمی ماددەی یازدە من پێشنیاز دەكەم تەبعەن وشەی زانست لێرە گشتگیرە هەموو كایەكان دەگرێتەوە، هەر بمێنێت بەم شێوەیەی لێبكرێت، بەهرەمەنـدكردنی قوتابیـان بە زانسـت و پەرەپێـدانی تواناكانیـان و گەشـەپێدانی كارامەییەكانیـان، ئیتـر ئەو جۆراوجـۆر زمانەوانی و ژماردن و چـی و ئەو شـتانە پێویسـت ناكـات، بە نیسـبەت بـڕگەی سـێیەم پێشـنیار دەكەم بەم شـێوەیەی لێبكرێـت، سـیاغەكە بگـۆڕین دووەم نیـوەی زیـاتری لابرێـت، بكـرێتە فێربـوونی بنەماكـانی پەروەردە و فێركـردن و ئامـادەكردن بـۆ بڕیـاردان لە بـوارێكی پسـپۆڕیدا، كێشەی وڵاتی ئێمەیە هەموو حەز دەكەن ببن بە پزیشك لە داهاتوودا، یەعنی نـیە ئەو حەزەیـان بـۆ دروسـت بكەیـن لە بـوارێكی تـر بێـت لە دوای بنەڕەتـیەوە حەزی لە كایەكـانی تـری زانسـت مرۆییەكان و زانستەكانی تـر بێـت، یەعنـی توانـای بڕیـاردان بـۆ بـوارێكی پسـپۆڕی، بە نیسـبەت بڕگەی چوارەم پێشنیاز دەكەم بەم شێوەیەی لێبكرێت تەبعەن نووسراوە ئامـادەكردنی قوتابیـان بۆ بەردەوامبوون لە خوێندنی ئامادەیی، كاری بنەڕەتی ئامادەكردنی قوتابیان نـیە بـۆ خوێنـدنی ئامادەیی، چونكە لە دوای بنەڕەتی پیشەیی هەیە، هونەری هەیە، پەیمانگـای هـونەرە جوانەكـان هەیە، صناعە هەیە، پیشەسازی هەیە، ئەم بوارانە هەیە، بۆیە پێشـنیاز دەكەم داڕشـتنەوەكە بەم شێوەیەی لێبكرێت، ئامادەكردنی قوتابیان بۆ تەواوكردنی قۆناغەكانی خوێندنی دوای بنەڕەتـی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون ماددەی دوازدەمان بۆ بخوێننەوە.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەوەری سێیەم: خوێندنی پابەندكراو.

ماددەی (١٢):

یەکەم: ١- بەخێوکار بێ پاساوی تەندروستی و هەبوونی راپۆرتی پزیشکی پەسەندکراو لەلایەن لیژنەی تەندروستی تایبەتمەند مافی ئەوەی نیە رێگە لە چوونی منداڵەکەی بۆ قوتابخانەیەکی خوێندنی بنەڕەتی و بەردەوامبوون تێیدا بگرێت.
٢- راپۆرتی سەڵمێندراوی لیژنەی پزیشکی تەنها بۆ یەك ساڵی خوێندنە.
دووەم: بەخێوکار دەتوانێت منداڵەکەی لەسەر خەرجی خۆی لە قوتابخانەیەکی نا حکومی بخاتە بەر خوێندن.
سێیەم: ١- هەر بەخێوکارێك بەدەر لە حوکمی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە رێگە لە چوونە بەرخوێندن یان بەردەوامبوون لە خوێندنی منداڵەکەی بگرێت بەپێ بژاردنێك کە بڕەکەی لە پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت سزا دەدرێت.
٢- لە کاتی دووبارەکردنەوەی رێگەگرتنەکە سزای ناوبراوەکەی بڕگەی ئەلفی ئەم بەندە دوو هێندە زیاد دەکرێت.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟ با ناوی تۆمار بکات، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن (نجاة خان، لیزا خان، مامۆستا مەلا ویسی، کاك هێڤیدار، کاك هیمداد، د.محی الدین، بدریە خان، کاك سیپان، د.اسماعیل، مامۆستا ابوبکر، مژدە خان، کاك مسلم، کاك چیا، د.زیدان، سوسن خان، کاك شێخ ظاهر، کاك زکری، رۆژان خان، شیرین یونس، شادی خان، کاك مەم، شنۆ خان، کاك عباس، کاك مەلا ناصر، کاك عثمان سێدەری، کاك سەرکۆ، کاك کاروان، شیرین امین، کاك یاسین، کاك لقمان، کاك علی، مامۆستا عثمان ، هلز خان، کاك کاوە، سەرچنار خان، گوڵستان خان، کاك بەڵێن، کاك جلال، د.شایان، کاك فیصل)، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم موتڵەقیە خراپە کۆمەڵێك بیانووە، من پێشنیار دەکەم خاڵێك جێگیر بکرێت لە کاتی هەبوونی بیانوویەکی رەوا ئەم سزایە بەکار نەهێندرێت، بۆ نموونە گوندێکە دوورە دەستە مەکتەبی تێدانیە توانای هاتووچۆیان نیە یان خەڵکێك کە باری دارایی خراپە یەعنی ناتوانێت چی بکات، یەعنی دەبێت سزا بدرێت، بۆیە بڕگەیەك جێگیر بکرێت کە لە کاتی بیانوویەکی رەوا پەروەردەکان ئەم دەرفەتە بدەن کە منداڵەکەی نەتوانێت بخوێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زکری فەرموو.

**بەڕێز ذکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوازدە من پێ باشە ماددەی دوازدە هەر لابرێت، خاڵەك لە ماددەی دوازدە ئیزافە بکرێت بەم شێوەیەی لێبکرێت، هەر بەخێوکەرێك منداڵەکەی لە خوێندن دەربێنێت سزا دەدرێت کە بڕەکەی لە پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، یان راپۆرتی پزیشکی هەبێت، بەخێوکەر دەتوانێت لەسەر خەرجی خۆی منداڵەکەی بخاتە بەرخوێندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەم لەسەر خاڵی یەکەمی بڕگەی سێیەمە ئەگەر بەخێوکارێك بەدەر لە حوکمی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ڕێگای چوونە بەرخوێندنی یان بەردەوامی لە خوێندن لە منداڵەکەی گرت بەپێ بژاردەیەك سزا دەدرێت، یەعنی پێشتر مرونەتێکی تێدا بێت، پێشتر ئاگادارکردنەوەیەکی بۆ بچێت، ئاگادار بکرێتەوە لەوەی کە ئەم حاڵەتە پێچەوانەی یاسا بەرکارەکانە، ئەگەر هەر بەردەوامبوو لەسەر ئەو کاتە بچێتە حاڵەتی سزاوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەم ماددەیە لە بڕگەی یەکەم کاتێك لە خاڵی دووەم باس لەوە دەکرێت کە ڕاپۆرتی سەلمێندراوی لیژنەی پزیشکی تەنها بۆ یەك ساڵی خوێندنە، ئایا دەکرێت هەموو ڕاپۆرتێك بۆ یەك ساڵ بێت، ڕەنگە قوتابیەکە پێویستی بە یەك مانگ یان دوو مانگ هەبێت بۆ پشوودان، بۆیە پێموایە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە بۆ ئەوەی چارەسەرەکەی ئاسانتر بێت، ڕاپۆرتی سەلمێندراوی لیژنەی پزیشکی بڕیار لەسەر ماوەی مۆڵەتی قوتابی دەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ئەوە مۆڵەت نیە، ئەوە هەرنەیهێشتووە بچێت بۆ قوتابخانە، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی بڕگەی یەکەم خاڵی یەکەمی هیچ پێناسەیەك نیە لە کۆی ئەو پێناسانانەی لە ماددەی یەکەمیەوە هاتووە پێناسەکە پێناسەی بەخێوکار بێت، بەخێوکاری قوتابی هاتووە لە بڕگەی سی و شەشی ماددەی یەکەمدا، بۆیە پێویست دەکات لە کۆی ئەو ماددانەی کە هاتووە هەمووی بەخێوکاری قوتابی بۆ ئیزافە بکرێت بۆی، چونکە بۆی پێناسە بە تەواوەتی مەبەست لەوەیە ئەوە یەك، دوو: بە نیسبەت بڕگەی سێیەم خاڵی یەکەم تەبعەن دەڵێت هەر بەخێوکارێکی قوتابی وەکو گوتمان بەدەر لە حوکمی بڕگەی ئەوەندە لە ڕێگەی چوونە بەرخوێندنی بەردەوامبوون لە خوێندنی منداڵەکەی بگرێت، بەخێوکاری قوتابی مەرج نیە ئەوەی کە بەخێوکاریەتی ئەم باوکی بێت یان دایکی بێت، بۆیە لە جێگەیەك بڵێی منداڵەکەی بگرێت بڵێین ئەو قوتابیە بگرێت کە ئەرکی بەخێوگرتنی لە ئەستۆیە، بە نیسبەت خاڵی دووەم لە بڕگەی سێیەم دەڵێت سزای ناوبراوەکەی بڕگەی ئەلفی ئەم بەندە کوا بڕگەی ئەلفە، کوا ئەمە بەندە، ئەمە لە کاتی دووبارەکردنەوەی ڕێزەگرتنەکەیە سزاکەی خاڵی یەکەمی ئەم بڕگەیە دوو هێندە زیاد دەکرێت، کارەساتە بەڕاستی بەو شێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەندە هەموو پڕۆژەکە بەندبوو ڕەنگە سەد جار بەند بەکار هاتبوو، هەموویمان کردووە بە بڕگە ئەگەر دانەیەکمان لەبیرچووبێت بمانبوورن، لە ئەسڵی پڕۆژەکە وابوو، کاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوازدە دبینم دگەل ژین و ژیارا هاوڵاتیان ب شێوەیەکی گشتی ناگونجێت، ئەم شتەکی سەر فەرز بکەین کو ئیلا دچیتە بەرامبەر خواندنێ، چ دایك و باب نینە حەز نەکەن زاڕۆکێت وی ل ناڤا خواندنێ دا و ل باشترین خوێندنگە و باشترین مامۆستا وانە بێژنێ، ل دەما کو رێگریەکا هەبیت یان بارودۆخێ دارایی گونجاو نەبیت ئەم نەهێین بارگرانی ل سەر وی چی بکەین و سزاشی بۆ دابین بکەین، لەو را داخاز دکەم دبیت ل خاڵا سێیەم بهێتە لادان، بەڕاستی هیچ سزایەك وی کەسی نەبیتن، چونکی چ کەسێك نینە چ دایك و باب نینە کو حەز نەکەن زاڕۆکێ وان ل باشترین خوێندنگەهێ بخوێنیت، لەو را کو دیارکرنا راپۆرتا پزیشکی رەنگە ئەو کەس ژی ژبەر پێ چێ نەبوونا دارایی نەشێتن زاڕۆکێ خۆ بخاتە بەر خواندنێ، چونکی نە بتنێ ب رێکی بەر خوێندنگەهێ بەڵکو پێداویستی بێتە دابین کرن...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان چی پێشنیار دەکەن یەکسەر ئەوە بڵێن، بڵێن دەمەوێت لابرێت یان بکرێتە دوو سەد هەزار، شەرحی مەکەن، د.زیدان فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە لە رووی ماددەی قانونیەوە ئیشکالمان لەسەر نیە، بەڵام ئەگەر سەیری ژیانی کوردەواری بکەین بە تایبەت لە خاڵە سنووریەکانمان ئەوانەی کە لەوێ نزیکن و ئاگاداریشن بەشێکی زۆری رەوەندەکان کە کۆچ دەکەن بۆ بژێوی مەڕ و ماڵاتیان لە وەرزی هاویندا، لە سەرەتا بەهار دێن تا کۆتایی پایز، هەموو ئەو خاوەن مەڕ و ماڵاتانە منداڵەکانیان لە خوێندن دا دەبڕێنن دێن لەگەڵ خۆیان دەهێنن، چارەسەری ئەم کێشەیەی ئەم منداڵانە بۆ خوێندن بەو سزایە ناکرێت، دەبێت ئێمە بیر لە بەدیلێکی تر بکەینەوە رەوەندەکان رێگری بکەن لەوەی کە منداڵانەکانیان لە خوێندن دابڕێنن لەگەڵیان بەشداری بکات ئایا بە یاسایەك رێك بخرێت یان بە هەر شتێکی تر، ئەم شێوازە پابەندی رێنماییش نابن و پابەندی سزاکەش نابن، بۆیە ئەوە کێشە و گرفتێکی گەورەیە کە ئێمە لە ژیانی رۆژانەدا هەستی پێدەکەین، پێویستە چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هیمداد فەرموو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من لەسەر خاڵی سێیەم بوو لە ماددەی دوازدە یەك و دوو، قسەکانی من لەلای کاك (مەم)ەوە گوترا پشتگیری لە قسەکانی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەلا ویسی فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سـەبارەت بە مـاددەی دوازدە لە بـڕگەی سـێیەمدا هـاتووە هەر بەخێوكارێـك ڕێـگە لە چـوونە بەرخوێندنی یاخود بەردەوامبوون لە خوێندنی منداڵەکەی بگرێت بەپێ بژاردنێك کە بڕەکەی لە پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت سزا دەدرێت، دوو: لە کاتی دووبارەکردنەوەی ڕێگە گرتنەکە سزایەکی دوو هێندە زیاد دەکرێت، ئەم ماددەیە ناکۆك و تەعاروزە لەگەڵ مـاددەی دووی بـڕگەی نۆی یاسای توند و تیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١)، لە بڕگەی نـۆی مـاددەی دووی یاسـای توند و تیژی خێزانیدا هاتووە ناچارکردنی منداڵ بۆ کارکردن و بەجێهێشتنی خوێنـدن تـاوانە و سـزایەکی بە گـوێرەی مـاددەی حەوتەمـی یاسـاکە بـریتیە لە بەنـدکردن لە شـەش مانـگ کەمتـر نەبێت و سێ سـاڵ زیـاتر نەبێـت لەگەڵ غەرامەیەك لە یەك ملیـۆن دینـار کەمتـر نەبێـت و پێـنج ملیۆن زیاتر نەبێت یاخود یەکێـك لەو دوو سـزایە، لێـرەدا بەخێوکـاری قوتـابی کە ئەنـدامی یەك خێـزانن لە یەك کاتـدا دوو دەقـی سـزایان لەسـەر جـێ بەجـێ دەکرێـت، دەبێـت کە یەکێکیـان سزایەکەی سووکە و ئەوەی تریان سزایەکەی قورسترە، ئەمەش لە کاتی جێ بەجێکردنی یاساکە ئیشـکالیەتی یاسـایی دروسـت دەکـات، بـۆیە بـۆ نەهێشـتنی ئەم دژ بەیەکەی ئەم دوو یاسـایە پێشنیار دەکەین ماددەی دوازدەی بڕگەی یەکەمی خـاڵی دوو بەم جـۆرەیە دابڕێـژرێتەوە، لەگەڵ زیان نەگەیاندن بە هەر سزایەکی توندتر کە بە دەق لە یاسـا کارپێکراوەکـانی هەرێمـدا هاتبێـت هەر بەخێوکارێـك ڕێـگە لە چـوونە بەرخوێنـدن یـاخود بەردەوامبـوون لە خوێنـدنی منـداڵەکەی بگرێت بەپێ بژاردنێك کە بـڕەکەی لە پێـنج سـەد هەزار دینـار کەمتـر نەبێـت سـزا دەدرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك مەلا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سـەبارەت بە مـاددەی دوازدە بـڕگەی سـێ ئەگەر بـڕگەی سـێ هەر لابـدرێت زۆر باشـترە، لەبەر ئەوەی سزایە، بەڵام ئەگەر لانەدرێت سەبارەت بە سزادانی بەخێوکاری قوتابی ئەگەر بەهۆکـاری خراپی باری دارایی ڕێگریکرد لە چوونی منداڵەکەی بۆ قوتابخـانە پێویسـتە حکـومەت تێچـووی پێداویستیەکانی منداڵەکە لە ئەستۆ بگرێت، نەك سزای بدات، ئەگەر قوتابی بە هۆکاری نەبوونی قوناغێکی خوێندن وازی لە خوێندن هێنـا پێویسـتە پەروەردەکـان بەشـی ناوخۆییـان بـۆ دابـین بکات بە تایبەتی بۆ قۆناغەکانی ئامادەیی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، زۆر سـوپاس بـۆ بەشـداریەکانتان، خوێنـدن بەپێـی دەسـتوور ئیلزامیە، لە پرەنسیپە گشتییەکانی ئەم پڕۆژەیە کە موناقەشەمانکرد گوتمان خوێنـدن ئیلـزامیە، واتە ئیجباریە، واتە زۆرە ملێیە، هەر خۆتان ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان هەبوو پرسیاریکرد گوتی ئەم قەدەغانەی نووسیووتانە ئەگەر یەك جێ بەجێی نەکرد عقوبەکەی چیە، ئێستا ئێمە هاتین لە ناو ئەم پرەنسیپە گشتییانە پڕۆژەکە تێیدا هاتووە وردکردنەوەی پرەنسیپە گشتییەکانە لە نێوان ئەگەر و لە شێوەی ئەگەر و حوکمە، واتە ئەگەر یەکێك ئەم قەدەغەیەی شکاند حوکمەکەی چـیە،

لابردنـی سـزا، یەعنـی ئـێمە لە پرەنسـیپەکەوە لایـبەین، بڵێـین خوێنـدن ئیختیـاریە، خوێنـدنی بنەڕەتی ئیختیاریە، دەبێت ئێمە کە موناقەشە دەکەین بەڕێزتان زۆر لە ئێمە شـارەزاترن، دەبێـت کە موناقەشە دەکەین رەبتێك دروست بکەین لە نێوان پرەنسیپە گشـتیەکان و بنەمـا گشـتیەکان لەگەڵ وردکراوەی بنەما گشتیەکان لە ناو ماددەیەکی قانونیـدا، شـتێك دەڵێـی ئیجبـاریە دەبێـت بیکەی، دایك و باوکی بەڕێز کە تۆ بەخێوکاری منداڵەکەت حەقت نیە ئیختیاری نیە نەینێـری بـۆ مەکتەب کچەکەت یان کوڕەکەت نەنێری بۆ مەکـتەب، ئیلـزامیە دەبێـت بینێـری، ئەی ئەگەر نەی نارد دەبێت سـزای بـۆ دابنێـی، بەڕێـزان، رەبتێـك دەبێـت دروسـت بکەیـن، هەمووەمـان دەڵـێین لە دەسـتوور هـاتووە کە خوێنـدن ئیلـزامیە، دەسـەڵاتی جـێ بەجێکـار حکـومەت ئیجبـار دەبێـت خوێندنی بەخۆڕایی لە مەرحەڵەی بنەڕەتی بەپێی دەستوور و بەپێی بنەما گشتیەکان بۆ هەموو لایەك فەراهەم بکات، باشـە، ئەگەر خوێنـدنی بە خـۆڕایی فەراهەم کـراو بـاوکەکە یـان دایـکەکە منداڵەکەی نەنارد بۆ خوێندن بەبێ پاسـاو، دەبێـت رەبتـی بکەیـن کە موناقەشـە دەکەیـن رەبـت دەبێت لە بەینی ماددەکاندا دروست بکەین، دەزانم ئێوە زۆر لە ئێمە شارەزاترن زۆر لە ئێمە زیاتر دەزانن، شیرین یونس فەرموو.

**بەڕێز شیرین یونس عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوازدە لە بڕگەی یەکەم خاڵێکی بۆ زیـاد بکرێـت مـن جیـاوازتر لەوان قسـە دەکەم، بە هیچ نەوعەك نابێت منداڵ لە خوێندنی بنەڕەتی دابـڕێت و قۆناغی ئیجباریە و دەبێت لەهەر ئەگەرێکی رووداوێکی وەهادا داواکاری گشتی سکاڵاکار بێت، چونکە بە دابڕانـی منـداڵێك لە خوێنـدنی بنەڕەتـی هـیچ مانـایەك نـامێنێتەوە، چـونکە زۆربەی دایـك و باوکەکـان رەنـگە بیانوویەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بتوانن کە سزای پێنج هەزار بە لای من سـزای مـادی هـیچ شـتێك نـیە، دەکرێـت سـزایەکی توونـدتر دابنرێـت بـۆ ئەوەی بتـوانن سـکاڵاکار هەبێـت لەسـەری و سـکاڵاکارەکەش داواکـاری گشـتی بێـت، چـونکە منـداڵ کە لە خوێنـدنی بنەڕەتـی ئەوان ئـێمە پەروەردە دەکەین ناکرێت نەچن، کە دەبینین رۆژانە لەسەر شەقامەکان منداڵ زیاتر دەبێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ بڕگەی یەکەم خاڵی یەکەم بەس ئیعادە سیاغەیەك بکـرێتەوە، وشـەی کۆتـایی کە نووسـراوە بگرێـت بخـرێتە بەردەم رێگـا، واتە مـافی ئەوەی نـیە رێـگە بگرێـت لە چـوونی منـداڵەکەی بـۆ قوتابخانەیەکی خوێندنی بنەڕەتی و بەردەوامبوون تێیدا، بۆ خـاڵی دووەم بنووسـرێت راپـۆرتی سـەلمێندراوی لیـژنەی پزیشـکی تەنهـا بـۆ یەك سـاڵی خوێنـدنە ئینجـا ئەوە زیـاد بکرێـت جـگەلە لەوانەی کە نەخۆشـی درێژخایەنیـان هەیە، هەروەهـا کە نەخۆشـی شـێرپەنجە بە درێژخـایەن دابنرێت تا ئەو کاتەی چاك دەبێت، چـونکە منـداڵ هەیە تووشـی شـێرپەنجە نەبـووە، بـۆ بـڕگەی سێیەم خاڵی یەکەم دێری پێش کۆتایی بەو شێوەیەی لێبکرێت، بەپێ بژاردنێك سزا دەدرێـت کە

بڕەکەی لە پێنج هەزار دینار کەمتر نەبێت، واتە سزا دەدرێتەکە بخرێتە دوای بەپێ بژاردنێك، بۆ خاڵی دووەمی بڕگەی سێیەم پشتگیری لە قسەکانی کاك مەم دەکەم قسەکانی منی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی سێیەمی ئەم یاسایە لەسەر سزاکە کاتێك کە قسەکەی جەنابت تەواوەو باسی پاساو نەکراوە، وشەی پاساو نەهاتۆتەوە، کاتێك بەخێوکار بەبێ پاساو مەسەلەن ڕێگرە دەبێت ئەو کاتە تۆ سزای بەسەردا دەدەی، بەڵام حاڵەتمان هەیە ئێمە یەعنی ئەگەر قوتابییەکە خۆی نەچوو بۆ خوێندن، خۆی ئارەزووی نەکرد ئەوە یەك، دووەم: ئەگەر باری دارایی ڕێگر بوو کە ئەم بەخێوکارە نەتوانێت ئەم منداڵە بنێرێتە بەر خوێندن لەوێدا دەتوانین حەلی بکەین بەوەی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ دەستەبەر بکرێت، یەعنی لێرە جێی بکەینەوە، چونکە ئەگەر وا نەکەین ئێمە لە بەینی مەسئولیەت و سەڵاحیەتی بەخێوکاردا تەعاروزێك دروست دەبێت، لەم لاوە تۆ مەسئولیەتت داوەتێ کە بینێرێتە بەرخوێندن خۆ دەبێت سەڵاحیەتیشی بدەیتێ، ئەگەر هەر بە زۆریش بینێرێت یەعنی ئەگەر منداڵەکە نەڕۆیشت بە زۆری بینێرێت دەڵێیت توند و تیژیت بەرامبەرکردووە، دەگەڕێیتەوە بۆ یاسای توند و تیژی، یان قانونی رعایەی ئەحداسمان هەیە کە مەسئولیەتی وەلی دیاریکردووە، یەعنی دەبێت کە ڕێك سازیەك لە بەینی ئەمانە بۆ ئەو بابەتەش ئەگەر بابەتەکە خۆی بوو باری داراییەکە و بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ زیاد بکرێت و کێشەکە حەڵ دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مسلم.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوازدە بەڕاستی من یەك ڕستە هەیە کە پێشتر لە ڕەشنووسەکە هەبوو لابراوە، دەڵێت دەبێت بەخێوکاری قوتابی منداڵەکەی بنێرێت بۆ قوتابخانە سەرەڕای سزادانەکەی، بەڕاستی ئێمە باسی مەرحەڵەیەکی منداڵ دەکەین کە لە نێوان شەش بۆ نۆ ساڵدایە، یەعنی ئەوانەی کە لە ترافیکەکاندا دەوەستن کە بەڕاستی سواڵیان پێدەکەن، چونکە بەڕاستی لەو مەرحەڵەیە منداڵ چی پێدەکرێت کرێکاری پێ ناکرێت، خۆ کاسبیەکی پێ ناکرێت ماڵەوە بەخێو بکات و بەخێوکار پشتی پێ ببەستێت، بۆیە ئەمە بەڕاستی ئەرکێکە لەسەر شانی بەخێوکار کە منداڵەکەی بنێرێتە قوتابخانە، وە ئەگەر نەینارده قوتابخانە دایك و باوکەکە بەبێ عوزرێکی یاسایی دەبێت سزا بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عثمان سێدەری فەرمووو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوازدە بڕگەی سێیەم دیارە من ئەم پێشنیارەم هەیە ئەگەر لەبارەی ئەوەی ئەگەر سەبەب هەژاری بێت یان نەبوونی قوتابخانە بێت یان ڕێگا و بان بێت، کەواتە لەم حاڵەتانەدا ئێمە چۆن بتوانن یەعنی ئەو خەڵکانە مولزەم بکەین بەوەی کە پێ بژاردنێك بخەینە ئەستۆیان، هەروەها پێویستە بۆ چارەسەری ئەمە توێژەرەی کۆمەڵایەتی سەردانی ئەو کەسانە بکات، یان ئەو گوندانە بکات و ڕاپۆرتی خۆی ئامادە بکات بۆ ئەوەی بزانین ئایا سەبەبەکان چیە کە ئەم کەسە منداڵەکەی نەناردۆتە بەرخوێندن، وە بە نیسبەتی پێ بژاردنەکەشەوە لەبەر ئەوەی ئەمە حاڵەتێکی تازەیە لە کوردستاندا بە بۆچوونی من پێویستە بکرێت بە بیست و هەزار دینار بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بتوانن مولزەم بن بەوەی کە ئەم پارەیە بدەن، ئێمە ئەگەر حیسابی خەڵکی لادێیەکان بکەین لەوانەیە داهاتی ساڵانەی کەسێك یان ماڵێك ملیۆنێك دوو ملیۆن نەبێت، لەبەر ئەوەی ناتوانێت ئەم غەرامەیە یاخود ئەو پێ بژاردنە دەفع بکات ئەگەر بڕەکە بکرێت بە دووبارە ئەوە هەر پێی ناکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بۆ ئەوە نیە پارە کۆ بکرێتەوە، بۆ ئەوەیە خەڵك لەبەر پارەکە منداڵەکەی بنێرێت، سوسن خان فەرمووو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا منیش لەگەڵ ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەم یەعنی بەعزێ جار لەبەر دۆخی خراپی دارایی بووە کە خانەوادە یاخود بەخێوکار منداڵەکەی نەناردۆتە قوتابخانە، ئایا وەزارەتی پەروەردە داتایەکی وایان هەیە کە بتوانن هاوکاری ئەو قوتابیانە بکەن کە لە کاتی پێویستدا یارمەتی ئەو قوتابیانە بدەن کە لە خوێندن دانەبڕێن، سەبارەت بە بڕگەی دووەم لە ڕاستیدا من تەسەور بکەم ئەو بڕگەیە دووەمە زیادە، چونکە دەڵێت بەخێوکار دەتوانێت منداڵەکەی لەسەر خەرجی خۆی لە قوتابخانەیەکی نا حکومی بخاتە بەرخوێندن، ئەو بڕگەیە بوون و نەبوونی وەکو یەکە، چونکە ئەو بڕگەیە هەبێت و نەبێت ئەو بەخێوکارە ئەگەر بیەوێت منداڵەکەی بخاتە بەرخوێندنی نا حکومی دەیخاتە بەرخوێندن، ئینجا چ لێرەدا ئاماژەی پێبدرێت یان نەدرێت، ئەوەی تر لە رستیدا ئەو سزایانەی کە دانراون ئەگەر بەخێوکار ئامادە نەبوو ئەو بڕە پارەیە بدات وەزارەت هەڵوێستی چی دەبێت، چی دەکات، ئایا ئاسانکاریان بۆ دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قانونمان هەیە، قواعیدی عامەمان هەیە، قانونی دەینی حکومیمان هەیە، نجاة خان فەرمووو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێت من هاتنە کرن ژ لایێ ماموستا مەلا ویسی، پشتەڤانیان ئاخافتنێت وی دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوازدە بڕگەی یەکەم کە باسی بەخێوکار دەکات، تەبعەن ئەم خاڵە هەندێك تایبەتمەندی هەیە دکتۆرە شایان باسی نەخۆشی درێژخایەنیکرد لە بڕگەی دووەمدا لە ماددەی دوازدە سەبارەت بەوانەی کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە، ئێمە بە حوکمی ئەوەی کە لیژنەی مافی مرۆڤین چەندین کەیسمان هەیە لە شار و شارۆچکە و گوندەکان کە یەکێك نەخۆشی درێژخایەنی هەبێت، بۆ نموونە بەڵەکی و هەندێك لەو نەخۆشیانە، جاری وا هەیە نەك بەخێوکار قوتابخانەکە مانیعە، مانیعە بۆ ئەوەی کە خوێندکارە بەشداری خوێندن بکات، هەروەها بۆ بڕگەی سێیەم پشتگیری لە قسەکانی کاك علی و کاك بەڵێن دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەی دوازدەیە باسی یەك پاساو دەکات، پاساوی تەندروستیە، هەندێ پاساوی تر بۆ نموونە پاساوی نەریت کچە و ناینێرێت، پاساوی ئابووری، وە ئەو پاساوەی کاك علی باسیکرد شوێنەکە دورە دەستە یان ئەوەی دکتۆر زێدان باسیکرد کە پەیوەندی بە ڕەوەند و کۆچەریەکانەوە هەیە، بۆیە نابێت لە تەندروستیدا کورت بکرێتەوە بە ڕەئی من، بڕگەی دووەمیش بەڕاستی بە زیاد دەزانم، چونکە مادام لەسەر خەرجی خۆی نیە چ پێویست دەکات لێرە دەرج بکرێت کە بۆی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان یەك ساڵ دانراوە بۆ ئەوەی ساڵانە باوکەکە ناچار ببێت ڕاپۆرتی پزیشکی بکات نەوەك یەکجار ڕاپۆرت بکات و ئیتر منداڵەکە باشیش بوو هەر بڵێت من ڕاپۆرتی پزیشکیم هەیە، ڕاستی بۆ حیمایەکردنی منداڵەکەیە دکتۆرە خان، فەرموو ڕۆژان خان.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی کاك علی دەکەم لەوەی کە ئەگەر بارێك هەبێت لە دەرەوەی ئیرادەی خۆی بێت، هەروەها پشتیوانی لە قسەکانی کاك مەلا ویسی دەکەم کە بگونجێنرێت لەگەڵ یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١)ی بەرنگاربوونەوەی خێزانی لە تووند و تیژی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت موناقەشەی زۆر لەسەر ئەم ماددەیە کرا، من دەمەوێت واقیعی تر قسەی لەسەر بکەم، ئەگەر سزا نەبێت چی ڕوو دەدات پرسیارەکە ئەمەیە، من پێموایە وەکو جەنابیشت خۆت

ئامــاژەت پێکــرد ئەمە پابەنــدبوونە، بــابەتێکی دەســتووریە، ئەوە بــابەتێکی ئەخلاقــی و کۆمەڵایەتیشە، تۆ ناکرێت کەسێك منداڵەك لە خوێنـدن دابڕێـت، بەڵام هـیچ سـزایەك نەبێـت و چاوەڕوانی ئەو دایك و باوکە بکات، خەڵکێك هەیە وەکو بەشێك لە هەڤەڵاکانم ئاماژەیان پێکرد سـواڵ بـۆ منداڵەکانی دەکـات، بەڵام ناینێرێـت بـۆ خوێنـدن، ئەمەی کە کەسێك ناتوانێـت لەبەر بارودۆخی هەژاری بینێرێت دەکرێت موعـالەجەی قـانونی بـۆ بـدۆزینەوە، چـونکە مـن ئێسـتا بە خێرایی لێکدانەوەیەکم کـرد ئەگەر حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان تەبەنـی سـەد هەزار عـائیلە بکات لە هەرێمی کوردستان کە ئەگەر منداڵێك نزیك بە پێنج سـەد هەزار دنیـاری پێویسـت بێـت بۆ یەك ساڵی خوێندن کە من دڵنیام کەمتری پێویستە دەکاتە سی و چـوار ملیـۆن دۆلار، یەعنـی دەکرێــت حکــومەتی هەرێمــی کوردســتان مــولزەم بکرێــت بــۆ ئەو خــانەوەدانەی کە نــاتوانن منداڵەکانیان لەبەر هۆکاری هەژاری بنێرنە بەرخوێندن هاوکاریان بکرێـت، یـان ئەو کەسـانەی کە دووره دەســتن لەســەر نــاوچە ســنووریەکانن دەکرێــت هاوکــاری بکــرێن بــۆ ئەوەی هۆکــاری گواسـتنەوەیان بـۆ دابـین بکرێـت، بـۆیە مـن پێشـنیاز دەکەم سـزاکە توونـد تـر بکرێـت جـا هەر چەندێکە ملیۆنێکە یان دوو ملیۆنە کەمتر نەبێت لەوە، بەڵام دوو بڕگەی تری بـۆ ئیـزافە بکرێـت، یەکەمیـان: حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان پابەنـدە بە هاوکـاریکردنی مـادی ئەو خـانەوادانەی نــاتوانن تێچــووی خوێنــدن دابــین بــکەن، خــاڵی دووەم: حکــومەت پابەنــدە بــۆ دابینکردنــی هۆکارەکــانی گواســتنەوە، لە نــاوچە دووره دەســتەکان و نــاوچە ســنووریەکان، ئەمە هۆکــارە قــانونیەکەیە کە پێمــوایە ئەوان نــاتوانن منــداڵەکانیان بنێــرنە بەر خوێنــدن، بەڵام کەسـێك بە ئەنقەست نەیەوێت منداڵەکەی بنێـرێتە بەر خۆێنـدن نەك دوو ملیـۆن چـوار ملیـۆنیش کەمە بـۆ ئەوەی کە سزای بدەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین امین فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێگومان ئێمە لەگەڵ ئەوەدایـن کە لە قۆنـاغی بنەڕەتـی منـداڵ چ ئیجبـاری بێـت ئیـلزام بێـت بە خوێنـدنەوە ئەگەر هـیچ نەبێـت لەبەر دوو هۆکـار، یەك لەبەر ئەوەی کە لە رووی پەروەردەیـی و فێرکردنەوە ئەو منداڵە بنیات دەنـدرێت، دووەم لەبەر ئەوەی کە ئەو منـداڵانە لە کـارکردن پـێش تەمەنـی یاسـای یـاخود سـەر شـەقام دوو دەکەونەوە، بەڵام لە پـاڵ ئەمەدا سـەرەنجەکانی ئـێمە ئەوەیە کە دەپرسین ئەگەر منداڵێك لە هەر ناوەنـدێکی خوێنـدن دابـڕێـت چـۆن بـۆ بەڕێـوەبەرە گشتیەکان و پەروەردە یان بۆ وەزیر و وەزارەت یەکلا دەبێتەوە کە هۆکـارەکەی چـیە، بـۆیە مـن پێشنیاری ئەوە دەکەم پێویست دەکات لە ئاستی پارێزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکان لە بەڕێـوەبەرە گشتیەکان لیژنەیەك پێك بهێنێت لە رێگەی ئەو قوتابخانانەوە کە هەر منداڵێك لە خوێنـدن دوور دەکەوێتەوە بەدواداچـوون بکرێـت، ئەگەر هۆکـارەکەی وەکـو هاورێیـان ئاماژەیـان پێکـرد بـاری دارایی بێت لەبەر دەخلی خێزان بێـت پێویسـت دەکـات حکـومەت و وەزیـر و وەزارەت لایەنـی تێچووی خەرجکردنی ئەو خوێندکارە بگرنە ئەستۆ، ئەگەر هۆکارەکـانی تـری گواسـتنەوە یـاخود نەبوونی قوتابخانەن ئەمە دیسانەوە لەسەر حکومەت پێویسـتە ئەو رێکـارانە چارەسـەر بکـات،

هەروەها بۆ بڕگەی دووەم پشتگیری لە ڕەئی سوسن خان دەکەم، وە بۆ بڕگەکانی تر پشتگیری لە ڕەئی کاك علی و کاك مەم و دکتۆرە شایان و سەرچنار خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فیصل فەرموو.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر زیدان و شیرین خان و مەلا ناصر و مەلا ویسی و ڕۆژان خان و کاك کاروان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ ظاهرفەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوازدە بڕگەی یەکەم خاڵی یەکەم دەڵێت بەخێوکار بێ پاساوی تەندروستی، لێرە تەنها پاساوی تەندروستی بە عوزری داناوە بۆ ئەوەی بەخێوکار مەسئول بێت لەوەی کە ڕێگری بکات لە نە ناردنی بۆ قوتابخانە، من پێشنیار دەکەم ئەم بڕگەیە سیاغەکەی بەم شێوەیەی لێبکرێت بەخێوکار بەبێ هەبوونی پاساوێکی باوڕپێکراو مافی ئەوەی نیە ڕێگری بکات لە منداڵ بە چوون بۆ قوتابخانەیەکی خوێندنی بنەڕەتی و بەردەوامبوون تێیدا، خاڵی دووەم: ڕاپۆرتی سەلمێندراو بەڕاستی من شتێکی زیادە ئەوە لابرێت، خاڵی دووەم: بەخێوکار دەتوانێت منداڵەکەی لەسەر خەرجی خۆی لە قوتابخانە ئەوەش ئەگەر پارەی هەبێت کەسەکە بەخێوکار دەتوانێت منداڵەکەی خۆی بنێرێت ئازادە لەوە، یەعنی ئەوە لێرە شتێکی زیادە، هەروەها پشتگیری لە قسەکانی سوسن خانیش دەکەم ئەو بڕگەیە لابرێت، خاڵی سێیەم: هەر بەخێوکارێك ئەگەر عوزرەکەی نەبوونی پارە بوو یان نەبوونی ئیمکانیەت بوو یان شوێنێکی دوورە دەست بوو لە لادێیەك بوو یان نەبوونی سەیارە بوو و چەندین هۆکاری ترمان هەیە کە بەخێوکار نەتوانێت منداڵەکەی بنێرێت بۆ قوتابخانە، لێرە غەرامە دانراوە یان عقوبە دانراوە پێنج سەد هەزار دینار ئەگەر دووبارەش بووەوە زیاترە، بۆیە پیمباشە ئەو بڕگەیەش چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی ئەو پاساوانەش لەبەر چاو بگیرێن کە لە واقیعی ڕۆژانەدا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو قوتابخانە هەن لە دوو گوند گوندی بانە قەڵاتی شێخان و بانە قەڵاتی گەردی سەر بە ناحیەی دێگەڵەنە، ئەمە نامەی ڕەسمیان ناردووە بۆ ئێمە، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی پەروەردە دکتۆر عبدالسلام و دکتۆرە گەلاوێژ ئاگادارە لەم گوندە لەم قوتابخانەیە هەیە کچیان هەیە لە پۆلی حەوتەوە دە وانە تێدا ناگوترێتەوە دەڵێن ڕێگای گوندەکەی ئێمە ئەگەر باران بێت دەبێتە قوڕاو بە ماتۆڕسیکل دەبێت هاتووچۆ بکەن، مەسەلەن حکومەت خۆی کە ئەمە کابرا باوکی

نەیهێشت کچەکەی بچێت دەبێت سزا بدرێت، ئەگەر حکومەت خۆی لەو گوندە خەتا بار بێت مەسەلەن وەزارەتە مەعنیەکەی سزا بدات ئەمە یەك، هەر قوتابییەك ئێستا جەنابی دکتۆرە تەکلیفی ساڵێك لەسەر بن خێزانێك سی و پێنج هەزاری مانگانەی هاتووچۆ بۆ هەشت مانگی ساڵ حیساب بکەین دوو سەد و هەشتا هەزار دەکات، ئەگەر رۆژانە دوو هەزار دینار بدرێتە منداڵەکەی بچێتەوە قوتابخانە لە هەشت مانگی چوار سەد و شازدە هەزار دینار دەکات، یەك جانتا سی هەزار دینارە، پەنجا هەزاریش قەرتاسیەکە دەکات، تۆ لە ماڵێکدا سێ منداڵت هەبێت بۆ قوتابخانە ملیۆنێك و سەد هەزار تەکلیفی ئەو سێ منداڵەیە، یەعنی دەبێت هەردوو رووەکە وەربگری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من ل سەر خالا دووێ بوو، راپۆرتا پزیشکی بۆ ساڵێك ئەز دبێژم راپۆرتا ساڵەکێ زۆر درێژە، من پێ باشە هەر سێ یان چەند هەیڤا راپۆرت دووبارە بێتە کرن، چونکێ بارێ تەندروستی هەر کەسەکێ سێ یان چوار هەیف دێتە گۆڕینێ، ئەڤ راپۆرتە ساڵەکێ زۆر درێژە، هەندەك قوتابی هەنە بۆ ماوەی سێ هەیڤن یان چوار هەیڤە تەندروستیا وان باش دبیت و دووبارە دشێن بێنە دەوامێ، ژبەر هەندێ من پێ باشە هەر چوار هەیڤا راپۆرت دووبارە بێتە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قەسەکانی من زۆربەی کران هەر وا بە سەریعی ئەوەی سەبارەت بە هۆکاری دوورە دەستیەکە پشتگیری لە قسەکانی حاجی علی دەکەم، لە بڕگەی یەکەم پشتیوانی لە قسەکانی لیزا خان و شیرین امین دەکەم، سەبارەت بە بڕگەی دووەم بۆ یەك ساڵ بۆ نەخۆشیە درێژخایەنەکان پشتگیری لە قسەکانی دکتۆرە شایان دەکەم، هەروەها سەبارەت بە بڕگەی سێیەم لێرە هاتووە کە رێگر بێت لە بەردەوامبوون لە خوێندنی منداڵەکەی شەرت نیە منداڵی خۆی بێت ئەو قوتابیە بگیرێت کە ئەرکی بەخێوکردنی لە ئەستۆیە، دەڵێت چوونە بەر خوێندن یان بەردەوامبوون لە خوێندنی منداڵەکەی بگرێت، یەعنی رێگە لە ئەوە بگرێت شەرت نیە منداڵی خۆی بێت بەخێوکارەکەی بێت، دیسانەوە پشتگیری لە قسەکانی کاك مەم دەکەم، وە بۆ ئەوەی بڕگەیەك زیاد بکرێت دیسانەوە پشتگیری لە قسەکانی کاك مسلم دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش داوا دەکەم بڕگەی سێیەم یان لابرێت یان بیانوویەکی شەرعی بۆ بدۆزرێتەوە، یەعنی وەکو پاساوێکی شەرعی، جاری وا هەیە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی موسڵمانە ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەش ئەوەندەی لە خزمەت لە دیموکراتیە لە خزمەت ئیسلامدا نیە بەڕاستی، بۆیە من داوا دەکەم بڵێین بە پاساوێکی شەرعی یان ڕێنماییەکی وا بێت کە بەو شێوازە بێت کە لەگەڵ نەریتی ئەو خەڵکە بگونجێت، زۆر خەڵکم بینیووە کچەکەی لە قوتابخانە دەرهێناوە لەبەر ئەوەی تاقە کچ بووە لە قوتابخانەیەکی کوڕان بووە، یەعنی هەندێك شتەکە فراوانتر بکرێت بۆ ئەوەی یاسایەکە تۆکمە تر بێت، بۆیە پشتیوانی لە قسەکانی کاك علی و مامۆستا ناصر و سوسن خان و کاك مسلم و سەرچنار خان و مامۆستا ابوبکر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن شریف:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا پشتگیری لە ڕەئیەکانی مامۆستا ابوبکر و کاك هێڤیدار دەکەم سەبارەت بەو هۆکارانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوازدە خاڵی یەکەم لە کۆتایی نیوە دێری دووەم کە دەڵێت ڕێگە لە چوونی منداڵەکەی بۆ قوتابخانەیەکی خوێندنی بنەڕەتی و بەردەوامبوون تێیدا بگرێت، خۆی بکرێتە ڕیگە بگرێت جوانترە، ئەوە زۆر گونجاو نیە، سەبارەت بە دووەمیان کە دەڵێت بەخێوکار دەتوانێت منداڵەکەی مەرج نیە ئەوە منداڵی خۆی بێت، لەوانەیە مامی بێت یان نەوەی بێت، یەعنی هەر پێموایە ئەو بڕگەیە زیادە، سەبارەت بە خاڵی سێیەم چەند تێبینیەکم هەیە یەکێك لەوانە ئەگەر ڕێگریەکە مادی بوو کە زۆرمان قسەمان لەسەر ئەوە هەیە، پێشنیار دەکەم بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت لە خاڵی سێیەم، پێشنیار دەکەم ئەگەر ڕێگریەکە مادی بێت بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت ئەگەر بەخێوکار نەیتوانی منداڵەکەی لەبەر باری دارایی بنێرێت لە ڕێگەی لیژنەیەکەوە بسەلمێندرێت ئەو کاتە دەوڵەت هەموو ساڵێك لە ڕێگەی لیژنەوە داڕێژێتەوە بە شێوەیەکی جوانتر بیسەلمێنێت باری داراییان خراپە و بیمەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ دەستەبەر بکرێت، تێبینیەکی ترم هەیە ئەی ئەگەر ئەو منداڵە لە پۆلی سێ و چوار و ئەوانە وازی هێنا، ئایا باوك و دایکەکە یاخود بەخێوکارەکە سزا دەدرێت، وە خاڵێکی دیکە عەزیەت نەبێت ئەو پرسیارەم وەڵام بدرێتەوە لەلایەن لیژنە و ئەو بەڕێزانە، خاڵێکی تر ئەی تەحریکی دەعواکە کێ دەیکات، داواکاری گشتی دەیکات یاخود بەڕێوەبەرە گشتیەکان یاخود بەڕێوەبەری قوتابخانە دەیکات، یەك خاڵی دیکەم هەبوو خۆی لە تەمەنی منداڵیدا منداڵ چاکە و خراپەی خۆی لە یەکتری جیا ناکاتەوە، ئەگەر بە زۆر نەندرا خوێندن یاخود ئەگەر لە خوێندن وازی هێنا و

باوکەکە نەهێشت بە زۆر ناردیەوە بۆ خوێندن ئەو کاتە نابێتە توونـد و تیـژی خێزانـی کە بە زۆر ئەوە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شادی خان فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی مـن هەنـدێك سـەرم سـوڕماوە هـیچ پاسـاوێك نـیە بـۆ مەحـروم کردنـی منـداڵێك لەوەی خوێندن بکات بە تـایبەت مەرحەلەی سـەرەتایی و ئەو بەشـە خوێنـدنەی کە بەپێـی دەسـتووری عێراقی ئیلزامیە، هیچ پاساوێکی تر ڕەوا نـیە بـۆ بـێ بەشـکردنی، تەنهـا لایەنـی تەندروسـتیەکە هەیە، تەنهـا لایەنـی تەندروسـتیەکە کە لە بـڕگەی یەکەمـی مـاددەکەدا ئامـاژەی پێـدراوە، بەڵام هەمـوو ئەو هۆکـارانەی دیـکەی کە هاوکـارانم ئاماژەیـان پێـدا هاوکـارن کە هەن و دەبێـت چارەسـەری یاسـاییان بـۆ دۆزیـنەوە، بـۆ ئەمە مـن پێشـنیار دەکەم مـاددەکە دابڕێـژرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە. هەر بەخێوکارێـك بەدەر لە حـوکمی بـڕگەی یەکەمـی ئەم مـاددەیە ڕێـگە لە چـوونە خوێنـدن یـان بەردەوامبـوون لە خوێنـدنی منداڵەکەی بگرێـت یـاخود ئەو منـداڵەی لە ئەستۆیەتی ئەم ڕێکارانەی بەرامبەر ئەنجام دەدرێت، یـاخود دەبێـت چەنـد خاڵێـك ئەم بـڕگەیە، یەکەم: ئەگەر بەپێی بەدواداچوونی توێژەری کۆمەڵایەتی یاخود پەروەدەکاری نـاو خوێنـدنگاکە ئەگەر هۆکـارەکە هۆکـارێکی مـادیە تەنهـا ئەوە دەبێـت ئاڕاسـتەی وەزارەتـی کـار و کاروبـاری کـۆمەڵایەتی بکرێـت بـۆ بـڕینەوەی ئەو پێداویسـتیانە یـاخود دابینکردنـی ئەو پێداویسـتیانەی خێزانەکە هەیەتی، کە ئەمە لیژنەی یاسایی دەتوانن دایڕێژنەوە بە باشتر، دووەم: یەکسەر نابێتە بچێـتە پـی بـژاردن، وە هەمـوو حاڵەتەکـانی وازهێنـان یـان دەرهێنـان لەبەر خوێنـدن نـاچێتە چوارچێوەی ئەوەی کە توونـد و تیژی خێزانی بێت، هەندێك جـار حـاڵەتی دیـکەیە، بـۆیە دەبێـت بڕگەیەك زیاد بکەین ئەگەر بەرمەبنای توونـد و تیژی خێزانی بوو ئەوە یاسـای ژمـارە (٨)ی سـاڵی (٢٠١١) مامەڵە لەگەڵ ئەم کەیسە دەکات، بەڵام ئەگەر هۆکاری دیـکە هەبـوون بـۆ دەرهێنـان لەبەر خوێندن ئەوە دەبێت بەپێ بژاردنێك جاری دووەم دوای ئاگادارکردنەوە، ئینجا جاری سێیەم دوو قات بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن بە پـێچەوانەی هەمـووان قسـە دەکەم، بەڵام یەك تێبنـیم هەیە بـۆ برادەرانـی لیـژنە هـیچ نانووسن، نایبینین هیچ بنووسن ئەو قسانەی ئێمە تا کوێ دەڕوات، لە خاڵی سێیەم لێرەدا دەڵێت هەموو قسەمان لەسەر ئەوەیە کە پێنج سەد هەزار دینار لە کابرا بەسەندرێت لە باوکی لە کـوڕی کە منداڵەکەی نەنێرێت بۆ قوتابخانە، ئێمە بۆ شتێك نەکەین یەعنی دەیـخەمە بەردەسـتی ئێـوە بۆ ئێمە حکومەت پابەند نەکەین هەر کەسێك منداڵەکەی بنێرێتە مەکتەبێ مانگی پەنجا هەزاری بدرێتێ، ئەی بۆ ئەوە پێشنیار ناکەین، ئەمە بۆ بەیانی نیە، لە ئەوروپا کە سەیری دەکەیـن خەڵـك

زۆری منـداڵ هەیە دەڵێـت بـۆ ئەوەی کـوڕەکەم منـداڵەکەم مـووچەیەکی هەیە، ئـێمە بـۆ هەر پڕۆژەیەکی حکومەتی بێنین میللەتی ئەوا لێبکەین سزا بدرێت، یەعنی تۆ مانگانە پەنجا هەزاری بدرێتێ بۆ چیە کاکە، یەعنی ئێمە ئەو یاسایە دەردەکەین بۆ ئێستا نیە، بۆ نەوەکانمـانە، ئـێمە بـۆ وا نەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر کەسێك منداڵی بنێـرێتە مەکتەبـێ پەنجـا هەزاری بدرێتێ، ئێمە بۆ بەس بیر لە سزا بکەینەوە، تۆ بێـنە بەر چـاوی خـۆ کەسـێك پێشـمەرگەیە پێـنج سەد و چل هەزاری مووچەیە چوار منداڵی دەچنە مەکتەبـێ ئـی چ بکـات ئەو هەمـوو سـزایە لە کوی بێنێت، بۆیە پێشنیار دەکەم...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشـنیارەکەت گەیشـت گوتـت هەر کەسـێك منـداڵی نـاردە قوتابخـانە پەنجـا هەزار دینـاری پـێ بدرێت، کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی دوازدە مـن لێـرە لە ڕاپـۆرتی پەسـەندکراو لەگەڵ ئەوەدام کە هۆکـارێکی بـاوڕپێهێنەری بـۆ ئیـزافە بکەیـن، ئەم هۆکـارە بـاوڕپێهێنەرە بـۆ ئەمـانە دەبێـت کە بەڕاسـتی لە سنوورە نایگاتێ مەکتەبی نیە، سەبارەت بە خـاڵی دوو لە بـڕگەی یەکەم ڕاپـۆرتی سـەڵمێنداروی پزیشکی تەنهـا بـۆ یەك سـاڵ ئەمە بکـرێتە سـاڵانە، چـونکە ئەگەر بڵێـی بـۆ یەك سـاڵ لەوانەیە لە ڕێنماییەکان بەڕاستی یەعنی یەکجار دەکرێـت و یەك سـاڵ دەکرێـت و کۆتـایی پـێ دێـت، ئەگەر بڵێی ساڵانە ئەمە کۆتایی پـێ دێنێـت، لە بـڕگەی دووەمیـان بەخێوکـار دەتوانێـت بخوێنێـت ئەو تەحصیل حاصـڵە بەڕاسـتی ئەمە هەر لابرێـت باشـە، کـابرا پـارەی خـۆی دەدات و لە مەکتەبـێ بڕوات ئەوە حکومەت پێشی خۆشە ئێستا هەمـوو بچـنە قوتابخـانەی تـایبەت هـیچ موشـکیلەی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شنۆ خان فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی دوازدە تەنهـا ئامـاژە بە پاسـاوی تەندروسـتیکراوە لە ڕاسـتیدا کوردسـتان ئەوەندە پێشکەوتوو نیە کە منداڵ تەنها گرفتی تەندورستی هەبێت بۆ ئەوەی نەتوانێت بخـرێتە بەر خوێنـدن، گەورەتـرین گرفـت کە هەیە ڕێگـا و بـانە لە نـاوچە دوورە دەسـتەکان، هەروەهـا ئیمکـانیەتی دارایـی کە بەشـێکی زۆریـان هاوڵاتیـانی هەرێمـی کوردسـتان بەم دوو قەیـرانەوە دەنـاڵێنن، لەبەر ئەوە پێویسـتە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بەر لەوەی سـزای هەر خێزانێـك

بدات بەدەر لەم پاساوە تەندروستیە هاوکاری و ئاسانکاری تەواو بۆ منداڵ دابین بکات، هەم بۆ هاتووچۆ هەم بۆ ئیمکانیەتی دارایی ئەو کاتە سزای بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خوێندنی پابەندکراو لە ماددەی دوازدە من پێشنیار دەکەم خاڵێك زیاد بکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند بکرێت بە دابینکردنی پێداویستیەکانی خوێندن کە ئیتر ئەمە هیچ پاساوێکی دارایی بۆ خانەوادە و خێزان ناهێڵێتەوە، سەبارەت بە خاڵی دووەم لە بڕگەی یەکەمیش ڕاپۆرتی سەلمێندراوی لیژنەی پزیشکی کە ساڵانە پێشکەش بکرێت نەك بۆ یەك ساڵ، واتە ئەگەر حاڵەتەکە بەردەوامبوو بۆ ئەو نەخۆشیە ساڵانە پێشکەش بکرێت، بۆ خاڵی دووەمی ئەم ماددەیە هەر لابرێت، چونکە خەڵك ئەگەر خۆی بیەوێت ئەوە خۆی دەیبات بۆ نا حکومی، سەبارەت بە باری دارایی خراپی خەڵك راستیەکەی بۆ ئەوەی هیچ بەهانەیەکی دارایی نەمێنێت سەرەڕای ئەوەی ئەو خاڵەی کە داوامکرد ئەو پێداویستیانەی خوێندن دابین بکرێت بیمەیەکی کۆمەڵایەتیش بدرێت بە خانەوادەکان، پشتیوانی لە رەئیەکەی سەرچنار خان و کاك مەلا ویسی دەکەم و شیرین خان بۆ داواکاری گشتی بێتە مەوزوعەکە، پشتگیری لە کاك علی دەکەم کە گوتی ئەو شوێنانەی ڕێیان دوورە ئەوەی هاتووچۆ خراپە، هەروەها پشتگیری لە رەئی کاك کاروان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پشتیوانی لە قسەکەی جەنابت دەکەم یەعنی خوێندن خوێندنێکی پابەندکراوە، خۆ لە تەوەری سێیەمدا باسکراوە، ئێمە کێشەیەکمان هەیە لەم ماددەیە زۆر گرنگە هۆکار چیە بۆ ئەوەی کە خەڵك لە خوێندن دوورکەوتۆتەوە، ئێستا ئێمە بەپێی ئەو ئامارە فەرمیانەی کە لەبەر دەستمانەدایە ساڵانە نزیکەی دە هەزار خوێندکار کە تەخروج دەکەن دانامەزرێن، نزیکەی دوو سەد و شەست و یەك هەزار خوێندکاری دانەمەزراومان هەیە، ئەوانەی کە بڵێین دەرچووی دانەمەزراو لە زانکۆکان، یەعنی ئەمە وا دەکات خەڵك سارد دەکاتەوە کە بۆ ئەوەی ڕێگەیەکی تر بگرێتە بەر کە ئەمە شتێکی زۆر خراپە و حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەکانی یەك لە دوای یەکەکان هۆکاربوونە بۆ ئەوەی کە خەڵك ئومێدی بە خوێندن کەمتر ببێتەوە، وە متمانە کەمتر ببێتەوە بەوەی کە دوور بکەونەوە لە خوێندن، نموونەیەکمان لایە ئێمە کۆمەڵەی ئەوانەی کە دەروناسی و کۆمەڵناسیان تەواوکردووە هەزار هەشت حەوت سەد و شتێکی دامەزراوە نۆ هەزار و پێنج سەد کەسی دانەمەزراوە کە ئەمانەی تەخروجیانکردووە، ئەمانە ژمارەیەکی دیاریکراون، وە ئەکێکی تر لەو ڕێگایانەی کە ئێمە وەرمانگرتووە داتایەك بەس لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی نزیکەی ئەوانەی کە گەڕێندراوەتەوە بۆ خوێندن ئەوە ریگایەکی تەندروستان گرتۆتە بەر بۆ ئەوەی کە

بچن قسه لەگەڵ کەس و کاری خوێندکارەکاندا دەکەن بۆ ئەوەی بتوانێت بگەڕێنەوە بۆ خوێندن هەزار و هەشت سەد و شەست و سێ خوێندکار کە دابڕاون لە خوێندن ساڵی پار لە سنووری سلێمانیدا گەڕێندراوەتەوە، بۆیە گرنگە حکومەت وەکو حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پەروەردە ئەو ئەرکەی کە ئیلزامە لەسەری بەوەی کە هەم دابینکردنی خوێندن بۆ خوێندکاران و بتوانێت ئەوەی کە مافێکی سەرەتایی و دەستووری خۆیەتی، وە لەگەڵ ئەوەشدا دامەزراندن لە کەرتی تایبەت بێت یان لە کەرتی گشتی ببێتە هۆکار بۆ ئەوەی هاندان کە هاوڵاتیەك دەتوانێت زانکۆ تەواو بکات بتوانێت تەعین بێت دابمەزرێنرێت، لە بڕگەی سێیەمدا من لەگەڵ ئەوەدام بەڕاستی سزاکە توووند بکرێت، قەت لەگەڵ ئەوەدا نیم سزایەکەیان کەم بکرێتەوە، چونکە ئەمە هاندانە بۆ ئەوەی نەخوێندەواری لەم وڵاتە زیاد بکرێت، وە لەگەڵ ئەوەشدام دوو بڕگە زیاد بکرێت ئەوەی باس لەوە دەکات لە ناوچە سنووریەکانەوە هەم خوێندنگا دابین بکرێت و هەم رێگای گواستنەوە و پشتگیری لە قسەکانی کاروان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هلز خان فەرمووو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خالا دوو راپۆرت بۆ سالانە بیتن و پێش دەست پێکرنا سالا خویندنێ بێتە پێشکەشکرن، ئەو ژی تەئکید ل ڤی چەندی دکەم، بڕگەیا دووەم بهێتە لادان، چونکی بەخێوکار یا ئارزومەندە بچیکێ خۆ ببەتە ئەهلی یان بباتە حکومی ب دیتنا من ئەو یا زێدەیە، ئەگەر بڕگەیا سێیەم ماوە کە ئەم بەس ئیعتیماد ل سەر پاساوا تەندروستی کر تەبعەن مە گەلەك پاساوێ دی تر هەین پاساوا کۆمەلایەتیا هەین، دارایی هەین، خزمەتگوزاریا هەین، ئەڤە تەنێ هەمی دبنە رێگر کو بەخێوکار نەشێتن کورێ خۆ یان کچا خۆ یان ئەو بچیکێن بەر دەستێ خۆ بەرێکەتە بەر خواندنێ دا، ئەگەر وەکی خۆ ما ئەڤ بڕگە سێ ئەڤ بڕە پارەیە گەلەکە ب قەناعەتا من کەسێکێ فەقیر حالە نینە بخوات پارێ وی ئیحتیماله هەمی سالەکە ملیۆنەکە باشە ئەگەر پێنج سەد هەزار ژی نەهات بدات دیڤ را دبیتە ملیۆنەك، باشە نەشیا ملیۆنەکی ژی بدەتن دیڤ را چ لێ دێت، ئەو دبیتە قەردار و دەیندار کو بچیك هینایە سەر دنیایێ، ب دیتنا من ئەڤ مەبلەغە گەلەکە، ئەگەر وەکی خۆ ما پشتگیریا وان بەڕێزان دکەم ئەڤێ دبێژن ئەڤ بڕگە بێتە لادان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەین، بەخێربێن، ئەگەر ئامادە بیت دوای دوو سێ دەقەی تر بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەیتەوە کە بەڕێز مامۆستا سەیوان نووسیوویەتی، د.اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خالا ئێکێ ئەز پشتەڤانیا مامۆستا شێخ ظاهردکەم، فیعلەن کوردستان پێتڤیە ئەڤ واقیعی بەرێ خۆ بدەینێ، هەم میسالی بەرێ خۆ بدەینێ میسالیەکا خەیالی مە یەت هەین یەعنی حالێ وانا یا ئابووری رێگە نادەتێ، ژبەر هەندێ ئەز دبینم بەخێوکار پێویست ب پاساوی باوڕپێکری

بيتن، ژبەر هەندێ ئەگەر رێكی لێ نەگريت ئەڤ ئيجرائاتێت دەرحەق بێنە كرن، دوو: باشە ئەگەر قوتابی خۆ نەچوو مەرحەلا شەشێ بنەڕەتی ئەو نەچوو باب نەشێتێ كوڕێت هەی يەعنی باب ئەو هێز و قوەت نينە كوڕێ خۆ فرێ كەت، باشە ئەوی رێگری بكە و كوڕێ وی ئيمتيناع كر هەر باب بەرپرسيارە، هەر باب بێتە موحاسەبە كرن و دهێتە سزا دان، ئەز دبينم يەعنی پێتڤيە ل ڤێرێ شتەك بۆ بێتە ديار كرن، خالا دووێ ئەز پشتەڤانيا خوشكە هلز دكەم پێتڤيە سالانە بيت و فيعلەن بيدايەتە سالێ بێتە پێشكەشكرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی سيازدە بخوێننەوە تا ئەو كاتەی بەڕێز سكرتێری پەرلەمان ناوی ئەو بەڕێزانە تۆمار دەكات كە پێويست دەكات قسە لەسەر ئەم ماددەيە بكەن، دواتر داوا لە وەزير دەكەين لە ماوەی دە دەقە وەڵامی ئەو پرسيارانە بدەنەوە كە لەسەر ماددەكانی پێشتر لەلايەن بەڕێز ستافی وەزارەتەوە نووسراوە، فەرموون ماددەی سيازدە بخوێننەوە.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو ئەندامی بەڕێز فەرموويان كە پێناسەی بەخێوكاری قوتابی نەكراوە، داوا لە بەڕێزيان دەكەم موراجەعەيەكی ماددەی يەكی پڕۆژە ياساكە بكەنەوە لە سی و شەشەمين پێناسەيدا بەو شێوەيە پێناسەكراوە، بەخێوكاری قوتابی ئەو كەسەيە كە بەخێوكردن و چاودێريكردنی منداڵ (قوتابی، خوێندكار) بەپێی ياسا بەركارەكان لە ئەستۆ دەگرێت.

تەوەری چوارەم: بازنەكانی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی.

ماددەی (١٣):

خوێندنی بنەڕەتی لەم سێ بازنەيە پێكدێت:-

بازنەی يەكەم:

١ - پۆلەكانی يەكەم و دووەم و سێيەمی خوێندنی بنەڕەتی لە خۆ دەگرێت.

٢ - لەم بازنەيەدا قوتابخانەكان پەيڕەوكردنی سيستەمی مامۆستای پۆل پابەندن.

٣ - قوتابی لە بازنەی يەكەمدا لە هەر بابەتێكی خوێندندا كارتی هەڵسەنگاندنی پێدەدەرێت، نەك كارتی نمرەكان واتە كەوتن لەو بازنەيەدا نيە.

بازنەی دووەم:

١ - بازنەی دووەم پۆلەكانی چوارەم و پێنجەم و شەشەمی خوێندنی بنەڕەتی لە خۆ دەگرێت.

٢ - لەم بازنەيەدا سيستەمی مامۆستای بابەت پيادە دەكرێت كە تێيدا هەر بابەتێكی خوێندن لەلايەن مامۆستای پسپۆڕ لە بابەتەكەدا دەگوترێتەوە.

٣ - لەم بازنەيەدا قوتابيان كارتی نمرەكانيان پێدەدرێت، دەرنەچوون و مانەوە لە هەمان پۆڵ هەيە بەپێی حوكمەكانی ئەم ياسايە.

بازنەی سێيەم:

١ - بازنەی سێيەم پۆلەكانی حەوتەم و هەشتەم و نۆيەمی خوێندنی بنەڕەتی لە خۆ دەگرێت.

٢ - لەم بازنەيەدا سيستەمی مامۆستای بابەت پيادە دەكرێت كە تێيدا هەر بابەتێكی خوێندن لەلايەن مامۆستای پسپۆڕ لە بابەتەكە دەگوترێتەوە.

٣ - لەم بـازنەیەدا قوتابیـان کـارتی نەمرەکانیـان پێـدەدرێت، دەرنەچـوون و مـانەوە لە هەمـان پـۆڵ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە هەیە.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر بەڕێزێك دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسـە بکـات بـا دەسـت بەرزکاتەوە؟ بۆ ئەوەی لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمانەوە ناوەکانیـان تۆمـار بکـرێن، ئێسـتاش داوا لە بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەین بۆ ماوەی دە دەقە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە داوای لێبووردنەوە لە ئیلتیزامێکی دیـکە بـووم بـۆیە نەمتـوانی ئامـادەبم، بە شـێوەیەکی گشـتی ئەو تێبینیـانەی کە لەبەر دەسـتی ئـێمەدایە بەشێکیشـم لە تێبینـی بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمان بینی، بەڵام دەمەوێت هەندێك خاڵ ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی باس بکەم، سـەرەتا لە بنچیـنە فەلسـەفیەکان کە مـاددەی دووە، بنچیـنەی فەلسـەفەیی گـوێم لە بەڕێزێـك بـوو باسـی لەوەکرد کە بۆ بابەتی فەلسەفە تێکەڵ بەم بابەتەکراوە، بـۆ خـۆی پەروەردە سـڵفێکی فەرعـیە لە فەلسـەفە، ئەوانەی کتێبەکـانی (ئەفلاتـۆن)یـان خوێنـدۆتەوە وئەوانەی چەمـکە فەلسـەفیەکانی (دیکارت)یان خوێندۆتەوە دەزانن کە چـۆن ئیهتیمـام دەدەن بە فەلسـەفە و بـاس لە فەلسـەفەی پەروەردە دەکەن، بـۆ نمـوونە لا (دیکـارت) کە جیـاوازی دەکـات لە نێـوان تەعلـیم و لە نێـوان تەدریب، وە چۆن تەعریفی تەعلیم دەکات، لەلای ئەفلاتۆن چۆن باسی ئەوە دەکات کە مەوهیـبە بابەتێکی ویراسی نـیە، بەڵکـو دەکرێـت لەلای هەر تەبەقەیەك منـداڵی هەر تەبەقەیەك مەوهیـبە هەبێت، وە باس لە پڕۆسەی فێربوون دەکـات کە منـداڵ وەزیفەیـان لە نـاو دەوڵەت چـیە، لەبەر ئەوە بۆ خۆی مەفهومی پەروەردە مەفهومێکی فەلسـەفیە بەڕاسـتی، وە پەروەردەش بـۆ خـوی سڵفێکی فەرعیەی لە سڵفەکانی فەلسەفە، بۆیە لێرە کە دەڵێت فەلسەفە لە شوێنەکانی تـریش لە ماددەکانی تر دەمەوێت ئەو خەتە گەشتیە وازح بکەمەوە کە دەڵێین بنەما گشـتیەکان ئەمە دوو بابەتی لە یەك جیاوازن، ئەمە دیدە، ئەمە روئیـایە، ئـێمە دەمانەوێـت چ تاکێـك پـێ بگەیەنـین لە رێگەی پڕۆسـەی پەروەردە و فێربـوونەوە، مەبەسـتەکە لێـرە ئەوەیە، بـۆیە زیـاتر ئەگەر دیـقەت بدەیتە سیاغەی ماددەی دوو تەرکیز دەکاتە سەر قوتابی و خوێندکار، بۆ؟ لەبەر ئەوەی وەزیفەی مامۆستا و وەزیفەی ناوەندەکانی خوێندنە کە ئەم دیدە فەلسەفیە لە ناو ناوەنـدەکانی خوێنـدن تەرجـومە بـکەن، وە وەزیـفەی وەزارەتە کە کـار بکـات تـاوەکو هەمـوو موسـتەلزەمات لە نـاو ناوەندەکانی خوێندن بە ئاڕاستەی ئەم فەلسەفەیە بە ئاڕاستەی ئەم دیـدە بـڕوات کە حکـومەتی هەرێمی کوردستان بـۆ پڕۆسـەی پەروەردە و فێربـوون هەیەتـی ئەویـش بناغەکـانە، ئەم بـابەتە بابەتێکی تەفسیلی نیە، ئەوە نیە کە دووبارەکرابێتەوە، هەر چەمکێك لەم چەمکانە لە عەداڵەتـی کـۆمەڵایەتی، لە دیمـوکراتی، لە هـاوڵاتی بـوون، لە خۆشەویسـتی کوردسـتان، لە بـابەتی ژیـنگە پارێزی، لە مـرۆڤ دۆسـتی، لە یەکسـانی رەگەزی، هەر چەمکێـك لەمـانە چەمکـی زۆر گـرنگن کە ئێستا وەزارەتـی پەروەردە کـاری خـۆی لەسـەرکردووە و لە نـاو کتێبەکانیشـیان هەیە بەڕاسـتی، کتێبەکانی ئێمە لە کتێبی کارامەییەکان گرنگی دەدەن بە ژینگە، گرنگی دەدەن بە خۆشەویسـتی نیشـتیمان، گرنگـی دەدەن بە بەرپرسـیاریەتی، هەوڵـدەدەن قوتـابی لەو شـێوازە تەقلیـدیەی کە ئێستا وانە وتنەوەی تێیدایە دەربیێنن ئەویش بۆ شـێوازی نـوێ، میتـۆدێکی نـوێ، میتـۆدی نـوێ

لەوەی کە قوتابی و خوێندکار ئازادترین تەنها زانیاری وەرنەگرن و زانیاری بدەنەوە، بەڵکو مافی ئەوەیان هەبێت بتوانن رەخنە بگرن، یان بە شێوازێکی رەخنەگرانە بیر لەو بابەت و دەقانە بکەنەوە کە لەبەر دەستیاندایە، لەبەر ئەوە ماددەی دووەم دیدی حکومەتە دیدێکی فەلسەفەییە بۆ ئەوەی کە ئێمە لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەمانەوێت ئینتاجی چ تاکێك بکەین بۆ کۆمەڵگا، ئەمە سەبارەت بە ماددەی دووەم، ئەوانەی دیکەش بابەتەکانی تر مەفاهیمی یەکسانی هەردوو رەگەز مەفاهیمێکی ئاساییین دژ یەك نین لەگەڵ هیچ مەفهومێکدا، خوای گەورە دەفەرمووێت (لقد کرمنا بنی ادم)، نەی فەرمووە (لقد کرمنا الرجاله)، (بنی ادم) پیاو و ئافرەت دەگرێتەوە، لەو مونتەڵەقەوە لەو مەفهومەوە ئێمە تاکێکمان هەیە پێی بگەیەنین کە هەستێکی نیشتیمانی هەبێت، لەگەڵ پێکەوە ژیاندا بێت، رێز لە مافی هەردوو رەگەز بگرێت و وەزیفەیان لە بوارەکانی کاری گشتی تێگەیشتنی بۆی هەبێت، وە خۆشەویستی خاکی هەبێت، توانا عەقلیەکانی و توانا زەهنیەکانی پەرە پێ بدات و کارامەییەکانی پەرە پێدات، ئەمە دیدێکی پەروەردەیی بوو، خاڵەکانی دیکە ئەوەی کە بەرێزان لەو تێبینیانە ئاماژەیان پێداوە رێنمایی ئەزموونەکان هەموار بکرێتەوە، ئەو رێنماییەی کە باسی دەکەن کە لێرەش لە پرۆژە یاسایەکە ئاماژەتان پێداوە شازدە ساڵ و نۆزدە ساڵە ئەوە هیچیان تەعاروزیان لەگەڵ یەك ناکەن، بە ئیجازەی بەرێزتان بە کورتی بۆ روون دەکەمەوە، بۆ قۆناغی بنەڕەتی لە یەك تاوەکو نۆ ئەگەر قوتابیەك هەتا لە پۆلی شەشی بنەڕەتی بێت و سێ لەسەر یەك بکەوێت دەرنەچێت ئەو قوتابیە ناچێتە خوێندنی ئێواران، هەتا تەمەنی دەگاتە نۆزدە ساڵ، وا فەرز بکەین قوتابی ساڵێك دەر دەچێت و ساڵێك دەر ناچێت، بەڵام لە ساڵەکانی کۆتایی قۆناغی بنەڕەتی سێ ساڵ زیاتر تەمەنی مەسەلەن لە پۆلێکدا دەمێنێتەوە، بەڵام هێشتا تەمەنی نەگەیشتۆتە نۆزدە ساڵ هەتا قوتابیەك تەمەنی نەگاتە نۆزدە ساڵ، گوێم لە بەرێزێك بوو ئینتیقادی وەزارەتی پەروەردەی کرد کە ئەمە ریگری لە دەرفەتی خوێندن دەکات، نەخێر، بە عەکسەوە وەزارەتی پەروەردە بە چەند رێگەیەك خوێندنی فەراهەمکردووە، هەتا ئەو قوتابیە نەگاتە نۆزدە ساڵ ناخرێتە بەر خوێندنی ئێواران لە قۆناغی بنەڕەتی، واتە مافی هەیە ئەگەر قوتابیەك سێ ساڵ لە پۆلی شەشی بنەڕەتیش بمێنێتەوە ئەو قوتابیە دەتوانێت لە خوێندنی رۆژ بەردەوام بێت، بەڵام ئەگەر قوتابیەك نەیتوانی هەتا تەمەنی نۆزدە ساڵی ئەو قۆناغی بنەڕەتیە قۆناغێکی نۆ ساڵیە و خۆشی بە نۆ ساڵی چۆتە قوتابخانە و تێپەڕی بکات ئەوە دەخرێتە بەر خوێندنی ئێواران، خوێندنی لێ بێبەش ناکرێت، بەڵام تەمەنەکەی ناگونجێت لەگەڵ منداڵێکی دیکە لە ناو قوتابخانە، بابەتێکی دیکە کە قسەی لەسەرکراوە چۆن ئەو فەلسەفەیە جێ بەجێ دەکرێت، دەگەڕێمەوە سەر ئەو خاڵە وا بزانم پرسیاری کاك هێڤیدار بوو، ئەو فەلسەفەیە لە راستیدا لە رێگەی ئەو میکانیزمانەوە جێ بەجێ دەکرێت کە بریتین لە، یەك: پرۆگرامەکانی خوێندن، دوو: هێنانی مامۆستایان، ئیتر هەر یەکێك لە ئێمە کە لێرە دانیشتووین و هەمووممان لە ئاستی بەرپرسیاریەتی لەم وڵاتە ئێستاش کاریگەرین بە مامۆستایەکانمان کە لە قۆناغی بنەڕەتیەوە، ئێستا راستە بە دیدێکی دیکە بە شێوازێکی دیکە کە لە بابەتەکە بڕوانین بابەتەکمان لا ئاسانە، بەڵام ئەمەی کە هەیە مەعریفەیەك و تەربیەیەکی موتراکمە کە مرۆڤ وەری دەگرێت لە رێگەی مامۆستاوە، مامۆستا زۆر کاریگەری هەیە، ناوەندەکانی خوێندن زۆر کاریگەریان هەیە، لەبەر ئەوە ئەم فەلسەفەیەی پەروەردە بۆ خۆشەویستی کوردستان و بۆ پێکەوە ژیان و بۆ رێزگرتنی پێکهاتەکان، بۆ ژینگە پارێزی، ئەمە لە

ڕێگەی سیاسەتی وەزارەتی پەروەردە کە بریتیە لە پرۆگرامەکانی خوێندن، هەروەها ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر ئەو پرۆگرامە و پراکتیزەکردنی ئەو فەلسەفەیە جێ بەجێ دەکەین، لە ڕاستیدا هیچ یەکێك کاتێك کە کێشەیەك دەبێت کێشە لە سیستەمی پەروەردە نیە، هیچ یەکێك لە ناوەندەکانی خوێندنی ئێمە دژ بە بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی دژ بە ئازادی و دژ بە دیموکراسی هیچ کەسێك پەروەردە ناکەن مامۆستاکانی ئێمە، بەڵام هەندێکجار ئەو مەنزومەی پەروەردەییە خەرق دەکرێت لەلایەن مەنزومەی دیکەوە، مەنزومە ئیعلامی، لە ناو مامۆستاکانی ئێمە فێری کارێك ناکەن کە دژ بەم بنەما فەلسەفییانە بێت، بۆیە ئەگەر تاکێك دەربچێت لەو بنەمایانە ئەوە مەنزومەی پەروەردەییە خەرقکراوە لەلایەن بابەتەکانی دیکەوە، ئاماژەدان بە کلد و ئاشووریەکان، ئێمە لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ پێکهاتەکان نۆزدە قوتابخانەی خوێندنی تورکمانیمان هەیە، چل و نۆ قوتابخانەی خوێندنی سریانیشمان هەیە، ئەگەر بەلاتانەوە ئاسایی بێت کە کەلیمەی کلد و ئاشووریەکان بکرێتە پێکهاتە بەلای ئێمەشەوە ئاساییە، بەڵام بابەتی ئەوەی کە زمانی خوێندن بۆ ئەو بابەتانە نەخێر ئەمە یاسا سەروەری کردووە، وە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان وایە کە هەموو پێکهاتەیەك مافی هەبێت بە زمانی دایکی خۆی بخوێنێت، بگرە لەم یاسایە هەنگاوێکی گەورەتر و باشتریشمان هاوێشتووە، ئەگەر قوتابیەك لە یەکێك لە قوتابخانەکانی خوێندنی وەزارەتی پەروەردە بە سیستەمی با بڵێین کوردی بێت غەیری تورکمانی و سریانی، ئەگەر هاتوو ئەو قوتابیە دایك و باوکی سریانی بوو یان ئەو قوتابیە دایك و باوکی تورکمان بوو بیەوێت منداڵەکەی فێری زمانی دایکیان بن، بەڵام لە قوتابخانەیەکدا لە گەڕەکی منتکاوە مافی هەیە لە هەفتەیەکدا ڕۆژێك بێت بۆ عەنکاوە یان قوتابخانەیەکی تورکمانی وانەی زمانی دایکی خۆی بخوێنێت، ئەمە لە چوارچێوەی فەراهەمکردن یان جێ بەجێکردنی مافی پێکهاتەکان، خاڵێکی دیکە لێدانی قوتابی و ئەو بابەتانە، بەڕاستی بەڕێزم پرۆسەی پەروەردە کاك جلال خۆش دەوێت، بەڵام زۆر موخالیفم لەگەڵ قسەکانی شتی وام بیست نازانم تا چەند وابوو، پرۆسەی پەروەردە بە لێدان زەبت ناکرێت، ئێمە قوتابخانەمان هەیە فەلاقە خانەمان نیە، وە ئێمە لە وەزارەتی پەروەردە زۆر مکوڕین لەسەر ئەو بابەتە، هەموو ئازاردانێکی جەستەیی و دەروونی هەر کەسێك بیکات بەڕاستی پلەی مامۆستایەکەی لێ وەردگرینەوە، چونکە هیچ منداڵێك شیاوی ئەوە نیە لێی بدرێت، خەڵك منداڵەکەی خۆی دەنێرێتە قوتابخانە بۆ ئەوەی پەروەردە بکرێت و زانست و زانیاری پێ بگەیەنرێت، سرووشتی هەموو منداڵێك وایە بە تایبەتی ئەوانەی کە منداڵن یان ئەوانەی کەوتوونەتە قۆناغی هەرزەکاریەوە جۆرێك لە فرە جوڵەییان هەیە، جۆرێك لە شێوازێکیان هەیە کە زۆر ئینزیبات نیە وەکو کەسێکی کامڵ ئەوە سیلەی ژیان و تەمەنە، لەبەر ئەوە مامۆستا ئیدراکێکی باشی هەیە بۆ ئەو تەمانانە کە مامەڵەی لەگەل دەکات، بەڵام هەندیکجار حاڵەتێك ڕوو دەدات مامۆستایەکە کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دەدات ئەوە ڕێکاری پێویست وەردەگیرێت، خەڵك منداڵەکەی نانێرێت بۆ ئەشکەنجەدان، بەڵکو خەڵك منداڵەکەی دەنێرێت بۆ قوتابخانە بۆ فێربوو و بۆ پەروەردە کردن، وە سوپاس بۆ خوا ئەمە لە کوردستان ماوەیەکی زۆرە قەدەغەکراوە، وە ئەم حاڵەتە زۆر کەم بۆتەوە ئەگەر تاك تاك نەبێت، زاهیرە نیە، ئەگەر تاك تاك حاڵەتێك هەبێت، یەعنی نەبۆتە زاهیرە هەر حالەیە، ئەگەر تاك تاك حەڵەتێك وەزارەتی پەروەردە دوور لە چاوی میدیا ڕێکاری پێویست وەرگرتووە تاوەکو ئاستی

لێسـەندنەوەی نەك نەقڵكـردن، چـونكە نەقـڵ بە گـوێرەی قـانون نـابێتە عقـوبە، هەتـا ئاسـتی لێسەندنەوەی پلەی مامۆستایەتی و كردنی بە فەرمانبەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس جەنـابی وەزیـر دە دەقەكەت تەواوبـوو، ئەگەر ئەوانـی تـر بمێنـنەوە بـۆ دوای موناقەشاتی تر، ئێستاش فرسەت دەدەین بەو بەڕێزانەی كە دەیانەوێت گفتوگۆ لەسـەر مـاددەی سیازدە بكەن، ئەو ناوانەی كە تۆماركراون (د.اسماعیل، مژدە خان، هلز خان، رووپاك خان، بـدریە خان، سەرچنار خان، د.شێركۆ، گوڵستان خان، كاك عبدالستار، كاك بەڵێن،كاك كـاروان، كـاك رزگـار، رۆژان خان، كاك بهجت، كاك زیدان، كاك ازاد، كاك هێڤیدار، رۆژان خان، كاك جلال پەرێشان)، كاك دكتۆر زیدان فەرمووو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبنیـی مـن لەسـەر مـاددەی سـێزدە، مـاددەی سـێزدە پەیوەنـدی هەیە لەگەڵ مـاددەی حەفتـا و حەفت كە دابەشكردنی بە شەوانەكانە، ئەگەر سەرەنج بدەین لە قۆنـاغی بنەڕەتـی گۆڕانكـاریەك دروست بووە ئەم قۆناغە دابەش بووە بەسەر نۆ پۆڵدا كە پێشتر بنەڕەتی تەنها شەش پۆڵ بـوو، لە حەوت و هەشت و نۆ قۆناغی ناوەندی بوون، بەڵام ئێمە هەموو هەدەفمان ئەوەیە كە قوتابی باشترین پەروەردە و باشترین خوێندی فێر بكرێت، وە لە بەشی هەر زۆری شار و شارۆچكەكانی هەرێمی كوردستان بە تـایبەت لە قەزا و ناحیەكانـدا دایـنگە و بـاخچەی سـاویان رێژەیـان كەمە، كەواتە دەست پێكی قۆناغی بنەڕەتی دەبێتە دەست پێكێك بـۆ ئەوەی قوتـابی فێـرە خوێنـدن و خوێنـدنەوە بكرێـت، لەم بـازنەیەدا كاتێـك كە بە شـەوانەكان دابەشـكراوە لە مـاددەی حەفتـا و حەفت كە پەیوەندی بە لێـرەوە هەیە هەمـان دابەشـكردنە كە بیسـت و چـوار ئەو بەشـانەیە بـۆ مامۆستایان لە قۆناغی بنەڕەتی لە پۆلی یەك تا پۆلی نۆ، بۆیە بە پێویستی دەزانـم پـۆلی یەك تـا سـێ كە كەوتنـی تێـدا نـیە بە شـەوانەی مامۆسـتایان تەركیزێكـی زیـاتری لەسـەر بكرێـت كەم بكـرێتەوە بـۆ ئەوەی مامۆسـتا بە باشـترین شـێوە قۆتـابی فێـری نووسین و خوێنـدنەوە بكـات، تەركیزێكـی زۆری لەسـەر تەنهـا تەواوكردنـی بە شـەوانەی نەبێـت كە بەس كـات بەڕێ بكـات بـۆ ئەوەی بە شـەوانەكانی خـۆی تەواو بكـات، بەڵكـو بە شـەوانی لەو سـێ پـۆڵەدا كەم بكـرێتەوە، هەدەف لەوە بێت كە قوتابی فێری خوێندن و خوێندنەوە بكات جیاوازی لەگەڵ قۆناغەكـانی تـر بكرێـت، ئەمەش بـابەتێكە كە دەبێـتە هۆكارێـك لەم قۆنـاغەدا قوتـابی سـەركەوتوو بێـت و خوێندنێكی باشیش فێر ببێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بهجت فەرمووو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بازنەكانی قوتابی خوێندنی بنەڕەتی ماددەی سێزدە بڕگەی یەكەم خاڵا سێیەم قوتابی لە بـازنەی یەكەمدا لە بابەتێكی خوێندندا كارتی هەڵسەنگاندنی پێ دەدرێت، نەك كارتی نمرەكان، وە كەوتن لەم بازنەدا نیە، ئەو شتێكی باشە تەشجیعەكە بۆ قۆتابیە كو ل ڤی ئاسـتێ پـێ دەربـازبنن، بەس هەندەك یا قوتابیێت هەی ل وان پۆڵا ئاستێ وان لاوازە، دیجا ئەڤ ئاستێ وان لاواز دزڤـڕیتەوە

بۆ هەندەك بابەت، هەندەك تەندروستینە، هەندەك ویراسینە، هەندەك هەر زەهنا وان یا کەمە کو شتی وەربگرن، پێشنیار دکەین ئەڤ دێرە زێدە ببیت لە کۆتایی بێژین بەڵام پێویستە مامۆستای پـۆڵ ئەو قوتابیـانەی کە ئاسـتی لاوازیـان هەیە خـولی بەهێزکردنیـان بـۆ ئەنجـام بـدرێت لە قوتابخانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ازاد فەرمووو.

**بەڕێز ازاد اکرم بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینیم لەسەر بڕگەی یەکەم خاڵی سێیەم لە ماددەی سێزدە هەیە، کەوتن لە بازنەیە نـیە، لە جیاتی کەوتن لەو بازنەیە نیە ئاگاداری بەخێوکار بکرێـت لە نزمـی ئاسـتی فێربـوونی قوتـابی لەم بازنەیە تێپەڕ دەکرێت یان تێپەڕ ناکرێت، یەعنی یەکسـەر تێـپەڕ نەکرێـت، چـونکە کە تێـپەڕ دەکرێـت ئەو مسـتاوایە خـراپە لەگەڵـی دەڕوات تـاوەکو قۆنـاغی بنەڕەتـی تەواو دەکـات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

رۆبینە خان فەرموو.

**بەڕێز رۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێزدە دبێژیت بازنەی یەکەم لە خاڵی سێیەم هەر چەندە قوتابی لە بازنەی یەکەم کەوتن و مانەوە نیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە پۆڵی چوارەم نمرە دەبێـت کەوتـن و مـانەوەی هەیە، بۆیە لێرەدا وەکو ئەزموون ئامادەکـاری لە پـۆڵی سـێ بەبـێ کەوتـن و مـانەوە نمریـان پـێ بدرێت بۆ ئەوەی کە دەچێت بۆ مەرحەلەی چوار بۆ ئەوەی ئەو قوتابیە ئەو ئەزموونە تـاوەکو لە پـۆڵی چـوار نمـرە پێشـکەش تـازە و قـورس نەبێـت، بـۆ لە مەرحەلەی سـێ دیـاری بکرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.شێرکۆ فەرمووو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی پێناسەی قۆناغ بکەیـن بـریتیە لەوەی کە مەنهەجـێکە و دەبێـت وەربگیرێـت و دەبێت تەجاوز بکرێت، بۆیە ناوی قۆنـاغە، لێـرەدا مامۆسـتای تـایبەت بە بـابەت یـان مامۆسـتای تایبەت بە پۆڵ بۆ ئەم قۆناغە زۆر پێویستە کە مامۆستای تایبەت بە بابەت بخـرێتە جـێگەی ئەو تەعبیرەی کە بڵێین مامۆسـتا پـۆڵ، ئەم قوتـابیە لەو مامۆسـتایە بێـزار دەبێـت ئەگەر مامۆسـتای پـۆڵ هەمـوو وانەکـانی پـێ بڵێـت، مامۆسـتای پـۆڵ فریـای بەرنـامەی سـاڵانە و پـلانە ورد بـۆ بابەتەکـانی هەمـوو بابەتەکـان نەتوانێـت رێکخـاتەوە بە باشـی، بـۆ چەنـدین ئەسـبابی تـر، بـۆیە تەنانەت هەڵسەنگاندنەکەش پێویستە هەڵسەنگاندنی نمرە بێـت، بـۆ ئەوەی کە تەجـاوزی بکـات، نەك لەبەر ئەوەی کە تەنها لاوازەکان یان بڵێین فێر خوازە لاوازەکـان دەرکەون، بەڵکـو بـۆ ئەوەی کە بەهرەمەندەکانیش تێستی (I Q) هەیە بەهرەمەنـد و عەبقەریەکـانی نـاو پۆڵەکـانی خوێنـدن

بخاته روو، لەبەر ئەوە یەکەمیان مامۆستای بابەت بێتە جێگەی مامۆستای پۆل لەم ماددەیە، دووەمیان هەڵسەنگاندن بە نمرە بێت، وە تەجاوزکردن بێت نەك ئەوەی کە تەنها هەڵسەنگاندن نەبێت و تێبپەڕی و بچێتە قوناغێکی تر لاواز بێت و بچێتە قۆناغی دووەم، وە ئەگەر عەبقەریش بێت بەهرەمەند بێت هەر هەستی پێ نەکرێت و بچێتە قۆناغێکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێزدە من پێشنیار دەکەم بازنەی یەکەم و دووەم بکرێتە یەك، پۆلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و تاوەکو شەشەمی تێدا جێگا بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سیازدە پێشنیار دەکەم لە یەکەمیان خاڵی سێیەم لابرێت، چونکە ناکرێت کە بازنەی یەکەم بناغەی خوێندنەوە و نووسین و فێربوونە ناکرێت بە لاوازی بچێتە بازنەی دووەم، پێشنیار دەکەم خاڵی سێیەمی بازنەی دووەم و سێیەمیش هەر لابرێت بکرێت بە یەك بڕگە، چونکە دووبارەیە یاسایەکەی درێژکردۆتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانی من لەسەر ماددەی سیازدە سەبارەت بە بازنەی یەکەم کە دەتوانم بڵێم بنەمایەکی سەرەکیە بۆ ئەوەی کە توانایی و مەرجی فێربوونی منداڵ لەم قۆناغەدا هەبێت، بۆیە پێم گرنگە هەڵسەنگاندنەکە لەسەر مەرجی فێربوون بێت، یەعنی ئێمە منداڵێك نەنێرین بۆ پۆلی چوار هیچ نەزانێت، پیتەکان نەناسێت، ژمارە نەزانێت، ئێمە ئەگەر ئەزموونی ئەو خوێندکارانەی ساڵانی رابردوو سەیر بکەین کە لەو سێ پۆلە رۆیشتوون و نەماونەتەوە ئاستی زانستی خوێندکار لە ئاستێکی نزمدایە، بۆیە زۆر گرنگە مەرجی فێربوون و توانایی زانستی مەرجی بنەمای هەڵسەنگاندن بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر قسەم لەسەر بڕگەی یەکەم خاڵی سێیەم لە ماددەی سێزدە هەیە، کە ئاماژەیان پێکرد ئێمە هەست دەکەین بەڕاستی ئاستی زانست و خوێندن و پەورەردە رۆژ لە دوای رۆژ لە دابەزینە، وە ئەگەر بەراورد بکەین قوتابیەکی پۆلی شەشی ئێستا کە ساڵانی هەشتەکانیش پۆلی

شـەش هەسـت دەکەم ئاسـتی زۆر دابەزیـووە، یەعنـی ئەو کـات لە رووی فێربـوون و لە رووی پەروەردەوە، لە رووی زمانەوە، لە رووی زانستەوە، زۆر پێشکەوتووتر بـووە، ئەم خـاڵی سـێیەمە حەقیقەتەن هەست دەکەم جۆرێکە لە دروست کردنی تەمبەڵی، یەعنی سێ پـۆڵ دەبڕێـت بەبـێ ئەوەی هـیچ خەمـی کەوتنـی هەبێـت، یەعنـی دایـك و باوکیشـی یـاخود بەخێوکارەکەشـی هەر کەسێك بێت ئەویش ئەو خەمەی نابێت، بۆیە من بە هەڵەی دەزانـم بەڕاسـتی سـێ پـۆڵ ببڕێـت بەبێ ئەوەی هیچ فێر ببێت، راسـتە هەڵسـەنگاندنی بـۆ دەکرێـت، بەس نـامێنێتەوە، یەعنـی هەر چەند خراپیش بێت نامێنێتەوە، بۆیە من پێموایە ئەوە زۆر کاریگەری دەبێت، چونکە ئەساسێکە ئەمە یەعنی قۆنـاغێکە بـۆ پەروەردەکـردن و راهێنـانی کەسـێك کە بچێـتە قۆناغەکـانی دیـکە و قوتابیەکی زیرەك بێت، ئەگەر هەر بشمێنێتەوە من پێموایە تەنها یەك سـاڵ بێـت نەك سـێ سـاڵ، سێ ساڵ یەکجار زۆرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی سـیازدە بـڕگەی یەکەم خـاڵی سـێیەم بەشـێکی تێبینیەکـانم بـرادەران باسیانکرد، من لێرە چەند سەرە قەڵەمێك دەخەمە روو، ئەم بابەتە بەر مەبنـای چـی دانـراوە، بەر مەبنای کام توێژینەوەی زانستی لە دنیادا هەیە خوێندکارێك یاخود قوتابیەك یاخود فێرخوازێك سـێ قۆنـاغی خوێنـدن ببڕێـت، بەڵام جـگەلە هەڵسـەنگاندن بەربەسـتێك نەبێـت بـۆ ئەوەی کە تێیپەڕێنێت یان بمێنێتەوە، لە ئەساسدا ئەم یاسایە یاسای پەروەردەیە پێش ئەوەی جەنابیشـت ئامـادەبی جەنـابی وەزیـر ئامـاژەم پێکـرد ئەم یاسـایە هەمـوو بـابەتە واتـایی و کرداریەکـانی بەرجەستەکردووە لە یاسایەکدا، کە مـن پێمـوایە بەشـێکی زیـادەیە، دواتـر بەشـێکی لە شـوێنی خۆی باسی دەکەین و بەشێکیشی دواتر باسی دەکەین، بەڵام ئێمە لەگەڵ تەمبەڵکردنی منـداڵ و لەگەڵ دواخستنی پرۆسەی فێرکردن زیاتر سوودێکی تری نیە بۆ ئەوەی فێرخوازێـك لە قۆنـاغی سەرەتایی لە سێ ساڵ یەکەمی سەرەتای بیناکردنی مەعریفەی خۆی بۆ داهاتوو مەخـرەجەکەی تری چیە، بەر مەبنای چی ئەمە دانراوە، بۆیە پێشنیاز دەکەم لە راستیدا ئەمە لابرێت بـا کەوتـن هەبێت هەتا ئەگەر ساڵێکیش بێت رەنگە ئاسـایی تـر بێـت، بەڵام ئەگەر کەوتـن هەبێـت لە سـاڵی دووەم و سێیەم، چونکە سەرەتاییە و بیناکردنی قۆناغەکانی داهاتووە پێم باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

شنۆ خان فەرموو:

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی کاروان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی لە بازنەی یەکەم لە خاڵی سێ باسکراوە ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ماددەی یازدە لە ئامانجەکانی خوێندنی بنەڕەتی دەڵێت بنیاتنانی بنەماکانی پەروەردە (خوێندنەوە، نووسین، ژماردن) لای قوتابیان، لەم سێ مەرحەلەیەی کە باس دەکرێت بە هەڵسەنگاندنە بە نمرە نیە، ئێمە پێمانوایە دەتوانین ئەو ئامانجە بێنێتە دی، بەڵام پشتیوانی لە رەئیەکەی کاك بهجت دەکەم ئەگەر خوێندکارێك یاخود قوتابیەك لەو سێ مەرحەلەیە بە هەڵسەنگاندن تەواوی دەکات ئاستی نزمبوو بتوانن خولی راهێنانی بۆ بکرێتەوە پێش ئەوەی بچێتە قۆناغی چوارەوە، سەبارەت بە بڕگەی دووەم و سێیەم لە راستیدا هیچ جیاوازیەکم نەبینیووە، یەعنی ئەگەر بێجگەلە لە خاڵی یەك واز لێ بێنێ خاڵی دوو هەردووکیان مامۆستای بابەت پیادە دەکرێت لەلایەن مامۆستای پسپۆڕ بابەتەکە دەگوترێتەوە کارتی نمرەیان پێ دەدرێت و دەرچوون و مانەوە بۆ هەمان پۆڵ هەیە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، من پێشنیاز دەکەم بکرێتە دوو بازنە، بازنەی یەکەم ئەو سێ قۆناغەیە کە باسکرا، بازنەی دووەم لە پۆلەکانی چوار تاوەکو پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرمووو.

**بەڕێز جلال محمد (جلال پەرێشان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی ماددەی سێزدە سێیەم من لەگەڵ ئەوەم هەڵسەنگاندن نەمێنێت نمرە بگەڕێتەوە، ئێمە هەمووومان بەبیرمان دێت کە لە قۆناغی سەرەتای بووین ئەو بنەڕەتیەی ئێستا مامۆستا لە پۆلی یەکەم یەك کێ بڕکێی دروست کردبوو لە نێوان قوتابیان بۆ ئەوەی ئاستی زانست بەرەو پێشەوە بچێت، هەمووومان مونافەسەی یەکترمان دەکرد لە یەکی سەرەتاییەوە، بەڵام کە هەڵسەنگاندن بێت و نمرە نەبێت ئەو کێ بڕکێیە دروست نابێت، ئەوەی تر سوپاس بۆ جەنابی وەزیر من مەبەستم لە لێدانەکە تەنها ئەوەبوو لە شوێنی حەساس و هەستیاری قوتابی نەدرێت، دەیان جار لە دەستمان دەدرا و لە پشتی دەستمان دەدرا بووینە پەرلەمانتاریش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هێڤیدار فەرمووو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم جار بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەین کە ئەمڕۆ لە شاری ئێمە بوو لە ئێدارەی سەربەخۆی زاخۆ بۆ دروستکردنی دوو قوتابخانە، زۆر سوپاست دەکەین، جەنابی وەزیر، سیستەمی خوێندن لە کوردستان چیە دەمێکە لە ناو خەڵك دەڵێن ئەو سیستەمەی خوێندن سویدیە، ئیتالیە، فیلەندیە، زۆر ناوی هەیە، حەز دەکەم بەپێی ئەو یاسایە سیستەمی خوێندن چیە، هەروەها سەبارەت بە بازنەی یەکەم خاڵی سێیەم برادەران قسەیان لەسەرکرد بەپێی هەڵسەنگاندنی وەزارەت، ئەم شێوازە سێ ساڵی یەکەم دەرچوون و دەربازبوونی تێدا هەیە، سیستەمێکی باشە، یەعنی قازانجمان لێکردووە، قازانجەکەی چۆنە، یان خراپە، چونکە وەختی

خۆی یەکمجار من لە قوتابخانە بووم لە پۆلی سێیەم یەکەم بووم، یەعنی خۆشە لە بیرمە، ئینجا بزانم هەڵسەنگاندنی ئێوە چۆنە لەسەر ئەو بابەتە بۆ ئەوەی بەرچاو روونیمان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

رۆژان سلێڤانەیی فەرموو.

**بەڕیز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست پێکێ بەخێرهاتنا جەنابێ وەزیر و شاندی دگەلدا دکەم، من ژی هەمان بۆچوونا برادەران هەی ب راستی، خالا سێ دبێژیت هەڵسەنگاندن، هەڵسەنگاندنەك سەر چ ئەساسی بۆ وی دکەن ئەگەر هەر کەوتن نەبیت، گووتنا کەوتن یان ژی ل ڤێرێ خەڵەتە دەر نەچوون دروست ترە، ئەڤە چەندین ساڵە ئەڤ سیستەمە دێتن پەیڕەو کرنێ، ئەرێ چ تویژینەوەیەك دیراسەیەك بۆ هاتە کرنێ بۆچی ئەڤرۆکە ل قانونێ دا ڤان سێ ساڵە دەرباز کەت بێ حسێب کەت کو دەر نەچوون هەبت، ئەز دبێژم چ دایك و باب رازی نەبین هەر چی ل گەل ئاخافت با دیتبا کو دەمێ قوتابخانێ دا هەمیا ئەڤ گرفتە هەبی کو هەندەکا حەز دکر کو زارۆکی وان هەر ما با ل پۆلا ئێکێ، چونکی دگووتن چ فێر نەبیە چوویا پۆلا دووێ دبیتە بارگرانی بۆ من و ئەز ژی پێوە ماندیمە و مامۆستاش ژی پێڤە ماندیە و بەیانی دچیتن چوارێ و دچیتە زانکۆش ژی ئەم دبینین ئاستێ قوتابیا کە ل ئاستیدایە بۆ نڤیسین و خواندنێ، ئەز گەل هەندێمە کو ئەگەر بێتە سیاغە کرنێ ژی قوتابی بمێنیت، بەحسا بازنا ئێکەم دکەت پۆلا ئێکەم ئەگەر هەڵسەنگاندن ل سەر نمرە نەبیت ب شێوەیەکی دی ئەز نزانم حەز دکەم کو جەنابێ وەزیری بۆ ئێمە زێدەتر روون بکەتەوە، ئەڤ هەڵسەنگاندنە ل سەر ئەساسێ دکەن ئەگەر نمرە نەبن، بێتە نڤیسینێ نە کەوتن ببیتە دەر نەچوون، بەس پۆلا ئێکێ ئەگەر هەبیتن بچیتە پۆلا دووێ، بەس پۆلا دووێ و سێ زۆر خەڵەتە ئەگەر هەڵسەنگاندن ل سەر نمرە نەبیتن و ب ڤی شێوە بچیتە پۆلا چوارێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت ئەو پرسیارە لە وەزیر بکەم ئەوەی کە پەیوەندیدارە بەم بازنانە لەسەر بنەمایەك چەمکی بازنە بەکار هاتووە، وە دەیانەوێت پێمان بڵێن چینە ئەو بازنانە، بۆ نموونە یەك فاریزە جیاوازی لە نێوان بازنەی دووەم و سێیەممان پێ بڵێت، کە کاك (بەڵێن)یش باسیکرد من پشتیوانی لێدەکەم، ئەوە تەبعەن بازنە بۆچی تۆ دادەنێی بۆ ئەوەی سەربەخۆ بێت و هەر یەکە خاڵی جیاکەرەوە هەبێت لە ناویاندا، بەڵام لە نێوان بازنەی دووەم و سێیەم وەك لێرەدا هاتووە هیچ خاڵێکی جیاوازی و جیاکەرەوە نیە ئەوە یەك، دوو: بە رەئی من مەسەلەی بازنە هەر لە رووی زمانەوانیەوە لە رووی مەفهومی فەلسەفیشەوە هەموو بازنەیەك جۆرێك لە سەربەخۆیی خۆی هەیە، بەڵام ئاستانەی خوێندن قۆناغی یەك تاوەکو سێ، چوار تا شەش، حەوت تا نۆ، هەموو ئەمانە تەواوکەری یەکترین، وە ئاستن ئەمانە، ئاستێك هەیە ئاستی یەکەمە یان ئەگەر ناوی بنێین ئاستی دووەم یان ئاستی سێیەم، ئاستی دووەم دروست نابێت ئەگەر ئاستی یەکەم

نەبێـت، سـێیەمیش دروسـت نابێـت تـا دووەم نەبێـت، بـۆیە ئەم بـازنە جیـاکەرەوانە لە رووی مەفهومەوە من بە تەواوی نـازانم، بـۆیە مـن پێشنیـاز دەکەم لێـرەدا وەڵامـی ئەم پرسیارەشـمان بداتەوە، ئاستی یەکەم و ئاستی دووەممان هەبێت، یاخود دەبێت جیاوازیەکمان بۆ دیاری بـکەن لە نێوان ئاستی دووەم و ئاستی سێیەمدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك د.اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مـاددێ سـێزدێ خـالا دووێ لەم بـازنەیەدا قوتابخانەکـان پەیڕەوکردنـی سیسـتەمی مامۆستای پۆڵ پابەند دەکات، ئەز پشـتەڤانیا کتـۆر شـێرکۆ دکەم، ژبەر کـو دبێـژم گەلەك پێتڤـیە هەندەك مامۆستا هەنە ئەرکێ خۆ ب جێ نـاهینی، چـل قوتـابی دەبـنە قوربـانی وی مامۆسـتای، هەندەك جـارا چـل یـاخود چـل و پیـنج قوتـابی ل پۆلێـدا دبـنە قوربـانی، ئەڤە مە گەلەکـا دیتـی مامۆستایێ پۆلێ ئەرکێ خۆ نە رابوویە ب تایبەت دزانیت رسوب و ساقتی و کەوتن و نەکەوتن نینە، ژبەر هەندێ ئەگەر هەر ببیتە سیستەمێ مامۆستای بابەت ئەو باشترە، نەك مامۆستای پۆڵ، خالا سێ کە رسوب هەبیت یان نا، ئێکەم کەوتن تەرجوما سقوتە، ئەز دبێژم پێتڤیە پەیڤەکا دی بیت ئەڤە نە یا دروستە، وەکی دی ئەز پشتەڤانیا دکتۆر شێرکۆ و خوشکە شنۆ خـان و مامۆسـتا عبدالستار و مامۆستا کاروان و خوشکە مژدە و مامۆستا جلال و خوشکە رۆژان کو پێتڤیە ئیدی رسوب هەبیتن، ژبەر ڤان ئەگەرا، ئێك ئەگەر رسوب نەبیت مامۆستا زەحەمەتێ ناکێشیت گەلەك، قوتابیش گەلەك خەمێ لێ ناخۆت و زەحمەتێ نابەت، قوتابی خـۆ ب خـۆ ژی زەحمەتـێ نـابەت، ئەگەر ئەم بێـژین نە دبیـت رسـوب نەبیـت دا نەفسـیەتا قوتـابی تێـك نەچیـت، ئەم هەمـی ئەم سیستەم خاند و خواندن دەرباز کر کو رسـوب هەبـوو و ئەڤرۆکە ئەم پەرلەمانتـارین یـان دێ ل وەزارەتێ داینە ل ڤێرێ، کەواتە مەعنای وی عەملیەکا ناجحە، ئەگەر ژبەر نەفسیەتا قوتابی بیت ئەڤە نە خۆش حجەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

روپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی سـێزدە پشـتگیری لە قسـەکانی دکتـۆر شـێرکۆ دەکەم کە مامۆسـتای پـۆڵ بکرێتە مامۆستای بابەت، هەروەها ئەو بەڕێزانەی کە لە خاڵی سێیەم لە بـازنەی یەکەم گووتیـان هەڵسەنگاندن بکرێتە کارتی نمرەکان، ئایا باشتر نیە قوتابی لە سەرەتای قۆناغی خوێندنە توانـای دیـار دەکەوێـت کە کـارتی نمرەکـانی پـێ بـدرێت، نەك هەڵسـەنگاندن، هەروەهـا پشـتگیری ئەو بەڕێزانە دەکەم کە هەڵسەنگاندنیان کردە بە کارتی نمرەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

رۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان سعید کریم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پێشنیار دەکەم کە بە پێچەوانەی زۆرێك لەو هەڤاڵانەم کە پێشنیاریانکرد ئەو خاڵەی سێیەم کە لە بڕگەی یەکەمی ماددەی سیازدەدا هەڵسەنگاندنەکە لاببرێت، پێشنیار دەکەم هەڵسەنگاندن بمێنێت، بەڵام بە نمرە بێت، لەبەر ئەوەی ئەو قۆناغە قۆناغێکی پابەندکراوە قۆناغی بنەڕەتی، من پێشنیار دەکەم خستنی تێدا نەمێنێت، بەڵام هەڵسەنگاندن ببێت بە نمرە نەك ئاست دیاری بکرێت، باش و باشتر و باشترین، وابزانم ئێستا وایە بەو شێوەیەیە، بۆیە ئەگەر خستنی تێدا نەبێت، چونکە لەو قۆناغەدا قۆناغی پەروەردە و فێرکردنە نەك سزادان بە خستن، وە گرنگە ئەوەیە کە هەموو تاکێك لەو قۆناغەدا شتێك لە بوارەکانی زمان و بیرکاری و مێژوو و ئەو ئەمانجانەی کە لەم یاسایەدا هاتووە بۆ پەروەردە و فێرکردن فێر ببێت و زانیاریەکی سەرەتایی وەربگرێت، بۆیە پێشنیار دەکەم کە قۆناغێکی پابەندکراوە خستن نەبێت، وە لە بڕگەی دووەمیش خاڵی سێیەمی هەر بەو شێوەیەی خاڵی سێیەمی بڕگەی یەکەمی لێبکرێت و هەڵسەنگاندن بکرێت بە نمرە نەك بە ئاست، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
شیرین امین فەرموو:
**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
منیش لەسەر ماددەی سیازدە تێبینیم لەسەر خاڵی یەکەم و سێیەم هەبوو، سەبارەت بە خاڵی یەکەم پشتگیری لە ڕەئی گوڵستان خان دەکەم، وە بۆ خاڵی سێیەم کە کەوتن لەم بازنەیە نیە ناکرێت بیر لە ڕێکار و تکنیکێکی تر بکەینەوە، بۆ نموونە کە منداڵێك لە قۆناغی یەکەم و دووەم و سێیەم کە یەکێکە لە گرنگترین قۆناغەکانی فێربوون بۆ منداڵ، منداڵێك لەم قۆناغە ڕەنگە بەپێ پێویست کە تا پۆلی سێ دەبڕێت پێش ئەوەی بچێتە پۆلی چوار هێشتا بە تەواوەتی فێری ئەلف و بێی کوردی نەبووبێت، وە هاوڕێکەی زۆر بە باشی فێری خوێندن و نووسین بووە، ئایا ئەم منداڵە لە پۆلی چواردا چی بکات، لە کاتێکدا لەبەرکردنی هەیە، ماددەی جوگرافیەی هەیە، بۆیە من پێشنیازی ئەوە دەکەم کە بیر لەوە بکرێتەوە پۆلەکان بەسەر گرووپدا دابەش بکرێت، بۆ نموونە ئەو منداڵانەی کە درەنگتر شت وەردەگرن توانای فێربوونیان کەمترە یان تەرکیزیان کەمترە، هەر ئەشکالێکی تریان هەیە دابەش بکرێن لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە توانای فێربوونیان با بڵێین نزیکی یەکترن یان زووتر شت وەردەگرن، یەعنی جیاکاری بکرێت، بەڵام ئەم جیاکاریە بۆ ئەوە نەبێت کە منداڵێك لە منداڵێکی تر زیرەکترە، نەخێر، بۆ ئەوەبێت کە توانای فێربوونی ئەم منداڵانە درەنگترە بیر لە تەکنیکی تر بکرێتەوە، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت لە کاتی قۆناغی یەکەم و دووەم و سێیەم دەبڕێت ئەم منداڵان لە رووی توانا و لە رووی فێربوونەوە نزیکتربن لە یەکترەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
هلز خان فەرموو:

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل ماددەیا یازدێدا ئامانجەکان خالا ئێکێ دبێژیتن بنیاتنانی بنەماکانی پەروەردە و خوێندن و نووسین و ژماردن لای قوتابیان، باشە ئەگەر گەفتن نەبیتن تەبعەن ئەز ل گەل موستەلەحی کەفتن نیمە دەرنەچوونە، ئەگەر نەبیتن ئەڤ ئامانجە هەنێ نەهاتە جێ بەجێ کرن کو ئامانجا ئێکێیە، قوتابی فێرە ژمارە و نووسین و شتەکی نەبوو مەعقولە بێی دەرباز بکەی ب کارتەکا هەلسەنگاندنێ بۆ ئەوەی موراعاتە دەروونی وی بکە، ئێ ئەڤ بچیکە هەنێ چ شتەك ل مەوزوعێت دەروونی هیچ شارەزا نەبوویە تێدا، دەروونی وی خراپتر دبیت ئەگەر بردت بۆ قۆناغە دووێ و ل وێرێش بەرێخۆدایێ یێ دەرنەچوویە و ئاستێ وی یێ فێرکردنی کەمتر ل گەل هەڤالێت وی، ژبەر هەندێ ئەز ل گەل هەندێدامە ب ڤی شێوازی خالا سێ بێتە دارشتن لەم بازنەیەدا قوتابیان کارتی نمرەکەیان پێ دەدەرێت دەرنەچوون و مانەوە لە هەمان پۆلدا هەیە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، سەبارەت ب خالا دوو ئەز پشتگیریا هەر بەڕێزێکی دکەم کو بەحسی مامۆستایێ بابەتی کری، چونکی ئەگەر مامۆستایێ پۆلێ بەری دە سالە بەری بیست سالە هات بیتە پەیڕەوکرن هەنگی مە ئیختیصاصات نەبوون، ئەز ئێکیش وانە بووم کو سێ بابەت پێکڤە دگووتن، ئەگەر ئەو مامۆستایە یێ سەر نەکەفتی بیت ل گووتنا وانێ دا دێ وە لێدکەتن تەلەبە دەمرتین، بابەتێ بیرکاری بابەتێ زانستیە سێ بابەتێ سەرەکینە، نوکە ئینگلیزی ژی هەتا هەندەك جێگەیان مامۆستای چوار بابەت دبێژیت، مەعقول نینە نوکە ئەڤ فەراغە هەنێ تووش بووی ب سەدان مامۆستا مە دەرچوویێت هەمی ئیختیصاصات یێ هەی، دوو: ئەڤ قوتابیە هەنێ بیزار دبیتن ئەگەر سێ وانە ل دیڤ ئێك را ئێك مامۆستای ببینیتن کو نزیکەی دوو سەعات و نیڤە، خاصەتەن ئەگەر ئەڤ مامۆستایێ هەنێ ل دەف وی قوتابی مەرغوب نەبیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو:

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سیازدە بازنەی یەکەم منیش هەمان بۆچوونم هەیە، بازنەی یەك بە تایبەتی کە قۆناغی یەکەم و دووەمی پۆلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم دەگرێتەوە کە خوێندنی بنەڕەتیە، ئامانج و هەدەف لەمە ئەوەیە فێری نووسین و ژماردن و خوێندنەوە ببن، جا ئەگەر دەرنەچوون نەبێت لێرە ئەم منداڵە ئەگەر فێر نەبوو کەواتە یەکەم ئەمانجەکەت نەهێناوەتە دی و دووەم منداڵەکەت پاڵ پێوەناوە بۆ پۆلێکی تر کە هێشتا سەرەتای خوێندن و نووسین و ژماردن فێر نەبووە، لێرە لەوە دەچێ پرسیار بکەی بۆ ئەمە چارەسەری ئەوەکراوە کە دیداری گەشە هەیە، یەعنی راستە دیداری گەشە هەیە، بەڵام جێگای ئەوە ناگرێتەوە، منداڵی وا هەیە بە دیداری گەشەکەش هەر فێر نابێت، یان ئیختیار دەدرێتە دەستی دایك و باوك، دایك و باوك لەبەر ئەوەی بە عەتەف بڕیار دەدەن لە پرۆسەی خوێندندا حەز دەکات منداڵەکەی لە منداڵەکانی تر دانەبڕێت دەڵێت با دەربچێت، لەبەر ئەوە پێمباشە خاڵی دووەم و سێیەم لە بازنەی یەکەمدا وەکو بازنەی دووەمی لێبکرێت، یان وەکو سێیەمی لێبکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر لە ماوەی شەش دەقە وەڵامی پرسیارەکانی پێشووتر و سەرەنجی و تێبینی و پرسیارەکانی ئێستاش ئەگەر پێویست دەکات فەرموون.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە شێوەیەکی گشتی لەو خاڵە دەست پێدەکەم کە باس لە ئیمتیناع لە خوێندن دەکات، ئیمتیناع لە خوێندن جێ بەجێکردنی دەستووره کە خوێندن ئیلزامیە، مادام خوێندن ئیلزامی بێت دەبێت ئێوەش تێ بگەن ئەویش ئەوەیە کە دەبێت هەموو باوکێك وەلی ئەمرێك منداڵەکەی بەرێتە بەر خوێندن، ئایا ئێمە لەوە هیچمانکردووە وەکو سوسن خان پرسیاریکردووە، بەڵێ، ئێمە لەگەڵ دەزگای خێرخوازی بارزانی و لەگەڵ یونسێف و یونسکۆ و لەگەڵ انترسۆس لەگەڵ رێکخراو پارێزی کوردستان تاوەکو ئێستا سیازدە هەزار منداڵمان گەڕاندۆتەوە بۆ بەر خوێندن ئەمە یەك، دوو: لە (٩/١٨) حەملەیەکمان دەست پێکردووە تاوەکو (١٠/٣٠) دەخایەنێت بۆ گەڕاندنەوەی دوازدە هەزار منداڵی دیکەش کە لە ساڵانی رابردوو لە خوێندن دابڕاون، لەبەر ئەوە کاك علی فەرموویەتی کە لە گوندێکدا قوتابخانە نەبێت، لە زۆربەی هەرە زۆری گوندەکانی ئێمە قوتابخانە هەیە، هەتا بۆ ئەوەی یەك تاك بێ بەش نەبێت رۆژانە تووشی ئەو گرفتە بووین لە سیستەم کە لە ئەنجوومەنی وەزیران دەرچووە لە ساڵی (٢٠٠٩) دەڵێت نابێت لە شوێنێك لە پازدە منداڵ کەمتر بێت پازدە قوتابی ئینجا لە گوندەکە، ئێستا ئێمە هەمانە شەشە و حەوتە موخالەفەی سیستەممانکردووە لە پێناوی هەدەفێکی گەورە کە ئەوەیە منداڵ بۆ بەر خوێندن بگەڕێنینەوە، لەبەر ئەوە بەپێی ئەم یاسایەش نامەنەوێت فەرزی بکەین لە پازدە قوتابی کەمتر نەبێت، بابەتی ئەو خوێندنە ئیلزامیە ئەساسەکەی دەستوورە، ئەساسەکەشی ئەوەیە کە وەلی ئەمر نەیەوێت لەبەر هەر هۆکارێك بێت منداڵەکەی نەباتە بەر خوێندن، خاڵێکی دیکە (١٢/٣١) باسکردبوو، بەڕێزان، بابەتێکە دەبێت لە حەدێکدا بوەستێت، رۆژانە ئێمە تووشی ئەم گرفتە دەبین دەڵێت (١/١) بۆ وەرناگرن، باشە، (١/١) وەردەگرین دەڵێن بۆ (١/٢) وەرناگرن، دەبێت لە حەدێك بوەستین، حەدەکە بریتیە لە (١٢/٣١)، سیستەمی قوتبخانە بنەڕەتیەکانیش (١٢/٣١)ی داناوە، لە عێراق (١/٣١)ە، لەلای ئێمە (١٢/٣١)مان دانەوە، چونکە ئەگەر ئێمە لە رۆژێکدا لە تەوقیتێکی زەمەنی نەوەستێت ئەوەی دیکەش داوای دەکات، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە زۆر بە حەدی مامەڵەمان لەگەڵ ئەوەکردووە، چونکە یەك رۆژ موخالەفە بۆ هەر کەسێك بکرێت ئەوی دیکەش دەڵێت خۆ من دووی مانگم بۆ منیشی بکەن، بابەتی گواستنەوەی منداڵ باسی لێوەکراوە، گواستنەوەی منداڵ عایدی وەزارەتی پەروەردە نیە، ئێمە رێنماییمانداوە بە ناوەندەکانی خوێندن، ئەو پاسانەی کە گواستنەوە دەکەن ئەوانە پەیوەندیان بە ناوەندەکانی خوێندنەوە نیە، دۆکۆمێنتی ئەو پاسانە و ئیجازەکانیان تەسلیمی نزیکترین بنکەی پۆلیس بکەن، هەر ناوەندێکی خوێندنی حکومی ئێمە تێکەڵ بەم بابەتە بێت بەڕاستی رێکاری پێویستی بەرامبەر دەگیرێتە بەر، مامۆستا ازاد فەرمووی چۆن دەبێت لە رۆژێکدا چوار سەعات بخوێنێت، نەخێر، لە یاساکە لە ماددەی سی و سێ هەڵە نەبم لەم پڕۆژە یاسایە دەڵێت لە چوار کەمتر نەبێت، فەرق هەیە، چوار بخوێنی و لە چوار کەمتر نەبێت، چونکە بۆ ئەوەی کە مەعلومەکە دەقیق بکرێت، بەڕێزان، ئەو هەڵسەنگاندنەی بازنەی یەکەم کە لەم ماددەیە زۆرترین قسەی

لەسەرکرا، لە چیەوە هاتووە، فەلسەفەکەی چیە، زۆر بە سادەیی پەروەردە لە تەعریفێکی سادەدا بــریتیە لە پەیبــردن بە توانــا شــاراوەکانی ئینســان و تەوزیفکردنــی بەکارخســتنی لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە تێیدایە، ئێمە لەم قۆناغە ئەوەندەی دەمانەوێت کارامەیی بەها لە منداڵدا بچێنین ئەوەندەی دەمانەوێت بناغەی ئینسان سازی بکەین ئەوەندە ئامانجەکەمان بابەتی فێربوون نیە، بەڵام فێربوونیشمان پەراوێز نەخستووە، لەبەر ئەوە منداڵێك شەش ساڵ حەوت ساڵ، هەشت ساڵ تووشی شۆك دەبێت لە قۆناغی یەکەم، با ئێمە سەیری پەروەردە نەکەین وەکو عەتف و زەمانی خۆمان، قسەیەك هەیە زۆرجار ریوایەت دەکرێت بە ناوی ئیمامی علی رەزای خوای لەسەر بێت، بەڵام نازانم هی ئیمامی (علی)یە یان نا، دەفەرمووێت (لا تعلم ابنائكم على عاداتكم فأنهم خلق لزمان غير زمانكم)، یەعنی ناکرێت باوکێك بە چاوی ئەوەی لە رابردوو خۆی چۆن بووە ئاوا ئێستا لەم ژینگەیە لەم سەردەمە ئاوا مامەڵە لەگەڵ منداڵەکەی خۆشی بکات، چونکە ئەوانە خەلق بوون بۆ زەمانێك غەیری زەمانی ئێمە، لەبەر ئەوە من بیست ساڵ لەمەوپێش لە ئیعدادیەبووم نابێت ئێستاش هەر وا سەیر بکەم کە تەڵەبەیەکی ئیعدادیە دەبێت وەکو ئەو زەمانە بێت یان دەبێت ئەگەر من منداڵەکەم ئیعدادیەیە، بەڕێزان، ئەم قۆناغە قۆناغێکی یاریدەدەرە بۆ مرۆڤ سازی بۆ فێربوونی بەها، بۆ کارامەیی، بۆ تێگەیشتن لە چەمکەکان، وەزیفەی مامۆستایە کە ئەو منداڵە فێر بکات، ئەگەر منداڵێك باش فێر نەبوو خەلەلەکە لە ئێمەیە لە وەزارەتی پەروەردە، ئەویش بە راهێنانی مامۆستایان چارەسەر دەکرێت، ئەگەر هاتوو منداڵێك باش فێر نەبوو بوو بەخێوکاری قوتابیەکە هەستی پێکرد مافی مانەوەی هەیە، بەڕێزان، هەر لە ناو ئەم پڕۆژە یاسایە نووسراوە بابەتی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەکان بە پەیڕەوێــك دەردەچێــت کە ئەنجــوومەنی وەزیرانــی هەرێمــی کوردســتان دەریــدەکات، وردەکارەیەکی لەوێیە، من وەکو باوکێك کە ئەگەر منداڵەکەم لە پۆلی دوو لە بابەتی کوردی و بیرکاری باش نەبوو مافم هەیە بە قوتابخانەکە بڵێم دەیهێڵمەوە، وە هیچ کەسێکیش رێگری ناکات، ئێستاش عەمەلیەن وایە، خاڵێکی دیکە ئەو بازانانە چ فەرقێکیان هەیە، بەڵێ، بازنەکان فەرقیان هەیە، بازنەی یەکەم دەرنەچوونی تێدایە، بازنەی دووەم و سێیەمیش تەعریفیکردووە، بــۆ ئەم بازانــانە دانــراون، بــۆ هەر بــازنەیەکی خوێنــدن ئەهــدافێکی تەعلیمــی هەیە کە لە بەڵگەنامەکانی پڕۆگرامدا رەنگ دەداتەوە، ئێمە دەمانەوێت لە بازنەی یەکەم چ فێری منداڵەکان بکەین، دەمانەوێت لە بازنەی دووەم بەپێی ئاست و تێگەیشتن ئەو پڕۆگرامانەی کە هەیانە مەناهیج سیلسلەیەکی پێکەوە گرێدراوە بەپێی ئاستەکان و تەمەنەکان و بازنەکانی خوێندن دانراوە لە هەرێمی کوردستان، واتە لە ناو ئەو بەڵگەنامانەی خوێندن دانراوە ئێمە دەبێت چی بە منداڵێکی پۆلی چواری بنەڕەتی بڵێین، وە دەبێت چی بە منداڵێکی پۆلی هەشتی بنەڕەتی بڵێین، لەبەر ئەوە ئەو بازنانە دیاریکراوە ئامانجەکەی لێی ئەمەیە، سیستەمی پەروەردەی ئێمە کوێیە، دەرچوونی ئەم یاسایە و هەموو ئەو قسانەی کە لەسەر سیستەمی پەروەردەی ئێمە دەکرێت کاك هێڤیدار، سیستەمی پەروەردەی ئێمە سیستەمێکی پەروەردەی کوردستانیە، کە ئێوەی بەڕێز لەم پەرلەمانە تەشریعی دەکەن، دەنگی لەسەر دەدەن، بەڵام زۆر تەبیعیە سوود لە هەموو ئەزموونەکــانی دنیــا وەربگــرین، ئــێمە قانونەکــانی فەرەنســامان تەرجــومەکردووە و خویندوومانەتەوە، هەروەها ئەوەی فیلەندا، بە عەکسەوە زۆرجار موناقەشە دروست دەبێت لەسەر ئەوەی کە بۆ دەوامی خوێندن کەمە، لە فیلەندا کە کەمترین دەوامی خوێندن هەیە

ئەركی ماڵەوە نیە ساڵانێكی زۆر فیلەندا لە رەنكینی پەروەردە ژمارە یەكی جیهانیش بوو، بەڵام خۆ بە سەعاتی خوێندن نیە، بەو كارامەییانەیە كە تۆ فێری دەكەی، گرنگترین شت لە فەلسەفەی پەروەردەی ئێستا ئەوەیە تۆ چۆن منداڵ خۆشبەخت دەكەی، چۆن ئێمە وەزیفەمان ئەوەبێت ئەو مەفهومەی كە دەمانگووت بە سلێمانیانە ئێمە وامان دەگووت دەمانگووت بەربووین لە مەكتەب، بەربوون بۆ زیندان دەبێت بەڕاستی، یەعنی چۆن ئەو مەفهومە لە مێشكی مرۆڤێكدا بگۆڕی ئەو منداڵە خۆشبەخت بكەی، لەبەر ئەوە ئەساسی حەلەقەكان بەو جۆرە دانراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەیەكی نیزامی هەیە؟ فەرموو كاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز جەنابی وەزیر، لە ماددەی دە بڕگەی دووەم خاڵی یەكەم دەڵێت هەر منداڵێك لە رۆژی (١٢/٣١) تەمەنی بگاتە شەش ساڵ دەبێت پەیوەندی پێوە بكات، قسەمانكرد جەنابت لێرە نەبووی ئەگەر (١٢/٣١) دەبێتە ئیمتیحانی نیوەی ساڵ ئەو كات تەمەنی بوو بە شەش ساڵ دەبێت ئەو كاتە بچێت دەوام بكات، یەعنی ئەوها داڕێژراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری پەرورەردە فەرموو.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبەستەكە ئەوەیە بۆ ئەم ساڵی خوێندن ئەو منداڵانە لە قوتابخانە كە كاتی ناو تۆماركردن دەكرێتەوە، ئەو منداڵانە وەكو قوتابی تۆمار دەكرێت كە لە دایك بووی (٢٠١٦/١/١) تاوەكو (٢٠١٦/١٢/٣١)، ئەوانە لە ماوەی ئەو ساڵەدا كە موالیدەكانیان لە (١/١) دەست پێدەكات تاوەكو (١٢/٣١)، بۆ نموونە (٢٠١٦) ئێستا گووتوومانە ئەو منداڵەی لە باخچەی ساوایان باخچەی منداڵان لە پۆلی یەك وەردەگیرێت بریتیە لە دایك بووی (٢٠١٨/١/١) تاوەكو (٢٠١٨/١٢/٣١)، ئەوەی لە پۆلی دووی باخچەی ساوایان وەردەگیرێت بریتیە لە دایك بووی (٢٠١٧/١/١) تاوەكو (٢٠١٧/١٢/٣١)، ئەوەشی لە پۆلی یەك وەرگیراوە ئەم ساڵ دەبێت لە دایك بووی (٢٠١٦/١/١) تاوەكو (٢٠١٦/١٢/٣١) مافی هەیە خۆی تۆمار بكات، جگەلە لە قوتابخانە نێودەوڵەتیەكان، چونكە هەندێكیان بە سیستەمی بەریتانی دەخوێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر لیژنەی تایبەتمەند وەكو لیژنە رایەكتان هەیە فەرموون.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راستیەكەی ئێمە لە ماددەی سیازدەدا خاڵێكی تری تێدابوو بڕگەی (د) لە پڕۆژەكەدا كە یەكەمجار هاتبوو، ئێمە لامان نەبردووە وەكو لیژنە بەڕاستی نازانم چۆن لابراوە، ئایا ئەمە هەر وەكو ماددەی نۆ نەزانرا و دانراوەتەوە یان هەر بابەتێكی تر ئێمە پێویستمان بەوەیە كە روونكردنەوەیەك لە لیژنەی قانونی وەربگرین بزانین گۆڕانكاریەكە چۆن كراوە، (د) دەڵێت لە

کاتی داواکردنی بەخێوکاری قوتابی دەکرێت قوتابی بۆ ساڵێکی تر لە هەمان پۆلدا بمێنێتەوە، دوای وەرگرتنی رەزامەندی بەڕێوەبەر بە مەرجێك داواکە بە نووسراو بێت و پاش گفتوگۆکردن بێت لەگەڵ مامۆستا یان مامۆستایانی قوتابی، بۆیە پێویستمان بە روونکردنەوەیە کە ئەم خاڵە ئێمە وەکو لیژنە لامان نەبردووە بۆچی لابراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەفحەی دووەمی راپۆرتەکە لە کۆتایی نووسراوە لیژنەی یاسایی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی پێ پەسەندە، تەبعەن ئەوە سێ ساڵ و نیوە ئەو خولە ئەندامانی لیژنەی یاسایی من تەقریبەن لێرەم یەکەمجارمە راپۆرتێك بەم شێوەیە دێتە ناو خوێندنەوەی دووەم، لەبەر هەستیاری و گرنگی ئەم یاسایە بەجێمان هێشت بۆ ناو خوێندنەوەی دووەمدا کە بێتە ئەم دانیشتنە، چونکە مەعلوماتمان نەبوو، تیمی وەزارەت وەزیری مەعنی و وەزارەتی مەعنی لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەندی پەرلەمان تەنسیقی زۆر باشیان هەبوو، ئێمە جگەلە لەوە سەیرمانکرد ئەوە نەبووە یەکسەر راپۆرتەکە تەسدیق بووە لای ئێمە، لە رووی دەستووری و یاسایی ئەرکی سەرەکیمانە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، جگەلە لەم ئیتارەی دەستووریە هیچ دەستکاریەکمان نەکردووە یەك کەلیمەش مەسح نەبووە، چۆن هاتووە بەم شێوەیە هاتۆتە ناو هۆلی پەرلەمان، بەڵگە لەسەر قسەی من ماددەی نۆ هاتبوو بۆ ئێمە نووسرابوو با لیژنەی یاسایی ئەم ماددەیە مەسج بکات، سەبارەت بەم ماددەیە رازی نەبووین مەسج بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دواتر لە کۆی پێشنیارەکان هەندێك پێشنیاری نوێ بەپێی پەیڕەو دابنێین، فەرموون ماددەی چواردە بخوێننەوە.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی سێیەم

خوێندنی ئامادەیی

تەوەری یەکەم: بنەماکانی خوێندنی ئامادەیی.

ماددەی (١٤):

یەکەم: قۆناغی خوێندنی ئامادەیی لە خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی لە سێ ساڵ پێکدێت و پۆلەکانی دەیەم و یازدەیەم و دوازدەیەم لە خۆ دەگرێت.

دووەم: دوای تێپەڕاندنی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی لە هەموو بابەتەکانی خوێندن بە سەرکەوتوویی قوتابی مافی هەیە پەیوەندی بە قوناغی خوێندنی ئامادەیی حکومی بێبەرامبەر بکات بە مەرجێك تەمەنی لە بیست ساڵ تێپەڕ نەکات.

سێیەم: پێویستە خوێندکار بەر لە تێپەڕبوونی تەمەنی بیست و چوار ساڵی قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواوکردبێت.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت گفتوگۆ لەسەر ماددەی چواردە بکەن با ناویان تۆمار بکەن، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن (کاك د.اسماعیل، کاك د.شێرکۆ، هلز خان، مژدە خان، کاك کاوە، کاك عثمان سێدەری، کاك بهجت، کاك چیا، کاك هێڤیدار، لیزا خان، د.زیدان، کاك ابوبکر)، کاك بهجت فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من ل سەر بنەماکانی خوێندنی ئامادەیی ماددەیا چواردێ خالا دووەم و سێیەمە، خالا دووەم ناڤ سەنتەرێ بازێڕادا بەحس دکەتن کە ئەوەی تەمەنێ وان ببیتە بیست ساڵ حەقێ وانە بشێن، بەس گەلەك دەڤەری دی مە یا هەی مەسەلەن ل قەزا و ناحیە و ل گوندا خاندنا ئێڤاران ل نینە، پێشنیارێ دکەم کو ئەو بیست ساڵە بۆ وان بیت کو ل ناڤ سەنتەرێنە، ل دەرڤەی وێ ببیتە بیست و یەك ساڵ، بۆ ئەوەی بێ بەش نەبن ل خاندنێ، سەبارەت ب خالا سێ پیویستە خوێندکار بەر لە تێپەڕبوونی تەمەنی بیست و چوار ساڵی قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواوکردبێت، هەروەها پێشنیارێ دکەم ئەو ژی ببیتە بیست و پێنج ساڵ بۆ وان مەنتەقێت کو خاندانا ئێڤاران لێ نینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من ل سەر خالا دووەم و سێیەم بوون، دەست نیشانکرنا تەمەنی و دیارکرنا تەمەنی ڕێگریەکە بۆ بەردەوامیا خاندنێ، مە پێ باشە تەمەن دیار نەکرێت کەسەك کە عەمری بیست و پێنج ساڵ یان بیست و شەش ساڵ بلا ئامادەیی تەواو بکات هیچ موشکیلەیەك نینە، دەست نیشانکرنا وی تەمەنی ڕێگری دبیت ل خاندنا باڵاش دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د. زیدان فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە ناونیشانەکەی پێویست ناکات ئێمە بڵێین بنەماکانی خوێندنی ئامادەیی، ئەمەش بازنەیەکی ترە لە پرۆسەی خوێندن لە دوای بنەڕەتی بازنەی ئامادەیی دێت، وە لە هەمان کاتیشدا ئەو بەڕێزانەی کە پرسیاریشیانکرد سەبارەت بە تەمەن ئێمە تەمەنی بیست و چوار ساڵیمان هەیە کە قۆناغی ئامادەیی تەواو بکات، بەڵام ئێمە تاقیکردنەوەی دەرەکی ئامادەییشمان هەیە کە تەمەنی سەرووتر وەردەگرێت و لە ناو یاسایەکەشدا هەیە کە تا بیست و حەوت ساڵ و بیست هەشت ساڵە، بۆیە لێرە دەبێت یەکجار ئاماژەی پێ بکرێت، لە دواتر

دووبـاره نەكـرێتەوە، بڵێـین قۆنـاغی ئامـادەیی تەواو دەكـات كە لە بیسـت و چـوار سـاڵی و تاقیكردنەوی دەرەكیش دەتوانێت تەواو بكات لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵی، زۆر سوپاس.
لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من لەلایەن كاك بهجت و كاك چیا كرا مـن پشتگیری لە قسـەكانیان دەكەم، بەڕاستی دانـانی مەرجـی تەمەن بـۆ ئەوەی كە قوتـابی وەربگیرێـت یـاخود دەبێـت پـێش ئەو تەمەنە قۆناغەكـانی تەواو بكـات بەر تەسـككردنی ئەو دەرفەتەیە كە بە قوتـابی دەدرێـت، راسـتە قوتابخـانەی ئێوارانمـان هەیە و تـاقیكردنەوەی دەرەكیمـان هەیە، بەڵام ئەمەش هەسـت دەكەم جیاكـاریەك دروسـت دەكـات، بەڵكـو قوتـابیەك حەز دەكـات تەمەنیشـی گەورەیە بچێـتە پـۆلەوە بخوێنێت، بـۆیە دەبێـت ئەو دەرفەتەی پێبـدرێت، هەروەهـا پرسـیارێكم لە جەنـابی وەزیـر هەیە هەرچەندە رەنگە پەیوەستیش نەبێت بەم ماددەیەوە، بەڕێز جەنابی وەزیـر، سـەرەتا بەخێـربێن، لەسـەر قوتابیـانی ئـۆتیزم ئایـا چ رێكارێـك هەیە لەم پـڕۆژەیە دەزانـم باسـی ئەوەتـانكردووە كە خاوەن پێداویستی تایبەتەكان بەشێكتان بۆ دیاریكردووە، بەڵام بەپێی قسـەی دەروونـاسێك كە ماوەكانی پێشووكردی منداڵی ئۆتیزم لە كۆمەڵگەی ئێمە خەریكە رێژەیـان بەرز دەبێـتەوە، بـۆیە پێویستیان بە پەروەردەیەكی تایبەت هەیە بۆ ئەوەی كە خێزانەكانیـان بتـوانن پێیـان بگەیەنـن، بۆیە دەمەوێت بزانم كە وەزارەتەكەی جەنابتان بۆ ئەم بابەتە چی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك هێڤیدار فەرموو

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم دوای تێپەڕاندنی قۆناغی خوێنـدنی بنەڕەتـی مـن پێمباشـە ئەوەهـای لێبكرێـت لە هەموو بابەتەكانی خوێندنی بنەڕەتـی سـەركەوتوو قوتـابی مـافی هەیە پەیوەنـدی بە قۆنـاغەی خوێندنی ئامادەیی حكومی بێبەرامبەر بكات بە مەرجێـك تەمەنـی لە بیسـت سـاڵ كەمتـر بێـت، پشـتگیری لە قسـەكانی بەڕێــز كــاك بهجــت دەكەم، لەبەر ئەوەی مــاددەی پــازدە باســی قۆناغەكانیكردووە بەشی زانستی و وێژەیی و پیشەیی، بەڕێز وەزیری پەروەردە، لەم بەشە باس نەكـراوە دەكرێـت ئەمەی بـۆ زیـاد بكرێـت بە مەرجـی وەرگرتنـی قوتـابی لە ئامـادەیی لە بەشـی زانستی و وێژەیی و پیشەیی بۆ هەر بەشێك نمـرەی جیـاواز هەبێـت، یەعنـی دەكرێـت لە پـۆلی نۆی بنەڕەتی بچێتە ئامادەیی هەموویان یەك موعدەل هەبێت و هەر بە كەیفی خۆی بچێتە ئەو بەشە، لە ماددەی پازدە باسكراوە، بەڵام لێرە مەسەلەن وەكو دەروازەیەك بۆ ئەوەی بچێـتە ئەوێ تێیدا روون بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عثمان سێدەری فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چواردە بڕگەی دووەم من پێشنیار دەکەم وەکو ئەو هەڤاڵانەش بەشێکیان پێشنیاری ئەوەیانکرد کە ئەو ماوەی تەمەنە یان زیاد بکرێت یان لابرێت، من هەر لەگەڵ ئەوەم لابرێت نەمێنێت، هەروەها لەگەڵ لابردنی بڕگەی سێیەمیشم هیچ زەرورنیە سنوورێك دابنرێت بۆ ئەوەی کە بەربەستێك بۆ خوێندن لەبەردەمی خوێندنی ئەو خەڵکانەی کە هەلومەجێکیان لەوانەی بۆ نەرەخسابێت لە کاتی خۆیدا خوێندنەکانی گەیاندبێتە ئەو کاتە یان دوای ئەو کاتە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم کە ئەو نەرجی تەمەنە هەر نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چواردە بڕگەی یەکەم لەسەر قۆناغی ئامادەیی لە خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی، جارێ لە مەسەلەی خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەورەردەیی کە هەردووکیان حکومین جیاوازییەکی زۆر هەیە لەسەر دەوام، بۆ نموونە لە خوێندنگەیەکی حکومی دەوامەکەی کاتژمێر دوازدە تەواو دەبێت، بەڵام کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی کاتژمێر دوو تەواو دەبێت، تەقریبەن ئەو موستەلزەمات و هەموو ئەو شتانەی کە بۆ کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی دابین دەکرێت زۆر جیاوازە لە قوتابخانەیەکی ئامادەییەکی حکومی کە ئەمە خۆی لە خۆیدا جیاوازیە بەڕاستی، ئینجا لەوەش خراپتر بەڕاستی جیاوازیە لە وەرگرتنی خوێندکاران لەو قوتابخانانە، یەعنی من بەڵگەم هەیە لەو هەولێرە وەزیر هەبووە سێ خوێندکاری سێ منداڵی بە یەکەوە لەو قوتابخانەیە وەرگیراوە، پەرلەمانتار دوو وەرگیراوە، خەڵکی حزبی وەرگیراوە لەسەر ئەساسێك، بەڵام خەڵکی تر هەبووە کە شیاوبوونە وەرنەگیراوە لەو کۆمەڵگایانە، یەعنی ئەوە جۆرێکە لە ئیمتیاز بۆ خەڵکی دەست رۆیشتوو و خەڵکی دەسەڵاتدار، لەسەر بڕگەی دووەم و سێیەم پشتگیری لە قسەکانی کاك بهجت دەکەم، هەمان بۆچوونی ئەوم هەیە، چونکە کێشەیەکی زۆر هەیە لەوەی کە لە هەندێك ناوچە لەبەر ئەوەی خوێندنگەی ئێواران نیە کێشە دروست دەبێت بۆ خوێندکاران، لەسەر قسەکەی لیزا خان دەمەوێت هەمان پرسیار لە جەنابی وەزیر بکەم، دیارە لە (٢٠٢٢/٦/٦) بە ئیمزای بەڕێزتان کە نووسراوێك تەعمیم کراوە بۆ هەموو پەروەردەکان سەبارەت بە خوێندنی خاوەن پێداویستی تایبەت کە مامۆستای تایبەت کە وانە بێژیان بۆ دابین بکرێت، بەڵام لە ئێستادا گرفتێکی گەورە هەیە یان بەشێکیان وەرنەگیراون یان بەشێکیان وەرگیراون مامۆستایان بۆ دابین نەکراوە، کێشەیان هەیە دەڕۆنە دەوام وەك چۆن دەچنە دەوام بە هەمان شێوە دێنەوە، لەبەر ئەوەی مامۆستای تایبەتیان بۆ دابین نەکراوە، ئەوە قسەی من نیە تەقریبەن قسەی ئەو خاوەن پێداویستیە تایبەتانەیە کە داواکاریان لە ئێمە هەبووە کە داواکاریەکانیان بگەیەنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
كاك د.شێركۆ فەرموو.
**بەڕێز شێركۆ جودت مصطفى :**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی چواردە هەر وەكو ماددەكانی تر لە پێشتر مەسەلەی سێ ساڵ یان سێ پۆڵ، بۆیە ئێمە سێ پۆلمان پێ پەسەندترە وەك لە سێ ساڵ، بۆ موراعاتی مەسەلەی دەرچوون و دەرنەچوونی یان نەبڕینی بە چەند ساڵێك زیاتر، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
كاك ابوبكر هەڵەدنی فەرموو.
**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
پشتگیری لە قسەكانی كاك دكتۆر شێركۆ دەكەم، چونكە لە ماددەی یەك بڕگەی بیست و پێنج پێناسەی پۆڵ كراوە، بۆیە خوێندنی ئامادەیی پێكدێت لە سێ پۆڵ، زۆر سوپاس.
مژدە خان فەرموو.
**بەڕێز مژدە محمود محمد:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی چواردە لە خاڵی یەكەم ساڵ پێموایە نەگونجاوە، چونكە تەڵەبە هەیە لە پۆلی شەش دوو ساڵ خۆی دەهێڵێتەوە یان دەرناچێت، یەعنی ساڵ نەگونجاوە لەوەدا، من یەك شتی ترم هەیە بۆ جەنابی وەزیر، بەڕێزت ئاگاداری ئەو فەوزا و كاراساتەی عەزیەت نەبێت مندال لە ناو خۆڵدا سیاجی نیە كە مەكتەبەكەی كابینەیە هەشت سەد خوێندكارە لە گەڕەكی مەلا داواد، سەیری بكە بە ناو ئەو شاخ و دەشت و گرد و ئەو خۆڵە، یەعنی بەس خۆڵ و بەرد و دارە ئەوەتان بینیووە، هیوادارم بە زووترین كات بەدواداچوون بكەن بۆ ئەو بابەتە، یەعنی ئەو ڤیدیۆیەیە رێك كارەساتە، سەیری ئەو مندالانە بكە، بەڕێزت باس لە خۆشبەختی دەكەیت، چ خۆشگوزەرانی و خۆشبەختیەك هەیە لەوەدا، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
هلز خان فەرموو.
**بەڕێز هلز احمد محمد:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
چونكی ل ماددەیا ئێكێ برگەیا بیست و پێنج پێناسەیا پۆڵ هاتیە كرنێ، ژبەر هەندێ ئەز ژی پشتگیریا وان بەڕێزان دكەم كو ل ڤێرێ سێ ساڵ پێكدێت بهێتە گهۆڕینێ ببیتە سێ پۆڵ، چونكی مە تەڵەبەیێت هەی پتر ل سێ ساڵە ب تایبەتی ل قۆناغا دوازدە خۆ دهێڵێتن، یا دروست ترە ل گەل قانونێ بگونجێتن ئەڤەیە سێ ساڵ ببیتە سێ پۆڵ، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
كاك د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ خالا ئێکێ ل ماددەیا چواردێ هەر دیسان ئەز پشتەڤانیا هلز خان و مژدە خان و دکتۆر شێرکۆ و مامۆستا ابوبکر دکەم ببیتە پۆل، چونکی وەکو گووتی ل برگەیا بیست و پێنج ل ماددەیا ئێك پۆل هاتیە پێناسەکرن، نەك سالا دیراسی، ژبەر هەندێ پێتڤیە، هەروەسا بۆ خالا دوو و سێ هەز پشتەڤانیا مامۆستا بهجت كاك چیا و لیزا خان و مامۆستا کاوە دکەم، چونکی گەلەك جهێ هەین وەسائیل لێ نینە، خاندنا ئێڤاران لێ نینە، باشە ئەگەر خاندنا ئێڤاران لێ نەبیت چ بکەتن، بە لایەنی کەم دەریڤەکی بدەنێ سالاکا دی بۆ زێدە بکەن بەڵکی تێپەڕیت و وێ قۆناغێ ببڕیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پڕۆژە یاسایەی کە پێشتر لە بەردەستمان بوو بەداخەوە هەر چەندە پێشتر لە ماددەی سێ و چواریش ئاماژەم پێکرد بنەماکان و ئامانجەکانم رێکخست بوو، مانەوە لە پۆلم رێکخست بوو لە ماددەی پازدە، بیست و دوو و بیست و نۆی كۆن، بەڵام بەداخەوە مانەوەی پۆل هەر لەم یاسایەدا نیە، بەڕاستی ئەوەش کارەساتێکی گەورەیە ئەگەر یاسا تێپەڕێت مانەوەی پۆلی تێدا نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر وەڵامتان بۆ ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مانەوە لە پۆل و تاقیکردنەوەکان هەر لەم پڕۆژە یاسایە کراوەتە پەیڕەو کە لە ئەنجوومەنی وەزیران دەردەچێت كاك دکتۆر زێدان، سەبارەت بە گرفتی قوتابخانەی مەلا داود مژدە خان، بەڵێ، ئێمە ئاگادارین، بەس گرفتێکمان هەیە لەو جێگەیە کە ئەویش ئەوەیە کە ئەوەی من موتابەعەمکردووە لە چوار مانگی رابردوو ئەو مەنتیقەیە تاپۆی نیە، وە زەوی موخەصەص نەبووە لەلایەن شارەوانیەوە تاوەکو ئێمە بتوانین قوتابخانەی لەسەر دروست بکەین، ئەوەی کە کردوومانە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێز پارێزگاری سلێمانی و بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی کردوومانە، وە ئەگەر سەیری پەیجی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رۆژئاوای سلێمانی بکەی پێری بەڕێز بەڕێوەبەری پەروەردەی رۆژئاوام ناردۆتە ئەوێ، وە پێم گووتووە دەرخستەیەکمان بۆ بکەن تاوەکو پانزە ملیۆن دیناریشتان بۆ سەرف دەکەین، بۆ خۆشی لە سەرەدانێکی مەیدانی ئاماژەی پێداوە، ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەی قوتابخانەی مەلا داودە، بەڵام بەداخەوە زەویەکی موخەصەص بۆ پەروەردە بە رەسمی لەلای شارەوانیەوە نیە، چونکە ئەوەی کە من بیستوومە ناوچەکە ناوچەیەکی بێ تاپۆیە، ئەمە یەکێك بووە لەو گرفتانە ئەوەشی کە لەسەر ئێمە بە ئەرکی خۆمانی هەڵساوین، بەڕێوەبەری پەروەردەی رۆژئاوامان ناردووە، بۆ دڵنیابوونەوە دەتوانی سەیری پەیجی فەرمیان بکەی، سەبارەت بە خاڵی سێیەم

بـابەتی بیسـت و چـوار سـاڵ و ئەو بابەتـانە ئامـاژەی پێـدەکرێت، بەڕێـزان، ئیختیلافـی تەمەن دروست دەبێت، ئەوە قۆناغی ئامـادەییە، کەسـێك کە لە پـۆلی (١٠)ی ئامـادەییە تەمەنـی شـازدە ساڵە ئەگەر بە ئاسایی پۆلەکانی تێپەڕ کردبێت، ئەگەر ئێوە بتانەوێت ئەوە مەفتوح بکەن یەعنی کەسێك چل ساڵ بێت لە ئامادەیی بخوێنێت بەڕاسـتی لە بەینـی شـازدە سـاڵێك و چـل سـاڵێکدا ئێوە بە خۆتان بە گونجاوی دەزانن، مومکینە کێشـە دروسـت ببێـت، ئیختیلافـی تەمەنـی گەورە دروست دەبێـت، یەعنـی ئەو سـەقفە زەمەنـیە ئەو سـاڵەی کە دیـاریکراوە دیراسـەکراوە بـۆ ئەو ساڵانەی کە کەسێك تێیدا دەرناچێـت و دەمێنێـتەوە، وە لە پـاش ئەوە ئەوانە وەکـو کـاك دکتـۆر زیـدان گـووتی دوو دەرفەتـی خوێنـدنیان هەیە، دەرفەتـی خوێنـدنی ئێوارانیشـیان هەیە، وە دەرفەتی خوێندنی دەرەکیشیان هەیە، بەڵام من لەگەڵ ئەو پێشنیارەی بەڕێـزتم کە بـۆ ئەوەی لە یاساکە دەرفەتێـك بـدەینە خۆمـان، لەو ناوچـانەی کە خوێنـدنی ئێوارانمـان نـیە بتـوانین ئەوانە بهێڵینەوە تاوەکو خوێندنی ئێواران دەکەینەوە، ئەوە پێشنیارێکی مەعقول و گونجاوە، بەڵام بـۆ ئەوەی کە بیست و چـوار سـاڵەکە لابرێـت جەنابتـان بڕیـار دەدەن، بەڵام مـن لە ئێسـتاوە پێتـان دەڵـێم ئیختیلافـی تەمەن کێشـەی گەورەش دروسـت دەکـات، قوتابیـانی ئـۆتیزم کە لیـزا خـان پرسـیاریکرد، مـاددەیەك لە نـاو ئەم پـڕۆژە یاسـایە هەیە بە هەمـاهەنگی لەگەڵ ئەو دەرووناسـە بەڕێزەی کە جەنابت ئاماژەت پێداوە پێکەوە دامانڕشتووە و خستوومانەتە نـاو ئەم پـڕۆژەیەوە، دوو جۆر سیاسەت هەیە سەبارەت بە منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت، جۆرێکیـان سیاسـەتی تێکەڵ نەکردنە، کە ئەم سیاسەتە دژی هەموو ستانداردەکانی مافی خاوەن پێداویسـتی تـایبەتە، وە دژی سـتانداردی نێـودەوڵەتیە بـۆ مـافی فێربـوون، جـۆرێکی تریـان هەیە کە سیاسـەتی پێکەوەبوونە، ئێمە لەم پڕۆژە یاسایە سیاسەتی تێکەڵکردنمان پەیڕەوکردووە، کە قوتابی خاوەن پێداویستی تایبەت نابێت جیا بکرێتەوە لە قوتابی ئاسایی، بۆ خۆی جیاکردنەوەیان گەورەتـرین عقوبەیە و گەورەترین توند و تیژیە دژی خاوەن پێداویستی تایبەت، بەڵام خاوەن پێداویسـتی تایبەت لە داونە و لە ئۆتیزمەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە هەموو سنفێکی هەیە، خاڵێك کە گرنـگ بێـت ئەو منـداڵانەی ئۆتیزمیـان هەیە لیـژنەی پزیشـکی دەرەجەکانیـان دیـاری دەکـات، ئەگەر گونجاوبن بۆ ئەوەی کە لە پۆلی خوێندنی ئاسایی بخـوێنن دەخـوێنن، بەڵام ئەگەر حاڵەتەکەیـان بە جۆرێك بێت بنێردرێنە سەنتەرەکانی تەئهیلکردن راهێنانیان و ناردنەوەیان بـۆ کـۆمەڵگە ئەوە دەنێردرێنە سەنتەرەکانی دەرەوەی وەزارەتی پەروەردە، ئەوەی کاك کاوە ئاماژەی پێدا، کاك کاوە ئێمە لەم ساڵی خوێنـدن (٢٠٢٢-٢٠٢٣) فەرمانێکمـان دەرکـردووە هـیچ کەسـێك بـۆی نـیە منـداڵی حیزبە حکومەتە یان هەر کەسێکی دیکەیە بۆی نیە منداڵ لە هیچ قوتابخانەیەك لە چوارچێوەی ئەو پێوەرانەی کە دایانناوە وەربگرن، لەم ساڵی خوێندنەوە ئێمە ئەوەمان جێ بەجێکردووە، من بەرپرسم بەرامبەر یەك منداڵ بە موخالیفی وەرگیرابێت، حەز دەکەم یەك ناوم پێ بڵێیـت سـاڵی خوێندنی ئەم ئێسـتا (٢٠٢٢-٢٠٢٣) وەرگیرابێـت، چـونکە هەمـوو بـرادەران دەزانـن زۆر زەحتمـان لەسەر بووە ئەم ساڵی خوێنـدن نەمـانکردووە، پێشـتر کـراوە، دە یـان چـواردە یـان پـانزە کـراوە وەرگرتن بنەمایەکی دیاریکراوی نەبووە، نەك ئەوەی کە پێوەرێـك هەبووبێـت، بەڵام لە دەرەوەی پێـوەر، بەڵام وەرگـرتن بـۆ خـۆی بنەمـایەکی دیـاریکراوی نەبـووە، خـاڵێکی تـر کـاك کـاوە باسـی ئەوەتکرد بۆ کۆمەڵگەی پەروەردەیی، کۆمەڵگەی پەروەردەیی بریتی نیە لەوەی کە ئەهلـی بێـت، کۆمەڵگەی پەروەردەیی مەفهومێکی موئەسەسـاتیە کە بـریتیە لە بـاخچە و قۆنـاغی بنەڕەتـی و

قۆناغی ئامادەیی بە هەمووی بە یەکەوە یەك کۆمەڵگەی پەروەردەییە، دەکرێت حکومی بێـت و دەکرێت ئەهلی بێت، مەرج نیە کۆمەڵگەی پەروەردەییە حکومیەکان تاوەکو سـەعات دوو دەوام بکەن، هەیانە سەعات دوازدە و نیوی نیوەڕۆ یان یەکی نیوەڕۆ لێدەبێتەوە، یەعنی هەر قۆنـاغی ئامادەییە، ئێمە مەبەستمان چیە، مەبەستمان حەلەقەی ئامادەییە لە ناو کۆمەڵگەی پەروەردەیی لە ناو ئەم پڕۆژە یاسایە بۆ پێش چاوڕوونی، کاك هێڤیدار بابەتی ئینسیابیەت هەمـوو تەڵەبەیەك لە پۆلی نۆ دەچێـتە ئامـادەیی پیشـەیی یـان ئامادەیی وێژەیـی یـان زانسـتی لە نـاو ئەم پـڕۆژە یاسایە دەسەڵات دراوەتە بە ئەنجوومەنی وەزارەت بە گوێرەی ژمارەی قوتابیـان، ئەنجـوومەنی وەزارەتـی پەروەردە بڕیـار بـدات ئینسـیابیەت معیـاریەت دابنێـت چ نمـرەیەك و چ مەقعەدێـك دەچێتە بەشـی زانسـتی و چ دەچێـتە بەشـی پیشـەیی، بەڵام ئەوەش وا بەسـتەکراوە بەوەی کە ئەو قوتابیانە کە ناچنە زانستی و وێژەیی زەمینە سازیت کردووە لە بەشی پیشـەیی وەربگیـرێن یان نا، ئەو نووسراوەی (٦/٦) ئاخیر وەڵام، ئەو نووسراوەی (٦/٦) کە تایبەت بە قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت کردوومانە، ئێمە شـەش سـەد و هەشـتا و پێـنج پلەمانـداوە، لە کوردسـتاندا ژمارەی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت زۆرن، پێمان گووتوون بە پەروەردەکان گووتوومانە ئەگەر لە گەرکێکدا چوار قوتابخانەی بنەڕەتی هەیە داوا بکەن لە کەس و کـاری ئەو قوتابیـانە لە دوو قوتابخانە منداڵەکانیان تۆمار بکەن، چونکە ئـێمە نـاتوانین هەر منـداڵێك لە قوتابخانەیەکـدا بێت و خاوەن پێداویستی تایبەت بێت مامۆستایەکی تێدا دابنێین، چونکە بە هەموو کوردستان توانیوومانە شـەش سـەد و هەشـتا و پێـنج پـلە تەخصـیص بکەیـن بەسـەر شـارەکاندا تەوزیعـی بکەیـن، لەبەر ئەوە ئەگەر لە گەڕەکێکـدا چـوار قوتابخـانە هەبێـت داوامـانکردووە لە دووانیـان دابنرێت بۆ ئەوەی ئێمە مامۆستای دەرچووی پەروەردەی تایبەت بۆ ئەوان دابنـرێن، لە بەشـێکی زۆری شـــوێنەکان دانـــراوە، بەڵام لە بەشـــێك دایـــك و باوکەکـــان پەنـــا دەبەنە بەر نزیکتـــرین قوتابخانەی خۆیان، ئەوە حەقی خۆیـانە، بەڵام تواناکەی ئـێمە ئەوەیە شـەش سـەد و هەشـتا و پێنج پلەمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەد و شەست و حەوت مادده ماوە لەم پـڕۆژە یاسـایە بـۆ ئەوەی تەواو بکرێت، ئەگەر موعەدەل ڕۆژێ پانزە ماددەش تەواو بکەین پێویستمان بە دە دانیشتنی تـر هەیە، بۆیە تکاتان لێـدەکەین گفتوگۆکـان چـڕ بـکەنەوە، بەیـانیش سـەعات (١٠) ئـێمە دەسـت بە دانیشتن دەکەین، دەستەی سەرۆکایەتی سەعات (٩:٤٥) دەقە ئێمە لێرە لە ژوورە دەبـین، تکاتـان لێـدەکەین سـەعات (١٠) نیسـاب تەواو بکەیـن، وردە وردە بـۆ ئەوەی بتـوانین ئەم مـاددانە تەواو بکەین، چونکە پەرلەمانی ئەرکی گەورەتریشی لەبەردەمە، زۆر سوپاس، دانیشتنەکەمان کۆتـایی پێ هێنا.

| د. ڕێواز فائق حسێن | هێمن هەورامی | منی نبی قهوچی |
|---|---|---|
| سەرۆکی پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سکرتێری پەرلەمانی |
| کوردستان - عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق |

هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پڕۆتۆکۆلەکان

# ١٢٩

ساڵی/ ٢٠٢٢ – بەرگی سەدو بیست و نۆ

---

چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠٢٣

# پێڕیست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢٢/٩/٢٨ ل ٥
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠٢٢/٩/٢٩ ل ٧٩
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە ٢٠٢٢/١٠/٢ ل ١١٥

-دابان محمد حسین		مۆڵەت
-رزگار عیسی سوار		مۆڵەت
-ڕیڤینگ محمد محمد		مۆڵەت
-سروان محمد علی		مۆڵەت
-سەلمە فاتح توفیق		مۆڵەتی نەخۆشی
-شوان کریم محمد		مۆڵەتی نەخۆشی
-صباح محمود محمد		مۆڵەتی نەخۆشی
-عمر عبدالله فتاح		مۆڵەت
-فرید یعقوب ایلیا		ئامادەنەبوو
-لنجه إبراهیم عبدالرحمن		مۆڵەت
-لیلی عبدالجبار		مۆڵەت
-مەم اسکندر		مۆڵەت
-هاوڕێ بناء		مۆڵەت
-هدیه مراد		مۆڵەت
-هەورامان حەمە شریف		مۆڵەت
-هێرش حسن حمد		مۆڵەت

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، داوا لە سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی پەروەردە و یاسایی دەکەین بفەرموون، بە گەرمی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە و هاوکارانی دەکەین، ئەم کۆبوونەوە درێژکەرەوەی کۆبوونەوەی دوێنێیە بەڕێزان، دوێنێ نوقتەی نیزامیمان وەرگرت، (١٥) ماددەمان تەواو کردووە، دەبێ ئەو پڕۆژەیە تەواو بکەین، دوێنێ وەرمانگرت، بەیانیش دانیشتنی پەرلەمانە بەڕێزان، سوور دەزانن نوقتەکانتان نوقتەی نیزامی نییە، ئەوە درێژکراوەی کۆبوونەوەی دوێنێیە کاك سروان برای عەزیزی، ئێوە خەڵکی بەڕێز و بە تەقدیرن، تەقدیری جەلسەکەی پەرلەمان بکەن، ئەوە درێژکراوەی کۆبوونەوەی پێشووە، بەڵێ ماددەی (١٥) بخوێننەوە د.عبدالسلام، بیخوێننەوە فەرمووون، پەیڕەوی وەرناگرم، دوێنێ وەرمانگرت، بەوەی کە دەیڵێن دەزانم پەیڕەوی نییە، فەرموو کاك بژار ، بیخوێننەوە بێزەحمەت.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی سێیەم: خوێندنی ئامادەیی:

تەوەری یەکەم: بنەماکانی خوێندنی ئامادەیی.

ماددەی (١٤):

١-قۆناغی خوێندنی ئامادەیی لە خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٥) بخوێننەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری دووەم: ئامانجەکانی خوێندنی ئامادەیی:

ماددەی (١٥):

١-بەهێزکردنی تواناکانی خوێندنکار سەبارەت بە گەشەکردنی بیرکردنەوەی زانستی، قوڵکردنەوەی توانستی توێژینەوە و تاقیکردنەوە، بەکارهێنانی سەرچاوەکان و ڕاهاتن لەسەر شێوازە هاوچەرخەکانی خوێندن و تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو.

٢-ئامادەکردنی خوێندکار بۆ درێژەدان بە خوێندن لە ئاستە هەمەجۆرەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانی خوێندنی باڵا.

٣-بنیاتنانی بناغەیەکی بەهێز بۆ گەشەپێدانی کەسایەتی خوێندکار و بەشداریکردنی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هاندان بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتییانە.

٤-گەشەپێدانی توانستە زانستییەکانی خوێندکار و بایەخ پێدانی تا بتوانێت سەربەخۆیانە کار بکات و توانای هەماهەنگی لەگەڵ کەسانی دیکەدا هەبێت.

٥-بنیاتنانی توانستی پیشەیی خوێندکارانی بەشە پیشەییەکان و ئامادەکردن و مەشق پێکردنیان بۆ بازاڕی کار.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، لیژنەکان، هەر دوو لیژنە یارمەتیمان بدەن، بۆ ئەوەی تۆزێ یەعنی هەندێ ماددە بڕۆین، (١٨٢) ماددەیە بەڕێزان، فەرموو قسە بکە، بەس کاك کاوە، (**Gentleman**)ی و ئەخلاقی، نیزامی نەبوو دەیبڕم، بەس مەڵێ بۆ دەیبڕی و ناهێڵی قسە بکەین، فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەس لە خۆمان بە ئەخلاقتر نازانین لە مەسەلەی ئەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەکید ئەکید.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

داوای لێبووردن دەکەم، بەپێی ماددەی (٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان خولی پەرلەمانی چوار ساڵە لە یەکەم دانیشتنەوە دەست پێ دەکات و بە کۆتایی هاتنی دوایین دانیشتن لە ساڵی چوارەم دا کۆتایی دێت، لە سەرەتای ئەم وەرزە لە (٩/١) بیست وهەشت ڕۆژ پێش ئێستا، تەقریبەن زۆربەی فراکسیۆنەکان جەختییان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ یاسای هەڵبژاردن وکاراکردنەوەی کۆمسیۆن بخرێتە بەرنامەی کار بە زووترین کات، ئەوە بیست وهەشت ڕۆژ ڕۆیشت لەم وەرزە تا ئێستا نە یاسای هەڵبژاردن، نەکۆمسیۆن نەخراوەتەوە بەرنامەی کار، کە (٣٧) ڕۆژ ماوە پەرلەمان وحکومەت وسەرۆکایەتی هەرێم ماوەیان بەسەر

دەچێ ودەکەونە فەراغی یاسایی، بۆیە جارێکی تر تەئکید دەکەینەوە، ئۆباڵی نەخستنە بەرنامەی کاردەخەینە ئەستۆی ئێوە وەك سەرۆکایەتی، بەرپرسیارێتییەکەش دەخەینە ئەستۆی ئەو زۆرینە سیاسییەی کە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان هەیە کە نایانەوێت هەڵبژاردن لە کاتی خۆی ئەنجام بدرێت .....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.محی الدین، د.إسماعیل، کاك سیپان، کاك دیاری، بدریە خان، مامۆستا عمر، کاك مەم، هەڵەز خان، سەرچنار خان، د.شێرکۆ، مامۆستا أبوبکر، کاك جمال، کاك کاروان، روپاك خان، ڕۆژان خان، د.زیدان، کاك ئازاد، کاك وەیسی، کاك چیا، کاك جلال، سارا خان، کێی تر؟ تکایە یارمەتیمان بدەن لیژنەکان، لەگەڵ لیژنەی خۆتان قسە بکەن، کاك عثمان، کێی تر؟

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێکم هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ قسە بکە، فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

کاك کاوە هەر وەکو ئێمە ئەندامێکی ئەم پەرلەمانەیە، ئێمەیش ئەندامی ئەم پەرلەمانەین، بۆ ئەم جیاکارییە دەکرێت کە بەڕێزێك ڕێگەی پێ بدرێت قسە بکات؟ بۆ ئێمە ڕێگەمان پێ نادرێ قسە بکەین؟ تەنها ئەم هۆکارەم دەوێ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وتم وەرتان دەگرم، هەر جارەی یەکێکتان.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر دوو تێبینی قسە دەکەم بەپێی ماددەی (٥٤) و (٥٦) فەرموو بگەڕێرەوە بۆ پرۆتۆکۆل هەر کاتێك من بە خاڵی پەیڕەوی ویستم تێبینییەك، سەرنجێك بگەیەنم ئەگەر خاڵی پەیڕەوی نەبوو وەکو سەرۆکی پەرلەمان مافی خۆتە مایك بکوژێنیتەوەو وەکو هەمیشە کە کوژاندوتەتەوە و قسورت نەکردووە دەرحەق بە من، بەڵام بگەڕێرەوە بۆ پرۆتۆکۆڵ دووبارەی دەکەمەوە، دەیان ئەندامی بەڕێز لەم پەرلەمانی کوردستانە بە بێ ئەوەی ئاماژە بە خاڵی پەیڕەوی بکات، بەڕێزتان ڕێگەی پێ دەدەن قسە....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، د.محی الدین، فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕۆژتان باش.

سەبارەت بە ماددەی (١٥) بەڕاستی جێگەی دەستخۆشی یە پرۆژەکەی کە هاتووە باس لە توانای قوتابییــان و قــوڵکردنەوەی توانســتی تــوێژینەوە و ئەو بابەتــانە دەکــات، بەڵام دەپرســم ئایــا پێداویستییەکانی توانستی توێژینەوە لە ئامادەییەکانی ئێمە بەردەستە؟ بـۆیە پـێش ئەوەی ئەو بابەتە ئەوە بکەینەوە، پێموایە پێویستی بە هەندێ پێداویستی هەیە کە ڕەنگە هەم پسپۆڕی لەو بابەتە، هەم بابەتی مەنهەجی، هەم پێداویستییەکانی تر بۆ تـوێژینەوە، چـونکە تـوێژینەوە بـڕەك زەحــمەتە، پێویســتی بە مامۆســتای بــابەتی تــایبەتی هەیە، پێویســتی بە بابەتێــك هەیە کە بخوێندرێ لە مەنهەجەکان، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەگەر ئەو بابەتە بچێتە بواری جێبەجـێ کردن بە تایبەتی سەبارەت بە توێژینەوە لە قۆناغی ئامادەیی، بەتایبەتی لە دەیەم و یازدەهەم دا کە ڕەنگە قوتابیانی ئێمە نەتوانن ئەو کارە ئەنجام بدەن، بـۆیە پێویسـتە ڕاهێنانیـان پـێ بکـرێ و مامۆسـتای تـایبەت هەبـێ، مەنهەجێـك هەبـێ بخوێنـدرێ، سـەبارەت بە بڕگەکـانی (یەکەم) و (چوارەم) پێشنیاری ئەوە دەکەم هەردوو بڕگە لێك بدرێن چونکە زۆر لێـك نـزیکن، لە کۆتـایی دا لەو ماددەیە باس لە پێنج ئامانج دەکات بۆ هێنانەدی ئەو بابەتـانە، ئایـا هێنـانەدی ئەو ئامانجـانە پێویسـتی بە میکانیزمێـك نیـیە بـۆ چـۆنیەتی جێبەجـێ کردنیـان؟ بـۆیە یەکێـك لە ئەرکەکـانی وەزارەت پێمـوایە کـار بکـات بـۆ هێنـانەدی ئەو ئامانجـانە لە ڕێگـای هانـدان، گیـانی فێربـوون، داهێنان، پەرەپێدانی تواناکان، ڕاهێنان وخولی شیاندن و دابین کردنی پێداویسـتییەکان، لەگەڵ ڕێزم دا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جمال، فەرموو.

**بەڕێز جمال حویز مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهــاتنی وەزیــرە بەڕێزەکــان و شــاندی یاوەریــان دەکەم، مــاددەی (١٥) کە تــایبەتە بە ئامانجەکانی خوێندنی ئامادەیی، دیارە لە پێنج بڕگە خـۆی دەبینیـتەوە، بڕگەکـان لە یەك نـزیکن دەکرا لە دوو بڕگە چـڕ بکـرێنەوە، بەڵام دیـارە لە قۆنـاغی ئامـادەیی جەنـابی وەزیـریش لێـرەیە، دوێنــێ ئامــاژەی بەوەدا وتــی ئەو بــڕگە و مــاددانە بــۆ خۆشــبەخت کردنــی خوێنــدکارانن، لە مەرحەلەی ئامادەیی تەڵەبە خواست و ئـارەزوو و بلێـین ئامـانج بـۆ خـۆی دیـاری دەکـات، بزانـێ دەچـتە چ کۆلێژێـك، بەڵام بەداخەوە ئەو سـێ سـاڵەی لە ئامـادەیی خـۆی مانـدوو دەکـات، ئەو ئامانجەی کە هەیەتی لە دەرسە عیلمییەکـان دەرەجەی بـاش دەینـی، بەڵام بەداخەوە لە کـوردی یان لە زمانی عەرەبی حەفتا دەینی، ئەوە تەئسیر لە کۆی نمرەکانی دەکـات، لێـرەوە دەروونـیەن ئەو تەڵەبە تێــك دەشــکێ، ئایــا جەنــابی وەزیــر ئێــوە بەرنامەیەکتــان نیــیە هەر لە ئامــادەیی پسپۆڕییەکان لێك جیا بکەنەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ڕۆژان خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان إبراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

یا من خالا پەیڕەوی بی، ئەگەر مەجالێت بدەی بەحس کەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مەیلێ خالَی پەیڕەوی، د.زیدان، فەرموو.

**بەڕێز د.زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێـڕای بەخێرهـاتنی میـوانە بەڕێزەکـان، سـەبارەت بە مـاددە (١٥)، پێشـتریش لە ئامـانجە گشـتییەکانیش ئامـاژەك پێکـردییە، بە تەواوەتـی لەگەڵ ئەوەدا نـیم مـاددەی جیـاواز هەبـێ لە هەمان ناونیشان دا، بۆیە لە ئامـانجە گشـتییەکان ڕێکمخسـتۆتەوە و داومە بە لیـژنە، بەڵام لێـرە پرسیارێك دروست دەبێت، پار ساڵیش لە بیرۆکەی خوێندنی باڵادا ئاماژەم پێکـرد، یەك لە کێشـە و گرفتەکانی ئێمە بـۆ قوتابیـان بەتـایبەت لە قۆنـاغی ئامـادەیی ئەوەیە کە قوتـابی خوێنـدنێکی ئاسایی دەخوێنێت، بەڵام دوای تەواوکردنی ئەم قۆناغە بە شێوازی کرێدت لە زانکۆ وەردەگیرێ، ئایا ئێمە بەرنامە و پلانمان چۆن دەبێت، بۆ ئەوەی ئەو قوتابییە لێڕابێنین کە شێوازی وەرگرتنـی لە زانکـۆ جیـاوازە لەو شـێوەیەی کە دەیخوێنێـت، ئەوە یەك لەو گرفتـانەیە دەبـێ لە نێـوان وەزارەتی پەروەردە و خوێنـدنی بـاڵا چارەسـەر بکـرێ، کـاریگەری لەسـەر ئەم قۆنـاغە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك ئازاد، فەرموو.

**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگوێرەی ماددەی (١٥) پرسیارەکم لە جەنابی وەزیر هەیە، لە بڕگەی (١) و (٢ ) و (٣) و (٤) دەڵێ (بەهێزکردنــی تواناکــانی خوێنــدکار و قــوڵکردنەوەی توانســتی تــوێژینەوە و تــاقیکردنەوە و ئامادەکردنی خوێندکار بۆ درێـژەدان بەخوێنـدن وبنیاتنـانی بنـاغەیەکی بەهێـز بـۆ گەشـەپێدانی کەسایەتی گەشەپێدانی توانستی.....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئازاد مەیخوێنەرەوە، پێشنیاری چ دەکەی؟

**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**

دەمەوێ ئەوانە بڵێم....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر مەیخوێنەوە ماددەکە.

**بەڕێز ازاد اكرام بهرام:**

باش، دەڵێم بە گوێرەی ئەو بڕگانە (٢٩) ساڵە مەکتەبی تورکمانیمان هەیە، ئەورۆ کە کتاب تەوزیع کرایە لە (٣٠) کتاب زیاتر نەچوویتە مەکتەبەکانی تورکمانی، ئەوجا تەرجومە نەکرایە، تەبع نەکرایە، ئەلموهیم کتاب نەچوویتە مەکتەبی تورکمانی، باشە لۆ ماددەی ئیختیصاص مامۆستامان نییە، باشە بە گوێرەی ئەو ماددانە تەڵەبە کو پێڕادەگا و کو واز لەمەکتەبێ نایینی؟ زۆر تەڵەبەمان هەیە وردە وردە واز لە دەگەنە صەفی (١٠) و (١١) و (١٢) واز لە مەکتەبێ دەینن، دەلێن ئەگەر مامۆستای ئیختیصاصمان نەبی، کتابمان نەبی، باشە چۆن دەتوانین ئەمە خەلکی ئامادە بکەین وەکی خەلکی ئومێدبار کەین بۆ موستەقبەلی خۆی؟.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هەڵز خان، فەرموو.

**بەڕێز هلّز أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

تێبینیێت من سەر ماددا (١٥) سەر بڕگا (١) و بڕگا (٤) گەلەگ لێك نێزیکن، هەردووکا بەحسی بەهێزکردن و گەشەپێدانا تواناکانی زانستی خوێندکارن، ئەگەر صیاغەکا دی تر بۆ بێتە کرنێ، هەردوو پێکڤە بێنە دەمج کرنێ، دا ماددێت وێ بڕگێت وێ ژی کەمتر لێ ئێن، بڕگا (٢) تەحصیل حاصلە، یەعنی لەبەری نوکە ئەمە لە ماددا دی ژی ئاماژە پێ کر، تەبعەن ئەگەر قوتابی قۆناغا ئامادەیی تمام کردبێ بەرهەڤ بت بچیتن زانکۆ یان پەیمانگەها بێتە وەرگرتنێ، ل بەر هەندێ ئەز د گەل هەندێ دامە بڕگا (٢) بێتە لادان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من تەقریبەن پرسیارێکم هەیە لەسەر بڕگەی (٥)، ببوورە قسەکەی من کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك دیاری، فەرموو.

**بەڕێز دیاری أنور حەمە رحیم:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەموو بەشەکانی خوێندن لەم پرۆژە یاسایەدا ئامانجەکانی خوێندن بە جیا دیاری کراوە، ئەمە کۆمەڵێ بڕگە و ماددەی هەم هاوشێوەن، هەم پێموایە بەشێکی زیادە، بۆیە دەکرێت ئامانجەکانی خوێندن هەر لە بنەڕەتییەوە تاوەکو ئامادەیی وخوێندنی پیشەیی و هونەری و ئەوانی دیکەی هەمووی بە یەکجار بکرێت بە یەك ئامانج، ئامانجەکانی خوێندن، بۆیە پێشنیاز دەکەم ئەم هەموو بەشە لە ئامانجەکان هەر بەشێکی خوێندن و ئامانجێکی تایبەت بە جیا،

ئەگەر سەیری کەی لە ئەسڵ دا هەموویان وەکو یەك وان، جگە لەوەی کە بۆ نمونە کە دەکرێت بڵێی گرنگی بە تواناکانی بۆ نمونە خوێندکار دەدرێ لە بواری پیشەیی، هونەری، زانستی، وەرزشی، ئیتر هەتا دوایی، بۆیە من پێشنیاز دەکەم هەموو ئەم بەشانە، هەر بەشێکی خوێندن کە ئامانجەکانی تیایە، ئامانجەکان بکرێن بە یەك ئامانجی هاوبەش بۆ هەموو بەشەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕوپاك خان، فەرموو.

**بەڕێز روپاك أحمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادده (١٥) بڕگە (٣) و هەروەها هاوتای دەکەم لەگەڵ خاڵی پەیڕەوی هەر لەسەر ئەو بڕگەیە، مادده (٥٨) کە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەڵێ پرسیاری زارەکی و نووسراو هەیە، من لەم ڕوانگەیەوە پرسیار لە وەزیری پەروەردە دەکەم کە بۆچی وەزارەت دەستی بردووە بۆ دەستکاری کردنی وانەی پەروەردەی ئیسلامی لە پۆلی (١١) لە چاپی ساڵی (٢٠٢٢) پۆلی (١١)ی ئامادەیی، کە هەر لە پەرتووکەکەی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ڕێم پێ بدە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕوپاك خان، تۆ قانونیت، ئەم دانیشتنە دانیشتنی موناقەشە کردنی قانونە، ئەو دانیشتنەی کە تایبەتە بە پرسیاری زارەکی دانیشتنێکی جیاوازە.

**بەڕێز روپاك أحمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەتە بە بڕگەی (٣) بنیاتنانی بناغەیەکی بەهێز بۆ گەشەپێدانی کەسایەتی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چیت هەیە؟

**بەڕێز روپاك أحمد رحمان:**

بۆچی لە پۆلی (١١)ی ئامادەیی لە سەرەتای پەرتووکی پەروەردەی ئیسلامی کراوەتە پەروەردەی ئیسلامی و ئایینناسی، بەشی (٥) لە لاپەڕە (٨١) هەتاوەکو (٨٨) ئاینی جوولەکە دەخوێندرێ، چ پێویست دەکات قوتابی موسوڵمان ئاینی جوولەکە بخوێنێ؟ هێشتا تەمەنی یاسایی تەکلیفی تەواو نەکردووە کە (١٧) ساڵە، بۆ ئاینی جوولەکە؟ چ پێویست دەکات؟ هەروەها پۆلی (١)ی بنەڕەتی لەسەر ئەوە کە نووسراوە لە دوای بەرگەکە فەرمووده و ئایەتەکان بۆ لەبەرکردن نین، چ عوزرێك هەیە بۆ ئەوەی لەبەرکردن نەبێ؟ ئەگەر مەسەلەکە ئەوەیە کە تەمەنی بچووکە، ئەی بۆچی لە باخچەی ساوایانی ناحکومی بە زمانی ئینگلیزی دەخوێندرێ و فێریش دەبن..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس روپاك خان، ئەوە بکەرە پرسیارێك بە نووسراو بینێرە بۆ وەزیر، مولزەمە وەڵام بداتەوە، بەس هی ئەم مەجلیسە نییە، کاك کاروان، فەرموو.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوێنێش لە چەند ماددەیەكی پێشوو موناقەشەی ئەم بابەتەمان كرد، تەرحی ئەوەم كرد كە ئەم یاسایە بەڕاستی شتی زۆر دوبارەی تێدایە، ئامانجی یاسا ئەوەیە كە تۆ لە ماوەیەكی كورت، بە كۆمەڵێك وشەی كورت ئامانجێكی گەورە بپێكی، ئەم یاسایە ئەوەی كە من خوێندبێتمەوە زیاتر لە دوو جاریش بریتی یە لە واقیع، لە غایە، لە ڕوئیا، كە هەر سێكیان بەرجەستەن لە یاسایەكەدا، بەڵام بۆ دوبارە لێرە ئامانجمان هەیە؟ ئەم ئامانجانە بۆچی؟ لە كاتێك دا كە لە ماددەكانی تریش دوبارە بۆتەوە، ئەگەر هەر دەمێنێتەوە من پێشنیاز دەكەم كە لابردرێ، ئەگەر هەر بمێنێتەوە، جەنابی وەزیر لە ماددەی (١٥) لە بڕگەی (١) لە كۆتا دێڕ نووسراوە تەكنەلۆژیای پێشكەوتوو، واتا شارەزایی وەرگرتن لە تەكنەلۆژیای پێشكەوتوو، من پێموایە ئامانج تەنها وشەسازی نییە، تەكنەلۆژیای پێشكەوتوو كۆمەڵێك شت دەگرێتەوە كە زۆر زۆر موتەتەویرن كە ڕەنگە لە جامیعەش دەستەبەری نەكەین بە ئاسانی، خۆ من تەمەننام دەكرد لە مەكتەبەكانی خۆمان ئەوەندە پێشكەوتوو بوونایە كە زۆر باشن، لە ئاستێكی باشیشدان، بمانتوانیایە تەكنەلۆژیای پێشكەوتوو لە سەرەتای قۆناغی ئامادەیی و ناوەندی دەستەبەر بكەین و بەدەستی بێنین، وەكو ئینتەرنێت (artificial) جەنابی وەزیر من پێموایە كە ئەمە بابەتێكی زۆر زۆر قورسە لە خوێندنگەكان دا بتوانین بەرجەستەی بكەین، ئەم تەكنەلۆژیای پێشكەوتووە مەبەست لە چییە؟ بڕگەی (٢) وەكو هەڵەز خانیش ئاماژەی پێكرد، ئەمە تەحصیل حاصلە، تۆ خوێندكار ئامادە دەكەی بۆ ئەوەی بڕوا بۆ پەیمانگا و زانكۆكان، پێچەوانەی ئەوەیە كە كەسێك خۆی واز بێنێت، بۆچی لێرە ئاماژەی پێ بكەینەوە دوبارە؟ بڕگەی (٣) بنیاتنانی بناغەیەكی بەهێز، من ئەمە دادەڕێژمەوە دووبارە (بناغەیەكی بەهێز بۆ گەشەپێدانی كەسایەتی خوێندكار و بەشداریكردنی لە ژیانی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ئاینی)، چونكە ئێمە بە نەتیجە دەمانەوێ كادیرگەلێك پەروەردە بكەین كە بیانێرین بۆ كۆمەڵگە بەشداری هەموو كارەكانی كۆمەڵگە بكەن، نەك تەنها بەشداری كردنێكی كۆمەڵایەتی، بەڵكو بەشداری كردنێكی سیاسی، بەشداری كردنێكی ئیداری، بەشداری كردنێكی ئابووری، بڕگەی (٥) ئەمە بە پرسیار ئاراستەی جەنابتانی دەكەم كە بابەتێكی زۆر موهیمە بەلامەوە، بەستنەوەی خوێندنگاكان و خوێندكاران بە بازاڕی كارەوە، ئەمە چۆن دەكرێت؟ چونكە من دوبارە كۆی یاساكەم خوێندەوە بەڕاستی شتێكی وا نییە كە تەنسیق و هەماهەنگییەكی تەواو بكات لە نێوان بازاڕی كار و لە نێوان خوێندنگەكانمان دا بۆ ئەوەی كە بتوانین ئەمانە بە بازاڕی كارەوە ببەستینەوە، ئەمە بە ستراتیژی ئێوە، بە ڕوئیای خۆتان، بەرنامەتان چییە؟ تێڕوانینتان چۆنە؟ چۆن دەتانەوێ بەرجەستەی بكەن؟ سوپاس بۆ ئێوە، دوبارە دەستخۆش.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك چیا، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

تێبینی یا من (١) لای هەڵز خانێ هاتە گۆتن، تیکرار ناکەم، پشتەڤانیێ ڕەئیای دکەم، تێبینیا (٢) ئامادەکرن و مەشق کرن بۆ بازاڕی کار، بازاڕێ کار بە گشتی، هەم حکومی، هەم ناحکومی تێتە بەحس کرن، من ڤێر وێ پێم باشە گرنگیدان ب کەرتێ تایبەت لێ بێتە زێدە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك چیا، کاك جلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، پڕ بە دڵ بەخێرهاتنی گەرمی وەزیرە بەڕێزەکان و شاندی یاوەری وەزارەتی پەروەردە دەکەم، باس باسی قۆناغی دوازدەیە، کە یەکێکە لە قۆناغە هەرە هەستیارەکان، هەموو تاکێك لەم وڵاتە، هەموو خێزانەکان ڕاستەوخۆ کە تاقیکردنەوەی پۆلی (١٢)ی ئامادەیی دێ هەموو دەستیان لەسەر دڵیانە بۆ ئایندەی کوڕەکان و کچەکانیان، هەیە دوو ساڵ جارێك، سێ ساڵ، پێنج ساڵ ماوەتەوە، بە هەر هۆکارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری نەیتوانیوە وەکو پێویست نمرە بەدەست بێنێت، دواتر دەرچووە، یەعنی دەرەجەکی بە دەست هێناوە، لە هیچ زانکۆ و پەیمانگایەك وەرنەگیراوە، دواتر ئێستا دەڵێن دەبێ تاقیکردنەوەی نیشتیمانی جارێکی تر ئەنجام بدەنەوە، بۆ ئەوەی بێنەوە ناو ململانێ لە زانکۆ وەرگیرێن، باشە ئەگەر ئەو قوتابییە دەرەجەی نەهێنا، پێشتر دەرچووە، ئەو جارە لە تاقیکردنەوەی نیشتیمانی دەرنەچوو چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك مەلا وەیسی، فەرموو.

**بەڕێز وەیسی سعید وەیسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٥) کە تایبەتە بە ئامانجەکانی خوێندنی ئامادەیی و پڕۆژەی ئامادەیی لەم یاسایەدا هاتووە، ئەم ماددەیە پێویستی بە وەستان و لێ وردبوونەوەی زیاترە، چونکە بەستنەوەی خوێندنی ئامادەیی بەتایبەتی لە پۆلەکانی (١٠) و (١١) و (١٢) لەگەڵ تەکنەلۆژیای سەردەم و شۆڕشی تەکنەلۆژیا خاڵێکی جەوهەرییە بۆ گۆڕانکاری و بەرەوپێش بردنی سیستەمی پەروەردە لە ڕووی کواڵتی و چۆنییەتی و چەندایەتی، هاوشێوەی وڵاتانی پێشکەوتوو ئامادەکردنی قوتابی بۆ قۆناغی زانکۆ، بەڵام پێویستە هەر لەیاساکەدا میکانیزمەکانی دابین کردنی تاقیگە وئامێرەکانی ئەلیکترۆنی وەك کۆمپیوتەر لەلایەن وەزارەت و دامەزراوەکانی پەروەردەیی دابین بکرێت و بکرێتە ئیلزامی، ئەگینا بە بێ بوونی تاقیگە و ئامێری کۆمپیوتەر ناتواندرێت ئەم ئامانجانەی خوێندنی ئامادەیی بهێندرێتە دی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا أبوبكر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە قسەکانی د.محی الدین و مامۆستا هەڵز دەکەم، تێبینی دووەمم لەسەر بڕگەی (دووەم)ە کە ئامادەکردنی خوێندکارە بۆ درێژەدان بە خوێندن، بەڕێز وەزیری پەروەردە ئەگەر ئێمە لەم یاسایە یەك ئاراستە بگۆڕین ئەویش ئەوەیە کە ئامادەکردنی خوێندکار بۆ زانکۆ و پەیمانگا، ئاراستەکاری سەرەکی لە پرۆسەی پەروەردەدا تاوەکو ئێستا تەنها تاقیکردنەوەکانە، ئێمە لە جیاتی تاقیکردنەوە جۆراوجۆری هەڵسەنگاندنیش بکەین بە بنەما، یەعنی هەردوو جۆرەکە هەبێت، مەسەلەن هەم تاقیکردنەوە، هەم هەڵسەنگاندنی جۆری، ئەو هونەرمەندە بەڕێزەی کە مۆنۆمێنتی هەڵەبجەی دروست کرد، کە شێوەکارێکی گەورەی لێ دەرچوو، مەعقولە خۆی دەڵێ سێ ساڵ لە پۆلی شەش لە زمانی عەرەبی دا بکەوم؟ چ پێویستم بە زمانی عەرەبی یە؟ بۆ نمونە یەعنی، جارێك من گوێم لە کونسوڵی یەکێك لە وڵاتان بوو، قونسوڵی ئەمریکا، گوتی سەیرە لە وڵاتی ئێوە بۆ وەرگرتن لە کۆلێژی پزیشکی تەنها پشت بە نمرە دەبەستن، ئێمە لە ئەمریکا (٩) پێوەرمان هەیە، یەکێکیان نمرەیە، یەکێك لەوانە هەستی مرۆڤ دۆستی و هەندێ بابەتی تری دەروونی هەیە، بۆیە ئەوە گۆڕانکاری تیا بکەین کە هەڵسەنگاندنی جۆریش بکرێ، خاڵی (٥) لە ڕاستی دا مەسەلەی بازاڕی کار چەمکێکی زۆر ئاڵۆز و کێشەدارە، لە جیاتی ئەوە بیکەین بە (بەشداربوون لە پێشخستنی ئابووری دا)، بەشداربوون لە پێشخستنی ئابووری دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس مامۆستا أبوبكر، کاك سیپان، فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

ئامانجێن خوێندنا ئامادەیی ب تەمامی، ب جوانی گەلەك هاتینە داڕشتن، لە یەکەم پرسیارا ئاڕاستەی وەزیرێ پەروەردێ دکەم، ئەم هەمی دگەل وێ چەندینە خاندن کرنا لە ئاستێ هەری باش بن، دگەل وێ چەندینە سەرجەم پێتڤیێن زانستی بهێن دابین کرن، ب تایبەت ماددێن کیمیا، ئەحیا، فیزیا، ئایا ئەڤ تاقیگەهە ل ناڤا سیستەمی خاندن، ل ناڤا خاندنگاهادا هاتیە بەرجەستە کرن؟ هاتینە ئامادە کرن ب شێوازێکی باش؟ چونکی هەنگی ئەز خوێندکار ئەڤ تشتە بڕاستی مە لە خاندنگەهێت خۆ نەدیتن دەما کو ئەز خوێندکار ل ڤان قۆناغاکا کو وێ چەندێ ببینین بڕاستی، هەتاکو ڤی دەماش پرسیار دکەین زۆربەیا خاندنگەها بێ تاقیگەن، لەوڕا گرنگە دگەل ڤێ یاسای کو ب جوانی ئامانجێت وێ هاتینە دیاری کرن، پلانا وەزارەتا پەروەردێ

ژی وەکی پێشخستنا ڤان تاقیگەها ب شێوازی دیٚ بەرەڤ باشتر، هەروەسا پشتگیریا گوتنی د.محی الدین و هەلٚز خان و مامۆستا أبوبكر هەلٚەدنی دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلٚێ سوپاس کاك سیپان، کاك مەم، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بە درێژایی دوێنێ کە لیژنەی پەیوەندیدار تێبینییەکی ورد هەستمان نەدەکرد بینووسن، هیوادارم ئەم قسانەی کە دەیکەین تێبینی لای خۆیان تۆمار بکەن، چ ئەوان، چ لیژنەی نوێنەرانی حکومەت و وەزیری پەروەردە، کێشەی ئەم یاسایە زۆر لە درێژدادڕیدایە، لەگەلٚ خۆشەویستیم بۆ هەموو ئەو کەسانەی پێوەی ماندووبوون، زۆر زۆر درێژدادڕی تێدا کراوە، بۆ نمونە لە کۆی ئەوانەی کە لە ماددەی (٥)دا هاتووە، بە هەموو ئەو بڕگانەی کە پێنج بڕگەیە، من یەك پێشنیاز دەکەم بە سێ دێڕ هەمووی جێگەی دەکەینەوە تیایدا، پێویست بەوە ناکات، من ئەم پێشنیازە ئەخەمە ڕوو بۆ داڕشتنەوەی کۆی ماددەکان کە زمنەن هەموو ئامانجەکان لە خۆ دەگرێت، ئامانجەکانی خوێندنی ئامادەیی بە بێ بوونی بڕگە، بەهێزکردن و گەشەپێدان و بونیاتنانی کەسێتی خوێندکار لە کایە زانستی و پیشەییەکان و خزمەتکردنی کۆمەلٚگا لە بوارە جیاجیاکان و زەمینەسازی بۆ بەرەو پێشبردنی زیاتری توانایان و بەدەستهێنانی پلەی بەرز لە بواری خوێندن دا، لەم چوار دێڕەدا یەك شتی تیا نییە بگرە زیاتریشی تیایە و لێرە زۆر دوبارەیە، بۆیە هیواداین ئەو پێشنیازانە بە هەند وەربگرن، کارێك بکەین هەموومان بەشداربین لە کەمکردنەوەی وشەکانی ناو ئەم یاسایە و پوخت کردنەوەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلٚێ زۆر سوپاس کاك مەم، سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە وتەکانی مامۆستا أبوبكر و هەلٚز خان و کاك سیپان دەکەم، لەگەلٚ ئیزافەیەك بۆ ئەو داڕشتنەی کە بڕگەی (یەکەم) لەگەلٚ بڕگەی (چوارەم)دا ئەگەر دەمج بکرێت ئا بەم شێوەی لێ بکرێت (بەهێزکردنی تواناکانی خوێندکار سەبارەت بە گەشە...) ئیتر ئەوە بەو شێوەیە بڕگەی (یەکەم) بخوێنمەوە بێ تا ئەخیر (......و بایەخ پێدانی تا بتوانێ سەربەخۆیانە کار بکات و توانای هەماهەنگی لەگەلٚ کەسانی دیکە دا هەبێت)، ئەمە خالٚی (یەکەم) بەم شێوەیەی لێ بکرێت، خالٚی (دووەم) تەحصیل حاصلە و زیادەیە و لابرێ، خالٚی سێهەم ئەو (بنیاتنان)ە بکرێ بە (بونیاتنان)، خالٚی (چوارەم) ئەوە دەمجمان کرد، خالٚی (پێنجەم)یش وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلٚێ زۆر سوپاس، کاك عثمان سێدەری، فەرموو.

**بەڕێز عثمان كريم سواره:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥) بڕگەی (٣) من پێشنیار دەكەم بەم شێوەی لێ بكرێت (بنیاتنانی بناغەیەكی بەهێز بۆ گەشەپێدانی كەسایەتی خوێندكار و بەشداری كردنی لە ژیانی كۆمەڵایەتی و هاندانی بۆ پێكەوە ژیانی ئاشتیانە و نیشتیمانپەروەریانە)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا عبدالستار، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە تەوەری (دووەم) كە ماددەی (١٥)یە ئامانجەكانی خوێندن لە خۆ دەگرێ، خۆی ئامانج ئەو شوێنەیە، یان ئەو لوتكەیە كە دەتەوێ قوتابی پێی بگات، فۆناغێكیشە بۆ ئامادەكردنی ئەو كەسە بۆ قۆناغی ئایندە، هەر بە خۆی ئامادەیی یە، لە ڕووی توانای زانستی، لە ڕووی هۆشیاری، لە ڕووی كەسایەتی، لە ڕووی هەڵسوكەوت، هەتا بەڕاستی لە ڕووی ڕەوشت و ئاكارەوە كە من پێموایە ئێستا ئێمە گەنجەكانمان بەتایبەت دوای ئەم قۆناغە بە قەیرانی هەڵسوكەوت و یەعنی بەڕاستی مامەڵەی تەندروست و جوان دا تێدەپەڕێت، من پێشنیار دەكەم بۆ ئەم مەبەستە لە جیاتی خاڵی (چوارەم) یان ئەوەی كاك مەم باسی كرد كە پشتگیری دەكەم بەڵام بە دەستكارییەوە، ئەوەی كە مامۆستا أبوبكر باسی كرد هەر پشتگیری دەكەم، بیكەینە پەروەردە كردن و پێگەیاندن و گەشەپێدانی توانای قوتابی لە ڕووی زانستی و هەڵسوكەوت و وێڕای بەرزكردنەوەی ئاستی خوێندن و زانستی، چونكە بەڕاستی من بە پێویستی دەزانم لەو قۆناغەدا ئێمە زیاتر چاومان لەسەر قوتابی بێ، لە دەرەوە ئەگەر بینیبتان زۆرجار تەماشای ئەوەی ناكەن تەنها نمرەكانی چەندە، لە ڕووی كردەییەوە زۆر شتیان فێر دەكەن كە بۆ داهاتوو، بۆ كۆمەڵگاكەیان قازانجە بن بە كەسایەتییەك كە لە داهاتوودا خزمەتی باش بكەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سارا خان، فەرموو.

**بەڕێز سارا دلشاد بكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ هاوپیشەكانم، ئامانجی خوێندنی ئامادەیی و ئامانجی خوێندنی بنەڕەتی و هەموو قۆناغەكان ئامانجیان بۆ دیاری كراوە، لە ماددە (٤)یش ئامانجەكان بە گشتی باس دەكات، ئەم ماددەیەم پێ زیادە، لە ماددە (١٥) پێم زیادە، لە ماددەكان بە گشتی لە (١١) ماددە پێكهاتووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس سارا خان، د.ڕێبوار، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری پەروەردە بەخێربێی. ئەم بڕگەیە بەڕاستی کۆمەڵێك تێکستی بەهاداری تێدایە، من گومانم نییە لە دڵسۆزی بەڕێزتان بۆ کەرتی پەروەردە، بەڵام من ترسم لەوە هەیە کە ئەو ئامانجانە نەك لە ئێستا، بەڵکو بگرە بۆ چەند ساڵی داهاتووش بەشێکی جێبەجێ نەکرێ کە دواجار هەندێك پابەندبوونی یاسایی دەخاتە سەر ئەستۆی وەزارەتی پەروەردە لە کاتی جێبەجێ نەبوونی، بۆ نمونە باوکی قوتابییەك یان قوتابییەك لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوو، یان لە ئێستا، یان دوای ئەوەی کە ئەو یاسایە دەربچێ، ڕەنگە پرسیاری ئەوە بکات بۆچی ئامێرەکانی تەکنەلۆجیا بەردەست نین بۆ ئەوەی کە بتوانێ سوود لە تەکنەلۆجیا ببینێ؟ یەکێ لە تەوەرەکان ئاماژەی پێکراوە بریتی یە لە توانستی توێژینەوە، بەڕێز وەزیری پەروەردە پێموایە توانستی توێژینەوە بابەتێکە لە قۆناغی زانکۆ دەخوێندرێ، هەر وانەیەکیش هەیە بە ناوی میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی، من پێموانییە قوتابی لە قۆناغی ئامادەیی بتوانێ توێژینەوە بکات، خاڵێکی تر ئەوەیە کە بۆ مەسەلەی بازاڕ پێموایە ئەوەی کە دەرچووی زانکۆیە دەتوانێت کاری دەستکەوێ لە بازاڕ، قۆناغی ئامادەیی هێشتا ئەو موئەهیلاتەی تێدا نییە بتوانێ کارێکی ئەوتۆی بە گوێرەی تواناکانی بێ، لەبەر ئەوەی هێشتا لە قۆناغی ئامادەیی توانای زانستی و موئەهیلاتی و کەفائەتی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە کە کارێکی ئەوتۆی دەستکەوێ شیانی موئەهیلاتەکەی بێ، زۆریش گرنگە بەڕێز وەزیری پەروەردە جگە لەو ئامانجانە یەعنی هەندێ بڕگەش هەبێ پەیوەست بێ بە ڕێکخستنی هەڵسوکەوتی قوتابییان لە قۆناغی ئامادەیی، چونکە خۆتان دەزانن کە لە قۆناغی ئامادەیی هەندێ هەڵسوکەوت هەیە لەلایەن هەندێ قوتابییانەوە دەکرێ کە جێی سەرنجە، پێویستە ڕێگری لێ بکرێ و ڕێك بخرێ، بۆ نمونە جگەرەکێشان، قوتابیمان هەیە لە قۆناغی ئامادەیی جگە دەکێشێ، ڕەنگە لە نێو هۆڵی خوێندنیش دا بێ، یان بۆ نمونە مۆبایل، ئەوانە دەکرێ لێرەدا جێگەی بکرێتەوە بۆ ڕێکخستنی زیاتری هەڵسوکەوتی قوتابییان، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.شێرکۆ، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتگیری لە وتەکانی مامۆستا هەڵز و کاك دیاری و مامۆستا أبوبکر و د.ڕێبوار دەکەم، لەسەر دوو خاڵ ئەوەستم، یەکەمیان لە بڕگەی سێهەم باس لە بونیاتنانی کەسایەتی دەکات، ئەوی تریان پەیوەندی بە مەسەلەی بازاڕی کارەوە هەیە، بونیاتنانی کەسایەتی تەبعەن سەد ساڵە کەسایەتی ئەم وڵاتەی ئێمە لێی ئەدرێ و تێك ئەشکێ، بۆ خۆشمانەوە کە ئێستا لەو قاعەیەوە مەوجودین، ئاسەواری جەنگەکان و شەڕەکان و کارەساتەکان بەسەر کەسایەتیمانەوە دیارە، ئەم ئامانجە ئەگەر بێت و وریای نەبین دەبێتە ئامانجێکی زۆر واقیعی، چونکە ئێمە تەبعەن پێشتر

یاسای مرۆڤسازیمان وەکو فراکسیۆنی یەکگرتوو پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردە کرد و بەداخەوە ڕەفزیان کرد، بە بێ ئەوەی بزانین بۆ و بە بێ ئەوەی کە گفتوگۆشمان لەگەڵ بکەن، کە مەبەستمان ئەوە بوو تیایدا کە ئەم مرۆڤە چۆن کەسایەتی بنیاتبگرێتەوە لە کاتێك دا دەیان ساڵە ئەم کەسایەتی یە تێك دەشکێ، بەڕێز وەزیری پەروەردە، بونیاتنانەوەی ئەم کەسایەتی یە بەم پۆلانەی ئێستا و بەم مامۆستایانەی ئێستا و بەم توانا مرۆیی و ماددیانەی ئێستا کە هەتە لە وەزارەتەکەت دا ناکرێ، بونیاتنانی کەسایەتی فێرکردن نییە تەنها، یەعنی کتێبێك نییە بیخوێنیتەوە کەسایەتی، مەوزووعێکی پەروەردەییە پێی دەوترێ (**Personality Development**)، لە هەموو عالەم دا کە پەیڕەو دەکرێ دەبێ بە پرۆگرامی تایبەت بکرێ، بەداخەوە ئێمە پرۆگرامەکەمان پێشکەش کرد، وەزارەت ڕەفزی کرد بە بێ ئەوەی بزانین بۆ؟ من پێشنیاری ئەوە دەکەم لەم بڕگەی سێهەمەدا ئیزافەیەك بکرێ بۆ ئەوەی کە فریای کەوین، بەوەی کە تەنها ئیزافەکە ئەوە بی بڵێین لە ڕێی پرۆگرامێکی تایبەتەوە، بونیاتنانی کەسایەتی لە ڕێی پرۆگرامێکی تایبەتەوە، کە ئەو پرۆگرامە تایبەتە بە تەئکید وەزارەت ئەوەندەی پسپۆڕ هەیە کە کەسایەتی مرۆڤ لە ڕووی ئومێد و متمانەبوون بە خود و هەموو بوارەکانی تر بتوانێ ئەو پرۆگرامە دابڕێژێت و مامۆستا و کەسانی پسپۆڕی بۆ تەئهیل بکات و دواتر جێبەجێی بکات، سەبارەت بە بازاڕی کار،...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر دوو دەقەت هەیە تەواو، زۆر سوپاس، د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

نیسەت خاڵا (١) و (٤) کو دەمج ببن، ئەز پشتەڤانیا ڤان مامۆستا دکەم، کاك چیا، د.محی الدین، خوشکە هەلز، مامۆستا أبوبکر، کاك سیپان، خوشکە سەرچنار، د.شێرکۆی، دیسان بۆ خالا (٣) ئەز پشتەڤانیا د.شێرکۆ دکەم کو فعلەن ئەوە بێتە ئیزافە کرن بێژن دیڤ بەرنامەکێ تایبەت، بۆ خالا (٥) پشتەڤانیا مامۆستا أبوبکری دکەم بۆ پەیڤا مەشق کردن ببیتە پشکداری کرن باشترە و پتر ل گەل ژیێ وی و عەمرێ وی دەگونجێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بدریە خان، لێرە نییە؟ د.شایان نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی مادده (١٦) بڕگەی (٥) و بڕگەی (١٠) لە ئێستادا کۆماری ئێران دوو ڕۆژە تۆپباران دەکات، تۆپبارانی گوندی گەلاڵەی کردووە لە دوو ڕۆژی ڕابردوو، ئەمڕۆش زرگوێز لە سلێمانی، پردێ، هەروەها لە کۆیەش دیموکراتەکانی تۆپباران کردووە، بە پێی مادده (١٦) بڕگەی (٥) و بڕگەی (١٠) داواکارم دەستەی سەرۆکایەتی بەیاننامەیەك دەرکا یان هەڵوێستێك بنوێنین بە شێوەیەکی

فەرمی، چونکە ناکرێ ئێمە هەمیشە تۆپباران بکرێین لەلایەن ئێران و لەلایەن تورکیاوە، خەڵکی مەدەنی تێدا بچن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێشنیارەکەت بەجێیە، موناقەشەی دەکەین لە نێوان خۆمان دا، بەڵێ، فەرموو بەڕێز د.ئالان، وەزیری پەروەردە، پێنج دەقەت هەیە بۆ وەڵامی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، تێبینییەکی گشتیم هەیە، بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان هەر ماددەیەك دەخوێنرێتەوە دەبێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکەین بەڕاستی، نەك لەسەر بابەتی دیکە، هەندێك جار گفتوگۆکان دەچنە سەر بابەتی دیکە، ئێمە بە گوێرەی ئەو عیلاقەیەی لە نێوان هەردوو دەسەڵات هەیە ئامادەین ئەگەر جەنابتان ئیزن بفەرموون ئامادەین بۆ وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێکی دەرەکیش، بەڵام زۆری یاساکە، پڕۆژەکە، زۆری ژمارەی بەشداربووان، ئەو حاڵەتەش کە ئاوا دەبێت تەصەور دەکەم کاتێکی زیاترمان پێویست بێ، لەبەر ئەوە پێشنیاری من ئەوەیە یان بەگوێرەی پەیڕەوەکە مامەڵە بکەین، یان دەبێ تەحەمولێکی زیاترمان هەبێ لەگەڵ پڕۆژە یاساکە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پابەند بەوەی کە ماددەکە چی لەسەر وتراوە، وەڵامی ئەوە بدەوە، دواتر دەتوانی بە نووسراو وەڵامی پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان بدەیتەوە.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

سەبارەت بە ئەم یاسایە خوێندنەوەی لەسەر ئەم ماددەیە، بەڕێزان ئەمە ئامانجە، ئامانجە دانراوە تۆ لە ئامانج کە لە پڕۆژە یاسا یان لە دەستوور یان لە هەر بابەتێکی دیکەی قانون هەیە، تۆ هەوڵ دەدەی بۆ جێبەجێ کردن، ئەگەر بە گومانێکی زۆرەوە لێی بڕوانی، ئێ باشە با هەر نەینووسین، کەوابێ هیچ ئیلتیزاماتێك لەسەر حکومەت نییە، دوو/ ئەمە ئیلتیزامێکە دەکەوێتە سەر حکومەت، بە گوێرەی ئەو ئیلتیزامە حکومەت لە چوارچێوەی ئەم ئامانجانە کارەکانی خۆی ڕێك دەخاتەوە، من تێبینییەکی گشتی دەدەم، ئەگەر پڕۆژە یاساکەتان پێ زۆرە، دەتوانین کورتی بکەینەوە، بەڵام بەڕێزان ئەم پڕۆژە یاسایە بۆ لەبەرکردن نییە، ئەم پڕۆژە یاسایە ئێمە کە ئەوەمان کردووە ئەمە گەورەترین کارە کە پەرلەمانی کوردستان دەیکات، دەمانەوێ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان لە میزاج دوور خەینەوە، ئالان حەمە سعید بە ئارەزووی خۆی نەیێت ڕێنماییەك بگۆڕێ و بڕیارێ بگۆڕێ هی وەزیرێکی پێشوو، وەزیرێکی دیکە هی ئالان و بەم شێوازە پرۆسەکە نائیستیقراریەتی پێوە دەبێ، ئەوەی کە بۆ ڕێنمایی یە، ئێمە دامانناوە بۆ ڕێنمایی یە، ئەوەشی کە بۆ ئەوەیە کە خەتێکی گشتی هەبێ، سابت بێ، ئیللا لە ڕێگەی ئەم پەرلەمانەوە تەعدیل بکرێتەوە، دەنا ئەگەر خۆی بێتە سەر بابی واقیعی خۆ کەس حەز ناکا هەرچی دەسەڵاتەکانی خۆی هەیە بیداتە جێگەیەکی دیکە ئەوان بۆی بکەنەوە، بەڵام ئەمە پڕۆژە یاسای پەروەردە و فێرکردنە، ئیستیقراری پرۆسەی پەروەردەیە لە مەدایەکی دوور و

درێژ، هەر خاڵێك لەوانە كە دەیبینن لەوە دەچێ وەكو ئیجرائاتێكی ئیداری ببینن، بڕواتان بێ هەنگاوێكی ستراتیجی یە، هەنگاوێكی گرنگە بۆ ئەوەی پرۆسەی پەروەردە ئیستیقرار بكات، لەبەر ئەوە من هیوادارم پێتان دوور و درێژ و درێژدادڕی نەبێ، بۆ لەبەركردن نییە، دەبێ پێوەی ماندووبین، ئەی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی كە لە وڵاتانی دیكە (٩٠٠) ماددە بۆ پڕۆژەی پەروەردە دائەڕێژن، خۆ ئەوانیش هەر پێوەی ماندوو دەبن، لەبەر ئەوە داواكاریم ئەوەیە پێشنیارم ئەوەیە، ئەگەر ئەو بابەتەتان پێ دوور و درێژە دەتوانین هەمووی بكەینە دوو لاپەڕە و بە دوو ڕۆژیش كۆتایی پێ دەینین، بەڵام ئەمە بۆ ئەوەیە كە موئەسەسەیەكی تەشریعی لە كوردستان كە پەرلەمانی كوردستانە ڕۆڵی هەبێ بۆ ئەوەی ئیستیقرار بۆ پرۆسەی پەروەردە دروست بكات، سەبارەت بە بابەتی ئەوەی كە ئێمە جیاكردنەوەمان نەكردووە لە بەشەكانی عیلمی یان ئەدەبی لەم پڕۆژە یاسایە، تیایەتی لە خاڵەكانی دیكە بەرێزان، ئەگەر ماددەكانی دیكە بخوێنرێتەوە دەسەڵات دەدا بە ئەنجومەنی وەزارەت كە بەشەكانی زانستی و ویژەیی بە گوێرەی توانای وەزارەت دابەش بكات، بۆ نمونە دەكرێ بەشی زانستی تەقسیمی قسمی ئەحیای و تەتبیقی بكرێ، لەوێوە ئەو ئامانجانە ڕوون دەبنەوە ئەوانەی كە دەچنە هەندەسە و دەچنە (طب) و ئەوانە دەچنە چ بەشێك؟ ئەوانەی كە دەچنە بەشەكانی دیكەی عیلمی كۆلێژەكانی دیكەی زانست و ئەوانە دەچنە وێ، لەبەر ئەوە لە ناو پڕۆژەكە هەیە ئەگەر بە وردی بخوێندرێتەوە، دەسەڵاتی داوە بە ئەنجومەنی وەزارەت كە بەشی عیلمی بۆ نمونە یان بەشی ئەدەبی تەوزیع بكات بۆ بەشی ئەدەبی و فەننی، بەڵام ئەوە دەسەڵاتێكە دراوە بە ئەنجومەنی وەزارەت، سەبارەت بە قوتابخانە توركمانییەكان، مامۆستا ئازاد، بە مۆبایل، بە نووسراو، بە نامە، بە هامش، من هەموو شتێكم بۆ جەنابتان كردووە، وتوومە هەموو ئیستیسنایەك لە ڕێنمایی وانەبێژان دەكەین بۆ مامۆستایانی توركمانی لە قوتابخانە توركمانییەكان دا، بەڵام ئەوە پەیوەندی هەیە ئەوەی كە ئێمە چەنێك دەرچووی مامۆستای توركمانیمان هەیە؟ ڕاستە بۆ پێكهاتەی هەم توركمانی، هەم سریانی، هەندێ جار تووشی ئیشكال دەبین بەڕاستی، لە تەرجەمەكردنی سوئال تووشی ئیشكال دەبین، ئەو مامۆستایەی كە دێ پرسیارەكان تەرجەمە دەكات، كاك د.سەیوان سەرۆكی لیژنەی باڵایە، ئەوان زیاتر لە وردەكارین، یەعنی ئێمە ئەو ماددەیە نازانین ئەو مامۆستا سریانی یە زمانەكە نازانین، بۆ توركمانییەكەش بە هەمان شێوەیە، دەبێ هەر لە نەتەوەی خۆتان بێ و ئیعتیمادمان لەسەری ئەوەیە، بۆ ئەو بابەتەش بە جەنابتمان وتووە و بەڕێز سكرتێری پەرلەمانیش ئاگادارە كە ئێمە ئامادەبووین هەموو ئیستیسنایەك بۆ قەتابخانەكانی توركمانی بكەین، سەبارەت بەوەی ئامانجەكان بكرێ بە یەك و زیادن، ئامانجەكان ناكرێن بە یەك، لەبەر ئەوەی ئامانجی قۆناغی باخچە جیاوازە، قۆناغی بنەڕەتی جیاوازە، قۆناغی ئامادەییش جیاوازە، هەر هەمان شتە، دەبێ بیبەیتەوە بۆ یەك باب لە چوارچێوەی یەك باب دا دایبنێین، بەڵام دەبێ بینووسیتەوە، بۆ ئەوەی ئەو سەر لێ تێكچوونە نەبێ لەگەڵ هەر قۆناغێك دا ئامانجەكان دیاری كراون، سەبارەت بەوەی روپاك خان پەروەردەی ئیسلامی و ئایناسی لە دەرەوەی بابەتەكەیە، پەروەردەی ئیسلامی و ئایناسی ئێمە ئەمساڵ نەمانگۆڕیوە و دەستكاریمان نەكردووە، چەندین ساڵە كتێبەكانی ئێمە لە پۆلی (١) تا پۆلی (١٠) ناوی پەروەردەی ئیسلامی یە، ئەوانی دیكەش پۆلی (١١) و (١٢)ش ناوی پەروەردەی ئیسلامی ئایناسی یە،

ئاینەکانی دیکە دەخوێنرێ، بەڵام هیچ بێ ڕێزییەك، هیچ نەنگییەك بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام یـان بۆ هەر ئاینێك ئێمە نەمانکردووە لە ناو کتێبەکانی خوێنـدن، ڕێگەشـی پـێ نـادەین، وەزارەتـیش مـخەوەلە بە دانـانی کتێبەکـانی خوێنـدن، بەڵام گرنـگ ئەوەیە کە ئەو بـابەتە کە جەنابـت باسـی دەکەی یەعنی ئەو ساڵ گۆڕابێ کتێبێك هەبـێ بە نـاوی پەروەردەی ئیسـلامی و ئاینناسـی، ئەوە شـتی وا نیــیە، (١١) و (١٢)ی ئامــادەیی نــاوی پەروەردەی ئیســلامی و ئاینناســی یە، ئێــزدی دەخوێندرێ، باسی ئاینی جوولەکە دەکرێ، باسی ئەوە دەکات، وەکو بەرچاوڕوونی، بەڵام بەشی هەرە زۆری ماددەکە تەرخان کراوە بۆ پەروەردەی ئیسلامی، سەبارەت بە کاك کاروان (مەبەسـت لە تەکنەلۆجیـای پێشـکەوتوو چیـیە؟) تەکنەلۆجیـای پێشـکەوتوو (Smart Board) یـان ئەو ئامێرانەیە کە لە بەشەکانی پیشەیی بەکـار دەهێنـرێن لە بەشـی صـناعەکان، لە ئەو بەشـانەی کە خوێندنی پیشەییان تیا دەکرێ، مەبەسـت لە تەکنەلۆجیـای پێشکەوتوو دابـین کردنێتـی بـۆ ئەو ناوەندانەی خوێندن، بەڕێزان ئەمە ئامانجە، یەعنی نەیوتووە حکومەت دەبێ (١٠٠%) ئەوە بکـات بە ئیلتیزامێکی موتڵەق، ئامـانجێکە کە وەزارەتـی پەروەردە هەوڵـێ بـۆ دەدات یـان کۆشـانی بـۆ دەکات، بۆ ئەوەی لە قۆناغی ئامادەیی ئەوە جێبەجێ بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری پەروەردە.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

ئەگەر دوو خاڵی دیکە وەڵام بدەمەوە، ئیجازە هەبێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

ســەبارەت بە (چــۆن ئەوە ببەســتینەوە بە بــازاڕی کــارەوە؟) ئەگەر ناوەنــدەکانی خوێنــدن بەتایبەتیش لە خوێنـدنی پیشـەیی دا کە ئـێمە ئەمسـاڵ لە ئێسـتاوە دەسـتمان پێکـردووە لەگەڵ کەرتــی تــایبەت دا ئەو ڕێــژەیە قوتابییــانی یــان خوێنــدکارانی خوێنــدنی پیشــەیی دەچــنە ناوەندەکانی خوێندن، دەچنە ناوەندەکانی بازاڕی کار لە کۆمپانیاکـان، بـۆ نمـونە ئەوانەی بەشـی سـەیارات دەخـوێنن، لەگەڵ کۆمپانیاکـانی سـەیارات هەمـاهەنگی دەکـرێ بـۆ ئەوەی بچـن لەوێ خـول ببیـنن، چـوارده ڕۆژ، پـانزە ڕۆژ لەوێ بمێنـنەوە، خولیـان لەگەڵ دەبیـنن، یـان لەگەڵ ئەو شوێنانەی دیکەش کە بەشە جیاوازەکانی پیشەیی ئێمە چەنـدین پسـپۆڕیمان هەیە، ئایـا تـاقیگە هەیە؟ بەڵێ تاقیگەمان هەیە بەڵام بەشێکی قوتابخانەکانیشمان تـاقیگەی نیـیە، ئەم ئامانجـانەی کە لێرە دانراون بۆ ئەوەیە کە وەزارەتی پەروەردە ئیتـارێکی قـانونی لەبەر دەسـت دا بـێ، زیـاتر هەوڵ بدات کە تاقیگەکان بەهێز بکات، ئەوەی مامۆستا أبوبکر فەرمووی، ئێمە لەگەڵ پێشـنیاری یەکەمــین کە بەس تەنهــا تــاقیکردنەوە نەبــێ، هەڵســەنگاندن بــێ، بــۆیە ئەوە لە ڕێبەرێــك بە پەیڕەوێــك ئەوە دەردەچێــت، بەڵام ئەو خــاڵەی دیــکە (وەرگــرتن لە زانکۆکــان) ئەوە عایــدی وەزارەتی خوێندنی باڵایە و پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، ئەوەی کاك جلالیش فەرمووی پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری پەروەردە، ماددەی (١٦) بخوێننەوە بەڕێزان، دوو دەقەی هەیە، هەشت دەقەمان دا پێی بۆ ئەوەی وەڵامتـان بـداتەوە، سـەبارەت بە مـاددەکە هەر چیتـان هەبێ دەبێ وەڵام بداتەوە، فەرموو بیخوێننەوە ماددەی (١٦).

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

تەوەری سێیەم:

بەشەکانی خوێندنی ئامادەیی:

ماددەی (١٦):

١-قۆناغی خوێندنی ئامادەیی لە بەشی زانستی، وێژەیی، پیشەیی پێك دێت.

٢-بەشی زانستی و وێژەیی هەر یەك لە پۆلەکانی دەیەم، یازدەم، دوازدەهەم لە خۆ دەگرێت.

٣-بەشی پیشەیی لە بەشی جۆراو جۆر پێك دێت کە ئەنجومەنی وەزارەت بڕیـاری لـێ دەدات و پۆلی دەیەم و یازدەیەم و دوازدەهەم لەخۆ دەگرێت.

٤-ئەنجـومەنی وەزارەت بەپێـی پێـوەری بڕیـار لێـدراوی ئەنجـومەنەکە بڕیـاری وەرگرتنـی خوێندکارانی پۆلی دەیەمی خوێندنی ئامادەیی دەدات و دەتوانێ لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندن و شایستەیی بەسەر بەشەکانی زانستی، وێژەیی، پیشەیی دا دابەشیان بکات.

٥-ئەنجومەنی وەزارەت دەتوانێت پاش ئامادەکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بەشەکانی زانستی و وێژەیی بەپێی پسپۆڕی دابەشیان بکات.

٦-ئەنجومەنی وەزارەت دەتوانێت بەپێی پێویستی خوێندنگەی ئامادەیی، پیشەیی، حکومی بـۆ پەیمانگای پەروەردەیی پیشەیی پێنج ساڵە بگۆڕێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کێ قسەی هەیە لەسەر مـاددەی (١٦)؟ بـدریە خـان، کـاك دیـاری، کـاك سـیپان، د.إسماعیل، مامۆستا أبوبکر، مژدە خان، مامۆسـتا عمـر، سـەرچنار خـان، هەڵـز خـان، مەم برهـان، د.شێرکۆ، کاك زیاد، گوڵستان سعید، کاك فیصل، کـاك مـلا ناصـر، شـیرین خـان، کـاك بهجـت، کـاك جلال، ڕۆژان خان، کاك شێخ ظاهر، کاك هێڤیدار، لیزا خان، کاکم شێخ ظاهر، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦) لە خاڵی سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم هاتووە باسی ئەنجومەنێك دەکـات، من تەماشام کرد لە سەرەتا پێناسەی ئەم ئەنجومەنە نەکراوە، هەرچەندە لە ماددەی (١٦٠) باسـی پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە و دەسەڵاتەکانی ئەو ئەنجومەنە کـراوە، بەڵام لە ڕووی صیاغە کـردن وا باشـترە کە پێناسـەی ئەنجـومەنەکە بکـرێ ئینجـا باسـی ئەرکەکـانی ئەنجـومەن بکـرێ، بـۆیە پێشنیار دەکەم لەم ماددەیە پێناسەی ئەنجومەن بکرێت ئینجا ئەرکەکـانی دیـاری بکرێـت، خـاڵی پێـنجەم ئەنجـومەنی وەزارەت دەتوانێـت پـاش ئامـادەکردنی بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەتـی خوێندنی باڵا بەشەکانی زانستی و وێژەیی بەپێی پسپۆڕی دابەش بکات، لێرە پرسـیار دەکەم کە

مەبەست لە پسپۆڕی چییە؟ ئەگەر مەبەست لەوەیە کە ئامادەیی و وێژەیی یە ئێ خۆ هێشتا پسپۆڕیان دیاری نەکرایە، چۆن دیاری دەکرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك جلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ماددەی (١٦) شەشەم، لە هەموو دونیا گرنگییەکی یەکجار زۆر بە ئامادەیی پیشەسازی، بازرگانی، کشتوکاڵی دەدرێت، خۆزگە بە جددی بیر لەوە دەکراوە کە پەیمانگای پەروەردەی پیشەیی پێنج ساڵەش، چونکە وەك دەزانین ئێمە وڵاتێکی کشتوکاڵین، وڵاتێکی پیشەسازین، لە هەموو ڕوویێکەوە پێشکەوتووین، یەعنی ئەوە لە وڵاتی میسر جیرانی خۆمانە ئەوەندە شانازی دەکەن کە دەڵێن (خریج كلية التجارة)، یان (صناعة)، بۆیە گرنگە بەڕاستی پەروەردەی پیشەیی پێنج ساڵە بێت لە جیاتی سێ ساڵە بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بەو سێ بەشە بدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك بهجت ، فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی إبراهیم:**

**ب ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشەکانی خوێندنی ئامادەیی (١٦) خاڵی چوارەم، حەقەت لڤێرە ئەنجومەنێ وەزارەتێ پشتگیری یا کاك شێخ ظاهری دکەم، پێتڤیا بهاتبا پێناسە کرن کە چییە، بەس لڤێرە ئەنجومەنی وەزارەت سەر بنەمای هەڵسەنگاندن و شایستەیی، قوتابی و خوێندکارا دابەش کە سەر بەشێت زانستی، وێژەیی، پیشەیی، ئەز پێشنیاری دکەم بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە لڤێرە ئیعتیمادێ بکاتە سەر نمرێت دەرچوویێت قوتابی، یەعنی پۆلا (٩) مەسەلەن ل مادێت زانستی بۆ نمونە ئەگەر قوتابییەکی دەرەجێت وی فیزیایە، کیمیایە، ئەحیایە، یان بیرکارییێت باش بن دەرەجێت وی، تەوجیە بکەن بچیتە بەشەکی ئەدەبی، وە بەر عەکسی وێ ژی، هەروەسا بۆ بەشێ دی ژی، بەو شێوەی لێبێتن (بنەمای هەڵسەنگاندن و شایستەیی و نمرەکانی قوتابی دەرچووی پۆلی (٩)ی بنەڕەتی و ئارەزووی قوتابیش بەرچاڤ بێتە گرتن)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ڕۆژان خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان إبراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

بڕگا (٤) ژ ماددا (١٦) مە حەز دکەن زێدەتر وەزیرێ پەروەردەیێ ڤێ ڕوونکردنی سەر بداتن، بۆمە حەمی یا جهێ گومانێیە، ئەڤ هەڵسەنگاندنە عەجەبەن ئیجباری یە؟ وەلێ دکاتن حەتا نووکە مەسەلەن تۆ بەشی وێژەیی یان زانستی ئیختیار کەی، ئیختیاری یە، من نزانم ئەڤ

ئەنجومەنە وە لێدەکەتن ببیتە ئیجباری دیقی هەڵسەنگاندنێ، هەمان بۆچوونا کاك بهجت و کاك شێخ ظاهری، پشتگیری یا ئاخافتنێت وانە دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك زیاد، فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی (٥) دیارە لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا تاوەکو ئێستاش وایە، ڕاستە وێژەیی و زانستی لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەرگیراون، بەڵام بەشێك لە پیشەییەکانی جێگە کراونەتەوە کە ئەوانەی خواستییان هەبووە، تمووحی ئەوەیان هەبووە بچن لە زانکۆ بخوێنن، بەڵام لەم بڕگەیە وا دەرکەوتووە کە تەنیا وێژەیی، فورسەتێکی نەهێشتۆتەوە بۆ پیشەییەکان، لەبەر ئەوە پێویست دەکات بە شێوەیەك لە شێوەکان پیشەییەکانیش لەگەڵ وێژەیی و زانستییەکان ناوی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، گوڵستان خان، گوڵستان سعید، فەرموو.

**بەڕێز گلوستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٦) بڕگەی (١) کە ئاماژە بە بەشی زانستی و وێژەیی و پیشەیی دەکات، پێم باشە ئاماژە بکرێت بە ئامادەیی و پەیمانگا پەروەردەیی و پیشەییەکان، چونکە ئەوە زۆر گرنگە، ئێمە پەیمانگاشمان هەیە کە پێنج ساڵییە لە (٣)ی متەوەستەوە ئەڕۆن، لە (٩)وە ئەڕۆن، سەبارەت بە بڕگەی (چوارەم) پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێز کاك شێخ ظاهر، کاك بهجت، ڕۆژان خان دەکەم، سەبارەت بە بڕگەی (پێنجەم)یشیان پشتیوانی لە قسەکانی کاك زیاد دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، شیرین ئەمین، شیرین خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٦) بڕگەی (یەکەم) پشتگیری لە قسەکانی گوڵستان خان دەکەم، سەبارەت بە بڕگەی (سێهەم) کە دەڵێ بەشی پیشەیی لە بەشی جۆراوجۆر پێك دێت کە ئەنجومەنی وەزارەت بڕیاری لێ دەدات و پۆلەکانی دەیەم و یازدەیەم و دوازدەیەم لە خۆ دەگرێت، پێشنیازی ئەوە دەکەم سەبارەت بەو بڕگەیە بۆ چەسپاندن و گرنگیدان بە بەشی پیشەیی پێویستە دەرماڵە یاخود هاندانێك بۆ خوێندکار دابین بکرێت، بۆ ئەوەی ڕوو لەو بەشە بکەن، سەبارەت بە بڕگەی (چوارەم) کە بە پێی ئەو بنەمای هەڵسەنگاندنە کە بۆ بەشەکانی با بڵێین زانستی و وێژەیی و پیشەیی دابەش دەکرێت، ئەم دابەشکارییە بۆ وێژەیی و زانستی و پیشەیی ڕاستی ڕەنگە ناهاوسەنگی دروست بکات، لایەنی کەم هیچ نەبێت بەپێی توانستی

زانستی و خولیا بێ، چونکە لەو وڵاتەی ئێمە تاوەکو ئێستاکە دەتوانین بڵێین خولیا زەربی صفر کراوەتەوە بەوەی کە تۆ خواستێکت هەبێ لەسەر بەشێك، ڕەنگە تموحت هەبێ و هەوڵی زیاتری بۆ بدەی وەك ئەوەی کە فەرز بکرێت بەسەرت دا، بۆیە پێشنیازی ئەوە دەکەم لایەنی کەم یان لە ڕێگەی لیژنەیەکی مەعنییەوە کە دروست هەڵسەنگاندن بۆ توانای ئەو خوێندکارە یان ئەو فێرخوازە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك فیصل، فەرموو.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، وەڵلا من لە ماددەی (١٦) پێشنیار دەکەم خاڵی (چوارەم) و (پێنجەم) لابرێت، خاڵێکی تر دابندرێت بەم شێوەیەی لێ بێت (خوێندکار سەرپشك بکرێت لە دەستنیشان کردنی هەر بەشێك لە بەشەکانی زانستی، وێژەیی، پیشەیی، پشتگیری لە قسەکانی کاك شێخ ظاهر، کاك بهجت، ڕۆژان خان، کاك زیاد دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك ملا ناصر، فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر أحمد علی:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٦) من پێشنیار دەکەم خاڵی (٤) و (٥) لابرێ، ئەو دابەشکارییە لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەت بۆ بەشەکانی زانستی و وێژەیی و پیشەیی ناهاوسەنگی دروست دەکات، خاڵێکی نوێ بەم شێوە دابنرێت (خوێندکار ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی بەشەکانی وێژەیی و زانستی و پیشەیی)، پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا زیاد و کاك فیصل و برادەرانیش دەکەم لەسەر ئەو خاڵە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بدریە خان، فەرموو.

**بەڕێز بدریە إسماعیل محمود:**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا منیش سەبارەت بە کۆی پرۆژە یاساکە لەگەڵ دەستخۆشی زۆرم بۆ هەردوو لیژنەی ئامادەکار، زۆرێك لە ماددەکان یان یەك تەوەری لە خۆ گرتووە، یان یەك دێڕی لە خۆ گرتووە، ئەگەر بکرێ بە چەند برگەیەکەوە باشترە، تۆزێك چۆن دەڵێی کورتتر دەبێتەوە، سەبارەت بە ماددەی (١٦) بۆ خاڵی (یەکەم) پشتگیری لە قسەکانی گوڵستان خان دەکەم، بەڵام کە هەر خاڵی

(یەکەم) دەڵێ لە بەشی زانستی و وێژەیی و پیشەیی، من پرسیارێك لە جەنابی وەزیر دەکەم ئەی خوێندنی ئیسلامی چی لێ دێت؟ ئایا چۆتە سەر ئەوقاف؟ یاخود نا؟ سەبارەت بە خاڵی (چوارەم) پشتگیری لە قسەکانی شیرین أمین دەکەم، پشتگیری لە قسەکانی کاك زیادیش دەکەم، بۆ خاڵی (پێنجەم)یش بەڵێ کاك زیاد باسی پیشەیی کرد، ئەگەر خوێندنی ئیسلامی نەچۆتە سەر ئەوقاف، جەنابی وەزیر باس لە بڕوانامەی خوێندنی ئیسلامی دەکات بە هاوتایە بە بڕوانامەی وێژەیی، مەمنوونم ئەگەر وەڵامم بداتەوە ئایا سابت بووە و چۆتە سەر وەزارەتی ئەوقاف؟ دەستتان خۆش بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك دیاری، فەرموو.

**بەڕێز دیاری أنور حەمە رحیم:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی (١٦) بەڕێز وەزیری پەروەردە وێڕای دەستخۆشیم، بەڵام پرسیارەکەم ئەوەیە لە کاتی جیاکردنەوە بڕیاردانی وەزارەت بۆ وێژەیی و بۆ ئامادەیی تا چەند؟ یەعنی من لەگەڵ ئەوەدام تواناکانی خۆی، چەند لە وێژەییەکان دا باش بووە و چەند لە زانستییەکان باش بووە، ئەوە یەکێك لە پێوەرەکان بێ بۆ بڕیاردان لەوەی کە ئەم قوتابییە، ئەم خوێندکارە دەچێتە ئەدەبی یان دەچێتە وێژەیی، بەڵام پێشنیاز دەکەم کە ئارەزوومەندانە بێ، ئارەزوومەندانە یەکێك بێ لە مەرجەکان، واتا ئەگەر خۆی ئارەزووی هەبێت لەوەی کە بچێتە وێژەیی، بەڵام دەرەجەی وێژەییەکەی ئەو ستاندارد و پێوەرانەی کە دانراون بۆ وێژەیی هەبێت، ئەو کاتە قەرار بدرێ نەك بسەپێنرێ بەسەری دا، چونکە لە ماددەی (٢٠)دا دەڵێت کاتێك ویستی بەشەکەی بگۆڕێت بۆ نمونە بەشەکەی بگۆڕێت، بۆ ئەوەی نەچێتە ئەم حاڵەتە سەرەتا جۆرێك لە ئارەزوومەندانەی تێدابێت، بۆ ئەوەی دوایی بیر لەوە نەکاتەوە بەشەکەی بگۆڕێت بڵێ بە زۆر دایانناوم، ڕوونە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك سیپان، فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

ل مادده (١٦) (یەکەم) هەمان پرسیارا بەدریە خانێ دکەم کو وایە خاندنێن ئیسلامی ب تەمامی چووینە سەر وەزارەتا ئەوقافێ یان نا؟ لە بڕگا (٥) پشتگیریا گوتنێت کاك زیادی دکەم، لە خاڵا (٤) وەکو زۆربەیا بەڕێزان ئاماژە پێ دا کە ئایا ئەڤ بنەما هەڵسەنگاندنێ و شایستە بوونێ بە چ شێواز؟ ئەگەر ڕوونکردنەوە زێدەتر جەنابی وەزیری پەروەردە بداتن ژ بۆ وەی کە هەم خوێندکاری ژی بزانی، هەم ئەمی ژی بزانین کە شێواز و میکانیزم دەبی چ ڕەنگ بیتن؟ گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعیل علی طه:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

خالا (١) جەنابی وەزیری مە دوو خاندنی تەنیشت یەك بێتە فەرق کرن، مە هەندە مەدارس هەبوون سەر ئەوقافی هاتنە سەر تەربیە، جارەکادی زڤرێ نەڤا ئەوقافێ، مە نە بەحسێ وێیە، مە خاندنەکا هەی تەربیێت هەبووە خاندنێت ئیسلامی (أعدادیة الدراسات الإسلامیة) کو دەرچوویێ وان مەدارسە مە، مەدارسێت ئەعدادییێت ئیسلامی سەر ب تەربیە ڤێ بوون، ئەو مەدارس چ لێهاتن؟ مەصیری وانە؟ دیڤ ڤێ یاسایێ مەعنەوێ نەماینە، نە مەدرەسا دینی، مەخصەدا پێ هەو نینە، ئەو مەدرەسا دینی یە وە سەر ب سەر ب ئەوقافێ، هاتیە سەر تەربیە، جارەکا دی بڕیار هاتە دان زڤری تە ڤە، ژ بلی ڤانا مەدارس هەبوون (ثانویة الدراسات الإسلامیة)، جا هەندا باژێرا (ثانویة)بوو (١)ێ متەوەستێ حەتا (٦)، هەندە عەردا ژی بەس ئامادەیی بوو، ئامادەییا ئیسلامی، ئامادەییا دیراساتی ئیسلامی، ئەڤها مەصیری ڤان ئامادەییا، یەعنی ئەز حەز دکەم جواب ئەو نەبیت ئەڤ مەدارسێت ڤێ دی ما یەکی زڤرینە ڤێ ئەوقافێ، ئەو یا مەعلومە، ئامادەییێت ئیسلامی (ثانویة الدراسات الإسلامیة) کو بەشەك بوون، پشکەك بوون، ژ سیستەمێ تەربیێ، تابعی تەربیێ بوون هەر ژ سالێت حەفتێ دا، ژ سالێت حەفتێ دا حەتا دگەل وێ، ئەو مەدارس چ لێهاتن؟ مەصیری ئەوانە دی ڤێت مەعنەوی نەماینە، بۆچی نەماینە؟ بۆ نامینی؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك مەم، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٦) پێشنیاز دەکەم بڕگەکانی (دووەم) و (سێیەم) لابرێ، بڕگەی (یەکەم) بەم شێوەی لێ بکرێ (قۆناغی خوێندنی ئامادەیی لە بەشی زانستی، وێژەیی، پیشەیی پێك دێت و هەر یەك لە پۆلەکانی دەیەم، یازدەیەم و دوازدەیەم لە خۆ دەگرێت)، (چوارەم) تەبعەن بڕگەی چوارەم دەبێتە بڕگەی (دووەم)، ئەنجومەنی وەزارەت لابرێ یەکسەر وا داخیل بین، بەپێی پێوەری بڕیار لێدراوی ئەنجومەنی وەزارەت بڕیار لە وەرگرتنی خوێندکارانی پۆلی دەیەمی خوێندنی ئامادەیی دەدرێت، دەتوانێت وشەی (دەتوانێت) لێرە لابرێ، یەعنی دەشتوانێ نەیکات، یەعنی ئیختیاری یە، بۆیە ئەوە پێویست دەکات ئەمر بێ لێرەدا، دەتوانێت نا، یەکسەر بووترێت لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندن و شایستەیی بەسەر بەشەکانی زانستی و وێژەیی و پیشەیی دا دابەش دەکرێن، ئەوە یەعنی ئەمرە، بە نیسبەت بڕگەی (پێنجەم) دەبێتە بڕگەی (سێیەم) دیسانەوە دەتوانێت لابرێت چونکە وەکو پێشتر باسم کرد کە مەسەلەکە ئیختیاری دەبێت، بۆیە بۆ ئەنجومەنی وەزارەت نابێ ئیختیاری بێ لێرەدا، ئەنجومەنی وەزارەت پاش

ئامادەكاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بەشەكانی زانستی و وێژەیی بەپێی پسپۆڕی دابەش دەكات، شەشەمیان هیچم نییە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ كاك مەم زۆر سوپاس، سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بڕگەی (یەكەم)دا منیش پشتگیری لە بەڕێزان بدریە خان و كاك د.إسماعیل دەكەم، لەسەر ئەوەی كە خوێندنی ئیسلامی چی لێهاتووە؟ ئەگەر چۆتە سەر وەزارەتی ئەوقاف ڕوونكردنەوەمان بدەنێ؟ ئەگەر نا دەبێ لێرە لە دوای بڕگەی یەكەم كە دەڵێ (قۆناغی خوێندنی ئامادەیی بەشی زانستی، وێژەیی، پیشەیی، خوێندنی ئیسلامی پێك دێت) ئەگەر چووبێتە سەر وەزارەتی ئەوقاف ڕوونكردنەوەمان بدەنێ، چونكە ناكرێ بە موعەلەقی ئەم بابەتە بمێنێتەوە، سەبارەت بە تەوەری سێیەم كە نووسراوە بەشەكانی خوێندنی ئامادەیی، یەعنی دەبێ بەشی خوێندنی ئامادەیی بێت، یەعنی بڕگەی یەكەم و بڕگەی دووەم دەگرێتەوە لەگەڵ بڕگەی سێیەم دا، ئەمما بڕگەی چوارەم و پێنجەم و شەشەم كە ئەنجومەنی وەزارەتە و لە ماددەی (١) بڕگەی پێنجەم باسی ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردەی كردووە دەبێ بچێتەوە سەر ماددەی (١٦١)ی ئەم یاسایە، چونكە لەوێ باسی ئەنجومەنی وەزارەت دەكات، ئەوەش لە ئەركەكانی ئەنجومەنی وەزارەتە نەك لە بەشەكانی خوێندنی ئامادەیی دا بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لیزا خان، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە بۆچوونەكانی كاك دیاری دەكەم، بڕگەی چوارەم لە ماددەی (١٦) تەناقوز لەگەڵ ماددەی (٢٠)دا دروست دەكات، چونكە لێرە لە بڕگەی چوارەم دەڵێ ئەنجومەنی وەزارەت بەپێی پێوەر بڕیار دەدات كە قوتابییەكە بچێتە چ بەشێك، بەڵام لە ماددەی (٢٠) دەڵێ خوێندكاری ئامادەیی مافی گۆڕینی بەشەكەی هەیە بۆ بەشێكی تر، بۆیە پرسیار لە جەنابی وەزیر دەكەم، ئایا ئەم ماددەیە و ئەم بڕگەیە چۆن دەتوانین ببنە تەواوكەری یەكتر؟ زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس لیزا خان، كاك هێڤیدار، فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار أحمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦) ماددەیەكی گرنگە، حازری قوتابی یە بۆ خوێندنی باڵا، من پرسیارم هەیە لە بەڕێز جەنابی وەزیر، بەشی سێیەم، یەعنی ئێستا ئەم ماددەیە دوو ڕەهەندی هەیە، خوێندنی میهەنی

یە و پێی دەڵێن مەدەنی دەچیتە کولیەکانی دیکە، کە زۆربەی تەڵەبەکانی مە ئێستا لەو کولیانەی تـر دەخـوێنن، قـانونە و علـوم سیاسـەیە و (طـب)ە و ئەوانە، بەشـی پیشـەیی چـۆن پۆلێنتـان کـردییە؟ چەنـد بەشـە؟ یەعنـی ئەم پیشـەیی یە وەختـی خـۆی مـن لە (٣)ی متەوەسـتە بـووم دەیـانگوت لە زاخـۆ ئەعـدادیەتی صـناعە هەبـوو خەڵـك لەوێ گلـۆپ دروسـت دەکـات، یەعنـی باشترین تەڵەبەکانی زۆرترین نمرەی هەبوو، دەچوویە ئامادەیی زراعە لە زاخۆ، کشتوکاڵ، ئێستا نەمـاوە، شـوکر، ئینجـا ئەو بەشـەی کە ئێـوە باسـی دەکەن پیشـەییەکە چـۆنە؟ چـۆن تەتەوری دەکات؟ ئەوە بناغەیەکی باشە بۆ هاندانی قوتابییەکانی ئێمە، بۆ دروست کردنی کارگە، دەسـتی کـار، یەعنـی لە دهـۆك لەبیـرمە شـەقامی خەیـات هەبـوو، شـەقامی حەدادەکـان هەبـوو، ئـی نەجارەکان هەبوو، یەعنی هی پیشەیی بوو، ئێستا بەس ناوەکەی ماوە پیشەکەی تێیـدا نەمـاوە، لە زاخۆ باشترین ئامادەیی پیشەسازی و زراعە هەبوو ناوی نەماوە، هەیە بەس ناوی نییە، ئینجا ئەم پیشەیی یە ئەگەر جەنابت بۆمە ڕوون بکەیەوە چۆنە؟ دەتانەوێ فیکـرە چیـیە لێـی؟ چەنـد تەتەور بکەن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، روبینا خان، فەرموو.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (١٦) بـڕگەی (٤) دەڵێـت (ئەنجـومەنی دەتـوانێ لەسـەر بنەمـای هەڵسـەنگاندن بەسـەر بەشـەکانی زانسـتی، وێژەیـی، پیشـەیی دا دابەش دەکـات) ئایـا قوتـابی بەشـی خـۆی هەڵنابژێریت بۆ وێژەیی یاخود زانستی؟ ئەگەر جەنـابی وەزیـر لەسـەر ئەم مـاددەیە تەوزیـحەك بدات، مەبەستی چییە ئەنجومەن دابەش دەکات؟ بە چ میکـانیزم دابەش دەکـات؟ لەگەڵ ڕێـزم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، هەڵز خان، فەرموو.

**بەڕێز هلّز أحمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

سەبارەت مادده (١٦) (یەکەم) پشتگیریا سەرچنار خان و بدریە خان و کاك سـیپان و د.إسـماعیل دکەم، تەوزیحەك هەبیتن سـەر خانـدنا ئیسـلامی، مـاددا (٢) دگەل مـاددا (١) بێـتە دەمـج کرنـێ، پشـتگیریا مەم برهـانی دکەم، سـەبارەت خـالا (٤) و (٥) و (٦) پشـتگیریا سـەرچنار خـانێ دکەم، چونکی ئەڤە ئەمە ماددا (١٦١) هەی ئەرکێ ئەنجومەنی وەزارەتێ چووبـانە وی ئەخیـر دا باشـتر بیتن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.شێرکۆ، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا هیوادارم جەنابت ڕێ بـدەی کە بەڕێـز وەزیـری پەروەردە وەڵامـی هەمـوو پێشـنیارەکان بداتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڵێ هەر ماددەیەك دوو دەقەیە، ئێمە پێنج دەقەشی دەدەینێ.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

لەبەر ئەوەی کە کـاتێ کە طەرحێـك دەکەیـن بە سـی سـاڵ ئەزمـوونەوە لەسـەر کەسـایەتی ئەم هەرێمـی کوردسـتانە، مرۆڤـی ئەم هەرێمـی کوردسـتانە، طەرحێـك دەکەیـن، لەبەر ئەوەی ئەم پەرلەمانە یەك دەقەی زیاتری نییە کە بەپێی پەیڕەو ناکرێ تەقیدی مومەسیلی حکومەت بکـرێ بە وەقت بۆ وەڵامدانەوە، یەك دەقەی تری نییە، ئەو کەسـایەتی یە داڕمـاوە خەمێکـی بخـۆین و پێشنیاری بۆ بکەین و بخرێتە بەرنـامەی کـارەوە، هەروەهـا داواکـارم یەکەم/ بەڕێـزان لە لیـژنەی پەیوەندیدار دڵنیامان بکەنەوە کە طەرحەکانمان دەنووسن، کاتێ کە سـێ پەرلەمانتـار پشـتگیری دەکەن، چونکە ئەوە زۆر گرنگە، دوو/ ئەوە ڕەئی حکومەتە، یەعنی ڕەئی حکومەت دەبێ لەسـەر هەموو پێشنیارێك هەبێ..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شـێرکۆ کۆبـوونەوەی دوێنـێ مـن لێـرە نەبـووم، هەر ئەنـدامێکی فراکسـیۆنەکەی بەڕێزتـان وتووتانە بەپێی پەیڕەو دوو دەقەیە، بۆچی نیو سەعاتی دەدەیتێ؟

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

من طەرحم کردووە، بەڕێز وەزیر وەقتی نەبووە وەڵامم بداتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ نازانین ئێمە چی بکەین؟ پەیڕەو دەڵێ دوو دەقە.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

یەعنی ڕێی لێ مەگرن، چونکە بەپێی پەیڕەو ناتوانی بڵێی وەقتت نەماوە بە نوێنەری حکومەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چۆن ناتوانم؟ ماددەکە دەڵێ دوو دەقەی دەدرێتێ بۆ هەر ماددەیەك، چـۆن نـاتوانم؟ دەتـوانم بە سەرۆکی حکومەتیش بڵێم کاتت تەواو بوو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

کەوابێ ماددەکان وا دیزاین بکەنەوە کە مەجال کورت بێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ باسی موستەقبەل دەکەی کاك شێرکۆ، قسەی خۆت بکە.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

ئێستا دێمە سەر خاڵەکەی خۆم، پەروەردەی ئیسلامی مەوزووعی ئەوەی کە چۆتە سەر ئەوقاف، پەروەردە و خوێنـدن ئیختیصاصـی وەزارەتـی پەروەردەیە، چـۆن ئەوە دەدرێـتە وەزارەتـی ئەوقاف کە ئیختیصاصی ئەو نییە؟ لەولاشەوە وەزیری ئەوقـاف کتـاب دەردەکـات دەڵـێ ئەوەی پسپۆڕ نەبێ نابێ قورئان بڵێتەوە، خۆشی موومارەسەی ئیشێك دەکات کە ئیختیصاصی ئەو نییە، کە پەروەردە و خوێنـدنە، بـۆیە تەنهـا نەك ئیعـدادیاتی ئیسـلامی، کە ئەوە یەعنـی داوای وەڵام دەکەیـن لەسـەری، تەنـانەت تەرحیـل کردنـی بـۆ وەزارەتـی ئەوقـافیش جێـی پرسـیارە، چـۆن وەزارەتــی ئەوقــاف مومارەســەی ئیختیصاصــی پەروەردە و خوێنــدن بکــات لە کاتێــك دا ئیختیصاصی وەزارەتێکی تـرە کە وەزارەتـی پەروەردەیە؟ بـۆ دەنێـرێتە سـەر وەزارەتێکـی تـر؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ماددەی (٨٨) بڕگەی (دووهەم) (ئەگەر لە کاتی گفتوگۆ کردنی پـڕۆژە یان پێشنیازەکە وەزیری پەیوەندیدار ئامادەبوو دەتوانێ لە بارەی هەر ماددەیەکەوە دوو خولەك بـدوێ، ئـێمە وتوومـانە پێنجـیش کە موخالەفەمـان کـردووە، لە سـەرووی پێنجەکەشـەوە سـێ دەقەی تر، هەشت دەقە قسەی کردووە، ماددەکە وا دەڵێ، بەڕێزان هەموارێك بۆ پەیڕەوی ناوخۆ پێشـکەش بـکەن، بڵـێن کـاتی ئەنجـومەنی وەزیـران و وەزیـرە بەڕێزەکـان کـراوە دەبـێ لە کـاتی قسەکردن لە هۆڵی پەرلەمـان، بەڵام چەنـدین جـار وتووتـانە وەزیرەکـان زۆر درێـژدادڕی دەکەن، مامۆستا أبوبکر، فەرموون.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران لە بارەی هەمـوو خوێنـدنی پیشـەیی و خوێنـدنی ئیسـلامی، بـۆیە پشـتگیری سەرچنار خان و کاك زیاد و کاك دیاری و خاتوو شیرین ئەمین و کـاك مەلا ناصـر و کـاك سـیپان و د.إسماعیل دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا عمر، فەرموون.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن سـەبارەت بە بـڕگەی (چـوارەم) تەبـعەن میکـانیزمە خـراوەتە ڕوو، بـۆ ئەوەی عیلاجـی ئەو میکـانیزمە بـێ کەوا تێنەگەیەنـرێ کە ئەنجـومەنی وەزارەت بە ئیجبـاری یـان لەسـەر بنەمـای هەڵسەنگاندن بەشەکان دابەش دەکات، وشەی خواستی خوێندکاری بۆ زیاد بکرێ، واتا دەتوانێت لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندن و شایستەیی و خواستی خوێندکار، سەبارەت بە بـڕگەی (پێـنجەم) پـاش ئامادەکـاری و هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا، تەبعەن ئەو بـڕگەیە زۆر زۆر

گرنگە، بەڕاستی من حەزم دەکرد ئەم یاسایە نەك (١٧٦) مادده، (٤٠٠) ماددەش بوایە و خوێندنی باڵاشی پێکەوە کۆکردبایەوە، بۆ ئەوەی پەروەردە و خوێندنی باڵا وەکو سیستەمێکی موتەکامیل بەیەکەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، بەداخەوە نەبوونی ئەم هەماهەنگی و پێکەوە کارکردنەی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا کە لە کابینەکانی ڕابردوودا ڕەنگدانەوەی سیاسیشی هەبووە، یەعنی زۆربەی کات، ئەگەر نەڵێم هەر هەموو کابینەکان وەزیری پەروەردە لە حزبێك بووە، خوێندنی باڵا لە حزبێکی تر بووە، ئەمە ڕەنگدانەوەی بووە لەسەر پێکەوە کارنەکردن و هەماهەنگی وەزارەتەکان، لە کاتێك دا ئێمە ئەو منداڵەی لە شەش ساڵی دەینێرینە پۆلی (١)ی سەرەتایی ئەمانەوێ بەیەکەوە هەموو ئەو سیستەم و مەنهەجەی تا زانکۆش تەواو دەکات هەموو موتەکامل بێ، ئەو ئینسانە صالحە، دروستە، خزمەتکارە، یاسا دۆستەی کە ئەمانەوێ دروستی بکەین، هەموو بەیەکەوە دەتوانین دروستی بکەین، هەم پەروەردە و هەم خوێندنی باڵا، بۆیە ئەم بڕگەی پێنجەمە زۆر زۆر جوان و زۆر زۆر چاکە، تەنانەت ئەگەر لە ئامانجەکانیش بوایە من هەر پێی ڕازی بووم، بەڵام ئایا وەزارەتی پەروەردە هیچ پرۆژەیەکی لەم جۆرەی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا تاوتوێ کردووە؟ چونکە ئەوەش ئەوەی کاك أبوبکر لە ماددەی پێشوو موناقەشەی کرد تەقریبەن ئەوەش حەل دەکات، کە بەشەکانی زانستی و وێژەیی بۆ بەشی وردتر جیابکرێنەوە، ئێستا دەزانین کە قوتابی و خوێندکار دەکرێ بە هەڵسەنگاندن، پسپۆڕانەتر، باشتر، بابەتیبانەتر بۆ ئیختیصاصەکانی لە زانکۆ ئامادە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس مامۆستا عمر، مژدە خان، فەرمووو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٦) پشتیوانی لە قسەکانی کاك د.شێرکۆ و کاك سیپان و د.إسماعیل و بدریە خان و مامۆستا أبوبکر و هەڵز خان و سەرچنار خان دەکەم سەبارەت بە خوێندنی ئیسلامی، من پێموایە خوێندنی ئیسلامی خوێندنە و ڕەبتی بە وەزارەتی تەربیەوە هەیە، بۆچی دەخرێتە سەر وەزارەتی ئەوقاف؟ چونکە ئەوە تەربیەیە، سەبارەت بە خاڵی (دووەم) پێشنیار دەکەم وشەی پیشەیی بۆ زیاد بکرێ، چونکە لە خاڵی سێیەم دا دێڕێك هەر بە زیادە نووسراوەتەوە، وەزیر باسی ئەوەی کرد کە ئەو پرۆژەیە بۆ لەبەرکردن نییە، ڕاستە منیش دەزانم، هەموومان دەزانین کە بۆ لەبەرکردن نییە، نەخوێندەوارێکیش ئەوە دەزانێ، بەڵام یاسایەکی کرچ و کاڵ و بەس لەبەر دوور و درێژکردنەوە، ئێستا بەس بە زیادکردنی وشەی پیشەیی لە بڕگەی دووەم دا خاڵی سێیەم حەل دەبێ، یەعنی ئەوە دێرێکی لێ زیادە، سەبارەت بە خاڵی (چوارەم) پێشنیار دەکەم ئارەزوومەندانە بێ، چونکە لە خاڵی (٢٠)دا کە دەڵێ خوێندکار مافی گۆڕینی بەشەکەی هەیە، هەم کێشە بۆ خوێندکارەکە دروست دەبێ، هەم کێشە لەوانەیە بۆ ئامادەییەکە دروست بێ، هەم ڕۆتینیات بۆ وەزارەت دروست دەبێ، پێشنیار دەکەم ئەو

بڕگەیە ئارەزوومەندانە بێ، سەبارەت بە خاڵی (٥) وشەی (دەتوانێت) لابرێت و لە کۆتایی دا وشەی (بکات) بکرێتە دەکات، ئەی بۆچی پیشەیی لێ جیاکراوەتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، پێش ئەوەی دەرفەت بدەین بە بەڕێز وەزیر بۆ ئەوەی قسە بکات، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە نووسینەوەی تێبینییەکان ڕوونکردنەوەیەکی داوە بە سەرۆکایەتی دەمانەوێ باسی بکەین، بەڕێزیان نەك بۆ ئەم قانونە، بۆ هەموو قانونەکان تۆماری دانیشتنی پەرلەمان دەباتەوە بۆ ماڵەوە، هەموو ئەندامێکی پەرلەمان هەر قسەیەکی وتبێ دەینووسێتەوە، دەقەی چەند بووە، سانییەی چەند بووە، دەینووسێتەوە، چەند ئەندامی پەرلەمان پشتگیری ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی کردووە دەینووسێتەوە، هەر پێشنیارێکی ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان کەسی کۆتایی و پێش کۆتایی بێ دەینووسێتەوە، هەر هەمووی دێنێتە ناو کۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی، ئینجا عەرز دەکرێ، واتا هیچ شتێك نییە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بیڵێن و پێشنیاریان هەبێ و پشتیوانی هەبێ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی تەسجیلی نەکا و نەیهێنێتە بەردەمی لیژنەکە، ئێمە متمانەمان بە سەرۆکی لیژنەی یاسایی هەیە، بەڵێ، بەڕێز وەزیری پەروەردە، فەرموو.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر زۆر سوپاس، سەبارەت بە تێبینی بەڕێزان، سەبارەت بەوەی سانەویەی دیراساتی ئیسلامی نەماوە، سانەوی دیراساتی ئیسلامی دەیان ساڵە نەماوە، لەبەر ئەوەی خوێندنی ئیسلامی لە وەزارەتی ئەوقاف بوو، بەڕێزان بە فەرمانێك خوێندنی ئیسلامی گوازراوەتەوە سەر وەزارەتی ئەوقاف، واتا لەسەر وەزارەتی پەروەردە نامێنێ، ئەوە ئێستا پرۆسەکە لە جێبەجێ کردندایە، لە جیاکردنەوەی میلاك، لە جیاکردنەوەی باڵەخانەکان، لە هەموو ئەو بابەتانە، دەتوانن لیژنەی ئەوقافتان هەیە بۆ خۆتان لە ڕێگەی وەزارەتی ئەوقافەوە موتابەعە بکەن و پرسیار بکەن، پێشتریش لەسەر ئەوقاف بوو، چەند ساڵە هاتۆتە سەر پەروەردە بەڕاستی، ستراتیجی وەزارەتی ئەوقاف من تەوزیحی ناکەم، دەکرێ خۆیان تەوزیحی بکەن، بەڵام لەوە دەچێ مەبەستیان ئەوە بێ لە چوارچێوەی وەزارەتەکەی خۆیان دا پێگەیاندنیان هەبێ بۆ ئەو دەرچووانە، بۆ (أئمة) و (خطباء)کان لە مزگەوتەکان دا، دەکرێ لەوان زیاتر بپرسن بەڕاستی، بەڵام لەگەڵ تیمەکانی ئێمە و ئەو لیژنە موشتەرەکەی کە هەبووە ئێمەش قەناعەتمان هەبوو کە لەلای ئەوان بێ، تەنها وەزارەتی ئەوقافیش نییە کە خوێندنی لەلا بێ، پەیمانگاکانی نابیستانیش سەر بە وەزارەتی کۆمەڵایەتین، پرۆسەی خوێندنە، بەڵام وەزارەتی پەروەردە هاوکاریانە، قوتابخانەکانی، خوێندنگەکانی چاکسازییەکان لە زیندانەکان دا ئێمە (٥٩) مامۆستامان بۆ دابین کردووە کە (٣٦٩) قوتابی و خوێندکاری هەیە، بەڵام وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی سەرپەرشتیان دەکات، ئەو هەماهەنگییانە هەیە، بەڕێزان سەبارەت بەم ماددەیە وابزانم باش لێك تێنەگەیشتنێك لە بابەتی خاڵی (٥) لای کاك جمال و مژدە خان بە تایبەتی هەبوو، دەڵێ (ئەنجومەنی وەزارەت دەتوانێت پاش ئامادەکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵادا بەشەکانی زانستی و

وێژەیی بەپێی پسپۆڕی دابەشیان بکات) باسی پیشەیی نەکردووە لەبەر ئەوەی بەشی پیشەیی خۆی دابەش کراوە بۆ ئەقسام، چوار جۆر ئەعدادیەی پیشەیی هەیە (صناعە، تیجارە، زراعە، سیاحە)، بەڵام نزیکی (٣٠) بەشیان هەیە ئەمانە، ئەوان خۆیان دابەش کراون، بۆیە لێرە باسی پیشەیی ناکات، بەشی پیشەیی خۆی دابەش کراوە، باسی علمی و باسی ئەدەبی دەکات، وەکو عەرزم کردن دەتوانرێ بەشی ئەدەبی بکرێتە بەشی وێژەیی و هەروەها هونەری، دەتوانرێ بەشی عیلمی بکرێتە بەشی ئەحیایی و بەشی تەتبیقی، ئەوە وەکو توانین، ئەگەر وەزارەت بە گونجاوی زانی بە هەماهەنگی لەگەڵ خوێندنی باڵا دەتوانێ ئەو بەرنامەیە دابنێ، سەبارەت بە وەرگرتنی قوتابییان ئەو پێوەرانەی کە دیاری دەکرێن بۆ وەرگرتنی قوتابی لە قۆناغی ئامادەیی کە لێرە نووسراوە، بەڕێزان زۆر موناقەشەیان کرد، بەس کاك مەم پێی پێ برد کە بابەتەکە دەڵێ دەتوانێ وەزارەت ئەوە بکات، یەعنی مەرج نییە وەزارەت بیکات، بەڵام هەر کاتێك وەزارەت بە گونجاوی زانی کە دەرچووانی پۆلی (٩) لەسەر بەشەکانی زانستی یان وێژەیی یان پیشەیی دابەش بکات، بە میکانیزم، بە پێوەر دەتوانێ دابەشیان بکات، ئەی ئەو بابەتەی هەر قوتابییەك دەرچێ ئایا دەتوانێ بچێتە کولیەی (طب) بخوێنێ؟ بۆ چییە؟ بۆ دروست کردنی هاوسەنگی نییە؟ هەر کەسێ دەرچێ دەتوانێ لە بەشی یاسایی بخوێنێ؟ حەتمەن پێوەر هەرە بۆ وەرگرتن، ئەمەش مەبەستەکە لێرە ئەوەیە وەزارەت ئەگەر بە گونجاوی زانی، چونکە ئیتیجاهەکە بەرەو ئاراستەی ناهاوسەنگییەکی زۆر دەڕوا، ئەگەر داتای ژمارەی قوتابییان و خوێندکارانی پیشەیی و وێژەیی و زانستیتان پێ بڵێم (Gap)ێکی زۆر زۆر هەیە بەڕاستی، ئەگەر لە ئایندەش بەم شێوانە بڕوات لەوە دەچێ زۆربەی ئەقسام هەر دابخەین، لەوەیان هیچ ڕەغبەتێکی لەسەر نەبێ، گرنگیدان بە خوێندنی پیشەییش پێویستی بە هەندێ پێوەرە، مەرج نییە ئەو پێوەرانە سەد لە سەد هەمووی پێوەری ئیجباری بن، دیاری نەکراوە، دەڵێ پێوەرەکان ئەنجومەنی وەزارەت دیارییان دەکات، حەتمەن بە هاندانەوە، بۆ ئەوەی کە تۆ قوتابییەك بنێری بۆ خوێندنی پیشەیی دەبێ هانی بدەی، دەبێ ئەو کلتوورە لە کۆمەڵگا کۆتایی پێ بێنین کە خوێندنە پیشەییەکان شمولی ئەو کەسانە بن کە نمرەی باشیان نەهێناوە، ئەنجومەنی وەزارەت لە کاتی خۆی بڕیاری لێ دەدات، بابەتەکە بابەتێکی ئیختیاری یە، هەر تەوزیحەکە لەسەر ئەوە بوو زیاتر کە ببوو بە گرفت بۆ بەڕێزان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڵێ فەرمووو.

**بەڕێز د.إسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە دوو جۆرێت خاندنێت هەین، ما خاندنەکا یا تەخەصوصی، هەدەف ژێ ئەم بەرهەڤ کەین، ئامادە کەین بنە ئیمام و خەتیب، ما خاندنەکا ئیسلامیا هەی وەکو خاندنەکا گشتی عام وەکو هەمی خاندنێ دی، بەری نوکە دێ گوتنێ (ثانویة الدراسات الإسلامیة)، ئان (الأعدادیة الإسلامیة) ئەوێ عەلاقەت ب هەندێ ڤە نەبوو نە تا ئامادەکرن ببێتە ئیمام و خەتیب، مومکینە ببیتە مودەریسی (اللغة العربیة) مومکینە ببیتە مودەریسی (التربیة الإسلامیة)، ئەگەر تەربیە

ئیکتیفا ب هەندێ کربیت بەس چونکی ئەو مەداریسێت دینییە هەدەف ژێ بنە ئیمام و خەتیب نەقل کەینە ئەوقافێ و لڤێرێ نەمێنیت، ئەم پێشنیار دکەم پێشنیارا خۆ جارەکی دی نەبێژی تا ئەو ماف نینە، مەدارسێت ئیسلامی جارەکا دی هەگەر هاتبنە لەغو کرن نزانم بە چ؟ ئیدی هاتنە بڕیارەکێ؟ قانونەکە؟ نزانم، جارەکا دی بێتە تەسبیت کرن وەکو پێشنیار، پێشنیارا من ئەڤەیە جارەکا دی بێتە تەسبیت کرن، ڤە ئەز دبێژم ئەڤێت پرسیار کری ئەگەر لە ژێر پرسیار کەین هەمی ژی پشتگیریا، پشتەڤانیا ڤێت دکەن، ژ بەر هەندێ ئەڤ پرسیارە کری، فە ببیتە بۆچوونەك، ئیقتیراحەکا پشتەڤانی بۆ هەی بێتە کرن ناڤ بۆ خاندنا سێیێدا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز د.گلاوێژ عبید عثمان:**

تەوەری چوارەم/ تەواوکردنی خوێندن لە قۆناغی ئامادەیی

ماددەی (١٧):

بۆ تێپەڕکردنی قۆناغی خوێندنی ئامادەیی بەشی زانستی و وێژەیی و پیشەیی دەبێت خوێندکار تەواوی بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندنی خوێندبێت و تیایدا سەرکەوتوو بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڵێ بەڕێزان، کێ دەیەوێ قسە لەسەر ئەو ماددەیە بکات؟

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ لەسەر ماددەی (١٧) گفتوگۆ بکەن بریتین لە بەڕێزان، شیرین خان ئەگەر ئیجازە بدەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانیش تێبینییەکی بۆ نووسیوی، تکاتان لێ دەکەم بەڕێزان ئەمە مەسئولیەتێکی موشتەرەکە، چاوەڕێ بکەن، شیرین خان ئەگەر ئیجازە بدەی، ئەم مەسئولیەتە تەنها هی جەنابت نییە، هی هەموو پەرلەمانی کوردستانە، چاوەڕێ دەکەین ئێستا برادەرانمان ڕاسپاردوون زانیارییەکی پوختمان بدەنێ، بۆ ئەوەی بەدواداچوونێکی ورد بکرێتەوە لەسەری، سەرۆکایەتی پەرلەمان هەر هەڵوێستێکی توند و ئیدانە بێت پێش ئێوە دەیگرینەبەر، لەبەر ئەوە تکاتان لێ دەکەم لەسەر کۆبوونەوەکەی خۆمان بەردەوام دەبین، ئەوە سەرۆکی پەرلەمان چۆتە دەرێ بۆ ئەوەی بەدواداچوونێك بکات، چاوەڕێ بکەن تا بتوانن سەرۆکایەتی پەرلەمان بە ئەرکی پەرلەمانی و یاسایی خۆی هەڵدەستێ، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ لەسەر ئەم ماددەیە گفتوگۆ بکەن: بدریە خان، مامۆستا عمر، کاك د.إسماعیل، نجاة خان، گوڵستان خان، گوڵستان سعید، شیرین ئەمین، د.ڕێبوار، ڕۆژان خان، د.شێرکۆ، د.ڕێبوار، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من لە دانیشتنی ڕابردووش ڕێنماییەکی وەزارەتی پەروەردە هەبوو لەبەر ئەوە کاتێ جەنابی وەزیری پەروەردە لەوێ نەبوو، لەم دانیشتنە حەز دەکەم دووبارەی بکەمەوە، گرنگە، ئەویش کە پەیوەستە بە چارەنووسی قوتابییان، ڕێنماییەك هەیە لە وەزارەتی پەروەردە

پەیوەستە بە تاقیکردنەوەکان، ڕێنماییەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کاتێك کە قوتابی بۆ دوو ساڵ لە پۆلێك دا بکەوێ دوای ئەوە بچێتە ئەزموونی دەرەکییەکان لەوێشەوە بکەوێ بۆی نییە درێژە بە خوێندن بدات، من پێموایە ئەوە ستەمێکە لە قوتابی و لە ئایندەی خوێندنی قوتابی دەکرێ، داوام لە بەڕێز وەزیری پەروەردەیە هەموارێکی ئەم ڕێنماییە بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك د.شێرکۆ، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئیزافەکردنی باسی ئیسلامی دەڵێ زانستی، وێژەیی، پیشەیی و ئیسلامی، لەبەر ئەوەی کە لە مەنهەج دا تەسبیت کراوە، لەم یاسایەش دا تەسبیت دەکرێ کە ماددەی پەروەردەی ئیسلامی ئەساسییە وەکو ماددەکانی تر، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕۆژان خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان إبراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی.**

دەستپێکێ دەستخۆشی لە لیژنا تایبەتمەند دکەم و هەروەسا وەزارەتی بۆ ڤی دروست کردنا ڤی پرۆژە یاسایێ، ڕاستی زۆر گرنگە، تێبینا من سەر ماددە (١٧) وشا بۆ تێپەڕکردنی، باشترە ئەگەر بنویسن (بۆ بە دەست ڤە هینانا باوەڕنامە بەکالۆریۆسێ) کو ئەڤ هەر دوو بەشە تەواو دەبیتن، یا دی ژی دبلۆمەکا بۆ پیشەیی یە، هەر ئەڤە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گوڵستان خان، گوڵستان سعید، فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٧) جارێکی دیکە من تەئکید لەوە دەکەمەوە لە بەشی زانستی و وێژەیی، ئامادەیی و پەیمانگا پیشەییەکان، وەك پەیمانگای نەوت، کۆمپیوتەر، ئەوەی کە هەیە ئێستا ئەوانە ئیزافە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا نجات، فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

پێشەکی ب خێرهاتنا ڕێزداران هەردوو وەزیران و شاندێ دگەل دا دکەین، ل ڤێرا پرسیارم بۆ جەنابی وەزیرییە، تمام کردنا خیندنێن قۆناغێن ئامادەیی چاوان دێ سەرکەفتی بیت ئەگەر ئەڤ قۆناغە زۆر هەستیار و گرنگە، ئەگەر بهێ قوتابخانێن دێ قۆناغا (١٢) ل دەرڤەی سەنتەرێت

پارێزگاها تو ببینی مامۆستایێ تایبەتمەند زۆر کێمن، وەك فیزیا، کیمیا، بیرکاری، رێژا کا مەزن ژی دکەڤن ڤان قۆناغێت (١٢)دا، بەرێ خۆ بدەینێ بۆ نمونە دەڤەرا ئامێدیا بگرین، ئەو دەڤەرەکا چیایی یە کە حەتا سێ هەیڤ بوونە ئەڤ ماددە نەهێنا گوتن، قوتابی لێ بێ بەش بن، ببیتە زەرەمەند، کو ب سەرکەفتی بە قۆناغا دەرباز نەکەن، من دوو پێشنیارێ بۆ جەنابێ رێزداری هەین، ئەگەر ل ڤێرە پێشنیارا من ئەوە کە بێتە دامەزراندن ڤان بابەتێت هەستیار بۆ ڤان سەنتەرێت دەرڤەی پارێزگەها بهێتە کرن، دوو ئامانجی هەبن ئەو ژی پڕکردنەوا بۆشاییا لە هەمان وەخت دا ژی هەلێت کارا بۆ دەڤەرا چونکی هەلێت کاری ژی نینن بۆ دەڤەرا، ل بەر هەندێ دەبی دوو بۆشاییا پڕ کات، هەتا بیری خو بدەینێ سالا (٩٧) حەتا (٢٠٠٥)ێ سیاسەتەك هەبوو وەزارەتا پەروەردێ ئەو ژی ئەو بوو کو هاندانا مامۆستایان بێتە کرن بۆ وان قوتابخانێت دەبی مامۆستاییێت تایبەتمەند کێمە ئەو مادێت ئیشارەت پێدایین، ئینگلیزی ژی تێدا بیت، بابەتێت وێژەییشی تێدا هەبێ، هاندان هەبیتن دی حاڵەتی دا، دێ هەمی قوتابخانە بێنە پڕکرن و دادپەروەری دێ سەرانسەرا هەرێما کوردستانێ جێبەجێ بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شیرین خان، شیرین أمین، فەرموو.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٧) قسەکانی من کرا، پشتگیری لە ڕەئی د.شێرکۆ و گوڵستان خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بدریە خان، فەرموو.

**بەڕێز بدریە إسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەم دوو تەوەرە بکرێ بە یەك، لەبەر ئەوەی ماددەکە تەنها یەك تەوەری لە خۆ گرتووە، منیش هەمان پێشنیاری کاك (د.شێرکۆ)م هەیە کە باس لە پرۆگرام دەکات، بۆ پرۆگرامی ئیسلامی تێدا نییە کە بڕیاری لەسەر دراوە کە لە پێش دا پەروەردەی ئاینی بوو؟ داوا دەکەم جەنابی وەزیر ڕوونکردنەوەیەك بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان پێش ئەوە داوا لە فراکسیۆنەکان دەکەم ئاگاداری ئەندامەکانیان بکەنەوە بێ زەحمەت بێنەوە ژوورێ، بۆ ئەوەی ئەگەر دوایی سەرۆکی پەرلەمان هاتەوە پێویستی بە هەر بابەتێك کرد گفتوگۆی لەسەر بکەین، مامۆستا عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (١٧) تەبـعەن ئەمە بە مەرج گیـراوە لە بابەتەکـانی پرۆگرامـی خوێنـدن سەرکەوتوو بێت خوێندکارەکە، بەڵام لە ماددەی (١٨) باس لە پرۆژەی ئامادەیی دەکات، لێرەش بە مەرج گیراوە پرۆژەی ئامادەیی هەبێ ئینجا بە سەرکەوتوو حیسابە، بۆیە ئەگەر چی من قسەم لەسەر پرۆژەی ئامادەیی هەیە، بەڵام بۆیە پێموایە دەبێت پرۆژەی ئامادەییش بە مەرج بگیرێت لە ماددەی (١٧)، چونکە لێرە بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن لە پێناسەکان دا پرۆژەی ئامادەیی ناگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعیل علی طه:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**ڕێزدار سەرۆکی پەرلەمانی.**

جارەکی دی داخوازیا خۆ ئەز دووپات دەکەم ئەڤە لڤێرێ خاندنێت ئیسلامی بێنە ناڤ پرۆگرام، ناڤ یاسایێ دا، دیسان جارەکا دی بێژمەڤە مەبەستا من دیراسات ئیسلامی یە، نە مەدەرسا دینی سەر ب ئەوقافێ بی، مەدرەسا دینیێ سەر ب ئەوقافێ جودایە، ئەو نابیتە پاساو و حجەت کو بێژیت مادام ئەوقافێت هەیە هەوجا نینە لڤێرێ هەبیتن، ئەڤە جودا هەبوو بۆچی هاتە ڕاگرن؟ بۆ نا زڤریتە ڤە پشتگیریا وان بۆچوونات دکەم د.شێرکۆ، خوشکا شیرین، خوشکا بدریە، زڤریتە ڤە مەدرەسا ئیسلامی، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر ئەگەر لە ماوەی دوو، سێ دەقەیەك دا بتوانی بە کورتی.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بۆردوومان کردنی ئەو ناوچانەی کە قوتابخانەی لێیە دەمەوێ یەك تەوزیح بدەم، ئێمە لە وەزارەتی پەروەردە ئیدانەی هەموو بۆردومانێك دەکەین بۆ سەر هەر دامەزراوەی پەروەردەیی ئەوەی کە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، ژیانی قوتابیان و خوێندکارانمان لە هەموو شتێ پێ گرنگترە، هیواخوازیشین هیچ جۆرە جووڵەیەکی چەکداری لەو ناوچانە نەبێ کە قوتابخانەی لێ نزیکە، لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی یە گشتییەکانیش دا ئێستا نامەمان گۆڕیوەتەوە، ئەگەر پێویست بکات لە هەر شوێنێك دەوام ڕابگرین دەسەڵات لەلای بەڕێوبەری گشتی و پەروەردەی قەزاکانە بۆ ئەو ناوچانەی کە ناوچەی بۆردوومانن، دەسەڵاتیان هەیە کە دەوام ڕابگرن، سەبارەت بەم ماددەیە تێپەڕکردنی خوێندنی قۆناغی ئامادەیی، حیکمەت لەم ماددەیە ئەمەیە بۆ ئەوە دانراوە هیچ کەسێك بڕوانامەیەکی پێ نەدرێ ئەگەر ماددەیەکی مابوو، دوو ماددەی مابوو لە قۆناغی ئامادەیی پێی بچێتە زانکۆ بە هیچ شێوازێك، فۆرمێکی قانونی یە کە قوتابی خوێندکار دەبێ هەموو بابەتەکانی تەواو کردبێ، دەرچووبێ، ئینجا مافی هەیە

بڕوانامەی پێ بدرێ، ئەوەی پڕۆژەی ئامادەییش تەعارووز ناکات، چونکە پڕۆژەی ئامادەیی لە ماددەی (١)دا بە ئیلزامی نووسراوەتەوە، تەنها ماددەکە ئەوەیە، بابەتی دیراساتی ئیسلامیمان مامۆستا إسماعیل زۆر تەئکیدی لێ دەکاتەوە، ئەوە بیست ساڵیشە ئەو ئەعدادیانە لە ناو وەزارەتی پەروەردە نەماون، ئەوانەی کە بوونەتە بەدیلی ئەو ئەعدادیانە قوتابخانەکانی خوێندنی ئیسلامی بوون، قوتابخانەکانی خوێندنی ئیسلامیش سەر بە وەزارەتی ئەوقافن، ئەو کەسەشی لەلای ئێمە ببێ بە مامۆستای شەریعە و مامۆستای ئاین و مامۆستای زمانی عەرەبی، لە بەشی زانستی بێ یان لە بەشی وێژەیی، دەتوانێت تەقدیمی زانکۆ بکات لە شەریعە وەردەگیرێت، لە قسمی عەرەبی وەردەگیرێت، دواتر وەکو مامۆستا دادەمەزرێ، یان دەکرێتە وانەبێژ، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە، ماددەی (١٨)، فەرموون، داوا لە فراکسیۆنەکان دەکەین بگەڕێنەوە هۆڵی پەرلەمان، بێ زەحمەت.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری (پێنجەم): پڕۆژەی ئامادەیی.

ماددەی (١٨):

١-ئەرکی خوێندکاری پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی زانستی و وێژەیی پڕۆژەیەکی زانستی، یان وێژەیی، یان کۆمەڵایەتی بە ناوی پڕۆژەی ئامادەیی ئەنجام بدات.

٢- ئەو خوێندکارەی پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی زانستی، وێژەیی کە پڕۆژەکەی ئەنجام نادات، یاخود نمرەی خوار لە (٥٠%) لە پڕۆژەکە دێنێت بە دەرنەچوو ئەژمار دەکرێت.

٣- دەبێت خوێندکاری پۆلی یازدەیەمی پیشەیی لە جیاتی پڕۆژەی ئامادەیی بەشداری لە خولێکی ڕاهێنان لە بوارەکەی خۆی بکات، کە لە چواردە ڕۆژی پشووی هاوین کەمتر نەبێت.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان بۆ ماددەی (١٨) هەر بەڕێزێک دەیەوێ گفتوگۆ بکات، ڕۆژان خان خاڵی پەیڕەوییەکەی وەرگرێت، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان إبراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خالا من پەیڕەویە دیڤ ماددە (٥٦) پەیرەوێ ناڤخۆی پەرلەمانی ل سەر پڕۆژە یاسایێ ژمارە (٢٠)ی سالا (٢٠٢١) پڕۆژە یاسای سەرپەرشتیارانی پڕۆژەی کشتوکاڵییە، پشتی دەرچوونا ڕێنمایی یا ژمارە (٢٨٣) یا ڕۆژنامەی رەسمی یا وەقائیعی کوردستان، گەلەك خودان نڤیسینگەهێت ئەڤ پڕۆژە ژێ دگریتن گازندە دکەن کو ئەڤ یاسایە زێدەتر بۆ پڕۆژا بی، ڕاستەت ماددە (١٧) مە بەحسێ نڤیسینگەیا کری کو ئەڤ ماددە ل سەر نڤیسینگەها بێتن جێبەجێ کرن، هەمان یاسایێ دا ماددە (٢) بڕگا (١٤) مە بەحسی کری کو پڕۆژە بێت تەحدید کرنێ حەجمی پڕۆژەی، بەس ل

ڕێنمایی دا مخابن هیچ تەحدیدەك بۆ نقیسینگەهێ نەهاتە کرنێ، حەمی ژی دزانن نقیسینگە یەعنی ئەڤ دبێژن دوکان، ....

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ڕۆژان خان، دەقەکەت تەواو، خاڵە پەیڕەوییەکەت یەك دەقەیە، ئەگەر بتوانی بە یاداشتێك بماندەیتێ بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکەین...

**بەڕێز ڕۆژان إبراهیم علی:**

..دێ بگەهێنم پەیاما خۆ، دوو سێ مەترە حەمی، دوو بۆ سێیە، سەرپەرشتیارەکێ بۆ دەینن داهاتووێ دووکانێ حەمی نابیتن هەشت سەد هەزار، هەشت هەزارا بدەی سەرپەرشتیارەکی.....

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر بە یاداشتێك بماندەیتێ بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکەین، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ گفتوگۆ بکەن لەسەر ماددەی (١٨) بریتین لە بەڕێزان بدریە خان، خاتوو شیرین أمین، کاك موسلیم، کاك جنان، روپاك خان، کاك موسلیم، فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی (١٨) پێوەرێکی تر بۆ هەڵسەنگاندنی قوتابی زیاد کراوە بە پێشکەش کردنی پرۆژەیەکی زانستی لەلایەن قوتابییەوە، لە بواری وێژەیی یان زانستی یان کۆمەڵایەتی، پێشنیار دەکەم بەشە کۆمەڵایەتییەکە لابدرێ، چونکە وازحە زانستی و وێژەیی چی دەگرێتەوە، دیارە بەر مەبنای دەرچوونی قوتابی و کەوتنی ئەم پرۆژەیە ئیعتیباری بۆ دەکرێ کە لە (٥٠) کەمتر نمرە بێنێ یان ئەوەتا هەر نەیکا بە کەوتوو هەژمار دەکرێ، بەڵام یەك کێشەمان هەیە لێرە، ئایا ئەو مامۆستایەی کە سەرپەرشتی ئەو پرۆژەیە دەکات چۆن دیاری دەکرێ؟ چۆن دەتوانێ مامۆستایەك ئیشرافی سەر ئەو پرۆژەیە بکات، ئایا هیچ ئیعتیبارێکی ماددی لەبەر چاو گیراوە؟ چونکە ئەوە تەکلیفە لەسەر مامۆستاش بەڕاستی، ئایا قوتابی لێرە ئیختیارە بۆ ئەوەی کە بتوانێ مامۆستایەکی سەرپەرشتیکار بۆ ئەم پرۆژەیەی کە دەیەوێ پێشکەشی بکات هەڵبژێرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شیرین خان، شیرین أمین، فەرموو.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی بڕگەی (دووهەم) لە ماددەی (١٨) بە حوکمی ئەوەی کە ئەو خوێندکارەی کە پێویست دەکات بەشداری لەو پرۆژە ئامادەیی یە بکات و مەعنییە بە چارەنووسی ئەو خوێندکارە، ئەگەر بە دەرنەچوو ئەژمار بکرێت، لە بڕگەی سێهەم دا باس لە خولێکی ڕاهێنان دەکات، منیش هەمان پرسیارم هەیە، ئایا ئەو دەورەیە، ئەو خولەی کە پێویست دەکات خوێندکار بەشداری تێدا بکات مەعنی دەبێت، واتا لە ناوەندەکەی خۆی دا، لە ناوەندە خوێندنەکەی خۆی دا ئەو خولەی

ڕاهێنـانه پێویسـت دەکـات بـۆی دابـین بکرێـت و فێـر بکرێـت و ڕاهێنـانی تێـدا بکـات؟ یـاخود دەرەوەیە؟ ئەگەر لە دەرەوەی ناوەندی خوێندنە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ستافێکی تـایبەت لە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ دەستنیشان بکرێت، وەکو ئەو بابی خول و ڕاهێنـانەی کە لە هەمـوو وانەکانی تر دا، یاخود فێربـوونی زمانەکـانی تـردا بەداخەوە بە شـێوەیەکی هەڕەمەکـی هەمـوو مامۆسـتایەك مـافی ئەوەی هەیە کە وانە بڵێـتەوە، ڕەنـگە بەپێـی پێویسـت نەبێـت، بـۆیە ئەو پێشنیارەم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بدریە خان، فەرموو.

**بەڕێز بدریە إسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادده (١٨) بڕگەی (دووەم) کە دەڵێ (ئەو خوێندکارەی پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی و زانسـتی و وێژەیـی کە پـڕۆژەکەی ئەنجـام نـادات، یـاخود نمـرەی خـوار لە (٥٠%) لە پـڕۆژەکەدا دێنێت بە دەرنەچوو ئەژمار دەکرێـت، مـن دەڵـێم مـادام لە وانەکـان دەردەچێـت پێویسـت نیـیە هەلێکی تری پێ بدرێ؟ مادام کە لە وانەکان دا دەردەچێ هەلێکی تـری پـێ بـدرێ کە بە کەوتـوو ئەژمار نەکرێ، سەبارەت بە خـاڵی سـێیەم لەگەڵ خـاڵی دووەم دا هەسـت دەکەم تەنـاقوز هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەم دوو خاڵە تێکەڵکێش بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جنان، فەرموو.

**بەڕێز جنان جبار بویا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربـارەی مـاددەی (١٨) سـێیەم بەڕای مـن چـواردە ڕۆژ کەمە، لەبەر ئەوە لەو چـواردە ڕۆژەی مـومکینە دوو جـومعە و دوو پێنجشـەم (١٠) دەمینـێ، لەو (١٠) ڕۆژەش مـومکینە دوو، سـێ ڕۆژ عـوتڵەکی وەردەگری، بەڕای مـن یەك مانـگ ببیـت باشـترە، حەتـا تەڵەبەکە سـوودمەند بێـت لەو فەترەی زیاتر. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕوپاك خان، فەرموو.

**بەڕێز روپاك أحمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ڕایەکەی کاك مسلم دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕۆژان خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان إبراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی.**

ماددا (١٨) ئەگەر موختەصەری بێژم ئەز دبێژم ئەو چواردە ڕۆژە ببن هەیڤەك و ئەڤ پرۆژە ژی ئەمی دبینن زۆر جارا یەعنی نزانم گلەیی بیت چ بیتن، موهیم پرۆژەییێت ماستەریێ تێت کۆپی کرنێ و تەقدیم کرنێ، بۆ دەست بە هینانا شەهادەك ماستەر یان دکتۆرا، جا چاوا قوتابییەك بچیتن پرۆژەکی تەقدیم بکات، دبێژم بڕگا یەك و دووێ زێدەنە، تەنها بڕگا سیێ بمینێتن، ئەو ژی بکرێتە هەیڤەکی ڕاهێنان و خول، ڕاهێنان بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بچنە سەر ماددەی (١٩) بەڕێزان، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٩):

١-وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی دیکە و کەرتی تایبەت کار دەکات بۆ بەستنەوەی خوێندنی ئامادەیی، پیشەیی بۆ بازاڕی کار لەلایەك و خوێندنی باڵا لەلایەکی دیکە.

٢-ئەرکی وەزارەتە گرنگی بە هاندانی کردنەوەی خوێندنگەی پیشەیی حکومی و ناحکومی بدات.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەوەی دەیەوێ گفتوگۆ لەسەر ماددەی (١٩) بکات، کاك عثمان، کاك کاروان، شیخ ظاهر، کاك جنان، گوڵستان خان، کاك عثمان، فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٩) بڕگەی (دووەم/ ئەرکی وەزارەتە گرنگی بە هاندانی کردنەوەی خوێندنگەی پیشەیی حکومی و ناحکومی بدات)، من پێشنیار دەکەم ئەرکی وەزارەت و ئەنجومەنی وەزارەتە کە گرنگی بە هاندان، یەعنی (ئەنجومەنی وەزارەتی)شی بۆ زیاد بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك شێخ ظاهر، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٩) خاڵی (یەکەم/ وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی دیکە) لێرە پێشنیار دەکەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و دامەزراوە سەربەخۆکانیش کە هەماهەنگی بکات، بۆ ئەوەی دەرفەتی کار بدۆزێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك جنان، فەرموو.

**بەڕێز جنان جبار بویا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٩) بڕگەی یەکەم/ (وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی دیکە و کەرتی تایبەت و بە پێی ویستی بازاڕی کار ئەو خوێندنانە بکاتەوە کە پێویستن)، ئامادەیی، پیشەیی، لە خاڵی دووەمیان دا (ئەرکی وەزارەتە کە گرنگی بە کردنەوە) نەك (هاندان) یەعنی بە ڕەئی من کردنەوە خۆی ئەرکی خۆیەتی، نەك هان بدات، کوێ هان دەدات؟ بۆیە پێویستە ئەرکی وەزارەتە گرنگی بە کردنەوەی خوێندنگەی پیشەیی حکومی بدات و هانی کەرتی تایبەت بدات بە خوێندنەوەی ناحکومی بە پێی ویستی بازاڕ، بازاڕی کار.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٩) بڕگەی یەکەم دووبارە ئەوە جەوهەری ئەو بابەتەیە کە ئێمە دەمانەوێ لەسەری بوەستین، کە بەستنەوەی بازاڕی کارە بە ناوەندەکانی مەعریفی لە هەرێمی کوردستان دا، بەڵام ئەوە تەنها بە قسە ناکرێ، بۆیە من پێشنیاز دەکەم لێرە دەرفەتێکی باشمان دەبێ بڕگەیەك ئیزافە بکەین، بەم شێوەیە بڵێین (قوتابی و خوێندکار یاخود فێرخواز جگە لە دوا قۆناغی خوێندن هەتا شەشی ئامادەیی یە وابزانم قۆناغی (١٢) دەکات ناچار بکرێ بە وەرگرتنی وانەیەکی فێرکاری، واتا بەهرەمەند بوون، جا وانەکە هەر بابەتێکی فێرکاری بێ، بۆ ئەوەی کە بتوانێ ئەمە زەمینەسازی بۆ بکات بۆ ئەوەی بە بازاڕی کاری ببەستێتەوە، هیوادارم بە هەند وەربگرن بۆ ئەوەی ئیستیفادە لەوە بکەین کە چۆن بتوانین کەرتی تایبەت بە ناوەندەکانی مەعریفییەوە ببەستینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، وەکو لیژنە چتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.گلاویێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە ئەندامانی بەڕێز دەکەم بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم ماددەیە، ئەوەی کە گرنگە لێرە کە کاك کاروان باسی کرد بازاڕی کار، بۆ خۆی مەرجە بابەتێك لە بابەتەکانی خوێندنی پیشەیی و خوێندنی ئامادەیی مەرجە کە مەشق بکات بۆ ماوەی مانگێك یان چوارده ڕۆژ و توێژینەوەیەك پێشکەش بکات، ئەگەر ئەو ماددەیە دەرنەچێت کەواتە بە ساقیت حیساب دەبێ، بۆیە ئەوە لێرە داندرایە و لەگەڵ کەرتی تایبەت هەماهەنگ کرایە، لەگەڵ مەسەلەن کارگە تایبەتەکان هەماهەنگی دەکرێت کە قوتابییان لەوێ ڕاهێنان بکەن و پرۆژەی توێژینەوە پێشکەش بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (٢٠) بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٠) خوێندکاری ئامادەیی مافی گۆڕینی بەشەکەی بۆ بەشێکی دیکە هەیە ئەگەر مەرجەکانی بەشە نوێیەکەی تێدا بیت و ئامادەبێت بەشەکە لە سەرەتاوە بخوێنێتەوە.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٢٠) کێ دەیەوێ گفتوگۆی لەسەر بکات؟ کاك چیا، کاك بهجت، ڕۆژان، شێخ ظاهر، کاك چیا، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ب کورتی من پێ باشە لڤێرێ ماوەی دیار بکەت، دەستپێکا ساڵێش حەق هەیە بگۆڕێت، نیڤە ساڵ، یان دوو ما یا ساڵێ، یان ساڵێ؟ ئەڤە هیچ یەعنی ماوەك دیار نەکریە، قوتابی کەنگی ماف هەیە؟ دەستپێکا ساڵی، نیڤە ساڵی؟ ئەگەر ساڵەك بگۆڕیت یان ساڵا دووێ، پێتڤیا ماوەیەك بێ دیار کرنێ، مەسەل پشتی چەند هەیڤەکا ماف هەیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بهجت، فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددەی (٢٠) من ژی هەمان تێبینی هەبوو، پشتگیریا بۆچوونا کاك چیای دکەم، پێشنیار دەکەم ڤێ شێوەی لێ بێت (بە مەرجەك یەك مانگ زیاتر نەبێت لە دەستپێکردنی ساڵی خوێندن)، ئەوەی وەختەکە دیار بیتن کە تەڵەبە نەکو ببیتە نیوەی ساڵ ئینجا پەشیمان ببیتەوە بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی ساڵەکەی نەفەوتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕۆژان خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێشـنیار دەکەم ئەم مـاددەیە لێـرە لابرێـت و لەگەڵ بـڕگە چـوارەمی مـاددەی (١٦)دا دابڕێژرێتەوە، پشتیوانی ئەو پێشنیارەی کاك چیا دەکەم لەگەڵی دابڕێژرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێخ ظاهر، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٠) دیارە مەبەست لێرە پێموابی بەشی وێژەیی و زانستی یە، دیاری نەکرایە لە چ قۆناغێك دەبێ بەشەکەی خۆی بگۆڕێت، یەعنی لە سەرەتا بی، لە کۆتایی بی، بۆیە پشتگیری کاك چیا و کاك بهجت دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە بەڕێزان، ماددەی (٢١)، فەرموون.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی چوارەم/ پەیمانگا پەروەردەییە پیشەییەکان.

تەوەری یەکەم: بنەماکانی خوێندن لە پەیمانگا پەروەردەیی یە پیشەییەکان.

ماددەی (٢١):

یەکەم/ قۆناغی خوێندن لە پەیمانگای پەروەردەیی لە پێنج پۆلی خوێندن پێك دێت.

دووەم/ ١- دوای تێپەڕانـدنی قۆنـاغی خوێنـدنی بنەڕەتـی لە هەمـوو بابەتەکـانی خوێنـدن بە سـەرکەوتوویی، خوێنـدکار مـافی هەیە بـێ بەرامـبەر لە پەیمانگـایەکی پەروەردەیـی حکـومی

دەست بە خوێندن بكات، ئەگەر مەرجەكانی پەیمانگای پەروەردەیی پەیوەندیداری تێدا بێت و تەمەنیشی لە بیست ساڵ زیاتر نەبێت.
٢- قوتابی دەتوانێت لەسەر تێچووی خۆی لە پەیمانگایەكی پەروەردەیی ناحكومی بخوێنێت.
٣- خوێندكار بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە مافی بەردەوامبوونی خوێندنی لە پەیمانگا پەروەردەیی یە حكومییەكان هەیە بە مەرجێك تەمەنی لە بیست و هەشت ساڵ تێپەڕ نەكات.
سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمه صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك دەیەوێت لەسەر ماددەی (٢١) قسە بكات، كاك ڕزگار، كاك عثمان سێدەری، كاك عثمان، فەرموو.

**بەڕێز عثمان كريم سواره:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٢١) بڕگەی (یەكەم) هەمووی ناخوێنمەوە بە تەفاصیل لەبەر ئەوەی كاتەكە دیارە، كاتەكەمان وا پێویست دەكات، بەڵام مەسەلەی تەمەنەكە كە لێرە نووسیوێتی تەمەنی لە بیست ساڵ زیاتر نەبێت، من پێشنیار دەكەم ببێت بە بیست و دوو ساڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمه صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك شێخ ظاهر، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد على:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم خاڵی دووەم (قوتابی دەتوانێ لەسەر تێچووی خۆی لە پەیمانگایەكی پەروەردەی ناحكومی..) ئەو بڕگەیە پێموابێ زیادە، لابرێت.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمه صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك ڕزگار، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان.**

ماددەی (٢١) بڕگەی (٢) (قوتابی دەتوانێت لەسەر تێچووی خۆی لە پەیمانگایەكی پەروەردەیی ناحكومی بخوێنێت)، بەڵام لە ماددەی (٢١) لە بڕگەی (یەكەم) و لە بڕگەی (سێیەم)دا تەمەنەكە دیاری كراوە، بەڵام حەق وایە لە بڕگەی (دووەم) بە بێ ڕەچاوی تەمەن ئەوە هین بكرێ، دیار نییە یەعنی، دەڵێ دەتوانێ بخوێنێ، بەڵام تەمەنی دیاری نەكردبێ.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمه صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە، فەرموو گوڵستان خان وەكو لیژنە مولاحەزەیەكی بچووك.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٠) بەشەکەیش برادەران پرسیار کردبوو گۆڕینا بەشی زانستی ژ وێژەیی لە دەست پێکا ساڵێ دەمێت هەڵبژێری مانگێت ئەوەلینە یەعنی دەستپێکا یا ساڵا خاندنێیە، مانگا ئێکێ، مانگا دووێ یە، ئەز باوەڕم ئەگەر دەرباز بوو ناشێتن گۆڕینی بکاتن، ئیلا ئەگەر بکەڤیتن یان ساقیت بیتن نیوەی ساڵێ دێ بۆ ساڵا پاشتر دەچیتە بەشێ دی، ئەز باوەڕم هەمی زارۆکا تە دزانن رێنمایی چاوانە، زۆرا دیش ڤێ رەنگی بڕیاری لسەر هەندێ دەداتن، رێنماییا دەردەکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی (٢٢)، فەرموون.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری دووەم : ئامانج و بنەماکانی خوێندن لە پەیمانگا پەروەردەییەکان.

ماددەی (٢٢):

١-ئامادەکردنی خوێندکار بۆ پیشەیەکی دیاریکراو لە بازاڕی کاردا.

٢-بەهێزکردنی تواناکانی خوێندکار سەبارەت بە گەشەکردنی بیرکردنەوەی زانستی، قوڵبوونەوەی زانستی، توانستی توێژینەوە، تاقیکردنەوە، پیادەکردنی پرۆگرامی خوێندن، بەکارهێنانی سەچاوەکان و ڕاهاتن لەسەر شێوازە هاوچەرخەکانی خوێندن و تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو.

٣-بنیاتنانی بناغەیەکی بەهێز بۆ گەشەپێدانی کەسایەتی خوێندکار و بەشداری کردنی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هاندانی بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و گەشەپێدانی توانستە زانستییەکانی و بایەخ پێدانی تا بتوانێت سەربەخۆیانە کار بکات و توانای هەماهەنگی لەگەڵ کەسانی دیکەدا هەبێت.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٢٢) هەر بەڕێزێك دەیەوێ گفتوگۆی لەسەر بکات، کاك شێخ ظاهر و کاك چیا، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددا (٣) هەمان ئەڤ ماددە تیکرارە، د ماددە بەری وێ دا ماددا (١٦) بی ئەڤ نەفسی ڤێ دارشتنێ هاتیە، من پێم باشە ئەڤ ماددە بێ لادانێ، یەعنی خەلاصیەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك شێخ ظاهر، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادده (٢٢) خاڵی (یەكەم) (ئامادەكردنی خوێندكار بۆ پیشەیەكی دیاریكراو لە بازاڕی كاردا) من پێم باشە بەم شێوەی لێ بكرێت (ئامادەكردنی خوێندكار بە پەیداكردنی پسپۆڕی لە پیشەیەكی دیاریكراو لە بازاڕی كاردا)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمه صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دوای ئەوە، ماددەی (٢٣)، فەرموون بەڕێزان.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

ماددەی (٢٣):

وەرگرتنی خوێندكار لە پەیمانگا پەروەردییەكان بەپێی ڕێنمایی دەبێت كە ئەنجومەنی وەزارەت پێش كۆتایی مانگی (٣)ی هەر ساڵێك بڕیاری لێ دەدات و وەزیر دەری دەكات.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمه صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان لەسەر ماددەی (٢٣)، ماددەی دوای ئەوە ماددەی (٢٤) بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.گلاوێژ عبید عثمان:**

تەوەری سێیەم: پڕۆژەی پەیمانگا.

ماددەی (٢٤):

خوێندكاری پۆلی چوارەمی پەیمانگا پەروەردەییەكان دەبێت یەكێك لەم دوو بژاردەیە هەڵبژێرێت:

١-پڕۆژەیەكی زانستی یان پیشەیی بەناوی پڕۆژەی پەیمانگای پەروەردەیی ئەنجام بدات، ئەو خوێندكارەی لە پڕۆژەكەی دا نمرەی پێویستی بەدەست نەهێنا بەدەرنەچوو هەژمار دەكرێت.

٢-بەشداری لە خولێكی ڕاهێنان كە لە چوارده ڕۆژ پشووی هاوین كەمتر نەبێت بكات، ئەو خوێندكارەی پابەندی بەشداربوونی تەواو نەبێت بە دەرنەچوو هەژمار دەكرێت.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمه صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان لەسەر ئەم ماددەیە هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بكات، كاك كاروان و شێخ ظاهر، فەرموو.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٤) كە دوو بڕگەیە، بڕگەكان (یان)ی تێدایە، واتا بژاردەیەكە، ئیختیارێكە لە نێوان تەڵەبەدا، ئایا چوارده ڕۆژی پشووی هاوین دەبێتە بەدیل بۆ پڕۆژەیەك؟ كاتێك كە باس لە پڕۆژە دەكەین، پڕۆژە كۆتا كاری خوێندكارێكە كە لە پەیمانگا ئەنجامی دەدات و ئەوە جوهدی ئەو خوێندكارەیە بەوەی كە فێری بووە بتوانێ بەرجەستەی بكات و بیدات بە مامۆستا بەڕێزەكانی خۆی، بەڵام ئەگەر ئایا ئەمە نەكات چوارده ڕۆژی پشووی هاوین هەڵبژێرێت، من لێرەوە دڵنیاتان دەكەمەوە زۆرینەی زۆری پشووی هاوین هەڵدەبژێرێت، چوارده ڕۆژ خولێك دەبینێ، بەڵام ئەمە

کافی نابێ، بۆیە پێشنیار دەکەم ژمارەی چواردە ڕۆژەکە زیاد بکرێت، یاخود پڕۆژەکە، یان بکرێتە یەك بڕگە، بۆ ئەوەی کە بتوانرێ خوێندکاران سوودی لێ ببینن، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك شێخ ظاهر، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی (٢) (بەشداری لە خولێکی ڕاهێنان کە لە چواردە ڕۆژ..) منیش پێشنیار دەکەم ئەم چواردە ڕۆژە بکرێتە (٣٠) ڕۆژ و پشتگیری کاك کاروانیش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە بەڕێزان، فەرموون، ماددەی (٢٥).

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٥):

پێویستە وەزارەت بە هاریکاری وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی لەسەر کەرتی تایبەت کار بکات بۆ ئەوەی خوێندن لە پەیمانگا پەروەردەییەکان لەگەڵ بازاڕی کار لەلایەکەوە و خوێندنی باڵا لەلایەکی تر بگونجێت.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان لەسەر ئەم ماددەیە، دوای ئەوەی ماددەی (٢٦) فەرموون.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی پێنجەم: حوکمە هاوبەشەکان.

تەوەری یەکەم/ بنەما هاوبەشەکان.

ماددەی (٢٦):

١-پێویستە دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکان و فەرمانبەرانییان لە پێناو جێبەجێ کردنی بنەما و ستانداردەکانی دڵنیایی جۆری و بەدەست هێنانی متمانەی دامەزراوەیی و متمانەی پرۆگرامەکان کار بکەن.

٢-پێویستە هەموو دامەزراوەیەکی حکومی ناوێکی جیاکەرەوەی هەبێت و نابێت دامەزراوەکان هەمان ناو یان هەمان ناوی لێکدراوی هەبێت کە دامەزراوەیەکی دیکە لە هەمان بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردە هەیەتی.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان لەسەر ماددەی (٢٦)، کاك چیا، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خالًا (١) بەس تەنها مڤیا لە ژێر چاڤدێریا وەزارەتێ پەروەردە لێ بێتە زیاد کرن، چونکی ئەگەر یەعنی ئەڤ متمانە و دامەزراوی بێتن پێتڤییێت جیهەتەك هەبیت کو چاڤدێریا وان بێتە کرنێ من پێ باشە ئەگەر هی حکومی بیت وەزارەتا پەروەردێ ل ژێر چاڤدێریا وان بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، ماددەی دوای ئەوە، ماددەی (٢٧)، فەرموون.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

ماددەی (٢٧):

١- پێویستە دامەزراوەکان پلانی ساڵانەیان بۆ گەشەپێدانی بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن هەبێت.

٢- پێویستە سەرجەم مامۆستایان پلانی ساڵانە و وەرزانە بۆ ئەم بابەتانەی لە ئەستۆیان دابڕێژن، خشتە و چالاکییە پلان بۆ دانراوەکان لە خۆبگرن و لە هەفتەی یەکەمی هەموو وەرزێکی خوێندن دا بەسەر قوتابییان و خوێندکاران دابەش بکرێن.

٣- دامەزراوەی حکومی لە وەرگرتنی مۆڵەتی وەزارەت دەتوانێت لە پۆل دا سوود لە دوو مامۆستا وەربگرێت، یەکیان دەبێتە مامۆستای سەرەکی، ئەوەی دیکەش دەبێتە مامۆستای هاوکار.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێ لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟ کاك کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەم ماددەیە ماددەیەکی زۆر زۆر گرنگە و دەستخۆشی لە جەنابی وەزیر و ستافەکەشی و لیژنەی پەروەردەی پەرلەمانیش دەکەم بەوەی کە ئەمەیان جێگە کردۆتەوە، پێموایە ئەمە یەکێکە لەو تەریقانەی کە دەتوانێ خوێندکار ڕابهێنێ بەوەی کە بە شێوەیەکی شارەزایانە شارەزا بێ لەوەی کە ئایا چی دەخوێنێ؟ ماددەکانی چی دەبن؟ چی نابن؟ بەڵام پرسیارێکی موهیم هەیە لێرە، ئەگەر جێبەجێ نەکرا چی دەکرێت؟ بەتایبەتی پلانی پەیمانگاکە خۆی، یەعنی شوێنەکە خۆی پلانی مامۆستاکانیش خۆیان، ئەگەر ئەمە جێبەجێ نەکرێت ئایا ئیجرائاتی وەزارەت بەرامبەر ئەمە چی دەبێت و چ ڕێکارێك دەگرنەبەر؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك شێخ ظاهر، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـــادده (٢٧) (یەکەم) (پێویســـتە دامەزراوەکـــان...) ئەگەر لێـــرە مەبەســـت دامەزراوە پەروەردەییەکـــانە پێویســـتە ئامـــاژەی پـــێ بکرێـــت (دامەزراوە پەروەردەییەکـــان)، ئەگەر دامەزراوەکانی تریشە ئەوە شتێکی ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، دواتر، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز حسیبە سعید إبراهیم:**

ماددەی (٢٨):

١-ئەرکـی دامەزراوەکـانە تێروانینیـان لەسـەر بنەمـای ئەوە بێـت کە هەر قوتـابی و خوێنـدکارێك ڕێژکەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ فێربوون و داهێنان و پێویستە پرۆسەی خوێنـدن و توانـا و تایبەتمەندی هەر قوتابی و خوێندکارێك وەك تاك بەجیا لەبەرچاو بگیرێت.

٢-ئەرکـی دامەزراوەکـانە پشـتیوانی قوتـابی و خوێنـدکار لە ئەسـتۆ بگـرن و کـاری بـۆ بـکەن، بەتایبەتیش پشتیوانی ئەو قوتابی و خوێندکارانەی پێویستیان بە هاوکاری زانستی زیـاتر هەیە، دەبێت ئەو پاڵپشتی یە لە ساڵانی یەکەمی قۆناغی بنەڕەتی دا چڕتر بێت.

سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کێ قسەی هەیە؟ ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

ماددەی (٢٩):

دەبێت دامەزراوەکان دۆسیەیان سەبارەت بە هەر قوتابی و خوێندکارێك هەبێت، دۆسیەکە هەر لە سەرەتای خوێندنەوە زانیاری سەبارەت بە قوتـابی خوێنـدکار و چـۆنیەتی هاوکـاری کردنـی و چـۆنیەتی بەڕێوەچـوونی خوێنـدنی ئەو قوتـابی و خوێنـدکارەی تێـدا تۆمـار دەکرێـت، بـۆ ئەو مەبەستە وەزارەت دەتوانێت سیستەمی ئەلیکترۆنی بەگەڕ بخات.

سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کێ قسەی هەیە؟ کاك بەڵێن، کاك علی، کاك کاروان، بەڵێ کاك بەڵێن، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن إسماعیل حاجی إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەر لە کارنامەی حکـومەتی هەرێمـیش مەسـەلەی بە ئەلیکترۆنـی کردنـی دامودەزگاکـانی دەوڵەت یەکێك بووە لە بەرنامەکـان، بـۆیە ئەوەی کە لە کۆتـایی دا نووسـراوە بـۆ ئەم مەبەسـتە وەزارەت دەتوانێ سیستەمی ئەلیکترۆنی بەگەڕ بخات، من پێموایە بکرێتە ئەرکێـك، نەك ئەوەی کە دەتوانێ یان ناتوانێ، پێویستە، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەت پێویسـتە سیسـتەمی ئەلیکترۆنـی بەگەڕ بخات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك بەڵێن، کاك کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مــن لەســەر دوو بــابەت قســە دەکەم، یەکەم زانیــاری ســەبارەت بە قوتــابی و خوێنــدکار و هاوکاریکردنی، هاوکاریکردنی وەکو چی؟ چی تۆمار کرایە؟ هاوکاری قوتابی وەك چۆن یەعنـی؟ ئەمە یەکەم، دووەم/ وەکو کـاك بەڵێنـێش ئامـاژەی پێکـرد، ئەمە دەبـێ بکـرێ بە (پێویسـتە) نەك (دەکرێت)، چونکە (دەکرێت) ئیختیارییە، بەڵام (پێویستە) ئیجباری یە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك علی، فەرموو.

**بەڕێز علی حمه صالح طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پشتیوانی کێ دەکەی؟ هەردووکیان، شادی خان، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەم خاڵە من تەنها یەك پرسیارم هەیە، ئایا ئەو هاوکاری کـردنە مەبەسـت لێـی ئەوەیە کە لەم سجلەی قوتابی دا هەموو ئەو کێشە و گیروگرفتانەی کە لەلایەنی دەروونی کـۆمەڵایەتییەوە بـۆ توێژەری دەروونی کـۆمەڵایەتی؟ یـاخود پەروەردکـار ڕەصـدی کـردووە و کـاری لەسـەر کـردووە دەچێـتە فـایلی خوێنـدکارەکەوە؟ چـونکە ئەوە خـاڵێکی زۆر زۆر ئیجـابییە و پێویسـتە بکـرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ زۆر سـوپاس، مـاددەی دوای ئەوە، بەڕێـز وەزیـری پەروەردە ئەگەر ویسـتتان قسـە بـکەن دەست بەرز بکەنەوە دەتانبینم، فەرموو.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری دووەم/ پرۆگرامەکانی خوێندن و هۆیەکانی فێرکردن.

ماددەی (٣٠):

وەزارەت تایبەتمەندە بە دانانی پرۆگرامەکان و کتێبەکـانی خوێنـدن، گەشـەپێدانی شـێوازەکانی وانەگوتنەوە و کەرەستەکان و هۆیەکانی فێربوون بە جۆرێك کە کتێبە بنەڕەتییەکانی فێربوونی زمــان و زانســتەکان وبیرکــاری ومێــژوو و جوگرافیــا وپەروەردەی ئیســلامی و (پەروەردەی مەسـیحی و پەروەردەی ئێزدییـاتی بەپێـی تایبەتمەنـدی)، هـونەر و وەرزش، ئەو بابەتـانەی کە

وەزارەت دوای هەڵسەنگاندنی زانستی بە پێویستی دەزانێت بۆ گەشەپێدانی کارامەیی زانستی و بەهای قوتابییان و خوێندکاران و پێکەوە ژیانی گەلی کوردستان بخوێندرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ کاك شاخەوان، کاك جمال، کاك ڕۆمیۆ، شنۆ خان، بەڵێ فەرموو کاك ڕۆمیۆ.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا جەنابی وەزیر ئیشارەتێکی دا بە قوتابخانەی تورکمانی، وابزانم مەبەستی هەر قوتابخانەی فێرکردنی پرۆسەی زمانی سریانیشی گرتەوە بۆ هەندێ کەموکوڕی کە هەیە لەم دوو پرۆسەیە، هیوادارین ئەم کەموکوڕیانە تەواو بکرێت، چونکە ئێمە وەکو نەتەوەیەك شانازی بەوە دەکەین کە لە هەرێمی کوردستان دا هەر لە ساڵی (١٩٩٢)دا ئەم پرۆسەیە بەڕێوەدەچێت، بە خەڵکی خۆشمان لە دەرەوە دەڵێین کە نزیك بە شەست قوتابخانەی جۆراوجۆرمان هەیە وەکو پەروەردەی سریانی، ئەمە شتێکی باشە دەستخۆشیت لێ دەکەین، بەڵام هیوادارین ئەم کەموکوڕیانەی کە جەنابی وەزیریش بەشێوەیەك لە شێوەکان ئیشارەتی پێ دا لە مامۆستای وانەبێژ و ئەوانی تردا بۆیان جێبەجێ بکرێت و پڕبکرێت، چاوێکیش بەڕاستی لەوانەی کە بەرپرسن لەو پرۆسەیە بۆ ماوەی (٣٠) ساڵە کە من خۆم یەکێکم لە زۆرێك لە فورسەتەکان یاخود بۆنەکان باسی ئەو کەم و کوڕیانەم کردووە، چاوخشاندنێك، پێداچوونێك لەو بەرپرسانە بکرێت کە ئەوە (٣٠) ساڵە لەو کارەن، بەڵام کەموکوڕی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێ، ئەمە یەك، دووەم/ کە باس لەوە دەکات زمان و بیرکاری و مێژوو و جوگرافیا و پەروەردەی ئیسلامی و (پەروەردەی مەسیحی و پەروەردەی ئێزدییاتی بەپێی تایبەتمەندی)، من ئەم قەوسە بە زیادەی دەبینم، هەمان وەکو بیروبۆچوونم هەبوو لە نووسینەوەی دەستوری عیراق کە دەڵێ (شعب العراق یتکون من قومیتین رئیسیتین)، باسی کورد و عەرەب دەکات ، ئەوجا ئەوە خۆی لە خۆی دا تەمیزێکە، بە هەمان شێوە ئێمە من پێموایە ئەم قەوسانە لابرێن و دەستەکانتان خۆش.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك شاخەوان، فەرموو.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پرۆگرامەکان و خوێندن و هۆیەکانی فێرکردن ماددەی (٣٠) یەعنی لێرە لە ماددەی (٣٠) باسی هۆیەکانی فێربوون بە جۆرێك کە کتێبی بنەڕەتییەکانی فێربوونی زمان و زانستەکان و مێژوو و جوگرافیا و پەروەردەی ئیسلامی، بابەتە نیشتیمانییەکان لێرە تا ڕاددەیەك یەعنی ڕوون نییە لە کوێ دا جێی کراوەتەوە، ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە بابەتی نیشتیمانی و نەتەوەیی، یەعنی ڕوون نییە، نازانم ئەگەر لە ناو مێژوو بۆ نموونە جێگە کرابێتەوە، دەبوایە ڕوونتر لەسەر بابەتی نیشتیمانی و نەتەوەیی ئیشارەت و ئاماژەی پێ بکرایە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شنۆ خان، فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکم هەیە لە جەنابی وەزیری پەروەردە، باس لە بابەتە سەرەکییەکان دەکات، هونەر و وەرزشی تیایە، هونەر و وەرزش خۆی لە ئێستادا بەپێی ئەو پرۆگرامانەی ئێستا هەیە دوو بابەتی لاوەکین، نمرە دانانیش لەلایەن مامۆستاکانەوە بە شێوەیەکی میزاجی یە، زۆرجار لە قۆناغەکانی بنەڕەتی بەتایبەتی لە بازنەی یەکەم و دووەم و سێیەم ئیستیغلالی ئەوە دەکرێ بۆ بەرزکردنەوەی تێکڕای نمرەی قوتابییەك یان نزم کردنەوەی تێکڕای نمرەی قوتابییەکی تر، بۆ ئەوەی یەکێکیان یەکەم بێ و ئەوی تریان دووەم بێ، سێیەم بێ، ئەوە زۆر زۆر ئیستیغلال کراوە، بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دوایی دا، ئایا ئەم دوو بابەتە دوای دەرچوونی ئەم پڕۆژە یاسایە دەبن بە بابەتی سەرەکی؟ پێداچوونەوە دەکرێ؟ پڕۆگرام گۆڕانکاری بەسەردا دێت؟ ئەوە پرسیارەکەم، تەواو، دەستت خۆش بێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جمال، فەرموو.

**بەڕێز جمال حویز مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بابەتە ئاینەکان، خوێندنی ئاین لە پڕۆگرامی خوێندن، دیارە من لەگەڵ ئەوەدامە برایانی مەسیحی و تورکمان و پێکهاتەکانیش لە کوردستان دا هەن، من چ مافێکم هەیە ئەوانیش ئەو مافەیان بۆ دەستەبەر بکرێ، لە هەموو شتەکانیان، بەڵام ئەگەر مەبەست ئەوەیە پەروەردەی مەسیحی و ئێزدییاتی و یان ئاینەکانی دیکەش بخرێنە پڕۆگرامی خوێندن، خوێندکار و ئەوانە بڵێین هەر فریای ئەوە دەکەون ئاین بخوێنن، دەکرێ لە ئەو مەجالەی کە بۆیان ڕەخسایە خوێندنگای تایبەتیان هەیە، لەوێ بە ئازادانە و هەرچی پەیوەندی بە ئاینی خۆیانەوە هەیە لەوێ جێی بۆ بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری پەروەردە قسەت هەیە؟ بەڵێ فەرموون جەنابتان.

**بەڕێز ئالان حمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێوەیەکی گشتی لە ماددەی (٢٠)ەوە چەند تێبینییەك هەبوو بە کورتی وەڵامیان دەدەمەوە، کاتێك کە قوتابی دەیەوێ بەشێك بگۆڕێ لە نێوان ئامادەییەکانی پیشەیی، زانستی، وێژەیی، بۆ نموونە ئەگەر قوتابییەك لە پۆلی دوانزەی وێژەیی بیەوێ بچێتە بەشی زانستی، ئەو قوتابییە ناتوانێ لە دوانزەی زانستی بەردەوام بێ چونکە ئەو قوتابییە لە پۆلی (١٠) و (١١) کیمیا و فیزیا و بایۆلۆجی نەخوێندووە، هیچ بنەمایەکی نییە، کەوابێ دەبێ بگەڕێتەوە، ئەوەی لە ماددەکەدا هاتووە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ سەرەتا بەشی زانستی بخوێنێ هەتا وەکو دەگاتەوە قۆناغی (١٢)،

چونكە پسپۆڕییەكان جیاوازە، سەبارەت بەوەی كە كاك كاروان باسی كرد وابزانم، بۆ حكومی لە پەیمانگاكـان نـابێ لە بیسـت سـاڵ زیـاتر بـێ، بەڵام لە ئەهلییەكـان مەرجـی تەمەن دانەنـراوە، سەبارەت بەو خاڵەی كە كاك كاروان وابزانم هەر ئاماژەی پێ دا چـوارده ڕۆژ كەمە، فـیعلەن لەوە دەچێ چوارده ڕۆژ كەم بێ، تێبینییەكی دروستە، دەكرێت زیاتر بكرێ لەلایەن لیژنەی بەڕێـزەوە، سەبارەت بەوەی هەر كاك كاروان پرسیاری كرد (ئایا چی دەكرێ ئەگەر ئەو پلانـی وانە وتـنەوانە جێبەجێ نەكرا لەلایەن مامۆستایانەوە؟)، لە ئێستادا لەم كابینەیە كە ئێمە دەسـتمان پێكـردووە، یەك دامەزراوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەكرێ، قوتابخانەكان تەصنیف كراون بەسـەر چـوار ئاسـت دا، ئاسـتی یەك و دوو و سـێ و چـوار، چـوار بەرزتـرینە، ئەم سـاڵی خوێنـدنی ڕابـردوو بـۆ هەمـوو قوتابخانەكانی كوردستان پۆلێنبەندیمان كردووە لەسەر ئەساسی دڵنیایی جۆری، دوو/ مامۆسـتا هەڵسەنگاندنی بۆ دەكرێ، كە ئەم ساڵ ئەو پرۆسەیە بە تەواوەتـی لە قوتابخانەكـانی كوردسـتان هەمـووی جێبەجـێ كـراوە، لەبەر ئەوە هەر مامۆسـتایەك بـۆ نمـونە ئێسـتا ئـێمە لە پرۆسـەی وەرگرتنـی ئیشـرافداین، یەكێـك لەوخـاڵانەی كە لە نـاو پرۆسـەكە لەسـەرێتی ئەوەیە مامۆسـتا هەڵسەنگاندنی دوو ساڵی لەسەر یەك چۆن بووە؟ بەپێـی ئەوە نمـرە وەردەگـرێ و مافەكـانی بـۆ دەستەبەر دەكـرێ، بـاس لەوەی ئەلیكترۆنـی كـرا، كـاك علـی و هەمـوو بەڕێـزان تەئكیـدیان لەوە كـردەوە و كـاك بەڵێن ئامـاژەی پـێ دا، ئـێمە ئێسـتا لە وەزارەتـی پەروەردە بـۆ جێبەجـێ كردنـی كارنـامەی كـابینەی نـۆیەم خـاوەنی گەورەتـرین سیسـتەمی ئەلیكتـرۆنین كە بە سیسـتەمی پەروەردە ناسـراوە، داتـای زیـاتر لە دوو ملیـۆن ئینسـان كە بـریتین لە قوتـابی و خوێنـدكار و مامۆستا و فەرمانبەر لەو سیستەمە تۆمـار كـراوە، تەواوی قوتابخانەكـانی بە دیجیتـاڵی كـراوە، واتـا ئەگەر لە نـاو قوتابخـانەیەك دا كورسـییەك و مێـزێكیش هەبـێ بە دیجیتـاڵی كـراوە، داتـای مامۆسـتا لە یەكەم ڕۆژی دامەزرانـدنییەوە هەتـا دەگـاتە ئێسـتا هەمـوو شـتەكانی، هەتـا ئەگەر ڤاكسینی وەرگرتبێ كارتی ڤاكسینەكەشی هاوپێچ كراوە، ئێمە لە (٨/٢٥)ەوە دەستمان پێكردووە، خاوەنی گەورەترین پلاتفۆڕمی دیجیتاڵین لە نـاو وەزارەتـی پەروەردە، گواسـتنەوەی قوتـابی لە قوتابخانەیەك بۆ قوتابخانەیەكی دیكە هەمووی بە دیجیتاڵی دەكرێ، وەرگێڕانی بڕوانەمەكان بە دیجیتاڵی دەكرێ، بۆیە مـن پـێم باشـە ئەگەر ڕۆژێـك لیژنەكـانیش یـان ئەنـدام پەرلەمـان پێیـان خۆش بێ، ئێمە ئامادەین لە وەزارەت سیستەمەكەی خۆمان عەرز بكەیـن، لەبەر ئەوە لەو بـابەتە ئێمە دڵنیایی تەواومان هەیە كە هەموو شتەكان بە دیجیتاڵی دەڕوات، سەبارەت بەوەی كە چۆن قوتابی هاوكاری دەكرێ ئەوەی كە شادی خان ئاماژەی پـێ دا، خـاڵێكی گرنـگ بـوو، ئەوە هەمـوو قوتابییەك فایلێكی دەبێ، گرفتی دەروونـی، ئاسـتی زانسـتی، ئەگەر پێویسـتی بە پاڵپشـتی بـوو هاوكـاریكردنەكە مەبەسـت لەوەیە تۆمـار دەكـرێ، بابەتەكـانی وەرزش و هـونەر بـابەتی لاوەكـی نینە، ئەوانیش بابەتی بنەڕەتین، بڕواتان هەبـێ ئێـوە سـورەتە عـامەكە وا دەبیـنن، بەڵام قوتـابی هەبـووە زۆربەی دەرەجەكـانی (١٠٠) بـووە بەڵام لە وەرزش (٧٠)ی هێنـاوە، مامۆسـتاكە ئامـادە نەبـووە (١٠٠)ی بـداتێ، لەبەر ئەوە هەڵسـەنگاندنی كـردووە، بـۆ ئەم سـاڵی خوێنـدنیش ئـێمە ڕێبەرمان دروست كردووە بە قۆناغی یەك تا شەش بـۆ هەمـوو مامۆسـتایان، كە ئەمە یەكەمـین ساڵە لە وەزارەتی پەروەردە ڕێبەری وەرزشی دروست بكرێ، پرۆگرامەكانمـان لە پـۆلی حەوت و

هەشت و نۆ ئێستا داناوە بۆ ساڵی خوێندنی ئاینده ئاماده دەبێ، لەبەر ئەوەی ئەو بابەتانە بابەتی گرنگن، گرنگییەکی تایبەتییان بۆ دادەنرێ لە ناو وەزارەتی پەروەردە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز وەزیری پەروەردە، ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە.

**بەڕێز د.گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری سێیەم: وەرز و کاتەکانی خوێندن لە دامەزراوە حکومییەکان دا.

ماددەی (٣١):

١-هەر ساڵێکی خوێندن لە وەرزی یەکەم و دووەمی خوێندن پێك دێت و وەرزی یەکەم لە مانگی ئەیلول و وەرزی دووەمیش مانگی کانونی دووەم دەست پێ دەکات، لە دۆخی نائاسایی ئەنجومەنی وەزارەت دەتوانێت بۆ ساڵێکی خوێندن گۆڕانکاری لەو کاتانەدا بکات.

٢-هەر ساڵێکی خوێندن بەلایەنی کەم سەد و حەفتا ڕۆژی خوێندن لە خۆ دەگرێت، هەر حەفتەیەك لایەنی کەم پێنج ڕۆژی خوێندن لە خۆ دەگرێت و هەر ڕۆژێکی خوێندن لە چوار کاتژمێر کەمتر نابێت.

٣-پشووەکانی دامەزراوە حکومییەکان ئەمانەی خوارەوەیە:

یەکەم/ پشووی سەری ساڵی زایینی لە ڕۆژی (٣٠)ی کانونی یەکەم تا ڕۆژی (٢)ی کانونی دووەم.

دووەم/ پشووی نیوەی ساڵ کە دوای کۆتایی هاتنی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزی یەکەم لە مانگی کانونی دووەم دەبێت و نابێت پشووەکە لە یەك هەفتە زیاتر بێت.

سێیەم/ پشووی سەری ساڵی کوردی لە ڕۆژی (١٩)ی ئازار تا ڕۆژی (٢٤)ی ئازار دەست پێ دەکات.

چوارەم/پشووی هاوین کە ماوەکەی لە دوو مانگ کەمتر نابێت و بەرەچاوکردنی کاتی تاقیکردنەوەکان و دۆخی ناهەموار دەکرێت بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزارەت گۆڕانکاری تێدا بکرێت.

پێنجەم/ پشووی جەژنەکان.

٤-وەزارەت دەتوانێت لە کاتی پێویست دا گۆڕانکاری لە کاتی پشووەکان بکات بە مەرجێك لەگەڵ ئەو پشووانەی لە یاسا بەرکارەکان و بڕیارەکانی پەرلەمان دا هاتوون ناکۆك نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ فەرموون، ناویان بنووسە، کاك سیپان، شادی خان، کاك شاخوان، شیرین امین شیرین خان، عثمان سێدەری، کاك مەلا وەیسی، کاك هێڤیدار، کاك چیا، د.إسماعیل، کێی تر بەڕێزان دەیەوێ قسە بکات؟ شێخ ظاهر، شیرین أمین، شیرین خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣١) بڕگەی (٢) (هەر ساڵێکی خوێندن بەلایەنی کەم سەد و حەفتا ڕۆژی خوێندن لە خۆ دەگرێت و هەر حەفتەیەك لایەنی کەم پێنج ڕۆژی خوێندن لە خۆ دەگرێت و هەر

ڕۆژێکی خوێندن لە چوار کاتژمێر کەمتر نابێت) بەپێی ئەو داڕشتنەوەیە بێت بەتایبەت کە دەڵێ لە چوار کاتژمێر کەمتر نابێت بۆ ڕۆژێکی خوێندن، کەوابێ سیستەمی سێ دەوامی نامێنێت، ئەمە شتێکی باشە، بەڵام پرسیارێکم هەیە بۆ بەڕێز وەزیر، دەپرسم ئایا ئامادەکاری کراوە بۆ ئەوەی لە پۆلەکان دا کە ژمارەی قوتابی و خوێندکار ڕێژەیەکی زۆری تێدا نەبێت ئەگەر سیستەمی سێ دەوامی هەڵبگیرێت؟ دەست خۆش.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك عثمان سێدەری، فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (٢) کە باس لە پشووی نیوەی ساڵ دەکات، کە لە یەك حەفتە زیاتر نەبێت، من پێشنیار دەکەم بکرێت بە (١٥) ڕۆژ، هەروەها بڕگەی چوارەمیش کە پشووی هاوین کە ماوەکەی لە دوو مانگ کەمتر نەبێت پێشنیار دەکەم بکرێت بە سێ مانگ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك هێڤیدار، فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار أحمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣١) (دووەم) جەنابی وەزیر نووسراوە لە چوار کاتژمێر کەمتر نەبێت، ئەی ئەعلاکەی چەندە؟ بۆ نموونە لە مەکتەبە ئەهلییەکان هەتا سعات (٣)یە، حەوت سعات خوێندن هەیە لەوێ، سێیەم (پشووەکان) لە دووەم نووسراوە هەر حەفتەك لایەنی کەم پێنج ڕۆژ، ئەمە تەحصیل حاصلە پێنج ڕۆژەکە لایەنی کەم، یەعنی ئیحتیمال هەیە شەش ڕۆژیش دەوام بکات، وا نییە؟ ئەگەر ئەمە تەحصیل حاصل بێت، سێیەم لە پشووەکان پێم باشە یەکەم بەم شێوەیە بێت واتا ئەگەر دوو ڕۆژیش بی پشووەکە دەبێ دوو ڕۆژەکە دیاری کرابێت، ئایا پێنجشەم بۆ هەینی یە، یان هەینی و شەممەیە، ئەمەشی تێدا دەستنیشان بکرێت، زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك شێخ ظاهر، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣١) خاڵی (٤) پشووی هاوین کە ماوەکەی لە دوو مانگ کەمتر نەبێت، لێرە دیاری نەکرایە ئەی لە چەند زیاتر نەبێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك مەلا وەیسی، فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣١) لە خاڵی پشووەکان، پشووی سەری ساڵی زاینی لە ڕۆژی (٣٠)ی کانونی یەکەم تـا ڕۆژی (٢)ی کـانونی دووەم دەسـت پـێ دەکـات، ئەوە سـاڵانە حکـومەتی هەرێمـی کوردستان بۆ چەند ساڵێك دەچێت بەرنامەیەکی هەیە، لە (٢٥)ی کانونی یەکەم دەکاتە پشـووی سەری ساڵ و ئەوانە، پێم باشە بەروارەکە وەکو خۆی لـێ بێـتەوە کە پێشـووتریش لە وەزارەتـی پەروەردە لە (٢٥)ی مانگەوە پشوو بوو، ئەوەی تریش هاوڕای کـاك عثمـان سـێدەریمە کە مـاوەی یەك هەفتە بۆ قوتابی و خانەوادەکەی زۆر کەمە، زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، شادی خان، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی (٣١) بڕگەی (٢) ئایا ئەو چوار کاتژمێرەی کە خوێندکار لە خوێندنگەیە، یاخود قوتـابی لە قوتابخــانە بەســەری دەبــات، تەنیــا ئەو کــاتەیە کە مــاددەی تیــا وەردەگــرێ؟ یــان بەو پشووانەشـەوەیە کە لە نێـوانی ماددەکـان دا هەیە، چـونکە ئەگەر وا بێـت ماددەکـان زۆر کەم دەکـاتەوە، خـاڵی دووهەم، پرسـیاری دووهەمـم ئەوەیە پشـووی سـەری سـاڵ دوو ڕۆژە، بەڵام پشووی نیوەی ساڵ کە یەك هەفتە کەمتر نەبێ، کاتێ نووسراوە کەمتر نەبێ واتا دەسەڵات شـۆڕ دەکـرێتەوە بـۆ قوتابخـانە و خوێنـدنگاکان دیـاری بـکەن چەنـد ڕۆژە، یـان وەزارەت ڕێنمـایی دەردەکات هەموو ساڵێك بۆ ئەوەی کە پشووەکە چەند ڕۆژە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بدریە خان، فەرموو.

**بەڕێز بدریە إسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣١) بڕگەی سێیەم، پێشـنیار دەکەم خـاڵی یەکەم و دووەم و سـێیەم هەتـا پێـنجەم لاببرێـت، لەبەر ئەوەی لە بـڕگەی چـوارەم دا کە دەڵـێ (وەزارەت دەتوانێـت لە کـاتی پێویست دا گۆڕانکاری لە کـاتی پشـووەکان دا بکـات بە مەرجێـك لەگەڵ ئەو پشـووانەی لە یاسـا بەرکارەکان و بڕیارەکانی پەرلەمـان دا هـاتوون نـاکۆك نەبێـت)، مـادام خـاڵی چـوارەم هـاتووە و وەزارەت ڕێنمایی دەردەکات، پێشنیار دەکەم ئەم چوار پێنج خاڵە لاببرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك شاخەوان، فەرموو.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣١) خاڵی (٢) بە نیسبەت پشووی نیوەی ساڵ، من هاوڕای کاك عثمان سێدەری و کاك مەلا وەیسی و شیرین خانم، چونکە دەڵێ لە حەفتەیەك زیاتر نەبێ، پێشنیار دەکەین لە دوو حەفتە زیاتر نەبێت، لەبەر ئەوە هاوڕای هاوپیشەکانم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعيل على طه:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

خالا (٢) (سێیەم) بێژێت (پشووی نیوەی ساڵ) وابزانم ئەو سیستەمە هەر نەمایە، سیستەمێ مە وەرزییە، کۆرسن، مادام کۆرسە دەبیتە پشووی وەرزی یەکەم، نە نیوە ساڵ، نزانم ئەگەر نیوەی ساڵێ و سەرێ ساڵێ تنێ ئیمتیحان بن، ئەز نابینم یا گونجاو بیت ئەو موستەڵەحە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك سیپان، فەرموو.

**بەڕێز سيپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

بەشێ ژ گۆتنێت من هاتن کرن، لێ ماددا (٣١) (دووەم) داخازا ڕوونکردنەوە ژ جەنابێ وەزیرێ دکەم کە ئەو پێنج ڕۆژ بە چ شێواز؟ ئایا ڕۆژا شەمبی دەبیتە پشوو وەکو هەندەك کۆمەڵگەهێن پەروەردەی؟ یان کو سەرجەم خاندنگهاش شەمبی حەتاکو پێنجشەمبی دەوام تێتە کرن؟ ئەگەر پشوویەك بیت ڕەنگە ژ بۆ هەموو خاندنگهابیتن، هەمی مامۆستاییێن، چونکی هەموو ماف و ئیمتیازاتییان وەکو یەکە، نەك ژ یەك بێتە جوودا کرن، لەوڕا داخازا ڕوونکردنەوێ دکەم ئەگەر شەمبی کو ببیتە پشوویەکا فەرمی بۆ ناوەندێت خاندنێ، جاکو لڤێ یاسایێ دا ئاماژە پێکری یاخود ڕێنمایی ئاماژە پێدات و لە سێیەم ژی پشتگیریا د.إسماعیل سگیری دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك چیا، فەرموو.

**بەڕێز چيا حميد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

من دوو تێبینی هەبیت، تێبینیەك کو وەرزی یەکەم لە مانگی ئەیلول دەست پێ دەکات، مانگی ئەیلول (٣٠) ڕۆژە پێتڤیا لێرە بێتە دەستنیشان کرن، پێتڤیا بێتە دیار کرن کو ڕۆژا (٩/١) دەست پێ دەکات یان (٩/١٠) ئەڤە بێتە تەسبیت کرنێ، هەمی ساڵا قوتابخانە دەست پێ بکات، تێبینیا دووێ ل سەر ڕۆژا شەمبیانە وەکو پشوو، ڕۆژانی شەمبیا من پێ باشە پشووا فەرمی بیت وەکو

جـومعێ چـونكی مامۆسـتا پێشـنیارا گەلە گەلەك مامۆسـتا داخازیـا مامۆسـتانە، ژ بەر وەزعـێ ماڵباتی و عائیلی، چونكی ئەو كەسێ فەرمانبەرن تەنها ڕۆژی جمعە زارۆكی وان پێم باشە ئەگەر شەمبیش هەبی، دەرفەتەك بـۆ خێزانـی هەیە، هەروەسـاش لایەنـی ئـابووری بە فایـدەیەكی زۆر دەگەینیتە حوكمەتا هەرێما، بە هەزاران مامۆستا دێ ماڵ بن، بە هەزاران ئۆتۆمۆبیل دێ سـەكنی سەكن، بە گاز و كەهرەبـا و ئەڤ شـتێ دی هەمـوو تێـتە ئیسـتیفادە كـرن، ژ بـۆ ئابووریـا هەرێمـا كوردستانێ، من پێ باشە پشوو بێت و بە رەسمیش بێتە دیار كرنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك ئازاد، فەرموو.

**بەڕێز ازاد إكرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە حەفتەی یەكەمی ئەیلول بنووسرێ بە ڕەئی من باشترە، چونكە دوو كۆرسە، لە بیست و چوار كۆتایی بێتن، لە بیست و پێنج پشوو دەست پێ بكات، پازدە ڕۆژیش بی وەكی پێشان عـوتلەكە، عوتلەی نیوەی ساڵێ، بەڕاسـتی عـوتڵەی بەهـاران زۆر وەزعەكەی تێكـدایە، خاصـتەن لە صـەفی شەشی ئەعدادی تێكدایە، سێ ڕۆژ یان چوار ڕۆژی عوتڵەی نەورۆزی بی بەڕەئی من باشترە، زۆر درێژە، یەعنی تێك دەدا، كۆرسی دووەمی زۆر تێكدایە بەڕاستی، دوایـیش ئەو سـاڵە ئیمتیحـانی بەكالۆریای صەفی شەش دەوری یەكەم و دەوری دووەم بیست ڕۆژ بەینیان هەبـوو، یەعنـی ئەو بیست ڕۆژە تەڵەبە چەند موراجەعەی دیسان دەرسەكان دەكـاتەوە، بەڕەئـی مـن كۆرسـی یەكەم كە دیار كرا وەرزەكە چەند دەخیندرێ، ئیمتحانەكە كەنجین بی، كۆرسی دووەمـیش دیـار بكـرێ، مەسەلەن لە كۆرسی دووەم تاقیكردنەوەكان بە ڕەئی من لە (٤/١٠) دەست پێ بكـات، علـی الاقـل پەنجا ڕۆژ بـدرێتە تەڵەبە لـۆ مـوراجەعە، چـونكە حەفـت دەرسـە، حەفـت جـاران حەفـت ئەگەر حەفتەی یەك دەرسی موراجەعە بكات دەكاتە چل و نۆ ڕۆژ، لۆیە ئەگەر هەموو ساڵێك یەك شكل بیتن مەسەلەن باشترە بەو شكلەی بیتن، ئێستا وەنییە بەڕاستی، هەندەك جـار هەیە تەواو لەبەر كۆرۆنای بوو، لەبەر ئەو شـتانە بـووە، بەڵام تـازە ئێسـتا كۆرۆنـا نەمـایە، یەعنـی تەسـبیت بكـرێ، كۆرسی یەكەم عوتڵەكانی كۆرسی یەكەمی ئیمتیحانەكانی خاصتەن بەكەلۆریاش زۆر تێكەڵەكی تێدایە، چاك ببێتەوە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئاشنا خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەوەری چوارەم: ڕاگرتنی خوێندن لە بارودۆخی نائاسایی دا.

ماددەی (٣٢):

١-لە بـارودۆخی نائاسـایی دا وەزیـر دەتوانێـت دەوامـی دامەزراوەكـان بـۆ مـاوەی حەوت ڕۆژ رابگرێت، بە مەرجێك ئەنجومەنی وەزیـران لە بڕیـارەكە و هـۆ و ڕێكارەكـانی ڕاگـرتنەكە ئاگـادار

بکرێنەوە، ئەنجومەنی وەزیران مافی درێژکردنەوەی ماوەکەی بەدرێژایی بارودۆخە نائاساییەکە هەیە.
٢-لە بارودۆخی نائاسایی دا بەڕێوبەری گشتی پەروەردە لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دەتوانێت دەوامی دامەزراوەکان بۆ ماوەی دوو ڕۆژ رابگرێت، بە مەرجێك وەزیر لە بڕیارەکە و هۆ و ڕێکارەکانی ڕاگرتنەکە ئاگادار بکرێتەوە و وەزیر مافی درێژکردنەوەی ماوەکەی بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ هەیە.
سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ بەڵێ بەڕێزان ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ قسە بکەن: کاك کاوە، د.إسماعیل، هەڵەز خان، سەرچنار خان، مامۆستا عمر، کاك کاروان، کاك هێڤیدار، کاك سەروان، کاك زیکری، کاك جلال، بدریە خان، گوڵستان خان، بەڵێ کاك کاوە، فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٣٢) لە بارودۆخی نائاسایی وەزیر دەتوانێت بۆ ماوەی یەك حەفتە و ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەگەر بارودۆخەکە بەردەوام بوو دەتوانێ درێژی بکاتەوە، لێرەدا هیچ کاتێك دیاری نەکراوە بەپێی بارودۆخە نائاساییەکەیە، بەڵام ئایا ئەو ماددەیە ناکۆك نابێ لەگەڵ ماددەی (٣١) کە دەڵێ لە بڕگەی (٢) (هەر ساڵێکی خوێندن لایەنی کەم دەبێ (١٧٠) ڕۆژ بێ)، لێرە ئیجباری یە دەبێ (١٧٠) ڕۆژ بخوێندرێ لە هەر ساڵێکی خوێندن، بەڵام ئەگەر لێرە کاتەکەی درێژ بووەوە، بارودۆخی نائاسایی درێژەی پێدا، نەتیجەکەی چۆن دەبێ؟ ئەگەر ڕوونکردنەوەی زیاتر بدات جەنابی وەزیر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە خۆی باسی ڕاگرتنە، ڕاگرتنی خوێندن لە بارودۆخی ئاسایی دا، بە دوو بڕگە، بڕگەیەکیان وەزیرە، بڕگەی دووەمیان بەڕێوبەری گشتی پەروەردەیە، ئەگەر ئێمە بڕگەیەکی تری بۆ زیاد بکەین، چونکە بارودۆخەکە نائاساییە بۆ ئەوەی کاروبارەکان بەشێوەیەکی خێراتر بڕوا بڵێین بڕگەی (٣/ پەروەردەی قەزاکان..) چونکە باس نەکراوە (..مافی ڕاگرتنی دەوامیان هەیە بۆ ماوەی یەك ڕۆژ بە مەرجێك بەڕێوبەری گشتی پەروەردە لە بڕیارەکە و هۆکار و ڕێکارەکانی ڕاگرتنەکە ئاگادار بێ)، چونکە حاڵەتێك بۆ نمونە وەکو ئەمڕۆ ڕوو دەدات، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بتوانرێت کار ڕایی بکرێت لەو بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس سەرچنار خان، کاك سەروان، فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی (٣٢) (لە بارودۆخی نائاسایی دا وەزیر دەتوانێت..) ئەوە ئەگەر لە جیاتی (وەزیر) بکرێتە (ئەنجومەنی وەزارەت) باشترە، چونکە دەبینی حاڵەتی نەخوازراو بۆ خودی وەزیریش ڕوودەدات، ئەوە وەزیر لە شوێنێکی دوور بوو، ئیتیصال پێوە نەکرا، کوردستانیش تووشی بارودۆخێکێ نائاسایی بوو، ئەو کاتە چۆن یەعنی دەوام هەر دەبی بکرێت لەبەر ئەوەی وەزیر لێرە نییە؟ ئەنجومەنی وەزارەتیش خۆی لە ماددەی (١٦٠) هاتووە کە بە سەرۆکایەتی وەزیر و ئەندامەتی بریکاری وەزارەت و بەڕێوبەرە گشتییەکان و ڕاوێژکارەکانی وەزیرن، بۆیە ئەگەر بکرێتە (ئەنجومەنی وەزارەت) باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك زیکری، فەرموو.

**بەڕێز ذكري أحمد إسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددا (٣٢) (لە بارودۆخی نائاسایی دا وەزیر دەتوانێت دەوامی دامەزراوەکان بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ رابگرێت..) من پێم باشە ئەو حەفت ڕۆژە دیاری نەکات، بە پێی پێویست بێت، جار هەیە بەڵکو پێویستی بە کەمتر بێت، بەڵکو ڕۆژ هەیە پێویستی بە زیاتر بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك جلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد أمين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە بڕگەی (١) هاوڕای قسەکەی کاك سەروانم کە وەزیر بگۆڕدرێت بە (ئەنجومەنی وەزارەت)، هەروەها لە بڕگەی (٢) هاوڕای قسەکانی سەرچنار خانم کە پەروەردەی قەزاکانی بۆ زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس کاك جلال، بدریە خان، فەرموو.

**بەڕێز بدريه إسماعيل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك کاوە و سەرچنار خان دەکەم، منیش پێشنیار دەکەم بڕگەی سێیەم بۆ گوند و قەزاکان زیاد بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، هەڵەز خان، فەرموو.

**بەڕێز هلز أحمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

سەبارەت ماددا (٣٢) ئاخافتنێت من هاتنە گوتن و پشتگیری سەرچنار خان و بدریە خان دەكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ باشتر داڕشتنەوەی ماددەكە پێم باشە لە هەردوو بڕگەكە (بۆ ماوەیەك كە لە حەوت ڕۆژ زیاتر نەبێت)، لە دووەمیشان دا (بۆ ماوەیەك كە لە یەك ڕۆژ زیاتر نەبێت)، یەعنی لانی زۆرینەی دیاری دەكەی، واتا كەمەكەشی دەسەڵات هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك هێڤیدار، فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار أحمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هی من موداخەلە نییە لەسەر ئەم ماددەیە، پرسیارمان كرد لە بەڕێز جەنابی وەزیر لەسەر ماددەی پێش ئەوە، لەسەر پشووەكان، وەڵاممان وەرنەگرت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، كاك كاروان، فەرموو.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا قسەكانم كرا، بەڵام من دەمەوێ لە هەمووی ئیزافە بكەم، ئەم حەوت ڕۆژە ئەوە صەڵاحییەتی وەزیرە حەق نییە دیاری بكرێ، چونكە باری نائاسایی وا هەیە كە پێویست ناكات تۆ هەموو ڕۆژێ دانیشی بڕیارێك بدەی، یەك جار قەرارێك دەردەكەی بۆ موددەیەكی دیاریكراو، بۆیە حەوت ڕۆژەكە لابرێ و دوو ڕۆژەكەش لابرێ و حەوت ڕۆژی درێژكردنەوەی كۆتاییش لابرێ، بەڵام پرسیاری ئەساسی ئەوەیە لە حاڵەتێك دا وەكو كۆرۆنا دا مانگێك دەفەوتێ، دە ڕۆژ دەفەوتێ، چۆن قەرەبوو دەكرێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

ئاخافتنێت من ژ لایێ خوشكە هەڵز و بەدریە خان و خوشكە سەرچنار و كاك جلال هاتە كرن، پشتگیری ئەوانە دكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گوڵستان خان، گوڵستان باقی، فەرمووو.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

سەبارەت ماددێ (٣٢) برگا (٢) لەسەر مافی ڕاگرتنا دەوامێن دامەزراوەیێن پەروەردەیی، بڤ رەنگی بیتن مافێ درێژ کرنا ماوەی ڕاگرتنا دەوامێ بدەنە ڕێڤەبەرێن گشتی و کارگێرییێن سەربەخۆ، ب حوکمی هەندێ پتر ژ بارودۆخێ ناوچێ هەنە سەبارەت هەر بارودۆخەکی نەخازراو بەس بە ئاگاهداریێ جەنابی وەزیری بیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیر دەتەوێ قسە بکەی؟ بەڵێ فەرموون بەڕێزتان.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، کاك هێڤیدار داوای ڕوونکردنەوەی کرد بەس هێشتا سرەی قسە کردنم نەهاتبوو بۆیە، ماددەی (٣١) باس لە ساڵنامەی خوێندن دەکات کە لە (١٧٠) ڕۆژ کەمتر نەبێ، ساڵنامەکە لێرە باس نەکراوە، ساڵنامە و وردەکاری ساڵنامەکە وەزارەت و ئەنجومەنی وەزارەت لە کۆبوونەوەی خۆی دایدەنێ، وەکو ئەوەی کە ئەمساڵ ساڵنامەی خوێندنی بڵاو کردۆتەوە، کەلیمەی پشووی نیوەی ساڵ تەعارووز ناکات کاك إسماعیل، لەبەر ئەوەی دەڵێ خوێندن لە دوو وەرز پێك دێت، وەرزی یەکەم و وەرزی دووەم، پشووی نیوەی ساڵ کە دوای کۆتایی هاتنی تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەمە، واتا دوو وەرزەکە نیوەیەکەی کۆتایی وەرزی یەکەم، دوای ئەوە دەبێتە پشووی نیوەی ساڵ، لەبەر ئەوە تەعارووز ناکات، سەبارەت بەوە کە ڕۆژەکان چۆن دیاری دەکرێ؟ دەڵێ لە پێنج ڕۆژ کەمتر نەبێت دەوام کردن، یەعنی دەکرێ شەش بێ، بەڵام نابێ لە پێنج ڕۆژ هیچ دامەزراوەیەك کەمتر بێ، واتا نابێ چوار ڕۆژ بێ، ئێستا ئێمە حالیەن لە زۆربەی قوتابخانەکان شەش ڕۆژ دەواممان هەیە، هەندێ قوتابخانەش پێنج ڕۆژ دەوامی هەیە، بەس ئەو قوتابخانانەی، پرسیارێك هات ئەو قوتابخانانەی کە پێنج ڕۆژ دەوامیان هەیە هەندێ قوتابخانە یەك دەوامن و بابەتەکان زیاتر دەخوێنن، لەباتی ئەوەی سعات (١٢:٢٠) تەواو بن، سەعات (١) تەواو دەبن، بۆ نموونە، واتا وانەکانی ڕۆژی شەممە تەوزیع دەکرێتەوە بەسەر وانەکانی ڕۆژەکانی دیکە، بۆ هەر ڕۆژێك لە یەکشەممە تا پێنجشەممە وانەکانی ڕۆژی شەممەی بەسەردا دابەش دەکرێت، چونکە لە یەکێك لە ماددەکان باس لەوە دەکات کە ئێمە دەبێ بە شەوانەکان ساڵانە لە مانگی پێنج دا بنێرینەوە بۆ هەندێك ناوەندەکانی خوێندن، بە گوێرەی ئەو بەشە وانانە ڕۆژەکانی خوێندنیش زیاد دەکرێ، سەبارەت بەوەی کاك سیپان گوتی ئەو ماددەیە تەعارووز ناکات ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران کاتەکە زیاتر ڕابگرێ لەگەڵ (١٧٠) ڕۆژەکە، تەعارووز ناکات لەبەر ئەوەی لە یەکێك لە فەقەرەکان ئاماژە بەوە دەدا لە حاڵەتی نائاسایی دا ئەنجومەنی وەزارەت مافی هەموارکردنەوەی ساڵنامەی خوێندنی هەیە، ئەنجومەنی وەزارەت بە بێ وەزیر ناتوانێ کۆ ببێتەوە، بەڕێزێك فەرمووی ئەوە بکرێتە ئەنجومەنی وەزارەت، ئەنجومەنی

وەزارەت بە بێ وەزیر ناتوانێ کۆ ببێتەوە، ئەگەر وەزیر لەوێ نەبێ، دەبێ مۆڵەتی کردبێ، هەر حاڵەتێکی نەخوازراو بێ بە گوێرەی ئەو پەیڕەوەی لە ئەنجومەنی وەزیران هەیە دەبێ وەزیرێکی دیکە بە وەکالەت دابنرێ (الوکیل کالأصیل) دەتوانێ جێگەی بگرێتەوە، تەوقیعی بکات و ریئاسەی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزارەتیش بکات، زۆر سوپاس، بەس ئەوەی کە جەنابی فەرمووی تا حەوت ڕۆژ ئەوەیان ڕاستترێکە ئەگەر ئەو کەلیمەیە زیاد بکرێ، لە بارودۆخی نائاسایی وەزیر دەتوانێ دەوامی دامەزراوەکان نەك بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ، تا حەوت ڕۆژ ڕابگرێت، واتا لە یەك تا شەش ئەوە دروستترێکە ئەو تەعبیرە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی ئەو پەڕی حەوت ڕۆژ بێ، بەڵێ زۆر سوپاس، کاك هێڤیدار، مەجالمان هەیە ئێمە بۆ دەنگدان ئەو پێشنیارانەی کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کردوویانە دیراسەی دەکەین بە حزووری بەڕێز وەزیر، ڕاپۆرتی دەنگدان حازر دەکەین، ماددەی دوای ئەوە، ماددەی (٣٣).

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری پێنجەم: بەشە وانەکانی خوێندن.

ماددەی (٣٣):

پێش کۆتا هاتنی مانگی ئایار هەموو ساڵێك دەبێت وەزارەت لایەنی کەم ژمارە وانەکانی خوێندن لە هەر بابەتێك دا بۆ هەر قۆناغێکی خوێندن بۆ ساڵی خوێندنی داهاتوو دیار بکات بە مەرجێك لەگەڵ بازنەکانی خوێندن و چوارچێوەی پرۆگرامی فێرکردن دا بگونجێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کێ قسە دەکات لەسەر ئەو ماددەیە؟ کاك چیا، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

بۆ هەر قۆناغەکی خوێندن بۆ ساڵی خوێندن (بۆ وەرزی خوێندنی داهاتوو)، چونکە تۆ لە هەمان ساڵی، لە ئایار مانگی (٣)یە بۆ ساڵی داهاتوو نەهاتووە، یەعنی بۆ وەرزی داهاتوو بێتە بنووسی، نە بۆ ساڵی داهاتوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی (٣٤) بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری شەشەم: پێدانی کتێب و پێداویستییەکانی خوێندن.

ماددەی (٣٤):

١-ئەرکی وەزارەتە لە سەرەتای ساڵی خوێندن دا کتێبەکانی خوێندن بە خۆڕایی بۆ دامەزراوە حکومییەکان دابین بکات، بە مەبەستی دابەش کردنیان بەسەر قوتابییان و خوێندکاران دا.

٢-پێویستە وەزارەت لە سەرەتای ساڵی خوێندن دا کتێبەکانی خوێندن بە تێچووی خـۆی بـۆ ئەو دامەزراوە ناحکومییانەی پرۆگرامـی حکـومی بەکـار دەهێـنن دابـین بکـات بە مەبەسـتی دابەش کردنیان بەسەر قوتابیان و خوێندکاران دا بەخۆڕایی.
٣-ئەرکـــی وەزارەتە بە مەبەســـتی بەڕێوەچـــوون و پەرەپێـــدانی پرۆســـەی خوێنـــدن پێداویستییەکانی قوتابخانە بۆ دامەزراوە حکومییەکان دابین بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەو ماددەیە کێ قسـەی هەیە؟ دەیخـوێنینەوە ناوەکـان: مامۆسـتا أبـوبکر، مامۆسـتا عمـر، بدریە خان، د.شێرکۆ، کاك ئازاد، کاك مەلا وەیسی، کـاك سـەروان، کـاك شـێخ ظـاهر، د.هەورامـان، کـاك عثمـان سـێدەری، شـیرین خـان (شـیرین أمـین)، کـاك علـی حەمە صـالح، کـاك کـاوە، کێمـان نەنووسیوە؟ بەڵێ، کاك ئازاد، فەرموو.

**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی (٣٤) بڕگەی (١) کە دەڵێ (پێدانی کتاب لەسـەر وەزارەتە)، دیسـان لە جەنـابی وەزیر دەپرسـم مـادام لەسـەر وەزارەتە کتابەکـانی مەکتەبـی تورکمـانیش هەر لەسـەر وەزارەتە، پێشـنیار دەکەم هەیئەتەکـی تەرجـومە کە وەزیـر جـوابمی داوە گـوتی ئەوە تورکمانەکـان دەبـی خۆیان ئەوە بکەن، بەڵام وەزارەت با هەیئەتەکی ڕەسمی تەرجـومە دابنـێ بـۆ ئیمتیحانـات و بـۆ تەرجومەی، هەموو ساڵ ئەو موشکیلە بۆ مەکتەبی تورکمانی هەمـوو سـاڵێ هەیە، هەمـوو سـاڵ کتابمان کەمە و پاش نیوەی ساڵێ ڕێکی دەیەخین بە مەلزەمە و بەو شـتانە، ئەوجـا بـا ئەو سـاڵە ئەو ئیشە نیهایەتی بێ و حەلی بکرێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك ئازاد، کاك شێخ ظاهر، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٤) خاڵی (١) (ئەرکـی وەزارەتە لە سـەرەتای سـاڵی خوێنـدن دا کتێبەکـانی خوێنـدن بە خۆڕایی بۆ دامەزراوە حکومییەکان دابین بکات)، لە خاڵی (دووەم)یش بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان (پێویستە وەزارەت لە سەرەتای ساڵی خوێندن دا کتێبەکانی خوێنـدن بە تێچـووی خـۆی بـۆ ئەو دامەزراوە ناحکومییانەی پرۆگرامی حکومی بەکار دەهێنن)، پێم باشە هەردوو خاڵ بکرێتە یەك، چونکە هەر دابین کردنی پێداویستی یە، بەو شێوەیەی لێ بکرێت:( ئەرکی وەزارەتە لە سەرەتای ساڵی خوێنـدن دا کتێبەکـانی خوێنـدن بە خـۆڕایی بـۆ دامەزراوە حکومییەکـان و بـۆ دامەزراوە ناحکومییان دابین بکات)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك علی حەمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە دەڵێین دامەزراوە ناحکومییەکان وا لێك دەدرێتەوە جەنابی وەزیر قوتابخانە ئەهلییەکانن، من مەبەستمە ئەمەی قوتابخانە ئەهلییەکان بەو شێوەیە داڕێژرێتەوە (وەزارەتی پەروەردە چاودێری و سەرپەرشتی پرۆسەی دابین کردنی پەرتووك دەکات بۆ قوتابخانە ئەهلییەکان لەسەر حیسابی قوتابخانە ئەهلییەکان هەر خۆیان)، واتا دەست بە کراوە نەبن بە ویستی خۆیان لە کوێ تەبع بکەن، چاپێکی باش، چاپێکی خراپ، کتێبێکی هەرزان، یان شتی تر چۆن پەیای دەکەن، واتا وەزارەتی پەروەردە سەرپەرشتی و چاودێری بکات، بەڵام لەسەر ئەرکی خۆیان و پارەکەیان لێ وەرگیرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك عثمان سێدەری، فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٤) بڕگەی (٣) (ئەرکی وەزارەتە بە مەبەستی بەڕێوەچوون و پەرەپێدانی پرۆسەی خوێندن پێداویستییەکانی قوتابخانە بۆ دامەزراوە حکومییەکان دابین بکات)، من پێشنیار دەکەم ئەرکی وەزارەتە (پێش وەرزی خوێندن)ی بۆ زیاد بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.هەورامان، فەرموو.

**بەڕێز د.هەورامان حمە شریف:**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣٤) بڕگەی (٣) ئەوەی کە کردوێتی یە ئەرکی وەزارەت کە بۆ بەڕێوەچوون و پەرەپێدانی خوێندن سەرجەم پێداویستییەکان جێبەجێ بکات، خۆی ئەوە بەڕاستی وەکو نووسین شتێکی زۆر زۆر باشە، بەڵام ئایا لە مەیدانی جێبەجێ کردن دا، بەڕێز جەنابی وەزیر، ئەوە جێبەجێ کراوە؟ لە کاتێك دا ئێمە تەقریبەن ئەوە بۆ دوو خولی پەرلەمانی دەڕوات پڕۆژە یاسای بودجەمان نییە، ئایا کە لە پڕۆژە یاسای بودجە گوژمەیەك تەرخان نەکرابێ بۆ ئەم بابەتە، بە چ میکانیزمێکی دیکە ئێوە ئەو پێداویستیانە جێبەجێ دەکەن؟ ئایا جەنابت بەپێی بەدواداچوونی خۆت ڕازیت لەو پێداویستییانە کە بۆ قوتابخانەکان و بۆ سەرجەم دامەزراوەکانی تر جێبەجێ کراون؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس کاك دکتۆر، کاك کاوە، فەرموو.

**بەڕێز كاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش تەقریبەن بۆچوونەكەم نزیكە لە كاك علی حەمە صالح، لەسەر بڕگەی دووەم لە ماددەی (٣٤) كە دەڵێ (پێویستە وەزارەت لە سەرەتای ساڵی خوێندن دا كتێبەكانی خوێندن بە تێچووی خۆی)، یەعنی بۆچی وەزارەت لەسەر تێچووی خۆی، لەسەر ئەركی خۆی كتێب بۆ دامەزراوەی ناحكومی ئامادە بكات یاخود دابین بكات؟ دەكرێت لەسەر ئەركی وان بێ، بەڵام وەزارەت سەرپەرشتی بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس كاك كاوە، د.شێركۆ، فەرموو.

**بەڕێز د.شێركۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە بۆچوونەكەی كاك علی و كاك كاوە دەكەم، كە فیعلەن وەزارەت بۆ تەحەمولی كولفەی پەرتووكەكان بكات بۆ دامودەزگا ناحكومییەكان؟ هەروەها مەسەلەی دابین كردنی كتێب بڕگەی (١) دابین كردنی لە سەرەتای ساڵ دا، ئەوە تەحەدایەكە هەمیشە بەرەو ڕووی وەزارەت بۆتەوە كە لە سەرەتای ساڵ دا ئەوەی پێویستە دابینی بكات، بەڵام ئەگەر بیكەین بەوەی كە پێش دەستپێكردنی ساڵی خوێندن پێموایە زۆر باشترە بەوەی كە بە یاسا هەمیشە ئامادەكاری پێش وەختە كرابێ، پێش ئەوەی ساڵ دەست پێ بكات هەموو شتێك ئامادە كرابێ، نەك لە سەرەتای دەست پێكردن دا، چونكە دیارە لەوانەیە لەویا ئیشكالێك هەبێ، پێش دەستپێكردنەكە باشترە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا أبوبكر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری قسەكانی كاك كاوە و كاك علی و د.شێركۆ دەكەم، ئەگەر ئەوە هەڵەی ڕێنووس نییە، تێچووی خۆیەتی یان تێچووی خۆیان، ئەگەر (تێچووی خۆیان)ە ئەوە پەیوەندی بە كەرتی تایبەتەوەیە، ئەگەر (تێچووی خۆی)ە یەعنی بۆ وەزارەت لەسەر حیسابی كەرتی گشتی، كەرتی حكومی بێت كتێب بۆ كەرتی ناحكومی چاپ بكات؟ سەیرە لە ڕاستی دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ كاك سەروان، فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ناوی هەرێممان ناوە هەرێمی پێکەوە ژیان، بۆ ئەوە تەئیدی یان هاوڕای برای بەڕێزم کاك ئازادم بەڕاستی، ئەوەی تریش بە نیسبەت تێچووی خۆی حوکمەت هاوڕای برای بەڕێزم کاك علی حەمە صالحم، بۆ؟ ئێمە ترسمان لەوە دەبێت حوکمەت بۆچی بە تێچووی خۆی پێداویستی و کتێبەکان بۆ نمونە بۆ قوتابخانەی ناحکومی دابین بکات؟ ئەو کات وای لێ دێت هەموو کتێبە باشەکان بۆ قوتابخانە ناحکومییەکان دەچن، ئەوانەی خراپە و کەونیشە بۆ حکومییەکان دەمینێ، بۆیە حوکمەت بە هیچ جۆرێك تێچووی ئەوەی ناحکومی نەکات، با خۆیان چونکە موستەفید ئەوانن، بۆ حوکمەت تێچووی ئەوان بگرێتە ئەستۆ؟ تەئیدی کاك علی حەمە صالح دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك مەلا وەیسی، فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣٤)ی تایبەت بە دابین کردنی کتێبی مەنهەج یەکێکە لەو گرفتانەی کە پێویستە هەڵوەستەی جیددی لەسەر بکرێت، مەسەلەی خوێندن لەسەر مەلزەمەکان و کورتکردنەوەی بابەتەکانی کتێب لەلایەن کۆمەڵێ مامۆستاوە، بەتایبەت لە پۆلەکانی (١٠) و (١١) و (١٢)، بەکارهێنانی زانست و پرۆسەی پەروەردە بۆ بازرگانی پێکردن کارێکی مەترسیدار و نایاسایی یە، دەرەنجامی ترسناکیشی لێ دێتە کایەوە، پرسیارێکم هەیە لە بەڕێز وەزیری پەروەردە، ئایا هیچ بڕیار و ڕێنماییەکی وەزارەتی پەروەردە هەیە بۆ قەدەغەکردنی مەلزەمەکان؟ چونکە ئەگەر وەزارەتی پەروەردە بە جیددی کار لەسەر ئەم بابەتە نەکات، ئەوا ئەو هەموو خەرجییانەی وەزارەتی پەروەردە بۆ دابین کردنی کتاب بە فیرۆ ناچێت، لە هەمان کاتیش دا پشتگیری ڕای برای بەڕێزمان شێخ ظاهر دەکەین بۆ لێکدانی هەردوو ماددەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، شیرین أمین، شیرین خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣٤) بڕگەی یەکەم و بڕگەی سێهەم کە دەڵێت (ئەرکی وەزارەتە) پێشنیار دەکەم کە بکرێ بە (پێویستە وەزارەت)، چونکە بۆ ئەمساڵ بەداخەوە لە ناوەندەکانی خوێندن

دا، لە هەندێك ناوەندی خوێندن بۆ ئەو قوتابییانەی کە لە هەمان پۆل ماونەتەوە وتوویانە لەسەر کتێبەکانی ساڵی پار بخوێننەوە، گریمان ئەو قوتابی یە ئەو کتێبانەی دڕابوو، یاخود لەناوچووبوو، کەواتە ئەو قوتابی یە بێ کتێب بێت، بۆیە پێویستە لەسەر وەزارەت کتێبەکانی خوێندن بە خۆڕایی بۆ فێرخوازان و قوتابیان دابین بکات، سەبارەت بە بڕگەی دووهەم پشتگیری لە ڕەئی کاك علی و مامۆستا أبوبکر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دووەم لە ماددەی (٣٤) من وای لێ تێدەگەم تێچووی خۆی مەبەستیان ئەوەیە کە چەندی تێچووە، بە بێ قازانج، جا ڕاست بکرێتەوە باشترە، مەسەلەن بووترێ بە بێ قازانج پێیان بدات بە خوێندنگە ناحکومییەکان، یاخود ئاواشی لێ بکرێ (ئەرکی دیزاین و چاپ لە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردەیە بە بێ قازانج بداتەوە قوتابخانە ناحکومییەکان، ئەوە ڕوونتر بێ باشترە، سەبارەت بە خاڵی (٣) بەڕاستی پێداویستییەکانی قوتابخانە و خوێندن یەك لە شتە زۆر زۆر گرنگەکانە، منداڵ ناتوانێ بە سەرما، بە گەرما لە ناو پۆلێکی قوتابخانە فێر ببێت، هەر بلەرزێ و فێریش بێت، بۆیە دابین کردنی پێداویستییەکانی قوتابخانە دەبێ یەکێك لە ئەرکە گەورە و گرنگەکانی وەزارەت بێ لە کاتی خۆشی دا، مەسەلەن بەداخەوە ئەو رۆتینی سیستەمی خەرجی و کڕینە کە لە حکومەت هەیە وا ئەکا لە زستان داوای نەوت دەکەن بە هاوین بۆیان دێت، داوای سۆبە دەکەن دەگاتە بەهار ئینجا دەگات، لە هاوین داوای موبەریدە دەکەن دەگاتە کاتی بارانبارین ئینجا دەگات، تەبعەن ئەوە خەتای وەزارەتی پەروەردە نییە بزەبت، بەڵام سیستەمێکی خەرجی و نەبوونی یاسای بودجە و ئەوانە هەیە، وای کردووە کە ئەو شێواوی یە هەیە لەو دابین کردنی پێداویستی یە، بۆ ئەوەی شتەکە ڕوون بێ من پێشنیار دەکەم ئاوای لێ بکرێ (پێداویستییەکانی خوێندن و قوتابخانە بۆ دامەزراوە حکومییەکان لە کاتی پێویست دا)، خاڵێك زیاد بکەین بۆ ئەو ماددەیە، ئەویش ئەوەیە (لەسەر وەزارەتی دارایی پێویستە) چونکە بەڕاستی ئەوە بەس ئەرکی وەزارەتی پەروەردە نییە، (لەسەر وەزارەتی دارایی پێویستە بودجەیەکی تایبەت بۆ پێداویستییەکانی قوتابخانە دابین بکات)، بەداخەوە بودجەی هەرێمی کوردستان کە دەبوو زۆرینەی بۆ پەروەردە و فێرکردن بێ، بۆ پەروەردە و فێرکردن نییە، بۆ کەرتی سەربازی یە، ئێمە ئەگەر بمانەوێ ئینسان دروست بکەین لەم وڵاتە دەبێ پەروەردە دروست بکەین، دەبێ گرنگی بە پەروەردە بدەین، دەبێ پارەمان بۆ پەروەردە تەرخان بکەین، بۆیە زۆر بە زەرووری دەزانم خاڵێك زیاد بکرێ بە زنجیرەی چوارەم (لەسەر وەزارەتی دارایی

پێویسـتە لە ڕێـگەی بـودجەیەکی تـایبەتەوە پێداویسـتییەکانی قوتابخـانە دابـین بکـات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بدریە خان، فەرموو.

**بەڕێز بدریە إسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك علی، کاك کاوە، مامۆستا عمر، کاك عثمان سـێدەری بـۆ بـڕگەی (١)، مامۆستا هەورامان و هەمـوو ئەو بەڕێـزانە دەکەم کە، بـۆ خـاڵی (١) هەم بـۆ سـەرەتای خوێنـدن پێش سەرەتا و دەستپێك پێداویستییەکان دیاری بکـرێ، پێشـنیار دەکەم خـاڵی (١) لەگەڵ خـاڵی (٣) بکرێتە یەك خاڵ و تێکەڵکێش بکرێ، لەبەر ئەوەی هەردووکیان ئەرکی وەزارەتە کە پێویستە هەردووکیان لێکچوون و بکرێت بە یەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری پەروەردە قسەتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو تێبینییەی کە کاك چیا لەسەر ماددەی (٣٣) کە دەڵـێ بـۆ سـاڵی خوێنـدنی داهـاتوو دیاری بکرێ، بەشە وانە بۆ وەرزێـك دیـاری نـاکرێ، بـۆ سـاڵی خوێنـدن دیـاری دەکـرێ، یەعنـی لە مانگی (٥) ئیعلانی بکەی کە بەشە وانەی ساڵی ئاینـدە چەنـدە بە هەردوو وەرزەکەوە، سـەبارەت بەو ئیشـکالەی کە دروسـت بـووە لەسـەر خـاڵی دووهەم لە مـاددەی (٣٤) (پێویسـتە وەزارەت لە سەرەتای ساڵی خوێندن دا کتێبەکـانی خوێنـدن، بە تێچـووی خـۆی) واتـا ئەو تێچـووەی لەسـەر کتـابەکە حیسـابە، چـونکە وەزارەت جیهەیەکـی قـازانج نەویسـتە، حـوکمەتە، تیجـارەت ناکـا، کتێبێکـی بە دوو هەزار تەبـع کردبـێ بە مەکتەبـی ئەهلـی بـداتەوە بە چـوار هەزار، بە هەمـان تێچووی خۆی کە ئەو کتێبە چەندی تێچووە بەوەندە دەیداتەوە مەکتەبە ئەهلییەکە، بە خۆڕایی نایـداتەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر صـیغەکە وازح نیـیە، یـان شـتەکە وازح نیـیە، بەس جەنابییـان تەوزیحی کرد، ئەگەر وازح نییە دەتوانن وازحی بکەن، بەڵام بۆ قوتابییەکە، بـۆ خوێنـدکارەکە بە خۆڕایی یە، ئەگەر لە مەکتەبی ئەهلیش بخوێنێ، بەلاشتانەوە ئاسـایی بـێ، خـۆ ئـێمە دەڵێـین لە یەکێك بە ماددەکانی پشتەوە دەڵێین (کرێی خوێندن ئەوانە دەگرێتەخۆ، کتێبیش دەگرێتەخۆی، واتا لە ناو ئەم قانونە نووسیومانە یەك جار پارە لە منداڵ وەردەگیرێ لە قوتابخانە، سەبارەت بە کتێبیش، سەبارەت بە جل و بەرگیش، بەڵام خـواردن و گواسـتنەوە پەیوەنـدی بە ئـێمەوە نیـیە، بەڵام ئەوەی کە نووسـراوە بـۆ ئەوەیە پارەیـان لـێ وەردەگیـرێ، بـۆ ئەوەی وازح بـێ، بەڕێزێـك پرسیاری کرد مامۆستا هەوارمان بوو، ئایا ڕازین لەوەی کە بۆتان دابین کراوە؟ لە قەدەری توانا و

ئیمكانیــاتی ئەو بــودجەیەی كە لەبەر دەســتی حكــومەتی هەرێمــی كوردســتان هەیە، باشــە، پێداویستی ناوەندەكانی خوێندنی ئێمە زۆرە، بۆ ئەمساڵی خوێندن بیست ملیار دینار تەرخان كراوە و خەرجیش كراوە، بۆ نمونە ڕۆژانە زیاتر لە هەزار رحلە دەگاتە پارێزگاكان، كێشەمان نەبووە لە هیچ محافەزەیەك مەسەلەن سەبارەت بە رحلە، بە وایت بۆرد، لەبەر دەستیان دا هەیە، لە (٩/١٠) پێش دەستپێكردنی خوێندن پێنج هەزار موبەریدە گەیشتۆتە بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەكان، بەڵام لە شوێنێك گرفتێك هەبێ بەڕێوبەرێك ناچێ وەریبگرێ، یان تەربیەیەكە وا دەكات، نەیتوانیوە وەریبگرێ وەكو پێویست ئیستیلامی بكات، ئەمساڵ بایی بیست ملیار دینار پێداویستی دابین كراوە، (١٠) ڕۆژی دیكە نزیكەی چوار، پێنج هەزار لاپتۆپ دەگاتە هەموو ناوەندەكانی خوێندن كە بەكارهێنەری سیستەمی دیجیتاڵین، پرینتەر بۆ (٩٠%)ی قوتابخانەكان پرینتەری نوێ دابین دەكرێ، فۆتۆكۆپی نوێ دابین دەكرێ، نزیكی پێنج هەزار تەنكی ئاوی سەربانمان بۆ هەموو تەربیە گشتییەكان ناردووە، ئەوانە پێداویستین، حكومەتی هەرێم كردوونی، ڕەزامەندی زیاتر لە یازدە ملیار و نۆ سەد و هەشتا ملیۆن دینارمان هەیە بۆ كڕینی نەوتی سپی بۆ ناوەندەكانی خوێندن، زیاتر لە حەفدە ملیار دینار دراوە بە تەبعی كتێب، دەتوانم بڵێم بەشی هەرەزۆری كتێبەكان لە (٩٥%)ی لە (٨/٢٤)ەوە گەیشتۆتە ناو پەروەردە گشتییەكان، لە قەدەری ئەوەی كە توانا و ئیمكانییەتی حكومەت هەیە، جیا لەوەی كە چل و شەش ملیار و پێنج سەد و بیست و چوار ملیۆن دینار بۆ تەواوكردنی شەست قوتابخانە و دروستكردنی سیانزە قوتابخانەی نوێش تەرخان كراوە، لەگەڵ نۆژەنكردنەوە، لە قەدەری ئەوە نزیكەی سەد ملیار دینار كە حكومەتی هەرێمی كوردستان بە گوێرەی ئەو توانا و ئیمكانییەتەی كە هەیەتی و دەعمی نییە لە بەغداوە و لەو حاڵەتەی كە خۆتان دەیبینن باشە، بەڵام پێداویستی ناوەندەكانی خوێندنی ئێمە زیاترێكە، ئەوەی كە لەم كابینەیە تا ئێستا دەعمی وەزارەتی پەروەردە كراوە سەروو دوو سەد و بیست ملیار دینارە، باسی نەفەقاتی یان تەعویزاتی موەزەفین ناكەم، باسی ڕەواتب ناكەم، باسی بودجەی تەشغیلی مودیریەتی عاممەكان ناكەم، بەس تەنها بۆ پاڵپشتیكردنی كەرتی پەروەردە لەم كابینەیە زیاتر لە دوو سەد و بیست ملیار خەرجی و تەرخان هەردووكیان بەیەكەوە بۆ دەعمی كەرتی پەروەردە كراوە، پێداویستی زیاترێكە؟ بەڵێ زیاترێكە، نۆژەنكردنەوەی زیاترمان پێویستە، بینای زیاترمان پێویستە، كەل و پەلی زیاترمان پێویستە، هەمووی لەگەڵتاندام، بەڵام ئیمكانییەتی حكومەتیش ئەوەی كە توانیبێتی بیكات درێغی نەكردووە، سەبارەت بە مەلزەمە لە ناو ئەو پڕۆژە یاسایە هەیە دەڵێ كتێبەكانی خوێندن، پرۆگرامەكانی خوێندن مافی خاوەندارێتییان دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە، هیچ كەسێك مافی كورتكردنەوە و پوختكردنەوە یان دەستكاری كردنی، بە جۆرێك داڕێژراوە كە تەعبیرە لەوەی كە مەلزەمە قەدەغەیە و هیچ مامۆستایەك ناتوانێ ئەم كارە بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین بۆ ئەوەی لیژنەی ناوخۆ کۆبوونەوەی بەپەلەی خۆی بکات، بەرچاوڕوونیمان بداتێ سەبارەت بەوەی ئەمڕۆ بە هۆکاری بۆردوومانەکان ڕوویداوە، ئامادەکردنی هەڵوێستی پەرلەمان دوای ڕاوێژ لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان، بۆیە دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان هەڵدەگرین، سبەینێ سەعات (١٠) کۆبوونەوەکانمان درێژەی دەبێت.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

ئەنجومەنی وەزیران بوونە دەرخستیە، پرسیار ئەنجومەنی وەزیران کری بۆچی حەتا ڤێ گاڤێ ئەڤە (١٢) ساڵە قانوون دەرکەفتی رێنمایی نە دەرکەتیە و موعەتەلە، جەوابا ئەنجومەنا وەزیران ئەوە بوو هەرکاتێ مە رێنمایی دەرکری.........

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئەبو بەکر.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاماژە بە ماددەی (٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، چاکسازی گەورانی هەولێر مامەڵەی زۆر نادروستە لەگەڵ پەرلەمانتار، کاتێ سەردانی ئەو چاکسازییە ئەکرێ پەرلەمانتار بەدواداچوون ئەکات بۆ ڕەوشی سزادراوان، دوێنێ سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ ڕۆیشتووە نەیانهێشتووە بچێتە ژوورەوە، لەوە ناشیرینتر ئەوەیە پەرلەمانتار ئەڕوا کە خۆم ڕۆیشتووم ئەفسەرێکت بۆ دێنن ناتوانی دوو قسە لەگەڵ سزادراوەکە بکەی، نە لە دهۆك و نە لە سلێمانیش هەیە، پێوستە لە ڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت سەرنجێ ئەو شوێنە ڕاکێشن.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیمە لیژنەی تایبەتمەندمان هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێز لەگەڵ لێژنەی تایبەتمەند بەدواداچوون بکات، فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە چەند مانگی رابردوو ناوی سەرۆکی نووسینگەکان بە بڕیارێکی شەفەویانە گۆڕدراوە بە لێپرسراوی نووسینگە.....

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عوسمان ئەوە بابەتێکی ئیداریە، فەرموو لێژنە، ماددەی (٣٥).

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری حەوتەم:

مافی خوێندن بە زمانەکانی دیکە لە قوتابخانە و خوێندنگا حکومییەکان:

ماددەی (٣٥):

١ - خوێندن بە زمانی عەرەبی، تورکمانی، سریانی، کلد و ئاشوور، ئەرمەنی بۆ قوتابی و خوێندکارانی ئەو پێکهاتانە لە قوتابخانە و خوێندنگاکانی حکومی تایبەت بەو زمانە دابین ئەکرێ بە مەرجێ بەخێوکاری قوتابی زمانی دایکی جیاوازی لە زمانی کوردی هەبێت و ژمارەی قوتابیان و خوێندکاران بۆ کردنەوەی قوتابخانەیەکی لەوجۆرە گونجاو بێ و زمانی کوردیش لەو ناوەندە بخوێندرێ.

٢- ئەگەر قوتابییەکی بنەڕەتی لە قوتابخانەیەکی حکومی بخوێندرێ کە بە زمانی دایك نەبێ مافی هەیە بە بێ بەرامبەر و بۆ ماوەی (٢) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا بە زمانی دایك بخوێندرێ بە

مەرجێ خۆی داوای ئەوە بکات و بەخێوکاری قوتابی زمانی دایکی جیاواز لە زمانی کوردی هەبێت و ژمارەی ئەو قوتابیانەی کە ئەیانەوێ بەو زمانە بخوێنن لە (١٠) قوتابی کەمتر نەبێت.
٣- وەزارەت ئەتوانێ بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگا و پەیمانگای پەروەردەیی حکومی بە زمانی جیهانییەکان بکاتەوە لەگەڵ مسۆگەر کردنی خوێندنی زمانی کوردی تێیدا.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (کاك دکتۆر محی الدین، کاك دکتۆر اسماعیل، موژدە خان، کاك دیاری، کاك مەم برهان، سەرچنار خان، هەلەز خان، بەدریە خان، کاك عبدالستار، کاك کاروان، کاك محمد سعدالدین، کاك جلال، خەدیجە خان، سوسن خان، کاك شیخ زاهیر، کاك زیدان، کاك ازاد، کاك هیمداد، کاك رۆمیۆ، رۆبینە خان، سارا خان، شادی خان، کاك راهی، کاك حکمت)، فەرموو کاك محمد.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە بەڕێز وەزیری پەروەردە ئەکەین، ئەو ماددانەی تایبەتن بە پێکهاتەکان، ئێمەش هەمان تێبینیمان هەبوو جێگیر کراوە، دەست خۆشی بە تایبەتی خاڵی دوو کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەو جۆرە ماددانە جێگیر ئەکرێ، پێشنیار ئەکەم ئەوە ئیزافە بکرێ (وەزارەت هەموو پێداویستییەکانی فێرکردن و زانستیان بۆ دابین بکات)، لەبەر ئەوەی کێشە هەبوو باس کرا، یان خاڵێکی تر بنووسرێ پێکهاتەکان لە قوتابخانەکانی خۆیان جگە لەوانەکانی تر وانەی تایبەت بە مێژوو و کەلتووری خۆیان هەبێ، ئەو قوتابخانانە تاکە دەستکەوتی پێکەوە ژیان و مافی پێکهاتەکانە، بۆیە داوا ئەکەین پاڵپشتیمان بکرێ.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حکمت.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو دیاری کریە هەر کەس بیەویت هەفتی دا (٢) سەعات بزمانی خۆ بخوینیتن، پێم وایە (٢) سەعات کیمە، ڕۆژی (١) سەعات بێتن، هەفتی (٦) سەعات بێتن.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەوسەن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

بڕگەی یەك و دوو پێم وایە ئەو دوو بڕگەیە بکرێتە یەك، چونکە یەك بابەتن، چڕتریش بکرێ، بڕگەی سێ، ڕاستە وانەی کوردی ئەخویندرێ لەو قوتابخانانە، بەڵام گرنگی بە زمانی کوردی نادرێ، لە ئایندە نەوەیەك ئەبێ نەنووسینی کوردی و نەخوێندنەوەی، پێویستە وەزارەت فشار لەسەریان دروست بکات گرنگی زۆرتر لەو قوتابخانانە بە زمانی کوردی بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك راهی.

**بەڕێز راهی رهبەر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوا رستەی بڕگەی دوو ئاماژە دراوە ئەبێ (١٠) قوتابێ کەمتر نەبێ، بۆ ئەوەی زمانی دایك بخوێنێ، ئەگەر کەمتر بێ چارەسەر چییە؟ ئەگەر چارەسەری وایە مافی ئەوەی هەیە بچێتە قوتابخانەیەکی تر بخوێنێ، ئەبێ لێرە ئاماژەی پێ بکرێ سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زمان هۆکارێکە لە هۆکارەکانی لێك تێگەیشتن، هەر قەومێکیش زمانێکی خۆی هەیە، مافی خۆیەتی بە زمانی خۆی قسە بکات و بخوێنێ، بەڵام دیاردەیەك هەیە سوسن خانیش وتی و پشتگیری ئەکەم، قوتابخانە حکومییەکان باس نەکراوە، نەوەیەك پێئەگەیەنێ نازانێ بە کوردی قسە بکات، لە هەندێ منداڵ گوێم لێ بووە گوتوویەتی گلاسەکە لەسەر تیشە، هەمووی ئینگلیزییە، کوردی نازانی قسە بکات، بنووسرێ خوێندن لە قوتابخانەی حکومی و ناحکومی، ئەگەر خاڵی یەکەم و دووەم دابڕێژین بە کورتی و بڵێین (وێڕای زمانی کوردی قوتابخانە و خوێندنگا حکومی و ناحکومییەکان مافی خوێندنی زمانەکانی دیکە کە بە زمانی دایك قسە ئەکەن دەستەبەر ئەکات)، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو تێبینیم هەیە، لە ماددەکانی پێشوو ئاماژە کرا زمانی کوردی گرنگە و پێویستە سەرەکی بێت لە خوێندنگاکان، درێغیتان نەکردووە بەراستی، بۆ هەر زمانێکی تریش هەر راستە، بۆ تورکمانی و سریانی و خەڵکانی تریش، بۆیە پشتیوانی کاك حیکمەت ئەکەم دوو ڕۆژ کەمە، شەش ڕۆژنا، زۆرە، بەڵام دوو سەعات زیاتر بێ، ئەگەر تورکمانێك لە کۆمەڵگایەکی کوردی گەورە بێ، ئەگەر زمانی خۆی هەر نەزانێ حەقی خۆیەتی چەند سەعاتێك بخوێنێ، دوو، با ئەوەندە دژی زمانە بیانییەکانیش نەبین، ئەوانیش گرنگن، سێ، پشتیوانی کاك راهی ئەکەم ئەگەر (١٠) قوتابی کەمتر بێ، پێم باشە ئەگەر یەك کەسیش بێ مادام وجودی هەیە مافی خۆیەتی بخوێنێ، ئەو (١٠) کەس زۆرە بکرێ لایدەن باشە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی مەرجێك ئەکات ئەوەی ئەیەوێ بچێتە خوێندنگایەکی حکومی زمانی دایکی جیاواز بێ، بەڵام هەندێ کەس بە ئارەزووی خۆی ئەچێتە قوتابخانەیەك کە زمانی دایکی کوردییە و ئەچێت لە قوتابخانەیەکی عەرەبی یان تورکمانی ئەخوێنێ، ئەو ئارەزووە مافی ئەوەی نییە بچێت هەر قوتابخانەیەك بێ بخوێنێ، ئەو مەرجە لابرێ، بڕگەی سێ، وەزارەت ئەتوانێ هەندێ قوتابخانە و باخچەی ساوایانی بە زمانی بیانی بکاتەوە، بڕگەی دوو ئاماژە کراوە زمانی کوردی فەرمییە لە خوێندنگاکان، ئێستا زمانی کوردی وای لێ هاتووە نەك لەسەر تابلۆی شوێنەکان، بەشێك لەوانەی لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەرئەگیرێن زمانی کوردی وەکو ماددەکانی بیرکاری و کیمیا ئازادە لەوەی بیخاتە سەر نمرەی خۆی یا نا، بەشێکە لە فەرامۆش کردنی زمانی کوردی، هەموو نەتەوەیەك شانازی بە زمانی خۆیان ئەکەن، پشتگیری ڕایەکەی سەوسەن خان و مامۆستا عبدالستار ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، پشتگیریا کاك راهی و کاك کاروان گەزنەیی دکەم، ژمارە بێتە راگرتن، چنگی ئێك بێ یان دوو زمانی خۆ بزانی، پشتەڤانیا مامۆستا عبدالستاری دکەم، خالا سێ بێژیتن بزمانە جیهانییەکان، ئەز بێژم قەیدەکی هەبێتن زمانە جیهانییەکان زۆرن، بەس زمانە سەرەکی بێتن، قەید هەبێتن، ئەوەی مە پێویستی هەی.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەك، پرسیارم لە لیژنەی پەروەردە و وەزیر، لە کۆتایی ئەڵێ ژمارەی قوتابیان و خوێندکاران بۆ کردنەوەی ئەو جۆرە قوتابخانە گونجاو بێ و زمانی کوردیش فەرمی بێ، پرسیار ئەوەیە چ ستانداردێك هەیە گونجاو بێ؟ دوو، پشتیوانی ئەو هاوڕێیانە ئەکەم دوو کاتژمێر لە هەفتەیەك بە زمانی دایك بخوێنێ، ئەڵێ لە (١٠) قوتابێ کەمتر نەبێ، پرسیار، ڕەنگە لە هەندی ناوچە کۆمەڵێك خوێندکار بێ بەش ببن، پێم باشە با بە ئەلیکترۆنی بێ و کەس بێ بەش نەبێت ئەگەر یەك قوتابیش بێ، ئینجا (٤ یان ٦) کاتژمێر بێ، بڕگەی سێ، ئەڵێ لەگەڵ مسۆگەر کردنی خوێندنی زمانی کوردی، جەخت ئەکەمەوە گرنگی بدرێ بە زمانی کوردی، پشتیوانی قسەکەی کاك کاروان ئەکەم زمانی ئینگلیزی باشە، بەڵام با لە پێناوی زمانی تر زمانی دایك بیر نەکرێ، پێم باشە جەخت لەو بابەتە بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو رۆبینا خان.

**بەڕێز رۆبینە اومیلك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەك ئەڵێ خوێندن لە زمانی عەرەبی و سریانی و تورکمانی، وەکو زمانی سریانی وەکو نەتەوە هاتووە، حەز دکەین وەکو زمان بێتن، چونکی کلدان و ئاشوور و سریان یەك زمانە، پشتگیری قسەکانی کاك محمدیش ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هیمداد.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو پێکهاتەی تورکمان دەست خۆشی لە جەنابی وەزیر و ستافی وەزارەت بۆ ئامادە کردنی ئەو راپۆرتە، وەکو پێکهاتەی تورکمان خۆشمان حازرمان کردبووایە شتێکی وامان ئەکرد، بەڵام هەندی تیبینێم هەیە، وەکو خاڵی دوو، (٢) کاتژمێر و عەدەدی قوتابی (١٠) کەمتر نەبێ، ئەبێ هەندێ بە شەفافی بنووسرێ، ئەزانین ئەمڕۆ زۆر خەریجی بەشی تورکی هەیە، پێویستی هەیە، بەو یاسایە ئەتوانین هەلی کاریان بۆ دروست بکەین، پشتگیری قسەکانی کاك راهی و کاك کاروان و رۆبینە خان و کاك محمدیش ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سارا خان.

**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە هەمووان ئەکەم، خاڵی دوو، ئەگەر قوتابیەکی بنەڕەتی لە قوتابخانەیەکی حکومی بخوێنێ بە زمانی دایك نەبێ مافی هەیە بۆ ماوەی (٢) کاتژمێر بخوێنێ، ئەو (٢) کاتژمێرە زیاد بکرێ، پرسیار لە وەزیری ئەوەیە ئەو وانەیە بۆ وانەیەکی ئەساسی هەژمار ئەکرێ؟ نمرەی ئەو قوتابیە بۆ ئەو وانەیە هەژمارە؟ داوا ئەکەین بەشی پەیمانگای تورکی تا ئێستا نییە ئەویش بکرێتەوە، پشتگیری کاك حکمەت و کاك محمد و کاك کاروان و کاك هیمداد ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شیخ زاهیر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دوو، ئەگەر قوتابیەکی بنەڕەتی لە قوتابخانەیەکی حکومی بخوێنێ بە زمانی دایك نەبێ مافی هەیە بێ بەرامبەر، (٢) سەعات، بکرێتە بێ بەرامبەر لە هەمان قوتابخانە، دێڕی کۆتایی

(١٠) قوتـابی، پشـتگیری ئەو هاوڕێیـانە ئەکەم ئەو ژمـارەیە نەمێنـێ، یەکـێ لە ئامانجەکـانی ئەو یاسایە یەکسانییە لە نێـوان قوتابیـان، سـێ، وەزارەت ئەتـوانێ بە پێـی حوکمەکـانی ئەو یاسـایە باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگا و پەیمانگاکـانی پەرەوەردەیـی بە زمـانی جیهانیەکـان بکاتەوە لەگەڵ مسۆگەر کردنی خوێندنی زمـانی کـوردی. ئەو لەگەڵ مسـۆگەر کـردنە بە مەرجـێ خوێندنی زمانی کوردی تێیاندا، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەلال.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، سەبارەت بە (١٠) قوتابی ئەگەر لێکەوتەی جوگرافی ئەو ناوچەیە ئەخـوازێ ناگـاتە (١٠) قوتـابی، کـاتژمێرەکە هەفـتە شـەش ڕۆژە بەڵام بـا (٦) سـەعات بـێ، ئەوەی تـر گونـاحی وەزارەتی پەروەردە نییە، زۆربەی زۆری دایك و بـاوك شـانازی ئەکـات منـداڵێك ئینگلیـزی بزانـێ بەس کوردی نەزانێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خەدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (٣٥) بـڕگەی یەك پـێم وایە کە باسـی بنەماکـانی پەرەوەردەمـان کـرد لە ماددەی (٣ یان ٢) بوو، ئەو بڕگەیە هاتووە، هەرچەند لێرە تەفسیل ترە، پێویستە لێرەش دووبارە ناوهێنـانی ئەو پێکهاتـانە لەگەڵ یاسـای ژمـارە (٥) ی (٢٠١٥) بگونجێنـدرێ، بـڕگەی سـێ، ئەگەر سیاغەکە بەو شێوەیە بێ باشترە (وەزارەت ئەتـوانێ بە پێـی حوکمەکـانی ئەو یاسـایە بـاخچەی منداڵان و قوتابخـانە و خوێندنـدنگا و پەیمانگـای پەروەردەیـی حکـومی بە زمـانە جیهانییەکـان بکـاتەوە بەمەرجـێ زمـانی کـوردی وەکـو وانەیەکـی سـەرەکی بخوێنـدرێ، هـاوڕام لەگەڵ هاوپیشەکانم، پشتگیری کاك شێخ زاهیریش ئەکەم، جۆرێك لە ئیلزامی زیاتری تیدابێ، ئیهتیمـام بە زمانی کوردی بدرێ، زۆرجار قوتابی زمانی کوردی زۆر لاوازە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕای ئەو بەڕێزانەم باسی ژمارە ئەکەن ئەبێ هەڵگیـرێ، یەکـێ لە مافەکـانی مـرۆڤ ئەوەیە بە زمانی دایك بخوێنێ، (٢) سەعاتیش کەمە بکرێتە لای کەم (٤) کاتژمێر لە هەفتەیەك، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەك، زمانی کوردی باس ئەکرێ وەکو پێویست گرنگی پێ نادرێ، ئەتوانرێ ئەوەی بۆ زیاد بکرێ لە دێڕی ئەخیری بڕگەی یەك (هاوکات زمانی کوردی لەو ناوەندانە بخوێندرێت و بابەتی سەرەکی خوێندن بێ، چونکە کە بوو بە بابەتی سەرەکی هەم لە ژمارەی حیسەکانی ڕۆژانە زیاتر ئەبێ، گرنگی مامۆستایانیش زیاتر ئەبێ، دوو، بڕگەی دوو ئەڵێ ئەگەر قوتابیەکی بنەڕەتی لە هەر قوتابخانەیەکی حکومی بخوێنێ کە بە زمانی دایك نەبێ مافی هەیە بێ بەرامبەر بۆ ماوەی (٢) کاتژمێر لە هەفتەیەك بە زمانی دایك بخوێنێ بە مەرجێ خۆی داوای بکات، بە پێی یاسا ناتوانێ، چونکە تەمەنی سنی قانوونی نییە، ئەبێ لە ڕێی بەخێوکار بێ، بە مەرجێ بەخێوکاری قوتابی داوای بکات، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرموو موژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکەی سەرچنار خان ئەکەم، خاڵی یەك باسی خوێندن بە زمانی ئەوە سریان و کلد و ئاشوور یەك زمانە، ئەڵێ ژمارەی قوتابی گونجاو بێ بۆ کردنەوەی قوتابخانەیەکی لەو جۆرە، تەحدیدی نەکردووە، پێم وایە ئەو (١٠) قوتابییەی خوارەوە ڕەبتی نییە، دوو، پێم باشە دوو کاتژمێر بکرێ بەو چوار و لە هەفتەیەك دوو جار بێ، ئەڵێ خۆی داوای ئەوە بکات بکرێتە بەخێوکار، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەك، پشتگیری قسەکانی مامۆستا عبدالستار ئەکەم کە باسی خوێندنی زمانی کلدانی و سریانی و ئاشووری، پێم باشە بکرێ بە زمانی دایك، پرسیارم لە لێژنە کە باس ئەکات لەو جۆرە گونجاو بێ مەبەستی چییە؟ پێویستە دیار بێ، بڕگەی سێ، پێم باشە بابەتی باخچەی منداڵان هەر لادرێ، باسی چەند هەنگاوێك ئەکات بۆ باخچەی ساوایان فێربوونی زمان، زۆربەی باخچەی منداڵان ئەوانەی فێرئەکرێن کە ڕاهێنان و جولەیە، پرۆگرامیان نییە، تاقی کردنەوە ناکەن، پێم باشە مادام تاقی کردنەوە ناکەن لابرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئازاد.

**بەڕێز ازاد اكرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ئەو برادەرانە ئەکەم کە گرنگیان دا بە زمانی دایك، پشتگیری کاك محمد و کاك هیمداد و رۆبینە خان و سارا خان و کاك راهی و کاك کاروان و کاك جەلال، زمان بۆ پێکهاتەکان گرنگە لە هەرێم، ئەگەر زمان نەمینێ پێکهاتەکە وجودی نابێ، گرنگی دان بە مەکتەبی پێکهاتە گرنگە، لە هەموو مەنصەبەك گرنگترە، ئەکید ئەکەینە سەر مەکتەبی تورکمان ئەگەر هەموو مەنصەبەکان وەرگرنەوە لێمان بەس گرنگی بە مەکتەبی تورکمانی، بۆیە پێداویستی ناو مەکتەبی تورکمانی کە مامۆستایە، لە ناو قوتابخانەکانی پێکهاتەکان فێربوونی زمانی دایك پۆلی تایبەت و پێویستی تایبەت و مامۆستای تایبەت دابین بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رۆمیۆ.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم، خوێندن بە زمانی عەرەبی و سریانی و تورکمانی و ئاشووری، پێم وایە تێکەڵاوییەك هەیە لە نێوانی زمان و نەتەوە، ئەو کلد و ئاشووره لا ببرێ، چونکی باسی زمانە، لە هەمان بڕگە ئەڵێ بەو زمانە دابین بکرێ بە مەرجێ بەخێوکاری قوتابی زمانی دایکی جیاواز بێ، ژمارەی قوتابیان گونجاو بێ، پشتگیری ئەو کەسانە ئەکەم وتیان ئەو گونجاوە، چونکی تەحدید نەکراوە، ئەوە نەمێنێ، حەقێکە هەر تاکێك، بۆیە ڕێژەکە دیاری نەکرێ، نە بەگونجاو و نەژمارەی قوتابی، بڕگەی دوو، باسی دوو کاتژمێر ئەکات و باسی دە قوتابی ئەکات، پێم وایە ئەگەر نەتەوەکان حەقی خوێندن بە زمانی خۆیان هەبێ ناکرێ نیمچە ڕێگریانە دیاری بکرێ، بەڕێزێك باسی ئەوەی کرد لە شوێنێ جوگرافی دابەش بوونی ئەو نەتەوانە مەرج نییە دوو قوتابیش لە شوێنێك بێ، بەڵام ئەوە حەقە، ئەبێ حکومەت ئەو حەقە بەو خەڵکە بدات، قسەی کۆتاییم، لە یەکێ لە دانیشتنەکان باسم کرد، داوا لە وەزیر و وەزارەتی پەروەردە بکرێ پێداچوونەوە بکرێ، لە هیچ شوێنێکی دونیا نەبووە منێك بەرپرسی پرۆسەیەکی خوێندنی نەتەوەیەك بم بۆ (٣٠) ساڵ و (١٠) ساڵی تریش من بم، پێم وایە کارەکتەرەکان خۆیان هەندێ جار کیشەن بۆ پرۆسەکە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر زیدان.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، بەڵام لە هەرێمی کوردستان زمانی فەرمی کوردییە ئینجا زمانەکانی تر، لە خاڵی یەك بەداخەوە لە دێری ئەخیر نووسراوە هاوکات زمانی کوردیش ئەخوێندرێ، کەوایە بە

شێوەیەکی پاشکۆ ئاماژەی پێکراوە، ئەبێ بڵێین سەرەڕای خوێندنی زمانی کوردی خوێندن بە زمانی عەرەبی و تورکمانی و سریانی کلد و ئاشوور و ئەرمەنی بۆ قوتابی ئەو پێکهاتانە لە قوتابخانەکان ئەخوێندرێ، ئەبێ لەسەرەتاوە بێ، دوو، پرسیار کرا لەسەر ریژەی قوتابی، ئەگەر کردنەوەی پۆلە ئەوە شتێکی ئاساییە، ئەبێ ڕێژە تەحدید بێ، ئەگەر راهاتنە، ئەکرێ ژمارە دیاری نەکرێ بڵێ تەنیا بۆ فێربوونە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو هەلەز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم و سێیەم پشتگیریا سەوسەن خان و مامۆستا عبدالستار و دکتۆر محی الدین و سەرچنار خان دکەم، بەس تیروانیەکا جودا هەبوو ل برگا دوویی حەز دکەم جەنابێ وەزیری یان حەتا سەرۆکاتیا لێژنا ڕوون کردنەکا بدەتن، ئەوە بەحسێن وان قوتابیا دکەتن بنەڕەتینە، قوناغا ئێکی، زمانەکی دخینن نە زمانی دایکە، دچنە قوتابخانەکا نموونە تورکمانە دچتە قوتابخانەکا کوردی دخونیت، ڤێری مافی دایی حەفتیانە دوو دەمژمێرا زمانی خۆیی دایك بخونیتن، پرسیار ئەڤەیە، کێ دڤێ زمانی دایکی نیشا تەلەبەی داتن، ئایا مامۆستایی میلاکە ، ئەگەر وایە هەمی دزانین تەسنیفەکا هەی مامۆستایی تورکمانا زۆربەی جارا دچیتە قوتابخانی تورکمان، مامۆستایی مەسیحیی دچتە قوتابخانی خۆ، ئایا تەلەبەیەکی مەسیحی مەدرەسەکا کوردی دخینیتن کی ڤی دەوری رابێتن؟ کی دی زمانی وی دایك نیشانداتن، ئەگەر وەکی خۆ ما پشتگیریا سەرچنار خان و موژدە خانی کوی لڤیری قوتابێ بخۆ بخۆ بازنی ئێکی تایبەتی ئێکی حەتا سیێ مەسلەحەتا خۆ نزانیتن، پێتڤیا بەخیوکاری قوتابێ بریاری بداتن.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك مەم.

**بەڕێز مم اسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری بۆچوونەکانی سەرچنار خان ئەکەم ، ئەمەوی ماددەی (٣٥) بڕگەی لابری و بڕگەی دوو بکرێتە بڕگەی یەك بەو شێوەیە بێ ، لەبەر ئەوەی بڕگەی یەك بە شێوەیەکی کەمێك دەستکاریەوە لە بڕگەی دوو ماددەی سێ هاتووە، بڕگەی دوو ئەبێتە یەکەم، خوێندن بە زمانی پێکهاتەکان زامن کراوە و زمانی کوردیش ئەخوێنن، ئەگەر قوتابییەکیش لە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی لە قوتابخانەی حکومی بخوێنێ تا کۆتایی، لە قوتابییەکیش قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی دابنرێ ،بەو شێوەیە لێکبدرێ.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی داوایان کردبوو گفتوگۆ کۆتایی پێ هات، فەرمووو بەڕێز وەزیر ڕوون کردنەوە.

**بەڕێز ئالان حەمەسعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە بە بۆچوونی ئێمە قابیلی کورت کردنەوە نییە، چونکە فەقەرەی یەکەم حەقی موتلەقی پێکهاتەکانە، منەت نییە، بڕوا بوونە، تیڕوانینی قیادەی کوردی لە سەرۆکایەتی هەرێمە، بڕگەی یەکەم حەقێکە کە پێکهاتەکان ئەبێ قوتابخانەی خۆیان هەبێ، تێبینی هەیە کە قوتابخانەیەکی لەوجۆرە بە ژمارەی قوتابی گونجاو بێ، ئەزانن ئیشکال هەبوو کە عەدەد دیاری بکەین بۆ کردنەوەی قوتابخانە گرفت دروست ئەکات، ئێستا بە گوێرەی پەیڕەو هیچ قوتابخانەیەك ناکرێتەوە ئەگەر (١٥) قوتابێ کەمتر نەبێ، هی ساڵی (٢٠٠٩) یە، لەسەر بابەتی ژمارە کە کاك راهیش وتی (١٠)، رەقەم دەستکاری نەکرێ بۆ ئەوەی وەزارەت تەحدیدی بکات، فەرقی نێوانی خاڵی یەك و دوو، خاڵی یەك کردنەوەی قوتابخانەیە بۆ پێکهاتەیەکی عەرەب و تورکمان و مەسیحی، ئەوە تەسبیت ئەکرێ، ئەوەی دکتۆر زێدان وتی ئەبێ بڵێی سەرەڕای زمانی کوردی، نابێ، لەبەر ئەوەی قوتابخانەکە خۆی سریانیە، بەڵامزمانی کوردیش یەکێکە لە ماددەکان، ئەوانەی بە زمانی ئینگلیزی ئەخوێنن زۆربەی دەرسەکان ئینگلیزیە، زمانی کوردیشی تێدایە، نابێ زمانی کوردی بخەیتە پێشەوە، سەبارەت بەوەی ئەکرێ بە ئەلیکترۆنی بخوێنن، ئەکرێ، قوتابخانەی ئەلیکترۆنیمان هەیە، (٨٠٠٠) ڤیدیۆ تۆمار کراوە، بادینی و سۆرانی، وانەکان لە پۆلی یەك تا دوانزە هەیە، کتێبەکان بە (پی دی ئیف) هەیە، حەقی ئەوەشمان هەبێ گلەییەکی برایانە لە پێکهاتەکان بکەین، زۆرمان ماندوو ئەبین تا قەناعەت بە مامۆستا و کەفائەتەکانیان بکەین تا ڤیدیۆیەك تۆمار ئەکەن بۆ وانەیەکی ئەلیکترۆنی یان بۆ ئەو بابەتانە، ئەگەر هاوکاری ئێمە بن باشترە، بابەتی ئەو خاڵە راست بکرێتەوە بە مەرجێ خۆی داوای ئەوە بکات، بەخێوکاری قوتابی ئەبێ داوای ئەوە بکات، دروستە، ئەو منداڵە ئەهلیەتی ئەوەی نییە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی دواتر. فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری هەشتەم:

قوتابیان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت:

ماددەی (٣٦):

١- قوتابی و خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت کە لە چوارچێوەی یاسایی تەمەنی خوێندنی دایە، مافی خوێندن و دابین کردنی هەلی یەکسان وەرگرتن و بەردەوام بوونی خوێندنیان لە دامەزراوەکان دا هەیە بە ڕەچاو کردنی بڕگەی سێیەمی ماددەی (٣٩) ی ئەو یاسایە.

٢- پێویستە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن گرنگی بە قوتابیان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت بدرێ بە پێی جیاوازی توانست و ئامادە باشیان لەگەڵ دابین کردنی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت.
٣- ئەبێ وەزارەت پێوەر و هۆکار و کەل و پەلی تایبەت و شێوازی هەڵسەنگاندن و تاقی کردنەوەی گونجاو بۆ قوتابی و خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت دابین بکات.
٤- ئەرکی وەزارەتە ناوەرۆکی پلانی فێرکردن و پرۆگرامەکانی خوێندن و بەڵگە پەروەردەییەکان بۆ میلاکەکانی فێرکردن و چالاکییە تایبەتەکان کە پەیوەستن بە کتێبەکانی خوێندن گەشە پێ بدات و بیانرەخسێنێت.
٥- ئەرکی وەزارەتە کار بکات بۆ پتەوکردنی رۆلێ هۆشیاری کۆمەڵگە و بەشداری پێ کردنی کەس و کاری قوتابییەکان و خوێندکاران و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.
٦- ئەرکی دامەزراوەکانە کار بکەن بۆ ئەوەی تەلاری قوتابخانە و خوێندنگا و پەیمانگا پەروەردەیەکانیان لەگەڵ پێداویستیەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بگونجێن و ژینگەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری گونجاویان بۆ دابین بکەن.
٧- ئەرکی وەزارەتە رێرەوی خوێندنی جۆراوجۆر و پێداویستی خوێندنی پێشەیی و تەکنیکی بوارەکانی دیکەی گونجاو لەگەڵ تواناکانیان بۆ قوتابیان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت دابین بکات.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کی قسەی هەیە؟ (کاك عبدالستار، شادی خان، روپاك خان، کاك شاخەوان کاك بەلێن، کاك کاروان، کاك چیا، سەوسەن خان، دکتۆر رێبوار، شیرین امین، عثمان سیدەری، شنۆ خان، کاك حاجی هێرش، کاك بەلێن، لیزا خان، گولیزار خان، خەدیجە خان، کاك شیخ زاهیر، کاك دکتۆر اسماعیل، کاك سیپان، بەدریە خان، مامۆستا ابوبەکر، موژدە خان، هەلەز خان، سەرچنار خان، کاك دیاری، کاك سەرکۆ، کاك مەم برهان)، فەرموو کاك بەلێن.

**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەکانی ئەو ماددەیە تا رادەیەك بە باشی داڕێژراوە، ئەوەی تێبینیم من بوو ئێستا زۆربەی خێزانی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت ئەوانەی موەزەفن یا لە وەزارەتی پەروەردە دەوام ئەکەن تووشی ئیشکالیەت ئەبن، رێوشوێنێ ئەو قانوونە ئەگەر لە ماددەکانی دوایی هەبێ من دیقەتم بەرچاو نەکەوتبێ بمبەخشن، چ حەقێك ئەدەی بە دایك و باوکی ئەو خوێندکارەی خاوەن پێداویستی تایبەتن لە مامەڵە کردنیان هەم لە وەزیفە هەم لە شێوازی دەوام کردنی خوێندکارەکانیان لە قوتابخانە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شاخەوان.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو، پێویستە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن گرنگی بە قوتابیان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت بدرێ، تا ئێرە تەواوە، لە بەڕێز وەزیر ئەپرسم لەسەر خزمەتگوزاری خوێندنگاکان بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت بەشی زۆری خوێندنگا کۆنەکان لەسەر دیزاین و تەصمیمی کۆنن کە هیچ خزمەتگوزاری تێدا نییە، هەرچەند بەپێی تەصمیمی تازە کە خوێندنگاکان دروست ئەکرێن خزمەتگوزاری خاوەن پێداویستی تایبەت لە خوێندنگاکان دروست کراوە، بەڵام بە دیزاینە کۆنەکە وەکو خۆیەتی، پێم باشە ئەو خوێندنگایانەی خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەتی تێدایە وا بکەن هەم بۆ دروست کردنی دەرخستەی تازە کە پەیوەندی هەیە بە رێگەی هاتووچۆی خاوەن پێداویستی تایبەت بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەلاموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری راکەی کاك بەڵێن ئەکەم، پرسیارێکم لە وەزیر، ئایا پەروەردە و پرۆگرامی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت دەستبەر ئەکرێ؟ چونکە جۆری خاوەن پێداویستی تایبەت رەنگە جیاواز بێت و بۆ هەندێکیان گرفت دروست بێ لەو شێوازە، هەندێ هەن خاوەنی بەهرەیەکی جیاوازن، تا چەند وەزارەت توانیوییەتی گرنگی بە بەهرەکانیان بدات؟ سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو حاجی هێرش.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارم لە وەزیر، ئایا هیچ داتایەك هەیە بتوانێ رێژەی قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت؟ بە نیسبەت هۆشیار کردنەوەی قوتابیان و خوێندکاران لە خوێندنگاکان، پێویستە رێنمایی پێویست بدرێ بە خاوەن پێداویستی تایبەت، بۆ ئەوەی خوێندکاران هەڵسوکەوتی تایبەت لەگەڵ ئەو خاوەن پێداویستی تایبەتانە بکەن کە هەست نەکەن بۆ خوێندن گونجاو نین، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گولیزار خان.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارم لە وەزیر، خاوەن پێداویستی تایبەت پێناسە کراوە، بەس زۆر وازیح نییە، هەیە مێشکی شەلەلی نوسفی هەیە؟ پێویستی بە خوێندنی بەتەنێ هەیە، ئێوە وەکو وەزارەت چۆن چارەسەرتان کردووە؟ سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو شێخ زاهیر.

**بەڕێز ظاهر محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم، قوتابی و خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت، لێرە خاوەن پێداویستی تایبەت بە گشتی هاتووە، جیاوازی نەکردووە لە نێوان جۆرەکانیان، نموونە هەیە نابینایە، شەلەل دەماغە، ئیفلیجە، چۆن جێا ئەکرێتەوە، خاڵی تر، لە پێنجەم، بەشداری پێ کردنی کەس و کاری خوێندکار و قوتابیان، بکرێتە خاوەن پێداویستی تایبەت، هەرچەند لەسەر خاوەن پێداویستی تایبەتە، بەڵام لە ڕووی سیاغە کردن ئەوە باشترە، پێم باشە خاڵێکی تریش زیاد بکرێ کە هاوکاری کردنی کەس و کاری قوتابی خاوەن پێداویستی تایبەت ئەگەر فەرمانبەر بن لە دامودەزگای حکومەت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو سەوسەن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو پێم باشە بەو شێوازەی لێ بکرێ (پێویستە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن گرنگی بە قوتابیان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت بدرێ بە پێی جیاوازی ئاست و توانا و ئامادەییان لەگەڵ دابین کردنی مامۆستای تایبەت بە قوتابی خاوەن پێداویستی تایبەت)، لە بڕگەی چوار، هیچ ئاماژە بە ناوی خاوەن پێداویستی تایبەت نەکردووە، بەڵگە پەروەردەییەکان چییە؟ مەبەست پەرتووکە پەروەردەییەکانە؟ بڕگەی شەش، پێم باشە رستەی دووەم پێویستییەکانی کەسانی بکرێتە پێداویستییەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، بڕگەی حەوت، پێم باشە بەو شێوەی لێ بکرێ (ئەرکی وەزارەتە رێڕەوی خوێندنی جۆراوجۆر و پێداویستی خوێندنی پێشەشی و تەکنیکی گونجاو دابین بکات کە لەگەڵ بارودۆخی قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت بگونجێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو دکتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مافەکانی قوتابی خاوەن پێداویستی تایبەت بەشێك لە مافەکانیان ئاماژەی پێکراوە هەم لە ماددەی (٣٦ ، ٣٩)، بۆ ئەوەی تەفسیری جیاواز هەڵنەگرێ هەندێ ئیتیفاقی دەولی هەیە، مافەکانی سەقافی، ئیتیفاقی نێودەولەتی تایبەت هەیە بە مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت، ئەگەر بکرێ ئاماژە بەو ئیتیفاقیانە بدرێ، بۆ ئەوەی تەفسیری جیاواز هەڵنەگرێ، نەڵێین بەشێکی تێدایە، هەمیش قیەمی عالەمی ئەدات بە پرۆژەکە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئازاد.

**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی چوارەم، ئەڵێ ئەرکی وەزارەتە پرۆگرام و چالاکی و میلاك، بە نیسبەت بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی تورکمانی و سریانی هەیکەلی نییە، ئەگەر نەبێ ناتوانی، داواکارم لە وەزارەت هەیکەلییەك بۆ پێکهاتەکان دابنرێ، مەسەلەن پرۆگرام، چالاکی، نەوەك هەر وا ئەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هیمداد.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ پێویستە ئیهتیمام بە خوێندکاری خاوەن پێداویستی بدەین، بەڵام خاوەن پێداویستی تایبەت جیاوازی نەکرایە، جۆریان هەیە، خاڵی چوار، ڕای کاك ئازادم هەیە، میلاك هەیە، بەڵام وەکو بەڕێوەبەرێکی گشتی بە وەکالەت نییە، پرسیارم لە وەزیر، هەیکەلی بەڕێوەبەری تورکمانی کەی دائەنرێ، خاڵی پێنج و شەش ئەرکی وەزارەتە، وابزانم پێویست بەو هەموو ئەرکە ناکات.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ئەبوبەکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێ تێبینیم هەیە، یەك، پشتگیری شیرین خان ئەکەم کە پێویستە خاوەن پێداویستی تایبەت پرۆگرامی تایبەت بە خۆی هەبێ، چونکە توانای فەهمی بۆ ماددەکان وەك کەسی ئاسایی نییە، دووەم، ئەو دوو بڕگەی ماددەی چوارەم بهێندرێتە ئێرە، بۆ ئەوەی بکرێ بە یەك ماددە، سێ، پێویستە خاوەن پێداویستی تایبەت بەدەر بێ لە حوکمەکانی ماددەی (١٠، ١٤) ئەوەی پەیوەندی بە دیاری کردنی تەمەنەوە هەیە، چونکە حالەتی تایبەتیان هەیە، خاڵی پێنج نازانم چ پەیوەندی بە خاوەن پێداویستی تایبەت هەیە، پێم وایە زیادەیە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆتایی ئەڵێ بە ڕەچاو کردنی بڕگەی سێیەم لە ماددەی (٣٩) ئەو یاسایە، ئەگەر بچین بۆ ئەو ماددەیە لە بڕگەی سێی ئەڵێ نابێ دامەزراوە حکومییەکان جگە لە قوتابخانە و خوێندنگا تایبەتمەند و بەهەرەدارەکان، مەرجێ پێشوەختە و تاقی کردنەوەی دەرەکی بۆ وەرگرتنی

قوتابیّ و خوێندکار دابنین، جگە لە مەرجەکانی توانای زمانەوانی قوتابی و خوێندکار و ئەو مەرجانەی لەو یاسایە ڕێگەی پێدراوە، بەڵام دێینە بڕگەی چوار ئەڵێ وەرگرتنی منداڵ و قوتابیان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە یەکی لەو دوو میکانیزمە بێت، یەکەم و دووەم، واتە ئەبێ بلێ بەپێی ماددەی (٣٩) بڕگەی چوارەم نەك بڕگەی سێ، هیوادارم تەرکیز بکەن، ماددەی چوارەم پەیوەستە بەو بابەتە نەك بڕگەی سێ، یەکێکی تر، بەڕێز وەزیر لە خوێندنی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان یەکی لە کیشەکان نابیستانە، تا ئێستا هیچ قوتابخانەیەکی فێربوونیان نییە، ئەو ڕۆژە لەگەڵ بەشێکیان قسەم کرد ئەیانوت تا ئێستا گەورەترین کێشە پرۆسەی خوێندنە، پرسیار ئەوەیە چۆن جێیان ئەکرێتەوە؟ و لە ئەزموونی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پەروەردە لەو (٣٠) ساڵە ئەگەر نەتوانرابێ وەکو پێویست کە لەو پڕۆژە یاسایە باس کراوە ئایا دوای تێپەراندنی ئەو پڕۆژە یاسایە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پەروەردە ئەتوانێ ئەو خوێندنە فەراهەم بکات بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت؟ سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سیپان.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە گشتی ئەو ماددەیە زۆر باشە بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت، دگوتنێت مە دگەل رێکخراوین تایبەت ب مافێن خودان پێتڤی تایبەت گەلەك گازندە وی چەندیت کەن، ل ماددەی (٥٤) دا ئاماژە ب وی دایە هەر کەسەك دوو ساڵە لە قۆناغەکا خودا بمینیتن دڤیت بچیتە خوندنا ئێڤاران، ل خودان پێتڤی تایبەت ژبەر کو حالەتی وان نابێتن، داخاز دکەم مادیین تایبەت تایبەتمەندیەکا تایبەت بۆ وان تا دوو ساڵە ل قۆناغەکا بمنیتن نەچیتە ئێڤاران، چونکی زۆر بەها خوندنگەها ئێڤاران رەنگە دوریت مالێت ڤان ئەڤەش بۆ وان بارگرانیا زۆرە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە لێژنە و ئەو بەڕێزانە ئەکەم کە ئەو ماددەیان داڕشتووە، ئێمە کێشەمان زۆرە لە خوێندن، بۆیە چەند سەرنجێك ئەخەمە ڕوو هیودارم بە بایەخەوە وەریبگرن، یەك، بە نیسبەت ناوەکە بۆ ئەوەی ڕوون تر بێ خاوەن پێداویستی تایبەت ناوێکە ئەگەر وشەی کەمئەندامی لەگەڵ بێ، خۆیان رازین بەو وشەیە، یاسای ژمارە (٢٢) ی (٢٠١١) هەیە ئەو وشەیە هەیە، لەگەڵ کورتە باڵاش، داوای خۆیانە، لە بڕگەی سێ، پێوەر و هۆکار و کەل و پەلی تایبەت لەگەڵ شێوازی هەڵسانگاندن و تاقی

کـردنەوە تـێکەڵ کـراوە، جێـا بکـرێتەوە زەڕووره، چـونکە پێداویسـتی و کەل و پەل ، بـۆ نمـوونە قوتابخانەکـان ڕەمپـایەك هەبـێ، مناڵێـك لەسـەر عەرەبـانەیەك بتـوانێ بچێـتە ژوورەوە، ئاودەسـتی تایبەتیان هەبێ، خـاڵی تـر، سـەرەڕای ئەو خـاڵانەی لەو مـاددەیە هەیە، بەڵام بە هـۆی ئەو مەعاناتـانەی هەیە بۆیان زۆر زەڕووره (٣) بڕگە زیاد بکرێ بە ڕوونی مافی خوێندن بۆ منـاڵانی خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت دەسـتەبەر بکـات، یەك، نـابێ لەمـپەر و کەمئەنـدامی جەسـتەیی بکـرێتە ڕێگـری لەبەردەم کـار ئاسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە پـۆلە ئاسـاییەکان، منـاڵ هەیە هەردوو دەسـت یـان قـاچی نیـیە، نمـوونەیەك هەبـوو لە (٢٠١٧) گەنجێـك وەرگیرابـوو لە زانکـۆی چەرمـۆ لە چەمچەمـال هەفتەی یەکەم خوێندکارە هاورێکانی بە کۆڵ لە قاتی یەکەمەوە ئەیانبرد بـۆ قـاتی حەوتەم، پـۆلەکەی لەوێ بوو، ئەگەر وشیاریەك هەبێ، ئەبێ بیانەکە مەسعەدی تێدابێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت ناویـان بە خۆیـان هەیە، پێویسـتیان بە هاوکـاری تـایبەت هەیە، کەمئەندام یان خاوەن پێداویستی تایبەت مووچەیان هەیە بە یاسا، (١٥٠) هەزار، زۆر کەمە، داوا کرا زیاد بکرێ نەکرا، ئێستا سەبارەت بەوان وێرای پشتگیریم بۆ مامۆستا عومەر و شـیرین خـان و مامۆستا ئەبو بەکر، خاڵی دووەم وای لێ بکەین، گرنگی تایبەتیان پێ بـدەین، بلێـین، پێویسـتە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن گرنکی بە قوتابیان و خوێنـدکارانی خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت بدرێ کە مانگانە لە (٥٠) هەزار کەمتر نەبێ هاوکاری بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شنۆ خان.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕووی شکلییەوە بڕگەی چوارەم و پێـنجەم و شەشـەم و حەوتەم ئەرکـی وەزارەتە پـێم باشـە بکـرێتە یەك مـاددە و چەنـد خاڵێـك، لە ڕووی نـاوەڕۆك بـڕگەی دوو کە لە قۆناغەکـانی خوێنـدن گرنگی بە خاوەن پێداویستی تایبەت بدرێ بە دابین کردنی مامۆستای تایبەت، زۆر گرنگە دابـین کردنی هۆی گواستنەوە بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت، بڕگەی شەش، ئەرکی دامەزراوەکـانە کـار بکەن بۆ ئەوەی تەلاری قوتابخانە بگونجێنن لەگەڵ توانای خاوەن پێداویستی تایبەت، پێم باشـە بکرێتە ئەرکی وەزارەت، لەبەر ئەوەی دامەزراوە ناتوانن، تا ئێستا قوتابخانە هەیە گڵە، کـابینەیە، چۆن ئەگونجێندرێ؟ ئەو ئەرکە وەزارەت بیکات، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریم بۆ وتەکانی کاك عومەر و ئەو بەڕێزانەی وتەکانیان لەگەڵ وتەکانی کاك عومەر یەك ئەگرێتەوە، چەند تێبینیەکم هەیە، یەك، بنەمای کارکردن لەگەڵ خاوەن پێداویستی تایبەت لە ناو ئەو یاسایە لە هەر شوێنێك وشەی خاوەن پێداویستی تایبەت هاتووە ناونیشانی یاسای خاوەن پێداویستی تایبەت و کەم ئەندامان و کورتە باڵایان، بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو بڕگانەی لە یاساکەی تر هاتووە کە ئەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردە، چونکە چەند بڕگەیەك هەیە کە وەزارەتی پەروەردە مولزەمە بە جێ بەجێ کردنی ئەو پێداویستیانەی کە لەگەڵ خاوەن پێداویستی تایبەت یەك ئەگرێتەوە، بنەمای کارکردن لەگەڵ خاوەن پێداویستی تایبەت عەدەم تەمیزە، وەکو تاکێکی ئاسایی مامەڵە لەگەڵ خاوەن پێداویستی تایبەت بکەین بە دابین کردنی پێداویستییەکانی لە خوێندن، دوو، ئەو خاڵەی کاك شاخەوان ئاماژەی پێدا پشتگیری ئەکەم، نەك تەنیا ئەو ڕێگایانەی هاتووچۆ ئەبێ بۆیان بکرێ، شوێنێ دانیشتنیان لە پۆلەکان و شوێنێ ئاو خواردنەوەیان و هاتووچۆیان لە کاتی تەعمیر کردنەوە و دامەزراندنی خوێندنگەی تازە، خاڵی سێ هاتووە وەزارەت هۆکار و کەل و پەلی تایبەت و شێوازی هەلسەنگاندن دیاری ئەکات، ئەو هۆکارە تایبەتانەی هەن بۆ نابینایان ئامادەی ئەکەن؟ بۆ نابیستان زمانی ئاماژە ئامادە ئەکەن؟ یەکێ لە ئیشکالەکان ئەو دوو خاڵەیە، بۆ خاڵی پێنجەم، زەڕوورە فەقەرەیەك زیاد بکرێ، ڕێبەرییەك بۆ مامۆستا و فەرمانبەری قوتابخانەکان بۆ جێ بەجێ کردنی تەواوی هۆشیاری کۆمەڵگە و هۆشیاری مامۆستا پێویستە وەزارەت ڕێبەری هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو لێزا خان.

**بەڕێز لێزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەی لە ماددەی (٣٧) باسی خوێندنی ئەلیکترۆنی ئەکات، بیرمان نەچی خێزان هەیە باری دارایی باش نییە منداڵەکەی بە کۆڵ ئەبا بۆ قوتابخانە، بۆیە پێم باشە لەو ماددەیە بڕگەیەکی تر زیاد بکرێ، خاص بۆ قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت، بەو شێوەیە (ئەگەر پێویستی کرد ئەرکی وەزارەتە مافی ڕێگەپێدانی خوێندنی ئەلیکترۆنی بداتە قوتابی و خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت بە پێی ڕێژەی پێداویستیەکەی، ئەوە هەم ئەو مشتوومڕە کۆتایی دێ کە ئەڵێ زۆربەی قوتابخانەکان بە گوێرەی پێویست نییە بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت، ئەوە ئاسانکارییە هەم بۆ وەزارەت لە ڕووی داراییەوە، هەم ئاسانکاریە بۆ خوێندکار و خیزانەکەی، لەماڵەوە وانەی خۆی ئەخوێنێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو خەدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە زۆر گرنگە، رێك خۆ گونجاندنە لەگەڵ پێوەر و ستانداردی نێودەولەتی كە هەن سەبارەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ دابین كرنی ژینگەیەكی ئابووری و كۆمەڵایەتی، تەنیا لە ڕووی شكلی شتی باشی تێدایە، لە ڕووی شكلی ئەتوانین پێداچوونەوەی پێ بكەین، لە بڕگەی سێ ئەتوانین بەو شێوە بێ (ئەركی وەزارەتە ئەوانەی خوارەوە ئەنجام بدات)، بڕگەی سێ ببێتە خاڵی یەك، دابین كردنی تا كۆتایی خاوەن پێداویستی تایبەت، دابین بكات نەمێنێ، بڕگەی چوار ببێتە خاڵی دوو بەو شێوەیە (گەشە پێدانی ناوەڕۆكی پێدانی فێركردن تا ئەگاتە كتێبەكانی خوێندن، بڕگەی حەوت ببێتە خاڵی سێ، لە جیاتی ئەركی وەزارەت دابین كردنی رێرەوی خوێندن تا خاوەن پێداویستی تایبەت، بڕگەی پێنجەمیش ببێتە خاڵی چوارەم، بڕگەی شەشەم ببێتە خاڵی پێنجەم، بەو شێوەیە گونجاو تر ئەبێ.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو تیبێنێ هەبوو، یەك، پێ باش بوو خاوەن پێداویستی تایبەت هاتبا شەرح كرنی، چ كەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتن، بۆ نموونە ئۆتیزم، ئایا بەشەك وان چ نەوعی نەخۆشیە، ئەڤ ماددا پێچەكی تێكرار و دووبارەی تێدایە، پێ باشە شنۆ خانیش ئیشارەت پێدا، ماددا ئێكی و ماددا سیێ ببتە دەمج كرن، چونكی نەفسی مەفهومە، ماددا شەشی كو باسی تەلاری قوتابخانی دكەت تشتیت پێویست بۆ بێتە كرنی، ل ماددا سیێ عەینەن تشت گونجاندنی خوێنكارا، نەفسی مەفهومیە، بێتە یەك ماددا، پشتگیریا مامۆستا ئەبو بەكر هەلەدنی دكەم، ماددا پێنجێ هیچ پەیوەندی ڤی ماددی نینە، پێ باشە ئەڤ ماددا بێتە لادان، چونكی گشتییە، ماددا ێن بەری ڤی وازحی بەحس كرییە، ئەڤ ماددا پێویست نییە بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك سەركۆ.

**بەڕێز سەركۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە هەمان شێوەی كاك دیاری كە باسی ئەوە ئەكات بە ڕەچاو كردنی بڕگەی سێی ماددەی (٣٩) ی ئەو یاسایە بڕگەی چوارەمە نەك سێ، پرسیارم لە وەزیر ئەوەیە ئەگەر ئەو هەموو باباتەی لەسەر خاوەن پێداویستی ئەكرێ، بەداخەوە لە ڕووی واقیعیەوە هیچ شتێ نەكراوە، رێڕەوی چوونە ژوورەوەشیان نییە، ئەبێ لە دروست كردنی خوێندنگاوە ئەبێ دەست پێ بكەین، ئەگەر بكرێ بڕگەیەك زیاد بكرێ كە لەگەڵ پێداویستی و كەل و پەل باسی چۆنییەتی دابین كردنی ژیانیان، ئەزانن ئێستا قوتابخانە هەیە (٨٠) خوێندكاری هەیە لە جەمەلۆنە، ئەو قوتابخانەی لە گوند و

قەزا و ناحیەکانە لە کابینەیە زۆربەیان، سیستەمی سویدی بەڵام سۆمالی، یان وەکو خۆی جێ بەجێ بکرێ یان بەس کۆمەڵێك وشەیە و جێ بەجێ ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم پشتیوانی قسەکانی مامۆستا ئەبوبەکر ئەکەم، ئەو بڕگەیە ئەبێ بە شێوەیەك بێ کە تەمەن ڕێگر نەبێ، ڕاستە باسی بڕگەی سێ کراوە، بەس ئیستیسنائێکی دروست کردووە هەر ریگری دروست ئەکات، پێم وایە ماددەی (٣٩) و (٣٦) تێکەڵاویەك کراوە، بڕگەکانی کەمکرابوواوە، بەڵام ئەمەوێ بڵێم قوتابی خاوەن پێداویستی تایبەت جاری وا هەیە لە مەداریسی تەئهیلە، تەمەنەکەی ڕێگری بۆ دروست ئەکات وەکو منداڵێکی ئاسایی ناتوانێ درێژە بە خوێندن بدات، یان وەرگرتنی بۆ بکرێ لە خوێندنگاکان، ئەبێ ئەو تەمەنە زەمەنییە نەبێ بە ڕێگر، بڕگەی دوو باس لە مامۆستا ئەکات کە مامۆستای پەروەردەی تایبەت، نموونەیەکی واقیعی بێنینەوە لە قوتابخانەیەك بۆ نموونە (١٠) قوتابی هەمووی خاوەن پێداویستی تایبەت بێ ئایا (١٠) مامۆستا هەیە؟ ژمارەی مامۆستا لەگەڵ ژمارەی قوتابی خاوەن پێداویستی تایبەت ڕەچاو نەکراوە، میکانیزمی دانانی مامۆستا دیاری نەکراوە، ئایا بە پێی پۆلە یان ژمارە یان قۆناغ؟ بڕگەی چوار، مەنهەجی قوتابی ئاسایی ئەبێ جیاواز بێ لەگەڵ خاوەن پێداویستی تایبەت، ڕاستە لە ماددەی (٣٩) باس کراوە، بەڵام دیسان ئیستیسنا کراوە، ئەو ماددانەی باس ئەکرێ وانەی زانست و کۆمەڵایەتی بۆ منداڵێکی ئاسایی نییە، ئەبێ جیاوازی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەوێ تەوزیحێك بدەم، کاتێ ئەڵێین ئەبێ کورت بکرێتەوە مەبەست لێدان نییە لە پێکهاتەیەك نە لە توێژێك، بەڵکو خزمەتی یاساکە ئەکەین و بەقەدەر شەش ئەوەندەی دەستووری ئەمریکا ئەبێ، (١٨٠) ماددە جێ بەجێ کردنی قورس ئەبێ، بە نیسبەت بڕگەکانی، ئەوە ئەخەمە بەردەم لێژنە و وەزیری پەروەردە، بڕگەکانی (٣، ٤، ٥، ٧) چ حیکمەتی تێدایە لێرە و بۆ لە ئەرکی وەزارەت نەبێ، زۆر لە ماددەکان پێویستە وەزارەت وا بکات، لە بابێك لە ئەرکەکانی وەزارەت کە جێگەی کراوەتەوە با لێرەش جێگە بکرێتەوە، بۆ نموونە لە بڕگەی دوو ئەڵێ پێویستە واتە پێویستە و ئەکرێ پێویستیش نەبێ، ئیلزامی نییە، سێیەم ئەڵێ دەبێت، ئەویش بەکار نێت، وەزارەت ئەمە ئەکات، لە بڕگەی پێنج ئەگەر گواسترایەوە بۆ ئەو شوێنە و دەنگی هێنا دیسان ئەرکی وەزارەتە، ئیختیارییە، ئەبێ بڵێ وەزارەت ئەوە و ئەوە جێ بەجێ ئەکات، ............

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو روپاك خان، لێرە نییە، فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاتمە سەر ئەوەی (٣) بڕگە زیاد بکەین، پشتیوانی لە هـۆڵ دروست ئەبێ، بـڕگەیەك زیـاد بکـرێ (نابێ لەمپەری کەمئەندامی جەستەیی، باسی دوو شت ئەکەم، منالێك کەمئەندامی جەستەیی، دەستی نییە، یـان قـاچی نیـیە، ئەمە نـابێ ببێـتە پاسـاوی ڕێگـری کـردن بە ڕوونـیش بنووسـرێ، ئەزموونم هەیە بەداخەوە بە هـۆی نەبـوونی هۆشـیارییەوە هەنـدێ لە سـتافە ئیـدارییەکان ئەو ڕێگرییە ئەکەن، بڕگەیەك زیاد بکرێ بـۆ ئەوانەی کیشـەی عەقلـی و دەروونـی و ژیـری تواناییـان هەیە، ئەوە ئەگەر ڕاپۆرتی پزیشکی سەلماندنی توانای فێربوونی هەیە ئەوانـیش ئەبـێ لە پـۆلێ ئاساییا بێن، ڕێژەیەك ئۆتیزم یا داون یا ژیری هەیە، ئەوانە ڕاپـۆرتی پزیشـکی ئەتـوانێ یەکلایـی بکاتەوە کە زۆر کات بە هۆی ریژەیەکی شەلەل دەماغ منالٚ بێ بەش ئەکرێ، بە هۆی ڕێـژەی کەم بینـین بـێ بەش ئەکـرێ، خوێنـدکارانی نابیسـت تـا ئێسـتا لە سیسـتەمی پەروەردە وەکـو بنەمـا وەرناگیرێ، تا پۆلی (٩)ی بنەڕەتی لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دەرفەتیان پێ ئەدرێ، لێرە پێم باشە بڕگەیەك زیاد بکرێ (ئەرکی وەزارەتە دەرفەتی خوێندن بۆ قوتابیان و خوێنـدکارانی نـا بیست لە قۆناغەکانی ئامـادەیی و ئامـادەیی پێشـەیی و پەیمانگـا پەروەردەییەکـان برەخسـێنێ، منالێکی نا بیست ئەتوانێ فێری دارتاشی و کۆمپیوتەر بێ، هەولێـك هەیە لە سلێمانی و هەولێـر کە لە فێربـوونی کۆمپیـوتەر ئەخـوێنن سەلماندووشـیانە کە کە سـەرکەوتوون، خـاڵی تـر، لە هەر بەرێـوەبەرایەتییەکی گشـتی هـۆبەیەکی تـایبەت بە پاراسـتنی مـافی کەمئەنـدام بکـرێتەوە بـۆ ئەوەی کاروبـارە ئیـدارییەکان ئەو هـۆبەیە سەرپەرشـتی بکـات، ئەو سـێ بـڕگەیە زیـاد ئەکەم بە ڕوونی لە بڕگەکانی تر بە عام هاتووە، خاڵی پێنج باسی هۆشـیاری ئەکـات بەداخەوە کـۆمەڵگەی ئێمە ئەو ئاستە باڵایەی هۆشیاری بەرامبەر کەمئەندام نییە........

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی کاك عومەر و شنۆ خان و لیزا خانیش، بۆ بڕگەی دوو پـێم باشـە مامۆسـتای تـوێژەری کـۆمەڵایەتی بـۆ ئیـزافە بکـرێ، وسـائیلی گواستنەوەشـی بـۆ زیـاد بکـرێ لەبەر ئەوەی بەشێکیان باری داراییان لەوانەیە باش نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە ستافی وەزارەت ئەکەم، ئەو بابەتە زۆر گرنگە، هەرچەند لە ماوەکانی ڕابـردوو لە (٢٠٢٢/٤/٢) پـڕۆژە یاسـایەکمان تەقـدیمی سـەرۆکایەتی کـردووە لەسـەر ئـۆتیزم، هیـوادارم وەزارەت ڕەزامەندی دەربرێت، تووشبوانی ئۆتیزم بابەتێکی گـرنگە بەداخەوە چارەسـەری وەکـو

پێویست نییە، ئەو بابەتە ئەکرێ دەولەمەندتر بکرێ بە چەند سەرنجێك، نموونە، هەڤاڵان باسیان کـرد پشـتگیریان ئەکەم، بـابەتی دیزانـی قوتابخانەکـان، یەکـێکە لە کێشـە گەورەکـانی خـاوەن پێداویستی تایبەت و ئۆتیزمیش، بۆ منداڵانی ئێستا لە خوێندنگاکانن، نەك دیزاینی خوێندنگاکان بەڵکو خوێندنگاکانیش، ئەو خواردنانەی کە لەویش هەن، پێم باشە چەند بڕگەیەك ئیزافە بکـرێ، یەکەم بە بـڕگەی هەشـت (ئەرکـی وەزارەتە ڕێگـری لە هەر جیاکـاریەکی پەروەردەیـی بەرامـبەر منـداڵانی خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت و ئـۆتیزم بکـات لە ناوەنـدەکانی خوێنـدن)، دوو (هەر جیاکاریەکی دەروونی و جەستەیی بەرامبەر ئەو قوتابیانە لە بڕگەی هەشتی ئەو یاسایە هاتووە دەقنووس کـراوە بە سـزایەك سـزا ئەدرێ کە دیـاری ئەکـرێ، دە، دیـزاین کـردنەوەی قوتابخـانە و خوێندنگاکان بە جۆرێك لەگەڵ هەلـومەرجی جەسـتەیی خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت و ئـۆتیزم بگـونجێ، واتە هەڵگـری ئـۆتیزم و خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت، ئەو سـێ بـڕگەیە ئەگەر قـابیلی ئیزافە کردنە بـاش ئەبـێ، هەرچەنـد لە مـاددەی (٣٩) ئامـاژەی پـێ کـراوە، پشـتیوانی قسـەکانی مامۆسـتا ئەبـو بەکـر ئەکەم فەرمـووی لە ئەحکامەکـانی مـاددەی (١٠ و ١٤) منـداڵانی خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت لە مەرجەکـانی وەرگـرتن لەو حـوکمە بەدەر ئەکـرێن، بە تـایبەت مەرجـێ تەمەن، هەر وا قسەکانی مامۆستا عومەر و برادەرانیش.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو دکتۆر اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێ باش بوو ئەڤ مـاددا چوبا شـونا (٣٩) هـی و ئەویـش هاتبـا ڤێـری دا ڕێزبەنـدیا دروسـت بـا، چونکو (٣٩) هی بەحسێ وەرگرتنا قوتابیا دکاتن، ئەڤە بەحسێ قوتابیێت تـایبەتی دکەت، مەعنـا وی قوتابی تایبەت چوبا پشت ڤێ ماددێ دا ڕێزبەنـدی باشـتر لێهیـتن، پشـتگیری مامۆسـتا ئەبـو بەکر دکەم و کاك کاروان و مامۆستا عمری و کاك سیپانیش کو ڕێنماییت بـۆ قوتـابێ دی و جـودا بۆ وان هەبن، ئەز پێ باشە کو بۆ وەرگرتنا ڤان قوتابیا مە دوو تەمەنی هەی، تەمەنـی زەمەنـی و تەمەنی عەقلێ، تەمەنی عەقلـێ بێـتن نە زەمەنـی، یەعنـی (٦٠) سـاڵە هیشـتان تەمەنـی عەقلـێ شیانە، تیبێنیا دی، مەنهەجێ وان فەرق بێـتن دگەل مەنهەجـێ وی دی، خوشـکا سـەرچنار گـوتی پێشتڤانیا وی دکەم، ئـاخیر تیبێنیـا مـن ئەڤەیە، بـۆ وان رینمـاییی تـایبەت هەبێـتن چـونکی وان پێتڤی تایبەتن.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە لە بڕگەی یەکەم مەرجێ تەمەن بۆ وان جیا بێـت و تەمە پێـوەر نەبێـت، هەیە تەمەنـی (١٠) ساڵە و ژێری دواکەتووە، بڕگەی سێ و چـواری مـاددەی (٣٩) ی بـۆ زیـاد بکـرێ، خـاڵی چـوار ئەڵـێ ئەرکـی وەزارەتە نـاوەڕۆکی لایەنـی پرۆگـرام تـا ئەخیـر، پـێم باشـە لەبەر ئەوەی بـابەتەکە

خاوەن پێداویستی تایبەتە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەبێت، ئەو بابەتانەی کە نموونە زانست و کۆمەڵایەتی بۆ ئەوان قورسە، مەفروزە جیاکاری هەبێت، ئەگەر لە مەکتەبی تایبەت بێ هیچ لەوانەیە مەنهەجێ تایبەتی خۆیان هەبێ، بەڵام لە خوێندنگای گشتی بێ زانست و کۆمەڵایەتی بۆ ئەوان قورسە، خاڵی شەش ئەڵێ تەلار، تەلار نەگونجاوە، تەلار نییە لە کوردستان، بۆ شتێکی گەورەیە، کاك سەرکۆ وتی زۆرێك لە خوێندنگاکان لە جەمەلۆن و کابینەن، پرسیارم لە وەزیر، ئایا ئەو خوێندنگایانەی رێڕە و شوێنێ توالێت و ئاو خواردنەوە، لە هەموو مەکتەبەکان ئەتوانن؟ پشتیوانی قسەکانی کاك عبدالستار و کاك عومەر و کاك ئەبو بەکر و سەرچنار خان و کاك بەڵێن و دکتۆر اسماعیل ئەکەم، شتێکی تر، مەسرەفی خاوەن پێداویستی تایبەت قورسە، راستە (١٥٠) هەزاریان هەیە، بۆیە پێم باشە وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەوان بودجەیەکی تایبەتی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هەلەز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر کەسەکی گرنگی بێداتە خاوەن پێداڤیەن تایبەت دەست خۆشی لێ دکەم، چونکا ماددا (٣٩) پەیوەندی هەی ب وەرگرتنا منداڵان و خوێندنکاران ئەز پێشنیار دکەم بێتە شونا ماددی (٣٦)، ماددا (٣٦) ببێتە (٣٧)، چونکی لێویرادا مەرجێ هاتییە دەست نیشان کرنی، بەرهندی پێش و پاشی بێتە کرنی، سەبارەت بە برگا ئێکی پشتگیریا وان بەرپزیت دکەم تەمەنیت وان نەبێتە ریگر، چونکی مە ئیشکالێت وان هەی بتایبەتیا بچنە سەنتەریت تەئهیلێ کو ماوەیەکی درێژ پێتڤی، برگا دوو پشتگیریا سەرچنار خان دکەم، ڤیری راستە مامۆستایی تایبەت دیتە دانان، لێ مەعیار نەهاتیە دانان ئایا ژمارە قوتابییا چەند بێتن، چ ڤۆناغی بێتن، بۆ نموونە ل دهۆکی قوتابخانەکا شەش پۆلێ قوتابێت جودا جودایت تیدا هەی، ئێك مامۆستایی پەروەردا تایبەتی سەرپەرشتیا وان دکەتن، چاوا (٦) ساڵی و (١٠) ساڵی هەمان تەعامول دگەل بێتە کرنی، بر هندی پێتڤیا پلانەك هەبێ، پرسیار وەزیری پەروەردی، تەداخولەك هەی ناڤبەینا کاری وەزارەتا کار و کاروبارین کۆمەلایەتی و وەزارەتا پەروەردی سەر ڤی بابەتی هەنی ، پار مە داخازا هەردوو ریڤەبەریا گشتی کرن هاتنا دەڤ مە، نوکە بێژم مە کەسەك هەی نابێستا، وان پەیمانگا هیوا هەی، نوکە میلاکی وەزارەتا پەروەردییە، وەك سەرپەرشتی کرن یا کییە؟ تابعی وەزارەتا کار و کاروبارا کۆمەڵایەتیا، ئایا بۆ ئەڤ جودا کرنی هەی؟ کەسانی تایبەتمەند ل وەزارەتا کار و کاروباری کۆمەلایەتی دبێژن شۆلمی تنی تەئهیل کرنە .......

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری شیرین ئەمین و دکتۆر اسماعیل و مامۆستا ئەبوبەکر و کاك کاروان و کاك سیپان و موژدە خان و گولیزار خان و کە باسی نیسبەی کرد، ئەبێ دیاری بکرێ، شێخ زاهیر ئەبێ گرنگی بە بەخێوکەری خاوەن پێداویستی تایبەت بدرێ، مامۆستا عبدالستار و کاك سەرکۆ باسی خزمەت گوزاری کرد بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت، پشتگیری کۆی قسەکانی مامۆستا عمر و مامۆستا هەلەز کە باسی گۆڕانکاری ماددەکانی کرد، پشتگیری شنۆ خان و لیزاخانیش ئەکەم، شادی خان و سەرچنار خانیش باسی دیاری کردنی مامۆستای کرد، سەبارەت بڕگەی یەکەم کە باسی قوتابی خاوەن پێداویستی تایبەت لە چوارچێوەی تەمەنی یاسایی و دابین کردنی هەلی یەکسان و دادپەروەری بۆ زیاد بکرێ، سەبارەت بە ناوەندی خوێندن کە داتا هەیە سەبارەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت پشتگیری سەرچنار خان ئەکەم بۆ کەمی مامۆستا، زیاد لە (٩٠٠٠) قوتابی خاوەن پێداویستی تایبەت هەیە کە زۆرێك مەحرومیش هەیە لە خوێندن، سەبارەت بە ناونیشان کە ئەڵێ قوتابی و خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت منیش ئەڵێم خاوەن پێداویستی سێ جۆرن، کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵان، خاڵی پێنج، ئەرکی وەزارەتە کار بکات بۆ هۆشیاری کۆمەڵگە و بەشداری کردنی کەس و کاری قوتابیان و خوێندکاران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مامۆستایانی ئاینیش زیاد بکرێ.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەرفەت ئەدەینە بەڕێز وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە تازەیە بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت، تا دوو ساڵ لەوەو پێش وەرگرتنی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت لە چوارچێوەی سیاسەتی عەزل کردن بوو نەك تێکەڵ کردن، هەنگاوێکی تازەیە وەزارەت بەو شێوازی بوێرانە کردوویەتی، ئێوەش ئەبێ تەحامولمان بکەن، لە سەرەتای پرۆسەکەین، هەندێ قسە هەیە دروست نییە، زۆربەی قوتابخانەکان کابینەن، وا نییە، (١٣٠) قوتابخانەی کابینە هەیە لە (٦٨١٥) قوتابخانە، ئەبێ بە لوغەی ئەرقام قسە بکەین، پێش ڕاپەڕین (٧٢٥) قوتابخانە هەبوو، ئەو حکومەتە دروستی کردووە، کەمە؟ بەڵێ، بەس ئەوە نییە هیچ نەکرابێ، تەلاریش هەیە، سێ ملیار دیناریشی تێچووە، کۆمەڵگەی پەروەردەیی هەیە شەش ملیار دیناری تێچووە، حکومەت بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو و ئێستاش کاری کردووە ئەشیکات، ژمارەی قوتابخانەکانیش (٧٥٠) قوتابخانە نەبوو، بەڵام ئەو تەلارانە پێشتر دروست کراون بیر لەو بابەتە کراوە؟ نا، بەڵام ئیمکانییەت هەیە وردە وردە ئەو بابەتە بخەینە سەر ڕێڕەوی خۆی، دەستمان بردووە بۆ پرۆسەیەکی تازە، بۆ زانیاری ئەو پڕۆژە یاسایە موتابقە بە هەموو مەعایرە نیودەوڵەتییەکان هەردوو عەهدی دەولی (١٩٦٦) و ئیتیفاقیەی جنێف و پاراستنی مافی منداڵ و جەمعیەی عامە و یونسکۆ، هەمووی دیراسە کراوە، بەڵام دەستمان

کردووە بە کارێك نوقستانیشمان ئەبێ، پێشتر منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت ئەبوایە جیا بکرێتەوە، ئەمساڵ دەستمان پێ کردووە.

ئەمە بەشێکی کەلتوورە، هەتاکو مامۆستایەك ئەو شتە قبوڵ بکات، ئەبێ منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت لەگەڵ منداڵی ئاسایی تێکەل بکرێ، جیا کردنەوە بۆخۆی توندوتیژییە، منداڵی مامۆستا و منداڵی تر فەرقیان هەیە؟ بە پێی یاسای کاروباری کۆمەڵایەتی هەرکەسێك فەرمانبەری دەوڵەت بێ ئەگەر منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەتی هەبێ ئەتوانێ ئیجازەی چاودێری کۆمەڵایەتی وەرگرێ، فەرق هەیە لە نێوان حەقی تەعلیم و ریعایە، مامۆستا ئەگەر منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەتی هەبێ لە ماڵەوە مووچەشی بۆ سەرف ئەکرێ، چۆن بتوانین پرۆگرامی جیا دابنێین.

بەشێوەی گشتی پرۆگرامی جیا دانانرێن، بەڵام مامۆستای پەروەردەی تایبەت ئەوانەی ئێستا دەستمان پێکردووە لە قوتابخانەی تایبەت ئەوان شارەزان کە چۆن لەناو پۆل هاوکاری ئەو مامۆستایانە بن کە وانەی ئاسایی ئەڵێنەوە، تەسنیفاتی جۆراوجۆری هەیە، بەپێی تەشخیساتی توبی فەرعی لێ ئەبێتەوە، باس کردنی لەپرۆژە یاسا باش نییە، نابیستا سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتین، لەوێ تاقی کردنەوە ئەدەن، بەڵام پۆلی (١٢) ئامادەییان لای ئێمەیە، لە (٧٥%) ماددەیان بۆ داخلە، بابەتی بیرکاری ئیعفا کراون، لە بابەتی زانست و رەسمی بایلۆجی ئیعفا کراون، لە فەقەرەیەك دواتر خوێندنی ئەلیکترۆنی بە گشتی باس کراوە، لەسەر قسەکانی کاك عومەریش، تەعریفمان کردووە کە قوتابی خاوەن پێداویستی تایبەت چییە؟ لە ماددەیەك هەیە، ئەوانن گرفتی جەستەیی و ناجەستەییان هەیە، ئەوە نییە بە ڕوونی بنووسرێ، ئەوانەی گرفتی جەستەیی و ناجەستەیی، خاڵەکانی تر لە کۆتایی ماددەی (٣٩) هەیە، ئەوەی دیکە نابیستا و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، هەر پرۆسەیەکی خوێندن ئەگەر وەزارەتی مەعنی رازییە بیخاتە سەر وەزارەتی پەروەردە ئەوەی هەلەز خانیش باسی کرد لای ئیمە ئاساییە، بەڵام ئەبێ ئەوان بیکەن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرۆکی لێژنە.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وابێ بەڕێز وەزیری پەروەردە وەڵامی زۆربەی پرسیارەکانی دایەوە، تەنیا تێبینی کە هی زۆربەتان بوو، لەسەر ماددەی (٣٦ و (٣٩) بڕگەی (٣، ٤) تێبینیەکان جێی خۆیەتی، لە ئەسلی پڕۆژە یاساکە لە ماددەی (٤٠، ٤١) هاتبوو، بەڵام دوای راستاندنی یاسایی کرا گۆڕانکاری کرا، دەمجی هەندێ ماددە کراو و ئەوتێبینییە لە شوێنێ خۆیەتی و ئینشاللە چارەسەر ئەبێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە گەلاوێژ.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە هاوڕێیان ئەکەم بە تێبینیەکان و پشتگیریان ئەکەم، ئەوەی گرنگە خاڵی (٥) لە ماددەی (٣٦) ئەڵێن لادرێ، بەڵام پێم باشە بمێنێ، بەڵام ئەوەی بۆ زیاد بکرێ (ئەرکی وەزارەتە کار بکات بۆ پتەو کردنی رۆلی هۆشیاری کۆمەلگاو بەشداری پێ کردنی کەس و کاری قوتابیان و خوێندکاران و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ قوتابیان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت)، بڕگەیەکی تریش زیاد بکرێ (پێویستە هەر قوتابخانەیەك قوتابی یان خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەتی هەبێ لای کەم مامۆستایەکی دەرچووی بەشی پەروەردەی تایبەتی کۆلێژی پەروەردەی لێ بێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی دواتر.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری نۆیەم: خوێندنی ئەلیکترۆنی:

ماددەی( ٣٧): وەزارەت لە کاتی پێویست لە هەر قۆناغێکی خوێندن دابێت مافی رێگەپێدانی بە خوێندنی ئەلیکترۆنی و ئۆنلاین و ئاوێتە بە هەموو جۆرەکانییەوە هەیە.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ ( کاك کاوە، دکتۆر اسماعیل، بەدریە خان، کاك نزار، کاك دکتۆر زێدان، کاك حکمت، کاك چیا، دکتۆر رێبوار، مەلا ویسی، شیرین یونس، شیرین امین، کاك مسلم، دکتۆرە شایان، دکتۆر محی الدین)، فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەند وەزیر لێرە نییە، لە ماددەی (٣٦) هەندێ ڕوون کردنەوەی دا، تێبینی من لەسەر ئەوەیە، هەندی منداڵ هەیە کە نەخۆش ئەبن بۆ نموونە نەخۆشییەکانی شێرپەنجە یان تووشی ڕووداوی هاتوچۆ ئەبن، شوێنێکی ئەشکێ پێویستە لە ماڵ بن، بەڵام هەمووکات بە نەخۆشی سەرف نابێ، رەنگە لێرە وەزارەت ئەگەر بتوانێ شوێنێ ئەوە بکاتەوە ئەو ماوەی لە ماڵەوەن تاقەتیان هەیە بخوێنن خوێندنی ئۆنلاینیان بۆ بەردەست بکات، رەنگە هەر سێ مانگ نەخۆش نەبێ، ئەو پێشنیارە ئەگەر پەسند بوو لە کۆتاییەکەی ئەوەی بۆ زیاد بکرێ چ بۆ تاکی بێ یان بۆ یەك قۆناغ، تێبینیەکیش بۆ سەرۆکی لێژنەی پەروەردە وتی راستاندنی بۆ کراوە لەلایەن لێژنەی یاساییەوە، بەڵام دوێنێ کاك بژار وتی هەر لە راپۆرتەکەش ئاماژەیان بەوە داوە کە لێژنەی یاسایی راپۆرتی لێژنەی پەسندە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مسلم.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە راستە بە دوو دێر باس کراوە، بەڵام قسەی زیاتر هەلگرێ، چونکە لە پێش هاتی ئەوا رەنگە بە گەورەتر دووبارە بێتەوە، دوو خاڵم هەیە ئەگەر زیاد بکرێ، یەك، ئەرکی وەزارەتە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کار ئاسانی بکات بۆ فەراهەم کردنی هۆیەکانی ئینتەرنێت و بەرێوەچوونی پرۆسەیەکی تەندروست لەسەرجەم پەروەردەکان لە ناو پەروەردەی قەزا و ناحیە سنوورییەکانیش، چونکە کێشەیەکی زۆر هەبوو لە سەردەمی کۆرۆنا بە تایبەتر لە ناوچە سنوورییەکان کیشەی ئینتەرنێت کە کاریگەری خراپی خستە سەر خوێندن، خاڵی تر، دانانی پەیرەو یان پلانێکی گونجاو لەلایەن وەزارەت بۆ کردنەوەی خولی تایبەت لەو بوارە بۆ مامۆستایان بۆ شێوازی پەخش کردن و تۆمار کردنی وانەکان، لە سەردەمی کرۆنا مامۆستایان ئەزموونێکی وایان نەبوو بۆ تۆمار کردنی وانەکان و دابرانی قوتابی لەگەڵ مامۆستا، پەروەردە ئەبێ پەیرەوێکی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نزار.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە وەزارەت لە کاتی پێویست لە هەر قۆناغێکی خوێندن مافی رێگە پێدانی بە خوێندنی ئەلیکترۆنی و ئۆنلاین بە هەموو جۆرەکانی داوە، مەبەست چییە، پێت وا نییە رەهەندی دارایی ئەبێ؟ وەزارەتی پەروەردە بیری کردۆتەوە رەهەندی دارایی نابێ، دوو، سەبارەت بە ئۆنلاین پێتان وایە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا سەرکەوتوو بووە تا وەزارەتی پەروەردەش بیر لەوە بکاتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتەڤانیا کاك موسیلمی دکەم، وەزارەت لە کاتی پێویست و لە قەیرانەکان و تێکچوونی کەش و هەوا بۆ ماوەیەکی درێژ لە هەر قۆناغەکی، ئەڤ بابەتی وەکو بابەتی کرۆنایا هەر حالەتەکی ناکاو بێتە زێدە کرن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر رێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە وەکو حالەتێکی کرۆنا هاتۆتە پێشەوە، بۆیە هاتووە ئەڵێ لە کاتی پێویست، پێم باشە بکرێتە لە هەلومەرج و کاتی پێویست، چونکە ئەوە بۆ هەلومەرجی تایبەتە، ئاماژە بەوەش بکرێ دوای ئەو حالەتە خوێندن ئاسایی بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر زیدان.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە کۆمەڵێك پرسیار دروست ئەبێ، ئەبێ سەیری پێکهاتەی خۆمان بکەین لە ڕەوشی پەروەردە، ئەگەر بۆ دۆخی نەخوازراو بێ ئەگەری هەیە هەموو ساڵێك دۆخی نەخوازراو هەبێ، خوانەخواستە ئەگەر دوێنێ درۆنی دوژمن چەند قوتابخانەیەکی تری کردبوایە ئامانج پرۆسەی خوێندن چەند ڕۆژێ ئەوەستا، یان لە کاتی نەخوازراوی وەکو کرۆنا، بوونی وشەی ئەلیکترۆنی لەگەڵم ئەتوانین مەنهەج لە سایتی وەزارەت یان لە شوینێکی دیاری کراو مەنهەج بە گشتی دابنێین، بەڵام خوێندنی ئۆنڵاین و ئاوێتە لە هەرێمی کوردستان و پەروەردە ئیمکان نییە بیکەین، چۆن ئەتوانین لە یاسا جێی بکەینەوە، ئەگەر سەیری دۆخی کرۆنا بکەین لە زانکۆکانی هەرێم نەیانتوانی بە ئۆنڵاین سەرکەوتوو بن کە ئیمکانییەتی زۆرشیان بەردەستە و ژمارەی زانکۆکانیش زۆر کەمە بەرامبەر قوتابخانە، چۆن ئەتوانی لە پەروەردە، ئەگەر بەراورد بە وڵاتانی ئەورووپا نا دەورووبەری عێراق بۆ نموونە ئوردن کە یەکەم وڵاتە لە ئاستی خوێندن لە وڵاتانی عەرەبی، نەیتوانی سەرکەوتوو بێ، ئیمکانییە بیدایەکانی ئێمە لە حالەتی نەخوازراو کە زۆر ئەگەر هەیە بەیانی بێتە پێش، وشەی ئۆنڵاین ئەرکی قورس ئەخاتە سەر وەزارەت، وشەی ئەلیکترۆنی باشترەو ئەتوانرێ حالەتی خۆی پێ بەڕێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەلا وەیسی.

**بەڕێز وەیسی سعید وەیسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە گرنگە، ئەزموونی رابردوو کاتی کۆڕۆنا ئەو گرفتە هەبوو، پشتگیری قسەکانی کاك موسلیم و کاك چیا ئەکەم، پێشنیار ئەکەم لە دارشتنی وەزارەت لە کاتی پێویست و یان ڕووداوی سروشتی لە هەر قۆناغێکی خوێندن مافی ڕێگە پێدان لە خوێندنی ئەلیکترۆنی و ئۆنڵاین و ئاوێتە هەیە، ڕووداوی سروشتی ئیزافە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەدریە خان، فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دبینم پەیڤا نەچاری بەری پێویست بهیت، چونکی دەبێتە زەڕوورەت، پێویست یەعنی ئیحتیات، مەتاتییە، بس بێژیت وەزارەت لە کاتی نەچاری یەعنی وەکو زروفیت کرۆنایی پەنایەت باتە بەر خوێندنی، پشتگیریا مامۆستا مسولم و کاك چیا دکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیریم بۆ کاك موسلیم و دکتۆر ڕێبوار و دکتۆر اسماعیل، ئەو بابەتە لە زۆر بڕگە و ماددەکان ئاماژە بە دەسەڵات کە وەزارەت وا ئەکات، پێم وابێ بەشی لەو دەسەڵاتانە لە ناو خوێندنی ئەلیکترۆنی و ماددەکانی تریش باس کرایە، بچێتە ژێر بابی دەسەڵاتی وەزارەتی پەروەردە، نەك لە خوێندنی ئەلکترۆنی ڕێگا بە وەزارەت بدرێ، لە زۆر ماددە باسی کردنەوەی خوێندنگای تایبەت و ئەهلی، بەشێکە لە دەسەڵاتی وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕام لەگەڵ کاك موسلیم لەسەر ماددەی (٣٧)، لەگەڵ ئەوەم خوێندنی ئەلیکترۆنی و ئۆنلاین و ئاوێتەش هەبێ لەگەڵ ئەو ماددەیە، لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە پێویستمان بە گۆڕانکاری هەیە، ڕەنگە لە قۆناغی داهاتوو خوێندنی ئۆنلاین و ئەلکیترۆنی ببێتە مەنهەج، زەڕوورە ئەو ماددەیە هەبێ بەڵام بە کۆمەڵێ وردەکارییەوە، بۆ نموونە لێرە ئەڵێ وەزارەت لە کاتی پێویست لە هەر قۆناغێکی خوێندن مافی هەیە.

بەڵام ئەبێ موستەلزەماتیش دابین بکات، پێشتر کێشە ئەوە بوو لە سەردەمی کرۆنا بە هۆی خراپی هێلی ئینتەرنێت سەرکەوتوو نەبووین، ئینجا خوێندنی ئەلیکترۆنی لە ئێستاش بوونی پێویستە، ئێستا خوێندنگا ئەهلیەکان سەرەڕای ئەو وانانەی لە پۆل ئەڵێنەوە لە هەمان کات وانەکانیش لە یوتوب و مەوقعی خۆشیان هەیە، بۆ نموونە ئەگەر ڕووداوێك بێتە پێشەوە خوێندکارێك ناتوانێ چەندین ڕۆژ بچێتە قوتابخانە، ئایا دابڕێ لە خوێندن؟ کۆمەڵێ قوناغمان بینیوە، دوومانگ دابڕاوە ئەو ساڵەی فەوتاوە، ئەکرێ لە ڕێگەی ئۆنلاین یان ئەلیکترۆنی، دوێنێ بەڕێز وەزیر باسی کرد لە ئێستا سیستەمی وەزارەتی پەروەردە بەرەو ئەلکیترۆنی ئەچێ، ئەکرێ سوود لەو بڕگەیەش ببینرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا لەلایەن کاك موسلیم و کاك چیا و دکتۆرە شایان، پشتگیریان ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، پشتگیری قسەکانی دکتۆرە شایان کاك موسلیم و دکتۆر ڕێبوار و دکتۆر اسماعیل دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حکمت.

**بەڕێز حکمت علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری کاك کاوە ئەکەم، ئەڤەر وڵاتی مە پێشبکەڤی، وڵاتی پێشکەفتی دونیایی شێوەی ئۆنڵاین بەردەوامە، نە بۆ کاتەکی پێویست، بەر هندی داوا دکەم ڤی رەنگی بێتە نڤیسینی ماددی (٣٧)، دوای خوێندنی سەرەتایی مافی ڕێگەپێدان بە هەموو جۆرەکانی ئەلیکترۆنی و ئۆنڵاین ئەدات، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕوون کردنەوەم پێوستە لەسەر دەستەواژەی لە کاتی پێویست، ئەوە ئەگەیەنێ خوێندنی ئۆنڵاین لە هەمووکات دەرفەت هەیە کەسانێك لێی سوودمەند بن، چونکە رەوەندەکان و گوندە دوورودەستەکان هەیە، رەنگە لە گوندێك یەك قوتابی هەبێ، لەو حالەتە سوودی ئەبێ، یان ئەو کەسانەی دەستیان لە قوتابخانەکان ناگات، ئەگەر لە کاتی پێویست مانای ئەوەبێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێز وەزیر.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك کاوە ئەکەم، ئەو بەڕێزانەش کە پشتگیری کاك کاوەیان کرد، ئەمەوێ بە گشتی ڕوون کردنەوە بدەم، تەکنەلۆژیا لە هەموو بوارەکان سوودی لێ وەرگیراوە، لە بواری سوودی پەروەردە سوودی لێ وەرنەگیرێ، پرسیارێکی گرنگە، دوو، لە کابینەی نۆیەم بوونییەتی

تەکنەلۆژیا کە هاتین سفر بوو، توانیوومانە لە ماوەی یەك مانگ قوتابخانەی ئەلکترۆنـی دروسـت بکەیـن، زیـاتر لە هەشـت هەزار ڤیـدیۆ بە شـەو و ڕۆژ تۆمـار بکەیـن لە بابەتەکـانی خوێنـدن، بـۆ خوێندنی تورکمانی و سریانی و شـێوەزاری کرمـانجی و سـۆرانی و عەرەبـی، ئەوەی کـاك کـاوە باسی کرد ئەگەر قوتابییەك ئیمکانییەتی نەبوو ئەتوانێ سوودی لێ وەرگرێ، (١٥) ڕۆژ بە هۆکارێك لە خوێندن دابڕا سوودی لێ وەرگرێ، لە لەندەن لەگەڵ کۆمپانیای مایکرۆسۆفت و مودیری (**شرق الاوسـط**) توانیومـانە یەك ملیـۆن و پێـنج سـەد هەزار ئەکاونـت بـۆ مامۆسـتا و قوتابیـانی ئـێمە دەسەبەر بکەین کە لەگەڵ پلات فۆرمی قوتابخانەی ئـێمە ڕەبتمـان کـردووە، واتە پـلات فـۆرمی قوتابخـانەی ئەلیکترۆنـی هەم وانەکـانی بە تۆمـار کـراوی تێـدایە، هەم پیـدی ئێفـی کتێبەکـانی خوێندنی تێدایە، هەم ئەکاونتی شەریکەی مایکرۆسۆفتی تێدایە کە پاکێجی فول ئیجوکەیشـنە ئەتوانی بەکاری بێنێ، هەر پاکیجێك مانگانە نرخی دوو دۆلارە ئەگەر یەکی بیەوێ بێکـرێ، بەڵام ئەوەی ئیمە بەدەستمان هێناوە بـاوی نزیکـی (٤٥) ملیـۆن دۆلارە بۆیـان فـری کـردووین، ئـێمە لە ڕێـگەی ئەو پلاتفۆرمـانە خۆمـانەوەی توانیومـانە نەك بـۆ خزمەتـی قوتابیـانی کوردسـتان، بـۆ ئەوانەشی لە دەرەوەی کوردسـتانن لە (٣/٦) کۆرسـی زمانمـان بـۆ (١٠٩ ) منـداڵ کـردۆتەوە کە لە وڵاتە جیاوازەکان لە تاراوگە ئەخوێنن، ئێستاش ئیعلانی کۆرسی دووەم کـراوە، بـۆ هەمووکـاتی زەڕووره، نموونە، دوێنێ باوکێك تەلەفۆنی کردووە وتی منداڵەکەم شەلەلی هەیە ناتوانم بیبەمە قوتابخـانە، داوا ئەکەم ڕێـگە بـدەن خوێنـدنی ئەلیکترۆنـی بخـوێنێ، (٢) سـاڵ یەکەم بـووە بە خوێندنی ئەلیکترۆنی، بەس تاقی کردنەوەکـانی لە قوتابخـانەیە، پـێم وایە ئەبـێ پشـتگیری ئەو ماددەیە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ڕوون کردنەوەیەك بۆ دانیشتەکانی پەرلەمان، لەبەر ئەوەی ئەو پڕۆژە یاسایە کۆمەڵێـك مـاددەی زۆرە، ئەمـڕۆ کۆتـایی بە جەلسـەکە ئەهێنـین، ڕۆژی یەك شـەمە جەلسـەیە، ڕۆژی دوو شەممە نابێ، سێ شەم تا پێنج شەم جەلسەیە، بەو شێوەیە کۆتایی پێ ئەهێنێن.

| د. ڕێواز فائق حسێن | هێمن هەورامی | منی نبی قهوچی |
|---|---|---|
| سەرۆکی پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سکرتێری پەرلەمانی |
| کوردستان - عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق |

ئەو دانیشتنەی پەرلەمانی کوردستان بکرێ، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ مودەکەی تەواو نەبووە، لەو مودەیە کە دیاری کردووە پەیڕەو ئێمە قسەی خۆمان ئەکەین و هەوڵ ئەدەین ئەو دانیشتنە بە ئامادەبونی ئەو کەسانەی کە دەتوانن بڕیار بدەن ئەنجام بدرێ، ماددەی (٣٨) دەخوێنینەوە، ئەو بەڕێزانەی ناوم نەنووسیون وەرتان ناگرم، کاك بژار ماددەکە بخوێننەوە، زۆر سوپاس فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری دەیەم قوتابخانە و خوێندنگەی تایبەتمەند و بەهرەداران

مادده(٣٨):

١-وەزارەت مافی کردنەوەی قوتابخانە و خوێندنگەی تایبەتمەند و بەهرەدارانی هەیە.

٢-مەرجەکانی تەمەن، وەرگرتن لە قوتابخانە و خوێندنگەکانی بەهرەداران، چۆنییەتی خوێندن تیایاندا، تاقی کردنەوەکان، کاروباری کارگێڕی و چۆنییەتی سەرپەرشتی کردن بە پەیڕەوێك ڕێك دەخرێت کە ئەنجومەنی وەزیران لەبەر ڕۆشنایی پێشنیاری وەزارەتی پەروەردە دەری دەکات.

٣-دەکرێت مەرجەکانی تەمەن قوتابخانە و خوێندنگەکانی بەهرەداران بەدەر بن لەو مەرجانەی لە ماددەی (١٠ و ١٤) ی ئەم یاسایەدا دەق نووس کراون.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەسەر ماددەی (٣٨) قسە ئەکا ناوی بنووسین، د.ڕێبوار، گولیزار خان، کاك جەلال، کاك شێخ زاهر، مامۆستا عبدالستار، کاك کاروان، کاك هێرش، کاك یاسین، کێی تر؟ کاك هێڤیدار، ڕۆبینە خان، هەلز خان، کاك مم، مامۆستا ابوبکر، د.اسماعیل، مامۆستا عمر، روپاك خان، بدریە خان، کاك کاوە، د.شێرکۆ، کاك مسلم، مژدە خان، کەس هەیە نەمان نووسی بێ؟کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من هەر ل سەر ماددەی ئێکەم ودووەم پێکڤەیە، ب پەیڕەوەك ئەز ماددێ ناخینم، چونکە درێژە، بە پەیڕەوەك ڕێك دەخرێت، ماددا (٣٠) دبێژیتن دەکرێت مەرجەکان، ب ڕەئیا من دەکرێت بێتە لادان، مەرجەکانی تەمەن بە پەیرەوەك ڕێك دەخرێت، بەس ئەڤە لێ زێدە بکەت، هەردوو ماددا تەقریبەن یەك ماددێ دا زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، جەنابی وەزیری پەروەردە بەخێربێی لە ماوەی ڕابردوو وێڕای دەست خۆشیەکی گەرم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە کە هەڵسان بە دروست کردنی قوتابخانە و نۆژەن کردنەوەی بەشێك لە قوتابخانەکان، بەڵام لە حاڵی حازردا بەڕێوەبەر و مامۆستایەکانی قوتابخانەی توە کە دەکەوێتە

گوندی توە سەر بەقەزای پەروەردەی خەبات داواکاریەکیان ئاراستەی ئێمە کردووە کە لەڕێگەی ئێمەوە بگەیەنینە جەنابتان ئەویش ئەوەیە، بەڕێز وەزیری پەروەدە ئەو قوتابخانە لەسەر دارمانە، ئەوە وێنەی قوتابخانەکەیە و ژوورەوەی قوتابخانەکەیە کە ئەگەر جەنابتان هیمەتێك بکەن بۆ ئەوەی کە گیانی قوتابیانمان و مامۆستایانی بەڕێز لەو قوتابخانە بپارێزن، چونکە هەڕەشەی دارمانی لەسەرە، بۆیە تکا دەکەم ئەو داواکارییە لێرەوە ئاراستەی جەنابتان دەکەین بۆ ئەوەی کە خەمێکی لێ بخۆن و مشورێکی لێ بخۆن، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گولیزار خان فەرمو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددا (٣٨) پێتڤێتن خاڵەکێ دی بێتە ئیزافە کرنێ، ئیشارەتێ ب هەندێ بدرێت، ئەڤ مەدرەسە و باخچێت ئەهلی هەندەك مەعایر هەبن دیڤ وان مەعایرا وزارەت، تەبعەن وزارەت ڤان مەعایرا بۆ داینێت، دیڤ ڤان معایرا روخسەت پێ بهێتە دان، هەروەسا هەر مەدرەسەکا ئەهلی دیڤ ڤان معایرا حکومەت ڤێت سعرەکی بۆ دابنێ، ئەو سعرە ژی یا مەعقول بیتن، بۆ نموونە مەسەلەن مە باخچێت حکومی هەنە تەقریبەن (٤٠٠) و تشتەك باخچەیێت حکومی هەنە پێتڤێتن هەر مەحەلەکێ ل هەرێمێ کوردستانی باخچەك تێدا هەبیت بۆ هاریکاریا بچیکێت فەرمانبەرا، باخچێت ئەهلی بۆ نموونە ١٠٠ هەزار هەتا ١٥٠هەزار کیم نینە، ئەڤ فەرمانبەرێت هەنێ ب ڕاستی کەم دەرامەتن، نەشێت بچیکێت خۆ بنەڤان باخچە، لازمە حکومەت سعرەکی موحەدەد بۆ ڤان باخچێت ئەهلی دابنێت، هەروەسا بۆ هەندێ کو شیانێ ڤان فەرمانبەرا هەبیتن بچیکێت خۆ بهنێرنە ڤان قوتابخانا، هەروەسا عەدالەتیەك ژی بەرپا بت ئەڤ بێژین ئەڤ جیاوازیا چینیژك ناڤ کۆمەڵگەهێ دا نەمینیت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك حاجی هێرش فەرمو.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ماددەی (٣٨) بڕگەی (٢ و ٣) پێویستە پێشنیار دەکەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت، دووەم/ جێ بەجێ کردنی کاروباری کارگێڕی و پەروەردەیی و فێرکردن و وەرگرتنی فێرخوازان لە قوتابخانە و خوێندنگەی بەهرەداران بە پەیڕەوێك ڕێك بخرێ کە ئەنجومەنی وەزیران لەبەر ڕۆشنایی پێشنیاری وەزارەتی پەروەدە دەری بکات، سێیەم/ پێویستە مەرجەکانی تەمەن لە قوتابخانە وخوێندنگە ئەهلیەکان و خوێندگەکانی بەهرەداران بەدەر بن لەو مەرجانەی کە لە ماددەی (١٠ و ١٤)ی ئەم یاسایەدا دەقنووس کراوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجيد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله ئەمە شتێکی باشە ئەو پێوەرانەی کە ئاماژەی پێکراوە لەم ماددەیەدا لە ماددەی (٣٨)، بەڵام بەو مەرجەی کە ئەو پێوەرانە کە دیاری دەکرێ پێوەری وردو دەقیق بێ بۆ ئەم بابەتە، بەتەواوی جێ بەجێ بکرێ و جیاکاری تێدا نەکرێ، چونکە بەڕاستی لەو قوتاعانەی ڕابردوو و لە زۆر شوێن حەقیقەتەن لەم ڕوانگەوە جیاکاری زۆر کراوە، دەستی تێخراوە و بەهرەدار نییە کراوەتە بەهرەدار، مەسەلەن موستەحەق نەبووە، ئیستحقاقی پێدراوە، ئەمە یەك، دوو/ والله من هەر لەسەر قەزیەی وشەی بەهرەدار نازانم راستە بۆ ئەوانەیە کە توانایەکی تایبەتیان هەیە، بەس هەست دەکەم زۆر لەجیا کردنەوە و دروست کردنی تەبەقاتی تێدایە، یەعنی من پێموایە هەر ئەوەندەی کە قوتابخانە و خوێندنگەی تایبەتمەند پێموایە کیفایەتە، چونکە مەفهومی موخالەفەکە یەعنی غەیری ئەوان بەهرەدار نییە، خۆ مەرج نییە ئەگەر یەکێك لەم بابەتە بەهرەدار بوو لە هەموو شتیکی بەهرەدار بێ و ئەوەی کە بەهرەداریش نەبوو لەم بابەتە مەرج نییە لە شتەکانی دیکە بەهرەدار نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان، بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەین، والله بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ماددەی/٣٨ خاڵی یەکەم و خاڵی دووەم و سێیەم، باسی بەهرەدار دەکات، کێن ئەوانەی کە بەهرەدارن؟ لە چیەوە بەهرەدارن؟ یەعنی بۆ ئەوەی بەجوانی بۆمان ڕوون بێتەوە، ئایا دەیانەوێ نەوعێکی دیکە قوتابخانە دروست بکەن بە ناوی قوتابخانەی تایبەت و بەهرەدار؟ یان ئایا کوڕێك لە پۆلی (١٢) یان لە (٦) زۆر زیرەکە و زیرەکایەتیەکەی بەحەد زۆر بەتوانایە دەیخەنە ئەو مەکتەبانە، یەعنی بۆیە ئەگەر لیژنەی پەروەردە و یان بەڕێز جەنابی وەزیر بۆمان ڕوون بکاتەوە کامەن ئەو بەهرەدارانە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێکەم جار من پرسیارەکا هەی ژ لیجنێت تایبەتمەند دگەل جەنابێ وەزیری، تایتلی وێ داهاتی قوتابخانە و خوێندنگێت تایبەتمەند و بەهرەداران، ئەو تایبەتمەندە مەبەستا وان چیيە، ئەم زانین بەهرەداران یەت هەین، بەس تایبەتمەند چییە؟ چونکە ئەگەر مەبەستا وێ بتەنێ لڤێرێ قوتابخانێت نموونەییە بەری چار، پێنج ساڵەکا ئەڤیە هاتیە هەڵوەشاندن، لسەر ماددا (٣٨)

دووەم/ لڤێرێ بەحسی مەرجێت وەرگرتنێ دکاتن و تاقی کرنا کاروبارێن کارگێری بیژیت بە پەیرەوەك رێك دەخرێتن، ب دیتنا من ب رێنما تێتە حەل کرنێ، یەعنی حەوجا ناکات ئەنجومەنی وەزیران ب کارەکی وەسا مژیل بکەین کو چارەسەریا وی ل دەڤ وەزارەتێ خۆ خۆیە، جەنابێ وەزیری دشێتن هندەك رێنماییا دەربکەتن، ڤان رێنمایا ئەڤ برگە پێ چارەسەر بیتن.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مم فەرموو.

**بەڕێز مم برهان محمدقانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە هەلز خان ئەکەم، عادەتەن پەیڕەو بۆ پرسێك دەردەچێت کە پەیوەندی بە توێژێکی فراوان یان کۆمەڵگاوە هەیە، بەڕای من ڕێنماییەکە ڕەنگە جێگەی خۆی بگرێ و سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، سەبارەت بەم ماددەیە من ئیشکالەکەم لەگەڵ وشەی تایبەتمەندا هەیە، تەبعەن وشەی بەهرەدار دیارە ئەوانەی بە پێی سیستمی تاقی کردنەوەی (IQ) ئەکرێت ئەوانەی ژیریان لەسەرووی ژیری منداڵانی ئاساییەوە هەیە، قوتابخانەە بەهرەدارانیان بۆ بکرێتەوە، بەس بەداخەوە ئێستا کوردستان پڕ بووە لە قوتابخانەی جۆراو جۆر هێندێکی منەزەمەیە هەندێکی کەسایەتیە، تەقریبەن ئەتوانم بڵێم قوتابخانە حکومیەکان بۆ فەقیر و هەژارەکە ماونەتەوە، بۆیە ئەم وشەی تایبەتمەندە لابرێ، حکومەت تەنها قوتابخانەی حکومی و ناحکومی هەبێت لەگەڵ بەهرەداران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله لەسەر وشەی تایبەتمەندەکە لە ماددەی (٣٨) برگەی یەك منیش تێبینیم هەیە، یەعنی ئەکرێ جەنابی وەزیر ڕوونکردنەوە بدات مەبەستی لە تایبەتمەندی چییە، یەعنی بۆ نموونە ئێمە کۆمەڵێك ئیختساسمان هەیە، بۆ نموونە قوتابخانەی ئەوانەی کە تایبەتن لە وەرزشی، ئەوانەی کە تایبەتن لە هونەری یان پیشەییەکان، ئەوانەمان هەیە، بەڵام تایبەتمەند مەبەست لە تایبەتمەند چییە؟ ئینجا بەهرەداران ئەوە دیارە، ئەو خەڵکانەن کە بەهرەیەکیان هەیە کە زیاد لە حەدی خۆیان زیرەکن و توانای ئەوەیان هەیە، بەڵام ئەوانی تر بۆ؟ ئینجا لە مەرجەکانی تەمەن کە دەڵێ بەدەر لە ماددەی (١٠) و (١٤ ) ئاخر چۆن بەدەر بێتن لە مەرجەکان، بۆ نموونە دەڵێ لە

ماددەی (١٠) باس لەوە دەكات كە پێویستە قوتابی بنەڕەتی پێش تەمەنی (١٩) ساڵی تەواوی بكاتن، ئایا لێرەش ئەوە دەگرێتەوە یان دەبێ پێش ٢٤ ساڵی ئامادەیی تەواو بكات یان ئەم مەرجانە لێرانە لێرەش پەیڕەو دەكرێ یان تەنها مەرجی وەرگرتنەكە نەمێنێت پێویستی بە ڕوونكردنەوەیە و سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە قوتابخانە وخوێندنگەی تایبەتمەند و بەهرەداران لە ماددەی یەك لەبڕگەی (٤٧) دا پێناسە كراوە، ئەو كاتەش ئێمە وەكو ڕەئی خۆمان بەشێكیش لەڕەئی برادەرانی هاوپیشەم لە لیژنە ئەوە بووە كە ئەو خاڵە لابچێ بەڵام كە ماوەتەوە بەڕاستی تێبینیمان هەیە ئایا مەبەست لە خوێندنگەی تایبەتمەند چییە؟ بەهرەداران وازحە، بەڵام تایبەتمەند دەكرێت ڕێخۆشەكەری بێت وەك لە برگەی یەكەمیش دا هاتووە مافی كردنەوەی قوتابخانە و خوێندنگەی تایبەتمەندی هەیە وەزارەت خەڵكی دیكە دەخزێنریتە ناوەوە و بەڕاستی سنوورەكەی فراوانتر دەبێ كە ئێمە لەو بوارەوە بەدواداچوونمان كردووە، خەڵكێك هەیە ڕەنگ بێ پێوەری بەهرەدارانی نەبێ لەو قوتابخانانە وەرگیراون و دەكرێ ئەوە ڕێ خۆشكەری بێ سبەینێ چەندان قوتابخانەی تر بكرێتەوە و خەڵكێك لەوێ وەرگیرێ و شایەن نییە، ئایا مەرجی وەرگرتنی ئەو قوتابیانە چین كە لەو قوتابخانانە وەردەگیرێن، ڕاستە مەرجی جیاوازی تاقی كردنەوەكان و كاروباری كارگێڕی و چۆنیەتی سەرپەرشتی كردن بە پەیڕەوێك ڕێك دەخرێت، بەس ئەی مەرجی وەرگرتنی قوتابیان چییە لەم قوتابخانانە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری پەروەردە، لەگەڵ دەرچوونی ئەم یاسایە دەرچوونی نەوەیەكی نوێ دروست دەبێت، واتا دوای (٢٢) ساڵی تر ئەگەر ئەم یاسایە ئێستا دەرچوو ئێمە نزیك دەبینەوە لە ساڵی (٢٠٥٠) ئێستا ژمارەی دانیشتوانی دنیا نزیكی (حەوت ملیۆن و نۆ سەد ملیاری) تێپەڕاندووە، ئەو كات دەبێتە نزیكی دە ملیار كەس جەنابی وەزیر، ئەم یاسایە بۆ جیلێكی نوێی چ بەرهەمێكی تێدا هەیە، یەعنی دەتوانین چی بكەین ئاستی كوردستان بەرەو كوێ دەچێت؟ مەترسیەكانی ژینگە هەیە مەترسیەكانی خۆراك هەیە، ئێستا هەموو ئیقتصاد و تەكنەلۆژیا لە دەستی حكومەتەكان نەماوە كەوتوونەتە دەستی فەردەكان و كۆمپانیاكان، ئەم یاسایە جیلێكی ئەوها دروتس دەكات بۆ موستەقبەلی ئەم هەرێمە، بەڕێز وەزیری پەروەردە وڵاتێكی وەكو تایوان، هۆنكۆنگ، سەنگافورە نەوتیان نییە و هیچ سامانێكی سروشتیان نییە، وەبەرهێنانیان كردووە لە عەقڵی منداڵ گەڕاون مێشكی منداڵ چی تێدایە دەریان هێناوە ئێستا كۆریای باكوور دەیان

بەهێزترین ئابووریە لەڕێگەی خوێندنەوە، تایوان بەهێزترین چوارەم دەوڵەتی دونیایە لەڕووی داراییەوە تەنها لە ڕێی علمەوە خوێندنەوە بەرێز وەزیری پەروەدە، نوقتەی قوەتی وەزارەتی پەروەردە و ئەم خوێندنی بەهرەداران مامۆستایە، ئەبێ مامۆستا دەست نیشان بکرێ، ئەم قانونە هەمووی دوێنێ ئەو خوێندمەوە لەمسەر بۆ ئەو سەر کرۆکی ئەم قانونە لە ماددەی/٩ دەست پێ ئەکات هەتا ماددەی/١٠٤ مامۆستا چۆن بێت، پێداگوتیەکەی چۆن بێت، ئەو توێژینەوانەی دەکرێت، یەعنی دەکرێ ئەم خوێندنەوە هەموو تەرکیزەکەی لەسەر وی بیتن، رجائەن وەزیری پەروەردە ئەمە پەیوەندی بە منداڵی من و هی جەنابت و هی ئەم قاعە و هی هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، یەعنی تەماشای ئەم قاعەی پەرلەمان بکە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان چی کوردستانی تێدا دروست کراوە، وەزیری بازرگانی بەمنی وت دەتوانم ٩٠%ی پێداویستیەکانی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە دێن، لەبەرئەوەی بەهرەدارانمان نییە لە هەرێمی کوردستان، لە دونیا چوار پێنج پێوەر هەیە، ماس ئێمە لەبیرکاری لە کوێین؟ لە زانست لە کوێین؟ لە ئەندازیاری لە کوێین؟ لە هونەر و تەقەنیا لە کوێین لە هەرێمی کوردستان، پێداچوونەوە بە مووچەی مامۆستایان بکرێت بۆ ئەوەی بەهرەداران هەموو تەڵەبەکانی کوردستان بەهرەدار بن، مامۆستا دەگەڕێ کام تەڵەبە زیرەکە، قەسەکی کۆتایی هەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دەڵێ (وانەی کەمتر علمی زیاتر).

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕۆبینە خان فەرموو.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٣٨ ئێکەم بێژم وەزارەت مافی کردنەوەی قوتابخانە و خوێنگەی تایبەتمەن و بەهرەدار هەیە، ئایا لە هەموو قەزا و ناحیە دێتە ڤەکرن؟ ئەگەر نا ئەگەر هاتوو قوتابیەکی بەهرەدار هەبیتن ل گوندەکی چەوا بەهرێ خۆ دیار کەتن؟ لێرەدا پێویستە هەندەك معیارێت یاسایی بهێنە دانان، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، هەر لە ماددەی (٣٨) واللە من پشتگیری وشەکانی کاك چیا دەکەم کە وشەی (دەکرێت) لابرێ، ئەوەی تر ئەمیش لە تایبەتمەند تێ نەگەیشتم بەڕاستی مادام بەهرەداران هەیە ئەوەی تر پرسیارەك بۆ جەنابی وەزیر و شاندی یاوەری زیرەکی زۆر قوتابی هەیە لەسەر ئاستی زیرەکی خۆیەتی. لەزۆربەی وڵاتان ئەوانەی زۆر زیرەکن، یەعنی خوایی گەورە عەقڵێکی باشی پێداون و مێشکەکی باشی پێداون قۆناغێك جاری وا دوو قۆناغ دەبڕێتە پێش یەعنی لەبەر زیرەکیەکەی توانای لەڕادەبەدەری نازانم لە کوردستان ئەو شتە هەیە یان نا؟ ئەوەی تر بەهرەدار الحمدللە ئێستا زۆرە لە کوردستان، بەڵام قوتابخانەکان کەمن، ئەمن دەزانم مامۆستای

تایبەتمەندیشی پێ دەوێـت، هەنـدێك جـاریش بەڕاسـتی زۆرجـار مەحسـوبیەت و مەنسـوبیەت هەیە و بەهرەداریش نەبووە لەوێ وەرگیراوە، بەڵام خۆش بەختانە ئەوساڵ جەنابی وەزیر خۆی تەداخولی کردو ئەو حاڵەتە زۆر کەم بووە و انشاءلله هەر کەمیش دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شیخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمدعلی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، قوتابخانە و خوێندنگەی تایبەت بە بەهرەداران، من پێموابێ ئەو پرسیارەم هەیە پرسـیاری بـردەران ئایـا تایبەتمەنـد و بەهـرەداران چیـیە؟ مەبەسـت ئەگەر مەبەسـت لیـرە تایبەتمەند بە بەهرەداران بیت ئەوە پێویستـە (و)ەکە لابـرێ و تایبەتمەنـد بکـرێتە بەهـرەداران، پیشنیار دەکەم پێناسەی بەهرەداران بکرێ، ئایا بەهرەداران کێن؟ چ کەسێك بەهـرەدارە؟ کـێ بە بەهـرەدار و چ منـداڵێك بە بەهـرەدار دادەنـدرێ؟ لە بـڕگەی (٢ ) دێـری کۆتـایی کە ئەنجـومەنی وەزیران لەبەر ڕۆشنایی پیشنیازی وەزارەتی پەروەردە دەری دەکات ڕێنمـایی و پەیڕەوێـك لیـرە پێشـنیار دەکەم ئەو پەیـڕەوە لە چوارچێـوەی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە دەربکـات، خـاڵی (٣) دەکرێت مەرجەکانی تەمەن لە قوتابخـانە خوێنـدنگەکانی بەهـرەداران بەدەر بـن لەو مەرجـانەی ماددەی (١٠ و ١٤) ئەم یاسایەدا دەق نووس کراون، ئەوە لێرە باسی تەمەنە، پێموابێ ئەو ماددەیە بڕگەی/٣ جیاکاری دروست دەکات و پیشنیار دەکەم ئەم خاڵە لابرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك د.زیدان فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشیدخان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووبارە بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە و ستافی وەزارەت دەکەین، سـەبارەت بە مـاددەی (٣٨) منیش هاوڕای ئەو بەڕێزانەم کە لەسەر وشەی تایبەتمەنـد پرسـیاریان هەبـوو، بەڵام ئەوەی کە لێرە بەشێکی زۆری برادەران پرسیاریان کرد ئەوە کە قوتابخانەی تایبەتمەند و بەهرەداران لە ماددەی یەك کە (٤٨) پێناسەی تێدایە ئەم قوتابخانەیە پێناسـە نەکراوە، بەو شـێوەیەی کە لێـرە ئاماژەی پێکرایە، بەڵام ئەوەی کە گرنگە لە خاڵی (٣) کە مەرجەکانی تەمەن دیاری دەکرێ، بەڕێـز وەزیــری پەروەردە ئــێمە لە تایبەتمەنــد وبەهــرەداران مەرجــی تەمەن بــۆ خــاڵی (١٠) دەبێــت ئیستسنای بۆ بکرێت، بەڵام بۆ خاڵی (١٤) بۆ ئامادەییەکان لە مەرجی (٢٠) ساڵ و (٢٤) ساڵ تەواو بکەن کاتێك کە بەهرەمەندە دەبێت لە مـاوەی یاسـایی خـۆی دەبـێ زووتـر تەواو بکـات، نەك دوا بکەوێت ئیحفا بکرێ، واتا لە ماددەی (١٠) ئاساییە قوتابیەکی بەهرەمەند لە تەمەنـی (٥) سـاڵیش دا لەو قوتابخـانە وەربگیــرێ بەڵام ئاســایی نیــیە لە مەرجــی یاســایی خــۆی لە ئامـادەیی دوای کەوتنی دووساڵ و سێ ساڵ ئینجـاش ڕێـگەی پـی بـدرێ هەر بمینێـتەوە لە بەهرەمەنـدی، بـۆیە ئەمە خاڵێکی گرنگە دەبێ لە ماددەی (١٤) ئاماژەی پێ بکرێ و لێرە بسڕێتەوە تەنهـا مـاددەی (١٠) ئاماژەی پێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شیرین خان فەرمووو.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٨) خاڵی (٣) پێموایە زیادە لەبەرئەوەی لە دووەم مەرجەکانی تەمەن خۆی نووسراوە، ئەگەر ئەو پەیڕەوە لە خاڵی دووەم ئەگەر پەیڕەو ئەنجومەنی وەزیران دەیکا ئایا قوتابخانەکان سەر بە وەزارەتن یان سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە؟ وشەی بەهرەداران، بەهرەداران تا ئێستا ڕوون نەبۆتەوە ئەگەر بەهرەداران لەسەر نمرە پێوەر بکرێت، ئێمە مومارەسەمان هەیە لەڕابردوو دەتوانن یەعنی زۆر ئاسایی دەرەجە بۆ زۆر کەس زیاد دەکرێ و کەم دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاروان فەرمووو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ماددەی (٣٨) جەنابی وەزیر تەبعەن بەشێك لە هەڤاڵان خەوفی ئەوەیان هەیە کە ئەم بابەتە بابەتێکی حەساسە و لە شوێنی خۆشیەتی، چونکە پێشتر بینیومانە حاڵەتی زۆر نەخوازراو هەبووە، هیوادارم کە جەنابتان ڕێگە بەو دیاردەیە نەدەن کە خەڵێك بەهرەدار نەبێ بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بخرێتە شوێنێکەوە کە بۆ بەهرەرداران بێت، لەبڕگەی/١ کاتێك کە باس لەوە دەکەین وەزارەت مافی کردنەوەی هەیە لەڕاستی دا پێویستە بکرێت بە وەزارەت پێویستە، چونکە من دڵنیام کە بەهرەدارێکی زۆر هەیە لە هەرێمی کوردستان مافی کردنەوەش ئەوەیە کە شتێك ببێ بە ئیختیاری بۆ وەزارەت، بەڵام ئەگەر بێ و پێویستە ئەمە ئەرکێکە لەسەر وەزارەت بۆ ئەوەی کە بتوانێ ئەم بابەت زووتر جێ بەجێ بکات، بڕگەی/٢ کە دەڵێ ئەنجومەنی وەزیران پێوەرەکە ڕێك دەخات، بۆ ئەنجومەنی وەزیران ڕێکی بخات؟ ئەم بابەتە موختەسە بە وەزیر و وەزارەتی پەروەردەوە، بۆ پەیڕەوەکە لای خۆتان دەرنەچێت، ئەمن پێشنیاز دەکەم بکرێ بە وەزارەتی پەروەردە یان ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەوەی کە پەیڕەوەکە ڕێك بخەن، بڕگەیەك زیاد بکرێت، چونکە لێرە تۆزێ بە مەتاتی هێڵدراوەتەوە من پێشنیاز دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێ بەو شێوەیە کە تێچووی خوێندن لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت، چونکە دەکرێت لێرە بەشێوەیەکە کە ئەم خوێندنگەیە یاخود ئەم قوتابخانەیە بدرێ بە کەرتی تایبەت یاخود بە باشتر، یاخود ئەگەر ئیزافەی بکەین ئەگەر جەنابت ڕەئیت وایە کە ئەمە وانابێ، باشترە کە ئیزافەی بکەین کە ئەمە حوکمی دەبێت و ڕاستەوخۆ وەزارەتی پەروەردە سەرپەرشتی دەکات بۆ ئەوەی کە مەتاتی نەبێت، ئینجا پرسیارەکەی ڕۆبینە خان زۆر بەجێیە من دووبارەی دەکەمەوە ئەمە ئەگەر کەسێك لە شوێنێکی دوورە دەست بێ، وامان دانا قوتابخانەیەك لە هەولێرە یان لە سلێمانییە یان لە دهۆکە، بەڵام ئەگەر کەسێك لە

باڵەکـایەتی بـێ یـان لە گەرمیـان بـێ یـان لە بادینـان بـێ چـۆن دەتـوانێ دەسـتی بگـات بەو قوتابخانەیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم هەشت پەرلەمانتار باسی وشەی تایبەتمەندیان کرد مـاددەی (١) لەبـڕگەی (٤٧) پێناسـەی تایبەتمەندیشی کـردووە یەعنـی کە ئەڵێ تایبەتمەنـد بە هـونەر یـان وەرزش یـان هەر بـابەتێکی دیـکە کە وەزارەت ڕەزامەنـدی لەسـەر دەدات، دووەم/ مـن لە جەنـابی وەزیـر دەپرسـم ئایـا داتایەکیان لەبەردەستدایە کە بەهرەداران چەندن لە کوردستان؟ من خۆم بۆ جەنابی وەزیر ناوی منالێکم بۆ نارد بە ناوی (هێما هەردی) کە بە داخەوە هیچ قوتابخانەیەکی حکومی وەری نەگرت، بە ناچاری باوك و دایکەکە کە لە دۆخێکی ئابووری خراپیش دان لە کرێچیشان لە پەیمانگەیەکی ناحکومی کە ڕێژەی زیرەکیەکەی (١٣٩) بووە هێشـتا لە ٥٥% یشـیان بـۆ داشـکاندووە، بەڵام هەر ناتوانێ ئەو برەی تر دابین بکات، پشتیگری کاك مەم و مامۆستا هلـز و کـاك مسـلم دەکەم لەسـەر بابەتی ڕێنمایی، زۆرسوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، روپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێمـوایە زۆربەی قسـەکانی مـن کـرا، منـیش لەسـەر وشـەی تایبەتمەنـد پێمـوایە ڕوونکـردنەوەی پێویست بدرێت، بەهرەدارانیش ئەو جیکاریە کە دروست دەبێ دەبێ پێـوەر دابنـدرێت، ئەگەرنـا دەبێـتە هـۆی جیاکـاری لە نێـوان خەڵکـی دەسـت ڕۆیشـتوو و خەڵکـی ئاسـایی، لەرابـردووش بینیومـانە بەهـرەدار نەبـووە و لە قوتابخـانەی تایبەتمەنـدیش دانـراوە، یـاخود لە قوتابخـانەی بەهرەداران، هەروەها ڕێژە یان پێوەر دیاری بکرێت بۆ بەهرەدار ئایا کێـیە و بەچ پێوەرێـك ئەوە پێی دەگوترێ بەهرەدار، پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا عبدالسـتار و هەروەهـا مامۆسـتا عمـر و کاك مسلم دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، سەبارەت بە مـاددەی (٣٨)، یەکەم/ وەزارەت مـافی کـردنەوەی قوتابخانە و خوێندنگەی تایبەتمەنـد و بەهرەدارانـی هەیە، مـافی کـردنەوەکە بکـرێتە پێویسـتە،

وەزارەت پێویستە ئەو قوتابخانانە بکاتەوە، سەبارەت بە هەر ئەو خاڵی یەکەم پێناسە کراوە لە مـاددەی (٤٧) ی مـاددەی یەکەم، بەڵام تەسـەور دەکەم هەڵەیەکـی تێـدایە، دەڵـێ قوتابخـانە خوێنـدنگەی بەهـرەداران و تایبەتمەنـد بـریتییە لەو قوتابخـانە خوێنـدنگەی بەهـرەداران، یـان تایبەتمەند بە هونەری یان وەرزش، ئێمە لە کوردستان قوتابخانەی تایبەتمەند بە هونەرمان نییە یـان وەرزش، ئەوانە پەیمانگـان، ئینجـا نـازانم ئەوە چـۆن ڕاسـت دەکـرێتەوە هیـوادارم وەزیـر تەوزیحێکمان بـداتێ سـەبارەت بەو بـابەتە، پشـتیوانی لە قسـەکانی هلـز خـان دەکەم سـەبارەت بەوەی کە بە پەیـڕەو نەبـێ بە ڕێنمـایی بـێ، چـونکە ئەوانە یەعنـی ژمارەیـان ئەوەنـدە زۆر نـیە پێویست بکات ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوی بۆ دەربکات، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك د.شیرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مەسەلەی بەهرەداران دیـارە کە ئەو وڵاتـانەی کە بەڕوونـی گەشـەیان کـردووە و لە ماوەیەکی قیاسیا یەکێك لە نهێنی گەشەکردنەکانیان ئەوەیە کە بەهرەدارانیان بـایەخ پێـداوە و دۆزیویانەتەوە، لەم هەمـوو یاسـایە لە (١٨١) ماددەیـا پێناسـەی بەهـرەداری تیـا نیـیە، وتـراوە بە پەیـڕەو بەڵـێ زۆر گـرنگە یـا بە پەیـڕەو یـا بە ڕێنمـایی بکـرێ، بەڵام ئەنجـومەنی وەزیـران لەم مەوزوعەیا تەداخـول بکـات بـۆ لەبەرئەوەی کە کاتێـك داوای لـێ دەکـرێ پەیـرەو دابنـێ، کاتێـك تەقاتوع کا لەگەڵ وەزارەکانی ترا، بەڵام ئەمە ئیختساسـی وەزارەتـی پەروەردەیە بـۆیە مـن داوا ئەکەم کە یەکەم/ پێناسـەیەکی وازح و ڕوون بـۆ بەهـرەدار بکرێـت، دوو/ وەگەڕخسـتنی ئەو بەهرەدارە دوای تەواو کردنی ڕێگا تایبەتەکەی بۆ خوێنـدن و فێـر بـوون، هەر ئەرکـی وەزارەتـی پەروەردە بێ کە چۆن ئەمـانە بخـرێنە گەڕ و جـێگە و پـێگەی هەسـتیار بگـرنە دەسـت دواتـر بـۆ ئەوەی کە بتوانن بە زووترین کات و باشترین شێوە وڵات بەرەو پێش بەرن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی وەختی ئەڤ ماددە من دیتی کەیفا من گەلەك هات، بەس پشتی ئەز زڤریمە پێناسـا (٤٧) کو تایبەتمەنـد و بەهـرەداران تەعریـف کـری وەسـا دڵخۆشـی بـۆ مـن نەمـا، ئەگەر مەبەسـت پـێ بەهرەدار مەبەست بن و مەخسود بن پەیڤا تایبەتمەند یان ئەڤ وە عەتفی نەبیمنیت مـابەینێ دا بێژتە قوتابخانە و خوێندنگەی تایبەتی بەهرەداران، یەعنی (المدرسـة الخاصـة) بـۆ ئەوانە، ئەوە شـتێکی باشـە ئەگەر تـایبەت تشـتەك بیـت بەهـرەدار تشـتەکی دی بیـتن ئەز دیسـا پشـتەڤانیا مامۆستا عمری دکەم پێتڤیا تایبەت بێتە لادان، دیسا پشتەڤانیا وان پەرلەمانتـارا دکەم ئەز بێـژم

پێتڤیا بەهرەداران بێتە پێناسە کرن، پیناسەکا یا موحەد دا ئیشتیها تێدا نەهێتە کرن و کەیفا خۆ واللە ئەڤە بەهرەدارە ئان ژی بەهرەدار نینە، پشتەڤانیا وان پەرلەمانتارا هەمیا دکەم، نوقتا دی ئەگەر مەبەست ڤێرێ بەهرەدار مەبەست بن ئەز دگەل پشتەڤانیا مامۆستا کاروان و خوشکا مژدە دکەم کو پێتڤیا ببیتە پێویستە لەسەر وەزارەتێ نەمافێ هەیە، ئەگەر مە ڤێت خەما بەهرەدارا بخۆین پێتڤیە، ئیهتمام پێ بێتە خارن، ئەگەر مەبەستا یاساییە یان پرۆژەی بەهرەدار بن ئەز دگەل هەندێمە پەیڕەو لسەر ئاستێ ئەنجومەنی وەزیران بێتە داناندن گرنگی دان و ئیهتمام بۆ مرۆڤێت بەهرەدار بێتە دان، ئەگەر نا واللە هەر مەدرەسەکە وەکو یا نموونەییە ئەڤێت بەری نیکە مە تەجروبە لسەر هەی، هنگی ڕێنمایی ئەز پشتەڤانیا وانا دکەم ئەڤێ بێژن بلا ب ڕێنمایی دەربچیتن نە پێتڤیا پەیڕەو بیتن و مەجلس وزەرا بی، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بدریە خان فەرمووو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣٨) منیش هەمان تێبینی مامۆستا عمرم هەیە، تایبەتمەند و بەهرەدار منیش پێشنیار دەکەم تایبەتمەند لابرێ، لەبەرئەوەی نابێ هەردووکیان بەیەکەوە بێن، سەبارەت بە بەهرەداران تەبعەن وەك بەهاکان هەر هەمووی ڕیزبەندی بۆ کردووە و شیکاری بۆ کردووە، پێویستە بەهرەدارانیش شیکاری بۆ بکرێ، لەبەرئەوەی بەهرەدار چۆن ئەڵێی گشتگیرە، هەیە لە بواری ئایین دا هەیە لە بواری وەرزش دا و هەیە لەبواری ماتماتیك و تەکنەلۆجیا و وەرشە و ئەمانە، بۆیە مەفروزە وەکو بەهاکان دیاری بکرێت، زۆرسوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ بەڕێزان ئێستاش داوا لە بەڕێز وەزیر ئەکەین کە لە ماوەی سێ دەقە بابەتی تایبەتمەند شی بکاتەوە، فەرمووو.

**بەڕێز ئالان حمەسعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لەوەی وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوە، بەڕێز گولستان خان بابەتێکی ویستی ئیسارەی بابەتێک بکا و تەواوی نەکرد، من دۆکیۆمێنتەکان بۆ جەنابیشت و جەنابی سەرۆکی پەرلەمان و بۆ سەرۆکی فراکسیۆنەکانیش ئەنێرم ئەو بابەتە ئەسڵ و ئەساسی نییە و هیچ بنەمایەکی نییەو ئێستا بۆردی نمرەی هەموو مەکتەبەکەت بۆ ئەنێرم کە (٣١٢) قوتابیە، بەو هیوایەم جارێکی دیکە بەدواداچوونی ورد لەسەر ئەو کەیسانە بکرێ ئینجا ڕووبەرومان بکرێتەوە، سەبارەت بە بابەتی ماددەی (٣٨) وەزارەت مافی کردنەوەی قوتابخانە و خوێندنگەی تایبەتمەند و بەهرەداری هەیە، دوو بابەتی جیاوازە، ئەگەر دیقەت بدەی سێ فەقەرەیە، فەقەرەی یەکەمیان لەسەر قوتابخانەی تایبەتمەند و بەهرەدار قسە ئەکا، قوتابخانەی تایبەتمەند هێشتا لە کوردستان دا نییە، بەڵام دەمانەوێ ئیستحداسی بکەین وەکو قوتابخانەکانی تایبەت بە بواری وەرزش و

تـايبەت بە بـواری هـونەر، ئەوانە ئەساسـیاتێکی کەمـی ریازیـات و زمانەکـان و بابەتەکـانی تیـا ئەخـوێنرێ، بەڵام ئیهتیمـامەکە لەسـەر بابەتەکـانی ریـازە و وەرزش و هـونەر و ئەوانە ئەبـێ، قوتابخانەکانی بەهرەداران بەڕێـزم بە پەیـڕەو دەبـێ ڕێـك بخـرێ، لەبەرئەوەی ئیاتزامـاتی مـالی تیایە، ئیمتیازات بۆ مامۆستاکانی دەبێ هەبێ، ئەبێ ئەم ئیمتیازاتانە دەستەبەر بکرێ، بەشێکی پەیوەندی هەیە بە وەزارەتـی دارایـی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتانەوە، ئیمتیـازی ئیشـرافیان، ئیمتیازی بەڕێوەبردنیان جیاوازە، ئێمە لە کوردستان سێ قوتابخـانەی بەهرەدارانمـان هەیە و لە سـلێمانی و هەولێـر و دهـۆك کە بە پەیـڕەوی ژمـارە (٣) ی سـاڵی( ٢٠١٣) ڕێکخـراوە کە لە کۆبوونەوەی(٢٠١١/٩/٢١)ی ئەنجومەنی وەزیـران موسـادەقە کـراوە و پاشـانیش گفتوگۆ کـراوەو پاشانیش لە ٢٠١٣ پەیڕەوەکەی پێ دەرچووێنراوە، هەتا ئێستا پەیڕەوی هەیە، بـۆیە ئەنجـومەنی وەزیران دەری ئەکات ئیلتزاماتی مالی تیایە، سەبارەت بە ئەو تێبینـیەی کە د.زیـدان تێبینـیەکەی دروستە، ماددەی/١٤ دەبێ لابرێ، سەبارەت بەوەی کە بـۆ بەدەرکـردن بکـرێ، بە دەرکـردن دەبـێ بکـرێ لەبەرئەوەی ئـێمە ئێسـتا لە کوردسـتان ئەو حاڵەتەمـان نیـیە، زۆرجـار ڕووبەروی ئەوە دەبینەوە، بەپێی هەموو لیژنەیەکی تایبەتمەند منـداڵێك شیاوی ئەوەیە لە پـۆلی سـێ دابنـدرێ، بەڵام تۆ دەبێ بە گوێرەی یاسا و بە گـوێرەی ئەو تەعـامولەی کە ئێسـتا هەتە ئەبـێ لە پـۆلی یەك دایبنێـی بـۆ نمـوونە، ئەم مـاددانەو ئەو قوتابخانـانەی کە مەوهیبەیەکیـان هەیە و قوتابیـانە دەکرێت بەدەر بکرێن لەو مەرجە دەسـەڵاتی وەزارەت ئـاوەڵا کـرێتەوە، لەزۆر شـوێن بیسـتوتانە دەڵێ فڵانە کەس لە ١٥ساڵی مەسەلەن کۆلیژی تەواو کردووە، یان شەشـی ئامـادەیی تەواو کـرد واتا تەسریعێکی بـۆ ئەکـرێ، ئەم بـابەتە پەیوەنـدی هەیە بەوەوە، دەمەوێ کۆتـا خـاڵ بڵـێم سـێ قوتابخانەی بەهرەداران هەیە، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردسـتان، دووبـارەی ئەکەمەوە لە ٧/١٠ ەوە ئێمە لەم پەرلەمانە سوێندمان خواردووە، سێ قوتابخانە هەیە بچـن مەلەفـی هەر سـێ قوتابخـانەکە دەربێـنن، یەك واژووی منتـان بینـی ئیستسـنام بـۆ هەر کەسێك کردبـوو جەلسـەی داهاتوو پێم بڵێـنەوە، بەڵام نـاکرێ هەمـوو شـتێ بە گومـانەوە پێتـان وابـێ ئـێمە هەمـوو کـوڕی مەسئول و هەموو کوڕێکی دەوڵەمەند و واستەچیەکمان بـردووە لەم قوتابخانـانە دانرابـێ واللە یەك تەلەبە لەلایەن منەوە ئیستسنای بۆ نەکراوە لەم کـابینەیە، ئەوە مامۆسـتا (احمـد گەل)یـش ماوەیەکی زۆر مەسئولی ئەو مەلەفە بووە و ئاگادارە، لەبەرئەوە پێم خۆشە بچـن مەلەفەکانیـان دەربێنن بزانن بلێن وەزیر چ وەرەقەیەکی بۆ ناردوون بـۆ ئیستسـنا ئەو کـاتە ئەگەر مەلەفێکتـان دۆزیەوە مـن وەڵامـی ئەدەمەوە، بەلام هەمـووی بە بەد گومـانیەوە سـەیری بکەیـن نـاکرێ سـێ قوتابخانە هەیە و جەنابتان دەتوانن ئەوە بکەن، پرسیارێکی زۆر بەجـێ کـرا، ئەگەر قوتـابیەك لە گوند بوو بەڕاستی چۆن تەقیدیمی ئەو قوتابخانانە بکـات؟ دەتـوانێ تەقـدیمی ئەو قوتابخانـانە بکات، چونکە تەقدیم کـردن مـافی هەمـوو کەسێکە کە لە سنووری محافەزەکەیـا بـێ ئەو کـاتە وەزارەت دەتوانێ بتوانێ بۆ خۆی تەبەنی ئەو بابەتە بکـات، خەرجـی ئەو قوتـابیە دابـین بکـات، بەڵام ئەوەش پێویسـتی بە پاڵپشـتی حکـومەتە، ئەو قوتابخانـانە قوتابخـانەی حکـومین، قوتابخانەی ئەهلـی نـین، قوتابیەکـانی ئەم قوتابخانـانە ئێسـتا تـوێژینەوە ئەنجـام دەدەن وەکـو ئەوانەی کە لە ماستەر و لە قۆناغەکانی تری دکتۆرایا ئەکرێ، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گەلاوێژ خان فەرموو، بەڕێزان تکاتان لێ ئەکەم ئاگاتان لە کات بێ.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە هەڤالانم دەکەم بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو ماددەیە و ڕاو سەرنجەکانیان، من پێموایە زانا (لویس تێرمان) کە یەکەم کەس بوو خوێندنەوەی کرد، توێژینەوەیەکی کرد بۆ بەهرەداران توێژینەوەکە (٣٥) ساڵی خایاند، پێناسەیەکی بۆ بەهرەدار دانا، منداڵی بەهرەدار واتا تەفەوقی علمی ژیر واتا باڵا، ئەو منداڵەیە کە ڕێژەی زیرەکی لە (١٣٥) تێپەڕ بکات و ئەگەر پێوەری ستاندفۆرد بێنێ لەسەر تاقی بکەینەوە کە تایبەتە بە پێوانەی زیرەکی، بەڵام زانایان لەسەر ئەوە زۆر موتەفق نەبوون، گوتیان زیادەڕەویەکی کردووە بۆیە ڕێژەکەیان دابەزاند لە بۆ ١٢٠ ، سێ جۆرمان هەیە نایابەکانمان هەیە و بلیمەتەکانمان هەیە و ژیر باڵامان هەیە، ئەوانەش چەند پێوەرێکی هەیە، بۆیە من پرسیارێکم لێرە لە بەڕێز وەزیری پەروەردەیە ئایا ئەو پێوەرانە لە قوتابخانەکانی بەهرەدارانی هەرێمی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت؟ چونکە ئەوەی وەکو ئەمن ئاگادارم قوتابیانی کە لە پۆلی پێنج کە دەتوانن.......... .

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس جەنابت لە لیژنەی، سوپاس بەڕێزان بچنە سەر ماددەی دواتر، کاك عبدالسلام فەرمووو.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری یانزەم: وەرگرتنی منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران

ماددەی (٣٩):

١-وەرگرتنی منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران و تۆمارکردنیان لە دامەزراوە حکومیەکان لەسەر بنەمای ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ هەمووان دەبێت.

٢-پێویستە هەموو قوتابخانە و خوێندنگەیەکی حکومی جگە لە قوتابخانە و خوێندنگە تایبەتمەند و بەهرەدارەکان بە پلەی یەکەم ئەو قوتابی و خوێندکارانە وەربگرن کە دانیشتووی ئەو گەرەك و ناوچە جوگرافیەن کە قوتابخانە و خوێندنگاکەی تێدایە.

٣-نابێت دامەزراوە حکومیەکان جگە لە قوتابخانە و خوێندنگە بەهرەدارەکان مەرجی پێش وەختە و تاقی کردنەوەی دەرەکی بۆ وەرگرتنی قوتابی و خوێندکار دابنێن، جگە لە مەرجەکانی توانای زمانەوانی قوتابی و خوێندکار و ئەو مەرجانەی لەم یاسایەدا ڕێگەیان پێدراوە.

٤-وەرگرتنی منداڵان و قوتابیان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە پێی یەکێك لەم دوو میکانیزمە دەبێت.

١/ ئەو منداڵ و قوتابی و خوێندکارانەی لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە، توانای فێربوونی پرۆگرامەکانیان لا ئاسانترە لە پۆلی ئاسایی وەك قوتابی دیکە وەردەگیرێن، بەڵام مامۆستای تایبەتیان وەك مامۆستای دووەم لە پۆلدا بۆ تەرخان دەکرێت.
٢/ ئەو منداڵ و قوتابی و خوێندکارانەی لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە و توانای فێربوونی پرۆگرامەکانیان بەهۆی ئۆتیزم، داون سیدرۆم یان ئیفلجی قورسی مێشك و هەتا دوایی لا قورسترە لە پۆلێکی تایبەت لە دامەزاروە حکومیەکان یان لە دامەزراوەیەکی حکومی تایبەت وەردەگیرێن و پرۆگرام و مامۆستای تایبەتیان بۆ دابین دەکرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ بەڕێزان هەر بەڕێزێك ئەیەوێ لەسەر ئەم ماددەیە گفتوگۆ بکات با دەست بەرز بکاتەوە و ناوەکان تۆمار ئەکەین، بەڵێ بەڕێزان ئەو بەڕێزانە ئەیانەوێ گفتوگۆ لەسەر ماددەی (٣٩) بکەن بریتین لە بەڕێزان کاك جلال، کاك چیا و گولیزار خان و مامۆستا خدیجە و کاك عبدالستار و کاك جمال، کاك بەڵێن، شنۆ خان، شیرین امین، شیرین خان، کاك علی، مامۆستا شەمول، روپاك خان، کاك هێڤیدار، کاك کاوە، کاك د.اسماعیل، بدریە خان، مامۆستا عمر، مژدە خان، هەلز خان، کاك مەم، کاك فیصل، تەنها یەك تێبینی بچووك بەڕێزان بەپێی پەیڕەو هەر بەڕێزێك بۆ ئەوەی ئیختساری وەختەکە بکەین، ئێستا لە ماددەی پێشتر تێبینی ئەوەمان کرد هەر (٢٣) ئەندامە بەڕێزەکەی پەرلەمان زۆرتر لەسەر بابەتی تایبەتمەند قسەیان کرد، ئەگەر پشتگیری لە ڕای هاوڕێکانیان بکەن باشترە بۆ ئەوەی ئیختساری وەختەکە بکەین بەڕێزان، نەك ئەو هەموو تەفسیلە بدرێت، مامۆستا شەمۆل فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) بەڕاستی لایەنی ئیجابی و سلبی تێدایە لایەنی ئیجابیەکە ئەوەیە ماددەی (٣٩) خاڵی (٢) لایەنی ئیجابی و سلبی تێدایە، لایەنە ئیجابیەکە ئەوەیە هیچ بەڕێوەبەرێك یاخود هیچ مامۆستایەك، هیچ خوێندگە و قوتابخانەیەك ناتوانێ غەدر لەو خوێندکارە بکا و بۆئەوەی نەتوانێ وەری بگرێ لەو مەکتەبەی کە لە گەڕەکەکەیەتی، بەڵام لایەنە سلبیەکەی ئەوەیە بەڕاستی بە نموونە خێزانەك لە خانوویەکی کرێچینە لەو گەڕەکە دەبن کارێکی لەو مەکتەبە وەردەگیرێ، دوای ئەوە دەچیتە گەڕەکێکی تر لەوێ ئەگەر منداڵێکی دیکەی بچێتە بەر خوێندن ناتوانێ بچێتە ئەو مەکتەبە، بۆیە لەوانەیە تووشی ئەو حاڵەتە بە بڕوای من ئەو خاڵە لاببەین هەر وەزارەت دەتوانێ خۆی بە ڕێنماییەك دەری بکا و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، روپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من لەسەر بڕگەی (٣) کە دەڵێ لە مەرجەکانی توانای زمانەوانی ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر لەلایەن وەزیر یان لیژنەی تایبەتمەند، لە بڕگە (٤) خاڵی یەك کە دەڵێ مامۆستای دووەم لە پۆلدا بۆی تەرخان دەکرێ بۆ ئەوانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن، ئەوە مامۆستای تایبەتمەند ئایا وەزارەت ئەو توانایەی هەیە یەعنی ئەوە جێ بەجێ بکات؟ هەروەها لە بڕگەی دوو یش هەر دەڵێ مامۆستای تایبەتیان بۆ دابین دەکرێ وەکو پرسیار، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مم فەرموو.

**بەڕێز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە موداخەلەی پێشتر هەندەك پرسیارم لە بەڕێز وەزیری پەروەردە کرد جوابی پرسیارەکانی منی نەدایەوە، حەز دەکەم جواب بداتەوە، بەڕێز وەزیری پەروەردە قوتابخانەك هەیە لە هەولێر مودیرەکەی بە منی گوت ئەم قوتابخانەیە لەیەك حکومەتەوە سەپۆرتی دەکرێت بۆ عائیلەی فەقیر و منداڵی فەقیر و شەهیدان، وتی توخوا ئێوارە سەعات ٣ تەماشای بەر دەرگای ئەو قوتابخانە بکە چەند لەگزیز و پۆرش و کوڕی منداڵی دەوڵەمەندی تێدایە، جەنابی وەزیر خۆی ئەزانێت ئەبێ تەعریفی ئەو قوتابخانە بکرێت منداڵی کێی تێدا وەردەگیرێت، یەکسانیەکە بۆ کێیە؟، ببورە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان مامۆستایەك ئێستا نامەیەکی ناردووە وتی لە جەنابی وەزیر بپرسە ئەو قوتابخانە ئەهلیانە هەندێك دەنووسن ئەهلی، هەندێك دەنووسن تایبەتمەند، هەندێك دەنووسن قوتابخانەی ناحکومی، با جەنابی وەزیر ڕێکی بخات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم مادده، یەکەم/ ئەو قوتابی و خوێندکار... لیژنەی تایبەتمەند ... نایخوێنمەوە، بە مەزەندەی من ئەگەر ئەو شێوازە بوو دەڵێ ئەوانەی توانای وەرگرتنیان زیاترە یەعنی مامۆستای تایبەتیان ئەگەر لە هەمان پۆل بۆ دابندرێ بەڕاستی دەبێتە هۆی جیاکاری و ڕوخاندنی ورەی ئەو قوتابیانەی تر کە بەرامبەریان ئەوجا نازانم ئەوانە لە ژوورێکی تایبەت دادەنرێن یان لە هەمان ژوور، چونکە لە هەمان ژوور بێ و لەپێش چاوی ئەوانی تر بێ ئیتر خودای گەورە ئەو

تایبەتمەندیەی پێ نەبەخشیون، بە مەزەندەی من دەبێتە هۆی ڕوخانی ورەی ئەو قوتابیـانەی کە لە هەمان پۆلن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا خدیجە فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن لەسـەر بـڕگەی چـوار قسـە دەکەم، وەرگرتنـی قوتابیـانی خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت، مـن پێمـوایە لێـرەدا زۆر گـرنگە ئەو قوتابیـانەی کە پـێش ئەوەی بـبن بە قوتـابی لە قوتابخانەکـان لە هەنـدەك سـەنتەری تـایبەت شـیاندنیان بـۆ بکرێـت، بـۆ ئەوەی کە ئامادەسـازییان بـۆ بکرێـت لە قوتابخانەکان و هەروەها یارمەتی دەرێکی باشیش ئەبیـت بـۆ خانەوادەکـانی ئەو قوتابیـانە بـۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەم قوتابیانە، لە خاڵی یەکەم و دووەم بە باشی ئاماژە پێکراوە هـیچ کێشـەیەك تێدا نابینم، بەلام یەعنی هەندێك شـوێن هەیە لە کوردسـتان کە سـەنتەری بـۆ نمـوونە منـداڵانی ئۆتیزم، سەنتەری ئۆتیزم زۆر تێدا کەمە، بۆ نموونە لە سۆران کەمناڵی ئـۆتیزم ژمـارەیەکی زۆری تێـدایەو رۆژبەڕۆژ زیـاتر ئەبـن ئەو منـداڵانە، بەڵام تەنهـا یەك سـەنتەر تێـداهەیە کە ئەویـش سـەنتەرێکی تـایبەتە کە ئەو خـانەوادانەی کە داهاتیـان سـنووردارە و کەم دەرامەتـن نـاتوانن مناڵەکانی خۆی لەو سەنتەرانە دابنێن، بۆیە پێویست دەکات حکومەت گرنگی بدات بە سەنتەری حکـومی لەوێ دروسـت بکـات، ئەمە ئەرکـی وەزارەتـی پەروەردە نیـیە، بەڵام مـن پێمـوایە کەوەزارەتـی پەروەردەش دەبیـت لەگەڵ وەزارەتـی کاروبـاری کـۆمەڵایەتی هاوکـار بیـت بـۆ کردنەوەی ئەو سەنتەرانە داوا لە حکومەت بکات بۆ ئەم بابەتە، پێمـوایە لە چوارچێـوەی ئەمەدا کە پێویسـتە خـاڵی سێ بـۆ بـڕگەی چـوار زیـاد بکرێـت، بەم شـێوەیە، ٣/ پێویسـتە وەزارەت بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی تەندروستی کار بکات بۆ کردنەوەی سەنتەری حکومی تایبەت بۆ ڕاهینان و شیاندنی مناڵانی ئـۆتیزم و خـاوەن پێداویسـتیەکانی تـر کە پێویستیان پێیە لە هەموو شوێنەکانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەك هەبـی داخـازا ژ جەنـابێ وەزیـری هەبـوو، مـاددا (٣٩) بەحسـێ ڕەخسـاندنێ هەلـی یەکسان دکەت و هەروەسا بەشەکی بەحسێ وەرگرتنا قوتابی ناوچێ و گەڕەکێ دکەت، مـن پـی باشە ماددەك بێتە زێدە کرن، وەرگرتنا ڕێژەکا تایبەت بۆ ماڵبـاتێن شـەهیدا و زینـدانیەن سـیادی، ئەگەر مەرجێن تایبەت ژ بگرن ئەو ڕێژا ماڵباتێ شەهید و زیندانیەن سیاسی لێ بێتە زێدە کرنـێ و زۆرسوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك فیصل فەرموو.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە ومیهرەبـان، لە مـاددەی (٣٩) مـن پێشـنیار دەکەم خـاڵی دووەم بـاس لەو قوتابخانانە دەکات بەس کەسوکاری ئەو خوێندکارانەی ئەو گەڕەکانە وەربگیـرێ بـۆ خوێنـدکاری تـر وەرنـاگیرێ؟ داوا لە وەزیـر دەکەم، ئەگەر نـا ئەو بـڕگەیە لابـردرێ، بـڕگەی (٣) بـاس لەسـەر زمانەوانی قوتابی دەکات ئەوە تایبەتە بە وەرزش، چونکە تەوەری وەرزشیە دەبـێ جەسـتەییش ئیزافە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال حویز مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهـاتنی بەڕێـز وەزیـر و شـاندی یـاوەری دەکەم، مـن لە مـاددەی (٣٩) تێبینـیم هەم لەسـەر پێناسـەی مـاددەکە و بـڕگەی (١ و ٤) هەیە، پێناسـەی مـاددەکە وەرگرتنـی قوتابیـان و منـداڵان و خوێندکاران، من پێم باشە وای لێ بکرێ وەرگرتنی منداڵان لە قوتابخانە و خوێنـدنگاکان، یـاخود منداڵان لابرێ و وا لێ بکرێ و وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران، چونکە منداڵ تا تۆمـار نەکـرێ نابێتە قوتابی و خوێندکار، بڕگەی یەکەم، پێم باشی وا دابڕێـژرێتەوە، یەکەم وەرگرتنـی منـداڵان لە قوتابخانە و خوێندنگاکان و تۆمارکردنیان لە دامەزراوە حکومیەکان .......الخ، یـاخود هەروای لـێ بکـرێ، وەرگرتنـی منـداڵان یـان قوتابیـان و خوێنـدکاران و تۆمارکردنیـان لە دامودەزگاکـانی حکومی و هەروەها خاڵی/٤ بەهەمان شێوە ئەوە ڕاست بکرێتەوە و سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمەصالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە و میهرەبـان، بەڕێـز جەنـابی وەزیـر، مـن نـازانم بـۆ وشـەی دامەزراوە حکومییەکـان بەکـاریەت، بـۆ نـاوترێ قوتابخـانە و خوێنـدنگا حکومیەکـان، چـونکە چەمکـی دامەزراوە حکومیەکـان زۆر فراوانتـرە، پاشـان بـۆ پێداویسـتی تایبەتیەکـان ئەو منـداڵەی کە بەهـرەدارە لە پۆلێـك دا بەوەی کەم ئەنـدام قسـە لەسـەر خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت ئەکەیـن، توانای زیرەکـی زۆرتـرە، بە هەمـان مەنـهەج تـاقی کـردنەوەی لەگەڵا ئەکـرێ، بە هەمـان مەنهەج ئەچێـتە کێبڕکێـوە، ئایـا مامۆسـتای ئیـزافەی بـۆ دابـین ئەکەی وەزیـفەی ئەو مامۆسـتایە چیـیە یەعنی؟ ئەگەر هەمان ئیمتیحان و هەمان مەرج و هەمـان تـاقی کـردنەوە بێـت؟ ئەمە ڕەنـگە بـۆ خاڵی دووەمـی پێویسـت تـر بـێ کە نەنووسراوە ئەوەی کەم ئەنـدامە و نـاتوانێ یەعنـی توانـای فێربـوونی درەنگتـرە، پاشـان بـۆ خـاڵی یەکەم ئەگەر خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت بـۆ نمـوونە مەبەست ئۆتیزم بـێ کە ڕێژەیەکـی کەم لە ئـۆتیزم زیـرەکیە، ئەمە خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت حسـاب نـاکرێ، ئەمە بە بەهرەمەنـد حسـاب دەکـرێ، ئەگەر مەبەسـت ئەوەیە، ئەگەر مەبەسـت

ئەوەیە کە یەکێکە دەست و قاچ و ئەوەی نییە ئەوە پەیوەندی بەو بابەتەوە نییە، واتا ئەمە پەیوەندی بە بابەتی مێشك و بیرکردنەوە هەیە یەکێ ڕێژەی زیرەکی زیاتر بێ بە ئۆتیزم نابێ بە خاوەن پێداویستی تایبەت هەژمار بکرێ و سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بەڵێن فەرمووو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە بڕگەی یەکەم پێم باشە کە لەسەر بنەمای ڕەخساندنی هەلی یەکسان بەشێوازێکی دادپەروەرانە بۆ هەمووان بێت، یەعنی ئەوەی بۆ زیاد بکەین، لەبڕگەی/٢ لەڕاستی دا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوە یەکێکە لەو گرفتانەی کە ئێستا ڕووبەروی زۆرێك لە هاووڵاتیان ئەبێتەوە لە کاتێك دا ماڵەکەی لە شوێنێکەوە بۆ ئەگوازێتەوە بۆ شوێنێك یان دایکی قوتابیەکە یان دایکی خوێندنکارەکە باوکی شوێنی دەوامی نزیکە لە قوتابخانەیەکی حکومیەوە کە لە گەڕەکەکەی خۆی نییە لە ناوچەکەی خۆی نییە، بەڵام خوێندکارەکەی وەرناگیرێ و کێشەی بۆ دروست دەکات، لەبەرئەوەی پشتیوانی مامۆستا شەمۆل ئەکەم کە ئەوە بە ڕێنماییەك بە شێوازێکی ورد ڕێك بخرێ، ٣/ لە خاڵی دووەمی بڕگەی/٤ لەڕاستی دا نووسراوە یا لە دامەزراوەیەکی حکومی تایبەت لەم قانونە دامەزراوەی حکومی تایبەت پێناسە نەکراوە، یەعنی کە ئێمە قوتابخانە ئەکەینەوە بۆ ئەوەی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لێی بخوێنن، ئەمە دامەزراوەی حکومی تایبەتی بۆچییە؟ قوتابخانەیەکی تر ئەکەیتەوە مامۆستای تایبەت بۆ ئەو کەسانە دائەنێی کە خاڵی دووەم لە بڕگەی/٤ دەیانگرێتەوەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله هەر سەبارەت بە خاڵی (١) لە ماددەی (٣٩) ئاماژە بە بنەمای ڕەخساندنی هەلی یەکسان کراوە، ئەوە بنەمایەکی چاکە بەڕاستی ئێمە کە یاسا دەرئەکەین بۆ هەموو خەڵکە بە بێ جیاوازی، بەڵام باسی ئەوە کراوە کە وەرگرتنی منداڵان و قوتابیان و ئەوانە لە دامەزراوە حکومیەکان ئەی دامەزراوە ناحکومیەکان؟ یەعنی ئەوانیش نابێ وەزارەت لێی بەرپرسیار بێ کە ئەو بنەمایە لەوێش پیادە بکرێ، نەك هەر ئەو بنەمایە زۆر بنەمای دیکەش چونکە بەڕاستی ئێمە کە یاسا دەرئەکەین حەقیقەتەن پێویستە ئەوانە بگرێتەوە، چونکە دیاردەیەك پەیدا بووە لە خوێندنگا ناحکومیەکان بەگشتی لە زانکۆکان هەتا بۆ ریسالەی ماستەر و بۆ دکتۆرا بڕۆ بە یەکێك بڵێ کامە من لەفلان زانکۆی ئەهلی دەمەوێ ماستەر تەواو بکەم، یا بڕۆ زانکۆی سەلاحەدین بزانە کامەیان هەڵدەبژێرێ، ئەهلیەکەی هەڵدەبژێرێ پێی ئاسانترە و زووتر دەستی دەکەوێ ڕەنگە چاوپۆشیشی زیاتر تێدابێ، بەڵام لەوێ قورسترە و ئیعتباریشی زیاترە، بۆیە من پێموایە ئەو یاسایە کە دەردەکرێ لە هەر شوێنێك مەگەر تایبەتمەندیەکی تایبەتی خۆیانیان

هەبێ بەپێی ڕێنماییەك بە پێی یاسایەکی پێشوو دەنا بەڕاستی هەموو ئەو بنەمایانەی کە بەڵگەیە لەسەر یەکسانی و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەموو بەچاوێك تەماشا دەکرێن و یەعنی قوتابی ئاستی پێش دەخرێ و گەشەی پێ دەکرێ بیانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەم ماددەیە من سێ تێبینی و سێ پێشنیارم هەیە، لەبڕگەی (٢) تەبعەن ئەمە شتێکی باشە لەسەر بنەمای گەڕەك و شوێنی جوگرافی قوتابخانەکان منداڵەکان وەربگرن، بەڵام بەداخەوە دایك و باوك ماندوو دەکرێ لەهەندێك حاڵەت دا لە نێوان دوو قوتابخانە، بۆیە پێم باشە ئەوەی بۆ زیاد بکرێ بەرەچاوکردنی منداڵ بێ بەش نەکرێ لە خوێندن لە نێوان دوو قوتابخانەدا تەبعەن ناتوانین مەسەلەی ماندووکردنی دایك و باوك لە نێوان دوو قوتابخانە جێ بکەینەوە، بەس بەم سیغەیە دیارە مەبەستەکە ئەوەیە، لەبڕگەی (٣) لە مەرجەکانی توانای زمانەوانی قوتابی بۆ قوتابخانەی حکومی بەڕاستی ئەمە زۆر جێگەی مولاحەزەیە مادام مەرج لەم یاسایە هەیە بۆ هەموو قوتابییەك مەرجەکان دەست نیشان کراون و وردن و یاساییین و لەگەڵ بنەما پەروەدەییەکان دا دەگونجێن پێویست ناکات مەرجی زمانەوانی هەبێت، بەداخەوە لە کوردستان دا ئێستا قوتابخانەی ئەڵمانی و فەرەنسی و ئینگلیزی و تەنانەت کۆریش هەیە، بۆیە ئەم مەرجی زمانەوانیە بۆ قوتابی بە بڕوای من لەگەڵ بڕگەی (١) دا کە بنەمای یەکسانییە ناگونجێ ئەبێ لابرێ و پێشنیار ئەکەم لیژنەی بەڕێز ئەمە لابەرن، خاڵێکی تر سەبارەت بە منداڵانی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ئەم پێشنیارە بچووکەم بۆ لیژنەی بەڕێز هەیە، ئەویش ئەوەیە لە خاڵی یەکەمی بڕگەی/٤ لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێ بگۆڕێت لەلایەن لیژنەی پزیشکیەوە، چونکە ئێمە لە کورستان دا لیژنەی پزیشکیمان هەیە دەست نیشانی دەکات ئەم منداڵە ڕێژەی کەم ئەندامی چەندە ئەتوانێ بخوێنێ ناتوانێ لە پۆلی ئاسایی دابندرێ، لە پۆلی نائاسایی دابندرێ، ئێستا حکومەت لە هەوڵدایە سەنتەرێکی هەمیشەیی دەست نیشان کردنی کارمەندانی بکاتەوە کە ئەوە ئاستی دەست نیشان کردنی کەم ئەندامیەکەی زۆر باڵا و ورد دەبێ، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو لیژنەی تایبەتە لەبەر ئەوەی هەر لیژنە تایبتەکەش لە پێناسەکان دا نییە، ئاڵۆز ئەمێنێتەوە، بۆیە ئاوای لێ بکرێ لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی تایبەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله لە ماددەی (٣٩) بڕگەی (١) کە دەڵێ: وەرگرتنی منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران و تۆمارکردنیان....... لێرە دەڵێ لەسەر بنەمای ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ هەمووان، هەست

دەکەین ئەو بڕگەیە تۆزێك مەتاتیە، بۆیە ئەکرێ وەکو بڵێی قەتعی بکەین و بڵێین پێویستە سەرجەم منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران لە دامەزراوە حکومیەکان تۆمار بکرێ، بۆ ئەوەی ئەوەی تێدا نەبیت، لە بڕگەی (٤) خاڵی (١) کە باسی ئەو منداڵ و قوتابیانەی کە لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت، یەعنی پێمان خۆشە ڕوونکردنەوەیەکمان بۆ بدەنێ کە ئەو هەڵسەنگاندنە لەسەر چ بنەمایەکە؟ چۆن هەڵسەنگاندنەکە ئەکرێ؟ ئینجا لە هەمان بڕگە لە خاڵی (٢) باسی دامەزراوەی حکومی تایبەت ئەکات، ئەکرێ بە شێوەیەکی باشتر ڕوونبکرێتەوە کە تایبەت بێ بەو جۆرە منداڵانەی کە ئەو نەخۆشیانەیان هەیە یان بەم شێوەیەن، ئینجا پشتگیری خدیجە خان ئەکەم کە پێویستە بەڕاستی ئەوانە ئەوەندەی پێویستیان بە ڕاهێنان هەیە بۆ نموونە لە خوێندنگاکان پێویستیان بە شتی تر نییە، بۆیە گرنگە سەنتەری ڕاهێنان هەبێ، هەرچەندە من تەسەور دەکەم ئەو خوێندنگە تایبەتیانەش هاوشێوەی سەنتەری ڕاهێنان زیاتر بە عەمەلی بن نەك بە لەبەرکردن و نەزەری، بۆیە پشتگیری خدیجە خانیش ئەکەم و سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خالا دووی پێویستە هەموو قوتابخانە و خوێندنگەیەکی حکومی جگە لە قوتابخانە و خوێندنگەی تایبەت بەهرەدارەکان بە پلەی یەکەمی ئەو قوتابی و خوێندکارانە وەربگرن کە دانیشتووی ئەو گەڕەك و ناوچەیەن ئەز بینم ئەگەر ئەڤ ئەو گەڕەك و ئەو ڕێنمایەك بێتە ڕێکخستن، چنکی ڕاستی گەلەك ماڵ ئەزیەت و نەخۆشیەت دبینن تێنە ڤە گواستن ژ مەجبوری ناچاریا خۆ تاخێکی دچنە تاخەکی دی کرێدارە و خۆدانی خانی دەرئێخن، وی وەختێ چوویە جهێ دی قوتابیا وی بزڤریت بێتە وێ مەدرەسێ ئەوا ئەو لوێ و ئەویش بارگرانیەکا مەزنا بۆ وی کەسی، ژ ئەڤە ب ڕێنمایەکی بێتە چارەسەرکرن وی ڕێنمایی ئیشارەتی بدەنە هەندێ بۆ چارەسەریا ڤی ئالۆزیە و هەندە ماڵێ دکەڤنە کرێچی و کرێیەدا، تێبینیا منیا دوێ دخالا دوهێ دا منالێت پێداویستی تایبەت د بێژیتن، بەڵام مامۆستای تایبەتیان وەك مامۆستای دووەم لە پۆلدا بۆ تەرخان دەکرێ، یەعنی ئەم موستەڵەحە مامۆستای دووەم هەیە دی دا ئان ژی مامۆستای هاریکارە، مەخسەد پێی مامۆستایەکی هاریکار دگەل بیت یان وەکو موستەڵەح ئەم بێژین قانونێ دانیین، ئەز بێژم ئەگە هاریکار بیت چ بیتن باشتر بیتن، تێبینیا منیا سێ دیسا ئەز دگەل وان ئەندامێت پەرلەمانی ئەڤێ داخاز کرین ڕوونکردنەکا ژ جەنابێ وەزیری هەبی، مەخسەد پێ چییە لە دامەزراوەیەکی حکومی تایبەت یەعنی ڤەدەر تەربیێ، موئەسەسەکا دی نەیا تەربەوی یەعنی موئەسەسەکا دیا حکومی بیتن کاروبارێت ڤان پێ ڕابیتن یان ژی هەر عەلاقەتێ ب تەربیە هەیە و سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شنۆ خان فەرمووو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر ماددەی (٣٩) بڕگەی (٣) پێشنیار ئەکەم ئەم ماددەیە هەر لابرێ، لەبەرئەوەی ناڕوونیەکی زۆر هەیە هەر هەموو هەڤاڵانم ئاماژەیان پێیدا، دامەزراوەی حکومی مانایەکی زۆر فراوان هەڵدەگرێ و لەگەڵ ئەوەشدا باس لە مەرجێك کراوە تۆ هەموو مەرجەکانی وەرگرتنی منداڵ و خوێندکار و قوتابیت داوەتە دەست ئەنجومەنی وەزیران، لێرە ئاماژە بە توانای زمانەوانی خوێندکار و قوتابیت کردووە، کە هەر لە ماددەی یەك و بڕگەی (٤٧) یش وەکو نموونە باس لە هونەر و وەرزش ئەکرێ، یەعنی هونەر و وەرزش چ ڕەبتێکی بە توانای زمانەوانی هەیە دەتوانێ زمانەوانی جارێکی تر ئایا مەبەست لە ناتقی زمانی دایکە یان زانینی زمانی دووەمە؟ هەردووکی بە بڕوای من پێویست ناکات هەبێت، پێشنیار ئەکەم ئەم ماددەیە لابرێ و لە بڕگەی (٢) پشتیوانی قسەکانی مامۆستا شەمۆل ئەکەم یو هەروەها پشتیوانی لە قسەکانی مامۆستا عمریش ئەکەم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣٩) بڕگەی (٣) کە دەڵێت نابێ دامەزراوە حکومیەکان پێشنیازی قسەکانی علی دەکەم، بکرێت بە دامەزراوە پەروەدەییەکان تۆ بڵێی دامەزراوەیەکی ئاوو کارەبا و شارەوانی تەداخول لە بڕیارێکی وەزارەتێکی مەعنی وەکو پەروەردە بکات، سەبارەت بە بڕگەی (٤) خاڵی (١) کە دەڵێت ئەو منداڵ و قوتابی و خوێندکارانەی لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت سەبارەت بە توانای فێربوونیان کە دەڵێت لە پۆلێکی هەمان پۆلی ئاسایی وەردەگیرێنەوە، بەڵام مامۆستای دووەمیان بۆ ئیزافە ئەکرێت، خۆی لەڕاستی دا خوێندکار و قوتابییەك کە توانای فێربوونی زۆر بەهێز بێت و زیرەك بێ باوەڕناکەم پێویستی بەوە بکات مامۆستایەکی دیکەی بۆ ئیزافە بکرێ، ئەکرێت لە ساڵێك دا دوو قۆناغی خوێندن ببڕێت، بەڵام بۆ ئەو خوێندکارانەی کەلەڕووی تەندروستی و جەستەییەوە ئەشکالی درەنگ فێربوونیان هەیە ئەوانە ڕەنگە زیاتر پێویستیان بە تەکنیکی فێربوون و پێویستیان بەوە هەبێت کە مامۆستای زیاتریان بۆ ئیزافە بکرێت، دەست خۆش.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣٩) بڕگەی یەك منیش هەمان پێشنیارم هەیە دامەزراوە حکومەیەکان بکرێت بە دامەزراوە پەروەدەییەکان یان ناوەندەکانی خوێندن، سەبارەت بە بڕگەی دوو پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا شەمۆل و کاك بەڵێن و کاك د.اسماعیل ئەکەم ئێمە زۆرجار

نادادیمان بینیوە بەرامبەر بە خوێندکار سنووری جوگرافی بۆ خوێنکار ڕەچاو نەکراوە لەگەڵ ئەو تێبینیانەی هەر سێ برای بەڕێزم کردیان، سەبارەت بە بڕگەی (٤) خاڵی دوو منیش هەمان پرسیارم بۆ وەزیری بەڕێز هەیە سەبارەت بە ئەو ڕێژە زۆرەی کە ئێستا لە ناوەندەکانی خوێندن منالانی ئۆتیزم و هاوشێوەکانیمان هەیە، ئایا مامۆستای پێویست دابین کراوە لەو قوتابخانانەدا، زۆرسوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا هلز فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەت من سەر ماددا (٣٩) بڕگا دوو هەی، تەبعەن ناعەدالەتی هەر دێتە کرنێ ئەڤ برگا هەنێ هاتیە دانان خۆزی جێ بەجێ بیتن لێ جی بەجێ نابیتن، هندەك بەڕێزا گۆتی ڕێنما تەبعەن ڕێنماییت هەی، هەمی ساڵا خشتیەك تێتن تایبەتی بۆ بازنێ سێ، بێژتێ ئەگەر قوتابی فلان قوتابخانە فلان، فلان سنوورێت هەی جوگرافی بدی وەرگری، لێ لڤێرێ نادادیەکا هەی وەگرتنا تەڵەبا دا ب تایبەتی ئەڤێت کرێچیە وان دەڤەرا پشتی چەن وەسیقا وی نە ئەو قوتابخانا بۆ هاتیە تەحدید کرن نایەتە وەرگرتنێ، کرێچیە، چونکی مەجالی دی تر نینە، سەر بڕگا (٤)ی خالا (١) ڤێرێ مامۆستای تایبەتیان مە مامۆستای پەروەردە تایبەتیا هەی هەگەر بێتە ڕاست ڤەکرنێ، چونکی دێ پاشگێز بابەتی تر دا برگا دی تردا بەحسێ وێ کر، پەروەدێدا موستەڵەحێ مامۆستای دووەم نینە، مامۆستای هاوکار زێدەتر بیتن، پاشڵپشتیا د.اسماعیل سگیری دکەم بەس لڤێرێ پرسیارەك هەی ئەگەر مە تەڵەبەیەکی ئۆتیزمێ هەبیتن پۆلا ئێکێ لڤی مەدرەسی خڕەکی ئێك مامۆستای پۆلا یان بێژم پەروەردا تایبەت هەبیتن ئایا د فریا کەویتن گەل تەڵەبا پۆلا ئێکێ دانیشەت بچتا پۆلا دوهێ دگەل دا دانیشەت، بچتا پۆلا شەش دانیشت مە ل دهۆکێ جەنابێ وەزیری مە قوتابخانا هەی ١٤ قوتابیەن خودان پێتڤیەن تایبەت هەی ئێك مامۆستا پەروەردا تایبەتا ئایا دڤێ ڕاگەهیتن هەمیا دگەل دا بینتە خارێ وەك مامۆستایی هاوکار یان نا؟.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، سەبارەت بە ماددەی(٣٩) کە دەبوو پێش ماددەی (٣٦) بێت هیوادارم ئەو تێبینیە بۆ لیژنە، سەبارەت بە ئەوەی کە دەڵێ مامۆستای دووەم، مامۆستای تایبەت، پەروەدەی تایبەت، پێناسە کراوە، بەڵام مامۆستای دووەم هەم شیاو نییە و مامۆستای هاوکار لەوەیە جوانتر بێ، پشتیوانی قسەکانی کاك د.اسماعیل و هلز خان دەکەم، دەستتان خۆش بێ.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیرلە دوو سێ دەقەیەك وەڵامەکان بەرەوە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز ئالان حمەسعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لە پەرلەمانتاران هەندێك جار بەهۆی کەمی کاتەوە گلەیی دەکەن کە وەڵامەکانیان پێ نەگەیشتۆتەوە، بەڵام ئەویش بەهۆی ئەوەیە من یەك کەسم جەنابیشیان جاری واهەیە بیست موداخەلە ئەکرێ، لەبەرئەوە داوای لێ بوردن دەکەم مەبەستم نییە خۆم لە هیچ وەڵامێك بدزمەوە، چونکە بە فەزڵی خوای گەورە ئەوەی بیزانین پێتان دەڵێین، ئەوەی نەشی زانین دەڵێین وەڵاممان لا نییە، سەبارەت بەوەی کە کاك هێقیدار پرسیاری کرد، کاك هێقیدار پرسیارت کرد و پرسیارەکەی جەنابت وەڵامەکەی لە ماددەی (٢)دا هەیە ئێمە چ تاکێکمان ئەوێ دەست نیشانی بکەین، ماددەی/٢ کە لە سەرەتا موناقەشەمانی کرد، وەڵام دەرەوەی ئەو پرسیارەیە کە جەنابت کردت، سەبارەت بە گۆڕانکاری کەش و هەوا و مەناخ و ژینگە و ئەوانەی دیکە، سەبارەت بە تاقی کردنەوەکانی بیرکاری و زانست ئێمە دوای سی ساڵ بۆ یەکەمین جار توانیمان بە پاڵپشتی جەنابی سەرۆکی حکومەت کە بوجەشی بۆ دابین کردووە وەدەست بێنین کە تاقی کردنەوەی (تیمس) بکەین، تاقی کردنەوەی (پیسا) بکەین، تیمس بۆ بابەتی بیرکاری و زانستەکان ئەکرێ، تاقی کردنەوەیەکی نێودەوڵەتیە، (٢٠٢٣/٣/٢٧ )دەست پێ ئەکا و( ٢٠٢٣/٤/٢٨ )کۆتایی دێت، ئێمە ئێستا لە گەڵ تیمی تیمس لە ئیمارات لەسەر خەتین خەریکی ئامادەسازییەکانین بۆ تاقی کردنەوەیەك کە یەکەمین جارە لە کوردستان دا ئەکرێت، ئێستاش لە ساڵی( ٢٠٢٥) ئەکرێت بۆ پۆلەکانی چوار و پۆلەکانی هەشت دەکرێن ئەو تاقی کردنەوانە، کەوابوو ئێمە بۆ یەکەمین جار داخڵی ئەو نەخشەیە دەبین، سەبارەت بەو قوتابخانەی باسیشت کرد بەڕاستی نازانم ئەگەر هەر ئەندام پەرلەمانێك باسی قوتابخانەیەك بکات، بەڵام عینوانم پێ نەڵێ نازانم، بەڵام من دڵنیات ئەکەم ئەگەر باسی قوتابخانەکانی سابیس ئەکەی کە بۆ منداڵی شەهید تەرخان کراون، بۆ منداڵی شەهید تەرخان کراون ئیستسنامان نەکردووە دوای ئەوە بە قورعە وەرگیراون، ئەم ساڵ سێ منداڵی شەهید هەبووە لە کۆی حەوت قوتابخانەی سابیس تەقدیمی کردووە، بەبێ هیچ مەرجێك وەرگیراون، نە ئەچنە قورعەوە نە هیچ شتێکی دیکە، ئەوەی دیکەش لە وەرگرتنا هیچ ئیستسنایەکمان نەکردووە تا ئەم ساتە لێی بەرپرسیارم جا هەمووی منداڵە دەوڵەمەندە من هیوادارم شتەکان تەحدید بکەن، چونکە لە بەرنامەیەك داین لە پەخشێکی ڕاستەوخۆ قسە ئەکەین، کاتێك دەڵێین قوتابخانەیەك من وەزیرم بەرپرسیاریەتیم لەسەرە نە منداڵێکم بە ئیستسنا وەرگرتووە، نە منداڵێکیشم ناردووە لەبەردەم هەمووشتان ئەیڵێم بڵێن کاکە بۆ قوتابخانەی هەولێری نموونەیی تۆ ئەم منداڵەت ناردووە، هەتا تەحەمولی بەرپرسیاریەتەکە بکەم، بەس ناکرێ ناوی قوتابخانەکە نەڵێن و ئەوەش بڵێن، ئێمە دەبێت بەرگری لەو مەوقفانەی خۆمان بکەین، سەبارەت بەو ماددەیە بەڕێزان ئەو قوتابیانەی کە باسی ئەکات لەسەر ئەساسی مەوقعی جوگرافی خۆی دەبێ ڕاستیەك هەیە دەبێ باسی بکەین، ئەویش ئەوەیە بابەتەکە شێوێنراوە، ئێمە زۆرجار لە کوردستان هەندێك قوتابخانە ئەبینین لۆدی زۆری لەسەرە، ئەو لۆدە زۆرەی کە لەسەر قوتابخانەیە و پۆلەکان پڕن ئەوە بەشێکی بەهۆی ڕەغبەتی خەلکەوەیە، بەهۆی ئەوە بووە کە لە ڕابردوو ئەم قوتابخانەیە ناوبانگێکی باشی دەرکردووە هەمووی هەوڵی

داوە بچێ لەو قوتابخانەیە بخوێنێ، سەیر دەکەیت کە ژمارەی قوتابیەکان لە پۆلێکی زۆردان ئەساسی تەختیتی عیمرانی، ئەساسی دروست کردنی قوتابخانە بۆچییە؟ بۆ خەڵکی ئەو گەڕەکەیە کە لێی سوودمەند بێ، کە حکومەت قوتابخانەیەك دروست ئەکات بۆ نموونە لە گەڕەکی بەختیاری هەولێر بۆ ئەوەیە کە قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە لێی سوودمەند بن، کاتێ حکومەت قوتابخانەیەکی دیکەشی لە گەڕەکی ئازادی هەولێر دورست کردبێ نابێ قوتابیەکانی گەڕەکی ئازادی بین لەوانەی بەختیاری بخوێنن، خۆی ئەمە بنەما دروستەکەیە کە دەڵێین مەوقعی جوگرافی، بەڵام جێ بەجێ نەکردنی ئەمە لەڕابردوو وای لێ کردووە لۆدێك لەسەر هەندێك لە قوتابخانەکان زۆرتر بێ، لەبەرئەوە ئەم خاڵە خاڵێکی زۆر زۆر گرنگە هەبێ، ئەو خاڵەی کە ئێوە گرفتتان تیایە هەیە سەبارەت بەوەی کە نابێ دامەزراوە حکومیەکان، ئێمە نووسیومانە لە سەرەتایا دامەزراوە پەروەردەییە حکومیەکان، كاك علی ناتوانین بڵێین باخچە، قوتابخانە، خوێندنگا، پەیمانگا، کۆمەڵگەی پەروەردەیی، ئەبێ پێنج ناو بەیەکەوە بێنین، بەڵام دەبێ بڵێین دامەزروەی پەروەدەی حکومی دامەزراوەی پەروەردەی ناحکومی، بۆیە من هەر بۆخۆم لەگەل ئەوەم کە بکرێتە دامەزراوەی پەروەردەی حکومی یەعنی کەلیمەی پەروەردەییەکەی بۆ زیاد بکرێتەوە، سەبارەت بە ...... جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، سەبارەت بە ئەو بابەتەی کە پرسیار کرا بۆ مامۆستای پەروەردەی تایبەت مامۆستای دووهەمە یان چییە، ئەو مامۆستایانە دەچنە ناو پۆلەکانەوە، ئەوەی مامۆستا هلز باسی کرد ئێمە ئێستا ئیمکانیتەکەمان ئەوەندەیە ئەوەندەمان بریار داوە کە بیانکەینە وانەبێژ بیریشتان نەچێ دەرچووی پەروەردەی تایبەتمان زۆر نییە لە کوردستان دا ئەگەر پێتان وابێ مەسەلەن ١٥ـ ٢٠ هەزار دەرچوومان هەیە نیمانە تەسەور ناکەم، چونکە بەشەکان بەشی تازەن تازە کراونەتەوە، بۆ ساڵی یەکەم ئەو قەدەرەی ئێمە (٦٨٥) کەس دائەنێین نیسبەتێکی تا ڕادەیەك باشە، بەڵام ئایا منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت زیاتری پێویستە وەکو مامۆستا هەلز وتی بە تاکید زیاتری پێویستە و سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی/٤٠ فەرموون لیژنەی تایبەت، د.گەلاویژ فەرموو.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری دوازدەیەم/ قوتابی و خوێندکاری گەڕاوە لە دەرەوەی هەرێم

ماددەی (٤٠):

١-پێویستە وەزارەت ڕێکاری پێویست بۆ ئاسانکردنی وەرگرتنی ئەو قوتابی و خوێندکارانەی لەدەرەوەی هەرێم دەگەڕێنەوە بگرێتەبەر.

٢-ئەو قوتابی و خوێندکارانەی لە دەرەوەی هەرێم دەگەڕێنەوە لە ساڵێك زیاتر لە دەرەوەی هەرێم نیشتەجێ بوون مافی خوێندنیان هەیە بەم مەرجانەی خوارەوە:

١/نووسراوێکی ڕاستێنراو لەو قوتابخانەیە یان خوێندنگەیەی یان پەیمانگا پەروەردەییە بێنن کە لە دەرەوەی هەرێم لێی هاتوون.

٢/بڕوانامەکانی خوێندنیان پێشکەش بکەن بە مەبەستی هاوتاکردنیان لەلایەن وەزارەتەوە، وەك بنەمایەك بۆ وەرگرتنیان لەو ئاستەی بە پێی هەڵسەنگاندنی وەزارەت بە گونجاو دەزانرێت.
٣/ ئەو قوتابی و خوێندکارانەی لە دەرەوەی هەرێم گەڕاوەنەتەوە و زمانی کوردی یان عەرەبی یاخود هەردووکیان باش نازانن بۆ ماوەی دووساڵ لە دەرچوون لەو بابەتە دەبەخشرێن.
سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ بەڕێزان هەر بەڕێزێك ئەیەوێ لەسەر ئەم ماددەیە گفتوگۆ بکات؟ ئەو بەڕێزانەی گفتوگۆ لەسەر ماددەی (٤٠) دەکەن بریتین لە بەڕێزان: کاك هەڵکەوت، کاك چیا، ژیان خان، کاك نزار، کاك شێخ ظاهر، کاك عبدالستار. د.هەورامان، مامۆستا ڕاهی، کاك کاروان، کاك یاسین، کاك د.محی الدین، کاك د.اسماعیل، بدریە خان، مامۆستا عمر، مامۆستا ابوبکر، مژدە خان، رۆبینە خان، کاك علی، د.گەلاویژ، شنۆ خان، شیرین امین، کاك راهی فەرموو.

**بەڕێز راهی راهبر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، لەبڕگەی (٣) ئاماژە بەوە دراوە کە ئەوانەی لە دەرەوەی هەرێم گەڕاونەتەوە دوو ساڵ دەبەخشرێن لە وانەکانی عەرەبی و کوردی، خۆی گرفتەکە هەر بەخشین و نەزانین نییە، گرفتەکە لەوەیە کە ئەم خوێندکارانە کە دەگەڕێنەوە هەرێم فێرنابن، زمانەکە فێرنابن کە دوو ساڵەکەش تەواو دەبێت، ساڵی سێیەم هەر فێر نەبوون سوودی نەبووە ئەو بەخشینە، بۆیە لەگەڵ ئەوەم مەرجێك زیاد بکرێت لەم بڕگەیە ئەو مەرجەش ئەوەیە کە بەشدار بن لەناو پۆل ئەو ماوەی کە دووساڵە ببەخشرێن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، دیارە کاك راهی لە ماددەی (٤٠) خاڵی (٣) کە دەڵێ ئەو قوتابیانە ببەخشرێن من پشتگیری کاك راهی دەکەم، یەعنی ناکرێ تۆ لە دوو زمان بە تایبەتی زمانی کوردی تەلەبە ببەخشرێت، با بەشدار بن بەس دەتوانن دەستیان لەسەر سووك بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمەصالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، واللە من چەند پرسیارێکم هەیە بەڕێز جەنابی وەزیر. لە ساڵێك زیاتر ئەم مەرجانە ئەگرێتەوە، ئەی ئەگەر ساڵێك بوو؟ دواتر تۆ نازانی دەرچووە یا کەوتووە، یەعنی مەرج بۆ ئەوە چییە؟ دووەمیان بە حوکمی ئەوەی کە مامۆستا بووم من چەند

ساڵێك یەعنی بۆ نموونە ئەگەر ڕیزمانی پۆلی حەوت و هەشت نەزانی و دەرتبچووێنن، ڕێزمانی نۆ فێر نابی، قەواعیدی حەوت و هەشت نەزانی نۆ فیرنابی، پاشان ئێە تەسبیتمان کرد کە زمانی ڕەسمی زمانی کوردییە، ئەمانە دێنە قوتابخانە حکومیەکان ئەی بۆ وانەکانی تر بە کوردین چی ئەکەن؟ بۆ جوگرافیا چی ئەکەن، بۆ بابەتە کۆمەڵایەتیەکان چی ئەکەن؟ یەعنی حەلیان بۆ ئەوە چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان میوانێکمان هەیە سەرۆکی لیژنەی پەیوەندیەکانی پەرلەمانی فەرەنسا لەگەڵ بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان لێرەن، بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی ئەکەین و سوپاسی گەل و حکومەتی فەرەنسا ئەکەین بۆ هەموو ئەو پاڵپشتیانەی کە بۆ هەرێمی کوردستانیان کردووە، دووبارە بە بەخێربێن، د.محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەست خۆشی لە ئەو ماددەیە دەکەم بەڕاستی شتێکی باشە، بەڵام ئایا ئەو خوێندکارانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پارێزگاکانی عێراقیش دەگرێتەوە؟ چونکە بەشێکە لە ئەوەی کە ئەمە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین، دوو/ خاڵی یەکەمیان کە باس لە نووسراوێکی ڕاستێنراو دەکات، پێم باشە ئەو ڕاستێنراوە لەبەرئەوەی بەشێك لە ئەوانەی دەگەڕێنەوە ناڵێم زۆربەیان بەشێك هەندێك حاڵەت هەبووە کە بڕوانامەکەیان ساختە بووە، بەشێکیان من ئەو وەختە لە زانکۆ بووم، خەڵك هەبووە بڕوانامەی هێناوە لە شارەکانی تری عیراقەوە یان لە دەرەوەی هەرێمەوە لە کۆلیژ وەرگیراوە دواتر دەرچووە کە بڕوانامەکەی ساختەیە، بۆیە بۆ ئەوەی دروستی ئەو بابەتانە بکەین پێموایە دەبێ پەیوەندی بگیرێ لەگەڵ وەزارەتی ئەو وڵاتانەی کە بڕوانامەکانیان لێ دێت، بۆ ئەوەی کە تەسدیق بکرێ، خاڵێکی تر ئەوەی پەیوەندی بەوە هەیە دەپرسم ئایا ئە مەرجانەی بۆ وەرگرتنی قوتابیان لە هەرێم هەیە ئەگەر هاتوو تەزاروبی کرد یاخود جیاوازی هەبوو لەڕووی تەمەنەوە ئایا بە هەمان شێوە ئەو مەرجانەی هەرێمی لەسەر جێ بەجێ دەکرێت ئەگەر هاتوو تەمەنەکەی جیاواز بوو مەسەلەن سیستمی وەرگرتنی تەمەنەکە لە هەرێم جیاواز بوو لەگەڵ ئەو وڵاتەی کە تێیدا هاتووە، ئایا بە هەمان شێوە دەبێت؟ ئەوەی پەیوەندی بە تاقی کردنەوەکان هەیە ئایا کە دەبەخشێنرێت دوو ساڵ لەوەی ئایا ئەزمونەکان یاخود تاقی کردنەوەکان بە زمانەکەی خۆی دەکات کە زمانەکەی شارەزا بووە یاخود بەو ماددانەی کە لە هەرێمی کوردستان دەخوێنرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من ڕووم لە خوشك و برایانی هەردوو لیژنەیە، ئێمە هەندێ حاڵەتمان هەیە لە کوردستان بەدەرە لەمە، لە هیچ شوێنێکی تری ئەم یاسایە من نەمبینی چارەسەر کرابێ، ئەویش ئەوەیە

هەندێ حاڵەتی نائاسایی هەیە بۆ نموونە ئەو منالأنەی لە ماڵەکانی منالانن یان هەندێ جار منـاڵ بەهۆی توندوتیژی لەسەر دایکیەوە یەتە ماڵی دالدەدانی ژنان ناچـار ئەبـێ منـاڵەکەی یەتە مـاڵی منـالان، دەسـتیان بە دۆکیۆمێنـت ناگـات ب ناسـنامە ناگـات بە دەرەجەکـانی پێشـوویان ناگـات، هندێ حاڵەت لە پارێزگاکانی عێراقەوە هاتوون بۆنموونە لە بەغدا و بەسـرە و عەممـارەوە، بـۆیە من پێشنیار ئەکەم ئێوەی بەڕێز چارەسەرێك بۆ ئەو منالانە بدۆزنەوە کە دەرەوەی هەرێم نـین و هەر لەنـاو هەرێـم دان، بەڵام دەسـتیان بە بەڵگەنـامە فەرمییەکـان ناگـات، ئەویـش ئەوەیە ئەو منالانە وەربگیرێن لە قۆناغەکانی خوێندن بەپێی پشتگیری فەرمانگەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی سەر بە وەزارەتی کار و لەگەڵ بەڵگەنامەکانی دادگا تا ئەو کاتەی دەستیان بە ناسـنامە فەرمـی و بەڵگەنامەکانیان ئەگات ئەکرێ تـا قۆنـاغی (١٢) بەم جـۆرە دەرفەتیـان پـێ بـدرێ و زۆر سـوپاس بەڕێزان.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رۆبینە خان فەرموو.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (٢) خالی (١) بێژیت نووسراوێکی ڕەستێنراو لێرەدا من دڤێـت بێـژم بەڵگەکـی فەرمـی ل قوتابخانا خۆ بینیتن یـان خوێنـدنگە یـان پەیمانگـا و پەروەردە بیـتن کە لە دەرەوەی هەرێـم لـێ هات بن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشیا بۆ لیژنـا تایبەتمەنـد و هەروەسـا ئەڤ مـاددە مـاددەکی زۆر زۆر گـرنگە هێڤیـدارم خەمەکی باش، تەنها من پرسیارەکی ژ جەنابی وەزیر هەبی ڕۆتینیاتێن ئیداری بۆ تەسـدیق کرنـا باوەڕنامەیی ڕۆتینیاتەکی گەلەك گەلەك درێژ بی ب تایبەتی ل وەزارەتا خوێندنا بـالا و هەروەسـا ل وەزارەتا پەروەردێ، ئایا ئەڤ رۆتینیاتە کێم بوونە ب چ شێوازێیە بۆ تەسدیق کرنێ حەتا نوکە چ ماوەیەکە چونکی گەلەك جارا قوتابییت هەتا بەڵگەنامە خـۆ تەسـدیق بکـاتن سـاڵەکی ژ خانـدنا وی دچیت، هەروەسا بۆ سیهی ڕاستی جێ دەست خۆشیبە ئەز دەست خۆشیی لیجنا تایبەتمەند کەین کو ئەڤ ماددە لێ زێدە کرن بۆ ماوە دوو سالا بێـنە عەفـو کرنـێ ژ خانـدنێت عەرەبـی یـان هەر زمانێ دی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمدعلی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٤٠ خاڵی/٢ ئەو قوتابی و خوێندکارانەی لە دەرەوەی هەرێم دەگەڕێنەوە لە ساڵێك زیاتر لە دەرەوەی هەرێم من لێرە پرسیار دەکەم ئایا مەبەست لە دەرەوەی هەرێم وڵاتانی دەرەوەیە یاخود ناوچەکانی تری عێراقیش دەگرێتەوە خۆ ئەگەر ناوچەکانی تری عیراق بگرێتەوە، لە خاڵی (٣) هاتووە دەڵێ ئەو لە دەرەوەی هەرێم گەڕاونەتەوە زمانی کوردی یان عەرەبی، خۆ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بیت یەك لەو زمانانە هەر دەزانی یان کوردە یان عەرەبە خۆ خەڵکی تر هەیە، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم لەویە پێشنیار ئەکەم لە بڕگەی (٢) خاڵی (١) نووسراوێکی ڕاستێنراو لە قوتابخانە یان خوێندنگە یان پەیمانگا پەروەردەییەکە بێنن کە لە دەرەوەی وڵات یان لەو وڵاتەی کە لێیوە هاتوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ژیان خان فەرموو.

**بەڕێز ژیان طاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٠) برگەی (٣) ڕستەیەك بەم شێوەیە زیاد بکرێت لە کۆتاییەکەی بەو مەرجەی هەردوو ساڵ لە پۆلی خوێندنی ئەو بابەتانە ئامادە بن بۆ ئەوەی فێربن، بەمەش پشتگیری هەردوو برایەت بەڕێزم کاك راهی و کاك یاسین دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی (٤٠) زۆر حاڵەتمان هەیە سیستمی خوێندنیان لەگەڵ سیستمی خوێندنی هەرێمی کوردستان جیاوازە، نموونەی زیندووشمان هەیە چەندین جار هاتینە لامان هەتا ئێستا بڕوانامەکانیان ناتوانن بچنە کۆلێژ لێرە بڕوانامەکانیان بۆ هاوتا نەکراوە، ئایا بۆ ئەم حاڵەتانە چ دەکەم مەسەلەن لەوانەیە خوێندنی ئامادەیی لەوێ پێنج ساڵ بێ، لێرە شەش ساڵە، یان خوێندنی کۆلێژ لەوێ جیاواز بێ و لێرە ئەوەکی تری هەیە، بەڵام ئێمە ناچینە سەر هی کۆلێژ مەبەستمان وەزارەتی پەروەردەیە زیاتر، ئایا چی دەکەن بۆ ئەو حاڵەتانە نموونەیەکی زیندووشمان هەیە کە تا ئێستاش چارەسەر نەکراوە هیوادارم چارەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار مەلا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە، سەبارەت بە ماددەی (٤٠) خاڵی (٣) ئەو قوتابیانەی کەوا بۆ ماوەی دوو ساڵ لە نەزانی زمانی عەرەبی و کوردی دەبەخشرێن، ئایا ئەم قوتابیە لەژێر چاودێری مامۆستا دەبێ ئەم دوو ساڵە؟ یاخود ئەم قوتابیە لەم دوو ساڵە هیچ ڕاهێنانێکی پێ دەکرێت بۆ ئەوەی فێری زمانی کوردی و عەرەبی ببێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز د.اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێ خۆشە ئەز وەکو پرسیارەك ئەوەلی دەست پێ بکەم، قوتابی و خوێندکاری گەڕاوە لە دەرەوەی هەرێم مەبەست چییە بە تەحدید دەرەوەی هەرێم، دەرەوەی وڵاتە یان دەرڤەی عیراقێیە؟ مەقسەد پێ دەرڤەی عیراقێیە یان دەرڤەی هەرێمێیە؟ دڤێت ئەڤە بێتە ئاشکرا کرن، چونکی ڕاستی مەشاکل ڤێرێ چێ دبن و بسەرێ من هاتن، خۆ بسەرێ مە هاتن ئەز مالا من ل بەغدا بوو، ئەز هاتمەڤە دهۆکێ پشتی ئەحداسێت داعشێ چێ بوی، عایلا خۆ من هینا ڤێرێ مەدرەسەیی تەعامولا مە هاتە کرن وەکو ئێی ئەجنەبی، هەروەکو ل نەمسا و سوید ئەز هاتیمەڤە، مە دەرسێت کوردی ل عائیلی من نەهاتنە قەبیل کرن، ئەو شەشێ تەخەروج کرین کولیاتێت حکومیی کوردستانێ نەهاتنە قەبیل کرن گو تو ل دەرڤێی هەرێمێی، درەڤەی هەرێمێ ئەز کوردم و هی ڤێ وەڵاتیمە بۆ ئەرکەکی و واجبەکی چوومە جهەکی ئەرکێ خۆ و واجبێ خۆ بەجێهینم دەمێ من عایلا خۆ زڤراندیە تەعامول دگەل من هاتە کرن وەکو ئەجنەبی، وەکو ل دەرڤە هاتی، پێتڤیە ئەڤە بێتە چارەسەر کرن، یەعنی قوتابی و خوێندکاری گەڕاوە لە دەرەوەی وڵات ئان بێژن دەرەوەی ولات دا یەعنی تەفسیرەکا حەرفی نەدەنێ یان ژی ئەگەر مەخسەد پێ دەرەوەی هەرێم یانی فایدە مەعنا وی دەرەوەی هەرێمە، کەرکیکێ هاتە ئەربیلێ مەعنا وی دەرەوەی هەرێمە، وی وەختی دێ ئەشکالات درست بن مەخسەد پێ چییە؟ یا دی ئەز پشتگیریا وان کەسا دکەم ئەوێت گۆتی ب تایبەت کاك راهی و مامۆستا یاسینی، ڕاستە دوو ساڵا ێت عەفونە نایەنە حسێب کرن راسب، بەس پێتڤیا مەرجەك هەبیت بەشداری کرن د خاندنێ دا هەر هەبی، یەعنی بلا بێنە عەفو کرن، بەس پشکدار بن ڕۆنیشتنێ دا خاندنێ دا بلا ئەخیرێ بەس عەفو بیت ژ ئیمتیحانێ، نە عەفو بن ژ دەوام نەکرنێ، ئەخیرێ ئەز پێشنیار دکەم ئەڤ بابەتە بچیتە بابەتێ ئەرکێت وەزارەتێ لڤێرێ جهی............ .

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی (٣) كە دەڵێ دوو ساڵ لە دەرچوون لەو بابەتانە ببەخشرێن، لە عەرەبی و لە كوردیش هەردووكی قەواعیدی هەیە ئەگەر لە قەواعید دا ئەوەی پێش بڵێی هەفتەی پێشووتر لەوانەیە دەیخوێنی دواتر نەیخوێنیەوە، لەوانەیە موشكیلەی بۆ دروست بكات لەسەر ساڵەكانی داهاتوو من پێشنیار دەكەم ڕێگەچارەیەكی دیكە بدۆزرێتەوە ئەو دووساڵ بەخشینە لاببرێ چونكە بەڕاستی زەربە لە تەواوی ساڵەكانی داهاتووی دەدات، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك هەڵكەوت فەرموو.

**بەڕێز هەڵكەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری پەروەردە و ستافە بەڕێزەكەی دەكەم، لە ماددەی (٤٠) خاڵی (٢) بڕگەی (٢)ی هاتووە ئەڵێ: بڕوانامەكانی خوێندن پێشكەش بكەن بە مەبەستی هاوتاكردنیان لەلایەن وەزارەتەوە، ئەوە وەك بنەمایەك بۆ وەرگرتنییان لەو ئاستەی بە پێی هەڵسەنگاندنیان وەزارەت بە گونجاو دەزانین، بەڕێز جەنابی وەزیر ئەگەر هاتوو ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردە پێشتر یاسایەك یان ڕێنمایەكی دەركردبێت كە بەم شێوەیە قوتابی و خوێندكار وەردەگیرێت كەواتە ئەو بڕگەیەی سەرەوە زیادە كە هاتووە بڕوانامەكانییان پێشكەش بكەن بە مەبەستی هاوتاكردنیان لە لایەن وەزارەتەوە وەك بنەمایەك بۆ وەرگرتنیان، لە سێیەمیس دا هاتووە و دەڵێت ئەو قوتابی و خوێندكارانەی لە دەرەوەی هەرێم گەڕاونەتەوە زمانی كوردی یان عەرەبی یاخود هەردووكیان باش نازانن بۆ ماوەی دوو ساڵ لە دەرس یان ئەو بابەتە دەبەخشرێت، من پێم زۆرە دوو ساڵ یان هەر نەیژمێرن یان هەر لە یەك ساڵ زیاتر نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك كاروان فەرموو.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشێك لە برادەران بە دیاری كراوی كاك شێخ زاهر كە پشتیوانی لێ دەكەم باسی لەوە كرد كە ئەم بابەتی دەرەوەی هەرێمە، ئایا دەرەوەی هەرێم عیراقیش دەگرێتەوە، من پێم وانییە دڵنیام مەبەستتان ئەوەیە كە لە دەرەوەی عیراقیش بێ، یەعنی ئەم بابەتە بۆیە ئەگەر بە وازح تری ئاماژەی پێ بكەن، ڕوونتر بێ باشترە، لەبڕگەی (٣) پشتیوانی تەواوی كاك راهی دەكەم، ئەشكالی ئێمە بەڕاستی جەنابی وەزیر زیاتر خوێندنی باڵایە ئەم بابەتە وەكو چیاش باسی كرد، نازانم لە پەروەردە ئەم كیشەیە تا چەند زۆرە، بەڵام ئەشكالە گەورەكە ئەوە نییە كە تۆ چەند ساڵ دەیبەخشی، ئەشكالەكە ئەوەیە كەی فێر دەبیت، چونكە بابەتەكە تەنها زمانی كوردی نییە كە دەكرێ تەنها لە ماڵەوە مومارەسەی بكات و بەڵام كەی بە ڕێزمانی فیری ئەو زمانە دەبێت كە لە

قوتابخانەکان بتـوانن مومارەسـەی بکـا و سـەرکەوتوو بێـت، بـۆیە دوو سـاڵ کەمە بـۆ بەخشـین ئەگەر بکرێ سێ ساڵ بێ باشتریشە، چۆن بەدیلی یەکەم تەعویزی ئەوە چۆن دەکـرێتەوە وەکـو قەرەبـوی خوێنـدنەکە، دووەم چـۆن بەدیلـی فێربـوونەکە دیـاری دەکرێـت، خـۆی ئەمە مـوهیمە بەڕاستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دابان فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبـان، مـاددەی(٤٠) یەکەم/ پێویسـتە وەزارەت ڕێکـاری پێویسـت بـۆ ئاسانکرکردنی وەرگرتنی ئەو قوتابی و خوێندکارانەی لە دەرەوەی هەرێم بگەڕێنەوە بگرێتە بەر، ئەم ڕێکارە پێویستانە ئەگەر ڕێکاری قـانونین پێویسـتە لە قـانونەکەدا جـێگەی بکـرێتەوە، ئەگەر ڕێکارێکی کارگێڕی و ئیدارین ئەوە پێویست ناکات یەعنـی نـابێ واجبـی وەزارەتە، بـۆیە بـڕگەی یەکەمـم بەلاوە زیـادە و پـێم باشـە کە لابـرێ، خـاڵی (٣) تـایبەت بە گەڕانەوەی قوتابیـان لە دەرەوەی هەرێم کە لە زمانی کوردی و عەرەبی ئەگەر باش نین ببەخشرێن، یە عنی پێوەری باش نەبوون چییە؟ کەسێکە ئەگەڕیتەوە ئایا پێوەرەکە چییە واجـب کـراوە کە بخـوێنێ، بەڵام ئەگەر نازانرێ یەعنی ببەخشرێ، خەڵك هەیە قسە ئەکا ئاساییە یەعنـی لە دەرەوەش گەڕاوەتەوە قسـە ئەکات، بەڵام لەوانەی جوگرافی تێ ناگات، لە کوردی تێ ناگات، لە عەرەبی تـێ ناگـات، یەعنـی و ەکو کاك علـی وتـی هەر لە مەفهـومی دەرسـەکانی تـێ ناگـات، پێویسـتە ئەمە موعـالەجە بکـرێ، موعالەجەکەش زۆر زۆر قورسە یەعنی، من پێموایە زۆر زۆر قورسـە، ئەگەر قەرار بـێ کـوردی و عەرەبـی نەخـوێنی بـڕوابکە جـوگرافی لە کـوردی قـورس تـرە، یەعنـی ئەگەر کـوردیەکەی بـاش نەبێت، دوو/ خاڵێکی تر ئەوەیە کە دەڵێ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم گەڕاوەتەوە کەواتە هاووڵاتی هەرێـم بـووە و لە دەرەوە گەڕاوەتەوە، ئەی ئەگەر کەسـێکی بیـانی بێتـع لە قوتابخانەکـان دا بخوێنێ ئەوەیان چۆن موعالەجە ئەکرێ؟ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله سەبارەت بە خاڵی (٢) لە بڕگەی (٢)ی مادده (٤٠) باس لە هاوتـاکردنی بڕوانامەکـان ئەکـات، ئایا وەزارەت پێوەر و سیستمی خۆی نییە بـۆ چـۆنیەتی هاوتـاکردنی بڕوانامەکـان؟ بـۆ دەبینـین یەعنــی هەمیشــە ئەو قوتابیــانەی کە دێــنەوە لە هەرێمــی کوردســتان کێشــەی هاوتــاکردنی بڕوانامەکانیان هەیە، زۆر بەڕاستی ئەزیەت و ناڕەحەتیان هەیە، ئایا کاتێـك کە ڕێـگە بە قوتـابی دەدرێ لە دەرەوە بخوێنێ، یەعنی سیستەم وپێوەریان نییە کە بە چ پێوەرێك دەچن بـۆ دەرەوە دەخوێنن دوایش بەو پێوەرەی کە ڕێگەیان پێـدراوە هاوتـا بکرێ، لەم ڕۆژانە یەکێـك پەیوەنـدی پێوە کردم کاتی خۆی سێ دەرەجەیان پێداوە یەعنی قەراری سێ دەرەجانیـان هەبـووە، (٨٢) یـا

هەبووە چۆتە دەرەوە ئێستا هاتۆتەوە بڕوانامەکەی بۆ هاوتا ناکەن دەڵێن ئەتو ٨٢ هەبووە چۆن چوویە دەرێ؟ دەرێ کاکە قەراری خۆتان هەبووە یەعنی ئایا مەبەستم ئەوەیە پێوەرێك نییە بۆ ئەمانە؟ یەعنی بۆچی کابرا تووشی ئەو گرفتاریەی بکرێت، هەر لە بنەڕەت دا یان ڕێگەی پێ نەدرێ یان کە ڕێگەی پێدرا بۆ هاوتا ناکرێت، ئەمە یەك، دوو/ هەر سەبارەت بە بڕگەی (٢) ئەو دوو مەرجەی بۆ دانرابوو بڕای من وەزارەت یەعنی لێرە مەرجەکان نەنووسێ، ڕێنمایی هەبێ بۆ ئەم بابەتە، بۆچی دەستی خۆتان دەبەستن، یەعنی ئیحتمالی هەیە سبەی بڕگەیەك لێری زیاد بکرێ، ئیحتمالی هەیە کەم بکرێت، ئیحتمالی هەیە شتی نوێتان بۆ بێتە پێشێ، بەڕای من هەر خاڵی دووەم ئەو قوتابی و خوێندکارانەی لە دەرەوەی هەرێم دەگەڕێنەوە لە ساڵێك زیاتر لە دەرەوەی هەرێم نیشتەجێ بوون مافی خوێندنیان هەیە و تەواو، دوایی وەزارەت بۆ خۆی ڕێنمایی هەیە بە پێی ڕێنماییەکان دەگۆڕێت، لە بڕگەی (٣) پشتگیری کاك دابان و کاك علی و ئەو برادەرانە دەکەم زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شنۆ خان فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی کاك ڕاهی و کاك چیا و کاك کاروان ئەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی قسەکانی کاك کاروان ئەکەم لەبڕگەی/٣.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستتان خۆش ئاوا زۆر باشە، سوپاس، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادده (٤٠) منیش هەمان پرسیار کاك د.محی الدین م هەیە ئایا منداڵانی عێراق و ئاوارەکانیش ئەگرێتەوە، ئەوە زۆر گرنگە ئەگەر جەنابی وەزیر وەڵاممان بداتەوە، بۆ بڕگەی (٣) پشتگیری لە کاك راهی و کاك دابان و مژدە خان و کاك کاروان و کۆی ئەو هاوپیشانەم ئەکەم کە سەبارەت بە ئەو دوو ساڵە قسەیان کرد، پشتگیری لە مامۆستا عبدالستار ئەکەم سەبارەت هاوتاکردنی بڕوانامەکان کە هەمیشە گرفتی زۆر بۆ قوتابیان لە هەرێمی کوردستان دروست دەکرێ و زۆر کەیسیشمان سەبارەت بەو بابەتە لایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٠) قسەکانی من کرا پشتگیری لە ڕەئی کاك علی و کاك دابان و روپاك خان و مامۆستا عمر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستتان خۆش زۆر سوپاس، مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە منیش پشتگیری لە کاك کاروان و د.اسماعیل و کاك راهی و کاك یاسین ئەکەم، بەڵام پرسیارێکم هەبوو لەو بەڕێزانەی کە شارەزایی و ئەزمونیان هەیە ئەوانەی کە ڕەگەزنامە و ئیقامەی وڵاتانی ئەوروپیان هەیە، ئایا لەوێش خوێنکار مەرج نییە زمانی دایك و زمانی ئەو وڵاتە فێر ببێ؟ بۆیە ئەگەر ئەم بڕگەی (٣) هەر بۆنێکی دەست بەرداربوون یان بە کەم گرتنی زمانی کوردی لێ بێ بەڕاستی ئەبێ ئەمە بەری لێ بگرین، دەربارەی هەرێمیش لەڕاستی دا ئەم ماددەیە پێناسە کراوە، بڕگەی (١)ی ماددەی (١) کە هەرێم هەرێمی کوردستانی عیراقە، بەڵام ئەوە جیایە کە لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێما بە سنووری کوردستان لە قەڵەم دراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر ئەگەر لە دوو دەقە؟ کاك یاسین ناوت نەنووسراوە، بەڕێزان کە ناو نەنووسرێ تکایە، ئەگەر بە نووسین بینووسی زۆر سوپاستان دەکەین، کاك ئالان فەرموو.

**بەڕێز ئالان حمەسعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو قوتابیانە لە پۆلا دەمێننەوە، بەڵام لە ماوەی ئەم دووساڵە دەبەخشرێن، ئەگەر خاڵی (٣)تان بەلاوە ئاسایی نییە با هەر نەبێ، یەعنی ئیعتیادیە بە نیسبەت ئێمەش وەکو وەزارەت، بەڵام بۆ هەندێ عایلە گرفت دروست دەکات بەڕاستی ئەوانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان و منداڵەکانیان لە زمانی کوردی نەیان خوێندووە، نەیان توانیوە مافی زمانی کوردیان بۆ دەستەبەر بکرێ، دەبێ واقعی بین ئیعادەی تەئهیلیان ئەوێ هەتاوەکو ڕادێن ئەمە بە کەم سەیر کردنی زمانی کوردی نییە، بەڵام نەشتانەوێ بمێنێ یا نەمێنێ، بەس تەنها لەسەری یەك قسەی کاك چیا کە باسی تەسدیقی شەهادات زۆری پێ ئەچێ و جەنابیشیان فەرمووی لەو بابەتە ساختەکاری ئەکرێ، بەڕاستی ئێمە فلتەرمان هەیە و شێوازی کارکردنمان هەیە پەیوەندیمان لەگەڵ وەزارەتی دەوڵەتان هەیە حەتا ئیمەیل نەکەینە ئەو قوتابخانەیە بە تەواوەتی بە ئیمەیلی فەرمی حکومەت وەڵامەمان نەدرێتەوە ئێمە هیچ شەهادەیەك تەسدیق ناکەین، لەبەرئەوە تووشی ڕۆتین ئەبین شەهادەیەك لە قوتابخانەیەك لە سوید داوا ئەکەین تووشی ڕۆتین ئەبین، بەڵام ئیجرائاتەکانمان تۆزێك سارمن، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دەست خۆش ماددەی (٤١) فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مافی گواستنەوەی قوتابیان و خوێندکاران

ماددەی (٤١): قوتابیان و خوێندکاران مافی گواستنەوەیان بە گوێرەی ئەو مەرجانەی وەزارەت دیاری دەکات هەیە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ بەڕێزان بەس تەنها یەك تێبینی بچووك بەڕێزان ئەمە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمە لەسەر یاسای پەروەردە گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددانە ئەکرێ، ئەمە دانیشتن نییە بە پێی ماددەی (٦٦)، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵمان داوە دەرفەتێك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی تەئسیر لە خوێندنەوەی دووەمەکە نەکات بەڕێزان تکاتان لێ ئەکەم، بەڵێ بەڕێزان ئەو بەڕێزانی ئەیانەوێ لەسەر ماددەی (٤١) گفتوگۆ بکەن، بەڕێزان: بدریە خان، کاك د.محی الدین، کاك د.اسماعیل، مامۆستا عمر، کاك د. هەورامان، کاك یاسین، سەوسەن خان، شێخ ظاهر، کاك نزار، کاك چیا، مامۆستا خدیجە، تەواو، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددە (٤١) قوتابیان و خوێندکاران مافی گواستنەوەیان بە گوێرەی ئەو مەرجانەی وەزارەت دیاری دەکات هەیە، من لە زۆر شوێنی دیش لەڕووی سیاغەکردنی قانونی واباشترە بە گوێرەی ئەو مەرجانەی کە لە چوارچێوەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەری دەکات باشترە لەرووی سیاغە کردن باشترە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکەی شێخ زاهر دەکەم و تێبینی دووەمیشم ئەوەیە قوتابیان خوێندکاران مافی گواستنەوەیان هەیە بە گوێرەی ئەو مەرجانەی وەزارەت دەری دەکات بۆچی بە ڕێنماییش جێ بەجێ ناکرێ جەنابی وەزیر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەوسەن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینیم لەسەر ڕێکخستنەوەی ئەو ماددەیەیە کە بەو شێوازەی لێ بکرێت قوتابیان و خوێندکاران مافی گواستنەوەیان هەیە بە گوێرەی ئەو مەرجانەی وەزارەت بۆیان (دوایی) دیاری دەکات، چونکە دوو فعل لە دوای یەك نەیەت لە ڕستەدا جوانترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من تێبینیەك هەبوو بۆ جەنابێ وەزیری ئەڤە دبیتە بارگرانیەکی زۆر سەر وەزارەتێ، لە هیچ دەولەتەکی دا من نەدیتیە کو ڤەگواستن ڕێکخستنا وی وەزارەت بکات، هەر دایکەك و باب ڕێکخستنا ڤەگواستنا و ئەرکێ وییە بۆ ماڵباتێ بۆ قوتابی بگەهینیتە قوتابخانا، ئەگەر هاتوو سبە د کۆستەرەکی دا یان تەکسیەکی دا قوتابیەك بێتە ڕەڤاندن ئایا دێ وەزارەت تەحەمولا مەسئولیەت دکات، بۆیە جهێ نەبت ئەڤ بارگرانیا کە بسەر وەزارەتێ هەر دایك و باب بەرپرسە ژ ڕێکخستن و گەهاندنا قوتابی بۆ قوتابخانێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەو ماددەیە بخرێتە سەر ماددەی (٣٩) و بکرێتە برگەی (٥) لە ماددەی (٣٩) یەعنی مافی وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران و بلێین گواستنەوەیان یەعنی ئەوەش هەر یەك ماددەیە یەعنی لەژێر یەك تەوەر دەوەستێ ئەو بابەتە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شایان خان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکەصالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، تێبینیکەی من تەنها بۆ ئەوەیە ڕەنگە هەڵەیەکی مەتبەعی هەبووبێ و تێپەڕ بووبێ بەسەر بەڕێزان لە وەزارەت یاخود ئەندامانی لیژنە، لەلاپەڕە (٤٠) ئاماژەتان داوە تەوەری (١٢)یەم، لەلاپەڕە (٤١) یەکسەر بووە بە تەوەری (١٤)یەم نەك (١٣)یەم، پێموایە دەبێت ببێتە تەوەری (١٣)یەم ئینجا دوای ئەوە تەوەرەکانی تریش چاك بکرێت، تەوەری (١٥)یەم دەبێتە (١٤)یەم، تەوەری (١٦)یەم دەبێتە (١٥)یەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك شێخ زاهر دەکەم، بەڵام ئەو خاڵەی پێشوو دەتوانم بیلێم ئێستا؟ والله قسە لەسەر ئەوەی کراوە لەسەر ماددەی (٣) کە دەڵێ ئەوانەی لە ئەوروپا دێنەوە، ئەی ئەدی ئەو خوێندکارانەی بە ئینگلیزی و بە فەرەنسی دەخوێنن خۆ هیچ زمانی کوردی نازانن ئێستا رستەیەکی خەبەری تێ ئەگەی لێیان بپرسە نازانن بکەر و فەرمان نازانن، ئەوانە چ لێ دەکەن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ماددەی (٤١) لەڕاستی دا من وای بە زەرور دەزانم کە لێرە مەرجەکان دیاری بکرێت، ئەو مەرجانە چین کە دیاری ئەکرێن، لێرە ئەگەر ئاماژەی پێ بکرێت پێموایە باشترە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینی مامۆستا هەورامانم هەیە پێویستە دەسەڵاتەکان دیاری بکرێ بۆ ئەوەی ناعەدالەتی دروست نەبێت کە دیاری کرا بۆ نموونە وەکو تەقریری توبی و نەخۆشی و کێشەی کۆمەڵایەتی ئەمانە گرنگە دیاری بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.محی الدین فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن گواستنەوەی قوتابیان بە تایبەتی لە وەزری دووەمی خوێندن کێشەیەکی گەورە دروست دەکات بە تایبەتی بۆ قۆناغی ٩ی بنەڕەتی و لەگەڵ پۆلی (١٢ی ئامادەیی، بۆیە نازانن ئێستا مەرجەکانی پێش وەختە تا قسە لەسەر مەرجەکان بکەین، بەڵام من پێم باشە وەزارەت ئەوەی لەبەرچاو بێ لە وەرزی دووەمی خوێندن بە تایبەتی بۆ قۆناغی ٩ و ١٢ یەم، مەرجی توندتر دابنێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز د.اسماعيل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێ خۆش بوو سێ، چار پەرلەمنتارا گۆتی مەبەست دەرەوەی هەرێم چییە، دەرەوەی عیراقە یان ژی دەرەوەی هەرێم مەعروفە حدودی هەرێم، مە بەرسڤ نە وەرگرت مە پێ خۆش بوو بەرسڤ وەرگرت با چونکو وەسا بمینیت بێ شك د بیتە جهێ ئیختلافێ، بێ شك، چونکی وەکو تەعریفا داهاتی هەرێم هەرێما کوردستانێ جوگرافیای مەعلومە ل کیری حەتا کیرێیە، ما نەئەڤێ میسل بهێت ژ دگریت بێژیت تەعامولا دەرەوەی هەرێمێ دگەل تە کەین و پێتڤیا کوردی بێتە عەفوکرن، فە ئەم پێ خۆشە وەڵاما خۆ وەرگرین، یا دوویێ ئەز پشتەڤانیا حاجی نزاری دکەم ئەڤە بە ڕێنماییا بێتە چارەسەر کرن ڤە گواستنا قوتابیا باشترە ژ ڤێ گاڤێ و سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا عمر فەرمو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی (٤١) دوو پێشنیارم هەیە، پێشنیاری یەکەم بۆ ئەوەی ڕوونتر بێ دیارە گواستنەوەی قوتابیانە لە قوتابخانەیەك بۆ قوتابخانەیەکی تر ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، مافی گواستنەوەیان هەیە لە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی بۆ دامەزراوەیەکی تری پەروەردەیی، خاڵی دووەم ئەوەیە کە پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا هەورامان و بدریە خان ئەکەم پێم باشە مەرجەکان دەست نیشان بکرێن، ئەم پەیڕەوە زۆر شتی داوە بە سیستەم و بە پەیڕەو و ئەم یاسایە بە ڕێنمایی و بە بڕیاری وەزارەت بۆیە من بۆ ئەوەی ئەم بابەتە کێشەیەکە لە قوتابخانەکان دا حەسر بکرێ و قوتابی مافی خۆی بزانێ وئیدارەی خوێندنگە بزانێ لە چ کاتێك دا ئەرکی هەیە دەسەڵاتی هەیە لە بابەتی گواستنەوە بەکاری بهێنێ لێرە دەست نیشان بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر ئەگەر لە ماوەی دوو دەقیقە ڕوونکردنەوەیەك بدەی فەرموو.

**بەڕێز ئالان حمەسعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر زۆر سوپاس، تەنها ئەوەیە ئەم ماددەیە ئیقراری حەقە، ئیقراری حەقی گواستنەوەی قوتابیان و خوێندکارانە لەناو ناوەندەکانی خوێندن، هیچی دیکە نییە، وردەکاریەکەی بە ڕێنماییەك ئەکرێ و پرۆسەکەش لەڕێگەی سیستمێکی دیجیتاڵیەوە ئەنجام دەدرێ و سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (٤٢) بەڕێزان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری پانزەیەم/ کارو ڕەفتارە ڕێ پێنەدراوەکان

ماددەی (٤٢):

١-ئەو کـارو ڕەفتـارانەی لەگەڵ پەیـامی پەروەردە و فێرکـردن نـاگونجێن لە دامەزراوەکانـدا ڕێ پێنەدراون بە تایبەتیش ئەمانەی خوارەوە:

١/ هەڵگرتنی چەك و ئامێری بریندار کەر و مەترسیدار.

٢/ جگەرەکێشان و نێرگەلە کێشان بەهەمووجۆرەکانیەوە.

٣/چالاکی دوور لە پەروەردە و فێرکردن و ڕێکلامی بازرگانی و چالاکی سیاسی.

٤/بەکارهێنانی توندوتیژی جەستەیی و دەرونی و مەعنەوی و رەفتاری یەکتر شکاندن.

٥/ بەکارهێنان و خستنەڕووی ئەو دروشمانەی لەگەڵ بنەماکـانی پێکەوەژیـانی ئاشـتیانەی گەلـی کوردستان ناگونجێن.

٢-ئەو کەسـەی سـەرپێچی خاڵەکـانی بـڕگەی یەکەمـی ئەم مـاددەیە دەکـات ب پێـی ڕینمـایی وەزارەت سزای کارگێری دەدرێت بێ ئەوەی ڕێگە لەهەر سزایەکی دیکە کە لە یاسایەکی دیـکەی بەرکار دا دەق نووس کراوە بگرێ.

٣-بنەماکـانی پەیـڕەوی خوێنـدن و ڕێکخسـتنی هەڵسـوکەوتی قوتابیـان و خوێنـدکاران بە پێـی ڕێنمـایی وەزارەت ڕێـك دەخـرێن، بە ڕەچـاوکردنی ئەوەی کە سـزای دورخسـتنەوەی قوتابیـانی قۆناغی بنەڕەتی لە ماوەی یەك ساڵی خوێندن دا نابێت لە دە ڕۆژ زیاتر بێت.

سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ لەسەر ئەم ماددەیە گفتوگۆ بـکەن بـا دەسـت بەرزبـکەنەوە تـا ناوەکان تۆمار بکەین؟ بەڵێ بەڕێزان ئەو بەرێزانەی ئەیانەوێ گفتوگۆ لەسەر ماددەی (٤٢) بـکەن بریتین لە بەڕێزان: کاك د.محی الدین، کاك د.اسـماعیل، کـاك دیـاری، بـدریە خـان، مامۆسـتا عمـر، مامۆستا ابوبکر، سەرچنار خان، هلز خان، کاك مسـلم، کـاك عبدالسـتار، گولسـتان خـان، گولسـتان سعید، کاك لوقمان، د.هەورامان، شادی خان، شیرین خان، شیرین یونس، کاك بەڵێن، شیرین خان، شیرین امین، کاك یاسین، کاك کاروان، کاك محمد، کاك چیا، مامۆستا خـدیجە، کـاك رزگـار عیسـی سوار، ژیان خان، سوسن خان، کاك شێخ زاهر، سارا خان، روبینە خان خان، کاك هیمداد، کـاك مـم اسکندر، لیزا خان، مامۆستا شەمۆل، ئاشنا خـان، د. گەلاوێـژ، نجـاة خـان، کـاك جمـال، کـاك علـی، ئەبوایە بمان وتایە کێ نایەوێ قسە بکـات دەسـت بەرز بکـاتەوە وا دەقیـق تـر بـوو، نجـات خـان فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددێ (٤١)ی بڕگەی (٣) دورخستنا قوتابیان کار و رەفتارێت وان، نابیتن یدورخستن هەبیت، چونکو لێرە ئەکا ئەم بەری خۆ بدەینێ، بابەتەکی نزیکی حەفت ماددە هەبن، شەش ڕۆژا دەوامێ دکەن، هەکا تو فی دە ڕۆژا بکەی دبنە چەند سەعات بێتە دابڕین قوتابی مەعنا وێ هەکای بزڤریتەڤەش ژ کارتێکرنەکا گەلەك خراپ سەر بیتن و بەڵکی نەشێت تەعویز کات، لبەر هەندێ دوورخستن نەبیتن، بەس ئەو دی شیرەت هەبت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من ئەمە یەکێکە لە ماددە گرنگەکانی ئەم پڕۆژە یاسایە، کە باسی کۆمەڵێك شتی کردووە کە ڕێگەپێ نەدراون لە دامەزراوەکانی پەروەردە و فێرکردن، من پێشموایە ئەوە هەردوو چین بگرێتەوە، یەعنی مامۆستاش بگرێتەوەو قوتابیش بگرێتەوە ئەو خاڵانەی کە باسکراوە، بۆ هەردوولا پێویستە، هەروەك چۆن مامۆستا پێویستی بەوە هەیە شکۆی بپارێزرێ و ڕێزی بپارێزرێ قوتابیش پێویستی بەوە هەیە کە دڵنەوایی بکرێ دەستی بەسەردا بهێندرێت و گوێی لێ بگیرێ و بەدوای گرفت و کێشەکانی دابچی، لێرە من بەڕاستی بە پێویستی دەزانم ماددەیەکی بۆ زیاد بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە سەبارەت بە مامۆستایان کاتی خۆی ئەوانە پڕۆژەشیان پێشکەش کردووە، داوایان کردووە کە شکۆی مامۆستا بە یاسا یا بە ئەنزیمەیەکی ناوخۆیی بپارێزرێ، چونکە ئەگەر مامۆستا شکێنرا ئەگەر بەڕاستی ڕۆڵی مامۆستا بێ ڕێز کرا قوتابیش پەروەردە ناکرێ، من عەرزت بکەم لەم ڕۆژانە نموونەیەکم هەیە مامۆستا هەیە لە مەکتەب بە مدیرەکەی گوتووە کاکە من لەبەر فڵان تەڵەبەی دیارە بێڕێزی بەرامبەر کردووە و وەڵامی داوەتەوە کاکە دەوام ناکەم نەچۆتەوە مەکتەبێ گوتوویەتی تا ئەم تەڵەبە لێرە بێ من دەوام ناکەم، یەعنی بۆ وای لێ بێ مامۆستا نەتوانێ دەرس بڵێتەوە، بۆیە من بە پێویستی دەزانم ئێمە بڕگەیەك زیاد بکەین کە وەزارەتی پەروەردە ڕێبەرێك دەردەکات بۆ پاراستنی شکۆی مامۆستا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە بۆچوونەکانی نەجاة خان ئەکەم، هەروەها لێرە لەم ماددەیە باس لە کاروڕەفتارە ڕێپێ نەدراوەکان ئەکا، باسی لە هەڵگرتنی مۆبایل و ئامێرە زیرەکەکان نەکردووە، پێم باشە ئەگەر بکرێت لێرە خاڵێك بۆ بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە زیاد بکرێت، بەم شێوەیە

خاڵی (٦) بەکارهێنانی ئامرازە زیرەکەکان جگە لەوانەی کە قوتابخانە بۆ قوتابی دیاری دەکات، قەدەغەیە لەلایەن قوتابیانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی لیزا خان و نەجاة خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مم فەرموو.

**بەڕێز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای وێ کو پشتگیریا ئاخافتنێت نەجات خان و لیزا خانێ دکەم، هەمان دەمدا ئەڤان هەر سێ بڕگەیەن ماددەیی (٤٢) ی ئەز هوسا ئەز هەس پێ دکەم کو دەربارەی قوتابی و سەرپێچی و زێدە گاڤیەن قوتابیا هاتینە نڤیساندن، قوتابی و مامۆستا تەمام کەرێ ئێکن بۆ پەروەردە کرنا جیلەکی پێگەهەشتی و پڕی مەعریفەت، ئەی ئەگەر مامۆستا دگەل ڕێزێت من بۆ هەمی مامۆستایا و کارێ وان و پیشەیەت وان، ئەگەر مامۆستای هەمان ڕەفتارێت نە لایەقیە نە جهێ خۆ بەرامبەر قوتابی کرن بۆچی بەحسێ ڤی بابەتی ژی لێرەدا نەهاتیە کرن، بۆچی بەرپرسیاریەتیا هەمی لسەر ملێت قوتابی بیت، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی پشتگیری بەڕێز نەجاة خان و بەڕێز عبدالستار دکەم، ماددێ (٤٢) بڕگەی (١) ئەوەی کە باس دەکاتن ئەو کارو رەفتارانەی کە لەگەل پەیامی پەروەردە و فێرکردن ناگونجێن لە دامەزراوەکان دا ڕێگە پێنەدراون بە تایبەتیش ئەمانەی خوارەوە لابرێتن بنووسرێتن بریتیە لە، بە هەمان تایبەت سێ بڕگە حەز دەکەم زیاد بکرێت، بەڵام تەسەلسولەکە با لیژنە خۆی بریار لەسەر بداتن لە کێ ئەنگونجێتن، ئەویش بریتیە لە بەکارهێنان و کڕین و فرۆشتنی هەر ماددەیەکی هۆشبەر و حەب لە ناو حەرەمی قوتابخانەکان، بڕگەی تر: بەکارهێنان و خواردنەوەی ماددە ئەلکهولیەکان، بڕگەیەکی تر: بەکارهێنانی خراپی تەلەفۆن و هەموو جۆرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بە پەروەردە و قوتابخانە لە حەرەمی قوتابخانەکان، بڕگەی ئاخر پشتگیری نەجات خانم پێشەکی کردووە و پێموایە ئەم بڕگەیە زیاد

بکرێــت کە پێویســتە لەبــری دورخســتنەوە قوتــابی یــان دەروونناســەك ببینیــتن یــان بەشــی کۆمەڵناسەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ژیان خان فەرموو.

**بەڕێز ژیان طاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بــرگەی (٣) دا بنەماکــانی پەیــڕەوی خوێنــدن و ڕێکخســتنی هەڵســوکەوتی قوتابیــان، ئەدی هەڵســوکەوتی مامۆســتایان چــی بەڕێــز ســەرۆکی پەرلەمــان، کــێ ئەدا و کــاری مامۆســتایان هەڵدەسەنگێنێ؟ لە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکان حەتا لە وڵاتە مامناوەندەکانیش پێش کۆتایی هەر وەرزێك لەڕێگای قوتابیــانەوە مامۆستایان هەڵســەنگاندنیان بــۆ دەکرێــت، ئەوەش لەڕێگــای دابەش کردنی فۆرمی ڕاپرســی هەڵســەنگاندن لەلایەن کــارگێڕانی قوتابخانەکــان، بــۆیە پێشــنیار دەکەم برگەیەك زیاد بکرێت بەم شێوەیە: ٤/ فــۆرمی ڕاپرســی هەڵســەنگاندن لەلایەن کــارگێرانی قوتابخانەکــان بە کــار دەهێنــدرێت بــۆ کــۆکردنەوەی زانیــاری لە خوێنــدکاران ســەبارەت بە ئەزمونەکانیان لە قوتابخانەکە کوالتی پەروەردەکە و هەر پێشنیارێك بــۆ باشــترکردنی پەروەردە کە بەکاربهێندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمدعلی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مــاددە (٤٢) خــاڵی (١) ئەو کــارو ڕەفتــارانە کە دیــاری کــراوە لەو خــاڵە بە ڕێ پێــنەدراو واتــا قەدەغەکــراو، پرســیاری مــن ئەوەیە لە وەزارەت یــاخود لە لیــژنەی تایبەتمەنــد ئەگەر کارێــك بە قەدەغە دانرا ئەی نابی عقوبەکەشی بۆ دابنێی بەپێی مەبدەئی (لاجریمە لاعقوبە الا بالنص) لەو یاسایە تەماشام کردووە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان نــازانم نە ئەمــن نەبینیــوە یــاخود تێیــدا نیــیە، هــیچ ئەرکێــك لەســەر قوتــابی دانەنــراوە، یەعنــی قوتــابی پابەنــدە بە ئەنجامــدانی ئەوانە بــۆیە پێشنیار دەکەم چەند مــاددەیەك زیــاد بکرێــت بە نمــوونە پابەنــد بــوونی قوتــابی بە کــاتی دەوام، ڕێزگرتنــی مامۆســتا و قوتابیــانی هــاوڕێی، ســێ/ پارێزگــاری کــردن لە قوتابخــانە و کەلوپەلەکــان لەڕووی خاوێنی، بەکارنەهێنانی مۆبایل لەناو هۆڵی خوێندن، چەنــدینی تــریش ئەوانە هەروەکــو (علــی ســبیل المثــال)ە (لا علــی ســبیل العصــر)، خــاڵی دووەم/ ئەو کەســەی ســەرپێچی خاڵەکــانی برگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەکات بەپێــی ڕێنمــایی وەزارەت ســزای کــارگێڕی دەدرێــت، ئایــا چ جۆرە سزایەك کە دیاری بکرێت بە چ شێوەیەك سزا دەدرێت؟ خاڵی (٣) دورخســتنەوەی قوتــابی قۆنــاغی بنەڕەتــی لە مــاوەی یەك ســاڵی خوێنــدنی دا نابێــت لە دە ڕۆژ زیــاتر بێــت، ئەی ئەگەر قوتابییەکە چا نەبوو یاخود هەروەکــو خــۆی بە ڕەفتارەکــانی باشــتر نەکــرد ئەو دە ڕۆژە پێمــوابێ لاببرێت تا چــا بــوونی ڕەفتارەکــانی قوتــابی، پشــتگیری کــاك رزگــار عیســی دەکەم لە خــاڵی زیــاد کردنی ئەو برگەیەی کە باسی کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك لوقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٢) لەڕاستی دا ئەم ماددەیە زۆر بە شێوازێکی مەتاتی دیاری کراوە و پێویستی بە داڕشتنەوە هەیە، بۆیە زۆرێك لە ڕەفتاری تر هەیە کە ئەچێتە چوارچێوەی ڕەفتارە ڕێگەپێنەدراوەکان، بۆیە پشتگیری لە هەموو ئەو ڕایانە ئەکەم کە داوای پێداچوونەوە بەم ماددەیە دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٢) پێم باشە لە خاڵی (٢) کە بڕگەی (١) جگەرەکێشان و نێرگەلەکێشان و ماددەی هۆشبەر و کحولیەکان زیاد بکرێ، ئەم خاڵانەش لە دوای چوارەمەوە دەست نیشان بکرێ دەست درێژی کردن بۆ سەر شکۆی مامۆستا و هەڕەشەکردن لێی، قەدەغەکردنی ئامێرەکانی پەیوەندی، حەوتەمیان زەرەروزیان گەیاندن بە ئامێر و کەرەستەکانی دامەزراوە پەروەردەییەکان، دەستتان خۆش بێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شادی خان فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٤٢) یەکەم خاڵی (٤) بەکارهێنانی توندوتیژی جەستەیی و دەرونی و مەعنەوی و ڕەفتاری یەکتر شکاندن، ئەگەر ئەم خاڵە مەبەست لێی بوڵین یاخود تەنەمور بێت ئەوا ئێمە پێویستە وشەیەکی دیاری کراو لە زمانی کوردی دا یاخود دەستەواژە عەرەبیەکەی یان ئینگلیزیەکەی بەکار بێنین، چونکە بوڵین یاخود تەنەمور لە ئێستا یەکێکە لە کێشە هەرە گەورەکانی هەموو سیستمەکانی پەروەردە لەسەرتاسەری دونیایا، بۆتە هۆکاری ئەوەی کە دەیان کێشەی جۆراوجۆر لەناو خوێندنگاکان دا دروست ببێ ئەبێتە هۆکاری سەرەکی ئەوەی هەموو ئەوخاڵانەی دیکە کە ئاماژەی پێدراوە لەم خاڵی یەکەمەی ماددەی/٤٢ دا دروست ببن، بۆ ئێمە پێویستمان بەوەیە هەر بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو دیاردە ترسناکەی کە ئێستا لە سیستمی پەروەردەکانی دونیادا هەیە و لە ئێستادا لا ئێمەش هەیە و دیاردەیەکی زۆر زەقیشە، لە خاڵی دووەم ئەو ڕێنماییەی کە دەردەکرێ تەنها بۆ ڕێکخستنەوەی سزاکان نەبێ، بەڵکو بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دیاردەکە بێ بەشێوەیەکی ئەساسی و سەرەکی بتوانێ ئەو ڕێنماییە گشتگیر تر بێ بۆ ئەوەی کە لە سەرەتاوە و پێش دروست بوونی ئەم کێشە و ئەشکالیەتانە پێویستمان بەوە بێ دە ڕۆژ خوێندکارە، قوتابیە دوربخەینەوە لە سیستمی خوێندن بە ڕێنمایی ڕووبەڕووی

دیاردەکە ببینەوە، هەروەها ڕاستەیەکەی من بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نیم کە ئەو دە ڕۆژە دەستکاری بکرێ، بەڵکو لەگەڵ ئەوەم کە وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەست بکەوێ کە شێخ زاهر کردی، ئەی ئەگەر خوێندکارێك، قوتابیەك ئەو دە ڕۆژە کافی نەبوو بۆ رووبەڕبوونەوەی کێشەکەی ڕێکاری چارەسەری تر ڕێنماییەکە دیاری ئەکات یاخود پێویستمان بە بڕگەیەکی تر هەیە لە یاسایەکە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە خاڵی (٣) لە بڕگەی (١) چالاکی دوور لە پەروەردە و فێرکردن و ڕێکلامی بازرگانی و چالاکی سیاسی، لەڕاستی دا یەکێك لەو گرفتانەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە ئێمە سەندیکایەکی تایبەتمان نییە لە خوێندکاران، لە جیاتی ئەم سەندیکایانە ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و قوتابیان سەر بە هەر ئەحزابێکی سیاسی بن خۆیان شێوازی نوێنەرایەتی کردنی ئەمانن، ئەمانە چالاکی ئەکەن لە ناوەندەکانی خوێندنا و بێگومان ئەبێ بە چالاکی سیاسی ئەژمار بکرێ و قەدەغە بکرێ لە کاتی قەدەغەکردنیا من دڵنیام لەوەی کە وەزارەتی پەروەردە هەم لەگەڵ ئەحزابی سیاسی تووشی گرفت ئەبێ و هەم لەگەڵ ڕیکخراوەکانی خوێندکاران و قوتابیان، لەبەرئەوە پێویست ئەکا ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر بەین لەسەر ئەوەی ئایا چالاکی سیاسی کێ ئەنجامی دەدا و چۆن ڕێوشوێنی قەدەغەکردنەکەی ئەگیرێتە بەر، پشتیوانی لە ڕای لیزا خان و هاوڕێکانی تریشم ئەکەم کە یەعنی ئەبێ ڕێوشوێنێك دابندرێت بۆ شێوازی مامەڵە کردن لەگەڵ ئامێرەکانی پەیوەندی کە لە ڕاستی دا ئێستا یەکێ لە گیروگرفتە هەرە گەورەکان نەك لەنا قوتابخانەکاندا لە ناو خێزانەکان دا لە هەموو کوچە و کۆڵانێکی ئەم وڵاتە ئەوەیە کە ئامێرەکانی پەیوەندی خراپ بەکارئەهێنرێ جا ئەم خراپ بەکارهێنانە بشکەوێتە ناو ناوەندەکانی خوێندنیش کارەساتی تر دروست ئەکات، پشتیوانی لە قسەکانی کاك شێخ زاهر ئەکەم لە علاج کردنی ئەو ددە ڕۆژە یەعنی چۆن مامەڵە ئەگەر لابرێ چی ئەکەین ئەگەر وەکو خۆی بێنێتەوە پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارە وەربگرینەوە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان (٣٧) بەڕێز ناویان تۆمار کردووە لەسەر ئەم ماددەیە گفتوگۆ بکات، تکاتان لێ ئەکەم بەپێی پەیڕەو کە بەڕێزێکتان ڕایەك ئەخاتەڕوو بەڕێزێکی دوای ئەویش هەمان ڕای هەیە بەس بڵێ پشتیوانی لێ ئەکەم نەك دووبارەی بکاتەوە لەبەر وەقت، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمەصالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، والله من چەند پێشنیازێکم هەیە بەشێك لەمانە ئێستا بە قەرار تەحسیل حاسڵە و یەعنی ڕێگری لێکراوە، بەشێکیان پێویستی بەڕوونکردنەوەیە کە ئەڵێی جگەرە کێشان لە هەموو ناوەندەکانی پەروەردە واتا مامۆستا بۆی نەبێ لە داخڵی قوتابخانەشا

جگەرە بکێشێ، ئەوە تەفسیرەکەی ئەمەیە، جێ بەجێ ناکرێ یەعنی ئەوە هۆڵەکانی خوێندن ئەگرێتەوە زیاتر، من پێم باشە چالاکی سیاسی بکرێتە خاڵێکی سەربەخۆ کاری حزبی و چالاکی سیاسی، یەعنی هەر قوتابیان و خوێندکاران نین کاك بەڵێن ئاماژەی پێدا لە زۆرێك لە مەکتەبەکان دا ئابوونە کۆئەکرێتەوە، کۆبوونەوەی حزبی ئەکرێ، یەعنی کاری زۆر حزبی ئەکرێت، لە هەڵواسینی تابلۆ و رەسم و هەتا ئەخیر... ئەمە بکرێت بە خاڵێکی سەربەخۆ بۆ سزاکان تەبعەن ئەگەر هەر زۆر وردی بکەینەوە من لە ماددەکانی ئەخیرا لە ١٠٠ و ١٠٢ و ئەوانە بینیم بۆ سەرپەرشتیار پێوەر دانراوە، بەڵام زۆر بەڕوونی هەموومان ئەزانین بەڕێوەبەرەکان لەسەر بنەمای حزبی ئایا ماددەیەك جێگیر بکرێ میکانیزمێ دانێ بەڕێوەبەر چۆن دەبێتە بەڕێوەبەری قوتابخانە، ئەسڵەن بەڕێوەبەر و موشریف بەریەککەوتنی زۆر زۆر زیاترە ئایا بە هەڵسەنگاندن بە هەڵبژاردنی ناو مامۆستایان بێ بە پێی خاڵبەندی بێ، یەعنی موشکیلەکان زۆرن هەمووومان ئەزانین، دوو/ دە ڕۆژ دانراوە بۆ سزا من پێم باشە ئەی لە ئەگەری دووبارە بوونەوە؟ ئایا ئەکرێتە ١٥ ڕۆژ ئایا ئەکرێتە فەسڵ، ئەکرێتە فەسڵی کاتی؟ سزاکەی چی ئەبێ و سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە منیش چەند تێبینیەکم هەیە لە خاڵی یەکەمیەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە، خاڵی (٢) جگەرە کێشان و نێرگەلە کێشان پشتگیری لە کاك رزگار عیسی سوار ئەکەم کە ئەو بەکارهێنان و شێوازی بەکارهێنان و ئەوانەشی کرد کە ئەگەر ئەوەشی بۆ ئیزافە بکرێ بەو شێوازە، خاڵی سێیەم ئاوا سیاغە بکرێتەوە هەر دەستتێوەردانێکی حزبی و سیاسی لە پرسە پەروەردەییەکان و دیاری کردنی پۆستەکان لە دامەزراوەکانی پەروەردە و فێرکردنا قەدەغەیە، یەعنی بەو شێوەیەی لێ بکرێتەوە، نەك بەمەی کە ئێستا هاتووە، خاڵی (٤) بەکارهێنانی توندوتیژی ئەوەی بۆ زیاد بکرێ بەرامبەر بە مامۆستایان و قوتابیان و ئەو فەرمانبەرانەی کەوا لە دامەزراوە پەروەردەییەکان و فێرکردندا هەن، چونکە شکۆی مامۆستا گرنگە لێرە پارێزراو بێت و ناوی بهێندرێ، ڕاستە توندوتیژی هاتووە بەس بە موتڵەقی هاتووە، خاڵێکی تر مۆبایل و ئامێرەکانی پەیوەندی کردن لەناو پۆلدا قەدەغە بکرێ، چونکە مامۆستا هەیە جاری وایە لە پۆلا قسە ئەکا بەڵام لە دەرەوەی پۆلدا تەبیعیە مامۆستا بەکاری بهێنێ، بەس لەناو پۆلا، خاڵێکی تری بۆ ئیزافە بکرێ بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و بازرگانی پێوەکردنی، چونکە ماددەی هۆشبەر بە هەموو شێوازەکانیەوە و بازرگانی پێوەکردنیشیان لە ناوەندەکانی خوێندندا لە قەدەغەکراوەکان بن، بڕگەیەکی تریشی بۆ ئیزافە بکرێ، هەرچەند لە ماددەی (٤٣) هاتووە، بەڵام ئەو باسی ڕێکپۆشی کردووە، بەڵام ئێمە لێرە دەڵێ لەبەرکردنی جل و بەرگی نەشیاو و نەگونجاو لەگەڵ داب و نەریت و بەهاکانی خوێندن، ئەو خاڵە ئیزافە بکرێت و سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمەرحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، لەسەر ئەو سەرنجەی كە بەڕێزتان ئاماژەتان پێی كرد ئەگەر خاڵێك یان سەرنجێك لەسەر بڕگە وماددەكانی ئەم پرۆژە یاسایانەی كە خوێندنەوەی دووەمیان بۆ ئەكرێت ئەگەر دووبارە بوو تەنیا پشتیوانی بكرێت، پێشنیاز دەكەم بۆ بەڕێزتان و دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان لە كاتی گفتوگۆ كردن بۆ ماددەكاندا ئەو بەڕێزە و ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە ناو ئەنووسن ئێوەش حسابی ئەوە بكەن بۆ ئەوەی جارێكی دیكە هەر ئەو بەڕێزانە لە پێشەوە قسە نەكەن، دواجار بۆ ئەوانی دیكە خۆت ئەزانی بۆ هەر ماددەیەك یان بڕگەیەك چەند سەرنجێك لەسەری هەیە دواجار هەمووی دەبێ بە دووبارە، بۆیە بۆ ئەوەی هاوڕێیانیش یەعنی ئەو بابەتە بە جدی وەربگرن پێویستە بەڕێزیشتان ڕەچاوی ئەوە بكەن، بەشێكی زۆری سەرنجەكان لەسەر ئەم ماددەیە وترا لەڕاستی دا من پێموایە ئەم ماددەیە پێویستی بە زۆر فراوانتر كردن هەیە، بەشێكی گەورەی ئەم یاسایە و ئەو یاسایانەی دیكەش كە ئێمە لێرە تەشریعیان ئەكەین كێشەكە ئەوەیە زۆریان دەسپێرین بە پەیڕەوێك كە لەلایەن وەزارەتەكانەوە دیاری ئەكرێت كە پێموایە بەشێكی زۆری دەكرێت لێرە دابڕێژرێ و چارەسەر بكرێن، ئەو بابەتەی كە لە دە ڕۆژ زیاتر نەبێت لە ڕاستی دا یەكێكە لە كێشە گەورەكان بەر لەوەی تۆ سزاكە دابنێی پرسیارەكە ئەوەیە چۆن شیاندنی بۆ ئەكەی بۆ بەس ئێمە خەیاڵمان لای سزایە، بۆ خەیاڵمان لای شیاندن نییە چۆن ئەم كارەكتەرە ئەم قوتابییە جارێكی دیكە دروست ئەكرێتەوە و ئەو ڕێگایانەی كە وای لی ئەكات نەچێتەوە سەر ئەو هەڵەیەی كە كردوویەتی، هەندێ بابەتی دیكە من پێموایە جیایە، یەعنی بابەتی جگەرە، مەشروب و خواردنەوە كهولیەكان و ماددەی هۆشبەر و هەموو ئەوانەی دیكە بە پێی یاسا بەركارەكان لە هەموو دونیایا بۆ خوار مناڵی ١٨ساڵ بۆ نموونە هەر ئۆتۆماتیكی ئەم بابەتە بابەتێكە كە قەدەغەیە، وە شتێكی دیكە كە زۆر زۆر گرنگە پرۆسەی سزا یان هەر كردارێكی نەشیاو لە نێو قوتابخانەكان دا بۆ مامۆستا و بۆ خوێندكاریشە، یەعنی چۆن ئەگەر خوێندكارێك كە لە پرۆسەی پەروەردە و فێركردندا ڕەنگە زیاتر موعارەزە بۆ ئەوەی هەلە بكات، بەڵام دواجار مامۆستا و ئەو كارەكتەرە سەرەكیەیە كە ڕاستەوخۆ ڕۆژانە بەر خوێندكار ئەكەوێ، هەموومان دەزانین لە ساڵانی ڕابردوودا لە نێو سیستمی پەروەردە لە هەرێمی كوردستان یەكێ لە كێشە گەورەكان ئەوە بووە بەردەوام مامۆستا وتوویانە لە فڵانە تەلەبەی داوە یان ئەوەی كردووە ڕێزێكی زۆرم بۆ مامۆستا باشەكان بەس پرسیارەكەی من لەسەر ئەمەیە كە چۆن وا بكەین ........ ببورە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان چۆن وابكەین هەردووكیان بەرامبەر بە سزا و بە پاداشت، بەرامبەر بە یاسا، بەرامبەر بەم ڕەفتارانە ..... یەك پرسی دیكە پرسی تابلێت و ئەوانە یەعنی تكا ئەكەم ئەم بابەتە زۆر گرنگە لەبەشێكی گەورەی ولاتانی دنیا پرۆسەی خوێندن لە ڕێگەی تەكنەلۆژیاوە ئەنجام ئەدرێ........

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دەست خۆش دوو دەقە و نیوت برد، بە نووسین دەتوانن ئەو شتانە باس بکەن، کاك د.محی الدین فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەقریبەن هاوڕام لەسەر ئەوەی کە ماددەی هۆشبەر و ڕەواجی پێدانی ئیزافە بکرێتە سەر ئەوەی، بەتایبەتی ئەوە لابدرێ کە نووسراوە بە تایبەتی چونکە حەسری دەکەی لەو نموونانەی کە هاتووە بۆیە پێموایە حەسری نەکەین، ڕەنگە لەداهاتوودا هەندێك تەسەروفات و شتی نەشیاوی تر هەبێت کە ڕەنگە لێ بگیرێن، ڕێکلامی بازرگانی و چالاکی سیاسی جودا بکرێنەوە لەو خاڵە، بکرێنە دوو خاڵی سەربەخۆ لەگەڵ چالاکی دوور لە پەروەردەیی، پێموایە بکرێتە چالاکی پەروەردەییەکەی بکرێتە هەڵسوکەوتی نەشیاوی دوور لە گیانی پەروەردەیی، هەروەرها پابەندبوون بە بڕیار و یاسا و ڕێنماییە پەروەردەییەکان، جگە لەوەش کە مەسەلەی ڕێکپۆشی، من پرسیارێکم هەیە سەبارەت بەوەی ئایا ئەگەر ئەو دە ڕۆژە لە کاتی تاقی کردنەوەکان بوو؟ ئایا ئەو قوتابیە چۆنی بۆ قەرەبوو دەکرێتەوە و ئەگەر کۆتایی ساڵ بوو ئەو قوتابیە فەسڵ کرابوو بۆ ماوەی دە ڕۆژ ئایا بە کەوتو هەژمار دەکرێت و ساڵێکی خوێندنی لەدەست دەچێت ئاخود بۆی تەعویز دەکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٢) پشتگیری لە هەموو ئەو هاوڕێیانە ئەکەم کە لەسەر بەکارهێنانی مۆبایل کاك رزگار و لیزا خان و گولستان خان، لەسەر ماوەی دە ڕۆژەکە کە پێویستە جیا بکرێتەوە کە کەسێك مامەڵەیەکی نەشیاو بە چەك ئەکات جیاوازە لەگەل ئەوەی کە یەکێك جگەرە ئەکێشێ، بۆیە بەڕاستی سزاکانییان جیاوازە لەسەر مامەڵەی دە ڕۆژەکە بۆیە پشتیوانی قسەکانی کاك شێخ زاهر دەکەم، سەرچنار خان پشتیوانی ئەکەم کە باسی شێوازی جل و بەرگ کرد کە لادان نەبێ لە ئادابە گشتیەکان و خاڵێك زیاد بکرێ بەوەی کە ئەنجامدانی بێڕێزی و مامەڵەیەکی نەشیاو بەرامبەر بە مامۆستا، لادان لە ڕەوشت و بەهاو ئادابە گشتیەکان، بەڕاستی لەسەر دوورخستنەوەی قوتابیان بەڕاستی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە توێژەرە کۆمەڵایەتیەکان ڕێنماییکاری پەروەردەیی ئەوانە زەرورەتێکی گشتین بەڕێز وەزیری پەروەدە کە لە هەموو قوتابخانەکاندا هەبن، لەسەر ئەوەی کە ئەم ئادابانە زۆرجار کێشە بۆ قوتابی و بۆ مامۆستا و بۆ پێگەی خوێندن دروست دەکات کە چارەسەریان بکرێ لەلایەن توێژەرە کۆمەڵایەتیەکانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك هیمداد فەرموو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، سەبارەت بە ماددەی (٤٢) من دەستخۆشی لە لیژنەی پەیوەندار دەکەم، بەڵام دەتوانین ئەوە زیاتر دەولەمەند تر بکەین، داڕشتنی بۆ بکەینەوە، لە بڕگەی (١) دا ئەو کارو ڕەفتارانەی لەگەل پەیامی پەیڕەوی ناوخۆی بۆ زیاد بکەین، پەیرەوی ناوخۆی پەروەردە و فێرکردن، سەبارەت بە خاڵەکانی تر من پشتیوانی لە لیزا خان و نەجات خان و سەرچنار خان و گولستان خان دەکەم، لەگەل ڕێزم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رۆبینە خان فەرموو.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەلبەت زۆر ئاخافتن هاتنە کرن، بەس من دڤێت خاڵەکی لێرە زێدە بکەم، هەر ئامێرێك و کەرەستەیەکی کە کارگێری نەرێنی لەسەر ڕەوشی خوێندن دا هەبیتن، پشتگیری کاك شێخ زاهر و کاك رزگار و کاك هیمداد دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی (١) خاڵی (٣) چالاکی سیاسی هندەك مەتاتیە، هەمووماں هەر لە پەرلەمان هەم لە حکومەت لە سەرەتای قۆناغی تەنزیممان لە ئامادەیی و قوتابخانەکان لە ڕێکخراوەکانی قوتابیان بوونە، هەر چالاکیەکی نەتەوەیی کە ئەرکەکی نیشتمانی بیتن بیکەن لەوانەیە بەڕێوەبەری قوتابخانە یاخود ئامادەیی بە گوێرەی ئایدۆلۆژیای وی بیتن بلێ ئەوە کارێکی سیاسیە، چونکە پێناسەکی نییە چالاکییەکە، هەموو چالاکیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی ڕووەکی سیاسی هەیە، بۆیە باشترە بکرێتە چالاکی حزبی، یەعنی حزبایەتی بە زەقی نەکرێت باشترە، بەڵام چالاکیەکی سیاسی ئەمە بەرفراوان ترە و مەتاتیە، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك تێبینی هەبی گەلەك خاڵ هاتینە بەحس کرن، بەڵێ ئەوە من نەدیتیە کو چ لایەنێك دێ ڤان تشتا کۆنترۆڵ کرن، بۆ نموونە بەحسێ چەك و موخەدەرات و تشتێ دی هاتیە کرنێ، ئەڤە کارەکی پڕۆفیشناڵە، بۆیە من دڤێت خاڵەك لێ بێتە زێدە کرنێ بە ڤێ شێوازی: دروست کرنا لیژنەکا تایبەت وەکو لیژنا ڕەفتارێ دە هەر قوتابخانەکی دا هەماهەنگی دگەل دەزگایەت ئەمنی

بیتن، چونكه بابەتێ چەك و موخەدەرات ئەڤە كارەكی پرۆفیشناڵە بۆ وێ جێ مامۆستا تنێ بۆ كاری گەل زەعیفە ئەو لیژنا ئەمنی دگەل ئاسایشێ و یان پاراستن و دەزگایەت ئەمنی شێم بكەین، هەروەسا خاڵێن پێشتر پشتەڤانیا نەجات خان و لیزا خانێ و كاك رزگاری دكەم، كو ئەو خاڵێت وان بەحس كرن بێنە زێدە كرنێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٢) بڕگەی (١) هەر دیسان دامەزراوەكان هاتووە بە گشتی هاتووە، لێرەشدا دەبی پەروەردەییەكان زیاد بكەین، لە ماددەكانی دواتریش هەر وا هاتووە بەس دەڵێ دامەزراوەكان، یەعنی لەونیش دا دەبی پێداچوونەوە بكرێت و هەموویان وشەی پەروەردە بۆیان زیاد بكرێت، لە خاڵی (٤) پێموایە دەبیت بەم شێوەیە زیادەیەك پێویستە، هەر جۆرەكی تر هەڕەشەی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ بەشێوەیەك گوتراو نووسراو یان لەڕێگەی سۆشیال میدیا و ئامێرەكانی تری پەیوەندی، سەبارەت بە بڕگەی (٢) تێبینیەكم هەیە نازانم مەبەست لە سزای كارگێری چییە ئەگەر ئەو سزایانە بۆ قوتابیان بیتن ئایا قوتابی سفەتی فەرمانبەری هەیە، چونكە سزای عقوباتی ئیداری تەنها بۆ فەرمانبەر بۆ كەسانی تر ناگرێتەوە، ئامانج لە عقوبەی ئیدارییش ئەوەیە كە ئێمە یان موشەرع دەیەوێت دامەزراوە گشتیەكان یاخود مرافق عامەبپارێزێت بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوام بن لە خزمەت كردن بۆ بەرژەوەندی گشتی، بەڵام لێرە قوتابی هیچ سیفەتێكی فەرمانبەری نییە و سزاكانیش دیاری كراون لە قانونی ئینزیباتی موەزەفینی دەولە، پێموایە نابێت بڵێین سزای كارگێری لێرە، دبیت تەنها بڵێین سزا دەدرێت ئەوجا دواتر دەبیتن هەمووی دیاری بكرێت باشترە نەك وەكو بە ڕێنمایی، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سەوسەن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی كاك رزگار دەكەم لەمەڕ قەدەغەكردنی مۆبایل و ئامرازەكانی پەیوەندی كردن و ماددە هۆشبەرەكان، لەبڕگەی (٣) دا خاڵی (٣)دا لەڕاستی دا چالاكی دوور لە پەروەردە و فێركردنیان پێناسە نەكراوە لە ماددەی یەكەم دا بۆیە یەعنی مامۆستا دەتوانی لەهەر كاتێك دا حەزی لە قوتابیەك نەبێ یەعنی ئەو بەشە بەكاربهێنێ بۆ قوتابی، لەبەرئەوە من پێموایە دەبێ تەحدید بكرێ كە چالاكی دوور لە پەروەردە و فێركردن چییە؟ سەبارەت بە خاڵی (٤) دەڵێ بەكارهێنانی توندوتیژی جەستەیی و دەرونی و مەعنەوی و ڕەفتاری یەكتر شكاندن، ڕەفتاری یەكتر شكاندن هەر دەچێتە خانەی توندوتیژی دەرونی، بۆیە تەسەور دەكەم ئەوە زیادە و پێویست ناكات ئاماژەی پێ بدرێ، لەبڕگەی (٣)دا پشتیوانی خدیجە خان دەكەم، سزای كارگێری

چییه نازانین، لەبڕگەی (٣) دا لە ڕاستی دا لێرەدایە ئەگەر بریارە قوتابی دوربخرێتەوە، یەعنی لە خوێندن چۆن ئەو فەراغە پڕدەکرێتەوە، یەعنی لێرە بۆ قوتابی چۆن ئەو فەراغە پڕ دەکرێتەوە، ئەی ڕۆڵی ڕێنمایی کاری پەروەدەیی و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی چی دەبێ ئەگەر قوتابی دوربخرێتەوە، چونکە لێرەدا یەعنی زەرورەتی ئەوانە بەدیار دەکەوێ، چونکە لە ماددەکانی داهاتوودا ئاماژە بەوە دراوە کە لەساڵانی خوێندنی ڕابردوودا یەعنی ئاماژە بەوە دراوە کە ڕینمایی کاری پەروەردەیی و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی چەند گرنگە، بەڵام لێرەدا ئاماژە بەوە دراوە کە ژمارەیان کەم دەکرێتەوە لە جیاتی زیاد بکرێ، لەبەرئەوە من پێموایە کە ئەوە ئەبێ ڕۆڵی خۆیان ببینن و پشتیوانی نەجات خان و لیزا خانیش دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی پەروەردە چوار ئەندامتان لێرەن و هەر چواریشتان ناوتان نووسیوە جا وەکو لیژنە قسە ئەکەن یان وەکو ئەندام پەرلەمان قسە ئەکەن، ئەزانم جارێ ماون، من پرسیارم لەوانە وەکو لیژنە قسە ئەکەن یان بتانخەینە ئەخیری دوایی؟ تەواو باش موداخەلەیە وەکو لیژنە نییە، کەواتە دەتانخەینە ئەخیرەوە، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، پشتیگری قسەکانی کاك بەڵێن و نەجاة خان و لیزا خان و کاك مم و کاك عبدالستار و کاك رزگار و کاك شێخ زاهر و سەرچنار خان و کاك علی دەکەم، بەڵام خاڵێکی دیکە لێرەدا لە ماددەی (٤٢) خاڵی (٤) کە دەڵێ مەسەلەن بەکارهێنانی توندوتیژی دەرونی و مەعنەوی و ڕەفتاری یەکتر شکاندن، ئایا مامۆستا بەرامبەر بە تەلەبەی بکات، یان تەلەبە بەرامبەر مامۆستای بکات، ڕوون نەکراوەتەوە، بۆ نموونە هەر ناوی مامۆستای دێنن ئەی ئەو فەرمانبەرانە؟ من بە بەڕێز جەنابی وەزیر دەڵێم لەو ڕۆژانە خوێندکار کە چۆتە قوتابخانەکەی پانتۆڵەکەی رەش بووە تۆزەك سپی بۆتەوە موەزەفەکە نەیهێشتووە بچێتە پۆلێك کە پۆلی (١٢) شە، باشە تەلەفۆنی بۆ بابی کردووەو بابی چووە بە تەڕی پانتۆڵێکی تەڕی بردووە و گوتوویەتی کاکە ئەوە پانتۆڵە تەڕەکەیەتی، بەڵام موەزەفەکە هەر نەیهێشتووە بچێتە ژوورێ، ئایا ئەو توندوتیژیە بەس بۆ تەڵەبەیە بەرامبەر بە مامۆستا؟ یان مامۆستاش بەرامبەر بە تەلەبەی بکات؟ ئەگەر ڕوونکردنەوەمان بدەنێ لەگەڵ ڕێزم بۆ جەنابتان، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال حویز مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە وەکو هاوپیشەکانم ئاماژەیان پێدا ماددەیەکی زۆر گرنگە، بەڵام خۆی ڕێکخستنی ئەو پەیوەندیانەی نێوان مامۆستا و خوێندکار بەڕوونی ئاماژەی پێ نەدراوە لەناو برگە و ماددەکانی دا، من باسی برگەی (٣) دەکەم، بنەماکانی پەیرەوی خویندن و هەڵسوکەوتی قوتابیان و خوێندکاران، مامۆستایانیشی بۆ ئیزافە بکرێ، لێرەدا هاتووە دەڵێ وەزارەت ڕێنمایی

دەردەکـات پـێم باشـە ئەو ڕێنماییـانە لەچەنـد بـڕگەیەك لەو مـاددەیەی جـێ بکـاتەوە، یـاخود ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوان قوتابی و خوێندکار بکرێتە ماددەیەکی سەربەخۆ، چونکە ئێمە بینیمـان بەداخەوە ئەوسـاڵ مامۆستاشـی تێـدا کـوژران، هەروەهـا زۆرجـار قوتـابیش بێڕێـزی بەرامبەر مامۆسـتای دەنـوێنی، هەروەهـا مامۆسـتاش بەرامـبەر قوتـابی، پـێم باشـە یـان بکـرێتە مـاددەیەکی سـەربەخۆ یـانیش لەچەنـد بـڕگەیەك دا یـان هەر لەو مـاددەیە جێـی بکـرێتەوە و سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبڕگەی (٣)ی ماددەی (٤٢) دەڵـێ خوێنـدکار نـابێ لە دە ڕۆژ زیـاتر دووربخـرێتەوە، ئایـا لەڕووی دەرونیـــیەوە خوێنـــدکار ناشـــکێ و تووشـــی لادانـــی زیـــاتر نابێـــت؟ دوای ئەو مـــاوەیە کە دووردەخرێتەوە دەچێـت بـۆ کـوێ، ئایـا ناوەنـدێکمان هەیە بـۆ چاکسـازی ئەو خوێنـدکارە؟ ئایـا دەچێت بۆ کۆڵان و کافتریاکان؟ بۆیە پێشـنیار دەکەم یـان سـزای دوورخسـتنەوە لابـدرێت، یـان ناوەندێك دابمەزرێت بۆ چاکسازی ئەو خوێندکارانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی (٤٢) سـەرەتا بە پێویسـتی دەزانـم پشـتگیری لە سـەرەنجەکانی کـاك دیـاری بکەم پێویست دەکات وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پۆلێن بەندیەك هەبێت بـۆ ئەوەی کە هەمـوو جارێك چەند ئەندامێك یـاخود، چەنـد ئەنـدام پەرلەمانێـك بەدیـاری کـراوی دەسـت پـێ نەکەن، یەعنی....... .

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەمانە شـیرین خـان جیاکـاری نـاکەین و بەپێـی توانـا لە هەمـوو ئەو چـوار بەشـەی کە هەیە بە فراکسیۆنە جیاوازەکان وەکو یەك دەرفەتی یەکسانتان بەینێ، فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم ئەوەندەی کە سەرنجم داوە چەندین ئەندام پەرلەمان هەیە سەرەتان یەعنی هەر ئەوانەن تیکرار دەبنەوە....... .

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

شەرت نییە، شەرت نییە فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله ئەتوانم ناوەکانت پێ بڵێم ئەگەر لەبەر...... .

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

حەز ئەکەی لەمەولا قورعەتان بۆ ئەکەین بەڕێزان ئەو ناوانەی کە تۆمار ئەکرێن بە پێی قورعە ڕیزبەندی دائەنێین، فەرموو جەنابت بابەتە باس کە فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێکی تر کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە خرایەڕوو سەبارەت بە ماددەی هۆشبەر بوو پێموایە ماددەی هۆشبەر یاسای تایبەتی هەیە و قەدەغەیە لە هەموو شوێن و جێگایەك ئایا پێویست دەکات لێرەدا ساغ بکرێتەوە و تەسبیت بکرێت یاخود نا؟ خاڵێکی تر ئەوەیە سەبارەت بە خاڵی (٣) چالاکی دوور لە پەروەردە و فێرکردن و ریکلامی بازرگانی و چالاکی سیاسی، تەبعەن چالاکی سیاسی زۆر زۆر بە زەقی ئەبینرێ بەداخەوە تاوەکو ئێستاکە لەناوەندەکانی خوێندن دا لە کاتێك دا ڕێکخراوەکانی بواری قوتابیان و خوێندکاران کە ئەمانە سێبەری حزبین و زۆرجار ئەهمیەت و گرنگی تایبەتیشیان پێدراوە بۆ ئەوەی چالاکیەکانیان ساغ بکرێتەوە، لە پاڵ ئەمەدا بەداخەوە لە زۆربەی ناوەندەکانی خوێندن یان ئەتوانین بڵێین هەموو ناوەندەکانی خوێندن ڕەسمی بەرپرسەکان لە ئیدارەی قوتابخانەکان دا بوونی هەیە، دەکرێت بە نموونە تابلۆیەك بێت تەعبیر لە بواری پەروەردە و فێرکردن بکات، چی پێویست دەکات ڕەسمێك ساغ بکرێتەوە و هەلبواسرێت کە کەسانی سیاسی و حزبی و حکومی بێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، سەبارەت بە ماددەی (٤٢) عینوانەکە پێم باشە تۆزێ ڕەقە ئەو ڕێپێنەدراو هەر بکرێ بە کارو ڕەفتاری نەشیاو، یان کارو ڕوفتارە نەشیاوەکان، سەبارەت بە بڕگەی (٣) چالاکی دوور لە پەروەردە و فێرکردن، دیار نییە ئەمە بەس سەرپێچییە هەروەها کارو چالاکی سیاسی پێم باشە بکرێت بە چالاکی حزبی، چونکە سیاسەت عام تر و فراوانترە، بابەتی بێڕێزی بەرامبەر بە مامۆستا بە هەموو شێوەیەکانی زیاد بکرێ بەکارهێنانی مۆبایل لەناو پۆلدا زیاد بکرێ، هەروەها من پشتگیری لەو خوشك و برا بەڕێزانەی کە باسی ئەوەیان کرد کە ئەبێ باسی بابەتی مامۆستاش بکرێ بە هەمان شێوە، زیاتر قوتابییە یەعنی، خۆی ئەم بابەتە زانایانی کۆن کتێبیان لەسەر ئەم بابەتە زۆر نووسیوە بەناوی ئادابی عالم و موتەعەلم،

هەردووکی تێدایە هەم قوتابی و هەم مامۆستا کە بەڕاستی دەبوو لەم یاسایە هەردووکی جێ بکرایەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا من جیاواز لە ڕەفیقەکانم ڕەنگە بۆچوونێکی جیاوازترم لەسەر ئەو ماددەیە هەبێ من پێموایە کە کۆی ماددە لابرێت، ئێمە کاتێك کە باس لە یاسایەك ئەکەین کە یاسای پەروەردەیە من پێموایە دەبێ کە ئەمە زەمینەسازییەکی مەعریفی بۆ بکرێت بۆ ئەوەی کە خوێندکار یاخود قوتابی ڕابهێندرێ چۆن بتوانێ تەسەروف بکات، هەرچەندە پێموایە کە ئەمانە بینرابێتن بۆیە لە یاساکەدا جێگەیان کراوەتەوە، فەراغێك بینرابێ و کێشەیەك هەیە بۆیە لە یاساکە جێگەیان کرابێتەوە، بەڵام پەروەردە پێویستی بە کلتورێکی هاوبەشی خۆشەویستی هەیە، پێویستی بەوە هەیە کە زەمینەسازی بۆ بکەی چۆن خوێندکار وا ڕابێنی، فێرخوازێك وا ڕابێنی خۆشەویستی بەرامبەر بە نیشتمان بەرامبەر بە ئادابە جوانەکانی کۆمەڵایەتی، بەرامبەر بە دین، بەرامبەر بەها پیرۆزەکانی ئەم وڵاتە هەبێت، کاتێك کە تۆ دێی تەعقیداتێکی وا دائەنێی پێموایە ئەمە دەست بەستنی قوتابی و خوێندکارە، بەڵێ ئەمانە کاری زۆر زۆر خراپن، بەلام یاسا هەیە بۆ ڕێگری کردن لەمانە، پێموایە وەزارەت خۆی بتوانێ ئەمانە بە ڕێنمایی غلاج بکات، موعالەجەی ئەمە بکات لەگەڵ ناوەندەکانی خوێندن لە پارێزگا و لە ئیدارە سەربەخۆکان ئەو کێشەیە چارەسەر دەکرێت، ئەم یاسایە بەو جوانیەکانی خۆیەوە کە یەك دنیا بابەتی جوانی تێدایە، کە یەکە دنیا ماددەی تێدایە باس لەوە دەکات هاندانی قوتابی و خوێندکار بۆ پێکەوە ژیان بۆ خۆشەویستی نیشتمان، بۆ ڕێزگرتن، بۆ ڕێزگرتنی مامۆستا لەبەرامبەر فێرکارێك، مامۆستایەك چۆن بتوانێ خوێندکارەکەی بە باشترین شێوە پەرورەدە بکات بۆ ئەمانە لێرە باس بکرێت، کە بە ڕێنمایی دەکرێت ئەمانە علاج بکرێن دووبارە، من دڵنیام ئەم دیاردانە هەن و ئەم زاهیرەیە هەیە، بەڵام بەشێوەیەك نییە کە نەتوانرێ کۆنترۆڵ بکرێ، بەشێوەیەك نییە کە خراپیەکەی لە باشیەکەی زیاتر بێ، بۆیە من پێشنیاز دەکەم ئەمە هەر لابرێت لەراستی دا، ئەم بابەتانەی کە بەو شێوەیەن وای لێ بکەین کە سوکی بکەینەوە و وای لێ بکەین قوتابی یاخود خوێندکارێك لە پۆلی پێنج و شەشی ئامادەیی لە یانزەو دوانزەی کۆتا قۆناغەکانی خوێندنیش مەجالی ئەوە ڕێگە نەدەین کە بۆچوونی سیاسی خۆی هەبێت ئەمە کارێکی خراپە، یەعنی بۆ نا دەیان شۆرشی گەورە لە دنیادا لەسەر ئەساسی خوێندنگاکان و زانکۆکان دا بینا کراوە و پەروەردە کراون و هاتوونەتە بەرهەم، من پێشنیاز دەکەم ماددەکە لابرێت و وەزارەت خۆی ئەمە بە تەعلیمات و بە ڕێنمایی حەل بکات و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، سەبارەت بە ماددەی (٤٢) پێشنیار دەکەم چەند بڕگەیەك زیاد بکرێت لە کار و ڕەفتارە ڕێپێنەدراوەکان، یەکێك لەوانە وێنەی کەسایەتی حزبی لەناو هۆڵەکانی خوێندن و تاقی کردنەوەدا، کە ئەوە کارێکی نەشیاوە، ئایا سزا بۆ ئەو بەڕێوەبەرانە چییە کە وێنەی کەسایەتی حزبی لەناو قاعەی ئیمتحانات دا هەڵدەواسرێ، لەناو پۆلەکانی خوێندن دا، شوێنی پەروەردەیە یاخود حزبایەتییە؟ سزاکەی چی دەبێ ئەو بەڕێوەبەرە، خۆ هەموومان دەزانین ئەگەر بەڕێوەبەرەکان ئەگەر وەلائی حزبیان نەبێت دانانرێن لە قوتابخانەکان دا، سەبارەت بە خاڵێکی دیکە پێشنیار دەکەم زیاد بکرێ ئەویش چاودێری نهێنییە کە قەدەغە بێ کە جاران پێمان دەوت مراقبی سری ئەوە لە ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن دا خوێندکار فێری جاسوسی دەبێ مراقەبەی کەسی دیکە، ئەوە کار و ڕەفتارێکی نەشیاوە هیواردارم مراقبی سری یەعنی لە ڕفتارە قەدەغەکان بێ، خاڵێکی دیکە سەبارەت بە جل و بەرگی نەشیاو لەناوەندەکانی خوێندن کە دووربێ لە ئادابە گشتیەکانەوە، هەروەها چالاکی سیاسی، بەشێك لە ڕێکخراوەکانی قوتابیان و خوێندکاران سەر بە حزبن ئەوانە هەندێك جار هەتا هەڕەشە لە مامۆستای وانەبێژ دەکەن کە ئاگادار کردنەوەیان پێ ئەدەن لە گردبوونەوە و لە ناڕەزایەتی دەربڕینەکانیان هیوادارم دەستی ئەوانە لە ناوەندەکانی خوێندن دا دەربهێندرێت ئەو وەلائە حزبییە، سەبارەت بە دە ڕۆژەکە ئەو دە ڕۆژی سزاکە، ئایا ئەگەر خوێندکارێك جگەرەی بەکارهێنا بێ دە ڕۆژ دووردەخرێتەوە، ئەی ئەگەر فرۆشتبێتی، ئەگەر بازرگانی پێوە کردبێت؟ ئەو بوێری ئەوەی هەبووبێ جگەرە بێنێتە ناو قوتابخانەکەوە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەوەی جگەرە کێشانەکە خاڵی دووەم بەو شێوەیەی لێ بکرێت بازرگانی کردن و بەکارهێنانی جگەرە کێشان و نێرگەلە و ماددە هۆشبەرەکان و ماددە کحولیەکان، لە پەیمانگاکان دا ئەوانە تەقریبەت بە پێی تەمەنیان ڕێگەپێدراون، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز د.اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دبینم ماددەکی گەلەکی گرنگە پێتڤیا ڕێگریا لە تشتێ نەشیاو و نە لایەق بێتە کرن، دە سیستەمێ پەروەدێ پتر ڤۆناغێت باشتر بچیتن و ئەرمانج و ئەهدافێ تەحقیق ببن، ل ماددێ (١) ئەز ئەڤ تێبینیەت هاتینە گۆتن پشتگیری و پشتەڤانیا وان برایەت و خوشکان دکەم لیزا خانێ و کاك رزگار و خوشکا سەرچنار و مامۆستا زاهر و ئەڤێت ڤێرێ دا گۆتن تایبەت د خاڵا/٣ ی دا ئەز دگەل هەندێمە فعلەن بێتە جودا کرن، چالاکی دوور لە پەروەردە و فێرکردن و ڕیکلامی بازرگانی بیتە خاڵەکا تایبەت و دیڤ ڕا ببیتە چالاکی چالاکانی حزبی و سیاسی، چالاکیەت حزبی و سیاسی چونکی ڕاستی گەلەك ڕێکخراوێت قوتابیان نە کاری ڕێکخراوی دکەین کارێ

حزبایەتیی دکەن دناڤ مەدرەسا دا پێتڤیا ئەڤە بێتە ڕاگرتن، ئیذەن ئەوە بیتە خاڵەکا تایبەت، یا دیماهیکی سێی خالا (٣) بنەماکانی پەروەردە هەر دیسا عەینی پرسیارا شێخ زاهریە ئەز دووبارە دکەم ئەگەر وان دە ڕۆژا دا چارەسەر نەبوو چارە چییە؟ حەل چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیە سێ بڕگەیە، بڕگەی (١و٢) وەك دیارە پەیوەندیدارە بە مامۆستا و فەرمانبەر تێکەڵیەك کرا لەو نێوانە، چونکە بڕگەی (٣) زۆر بە ڕوونی باس لە قوتابی دەکات، باس لەوە دەکان وەزارەتی پەروەدە ڕێنماییەك دەرئەکات بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتی منالان دەست نیشان بکات، ئەوەی کە لە بڕگەی (٣) دەست نیشان کراوە لە دە ڕۆژ زیاتر نەبێت، زۆر زۆر زەرورە بمێنێتەوە و من تەنانەت پێشم زۆرە، چونکە منالْ تا (١٥) سالْ ١٠٠% خێزان و دایك و باوك و قوتابخانە لێری بەرپرسە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی، بەشێکی کەمی لە ئەستۆی خۆیەتی، بۆیە نابێ لە دە ڕۆژ زیاتر بێ، ئەوە یەك، دووەم/ بۆ ئەوەی ماددەی بڕگەی یەکەم و دووەم زۆر بە ڕوونی مامۆستا و فەرمانبەر بگرێتەوە ئاوای لێ بکەن، ئەم کار و ڕەفتارانەی خوارەوە کە لەگەڵ پەیامی پەروەردە و فێرکردن ناگونجێن لە مامۆستا و فەرمانبەران قەدەغەن، ئیتر ئەوە تەفسیر هەڵناگرێ، دوای ئەمە بەسەر قوتابی بۆ مامۆستا یان فەرمانبەرە، ئەو وشەی (بەتایبەتی) ئەوە لابرێ چونکە سزا سزایەو ئەبێ زۆر موحەدەد بێ و زۆر روون بێ مامۆستا بزانی کە چی لێ قەدەغە کراوە، خالێکی ترسەبارەت بە جگەر و نێرگەلە کێشان موبایلیشی بچێتە سەر بەڕاستی مامۆستایەك تەسبیحێکی بە دەستەوە بێ و بە جگەرەیەکە و بە موبایلێکەوە خۆی بکات بە پۆلا مامۆستا نییە بە هیچ جۆرێك، لەگەڵ ڕفتاری پەروەردەیی ناگونجێ و دوورە، منالْ ئەوە فێر نابێ مامۆستا پێی ئەڵێ پرۆگرامەکانمان پڕ بن لە بابەتی خراپی جگەرەکێشان ئەوە فێر ئەبێ کە مامۆستاکە لە پێش چاوی ئەکا بۆیە بمێنێتەوە زۆر زەرورە، لەبڕگەی یەکەم دا خالی (٣) پشتگیری لە قسەکانی د.اسماعیل دەکەم، مامۆستا علی یش باسی کرد، بکرێتە دوو بڕگە ئێستا خوێندنگە و ناوەندەکانی خوێندن وێران بوون بە دەست هەیمەنەی حزبەکانەوە بەسەریانەوە، بەداخەوە گۆڕینی بەڕێوەبەری خوێندنگەکان و قوتابخانەکان لە بارەگای حزبەکانەوە ئەکرێ، دانانیان لە بارەگای حزبەکانەوە ئەکرێ، خالێکی تر سەبارەت بە برگەی/٢ ڕێنمایی وەزارەت، ئێمە یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانمان هەیە لەوێ سزای گونجاو دیاری کراوە بۆ هەڵەی فەرمانبەر و مامۆستا زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕاكەی كاك كاروان ئەكەم لەسێ ڕوانگەوە، یەكەم/ هەر ئەمەی بڕگەی (٣)یەمی ئەم ماددەیە كە ئەڵێت بنەماكانی پەیڕەوی خوێندن و ڕێكخستنی هەڵسوكەوتی قوتابیان مامۆستایان و فەرمانبەرانیشی بۆ ڕێك بخرێ و بە ڕێنمایی لە وەزارەت بۆی بخرێ كافییە، دووەم/ زۆربەی لەمانەی ئێرە كە ئەم پێنج خاڵەی بڕگەی (١)ی ماددەی (٤٢) هەموویان لە یاسا بەركارەكان دا هەن، هەڵگرتنی چەك، چالاكی سیاسی و حزبی نەك لەناو ناوەندی خوێندن ئەبێ لە دامەزراوەكان لەناو وەزارەتەكان كە بەداخەوە جێ بەجێ ناكرێ مەسەلەی توندوتیژی جگەرە كێشان ئەوە یاسای خۆی هەیە، ماددەی هۆشبەر یاسای خۆی هەیە، لەبەرچی لە بڕگەی (٣) یەعنی هەر لە بڕگەی (٢) دا باسی كردووەو ئەڵێ ئەم ماددەیە ڕێگر نابێ لەوەی هەر سزایەكی تر لە یاسا بەركارەكانی هەرێم دا كە دەقنوس كراوە، كەواتە كە ت بۆ سزا سەرپێچی ئەمانە بگەڕێیەوە بۆ یاسا بەركارەكان، چونكە لەم یاسایە دەست نیشان نەكراوە كە بگەڕێیەوە بۆ یاسا بەركارەكان چ ئیحتیاج ئەكا ئەمە لێرە بكەی، بۆیە من پێموایە ئەم ماددەیە هەڵگیرێ بە پێڕەوێك وەزارەت ئەوەی كە هەمووی پەیڕەوی خوێندنە و بنەماكانی پەیڕەوی خوێندنە لەگەڵ كارو ڕوفتارە رێ پێنەدراوەكان لەسەر قوتابی و مامۆستا و فەرمانبەر بەپەیڕەو خۆی ڕێكی بخات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تەوەری پانزە بۆ ناونیشانەكە منیش هەمان پێشنیاری مامۆستا هەورامانم هەیە و پشتیوانی لێ ئەكەم، ماددە (٤٢) بڕگەی (١) پشتگیری لە قسەكانی خاتوو سەرچنار ئەكەم بۆ خاڵی یەكەم و دووەم و سێیەم، بۆ خاڵی دووەم منیش جەخت لە ماددە هۆشبەرەكان دەكەمەوە بە هەموو جۆرەكانیەوە پێویستە جێی بكرێتەوە، بۆ خاڵی (٤) پشتگیری لە قسەكانی مامۆستا عبدالستار ئەكەم كە هاوسەنگی ڕابگرێ لە بەینی مامۆستا و قوتابی دا كە پێویستە شكۆی قوتابیش پارێزراو بێ، بۆ خاڵی (٥) هەر لە بڕگەی (١) پشتیگری لە قسەكانی خاتوو لیزا دەكەم بەكارنەهێنانی ئامێرە ئەلیكترۆنییەكان وەك مۆبایل و هەر ئامێرێكی تر بۆ تێكنەدانی ژینگە و پشێوی پۆل، ئەو خاڵە منیش پشتگیری لێ ئەكەم زیاد بكرێ، لە بڕگەی (٣) پشتیگری لە قسەكانی مامۆستا عمر ئەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددا (٤٢) پشتگیریا د.محی الدین دكەم كو ئەو موستەڵەحێ (بەتایبەتی) بێتە لادان چونكی ئیحتماله دێ حەسر بیتن دناڤ چەند ئەویا هاتینە دەست نیشان كرن، سەبارەت ئەو پەرلەمانتارێت بەحسێ زێدە كرنا ماددا هۆشبەر و بكارهینان و بازرگانی بڤان بهێتە ئیزافە كرنێ، پشتیگریا كاك رزگاری و سەرچنار خانی و د.محی الدین ی دكەم، موبایل و بكارهینانا وێ یان ئامێرێت پەیوەندی كرنێ دناڤ پۆلێ دا پشتیگریا شێخ زاهری دكەم و بدریە خانێ و سەرچنار خانێ دكەم، سەبارەت خاڵ/٣ ی فعلەن چالاكیەت حزبی و سیاسی بێنە جودا كرنێ ژ ڕێكلامێ چونكی نوكە مەڤێت و نەمەڤێتن هندەك ڕێكخراو ئابوونا كۆمێت دكەن و فۆرما پڕ دكەن، كۆمبونا ڕێك دێخن، تەواسولاتا یەت دكەم، یەعنی نوكە ناوەندێت مەیی خاندنێ بویە بنگەهەك بۆ كارێت سیاسی و حزبی بەر هەندێ ئەڤ خاڵ گەلەكی گرنگە، یەك پرسیار منا هەی ژ جەنابێ وەزیری یت بڕگا (٣)دا ئەگەر دەهـ ڕۆژا مرۆڤ قوتابییەكی گیر بخاتە ژ قوتابخانێ تەبعەن هەر ڕۆژەكی ئەم ژ بیر نەكەین شەش وانا بێ بەهرە بیتن، شەش بەشا وانا گەلەكن، ئەگەر ئەم ل ڤێرێ كێمتر لێ بكەین، ئیشكالەك هەبیت بێژین ئەگە بێژین حەفت ڕۆژا بیتن، حەفت ڕۆژا دبیتە ٤٢ بەشە وانا ئەڤ قوتابیا بێ بەهرە بیتن، ئەگەر ئەڤ حەفت ڕۆژا بۆ وی رادع نەبیتن پشترا هەیڤەكی وی فەصل بكەن و دیر بێخنەوە ژ قوتابخانێ هەر بۆ وی رادع چێ نابیتن و خۆ چاك ناكەتەڤەوە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند كاك شەمۆل و ئاشنا خان و د.گەلاوێژ و گولستان خان، ڕەئیەكانتان كۆكەنەوە، گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددێ (٤٢)ی ڤی ماددێ دا هەمی ئەو كارێن ڕێك بهێنەتیدان و هەمی سەرپێچیەن جۆراوجۆرن پێتڤیا جۆرێن سزای بۆ بهێنە دیار كرن بۆ هەر بڕگەیەكی، یان ژی وەزارەتێ ئەو بخۆ دانایە كو ڕێنمایی دیار كاتن پشتی بجێ هینانا ڤێ پرۆژێ، یەعنی وەزارەت دێ كارێ رابیتن كو ڕێنماییا دەربێخیتن سەبارەت جۆرێن سزای، سەبارەت بڕگا (٣) بەحسێ دیر خستنا قوتابیا كریە، ڕاستە لەهەر قوتابخانەیەكی ئەنجومەنەكی ئان لیژنەیەكی هاتنە دانان، ئەنجومەن ژی هاتنە دانان و بەخێوكارێن قوتابیا ژ سامیانێت وان ئەندامن تێدا، لێ بۆچوونا من بەری پێنگاڤا دیر خستنا قوتابی بهێتە دان دڤێ دایك و بابێت قوتابی بهێنە بانگكرن، دگەل ڕێنمایی كارێن پەروەردەییا وێ قوتابخانێ ئەو ژی ئەگەر هەبن ڕێنماییكار، ئەگەرێ وێ ئاریشەیەت دگەل دا بهێتە بەحس كرن، چونكی ڕێكارێن دی هەنە بگرنە بەر بەری قوتابی دیر بێخن ژ ناڤەندا خاندنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە یەکەی ئەم ماددەیە لە لیژنەش گفتوگۆی زۆر چڕوپڕی لەسەر کرا دیارە ڕایەکان دوو ڕەئی جیاواز بوون ئێمە نەمانتوانی ڕەئی خۆمان تەسبیت بکەین، لەسەر ئەوەی کە خوێندکار سزا بدرێ بەڕاستی نابێ خوێندکار سزا بدرێ بە تایبەتی لە خاڵی (٣)دا مەسلەن دەڵێ قوناغی بنەڕەتی یەعنی خوێندکارێکی پۆلی ١ی بنەڕەتی تۆ بەچی سزای ئەیەی، یەعنی چوزانێ هەڵەو ڕاست چییە، دوای ئەمە باسی کۆمەڵێك شت کراوە هەڵگرتنی چەك و ئەوانە، بۆیە ئێمە ئەتوانم بەناوی چەند برادەرێکیشەوە بیڵێم بە تەواوەتی لەگەڵ هەڵگرتنی ئەو سزای دوورخستنەوەی قوتابین، یەعنی تۆ نابێ قوتابی دوربخەیتەوە لە خوێندن و وای لی بکەی پرۆسەی خوێندنی لێ لەبەرچاو کەوێ بە عەکسەوە ئەگەر بۆ نموونە بۆ قوناغەکانی سەروتر سەیر بکەی لەوە ئەچێ ئەو خوێندکارە لەسەر ئەو ڕەفتارە نەشیاوەی بەردەوام بێ بۆ ئەوەی کە سزا بدرێت و دووربخرێتەوە لە خوێندن، چونکە ئەو نازانێ مەسڵەحەت و با بڵێین باشەی ئەو لە چیایە، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر لەسەر زیادکردنێك بۆ ئەو ڕەفتارانەی کە لەگەڵ پەیامی پەروەردە ناگونجێت، جەخت ئەکەینەوە لەسەر ئەوەی کە گرنگە چالاکی حزبی بۆ زیاد بکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا شەمۆل فەرمووو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٢) خاڵی (٣) کە باسی قوتابیانی قۆناغە بنەڕەتی دەکات و دوورخستنەوەیان بۆ ماوەی دە ڕۆژ، من پێم باشە لە قۆناغی بنەڕەتی دا چونکە سێ بازنەمان هەیە لە قوناغی بنەڕەتی، بازنەی یەك پۆلی یەك تا پۆلی سێیە، بازنەی دووەم پۆلی چوار تا پۆلی شەشە، بازنەی سێیەم پۆلی حەوت تا پۆلی نۆیە، پێم باشە تەنها بازنەی سێ بگرێتەوە ئەگەر بمێنێ ئەو دە ڕۆژە، قۆناغی ئامادەیی و ئامادەییە پیشەییەکان و پەیمانگا پیشەییەکانیشی بۆ زیاد بکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. گەلاوێژ هەر لێرە نییە، بەڕێزان هەر بۆ ئاگاداریتان پێش ئەوەی دەرفەت بدەینە جەنابی وەزیر دوای جەنابی وەزیر ئێمە دانیشتنەکە هەڵئەگرین و دوو و نیو دەست پێ ئەکەینەوەو تا ئێوارە دائەنیشین، بەیانیش دانیشتنمان ئەبێت و ڕۆژانی تریش بەردەوام ئەبین هەتا تەواوی ئەکەین، بەیانی تا دوو، بەڕێز جەنابی وەزیر پێنج دەقیقەت هەیە، تکایە بەڕێزان جەنابی وەزیر قسە ئەکات، فەرمووو.

**بەڕێز ئالان حمەسعید/ وەزیری پەروەدە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بەشێوەیەکی گشتی دەمەوێت هەندێك تێبینی بدەم لە سیاقی دەرەوەی ماددەکە هەندێك تێبینی گشتی درا وێنەی حزبی لەناو ناوەندەکانی خوێندن، ئێمە وێنەی کەسایەتی حزبیمان لەناو ناوەندەکانی خوێندن نییە ئەو وێنانە هەمان وێنەی کەسایەتی نیشتمانی و مێژوویی و نەتەوەیین، ئەوانە رموزن، ئەوانە ئەشخاسی حزبی نین هەر بۆ پێش چاو ڕوونی، سەبارەت بەم ماددەیە کە ئاماژەی پێ ئەدرێ، ئەم بابەتە گرنگە لەبەرئەوەی ئێمە لە واقع دا دەزانین کە گرفت هەیە و ئەم گرفتە هی چەند ساڵێکە و دەبێ بە یاسا تەنزیمی بکەین بۆ ئەوەی کە سەنەدێکی قانونیمان هەبێت، ئێمە دەزانین بۆیە باسی ماددەی هۆشبەرمان نەکردووە، چونکە یاسایەك لەم پەرلەمانە بەڕێزە کە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی/ ٢٠٢٠ بە پەنجا ماددە لێرە دەرچووە سەبارەت بە ماددەی هۆشبەر و ماددەی کارتێکەرە عەقڵیەکانن پەرلەمانی کوردستان دەری کردووە کە لە قانونی عقوباتیش دا ئەم بابەتە ساغ کراوەتەوە کە مداوەلە کردن و تیجارەت کردن و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر قاچاغە لە عێراق دا و سزای لەسەرە، بۆیە ئێمە لێرە باسمان نەکردووە، بۆ باسی چەکمان کردووە، لەبەرئەوەی ئەو تێبینییەی کە ئێمە هەمان بوو لە یاسای چەك هی ساڵی/٢٠٢٢ کە ئەویش یاسای ژمارە (٢)ـە، لەو یاسایە چەك مۆڵەتی هەڵگرتن هەیە، واتا کەسێك ئەگەر فەرمانبەری دەوڵەت بێ ئەگەر مۆڵەتی وەرگرتبێت و مامۆستا بێ و دەتوانێ چەکی پێ بێ لەناو ناوەندێکی خوێندندا، بەس تۆ چۆن قەدەغەی دەکەی ئەگەر مامۆستایەك ئەگەر فەرمانبەرێك ئەو چەکە ئەگەر چەکەکە مۆڵەت پێدراویش بێ بباتە ناو ناوەندەکانی خوێندنەوە بەم یاسایە ئەبێ قەدەغەی بکەی، بە ڕێنماییەکان بە تەنها قەدەغە ناکرێ، خاڵێکی دیکە کە دەڵێین چالاکی سیاسی، چالاکی سیاسی لە چالاکی حزبی فراوانترێکە، چالاکی جزبی بەشێکە لە چالاکی سیاسی ئێمە مەبەستمان چالاکی سیاسی کۆی هەموو ئەو نەشاتە سیاسیانەیە مەرج نییە چالاکیەکی سیاسی حزبێك بیکات، دەکرێ چالاکیەکی سیاسی گروپێك بیکات کە مۆڵەت پێدراویش نەبن، دەکرێ ڕێکخراوێك بیکات کە مۆلەت پێدراویش نەبێ حزبێکی سیاسی نەبێت، لەبەرئەوە ڕێکخراوە پیشەییەکان و کاری ئەو ڕێکخراوانەی کە لەبواری قوتابی و خوێندکاران و فێرخوازانەوە کار ئەکەن ئێمە بە چالاکی سیاسی ئیعتباریان ناکەین، بەڵام ئەوانەی کە بە ئامانجێکی سیاسی کار ئەکەن نەك بە ئامانجی خزمەت کردنی قوتابیان ئەوانە بە چالاکی سیاسی هەژمار ئەکرێن، خاڵێکی دیکە لە سزای دە ڕۆژی قوتابیان دا بەڕێزان ئەم ماددەیە تەنها بۆ قوتابی نییە، ئەم ماددەیە بۆ هەموو دامەزراوە پەروەردەییەکانە، بۆ مامۆستایە، بۆ فەرمانبەرە، بۆ قوتابیانە، ئێمە زۆر باش لەوە تێ ئەگەین لەگەڵ بەڕێزانیش گفتوگۆی چڕمان هەبووە، زۆر باش لەوە تێ ئەگەین کە چۆن شکۆی مامۆستا بپارێزین لە ماددەی/١٧٥ ی ئەم پرۆژەیە دوو فەقەرە هاتووە کە تیایا هەموو ئیعتیدا کردنێك وەك چۆن ئەو ڕۆژە لەگەڵ برای بەڕێز کاك جلال موخالف بووین لەسەر لێدانی مامۆستا، بەڵام ئەوە بەمەعنا پشت تێکردن لە مامۆستا نییە، ئێمە لێرە حەقی مامۆستامان چەسپاندووە وەکو وەزارەتی پەروەردەو بەهاوکار ئێوەش، هەموو ئیعتیدایەك هەموو دەست درێژیەك بۆ سەر مامۆستا ئینجا ئەگەر بەخێوکاری قوتابی بیکات، هاووڵاتی بیکات، قوتابیەکە خۆی بیکات، خوێندکارێك بیکات،

بە زەرفی موشەددەد ئیعتبار ئەکرێ، هەتا حورمەتی قوتابخانە و خوێندنگاکانیشمان لێرە لە ناو ماددەی/١٧٥ دا داناوە، لەبەرئەوە هەر دەست درێژیەك بۆ سەر مامۆستا هەر کەسێك بیکات جگە لە هەموو ئەو عقوبانەی کە هەن ئیعتبار دەکرێ بە زەرفێکی موشەددەد دواجار ئەم قانونە لەبەردەم محاکمەکان دا کاری پێ ئەکرێ و ئیستیناد دەکرێت لەسەری، سەبارەت بە بابەتی دە ررۆژەکە لەبەرئەوە ئەم فەقەرەیە و ئەم ماددەیە ماددەیەك نییە وابەستە بێ بە قوتابیانەوە بە فەرمانبەران و بە مامۆستایان و بە قوتابیان و بە هەموویەوە وابەستەیە، سەبارەت بە دە رۆژەکە ئەگەر بەدیلێکی باشترتان هەیە پێمان بڵێن ئێمە دەڵێین سروشتی ئینسان وایە مەرج نییە قوتابیەکی پۆلی یەك و دوو کە سزای دە رۆژی بدەی یا سزای سێ رۆژی بدەی، بەڵام ئەگەر قوتابیەك لە ئیعدادیە بێ ڕێزی بەرامبەر بە مامۆستا کرد، بێڕێزی بە دامەزراوەکە کرد، عەبەسی بە کاروبار و بە کەلوپەلەکانی ئەو دامەزراوەیە کرد ڕێکار هەیە، ڕێکاری مامەڵەی پەروەدەییانەی لەگەڵ ئەگریتە بەر، بەڵام ئەگەر ئەم حاڵەتانە تیکرار بۆوە خۆ دەبێ قوتابخانە دەسەڵاتی هەبێ حەدی ئەقصا پاراستنی مافی قوتابییە، حەدی ئەقسا نابێ لەگەڵ دە ڕۆژ زیاتر دووری خەیتەوە، بۆ ئەوەی ساڵی خوێندنەکەی نەفەوتێ، بەشێوەیەکی گشتی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەوە بابەتەکە بوو، بەڵام من دەمەوێ ئاخر تێبینیم لەسەر ئامێرە زیرەکەکان بدەم، ئامێرە زیرەکەکان ئێمە ناتوانین لەناو ناوەندەکانی خوێندن قەدەغەیان بکەین، چونکە مەرج نییە هەموو ئامێرێکی زیرەك بۆ کاروباری خراپە بەکاربهێندرێت یان بەلایەنی نێگەتیڤ بەکاربهێندرێت، ئێستا عەرزی جەنابتان دەکەم، ئێستا ئێمە لەگەڵ موئەسەسەیەکی گەورەی ئیماراتی خەریکین پانزە قوتابخانەمان لە کوردستان کردووەتە دیجیتاڵی و لەچوارچێوەی ئەوانەیایە، لەبەرئەوە ئێمە پێویستمان بەوە ئەبێ ئامێری زیرەك لەناو ناوەندەکانی خوێندن بێ، بەڵام ناکرێ مامۆستا وانە بڵێتەوە و قوتابیەك لەولاوە لایڤ بکاتەوە بە مۆبایلەکەی، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە دەنا مامۆستاش پێویستی بە ئامێری زیرەکە و مامۆستا پێویستی بە کۆمپیوتەرە، لەوە ئەچێ داتاشۆ بەکارئەهێنێ کۆمپیوتەر دەباتە ژوورەوە ئەمانە زۆر زۆر تەبیعین، ئێمە بە هیچ شێوەیەك نامانەوێ ئامێری زیرەك لەناو ناوەندەکانی خوێندن لە مامۆستایان قەدەغە بێ، بەڵام دەمانەوێ خراپ بەکارهێنانی قەدەغە بکەین، ناکرێ مامۆستایەك وانە بڵێتەوە و قوتابیەك لە دواوە لایڤێك بکاتەوە، ئەمانە دەبێ ڕێگە پێنەدراو بن بە یاسا و عقوباتی ئینزیباتیان لەسەر بێ و زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ بەڕێزان دانیشتنەکە هەڵئەگرین تا سەعات دوو و نیو.

## پاش پشوو

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا شەمۆڵ ماددەی(٤٣) بخوێنەوە فەرموو، بەڵێ کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەموو ئەندام پەرلەمانین و یاسا دەرئەکەین، ئەگەر یەك مۆزەف غایب بێت لەو پەرلەمانەی عقوبەی دەدەن، بەڵام مەعقول نییە، لە (١١١)، ئەندام پەرلەمانی (٥٠)، ئەندام پەرلەمان نێتە ژووریَ، پێم خۆشە یاسایەکی دانێن لە کاتی خۆیدا بێنە ژووریَ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

والله یاسا هەیە بەس چبکەین، ئێستا غیابات وەردەگرینەوە جارێکی تر، سوپاس، فەرموو کاك شەمۆڵ.

**بەڕێز شەمۆڵ اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٤٣):

یەکەم: لە دامەزراوەکاندا سیستەمی یەك پۆشی لە جل و بەرگ پەیڕەو دەکرێت.

دووەم: وەزارەت شێوازی جل و بەرگی یەك پۆشی دیاری دەکات، هەروەها دامەزراوەکانی لێ ئاگادار دەکاتەوە ڕێگە نادرێت بێ ڕەزامەندی وەزارەت گۆڕانکاری تێدا بکرێت، ئەگەر وەزارەت ویستی گۆڕانکاری لە جل و بەرگەکەدا بکات، دەبێت پێش کۆتایی هاتنی مانگی ئایار گشت دامەزراوەکانی لێ ئاگادار بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە دەستی خۆی بەرز کاتەوە؟ ئەو بەڕێزانەی قسەیان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، (د. اسماعیل، مامۆستا عثمان، کاك مەم، سەرچنار خان، هێڵز خان، بدریە خان، د.شێرکۆ، مژدە خان، مامۆستا عمر، کاك کاروان، شیرین یونس، کاك یاسین، کاك علی، کاك هێرش، شیرین امین، کاك چیا، کاك سەروان، سەوسەن خان، ژیان خان، کاك جلال، کاك شێخ ظاهر، سارا خان، لیزا خان، کاك هێڤیدار، مامۆستا ویسی)، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٣)، لەسەر یەك پۆشی، ئێمە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە ئەو یەك پۆشییە نابێت پێچەوانەی دابونەریتی کۆمەڵگا بێت، هەروەها ڕەچاوی بنەما ئاینییەکان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەلەن وەکو تێبینی ئەگەر ئەڤە چوبا ڕێنماییا ب ڕێنماییا بهاتبا ڕێکخستن چوبا باشتر بوو وەکو تێبینی بویە، ئەز پشتڤانیا بدریە خان دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها سێ وشە بە ئیزافە و پێویستی ئەزانم، ئەو گۆڕانکارییەی لە جل و بەرگەکەیا کە ئەڵێ لە مانگی ئایار بکرێت ئەوە ئیمزا بکرێت بۆ ساڵی داهاتووی خوێندن نە بۆ ئەم ساڵە بێت، یەعنی کە گۆڕانکاری لە جل و بەرگ ئەکرێت بۆ ساڵی داهاتووی خوێندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، ماددەی (٤٣) ئەوەی بۆ زیادبکرێت بە ڕەچاوکردنی ئادابە گشتییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سارا خان.

**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم دەڵێ لە دامەزراوەکاندا سیستەمی یەك پۆشی لە جل و بەرگ پەیڕەو دەکرێت، پێم وایە مامۆستایانی پیاو و ئافرەت دەبێت جلێکی ئاوا لەبەرکەن کە کاریگەری نەرێنی لەسەر قوتابییەکان دروست نەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ویسی.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، ماددەی (٤٣)، ماددەییەکی زۆر گرینگە پەیوەندی بە شێوازی جل و بەرگی قوتابیان هەیە، هەروەها زۆربەی زۆری خانەوادەکانیش قوتابییان هەیەو خانەوادە هەیە زیاتر لە یەك قوتابیشی هەیە، من پێشنیار دەکەم لە بڕگەی دووەم وەزارەت شێوازو نرخی جل و بەرگ، چونکە نرخی جل و بەرگ لە بازاڕ بارگرانییەکی زۆر بۆ خانەوادەکان دروست

دەکات، هەروەها پێشنیار دەکەم هیچ جیاوازی نەبی لەو نرخە لە نێوان قوتابخانە ئەهلییەکان و قوتابخانە حکومییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من، لەلایەن مامۆستا (ویسی)، کرا پشتیوانی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سروان.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان ڕەئی مەلا (ویسی)م هەیە، پشتگیری قسەکانی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەوسەن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە ڕەئی مامۆستا (ویسی)، دەکەم لە ڕاستیدا لیژنەکانی وەزارەت چاودێری ئەو نرخانە دەکەن، چونکە لە ڕاستیدا تایبەت لە قوتابخانە ناحکومییەکان، یەعنی نرخی ئەو جل و بەرگانە بەشێوەیەك گرانە، یەعنی بەڕاستی کە دەرەقەتی ئەوە نایەت تەنانەت دەگاتە هەندێجار سێ سەد تا چوار سەد دۆلار، بۆیە پێویستە وەزارەت چاودێری ئەو نرخانە بکاو کۆنترۆڵی لەسەر هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ژیان خان.

**بەڕێز ژیان طاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٤٣) سەبارەت بڕگەی یەکەم، مـن نـازانم لە دامەزراەکانـدا سیستەمی یەك پۆشی مەبەست لێی تەنیا بۆ قوتابییە یان مامۆستایانیش دەگرێتەوە، ئەگەر تەنیا بۆ قوتابی بێت پێشنیار دەکەم مامۆستایانیش بگرێتەوە، هەروەها بڕگەیەك زیادبکرێت بە تەسەلسولی سێیەم بەم شێوەیە:

سێیەم: هەر قوتابخانەیەك لۆگۆی خۆی دەبێت و پێویستە قوتابی و خوێندکار لەماوەی خوێندندا ئەو لۆگۆیە ببەستن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، ماددەی(٤٣)، خاڵی دووەم وەزارەت شێوازی جل و بەرگی یەك پۆشی دیاری دەکات، من پێم باشە لێرە ئەو بەشەی ئەو بڕگەیەی بۆ زیادبکرێت کە بگونجێت لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگاو بنەما پەروەردەییەکان، هەروەها لە دێڕی کۆتایی ئەگەر وەزارەت ویستی گۆڕانکاری لە جل و بەرگ بکات دەبێت پێش کۆتایی هاتنی مانگی ئایار بێت گشت دامەزراوەکان لێ ئاگادار بکاتەوە، من پێم باشە ئەگەر ماوەك دیاری بکرێت بۆ نموونە ماوەی پێنج ساڵ بۆ جل و بەرگ بێت نەك سالانە بگۆڕدرێ و خەڵك بەو کەم دەرامەتیـیەوە تووشی زەرەرو زیان بێت و هەر ساڵەو نەوعە جلـەك و قوتابییان تووشی گرفتی گەورە دەبن، بۆیە پێشنیار دەکەم ماوەکەی دیاری بکرێت بۆ ئەوەی خەڵکەکە بزانێت تا چەند ساڵیکە جل و بەرگەکان یەك نەوعە جل و بەرگن، هەروەها پشتگیری (مامۆستا اسماعیل و بدریە خان و مامۆستا ویسی) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لەلایەن (مامۆستا ویسی و کاك مەم قانع، کرا پشتگیری هەردووکیان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، دیارە بە نسبەت یەك پۆشییەوە لێرە دیاری نەکراوە ئایا لە پۆلی چەندەوە بۆ چەندەوە بێت یان ئایا هەر خوێنکار دەگرێتەوە یان قوتابی یان مامۆستاش؟ بۆیە من پێشنیار دەکەم، یەعنی یەك جل دابنرێت هەتا هەتایە جاری وایە تۆ دوو منالت هەیە یەکێکیان گەورەیە یەکێکیان بچووکە بۆ ئەوەی بتوانی بە حوکمی ئەوەی ئێمە ئابوورییەکی موستەقیممان نییە ئابووری ئێمە دائیمەن لە بەرزی و نزمی دایە تاوەکو ئێستا چوار ساڵە من لە پەرلەمانم بودجە نەهاتووە خەڵك نازانێت داهاتی چی لێدێت و چی لێنایەت، بۆیە من پێم باشە جلێك بێت هەتا هەتایی و زۆر ئاساییە پێشان سپی و ڕەساسی هەبوو، یان ڕەش و سپی هەبوو زۆر ئاساییە ناکرێت مەکتەبەك ئەلوان بێت و یەکێکی تر ئەلوان نەبێت، من کوڕەکەم لەو مەکتەبەیە بەیانی نەقڵی دەکەم بۆ مەکتەبەکی تر دەبێت جلێکی تری بۆ بکڕم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من وەکو ماددەی (٤٢)ش بۆچوونێکی جیاوازترم هەیە، ئەم پرسیارە ئاراستەی وەزارەتی مەعنی و لیژنەی پەروەردەش دەکەمەوە لە پەرلەمانی کوردستان، کە ئایا گۆڕینی جل و بەرگ ڕەنگی جل و بەرگ چی ئەخاتە ئاستی مەعریفی خوێنکارێك لە خوێندنگەیەکدا؟ ئایا ئەمە ئەتوانێ ئاستی قوتابییەکانمان بەرەو پێشەوە بەرێت؟ ئایا ئەمە بارگرانی دارایی دووبارە بۆمان دروست ناکات؟ ئایا ئەو کێشانەی کە هەن زەقتریان ناکاتەوەو زیاتریان ناکات؟ ئایا سوودە ئەکادیمی و مەعریفەکانی جل و بەرگی یەك پۆشی لە خوێندنگەو قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان چین؟ من پێم وایە نەك ئەمە چارەسەری ئەوە ناکات کە ئەگەر بێت و چینایەتی لەناو قوتابخانەو خوێندنگاکان دا هەبێت ئەمە سەرباری پێشێل کردنی ئازادی بەخێوکارو قوتابی و خوێندکار خۆشی کە ئەمە کار دەکاتە سەر موستەقبەلی لە هەمان کاتدا، لە هەمان کاتدا چارەسەر ناکات، بەڵکو برینەکەی قووڵتر دەکاتەوە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم ئەم ماددەیە لاببرێت، ئەگەر لایەنەبەن موناقەشەیەکی وردتری بکەن لەسەر ئەوەی کە ئەمە چی دەخاتە سەر ئەوەی کە ئاستی مەعریفی ئەمە بۆ هەموو ناوەندەکانی خوێندن ڕاستە ئێمە جل و بەرگ ڕێکدەخەین، بەڵام ئاستی مەعریفیمان لەچ ئاستێك دایە، با جل و بەرگ هەمووی یەك پۆش بێت کێشە نییە، بەڵام ئەگەر خوێندنگەکانمان لە ئاستێك دانەبن کە لە ئاستی تمووحی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندابن، ئەو کات ناتوانن سودێکی گەورە بگەیەنی با جل و بەرگ یەك پۆش نەبێت، بەڵام ئەگەر ئاستی مەعریفی خوێندکارو قوتابی زۆر باش بوو سوودەکەی سوودێکی زۆر نایاب و باش دەبێت و کێشەمان بۆ دروست نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من پێم وایە ئەوە بابەتی قانوون نییە، بەڕاستی ئەمە بە ڕێنماییەك بە بڕیارێك وەزارەتەی پەروەردە ئەبێت بیکات لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێك لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەك، یەعنی نەبووە ئەکرێ بڵێی وەکو پزیشکێ هەموو ئەو جلەی لەبەر دابێت لەکاتی نەشتەرگەری نا نابێت، یەعنی ئەوە پێم وایە زیادە ئەبێ لایبەین لە شەرحەکەشا نەکراوە سیستمی یەك پۆشی بۆ کێ؟ بۆ مامۆستا؟ بۆ قوتابی؟ بۆ کارمەند؟ بۆ چاودێر؟ بۆ کێ؟ زۆر جاران گرفتیش لە یەك ڕەئی و لە یەك پۆشییەکە نییە دیزاینی جل و بەرگ زۆرجار زیاتر دەور ئەبینێت لە ڕەنگی جلەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هێرش.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، مـن پشـتیوانی قسـەکانی کـاك شـێخ ظـاهر دەکەم، قسـەکانی مـن کـرا،زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، والله من هەر لەگەڵ بوونی ئەو ماددەیە نیم، چونکە بـۆچی یەك پۆشی قازانجەکەی چیە، لەوانەیە وەڵامێکی سادە هەبێت بڵێن، ئێمە هەمـووی وەکـو یەك لـێ دەکەیـن و تەبەقـات نـاهێڵین ویەکـێ کراسـەکی بە پێـنج وەرەقەی لەبەر دەبـی و یەکێـك کراسێك بە پـانزە هەزاری، بەڵام مـن پـێم وایە مەکتەب معەسکەر نیـیە دیسـپلینی بەکـار بێنـی هەمووی یەك بەرگ بێت و یەك جل بێـت هەمـووی یەك ڕەنـگ بێـت، مـن پـێم وایە لەم ڕووەوە خەڵك ئازادکەین بەڕاستی هیچ پێویستمان بەوەی نییە زەبتـیش و دیسـپلینیش و ڕێکـوپێکیش بە بەرگ، هەروەهـا بە جـل و بەرگـیش نیـیە بەڕاسـتی بە یەك پۆشـیش نیـیە ئەمە یەك، دوو: بەڕاستی ئەگەر بتانەوێت بمێنێتەوە، کە من لەگەڵ بوونی نیم بمێنێتەوە حەقیقەتەن پێویسـتی بە ئەوەیە کەمێك وردەکاری بکرێ، لە هەمان کاتیشدا هەر لەگەڵ ئەو ڕەئییەی کـاك (علـی حەمە صالح)م، ئەگەر هەر بشبێت ئەوە ڕەنگە پێویست کـات، یـان مەسـەلەن بە ڕێنمـاییەکی وەزارەت یـان بە بڕیـارێکی وەزارەت، چـونکە ئەمە لە قۆنـاغەك بـۆ قۆنـاغەك دەگـۆڕێ لە بـارودۆخێ بـۆ بارودۆخەشکە دەگۆڕێ لە ژیانی خەڵك لەم قۆناغە بۆ قۆناغەشکە دەگۆڕێت، یەعنی هەندێ شت هەیە بۆ بیکەین بە یاساو دەستی خۆمان ببەستین، ئەگەر هەر بشمێنێتەوە بەڕاستی مـن لەگەڵ ئەوەم کە دەبێت لەمەدا بنەما ئاینییەکان ڕەچاو بکرێت، هەروەها ئـادابی گشـتی ڕەچـاو بکرێـت ئەمە وای لێ بکرێت بەڕاستی بکرێتە دەستە چیللەیەك بکرێتە پاساوێك بۆ شتیکەو بڵێـین کـاکە والله ئەوە یاسـایەو دەبێـت ئەم جلـکە ئـاوا بێـت، ئەدی ئەو خەڵـکەی کە پابەنـدە بە بنەمـا شەرعییەکان بە حیجاب بە باڵاپۆشی بە هەنـدێ بنەمـای دیـکەی ئـادابی گشـتی، بـۆیە پێویسـتە بەڕاستی ئەمەشی بۆ زیادبکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی مـن دوو خـاڵم هەیە لەسـەر ئەم مـاددەیە، یەکەم: ئەمجـارەش ئەیڵـێمەوە بەڕاسـتی ئەو (١٨١) ماددەیە زۆربەی یەکێك لەوانە ئەمەیە بەڕێنمایی بە پەیـڕەوی ئەنجـوومەنی وەزیـران زۆر

ماددەی هەیە حەل ئەبێت ئەمە کە دوای چووە بواری جێبەجێ کردنەوە یەکەم کەس کە گیر ئەخوات بەدەستییەوە وەزیری پەروەردەیە، چونکە دوای دوو، سێ ساڵی تر ئەبێت هەر ماددەیەك کە بیگۆڕێ ئەبێت لەڕێی پەرلەمانەوە بێت و داوای هەمواری یاساکە بکاتەوە (١٨١) مادده حیسابکە دەبێت هەمووجار لەڕێی پەرلەمانەوە داوای هەوار بکات و ئایا ئەو هەمواره بکرێت یان نا، بەس ئەگەر بە ڕێنمایی بوایە وەزیر خۆی بە ئاسانی ئەیکرد بە پەیڕەو بوایە ئەوە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بە ئاسانی ئەکرا ئەمە ان شاءالله تەمەننا ئەکەین لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکە ڕەچاوی ئەو خاڵە بکرێت بۆ ئەوەی لە جێبەجێ کردنیا گیر نەخۆین، یەعنی ئەو قسەیە جارێکی تریش ئەکەم دوای زەرەری لێ ئەکەین هەموومان بەدەرەجە یەك وەزارەتی پەروەردەو وەزیری پەروەردە، سەبارەت بە داڕشتنەکەی نووسراوە لە دامەزراوەکاندا سیستەمی یەك پۆشی لە جل و بەرگ پەیڕەو دەکرێت، کە دەڵێت دامەزراوە پێناسەکەی هاتووە لە بڕگەی بیست و نۆزدەی ماددەی(١)، دامەزراوە قوتابی ئەگرێتەوە مامۆستا ئەگرێتەوە فەرمانبەر هەمووی ئەگرێتەوە، ئایا لێرە تەحدید کراوە ئەو یەك پۆشییە تەنها بۆ قوتابییە یان بۆ مامۆستا. دووەم: وەزارەت شێوازی جل و بەرگی یەك پۆشی دیاری دەکات، ئەمەی بۆ زیادبکرێت ئەگەر هەر لانەچوو ماددەکە، بەمەرجێك لەگەڵ دابونەریت و بەهاکانی خوێندن دا بگونجێت و ڕەچاوی بنەما ئاینییەکان بکرێت هەروەکو بدریە خان باسی کرد، پشتگیری لە قسەکەی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عثمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، منیش تەنها جەخت دەکەمەوە لەسەر ئاینیی خەڵك بەڕاستی زۆر گرینگە قوتابی باوکی لە قوتابخانە دەریهێناوە لەبەر ئەوەی کە مامۆستا فەرمانی کردووە کەوا پانتۆڵ لەبەر کات ئەو ئافرەتە ئەو کچە، بۆیە ئەو خاڵەی بۆ زیادبکرێت ڕەچاوی ئادابە گشتییەکان و یان شەریحەت، هەروەها پشتیوانی لە (بدریە خان و مامۆستا اسماعیل ومژدە خان و شێخ ظاهر و سەرچنار خان) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، تێبینییەکم هەبوو ڕۆژی یەکەم بەڕێز وەزیری پەروەردە لێرە بوو لەو ڕۆژەوە موناقەشەی ئەو قسەیەی جەنابی وەزیری پەروەردە دەکەم، کە وتی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢، ٢٠٢٣)، حەڤدە ملیار دینار، بۆ چاپکردنی شانزە ملیۆن پەرتووك خەرجکراوە، دەبێت وەزارەتی پەروەردە کار لەسەر ڕۆشنبیرکردنی قوتابیان بکات پەرتووکەکانیان بپارێزن بە پاك و خاوێنی هەڵبگرن ناوی وەزارەتی پەروەردە، واتە هەم بەشی پەروەردەیی تێدایە هەم بەشی

زانینەکەشی تێدایە ئەمە ئەکرێت بۆ سەرەتا وەرزی خوێندن مامۆستاکان حەوافزی بدرێت و قوتابییەکان مەدالییای پاکژی و ڕاگرتنی پەرتووکەکەی هەڵبگرێت لایەنیکەم نیوەی ئەو پلانە جێبەجێ بکرێ و ساڵی دابێتن هەشت ملیارو نیو دەگەڕێتەوە ئەتوانین هەشت قوتابخانەی باشی لێ دروست بکەین هەر ویستم ئەو موداخەلە بکەم جەنابی وەزیر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تیبینی هەبوو کو ئەف ماددەیە پێویستە ب ڕێنمایەك ڕێکبخرێت نە بۆ یاسا، یاسا دەبێتە بارگرانی سەر وەزارەتێ، چونکی پشتی ماوەکی دی ئیحتیمالە بێتە گۆڕینی بابەتی یەك پۆشی، بویە بارگرانییەکی زێدەی دارایی لسەر ماڵباتا، من پێ باشا ئازادییەکی زێدە بۆ خەڵکی بێت دانێ کو ئەف یەك پۆشییە نەمێنت، ئەگەر بمێنی پێتڤیا هەم بۆ مامۆستای جێهەبت، هەروەسا پشتڤانیا کاك کاروان و کاك علی حەمە صالح و مامۆستا عبدالستاری، بۆ وان خاڵا هاتینە بەعس کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك جەلال.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە جێگیرکردنی نرخ بەڕاستی لەسەر مەسەلەی یەك پۆشی پشتگیری قسەکانی مامۆستا مەلا ویسی و کاك سروان و سەوسەن خان دەکەم، سەبارەت بە یەك پۆشی بۆ مامۆستایانیش زۆربەی وڵاتان بەڕاستی مامۆستاش هەمان شتە جاروایە چاکەتێکی نیلی ڕیباتێکی مارۆنی پانتۆڵێکی ڕەساسی، یەعنی ئەوانیش بۆ ئەوەی جودا بکرێنەوە ئەگەر یەك پۆشییەکە لابدرێت ئەوە شتێکی ترە ئەگەرنا با مامۆستایانیش بەڕاستی بەهەمان شێوە یەك پۆشبن وەکو قوتابییەکان و شتێکی جوانتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٣) بۆ یەك پۆشی لە ناوەندەکانی خوێندن، من پێشنیازی ئەوە دەکەم کە دەسەڵات بدرێت بە بەڕێوەبەرە گشتییەکان، بۆ ئەوەی ڕەچاوی ناوچەی جوگرافی بکرێت، بە نموونە لە دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندنا کەلار بەرزترین ئاستی پلەی گەرما بوو لە کوردستانا کە پلەی گەرمای (٤٣)یە، نزمترین پلە لە بازیان بوو کە (١٨) پلە بوو، ناکرێت لە ئاستی هەرێمی کوردستانا هەمووی یەك ڕەنگ بێت، هەروەها کەسانی شارەزاو هونەری دیزاینی یەك پۆشی دابڕێژن باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك شێركۆ.

**بەڕێز د.شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عیبرەت لە یەك پۆشیەكەیایە نەك لە یەك پۆشینەكەیا بۆیە یەك پۆشینەكە تەنها سیمای ئەوە ئەدا كە ئەوە فێرخوازە، یان ئەوە مامۆستایە، بەڕەئی من یەك پۆشینەكە باشترە، بەڵام لەوە گرنگتر ڕێك پۆشینەكەیە جل و بەرگی فێرخواز ئەبێت جوان بێت ئەبێت ڕێكبێت ئەبێت پاكبێت، بۆیە ڕێك پۆشینی بخەینە پاڵ، هەروەها پشتگیری لە قسەكانی د.اسماعیل و مامۆستا عبدالستارو سەرچنار خان و بدریە خان و مامۆستا عثمان ئەكەم، عللەتی ئەم مەوزووعە ڕێك پۆشین و یەك پۆشین ئەبێت چەند پێوەرێك بێت كە یەكەم تەسبیت بێت لە یاساكە كە وروژێنەر نەبێت كە ئەمە لە دنیایە یونسكۆ و الامم المتحدة، یەعنی ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان زۆر جەختی لەسەر دەكەنەوە تەنانەت كەرتی تایبەت و كۆمپانیا ناشناڵەكانیش نابێت وروژێنەر بێت نابێت خیلافی داب و ئادابی گشتی بێت نابێت فەرقی تەبەقەی تیا بەرجەستە بێت ئەم (سێ ، چوار)، پێوەرە بخرێتە پاڵ یەك پۆشی و ڕێك پۆشییەكە، پێم وایە شتێكی موتەكامل دەردەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەم بابەتە (دوو، سێ) ئیشكال هەیە تەبعەن، بەڕێزان مامۆستا قدوەیە، مناڵ تەنها لەو مەنهەجە فێرنابێت كە تەنها لەبەر دەستیایەتی، لە ڕەفتاری فێر ئەبێت لە هەڵسوكەوتی فێر ئەبێت لە شێوازی جل لەبەركردن و پاك و خاوێنییەكانی فێر ئەبێت، بۆیە هەر پەیامێكی هەڵە لە مامۆستاوە لە مەنهەجە كە زووتر ئەگات پێی، لەم ڕوانگەیەوە جل و بەرگ زۆر زۆر گرینگە لە ناوەندەكانی خوێندن، بۆیە ئەم بابەتە (دوو ، سێ) جۆر ئیستغلالی تێدایە. ئیستغلالی یەكەم: بەداخەوە هەندێ بەڕێوەبەر هەندێ مامۆستا ناڵێم لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ هەموو مامۆستایان لەگەڵ خەڵكانێك ڕێك ئەكەون، ئەمە بۆتە بابەتێكی بازرگانی كە ئیستفادەی تایبەت ئەكەن جل ساغ ئەكەنەوە بەسەر مناڵانا ئەوە خاڵی یەكەم. خاڵێكی تر ئەوەیە هەندێ بەڕێوەبەر بە میزاجی خۆی جۆرە جلێك لە تەڵەبەكان لە مناڵەكان لە خوێندكارو قوتابییەكان قەدەغە ئەكات مەسەلەن لەسەر لەچك بە مناڵانی سەرەتایی قسە زۆر ئەكرێ لەسەر جۆری جل و بەرگی پانتۆڵ یان حیجاب بێت هەریەكە لەوانە بۆیە ئەوەی كە ئەو بەڕێزانە فەرموویان كە (بدریە خان، د.اسماعیل، كاك شێخ ظاهر، سەرچنار خان، كاك عبدالستار، مامۆستا عثمان، د.شێركۆ)، من بەم جۆرە دای ئەڕێژمەوە بڕگەیەك زیادبكرێت خۆشەویستانی لیژنەی پەروەردەو یاسا بەم جۆرە بێت، لەسیستەمی یەك پۆشیدا ئازادی لەشێوازی جل وبەرگ بە ڕەچاوكردنی بنەما ئاینییەكان وئادابی گشتی مافێكی پارێزراوە بۆ قوتابیان ومامۆستایان و فەرمانبەران هەر ئەوە نییە

مامۆستامان هەیە وەك ئەوەی بۆ ئاهەنگێك بچێت جل لەبەر ئەكاو ئەچێت باشە ئەگەر مامۆستایەكی ئاوا بچێتە پۆلەوە منالْ چۆن ئەتوانێت تەركیز لەسەر خوێندن و فێربوون بێت هەر چاوی لەوەیە بزانێت نینۆكەكەی چۆن ڕەنگ كردووە، جلەكانی چۆن لەبەر كردووە، لە چ سالۆنێك خۆی ڕازاندۆتەوە، ئەمە لەگەڵ پەیانی پەروەردەییا ناگونجێت، بۆیە جەخت ئەكەمەوە لەسەر زیادكردنی ئەو بڕگەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو هێلْز خان.

**بەڕێز هێلْز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددا (٤٣) پەیڕەو كردنا سیستەمێ یەك پۆشی پێتڤیەكا پێتڤیە بۆ خاسەتەن كۆمەڵگەهێ مەیە كوردی لێ، من هەمان پرسیارو ڕوونكردنا دڤێتن مامۆستا ژیان خانێ و سەرچنار خانێ خالا ئێكێ دا یان برگا ئێكێ دا هاتی لە دامەزراوەكاندا ل ماددا (١)دا، پێناسە بڕان و دامەزراوە هاتییە كرنێ، ئایا ئەف یەك پۆشیە بۆ هەمی ئەف مامۆستاو فەرمانبەرو قوتابیانە، دیتنا من و وەك من نزیكی بیست سالا مامۆستایەتی كری كە باشترین ڕێك ئەوە مرۆڤ ژێ كونترۆلێ بكەتن سەر حەرض ئەرزییە ئاڤا دێتە كرن و كە موئەسەساتێت مەی تەحلیمی دا ئەڤەیە یەك پۆشی بۆ مامۆستای ژ هەبێت حەقیقەت یەك پۆشی هەبیتن. سەبارەت برگا دوویش، پشتگیریا (د.اسماعیل و بدریە خان و سەرچنار خان و د.شێركۆ) دكەم ، كو دڤێتن دگەل دابونەریت و بەهاییێت كۆمەڵایەتی بگونجێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەڕێز وەزیری پەروەردە قسەتان هەیە، سوپاس، فەرموو كاك ئالان.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە تایبەتە بەتەنها قوتابیان و خوێندكاران كە ئەڵی لە دامەزراوەكان مەبەستی باخچە و خانە و پەیمانگاكانە سكوڵ یونی فۆرم لە هەموو دنیایا هەیە، یەعنی ئەمە حاڵەتێك نییە تەنها لە كوردستانا هەبێت، هەروەها ئەم بابەتە مەزائی زۆرە یەكێك لە فایدەكانی ئەوەیە ئینزیبات لای قوتابی زیاد ئەكات، یەكێكی تر ئەوەیە كە بەپێی ئەو دیراساتانەی كراوە توندووتیژییەكان لەناو دامەزراوە پەروەردەییەكان كەم دەكاتەوە، یەكێكی تر لە باشییەكانی ئەوەیە كە بەعەكسەوە تێچوو لەسەر خانەوادەكان كەم دەكاتەوە، چونكە تۆ داوای یەك جۆر جل و بەرگ ئەكەی بۆ قوتابی، بۆ نموونە ئێمە بەگوێرەی قۆناغەكان دەگۆڕێت جل و بەرگی ڕەساسی و سپی داواكراوە حیسابی گەرما و سەرما و جلی ڕەش و ئەوانەش كراوە ساڵانە بۆ هەموو ناوەندەكانی خوێندن ئەوە ئیعلان دەكرێ ومەبەستەكە ئەوەیە تەنها قوتابیان و خوێندكاران دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە ماددەی(٤٤) فەرموون.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٤٤): پێویستە قوتابی و خوێندکار لە وانەکان ئامادەو و بەشداربن لایەنی زۆری ڕۆژانی ئامادەنەبوونی قوتابی و خوێندکار بەڕێنماییەك ڕێکدەخرێت کە لەلایەن وەزیرەوە دەردەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون کێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟ بەڕێزان ناوەکانتان ئەخوێنمەوە (کاك عباس، کاك لقمان، کاك بەڵێن، کاك دابان، کاك ارشد، کاك چیا، مامۆستا نجاة، کاك هێڤیدار، مامۆستا ویسی، کاك هیمداد، لیزا خان، کاك کاوە، بدریە خان، مامۆستا ابوبکر)، کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٤)، من پێشنیاری ئەوە دەکەم هەر ئەم تەوەرە کە پێی دەڵێن کارو ڕەفتارە ڕێ پێنەدراوەکان کە ماددەی (٤٢، ٤٣، ٤٤) دەگرێتەوە، بەڕاستی هەرسێکی بکرێت بە یەك ماددە بۆ ئەوەی کە وەزارەت ڕێنمایی تایبەت دەردەکات سەبارەت بە یەك پۆشی و کەلوپەلە ڕێپێنەدراوەکان و ماوەی ئامادەنەبوونی خوێندکاران ومامۆستایان لەبەرئەوەی هەموویان پێویستیان بەڕێنماییە، بۆیە ئەو هەموو ماددەیەو ڕێنمایی دەرئەکات بیکەینە یەك ماددەو جەنابی وەزیر ڕێنمایی پێ دەرکاو هەتا ئێستاش هەر هەبووە ئەو ڕێنماییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من، لەلایەن کاك عباس کرا پشتیوانی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٤٤) لایەنی زۆری ڕۆژانی ئامادەنەبوونی قوتابی و خوێندکار بەڕێنماییەك ڕێکدەخرێت کە لەلایەن وەزیرەوە دەردەکرێت، ئەمە لە پێشووتریش باسم کرد بەڕاستی کە لەلایەن وەزیر دەردەکرێت لە چوارچێوەی حوکمەکانی ئەو یاسایەیە، چونکە ئەو یاسایە یاسایەکی تایبەتە

لەڕووی سیاقە کردن وا باشە لە هەر شوێنێك ئەو ڕێنماییـانە هـات لە چوارچێـوەی حوکمەکـانی ئەم یاسایەدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ارشد.

**بەڕێز ارشد حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم لەلایەن کاك عباس کرا، پشتگیری قسەکانی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نجاة خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیتنا من ماددێ (٤٤) بەرێ خۆ دەینێ دبیتە تەناقز دگەل بڕگەی سێی ماددێ (٤٢)، چونکە بڕگەی سێی مادده (٤٢) بەعسێ دوورخستنا قوتابی دکەتـن ڤێـرە پیتڤیـا ئامـادەبیتن ژبەر هەنـدێ تڤیـا ئەڤی ماددێ (٤٤) بەشێوەکی بێتە ڕێکخستن کو تەناقز نەبیت، ئەگەر هـاتوو چـوو بـڕگەی سـێی ماددێ (٤٢)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام جەنابی وەزیر بەڕێنمایی دەرئەکرێت وچوونی تەڵەبە بۆناو هۆڵە خوێندن تەحسیڵ حاسڵە دەبێت تەڵەبە ئامادەبێت ئەگەرنا هیچ پێویست ناکات لێرەوە ماددەیەکی کامڵی بۆ دابنرێتن، من پێم وایە ئەم مادده هەڵبگیرێتن ببێـت بە بەشـێك لە حوکمەکـان و وەزیـر بەڕێنمـایی دەربکرێـت تەڵەبە خۆ هەر دەبێت بچێتە قوتابخانە سەتەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ویسی.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مــاددەی (٤٤)، مــن لەگەڵــی دامە نەمێنێــت، چــونکە هەر بەخــۆی لەنــاو مــاددەکەش دەڵێــت بەڕێنمـاییەك ڕێکـدەخرێت دەرچـوونی ڕێنمـاییەکە کـافییە ئەوە نەمێنێـتن، هەروەهـا پشـتگیری قسەکانی کاك هێڤیدار دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە دەڵێت پێویستە قوتابی خوێندکار لە وانەکان ئامادە و بەشداربن، ئێ ئەوە ئامادەیەکە دیارە دەبێت مەوجوود بێتن لە پۆل لە قوتابخانەو دەوام بکات، بەڵام مەبەست لە بەژدارییەکە چییە؟ ئایا بەژداری وانەکان بکات مشارەکە بکاتن لەناو پۆل ئەگەر مەبەستێکی تر هەیە پێم وایە بەژداری کردنەکە زیادە، هەروەها پشتگیری شێخ ظاهر دەکەم کە دەڵێت لەلایەن وەزیرەوە لە چوارچێوەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکرێ، هەروەها پشتگیری هەموو ئەوانەش دەکەم کە بەڕاستی پێیان وایە ئەم ماددەیە زیادە، چونکە تۆ مادام ڕێنمایی دەرئەکەی ئەکرێتن هەر ئەو ماددەیە لە چوارچێوەی ڕێنماییەکان ڕێکبخرێت و پێویست نییە بکرێتە ماددەیەکی قانوونی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکەی کاك کاوە ئەکەم ئامادەبوون و ئامادەنەبوون ئەوە ڕوونە، بەڵام پێوەرەکانی بەژداربوون و بەژدارنەبوون چیە یەعنی ئەوە پەیوەندی بە ڕۆژانەوە هەیە کە مامۆستا وانە بە قوتابیەکانی ئەڵێتەوانێ و لێرە ئەو بابەتە زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بۆ لابردنی ماددەکە پشتگیری لە قسەکانە کاك عباس دەکەم ئەگەر مایەوە پشتگیری لە قسەکانی کاك شێخ ظاهر دەکەم کە لەچوارچێوەی حوکمەکانی ئەو یاسایە هەروەها پشتگیری لە قسەکانی برای بەڕێزم مامۆستا ابوبکر دەکەم، کە لە ماددەی (٣١) بۆ نموونە (١٧٠) ڕۆژی ساڵەکەو (٥) ڕۆژی حەفتەو (٤) سەعاتی ڕۆژەکەی هێناوە بۆیە لابردنی باشترە ئەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٤) لەبەر ئەوەی لە ئامانجە گشتییەکان ئیشارەتی پێدراوە هەمان بۆچوونی کاك (عباس)م هەیە، پشتیوانی لێدەکەم ئەم ماددەیە لابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەم ماددەیە پشتیوانی لە قسەکانی کاك عباس و کاك هێڤیدار دەکەم لابدرێت ماددەکە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤێ ماددێ دلڤێ یاسایێ دا هیچ گرینگیا خۆ نامینێت چونکی بەرهینگێ ئەڤ ماددەیە وازع هاتیە باس کرن پشتڤانیا نجاة خان و کاك هێڤیدار و کاك عباس دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هیمداد.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، قسەکانی من، لەلایەن هاوڕێیان کرا، بۆیە پشتیوانی لە کاك عباس و نجاة خان و کاك شێخ ظاهر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە ئەم پرۆژەیە پێویستی بەم ماددەیە نییە و دەتوانرێ دواتر ڕێنماییەکی بۆ دەر بکرێت، بۆیە پشتیوانی لە بۆچوونەکانی کاك مەلا ویسی و کاك هێڤیدار و کاك دابان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ماددەی (٤٥)مان، بۆ بخوێننەوە، بەڕێز وەزیری پەروەردە ویستت قسە بکەی دەست بەرزکەیتەوە دەتیبنم بەڵێ فەرموو. کاك ئالان.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بوونی ئەو ماددەیە زۆر زۆر زەرووره لەبەر ئەوەی لە ماددەی (٣٧) ئاماژە بەوە ئەکات کە وەزارەت مافی هەیە کە خوێندنی (ئەلیکترۆنی و ئۆن لاین و ئی لێرنین) ڕێگە پێ بدات واتە سیستەمی ئاوێتەی خوێندن ڕێگە پێ بدات لەبەر ئەوە دەبێت بۆ ئەو حاڵەتانەی کە قوتابییەك سیستەمی ئەلیکترۆنی یا سیستەمی ئاوێتە هەڵ ئەبژێرن کە لە ماددەی(٣٧) هاتووە، وەزارەت دەسەڵاتی هەبێت لەڕووی قانوونی تەنفیز بکرێ کە ڕێنمایی ورد

بۆ ئەو بابەتە دەربکات ڕۆژانی ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی قوتابیان خوێندکاران بخاتە ڕوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی(٤٥) بخوێننەوە بەڕێزان فەرموون.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری(١٦)، ژمارەی بازنە قۆناغ و پۆل، تەلارو کتێبخانە لە دامەزراوەکاندا.

ماددەی(٤٥):

یەکەم: پێویستە هەموو قوتابخانەیەکی خوێندنی بنەڕەتی لە یەك بازنەی خوێندن کەمتر لەخۆ نەگرێت، جگە لە گوند و ناوچە دوورە دەستەکان.

دووەم: پێویستە هەموو خوێندنگەیەکی ئامادەی هەرسێ پۆلەکانی ( ١٠، ١١، ١٢) لەخۆ بگرێت لە کاتی کردنەوەی خوێندنگەیەکی نوێ دەکرێت بە یەك پۆل دەست پێ بکرێت.

سێیەم: پێویستە هەموو پەیمانگایەکی پەروەردەی هەر پێنج قۆناغەکانی خوێندن لەخۆ بگرێت لەکاتی کردنەوەی پەیمانگایەکی پەروەردەی نوێ، دەکرێت بە قۆناغی یەکەم دەست پێ بکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ ئەیەوێت لەسەر ماددەی (٤٥) قسە بکات؟ ئەو بەڕێزانەی قسە دەکەن ( کاك حکمت، کاك بهمەن، کاك لقمان، د.اسماعیل، مژە خان، د.شایان)، د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز د.اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تنێ پرسیارەك هەیە چ بوو لیژنا تایبەت چ جەنابێ وەزیرێ جواب دەتن خالا دووێ بێژیتن هەموو خوێندنگەیەکی ئامادەی هەرسێ پۆلەکانی ( ١٠، ١١، ١٢) لەخۆ بگرێت لە کاتی کردنەوەی خوێندنگەیەکی نوێ دەکرێت بە یەك پۆل دەست پێ بکرێت، ئەگەر دەیەکی بەس قوتابی سەفەکی هەبن یەعنی ڤێت ئامادەیی وێرێ نەهێتە کرن بچتە دێیەکی تر؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تەوەری (١٦)، ژمارەی بازنە پێم وایە زیادە لەگەڵ وشەی تەلار، لە ماددەی (٣٦) ئاماژەم بەوە کرد تەلار خوێندنگە گونجاو نییە، یەعنی پرسم بە ئەندازیارو خەڵکە پسپۆڕ کردووە تەلار لە دوای سێ قاتەوە دەست پێ دەکات سێ تابقیش پێی ناگوترێت تەلار لە چوارەوە دەست پێ دەکات، پێشنیارم ئەوەیە وشەی تەلار هەر لە یاساکەدا لابدرێت، چونکە لە یاساکەدا خوێندنگەمان نیە لە چوار نهۆم پێکهاتبێت پێم وانییە شتی وا هەبێت، سەبارەت بە

خـاڵی دووەمـیش لابـدرێت لە مـاددەی(٤٥) دووەم لابـدرێت چـونکە زیـادە بە بـڕوای مـن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك حکمت.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە خاڵێ دووەم لابدرێتن نەمێنێتن باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەهمەن.

**بەڕێز بەهمەن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر مەبەستی وەزارەت لە بازنە یەك دەوامییە بەڕاستی خاڵەکی زۆر زەڕووره، بەڵام ئایا ئەمە تا چەند لە ئێستای کوردستانەوە تا پێنج ساڵی تریش دەتـوانرێ جێبەجـێ بکرێـت، چـونکە ئـێمە کێشەیەکی گەورەمان لە پەروەردە لە کوردستانا کەمی بینایە، هەروەها زۆری دەوام کردن لەنـاو یەك بینا ئەمە وایکردووە هەم مەنهەجەکەش زۆرە، وەزارەتەکەمان نـاوی وەزارەتـی پەروەردەو فێرکـردنە لە کوردسـتان بەداخەوە لەبەر کەمـی بینـا و لەبەر زۆری دەوام لە بیناکانـا پەروەردە کراوەتە قوربانی فێرکردن، بۆیە ئەمە گرینگە ئەو خاڵە وەکـو خـۆی جێبەجـێ بکـرێ و بینـای بـۆ دابین بکرێت، خاڵی دووەم منیش پێم وایە ئەو خاڵە زیادەیە چونکە خوێندنگاکە ناوی ئامادەیی بــوو دەبێــت لە (٤، ٥، ٦) پێکبێــت، خــاڵی ســێیەم زەرووره مــن بە زەرووری دەزانــم کە ئەو قوتابخانەی دەکرێتەوە ئامادەییەك تازە دەکـرێتەوە تەبیعیـیە بـا لە چـوارەوە دەسـت پـێ بکـات بەس پۆلی چواری هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شایان خان.

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێــزان لە مــاددەی (٤١) ئامــاژەم بەوەدا کە بەس ڕیزبەنــدی تەوەرەکــان هەڵەیە، واتە لە (١٢) یەکســەر هـاتووە بـۆ (١٤) ئێســتاش کە دەڵـێ تەوەری (١٦)یەم، خـۆی تەوەری (١٥)یە، هیـوادارم چاکی کەنەوە نەوەك ئەوها بەسەرتان تێپەڕێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٥) بڕگەی دووەم کە ئەڵێ پێویستە هەموو خوێندنگەیەکی ئامادەی هەرسێ پۆلەکانی (١٠، ١١،١٢) لەخۆ بگرێت، پۆلی (١٢) تاقیکردنەوەی نیشتیمانییە ئێستا لەزۆرێك لە خوێندنگاکان لە گوندێکی گەورە پۆلی (١١،١٠) لێیە، بەڵام توانای پەروەردەیی خوێندنگاکە هەڵناگرێت پۆلی (١٢) بکاتەوە، ئەی ئەگەر حاڵەتێکی وا هەبوو کە ئێستا هەیە لە زۆرێك لە گوندەکان پۆلی (١٠، ١١)ی تێدایە بۆ فەرز بکرێت ئیلا دەبێت پۆلی (١٢)ی تێدا بێت، چونکە پۆلی (١٢) تاقیکردنەوەیەکی نیشتیمانییە پێویستی بە توانای زۆر دەبی، بۆیە من پێم وایە ئەمەش وەك خاڵی یەکەم لێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٤٦) فەرموون بیخوێننەوە، سوپاس، فەرموو خدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٤٦):

یەکەم: دەکرێت باخچەی منداڵان پاشکۆی قوتابخانەو خوێندنگە بێت وە بەشێکی قوتابخانە یان خوێندنگەکە بەکاربێنێت بەمەرجێك پەرژینێك یان بەربەستێك لە نێوانیان هەبێت.

دووەم: دەکرێت تەلاری دامەزراوەیەکی پەروەردەی و فێرکردن لە خولی یەکەمی خوێندنی بنەڕەتی تا پۆلی(١٢) لەخۆ بگرێت بەمەرجێك بەربەستێك یان ڕێگرێك لە نیوان قوتابیان و خوێندکاراندا هەبێت.

سێیەم: لە تەلاری کۆمەڵگای پەروەردەیدا دەبێت بەربەستێك یان ڕێگرێك لەنێوان قوتابیان و منالان و خوێندکاران هەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك ئەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات با دەست بەرزکاتەوە؟

ئەو بەڕێزانەی قسە لەسەر ئەم ماددەیە دەکەن (کاك کاوە، مامۆستا عمر، روپاك خان، کاك مسلم، بدریە خان، مژدە خان، کاك کاروان، شادی خان، سەوسەن خان، کاك چیا، کاك شێخ ظاهر، کاك جەلال)، سەوسەن خان فەرموو.

**بەڕێز سەوسەن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر وشەی یەکەم هەیە کە دەڵێت (دەکرێت)، یەعنی ئەوە گومان دروست ئەکات بەڕاستی، بۆیە ئەو (دەکرێت)ە، لابدرێت باشترە، هەروەها سەبارەت بە بڕگەی دووەم و سێیەم، یەعنی ئەوەندەی چاوم لە پێناسەی تەلاری دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکردن و تەلار ی کۆمەڵگەی پەروەردەی کرد پێناسەکانیان وەکو یەکە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم بڕگەی دووەم و سێیەم بکرێتە یەك بڕگەو چڕ بکرێتەوە دەتوانین بەو شێوازە کە تەلاری

دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکردن دەتوانین تەلاری کۆمەڵگەی پەروەردەیش زیادبکەین و بابەتەکانی تر وەکو یەکە، بەڵام تێبینیم لەسەر بەربەستێك یان ڕێگرییەك ئەو بەربەستە چییە، یەعنی ڕاستە باشە ئەگەر قوتابیانی بنەڕەتی و ئامادەیی لێکجیابکرێتەوە، بەڵام وازح نییە، ئەو بەربەستە چۆن دروست دەکرێ و بەچ شێوازێك بەکاردەهێنرێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٦) خاڵی یەکەم ، بەڕاستی من تێبینیم لەسەر ئەو بەربەستەو ڕێگریەك هەیە، ئایا بەربەست و ڕێگریەك بەمەبەستی جیاکردنەوەی منداڵانە لەوانی تر؟ پێم وابێ هەر بۆ ئەم مەبەستەشە، بۆیە پێشنیار دەکەم خاڵی یەکەم بەمەرجێك پەرژینێك یان بەربەستێك بۆ جیاکردنەوە، ئەو وشەیەی بۆ زیادبکرێت بۆ جیاکردنەوە لە نێوانیاندا هەبێت، خاڵی دووەمیش لە دێری کۆتایی بەمەرجێك بەربەستێك یان ڕێگرییەك لەنێوان قوتابیان و خوێندکاراندا هەبێت بەمەرجێك بەربەستێك بۆ جیاکردنەوە، ئەو (ڕێگری)یە وشەی (ڕێگری) لابدرێت لەنێوان قوتابیان و خوێندکاراندا هەبێت، خاڵی سێیەم بەهەمان شێوە دەبێت بەربەستێك یان ڕێگریەك لە نێوان منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران هەبێت، لێرەش پێشنیار دەکەم ئەو (ڕێگری)یە لابدرێت بکرێتە بەربەستێك بەمەبەستی جیاکردنەوە لەنێوان منداڵان و قوتابیان و خوێندکاراندا هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٦)، ئێمە لە ماددەکانی پێشوو تێبینیمان هەبوو لە ڕاستیدا ئەمە لە ناچارییە تێدەگەین لەوەی کە وشەی (دەکرێت) بەکارهاتووە بۆ حاڵەتی ناچارییە بۆ حاڵەتێك نییە کە وەزارەت ناچاربێت، بەڵام کێ بڕیاریدا کە کوردستان تا دە ساڵی تر بەم شێوەیە بمێنێتەوە، کێ بڕیاریدا کە تا پانزە ساڵی تر بەم شێوەیە بمێنێتەوە؟ وە کێ قەراریدا ئەم قانوونە بۆ دوو ساڵ بێت بۆسێ ساڵ بێت؟ قانوون موودەتێکی زۆری هەیە ڕەنگە ئەم قانوونە هەموار نەکرێتەوە بۆ خۆمان ئیلزام بکەین بەم بابەتە، من لە ماددەکانی پێشوو ئاماژەم پێکرد جەنابی وەزیر ئێستا حاڵەتێکی ناچاری هەیە کە دوو دەوام هەیە لەشوێنێکی دیاریکراو لە قوتابخانەیەك لە خوێندنگەیەك لە فێرگەیەك لە باخچەیەکی منداڵان ئێستا لەو حاڵەتە تۆ هاتووی خراپتر لەمە باخچەی منداڵان پاشکۆی چی بێت خوێندنگە و قوتابخانە، خۆی لە ئەصڵدا باخچەی منداڵان ئەبێت شوێنێك بێت زۆر جیاوازو تایبەت بێت هەتا ئەگەر حاڵەتی ناچاریش ڕێگە بەوە بدات خۆتان ئینقازکەن بەو

بابەتە، بەڵام با نەبێت لە یاسادا ئەمە لابدەن بۆ ئەوەی دوای تووشی ئەشكالێكی قانوونی با ئیجبار نەبین بە قانوون و ئەمە ببێت بە قانوون و وجوودی هەبێت، خۆتان بەڕێنمایی حەلیكەن قەینا تێدەگەین لەوەی كە تەفاهوومی ئەوە دەكەین كە كێشەمان هەیە لەڕووی هەبوونی شوێن و مەكاناتەوە، بەڵام با لابچێت بۆ ئەوەی كە بتوانین چارەسەری ئەو كێشە بە قانوونی نەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو شادی خان.

**بەڕێز شادی نەوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی لە ئێستایا لەبەر دەستمانە بەشێكی زۆری یان زیاتر لە نیوەی وەزارەتی پەروەردە لە مامۆستایان ژنانن، هەروەها یەكێك لەو حاڵەتانەی كە هەمانە بۆ ژنان و كار ئاسانییەكە بۆ ژیانی ڕۆژانەی ژنان بكرێت ئەوەیە كە دایەنگە بۆ منداڵەكانیان هەبێت لەوكاتەی كە بەدەوامی ڕەسمی خۆیان هەڵدەستن منداڵەكانیان موتمەئین بن لێیانەوە، بەشێكی زۆر لەو قوتابخانە و خوێندنگانەی كە هەمانن لە ژوورێك یان لە پۆلێك لە پۆلەكاندا لە حاڵەتێكدا كە ئەمە پێشتر بە ڕێنمایی وابزانم ڕێكخرابوو داینگەیەك دەكرایەوە لەناو سنووری قوتابخانە یان خوێندنگەكەدا، بەڵام ئەم ساڵ ئەوە نەماوە ئەم حاڵەتە بارگرانییەكی زۆر لەسەر ئەو خێزانانە دروست ئەكات كە هەردوو دایك و باوك مامۆستان و بەشی زۆریشیان لە هەمان خوێندنگە وانە دەڵێنەوە، بۆیە من پێم باشە بڕگەیەك لێرە زیادبكرێت لەحاڵەتی بوونی شوێنێكی گونجاو بەهاوكاری لەگەڵ وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی كە داینگەكان دەكەوێتە سنووری كاركردنی ئەو وەزارەتە داینگەی تایبەت بكرێتەوە بۆ ئەو دایك و باوكانەی كە مامۆستان یان فەرمانبەری خوێندنگاو قوتابخانەكانن دڵ مووتمەئین بن لە منداڵەكانیان لەهەمان كاتیش ئەمە ڕەنگە تێچوویەكی كەمتری هەبێت لەوەی كە منداڵەكانیان بەرنە داینگەیەكی تایبەت بەڕاستیش ئەمە گرینگیەكی زۆر زۆری هەیە بۆ ئەو ژنانەی كە كار دەكەن پێویستە زۆر لەبەرچاو بگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو كاك جەلال.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، سەبارەت بە بڕگەی یەكەم دەكرێت باخچەی منداڵان پاشكۆ بێت، من لەگەڵ ئەوەم كە ئەمەی لێ لابدرێت باخچەی منداڵان یانی لەژێر هیچ بیانوێكدا نابێت پاشكۆ بێت بۆ قوتابخانە و خوێندنگە، بۆیە پشتیوانی قسەكانی كاك كاروان گەزنەی دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەصڵەکە ئەوەیە جیایە بازنەکانی یەك و دوو جیابن سێ جیابێت و چوار جیابێت، بەڵام هەندێ دەرفەتی داوە لەم ماددەیە شتێکی باشە بە بڕوای من، بۆیە ئاسانکارییەکی تیایە بۆ دایك و باوکی خوێندکار کە دوو منالی هەبێت لە دوو قۆناغ بەئاسانی بچێتە یەك شوێن لە بڕی دوو سێ شوێن بکات یان هەندێ موئەسەسە هەموو قۆناغەکانیان هەیە بەتایبەت ناحکومییەکان، بەڵام زۆر زۆر هەستیارە منالی یەکی سەرەتایی لەگەڵ پۆلی دوانزە هیچ جۆرە نزیکییەکیان هەبێت یان نۆی بنەڕەتی، چونکە لەڕووی توانای جەستەییەوە عەقلییەوە دەروونییەوە بەڕاستی منالانی تەمەن خوار قابیلی ئیستغلالن قابیلی زیان پێگەیاندن، بۆیە ئەو بەربەستەی باسکراوە بۆ جەختکردنەوە پێم باشەو پێشنیار دەکەم ئاوای لێ بێت (بەربەستێك بە تەواوەتی پێکهاتەکانی پۆل و گۆڕەپان و کافتریا لەیەك جیابکاتەوە)، واتە منال لە هیچ یەکێك لەو شوێنانە بەریەك نەکەون لەو تەمەنە جیاوازانە یان لەو بازنە جیاوازانە یان لەو قۆناغە جیاوازانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتیوانی لە قسەکانی کاك عمر دەکەم، هەروەها سەبارەت بە ماددەی(٤٦) خالی یەکەم: دەکرێت باخچەی مندالان پاشکۆی قوتابخانەو خوێندنگە بێت، بۆ پێی دەگوترێت باخچە، یەعنی ژینگەی باخچە جیاوازە لەگەڵ قوتابخانە، یەعنی منالان ناچن بۆ باخچەش بۆ شوێنی تایبەتمەندیش حەزیان لێ نییە، بۆیە مەفرووز نییە لێکبدرێت لەگەڵ قوتابخانەکان، سەبارەت بە وشەی تەلار هەروەکو لە بڕگەی پێشتر ئاماژەم پێکرد، یەعنی لە سێ تابق بەرەو سەرەوە جوانترە بکرێت بە (بینا) یان وشەیەکی دیکەی بۆ بدۆزرێتەوە، هەروەها وشەی (دەکرێت) لاببرێت لە دووەمدا (دەکرێت) مەطاطیە، هەروەها وشەی (ڕێگرێك) ئەویش بکرێت بە (پەرژین) جوانترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك مسلم.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٦) ڕاستی هەر ئەو تێبینییەی مامۆستا (عمر)م هەبوو، خۆی لەتەلاری قوتابخانەیا لە باخچەی ساوایانەوە دەست پێدەکات تا دوانزەی ئامادەیی، یەعنی ئەو پەرژینەی کە لێرە باسکراوە بە پەرژین ناوی هاتووە، یەعنی نازانی ئەو پەرژینە چۆن دەتوانێ لەنێو تەلارێکی قوتابخانەدا ئەو هەموو جیاوازی چینایەتییە لێکجیا بکاتەوە بەتایبەت کە باخچەی منالان و یەکی سەرەتایی تا بازنەی یەکەم دەتوانم بڵێم سێی سەرەتای ئەمانە چینێکن لە

قوتابیـان كه لەڕووی جەسـتەیی و عەقڵیـیەوە زۆر جیـاوازن لەگەڵ قوتابیـانی تـر مامەڵەشـیان جیاوازە ڕەنگە لە زۆر كاتدا یەكتر ببینن بەریەككەوتنیان هەبێت بەڕاستی كاریگەری نەرێنی زۆر خراپ دروستكات لەسەر قوتابی، بۆیە ئەوە تەوزیع بكرێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك كاوە.

**بەڕێز كاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله لەو خاڵە مـاددەی (٤٦) تەقـریبەن بـڕگەی یەكەم و دووەم و سـێیەمی لە یەكتـرەوە نـزیكە، بەڵام یەكیـان بـاخچەی سـاوایانە ئەوانـی تـر جیـاوازن خـۆی تـێكەڵ بـوونی ئەوانە یەعنـی هەر لەڕووی ئەوەشەوە زۆر زۆر مەترسـیدارە، یەعنـی تـۆ نـاكرێتن بـاخچەیەكی سـاوایان قۆتابیـانی باخچەیەكی ساوایان لەگەڵ بنەڕەتـی تـێكەڵ بكـرێن هەتـا بەیەك ڕێـڕەودا تێـپەڕن یەعنـی ئـێمە ئەوەی كە عەمەلی مامۆستایی كردبێت دەزانی كە بەیانیان پـێكەوە دێـنە ژۆرێ كە دەگەڕێـنەوە ئەو هەمـوو قوتـابییە بەیەكەوە بـڕۆنە دەرەوە ئەوە هەنـدێكیان هەر دەكەونە بـن دەسـت و پـێ گەورەكان گچكەكان، بۆیە دەبێت ڕێڕەوی خـۆی جیاوازبێـت ئەگەر بینایەكەشـی یەك بینـا بێـت، بەڵام دەكرێت هەر یەكەیان بۆ نمـوونە ڕێـڕەوی خـۆی هەبێـت دەرگـای سـەرەكی خـۆی هەبێـت ئەوەی هەبێــت، ئێســتا هەمانشــت لە (٣٢) پــارك لە گەڕەكــی سەربەســتی هەیە قوتابخــانەی بنەڕەتییەو باخچەی ساوایانیشـی تێـدایە، بەڵام ڕێڕەوەكەیـان دەرگـا سـەرەكییەكەیان جیـاوازە هەتا ئیدارەكانیان جیاوازە ئینجا ئەكرێت نموونەیەكی تر پەیڕەو بكـرێتن، خـۆ ئـێمە بەحیسـابی خۆمان پلانی درێژخایەنمـان هەیە بـۆ پەروەردەو فێركـردن لە هەرێمـی كوردسـتان پێویسـتمان بەبینـای زۆر هەیە لەمەودوا هاوشـێوەی كۆمەڵگا پەروەردەییەكـان ڕێكبخرێـت ئەكرێـت چەنـد بینایەك، بۆ نموونە بۆ باخچەی ساوایان، بۆ بنەڕەتی، بۆ ئامادەیی، لەناو یەك سیاج بن ئەوەی كە لە كۆمەڵگەی پەروەردەیـی شـەقڵاوە دكتـۆر ئـالان ڕەنـگە بینیبێتـی لە كـۆمەڵگەی پەروەردەیـی (فاخر مێرگەسۆری)، ئەوانی تر پەیڕەو كرایە ئەكری هەمان شت بۆ ئەو دیزاینەی بـۆ كـۆمەڵگەی پەروەردەییەكان ئەكـرێ بەهەمـان شـتیش بـۆ قوتابخانەكـان و بـاخچەی سـاوایان و بنەڕەتـی و ئامادەیی جێبەجێ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

سوپاس، فەرموو كاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیا من لسـەر هەرسـێ خـاڵا بـوو بەس تەنها تێبینـیم ئەوە بـوو كە ئەف بەربەسـتە بـۆ چیـنە چـونكی مـادام تەلاری قوتابخـانە یەكە سـەر بە وەزارەتـا پەروەردەیە، ئەز لـگەڵ هنـدێمە ئەف بەربەستە نەبن، چونكی هەردەم بەربەست بوونە سەبەبێ مەشاكیلا دنـاف قوتابخـانەێ دا ئەز ژ گەل سەوسەن خانێ و پشتڤانیا سەوسەن خانێ و شێخ ظاهری دكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی(٤٦)، من خودی خۆم ڕەئیم وایە باخچەی منداڵان قەت نابێت پاشکۆی قوتابخانە بێت باخچە شوێنێکی تایبەتمەند بێت ئەشێ ئێمە ئەم ماددەیە بەشێوازێك ڕێکخەینەوە هەر ئەو ئەزموونەی کۆمەڵگا پەروەردەییەکان کە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان هەیە ئەتوانم بڵێم شێوازێکی زۆر پێشکەوتووە لەڕووی داخڵ بوونیان بە پرۆسەی خوێندن و بۆ ئامادەکردن لە باخچەکانی دیکە کە لەو کۆمەڵگایانە هەیە بەو شێوازەی لێ بکرێت کە ئەو فکرەیە زیاتر پەرەی پێ بدرێت نەك لێرە وای لێ بکرێت باخچەی منداڵان بە پاشکۆی قوتابخانە ئەژمار بکرێت، سەبارەت بە پێشنیارەکەی بەڕێز (شادی نەوزاد)، من زۆر پشتیوانی لێ دەکەم کە خاڵێك لەم ماددەیە زیادبکرێت، بۆ دایەنگە بۆ ئەو مامۆستایانەی کە لە قوتابخانەکان وانە ئەڵێنەوە هەم کار ئاسانیە بۆ ئەوەی کە هیچ دڵ بەدواوە نەبن بۆ منداڵەکان، هەروەها جۆرێکیش لە دڵنیایی ئەبەخشێت بە دایك کە منداڵەکەی لە شوێنێکدایە کە لای خۆی نزیکە و ئەتوانێت متابح بێت لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو روپاك خان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من بەشی زۆری کرا، بۆیە من پشتگیری لە مامۆستا عمر و کاك مسلم دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٦)، منیش لە بڕگەی یەکەم پشتگیری لە مامۆستا عمر و شادی خان و مامۆستا مسلم دەکەم، تەبعەن لە بڕگەی یەکەم کە باس لە باخچەی ساوایان دەکات حەزلێك هەیە پێویستە ئەم شتانەی هەبێت (ژینگەیەکی ئارام و پۆلەکەی گونجاو بێت و پێداویستییەکانی بۆ جێبەجێ بکرێت)، بەڵام پێشنیاری ئەوە دەکەم لە کۆتاییەکەدا، بەڵام (باخچەکە بەپێی ستاندارد بێت) ئەو جوملەیەی بۆ زیادبکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٤٧) فەرمووون بیخوێننەوە، ئێوە بەس تەرحتان کردووە پرسیارتان نەکرد، ئاخر پرسیارتان لێ نەکردووە ڕەئی خۆتانتان وتووە، کاك کاوە ئێوە ڕەئی خۆتانتان وتووە ئەشڵێت وەزیر دەتوانێت ئیجباری نییە، بەس ڕەئیتان وتووەو ڕەئی جیاوازیشتان وتووە بەڕێزان، ئەگەر

پرسیاربێت وەڵام ئەداتەوە دەست بەرزکاتەوە بەسەرچاو دەرفەتی ئەدەم بەڵێ فەرموو بەڕێز وەزیری پەروەردە.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەویێت زۆر وەڵام نەدەمەوە کە ئیستفادە لە کاتەکە بکەین ئەگەرنا تەوزیحات زۆر بەڕێزان لەسەر هەموو یەکێك لەو بابەتانە بیدەین، ئەو خاڵانەی کە لێرە هاتوون باس لەوە ئەکات کۆمەڵگەی پەروەردەیی، کۆمەڵگەی پەروەردەیی جەنابتان بزانن باخچە و قوتابخانە و خوێندنگا هەرسێکیان پێیان ئەوترێ کۆمەڵگەی پەروەردەیی، بەڵام ئەوانە بەبێ پەرژینێك یان بەربەستێك ئەو ڕێگرییەی کە باس ئەکرێت ئەوە حاجزێکە حاجزێك ئەبێت مەسەلەن کە منداڵێکی بنەڕەتی لە ئامادەیی جیاکاتەوە، هەروەها منداڵێکی باخچەی منداڵان لە قۆناغی بنەڕەتی جیابکاتەوە کاتێك باس لەوە ئەکات کە قوتابخانەکان ئەتوانن باخچەکان ئەتوانن ببنە پاشکۆیەك لە قوتابخانەکانا ئەمە ئیتجاهێکی عالەمی تازەیە ئێستا لە دنیایا، ئێمە بیستوومانە بەڕاستی دوای دیراسەت لەناو ئەو پرۆژەیە تەبەنەی کەین ئێستا لە دنیایا پۆلی سفر هەیە، پۆلی سفر یونیسێفیش پشتگیری ئەو بۆچوونە ئەکات پۆلی سفر یان خوێندنی پێش وەختە ئێمە ئێستا حالییەن پراکتیزەی ئەکەین لە پانزە قوتابخانە لە دەشتی هەولێر کە تیایا سەرکەوتنمان هێناوە منداڵ لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە لە پۆلی پەروەردەی پێش وەختە وەرئەگیرێت ئەو پەروەردەی پێش وەختە وەکو باخچەیەك وایە لەناو قوتابخانەو زەمینە سازیشی بۆ ئەکات بۆ ئەوەی کە بتوانێت بچێتە قوتابخانە، لەبەر ئەوە بە مولحەق کردنی باخچە بۆ قوتابخانە نە کارێکی مەترسیدارە، چونکە بەسەریعی عیبارە دەڵێ دەبێت پەرژینەك هەبێت جیایی بکاتەوە لەو حاڵەتە پێم وایە ماددەکە هیچ حاڵەتێکی نەخوازراوی تێدانیە کە مەترسیمان لەسەری هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی(٤٧) بخوێننەوە فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٤٧): دامەزراوە حکومییەکان کتێبخانەیان دەبێت، لە حاڵەتی نەبوونی کتێبخانەدا دەبێت کار ئاسانی بۆ گەیشتنی قوتابیان و خوێندکاران بە نزیکترین کتێبخانە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکا دەکەم هەوڵبدەن قسەی یەکتری دووبارە مەکەنەوە موبەریراتەکان دووبارە مەکەنەوە ئاساییە بڵێی من پشتگیری فلان دەکەم، من دڵم نایە ڕاتانگرم، بەڵام هەندێ قسە هەیە هەشت جار گوێم لێ ئەبێتەوە یەعنی هەر عەینی موبەڕیرە هەر بڵێن پشتگیری فلان کەس ئەکەم بڕوا بکەن کافییە هەر پەیڕەویش ڕێگەی ئەو دووبارە کردنەوەیە نادات، هەر بەڕێزێك قسەی لەسەر ماددەی (٤٧) هەیە دەست بەرزکاتەوە؟ ئەو بەڕێزانەی قسە لەسەر ئەم ماددەیە دەکەن (د.شێرکۆ، کاك کاوە، د.محی الدین، د.اسماعیل، سەرچنار خان، هلز خان، بدریە خان، مامۆستا،

عثمان، كـاك فيصـل، كـاك كـاروان، كـاك عبـاس، كـاك زكـرى، شـنۆ خـان، كـاك بـاڵانبۆ، كـاك گـۆران، گوڵستان خان، كاك مسلم، كاك رۆميۆ، كاك بهمەن، كاك چيا، رۆژان خان، سەوسەن خان، كاك شێخ ظاهر، مامۆستا ويسى، ليزا خان، كاك جنان، روبينە، مامۆستا نجـاة، كـاك لقمـان، شـيرين يـونس، كاك شەمۆڵ، كاك جلال، كـاك ازاد)، بەڕێـزان دووبـارە نيـيە، يەعنـى قسـەى دووبـارە وەرنـاگرين، فەرموو نجاة خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ماددەى(٤٧): وەكو يا ديـار حكومەتـا هەرێمـا كوردسـتانێ بەرەڤ حكومەتـا ئەليكترۆنـى دچيـتن ديـڤ هێڵـێن گشـتيێت كابينـا نەهـێ حكومەتـا هەرێمـا كوردسـتانێ، و پێنگاڤێـت گەلەك مەزنـێ هاڤێتين ڤى ئەڤيدا بتايبەت وەزارەتـا پەروەردەى ژى ئەو پێنگاڤەييێـت هـاڤێتين، ئەرێ پرسـيارا من لێرە ئەوە وەخت نەهاتييە كو كتێبخانەيێت ئەليكترۆنى ژ بهێنە دامەزراندن ببيـتە پاڵـدەرەك ئاسانكارى بەدەل ڕێكخۆش كرن و گەهاندن و ئاسانتر ببيت و دا هەريەك لە شوێنى خۆ كتێبخانا ئەليكترۆنى هەبيتن و دشێتن مالا خۆ بێ مەزەختنا وەختى كو وەخێ وە بچيت، زۆر سوپاس

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين/ سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك جنان.

**بەڕێز جنان جبار بويا:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پشتگيرى نجاة خان دەكەم، عەينەن قسەى منە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين/ سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ازاد.

**بەڕێز ازاد اكرم بهرام:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەو مـاددەيە بەڕاسـتى ئەگەر بە ئيجرائـات بكـرێ مـاددەكى مهيمە، مەسـەلەن لە قوتابخانەكـان كتێبخانە ئێستا هەيە، بەڵام بەكارى ناهێنن بەڕەئـى مـن، ئەگەر بێـت و ئەمـين مەكتەبە، چـونكە تەڵەبە نازانێ چ كتابەكى بخوێنێ وە ناشزانێ چۆن بخوێنێ ئەمين مەكتەبە ئەگەر كتابەكەى لـۆ هەڵبژێرێت بداتە دەستى بڵێ ئەو كتابەى بخوێنە پاش حەفتەكى دى كـورتەيەكم لـۆ بنووسـەوە لەو كتابەى كە خوێنديتەوە ئێستا لە هەموو مەكتەبەكان ئەمين مەكتەبە و كتابخانە هەيە، بەڵام بەكارى نايەنن لۆيە ئەمن دەڵێم ئەو ماددەيە سيغەكەى كو بگۆڕين بۆ ئەو شكلەى هەتـا ئيسـتفادە لەو ماددەيە بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين/ سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك محى الدين.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جێگای دڵ خۆشیە بەڕاستی ئێستا وەزارەتی پەروەردە گرینگی بە کتێبخانەکان دەدا بەس لەوە گرینگتر ئەوەیە، کە پێم وایە تەرخانکردنی کاتێکە لەنێوان وانەکاندا بۆ ئەوەی قوتابییەکان بتوانن سەردانی کتێبخانەکان بکەن، هەروەها پێشنیار دەکەم یەعنی کاتێکیشیان بۆ تەرخان بکرێت جگە لەوە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئەو ماددەیە لەگەڵ ماددەی(٤٦) لێکبخرێ ببێتە بڕگەی چوارەم لە ماددەی(٤٦)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عثمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها من پرسیارێکم لەجەنابی وەزیر هەبوو لە جەلسەی ڕابردوو کە بەڕێزیان وتیان هیچ ڕێنماییەکمان نییە بۆ وەرگرتنی پارە لە قوتابیان بەناوی گواستنەوە، بەڵام من لێرە داوا لە جەنابی وەزیر دەکەم کە ڕێنماییەك دەرکات قەدەغەیە بەهیچ پاساوێك پارە لە قوتابی وەرگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیری نەصەکە بکەین ئەڵێ دامەزراوە حکومییەکان، دامەزراوە لە بڕگەی نۆزدەی ماددەی(١) پێناسەی کردووە کە لاپەڕەی پێنجی ئەم پڕۆژەیە ئەکا دامەزراوەی حکومی و ناحکومی هێناوە ئەگەر بێت و کتێبخانە زەروور بێت بۆ حکومی لێرە بۆ ناحکومی لێ دەرکردووە ئەڵێ دامەزراوە حکومیەکان، یەعنی حەصڵی کردووە، یەعنی دامەزراوە ناحکومییەکان نایانەوێت کە ئەبێ بڵێت دامەزراوە حکومییەکە لاچێت لەوەێ کتێبخانەیان ئەبێت ئینجا ئەڵێ لە حاڵەتی نەبوونی کتێبخانەدا دەبێت کارئاسانی بۆ گەیشتنی بکات، ئەمە کێ ئەو کارئاسانیە ئەکات؟ بڵێین ئەگەر دامەزراوەیەك کتێبخانەی نەبوو ئەو میکانزمە چییە؟ کێ ئەیکات یان مدیر ئەیکات یان مدیرعام ئەیکات یان وەزیر ئەیکات لەوەیان دیاری نەکراوە ئەبێت بۆی دیاری کرێت، بڕگەی دووەمیش ئەوە وەزارەت کار بکات بۆ دامەزراندنی کتێبخانەی سەردەمیانەی ئەلیکترۆنی، چونکە لە ماددەی(١٨) باسی پڕۆژەی ئامادەیی کراوە، پڕۆژەی ئامادەیی پێویستی بە سەرچاوە هەیە، هەروەها هەندێك ماڵ هەیە لەوە ئەچێت لەبەر باری دارای نەتوانن یان سەرچاوەکەیان ئی ئەوە نەبێت کە کتێبخانەی تیابێت سوود لە کتێبخانەی ئەلیکترۆنی وەربگرن باشتر وایە ئەوە ببێت بە ئەرکی وەزارەت و کاربکات بۆ دامەزراندنی کتێبخانەی ئەلیکترۆنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ڕۆژان خان.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دڤێ یاسایێ دا نینە تشتەك ناڤێ دامەزراوە حکومییەکان ئان دامەزراوەیا هەی یان دامەزراوەی پەروەردە و فێرکردنی حکزمـی و ناحکومیـا هەی ئەز پێشـنیار دکەم ئەڤە بێـتە ڕاسـت ڤەکـرن و کتێبخانەش ئەگەر بەس ناڤ هەبت، یان چەن بچی ژێ بیـتن لازمە هەبیـتن دنـاڤ قوتابخـانەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەهمەن.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله مـن هەمـان ڕەئـی سـەرچنار خـانم هەیە، کە دامەزراوە حکومییەکـان بکـرێتە دامەزراوە پەروەردەیـیەە حکومییەکـان و ئەهلییەکـانیش، چـونکە ئێسـتا دەرفەتـی کتێـب خوێنـدنەوەو دەرسی کتێبخانە لە دامەزراوە ئەهلییەکان زیاترە، چونکە دامەزراوە ئەهلییەکان یەك دەوامیـان تیایە حکومییەکان دوو، سێ دەوامیان تیایە، پێم وایە ئەم خاڵە بۆ ئێسـتای کوردسـتان تەسـەور دەکەم تـا داهـاتوویەکی دووریـش جێبەجـێ ناکرێـت، چـونکە ئێسـتا ئـێمە دوو، سـێ دەوام لە قوتابخانەیەکـا هەیە وە کتێبخـانە، مـن (١٤) سـاڵ مامۆسـتا بـووم دەرسـی کتێبخـانە هەر نیـیە، یەعنی لە زۆربەی قوتابخانەکان نییە، هەروەها ئەگەر هەشـبێت ئێسـتا مەنـهەجەکە بەشـی ئەوە ناکـات، یەعنـی کـاتەکەی کـاتی دەوامـی قوتابخـانەی حکـومی بەشـی ئەوە ناکـات دەرسـی کتێبخانەیـان هەبێـت، هەروەهـا مامۆسـتای پەروەردەی کتێبخانەشـمان نیـیە، بـۆیە ئەم خـاڵە زەرووره ببێـت، بەڵام کـاری لەسـەر بکرێـت بـۆ ئەوەی جێبەجـێ بکرێـت، چـونکە بەڕاسـتی سەقافەتی کتێب خوێندنەوە فێری منداڵەکانمان بکرێت لە سەرەتاییەوە زۆر مـووهیمە، بەڵام بـا دامەزراوەی ئەهلییەکانیشی بۆ زیادبکرێت، چونکە ئێستا ئەهلییەکان هەم کاتیـان هەیە لە (٨)ی بەیانی تا(٢) نیوەڕۆ دەوام دەکەن هەم کاتیان هەیە هەم بیناکانیشـیان بینـایەکی سـەربەخۆیە و ئەتوانن ئەوە جێبەجێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك فیصل.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودا، لە ماددەی (٤٧) باس لە حاڵەتی نەبوونی کتێبخانە دەکات، پێشنیار دەکەم ماددەی (٤٧) بەم شـێوەیەی لـێ بکرێـت، دەبێـت دامەزراوە حکومییەکـان کتێبخانەیـان هەبێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ذکری.

**بەڕێز ذکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بنـاڤێ خـودێ مەزن و دلۆڤـان، مـاددا (٤٧)، ئەز پێویسـت نـزانم ئەڤ ماددەیـا زێـدەیە پێویسـتە وەزیر ئەڤێ ماددێ بکاتە ڕێنمایی زۆر باشترە، چونکە ئەڤە یاسایە گەر کێشەك هەبیت یاسا تڤیـا بێتە هەموار کرن ئیعتماله ئیشکال دروست ببن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، سەبارەت بە ماددەی(٤٧) دامەزراوە حکومییەمان کتێبخانەیـان دەبێت، ئایا کتێبخانە گشتییەکان ئەگرێتەوە؟ چـونکە لە هەنـدێ نـاحیە لە هەرێمـی کوردسـتان بێبەشن لە کتێبخانە وەکو (ناحیەی شکارتە و ناحیەی بەرزنجە)، ئەمانە تـاکو ئێسـتا کتێبخـانەی لێنەکراوەتەوەو چەندین ناحیە و شوێنی تریش هەیە کە بێبەش کراون لە کتێبخانە، ئایا ئەرکـی وەزارەتی پەروەردەیە یان ئەرکی وەزارەتـی ڕۆشـنبیریە جێبەجێـی بکـات؟ هەروەهـا پشـتگیری قسەکانی سەرچنار خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان سعید باقی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پـێم وایە ئەم مـاددەیە مـاددەیەکی زۆر گـرینگە و جەوهەریـیە، چـونکە پێویسـتە لەنـاو قوتابخانەکانا کتێبخانە هەبێت هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر کراوە ئەو دۆلابەی لە پشتی بەڕێوەبەر بووە، هاتۆتە هۆڵێکەوە کە بەناوی هۆڵی خوێنـدنەوەیە لەنـاو قوتابخانەکانـا، بـۆیە بە پێویسـتی ئەزانـم لەنـاو هەمـوو دامەزراوەیەکـی حکـومی و ناحکومیـدا کتێبخـانە هەبێـت، هەورەهـا لەم مـاددەیەدا ئامـاژە بکرێـت بەو کاروچالاکیـانەی کە ئەبێـت لە کتێبخـانە ئەنجـام بـدرێت، لەڕووی هاندانی خوێندکاران بەخوێندنەوە لەڕووی هەفتەی پێشبڕکێ بۆ خوێندکاران، بۆ ئەوەی لەڕووی زانستی و مەعریفییەوە ئاستیان باڵاتر بێت، لەڕووی هەندێ چالاکی و هونەری و مەسرەحی کە

لەسەر کتێبخانە بکرێت بۆ ئەوەی ئەم منداڵانە هانبدرێن لەناو ماڵەکانی خۆشیان کتێبخانە دروستکەن بەداخەوە، یەعنی کتێبخانە ئەبێت زۆر زۆر بایەخی پێبدرێت، چونکە ئاراستەی تاك بە هاوتا لەگەڵ وانەکانی خوێندن بەڕێ ئەکات وە زانستی و زانیاری زیاتری ئەداتێ کە ئەو منداڵە ئەتوانێ ئاستێکی باڵاتر لە زانست و زانیاری کۆکاتەوە لای خۆی، بۆیە من داواکارم ئەم ماددەیە فراوانتر بکرێت، هەروەها ئەرکی کتێبخانە دەستنیشان بکرێت لە ماددەکە و ئەرکی مامۆستا چییە؟ مامۆستا تەنیا منداڵ نەباتە کتێبخانەیەك لە ژوورێکا داینێ و ئاگای لەوە نەبێت کە ئەرکی خۆی چییە، ئەبێ ئەرکەکەی مامۆستاش دیاریکراو بێت هەندێك وانە هەیە ئەکرێت لەناو کتێبخانەکە بوترێتەوە.........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵستان خان پێشنیارت بۆ ماددەکە بڵێ، شەرحمان بۆ مەکە تکاتان لێدەکەم گرینگە ماددەکە گرینگە بەس ماددەکە چی لێکەین.

**بەڕێز گوڵستان سعید باقی:**

......... من داواکارم ئەرکەکانی ئیدارەی کتێبخانە دیاری بکرێت ئەرکەکانی ئەمینداری کتێبخانەی قوتابخانەکان دیاری بکرێت (لەڕووی هاندانی خوێندنەوە، لەڕووی ڕەخساندنی هەلی پێشبڕکێ لەنێوان خوێندکارەکان، لەڕووی ناساندنی کتێب تەشجیعی تەلەبە بۆ ئەوەی سەرچاوە هەمەڕەنگ و هەمەچەشنەکان، هەروەها دابینکردنی کتێب بەپێی تەمەنەکان لە قۆناغی باخچە هەتا قۆناغی ئامادەیی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٤٧) دەڵێ دامەزراوە حکومییەکان، من پێشنیار دەکەم لەبەر ئەوەی لێرە دامەزراوە ناحکومییەکانی تیانییە، هەروەها ئەم یاسایەش بۆ پەروەردە و فێرکردنە پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی لێ بێت، دامەزراوەکانی پەروەردە و فێرکردن پێویستە، دەبێت بکرێت بە پێویست، چونکە (دەبێت)ئەتوانی بیکەی هەروەها ئەشتوانی نەیکەیت لەبەر ئەوە بەم شێوەی لێ بکرێت، دامەزراوەکانی پەروەردەو فێرکردن پێویستە کتێبخانەیان هەبێت لە حاڵەتی نەبوونی کتێبخانە پێویستە کار ئاسانی بۆ گەیشتنی قوتابیان و خوێندکاران بە نزیکترین کتێبخانە بکرێت، هەروەها پشتگیری سەرچنار خان و ڕۆژان خان و کاك ذکری دەکەم بۆ ئەو ڕاو بۆچوونانەی کە هەیانبوو لەو بارەیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من لەلایەن د.محی الدین و سەرچنارخان كرا پشتگیری هەردووكیان دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ڕۆمیۆ.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەم مەرج نییە هەموو دامەزراوەیەكی حكومی كتێبخانەی هەبێت بەڕاستی، بەڵام خۆی تەحدید بۆ پەروەردەییەكانە بۆ قوتابخانەكانە ئەبێت ئەم مەسەلەیە یەكلایی بكرێتەوە هەرچەند ماددەی ڕابردووش گفتووگۆیەكی زۆر لەسەر كرا، بۆ بەشی دووەم لەحاڵەتی نەبوونی كتێبخانەدا، من لە كۆتاییەكانی ساڵی شەستەكانی سەدەی ڕابردوو من لە سەرەتای ئەم خوێند لە گوندێك كە كتێبخانەی نەبووە تا ئێستاش نەیبووە، لەبیرمە لە خولی دووەمی پەرلەمان كە یاسای پەروەردە هاتە كایەوە دیسان ئەم باسە كرا ئەمە زیاتر لە (١٠) ساڵە تائێستاش كتێبخانەیان نییە، بەڵام شتێكی باشە دەست خۆشی لە جەنابی وەزیر دەكەین وەزارەتیش كە ئەمە خراوەتە ناو یاسا كە ڕۆژێك لە ڕۆژان كتێبخانەیان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە پێشنیارەكەی نجاة خان دەكەم ڕەنگە كردنەوەی كتێبخانە لە هەموو قوتابخانەیەك كارێكی زۆر زۆر ئاسان نەبێت و بارگرانییەكی زۆری لەسەر وەزارەتی پەروەردە هەبێت، بۆیە گرینگە وەزارەتی پەروەردە پڕۆژەیەكیان هەبێت بۆ بە ئەلیكترۆنی كردنی كتێبخانە یاخود لەئاستی نێودەوڵەتی پێی دەڵێن دیجیتاڵی كە دەتوانرێت لەڕێگەی كۆمپیوتەرێكەوە لە هەر ژوورێك دابنرێت و قوتابی ئیستفادەی لێ بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ویسی.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە ماددەی (٤٧) ماددەیەكی زۆر گرینگە وە كاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە بۆ بە كەلتور كردنەوەی خوێندنەوەی كتێب، لە ناوەندەكانی خوێندن تاوەكو تاكێكی وشیارو خوێنەر بەرهەم بهێنێت، هەروەها پێشنیار دەكەم بڕگەیەكی تر زیادبكرێت وەزارەتی پەروەردە هەماهەنگی بكات لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری و دەزگاكانی چاپەمەنی و كتێب و بڵاوكردنەوە بۆ دابینكردنی كتێب و سەرچاوەی زانستی بۆ قوتابخانەكان، هەروەها حەفتانەش كاتێك دیاری بكرێت بۆ

ئەوەی قوتابیان لەوێوە فێری خوێندنەوە بین، هەروەها من دەمەوێت بەڕاستی ڕۆڵی کتابخانەی پەرلەمانی کوردستان بەرز بنرخێنم کە هەمیشە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە بۆ فەراهەم کردنی ئەم دەرفەتە، هەروەها قوتابیانمان لە هەموو ناوەندەکانی خوێندن و زیاتر بایەخ بە کتابخانەی پەرلەمان بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو روبینە خان.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە کارئاسانی عەمەلی نییە پێویستە ئەو کارئاسانیە بێتە نقسین چ شکلەك دێهێتە کرن چۆن دێهێتە کرن سابت بیتن لە قانوون هەروەها پشتگیری کاك رومیۆ و نجاة خان دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٧) لە سێ شوێن کتێبخانە هاتووە پێم وابێت ئەگەر بکرێتە پەرتووکخانە دروست ترە لەڕووی زمانەوانییە کتێبخانە عەرەبیە پێم وابێت، هەروەها لەوەی کە باس لەوە دەکرێت لە هەرشوێنێك کتێبخانە هەبێت، ئەی ئەگەر شوێنەکان دوورە دەستبن لە لادێیەك باوکی قوتابی یان بەخێوکار خوا خوایەتی منداڵەکەی بنێرتە قوتابخانە چۆن لەوێ ئاسانکاری دەکرێت بۆ ئەوەی بچێتە پەرتووکخانە، یەعنی منداڵەکانیان بچێتە پەرتووکخانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بکورتی زەفە لسەر وێ ماددەیێ نەبوونا کتێبخانەیێ دابینکرنا کتابا بڕیا ئۆنلاین پشتڤانیا پێشنیارا نجاة خانێ دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە دامەزراوە حکومییەکان ئەوە هەر کتێبخانەیان دەبێت هەر دامەزراوەی حکومی نا، من دەمەوێت زۆر دووبارەی نەکەمەوە بیخوێنمەوە ئەو ڕستەیەی کە بزەبت ماددەکە وا لێ بکەین، دەبێت دامەزراوە پەروەردەییە حکومی و نا حکومییەکان کتێبخانەیان

هەبێت، یەعنی مەسەلەی کارئاسانی و ئەمە، بەڕاستی من بەڕەئی خۆم پێم شتێکی زیادە، چونکە کارئاسانی یەعنی چییە کارئاسانی دەکەین یەعنی کۆستەر بۆ مەکتەبەکە دەگری بیگوازیەوە کتابی پێدەدەی دەیەوێت کتابێك بخوێنێتەوە سبەی بۆ ئەوەی کارێك نەکەین کە پێمان ناکرێت هەر ببێتە دیکۆری یاسایەکانمان من پێم وایە ئەگەر ئەمڕۆش نەتوانین هەندێ خوێندنگا یان قوتابخانە پەرتووکخانەی هەبێت ئەوە بۆ داهاتوو لەوانەیە هەیبێت، هەروەها پێم وایە ئەگەر نیەتێکی وەزارەت و دامودەزگا پەروەردەییەکانی لەگەڵ بێت، پێم وایە هەموو خوێندنگایەك دەتوانن لەڕێگای هاوکاری خوێندکارەکانیانەوە پەرتووکخانەیەکی بچووکیش بێت لە خوێندنگاکەیان دابنێن کەپێم وایە سوودی گشتی دەبێت، بۆیە پێم باشە بەم شێوەیەی لێ بکرێت و کارئاسانیەکەشی لێ بکەینەوە باشترە لەبەر ئەوەی زەحمەتە ئەمە کارێکی ئاسان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، دیارە من مەبەستمە بڵێم وەزارەتی پەروەردە ساڵانە چەند هەزار کتێب چاپ ئەکات ئەشتوانێت بۆ ئەو قوتابخانە و خوێندنگایانەی کە کتێبخانەیان نییە، چەند هەزار کتێبێك چاپ بکاو بگاتە دەستیان واتە کارئاسانییەکە بدرێ و بەم شێوەیەی لێ بکرێت، دەبێت دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکان کتێبخانەیان هەبێت، هەروەها پشتیوانی گوڵستان خان و کاك محی الدین و مامۆستا نجاة دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شنۆ خان.

**بەڕێز شنۆ أشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دامەزراوە حکومییەکان پێشنیار دەکەم بکرێتە دەمەزراوە پەروەردەییە حکومی و ناحکومییەکان، هەروەها پشتیوانی قسەکانی کاك عباس کاك فیصل و سەرچنار خان و کاك بەهمەن دەکەم، هەروەها پشتیوانی لە گوڵستان خان دەکەم لەوەی کە ئەرکی مامۆستا دیاری بکرێت لە ناساندن و بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە کتێبخانەکان بۆ ئەوەی بتوانین لەڕێگەی ناوەندەکانی خوێندن کتێب خوێندنەوە بکەین بە کەلتور، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە پێشنیارەکەی مامۆستا نەجاة و سەرچنار خان و کاك جنان و کاك شێخ ظاهر دەکەم سەبارەت بە بوونی حکومی و ناحکومی، چونکە کتێبخانە بۆ حکومی و ناحکومی زۆر گرینگە لەهەمان کاتیشدا هەموومان باش ئەزانین کە خوێندنی دیجیتاڵی پێشی خوێندنی وەرەقەی داوەتەوە بەڕێژەی لە ٦٠% زیاتر کە دیراساتی علمی هەیە لەم بوارەیا، هەروەها بیرمان نەچێت کە کتێبخانە موهیمەی خۆی هەیە ئەو قوتابخانانەی کە ئێستا کتێبخانەی موهمەلیان هەیە پڕە لە کتێب کە پەیوەندی نییە بە مەنهەجی علمی و پڕۆگرامەوە ئەبێت ئەوە تەجاوز کەیەن لەو ماددەیە کە زۆر زۆر موهیمە، پێشنیاری من ئەوەیە کە بڵێین دەبێت کتێبخانەکان لە پێناو دەوڵەمەندکردنی پڕۆگرامی خوێندن و شێوازی زانستی خول و سیمینارەکانی خوێندن و فێربوون بێت، یەعنی ئەو کتێبانەی لەو کتێبخانەیە هەیە پاڵپشت بێت بۆ مەنهەجە علمیەکە بۆ ئەوەی ئەو تەڵەبەیە سەرچاوەی لەوێوە دەستکەوێت نەك ون بێت ئینجا مەسائیلی فیکری و حەقیدەو چی و چی و چی ئەوە جێی مەکتەب نیە مەنهەجی علمی پاڵپشتی لەوێ هەبێت لەهەمان کاتیش خول و سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ تەدقیق و تەوحییەی فێرخوازەکان هەر کتێبخانە باشترین شوێنیەتی کە لەوێیا ئەتوانێ بەرنامجی گەشەپێدانی مرۆی و پەرەپێدانی مرۆیش جێبەجێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی(٤٧) کە باس لە دامەزراوە ناحکومییەکان و پەروەردەییەکانی بۆ زیادبکرێت، هەروەها سەبارەت بە کارئاسانی، منیش هەمان پرسیاری سەرچنار خانم هەیەو پشتگیری دەکەم کە پێویستە ئالیەتەکە دیاربێت، هەروەها پێشنیار دەکەم وشەی (دەبێت) ببێت بە (پێویستە)، پێویستە کتێبخانە بۆ گشت ناوەندەکانی خوێندن دابین بکرێت کە زۆر لە گوندە دوورە دەستەکان کتێبخانەیان نییە، ئەو ئالییەتە چۆن جێبەجێ دەکرێت کە باس لە کارئاسانی دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری هەموو ئەوانە دەکەم کە باس لە کتێبخانەی ئەلیکترۆنی دەکەن، بەڵام کتێبخانە بەتایبەت کتێبخانەی دامەزراو زیاتر بەمەبەستی دەوڵەمەند کردنی سەرچاوەی بابەتەکان بێتن

نەك بەشێك لە كتێبخانەكان ئێستا لە قوتابخانەكان هەن بەشێك لە كتێبەكانیان هەر ڕەبتی بە بابەتەكانی خوێندن نییەو نابنە مەصدەر بۆ دەوڵەمەند كردن بۆ بابەتەكانی خوێندكاران، بۆیە من پێشنیار دەكەم ماددەكە بەو شێوەیەی لێ بكرێت، دامەزراوە حكومییەكان كتێبخانەی دامەزراو یان ئەلیكترۆنیان دەبێت لە حاڵەتی نەبوونی كتێبخانەدا دەبێت بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگاكان كارئاسانی بۆ گەیشتنی قوتابیان و خوێندكاران بە نزیكترین كتێبخانە بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك اسماعیل.

**بەڕێز د. اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێژیت دامەزراوە گەلەكا دووبارە بووە كو، یەعنی لیژنەی گوتبا خلاس دەبوو پەیڕەو بوو، بێژیت دامەزراوە پەروەردەیی دگەل بیتن دا ئیلتباس چێ نەبیت یەعنی ئەڤێت بێژیت حكومی و ناحكومی كو بوچوونا هێژا وان خوشكا سەرچنا خان و خوشكا شیرین خان و برایێ عباس و د. شێركۆ ئەز پشتڤانا هەمیان دكەم كو پێتڤیا ڤێرێ حكومی و ناحكومی هەردوو دگەل بیتن، وە دەبێت ئان بێژن پێویستە هەبێت ئان دەبێت هەبێت یەعنی ئەرك، ئەگەر دەبێت هەبێت وەختی مەرج نینە كتێبخانا هەمی قوتابخانا وەكو ئێك بیت ئێك مستەوا بێت ئەو قوتابخانا دێ گوندەكی قوتابخانا ناحیەكێ ئەكید مەكتەبێت وان وەكی ئێك نابن بەسەر یەكی مەكتەبا خۆیا جوودا هەبیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك كاروان.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی(٤٧) زۆربەی پێشنیازەكان ئەوە بوون كە كتێبخانە هەبێت، بەڵام لە حاڵەتی نەبوونی چۆن موحالەجە بكرێت بە ئەلیكترۆنی بۆیە من ماددەكەم داڕشتۆتەوە لەسەر ئیزنی جەنابتان، دامەزراوە پەروەردەییە حكومی و ناحكومییەكان كتێبخانەیان دەبێت و لە حاڵەتی نەبوونی كتێبخانە كتێبخانەی ئەلیكترۆنی شوێنی دەگرێتەوە تا كاتی دروستكردنی واتە هەم شتیوانی پێشنیازەكەی سەرچنار خانە هەم نجاة خانیش و ئەو برادەرانەی كە پێشنیازەكەیان كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەكانی من سەبارەت بە ماددە (٤٧) لەلایەن سەرچنار خان و كاك عباس و شیرین خان كراو پشتیوانیان دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو هێلز خان.

**بەڕێز هێلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخافتنێت من هاتنه كرنێ پشتگیریا سەرچنار خانێ دكەم، هەروەها هەر بەڕێزەكی بەعسی دامەزراندنا كتێبخانەی ئەلیكترۆنی كری سەبارەت بە دامەزراوە حكومییەكان ڤێرێ مادام گۆتیە دامەزراوە حكومییەكان نا حكومییەكانیش ژ دگەل دابیتن یان بتنێ دامەزراوە بێتن، ئەگەر دامەزراوە هات پێناسە شاملە هەردووكی دێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو كاك شەمۆڵ.

**بەڕێز شەمۆڵ ئاشتی صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە وەكو لیژنەكەش موناقەشەیەكی زۆری ئەو ماددەیەمان كرد، هەروەها بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیرو تیمی وەزارەت ئەمە پێمان وابوو كە دەبێت خوێندنگاكان هەموو كتێبخانەیان هەبێت، یەعنی ناكرێت مەتاتی بێت ئەو ماددەیە دامەزراوە حكومییەكان كتێبخانەیان دەبێت، یەعنی دەكرێت نەیان بێت هەرچەندە واش نووسراوە دەڵێ لە حاڵەتی نەبوونی كتێبخانە كارئاسانیان بۆ دەكات، بۆیە پێویستە وەزارەت و حكومەتی هەرێمی كوردستان كار لەسەر ئەوە بكات كە هەموو خوێندنگاكان كتێبخانەیان هەبێت، هەر دوێنێ خوێندنگایەك پەیوەندی پێوە كردوومە كە كتێبخانەیان بۆ دروست بكەین بەڕاستی خوێندنگاكان یان كتێبخانە بە سواڵ و سەدەقە دروست ناكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو كاك مسلم.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی(٤٧) ڕاستە بە دوو دێر باسی دروستكردنی كتێبخانە كرا، بەڵام بەڕاستی جەوهەری یاساكەیە، ئێمە ئەگەر بچینە ناو كرۆكی بابەتەكە وەك زانایەك ئەفەرموێ (كتێب وەكو مامۆستایەكی بێدەنگ وایە بەهێمنی و ئارامی خوێنەر فێرئەكات)، وشەی دەبێت لە ناوەڕاستی دەستەواژەكەوە بێتەوە سەرەتای دەستەواژەكە، دەبێت دامەزراوە حكومییەكان كار بۆ ئەوە بكرێت هەموو دامەزراوە پەروەردەییە حكومییەكان و ناحكومییەكان كتێبخانەیان تیابێت، چونكە بەڕاستی كتێب قوتابی دەگۆڕێت و دەیخاتە ئاستێكی زۆر بەرز.......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا توخوا شەرح مەكە، پێشنیارت چی دەبێت.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

پێشنیاری مامۆستا سەرچنار و د. محی الدین و مامۆستا شەمۆڵ، قبوڵ دەکەم و پشتیوانیان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی(٤٨) فەرموون بیخوێننەوە. فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری حەڤدەهەم:/ ئەنجوومەنی بەخێوکارانی قوتابیان و دیداری گەشە

ماددەی(٤٨):

یەکەم: بەخێوکارانی قوتابیان مافی پێکهێنانی ئەنجوومەنی بەخێوکارانیان هەیە، بەمەبەستی پشتگیری کردنی منداڵەکانیان و پەرەپێدانی دامەزراوەکە.

دووەم: ئەرکی بەڕێوەبەری دامەزراوەکانە کارئاسانی بۆ ئەو ئەنجوومەنە بکات ئەگەر ئەنجوومەنەکە بوونی هەبوو.

سێیەم: ئەنجوومەن لە (٣ تا ٩) کەس پێکدێت، وە بۆ هەر ساڵێکی خوێندن یەکیان دەبێتە سەرۆکی ئەنجوومەنەکە.

چوارەم: ئەنجوومەن مافی داڕشتنی ئامانج و پلانی کاریخۆی هەیە.

پێنجەم: ئەنجوومەن کۆبوونەوەی خولی خۆی دەکات و جگە لەوەش دەتوانێت لەکاتی پێویست کۆبوونەوەی دیکە سەبارەت بەو پرسانەی کە پەیوەستن بە گەشەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی پەروەردەو فێرکردن لە دامەزراوەکەدا بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەوسەن خان لەسەر ماددەی پێشوتر قسە بکە، ببوورە ناوەکەتم نەخوێندبۆوە.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە ئەوانەی لە پشتەوەین بەڕاستی دووجار غەدرمان لێدەکرێت، جارێك بۆ ئەوەی کە زۆر تاخیر ناومان دەخوێندرێتەوە، جارێکی تریش بۆ ئەوەی کە دەرفەتمان پێنادرێت........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەوسەن خان جاری واهەیە یەکەم کەس تۆ وەردەگرم.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

دووجارە وابزانم......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئینجا هەر دووجار بەرت ئەکەوێت لە ڕۆژێکا.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

چوار ساڵە دووجارە ئەگەرنا هەمیشە لە کۆتاییا......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وانییە.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

خۆی ئەو ماددەیە زۆر زۆر گرینگە لەبەرئەوە پێداگری دەکەم کە قسە بکەم، لەبەرئەوە خۆی ماوەیەك لەمەوبەر کتێبێکم خوێندەوە لەسەر بواری خوێندنەوەی کتێب کە زانایاکی پەروەردەیی دەڵێت (ئەگەر دەتانەوێت مناڵەکانتان فێری خوێندن و خوێندنەوە بکەن کتاب بکڕن و فڕێدەنە ماڵێ، تەنیا ئەگەر مناڵەکە ببینێ و لەمسی بکات ئەوە یەعنی خۆی خولیای فێربوون و کتێب خوێندنەوە دەکات)، لەبەر ئەوە من دەڵێم ئەو ماددەیە دەبێت ئیلزامی بکرێت لە تەواوی کتێبخانەکان و قوتابخانەکان، چونکە ئەگەر کتێبخانەکە بچووکیش بێت گرینگی و ئەهمیەتی خۆی هەیە بۆ قوتابیان، هەروەها فێری خوێندنەوەیان دەکات، وە سەبارەت بە بڕگەی کۆتایی، لە ڕاستیدا من تەسەوڕ دەکەم کە عەمەلی نییە، چونکە قوتابیان ناتوانن لەکاتی خوێندن و ئەو کاتانەی کە وانەیان هەیە بچن سەردانی قوتابخانەی تر بکەن ئەوە خوێندنەکەیان بەفیڕۆ دەڕوات، لەبەر ئەوە من تەئکید لەوە دەکەمەوە کە ئەوە بکرێتە ئیلزامی لە تەواوی قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی(٤٨) کێ قسەی هەیە دەست بەرزکاتەوە؟ بەڕێزان لیژنەی ئازیزی پەروەردە واللە ئەبێت ئەوانەتان موناقەشە کردبێت، ئەوانەی لەسەر ماددەی(٤٨) دەست بەرزکەنەوە تا ئاشنا خان قسەکانی تەواو دەکات. فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستیەکەی کاك شەمۆڵ بەخێرای ئاماژەی پێدا، ئێمە زۆر موناقەشەمان کرد لە لیژنەی تایبەتمەند کە وتمان دەبێت بە واجب لەهەموو ناوەندێکی خوێندن کتێبخانەی تیابێت، بەڵام وەزارەت وتی ئەوە لەدەرەوەی وەزارەت دایەو ئێمە ناتوانین ئەوشتە بکەین، بەڵام تێبینییەکی گرینگ لەسەر ئەم بابەتە با کتێبخانەشی تیابێت لەناو قوتابخانەکان و ناوەندی خوێندنا ئەگەر کاتێکی بۆ تەرخان نەکرێت بۆ دروستکردنی ئەو کەلتورە لەلای خوێندکار بۆ ئەوەی فێری بکەی چۆن کتێب بخوێنێتەوە بەڕاستی، پێم وایە هەر دیکۆر ئەبێ و هیچی تر هەر کاتێك تەرخان بکرێت کە خوێندکار فێربکرێت فێری کلتوری خوێندنەوە بکرێت نەك بەتەنها کتێبخانەی تیابێت، چونکە ئێمە ئەزانین زۆربەی خوێندنگەکان دوو دەوامن ئەو کاتەی کە پێیان ئەدرێت بۆ پشوو لە (١٠) دەقە زیاتر نیە چۆن کتێب بخوێنێتەوە ئەگەر کاتی بۆ تەرخان نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیر ئەتەوێ قسەبکەی بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللەی دەمویست قسەبکەم ئەگەر ئیزن هەبێت، چونکە هەندێ ئەرقام هەیە ئەمەوێ تەوزیح بدەم، سەبارەت بە بوونی کتێبخانەکان بەڕێزان پێشنیاری ئەوەیان کرد کە ئێمە کتێبخانەی ئەلیکترۆنی دابمەزرێنین، ئێمە کتێبخانەی ئەلیکترۆنیمان دامەزراندووە بە ئینجازەی سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر تۆزێك کاتم پێبدەی لەسەر ئەم ماددەیە قسەبکەم.ئێمە خزمەتگوزارییەکانمان کە لەماوەیەکی نزیك ئیعلانی دەکەین بریتییە لە ئی خێزان پلاتفۆرمێکمان کردۆتەوە کە هەم بە ڤیدیۆ هەم ڤۆیس هەم بە پۆستەر ڕێنمای هۆشیارییە بۆ خێزان کە، چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن، پلاتفۆرمێکی ترمان دروست کردووە بەناوی ئی هەڵسەنگاندن کە چۆن مامۆستا لەسەر (٣٨) قوتابخانە لە کوردستان تێست ئەکرێت، چۆن مامۆستا فیدباك ئەدات، پلاتفۆرمێکی هەرە گرینگمان کە ئێستا، ئێمە کارمان لەسەر کردووە بەهاوکاری دامەزراوەی (ستێرلین) کە سەدو شەست هەزار دۆلاری تێچووە پێشکەشی وەزارەتی پەروەردەی کردووە بریتییە لە ئی کتێبخانە، ئی کتێبخانە کتێبی تیایە بۆ منداڵان تەسنیف کراوە هەمووی بە دیجیتاڵییە هەروەا ئەو پلاتفۆرمە ئەمەوێتە کار. خاڵێکی دیکە جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمیانی گرینگیدانی بە کلتوری کردنی خوێندنەوە ساڵی پار بۆخۆی چل ملیۆن دیناری تەشخیس کردلە حیسابە شەخسی خۆی، بۆ کڕینی کتێب بۆ قوتابخانەکانی سلێمانی، ئەوە بوو لە پێشانگای کتێب لە سلێمانی، ئێمە تەسلیمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانیمان کردوو بۆ ناوەندەکانی خوێندن لەوێ کرا، لە کوردستانا دوو هەزارو شەست و شەش قوتابخانەمان هەیە کە کتێبخانەیان هەیە ئەگەر پێویست ئەکات پارێزگا بە پارێزگا ئیداری سەربەخۆ ڕەقەمەکانی ئەخوێنینەوە هەر ئەم ساڵ حەفتەیەك پێش ئێستا جەنابی سەرۆکی حکومەت ڕەزامەندی داوە بە تەرخانکردنی پێنج سەد هەزار دۆلار بۆ پرۆژەی بە کلتور کردنی خوێندنەوە ئێستا بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانانی وەزارەت سەرقاڵی ئامادەسازییە بۆ ئەوەی کە پرۆپۆزەڵێك دابنێ چۆن بە کلتوری کردنی خوێندنەوە بکەین مەرج نیە ئێمە وانەیەك تەرخان بکەین بۆ بابەتی کتێب خوێندنەوە لە کۆریای باشوور قوتابی دەچێتە کتێبخانە (١٠) دەقە، بەڵام دوای دەگەڕێتەوە بۆ ناو وانەکان لەوێ بابەتەکان ئەخوێنێت. خاڵێکی دیکە کە ئەمەوێت ئاماژەی پێبدەم بەڕێزان زۆر تەئکیدیان لەسەر ئەوە کردەوە ئەم فەصڵە فەصڵی خوێندنی حکومییە فەصڵێکی گەورە چەندین مادده دانراوە بۆ خوێندنی ناحکومی، ئەگەر لەوەی خوێندنی ناحکومی نەبوو ئەوکاتە تێبینی بدەن لەسەر ئەوە کە بۆ کتێبخانە لە قوتابخانەی ناحکومی نیە، بەڵام ئەلێرە باسی خوێندنی حکومی دەکەین کە ڕۆشتینە ناو خوێندنی ناحکومییەکەوە دەیان مادده دانراوە ئیلتیزامات زۆر لەمە زیاتر فەرزکراوە، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان هەر ویستم تەئکید لەوە کەمەوە کە ئێمە کتێبخانەی ئەلیکترۆنیمان ئینجاز کردووەو پڕۆژەکان و پاڵپشتی جەنابی سەرۆکی حکومەت بۆ وەزارەتی پەروەردەو ئەوەشی کە

ئـێمە دامانـنـاوە بەوشـێوەیە کە گرینگـی ئەدات بە بـابەتی کتێبخانەکـان لە قوتابخانەکـان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە ماددەی(٤٨) ئەم بەڕێزانە ناویان نووسیوە، (لقمان وردی، د.اسـماعیل، کـاك سـەرکۆ، کاك دابان، کاك رزگار، کاك علی، شیرین یونس، کاك یاسین، کاك چیا، کاك حـاجی هەڵکەوت، کـاك شێخ ظاهر، ڕۆژان ابراهیم، کاك محمد، مەلا ویسی، حاجی نزار، مامۆستا نجاة، کاك جنـان، مـژدە خان، کاك باڵانبۆ، کلارا خان) کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی(٤٨) من پێشنیار دەکەم بڕگەی (١، ٢، ٣، ٤، ٥) بکرێتە یەك بـڕگە بەم شـێوەیە ئەم هەموو تەفاصیل و دووروو درێژەی ناوێت مـادام بەخێوکـارانی قوتابیـان مـافی پێکهێنـانی ئەنجوومەنیان هەیە ئیتر ئەنجوومەنەکە لە سێ پێکدێت لە نۆ پێکـدێت لە یـانزە پێکـدێت ئەوە خۆیان قەرار ئەدەن بەپێی هەلومەرجەکە، وە ئەکید ئەنجوومەن هەبێ کۆبوونەوە ئەکات، بـۆیە من پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە بەم شێوەیە دابڕێژرێت: بەخێوکارانی قوتابیان مافی پێکهێنانی ئەنجـوومەنی بەخێوکارانیـــان هەیە، بەمەبەسـتی پشـتگیری کردنـی منـداڵەکانیان و ئەرکـی بەڕێوەبەری دامەزراوەکانە هاوکارو کارئاسانی بۆ ئەو ئەنجوومەنە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٨)، پێم وایە ئەم ماددەیە زیادە، وە بەپێویستی ئەزانـم لابـرێـت، چـونکە ئەمە باس لە پێکهێنانی ئەنجوومەنێك ئەکـات ئیختیاریشـە هەبـێ، یەعنـی ئیختیـارییە نەشـبێ هەر زۆر زۆر ئاساییە، کە ئیختیاری بێت بۆچی هەبێت لە یاساکە، خاڵێکی تر ئـێمە ئەزمـوونێکی خۆشمان لەگەڵ ڕێکخراو و ئەنجوومەنەکان کارا نییە تاوەکو ئێستا لەگەڵ بەخێوکارەکانا هەمان بێت لە ڕابردووا نامەوێت ناوی هیچ ڕێکخـراو هـیچ شـوێنێك بێـنم، بەڵام ئەزمـوونێکی باشـمان نیـیە دەسـتی حـزب ڕۆیشـتۆتە نـاو ناوەنـدەکانی خوێنـدن لە خوێنـدنی بـاڵا و ئەوانـی تـر، ئیتـر ئێسـتاش ئەنجوومەنێـك دروسـت بێـت بەبـێ ئەوەی کە صـەلاحیاتی دەسـەڵاتی دیاربێـت هـیچ پێویست نییە یەعنی، داوا ئەکەم کە ئەو ماددەیە بەتەواوەتی لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٨) بڕگەی سێیەم: ئەنجوومەن لە (٣ تا ٩) کەس پێکدێت، وە بۆ هەر سـاڵێکی خوێنـدن یەکێیـان دەبێـتە سـەرۆکی ئەنجـوومەنەکە، بەڕاسـتی مـن پێشـنیار دەکەم هەر بەتەواوەتـی

بگۆڕدرێ ئەنجوومەنەکە، چونکە ڕەنگە ئەو ئەنجوومەنە خۆیان لەناو یەکا ڕێکبکەون و هەر ئەوە نەبێت تەنها لەناو خۆیان بێت هەروەها پشتگیری قسەکانی کاك لقمان دەکەم بەڕاستی لە بڕگەی یەکەم تا پێنجەم بکرێت بە یەك مادده، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سەرکۆ.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٤٨) بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدام ئەم ماددەیە لەبەر ئەوەی ئێستا لە قوتابخانەکانا هەمووی بەڕێوەبەرەکە هەروەها مامۆستاکە ئەتوانن حەفتانە بێت یان مانگانە بێت لەگەڵ بەخێوکەرانی قوتابییەکە یان خوێندکارەکانا کۆبوونەوە بکەن، هەروەها هەر کاتێکیش کە کێشەو گیروگرفت دروست ئەبێت ئاگاداریا ئەکەنەوە، وە بەخێوکەران پشتگیری تەواوی خوێنکارانی خۆیان دەکەن یان مناڵەکانی خۆیان یان نەوەکانی خۆیان ئەکەن، ئەگەر ئەمە ببێت بەڕاستی دوو ترسی هەیە، یەکیان ئەوەیە کە بارگرانی دارایی دروست بکات، بەشێکی تریشی ئەوەیە کە کاری حزبی تیا بکرێت، ئەمە بەڕاستی من بە تەواوەتی لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو ماددەیە لابرێت و پشتیوانی بۆچوونەکەی کاك دابان ئەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هەڵکەوت.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٨) سێیەم: ئەنجوومەن لە (٣ تا ٩) کەس پێکدێت، وە بۆ هەر ساڵێکی خوێندن یەکێیان دەبێتە سەرۆکی ئەنجوومەنەکە، من لێرە ئەو ڕێژە لە (٣ بۆ ٩) ناوبەینیان زۆرە هۆکاری چییە ناوبەینەکە ئەوەندە زۆر یان ( ٣ بۆ ٥، ٥ بۆ ٧، ٩) نەبوو، ئەمە ئەنجوومەنی بەخێوکارانی قوتابیانە نەك پۆلەکان سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی بۆیە بەدیاریکراوی بۆ هەر لایەنێکیان پێویستە دیاریی بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ڕۆژان خان.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پێچەوانەی هەڤالێت خۆ ئەز دبینم ئەف مادده هەبیَ ئەگەر بیَ تەتبیق کرنیَ گەلەك گرینگە ئەگەر ئەف ئەنجوومەن بێت داینانێ هەرچەندە تەعریفێ داین گوتی ئارەزوو مەندانەیە بەس بڕگە چوار، ئەز دگەل هەندێمە بێت لادانێ چونکی داڕشتنا ئامانجێت وێ زۆر نەجێی خۆ دایە کو ئەنجوومەن بخۆ ئامانجێت خۆ دیاردکەن چونکی بە پێچەوانەی بڕگەی یەکێ مەبەستا پشتگیری کردنا منداڵێت، یەعنی بچووکێت وانن، وە پەرە پێدانا دامەزراوێیە، پێشنیارا من وەیە بڕگا چار بێت لادانێ و ماددەکە وەك خۆ بمینیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك محمد

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە کۆبوونەوەی بەخێوکاران و ئەنجوومەنی بەخێوکاران لە یاسا، کە هەموو تەوەرەکان بە تێرو تەسەلی هەیە تەفاصیل هەیە، بەڵام لێرە ئامانج یان بایەخ لە کۆبوونەوەی بەخێوکاران نەنووسراوە، ئێمە دەزانین بەس باشترە بنووسرێت، چونکە تەنها ئەوە نیە کە مامۆستا تەنها تەقیمی تەڵەبەی بکات لە بەرامبەر بەخێوکاران ئەوانە دەبنە حەڵقەی وەسڵ لە نێوان بەخێوکارەکان و قوتابی باشترە ئامانجەکەی بنووسرێت کە هەوڵ دەدەن بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان وکێشەکانی قوتابیەکانیش لەگەڵ مامۆستا و ئیدارە سوپاستان دەکەین ئەگەر لیژنەی پەروەردە شتێك دابڕێژێت بۆ ئەمە باش دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نجاة خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشیێ لە وەزارەتا پەروەردەیێ دەکەین کو ئەف پرۆژە یاسایا پەروەردە گرینگترینە ئێك ژ یاسایا گرینگترینایە ژ پرۆژەیا، وە گرینگترین تەوەر ڤی پرۆژەیا ئەف تەوەرەیە بۆچی، چونکی بە حوکمی ئەوەی هەندێ ئەزموون و هەندێ کو چەندەها ساڵ ئەز ڕێڤەبەرا دواناوەندیەکێ بووم دواناوەندیا سۆلاف لە ئامێدیێ لە ساڵێکدا مە دوو کۆبوونەڤە لەگەڵ دایك و باوك دکەین ئێك بەرێ ساڵێ ئێك پشتی هینگی بە کردار هاتە سەلماندن پشتی کۆنبوونا ئاستی قوتابی٨٠% دەرەجە هاتە گهۆڕین بۆ باشتر نەوعیاتا وی هەمیا، ئینجا ئەڤ پرۆژە گەلەك هەر تاکەکی کوردستانی گرێدایە چ مباشر بێت چ غەیر مباشر بێت لبەر هەندێ پرۆژەکا گەلەکێ باشە گەلەکێ گرینگە گرینگیا هەمی تەوەریشی ئەڤ تەوەرەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك نزار.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، سەبارەت بە ماددەی (٤٨) سێیەم: ئەنجوومەن لە (٣ تا ٩) کەس پێکدێت، پێم وایە زۆرە نۆ کەس داوادەکەم کەمتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك جنان.

**بەڕێز جنان جبار بویا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٤٨) سـێیەم: ئەنجـوومەن لە (٣ تـا ٩) کەس پێکـدێت، وە بـۆ هەر سـاڵێکی خوێنـدن یەکێیـان دەبێـتە سـەرۆکی ئەنجـوومەنەکە، لێـرە مـن دەمەوێـت ئیـزافەی بـکەم بەلایەنـی کەم سـەرۆکی ئەنجـوومەن شـەهادەی دبلـۆمی هەبێـت، لەبەر ئەوە ئـێمە زۆر لە ئەنجوومەنەکـان دەبینـین هـیچ شـەهادەیان نـیە عەلەئەقەن ئەوەی شـەهادەی هەبێـت دەتوانێـت طـلاع لەسـەر موادی فصوڵی ئەو قوتابخانەیە هەبێت، بەنسبەت چوارەم ئەنجوومەن مافی داڕشتنی ئامانج و پلانی کاری خۆی هەیە، یەعنی (سەربەخۆی) بۆ زیـاد بکرێـت، کـاری سـەربەخۆی خـۆی هەبێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزیش دبینم تەبعەن ئەف تەوەرە گرینگە دانە پێتڤی تەواصڵ مابەینا ئیدارێ و مابەینـا دیـك و بابێت قوتابیادا هەبیتن، بەس پێتڤیـا ئەنجـوومەنێکی فعلـی بێـت کـارا بێـت دشـێت پشـتەڤانیا قوتابی بکەتن، لبەر هندێ ئەز دبینم، یەعنی ڕێگەك بێتە دیاریکردن ئەوەلەن ئەو ئەنجـوومەن (٣ تا ٩) پێك دێت، ئەف سێ نەهە بەچ ڕێیەك دێنە دەست نیشانکرن ئەرێ ڕێکا خـۆ تەرشـیح کرنـێ یان ژی ڕێکەکا دی هەیە کو بێنە دەستنیشان کرن، چونکو دایك و بابێـت زارۆکـا هەنـدەکی هەی ڕۆشنبیرن پێتڤیا بێنە دەستنیشان کرن یان دی سەرۆکێ ئەنجوومەنی چ ڕێیەك دهێتە دیـارکرن ئیك شڤان نەها دبیتە سەرۆکێ ئەنجوومەنی بەچ ڕێکەیـا، ئەز بیـنم بێـتە دەستنیشـان کـرن هەر دڤێ یاسایە دەربچیتن ب ڕێیەکا هەڵبژاردنێ هەڵدەبژێرێت، یەعنـی ئەگەر بـوونە نەهـ لاڤ وان نەها دا ئەو یەکێ هەڵبژێرن نە ئیدارەمە دچن بێژیتە دایە و بابێ تو سەرۆکی ئەنجوومەنی سەد سەد بینی ئەڤێدی سەر وان ناڤ بەینـا وان نەهانـدا هەڵبـژاردن بێـتە کـرن بـۆ دەستنیشـان کرنـا سەرۆکی ئەنجوومەنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەباەت بە مـاددەی (٤٨) پـێم وایە زیـادەیە لە یەکێـك لە بڕگەکـانی یاسـاکەدا دەڵێـت ئەگەر ئەنجـوومەنەکە بـوونی هەبـوو، کەواتە نەشـبێت ئاسـاییە، بـۆیە مەفـرووز نیـیە کە شـتێك بە بڕیارێك شتێك حەل دەبێت بکرێتە یاسا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، منیش پشتیوانی هەموو ئەو بەڕێزانە دەكەم كە مادام مافە كە ئەكرێت هەبێ یان نەبێ لابرێت، هەروەها ئەرك و دەسەڵات و ئامانجەكانی ئەو ئەنجوومەنە ڕوون نییە. ئەوەی كە ئەیخوێنیتەوە پەیوەستە بە گەشەپێدانی خزمەتگوزاری پەروەردە یەعنی چی، ماناكە ڕوون نییە بۆ ئێمە، ئایا هەر ئەوەیە مەسەلەن ئەو ئەنجوومەنە داوا لە دایكان و باوكان بكات بۆ پرسێكی گرینگ پارە كۆكرێتەوە، یەعنی هەدەفەكە ڕوون نییە كۆبوونەوەی ئێستا وەرزی هەیە و زۆربەی مەكتەبەكان ئەیكەن ئەو ئەنجوومەنانەش تەحسیڵ حاصڵە، وە من پێداگرم لەسەر ئەوە ئەم هەموو وردەكارییە نەهێنینە ناو قانوونەوە ئەی لامەركەزیەت شۆڕكردنەوەی دەسەڵاتەكان، یەعنی لە قەزایەكا خۆی، با بەڕێوەبەری پەروەردە بەڕێوەبەری قوتابخانەكان خۆیان میكانیزمێكی گونجاو بدۆزنەوە بۆ كۆنتاكت، یەعنی ئەمە دژی لامەركەزیەتە هەمووشتێك لە قانوونا جێگیركەین، یەعنی ئەمە ئەصڵەن ڕێنمایی وەزیریشی ناوێت، قوتابخانەكان بەپێی ئەو تایبەتمەندییەی كە خۆیان هەیانە كۆنتاكتیان دروستكردووە گروپ و ڤایبەرو وەتس ئەپ هەیە بۆیە پێویستی نازانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبڕگەی چواری ماددەی (٤٨) هەرچەندە منیش هەمان ڕەئی كاك (دابان و كاك علی)م هەیە، بەتەواوی لابرێت، لە ئەگەری لابردنی دەڵێ ئەنجوومەن مافی داڕشتنی ئامانج و پلانی كاری خۆی هەیە، بۆیە پێویستە وەزارەت پەیڕەو پرۆگرامی تایبەت ئامادەبكات بۆ هەموو ئەو ئەنجوومەنانە هەموویان لەسەر ئەو ڕێگایە بڕۆن كە وەزارەت دایدەنێ نەك دایك و باوكان بەئارەزووی خۆیان بنووسن بەم جۆرە ئەتوانین باشتر بڵێین یەك پەروەردەی باشترە لە فرە پەروەردەیی، ئەگەر وەزارەت ڕێكخستنی ئەنجوومەن و پەروەردە كردنە نەك دایك و باوكی خوێندكاران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی(٤٨)، كاتێك باس لە دروستكردنی ئەنجوومەنێك ئەكا ئەمە میكانیزمی دیاریكردنی ئەنجوومەنەكە دیاریی نەكراوە ئایا بەهەڵبژاردن ئەبێت ئایا بەدانان ئەبێت، وە پێم وایە لە هەردوو حاڵەتەكە ئەمە لەجێی ئەوە كارئاسانی بكات كێشە دروست ئەكات لەبەر ئەوەی تۆ ئەگەر بە هەڵبژاردن بێت دایك و باوكی دووسەد مامۆستا لە كوێ ئەتوانن یەك ببینن هەروەها

چـۆن ئەتـوانن کەسێك بـکەن بە نـوێنەری خۆیـان بـۆ ئەوەی کە قسـە لەسـەر ئەرك ومافەکـانی منداڵەکانیــان بکــات بــۆیە مــن پێشــنیار ئەکەم ئەم مــاددەیە بەگشــتی لابرێــت، وە ئەگەر هەر ئەشــتانەوێ ئەم مــاددەیە پێویســتە وەزارەتــی پەروەردە گرینگــی زیــاتر بە کۆنتــاکتی بەینــی مامۆستاو بەخوێندکار بدات لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم خوێندکارە لە ماڵەوە گرفتێکی هەبێـت یـان لە خوێنــدنگا گرفتێکــی هەبێــت بەئــاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکــان لەبەینــی بەخێوکــارو لەبەینــی مامۆســتا ئەتــوانی ئیســتفادەی زیــاتری لێبکرێــت ئەگەر هەر مــایەوە، مــن پێشــنیار دەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت، دامەزراوەکانی پەروەردەو فێرکردن پێشـنیارو ڕاسـپاردەکانی بەخێوکـارانی قوتابیان و خوێندکاران وەردەگرن بۆ ئەوەی بتوانن سوودمەندبن لێیـان ئەگەر ئـاڵوگۆڕی بیـروڕا هەبوو ئەوە پێم وایە بە مامۆستاکەو بە دایك و باوکی خوێنـدکار ئەتـوانن زیـاتر سـوودمەندبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـودا، ئەگەر ڕێــگەم پێبــدەی لە مــاددەی(٤٧) یەك وشــە بڵــێم ئەگەرنــا پشــتگیری ئەو برادەرانە دەکەم........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی(٤٧) تەواو بووە کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

واللەی ئینجا پێشنیارە، ئاسانە خۆ هیچ نییە.........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بینووسە بۆ لیژنەکە.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

پشتگیری کاك دابان و کاك سەرکۆ و کاك باڵانبۆ دەکەم کە ئەو ماددە نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بلعەکس ئەز دبینم ئەڤ ماددە ماددەکی زۆر گرینگە بۆ باشتر کردنا پەیوەندیا ناڤ بەینا ماڵبـاتێ داو قوتابییادا، هەروسا دڤێـت بڕگەکـی لـێ زێـدە بکرێـت خـالا پێنجـێ، ئەڤ ئەنجوومەنـا ل هەر وەرزەکێ دا یان سێ هەیڤا جارەکێ کونبوونەکا دگەل ڕێڤەبەرێن پەروەردەیێن یـان ڕێڤەبەرییـا گشتییێن پەروەردە بکەت و بۆ زێدەتر پتەوکرنا وان پەیوەندیا پێشنیارا بۆ پەروەردەیێ، هەروسا

من پێم باشە ماددەی (٤٩) سەردارترە ئەڤ ماددە (٤٩) دێت ببێتە یەك ماددە چونكی تەقریبەن ماددە(٤٨، ٤٩)، سەر یەك بابەتییە پێویست ناكات دوو ماددێ جیاوازبن ماددە(٤٩) بكەنە (٤٨) ببێتە بڕگەك لسەر ماددا (٤٨)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو كاك ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم ئەو ئەنجوومەنە بكرێتە ئەنجوومەنی بەخێوكاران و مامۆستایان هەردووكیان بەیەكەوە ئەنجوومەنێك دروست بكرێت، وە ئەگەر ئەمەش نەكرێت پشتگیری ڕەئییەكەی كاك لقمان دەكەم هەر پێنج خاڵەكەی بكرێتە یەك لە شێوەی پێناسەیەك دابڕێژرێتەوەو جارێكی تر هەمووو ئەو ئەرك و دەسەڵات و كۆبوونەوانەی كە لەم خاڵانە دیاریكراوە لە پێناسەكە جێبكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو كاك ویسی.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٨) منیش پێشنیار دەكەم و هاوڕای كاك نزار و كاك حاجی هەڵكەوتم كە ئەنجوومەنەكە ڕێژەكەی زۆرە ئەگەر بمانەوێت ئەنجوومەنەكە بەفعلی كۆبوونەوە بكات دەبێت ستافەكەی كەمتر دابنێین لە(٣ بۆ ٧) باشە، هەروەها لە بڕگەی چوارەمیش ئەنجوومەن بە هەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەكان مافی داڕشتنی ئامانج و پلانی كاری خۆی هەیە بەم شێوازە لێ بكرێت، چونكە دەبێت ڕەچاوی ئەو هێڵە گشتی و ستراتیجیانە بكرێت كە قوتابخانە هەیەتی دەبێت هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەك بكات باشتر دەتوانی پلانەكەی خۆی دابڕێژێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو كلارا خان.

**بەڕێز كلارا عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز ژی وەكی وان هەڤالان دبینم كو ئەڤ ماددا ماددەكا گەلەكا گرینگەو گەلەكا موهیمە كو یاسایێ پەروەردەی دابیتن، بۆچی چونكو سەركەفتنا هەر قوتابییەكی، هەروەسا سەركەفتنا پرۆسەی پەروەردەیێ نە بتنێ لسەر ئاتقێ حكومەتێ یان ژی وەزارەتێ پەروەردەیێ بەلكی ئەڤ پرۆسیساو سەركەفتنێ قوتابی بهاریكاریا سەمیانێن قوتابی خێزان دگەل دامەزرانەدنێن قوتابخانەیا، ژبەر هەندێ ماددا (٤٨) یەكەم باشترە هەكەی ئەوسا بهێتە گوتن كو هندەك ئارمانجێ ئەڤێ چەندە بهێنە نڤیسین بۆ نموونە ل ڕێزا دووماهیكێ بەمەبەستێ پشتگیر كرنی منداڵەكانیان وە بهێز كرنا پەیوەندی دناڤبەرا خێزان و خێزانێن قوتابخانە، هەروەسا هاریكاری و

بەژداری کرن کۆنترول کرنا ڕەفتارێن جڤاکیێن قوتابی و مامۆستایان دناڤ قوتابخانەداو هەروەسا دەرڤەی قوتابخانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیر ئەتەوێ قسە بکەی.

**بەڕێز ئالان حەمە سعيد/ وەزيری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەکورتی تەوزیحێك لەسەر ئەو ماددەیە بدەین بۆچی گرینگە: نابێت هیچ دامەزراوەیەك هیچ شتێك هیچ ئەنجوومەنێك تەشکیل بکرێت لە دەرەوەی قانوون و سەنەدێکی قانوونی نەبێت اتصال لەگەڵ قوتابخانە بکات بەچ دەسەڵاتێك وەزیر تەشکیلی بکات؟ بەچ دەسەڵاتێك بەڕێوەبەری قوتابخانە تەحاموول لەگەڵ ئەنجوومەنێکا بکات؟ نابێت دەسەڵاتێك ئەساسێکی قانوونی هەبێت، ئەگەر ئەساسێکی قانوونی نەبێت بەڕاستی ڕەنگە تووشی ئیشکال ببیت کە ئەبێت نە مودیر و نە وەزیر و نە کەس ناتوانێت بەبێ ئەساسێکی قانوونی ئەمە دروست بکات. بەکورتی تازەترین توێژینەوەکانی بواری پەروەردە پێیان وایە کلتور و قوتابی و مامۆستاو قوتابخانە زۆر گرینگن، بەڵام لەوانە گرینگتر بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی پەروەردە بۆ ئەوانە بریتییە، لە خێزان واتە خێزان ڕەقەم یەکە لە بەرەوپێشچوونی پەروەردەیا هەتا نەتوانین خێزان تێکەڵ بە پرۆسەی پەروەردەو بە سیستەمی پەروەردە کەین، ناتوانین سیستەمێکی پەروەردەی باش و پێشکەوتوومان هەبێت، کە خێزانمان تێکەڵ کرد گرینگیدان و ئیلایی ئیعتیباری خێزانمان تێکەڵ کرد بە ناوەندەکانی خوێندن و بە قوتابخانە ئەوە سیستەمێکی پەروەردەی باشمان دەبێت بڕۆن ئەو تەجروبانە تاقیکەنەوە ئەو خانەوادەی کە کۆنتاکتەکی باشتریان هەیە لەگەڵ قوتابخانەکان لەگەڵ ئیدارە لەگەڵ مامۆستاکان ئاستی قوتابخانەکانیان باشتر کە وەك لەوانەی بەتەنها بەس قوتابی دەبینن و خانەوادەکەی نابینن یان خانەوادەکە بەتەنهابەس منالەکی خۆی ئەبینێ و مامۆستا و قوتابخانەکە نابینێت، لەبەر ئەوە بوونی ئەو ماددەیە زۆر زۆر زەرووره ئەمە هیچ مەترسیەکی نییە، ئێمە باسی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیمان نەکردووە باسی ئەوانەمان نەکردووە باسی ئەنجوومەنێکیان کردووە ئەگەر ژمارەکەیتان پێ زۆرە ئەو ژمارە فەرقە زۆرەی لەبەینی (٣) تا وەکو (٩) بۆ حەدەدی قوتابییە لە قوتابخانە قوتابخانە هەیە سەد قوتابی هەیە قوتابخانەش هەیە هەزاری هەیە هەزارو دووسەدی هەیە، لەبەر ئەوە ئەو حەدەدە مرونەتێکی تیایە لەو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێرەیا چوارچێوەیەکی قانوونی بۆ ئەنجوومەنێك دانێن کە نیە بلێین لە داهاتووا هەبێت، بەڵام لە ئێستایا دوو ڕێکخراو هەیە ڕێکخراوی ( قوتابیان و خوێندکاران)، ئەگەر وایە با لەمەش جێی

بکەینەوە چوارچێوەیەکی قانوونی بۆ ئەوەش دابنێین، چونکە حزوریان هەیە ئێستا ئەوانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نابێت حزوریان هەبێت لەناو موئەسەساتا لە ڕاستیا نابێت، فەرموون بڕۆنە سەر ماددەیەکی تر ماددەی(٤٩)، فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٤٩):

یەکەم: ئەرکی قوتابخانەو خوێندنگەکانە لە ناوەڕاستی هەر وەرزێکی خوێندندا دیداری گەشە بۆ قوتابی و خوێندکارانیان ڕێکبخەن بۆ تاوتوێکردنی باری خوێندنی قوتابی و خوێندکار بەمەبەستی لێکتێگەشتنی هاوبەش بۆ پەرەپێدانی تواناکانیان و باشترکردنی بارووдۆخی خوێندنیان.

دووەم: دیداری گەشە لەنێوان مامۆستاو قوتابی و بەخێوکاردا ڕێکدەخرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك قسەی لەسەر ماددەی(٤٩) هەیە دەست بەرزکاتەوە؟ ئەو بەڕێزانەی لەسەر ماددەی (٤٩) قسەیان هەیە (د.شێرکۆ، د.شایان، کاك یاسین، کاك ازاد، ڕۆبینە خان، د.اسماعیل، کاك سەرکۆ)، د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر مەوعیدی کۆبوونەوەکان ئەگەر لە ناوەڕاستی ساڵ بێت بێگومان کێشەیەکی زۆر لەوانەیە هەبێت یان کەموکورتی قابیلی عیلاج کردن بێت لە ناوەڕاستی ساڵ ئەو کۆبوونەوەیە بکرێت، وە بەرنامە دابنرێت بۆ چارەسەر کردنەکان تا کۆتایی ساڵ ئەگەر چارەسەر بکرێت ئەگەر وابێت فریای ساڵەکە نەکەوت بۆیە پێشنیار دەکەم کە بوترێت کۆبوونەوەکان پێش دەستپێکی ساڵ هەروەها لە ناوەڕاستی ساڵ، یەعنی دوو کۆبوونەوە بکرێت بۆ ئەوەی کە فریا بکەون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شایان خان.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٤٩) کە باسی دیداری گەشە دەکات ئەو دێڕو نیوەی کۆتایی کە دەڵێت (بۆ تاوتوێکردنی باری خوێندنی قوتابی و خوێندکار)، ئەوە لە پێناسەش باسکراوە، بۆیە پێم باشە لابرێت یا پێشنیار دەکەم لایەن ئەو دوو دێڕە، واتە بۆ تاوتوێکردنی باری قوتابی و خوێندکار تا کۆتاییەکەی لابرێت، چونکە خۆی لە ماددەی (١) پێناسەی دیداری گەشە باسکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودا، لە ماددەی (٤٩)، دووەم: دیداری گەشە لەنێوان مامۆستاو قوتابی وبەخێوکاردا ڕێکدەخرێت، بەخێوکار لێرە چ دەورێکی هەیە، ئەگەر بۆمان ڕوونکەنەوە مەبەستیان چییە، یەعنی ڕوونکردنەوەیەکی باشمان دەنێ، یەعنی بەخێوکار هەیە خوێندەواری نیە بێت لە دیداری گەشە چبکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ئەگەر باوکێك خوێنەوار نەبوو نابێت بچێتە کۆبوونەوەکەوە؟ سوپاس، فەرموو کاك ازاد.

**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٤٩)، دووەم: دیداری گەشە بەڕەئی من بگۆڕدرێت بۆ هەڵسەنگاندن چونکە ئەمە ئەو قوتابییە هەڵدەسەنگێنین لە مابەینی مامۆستاو بەخێوکار کۆبوونەوەکانیش زۆرجار بەڕاستی من لە مەکتەب بوومە مودیرەکان وەك محازەرەکی دەدەن ئەو محازەرە نەمێنێت ئەوڕۆژی هەڵسەنگاند بێت ئەو تەڵەبەیە لە فەصڵی یەکەم چۆن هەڵی دەسەنگێنی مەسەلەن لە ماددەکەی خۆی هەموو ماددە بە ماددە بکرێت بە ڕەئی من ئەو کاتی ئیستیفادە لەو بڕگەیە دەکەین، یەعنی گەشە چییە دەرێ سوعبەت بکرێ و محازەرە بکرێ و لەوێ، لەبەر ئەوە هەڵسەنگاندن بێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ڕۆبینە خان.

**بەڕێز ڕۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددە(٤٩) یەکەم: ئەرکی قوتابخانەو خوێندنگەکانە لە ناوەڕاستی هەر وەرزێکی خوێندندا دیداری گەشە بۆ قوتابی و خوێندکارانیان ڕێکبخەن، لێرەدا دیارە لە ناوەڕاستی هەر وەرزێکدا، خاڵا دووێ بێژی، دیداری گەشە لەنێوان مامۆستاو قوتابی و بەخێوکاردا ڕێکدەخرێت، ئایا چەندە چ وەرزە چەندجارەکە ئەویش بێتە دیاریکرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سەرکۆ.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی(٤٩)، یەکەم: ئەرکی قوتابخانەو خوێندنگەکانە لەسەرەتاو ناوەڕاستی هەر وەرزێکی خوێندندا دیداری گەشە بۆ قوتابیان و خوێندکارانیان ڕێکبخەن، تا ئەو بەشەی بمێنێتەوە بەشەکەی تری لابەن، بەڵام لە سەرەتاو کۆتایشا زیادکرێت بۆ ئەو بڕگەیە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.
**بەڕێز اسماعیل علی طە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەوەلەن ئەز پشتگیریا د.شێرکۆ دکەم بێتە دیاریکرن هەر وەرزەکی ڕۆشتنەکا تایبەت هەبیت، دووەم: دیداری گەشە لەنێوان مامۆستاو قوتابی و بەخێوکاردا ڕێکدەخرێت، مەعنای وەیە بەس بۆ قۆناغا بنەڕەتی تنێ دێنەکرن باشە قۆناغا ئامادەیی پێویستی ڤێ دیدارێ نینە هەر لگەل وانە بێتەکرن، بۆ وانە پتر پێویست پێتڤی بیتن دشێ بنەڕەتی تنێ مەبەست وەکو قوتابی، ئایا مەبەستێ ئەوە بەس بنەڕەتییە یان ژی هەموویان دگریتن، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**
غەڵەتی تەبعە دەست خۆش ئەوە غەڵەتی تەبعە بۆ ئەوەی بڕگەی یەکەم چاکمانکرد ئەوەی دووەم چاك نەکرایە، بەڕێز وەزیری پەروەردە قسەتان هەیە.
**بەڕێز ئالان حمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**
نەخێر، بەڵام هەردوو قۆناغ دەگرێتەوە ئامادەیی و بنەڕەتی، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ ڕاستە ئێمە هەڵەمان کردووە لە تەبع، ماددەی(٥٠) بخوێننەوە فەرموو. سوپاس، فەرموو گلاوێژ خان.
**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی(٥٠)، تۆمارەکانی دامەزراوە حکومییەکان ئەرکی گشت دامەزراوە حکومییەکانە ژمارەیەك تۆماریان بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەت هەبێت.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**
ڕەقەمی ئەو تەوەرانە هەمووی چاککەنەوە لەو ماددەیەی کە د.شایان وای وت، هەر بەڕێزێك لەسەر ماددەی(٥٠) قسەی هەیە دەست بەرزکاتەوە؟ ئەو بەڕێزانەی لەسەر ئەم ماددەیە قسەیان هەیە( د.محی الدین، کاك چیا، کاك حاجی هەڵکەوت، مامۆستا نجاة)، د.محی الدین فەرموو.
**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
یەکەم: من پێم وایە ئەو تۆمارانە وای لێبکرێت، ئەرکی گشت دامەزراوە پەروەردەییە حکومییەکانە ژمارەیەك تۆماری تایبەتیان هەبێت کە بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەت دیاری دەکرێت، یەعنی وەزارەت تەحدیدی جۆری تۆمارەکان بکات نەوعییەتی تۆمارەکان بکات.
دووەم: ئەو تۆمارانە قابیلی ئەوەبن کە وردبینی و بەدواداچوونیان بکرێت لەلایەن دامەزراوەکانی سەرووی خۆیانەوە بۆیە موتابەعە بکرێت.

سێیەم: لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە پاراستن و ئەرشیفکردنی ئەو تۆمارانەیە زۆرجار دەبینی ئەو تۆمارانە لە هەندێ قوتابخانەکاندا بەڕاستی فەرامۆش دەکرێن لەکاتی هەڵگرتنیان، بۆیە پێویستە ئەرشیفکردن و پاراستنیان لەئەستۆی دامەزراوەکان بێت کە تۆمارەکانیان تێدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نجاة خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیف کۆنتاکتێت من لگەڵ ڕێڤەبەرێت قوتابخانە ئەو تومارێ ئەلیکترونی ژی هەیەو تومارا ژی هەیە دبێت ئیشارەت پێبدات جۆرێ تومارێ هەروەسا پاڵپشتیا ئاخافتنا کاك د. محی الدین دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هەڵکەوت.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٥٠)، تۆمارەکانی دامەزراوە حکومییەکان ئەرکی گشت دامەزراوە حکومییەکانە ژمارەیەك تۆمار بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەت هەبێت، ئێمە لێرە باسی وەزارەتی پەروەردە ئەکەین ئەگەر مەبەست لە هەموو یاخود گشت دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ئەوە قسەم نییە لەسەری، بەڵام ئەگەر مەبەست لە دامەزراوە حکومییەکانی وەزارەتی پەروەردەیە لازمە بڕگەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت، (ئەرکی گشت دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەیە ژمارەی تۆماریان بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەت هەبێت)، پشتگیری لە قسەکانی د.محی الدین دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من لسەر دامەزراوە حکومییەکان بوو نەك، گەلەك وازحە پێم باشە بکەت دامەزراوە پەروەردە حکومییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز/ د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی(٥١) فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٥١): چێشتخانەو فرۆشتگە لە دامەزراوە حکومییەکاندا.

یەکەم:

١-هەموو دامەزراوەیەکی حکومی مافی کردنەوەی چێشتخانەو فرۆشتگای بۆ قوتابی و خوێندکاران هەیە بەمەرجێك پەسەندنامەی وەزارەتی تەندروستی بۆ وەربگرێت.

٢-لەکاتی کردنەوەی چێشتخانەو فرۆشتگا دەبێت خواردەمەنییەکان تەندروست و بەنرخێکی گونجاوبن کە پێش وەختەو ساڵانە لەلایەن دامەزراوەکە یان لیژنەیەکی وەزارەت پەسەند دەکرێت.
دووەم: ئەرکی ئەنجوومەنی دامەزراوە حکومییەکەیە زیادکردنی ئاشکرا بۆ بەکرێدانی چێشتخانە و فرۆشتگاکە سازبکات و وردەکاری ئەم پرسە بەڕێنماییەك ڕێکدەخرێت کە وەزیر دەریدەکات.
سێیەم: داهاتی بەکرێدانی چێشتخانە و فرۆشتگا بەپێی ڕێنمایی وەزارەت، بۆ مەبەستی بەرەو پێشبردنی خودی دامەزراوەکە خەرج دەکرێت.
چوارەم: ئەرکی دامەزراوەکەیە چاودێری پابەندبوونی بەڵێندەر بەمەرجەکانی ڕێنماییە تەندروستییەکانی وەزارەتی تەندروستی بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەسەر ماددەی(٥١) قسەی هەیە دەست بەرزکاتەوە؟ ئەو بەڕێزانەی لەسەر ئەم ماددەیە قسەیان هەیە(د.محی الدین، د.اسماعیل، موژدە خان، کاك ذکری، کاك دابان، کاك رزگار، کاك مەم بورهان، کاك یاسین، کاك گۆران، کاك ارشد، کاك ادریس، ژیان خان، کاك چیا، کاك علی، شیرین یونس)، کاك ادریس فەرموو.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥١) ژمارە یەك، پێشنیار دەکەم تەنیا نەك پەسەندنامەی وەزارەتی تەندروستی بۆ وەربگیرێت، پێشنیار دەکەم ئەوەی بۆ زیادبکرێت (بەردەوام لەلای لیژنەی تەندروستی پشکنینی بۆ بکرێت) لەبەر ئەوەی بینیمان لەو فەترە بەتایبەتی ئەوکاتەی هاوین کە لەچەندین قوتابخانە قوتابی فێری تەسەموم بوو، من پێشنیار دەکەم لەبەر ئەوە کە بەردەوام پشکنینی بۆ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ژیان خان.

**بەڕێز ژیان طاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەم ماددەیە پێشنیار دەکەم بڕگەیەك زیادبکرێت بەم شێوەیە،
پێنجەم:
١-ئەو کەسەی فرۆشتگا یان چێشتخانە وەردەگرێت نابێت لەهیچ ئۆرگانێکی حزبی یان دامەزراوەیەکی حکومی و ناحکومی مووچەی هەبێت.
٢-هەرساڵ جارێك زیادکردنی ئاشکرا دووبارە ببێتەوەو ئەو کەسانەی پێشتر وەریانگرتبوو مافیان نیە جارێکیتر بەژداری پرۆسەی زیادکردنی ئاشکرا بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ارشد.

**بەڕێز ارشد حسين محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ڕاستی پێم باشە ئەو تەوەرە هەمووی ئەگەر بەڕێنمایبا لەوانەیە هەندێ شتی تر زیادبێتن بۆ وەزیریش دەست کراوەترو باشتریش بوو نەك بەیاسا حەسم بکەین، وە ئەگەر هەر ماددەکەش بمێنێت پشتگیری قسەکانی کاك ادريس دەکەم کە بەردەوام پشکنینی تەندروستی هەبێت و چاودێری بکرێتن، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو کاك چيا.
**بەڕێز چيا حميد شريف:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
خالێ یەکێ پشتڤانیا کاك ادريس دکەم، خالا دووێ من پێباشە خواردنەکانی تەندروست مخابن لە هەمی قوتابخانەیێ کوردستانێ جێبەجێ نابن هەمی قوتابخانا هەرێما کوردستانێ چپس شوکلات کە خراپترین شتن کە لە سەرەتایی هەتا ئامادەیی دێنە فرۆتنێ ئەڤە دژی وان ڕێنمایانن کو لە هەمی دەوڵەتا بکاردێنن بتایبەتی چپس و شکولات هاتینە قەدەغەکرن لە ئەکسەریەت قوتابخانێن دوونیایێ بەلێ موخابن هەتا هەنووکە ئەڤە بەردەوامە هێڤیدارم ئەڤە بەڕێنماییەکی تایبەت بێتە پەسەندکرن چ خارن بێتە فرۆتن چ نەخارنێیە نەهێتە فرۆتن، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو کاك ذکری.
**بەڕێز ذکری احمد اسماعيل:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، ماددێ (٥١) خالا ئێك، من پێم باشە ئیزافەیەك لێبێتە کرن بەم شێوەیەی لێ بکرێت (هەموو دامەزراوەیەکی حکومی مافی کردنەوەی چێشتخانەو فرۆشتگای بۆ قوتابی و خوێندکارانی دامەزراوەکە هەیە بەمەرجێك پەسەندنامەی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی پەروەردە وەربگرێت و هیچ پەیوەندی بە مامۆستایان نەبێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**
سوپاس، فەرموو کاك رزگار.
**بەڕێز رزگار محمد محمود:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٥١) باس لەوە ئەکات چێشتخانەو فرۆشتگە لە دامەزراوە حکومییەکاندا، بڕگەی یەك تا بڕگەی چوار باسی ئەوانە دەکات، بەڵام پێویستە لە ئەو قوتابخانانەی کە زیاتر لە هەزار تەڵەبەیان تیایە، یەعنی بنکەی تەندروستیشی تێدابێت بەڕاستی حەقە لەم یاسایە ئەوەش دیاری بکرێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**
سوپاس، فەرموو کاك ياسين.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، سەرەتا پشتگیری لە کاك ادریس دەکەم، بەڵام خاڵی سێیەم دەڵێت داهاتی بەکرێدانی چێشتخانەو فرۆشتگاکان بەپێی ڕێنمایی وەزارەت بۆ مەبەستی بەرەوپێش بردنی خودی دامەزراوەکە خەرج دەکرێت، لێرەدا پێشنیار دەکەم کە ٥٠% بۆ خودی قوتابخانەکەی ئەو قوتابخانەیە سەرف بکرێت لەبەر ئەوەی ساڵانی پێشوو من ئاگام لێبووە ئەو مامۆستایانەی کە داهاتیان هەموو ناردبۆوە وەزارەتی پەروەردە کاتێك کە جامێکیان دەشکا دەبا کتابێکیان کردبا وەصڵیان پڕبکردباوە هەتا چووبان ئەوە پێچاکەنەوە بۆیە پێشنیار دەکەم ئەوە زیادبکرێت ٥٠% ی داهاتی قوتابخانەکە بدرێتەوە ئەو قوتابخانەی کە مەسەلەن فرۆشتگاکەی لێ بەکرێ داوە ڕاستە لە هەندێ شوێنی قوتابخانەکان فرۆشتگاکانیان پارەی ناکا یان تەلەبەی کەمی تێدان یان گەڕەکی هەژارن کەمی پارە دەکەن یان لە لادێکان ئەوە نییە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو مەکتەبە ئیستفادەی لێبکاتەوە بەلوعەیەکی دەشکێ، پەنجەرەیەکی دەشکێ، کیلۆنەکی دەشکێ و لێدەبێتەوە، دەبێت کتاب بکە بۆ پەروەردە، پەروەردە لەوسەری بۆ ئەو سەری بێتەوە یەعنی بڕوات هەبێ هەتا کیلۆنەك دەگۆڕدرێت مەکتەبەکە تەواو دەبێت، بۆیە پێشنیار دەکەم لەو قانوونی یاساییەدا ٥٠% بدرێتەوە خودی قوتابخانەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی دووی ماددەی (٥١) هاتووە فرۆشتگاکان نرخەکانیان گونجاوبێت، من پێشنیار دەکەم نرخەکان بنووسرێت، چونکە گونجاو تەلاعبی پێدەکرێت و مووبەڕڕی بۆ دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی نرخەکانیان زیادبکەن، لە خاڵی یەکەمیش پشتگیری کاك ادریس دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی(٥١) پێشنیار دەکەم لە بڕگەی یەکەم، خاڵی یەکەم ئەوەی بۆ زیادبکرێت لە کۆتاییەکەیدا هەروەها لەژێر چاودێری بەردەوام بێت، چونکە ئەو شوێنە ئەساسە مەفروزە بە بەردەوامی چاودێری لەسەر بێت هەروەها سەبارەت بە خاڵی دووەم کە دەڵێ لەکاتی کردنەوەی چێشتخانەو فرۆشتگا دەبێت خواردەمەنییەکان تەندروستبن، تەندروست چپسی پەتاتە کەی تەندروستە، بسکیت کەی تەندروستە کە جۆرە شەکرێکی تێدایە بەتەنها پزیشکی موختەس دەتوانێ دیاری بکات کە چەند خەتەرەو ئەو شەکرە نیە کە دەکرێتە ناو چایە، جپشی پەتاتە بە ئیعترافی پزیشکانی منداڵان بەشێکی شێرپەنجەی منداڵان بەهۆی جپسی پەتاتەوەیە بۆیە من پێشنیار دەکەم لەوانەیە قسەکەم مەقبوول نەبێت، بەڵام پێشنیار دەکەم بڕگەیەك زیادبکرێت بەوەی کە خواردەمەنی سروشتی میوەکان بەشێوازی تەندروست و مەوادی پاککەرەوە لە فرۆشتگاکانی خوێندنگاکاندا بفرۆشرێت لەژێر چاودێری تەندروستیدا تەغلیف بکرێت، بەنمونە

سەیری ئەو وێنەیەکەن، یەعنی ئەوە میوەیە منداڵێك سەرەنجی دەبات هەم تەندروستە هەم پاکیشە کولفەیەکی زۆری تێناچێت بۆ منداڵ لەوانەیە بۆ دایك و باوکەکانیش ئاسان بێت زۆرجار پێیان عەیبە منداڵەکان میوە بەرن بۆ قوتابخانە لەوانەیە ببنە هۆی تانەو تەشەنی چواردەورەکەیان بۆیە پێشنیار دەکەم ئەگەر ڕێنمایش بێت جەنابی وەزیر ئەوە لەوانەیە شتێکی باش بێت و سوودی تەندروستیشی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم خۆش بوو ئەڤە بهاتبا لادان و ب ڕێنماییەك بهاتبا ڕێکخستن پێویست نەبوو هاتبات ڤێرێ دا ماددێت موهیم تر هەبوون بێنە تێدا، وەکو ماددەی گرێدای تاقیکردنێت دوانزەی ئامادەیی، یەعنی وەکو من زانی نەهاتیە پڕۆژەییدا بەس ئەگەر هەر بمینیت ئەگەر هەربمینیتن، ئەز پێشنیار دکەم خالا سێی بێژیت داهاتێ ب کرێدانی چێشتخانەو فرۆشتگا بەپێی ڕێنمایی وەزارەت بۆ مەبەستی بەڕێوە پێشبردنی خودی دامەزراوەکەش دەکرێت ، ئەز پێشنیار دکەم ببیتە بەپێی ئەنجوومەنی وەزارەت، نە وەزارەت ئەنجوومەنی وەزارەت بە ڕاوێژ لگەڵ بەڕێڤەبەرە گشتییەکان، چونکە باش دزانن هەو جەوییێت مەدارسێ دتوانی گەلەك جارا یەعنی مەدارس هەست دکەن زوڵم ژ لێ تێتە کرن وەزارەت سەد سەد بینیتن ئیلا ڕێژا هندێ بۆ وەزاەت بیت ڕێژا هندێ بۆ مدیرعام بیت ڕێژا هندێ بۆ مەدرەسە بیت چ چشتی وەسا نامینیتن هەوجەوییێت مەدرەسەیێ بێتە تەهدید کرن ژبەر هندێ پێتڤیا ڕاوێژێ لگەڵ وانا بێتە کرن دا هەوجەوییێت وانا بێنە دەستنیشان کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ڕەئیم وایە کە ئەم ماددەیە هەر بە ڕێنمایی لەلایەن خودی وەزارەتەوە دابنرایە باشتر بوو وەك لێرەیە جێگیریان کردووە بە ماددەیەك، بەڵام ئەگەر هەر ماددەکەش ئاوا ئەهێڵنەوە پشکنینی وەرزی بۆ بکرێت و زیادبکرێت، هەروەها لە خاڵی سێیەم داهاتی بەکرێدانی چێشتخانەو فرۆشتگا، ئەویش ئیجبار بکرێت دابینکردنی فێنکەرەوەو گەرمکەرەوەی تێدابێت، هەروەها قۆرغکاری تێدا نەکرێت، هەروەها ئەو زیادکردنی ئاشکرایە جێبەجێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، دیسان من باوەڕم وایە ئەم ماددەش هەر بەڕێنمایی حەل کرێت ڕاستە صرف قانوونی پێویستە صەلاحیەتی صرف قانوونی پێویستە، بەڵام بۆ نموونە هیچ حانووت کافتریایەکی بۆ نموونە صحة هیچ شوێنێکی تر زانکۆ قانوونی نییە، هەروەها

ئەتوانێ پووخت کرێتەوە خاڵی سێیەم موزایەدە مەرج نیە باش بێت لەمە، ئەم ساڵ بەشێکی زۆری مەکتەبەکان موزایەدەیان کرد وتیان نرخمان بەراورد بە ساڵی پار بووە بە دوو قات هەبوو پەیوەندی ئەکرد ئەیووت، من ناتوانم ئەوەی لێدەم چونکە نرخ زیادکەم ئەبێت کوالێتی شتەکەبێنمە خوارەوە یان شتەکە گرانکەم واتە مەرج نیە هەمیشە موزایەدە باش بێت بەڵکو لوانەیە پەروەردە خۆی بتوانێت تەحدیدی نرخ بکات بۆ ئەم مەکتەبە ئەمەو ئەوە باشتر ئەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت ڕەقابە کات، مەکتەبێك بە بیست ملیۆن دەرچێت، تەلەبەیەك بە دە ملیۆن دەرچێ، بە دووسەدو پەنجا دینار، یەعنی ئەمە تەئسیراتی زۆر دەکات ئەمە وردبێتەوە، خاڵی سێیەم من هیوادارم بەڕێز وەزیری پەروەردە پشتیوانی بۆچوونەکەی کاك یاسین نەکات، چونکە لە خاڵی سێیەم ئەڵێ لە ١٠٠% بۆ مەکتەبەکە خەرج ئەکرێت ئێستا ئێمە بیکەینەوە لە ٥٠% نا، بەڵام یەك خەلەل هەیە لێرە سەیرکە (بزوێن و کە) ئامرازی ناسینە بۆ تاکیش بەکاردێت (دامەزراوەکە) ئەو مەکتەبە، بەڵام من پێم وایە بۆ کۆی گشتی کۆکرێتەوە لە سەبەتەیەکا دابەشکرێتەوە بەسەر سەرجەم مەکتەبەکانا مەکتەبی وا هەیە تەلەبەی زۆرە حانووتی زۆرە داهاتی زۆرە، هەیە تەلەبەی کەمە حانووتی نییە، داهاتی نییە، کەواتە هەندێکی وودمەند دەبێت لەو خزمەتگوزارییە، بەڵام لە گوندێکا جامیشیان بشکێت لەوانەیە پارە نەبێت، بۆیە بوترێت کۆی ئەم داهاتە بەڕوونی بەکار ئەهێنرێتەوە بۆ خزمەتگوزاری قوتابخانەو خوێندنگاکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

تێگەیشتنەکەی کاك علی ڕاستترە کاك یاسین. فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

١-من ئەو پرسیارەم هەیە پێشتر ڕووبەڕووی وەزیری بکەمەوە ئایا لە ڕابردوودا کاتێك مەسەلەی پرسی حانووتەکان هیچ قانوونێکی بۆ نەبووە حیکمەت چییە لەسەر ئەوەی حانووتەکان لەناوقانوونەکان جێگیر بکەین.

٢-پشتگیری زۆر لە بۆچوونەکانی ئەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە بەباشیان زانی کە لە ڕێنماییا کورت بکرێتەوە بۆ نموونە لە برگەی یەکەم باس لەوە ئەکا، یان دامەزراوەکە یان لیژنەیەکی وەزارەت جا ئەگەر لیژنەی وەزارەت دەست وەربداتە حانووتەکان سێ، چوار هەزار مەکتەبمان هەیە ( سێ، چوار) هەزار حانووت ئەبێ ساڵێکی درێژی خوێندن بە دە لیژنەش ئەمە چارەسەر ناکرێت ئەم کێشانە ئەم بابەتە پێشتر لە ماددەکانی تر باسی ناناوەندییەتی دەکرد شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان جارێ هەر وەزارەت ڕۆنەچێتە ناو ئەو مەسەلەیە، بۆیە بڕوای من لەناو ڕێنماییەمان وەکو لە برگەی دووەم هاتووە ئەڵێ بەڕێنمایی ڕێك ئەخرێت بەشێکی داناوە ئەڵێ بەڕێنمایی ڕێك ئەخرێت کۆی ئەم بابەتانە بەڕێنماییەك ڕێك بخرێت وەکو کۆی داهاتی حانووتەکان بچێتەوەو شەفافیەتی تێدا ڕەچاو بکرێت کۆی داهاتی حانووتەکان بچێتەوە بۆ خزمەتکردنی قوتابخانەکان و پێداویستییەکانیان بۆ پاك وتەمیزی بۆ موشتەمەلاتیان زۆر قوتابخانە هەیە تەلەبەکان و مامۆستا پاکی دەکاتەوە یەعنی هەموو ئەم مەسەلانە پێم وایە لەناو ڕێنماییەکا ئەگەر وەزارەت دەریکات کێشەی ئەم یاسایە کۆی ئەم بابەتانەی کە خەریکە وەختی ئەوەی هاتووە لەناو ئەم یاسایە ئەیبینین هەر بێتە سەر ئەوەی بڵێت قەڵەم جاف دابەش بکرێت یان ئەبێت قەڵەم ڕەساس و لاستیك، ئەم بابەتانە زۆر موفەصەڵن پێویست بەوە

ناکات بەبڕوای من لەناو ڕێنماییەکا وەزیر دەریبکات کۆی ئەمانە دەتوانێ جێگیری کاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەتەواوەتی پشتیوانی قسەکانی کاك مەم و کاك علی و هەموو ئەو بەڕێزانە ئەکەم، کە داوایانکرد ئەمە بەڕێنمایی ڕێك بخرێت لەیەك ماددەیا کە بەم شێوەیەی لێبکرێت، هەموو دامەزراوەیەکی حکومی مافی کردنەوەی چێشتخانەو فرۆشتگەی بۆ قوتابیان و خوێندکارانی دامەزراوەکە هەیە بە ڕێنماییەك کە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی، یان وەزیرەوە بۆ کارەکانی چاودێری دەردەچێت یەعنی ئەمە کافییە ئەتوانرێت دوای بەڕێنمایی بکرێت، بەڵام ئەگەر ماددەکانی تر یەعنی قەرارە بمێنێتەوە هەندێك ئیشکالی هەیە، بۆ نموونە ماددەی(٤) ئەرکی دامەزراوەکەیە چاودێری پابەندبوونی بەڵێندەر بە مەرجەکان و ڕێنماییە تەندروستییەکان بکات، واتە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ئەرکی ئەوەیە کە چاودێری و ئەو کارانە بکات لەگەڵ بەڵێندەرەکەیا ئەی سبەی ئەگەر ئیشکالێ لەبەینی ئەم بەڕێوەبەرەو ئەم بەڵێندەرە کە ئینتفاقێك هەبوو خۆ وەزارەت ناتوانێ چاودێری بکات، چونکە ئێمە لێرە بەقانوون دەرمانکردووە خۆ ئەرکی ئەوە وەزیفەی ئەوە ئەوکاتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەزارەتیش ناتوانێ لێپرسینەوە لە بەڕێوەبەرێك بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان داهاتی فرۆشتگای قوتابخانەکان بە (١٣٧) هەزار، دەبێتا هەرهەمووی بڕواتەوە بۆ خەزێنەی گشتی، وەئەگەر پاڵپشتییەکی قانوونی نەبێت بۆ ئەو لامەرکەزیەتەی کە هەرهەمووتان بەڕێزان داوایەك ئەکەن تەنانەت بەڕێز وەزیری پەروەردەش ناتوانێ بەڕێنمایی بڕیاربدات بەوەی کە داهاتی چێشتخانەو فرۆشتگای قوتابخانەکان بۆ مەبەستی خزمەتگوزاری ناو قوتابخانەکان سەرف بکرێت، لەبەر ئەوە داواتان لێدەکەم ئەگەر باوەڕتان بەوە هەیە کە ئەو لامەرکەزییەتە داراییە جوزئییە هەبێت ئەبێ ئەو تەفسیلە لەناو قانوونا هەبێت، بەڵێ فەرموو بەڕێز وەزیری پەروەردە.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان سوپاس بۆ تەوزیعە قانوونییەکەت یەعنی بە تکاوە جارێکی تر پێشنیار دەکەم تکایە تەحامولی ئەو یاسایەتان هەبێت ئێوە مووشەریعن یاساکە دوورو درێژە کورتی ئەکەینەوە، بەڵام هیچ شتێکتان پێ ئەوە نەبێت کە ئێمە دیراسەمان نەکردووە بۆ خۆمان هەروا بەمووهەوەسی هێناومانەتە ناو یاساکەوە، ئەمە ئەبێت ئەساسی قانوونی هەبێت ئەمە پارەیە داهاتی ئەمە نزیکەی نۆ ملیار دینار دەبێت ساڵانە بەڕێزان ئێمە دوو ساڵە لەسەر یەك بۆ یەکەمین جارە لەمێژووی وەزارەتی پەروەردە جەنابی سەرۆکی حکومەت جگە لەم پارەیە دەعمی ڕاستەوخۆی قوتابخانەکانی کردووە سێ ملیار سێ ملیاری پێداون، ئێستا ڕێنماییەکانی

ئەم فرۆشتایانەتان بۆ بێنم چواردەو پانزە لاپەڕەیە، تۆ پێتوایە چوار دێڕ زۆرە، بەڵام پانزە لاپەڕە ڕێنمایمان بۆ دەرکردووە لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستانیش بڵاوکراوەتەوە یەعنی تکا ئەکەم خۆ ئەبێت بناغەیەکی قانوونی بۆ شتەکان دانێین ئایا فرۆشتگا بەشێك نییە لە قوتابخانە بەشێك نییە لە سیستەمی پەروەردەو فێربوون و ئەو شتەی کەلەناو قوتابخانەو خوێندنگەکانی ئێمە هەیە مادام بەشێکە ئەبێت ئیتارەکی قانوونی بۆ دروستکەین مادام بەشێکە با بەقانوون بڵێین داهاتی ئەم فرۆشتگایانە لەچوارچێوەی پەروەردەکان بۆخیانا سەرف ئەکرێتەوە بەیانی هەر قەرارێك بدرێت کە ئەم داهاتە مەسەلەن لە ٥٠% بۆ وەزارەتی پەروەردە ئەبێت لە(٥٠%) بۆ قوتابخانەکان ئەبێت چی ئەکەن من بەیانی ئەڕۆم وەزیرێکی تر دێت بڕیارێك دەرئەکاو ڕێنماییەك ئەنێرێ و لە وەقائیعی کوردستان لە٥٠%ی بۆ قوتابخانەکان و لە٥٠%ی بۆ وەزارەتی پەروەردە ئەی ئەو کاتە چی ئەکات پەرلەمان؟ لەبەر ئەوە با ئیتارێکی قانوونی هەبێت تکا ئەکەم چوار دێڕ نووسراوە لەم چوار دێڕەیا، بەڵام پانزە پەڕە بەس ڕێنمایی وردی هەیە چۆن دابەش ئەکرێت چی بۆ منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەتە هەر قوتابی و خوێندکارێك چەندێکی بەرئەکەوێت داهاتەکە چۆن کۆئەکرێتەوە هەر پارێزگایەك لە سنووری خۆیان داهات کۆئەکەنەوە داهاتەکە ناگەڕێتەوە بۆ وەزارەت ئەمە ئەبێت ئیتارێکی قانوونی هەبێت وەك جەنابی سەرۆکی پەرلەمان فەرمووی، لەبەر ئەوە من لەم یاسایە مەسئوولن لە ( أ تاوەکو یاء ) شەو هەبووە تاوەکو سەعات دوو و سێی شەو ئیشمان تیایا کردووە نەك شەوێك دەیان شەو لەسەر یەك یەك حەرفمان نەخستۆتە ناو ئەم یاسایەوە یەك بەندمان نەخستۆتە ناو ئەم یاسایەوە دراسەمان نەکردووە ئەگەر زۆرە کورتی ئەکەینەوە قەینا، بەڵام نابێت هەر فرۆشتگا وەزیر بە ڕێنمایی یەکی ئەخات بەڕێنمایی میزاجە، من وەزیرم لە(٥٠%)داهات ئەدەم بە قوتابخانەکان یەکێکی تر لە(٤٠% )ئەیدات یەکێکی تر لە(١٠٠% )ئەیدات، تکا ئەکەم، یەعنی ئەم یاسایە مەکەن بە دوور و درێژییەکەی پشتیوانی کاك عمر گوڵپی دەکەم لێرە نییە، وتی دەبوایە چوارسەد ماددەی کەشی زیادبوایە، ئێمە یەکەم قسە یەکەم ڕۆژ کە بۆ جەنابتانم کرد وتم تکا ئەکەم ئێمە دەسەڵاتی خۆمان هێناوەتە ناو پەرلەمان بۆ ئەوەی لێرە تەشریح بکرێت لە میزاج دوورکەوێتەوە یەعنی هەر پرۆسەیەکی ڕۆتینی کە بەڕۆتینی تێبگەن ڕۆتین نیە لە ئەساسا ئێوە دەنگی لەسەر ئەدەن دەبێت بەقانوون و دەبێت ئێمە وەکو حکومەت جێبەجێی بکەین، ئەوەی کاك یاسین ئەیلێت واللەی پەنجەرەیەکیان پێ چاکناکرێتەوە واللەی پارەیان لەبەردەستایە هەر قوتابخانەیەك پەنجەرەیەکی پێ چاکناکرێتەوە لە کەموکوڕی خۆیەتی حەفتەی پێشوو من چوومە یەکێ لە قوتابخانەکان (١٠)دە پانکەی کڕی بوو مودیرەکە هەڵی نەواسیبوو وتم پارەی فرۆشتگات وەرگرتووە وتی بەڵێ پارەی فرۆشتگام وەرگرتووە، بەڵام بە (١٠) ڕۆژ هەڵی نەواسیبوو لەشوێنی خۆیا عقوبەم دا، بەڵام پارەیان لەبەردەستایە لەبەر ئەوە ئەم ئیتارە قانوونییە تکا ئەکەم وەکو جەنابی سەرۆکی حکومەت فەرمووی، گرینگە ئەوەی لەناو ئەم یاسایە هاتووە ئێمە هەموومان تەجروبە کردووە ( اسأل المجرب ولاتسأل الحکیم ) من سوپاستان دەکەم تکایە بەهەندی وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٥٢) بخوێننەوە فەرموون، بەڕێزان ئێستا ئێمە بە بەیانێکیش بڵاوی ئەکەینەوە کە قەراربوو بەیانی جەلسەمان هەبێت، بە هەمان بەرنامەی کار سێشەممە جەلسەمان ئەبێت، واتە بەیانی پشووە.، سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی شەشەم: دامەزراوە حکومییە هاوبەش و پشتیوانکراو و نێودەوڵەتییەکان.

تەوەری یەکەم: دامەزراوە هاوبەش و پشتیوانکراوەکان.

ماددەی(٥٢):

یەکەم: وەزارەت مافی ڕادەستکردنی بەڕێوەبردنی دامەزراوەیەکی حکومی بە دامەزراوەیەکی ناحکومی هەیە بەرامبەر تێچووی ساڵانە.

دووەم:

١-ئەرکی وەزارەتە بەپێی گرێبەستێك بڕە پارەیەك بۆ ئەو دامەزراوە ناحکومییانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیەدا ئاماژەی پێکراوە دابین بکات.

٢-دامەزراوە ناحکومییەکە گشت تێچووەکانی مووچە و کرێی تەلارەکە و تێچووەکانی دیکە لە ئەستۆ دەگرێت.

سێیەم:

١-ڕادەستکردنی پێدانی تێچووی ساڵانە بە دامەزراوە ناحکومییەکە شێوازی بەڕێوەبردن و هەڵومەرجی کاری فەرمانبەران، شێوازی سەرپەرشتی کردن، تاقیکردنەوەکان بڕوانامەکان گشت پرسەکانی دیکە بەپێی گرێبەستێکی پێشوەختەی نێوان وەزارەت و دامەزراوە ناحکومییەکە دەبێت.

٢-گرێبەستەکە هەر سێ ساڵ جارێك نوێ دەکرێتەوە.

چوارەم: ئەم دامەزراوە ناحکومییانەی بەڕێوەبردنی دامەزراوە حکومییەکان دەگرنە ئەستۆ دەتوانن پڕۆگرامێکی خوێندنی حکومی، یان پڕۆگرامێکی خوێندنی نێودەوڵەتی باوەڕپێکراو پیادە بکەن.

پێنجەم: خوێندن بۆ قوتابیان و خوێندکاران لەم جۆرە دامەزراوانە بەخۆڕاییە.

شەشەم: بەڵگەنامەی دەرچوونی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی و دوانزەیەمی ئامادەیی ئەم دامەزراوانە بەیەکێك لەم دوو جۆرە دەبێت.

١-ئەگەر پڕۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکە یان خوێندنگەکە نێودەوڵەتی بوو، بەڵگەنامەی دەرچوون لەسەر بنەمای تێکڕای دەرچوون لە قوتابخانە یان خوێندنگە و دەرچوون لە تاقیکردنەوە نێودەوڵەتییەکان دەدرێت.

٢-ئەگەر پڕۆگرامی خوێندن حکومی بوو بەڵگەنامەی دەرچوون بەپێی ڕێکاری پێدانی بڕوانامە لە قوتابخانەو خوێندنگە حکومییەکان بەئەژمارکردنی دەرئەنجامی تاقیکردنەوەکان دەدرێت.

حەوتەم: کاروباری دامەزراوە هاوبەش و پشتیوانەکراوەکان بەپێی ڕێنمایی ڕێکدەخرێت کە وەزیر دەری دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك ئەیەوێت لەسەر ماددەی(٥٢) قسە بکات دەست بەرزکاتەوە؟ ئەو بەڕێزانەی لەسەر ئەم ماددەیە قسەیان هەیە ( د.محی الدین، د.اسماعیل، مژدە خان، سەرچنار خان، کاك دیاری، کاك کاوە، شیرین امین، کاك علی، نجاة خان ) کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەنـاوی خـوای گەورەو میهرەبـان، والله مـن پرسـیارێکم لە جەنـابی وەزیـر هەیە تەبـعەن هەر مـاددەیەکی قـانوونی هەدەفێکـی لەپشـتە ئامـانجێکی لەپشـتە حیکمەتێکـی تیـایە، ئـێمە خوێندنگایەکی حکومیمان هەیە، بۆ نموونە ئەیدەین بە کۆمپانیایەك بەڕێوەی ببات تێچووەکەی حکومەت دابینی ئەکات خوێندنەکەش بەخۆڕاییە واتە بەپارە نییە حیکمەتی ئەمە چیە یەعنی؟ مەسـەلەن حکـومەت نـاتوانێ خـۆی ئەم قوتابخـانەیە بەڕێوەببـات ئەی چـۆن ئەتـوانێ قوتابخـانەیەکی تـر بەڕێوەببـات، یەعنـی بەڕاسـتی مـن زۆر ورد بـوومەوە لەم مـاددەیە لە حیکمەتەکەی تێنەگشم، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**
سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.
**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
منیش پشتیوانی لە کاك علـی دەکەم بەڕاسـتی غموزێـك دەبیـنم لەم مـاددەیە لەبەر ئەوە ئەگەر ڕوونکردنەوەمان بـداتێ جەنـابی وەزیـر، وە خـاڵی چـوارەم ئەڵـێ ئەم دامەزراوە ناحکومییـانەی بەڕێوەبردنی دامەزراوە حکومییەکان دەگرنە ئەسـتۆ دەتـوانن پرۆگرامێکـی خوێنـدنی حکـومی، یان پرۆگرامێکی خوێندنی نێودەوڵەتی باوەڕپێکراو پیادە بکەن، مەبەست چییە لەمە خوێنـدنی نێـودەوڵەتی بـاوەڕپێکراو ئەو میکـانیزمە چیـیە بـۆ ئەوەی ئەو خوێنـدنە بـاوەڕپێکراو بێـت و بیهێنێتە ناو ئەو مەنهەجەو خوێندنی لەسەر بینا بکرێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**
سوپاس، فەرموو کاك دیاری.
**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
منیش بەتەواوی پشتیوانی هەردوو بەڕێزان دەکەم هیوادارم وەزیری پەروەردە ڕوونکـردنەوەی تەواوەتی بدات لەسەر ئەم برگەو ماددەیە، چونکە لە ڕاستیدا ئەمە دەرگـایەکی گەورە ئەکـاتەوە پرسیارەکە ئەوەیە دواجار ئەگەر ئەمەش کرا لەپێناوی چی ئەکرێت بۆ ئەکرێت، وە ئاینـدەی ئەو خوێندکارو تەڵەبانە ئایا لە بەرمەبنای چی ئەمە ئەکەی کاتێك مناڵەکەی خۆم ناردۆتە بـۆ نمـوونە ئەم قوتابخانەیە چۆن دواجار ئەیدەی بەشوێنێکی دیکە ئەمانە هەمـووی پرسـیارێکن هیـوادارم بەڕێزتان ڕوونکردنەوەمان بدەنێ لەسەر ئەمە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو کاك کاوە.
**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
والله ئەم ماددەیە پێم وایە هەر ماددەیەکی زیادە پێشنیار دەکەم لابدرێت، چونکە بە تێڕوانینـی خۆم و خوێندنەوەی خۆم وەکو ئەوەیە کە ئێستا جۆرێك لە سیاسـەتێك هەیە بە بەتـایبەتکردنی کەرتی گشتی، کەرتی گشتی دەگوازرێتەوە بۆ کەرتی تایبەتی وەکو ئەوەیە ئێستا شارەوانیەك لە قەزایەك لە ناحیەیەك کرێکاری خۆی هەیە، یان سەیارەی خـۆی هەیە ئیشـی پێناکـات حکـومەت

دایتیەوە کەرتی تایبەت و پارەیەکی باش ئەداتە کەرتی تایبەت و ئەوان ئیشەکەی بۆ دەکەن لەجیات ئەوەی خۆی بیکات و بەدەستی کاری خۆی بیکاتن ئینجا ئەوەی سەرچنار خان گوتی بڕگەی چوارەم بەڕاستی، یەعنی ئەوەندەی دەیخوێنییەوە نازانی مەبەستی پڕۆگرامێکی خوێندنی نێودەوڵەتی چیە، ئێمە لێرە باسی ئەوە ئەکەین کە تەقریبەن پڕۆگرامی خوێندن موەحەدە لە ئەهلی و لە حکومی نازانم مەبەستەکە چیە نێودەوڵەتییەکە چیە هیوادارم ڕوونکردنەوەمان بۆ بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نەجات خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددەی (٥٢) چ برگاو چ خالا من نەدیت ڕێکارێن وەرگرتنا قوتابیێ و ڤە گەهاستنا کو بهێتە دیارکرن تێدا نیە ئنجا ڤێرا باشە بهێتە دیارکرن ڕێکارێت وەرگرتن و ڤە گەهاستنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٥٢) بڕگەی دووەم، خاڵی دوو دامەزراوە ناحکومییەکە گشت تێچووەکانی مووچە و کرێی تەلارەکە وتێچووەکانی دیکە لە ئەستۆ دەگرێت، ئەی سەبارەت بەخوێندن لەقوتابخانە نێودەوڵەتییەکان ئایا تێچووەکەی لەسەر ئەستۆی حکومەتە یان بوودجەی ئەوان بەدیاریکراوی لە کوێوە دێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مژدە خان.

**بەڕێز مژده محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٥٢) پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیریا وان پەرلەمانتاراندکەم مە گوت ئەڤ ماددە بێتە ڕا کرن مامۆستا علی و خوشکا سەرچنار سەیدا کاوە سەیدا دیاری و هەر ئەندامێکی گۆتبیتن پێویست ناکەتن ئەڤ ماددە هەبیتن ئەڤە ئێك. ماددێ دووێ بێژیتن ئەرکی وەزارەتە بەپێی گرێبەستێك برە تێبینیا پارەیەك بۆ ئەو دامەزراوە ناحکومییانەی لە برگەی یەکەمی ئەو ماددەیەدا ئاماژەی پێکراوە دابین بکات، یەعنی لەگەل وی ژی تەسلیم بکەت و پارە ژی بێتن بداتە وی وەختی یەعنی نزانم ئەڤە چییە (مع الحلم) نوقتا دووێ بێژێ دامەزراوە ناحکومییەکە گشت تێچووەکانی مووچەو کرێی تەلارەکەو تێچووەکانی دیکە لە ئەستۆ دەگرێت، مادام ئەستۆ دەگرێت بۆ ئەرکی وەزارەتێیە برە

پارەکێ بۆ تەرخان بکەتن ئەز تێناگەم وان هەردوو خاڵو دیسان تەئکیدێ لسەر پرسیارا خوشکا سەرچنار دکەم سەر وێ نوقتا خاڵا چارێ چوارەم: ئەم دامەزراوە ناحکومییانەی بەڕێوەبردنی دامەزراوە حکومییەکان دەگرنە ئەستۆ دەتوانن پرۆگرامێکی خوێندنی حکومی یان پرۆگرامێکی خوێندنی نێودەوڵەتی باوەڕپێکراو پیادە بکەن، تەئکید لسەر ئەوە دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەش یەکێکە لەو هەنگاوانەی کە دەیانەوێت کەرتی گشتی بەتایبەتی بکەن، هەروەها بەتایبەتی کەرتی پەروەدەو فێرکاری، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو ماددیە لابرێت هەروەها پشتگیری کاك کاوەو مژدە خان و د.اسماعیل دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری پەروەردە پێویستمان بە ڕوونکردنەوەیە فەرموون.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم بۆ دەبێت بە خەس خەسە یان بەتایبەت کردن بێت لەسەر حیسابی خەڵك دەقەکە زۆر بەوازعی ئەڵێت خوێندن بۆ قوتابیان و خوێندکاران لەم جۆرە دامەزراوانە بەخۆڕاییە، بۆ یەعنی بۆچی ئەڵێن بەتایبەت کردنە، من بەس حەزدەکەم لەو پرسیارە تێبگەم بۆ دەبێت ئیتجاهی پرۆژە یاساکە بەرەو ئەوە ببرێت کە ئێمە ئەمانەوێت شتەکە بەتایبەتی بگەین ئەمە هیچ بنەمایەکی نیە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەمە تەنها لەو مەسائیلانە زیاتر بەکار ئەهێنرێت کە لە مەسائیلی ( پی پیم ) کە ( العقود ادارة )ی پێ ئەوترێ. هەروەها لە مەسائیلی بابەتی براندەکانن، من نموونەیەك ئەهێنمەوە ئێمە قوتابخانەیەکمان هەیە ئەم قوتابخانەیە ئەگەر بمانەوێت بیکەین بە نێودەوڵەتی دەبێ بە پرۆگرامێکی نێودەوڵەتی و ئەتیکێشنەکی نێودەوڵەتی واتە ئەمانە هەمووی پێویستی بە براندە پێویستی بە موئەسەساتی گەورە هەیە کە هەم پرۆگرامی بۆ دانابێت هەم ئەتیکێتی بکات لەهەمان کاتدا سەرپەرشتی بکات و تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتیش بکات ئەم قوتابخانانە دەبنە قوتابخانەیەکی نێودەوڵەتی هەتا ئەم ساتەی لەگەڵ جەنابتان قسە ئەکەم یەك قوتابخانەی کامل صرفی حکومی نییە نێودەڵەتی بێت یەك قوتابخانەشمان نییە نێودەوڵەتی بێت حکومەتبێ و نێودەوڵەتی بێت ئەگەر بەیانی ویستمان قوتابخانەیەك بکەینە نێودەوڵەتی حکومی بێت چۆن ئەیکەین نابێت گرێبەستێك لەگەڵ کۆمپانیایەك بکەین ئەرکی بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی پرۆگرامەکان و ڕاهێنانی مامۆستایان و تاقیکردنەوەکان و سەرپەرشتی کردن و وەرگرتنی ئەتیکەیشن بۆ ئەم دامەزراوەیە بکات ئەمە بەچی ئەکرێت بە گرێبەستێك ئەکرێت، قوتابخانەمان هەیە وابێت، بەڵام ئیتارێکی قانوونی نەبێت بەڵێ حەوت قوتابخانەکانی سابیس کە بۆ خزمەتی منداڵی فەقیر بەتایبەتی بۆ کەسوکاری کوڕو کچی شەهیدو ئەنفالکراوان کراونەتەوەو لە سەرەتایە، ئەو قوتابخانانە بەگوێرەی گرێبەستێك بەڕێوەئەچن کە سێ ساڵ جارێك گرێبەستەکە تازە ئەکرێتەوە پرۆگرامێکی نێودەوڵەتی. هەروەها براندێکی نێودەوڵەتی کە سابیسە، هەروەها تاقیکردنەوەیەکی نێودەوڵەتی ئەنجام ئەدەن، هەروەها سەرپەریشتی کردنێکی نێودەوڵەتیان

هەیە ئەمە بۆ ئەم بابەتەیە، بەڵام هیچ کەسێك پارە نادات هیچ قوتابییەك پارە نادات یەعنی بۆ ئەبێت ترس لەوە بێت، من منداڵەکەم لە قوتابخانەیە ئەبێت حکومەت ئەم قوتابخانەیە بکاتە نێودەوڵەتی. من هیچ ئیلتزامێکی ماددیم لەسەر نییە، ئەوەی کە ئەدرێ حکومەت خۆی ئەیدات، بەڵام بۆ ئەوەیە کە حکومەت بتوانێ عەقدێکی ئیدارە بە کوالێتی باشتر لەگەڵ کەرتی تایبەتا ئەنجام بدات، بەڵام ئەمە بە ئەهلی کردنی خوێندن نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی(٥٣) بخوێننەوە فەرموون. فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری دووەم: دامەزراوە حکومییە نێودەوڵەتییەکان

ماددەی(٥٣):

یەکەم: وەزارەت دەتوانێ لەڕێگەی گرێبەستێك لەگەڵ ناوەندییێکی فێرکردنی نێودەوڵەتی دامەزراوەیەکی پەروەردەی و فێرکردنی حکومەتی بکات بە دامەزراوەیەکی پەروەردەی نێودەوڵەتی حکومی کە وەزارەت بەڕێوەی ببات، هەروەها بتوانێت دامەزراوەی نێودەوڵەتی حکومی نوێ بکاتەوە.

دووەم:

١-کارمەندانی ئەو جۆرە دامەزراوانە فەرمانبەر و کارمەندی حکومی دەبن بە ڕەچاوکردنی خاڵی دووی ئەم بڕگەیە.

٢-وەزارەت دەتوانێت گرێبەستێك لەگەڵ مامۆستایانی دەرەوەی وڵات بۆ کارکردن لەم جۆرە دامەزراوانە بکات بەرامبەر بڕە مووچەیەك و دەشتوانێت کارمەندان ومامۆستایانی دەرەوەی وەزارەت بەکار بخات و مووچەی گشت ئەوانە لە داهاتی قوتابخانەکە دەدرێت.

سێیەم: خوێندن بۆ قوتابیان و خوێندکاران لەم جۆرە دامەزراوانەدا بەخۆڕاییە.

چوارەم: پرۆگرامی خوێندنی ئەم جۆرە دامەزراوانە پشت بەست بەیەکێك لە پرۆگرامە نێودەوڵەتییە بڕوا پێکراوەکان دەبێت.

پێنجەم: بەڵگەنامەی دەرچوونی پۆلی نۆیەم و دووانزەیەمی قوتابخانە و خوێندنگە نێودەوڵەتییە حکومییەکان لەسەر بنەمای پرۆگرامە نێودەوڵەتییەکە و دەرچوون لە تاقیکردنەوە نێودەوڵەتییەکان دەدرێت.

شەشەم: کاروباری ئەم جۆرە دامەزراوانە بە ڕێنماییەك ڕێکدەخرێت کە وەزیر دەریدەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەسەر ماددەی (٥٣) قسەی هەیە دەست بەرزکاتەوە؟ فەرموو ڕۆژان خان.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥٣) بڕگەی دووەم خالا دووێ، مادام بڕگەی یەکەم ژ ناحیا قانوونێ ڤە ڕەهایی هاتە کوو دامەزراوە فەرمانبەرو کارمەندی حکومیین حەلەقەن لازمە بڕگا دوو ڕێژەیەکی دیار بکەتن مەسەلەن دگەل مامۆستایێ دەرەوەی وڵات ٣٠% بێت یان ٥٠% بێت نسبەکێ دیار بکەتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ویسی.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٥٣) پێشنیار دەکەم لە خاڵی چوارەمی ماددەکە دەستەواژەی پڕۆگرامێکی خوێندنی نێودەوڵەتی پیادەبکەن بگۆڕدرێت بە پڕۆگرامێکی خوێندنی نێودەوڵەتی گونجاو لەگەڵ کۆمەڵگای کوردستانی پیادەبکەن، چونکە مەرج نییە هەموو پڕۆگرامە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ واقعی کۆمەڵگەی کوردی گونجاوبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك راهی.

**بەڕێز راهی رەهبر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دووەم خاڵی دووەم، ئاماژە بەوەکراوە کە گرێبەست دەکرێت لەگەڵ مامۆستایانی دەرەوەی وڵات لە حاڵەتێکدا لە ماددەی پێشوو ماددەی(٥٢) ئاماژەی بەوە داوە کە بڕە پارەیەك سەرف دەکرێت بۆ دامەزراوە حکومییەکان یان نێودەوڵەتییەکان، بۆ ئەوەی خۆیان سەرفی بکەن، ئێستا وەزارەت سەرفی دەکات یان مەکتەبەکە خۆی سەرفی دەکات ڕوون نییە، چونکە پێچەوانەی ماددەی(٥٢) خاڵی دووەم بڕگەی دووەم، هەروەها لە هەمان کاتدا باس لە داهات دەکات لە کاتێکدا هەر لەماددەی پێشوو باس لەوە دەکات کە بڕە پارەیەك سەرف دەکرێت، ئەی داهاتی بۆ چییە، کەواتە ئەو داهاتە لەکوێوە دێت ئەو بڕە جیاوازە لە داهاتەکە یان هەر یەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە دوو تەوەری جیاوازن، بەڵام ماددەی (٥٢، ٥٣) تەواوکەری یەکن چۆن، من شەرحەکەی وەزیرم قبوڵە، بەڵام قانوون ئەبێت تەفسیر هەڵنەگرێت. لە خاڵی چوارەم ئەڵێ ئەم دامەزراوە ناحکومیانە دەکرێت پڕۆگرامەکەی هەر حکومی بێت یان نێودەوڵەتی بێت واتە ئەگەر بدرێتە کۆمپانیا کۆمپانیایەکی حکومی بێت، واتە ئەمە بۆ ئەو بەشەی دووەمی نییە، کە جەنابی وەزیر تەفسیری کرد ئەکرێت پڕۆگرامەکە نێودەوڵەتی بێت، لە ماددەی (٥٣)، بەڵام لێرە سەیرکەی کە هەموو قوتابخانە نێودەوڵەتییەکان سەر بەکوێن نێودەوڵەتی حکومی کە وەزارەت بەڕێوەی ئەبات، هەروەها دەتوانێت دامەزراوەی نێودەوڵەتی حکومەت بیکاتەوە واتە وەزارەت خۆی ئەتوانێت بیکاتەوە. بۆیە یەعنی دیسان تەئکید دەکەمەوە لەگەڵ حورمەتما بۆ نییەتی پاکی وەزیر، بەڵام ئەمە یەکێکی تر وەزیرە بە ماددە دەرگا ئەکرێتەوە بۆ ئەوەی قوتابخانەیەکی حکومی بە مەنهەجێکی حکومی بە هەمان ستاف و مامۆستا بدرێتە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت تێچووی لەسەر حکومەت بێت، هەروەها مووچەکە وەرگرێت، لەماددەی(٥٢) ئەکرێ نێودەوڵەتییەکە بدرێتە کۆمپانیا، بەڵام لە ماددەی (٥٣) سەیریکە نێودەوڵەتی کێ بەڕێوەی ئەبات، ئایا کۆمپانیا بەڕێوەی ئەبات یان حکومی بەڕێوەی ئەبات؟ حکومی بەڕێوەی ئەبات بۆیە

ئەمە ئەبێت ڕێککرێتەوە. من ئەمەم قبوڵە کۆمپانیای نێودەوڵەتی ئەبێت تۆ براندت دەکڕی خاوەنی ئەو براندە ئەیەوێت خۆی قوتابخانەکە بەڕێوەببات نایداتە دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەمەم قبوڵە، بەڵام بۆ ئەو بەشەی کە مەکتەبێکی حکومی و بە مەنهەجێکی حکومی بدرێتە کۆمپانیا ئەمە دەرگا ئەکاتەوە بۆ شتێکی خراپ لە ئایندە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥٣) من پرسیارێکم لەلا دروست بووە لە کاتێکدا بڕگەی سێیەم دەڵێ خوێندن بۆ قوتابیان و خوێندکاران لەم جۆرە دامەزراوانەدا بەخۆڕاییە، هەروەها لە ماددەی دووەم بڕگەی دووەم ئەڵێ مامۆستا و ئەوانەی لەدەرەوەی وەزارەتن گرێبەستیان لەگەڵ بکرێت لە داهاتی قوتابخانەکان ئەدرێت، ئەم داهاتە لە کوێوە سەرچاوە ئەگرێت یەعنی داهاتی قوتابخانەکان چییە، ئەگەر کۆمپانیایەك دێت ئەیەوێت خوێندنگایەکی حکومی وەربگرێت بۆ ئەوەی بیکاتە بیکات بە خوێندنگایەکی نێودەوڵەتی مەبەستی چییە ئەم کۆمپانیایە کە دێت ئیەوێت ئەم خوێندنگا حکومییە وەربگرێتە و بیکات بە خوێندنگایەکی نێودەوڵەتی ئایا مەسەلەکە بزنسە یان مەسەلەکە یارمەتیدانی هەرێمی کوردستانە لەڕووی پەروەردەو فێرکردنەوە بەهیوام ڕوونکردنەوەیەکی بەرچاو ڕوونیمان دەنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەو ڕوونکردنەوانەی کە جەنابی وەزیر دای دەقاو دەق بۆ ماددەی(٥٣) بوو. بۆ ماددەی(٥٢) نەبوو، یەعنی ئەوەی کە ڕوونیکردەوە موتەفقین یەعنی بۆ ماددەی(٥٣) ڕاستە، بەڵام بۆ ماددەی(٥٢)، کە تێمان پەڕاند شتێکی وازع نەبوو لێرە بە دەقیقی ئەڵێ وەزارەت مافی ڕادەستکردنی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی حکومی هەیە بە ناحکومی بەرامبەر بە بڕە پارەیەك بیداتێ تەوزێحی لەسەر ئەمە نەبوو، لەسەر ماددەی(٥٣) دوو پرسیارم هەیە تۆزێك غامزە.

١-کارمەندانی ئەو جۆرە دامەزراوانە فەرمانبەرو کارمەندی حکومی دەبن بە ڕەچاوکردنی خاڵی دووی ئەم بڕگەیە، واتە مۆزەفی حکومەتن لێرەش باس لەوە ئەکات ئەتوانرێت مامۆستا لەدەرەوە بهێنرێ و گرێبەستێکی لەگەڵ بکات، هەروەها لێرەش ئەشتوانێ کارمەند و مامۆستایانی دەرەوەی وەزارەت بەکاری بخات ئایا مامۆستا فەرمانبەری دەرەوەی وەزارەت بە دەوامێکی تر بەکاری بخات یان چۆن تێناگەم.

٢-مووچەو گشت ئەوانە لە داهاتی قوتابخانەکە ئەبن، ئێ باشە خوێندنیش لەمە بەخۆڕاییە داهاتی قوتابخانە جگە لە فرۆشتگا چیتری هەیە کە ئەم هەموو مووچەو کولفەیە بدرێ، ئەگەر بەو نەوعەیە لە هەرێمی کوردستان، هەرچی مەکتەبمان هەیە وای لێبکەین قازانجمانە هەرچی مامۆستاو بەڕێوەبەر هەیە لە داهاتی قوتابخانەکەی مووچەکەی بدەنێ ئەگەر ئەوەنە ئاسانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با پێناسەی پڕۆگرامی نێودەوڵەتی بکەین بزانین پڕۆگرامی نێودەوڵەتی چییە؟ پڕۆگرامی نێودەوڵەتی: ئەو پڕۆگرامانەیە کە لەچەند وڵاتێکی ڕەسمی بڕواپێکراوی دنیا ئەوتریتەوە هەروەها نەتەوەیەکگرتووەکان و مونەزەمەی مەعنەوی نەتەوەیەکگرتووەکان یان (یونسکۆ UNESCO یان UNICEF یونسیف)ە، ئەپڕۆڤی کردووەو موسادەقەی لەسەر کردووە، کە ئەڵێین پڕۆگامی نێودەوڵەتی یەعنی ئەمە، ئەمەش چەند ئیجابیاتی زۆرە، بەڵام هەندێك حەزەری هەیە، یەعنی بۆ نموونە ئیتفاقییەی (سیدا)و سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان کراوە، هەروەها مەسەلەی فیمینیزم و بەحزێك مەسائیلی تر (الام المتعدة) موسادەقەی لەسەر کردووە کە ئەڵێی پڕۆگرامی نێودەوڵەتی، یەعنی حەجایب نییە ئەوەی کە لە (الام المتعدة) لە ئیتفاقی هاتووە بێتە ناو پڕۆگرامی نێودەوڵەتییەوە کە غەرقێکی پەروەردەیی زۆر مەترسیدارە ئەگەر وریای نەبین، بۆ چارەسەرکردنی ئەمە چونکە ئێمە ئەزانین نییەتی وەزارەت و نییەتی ئەم یاسایە ئەوەیە کە لەسەر مستەوای نێودەوڵەتی پڕۆگرام بکرێت، بەڵام ئا لەم حەزەرە بۆ ئەوەی تەجاوزی بکەین بۆی بکرێ ئیزافەی کەین بۆ بڕگەی چوارەم کە بڵێین لە چوارچێوەی دەستوور و یاسا کارپێکراوەکانە ئیتر بەوە ئەپارێزری کە ئەڵێین هەر پڕۆگرامێکی نێودەوڵەتی موخەلیف بوو بۆ دەستوورو یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم، ئێمە پێی دەڵێین لەم بڕگەیە ستۆپ ناکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی(٥٢) ئەو پرسیارەم لە وەزیر کرد وەڵامی نەبوو لەسەر پڕۆگرامی نێودەوڵەتی تا ئێستا د.شێرکۆ تەوزیعی دا، مەبەستەکەی منیش هەر ئەوەیە لە ماددەی(٥٣)، ئەمە زۆر هاتۆتەوە پڕۆگرامی نێودەوڵەتی، ئایا پڕۆگرامی نێودەوڵەتی لەگەڵ عورفی ئەمە ئەگونجێت ئەگەر قەیدێکی بۆ دانەنرێت، یەعنی دەستوورو یاسا کارپێکراوەکان، چونکە ئەو ئیتیفاقیانە بەڕاستی بێتە ناو مەنهەجی خوێندنی ئێمەوە ناگونجێت لەگەڵیا کەتۆش قوتابخانەیەکت کرد بە نێودەوڵەتی ئەبێت پابەندبیت بە پڕۆگرامی نێودەوڵەتی لێرەش مەطاطیە دیارنییە ئی یەکێك لە وڵاتەکان یان جۆرێکی ئەهێنرێت ئەمە خاڵێك، لەبەر ئەوە پشتیوانی لە د.شێرکۆ دەکەم لەوە خاڵە. خاڵی یەکەم ئەڵێ وەزارەت ئەتوانێ لەڕێگەی گرێبەستێك، ئەمەش شتێکی مەطاطیە گرێبەست لەگەڵ کێ ئەکات جاروایە ئەمە ئیستیغلال ئەکرێت هەتا بۆ کورە مەسئولێك لەوە ئەچێت ئیستیغلال بکرێت، یەعنی مەسەلەن کەسێکی دەست ڕۆیشتوو بێت ئیستیغلالی بکات کە بێت گرێبەست بکات لەگەڵ وەزارەت ئەمە ئەبێت قەیدێکی بۆ دابنرێت ئایا ئەو مەرجانەی کە هەرچەنە لە بڕگەی شەشەم هاتووە ئەڵێ کاروباری ئەم جۆرە دامەزراوانە بە ڕێنماییەك ڕێکدەخرێت کە وەزیر دەریدەکات، یەعنی ئەم قانوونەلە ئەوەلەوە تا ئاخیر وەزیر ڕێنمایی دەرئەکات حەزئەکەم لە ئاخیرا حیسابی بکەم کە ماددەکە تەواو بوو بزانم وەزیر چەند ڕێنمایی

دەرئەکـات لەم قـانوونە لەوە ئەچـێ سـەدو هەشـتاو یەك ڕێنمـایی دەربکـا هەر مـاددەیەك ڕێنماییەکی بۆ دەربکات کە ئەمەش نەقسێکە دروست بووە ئەرکە وەزیری پەروەردە زۆر زیـاترو قورستر ئەکات لە جێبەجێ کردن، خاڵی دووەم مـن پشـتگیری لە ڕۆژان خـان ئەکەم کـاتێ ئەڵـی وەزارەت ئەتـوانێ گرێبەسـت لەگەڵ مامۆسـتایانی دەرەوە بکـات هەنـدێجار ئەو مامۆسـتایانە دیـارنییە ئایـا کـوردن یـان هەر لە دەرەوەن، بەڵام ئەتـوانێ بـۆ پرۆگـرامە نێودەوڵەتییەکـان ئیستفادەیان لێبکرێت و ئەبێت ڕێژەکەشی تەحدید بکرێت، یەعنی ناکرێت هەر ئاوا بە مەطاطی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی تەزارب نەکا لەگەڵ خـاڵی یەکەمـی بـڕگەی دووەم. پرسیارێکیش لە خـاڵی دووەم بـڕگەی دووەم داهـاتی قوتابخـانە ئەوەنـدە زۆر ئەو هەمـوو ئیشـەی پێکرێـت و ئەم مامۆستایانەی پێ بەڕێ بکرێت ئەوەش وەڵاممان ئەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئالان.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥٢) لەگەڵ (٥٣) دوو تەریـقەی جیـاوازن هەردووکیـان باسـی قوتابخـانەی نێـودەوڵەتی دەکات بەس لە ماددەی(٥٣) حکومەت و وەزارەت خۆی ئیشـەکە ئەکـاو بە ئیشـەکە هەڵدەسـتێ، هەروەهـا لە مـاددەی(٥٢) بەشـێوازێکی هـاوبەش و پشـتیوانیکراو دەبێـت واتە (المـدارس المدعومة) دەبێت، بەڵام حکومەت خاوەنداریەتی ئەکات بە گرێبەست ئەکرێـت. سـەبارەت بەو تێبینـیەی کـاك علـی، ئەو قوتابخانـانەی کە پرۆگرامـی نێـودەوڵەتی بەکـارئەهێنن دەبێـت کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی ئەو گرێبەستەی لەگەڵ بکەی کە خاوەنی موڵکی فکری پرۆگرامەکەی خـۆیەتی بـۆ نمـوونە مـن حەزنـاکەم ئێـرە بـکەمە میمـبەری ڕەواجیـدان بەهـیچ شـتێك هـیچ قوتابخانەیەك بەبێ ڕەزامەندی کۆمپانیای سابیس ناتوانێ یەك کتێبی سابیس بەکاربێنێـت هـیچ قوتابخانەیەك بەبێ ڕەزامەندی دامەزراوەی کامبرێج (**Cambridge**) ناتوانێت یەك کتێبی کـامبرێج بەکاربێنێت، بەڵام ئەو موڵکەی فکریە پرۆگرامێکی نێـودەوڵەتییە مـوڵکی فکـرییە هـیچ کەسـێك بەبێ کۆلیج بۆردی ئەمەریکی ناتوانێت ئینتحانی ساتوەم بکات وە ئینتحـانی ئەیـوپی بکـات کە ئەمە تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتین هیچ کەسێك بەبێ دامەزراوەو ڕەزامەندی فەرمی دامەزراوەی ڕەسـمی ناتوانێـت ئینـر ناشـیۆنیاڵ بەکەلـۆری بکـات، ئەوانە هەمـووی بڕانـدن لە جیهـان مووئەسەساتی گەورەن هەم ئەتیکەیشـن ئەدەن، هەم پرۆگـرام دائەنـێن هەم شـێوازی ئینتحـان هەر یەکەیان بەشێوازو شێوەو تەخەسوس و جۆراو جۆری خۆی.

خاڵێکی دیکە لێرە کە دەڵێ بە پرۆگرامێکی حکومی لە ماددەی (٥٢)، باسی ئەکات کاك علـی یـان هەرکەسـێکی تـر ئەزمـوونێکی بـواری پەروەردەیـی هەیە مـن بەهەمـان تێچـوو ئیـدارەی قوتابخـانەکەی ئەدەمـێ ئەگەر بەپرۆگرامێکـی حکـومیش بـوو بـۆ بەرجەسـتە کردنـی کـوالێتی گرینگ چییە.

لێرە گرینگ ئەوەیە لێرە ئەم پرۆسەیە هیچ شتێك لەسەر دایك و باوکی تەڵەبە و لەسەر قوتـابی زیاد ناکات لەسەر حکومەت، عەقـدی تێچـووی ئیـدارەی لەگەڵ ئەکەی بەو تێچـووە. مـن بـۆ ئەو مووئەسەسەیە لە ساڵێکا ئەوەندە ملیۆن دینار خەرج ئەکەم حیساباتی خۆمی پێ ئەدەم لەسـەر ئەمە، تۆ ئەتوانی ئەمەم بۆ بەڕێوەبەری ئێستا چەنـدین قوتابخـانە ئامادەیـان تیـایە بەبـێ هـیچ بەرامبەرێکیش تەبەنی یان ئیتفاقیەتی حکومی بکەن ئەرکی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکەش بگرنە

ئەستۆ بۆ ئەوەی کە بتوانن ئەو کارە بکەن، ئێمە تائێستا ڕێگەمان پێنەداوە لەبەر ئەوەی ئیتارێکی قانوونیشمان نەبووە.
خاڵێکی تر کە ئەمەوێت باسە بکەم ئەو تەعریفەی کاك د.شێرکۆ کردی وەکو پڕۆگرامی نێودەوڵەتی، پڕۆگرامی نێودەوڵەتی ئێمە بە دیوێکی تر سەیری ئەکەین پڕۆگرامی نێودەوڵەتی پەیوەندی بە (الام المتحدة) یونسێف و یونسکۆ و ئەو بابەتانە نییە، پڕۆگرامی نێودەوڵەتی لە وەزارەتی پەروەردە ئەو دامەزراوانەی کە لەسەر ئاستی دنیا باوەڕپێکراون موخەسەسن لە دروستکردنی کورِوکلەم ئەوانە مافیان هەیە پڕۆگرامی نێودەوڵەتی دابنێن لە بابەتەکانی زانست لە بابەتەکانی بیرکاری و هەموو بابەتەکانی دیکەی کیمیا و فیزیا و بایەلۆجی و بابەتەکانی تر، بەڵام هیچ دامەزراوەیەك لە کوردستان مۆڵەتی پێنادرێت ئەگەر لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرامەکان پڕۆگرامەکانی سەیر نەکرێت تەسدیق نەکرێت، چونکە ئێمە هەموو کۆمپانیایەك ئیعتیباری لەسەر ناکەین کە پڕۆگرامێکی نێودەوڵەتی دابنێت، هەروەها هەموو کۆمپانیایەکیش ئیعتیباری لەسەر ئەوە ناکەین براند بێت بەرنامەیەکمان هەیە هەتا ئەو مەکتەبانەی کە ئینجازەیان پێ ئەدەین بیست و سێ جۆر براندمان دیاری کردووە بۆ هەموو ئەوانە مەسەلەن پێنج براندمان دیاری کردووە بەریتانییە کە ئەم پێنج براندە وەزارەتی پەروەردەی بەریتانیا محامەلەیان لەگەڵ ئەکا و ئیعترافیان پێ ئەکات هەمووبراندێك ئێمە مامەڵەی لەگەڵ ناکەین هیوادارم ئەم دووماددەیە لەم سیاقە بخوێندرێتەوە ماددەیەکیان ئەوەیە کە حکومەت خۆی پێ هەڵدەسێ ماددەیەکاشیان ئەوەیە کە حکومەت لەگەڵ کەرتی تایبەت پێی هەڵدەسێ.
بەڵێ بەڵێ جیهەتێکی باڵای علمی بەڵێ بە تەئکید. خاڵیکی تر دەڵێ ئەو پارەیە چۆە ئەدرێت؟ ئەو پارەیە ئێمە دەسەڵات ئەدەین مادام باسی قوتابخانەیەکی نێودەوڵەتی ئەکەین زۆرجار قوتابخانەیەکی نێودەوڵەتی پێویستی بە مامۆستاش ئەبێت ئێستا لە کوردستانا بەتایبەتی لە قوتابخانە تایبەتەکان یان ناحکومییەکان چەندین مامۆستا هەن کە لە دەرەوەی وڵات هاتوون و ڕەگەزنامەی بیانیان هەیەو لەو قوتابخانانە دەرس ئەلێنەوە وانە ئەڵێنەوە، ئەوە ئەگەر قوتابخانەیەکی حکومییش بکەین بە نێودەوڵەتی تۆ مومکینە پێویستت بێت بودجەی ئەو قوتابخانەیەی کە ئەکرێتە قوتابخانەیەکی ناحکومی، یەکەم پێویستە بودجەی بۆ دابین کرێت، چونکە ئەو پرۆگرامانەی خوێندن ئەکریتەیشنی ئیشراف کردنی ئەمە پارەی پێویستە لە چوارچێوەی بوودجەیەکا ئەبێت کە حکومەت بۆی دابین ئەکات ئیزافەتەن بەس تەنها پارەی فرۆشتگا نییە، ئەو دەعمەی کە حکومەت ساڵانە هاوکاری قوتابخانەکان دەکاو پێشینەیان پێ ئەدات ئەوەش ئەبێت داهاتی قوتابخانەکە هەموو ئەو بابەتانە بەیەکەوە ئەبنە داهاتی قوتابخانەکەو ئەتوانن تەسەروفی پێبکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی(٥٤) بخوێننەوە فەرموون.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی حەوتەم/ قوتابخانەو خوێندنگەی ئێواران و خوێندنی ناپەیڕەو کراو و تاقیکردنەوەی دەرەکی.

تەوەری یەکەم: قوتابخانەو خوێندنی ئێواران

ماددەی (٥٤):

١-قوتابخانەی ئێواران دەوامی ئێوارانەو بۆ ئەو قوتابی و خوێندکارانە تەرخان کراوە کە بەهۆی مانەوەی دوو ساڵ لەسەر یەك لەهەمان پۆل یان بەهۆی تێپەڕبوونی تەمەنی یاسایییان مافی بەردەوام بوونیان لە قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەییان لە ڕۆژ نییە.
٢-ئەو قوتابی و خوێندکارانەی خوێندنی ئێواران بە سەرکەوتووی ئەنجام دەدەن و لەتەمەنی یاسای خوێندنی بنەڕەتی یان ئامادەیین مافیان هەیە بگەڕێنەوە بۆ قوتابخانەو خوێندنگەی ڕۆژ.
٣-کاتەکانی خوێندنی قوتابخانەو خوێندنگەی ئێواران و ژمارەی بەشە وانەکان و تاقیکردنەوەکان و بڕوانامەکان و هەموو کاروبارەکانی پەیوەست بە قوتابخانەکن و خوێندنگەکانی ئێواران بە ڕێنماییەك کە وەزیر دەریدەکات ڕێکدەخرێن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەسەر ماددەی(٥٤) قسەی هەیە دەست بەرزکاتەوە؟ ئەو بەڕێزانەی لەسەر ئەم ماددەیە قسەیان هەیە، کلارا خان فەرموو.

**بەڕێز کلارا عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٥٤) ئەڤ ماددە ناگونجێت دگەل خوێندنا سریانی یان تورکمانی یەعنی نزانم دێ چەوا چارسەرکەن ئان دێ نڤیسن بەدەر پێکهاتەکان ئان زمانێ سریانی و زمانێ تورکمانی یان ژی دێ پرسیارا من ئەوە، چۆن دیف بابەتا وی عیلاج بێتن بۆ قوتابیێت مە ئەڤێت کو زمانی سریانی یان تورکمانی دخینن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ازاد.

**بەڕێز ازاد اکرم بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کلارا خان دەکەم لەبەر ئەوەی ئەمە دەوامی مەسائیمان نییە...........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو کاك ازاد گەیشتووە پەیامەکەت، کاك جنان فەرموو.

**بەڕێز ازاد اکرم بهرام:**

...... ئاخر من ملاحظەم هەیە دەڵێ تەعلیمات ڕێنادات ساڵی سێیەم بێت لە مەکتەبمان بخوێنی لۆیە ئەمە ناگرێتەوە، چونکە ئێوارەمان نییە ئەوشتانە زۆرجار مودیرەکان تووشی ئەو موشکیلە دەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك جنان.

**بەڕێز جنان جبار بویا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك ازاد و کلارا خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو روبینە خان.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەروەکو هاوڕای برادەرانم، ئایا استسنائەك بۆ وان پێکهاتە بێتە کرن وەکو تورکمان و سریان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی (لقمان وردی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٥٤)، من خاڵی یەکەم تێبینیم هەیە کە بوار ئەدات بەو کەسانەی کە دوو ساڵ لەسەر یەك لە پۆلێکا دەمێننەوە یان بەهۆی تێپەڕبوونی تەمەن، بەڵام لە خاڵی دووەم کە بوار ئەدا بەوانەی ئەو قوتابی و خوێندکارانەی خوێندنی ئێواران بە سەرکەوتووی ئەنجام دەدەن بوار بەوانە ئەدات، مەفروزە بوار بە بابەتێکی تریش بدرێت هەندێ خەڵك ڕەنگە لەبەر دۆخی تایبەت داوا بکات عوزرێکی مەشروعی هەبێت بتوانێ خوێندنی ئێواران درێژە پێبدات بەڕەئی من بوار بۆ ئەوەش بدرێت قەتیس نەکرێت لە تەمەن و لەوانەی کە لە دوو ساڵ ئەمێننەوە لە پۆلێك لەسەر یەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی كاك لقمان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی كاك لقمان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بێژم وەکو پێناسە دا هاتیە کو بۆ خوێندنا ڕۆژێ نقیسی پەیڕەو کراو دووجار هاتییە ل دووێ داو سێ دا یان یەکەم و دووەم ئاخیر هاتییە خوێندنی ڕۆژ ئەگەر ببیتە پەیڕەو کراو باشتر دبیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك مەم.

**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناڤێ خودایێ مەزن، خوندنا ئێواران دەرفەتەکا گەلەکا باشە بۆ قوتابیان بۆ هندێ بەردەوامی بدەنا خوندنا خۆ کو ئامانجا مە ژی پەروەردە کرنا نەوەییکی ساغلەم و پڕ مەعریفەیە لێ مخابن ل هەندێ دەڤەرەن گەلەکی بەرفرا ئەو ستافێ پێتڤی و جێهێ پێتڤی نینە کو قوتابخانێ شەڤێ بێنە ڤەکرن، یەعنی هەر خەڵکی هەی هەژارو دەست کورت ژ ڤێ چەندێ دێتە بێ بەرکرن ڕەنگە ڕەوشا دارایێ حکومەتێش هەندە هاریکار نەبیتن کو ل هەمی جێهاتا ئەڤێ بۆشاتی پڕ بکەتن لبەر هەندێ پێشنیار دکەم کو ئەڤ دوو ساڵە ببیتە سێ ساڵ خوندنا ڕۆژێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنا من لە لایێ کاك لقمانی هاتە کرن پشتڤانیا ئەوی دکەم، تەنها ئەو کەسێن کو بارێ ئابووریا وان ب ڕۆژ شول بکەن ب شەڤ دەوام بکەن مەجال تێدانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی(٥٤) ئەوانەی کە دوو ساڵ ماونەتەوە لەگەڵ ئەوانەی کە تەمەنی یاسایی خوێندنی ڕۆژیان تێپەڕاندووە، یەعنی هەر لەو دوو خاڵەدا چڕنەکرێتەوە ئێستا خەڵك هەیە باوکی لە ژیاندا نەماوە یان کاسبکەریان نییە و هیچ مووچەیەکیان نییە، یەعنی هەیە خوێندنەکەی دەکاتە ئێواران بۆ ئەوەی بەڕۆژ کاربکات، هەروەها خوێندنەکەشی لەکیس نەچێت، پێشنیار دەکەم، یەعنی بەشێوەیەك ڕیکبخرێتەوە یەعنی هەر لەو دوو جیهەتەدا نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینییەکم هەبوو حەل بوو، یەعنی خۆم سەیری ماددەکەم کرد دەست خۆش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی(٥٥) فەرموون بخوێننەوە. ببورن کاك رومیۆم بیرچوو بوو لەگەڵ مامۆستا نجاة، فەرموو کاك رومیۆ.

**بەڕێز رومیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٥٤) لە بڕگەی یەکەم، من پشتگیری لە برای بەڕێزم کاك لقمان دەکەم بۆ ئەو مەسەلەیە چونکی ئێمە (ماشاءالله) ئەوەندە حاڵەتی ڕادەبەدەر یان بابڵێین لەدەست ئێمە نەبێت خەڵك زۆر ناتوانێت بەردەوامی بە خوێندن بدات، دووەم من وابزانم ناکۆکییەك لە نێوان بڕگەی یەکەم کە

دەڵێ قوتابخانەی ئێواران دەوامی ئێوارانەو بۆ ئەو قوتابی و خوێندکارانە تەرخان کراوە کە بەهۆی مانەوەی دوو ساڵ لەسەر یەك لەهەمان پۆل یان بەهۆی تێپەڕبوونی تەمەنی یاساییان مافی بەردەوام بوونیان لە قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەییان لە ڕۆژ نییە، لەگەڵ بڕگەوی دووەم ئەو قوتابی و خوێندکارانەی خوێندنی ئێواران بە سەرکەوتووی ئەنجام دەدەن و لەتەمەنی یاسای خوێندنی بنەڕەتی یان ئامادەیین، دەڵێ ئەوانەی لەو تەمەنەن.

بەڵام ئەویتر دەڵێ ئەوانەی کە لەبەر هەر هۆکارێك تەمەنەکەیان تێپەڕاندووە ئەمە ناکۆك نیە، هەروەها پشتگیری لەو بەڕێزانە دەکەم کە باسی ئیستسنائێك بکرێت بۆ خوێندنی سریان و تورکمانی خوێندنەکانی تر بە زمانەکانی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نجاة خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی ئەز پشتڤانیا کاك مەم دکەم سەبارەت ماددێ(٥٤) نموونەکا یا زیندی هەکا بەرێ خۆ دەینێ ئەز قادشێ چوومە ئامێدیێ من گەنج دیتن چووینە ئامێدیێ نزیکی مە بوون موناقەشە دگەل کرن چار گەنج بوون یەکی ٧٠% هێلەوە بوون هەر چارا هێلەوە بوو بەس چەوا بوو ئیکی خوبەخو هێلەوە بوو، یەعنی ب ئارەزوومەندانە هێلەوە بوو هەرسێکی دی کار بکەت بەس نەبوونا خاندنا ئێڤاری کۆمەڵگەهەکی وەکی بۆ نموونە هەمی کۆمەڵگەها بەس وەکو نموونە ئەڤ ساماڵا قادشێ بوو یەعنی سامپڵەك بوو نە شتێك تێدابوو بوو سوتفە بوو یەعنی نە دیراسە کریبوو چارە تنێ حەزا خاندنێ هەرسێك کو نەبوونا خاندنا ئێڤارێ بوو، لبەر هندێ ئەڤ تەمەنێ دوو ساڵ دیتنا من ژی یەعنی بۆ کومەڵگەها چ بێژم، یەعنی بێژم سێ ساڵ چار ساڵ دەرکری ڤیت یەعنی دیراسەتەك بۆ بهێتە کرن و موعالجە کێشە بکەن بۆ کۆمەڵگەها، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێز جەنابی وەزیر ئەتەوێ قسە بکەی فەرموو، ببوورە مامۆستا ئاشنا، فەرموو بەڕێز وەزیری پەروەردە.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها هەر بۆ تەوزیحێك لە ڕێنماییەکانی ئیستسنا بۆ چەند حاڵەتێك کراون ئەوانەی کە فەرمانبەرن ئەوانەی کە بەخێوکاری خێزانن ئەوانەی کە خۆیان خێزاندارن ئەوانەی کە ئیستسنائیان بۆ کراوە، بەڵام هەموو ئەوانە دەبێت بە دۆکۆمێنت بسەلمێنرێت ئەوەی سەبارەت بە پێکهاتەکانیش بۆ برایانی تورکمانی و سریانی، ئێمە لە جەلسەکانی پێشوو ئاماژەمان بەوەدا ئەگەر قوتابخانەی ئێواران نەبێ ئەوانە بەردەوام دەبن لە قوتابخانەی ڕۆژ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری دووەم: خوێندنی ناپەیڕەوکراو.

ماددەی (٥٥) دەبێت وەزارت و قوتابخانەی خوێندنی ناپەیڕەوکراو تەرخان بکات کە خوێندنی خێراو خوێندنی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەخۆ دەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەسەر ماددەی (٥٥) قسەی هەیە دەست بەرزکاتەوە؟ ئەو بەڕێزانەی لەسەر ئەم ماددەیە قسەیان هەیە (د.محی الدین، کاك کاوە، د.اسماعیل، کاك باڵانبۆ، کاك یاسین) کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥٥) دەبێت وەزارت و قوتابخانەی خوێندنی ناپەیڕەوکراو تەرخان بکات کە خوێندنی خێراو خوێندنی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەخۆ دەگرێت، یانی خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری بڵێتەوە پرسیارەکە ئەوەیە لە جەنابی وەزیری کەسێك ئەگەر لەتەمەنێکی مەسەلەن پەنجا ساڵی بچێتە نەخوێندەواری، بۆ نموونە بتوانێت قۆناغەکان هەموو ببڕێت دەتوانێ بچێتە زانکۆ یان نا؟ لەبەر ئەوەی حاڵەتێك هەبوو چەند ساڵ پێش ئێستا زۆر کەسمان هەبوو لە دائیرەکان پێیان دەگوتن نەخوێندەوار بە شەوان ئەهاتن تەمەنیشیان زۆر بوو، هەروەها شەشیان تەواوکرد بەخوێندنی خێرا کەچی دوای شەهادەکەنیان بۆ نەبەسترا لەگەڵ مووچەکەی، دەمانەوێ ڕوونکردنەوەیەکی تەواومان بداتێ ئایا ئەو کەسانە دەتوانن شەهادەکانیان بەیانی بەرن مەسەلەن بۆ دامەزراندن کەڵکی لێوەردەگرن یان نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك باڵانبۆ. کاك یاسین جەنابت بۆت هەیە قسەبکەی تەواو قسەی خۆتت کرد دەستەکانت خۆش بێت، ئێ کێ جوابی دایتەوە، تەواو دەست خۆش زۆر سوپاس، سەبرتان هەبێت ئەزانم زۆر ماندوون، فەرموو کاك باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥٥) یاسا بۆ ئەوەیە بۆ جێبەجێ کردنی کارێکە یان ڕێگریکردنە لە جێبەجێکردنی کارێك لێرە دەبێت شێوەیەکی مەطاطیە، یەعنی ئەتوانی بیکەی وە ئەشتوانی نەیکەی ئەگەر ئەمە یاسایە بەڕاستی ئەمە لێرە پێویستە بکرێت بە پێویستە یان (دەبێت)ەکە، ئەبێت لابدرێت وەکو ئاماژەم پێدا، لەبەر ئەوە ئەمە نە ڕێگری کردنە لە کارێك نە مولزەم کردنە بە جێبەجێ کردنی کارێکەوە ئەوە هەر بەڕێنمایی ئەتوانێ دەربکرێت و پێویستی بەوەنیە لەناو یاسا جێگەی بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە بۆ ڕێکخستنی دوو بابەتە، یەکەم خوێندنی خێرایە، دووەمیان پەیوەندی بە نەهێشتنی نەخوێندەوارییە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە لەگەڵ........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك یاسین یارمەتی خوشکی خۆتبدە با جەلسەکە بڕوات، برای ئازیزمانی کاك یاسین با دکتۆر محی الدین قسەبکات، تەمەنی لە ئێمە گەورەترە، فەرموو کاك محی الدین.
**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**
**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**
ئەو ماددەیە بۆ ڕێکخستنی دوو بابەتە یەکەم خوێندنی خێرایە، دووەمیان پەیوەندی بە نەهێشتنی نەخوێندەوارییە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە لەگەڵ ماددەکانی(٥٦، ٥٧، ٥٩) یەکبخرێن، هەروەها بکرێتە سێ بڕگە لەدوای ئەوە دواتر ماددەی (٥٩)ی بەدوادابێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو کاك کاوە.
**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**
**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**
مەسەلەی خوێندنی خێرا شتێکی باشە شتێکی گرینگە کە ئەو ماددەیە لێرە جێگیرکراوە، بەڵام وەکو دکتۆر محی الدین پشتگیری لە بۆچوونەکەی ئەکەم دەکرێتن هەمووی بکرێتە یەك یاخود بکرێتە بڕگەیەك لەگەڵ ماددەی(٥٦، ٥٧) ئەوانە بکرێتە یەك مادده هەروەهالێرەش بەتەواوەتی ڕوونکراوەتەوە، بەڵام داوای ڕوونکردنەوەیەك لە جەنابی وەزیر دەکەین کە دەڵێت دەبێت وەزارت و قوتابخانەی خوێندنی ناپەیڕەوکراو تەرخان بکات، ئایا ئەمە هەموو سەرتاپای کوردستان ئەگرێتەوە یان، بۆ نموونە بەس شارەکان دەگرێتەوە یان قەزاو ناحیەو گوندەکانیشش دەگرێتەوە، چونکە لە هەندێ شوێن کێشەی خوێندنی خێرا هەبووە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.
**بەڕێز اسماعیل علی طە:**
**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**
بیدایەتێ پرسیارەکا هەی بێژیتن ئەو یەدکو پەیوەندییێن قوتابیێ نەکری باشە مە برینە گوتی یا پابەندکراوەیە یەعنی مولزمە، باشە بۆ نەهاتیە عقوبە کرن هەتاکو دوو ساڵ بمینی نەچیتە مەدرەسێ، تێبینیا من دووێ مادەم ئەڤ بابەتە ئەڤ ماددە بۆ هەندێ چارەسەر کرنان وان کەسا ڤبێت زروفێت وانا بووینە ئەگەر نەچووینە مەدرەسە و نەخوێندین ئەم هەند قەید ناکەین شانزە ساڵیا ژی کەمتر نەبیتن ئەگەر زێدەترە مەیدی بکەین مرونەتێ بدەینێ دا پتر چارەسەریا ڤی بابەتی بکەت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو کاك ئالان.
**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**
**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**
دوو پرسیارمان ئاراستە کرا، کاك کاوەو کاك یاسین، سەبارەت بەوەی بەڕێز کاك یاسین لە ماددەی(٥٩) ئەوەی نەهێشتنی نەخوێندەواری باس ئەکات، خوێندنی خێرا کە ئەو پێنج ئاستە

ئەبڕێت تاوەکو پۆلی نۆ حیسابە نۆی بنەڕەتی واتە شەهادەی نۆی بنەڕەتی وەردەگرێت دوای ئەتوانێت بەگوێرەی تەمەنەکەی ئەگەر تەمەنەکەی گونجاو بوو لە قوتابخانەی ڕۆژ لە ئامادەیی بخوێنێت، ئەگەر تەمەنەکەشی لە سەرووی ئەو تەمەنەوە بوو کە لەم پرۆژەیە دیاریکراوە ئەتوانێ لە قوتابخانەکانی ئێواران بخوێنێ و دوای ئەتوانێ بچێتە زانکۆ حەسەب وەرگرتن لە زانکۆ. سەبارەت بە نە هێشتنی نەخوێندەواری لە ماددەی(٥٩) دیاری کردووە ئەو شەهادەیەی کە وەریدەگرێت لە سێ ساڵی خوێندن هاوتا ئەکرێت بە شەهادەی شەشی بنەڕەتی کە ئەبێت مافی درێژەدانی بەخوێندن نامێنێت بەس بۆ ئەوەیە بتوانێ بنەماکانی ژمێرکاری و توانی نووسینێکی هەبێت و بخوێنێتەوە. ئەوەی کاك کاوەش حەسەب ویستی وەزارەت و حەسەب داواکاریش پێکهاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو خدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ویستم ئەوە ئاماژە پێبدەم کە ئەمە دوو جۆرە یان سەریحە یان زمنییە، کە وشەی پێویستە دێتن یان دەبیتن ئەوەش ئیلزامە بەسراحەت ئاماژە بە حوکمی قانوونەکە دەکات لە ڕاستیدا ئەگەر ئەو دەبیتە و ئەو پێویستەش نەبن، یەعنی ئەگەر نابێت لەناو ماددەیەکدا هەر دیسان بەشێوەیەکی زمنی حوکمی ئەو قانوونە دەبێت جێبەجێ بکرێت ئەگەر دەبێت و پێویستیش نەبیت هەر بابەتەکە وەکو قانوون دەبی جێبەجێ بکرێت و ئیجبارییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی(٥٦) فەرموون بیخوێننەوە. فەرمووو کاك شەمۆڵ.

**بەڕێز شەمۆڵ اشین صابر:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

لقی یەکەم:

خوێندنی خێرا ماددەی(٥٦):

١-خوێندنی خێرا بۆ ئەو کەسانەیە کە لەدوو ساڵ زیاتر وازیان لە قوتابخانە هێناوە، یان پەیوەندیان بە قوتابخانەوە نەکردووەو تەمەنیشیان لە ڕۆژی( ٣١ی کانوونی یەکەم)ی ئەو ساڵەی خوێندن لە(٩) ساڵ زیاترەو لە(١٦) ساڵ کەمترە.

٢-ئەو قوتابییانەی خوێندنی خێرا کە تەمەنیان لە(١٤) ساڵ تێپەڕ ناکات لە تەلاری تایبەت بەخۆیان دەخوێنن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەسەر ماددەی(٥٦) قسەی هەیە دەست بەرزکاتەوە؟

ئەو بەڕێزانەی لەسەر ئەم ماددەیە قسە دەکەن ( کاك دابان، کاك ڕاهی، کاك چیا) کاك دابان فەرمووو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیە دیارە تەمەن و کۆمەڵێك ڕێکاری تر دیاریکراوە، من پێم وایە مافی خوێندن و خوێندەواری مافی هەموو ئینسانێکە یەعنی مەرجی تەمەن و ئەوانەی کە هەیە لابدرێت زۆر زۆر سوپاست ئەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك راهی.

**بەڕێز راهی رەهبەر ابراهیم:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە لە بەڕێز وەزیری پەروەردەو لیژنەکەی خۆشم تەبعەن، لە ماددەی (٥٦) ئاماژە بەوە دراوە کە ئەوانەی خوێندنی خێرا دەیانگرێتەوە ( ٩ ساڵ بۆ ١٦ ساڵە) واتە هەرە گەورەکەی (١٥) ساڵە، لە ماددەی (٥٧) ئەڵێ (٥) ساڵە پێنج قۆناغە ئەوە بیست ساڵ، لە ماددەی(٥٨) ئەڵێ(٢٢) ساڵە، ئەو دوو ساڵە جیاوازییە چییە، یەعنی بۆچی لەوە زیاتر تێناپەڕێت بۆچی ئەو دووە دانراوە، پرسیارەکەشم ئەوەیە ئایا خوێندنی خێرا کەوتنی تێدایە یان تێیدا نییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك هێرش.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٥٦) جیاوازی تەمەنەکان دیاریکراوە، بەڵام لە بڕگەی دووەم دەڵێ ئەو قوتابیانەی خوێندنی خێرا کە تەمەنیان لە (١٤) ساڵ، تێپەڕ ناکات لە تەلاری تایبەت بەخۆیان دەخوێنن، ئەی(١٥) ساڵەکە دیاری نەکراوە لێرە، ئەوان چییان بەسەردێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك چیا

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من پرسیارەك بۆ جەنابێ وەزیری، ئایا ئەو قوتابییەت کو بارێت تەندروستیا نە جێگیرە یان نەخۆشیا درێژخایەن هەنە شاملی وان دوو ساڵە دەبن یان نە؟ خالا دی کو شانزە ساڵ تەمەن پشتڤانیا کاك دابانی دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیر دەتانەوێ قسە بکەن؟

**بەڕێز ئالان حەمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، ناکرێت ئەوەی کاك دابان فەرمووی ئەوە تەمەن و مەرجانە لابەرین، ئەگەر وایە مەسەلەن بۆچی دانراوە، ئەگەر یەکێك تەمەنی گەیشتە نۆ ساڵ و پەیوەندی نەکردبێت بە قوتابخانەوە چی قەرەبووی ئەداتەوە خوێندنی خێرا قەرەبووی ئەداتەوە، ئەگەر ئێمە ئەم ساڵانە لابەرین لێرە

که ئەبێت خەڵك بە ئارەزووی خۆی نەهاتبایە بۆ مەکتەب لە شەش ساڵە لە حەوت ساڵی نایە دەچێت بۆ خۆی لە مەجالێکا خۆی ئەکا بە خوێندنی خێرایا و بە پێنج ساڵ نۆ ئاست ئەبڕێت، ئەوانە بۆ ئەو کەسانەیە کە حاڵەتێکی تایبەتیان هەیە، چونکە ئەو کاتە ئەبێت ژمارەی قوتابخانەکانی خوێندنی خێرا زۆر لەمە زیاتر بێت، ئەو ماددانەی کە دانراون ئەوەی کاك راهی وتی خوێندنی خێرا کەوتنی تیایە؟ بەڵێ کەوتنی تیایە، مەبەست لەوەیە لەوە زیاتر وەرناگیرێت ئەو شانزە ساڵ و بیست و دوو ساڵەی کە ئاماژەی پێدرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە بەڕێزان.

**بەڕێز شەمۆڵ اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لقی دووەم:

ئاستەکانی خوێندنی خێرا

ماددەی(٥٧):

ماوەی خوێندن لە قوتابخانەکانی خوێندنی خێرا پێنج ساڵە و ئەم پێنج ئاستەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

ئاستی یەکەم: هاووتایە بە ئاستی پۆلی یەکەم و دووەمی قۆناغی بنەڕەتی.

ئاستی دووەم: هاووتایە بە ئاستی پۆلی سێیەم و چوارەمی قۆناغی بنەڕەتی.

ئاستی سێیەم: هاووتایە بە ئاستی پۆلی پێنجەم و شەشەمی قۆناغی بنەڕەتی.

ئاستی چوارەم: هاووتایە بە ئاستی پۆلی حەوتەم و هەشتەمی قۆناغی بنەڕەتی.

ئاستی پێنجەم: هاووتایە بە ئاستی پۆلی نۆیەمی قۆناغی بنەڕەتی.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەسەر ماددەی (٥٧) قسەی هەیە دەست بەرزکاتەوە؟ نییە، فەرموون ماددەی (٥٨) بخوێننەوە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٥٨):

١-بەڵگەنامەی دەرچوونی قوتابخانەی بنەڕەتی بۆ ئەو قوتابییەی کە بەسەرکەوتوویی ئاستی پێنجەمی قوتابخانەی خێرای تەواو کردووە دەدرێت.

٢-ئەو قوتابییەی کە ئاستی پێنجەم بە سەرکەوتوویی تەواو دەکات مافی بەردەوام بوونی خوێندنی لە پۆلی دەیەمی خوێندنگەی ئامادەیی هەیە، بەمەرجێك تەمەنی لە بیست و دوو ساڵ تێپەڕ نەبووبێت.

٣-بۆ گەڕانەوە بۆ خوێندن لە قوتابخانەی بنەڕەتی پەیڕەوکراو قوتابیانی خوێندنی خێرا دەبێت لەو تاقیکردنانە بەژداربن کە وەزارەت ڕێکی دەخات، ئەویش بەمەبەستی دەستنیشانکردنی ئاستی زانستیان.

٤-پڕۆگرام بابەتەکانی خوێندن ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان بەدەستهێنانی بڕوانامەکان و کاروبارەکانی دیکەی پەیوەست بە خوێندنی خێرا بە ڕێنماییەك ڕێکدەخرێت کە وەزیر دەریدەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەسەر ماددەی(٥٨) قسەی هەیە دەست بەرزکاتەوە؟ ئەو بەڕێزانەی لەسەر ئەم ماددەیە قسەی هەیە (د.اسماعیل، سەرچنار خان). فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من لسەر ڤێ ئەوەلەن مەسەلەحێ سەرکەفتی و نەسەرکەفتی ئەگەر تە گوتی سەرکەفتی بەرامبەری وێ نە سەرکەفتییە ئەوەش ژ چێ دبیتن وەکو دەروونێن قوتابی شکاندن تێدا هەبیتن، چونکی ئەگەر گۆتی سەرکەفتی ئەبێت بەرامبەرێ وی ساقت بووی ڕاست بۆ بێژی نە سەرکەفتی نەیا جوانە لسەر کارتێ دەرچوو نەدەرچووی باشترە شولێ، تێبینیا من یا دووێ خالا ئەخیرێ چوارەم بێژیتن ڕێکدەخرێت کە ئەنجوومەن ئامادە بکەت وەزیر پەسەند بکەت با ئەنجوومەن بۆچوون و ڕەئی تێدا هەبیتن وە پەسەند کرنا جەنابێ وەزیری بیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیەش و لە ماددەکانی تریش هەر ئەو وشەیە زۆر دووبارە ئەبێتەوە سەرکەوتوو، تا ئێستا کارتی قوتابییەکمان بینیوە نووسرابێت سەرکەوتووە، هەر ئەنووسری دەرچووە، یەعنی پێوەری دەرچوون و دەرنەچوون، نەك سەرکەوتن و کەوتن بە موقابیلی، ئەوە پەروەردەیی نییە ئەو موصەلەحە، لەبەر ئەوە پشتگیری لە وتەکانی د.اسماعیل دەکەم بە گۆڕینی ئەم وشەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نجاة خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددێ (٥٨) دووەم، دیتنا من ئەگەر خوندنێ تەمەنی ڤە نەهێتە گرێدان یان بەردەوامی تێدا هەبیتن باشترە یەعنی هەمی گاڤا خیندن بیت حەفتێ سالا یا هەشتێ سالا پێویستە بخوێنی حەزدکەت بخوێنیتن، ئەگەر تەمەن تێدا نەبا باشتر بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٥٩) فەرموون بخوێننەوە. سوپاس، فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لقی سێیەم: نەهێشتنی نەخوێندەواری

ماددەی (٥٩):

١-هەموو ئەوانەی کە ناتوانن بخوێننەوەو بنووسن و بنەماکانی ژماردن نازانن تەمەنیشیان لە سەرووی شانزە ساڵە مافیان هەیە بێ بەرامبەر پەیوەندی بە قوتابخانەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری بکەن.

٢-خوێندن له قوتابخانەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری له سێ ساڵی خوێندن پێکدێت، وه هەر کەسێك به سەرکەوتوویی ئەو قۆناغه ببڕێت بەڵگەنامەی دەرچوونی نەهێشتنی نەخوێندەواری پێدەبەخشرێت، که هاوتایه به بەڵگەنامەی دەرچوون له پۆلی شەشی خوێندنی بنەڕەتی.
٣-پرۆگرام وبابەتەکانی خوێندن ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان بەدەستهێنانی بڕوانامەکان و کاروبارەکانی دیکەی پەیوەست به خوێندنی نەهێشتنی نەخوێندەواری بەڕێنماییەك ڕێکدەخرێت که وەزیر دەریدەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەسەر ماددەی (٥٩) قسەی هەیه دەست بەرزکاتەوە؟ ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێت لەسەر ئەم ماددەیه قسه بکەن، (کاك دابان، شنۆ خان، کاك چیا، مامۆستا نجاة)، شنۆ خان فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له ماددەی (٥٦) بڕگەی دووەم، ئەڵێ ئەو قوتابیانەی خوێندنی خێرا که تەمەنیان له چواردە ساڵ تێپەڕ ناکات له تەلاری تایبەت بەخۆیان دەخوێنن، ماددەی(٥٩)ش، که تایبەته به نەهێشتنی نه خوێندەواری دەڵێ له سەرووی شانزە ساڵەوە، ئەی ئەوانەی تەمەنیان پانزە ساڵە مەسیلیان چی لێدێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێکی تر پێداگری لەسەر ئەو قسەیەی پێشووتری خۆم دەکەمەوە که مەرجی تەمەن لابرێت، لێرە ئێستا بۆ نموونه باسی شانزە ساڵ ئەکرێت، ئەگەر کەسێك تەمەنی حەقدە ساڵ بوو یەك ساڵ، تەنیا بۆی هەیه سێ ساڵ بڕواته خوێندنگەیەك بۆ ئەوەی که نەخوێندەوارییەکەی نەهێڵێت، وه دوای هیچ مافێکی خوێندنی نییه له زانکۆ له کاتێکا له دنیایا خەڵك تەمەنی نەود ساڵە ئەڕوا ماستەر ئەخوێنێ دکتۆرا ئەخوێنێت، یەعنی ئەم دەرفەته بۆ بسەندرێتەوە له کەسێك تەنیا لەبەر ساڵێك، من جارێکی پێداگری لەسەر ئەم بۆچوونه ئەکەمەوە که ئەم مەرجه لابرێن ئەمەش بخرێته چوارچێوەی ئەوەوە هەمان ئەو مەرجانەی پێشووتر با بۆ کەسێکیش که تەمەنەکەی بەرزە هەژمار بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگا دووێ من تێبینییەك هەبی، ئەو کەسێ کو بەڵگەنامه دەرچووێ وەردەکرت هاوتا لەگەڵ شەشێ خوێندنی بنەڕەتی، ئایا ئەو قوتابی پشتی بەڵگەنامه شەشێ بنەڕەتی وەرگرت چ دەست پێبکات بۆ یەکێ ناوەندی خوندنا ناوەندی بکەت یان نا، ڤێرێ دیار نەکردنه ئایا قوتابی پشتی دەرچووێ ئامادەیا ناوەندنی دەست پێبکات یان نا؟ ئەو بەڵگه ئیعتبارا خۆ هەیه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**
نا نییەتی ئەگەر سەیری خوێندنی بنەڕەتی بکەی ئەڵێ نۆزدە ساڵ، وە ئەبێت تەواوی کردبێت خوێندنی بنەڕەتی، ئێ شانزە و سێ ئەکاتە نۆزدە. فەرموو نجاة خان.
**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەگەر سەحکەینە ناڤنیشانێت ڤی ماددەی نەهێشتنی نەخیندەواری، بەس ئەگەر بەرێ خۆ بدەینە ناڤەڕۆکا بڕگا یەکێ، بێژیتن مافیان هەیە، یەعنی دکەتە ئیختیاری ناکەتە ئیجباری، عینوانێ وی نەهێشتنێ نەخیندەوارییە، یەعنی تڤیا مافیا هەیە تڤێت ئیجبار بهێتە کرن، دەبێت یان دڤێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو کاك مەم.
**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
قسەکانی من کران ، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز وەزیر دەتانەوێ قسە بکەن؟
**بەڕێز ئالان حەمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ناوەالله بەس یەك تەوزیعم هەیە، لەو شوێنانەی کە ئەڵێ ڕێنماییەك لەلایەن وەزیر ڕێنمای لێئەدات، خۆزگە وەزیر نەبوایە، بەڵام چی بکەین بارە قانوونیەکەی وایە، تەعلیمات بەس بە فەرمانی وەزیر دەرئەچێت، بۆی هەیە بەس لەلایەن وەزیرەوە دەربچێت ئەو بابەتە بارێکی قانوونییە، ئەگەر ئەم تەعلیماتانەش کەبەلاتانەوە زۆرە، ئێمە سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتی وخوێندنگا ئامادەییەکانی (٢٠٠٩)مان، هەیە دوو کتێبە لە ئەنجوومەنی وەزیران دەرچوو، کاتێك کە ئەمە دەرئەچێت ئەو پەیڕەوە دەرناچێت، تەنها دوو پەیڕەو بۆ بەهەرە داران و تاقیکردنەوەکان ئەنجوومەنی وەزیران دەریدەکات، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.
**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لقی چوارەم: تاقیکردنەوەی دەرەکی
ماددەی(٦٠):
وەزارەت ساڵانە تاقیکردنەوەی دەرەکی بۆ ئاست و بابەتەکانی خوێندن ڕێکدەخات بەم شێوەیەی خوارەوە:
١-هەرکەسێك تەمەنی نۆزدە ساڵی تێپەڕ کردبێت خوێندنی بنەڕەتی تەواو نەکردبێت.
٢-هەرکەسێك تەمەنی بیست و چوار ساڵ تێپەڕ کردبێت و خوێندنی ئامادەیی تەواو نەکردبێت.
٣-هەرکەسێك تەمەنی لە بیست و هەشت ساڵ تێپەڕ کردبێت و خوێندنی پەیمانگای پەروەردەیی تەواو نەکردبێت.

٤-هەرکەسێك ئەو تاقیکردنەوانەی کە لە بڕگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم)ی، ئەم ماددەیە دەقنووسکراون بەسەرکەوتووی ئەنجامدات بڕوانامەی تەواو کردنی خوێندنی ئەو بابەتە یان ئەم قۆناغی خوێندنە دیاریکراوەی پێدەدرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەسەر ئەم ماددەیە قسە دەکات دەست بەرزکاتەوە؟

ئەم بەڕێزانەی ئەیانەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکەن،(مامۆستا هێلز، سەرچنار خان، د.اسماعیل، کاك بالأنبۆ، کاك حاجی هەڵکەوت، مامۆستا شەمۆڵ)، کاك حاجی هەڵکەوت فەرموو.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خودی ماددەکە ناخوێنمەوە لەبەر کات، لە ماددەی(١) ئەڵێ مەرجدار نەکرێت بەتەمەنی خوێندن، ڕەچاوەی نالەباری ژیان و نەبوونی بۆ بکرێت، چونکە زۆر لەو کەسانە پاش تەمەنی چل ساڵی بۆ بڕوانامە دەخوێنن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیان، بۆ نموونە من تەمەنم(٥٢) ساڵە، ئێستا دەخوێنم، یەعنی با مەرجدار نەکرێت ئەو خاڵە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بالأنبۆ.

**بەڕێز بالأنبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من پێم وایە دانانی ئەم تەمەنانە بۆ خوێندکاران پێشێلکردنی مافەکانییەتی، لە کاتێکدا لە زۆربەی وڵاتانی دونیا خوێندن بۆ گەورە ساڵان هەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەبێت دەعمی ئەو پڕۆژەیە بکات، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان ئاستی ڕۆشنبیریان بەرزبێتەوە هەروەها بتوانن هەموویان لە پەروەردەو فێرکردن سوودمەندبن، حکومەت چ زەرەرێك ئەکات ئەگەر کەسێك تەمەنی چل ساڵ بێت بڕوات لە پۆلی شەشەم بخوینێت یان لە نۆیەم بخوێنێت، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم بەڕاستی تەمەنەکە هەڵبگیرێت، چونکە بەبوونی ئەم تەمەنە غەدرێکی زۆر زۆر لە خەڵکانێك ئەکرێ کە ئارەزوومەندن بەبێئەوەی حکومەت هیچ پاڵپشتییەکیان بکات لەسەر تێچووی خۆیان بڕۆن بخوێنن، وە ئەشبینین حکومەت ئەوانەی کە لە تەمەنی خۆیانن ئەخوێنن هێشتا داینامەزرێنێت ئێ ترسی چی هەیە لەوەی ئەگەر کەسێك لە چل ساڵ و پەنجا ساڵی بڕوات بخوێنێت، پێم وایە ئەمە داوای دامەزراندن لە حکومەت ناکات لەبەر ئەوە لەمە( ١٠٠% )پشتگیری کاك حاجی هەڵکەوتم و ئەبێ ئەو تەمەنە لابدرێت بۆ ئەوەی غەدر لەو خەڵکانە نەکرێت کە خۆیان ئارەزوومەندن بگەن بە ئامانجی خۆیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا هێلز.

**بەڕێز هێلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من لسەر تاقیکرنا دەرەکی ماددا(٦٠) ئەڤەیە، بڕگەکا دی بێتە ئیزافە کرنێ ب تەسەسول پێنجەم، ئەرکی وەزارەتا ئاسانکاری بو خوێندکارانی دەرەکی بکات، کە لە نزیکترین شوێن

تاقیکردنەوەکەیان ئەنجام بدەن، بۆ نموونە لە قەزاکان، بەڕێز وەزیرێ پەروەردەیێ، ل ماوەیێ کۆرۆنایێ ل قەزا هاتنە کرنێ ئیمتحانێ دەرەکی، وەکی دی ل هەر قەزایەکی با مەجبوور بوو هاتبا سەنتەرێ پارێزگەهێ حەفت رۆژا تەکلیفە بو سەر قوتابیان، ژبەر هەندێ ئەگەر ئەڤە ژ بێتە ئیزافە کرنێ کار ئاسانە بێت بو قوتابیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە مامۆستا هلۆز دەکەم، لەو خاڵەی کە ئیزافە بکرێت بۆ تاقیکردنەوەی دەرەکییەکان بەتایبەتی پۆلی دوانزە بۆ لە کاتی وزارییەکان لە قەزاکانا ئیمتیحان هەیە تاقیکردنەوە هەیە؟ بۆ لە دەرەکییەکانا ئەبێت بچێت بۆ سەنتەری پارێزگاکانا؟ خاڵێکیتر ئەوانەی کە تاقیکردنەوەی دەرەکی دەکەن ئایا پێویست ناکات لێپرسینەوەیەکیان هەبێن بە نووسین وەکو داواکارییەك، یان تەڵەبێك بکەن لە بەڕێوەبەری قوتابخانە بێت، یان لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان بێت بۆ ئەوەی بەژدارببن و کۆدیان بۆ بکرێت بۆ ئەوەی بەژداری لەو تاقیکردنەوە دەرەکییانە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێ من ژ لایێ خوشکا سەرچنارو خوشکا هلۆز هاتنە کرن، ئوز پشتڤانیا وان هەردووکان دکەم بۆچوونێت وان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شەمۆڵ.

**بەڕێز شەمۆڵ اشین صابر.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی هلۆز خان و سەرچنار خان دەکەم، چونکە شوێنی تاقیکردنەوەکان کێشەیە بۆ خوێندکارانی دەرەکی، هەوەها دەست خۆشی لە د.ئالان دەکەم دوو ساڵە تاقیکردنەوەکان لە قەزاکانیش ئەنجام دەدرێت تاقیکردنەوە دەرەکییەکان، بۆیە پێم باشە ببێتە خاڵە پێنجەم و شوێنی تاقیکردنەوەکان دیاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان تا نۆزدە ساڵ لە خوێندنی پەیڕەوکراوە، یەعنی لە بنەڕەتی لە مەکتەبە، دوای ئەوە هەتاوەکو تەمەنی هەیە ئەتوانێت، تا بیست و چوار ساڵ لە ئامادەییە خوێندنی پەیڕەوکراوە، دوای تا تەمەنی هەرچەندە ئەتوانێ بچێتە خوێندنی دەرەکی، بیست و هەشتیش لە پەیمانگایە، بەپێچەوانەوە زۆر باش دانراوە بابەتی ساڵەکە زۆر لە صاڵحی خەڵکە، بەڕێز وەزیر قسەتان هەیە؟

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت خاڵی یەکەمت ڕوونکردەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، زۆر مەبەستم بوو، چونکە وێنەکە وا کرابوو، کە ئێمە زۆر غەدرمان لە خەڵك کردبوو، بەڵام جەنابت ڕوونکردنەوەیەکی زۆر زۆر جوانت دا، تا ئەو تەمەنە بۆخۆی لە قوتابخانەیە لەسەروی ئەو تەمەنەوە مافی پێدراوە بە مەفتوحی. سەبارەت بەوەی پەروەردەی قەزاکان تاقیکردنەوە لە قەزاکان بکەن؟.

ئێمە لەو کابینەیە بەس لە ساڵی یەکەم ئەوانە هاتوونەتە سەنتەری شارە گەورەکان، دوای بۆ ئەوەی کە حادیسە نەبێت بۆ ئەوەی ژینگە بپارێزرێت، بۆ ئەوەی خزمەتی ئەو قوتابی و خوێندکارانە بکرێت تاقیکردنەوەکانمان بۆ بردوونەتەوە قەزاکانی خۆیان و لە شوێنی خۆیان تاقیکردنەوە دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ماددەی(٦١) بخوێننەوە. فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی هەشتەم: فەرمانبەران و پێکهاتە پەروەردەیی و کارگێڕییەکان لە دامەزراوە حکومییەکاندا.

تەوەری یەکەم: بەڕێوەبەر یاریدەدەری بەڕێوەبەر، مامۆستایان و فەرمانبەران و کارمەندانی دیکە لە دامەزراوە حکومییەکاندا، ماددەی(٦١).

١-هەموو باخچەیەکی منداڵانی حکومی بەڕێوەبەر، مامۆستا، فەرمانبەرانی دیکە لەخۆ دەگرێت، ئەگەر ژمارەی منداڵان لە باخچەیەکدا لە(٢٠٠) منداڵ زیاتر بوو، دەبێت یاریدەدەرێکی بەڕێوەبەر دابنرێت.

٢-هەموو قوتابخانەو خوێندنگەو کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی و پەیمانگایەکی پەروەردەیی حکومی، بەڕێوەبەری خۆی دەبێت، ئەگەر ژمارەی قوتابیان و خوێندکاران لە(٢٠٠) زیاتر بوو، دەبێت یاریدەدەرێکی بەڕێوەبەر یان زیاتر دابنرێت.

٣-هەموو قوتابخانەو خوێندنگەو کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی و پەیمانگایەکی پەروەردەیی حکومی، ژمارەیەك مامۆستای دەبێت، کە لەگەڵ ژمارەی خوێندکاران یان قوتابیان بگونجێت.

٤-وەزارەت کار دەکات، بۆ ئەوەی هەموو قوتابخانەو خوێندنگەو کۆمەڵگایەکی پەروەردەیی و پەیمانگایەکی پەروەردەیی حکومی، بۆ هەر (٢٥٠) قوتابی یان خوێندکارێك، ڕێنمایی کارێکی پەروەردەیی هەبێت.

٥-وەزارەت كار دەكات، بۆ ئەوەی هەموو قوتابخانەو خوێندنگەو كۆمەڵگایەكی پەروەردەیی و پەیمانگایەكی پەروەردەیی حكومی، كە (٢٥٠) قوتابی یان خوێندكاری زیاتری هەبوو، خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ دابین بكرێت.
٦-هەموو داموزراوەیەكی حكومی پێویستە ژمارەیەك فەرمانبەری كارگێڕی و خزمەتگوزاری هەبێت، ژمارەكەیان بە ڕێنماییەك دیاری دەكرێت كە وەزیر دەریدەكات.
٧-هەموو كۆمەڵگەیەكی پەروەردەی حكومی بەڕێوەبەرێكی كۆمەڵگەی دەبێت، جگە لەوە بۆ هەر قۆناغێكی خوێندنیش بەڕێوەبەرێك دادەنرێت، بەڕێوەبەری كۆمەڵگە بەرپرسی سەرەكی دەبێت لە پرسە ئەكادیمی و داراییەكان و ئەركی سەرەكی سەبارەت بە سەرپەرشتی كردنی بەڕێوەچوون و دابینكردنی دڵنیایی جۆری خوێندن لە قۆناغە جیاوازەكانی كۆمەڵگا لە ئەستۆ دەگرێت.
٨-قوتابخانەو خوێندنگەكانی گوندەكان و شوێنە دوورە دەستەكان لە مەرجەكانی بڕگەكانی سەرەوەی ئەم ماددەیە بەدەرن و كارەكانیان بەڕێنمایی و وەزارەت ڕێكدەخرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەسەر ئەم ماددەیە قسەی هەیە دەست بەرزكاتەوە؟ ئەم ماددەیە تەواو ئەكەین، دوای ئەوە جەلسەكە هەڵدەگرین، بەڵێ بەڕێزان ئەو بەڕێزانەی لەسەر ئەم ماددەیە قسە ئەكەن (گوڵستان سعید، كاك لقمان، كاك بالانبۆ، كاك سەركۆ، كاك بەڵێن، شادی خان، كاك دابان، شیرین امین، كاك علی، ئاشنا خان، د.گەلاوێژ، مامۆستا شەمۆڵ، سەوسەن خان، كاك، چیا، كاك حاجی هەڵكەوت، كاك مەم اسكندەر، كاك كاوە، د.محی الدین، كاك دیاری، د. اسماعیل، كاك مەم، مامۆستا ابوبكر، كاك یاسین، د.زێدان، سەرچنار خان، هلز خان، بدریە خان، مژدە خان)، ئەوەی ئەیەوێت ڕێست وەرگرێت با ڕێست وەرگرێت، چونكە ئەو ماددەیە دەخایەنێت، بەڵێ بەڕێزان كۆتایی بە دانیشتنەكە دێنین بۆ بەیانی.سوپاستان دەكەین.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٣٠

**ساڵی/ ٢٠٢٢ – بەرگی سەدو سی**

---

**چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠٢٣**

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٢٢/١٠/٤ ل ٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢٢/١٠/٥ ل ١٦٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠٢٢/١٠/٦ ل ٣٣٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ( ١١)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە ٢٠٢٢/١٠/٩ ل ٣٦٥

وزە راسپێردرابوون بۆئەوەی لەگەڵ وەزیری نەوت دانیشن ئەوان لەگەڵ وەزیری نەوت دانیشتوون من داوا دەکەم کاك علی حمە صاڵح جارێکی تر لەو بارەیەوە روونکردنەوە بداتە پەرلەمانتارانەوە هەر کاتێك هاتە ژوورەوە بەڕێزان لە لیژنە تایبەتمەندەکان فەرموون وەرنە شوێنی خۆتان بە گەرمی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەین، بۆئەوەی دەست بە بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار بکەین ماددەی (٦١) بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەبارەت بە ماددەی (٦١) بڕگەی چوارەم و پێنجەم تێبینیم هەیە، بۆیە دەپرسم بۆچی هەر دوو سەد و پەنجا قوتابییەك یان خوێندکارێك...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان با گوێمان لە سوسن خان بێت ناوەکانی ماددەی (٦١) لە کۆبوونەوەی ڕۆژی یەکشەممە نوسرابوون ئەو ناوانە قسە دەکەن بفەرموون سەیری ماددەکە بکەن ئەگەر نەنوسرابوو ئەوانەی ناویان نووسیوە ناوتان دەنووسم، بەڵێ سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦١) بڕگەی چوارەم و پێنجەم تێبینیم هەیە، کە بۆ هەر ڕێنماییکارێکی پەروەردەیی بۆ هەر دوو سەد و پەنجا قوتابییەك ڕێنماییکارێکی پەروەردەیی دانراوە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە ئەو ڕێژەیە کەمتر بکرێتەوە بۆ سەد و پەنجا کە تەسەوڕ دەکەم لە ساڵانی رابردووش هەر سەد و پەنجا بووە، چونکە ئەو دوو پسپۆڕیە زۆر زۆر گرنگن یەعنی بۆ ڕێنمایی وشیار کردنەوەی قوتابی، وە هەروەها بۆ چارەسەرکردنی کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی قوتابیان و خوێندکاران، چونکە ئەگەر قوتابخانەیەك سەد و پەنجا قوتابی هەبێت ئەوە لە توێژەری دەروونی یاخود لە توێژەری کۆمەڵایەتی مەحروم دەبێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوە کەمتر بکرێت بۆئەوەی قوتابیان سوود لەو پسپۆڕیانە وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس سوسن خان، کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦١) بڕگەی دووەم کە دەڵێت هەموو قوتابخانە و خوێندنگایەکی پەروەردەیی بەڕێوەبەرێکی هەبێت ئەگەر ژمارەی لە دوو سەد زیاتر بوو یاریدەدەرێکی زیاتری هەبێت من پێموایە یاریدەدەری زیادتر دروستکردنی ڕۆتیناتە، بۆیە پێویستە ئەم ڕێژەیەش بگۆڕێت بۆ هەموو ئەو قوتابخانانە بەڕێوەبەرێك هەبێت و یاریدەدەرێکیشی هەبێت، وە سەبارەت بە بڕگەی چوار و پێنج ئەم ڕێژەیە کەم بکرێتەوە و پشتیوانی لە قسەکەی سوسن خان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر سوپاس، شیرین امین لێرە نییە كاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابێ وەزیری وەڵا من تێبینییەك سەر ڤی ماددەی هەبوو ل ڤێ ماددێدا پتر بەحسێ میلاكات و شێوازێ بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و مامۆستا و فەرمانبەر و هەتا بەشەكێ بەحسێ كارگێڕی و خزمەتگوزارێ دكەت د دەولەتێت پێشكەفتیدا هەمی قوتابخانێت نی یا هەما یێت ناحكومی ب شوێیەكی زۆر گرنگی تێتە دانێ ب كەمئەنداما، كورتەباڵا و ئەو كەسێت پێداویستی تایبەت هەنە من پێ باشە ماددەك لێ بێتە زێدە كرن هەر قوتابخانەكێ حكومی یا ناحكومی بەشێك ژ وان كەسان كە كەمئەندام بن بێنە دامەزراندن یا هەتا ئەو بەشێ ل ناحكومی ژی سیستەمەك ل دنیایێ هەیە ئەو كەسێن ل قوتابخانێت ناحكومی وان كەسێت كەمئەندام وەرگرن باجێت حكومی ل سەر وان كێم دكەن ئەڤە ژی دێبیتە رێیەك بۆ كەسێت كو كورتەباڵا بن یان كەمئەندام بن بێنە دامەزراندن وەك مامۆستا یاریدەدەر یان خزمەتگوزار د ڤان بەشادا ئەڤە ژی شێوازەكێ باشە بۆ رێڤەبرنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك هەڵكەوت فەرموو.

**بەڕێز هەڵكەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، ماددەی (٦١) هاتووە دەڵێت یەكەم هەموو باخچەیەكی منداڵانی حكومی بەڕێوەبەر، مامۆستا و فەرمانبەرانی دیكە لە خۆ دەگرێت و ئەگەر ژمارەی منداڵان لە باخچەیەكدا لە دوو سەد منداڵ زیاتر بوو دەبێت یاریدەدەرێكی بۆ دابنێت من پێم باشە هەموو باخچەیەكی ساوایان پێك دێت لە بەڕێوەبەر، مامۆستا، خزمەتگوزار باش وایە كە ژمارەی منداڵان زۆر بوو یاریدەدەری بەڕێوەبەری هەبێت بۆ هاوكاری بەڕێوەبەری مامۆستا، وە لە خاڵی دووەم پێم باشە ژمارەی یەك و دوو بكرێت بە یەك خاڵ، چونكە یەك مەبەستیان هەیە ژمارەی چوار و پێنجیش هەر هەمان مەبەستە یەك خاڵ بێت باشترە لە خاڵی حەوت دەكرێت لیژنەیەكی پسپۆڕی راوێژكاری بۆ زیاد بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، كاك دیاری لێرە نییە، دكتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رۆژتان باش، لە ماددەی یەكەم برگەی یەكەم نوسراوە هەموو باخچەیەكی منداڵانی حكومی دەستەواژەكە ئاماژە بێت بەوەی كە منداڵی حكومی هەیە و ناحكومیش هەیە، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەكەم كە بڵێین باخچەی حكومی منداڵان، چونكە ئەگەر وا بێت تەعبیرەكە ئەوەیە كە منداڵی حكومیمان هەیە و منداڵی ناحكومیشمان هەیە ئەوی تریان پەیوەندی بە بڕگەی

پێنجەمەوە هەیە کە باس لە دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ ئەوە دەکات ئایا جگە لە ڕێنمایی پەروەردکارەکان ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییە دابین دەکرێت سەرباری ڕێنماییە پەروەردکارەکان؟ وە ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییە چییە؟ خاڵی حەوتەم ئەوەی پەیوەندی بە ئەرکی بەڕێوەبەری کۆمەڵگاکە هەیە زۆر ئەرکی لە سەر کراوە ئەرکی سەرەکی سەرپەرشتی کردنی بەڕێوەچوون و دابین کردنی دڵنیایی جۆری خوێندن لە هەموو قۆناغە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە ئەستۆ دەگرێت، جگە لە پرسە ئەکادیمی و کارگێڕی و داراییەکانی، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بەڕێوەبەری کۆمەڵگاکە بە هاوکاری بەڕێوەبەری قۆناغەکانی خوێندنەکە ئەو ئەرکانە بەڕێوە ببات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك کاوە لێرە نییە، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦١) بڕگەی یەکەم بەڕای من ئەو دوو سەد منداڵە بۆ باخچە دەڵێت ئەگەر لە دوو سەد منداڵ زیاتر بوو دەبێت یاریدەدەرێکی بەڕێوەبەر دابنرێت دوو سەد زۆرە بۆ باخچە بکرێت بە سەد و پەنجا لە بڕگەی دووەمیش بە هەمان شێوە دوو سەدی هێناوەتەوە کە یاریدەدەری بۆ دابنرێت لە کۆمەڵگای پەروەردەییدا ئەو دوو سەدەش هەر بکرێت بە سەد و پەنجا، لەبەر ئەوەی دوو سەد زۆرە لە بڕگەی چوارەمدا دەڵێت وەزارەت کار دەکات یەعنی دەبێت بکرێت بە ئەرکی وەزارەت ئەو سیغەیە بگۆڕێت ئەرکی وەزارەتە، بۆ ئەوەی هەموو قوتابخانە و خوێندنگایەکی کۆمەڵگای پەروەردەیی و پەیمانگای پەروەردەیی حکومی بۆ هەر دوو سەد و پەنجا قوتابی یا خوێندکار ڕێنماییکارێکی پەروەردەیی ئەو دوو سەد و پەنجایەش بکرێت بە سەد و پەنجا، لەبەر ئەوەی دوو سەد و پەنجا زۆرە و ڕێماییکاری پەروەردەییش یەکێکە لەوانەی کە ئێستا بۆ هەموو قوتابییەك و خوێندکارێك زەرورییەتی هەموو خوێندنگاکانە، وە لە بڕگەی هەشتەمدا ئەو ئیستیسنایەی کردووە ئەگەر لە سەد و پەنجاش کەمتر بوو یا لە دوو سەد و پەنجا ئەم بڕگانەی سەروە نایگرێتەوە ئەوە شتێکی باشە، چونکە خوێندنگامان هەیە لە گوندەکان و لە قەزاکاندا کە ژمارەیان لەو عەددە کەمترە یەعنی ئەگەر بێتەوە سەر ئەو ئیستیسنایە بە کورتی من دەڵێم ئەگەر سەد و پەنجا قوتابی بوو ڕێنماییکاری بۆ دابنرێت ئەگەر کەمتر بوو ئەوە بچێتەوە بەر ئەو ئیستیسنایە هەموو خوێندنگایەك پێویستی بەوە هەیە کە ڕێنماییکارێکی پەروەردەیی بۆ دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك باڵانبۆ فەرموو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی چوارەم سەبارەت بە ڕێنماییکاری پەروەردەیی پێموایە لێرە مافی ئەو خوێندکارانە خوراوە کە لەو خوێندنگایانەن کە دوو سەد و پەنجا خوێندکاری تێدا نییە لە کاتێکدا ئێمە

خۆمان دەزانین کە لەوانەیە ئەگەر کێشە هەبێت زیاتر کێشە لە گوندەکانەوەیە ئەم غەدرەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵك باوەڕی بەوە نەبێت کە بگەڕێتەوە بۆ گوندەکان، چونکە ئەگەر مافەکەت وەك مافی خەڵکی شار بۆ دەستەبەر نەکردن پێموایە غەدرێکی گەورەت لێ کردوون هەرچەند لە بڕگەی هەشتەم دەڵێت وەزارەت بە ڕێنمایی ڕێکی دەخات من پێم باشە ماددەی چوارەم بگۆڕدرێت بۆ کە هەر سەد و پەنجا خوێندکار ڕێنماییەکارێکی پەروەردەییان بۆ دابنرێت ئەویش دەکرێت ئەگەر چەند گوندێك لەیەك نزیك بن بە خوێندکاری هەموو گوندەکانەوە بگاتە ئەو ڕێژەیە دەتوانرێت ڕێنماییکارێکی پەروەردەییان بۆ دابنرێت، وە بڕگەی پێنجەم خزمەتگوزاری تەندروستی لە ناحییەکان و لە قەزاکاندا لە پارێزگاکاندا ئەنواع بنکەی تەندروستیمان هەیە ئەوەی زیاتر زەرووە لە گوندەکانە کە بنکەی تەندروستییان تێدا نییە ئەگەر منداڵێك تووشی کێشەیەك بێت خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ لادێکان زەرووترە نەك بۆ شارەکان هیوام وایە مافی ئەو گوندانە نەخورێت کە خوێندکاری کەمی تێدایە بۆ ئەوەی ئەوانیش هەست بە کەمی خۆیان نەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان نابێت ئەندامی تر و قسەی خۆت دووبارە بکەیتەوە، لەبەر ئیحترامی کات تکا دەکەم دەزانم هەمووتان دەڵێن ئەو ژمارە خوێندکار و قوتابییە ئەو ڕێنماییکارییانە کەمە بە بێ شەرح پێمان بڵێن ڕەقەممان پێ بڵێن، چونکە ئەو قسە کردنە هەمووی دووبارەیە و هەمووی موخالیفی پەیڕەوە، سوپاس بۆ هەمووتان کاك بەلێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لە سەر بڕگەی چوارەم کرا لە کەم کردنەوەی ژمارەکە و لە زیاد کردنی توێژەری کۆمەڵایەتی و ڕێنماییکاری پەروەردەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەم بابەتە لە لیژنەش زۆر موناقەشەمان لە سەری کرد لەگەڵ وەزارەتیش موناقەشەمان کرد داواکاری زۆری ئەو بەڕێزانەمان پێ گەیشتووە کە بە ڕاستی ڕێنماییکاری دەروونین و توێژەری کۆمەڵایەتین لە سەر ئەوەی کە ئەو ژمارەیە دوو سەد و پەنجا خوێندکارە بۆئەوەی ڕێنماییکاری دەروونییان هەبێت یاخود توێژەرێکی کۆمەڵایەتی کار لەو ناوەندانە بکات لە قوتابخانە و خوێندنگاکاندا، بەڵام بەداخەوە وەزارەت جارێکی تر بە ئێمە وەکو لیژنە ڕایگەیاند کە ناتوانن ئەو ژمارەیە کەمتر بکەنەوە، وە ئێمە جارێکی تر جەخت دەکەینەوە

دەرچوویەکی زۆری ئەو بەشانەمان هەیە کە ژمارەیان لە نۆ هەزار دەچوو زیاترە دەتوانرێت دەرفەتێکی کاری باش بۆ ئەو دەرچووانە بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی کە لەو ناوەندانەدا کار بکەن، وە ئێستا بە راستی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئێمە وای لێهاتووە کە خێزانەکان و ئەو بارەدۆخەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە زۆرتر پێویستی بەوەیە کە هاوڵاتییەکانی ئێمە یاخود خوێندکارەکانی ئێمە لەو رووەوە ئاگادار بکرێنەوە، بۆ ئەوەی دوور بین لە هەموو ئەو کارەسات و وەزعە ناخۆشانەی کە بەردەوام لە راگەیاندنەکاندا گوێمان لێ دەبێت ئێمە پێمان وایە و لەوەش دەچێت کۆك بین لە سەر ئەوەی کە لە رێگای پەروەردەوە دەتوانرێت بکرێت، بۆیە جارێکی وەکو ئەندامی لیژنە جەخت دەکەمەوە لە سەر ئەوەی کە ئەم بابەتە هەوڵی جدی بۆ بدرێت و ئەو ژمارەیە کەم بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك مم اسکندر فەرموو.

**بەڕێز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

د خالا چارێدا د ماددا (٦١) ئەز پشتگیرییا ئاخفتنێت سوسن خانێ و سەرچنار خان و کاك بالانبۆی دەکەم کو ئەو ژمارە بێتە کێم کرن، سەبارەت خالا پێنجێ ژی بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی پێشنیار دکەم ب ڤی رەنگی بیت پێویستە وەزارەت خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ هەموو قوتابخانە و خوێندنگا و کۆمەڵگای پەروەردەیی و پەیمانگای پەروەردەیی حکومی دابین بکات و باسی هیچ ژمارەیەك نەکرێت، چونکە ئەگەر قوتابخانە دوو کەسیش بێت هەر پێویستە خزمەتگوزاری تەندروستی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك مم، کاك ازاد فەرموو.

**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٦١) و بڕگەی چوارەم و بڕگەی هەشتەم تورکمانی و سریانی زیاد بکرێت بە ئیستیسنا، چونکە بۆ ئێمە هەندێك ماددە هەیە ناگونجێت خاسەتەن دوو سەد و پەنجا تەلەبەمان نییە لە زۆر مەکتەب ئەوانەی کە دەڵێت لە گوند و ئەوانە لەوانەیە ئێمە نەگرێتەوە لەو ماددەیە، چونکە ئەو ماددانەی سەرەوە لەگەڵ ئێمە بە راستی ناگونجێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، شادی خان فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەر ئەم ماددەیە قسەکانی من کران لە لایەن ئاشنا خان و زۆرێك لەو برادەرانەی کە داوایان کرد ژمارەکە کەم بکرێتەوە بۆ سەد و پەنجا لە خوێندکار و قوتابی لە دابینکردنی رێنماییکاری پەروەردەیی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، گلوستان خان فەرمووو.

**بەڕێز گلوستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦١) بڕگەی یەكەم پشتگیری لە قسەكانی سەرچنار خان دەكەم، وە لە بڕگەی دووەم هەمان شت هەر لە قسەكانی سەرچنار خان سێیەمیش هەروەها سەبارەت بە بڕگەی چوارەم سەد و پەنجا خوێندكار دیاری بكرێت بۆ هەر خوێندنگایەك كە ڕێنماییكاری پەروەردەیی هەبێت سەبارەت بە پێنجەمیان پشتیوانی كاك مم دەكەم كە هیچ ژمارەیەك دیاری نەكرێت، بۆئەوەی كە هەموو بنكەكانی خوێندن خزمەتگوزاری تەندروستییان هەبێت، دەستخۆش سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك دابان لێرە نیە دكتۆرە گەلاوێژ فەرمووو.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش وەكو هەڤاڵان جەخت لەوە دەكەینەوە لەگەڵ بەڕێز وەزیری پەروەردەش لە لیژنە تاوتوێمان كرد بە پێی ئیمكانیەت بكرێت ئەو دوو سەد و پێنج خوێندكارە بكرێتە سەد و پەنجا، وە وەزارەت كار دەكات وەزارەت پێویستە بۆ هەموو قوتابخانە و خوێندنگایەك و كۆمەڵگایەكی پەروەردەیی و پەیمانگای پەروەردەیی حكومی ڕێنماییكارێكی پەروەردەیی دابنێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس دكتۆرە، كاك مەم بورهان فەرمووو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر لە سەر ماددەی (٦١) هاوڕام لەگەڵ بەشێكی زۆری ئەندامان، بەڵام من ئیزافەیەكم هەیە یەكەمیان لە بڕگەی چوارەمدا وەزارەت كار دەكات پێموایە دەبێت ئەمر بێت ئیلزامی بێت وەزارەت دەبێت ئەوە جێبەجێ بكات كار دەكات ئەمر نییە لە بڕگەكانی تر لە دوو سەد كەس زیاتر دانراوە دەزانین ئەگەر لە دوو سەد و پەنجا تەلەبە ببێت بە سەد و پەنجا كەس بۆ ڕێنماییكاری پەروەردەیی نەفەقات زیاد دەكات پارە تێچوونی زیاتر دەبێت دەڵێت ڕەهەندی دارایی حكومەت یا وەزیری پەروەردە ئێستا ڕەنگە بەو شێوەیە وەڵاممان بداتەوە، بەڵام دەكرێت خۆ لایەنی كەم زیاد لە دوو سەد كەس بوون ڕێنماییكاری پەروەردەییش نە، چونكە ئەوانەی كە لە بەشی كۆمەڵناسی و دەروونناسی دەردەچن دەبنە توێژەر یەعنی هەر وەكو سیفەتەكەی خۆیان نەوەك ئەو سیفەتە عینوانییە توێژەری كۆمەڵایەتیان بۆ دادەنرێت بە رای من بە لای كەم ئەگەر سەد و پەنجایەكە جێبەجێ نەبوو لە دوو سەد كەس زیاتر بوو ئەمە حەلێكی وەسەتر بێت توێژەرێكی كۆمەڵایەتیان بۆ دابنرێت ئەوە نوقتەیەك نوقتەیەكی تر خاڵی پێنجەم بۆمان روون بكەنەوە خزمەتگوزاری تەندروستی مەبەستی لە سەیدەلییە دابنرێت

یاخود کارمەندی خزمەتگوزاری بۆ دابنرێت، چونکە لێرە نابێت بە مانای سەیدەلییەیە یان دەبێت بڵێت کارمەندێکی خزمەتگوزاری تەندروستی یان خزمەتگوزارێکی تەندروستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، سەبارەت بە ماددەی (٦١) منیش هاوڕای ئەو بەڕێزانەم کە پێشنیاریان کرد لەسەر کەم کردنەوەی ئەو ڕێژەیە و لە خاڵی یەکەم تا سێیەم پشتگیری لە قسەکانی سەرچنار دەکەم سەبارەت بە بڕگەی یەکەم بۆ باخچەی منداڵان ئەو دوو سەدە بۆ منداڵان کە ئەرکی زیاترە زۆرە، وە سەبارەت بە خاڵی دووەم کە باس لە پاشگرەکەی زیاتر دابنرێت ئەو زیاترە پێویستە تەحدید بکرێت بە نمونە سەد و پەنجا بۆ دوو سەد یاریدەدەرێك و دوو سەد بۆ سێ سەد و پەنجا یاریدەدەرێکی تر واتا پێویستە دیاری بکرێت ئەوە گرنگە سەبارەت بە خاڵی چوارەم هاوڕای هەموو ئەو بەڕێزانەم کە لە سەر ڕێژەکە قسەیان کرد، چونکە بابەتەکە بابەتی توێژەری دەروونی ستانداردە بۆ هەر چواردە بۆ حەڤدە قوتابییەك پێویستی بە مامۆستایەکە پێدەچێت توێژەرەکەش ئەگەر هاوتا بکەیتەوە وا دەردەچێت بۆ هەر پەنجا قوتابی توێژەرێك پێویستە من هاوڕای هەموو ئەو بەڕێزانەم، وە سەبارەت بە خاڵی پێنجەم کە باس لە بابەتی تەندروستی دەکات من پرسیار لە لیژنەی پەیوەندیدار و جەنابی وەزیریش دەکەم ئایا ڕێژەی بۆچیە بابەتی تەندروستی بۆ دەبێت ڕێژەی بۆ دیاری بکرێت سەبارەت بە خاڵی هەشتەم کە باس لە شوێنە دوورە دەستەکان دەکات ئایا ئەو ڕێنماییە کە وەزارەت دەردەکات بابەتی تەندروستی مەترسی نییە ئەگەر بەدەربێت لە خاڵەکانی تر ئایا ئەوانیش توێژەریان پێویست نییە؟ وە بابەتی تەندروستی چۆن تەحدید دەکرێت بە سێ مانگ جارێك یا مانگانەیە ئەویش ڕوونکردنەوەم دەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦١) پشتیوانی سەرچنار خان دەکەم کە ئەو ژمارەیە بۆ باخچەکان کەمە و بکرێتە سەد و پەنجا، وە سەبارەت بە خاڵی چوارەم پێویستە بەو جۆرە لێ بکرێت پێویستە وەزارەت بۆ هەموو قوتابخانە و خوێندنگا و کۆمەڵگایەکی پەروەردەیی و پەیمانگایەکی پەروەردەیی حکومی بۆ هەر سەد و پەنجا خوێندکارێك ڕێنماییکارێکی پەروەردەیی هەبێت ئەمە هەم دەرفەتێکە بۆ دەرچووانی دانەمەزراو و بۆ ڕێنماییکارەکانی پەروەردەیی دەروونزانی و کۆمەڵناسی و لە ئیستادا ئەو ڕێژەیە زۆر زۆرە، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا بە هۆی بەکارهێنانی

مۆبـايلەوە و بە هـۆی ئەو هەمـوو شـتە قەدەغەكراوەكـان بە نمـونە جـگەرە كێشـانە كە لەم پڕۆژەیەدا هاتووە، بۆیە پێویستە بۆ ژمارەیەكی زۆر كەمیش بێت تـوێژەری كـۆمەڵایەتی یـاخود تـوێژەری دەروونـی دابنرێـت لە خوێندنگاكانـدا، لەبەر ئەوەی زەروورێـیەتە لە ئێسـتادا بـۆ پێشخستنی كەرتـی پەروەردە سـەبارەت بە خـاڵی پێنجەمـیش كە دەڵـێت وەزارەت كـار دەكـات پێویسـتە وەزارەت مـولزەم بكرێـت، وە خزمەتگـوزارییە تەندروسـتییەكە ژمـارەكەی بكرێـت بە سەد، وە ئەوەشی بۆ زیاد بكرێت پەرستار و خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ دابین بكرێـت یەعنـی پەرستاریشی لەگەڵ دابـین بكرێـت هەر بە تەنهـا سـەیدەلییەك نـا و ئەوانەی لە گونـد و نـاحیە و قەزاكانن ژمارەیان كەمە لەو خوێندنگایانە گوناحیان چییە كە خزمەتگـوزاری تەندروسـتیان بـۆ دابین نەكرێت یاخود توێژەریان نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا ابوبكر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسـەكانی مـن كـران و پشـتگیری هەر یەكە لە ئاشـنا خـان و سـەرچنار خـان و كـاك مەم دەكەم سەبارەت بە ژمارەكان، وە بە خەمخواردنی دەرچووانی بەشەكانی دەروونناسی و كۆمەڵناسی و كاری كۆمەڵایەتی ڕێنمایی دەروونی كە وەك ڕێنماییكاری پەروەردەیی دابمەزرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ڕاستی منیش هاوڕای ئەو ئازیزانەم كەوا باسیان كرد ئەو ژمـارەیە زۆرە كـاك بـاڵانبۆ، سوسـن خـان، سـەرچنار خـان، كـاك مەم و هەمـوو ئەوانـی تـر، بەڵام دەلیلـی ئەوەیە نەبـوونی بینـای قوتابخانەیە ئەگینا سەد قوتابی یا سەد خوێندكار بە ڕاستی بۆ هەر قوتابخانەیەك باشترە، بەڵام نەبـوونی بینـا بێـت ئەوە حەتـمەن كێشـە دروسـت دەبێـت ئەوە حەوتەم هەمـوو كۆمەڵگـایەكی پەروەردەیی حكومی بەڕێوەبەرێكی دەبێت هەموو بەشەكانیش بەڕێوەبەری دەبێت یەعنی ئەو هەمـوو بەڕێـوەبەرە بە ڕاسـتی هەسـت دەكەم تەزاروب دەبێـت لە دەسـەڵاتەكان، دواتـر ئایـا بـۆ هەمـوو كۆمەڵگاكـانی مەدەنـی و ئەهلـیش ئەوە دروسـتە؟ چـونكە كۆمەڵگـای مەدەنـی كـابرا خاوەنەكەی بە خۆی كول فی كولە لێناگەڕێت نە بەڕێوەبەر هەبێـت نە كەس دەسـەڵاتی هەبێـت بە كەیفی خۆی هەموو بڕیارێك بە خۆی دەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا نجاة فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددێ (٦١) بڕگا سێ ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەینە بڕگا سێ نادادپەروەری یـا تێـدا هەی، چونکە ژمارا مامۆستایان بهێتە دەستنیشان کرن کا چەند قوتابیا مامۆستایەك هەبیت، هەروەسا لەگەل ژمارەی قوتابیان یان خوێندکار بگونجێت گونجاندن نابیت دەبیت بهێتە دەستنیشان کرن لێرە ئەز شێم تێبینییەکێ بێـژم ئەگەر ئەم بەرێ خـۆ بـدەینە سـەنتەرێت پارێزگەهـا هنـدەکا، ئـو هەروەسا سەنتەرێت قەزایا ژمارا مامۆستایا گەلەك زۆرن ل وێرێ نیسابێ خۆ کامل ناکەن گەلەك کێمتر ژ نیسابێ خۆ بێژن، بەس دەرڤەی وان سەنتەرا نیسابێ وا یێ زێدەیە ئەگەرێ ڤـێ کێشـێ چییە ئەو مامۆستایێ ل دەرڤەی سەنتەرا تێتە دامەزراندن بۆ مـاوێ حەفـت سـالا و پتـر حەقـێ وییە بچیتە ناڤ سەنتەرێت باژێڕا ل ڤێرە چ لێ تێت لۆد سەر بـاژێڕا چێـدبیت ل دەرڤەی بـاژێڕا ژی د بیتە کێماسیا مامۆستایا، ئو ل ڤێـرە دەرئەنجـام قوتـابی زەرەرمەنـدێ ئێکێـیە لەوڕا دبیـت ئەڤـی سیسـتەمی دامەزرانـدن بهێـتە کـرن بـۆ مامۆسـتایایان دا دیـڤ تایبەتمەنـدی و ژمارەیـا مامۆستایان بیت یان ژی ژ دەرڤەی باژێڕی را دچنە ناڤ باژێڕا کێماسی دکەڤیتە دەرڤەی بـاژێڕا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا شەمۆڵ فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦١) خـاڵی چـوارەم دیـارە کۆمەڵێـك تـوێژەری دەروونـی و کۆمەڵایەتیمـان هەیە تـاوەکو ئێسـتا دانەمەزراون بە تـایبەتی لە سـاڵی (٢٠١١ و ٢٠١٢) بە دواوە، بـۆیە دەکرێـت دەرفەتێکیـان بـۆ بڕەخسـێنین لەو مـاددەیە لە خـاڵی چـوارەم بەو شـێوەی لـێ بکەیـن پێویسـتە هەموو قوتابخانە و خوێندنگا و کۆمەڵگایەکی پەروەردەیـی و پەیمانگـای پەروەردەیـی حکـومی بۆ هەر سەد و پەنجا خوێندکارێك یا قوتابییەك ڕێنماییکارێکی پەروەردەیی یا توێژەری دەروون و کـۆمەڵایەتی هەبێـت هەر چەنـدە ئەو ژمـارەیە کە ڕاپـۆڕتەکە هـاتە بەردەسـتی لیژنەکەمـان ژمارەکە زیاتر بوو ئێمە کردمانە دوو سەد و پەنجـا، وە دەکرێـت ژمارەکەشـی کەمتـر بکرێـت بـۆ ئەوەی دەرفەتێك بدرێت بە توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت ب ماددا (٦١) پاڵپشتییا وان بەڕێزا دکەم سەر بڕگا (١، ٢، ٤، ٥) کو ژمارە بێتە کێم کرنـێ بـۆ سـەد و پێنجییـا سـەبارەت ب مـاددا (٤ و ٥) پشـتگیرییا سـەرچنار خـانێ دکەم کـو ل ڤێـرێ دبێژیت وەزارەت کـار دەکـات یەعنـی ئەگەر کـار نەکـر هـیچ ئیلتیـزامەك سـەر نیـیە، ژبەر هنـدێ

پاڵپشتییا سەرچنار خانێ دکەم دگەل مژدە خان و کاك شەمۆڵی کو دڤێت ئیلزاما حکومەتێ بێتە کرنێ هەمان پرسیارا کاك مەم برگا پێنجەمدا من یا هەی ئەگەر جەنابێ وەزیری بەرسڤا مەدابا خزمەتگوزارێ تەندروستی کییە ئایا خزمەتگوزارە کو ئەم بێژینێ (مستخدم) یان ئەڤە تشتەکێ نییە کو تێتە ناڤ سیستەمێ پەروەردێدا تایبەت بیت ب کەرتێ تەندروستیڤە پیچەکێ ناڕوونییا تێدا هەی، زۆر مەمنونم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سیپان لێرە نییە، مامۆستا عبدالستار فەرمووو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من سەرچنار خان و کاك باڵانبۆ و مژدە خان و بدریە خان کردیان منیش پشتگیریان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی پشتەڤانیا وان ئەنداما دکەم ئەڤێت بێژن کو ژمارە بێتە کێم کرن بۆ ماددێ (٢) و نوقتا (١، ٢، ٤، ٥) ئەم پشتەڤانیا وان هەمییا دکەین ژ وانا خوشکا بدریە خان و سوسن خان و برایێ باڵانبۆ و خوشکا سەرچنار خان و شنۆ خان و مژدە خان و سەیدایێ ابوبکر و هلز خان پشتەڤانیا وان هەمیا دکەم خاڵا دوویێ ئەز پێشنیار دکەم مادام یاریدەدەر دێبیتە بەرپرسێ وەجبا دوویێ یەعنی (مسئول وجبە) مافێ وی وەکو مافێ مودیری پارێزراو بیت یەعنی مەعقول نینە معاون جهێ مودیری بگریت ئو ئەو هەشت حسا بێژیت مودیر چار حسا بێژیت مەعە العلم کەس گەل نینە بەس ئەو، ژبەر هندێ ئەز بێژم د یا دوویێ وەختێ دبێژیت یاریدەدەر دێ جهێ رێڤەبەری گریت وەختێ جهێ رێڤەبەری دگریت بلا نەفسی مافێت رێڤەبەری هەبن هەر چ نەبیت د عەدەدێ دەرسادا نابیت حەقێ ئێ دی بهێتە خارن دیسا ئەز تەئکیدێ سەر دکەم کو رێنماییکار بهێتە گۆڕین ببیتە توێژەری جڤاکی دا بەس دەروونناس و کۆمەڵناس لڤی جهی بێنە دامەزراندن نزیکی نۆ هەزارانا مافێ وانە نەهێتە خارن خزمەتگوزارێ تەندروستی مەقسەد پێ سەیدەلییە دەرمانخانەیە یان ژی خزمەتگوزارەکێ سحییە دێ وان مەدرەسا هێتە دامەزراندن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك گۆران فەرمووو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، لە هەندێك لە شار و قەزا و شارۆچکەکانی کوردستان مەترسییەك هەیە لە سەر تەندروستی قوتابیان و نەوەکانی داهاتوو سەبارەت بەو تاوەرانەی

ئەنتەرنێت و هۆیەکانی پەیوەندی کردن کە لە قوتابخانەکان دانراون بە تایبەتی شاری هەولێر لە ئامادەیی رزگاری، لە چوارچرای ئامادەیی و لە هەندێك قوتابخانە شەرت نییە لە ناو قوتابخانە یا لە سەر قوتابخانەکە دانرابێت لە هەندێکیان نزیکە لە قوتابخانەکان بە پێی پشکنینی ئەو پسپۆڕە تایبەتمەندە پزیشکە بەڕێزانە کە پشکنینیان بۆ کردووە و توێژینەوەیان لە سەر کردووە نەخۆشی وەرەم بڵاو دەکاتەوە و کاریگەری خراپی دەبێت لە سەر تەندروستی قوتابیان هیوادارم کە بەڕێز وەزیری پەروەردە بێتە سەر خەت و ئەمەش کتابی هەندێك لەو بەڕێوەبەرە بەڕێزانەیە کە کتابیان کردووە بۆ وەزارەتی پەروەردە بۆ لابردنی ئەو تاوەرانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦١) من لە بڕگەی یەکەمیان ئەم دوو سەدە بۆ باخچەی منداڵان، چونکە ئەمە جیاوازە لە خوێندنگایەکی بنەڕەتی بە راستی یەعنی لەوانەیە ئەرکی قورستر بێت، بۆیە پێموایە دوو سەدەکە بکرێت بە سەد و پەنجا و پێویستی بە یاریدەدەرێك دەبێت سەبارەت بە هەموو ئەو بڕگانە کە چۆن ئەم ئەرکە دەخەینە سەر شانی دامەزراوە پەروەردەییە حکومییەکان بۆ ناحکومییەکانیش بە هەمان شێوە بێت، چونکە لە ژێر ڕێنمایی و یاساکانی وەزارەتی پەروەردەنە سەبارەت بە بڕگەی چوارەمیان من لەگەڵ ئەوەمە بە راستی لەبەر ئەوەی دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و ئەو دۆخەی کە هەیە هەست دەکەی ئەم حالەتە دەروونیانە زۆرە بیکەین بە سەد و پەنجا راستە لە بڕگەی کۆتاییەکەی نوسراوە بۆ لادێکان بە ڕێنمایی تایبەت لە لایەن وەزارەتەوە ئەمە دەردەکرێت، بەڵام دەکرێت لێرە لە لادێکانیش ئەگەر بە ڕێنمایی بێت ئیشارەت بەوە بدرێت بە چەند خوێندنگایەك کەسێکی ڕێنماییکاری پەروەردەیی بۆ دیاری بکرێت وەزارەت کار دەکات بۆ ئەوەی قوتابخانە و خوێندنگا و کۆمەڵگا پەروەردەییەکان و پەیمانگاکان ئەمەشیان هەر بکرێتە حکومی و ناحکومی دوو سەد و پەنجایەکە لەگەڵ ئەوەم بکرێت بە سەد و پەنجا خوێندکار، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عثمان سێدەری فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بە نیسبەت بڕگەی یەکەمەوە وە بە بڕگەی بەڕێوەبەر ناو هاتووە لە هەموو بڕگەکاندا من پێشنیار دەکەم بۆ ئەو قوتابخانانەی بە تایبەتی قەزا و ناحییەکان و لادێکان بەڕێوەبەر بەو شێوەی لێ بکرێت بۆ هەر بەڕێوەبەرێك کە جێگری نابێت یا خود یاریدەدەری نابێت لە کاتی ئەوەی کە دەوام ناکات یا نەخۆشە ئەقدەم مامۆستا ببێتە یاریدەدەری بەڕێوەبەر، وە هەروەها بۆ بڕگەکانی تریش بە تایبەتی بڕگەی چوارەم پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێزان کاك باڵانبۆ و سوسن خان و ئاشنا خان و کاك لقمان و هەموو ئەو برادەرانە بە تایبەتی کاك عباسیش دەکەین

کەوا توێژەرەکان بەو شێوەی لێ بێت یەعنی توێژەری کۆمەڵایەتی و تـوێژەری دەرونناسـی زیـاد بکرێت بۆ ئەو ڕێژەی کە دیاریکراوە بە تایبەتی ڕێژەی سەد و پەنجا خوێندکار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦١) بڕگەی یەکەم و دووەم زۆر بەڕێز جەختیان لەوە کـردەوە کە ژمـارەکە لە دوو سەدەوە بکرێت بە سەد و پەنجا منیش پشـتگیریان دەکەم سـەبارەت بە بـڕگەی چـوارەم زۆر بەڕێز بە ئاشنا خان هەتا ئەوانی تر جەختیان کردەوە لەوەی دوو سەد و پەنجا بکـرێتەوە بە سـەد و پەنجـا بـۆ ڕێنماییکـارێکی دەروونـی منـیش پشـتگیریان دەکەم، بەڵام بە راسـتی ئێسـتا خوێندنگاکانمان قوتابخانەکانمان ماندوون بە دەست کێشە نوێکـانەوە بە تـایبەت ئەو کێشـانەی کە سۆشیال میدیا لەگەڵ خۆی هێناون بۆ منداڵان بۆ هەرزەکاران بەتایبەت مێردمنداڵان ئەمە وا دەکات کە دەبێت ڕێنماییکاری دەروونی ئەرکی قورس بێت و زەروریش بێت، بۆیە پشـتگیری لە قسـەکەی کـاك مەم دەکەم وەزارەت کـار دەکـات نـا ئەوە زۆر زۆر مەتـاتییە لە سـەر وەزارەت پێویستە ئەو ڕێنماییکارە دەروونیانە دابین بکـات، چـونکە بە راسـتی ئێسـتا بـوونەتە یەکێـك لە زەرورەتەکان کە ڕێنمایکاری دەروونی بەهێز و راهێنراو هەبێت بۆ ئەو بوارە لە بڕگەی پێنجەمدا وەزارەت کار دەکات بۆ خزمەتگوزاری تەندروستی تـا رادەیەك، چـونکە ئـێمە نەخۆشـخانەکانمان هەن دەکرێت بەدیل بن جێگرەوە بن، بەڵام لە بڕگەی چوارەم دەبێت پێویستە هەبێت خاڵێکی تر وشەی حکومی و ناحکومی واتا قوتابخانە ناحکومییەکانیش بگرێتەوە، چونکە لە مـاددەی (١٤٠) کاتێــك باســی قوتابخــانە ناحکومییەکــان دەکــات دەڵێــت مــاددەی (٦٢، ٦٣، ٦٤) ئەرکــی ناحکومییەکانیشە ماددەی (٦١) ئامـاژەی پێـنەدراوە، بـۆیە لیـژنەی پەروەردەی بەڕێـز یـا دەبێـت لەولا مـاددەی (٦١) زیـاد بکەیـن یـا دەبێـت لێـرە وشـەی نـاحکومی زیـاد بکەیـن خـاڵێکی تـر ئەو قوتابخانـانەی کە کەمتـر لە سـەد و پەنجـا خوێنـدکاریان هەیە بـۆی زیـاد بکەیـن بە دوو سـێ قوتابخانە ڕێنماییکارێکی پەروەردەییان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلی زۆر سوپاس، کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦١) بە راستی پشتیوانی تەواوی ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە داکۆکییـان لەوە کرد لە بڕگەی چوارەم و پێنجەم ئەم ڕێژەیە کە دوو سەد و پەنجا دانراوە کەم بکرێتەوە ئەمە لە ســەر داخــوازی زۆربەی ئەو دەرچــووانەیە کە لە بــواری کۆمەڵناســی و دەروونناســی کــاری کـۆمەڵایەتی و ڕێنماییکـاری دەروونـی تەکلیفیـان لە سـەرجەم پەرلەمانتـاران کـردووە کە ئەو

ڕێـژەیە کەم بکـرێتەوە، چـونکە زۆربەی ئەو قوتابخانـانەی ئێسـتا لە نـاوچە دوورە دەسـتەکانن ڕاستی ئەمانە بێ بەش دەبن لە خزمەتگوزاری یاخود لە گرنگـی ئەو تـوێژە کە لە قوتابخانەکانـدا هەبێـت، چـونکە ئـێمە دەزانـین قوتابیـانێکی زۆر لە ئێسـتادا لە قوتابخانەکـان دوچـاری کێشـەی کۆمەڵایەتی دەبـنەوە قوتـابی لە گەڵ قوتـابی، قوتـابی لەگەڵ مامۆسـتا ئەمـانە زۆرورە کە لەوێ هەبن، ئینجا لە بڕگەی پێنجەمدا تیکرار دەکات کە لە هەموو قوتابخانەکانـدا بـوونی دوو سـەد و پەنجـا قوتـابی ئینجـا خزمەتگـوزارێکی تەندروسـتی لەوێ بێـت بە راسـتی ئەمەش گـرنگە ئەم ڕێـژەیە بێـتە خـوارەوە، چـونکە بە راسـتی هـیچ قوتابخـانەیەك نیـیە بەدەر بێـت لە کێشـەی بەربـوونەوە دەم دارِسـان و شـەڕ لە نێـوان قوتـابی و ئەو کێشـانەی لە نێـوان قوتابیانـدا روو دەدات...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس رەقەممان پێ بڵێن تکایە.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

پشتیوانی هەمـوو ئەو بەڕێـزانە دەکەم کە ژمـارەکە ببێـتە سـەد و پەنجـا بـۆ ئەوەی کە ئەو دوو توێژە زۆر زەرورن لە قوتابخانەکاندا بونیان هەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك کاوە فەرموو بەس شەرحی زۆر مەکەن شەرحی ناوێ.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشـتگیری لە هەمـوو ئەوانە دەکەم کە سـەبارەت بە بـڕگەی چـوارەم لە مـاددەی (٦١) کە بـاس لە ڕێنماییکاری پەروەردەیی دەکات، وە لەو خاڵەی کە دەڵێت بۆ هەر دوو سەد و پەنجا قوتابی یـان خوێنـدکارێك ڕێنماییکـارێکی پەروەردەیـی هەبێـت بە راسـتی ئەمە زۆر زۆرە و بەشـێکی زۆری قوتابخانەکان لەمە بێ بەشن بەتایبەت لە قەزا و ناحییەکـان لە گونـدەکان، چـونکە لە گونـدی وا هەیە ژمارەی قوتابیانی زۆرە، بۆیە دەکرێت بە راستی سەد بۆ سەد و پەنجا بێت نەك دوو سـەد و پەنجا، بۆ ئەوەی هەم دەرفەتی زیاتر بۆ ڕێنماییکاری پەروەردەیی بڕەخسێت کە دابمەزرێـن و بتـوانن ڕێنمـایی باشـتر پێشـکەش بە خوێنـدکاران و قوتابیـان بـکەن کە ئەمە گـرنگە لە خـاڵی حەوتەم کە بـاس لە هەمـوو کۆمەڵگـایەکی پەروەردەیـی حکـومی بەڕێـوەبەرێکی کـۆمەڵگەی هەبێـت راسـتە بەڕێوەبەرێـك کە سەرپەرشـتی لە بـاخچەی سـاوایان بـۆ بنەڕەتـی بـۆ ئامـادەیی دەکات، بەڵام دەبێت جێگرێکیشی هەبێت بە بێ جێگـر ناتوانێـت ئەم ئەرکە راپەڕێنێـت، چـونکە خۆمان دەزانین کۆمەڵگا پەروەردەییەکان لەبەر ئەوەی لە چەند قۆناغێك پێکدێن زۆر قەرەباڵغن و ژمارەی قوتابیانیان زۆرە، بۆیە بۆ باشتر ئیدارەدانی ئەو کۆمەڵگایانە پێویستی بە جێگـر هەیە دەکرێـت بڵێـین هەمـوو کۆمەڵگـایەکی پەروەردەیـی حکـومی بەڕێوەبەرێـك و یاریـدەدەرێکی کۆمەڵگەی دەبێـت بەو شـێوەیە ڕێـك بخرێـت ئەوەی هەشـتەمیش کە قوتابخـانە و خوێنـدنگای گوندەکان هەر چەندە لێرە باس لەوە دەکات کە مەرجەکـانی بەدەر دەکرێـت و بە ڕێنمـایی ڕێـك

دەخرێـت، بەڵام ئەگەر بکرێـت بە یاسـاکە بە روونـی بەشـی ئەمـانەش دیـاری بکرێـت پێمـوایە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شاخوان فەرموو.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦١) پشتگیری لە قسەکانی گلوستان خان، سەرچنار خان، مامۆستا ابـوبکر، کاك مەم، کاك باڵانبۆ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێز وەزیری پەروەردە، فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، لە راستیدا من نەك هەر لەگەڵ ئەو یاسایە و ئەو ماددەیە بگـرە لە یاساکانی پێشوش وەکو مەبدەئێك لام وازحە لای جەنابیشتان ئێمە یاسا بۆ رۆژێك و دوو رۆژ دەرناکەین هەست دەکەم زۆر جار ئێمە لە دەرکردنی یاساکانی خۆمان لە پەرلەمـانی کوردسـتان رەچـاوی کـات نـاکەین رەچـاوی مـاوەیەکی دوور مەودا نـاکەین ئەو رەقەمـانەی لێـرە هـاتوون زۆربەی زۆریان راستن رەقەمی تەندروستین ئەوە بۆ هەلـومەرجێکی دیـاریکراوی کوردیتـان بـۆ واقعی ئێستای کوردستان رەنگە گونجاو بێت، بەڵام رەنگە چەند ساڵی داهـاتوو گونجـاو نەبێـت رەنگە چەند ساڵی داهاتوو ئەمە هەمووی گۆڕانکاری بەسەردا بێـت، بـۆیە ئەو رەقەمـانە قـابیلی دەستکاری کردنن هەر چەندە من پێمـوایە ئەو مـاددەیە لابرێـت، بەڵام کە لای نـابەن پشـتیوانی هەموو ئەو هەڤاڵانە دەکەم کە باس لەوە دەکەن کە دوو سەد و پەنجا خوێندکار بۆ رێنماییکـاری پەروەردەیـی کەم بکـرێتەوە، وە پشـتیوانی تەواوی قسـەکانی سـەرچنار خـان و کـاك بـاڵانبۆش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێز وەزیری پەروەردە فەرموون.

**بەڕێز ئالان حەمە سەعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز بەیانیتان باش، من دوو خاڵم هەیە ئاماژەی پێ بدەم خاڵی یەکەم بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان پێشنیار دەکەم چەند مـاددەیەك بخـوێنرێتەوە ئـێمە تێبینـی بنووسـین پـاش چەند مـاددەیەك کاتێکمـان هەبێـت بـۆ وەڵامـدانەوە لەوە دەچێـت باشـتر بێـت ئەگەر پێشـنیاری یەکەمم یاسایی بێت و قبووڵ بێت سوپاستان دەکەم خاڵی دووەمیشم دووبارە پێشـنیار دەکەم تکا دەکەم با تەنها بابەتەکانمان لە سەر ئەو ماددەیە بێت بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمـان کە گفتوگـۆی لە سـەر دەکەیـن، چـونکە ئەگەر وا نەبێـت ئـێمە رادەکێشـێتە هەنـدێك وەڵام و وەڵامکاری بۆ نمونە ئێستا ئێمە گفتوگۆی ئەم بابەتە دەکەین باسی ئەو بەشانەی مودیر و معاون

له سێ چوار مادده خوارتر دەکەین دوایی تۆزێکی دیکە بۆی دەچین ئەگەر لێرە من وەڵام بدەمەوە دوایی جارێکی دیکە بیست کەسی بەڕێزی دیکە هەم دیسان موداخەلە دەکات دەبێت وەڵام بدەمەوە، لەبەر ئەوە تکا دەکەم پێشنیار دەکەم با لە چوارچێوەی ئەوە بێت ئەگەر پێویستیتان بە ئێمە بوو هەر چ کاتێك بێت ئێمە لە خزمەتی ئەم پەرلەمانەین متمانەمان لێوەرگرتووە لە ئەلف هەتا یای پرۆسەی پەروەردە دێین دیکۆمێنتتان بۆ دێنین هەموو شتێکتان بۆ دێنین وەڵامی هەموو پرسیارێکتان دەدەینەوە، بەڵام ئێستا من دەبێت پێنج دەقە بەس باسی تاوەر بکەم چۆن کۆبوونەوەمان لەگەڵ گواستنەوە و تەندروستی کردووە و رای پزیشکەکان چییە رای گواستنەوە چییە، وە چۆن کۆنووسیشمان بەرز کردۆتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران دەبێت بێم تەفاسیلی هەموو ئەو بابەتانە باس بکەم، بەڵام رەبتی بە ماددەکە نییە وەکو نمونەیەك جا ئەگەر پێشنیاری یەکەمم قبووڵ بێت چەند ماددەیەك بڕوات ئینجا ئێمە دواتر وەڵام بدەینەوە بۆ ئەوەی ئیستیغلالی کاتەکە بکەین، چونکە ئێستا ئێمە یەك لەسەر سێی پرۆژەکە خوێندنەوەمان بۆ کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە بەڕێزان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری دووەم:

ئەرکەکانی بەڕێوەبەر لە دامەزراوە حکومییەکاندا.

ماددەی (٦٢):

بەڕێوەبەر نوێنەرایەتی دامەزراوە حکومییەکان دەکات کارەکانی بریتین لە:

یەکەم/ بەڕێوەبردنی دامەزراوەکە.

دووەم/ هەوڵدان بۆ هێنانە ئارای کەشی پەروەردە و فێرکاری گونجاو کە مایەی بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان بێت.

سێیەم/ بەدواداچوون و دابینکردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردەیی لە دامەزراوەکە بە شێوەیەکی گونجاو و هەماهەنگی کردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پەیوەندیدار و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە بۆ مسۆگەر کردنی باش بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە دامەزراوەکەدا.

چوارەم/ کارکردن بۆ دەستەبەر کردنی ژینگەیەکی تەندروست بۆ دامەزراوەکە سەلامەتی قوتابیان و خوێندکاران سەرجەم فەرمانبەران و کارمەندانی دامەزراوەکە.

پێنجەم/ کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و کارامەیی و گیانی هاوپشتیوانی قوتابیان و خوێندکارانی دامەزراوەکە.

شەشەم/ دابەشکردنی بەشە وانەکان بەسەر مامۆستایان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و دڵنیا بوون لە پیادە کردنی پلانی ساڵانەی خوێندنی بابەتە پەیوەندیدارەکان.

حەوتەم/ دابەشکردنی ئەرکەکان بەسەر ئەندامانی کارگێڕی و مامۆستایان و فەرمانبەرانی دیکە و دانانی لیژنەی پسپۆڕ.
هەشتەم/ دەسپێشخەری کردن بۆ داڕشتنی پلانی ساڵانەی دامەزراوەکە و داڕشتنی پلانی تاقیکردنەوەکان و بەدواداچوون بۆ بەڕێوەچوونیان.
نۆیەم/ هەڵسەنگاندنی کاری مامۆستایان لە ناو پۆلەکانی خوێندن وکاری ڕێنماییکارە پەروەردەییەکان.
دەیەم/ پشتیوانی کردنی مامۆستایان و فەرمانبەرانی دیکە لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان و کار کردن بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانیان.
یازدەیەم/ دابینکردنی کوالیتییەکی باشی خوێندن و کردنەوەی هەموو ئەو تۆمارانەی کە پێویستە لە دامەزراوەکەدا هەبن.
دوازدەیەم/ بەرزکردنەوەی نوسراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە سەبارەت بە گواستنەوەی هەر فەرمانبەرێکی پەروەردەیی وەك ئەوەی بەرژەوەندی گشتی دەخوازێت بە مەرجێك هۆکارەکانی پێشنیازەکە خرابێتەڕوو، وە ئەنجومەنی دامەزراوەکە پێشنیازەکەی پەسند کردبێت.
سێزدەیەم/ پێشنیاز کردن بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە سەبارەت بە ڕەخساندنی هەل بۆ مامۆستایان و فەرمانبەرانی دامەزراوەکە بۆ بەشداربوون لە خولی بەهێزکردنی تواناکانیان.
چواردەیەم/ بەرزکردنەوەی نوسراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە سەبارەت بە هەر پرسێکی گرنگ کە هەڵ و مەرجەکە دەیخوازێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان کێ دەیەوێت قسە بکات لە سەر ئەو ماددەیە؟ (دکتۆر محی الدین، دکتۆر اسماعیل، مامۆستا عثمان، کاك مەم، مژدە خان، سەرچنار خان، کاك رزگار، شیرین خان، کاك کاروان، کاك چیا، شێخ ظاهر، دکتۆر ڕێبوار، لنجە خان، کاك هیڤیدار، گلستان خان، حسیبە خان) کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوا، لە راستیدا بۆ ئەو ماددەیە دووبارە من پێموایە ئەو ماددەیە پێویست ناکات لەم یاسایەدا هەبێت، وە دەکرێت بە ڕێنمایی حەل بکرێت کاتێك تۆ باس لە ئەرکەکانی بەڕێوەبەر دەکەی بەڕێوەبەری دامەزراوەیەکی حکومی دامەزراوەیەکی پەروەردەی حکومی ئەمە تەحسیل حاسڵە کە ئەم بەڕێوەبەرە ئەم ئەرکانەی کە لێرە باسکراوە هەموویان واجبی خۆیەتی و پێشموایە خۆیان وەعی ئەوەیان هەبێت کە بتوانن ئەمانە جێبەجێ بکەن هەم وەزارەت دەتوانێت بە تەعلیمات حەل بکات هەم بەڕێوەبەرەکانیش لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریەتە دان کە بتوانن خۆیان ئەم ئەرکەکانیان بەجێ بگەیەنن ئەمە راستە بۆ هەموو دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکانی تر لە وڵاتدا یەعنی چی پێویست دەکات تۆ ئەرکێکی بەڕێوەبەر لە یاسایەکدا دیاری بکەی لەوەی کە بۆی هەیە نوسراو بەرز بکاتەوە بۆی هەیە کە پەیوەندی بە پەروەردەوە بکات بۆی هەیە کە موخاتەبەی وەزارەت بکات تەبعەن ئەمانە ئیشی بەڕێوەبەرە و خۆی دەتوانێت بیکات، بۆیە من پێشنیاز دەکەم تەواوی ئەو ماددەیە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین امین فەرمووو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی (٦٢)دا باس لە بەڕێوەبەرایەتی و نوێنەرایەتی دامەزراوە حکومییەکان دەکات دوو پێشنیاز بە لای منەوە گرنگە تاکو ئێستاکە بەداخەوە ڕەهەندی حزبایەتی ڕۆڵێکی ئێگجاری بینیوە لە دیاریکردن و دەستنیشان کردنی بەڕێوەبەر، بۆیە پێشنیازی ئەوە دەکەم ئەمە بە تەواوەتی لابرێت، وە زائیدەن ناکرێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانەوە دەستنیشانی مودیرێك بکرێت یا مودیر عامێك بکرێت من پێشنیازی ئەوە دەکەم هیچ نەبێت هەڵسەنگاندن لە ڕووی ئیداری و توانیاییەوە بۆ ئەو کەسە بکرێت ئەو کات ئەو پۆستەی پێبدرێت بە نمونە من بۆ خۆم فەرمانبەر بووم لەگەڵ مندا مامۆستای جوگرافیا ئیش و کاری ئیداری دەکرد ڕەنگە لە وڵاتی ئێمەدا بە گشتی ئەم گرفتە هەبێت کەسی شیاو لە شوێنی شیاودا بوونی نییە، بۆیە تەمەنا دەکەین لە مەوزووعی دانانی مودیر و بەڕێوەبەرەکاندا هەڵسەنگاندنێك هەبێت توانای ئیداری بە پلە یەك، وە بە هیچ شێوەیەك نوێنەرایەتی حزب و ڕەئی حزب و ئەمانە بوونی نەبێت، دەستان خۆش بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لنجە خان فەرمووو.

**بەڕێز لنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەرکەکانی بەڕێوەبەر لە دامەزراوە حکومییەکاندا ئەرك ئیلزامە دەبێت جێبەجێ بکرێت، بۆیە دەبێت ڕاستەوخۆ ئەرکەکە باس بکرێت پێشنیار دەکەم لە خاڵەکان لە دووەم کە باس لە هەوڵدان دەدات لابرێت لە پێنجەم کارکردن لابرێت، لەبەر ئەوەی یەکسەر دەبێت ئەرکەکە باس بکرێت نەك هەوڵدان و کارکردن بۆی لە هەشتەم دەستپێشخەری کردن بۆ داڕشتنی پلان پێشنیار دەکەم ببێتە داڕشتنی پلانی ساڵانەی دامەزراوەکە و داڕشتنی پلانی تاقیکردنەوەکان و بەدواداچوون بۆ بەڕێوەچوونیان بە هەماهەنگی یاریدەدەرەکان و نوێنەرەی مامۆستایان لە دامەزراوەکە، چونکە پلان بە تەنیا بە یەك کەس دانانرێت، وە نۆیەم لە هەڵسەنگاندنیش بە هەمان شێوە هەڵسەنگاندن بە تاکە کەس سەرکەوتوو نابێت، بۆیە بنووسرێت لە کۆتایی هەڵسەنگاندن بە هەماهەنگی یاریدەدەرەکانی دەیەم پشتیوانی کردن ببێتە پاڵپشتی یازدەیەم دابینکردنی کوالیتیەکی باشی خوێندن بکرێتە دابینکردنی ئاستی بەرزی خوێندن و فێرکردن سێزدەیەم پێشنیار دەکەم بکرێتە ڕەخساندنی هەل بۆ مامۆستایان و فەرمانبەرانی دامەزراوەکە بۆ بەشداربووان لە خولی بەهێزکردنی تواناکانیان لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، ماددەی (٦٢) بەڕێوەبەر نوێنەرایەتی دامەزراوە حكومییەكان دەكات لە ناونیشانی یاساكە ئەركەكانی لێرە پێم باشە كارەكانی بكرێتە ئەركەكانی لە رووی زمانەوانی پێموایە باشترە، وە خاڵی هەشتەم دەستپێشخەری كردن بۆ داڕشتنی پلانی ساڵانە و دامەزراوەكە و داڕشتنی پلانی تاقیكردنەوەكان و بەدواداچوون بۆ بەڕێوەچوونیان بكرێتە پێشكەش كردن و داڕشتنی پلان، وە خاڵی دەیەم پشتیوانی كردنی مامۆستایان و فەرمانبەرانی دیكە لێرە مەبەست لە دیكە چییە؟ كێنە؟ یەعنی ئەگەر وابێت فەرمانبەرانی هەمان دەزگا بێت بەو شێوەی لێ بكرێت پشتیوانی كردنی مامۆستایان و فەرمانبەران لە جێبەجێ كردنی ئەركەكانیاندا، وە خاڵی دوازدەیەم بەرزكردنەوە پێموایە ئەگەر بكرێتە ئاڕاستە كردن باشترە و خاڵی چواردەیەمیش بە هەمان شێوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من بەر لە هەموو شتێك پێچەوانەی ئەوەم كە دەڵێت ئەو دەقە هەڵبگیرێت ئەوە زەرووره كە ئەو دەقە بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەر پابەند دەكات لە ئیلتیزاماتی دوو ئیلتیزاماتەكانی دیار دەكات سێ تێكەڵكێشێك دروست ناكات لە نێوان ئیلتیزاماتی بەڕێوەبەر وجێگری بەڕێوەبەر، بۆیە زۆر گرنگە بمێنێت ئەمە خاڵی یەكەم خاڵی دووەم بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان دیارە ئیلتیزاماتی بەڕێوەبەر تەنها ئیلتیزاماتی ئیداری و كارگێڕی نییە جگە لەوەش كە ئیلتیزاماتی بەهایی و ئەخلاقیشی هەیە لەوەی كە كەش و هەوای یەكسانی نێوان قوتابیان و هەم مامۆستایان بڕەخسێنێت عەدالەتی كۆمەڵایەتی هەموو ئەمانەش دەكەوێتە ئەركی بەڕێوەبەر، بۆیە من پێشنیار دەكەم جگە لەو خاڵانەی كە ئاماژەی بۆ كراوە ئەركە بەهایی و ئەخلاقیەكانیشی تێدا كرابێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر ل دەستپێكێ بەڕێوەبەر نوێنەرایەتی دامەزراوە حكومی دەكات ئەڤە ب گشتییە من پێ باشە دامەزراوەی حكومی پەروەردە لێ بێتە زێدە كرن، چونكە ئەگەر حكومی ب تنێ بیت ب گشتییە حكومی پەروەردەییەكان لێ بێتە زێدە كرنێ، هەروەسا خاڵا نەهێ هەڵسەنگادنی كاری

مامۆستایان لە ناو پۆلەکانی خوێندن دەکرێت رێڤەبەر نەشێت تنێ هەڵسەنگاندنێ بۆ مامۆستایەکێ بکەت د حەقیقەتدا من پێ باشە ل ڤێرێ ب هەماهەنگی دگەل سەرپەرشتیارێ پەروەردێ و گەل موشرفێت ئیداری یێت پەروەردەی ئەڤ کەلیمە لێ بێتە زێدە کرن، چونکی د حەقیقەتدا هەماهەنگی دگەل سەرپەرشتیارا هەڵسەنگاندن بێتە کرن نەك ب تنێ رێڤەبەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هیڤیدار فەرموو.

**بەریز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیەدا مسۆگەر کردنی باش بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردە سێیەم، چوارەم بەرزکردنەوەی ئاستی زانین لە ماددەی هەشتەم دەستپێشخەری بۆ داڕشتنی پلانی ساڵانە پشتیوانی کردنی مامۆستایان دابینکردنی کوالێتی باشی خوێندن رەخساندنی هەلی دامەزراوەکە بۆ بەشداری کردنی خولی بەهێز کردن یەعنی هەمووی قسەی باشی تێدایە، بەڵام ئەگەر تەماشای وەزعی خوێندن بکەن لە هەرێمی کوردستان من دوێنێ شەو سێرچێکم کردووە لەو داتایانەی کە داڤۆس بڵاوی دەکاتەوە لە سەر ئاستی خوێندن لە سەد و چل دەوڵەت عێراق نەك هەر تێدا نییە هەر حسابیان نەکردووە، لەبەر ئەوەی عێراق و لیبیا و یەمەن و سوریا ئەمانە فاشلترین دەوڵەتن هەژماریان نەکردووە سیستەمی خوێندنی سەرەتایی چۆنە ئێمە لە هەرێمی کوردستان چۆنین بەڕێز وەزیری پەروەردە کە لێرەی ئایا ئێمەش بەشێکین لەو عێراقە کە سیستەمی خوێندنی ئێرەیە کە تەقیمی لەسەر دەکرێت تەبعەن لە ئاستی جامعەکەش حەفتا و هەشت دەوڵەتی وەرگرتووە عێراق حەفتا و حەوتەمینە یەعنی پێش گواتیمالا کەوتووە یەعنی هەر زۆر فاشلە ئەم سیستەمەی خوێندن کە هەیەتی بە پێی رانکی کە داڤۆس ساڵانە ئیعلانی دەکات ئەمە (٢٠٢٢)ە دیراسەتم کردووە جەنابی وەزیری پەروەردە جگە لەو پارەی ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێشخستنی کەرتی پەروەردە خەرج دەکات ئەگەر سندوقێکی تایبەت دابنرێت بۆ چوار ساڵی تر بۆ پێنج ساڵی تر کەمتر لە (١%) نیو لە سەدی لە داهاتی مانگی هەرێمی کوردستان پێنج ملیۆن دۆلار دەکات نیو لە سەد لە داهاتی مانگێکی هەرێمی کوردستان ئێمە دەتوانین بگەینە کوێ، جگە لەوەی کە ئیستا خەرج دەکرێت نیو لە سەد دەکاتە پێنج ملیۆن دۆلار مانگانە بۆ هەرێم بێت دەتوانن بگەن بە چ ئاستێك پلانتان هەیە وە چەندمان پێویستە بۆ ئەوەی بڕوا ناکام کەس لە هەرێمی کوردستان هەبێت پارە بۆ پەروەردە خەرج نەکات بۆ ئەوەی بگات بە ئاستێکی باش هەم بۆ مامۆستا هەم بۆ ئەو ژینگەیەی لەناو کەمپێسی خوێندندا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لە لایەن شیرین خانەوە کرا پشتگیری لە پێشنیارەکەی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر محی الدین فەرمووو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری بوونی ئەو دەقە دەکەم لە ناو یاساکە، چونکە لە هەر دەقێکی یاسا ئەرك و سنوری هەر بەڕێوەبەرێك یا هەر فەرمانبەرێکی حکومی پێویستە بزانرێت، چونکە مەسئولییەتی دەکەوێتە ئەستۆ، بۆیە دەمانەوێت ئەو مادەیە زەرورییە لەو یاسایەدا ئەوەی تر پەیوەندی بە خاڵی دووەمە لە ماددەکە بڕگەی دووەم هەوڵدانەکە بکرێتە کار دەکات بۆ هێنانەدی کەشێکی پەروەردەیی، وە ئەوی تر پەیوەندی بە بەدواداچوون و دابینکردنی بەڕێوەچوونی پڕۆسەی پەروەردەیی من پێموایە بکرێتە دەستەبەر کردنی بەڕێوەچوونی پڕۆسەی پەروەردەیی ئەو بەدواداچوون و دابینکردن لابدرێت ئەوەی پەیوەندی بە هەمان شت هەیە وشەکە لێکدراوە باش بەڕێوەچوونەکە لێك جودا بکرێتەوە، چونکە تێکەڵکراوە لە بڕگەی هەشتەمدا دەستپێشخەری کردن بۆ داڕشتن باشە ئەگەر دەستپێشخەری نەکرد ئەو وەختە مەسئولییەت دەکەوێتە سەر و لاوانەیە سزایەك بدرێت، بۆیە بە رای من ئەو دەستپێشخەرییە بکرێتە ئەرکی سەر شانییەتی یەعنی دەبێت ئەمر بکات بە داڕشتنەکە و بەتایبەتی لەگەڵ دەستەی کارگێڕی یاخود دەستەی وانە وتنەوە خاڵی نۆیەم هەڵسەنگاندنەکە تەنها بەڕێوەبەر بەڕێوەی نەبات بەڵکو لەگەڵ بەهەماهەنگی بێت یان بە هاوبەشی لەگەڵ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆڕی خوێندکاران هەر یەکەیان بە رێژەیەك بێت هەموو نسبەکە لە لایەن بەڕێوەبەر نەبێت لە خاڵی یازدەیەم باس لە کردنەوەی ئەو تۆمارانە دەکات کە ئاماژەی پێ بکرێت لە کۆتایی دێرەکە بە پێی رێنماییەکان دیاری دەکرێت ئەوەش ئیزافە بکرێت، وە لە خاڵی دوازدە و چواردە پێموایە بکرێتە یەك بڕگە و سەر لە نوێ دابڕێژرێتەوە، وە بەرزکردنەوەی نووسراوە پەیوەندیدارەکان بە پرسی پەروەردە و فێرکردن و پەیوەند بە کارە کارگێڕییەکانی خاڵێکی تر دەمەوێت ئیزافە بکەین بەڕێوەبەر پابەند بوون و جێبەجێ کردنی بڕیار و رێنمایی و راسپاردەکانی دامەزراوەکانی سەرووی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عثمان فەرمووو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، من پێشنیارێکم هەیە لە خاڵی دوازدە کە نوسراوە گواستنەوەی هەر فەرمانبەرێکی پەروەردەیی وەك ئەوەی بەرژەوەندی گشتی دەیخوازێت بە مەرجێك هۆکارەکانی پێشنیارەکە خرابێتە رووی ئەنجومەن و دامەزراوەکە، بۆ ئەوەی کە پۆستەکە ئیستغلال نەکرێت بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەڕێوەبەرەکە بتوانێت غەرەز شەخسیی لەگەڵ ئەو کەسەی کە مەعنییە بۆ نەقلەکە دوای گفتوگۆ ئەو قەیدەشی بۆ زیاد بکرێت دوای گفتوگۆ نەك هەر بەرژەوەندی گشتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی کاك دکتۆر محی الدین دەکەم، وە هەروەها خاڵی دووەم کە نوسراوە هەوڵدان بۆ هێنانەدی بکرێتە کار دەکات وە چوارەم و پێنجەم کە نوسراوە کارکردن ئەو وشەیەش بگۆڕێت بۆ وشەیەکی گونجاوتر سەبارەت بە خاڵی هەشتەم دەستپێشخەری کردن بکرێتە ئەرکی بەڕێوەبەر خاڵی نۆیەم بنوسرێت بەڕێوەبەر بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی هەڵسەنگاندنی کاری مامۆستایان لەناو پۆلەکانی خوێندن و کاری رێنماییکارە پەروەردەییەکان و پەرستار و خزمەتگوزارانی تەندروستی، چونکە لە ماددەی (٦١) خاڵی پێنجەم ئێمە پێشنیارمان کرد پەرستاران و خزمەتگوزاری تەندروستی تێدا زیاد بکرێت، بۆیە پێویستە ئەمەشی بۆ زیاد بکرێت پەرەستاران و خزمەتگوزارانی تەندروستی، سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦٢) ئەگەر سەیری ماددەی (٦١) بکەین لە رووی قانونییەوە لە تەوەری یەکەمدا دەڵێت بەڕێوەبەر یاریدەدەری بەڕیوەبەر تا کۆتایی بەس لێرە باسی ئەرکەکانی بەڕێوەبەر دەکات ماددەی (٦٠) دەڵێت بەڕێوەبەر نوێنەرایەتی دامەزراوە حکومییەکان دەکات ئەمە دەبوایە لە ماددەی (٦١) هاتبایە یەکسەر ماددەی (٦٢) بە دەستپێکردنی ئەرکەکان دەستی پێبکردایە بەو موڵاحەزەی کە کاك شێخ ظاهر وتی کارەکانی بکرێت بە ئەرکەکان لە بڕگەکانی دووەم و بڕگەی چوارەم لەگەڵ پێنجەمدا پشتیوانی لە لنجە خان دەکەم کە ئەو هەڵدانانە بگۆڕدرێت یەکسەر بچێتە سەر بابەتەکە بۆ نمونە دووەم هەوڵدان بۆ هێنانە ئارای کەشی پەروەردەیی یەکسەر هێنانە ئارای کەشی پەروەردەیی و هێنانەکە شتێکی زیادە لە بڕگەی شەشەمدا دابەشکردنی بەشە وانەکان بە سەر مامۆستایان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ئەوە بە پێی پسپۆڕی و بە پێی شارەزایی بێت، وە لە سەرەتای دەوامیشدا بێت نەك لە دوو هەفتە دەوام بڕوات و ئینجا جەدوەل دابنرێت و کاتی بگۆڕێت ئەو بڕگەیەش زیاد بکرێت پاراستنی تایبەتمەندیەتی و نهێنییەکانی کارمەندانی ناو دامەزراوەکە لەلایەن بەڕێوەبەرەوە، چونکە زۆر جار نهێنییەکان دەچێتە لای بەڕێوەبەر هەم هی مامۆستا و هەم هی قوتابی و هەم هی کارمەند دەبێت پاراستنی ئەو نهێنییانە بکات، وە خاڵی نۆیەم هەڵسەنگاندنی کاری مامۆستایان لەناو پۆلەکانی خوێندن ئەمەی بۆ زیاد بکرێت ئەرکەکان و چالاکییەکانی دەرەوەی پۆلیش، چونکە هەڵسەنگاندن تەنها ناو پۆل ناگرێتەوە بەڵکو لە دەرەوەی پۆلیش کار و چالاکی هەیە بە ئیزافەی پشتگیرییەکەی مژدە خان کە لەو بابەتە کردی بۆ بابەتەکانی تر لە خاڵی دەیەم پشتیوانیکردنی فەرمانبەران و مامۆستایان ئەو دیکەیە بکرێت بە دامەزراوەکە، چونکە دیکە کەلیمەیەکی مەتاتییە و نابێت لەناو یاسا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیری و پشتەڤانیا دکتۆر محی الدین و خوشکا سەرچنار خانێ دکەم بۆ بۆچوونێت وانا، ئـو تەئکیـدێ جارەکـا دی دکەمەڤە بـۆ زێـدە کرنـا ڤـێ خـالێ چـونکی رێـڤەبەر نـاڤ مەدرەسـێدا ئیحتیکاکێ دکەت گەل قوتابی و قوتابی ئەسرارێت خۆ بۆ رێـڤەبەری دبێژیـت مامۆسـتا هنـدەك جارا دکەڤنە هندەك زەرفادا نهێنییێت خۆ بۆ مودیری دبێژن دا ئیجازێ و هاریکاریێ بۆ بکەت ئەم بێژین پێتڤییە تایبەتمەندی و نهێنییێت قوتابییا و کارمەندا ناڤ دامەزراوێـدا بپارێزیـت، چـونکی ناچێبیت مـودیر ئاگـادارە سـەر نهێنییـێت مامۆسـتایا و قوتابییـا فە دڤێـت بێـت دەقنـووس کـرن یەعنی نەس بێتە سەر کرن ئەرکە تایبەتمەندی و نهێنییێت قوتابیا و کارمەندێت نـاڤ دامەزراوێ بپارێزیت، سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێشـنیاز دەکەم لە ناونیشـانەکەوە بکـرێتە ئەرکـی بەڕێـوەبەر و یاریـدەدەری بەڕێـوەبەر لە دامەزراوە حکومییەکان، بـۆ ئەوەی مـاددەی (٥٣) لابرێـت و تەوەری سـێیەم لابرێـت ئەوە یەك دوو سەبارەت بە بڕگەی دووەمیان هەوڵدان بۆ هێنانە ئارای کەشی پەروەردە و فێرکاری گونجاو کە مایەی بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان بێت بکرێتە ئامانجەکانی ئەم یاسایە بێت وەك چۆن لە ماددەی چوار لە یازدە بڕگە خراونەتەڕوو، بۆیە پێشـنیازیش دەکەم بـڕگەی پێـنجەم لابرێـت، چونکە لە ئامانجە گشـتی و هاوبەشـەکانی مـاددەی چـوارە بـڕگەی دەیەم ئامـاژە بەمە کـراوە بە نیسبەت بڕگەی نۆیەمەوە رێنماییکـارە پەروەردەییەکـان بکـرێتە تـوێژەرە کۆمەڵایەتییەکـان، وە بڕگەیەك زیاد بکرێت بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی سەرەوە بەڕێوەبەر یاریدەدەرێکی هەبێـت و هاوکاری دەبێت کە ئەوەمان کرد دەتوانین بە ئاسانی تەوەری سێیەم لابەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر هەورامان لێرە نییە، گلستان خان فەرموو.

**بەڕێز گلستان باقی سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت مـاددێ (٦٢) بڕگـا شەشـێ بەری راپـۆڕت بهێـتە درسـت کـرن قسـەك لێـرە لادایە بەش کردنـی بەشـە وانەکـان بە یەکسـانی ئەو تێـدا نەمـایە نـوکە بەسـەر مامۆسـتایان بە شـێوەیەکی دادپەروەرانە من ڤی رەنگی نڤیسییە ئەگەر مە پێ بـاش بیـت دانێیـنەڤە دووبـارە دابەشـکردنی بەشە وانەکان بە یەکسانی بەپێی پسپۆڕی و تواناستی مامۆستایان بەسەریاندا و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و دڵنیـابوون لە پیـادەکردنی پلانـی سـاڵانەی خوێنـدن لە بـابەتە پەیوەندیـدارەکان بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی ئاریشا هەرا مەزن ئەڤڕۆ د کەرتێ پەروەردێدا نەڕێکخسـتنا میلاکیـیە

راسته رێڤەبەر چەند ماموستا ل قوتابخانا وی هەنە رێڤەبەر دێ وەسا بەشە وانا ل سەر دابەش کەت، لێ ل سنوورێ هەمی پەروەردێ پارێزگەها ئەڤ ئاریشە گەلەکا مەزنە کو میلاك یێ رێکخستی نینە، وە ئەم دزانین و دگەهیتە مە ماموستا هەیە چار هەتا پێنج بەشە وانا دبێژیت هەیە بیست و چار هەتا سی بەشە وانا ژی دبێژیت پتریا وان چار هەتا پێنج بەشە وانا دبێژن دناڤ سەنتەرێ باژێرا دانە ئو هندی ژمارا ماموستایا یا زێدەیە و ل دەرڤەی ڤی سنووری یەك بەشە وانا دبێژن تایبەت ئەوێن گوند و جهێن دوورە دەست، ژبەر هندێ یا فەرە ئیدی کار ل سەر ڤێ چەندێ بهێتە کرن هەتا ئەڤ پرۆژە دگەهیتە بوارێ جێبەجێ کرنێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

حسیبە خان فەرمو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تەوەری هەشتەم منیش پشتگیری ماموستا سەرچنار خان دەکەم پێویستە ئەو تەوەرە رێکخستنەوەی بۆ بکرێت چۆن لە تەوەری یەکەم و ماددەی (٦١) ئاماچە بە بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر ماموستا و فەرمانبەران کارمەندان دراوە، بۆیە ئەگەر بێتو لە ماددەی (٦١)ەوە هەتا تەوەری سێزدەیەم رێك بخرێت هەتا ئەرکەکان سەرەتا مەرجەکان ئینجا ئەرکەکان پاشان بێینە سەر فەرمانبەرانی دیکە لە ماددەی (٦٢) بڕگەی دووەم منیش پشتیوانی ئەو هەڤاڵانە دەکەم کە پێشنیاریان کرد هەوڵدانەکە هەڵبگیرێت بڕگەی چوارەم بکرێتە دەستەبەر کردنی ژینگەیەکی تەندروست پێنجەمیش کارکردنەکە هەڵبگیرێت بەرزکردنەوە بێت لە بڕگەی شەشەمیش پشتگیری ماموستا سەرچنار خان دەکەم بەوەی کە دابەشکردن بە پێی پسپۆری بێت، وە لەناو ئەو یاسایەدا زۆر جار دەستەواژەی دیکە بەکارهاتووە ئەو دیکەیە هەڵبگیرێت زۆر مەتاتییە لە بڕگەی دوازدەیەم و چواردەم پشتگیری رای دکتۆر محی الدین دەکەم لە سەر کۆی بابەتەکانیش برای بەڕێزم کاك دکتۆر رێبوار بابکەیی و هەروەها لنجە خان و کاك شێخ ظاهریش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر هەورامان ناوی نووسیوە بەڵام لێرە نییە، بەڕێز جەنابی وەزیر ئەگەر سەرنجێکتان هەیە فەرموون.

**بەڕێز ئالان حەمە سەعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو ئاماژەم پێدا ئەگەر مەجالمان بدەن ئێمە تێبینییەکان دەنووسین ئەوەی پرسیاری موحەدەدە پێش ئەوەی پشوو وەربگرن دە دەقەمان بدەنێ ئەو کاتە وەڵام دەدەینەوە.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ماددەی (٦٣) بەڕێزان.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری سێیەم:

ئەرکەکانی یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە دامەزراوە حکومییەکاندا.

ماددەی (٦٣):

یەکەم/ ئەرکی یاریدەدەری بەڕێوەبەر بۆ کاروباری کارگێڕی یارمەتیدانی بەڕێوەبەرە لە ئەرکە کارگێڕییەکاندا.

دووەم/ ئەرکی یاریدەدەری بەڕێوەبەر بۆ کاروباری قوتابیان یان خوێندکاران یارمەتیدانی بەڕێوەبەرە لە کاروباری قوتابیان و خوێندکاراندا، وە یارمەتیدان و ڕێنمایی کردنی قوتابیان و خوێندکاران و هەر ئەرکێکی دیکە کە بەڕێوەبەر پێی دەسپێرێت.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی بەڕێزان لە سەر ئەم ماددەیە هەر کەسێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات با دەست بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی ناوی تۆمار بکەین، بەڕێزان ئەوانەی دەیانەوێت گفتوگۆ لە سەر ئەو ماددەیە بکەن بریتین لە (مژدە خان، کاك مەم، شیرین امین، دکتۆر ڕێبوار، محمد سعیدالدین، کاك ازاد، کاك هیمداد، ڕۆبینە خان، سارا خان) کەسی تر هەیە؟ شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦٣) لە ڕاستیدا ماددەی (٦٣) دەتوانین بڵێین تەواوکەری ماددەی (٦٢)یە دەکرا بە یەك تەوەر بووایە پیویست ناکات تەوەرێکی تری بۆ ئیزافە بکرێت ئەوە سەرنجێکە، وە زائیدەن ڕەنگە بۆ ماددەی (٦٣) بۆ ماددەی (٦٢) دروست بێت کە باس لە پێوەری دانان و هەڵسەنگاندن نەکراوە پێویستە ڕەچاوی پێوەری زانستی و پەروەردەیی و ئیداریش بکرێت بۆ دانانی ئەو دوو پێگەیە، و پێشنیارێکی ترم ئەوەیە کە پێویستە وەزارەت هەل بڕەخسێنێت بۆ مامۆستا بۆ پەرەپێدانی تواناکانی نەك تەنها ڕەخساندنی هەل بۆ ئەوەی ببێت بە بەڕێوەبەر یاخود یاریدەدەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك هیمداد فەرموو.

**بەریز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری سێیەم ئەرکەکانی یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە دامەزراوەکانی حکومییەکاندا منیش شێوەی شیرین خان ئەو ماددەیە تەواوکەری ماددەی (٦٢)، بۆیە ئەم جۆرە ئەرك و کارەکانی کارگێڕی و ئیداری بە ڕاستی لە یاسایەکی وا هاتن موهیمە، بەڵام وابزانم هەمووی تەحسیل حاسڵە ئەوانە دەکرا بە پەیڕەوێکی تر ئاماژە پێبکرێت و لەوێ بنووسرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕۆبینە خان فەرموو.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦٣) بڕگەی یەکەم ئەرکی یاریدەدەری بەڕێوەبەر بۆ کاروباری کارگێڕی یارمەتیدانی بەڕێوەبەرە لە ئەرکە کارگێڕییەکاندا لێرە بەریوەبەر بڕیادەر کرییە پێویست بوو لێرەشدا بەحسێ سەرپەرشتیار بێتە کرن ئایا پەیوەندیێت وی گەل بڕیادەر و بەرێوەبەر دێ چەوا بیت؟ سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك محمد سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو رایەکەی رۆبینە خان شێوازی پەیوەندی بەرێوەبەر لەگەڵ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی نەنوسراوە باسی بەرێوەبەرایەتییەکان کراوە لەوانەیە بەڕێوەبەر یاخود یاریدەدەر دوو مانگ سێ مانگ پیویست نەکات سەردانی پەروەردە بکات، بەڵام سەرپەرشتیاری پەروەردەیی کێشە هەبێت و نەبێت بە شێوازێکی دەوری هەڵسەنگاندنی مامۆستایان دەکات لە قوتابخانەکان، بۆیە لێرە جێگایەك بکرێت شێوازی پەیوەندی نێوان بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاری پەروەردەییش زیاد بکرێت، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ازاد فەرموو.

**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەبینم لەو پرۆژە یاسایە بەرنامەی ناوخۆ و یاسا تێکەڵ کراوە لە ستافی پەروەردە و بەڕێز وەزیر دەڵێم جیا بکرێتەوە بەرنامەی ناوخۆ لەگەڵ یاسا جیا بکرێتەوە کە شتێك دەبێت دەچیتە ناو یاسا بەڵام ئێستا لەو ماددەی (٦١، ٦٢، ٦٤) بڕۆ هەمووی بەرنامەی ناوخۆیە کە چۆن ئیش بکەی پەیڕەوی ناوخۆیە بە رای من لە هەرێمی کوردستان لە سەر پەروەردە چوار کێشەمان هەیە کێشەی بینامان هەیە کێشەی مامۆستامان هەیە کێشەی دەوامامان هەیە و کێشەی پرۆگرامامان هەیە چۆن بە یاسایەك ئەو کێشانە حەل دەکرێت من یادداشتێکم داوە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، وە پێشنیاریشم کردووە چۆن ئەو کێشانە حەل دەکرێت بە رای من کێشەکان حەل بکەین بە یاسا و جیاش بکەینەوە....

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ئەو ماددەیە قسە دەکەی جەنابت یا لە سەر یادداشتەکەت؟

**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ئێستا پەیڕەوی ناوخۆیە یاسا نیە..

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش کاك ازاد، دکتۆر رێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەبدەئیەن لەگەڵ ئەوەم ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە نەکرێتە بەشێك لە ماددەی پێشووتری، چونکە دوو ئەرکی جیایە بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا هەرچەندە لە بڕگەی دووەم ئاماژە بەوە کراوە یەکێك لە ئەرکەکانی یاریدەدەری بەڕێوەبەر ئەوەیە بۆ کاروباری قوتابیان و خوێندکارانە دەمەوێت بە تەحدیدی بڕگەیەکی تری بۆ ئیزافە بکرێت کە پێموایە گرنگە ئەویش ئەوەیە کە یەکێك لە ئەرکەکانی یاریدەدەری بەڕێوەبەر ئەوە بێت بەدواداچوون بۆ کێشەی قوتابیان و خوێندکاران بکات لەناو قوتابخانەدا، وە چارەسەرکردنیان ئەمە ئەگەر بە تەحدیدی ئاماژەی پێبکرێت زۆر گرنگە.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك لقمان فەرمو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦٣) وا دەردەکەوێت کە وەزارەت دوو یاریدەدەر دادەنێت بۆ قوتابخانەکان لە راستیدا ئەزمونی دانانی زۆری یاریدەدەری کە پێشتر لە زانکۆکانیش ئەم ئەزمونە تاقیکراوەتەوە پێمانوایە ئەمە جگە لە رۆتینات شتێکی تر زیاد ناکات، بۆیە ئەگەر سیستەم هەبێت پێویست ناکات ئێمە ئەو هەموو یاریدەدەرە زیاد بکەین پێمانوایە یەك یاریدەدەر کافیە بۆ رایکردنی ئیش و کارەکانی خوێندنگاکان دوو یاریدەدەر زیادە و بکرێت بە یەك یاریدەدەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر پێشنیازەکەم بۆ ماددەی پێشووتر جێبەجێ کرا ئەوەی کە یاریدەدەرێك ئەرکەکانی رادەپەڕێنێت پێموایە جەدوای نابێت ئەو تەوەرە و پێویستە لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦٣) پرسیارێکم هەیە زۆرێك لە قوتابخانەکان سێ دەوامی تێدا دەکرێت بەڕێوەبەر ناتوانێت لە هەر سێ دەوامەکە بەڕێوەبەرایەتی ئەو خوێندنگایە بکات ئایا لە دەوامێکدا کە یاریدەدەری بەڕێوەبەر رۆڵی بەڕێوەبەر دەبینێت هەر ناوی یاریدەدەری بەڕێوەبەرە لەو دەوامەدا یاخود ناوێکی تری بۆ دادەنرێت یاخود بەڕێوەبەر دەبێت لەوێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند ماددەی دوای ئەوە فەرموون.
**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
تەوەری چوارەم
ئەرکەکانی مامۆستا
ماددەی (٦٤):
یەکەم/ پەروەردە کـردن و فێرکردنـی قوتـابی و خوێنـدکار بەپێـی پرۆگرامەکـانی خوێنـدن و گەشەپێدانی گیانی داهێنان و خوێندنەوەی بنیادنەرانەی دەقەکان.
دووەم/ پشتیوانی کردنی قوتابی و خوێندکار لە بنیادنانی بەهاکان و کەسایەتی و متمـانە پەیـدا کردن بە خود.
سێیەم/ رەچاوکردنی تواناکانی قوتابیان و خوێندکاران لە کاتی وانە وتنەوە.
چـوارەم/ دارِشـتنی پلانـی سـاڵانەی خوێنـدنی ئەو بابەتـانەی کە مامۆسـتاکە دەیـانلێتەوە و دابەشکردنی بەسەر قوتابیان و خوێندکاراندا.
پێنجەم/ ئامادەکردنی قوتابیان و خوێندکاران بۆ تاقیکردنەوەکان و ئامـادەکردنی پرسـیارەکان و چاودێری کردن و راستکردنەوەی وەڵامی تاقیکردنەوەکان و دانانی نمرەکان.
شەشەم/ گەشەپێدانی زانیاری و توانا خودییەکان لە رێگەی بەشداری کرن لە خولە پەروەردەیی و فێرکارییە جۆراوجۆرەکان و بەدواداچـوون و بەرەو پێشـچوونە هاوچەرخەکـان لە بـوارەکەی خۆیدا و بەشداری کردن لە فێربوونی بەردەوام و فێرکردنی کەسانی دیکەدا.
حەوتەم/ هەمـاهەنگی لەگەڵ کـارگێڕی دامەزراوەکە بـۆ بەدیهێنـانی ژینگەیەکـی پەروەردەیـی و فێرکردنی باش.
هەشـتـەم/ پێـدانی ئەو زانیارییـانەی کە کەس و کـاری قوتابیـان و خوێنـدکاران داوای دەکەن سەبارەت بە قوتابی و خوێندکارەکانیان لە پێناو بەرەو پێشچوونی خوێندنیان.
نۆیەم/ چاودێری سەلامەتی قوتابی و خوێندکار لە کـاتی وانە و لەو کـاتەی لە ژێـر سەرپەرشـتی مامۆستادان.
دەیەم/ پێشکەش کردنی نوسراو وپێشنیاز لە کاتی پێویست بە کارگێڕی دامەزراوەکە سـەبارەت بە چۆنییەتی بەرەو پێشبردنی دامەزراوەکە و دابینکردنی دڵنیایی جۆری سەلامەتی تێدا.
یازدەیەم/ بەشداریکردن لە چـالاکی و ئەرکە پێویسـتەکان لە دامەزراوەکەدا لە پێنـاو دەسـتەبەر کردنی بەردەوامی خوێندن لە ژینگەیەکی دروست و دابینکردنی دڵنیایی جۆریدا.
دوازدەیەم/ هەر ئەرکێکــی پەروەردەیــی و فێرکردنــی دیــکە کە لە لایەن بەڕێــوەبەر پێــی دەسپێردرێت.
سێزدەیەم/ رێزگرتن و پاراستنی تایبەتمەندی و نهێنی قوتابی و خوێندکار و دامەزراوەکە.
چواردەیەم/ هەر ئەرکێکی پەروەردەیـی و فێرکردنـی دیـکە کە لە رێـگەی رێنمـاییەوە کە وەزیـر دەریدەکات پێی دەسپێردرێت.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان لە سەر ئەم ماددەیە هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات با دەست بەرز بکاتەوە، بۆئەوەی ناوی تۆمار بکرێت بەڕێزان لە سەر ماددەی (٦٤) ئەو بەڕێزانە دەیانەوێت گفتوگۆ بکەن (کاك مەم بورهان، دکتۆر اسماعیل، مامۆستا عمر، سەرچنار خان، هلز خان، بدریە خان، سارا خان، رۆبینە خان، کاك مەلا ناصر، خاتوو شیرین، کاك بهجت، کاك چیا، کاك پێشەوا، کاك شێخ ظاهر)، کاك مەم فەرمووو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ بڕگەی یەکەم من بەشێوەیە پیشنیاز دەکەم یەکەم بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم یاسایە و پرۆگرامەکانی خوێندن لە پەروەردەکردن و فێرکردنی قوتابی و خوێندکاردا کە ئامانجەکانی ئەم یاسایە کە لە ماددەی چواردا هاتوون ئەو کاتە ئاساییە بڕگەی دووەم لاببرێت، چونکە لەناو ئامانجەکان گشتییەکان و هاوبەشەکاندا هاتوون، وە بڕگەی شەشەم پێشتر لە ماددەی (٣) بڕگەی هەشتەم ئاماژەی پێکراوە، وە بڕگەی یازدەیەم دیسان پێموایە پێویست دەکات لاببرێت، چونکە ئەوانە دیسان لە ماددەی ناوبراودا ئەوەی پێشتر ئاماژەم پێکرد هاتووە دەکرێت بڕگەی دوازدەیەم کە دەڵێت هەر ئەرکێکی پەروەردە و فێرکردن کە لە لایەن بەڕێوەبەرەوە پێی دەسپێردرێت پێموایە ئەو دەسەڵاتە نەدرێتە بەڕێوەبەر بۆ نمونە بە مامۆستای بیرکاری بڵێت تۆ وەرە دەرسی کوردی بڵێوە یا جوگرافیا بڵێوە ئەم ئەرکە پەروەردەییانە پێویست ناکات مودیر ئەوە بکات، چونکە لە بڕگەی چواردەیەمدا کافیە کە ئەرکی پەروەردە و فێرکردنی دیکە کە لە لایەن وەزارەتەوە بە ڕێنمایی دیاری دەکرێت لەوانە ئەگەر شتێك پێویست بکرێت وەزارەت ئەوە دیاری بکات نەك بەڕێوەبەر ئەو ئەرکە بە مامۆستایەکی دیکە بسپێرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بدریە خان فەرمووو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦٤) کە باس لە ئەرکەکانی مامۆستا دەکات تەبعەن لەم پرۆژە یاسایەدا کەم باسی مافەکان کراوە دەتوانم بڵێم هەر باس نەکراوە جگە لە هەگبەی مامۆستا کە ئەویش گشتگیرە لەگەڵ بەریوەبەر و ئەوانی تر هێناوەتی ماددەی (٩٦)، بۆیە من پێشنیار دەکەم دوای ئەرکەکانی مامۆستا مافەکانی مامۆستاش دیاری بکرێت کە بۆ نمونە پلە بەرزکردنەوە، مووچەی، شایستە، بیمەی تەندروستی، خانەنشینی شایستە هەموو ئەوانە گرنگە کە بە ماددەیەك جێگەی بکرێتەوە، وە پێشنیار دەکەم چەند بڕگەیەك زیاد بکرێت یەکەم ئەرکی مامۆستایە بە وتنەوەی وانەیە لە پۆلدا بەداخەوە خەریکە دەبێتە دیاردە لە زۆرێك لە قوتابخانەکان وانەی تایبەیبەت ئەفزەلیەتی زیاتر دەدرێت بە وانەی تایبەت کەمتر بۆ نمونە لە پۆلدا بابەتی شەرح و زۆر جار گلەیی خوێندکارەکان بۆمان دێتەوە کە مامۆستا دەڵێت لێرەدا فریا ناکەوین یا لە وانەی تایبەتدا دەتوانن ئەو بابەتە شیکاری زیاتری بۆ بکرێت یەکێکی تر لە بڕگەکان گرنگی بە بواری کەسایەتی قوتابی و خوێندکار لە رووی رەوشت و بەهاکانەوە گرنگە بۆی زیاد بکرێت، وە رەچاوکردنی

یەکپۆشیش کە جل و بەرگێك بێت کە لەگەڵ کلتوری کۆمەڵگا گونجاو بێت و کێشە لە پۆلدا دروست نەکات واتا یەکپۆشی بێت چۆن فیئەکانی تر وەك تەندروستی و بۆ نمونە بەشی سەندیکاکان و هەموو ئەوانە جلی تایبەتیان هەیە ئەگەر بۆ نمونە یەکپۆشیش نەبێت سەدریەکی موحتەشەم بپۆشێت لە کاتی وتنەوەی وانەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مەلا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، تەوەری چوارەم ئەرکەکانی مامۆستا لە بڕگەی یەك پەروەردە کردن و فێر کردنی قوتابی و خوێندکار بە پێی پرۆگرامەکانی خوێندن و گەشەپێدانی گیانی داهێنان و خوێندنەوەی بنیادنەرانەی دەقەکان لێرە پەروەردە کردن و فێر کردنی قوتابیان و خوێندکاران بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت لەو بەینە ئەوە لە خاڵی یەکەم، بەڵام ماددەی (٦٤) ئەرکەکانی مامۆستا لە چواردە بڕگە باسکراوە رۆڵی پێویستە لەگەڵ ئەو ئەرکانە وەکو ئەوەی بدریە خانیش وتی مافەکانی مامۆستا جێگیر بکرێت، لەبەر ئەوەی باشکردنی گوزەرانی مامۆستایان پێویستە حکومەت ژیانێکی شایستە بۆ مامۆستایان دابین بکات بە دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون یان پێدانی زەوی و شکۆ و پێگە و ناوبانگی مامۆستا گەورەترە، چونکە هەموو چین و توێژەکان بەرهەمی بیر و هۆشی مامۆستایانن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پیشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا من هەم بۆ هەڤاڵانی وەزارەت و هەم بۆ هەڤاڵانی لیژنە وشەی قوتابی و خوێندکار هەردووکیان بە تەنیا زۆر جوانن کاتێك دەڵێی قوتابی هیچ کێشەیەکی نییە کاتێك دەڵێی خوێندکار هەر وشەیەکی جوانە، بەس کاتێك کە پێکەوە نوسراون لەخۆیەوە دێگەڵەت بیر دێتەوە موستەڵەحێکی حزبییە یەعنی من نازانم ئایا قوتابی و خوێندکار دوو فیئەی جیاوازن کە لە هەموو رستەکاندا دووبارە کراوەتەوە؟ پەرلەمانی کوردستان و لیژنەی پەروەردە ئێمە دەبێت ئازایەتیمان هەبێت لە هەندێك بابەت و رۆڵمان هەبێت لە کاڵکردنەوەی ئەم شتانەی کە برینی ناخۆش و شتی ناخۆش بیری ئێمە دەهێننەوە، بۆیە ئەگەر هیچ نەبێت لە یاساکە لە سەر ئەوە رێککەوین یەعنی بۆ نمونە بیکەنە فێرخواز موعقول نییە لە هەموو شوێنێك نوسراوە قوتابی و خوێندکار هەمووشی یەك مەعنای هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك بهجت فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەرکەکانی مامۆستا ماددەی (٦٤) بڕگەی چوارەم دارشتنی پلانی ساڵانەی خوێندنی ئەو بابەتانەی کە مامۆستا دەیانڵێتەوە دابەشکردنی بەسەر قوتابیان و خوێندکاراندا پێشنیار دەکەم لێرە مامۆستا پلانا خۆ یا ساڵانە پشتی دەرئینانا رۆژانێت بێنڤەدانی ل دیڤ رۆژ ژمێرا هەی ل هەرێما کوردستانێ پلانا خۆ یا ساڵانە بدەتەڤ بەرێڤەبەرێ قوتابخانێ یەعنی رێڤەبەرێ قوتابخانێ پلانا وەربگریت پەسەند بکەت ئینجا یا دوویێ هەروەسا پێشنیار دکەم کو مامۆستا پلانا خۆ یا رۆژانە بدەتە قوتابیا یەعنی سەر قوتابییێت خۆ دابەش بکەت پێشنیار دکەم دوو ماددێت دی بێنە زێدە کرن پشتی خاڵا چاردێ ئو پازدێ گرنگیدان بە بەکارهێنانی تاقیگەی قوتابخانە وەك تاقیگەی فیزیا و کیمیا و زیندەوەرزانی بۆ گرێدانی بابەت بە کرداری یەعنی ئەم هەمی قوتابی بووینە و زانین ئەو تشتێ مایە ل هزرا مە و ئەو کات بوویە کو ئەم چووینە تاقیگەهێ و ئەو تشتێت بۆ مە ب کار ئینای ب چاڤ دیتین ئەوێت مایبنە ل بیرا مە رەنگە گەلەك تشتێت دی گوتینە مە هەر ل بیرا مە نەبووینە، وە خاڵەکا دی زێدە ببیت سەر دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی توندوتیژی و قسەی نەشیاو گەل قوتابی و خوێندکارا یەعنی ل ڤێرێدا مامۆستا ئەرکێ وییە ئەڤێ موراعات بکەت، هەروەسا پێتڤییە ژی وەکی هاوکارێت مە ژی بەحس کرین کو مافێ مامۆستایا ژی بێتە دەستنیشان کرن مافێت وان چنە ئەڤە وەکو ئەرك بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك تێبینی هەبوو یەك ژ ئەرکێت هەری گرنگ یێ مامۆستای ئەوە هەماهەنگی و خورت کرنا پەیوەندیا گەل دایك و بابێت قوتابیاندا د گەل کەس و کارێت قوتابیاندا بەلێ ب مخابنیڤە د ڤان ماددا دا ژ ئەرکێ مامۆستای ب هیچ شێوازەکێ بەحس ل پەیوەندییا ناڤبەینا مامۆستا د گەل قوتابیادا نەهاتیە کرن بۆ وێ ژی من پێ باشە ژ ئەرکێ هەری گرنگ یێ مامۆستای خورت کرنا پەیوەندییانە د گەڵ ماڵباتێ ب هیچ شێوازەکێ نەهاتییە بەحس کرن من پێ باشە لیژنا تایبەتمەند بەرسڤەکێ بدەت ئایا بۆ چی ئەڤ بابەتێ گرنگ نەهاتییە بەحس کرنێ، هەروەسا بڕگا دوازدێ و چاردێ بڕگا دوازدێ بێژیت هەر ئەرکێکی پەروەردەیی و فێرکردنی دیکە کە لە لایەن بەڕێوەبەر پێی دەسپێردرێت خاڵا چاردێ ژی هەمان مەفهومە کە لە لایەن رێنماییەکانی وەزیرەوەیە وەزیر راستەوخۆ رێنمایی نادەتە مامۆستایان وەزیر دێدەتە پەروەردێ و ئیدارا پەروەردێ دێدەتە مامۆستایا من پێ باشە خاڵا دوازدێ و چاردێ ببیتە یەك خاڵ و یەك ژ وانا بێتە لادان بەس ب یەك کەلیمە دێشێت بکرێتە یەك بڕگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك شێخ ظاهر فەرموو.
**بەڕێز ظاهر محمد علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٦٤) خاڵی هەشتەم پێدانی ئەو زانیارییانەی کە کەس و کاری قوتابیان تا کۆتایی دێرەکە من پێم باشە سیاغەکەی بەم شێوەیە لێ بکرێت هەماهەنگی کردن لەگەڵ کەس و کاری قوتابیان و خوێندکاراندا بە پێدانی زانیاری لەپێناو بەرێوەچوونی پەروەردە و خوێندنیاندا بە شێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ رەوشی پەروەردە لە هەرێمدا، سوپاس.
**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، سارا خان فەرموو.
**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
تەوەری چوارەم ئەرکەکانی مامۆستا ماددەی (٦٤) بڕگەی دووەم پشتیوانی کردنی قوتابی و خوێندکار لە بنیادنانی بەهاکان و کەسایەتی و متمانە پەیدا کردن بە خود پێموایە باشتر وایە کە کەسایەتی مامۆستاش پێناسەیەکی بۆ بکرێت پێویستە کەسایەتی مامۆستا بۆ راهێنانی کاری پەروەردەیی و وانە وتنەوە ئامادەکاری چۆنیەتی مامەڵەکردن و هەڵسوکەوت لەگەڵ قوتابی و خوێندکار ئامادەیی بۆ بکرێت هەر هەنگاوێکی مامۆستا یان هەر وشەیەك کە دەریدەبڕێت کاریگەری خۆی دەبێت بۆ سەر قوتابی، وە لەهەمان ماددە پشتگیری لە قسەکانی بدریە خان دەکەم پێویستە مافەکانی مامۆستاش دیاری بکرێت، زۆر سوپاس.
بگونجێت لەگەڵ رەوشی پەروەردە لە هەرێمدا، سوپاس.
**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
رۆبینە خان فەرموو.
**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٦٤) بڕگەی دوازدە و چواردە پێویستە هەر دووکیان بنە یەك بڕگە و بڤی شێوازی بهێتە نقیسین هەماهەنگی کردن لەگەڵ رێنمایی پەروەردەیی بۆ ئەو پێشهاتانەی لەنێوان قوتابی و خوێندکار وهۆیەکانی خوێندن یان بەو هۆیەوە دروست ببێت، وە پشتگیری لە قسەکانی کاك چیا و شێخ ظاهر دەکەم، سوپاس.
**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، شیرین خان فەرموو.
**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (٦٤) کە ئەرکەکانی مامۆستایە لە چواردە بڕگە پێکهاتووە، بەڵام پێموایە لە هیچ بڕگەیەکدا ئاماژە بە پەیوەندی نێوان مامۆستا و فێرخواز نەکراوە لە کاتێکدا ئەمە یەکێکە لە ئەرکە ئەساسییەکانی مامۆستا رەنگە ئەم نمونەیە لە زۆربەی ناوەندەکانی خوێندندا بوونی

هەبێت زۆر فێرخواز هەیە کە چاوی دەکەوێت بە مامۆستا بە حـوکمی رەنـگە هەنـدێك سـلوك و هەڵسـوکەوتی ئەو مامۆسـتایە لە رووی توونـدوتیژییەوە تەنـانەت ئەو خوێنـدکارە ئەوەشـی کە دەزانێــت و ئەو زانستەشــی کە پێــیە رەنــگە ســفر بێــتەوە، بــۆیە ئەمە یەکــێکە لە ئەرکە ئەساسـییەکانی مامۆسـتا، وە پێشـنیاز دەکەم ئەو ئەرکەیە لە پـاڵ ئەرکەکـانی مامۆسـتا جێگیـر بکرێت هەر مامۆستایەك کە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ فێرخوازدا هەبێـت ئەوە ئاسـتێکی زۆر زۆر باشە لە رووی پەروەردەیـی و زانسـتی و رۆشـنبیرییەوە، بـۆیە بە پێویسـتی دەزانـم بـوونی هەبێـت، وە سـەبارەت بە مـاددەی (٦٤) بـڕگەی یەکەم پشـتگیری لە رەئـی کـاك مەم دەکەم و بـۆ مافەکانی مامۆستا بەداخەوە بە پێی پێویست لەم یاسایەدا جێگیـر نەکـراوە پشـتگیری لە رەئـی بدریە خخان و کاك مەلا ناصر دەکەم پێویستە جەخت لە دابینکردنی بژێـوی ئاسـتی گـوزەران و ژیـانی مامۆسـتا بکـرێتەوە لە بەرامـبەر ئەو پـێگە و رۆڵە گـرنگەی لە پرۆسـەی گەشەسـەندنی کۆمەڵگا و نەوەکانی ئایندەدا دەیگێڕێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیێت من سەر ئەرکەکانی مامۆستا ماددا (٦٤) بڕگا سـێیەم و چـوارەم و پێـنجەم و هەشـتەم سـێزدەیەمە بەرێــز جەنــابێ وەزیــری د سـێیەمدا هــاتی رەچــاوکردنی تواناکــانی قوتابیــان و خوێندکاران ئەگەر مەبەستا وانا ل ڤێرێ فروقات فردیە بیت ئەڤە غەڵەت یـا هـاتیە وەرگێڕانـێ پێتڤییە ب سیاغەکا دیتر رەچاوکردنی جیاوازی تواناکـانی قوتابیـان دا بیـتە (فـروق فـردیە)، وە سەبارەت ب بڕگا چوارەم داڕشتنی پلانـی سـاڵانە و رۆژانەش هەیە دوو پـلان هەنە مامۆسـتای پلانا ساڵانە و پلانا رۆژانە ئەو بابەتەنە کە مامۆستا دەڵێتەوە هەتا ئێرە تەمامە بەس بڕگا دیتـرێ یا زێدەیە یەعنی مەعقولە مامۆسـتای سـەد و پێـنجە تەڵەبە هەبـن سـەد و پێنجـی پلانـا کـۆپی بکەت و بدەتە تەڵەبا؟ نە یێ مولزەمە ب وێ چەندێ، ژبەر هندێ تنێ رێڤەبەری مافێ هەی ئەڤێ پلانێ دەڤ خۆ بهەلگریت، وە سەبارەت ب بڕگا پێنجەم دەبیت سیاغەکا دیتر بـۆ بێـتە کـرن ڤـی شێوازێ هەنـێ ئامـادەکردنی پرسـیارەکان و بەشـداری کـردن لە ئەنجامـدانی تاقیکردنەوەکـان و پشکنین راستکردنەوە نینە جەنابێ وەزیری پشکنینە وەڵامی تاقیکردنەوەکان و دانـانی نمرەکـان بە گوێرەی دروستی وەڵامەکانیان هەشتەم ل ڤێرێ د بێژیت پێدانی ئەو زانیاریـانەی کە کەس و کاری قوتابیان هەشتەم د گەل سێزدەیەم پاراسـتنی تایبەتمەنـدی و نهێنـی قوتابیـان تەقـریبەن دژی یەکن هەموو کەس و کارێ تەڵەبەی ماف نینە نهێنیێت تەڵەبەی بزانیت و نمرێت وی بزانیت بەس بەخێوکـارە، ڤێجـا ل ڤێـرێ دەبیـت بهێـتە تەحدیـد کرنــێ پێـدانی ئەو زانیـارانەی کە بەخێوکـاری قوتـابی تەڵەب بـکەت کەس و کـار ئیحتیمـالە مـام دێهێـت ئیحتیمـالە خـاڵ دێهێـت ئیحتیمالە پسمامەك دێهێت دێ هندەك تشتا سەر ڤی قوتابی کەت ئەڤە ژی دێبیـتە هەڤـدژ سـەر بڕگا سێزدێ بڕگا سـێزدە رێزگـرتن و پاراسـتنی تایبەتمەنـدی رێزگـرتن یـا زێـدەیە ل ڤێـرێ بتنـێ پاراستن و تایبەتمەندیا نهێنییا قوتابیان بێتە کرنێ بڕگا دوازدە بێتە پشت سێزدە و بڕگا چـاردە ژی بهێتە...

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس هلز خان ئەگەر بە نووسین بیاندەیتێ، سەرچنار خان فەرمووە.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا هلز دەکەم بە ئیزافەی ئەم خاڵانە بڕگەی یەکەم و دووەم ئەو بنیادنانەوە نییە بونیادنانەوەیە ئەگەر رێك بکرێتەوە لە بڕگەکانی کە مامۆستا هلز باسی کرد پشتگیری لێ دەکەم لە بڕگەی دوازدەیەم و سێزدەیەم و چواردەیەمدا لە بڕگەی دوازدەیەم دەڵێت هەر ئەرکێکی پەروەردەیی و فێرکردنی دیکە کە لە لایەن بەڕێوەبەر پێی دەسپێردرێت لێرە ئەمەت هێناوە دوایی دیسان ئەرکێکی دیکە لە سێزدەیەمدا هاتووە دەڵێت رێز گرتن و تایبەمەندی جارێ ئەو بڕگەی چواردە زیادە مادام لێرە ئەرکی پەروەردە و فێرکردن کە لە لایەن بەڕێوەبەرەوە پێی دەسپێرێت چواردە لابرێت دەمێنێتەوە سێزدە مادام هەر ئەرکێکت داناوە سێزدە بچێتە شوێنی دوازدە، وە دوازدەش ببێت بە سێزدەش ببێت بە ئەخیر دانە، چونکە هەر ئەرکێك بێت ئەوە بەڕێوەبەر پێی دەسپێرێت جا رێنمایی وەزیریشی ناوێت بێت تەداخول بکات لە کاری مامۆستادا مادام بەڕێوەبەر خۆی رێنمایی دەردەکات، بەڵکو لە کۆتاییدا وەزیر خۆی رێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی یاساکە دەردەکات ئیتر هەموو ماددەیەك دوو جار دەڵێت وەزیر رێنمایی دەردەکات سێ جار دەڵێت وەزیر رێنمایی دەردەکات وا دەزانم ئەوە ئاڵۆزییەك دروست دەکات لە یاساکە وە لە جێبەجێ کردنیشی زۆر گرفت دروست دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستپێکێ ئەز پشتەڤانیا کاك پێشەوای دکەم بۆ بۆچوونا وی فیعلەن پێتڤیە ئەڤە بێتە چارەسەر کرن قوتابی و خوێندکار و ئەو پێشنیارا وی کری کو فێرخواز بێتە جهێ وانا ئەو پتر گونجیت گەل ناڤ و نیشانێت ڤێ یاسایێ ناڤ و نیشانێت یاسایێ یاسا پەروەردە و فێرکردنێیە دڤێت وەختێ ئەم ناڤێ قوتابی وەرگرین ئەڤی ناڤی ژ وی عینوانی ئیشتیقاق بکەین ژێ بێتە وەرگرتن پەروەردە و فێرکردن ژ فێرکردنێ دێبێژنێ فێرخواز باشترە کو دا ئەم ژ ڤێ خەلاس بین و ئەو رامانێت تێدا هەین یێت حزبینە یا دی ئەز پشتیڤانییا بۆچوونێت خوشکا هلز و سەچنار خانێ دکەم، وە دیسا پشتەڤانیا کاك چیا دکەم سەر نوقتا چاردێ تەبعەن هەر سەرچنار خانێ و خوشکا هلز ژی هەر ئەو گۆت یا چاردێ یا زێدەیە، چونکی راسپاردنا مامۆستا مودیرێ مەدرەسێ دکەت نەك جەنابێ وەزیری دکەت جەنابێ وەزیر پەروەردێ هەمیێ پێ مەسئولە نە ژ مامۆستای بتنێ، ژبەر هندێ ئەز پشتەڤانیا وا دکەم ئەڤ خالا چاردێ نەمینیت، سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦٤) بە راستی ئێمە ئەگەر بمانەوێت ژینگەیەکی پەروەردەیی تەندروستمان هەبێت دەبێت ئەو ژینگەیە بە تەواوەتی هاندەر بێت بۆ هەر دوو لا بۆ هەر دوو رەگەزی سەرەکی پەروەردە و فێرکردن کە مامۆستا و قوتابییە مامۆستا زۆر بە باشی ئەرکەکانیان دەستنیشان کراوە دەکرێت ئەرکی تریش زیاد بکەین و موناقەشەی بکەین، بەڵام بە راستی مامۆستا کاتێك دەتوانێت ئەو ئەرکانە بە باشی جێبەجێ بکات کە مافەکانیشی دابین کرابێت مامۆستایەك ناتوانێت ماۆستایەکی سەرکەوتوو بێت لە پۆلدا کە چاوی لەوەیە کە سەعاتەکە تەواو بێت و بچێتەوە و سایەق تەکسی بێت کارمەندێك بێت لە کۆمپانیا راستە لە یاسای تردا بابەتی مووچە و دەرماڵە و ئیمتیازی مامۆستا جێی کراوەتەوە پلە بەرزکردنەوە، بەس لە واقعدا دۆخەکە دەبینین لە (٢٠١٦)ەوە پلە بەرزکردنەوە بۆ مامۆستا و فەرمانبەر راگیراوە هیوادارم حکومەت وەك چۆن پێشنیاری کردووە ئەرکەکانی مامۆستا دەستنیشان بکەین مافەکانیشی لە یاساکاندا دەستەبەر بکات پێشنیارم هەیە بۆ بڕگەی شەشەم لە وشەی خول و خولی پەروەردەیی بکرێتە راهێنان راهێنان وشەیەکی فراوانترە خولیشی تێدا جێ دەبێتەوە بەڕێزان لیژنەی پەروەردە راهێنان دەستەواژەکانی تریشی تێدایە راهێنەر، راهێنراو، راهێنان بەس خول ئەوانی تێدا نییە لە رووی زمانەوانییەوە وشەی راهێنان گونجاوترە موقابیلی (تدریب)ی عەرەبی و (Training)ی ئینگلیزییە، وە سەبارەت بە بڕگەی سێزدەم کە باسی نهێنی پارێزی دەکات راستی یەکێك لە ئەرکە زۆر گەورە و گرنگەکانی مامۆستا پاراستنی نهێنی قوتابی و منداڵەکانە، وە ئەمە بابەتێکی زۆر زۆر هەستیارە من پێشنیار دەکەم بیکەنە بڕگەیەکی سەربەخۆ بۆ ئەوەی زۆر روون بێت مامۆستا بزانێت نهێنی قوتابی و منداڵەکانی بەردەستی ئەمانەتێکە لە ئەستۆی و نابێت بۆ هیچ کەس بیاندرکێنێت، وە بابەتی تر ئەوەی پەیوەندی بە رێزگرتنی موئەسەسەکە و ئەوانەش جیا بکرێتەوە و بکرێتە بڕگەیەکی سەربەخۆ، وە پشتگیری لە قسەکانی کاك پێشەوا و دکتۆر اسماعیل و بدریە خان و سارا خان و شیرین خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە فەرموون، ببوورن کاك رزگار فەرمووو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦٤) بڕگەی دووەم پێم باشە بەم شێوەیە لێ بکرێت پشتیوانی کردن و پەروەردەکردن و رێکخستنی زەمینەی پەروەردەیی لەبار بۆ قوتابی و خوێندکار لە بنیادنانی بەهاکان و کەسایەتی و متمانە پەیدا کردن بە خۆی، چونکە دەبێت ئالیاتەکەشی باس بکرێت، لەبەر ئەوە پێم باشە بەو شێوەیە لێ بکرێت، وە بڕگەی چوارەم بەو شێوەیە لێ بکرێت دەستنیشان کردن و چارەسەر کردنی ئاستی تێگەیشتن و تواناکانی قوتابیان و خوێندکاران لە کاتی وانە وتن کە

ئێستا باسکراوە ڕەچاوکردن دەبێت دەستنیشان بکرێت و چارەسەریش بکرێت کە وانە وتنەوەکە تێگەیشتووە، وە لە بڕگەی نۆیەم چاودێری سەلامەتی قوتابی لە رووی جەستەیی و دەروونییەوە زیاد بکرێت، وە ماددەی پازدەیەم زیاد بکرێت بەو شێوەیە بەشداری کردن و خوێندنی بەردەوام بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و توانایی و بەشداربوون لە خولی تایبەت و کۆڕ و سیمیناری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی مامۆستایان بۆ بە نێودەوڵەتی کردنی ئاستی خوێندن لە هەرێمی کوردستان بڕگەیەکی تریشی بۆ زیاد بکرێت بەم شێوەیە شازدەیەم ڕێزگرتن لە بەها کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان و تایبەتمەندییەکانی پێکەوە ژیان و مولزەم بوون بە رەفتار و کردار و ئەتەکێتی هەڵسوکەوتی بەها مرۆییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە فەرموون.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری پێنجەم

ئەرکەکانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی

ماددەی (٦٥)

یەکەم/ ئەرکی سەرەکی ڕێنماییکاری پەروەردەیی بەدواداچوونە سەبارەت بە پرسی قوتابیان و خوێندکاران و پشتگیری کردنیان بۆ چارەسەرکردنی گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانیان لە چوارچێوەی دامەزراوەکەدا، وە پاراستنی نهێنی و تایبەتمەندیەتیان.

دووەم/ لێکۆڵینەوە لە هۆکاری کێشەی دەروونی و رەفتارە ناپەروەردەییەکانی قوتابیان و خوێندکاران و ئاگادارکردنەوەی کارگێڕی قوتابخانە یان خوێندنگا.

سێیەم/ پێشکەشکردنی لێرە هەڵەیەکی چاپ هەیە ئەنجامدانی توێژینەوە لادەبردرێت، بۆئەوەی هەڤاڵانیش موناقەشەی لەسەر نەکەن ئەوە هەر لە ئێستاوە لای دەبەین پیشکەشکردنی راپۆرت سەبارەت بە کارەکەی خۆی.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کەواتا ئەنجامدانی توێژینەوە لاچووە ئەگەر هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات با دەست بەرز بکاتەوە بەڵێ بەڕێزان ئەوانەی دەیانەوێت لە سەر ماددەی (٦٥) گفتوگۆ بکەن بریتین لە بەڕێزان (مامۆستا نجاة، کاك هیڤیدار، خدیجە خان، لنجە خان، سوسن خان، جوان خان، گلوستان خان، کاك بەڵێن، کاك حاجی علی، بدریە خان، روپاك خان، کاك مسلم، سەرچنار خان، مامۆستا هلز، دکتۆر اسماعیل، مامۆستا عمر، کاك ابوبکر، مژدە خان) کەس ماوە؟ مامۆستا نجاة فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ب ماددێ (٦٥) بڕگێ ئێکێ هەکە ئەم سەح کەینە دێرا دوماهیکێ کو ئەرکێ ڕێنماییکارێ پەروەردەییە پاراستنا نهێنی و تایبەتمەندییان ل ڤێرێ ئەگەر بیتە بڕگەکا جودا ب

ڤی شێوەی بهێتە داڕشتن پێویستە ڕێنماییکاری پەروەردەیی نهێنی و تایبەتمەندییت قوتابیان بپارێزیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك هیڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە (٢٠٢٢/٣/٣٠) پرسیارم نارد بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە لە سەر قوتابییەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان جەنابی وەزیر دەڵێت ئەمە پەیوەندی بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە هەیە ئەوە نوسراوەکەی جەنابی وەزیرە ئیمزای لە سەرە لە سەر ئەو وەڵامەی بەڕێز وەزیری پەروەردە پرسیارم نارد بۆ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی وەڵامیان داوەتەوە دەڵێت وەڵا کێشەکە لای ئێمە هەیە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، بەڵام بینایە و ئەو شتانەمان نییە و مامۆستامان نییە یەعنی یەك دونیا کێشە هەیە ئەم دوو وەڵامەم بە دەست کەوت جەنابی وەزیر کە دوێنێ شەو تەحقیقم لە سەر ئەو ڕاپۆرتە کردووە ئێستا ئەوە روون بووەتەوە ئەم بابەتە لەم قانونەش باسکراوە چی لێ دێت؟ بۆ نمونە من خەڵکی زاخۆم لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ یەك مەدرەسەی تێدا نییە قوتابی هەیە مامۆستا هەر هیچ لەو بابەتە نازانێت دەرسیان پێ دەڵێت، بۆیە حەز دەکەم جەنابت ئەمە زۆر بە جدی وەربگری و ئێستا جوابەکەمان وەربگرین بۆ ئەم ساڵ چۆن دەبێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کلارە خان فەرموو.

**بەڕێز کلارە عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ب ماددێ (٦٥) من هندەك زێدەبوون هەنە دا ئەز بۆ هەوەیێن بەڕێز بخینم ئێك ژ وان ئەرکێت ڕێنماییکارێ پەروەردەیی دڤێت حازر بوون د کۆمبوونا ئەنجومەنێن سەمیانێن قوتابیان ژ بۆ پێشکەش کرنا پێشنیاران دوو هەوڵدان و چارەسەر کرنا ئاریشێن پەیدا دبن ناڤبەرا قوتابی و مامۆستایان سێ پشتگیری کرن و هاریکاری کرن بۆ سەمیانێن قوتابی ژ بۆ تێگەهشتنا رەفتار و ئاریشا قوتابیان چار دەستنیشان کرنا قوتابیێن بەرهەمدار و یێن زیرەك و هاریکاریا وان ژ بۆ پتر پێشڤەچوونێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ڕێنماییکاری پەروەردەیی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی پرۆسەی پەروەردە رۆڵێکی یەکجار گرنگی هەیە لێرەدا لە بڕگەی یەکەم باسی ئەرکی ئەوان دەکات، بەڵام من پێموایە کە پێداچوونەوەیەك بە سیاغە و داڕشتنی ئەو بڕگەیە بکرێت و بەم شێوازە بێت ئەرکی سەرەکی ڕێنماییکاری پەروەردەییە کە بەدواداچوون بۆ کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕەفتارییەکانی

قوتابیان له قوتابخانەکاندا بکات، وە پشتیوانی و ئاڕاستە و ڕێنمایی قوتابیان و خوێندکاران بکات له پێناو چارەسەر کردنی کێشەکانیان و پەرەپێدان و بەهێز کردنی کەسایەتیان، سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لەنجە خان فەرموو.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له ئەرکەکانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی لام گرنگە کە خاڵێك زیاد بکرێت ئەویش لە کاتی پێویست ڕێنماییکاری پەروەردەیی پەیوەندی بە وەلی ئەمری قوتابی بکات بە ئاگاداری ئیدارە بۆ چارەسەری کێشەکانیان، چونکە لێرە ئاماژە پێنەدراوە کە لە هیچ کاتێك پەیوەندی لەگەڵ وەلی ئەمر هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جوان خان فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری پەروەردە سەبارەت بە ڕێنماییکاری پەروەردەیی زۆر جار سیمینار کراوە لە قوتابخانەکان کە خۆم یەکێك بووم لەوانەی بەشداری سیمینارەکانم کردووە بۆ قوتابییەکان جاری وا هەبووە قوتابی دەستی بە گریان کردووە ئەوەندە دڵی پڕە و ئەوەندە کێشە و گرفتی لەناو خانەوەدەکەی نەیتوانیوە باسی بکات تەنانەت لە لای ڕێنماییکاری پەروەردەییش باسی نەکردووە، بۆیە زۆر گرنگە ڕێنماییکاری پەروەردەیی تەواسوڵێکی زۆر زۆر باشی وەکو دایك وەکو خوشك لەگەڵ قوتابییەکە هەبێت ئەوە لە ڕێنماییەکانی خۆتان جێگیر بکرێت، وە ئەرکێکی تریشی بۆ زیاد بکرێت لە هەفتەی جارێك لە هەموو پۆلەکان دەرسێکی تایبەت هەبێت لە سەر ئەو کێشە و گرفتانەی کە ڕووبەڕووی قوتابیان دەبنەوە باسی کێشەکانی ژیانیان بۆ بکات باسی ئەو کێشە دەروونییانەی کە قوتابیان تووشی دەبن، بۆ ئەوەی دڵی خۆیان بۆ ئەو ڕێنماییکارە بکەنەوە چەند غەڵەتێك هەیە لەوانەیە قوتابی لەو تەمەنەدا پێی فەڵەت نەبێت و ئەنجامی بدات، بەڵام ئەو ڕوونکردنەوەیان بۆ بدات و قسەیان لەگەڵ بکات ئەو دەرسە هەبێت هەفتەی یەکجار لە هەموو پۆلێکدا، سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پشتیوانی لە رایەکەی جوان خان دەکەم، وە سەبارەت بە بڕگەی سێیەم کە نوسراوە پێشکەش کردنی راپۆڕت و ئەنجامدانی توێژینەوە ئەوە لاچوو بکرێتە پێشکەش کردنی راپۆڕت نوسراوە سەبارەت بە کارەکەی خۆی من پێشنیار دەکەم کە ئەوە بگۆڕدرێت بکرێتە سەبارەت بە پرس و کێشە و گیر و گرفتەکانی قوتابیان و خوێندکاران یان سەبارەت بە پسپۆڕییەکەی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

گلوستان خان فەرموو.

**بەڕێز گلوستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦٥) پێشتریش ئێمە ئاماژەماندا کە ڕێنماییکاری پەروەردەیی وەسفکرا بیکەنە توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی لێرە دووبارەی دەکەینەوە کە ئەرکی توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونییە بەدواداچوون بکات بە پرسی قوتابیان و خوێندکاران بۆ چارەسەر کردنی گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی دامەزراوەکەدا و پاراستنی نهێنی و تایبەتمەندیان، وە لە خاڵی دووەمدا لێکۆڵینەوە لە سەر هۆکاری کێشەی دەروونی و ڕەفتارە ناپەروەردەییەکانی قوتابیان و خوێندکاران دەکات و کارگێڕی قوتابخانە ئاگادار دەکاتەوە لێی سێیەمیان پێشکەش کردنی ڕاپۆڕت سەبارەت بە کار و چالاکی ئەنجامدانی ئەو بینینانەی کە لە گەڵ خوێندکاران دەیکات، سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتیوانی نجاة خان دەکەم کە بڕگەیەك زیاد بکرێت لە پاراستنی نهێنی و تایبەتمەندی خوێندکاران و قوتابیان لە کاتی بەدواداچوونی ڕێنماییکارە پەروەردەییەکە ئەوە بکرێتە بڕگەیەکی سەربەخۆ مامۆستا عمریش لە ماددەی پێشووتر ئاماژەی پێداوە کە گرنگە بڕگەیەکی سەربەخۆ بێت، وە پشتیوانی لە قسەکانی گلوستان خان دەکەم لە سەر ڕێنماییکاری پەروەردەیی کە ئەوانە ئەو کەسانەن کە توێژەری کۆمەڵایەتی و توێژەری دەروونی من پشتیوانی قسەکانی لەنجە خانیش دەکەم لێکۆڵینەوەکان لە هۆکاری کێشەی دەروونی و ڕەفتارە ناپەروەردەییەکانی قوتابیان و خوێندکاران ئاگادر کردنەوەی کارێگڕی قوتابخانە یان خوێندنگە و بەخێوکارەکەش یەعنی بەخێوکارەکەی قوتابی یان خوێندکارەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمه صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، پێشتریش ئێمە باسی ئەو توێژەرەمان کرد جەنابی وەزیر وا وەڵامی دایەوە کە توێژەر بۆ کەسێکە بەحس بکات وە نەشری بەحس بکات ئەمەی ئەوان لە چوارچێوەی ڕێنماییدایە، بەڵام ئایا ئەمری تەعیناتیان بە چییە؟ بە توێژەرە یا بە ڕێنماییکارە؟ وە ئایا لە وەزارەتە جیاوازەکان بە چی ناویان دێت؟ خۆ دەبێت ئەو توێژەی کە یەك پیشەیان هەیە لە کۆی موئەسەسەکاندا یەك ناویان لێ بنرێت، وە خاڵێك کە زۆر گرنگە و دەبێت لە قوتابخانەکاندا بزانرێت زۆرترین کاری توێژەران دەبێت لەگەڵ خێزاندا بێت لەگەڵ کەس و کاری پلە یەکی قوتابی بێت لەم ماددەیە غایبە خێزانی تێدا نییە یەعنی توێژەر گرفتی هەبێت بە

بەڕێوەبەر بڵێت و بە یاریدەدەری بەڕێوەبەر بڵێت ئەوان دیسانەوە بە خێزان بڵێن کە ئەوان ئەرکی تریان هەیە و شارەزایشیان نییە لەم ماددەیە دەبێت حەڵقەی خێزانی تێبخرێت ڕۆڵی خێزان چییە لە گەڵ توێژەری پەروەردەیی، سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مژدە خان فەرموو.

**بەڕیز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦٥) لێرەدا کە باسی ئەرکەکانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی دەکات لە خاڵی یەکەم و دووەم ئەرکەکەی دیارە کە بەدواداچوونە کەواتا لێکۆڵەرە لێکۆڵینەوە دەکات، بۆیە وا جوانترە لە بری ڕێنماییکار توێژەر بێت توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی، وە سەبارەت بە خاڵی سێیەم دەڵێت پێشکەش کردنی ڕاپۆرت و ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بە کارەکەی خۆی پێشکەشی کێی دەکات؟ نابێت ئەو جیهەتە بنوسرێ، وە پێشنیار دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت کە نهێنییەکانی خوێندکاران و خێزانەکانیان بپارێزرێت یەعنی توێژەر ئەرکی پاراستنی نهێنییەکانیان بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك لە بڕگە گرنگەکان کە بۆ ئەم ماددەیە زیاد بکرێت ئەوە بوو کە کاك علی، لەنجە خان، کاك بەڵێن کە سەرەتا لنجە خان باسی کرد ئەویش ئەوەیە بەشێکی زۆر لە کێشەکان کە منداڵ و قوتابی لە خوێدنگا لە دامەزراوەی پەروەردەیی هەمان ئەو کێشانەن کە لە خێزانەکەدا هەن، بۆیە پشتیوانی کردنی دایکان و باوکان لە ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری منداڵان و قوتابیان یەکێك لە ئەرکەکانی ڕێنماییکاری دەروونی بێت من بەو جۆرە دایدەڕێژم، وە خاڵێکی تر پشتگیری لە قسەکانی جوان خان و سوسن خان دەکەم کە یەکێك لە ئەرکەکانی ڕێکخستنی سیمیناری پەروەردەیی بێت بە هاوکاری پسپۆڕ و شارەزایان کە ئەرکی ڕاستکردنەوەی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری منداڵان و قوتابیان بێت بە هەماهەنگی ئەنجومەنی دامەزراوەکە واتا بڕگەیەك بەو جۆرە زیاد بکرێت، وە پشتگیری لە قسەکانی کاك بەڵێن و بەڕێزێکی تریش بوو باسی کرد باسی نهێنی پارێزییان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦٥) منیش هەمان ڕەئیم هەیە کە بڕگەی یەکەم بکرێتە بڕگەیەکی سەربەخۆ بۆ پاراستنی نهێنی پشتگیری لەو بەڕێزانە دەکەم مامۆستا نجاة و کاك بەڵێن و هەموو ئەو بەڕێزانەی پێشنیاری ئەوەیان کرد کە بکرێتە بڕگەیەکی سەربەخۆ ئەمە زۆر گرنگە، وە

پشتگیری لە قسەکانی گلوستان خان دەکەم و پشتگیری لە قسەکانی لنجە خان دەکەم سەبارەت بە پەیوەندی باوك و قوتابی لە گەڵ توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی، وە پشتگیری لە قسەکانی جوان خان دەکەم بە بوونی وانەیەکی تایبەت من دەڵێم دوو هەفتە جارێك سەبارەت بە کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ب ماددا (٦٥) من پێشنیازەکا هەی بڕگەیەکا دیترێ بهێتە زێدەکرن کو ببیتە بڕگا یەك یەکەم ببیتە دووەم و دووەم ببیتە سێیەم بەرەوپێش بردنی کەسایەتی و گەشەدان بە تواناکانی قوتابیان و خوێندکاران بە هەماهەنگی لەگەڵ کەسانی دیکەی ناو دامەزراوەکە، چونکە بتنێ ئەرکێ وی بتنێ نە بەدواچوون و لێکۆڵینەوە بەلکو ئەرکێ وی ئەوە ژی کو گەشەدانێ بدەتە توانا و کەسایەتییا قوتابی بخۆ، وە سەبارەت ب سێیەم پێشکەش کرنا راپۆرتێ بۆ کێ؟ هەمان پرسیارا مژدە خانێ منا هەی بۆ کێ پیشکەش بکەت؟ ل ڤێرێ ئەگەر ب سیاغەکا دیتر ژی بهێتە سیاغە کرن باشترە پێشکەشکردنی راپۆڕت و پاراستنی نهێنییەکانی راپۆڕت، چونکە دیارە د وێ راپۆڕتێدا نهێنی یێت هەی ئەکید ئاریشەیەکا هەی هندەك نهێنی یێت تێدا هەی کو بهێتە پاراستنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری کاك علی و مامۆستا هلز و مامۆستا عمر و کاك بەڵێن دەکەم کە بڕگەی یەکەم هەم خێزانیشی تێ بکرێت بۆ بەرەو پێش بردنی کەسایەتی خوێندکار و قوتابی، وە بڕگەی سێیەمیش بە هەمان شێوە پیشکەش بە کێ دەکرێت ئەو راپۆڕتە؟ وە پرسیارێکی تریشم لە جەنابی وەزیر هەیە من بیرم نییە ئایا ئەم رێنماییکاری پەروەردەیە بەشێك هۆبەیەك بەڕێوەبەرایەتییەکی هەیە لە ناو وەزارەتی پەروەردە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦٥) هەروەك داواکارییەکی زۆر بۆ ئێمە وەکو ئەندامانی لیژنە و سەرجەم ئەندام پەرلەمانەکانی بەڕێز هاتووە کە ئەوان داوایان کردووە ناونیشانیان بگۆڕێت بۆ توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی، چونکە لە بڕگەی سێیەمدا باسکرا کە لابرێت پێشکەش کردنی راپۆڕت و ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بە کارەکەی خۆیان ئەم بڕگەیە زۆر گرنگە لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە ئەمە هۆکارێکە و دەرفەتێکی باشە تەقیم کردنی کار و پیشەی توێژەرە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان لە قوتابخانەکان سەبارەت بە چارەسەرکردنی گرفتی قوتابییەکان کە ساڵانە بە راستی ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هۆکارێك بۆ تەقیم کردنی هەم توێژەرەکان و هەم بۆ بەرەو

پێش بردنی کارەکانیان، بۆیە بە راستی ئەمە داواکارییەکی خۆیانە بەو ناونیشانە بمێنێتەوە، وە پشـتیوانی لە رەئیـیـەکەی کـاك عەلـی دەکەم سـەبارەت بە هەمـاهەنگی کـردن لەگەڵ خێـزان و خـانەوادەی قوتـابی و لە گلوسـتان خـان سـەبارەت بە ناونیشـان و گـۆڕینی، وە سـەبارەت بە رەئیەکەی مامۆستا هلزیش پشتیوانی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (٦٥) جـارێ لە بـڕگەی یەکەمـدا نوسـراوە ئەوە ئەرکەکـانی رێنماییکـاری پەروەردەیی یەکەم نوسراوە ئەرکی سـەرەکی رێنماییکـاری پەروەردەیـی ئەوە پێویسـت ناکـات بێتەوە ئەمانە ئەرکن ئیتر هەموویان هەر لەوێـوە دەسـت پێـدەکات بەدواداچـوون سـەبارەت بە پرسی قوتابیان و خوێندکارانەوە ئاوای لێ بکرێـت، وە بـڕگەیەك وەکـو مامۆسـتا هلـز فەرمـووی باس بکرێت ئەوە بەرەو پێشبردنی کەسایەتی خوێندکار، چونکە ئەم رێنماییکاری پەروەردەییانە هەمـوویـان دەرچـووی دەروونناسـی و کۆمەڵناسـین دەبێـت کـار لە سـەر کەسـایەتی قوتابیـان و خوێنـدکاران بـکەن ئەساسـی کارەکەیـان ئەم بەرەو پێشـبردنی کەسـایەتییە کە بەم شـێوەیە دابڕێژرێتەوە ئەم بڕگەیەی بۆ زیاد بکرێت بەرەو پێشبردنی کەسایەتی قوتابیان و خوێندکاران و گەشەدان بە تواناکانیان بە هماهەنگی لەگەڵ کەسـانی نـاو دامەزراوەکە، وە خـاڵێکی تـر بـڕگەی سێیەم کە هاتووە دەڵێـت پێشکەشکرنی راپـۆڕت و پاراسـتنی نهێنـی راپـۆڕتەکە و ئەنجامـدانی توێژینەوە سەبارەت بە کارەکەی خۆی ئینجا ئەو راپۆڕتە بۆ کێ دەکات ئایا لێپرسینەوەی هەیە و چاودێری دەکرێت و بەدواداچوونی بۆ دەکرێت ئەمە تەفاسیلی دەدات یـا نـا؟ وە بڕگەیەکـی تـر زیـاد بکرێـت هەر ئەرکێکـی پەروەردەیـی تـر کە لە لایەن بەڕێـوەبەرەوە پێـی دەسـپێردرێت و پەیوەندی بە پسپۆڕییەکەیەوە هەبێت، چونکە مەرج نییە کاری ئەم رێنماییکارانە تەنها راپـۆڕت و ئەوانە بێت زۆر کاری تر هەیە پەیوەندی بە پسـپۆڕییەکەیانەوە هەیە و زەروریشـە و لێرەشـدا نەهاتووە ئەو کاتە لە رێـی بەڕێـوەبەرەکەیەوە رابسـپێردرێت بـۆ کارەکـان و کـارەکە ئەنجامیـان بدات، سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

د ناڤونیشانادا ئەرکەکانی رێنماییکـاری پەروەردەیـی پشـتگیرییا گلوسـتان خـانێ دکەم و برایـێ بەڵێن و مامۆستا عەلی و خوشکا مژدە و سەیدایێ مسلم کـو ببیـتە تـوێژەر، وە ئەم ژ ڤـێ رزگـار ببین توێژەر بیت نەکو رێنماییکار بیت د زێدە کرنا خالا ئێکێدا پێشـبردنی کەسـایەتی پشـتەڤانیا خوشکا هلز و مامۆسـتا ابـوبکر و مامۆسـتا مسـلم و خوشـکا سـەرچنار دکەم دیسـان د زێـدەکرنا خالەکا تایبەت بۆ پێتڤی پاراسـتنا نهێنییـا ئەز بیـنم زەروورییە و نەهێـتە گەل راپـۆڕتێ ژی جـودا بهێت، چونکی توێژەر کی ئاگادار بیت گەل هندەك ئەسرارێت گەلەکێـت خـراب چێـدبیت ببیـتە ئەگەرێ هندێ هەتا ئاریشێت کۆمەڵایەتی لێ دروست ببن، ژبەر هنـدێ پێتڤیـیە نەس بێـتە سـەر کرن و دەڤنووس جودا بێتە کرن پێتڤیە نهێنیـا بپارێزیـت، ئـو پشـتەڤانیا ڤـان مامۆسـتایا دکەم

ئەڤێت ئەو چەندە گوتی خوشکا نجاة خان و بدریە خان و لنجە خان و مامۆستا عمر، هەر ساغ بن.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

روپاك خان فەرمووو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە لە بڕگەی یەکەم دەڵێن رێنماییکاری پەروەردەیی بگۆڕێت بۆ توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی، وە بۆ بڕگەی سێیەم پشتگیری لە قسەکانی کاك مسلم و کاك علی دەکەم، وە بۆئەوەی بڕگەیەك زیاد بکرێت بۆ پاراستنی نهێنی خوێندکاران پشتگیری لە قسەکانی نجاة خان و بدریە خان و هلز خان و سەرچنار خان و هەروەها دکتۆر اسماعیل دەکەم لەگەڵ مژدە خان، سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ بەڕێزان ئێستاش داوا لە جەنابی وەزیر دەکەین روونکردنەوەی پێویست لە سەر دوو سێ بابەتی پێشتر بدات لە ماوەی شەش حەوت دەقەیەکدا، فەرموون.

**بەڕێز ئالان حەمە سەعید/ وەزیری پەروەرد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، سەبارەت بە هەندێك لەو تێبینی و پێشنیارەی کە هاتبوون سوپاستان دەکەین بۆ دەوڵەمەند کردنی پرۆژە یاساکە خزمەتگوزاری تەندروستی ئەو خزمەتگوزاریانەن کە دەکرێت بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بە شێوازێکی دەوری ئەنجامی بدەین یا ئەوەی کە حکومەت توانای هەبوو بۆ قوتابخانەکان دابینی بکات لە رێگای کارمەندانی تەندروستییەوە ئەو خاڵەی کە کاك جلال و کاك عمر گوڵپی ئاماژەیان پێدا سەبارەت بەوەی کە رێنماییکارەکان بۆ دەستنیشان نەکراون بۆ قوتابخانە ناحکومییەکان کاك عمر ماددەیەکی خوێندەوە ماددەی (١٤٥) ئەگەر بە وردی سەیری ماددەی (١٣٤) بکەن لەو ماددەیە هەمان شت بۆ قوتابخانە ناحکومییەکانیش هاتۆتەوە، وە سەبارەت بە تێبینیەکانی لەنجە خان تێبینییەکانی پەسندن بەشێکی هەرە زۆریان و بۆ دەوڵەمەند کردن بەکار دەهێنرێت تێبینییەکانی کاك دکتۆر رێبوار پەسندن بە هەمان شێوە لەگەڵ پێشنیارەکانی کە کردی سەبارەت بەوەی کە کاك هیڤیدار دوو پرسیاری کرد تەقریبەن تا رادەیەك خاریجی ماددەکەش بوو ئێمە بەشێکین لەو هەڵسەنگاندنەی کە بۆ عێراق نەخێر ئێمە بەشێك نین لەو هەڵسەنگاندنەی کە بۆ عێراق کراوە هەتا ئیستا لە کوردستان بۆ ماوەی سی ساڵی رابردوو هیچ هەڵسەنگاندنێکی نێودەوڵەتی بۆ سیستەمی پەروەردە نەکراوە جاری پێشووش عەرزی جەنابتانم کرد عێراق لە دەرەوەی ئەو مەئەشیراتانەیە، لەبەر ئەوەی ئەویش هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە، بەڵام ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان خۆمان بە تەنها جیاواز لە عێراق، چونکە خاوەنی دوو سیستەمی پەروەردەیی لە یەکتر جیاوازین پاش سەردانی جەنابی سەرۆکی حکومەت لە مانگی نیسان بۆ بەریتانیا کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی بەریتانیا پاشان ئێمەش سەردانی ئەو وڵاتەمان کرد و هەندێك ئاسانکاری لە ئەنجامی سەفەرەکەی جەنابی سەرۆکی حکومەت بۆ ئێمە دروست بوو لەگەڵ دامەزراوە گەورەکانی جیهان یەکێکیش لەوانە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی تیمسە کە ئاماژەم پێدا لە (٣/٢٧)ی ساڵی ئایندە تا (٤/٢٨) دەکرێت، وە تاقیکردنەوەیەکی تر یا

هەڵسـەنگاندنێکی دیـکە کە هەڵسـەنگاندنی پیسـایە ئەوە لەگەڵ ڕێکخـراوی (OECD) کە جەمعیەیەکی سی و شەش دەوڵەتی ئەوروپییە ئەوان سەرپەرشتی دەکەن سەر بە ئیتیحادی ئەوروپین هەڵسەنگاندنی پیسا بۆ قوتابیانی کوردستانیش دەکرێت ئەوە دەبێتە مەدخەلێک بۆ ئەوەی کە کوردستان بکەوێتە سەر نەخشەی ڕانکینی سیستەمی پەروەردە لە جیهاندا وە ئەو تاقیکردنەوانە ئێستا تیمەکانی وەزارەت تەشکیل کراون فەرمانی وەزارییان بۆ دەرچووە جەنابی سەرۆکی حکومەت بودجەی بۆ هەر دوو هەڵسەنگاندنەکە تەرخان کردووە و ڕەزامەندی داوە، بۆ ئەوەی کە بتوانین هەم لە (٢٠٢٣) هەڵسەنگاندن ئەنجام بدەین هەم لە (٢٠٢٥) ئێمە دەکەوینە سەر ڕانکین بەس ئەوانەی کە داقۆس باسی دەکات وە ئەو کە موئەشیراتانەی کە بڵاو دەبنەوە لە بانکی دەولی کە لە سەر کەرتی پەروەردەی عێراقە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە، وە خاڵێکە دیکە ئێمە چەندمان پێویستە بگەینە ئەو ئاستەوە کاک هیڤیدار بە شێوەیەکی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەعویزاتی مۆزەفین یان نەفەقاتی مۆزەفین وە ئەو خەرجییانەی کە لە بواری ئیستیسماری دەیکات وە ئەو خەرجییانەی لە بواری تەشغیلی بۆ دەوائیرەکانی پەروەردە دەکات ساڵانە دوو ترلیۆن دینارە زۆربەی دەوڵەتان گرفتێکی گەورەیان هەیە ئەویش ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لەو میزانیەی بۆ پەروەردەی دادەنێن دەڕواتە بواری مووچەوە وە بوارە تەشغیلییەکانەوە بەشێکی کەمیان بۆ ئیستیسمارییە ئەوە لە میزانییەکانی عێراق لە (٢٠١٩) ئەگەر هەڵە نەبم (٨%) بۆ بودجەی کەرتی پەروەردە لە عێراق دانراوە لە کۆی گشتی بە نەفەقاتی مامۆستایان و بە هەموویانەوە کە نیسبەیەکی کەم بووە بە ڕاستی، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئەگەر خەرجییەکانی حکومەت بۆ نمونە دە ترلیۆن دینار بێت لە ساڵێکدا دوو ترلیۆنی بەس بۆ کەرتی پەروەردە دەڕوات جیا لەو پارەی کە جەنابت باس دەکەی بۆ ئەوەی ئێمە هەنگاوێکی باشتر بنێین وەکو ئەم ساڵ کە چەندین پارە تەرخانکراوە و هەندێکی لێ خەرجکراوە پێویستمان بە مەبلەغێکە زیاتر لە دەرەوەی ئەو پارەیەش کە دە تا پازدە ملیۆن دینار بێت بتوانین گەشەپێدانێکی خێراتر لە کەرتی پەروەردە بکەین لە هەندێک ڕوو، بەڵام لە هەندێك ڕووی دیکە پێویستی بە توانا مرۆییەکانەوە هەیە، وە سەبارەت بەوەی کە تێبینی گلوستان خان و سەرچنار خان لە بابەتی دابەشکردنی بەشە وانەکان ئەو تێبینییە ئیزافە بکرێت تێبینییەکە تێبینییەکی پەسندە، بەڵام ئێمە بۆیە دەڵێین تێبینییەکە دەبێت دادپەروەری تێدا بێت ڕاستە ئەگەر کەلیمەی پسپۆڕی لە سەر پێشنیار بەڕێزیان زیاد بکرێت، بەڵام دەبێت دادپەروەرانە بێت وەکو گلوستان خان باسی کرد هەندێك مامۆستا چوار بەشە وانە نەڵێتەوە و هەندێك مامۆستای تر زیاتر بڵێتەوە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ڕەنگە کاتێکم پێویست بێت بەس بۆ ئەوەی ئەو تەوزیحە بدەم بۆ ئەوەی وا نەزانن کە ئەمە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و میلاکات ئێمە ئاگامان لێ نییە بە عەکسەوە ئەم ساڵی (٢٠٢٢ و ٢٠٢٣) زۆرترین هەوڵمانداوە بۆ ڕێکخستنەوەی میلاکات، بەڵام گرفتێکی بونیەوی درێژخایەن لەناو وەزارەتی پەروەردە هەیە لە ڕووی میلاکاتەوە ئەویش سێ جۆرە سوئی تەوزیعی میلاکات هەیە لە سەر ئاستی ئیختیساس لە ڕابردوو زۆربەی پسپۆڕییەکانی کوردی و کۆمەڵایەتی و ئەوانە دامەزراون، بەڵام بەشە دەرچووەکانی کیمیا و فیزیا و زانست و ئەوانە کەم بوون ئەمە سوئێکی تەوزیعی بۆ ئێمە دروست کردووە لە ڕابردوو زۆربەی ئەوانەی کە خەڵکی ناو شارەکان بوون دامەزراون و نێردراونەتە دەرەوەی شارەکان و خزمەتیان کردووە و پاشان گەڕاونەتەوە هاتنەوە بۆ ناو شار زیادی کردووە لە دەرەوەی شارەکان ئێستا بە وانەبێژ شوێنەکان پڕ کراونەتەوە ئەمە

پێی دەوترێت سوئی تەوزیعی جوگرافی ئەوەی یەکەم سوئی تەوزیعی ئیختیساسی بوو سوئی تەوزیعی سێیەم مەرحەلییە لە رابردوو بەداخەوە بەشێکی زۆر لە هەڵگرانی بڕوانامەی دیبلۆم زیاتر وەك لە بڕوانامەی بەکالۆریۆس دامەزراون، لەبەر ئەوەی مامۆستاکان لە قۆناغی بنەڕەتی تا رادەیەك زیاترە وەك لە مامۆستاکان کە لە قۆناغی ئامادەییدا کەوا بێت هەر سێ سوئی تەوزیعی و مەرحەلی و جوگرافی و ئیختیساسی یەکێکن لەو گرفتانەی کە ئێمە هەوڵی چارەسەر کردنیانمان داوە ئەم ساڵ تا رادەیەکی باش توانیومانە هەنگاوی باش لەو بارەیەوە بنێین، وە سەبارەت بەوەی کە کاك چیا باسی کرد کە پەیوەندی مامۆستا و قوتابی و بەخێوکارەکەی دیاری نەکراوە لە چەندین برگە دیاریکراوە لە دیداری گەشەش دیاریکراوە کاك چیا ئەو پرسیارەی قوتابخانەکانی کە سێ دەوامن بەرێوەبەرەکەی چۆن دەوام دەکات ئەو قوتابخانانەی سێ دەوامن سێ قوتابخانەن، بەڵام ئێمە قوتابخانەیەکمان هەیە دوو دەوامە بەڵام یەك قوتابخانەیە بۆ نمونە قوتابخانەیەك لە پۆلی یەك هەتا پۆلی نۆیە، بەڵام پۆلی یەك هەتا پۆلی شەش دەوامێك دەکات پۆلی حەوت و هەشت و نۆ بەهۆی زۆری قوتابیانەوەی دەوامێکی تر دەکەن ئەوانەی یەك بەڕێوەبەریان هەیە تا سەعات یەك و دوو دەمێنێتەوە پاشان یاریدەدەرەکەی جێگای دەگرێتەوە، وە سەبارەت بەوە کە شیرین خان باسی پەیوەندی  مامۆستا و خوێندکار نەکراوە ئەگەر بە وردی بڕوانن لە ماددەی (٦٤) بڕگەی سێ و چوار و پێنج هەشت و نۆ باسی پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابییە بە راستی ئەگەر بە دیقەتەوە لێی بڕوانن بڕگەکانی سێ، چوار، پێنج، هەشت و نۆ لە ماددەی (٦٤) مافی مامۆستایان باس نەکراوە بەڕێزان مافی مامۆستایان باسکراوە ئێمە ئاماژەمان بەمە داوە ئەو یاسایە سەد و ئەوەندە ماددەیە دەبێت ماددە بە ماددە ئێمە موناقەشە بکەین لە ماددەی (١٧٥) باسی دوو خاڵی گرنگ کراوە یەکەم باسی شکۆ و حورمەتی دامەزراوە پەروەردەییەکان کراوە دوو باسی مامۆستا کراوە ئەوانەی قانونین باشتر لە ئێمە تێدەگەن هەر ئیعتیدایەك لە سەر مامۆستا لە کاتی پیشەکەی لەبەر پیشەکەی بۆ پیشەکەی بە زەرفی موشەدەد وە بە سزایەکی تاوانکاری توند دەناسێنرێت بە گوێرەی ئەم یاسایە واتا هەر کەسێك بەخێوکاری قوتابی بێت قوتابی بێت هەر کەسێکە دیکە بێت ئیعتیدا لە مامۆستا بکات لە سەر میهنەکەی، چونکە مامۆستاش دواجار بەشەرە دەکرێت لە دەرەوەی ئشی وەزیفەکەی خۆی گرفتێکی کۆمەڵایەتی گرفتێکی هەبێت دەکرێت تووشی جینایەتێکیش ببێت بە لێدانێکی سەیارە یا تووشی جونحێك تووشی موخالەفەیەکیش ببێت، بەڵام لە سەر پیشەکەی هەر کەسێك ئیعتیدا لە سەر مامۆستا بکات بە زەرفی موشەدەد حیساب دەکرێت مافە مەعنەوییەکان و مادییەکان بە گوێرەی قانونە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان و قانونی خدمەی مەدەنی ساڵی (١٩٦١) هەموو ئەو مافانەی دیاری کردووە، چونکە دواجار مامۆستا خۆی فەرمانبەرە کە دادەمەزرێت، بەڵام عینوانی مامۆستایەتی وەردەگرێت سەبارەت بەوەی کە هلز خان باسی کرد مەعقولە مامۆستا پلان بە سەر قوتابیان دابەش بکات بەڵێ ئەمە حەقێکی قوتابییە کە دەبێت بزانێت ئەو پلانەی کە بۆی دانراوە لە ساڵێکی خوێندن چەند دەخوێنێت ئەگەر ژمارەی قوتابییەکانیش زۆر بن مەبەست لە بڕگەی سێیەم مامۆستا هلز بەڵێ فروقاتی فەردییە ئەگەر سیغەکەی وای نەگونجاندووە، بەڵام مەبەستەکە ئەوەیە تێبینی لە سەر بڕگەی هەشتەم دروست بووە کە دەبێت بەخێوکار بێت نەك کەس و کار بێت تا رادەیەکی زۆر ئەو تێبینییە راستە کە دەبێت بەخێوکار بێت، بەڵام پێشتر وشەی دایك و باوك بەکار دەهات کورت کرا ببوو بە دای و باب لەو یاسایە گۆڕیومانە بە بەخێوکار، چونکە بەخێوکار مەرج نییە دایك و

باوك بێت دەكرێت قوتابییەك دایك و باوكی نەبێت بەڵام خاڵی یان كەسێكی بوبێتە وەلی ئەمری تێبینییەكەی جەنابت دروستە، وە سەبارەت بەوەی جوان خان تێبینییەكانی پەسندن جەنابی سەرۆكی پەرلەمان بەڕێزان ئێمە سیستەمێكمان دروست كردووە بەناوی ئی هەڵسەنگاندن لە ماوەیەكی نزیك سیستەمەكە تەواو بووە ئیعلانی دەكەین مامۆستا هەڵسەنگاندن یان فیدباكی قوتابی دەداتەوە بەخێوكارەكەی، وە بەڕێوەبەر و ڕێنماییكاری پەروەردەیی لە سیستەمەكە ئەگەر بیەوێت دایك و باوكی قوتابی ببینێت دەتوانێت لە ڕێگەی پەیامێكەوە پەیام بنێرێت لە ڕێگەی ئەلكترۆنییەوە داوای دیدارێكی لێ بكات و كات و ڕۆژ و هەموو شتەكان دیاری دەكات، بەڵام باسی بابەتێتان زۆر كرد دەبێت هەموو شتێك بە باوك و دایك بوترێت لە لایەن ڕێنماییكارەوە بەڕێزان ێمە زۆر دیراسەی ئەم بابەتەمان كردووە ئەم بابەتە دروست نییە هەموو شت بە دایك و باوك بوترێت، چونكە هەندێك جار گرفت بۆ قوتابی دروست دەبێت كە دەبێت ئاستی ئەو دایك و باوكە ڕەچاو بكرێت قوتابییەكە نەخەینە مەترسییەكی گەورەوە، چونكە باوكێك ئەگەر تێگەیشتنێكی تەواوی بۆ چارەسەركردنی گرفتی منداڵەكەی نەبێت مومكینە دوای ئەوەی ڕێنماییكارێك یان بەڕێوەبەری قوتابخانەكە بانگی بكات كارەساتێكی كۆمەڵایەتی زۆر گەورە و زۆر ناخۆش بە مەرگی منداڵەكەش تەواو ببێت، لەبەر ئەوە هەندێك كێشە هەیە دەبێت ڕێنماییكارەكە یان بەڕێوەبەری قوتابخانەكە زۆر جار ناتوانێت باوكی بانگ بكات دایكی بانگ دەكات واتا لەسەر ئاستی واقیع خوێندنەوەی دایك و باوكی قوتابییەكە و خانەوادەكەی زۆر جار ئەسلەن ناتوانین دایك و باوكیشی بانگ بكەین كەسێكی بانگ دەكرێت...

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ئالان حەمە سەعید/ وەزیری پەروەرد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەس یەك خاڵی تر ئەوەی كاك عەلی ئامازەی پێكرد وتمان تەعیناتەكان جیاوازن لە سحە بە یاریدەدەری كیمیایی خەریجێكی زراعی دادەمەزرێت بە توێژەری دەروونی لە كاروباری كۆمەڵایەتی دادەمەزرێت بەس لە لای ئێمە بە ڕێنماییكار ئەوەی مژدە خان و هلز خان باسیان كرد ڕاپۆرتەكە پێشكەشی بەڕێوەبەری قوتابخانە دەكات چونكە بەڕێوەبەری قوتابخانە كەسی یەكەمە ئەوەی مامۆستا ابوبكر پرسیاری كرد بەڵێ ئێمە بەڕێوەبەرایەتی ڕێنماییكاری پەروەردەییمان هەیە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیە لە وەزارەت؟، وە لەناو هەموو پەروەردە گشتییەكانیشدا ئێمە هۆبەیەكمان بۆ ئەم بابەتە هەیە.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بەڕێزان دانیشتنەكە بۆ سەعات (٢) هەڵدەگرین.

**پاش پشوو**

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦٦):

یەکەم:ڕێنمـایی کـاری پەروەردەی ئەگەر لە دامەزراوەکە هەبێـت، دووەم: لە کـاتی هەبــوونی ئەنجومەنی بە خێوکارانی قوتابیان و خوێندکاران سەرۆکی ئەنجـومەنەکە مـافی ئامـادەبوون و بەژداری کردنـی لە گفتۆگوکـانی ئەنجـومەنی دامەزراوە سـەبارەت بە قوتابیـان و خوێنـدکاران هەیە، بێ ئەوەی مافی دەنـگ دانـی هەبێـت، سێیەم: ئەنجـومەنی دامەزراوە مانگـانە و لە کـاتی پێویست کۆبوونەوە دەکات وە ڕۆژی و کاتی کۆبوونەوەکان لە لایەن بەڕێـوەبەر دیـاری دەکـرێن وە پـێش وەخـتە ئەنـدامانی ئەنجـومەنەکەی لێـی ئاگـادار دەکـرێنەوە، چـوارەم: بڕیارەکـانی ئەنجومەنی دامەزراوە بە پێی بنەمای زۆرینە دەدرێت بە بێ ئەوەی ئەو دەسەڵاتانەی بەڕێوەبەر بەپێی یاسا هەیەتی سنووردار بکرێت، پێنجەم: قوتابخانەو خوێندنگەکانی گوندو شـوێنە دوورە دەستەکان بەدەرن لەو مەرجانەی لە بڕگەکـانی سـەرەوەی ئەم مـاددانەیەدا هـاتوون و کـارە ئەو دامەزراوانە بە پێی ڕێنمایەك کە وەزیر دەری دەکات ڕێك دەخرێن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ لەسەر ئەو ماددەیە ماددەی (٦٧) بۆمان بخوێنەوە، توزێ سەریع تکایە.

**بەڕێز حسیبە سعید ایراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری (٧) ئەرکەکانی ئەنجومەنی دامەزراوە

ماددەی (٦٧):

یەکەم: بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی وەرزی بـۆ کـاری دامەزراوەکە لە رووی جێبەجـێ کردنـی بنەماکانی دڵنیایی جۆری و متمانە بەخشین بە پێی پێڕەو ستاندارد کار پێ کراوەکان.

دووەم: بەدواداچوون بۆ ناوەڕۆکی پلانی ساڵانەو پلانەکانی دیکەو ڕاپۆرتەکانی دامەزراوەکە بە پێی پرۆسەی دڵنیای جۆری.

سێیەم: بەدواداچوون بۆ کاروبـاری دارایـی و کـارگێری و ئەرکـی بەڕێـوەبەرە زانیـاری پێویسـت سەبارەت بەو کارانە بە ئەنجومەن بدات.

چوارەم: تاوتوێکردن و پێشنیاری چارەسەر کردنی ئەو پرۆسەگرانگانەی دامەزراوەکە کە لەلایەن بەڕێوەبەرەوە داوا لە ئەنجومەن دەکرێت تاوتوێیان بکات.

پێـنجەم: تـاوتوێکردنی ئەو پێشـنیازانەی کە بەڕێـوەبەری دامەزراوەکە خوازیـارە پێشکەشـی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا بکات سەبارەت بە گواستنەوەی ئەندامان و وانە وتنەوەی یـان

فەرمـانبەرانی تـر ئەوەش دوای خسـتنەڕوویەکانی تـایبەت ئەو داوایەی لە ئەگەری ڕازی بـوونی ئەنجومەن پێشنیازەکانی بەڕێوەبەر پەسەند دەکرێت.

شەشەم: مافی پێکهێنانی لێژنە پێویسـتی هەیە، لە چـوار چێـوەی ئەو ئەرکـانەی کەلە بڕگەکـانی سەرەوەی ئەو ماددانەی هاتوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە، لەسەر ئەو ماددەیە؟ بەڕێزان ماددەی دوای ئەو بۆمان بخوێننەوە.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەرەی (٨) مەرجەکانی دانانی بەڕێـوەبەرو یاریـدەدەری بەڕێـوەبەرو دامەزرانـدنی مامۆسـتاو ڕێنمایی کاری پەروەردەیی لێی دامەزراوە حوکمەکاندا لقی یەکەم مەرجەکانی دانانی بەڕێوەبەر ماددەی (٦٨) لە دانانی بەڕێوەبەردا پێویستە ئەو مەرجانە لە داواکاردا هەبێت.

یەکەم: بڕوانامەی بکالۆریۆسی هەبێت.

دووەم: ئەزموونی لە بواری پەروەردەو فێرکردن لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

سـێیەم: بەشــداری خــولی نیشــاندنی بەڕێــوەبەری کردبێــت کە وەزارەت بە هارەوکــاری بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە ساڵانە ئەنجامی دەدات...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کێ قسەی هەیە؟ نییە، فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوار: بە تاوانی ئابڕوبەر حوکم نەدرابێت، وە هەروەها نابێت، سزای کارگێری و لەسەر زەنشت و زیاتری پێدرابێت.

پێـنج: وەزارەت دەبێـت، لەمـاوەی (٤)سـاڵ دا مەرجەکـانی ئەم مـاددەیە بەسـەر ئەوانەی ئێسـتا بەڕێوەبەرن جێبەجێ بکات.

شەشەم: بڕگەکانی (٢،١)ئەم ماددەیە بەڕێوەبەرەکـانی دامەزراوەیـی گونـدەکان و شـوێنە دوورە دەستەکان ناگرێتەوەو معاملەکردنی ئەوان بە پێی ڕێنمایەك دەبێت، کە وەزیر دەری دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ کاك چیا حمید شریف، کاك عمر عبدالله فتاح. فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئەم ماددەیە زۆر زۆر گرنگە من لە سێ کۆنگرەی پەروەردە بەشـدار بـووم، (١٢)سـاڵیش مامۆسـتا بـووم زۆر بـاش ئەزانـم یەکێـك لە کێشـەکانی قوتابخـانەو خوێنـدنگەکان دامەزراوە پەروەدەییەکـان ئەو کێشـانەن کە دەئاڵێنـدرێن لە بـابەتی بەڕێـوەبەر کـێ بەڕێـوەبەر بێـت، وە بەڕێوەبەرێـك لائەبرێـت ئیتـر حزبەکـان ئەکەونە خۆیـان کـێ دانـێن، لە ڕێـگەی بەڕێـوەبەرەوە بەداخەوە حزبەکـان هەیـمەنەی خۆیـان بەسـەر موئەسەسـەی پەروەردەیـا ئەسـەپێنن وەهەر

شوێنکیش هەر دامەزراوە پەروەردەش حزبی سیاسی لێ بوو پەروەردەی لێی نییە، بەراستی و لە سیستەمەکەی پێشوو بەرێوەبەر بە هەڵبژاردن دائەنرا، بەڵام هەر بەهۆی حزبەکانەوە بەداخەوە رێگە نەدرا ئەو سیستەمە جێبەجێ بکرێت، لێرەش لەو ماددەیەو ماددەی وابزانم (٧٠)کە باس لە رێکاری دانانی بەرێوەبەر دەکات دیسان هەمان میکانیزمە کە ئێستا هەیە، لە دەرەوە ئەویش بەرێوەبەرەکان بەرێوەبەری پەروەردەکان و بەرێوەبەرە گشتییەکانا دەست نیشان ئەکات، بەرێزان ئێمە میکانیزمێکی خراپمان هەبێت، کە نزیك بێت، لە عەدالەتەوە کە حزب لە کۆڵی موئەسەسەی پەروەردەی بکاتەوە، باشترە لەوەی کە هیچ میکانیزمێك نەبێت، ئەوەی ئێستامان هەیە بەردەوامە، بۆیە من پێشنیار دەکەم یان لەم ماددەیە بان لە ماددەی دواتر کە باس لە رێکارەکانی دانانی بەرێوەبەر ئەکات بنووسین کە بەرێوەبەر بە هەڵبژاردن دائەنرێت، میکانزمی هەڵبژاردنەکەش من لە ماددەی (٧١) باسی ئەکەم یاخود لەم ماددەیە، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی (٢) لە بڕگەی یەکەم خاڵی (٣)باس لە بەشداری خولی شاندن ئەکات تەبعەن چۆن بەشداری بکات کە بەرێوەبەرێك کە پێشتر مورەشەح نەکرابێت، وە دەرفەتی ئەوەی پێنەدرابێ خولەکە ببینێت، ئەبێ وای لێ بکرێت ئەم خاڵە کە پاش ئەوەی دەست نیشان ئەکرێت بەرێوەبەر بەشداری خۆلێکی ڕاهێنانی تایبەت بکات و ئەگەر نا هی ئەو دەرفەتە خۆ ناکرێت بۆ هەموو مامۆستایەك برەخسێنیت، بۆیە ئیمکانییەتێکی زۆر زۆری ئەوێ کە هەموو مامۆستایان بەشداری خول بکەن یان ئەوانەی حەزیان لێیە، بۆیە کاتێك دەست نیشان ئەکرێت بێ بە بەرێوەبەر بەشداری ئەو خولەی بکات و ئەوای لێ بکاو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

ئەز دێ کورتی بەعس ئەکەم تێبینیامن سەر خالا (١) بی بڕوانامەی بکالۆریوس ئەڤە مەرجەکێ زۆر زۆر گرانە چونکە ئەسەریەت ئەو مامۆستاێن کە دەرچووینە دەرچووێت پەیمانگا مامۆستایانن ئەگەر تو ڤی شەرتی داینن دی گەلەك گەلەك خراب دەرگەڤیت بۆ وان کەسێن کە درچووێت پەیمانگا مامۆستایانن ئو شانسێ وان بۆنا بەرێوەبەر بۆ وانا زۆر زحمەت کەفیت هیڤیدارم پەیمانگایا مامۆستایان لێی بێتە زێدەکرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر خاڵی (٤) بە تاوانی ئابروبەر حوکم نەدرابێت، ئەی ئەگەر بە تاوانی جینایە مەبەستم ئەوەیە ئەگەر قەتلێکی کردبێت، پاشان عقوبەکەی وەرگرتبێت، ئایا دەکرێت کەسێکی بکوژ کە جەریمەی قەتڵی کردبێت و، ببێت بە بەرێوەبەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس ماددەی (٦٩)مان بۆ بخۆێنەوە.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەرجەکانی دانانی یاریدەدەری بەڕێوەبەر

ماددەی (٦٩):

یەکەم: لە دانانی یاریدەدەری لە بەڕێوەبەردا پێویستە ئەو مەرجانەی لە داواکاردا هەبێت:

١-دەبێت، یاریددەدەری بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان بڕوانامەیەکی پەروەردەی هەبێت، کە لە بڕوانامەی بەرایی و زانکۆ کەمتر نەبێت.

٢- دەبێت، یاریدەدەری قوتابخانە و خوێندنگەو پەیمانگاو پەروەردەییەکان بڕوانامەیەکی پەروەردەیی هەبێت، کە بڕوانامەی زانکۆ بەرایی کەمتر نەبێت، ئەزمونیشی لە بواری پەروەردەی فێرکردندا لە (٣)ساڵ کەمتر نەبێت.

٣- دەبێت، یاریدەدەر بە تاوانی ئابڕوبەر حوکم نەدرابێت و نابێت، سزای کارگێری لەسەر زەنشت و زیاترو تێدابێت.

دووەم: خاڵەکانی بڕگەکانی ئەم ماددەیە یاریدەدەری دامەزراوەی گوندو شوێنە دوورەدەستەکان ناگرێتەوە وە معامەلەکردنی ئەوان بەپێی رینماییەك دەبێت، کە وەزیر دەری دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کێ قسەی هەیە؟ دابان محمد حسین، جوان یونس محمد، ظاهر محمد علی، هەلکەوت انور خلیفە، جلال محمد عبدالله. عباس فتاح صالح، فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦٩)، یەکەم خاڵی یەکەم پێم باشە بە هەمان شێوە ئەویش ئەزموونی بۆ دابنرێت، بەڵام ئەزموونەکە با (٢) ساڵ بێت، لە (٢)ساڵ کەمتر نەبێت، ئەو یاریدەدەرەی کە بۆ باخچەی ساوایان و بۆ باخچەکانی منداڵان دادەنرێت ئەزموونەکەی بۆ دابنرێت، بەڵام با (٢) ساڵ بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو جوان خان.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ماددەی (٦٦) دەستم هەڵبری قسەی لەسەر بکەم تەخیر هاتمە ژووری.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦٩) من لە خاڵی یەکەم دەبێت ی/بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان مەبەستم بڕوانامەکەیەتی بڕوانامەی بەرایی و زانکۆ ترنەبێت، والله من پێم باشە ئەمەیان بکەین بە پەیمانگـا، لەبەرئەوەی باخچەی ساوایان لەوانەیە یاریدەدەرکەی پێویستە مەسەلەن یاریدەدەرێکی پەیمانگای هونەرەجوانەکانیش بێت، دەتوانێت بەراستی سوودی لێی وەربگرێت، چونکە ئەمە بۆ باخچەی ساوایان بە تایبەتی گرنگە، سەبارەت بە خاڵی (٢) من (٣)ساڵم پێ کەمە بەراستی من یاریدەدەر لە بەڕێوەبەر گرنگترە بەراستی بۆ کاروباری کارگێرییەکان پێویستە تەجروبەی زۆر زۆر باشتری هەبێت، بەلای کەمیشەوە ئەویش هەر وەکو بەڕێوەبەر با (٥)ساڵی هەبێت، یەعنی ئەوەندەبێت، لەبەرئەوەی هەر یاریدەدەرە، بۆیە ئێمە یەك ساڵی خزمەتی کەم دەکەینەوە ئەویشیان تەبیعی بێت بەراستی یاریدەدەرەکەی لەبەرئەوەی ئێمە قوناغێکی زۆر بەراستی پەیمانگاکان هەبوو، یەعنی ئەمە نەکەینە زۆر مەرج لەوانەیە وەك مەرجێك نەبێت، بەنسبەت خاڵی (٣) والله یاریدەدەر بە تاوانی ئابروبەر پێم باشە ئەمە لە مەسائیلی پەروەردە دەربێت، بۆ بەڕێوەبەر نییە بۆ جێگرەکەی هەیە، یان با بۆ هەردووکیان ئەمە مەرجی ئەوەبێت، یان لێرانە دەربێت، بەراستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ هەردووکیان دەبێت، لەراستیدا ئەو قاعیدەی عامە، فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من پشتگیری قسەکانی کاك دابان دەکەم بەرایی من زانکۆ کەمتر نەبێت، و نەك (٢)ساڵ (٥)ساڵ کەمتر نەبێت، بەراستی پشتگیریی لە قسەکانی کاك عباسیش دەکەم ئەو (٣) ساڵە بە لای کەم بکرێتە (٥) ساڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك هەڵکەوت.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، لە ماددەی (٦٩) هی یەکەم و دووەم پێویستە هەر(٢) خاڵەکە بکرێ بە یەك خاڵ و بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە خاڵی (١) خاڵی (٢) بکرێت بە یەك خاڵ دەبێت یاریدەدەری بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان و پەیمانگا پەروەردەییەکان بڕوانامەی پەروەردەی قوتابخانەو خوێندنگەی هەبێت کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆ کەمتر نەبێت، ئەزمونیشی لە بواری پەروەردەی فێرکردندا هەبێت کەلە (٣) ساڵ تا (٤) ساڵ کەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی منیش لەو ماددەیە خاڵی (٤) لە رووی صیاغە کردن پێم وابێت، بەو شێوەیە لێبکرێت بە تاوانی ئابڕوبەر حوکم نەدرابێت، خاڵی (٣) ببوورە سێیەم دەبێت یاریدەدەر بە ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت، بەو شێوەی لێبکرێت نابێت یاریدەدەر بەتاوانی ئابڕوبەر حوکم درابێت، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ماددەی دوای ئەوە بۆمان بخوێنەوە.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

لقی (٣) مەرجەکانی دامەزراندن مامۆستاو رێکاری پەروەردەیی

ماددەی (٧٠):

یەکەم: بۆ دامەزراندنی مامۆستا و رێکاری پەروەردەی پێویستە جگە لەمەرجە گشتییەکانی دامەزارندن ئەو مەرجانەی خوارەوە لە داواکاردا هەبێتن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ، زانکۆی لەبواری پەروەردەی هەبێت، بە تاوانی ئابروبەر حوکم نەدرابێت.

دووەم: لەکاتی دامەزراندنی یەکەم جاری مامۆستادا مەرجە مامۆستا لە شوێنە دوورەکان بە مەرجێك كە لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت خزمەت بکات و رێگە نادرێت بۆ گواستنەوەی هیچ مامۆستایەك بۆ شارەکان ئەگەر ئەو مەرجەی تێدا نەبێت، وەهیچ مامۆستایەك راستەوخۆ لە شارەکان دانامەزرێت.

سێیەم: دەکرێت هەڵگرانی بڕوانامەی بکالۆریوس هەرچەندە خوێندنەکەیان لە بواری کۆلێژەکانی پەروەردەش نەبێت، بەڵام هاوشێوەو نزیك بن وەك مامۆستا و دوای كە وەك رێنمایی پەروەردەی ئەو هەلەیەکی تایبە بۆ هەندێ برادەران موداخلە نەکەن بەس دەنووسین وەك مامۆستا دامەزرێن بە مەرجێك وەزارەت داواکەیان پەسەند بكات.

چوارەم: دەکرێت هەڵگرانی بڕوانامەی پەیمانگا لە کاتی پێوستدا وەك مامۆستا وە دوای رێنمایی پەروەردەکاری کە ئەویش لای بەن بەس وەکو مامۆستا لە قەزاو شارۆچکەو گوندو شوێنە دوورو دەستەکان دامەزرێن.

پێنجەم: مامۆستاو رێنمایی کاری پەروەردەیی دوای دامەزراندنی خولی پەروەردەو فێرکردن و دڵنیایی جۆری دەبینێت کە وەزارەت ساڵانە رێکی دەخات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ قسەی هەیە؟ لەسەر ماددەی (٧٠)، بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم، علی حمە صالح، شیرین امین عبدالعزیز، عباس فتاح صالح، نجاة شعبان عبدالله، جلال محمد عبدالله، خدیجە عمر طە، چیا حمید شریف، ظاهر محمد علی، لەنجە ابراهیم عبدالرحمن، سوسن محمد میرخان، ازاد اکرم بهرم، مەم برهان قانع، هلز احمد محمد، سەچنار احمد محمود، شێرکۆ جودت مصطفی، عمر عبدالله فتاح، سیپان سالم حسن، اسماعیل علی طە، گولستان سعید حمد، گوران عمر علی، عبدالستار مجید قادر، کەس هەیە، نەمان نووسی بێت، فەرموو کاك ئازاد.

**بەڕێز ازاد اكرم بهرام:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
لە مـاددەی (٧٠) بـڕگەی (٢) ئیستسـنایەك لە بـۆ قوتابخـانە و خوێنـدنگەی توركمانییەكـان و سریانییەكان هەبێت، باش دەبێت لەو بڕگەیە لە بڕگەی (٥) بە ڕای مـن دوای دامەزرانـدن خـول بكرێتەوە پێش دامەزراندن خـولەكە بكـرێتەوە باشـترە خـولەكەش یەك سـاڵ بێـت، لە وێنـدەرێ تاقیگەش بكرێتەوە بزانین ئایا دەستدەدا بـۆ مامۆسـتایەتی، چـونكە ئێسـتا زۆر كەس بەراسـتی ئەو خـولەی نەبێنیـتن تـاقی نەكـرێتەوە ببێـتە مامۆسـتا بە ڕای مـن بـاش نیـیە، بە نسـبەت شەشەمیش زیاد بكرێت بەرایی مـن مامۆسـتا دابمەزرێنێـت بە مـووچەیەكی گونجـاو لە ئاسـتی مامۆستایەتی بێت، لە یەك ملیـۆن كەمتـر نەبێـت، چـونكە ئێسـتا ئـێمە لێـرە بەس گرنـگ بـدەینە مامۆسـتا لە هەمـوو دونیـا گرنـگ دەدرێـتە مامۆسـتا لەنـاو ئـێمەش بـا گرنـگ بـدرێتە مامۆسـتا پێناوێت، میسالیش بێنم لە هەندێ دەوڵەت كە چۆن مامۆستای ئەوە دەكەن دەڵێن كو مەعاشـی دكتورێك و مەعاشی مهندسێك وابێ، مامۆستا ئەنگو پێدەگەینێ مەعنای وایە دەبێـت مامۆسـتا لە هەموو كەسێكی زیاتر مەعاشەكەی زیاتر بێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس فەرموو كاك سیپان.
**بەڕێز سیپان سالم حسن:**
**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**
مـاددێ (٧) یەكەم خـاڵا (١) ڤێـت ئەم دەسـت پێكـێ دامەزرانـدنا مامۆسـتایێت گەرێـن كـارێ پەروەردێ لێك جودا بكەین راستی داكۆ بشێن ساغلەتێت وێ لێك جودا بێنە دیـار كـرن چـونكی ئەڤرۆ رێنمایی كارێن پەروەدەی تنێ بۆ وان كەسابێت، كۆ دەرچوویـت كۆلێژێنـدەروون ناسـی و كۆمەڵناسی بن نەك مامۆستایەك دەرچووێن كۆلێژەكادی ڤـی ڕەنگـی بێـتە دامەزرانـدن یـا لسـەر حسابا یان ئەف كەسە وەكۆ دناڤا پەروەردێدا یان ناڤا وەزارەتا كاروبارێن كۆمەڵایەتیـدا نەهێـنە دامەزراندن ئایا جهێ وان دێ كیرێ هەیتە كرن كەواتە تایبەت ژبۆ وان دەرچـۆێن كۆمەڵناسـی و دەروناسی كۆ پتر ژ(٩)هەزار كەسا دەرچونە و هەتا نوكە نەهاتینە دامەزراندن لێ دووەم ئاماژە وێ چەنـدێ دایە كـۆ (٥) ژبـۆ ڤەگواسـتان مامۆسـتایان تـێن دەسـت نیشـان كـرن لـێ گەلەك ژمامۆستایا لبەر ئەنجامێ دانەمەزراندنا مامۆسـتایان و نەبۆنـا دەلیڤـێ گەلەك مامۆسـتایان ژ(٥) سالان ژی دەرباز كریە ناهێنە ڤە گوهاستن بەراسـتی چـونكی هەتـانوكە دەلـیڤە بـۆ نەهـاتیە دان لەورا پێشنیار دكەم كۆ ژبۆ (٣)ساڵا بێتە كێم كرن ژبۆ ئەو مامۆستا بشـێن نزیكـی دە ومێـت خـۆ یان نزیكی مالێن خۆ دەومی بكەن لێ چوارەمژی ئاماژە بە هەڵگرا بڕواناما پەمانگایا كرییە ڤێرێ ئاماژە وێ چەندێ دایە كۆ بێتن وەكۆ مامۆسـتا بێـنە وەرگـرتن ئـایە ئەگەر نەهێـتە فەرزكـرن كـۆ ئەف كەسە دەرچوویت وەكۆ پەیمانگایایێت هۆنەرێن جوانە پەروەردا وەرزشی یە گەڵ پەروەردا كۆمپیوتەرێ ئەگەر ئەف سێیە وەكۆ دەرچوێـت نەهێـنە وەرگـرتن ئایـا هەبوونـا ڤـان پەیمانگایـا بۆچییە چونكی ڤێرێ بێژیتن دەكرێت هەڵگرێت ڤێ ئان كۆ مەرج نینە هەڵگرن باوەرناما دبلۆمێ بوان سێ تایبەتمەندێت مە گوتی وەكۆ مامۆسـتا بێـنە وەرگـرتن لەورا یـا چـوارەم ڤێـری داخـازا روونكرنێ ژجەنابێ وەزیری دكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش چەند تێبینیەکم لەسەر ماددەی (٧٠) هەیە، بڕگەی (٢) ئەڵێت لە کاتی دامەزراندنی ئێکەم جاری مامۆستا بە مەرجی مامۆستا لە شیوێنە دوورەکان بۆ ماوەیەك کەلە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت، بکرێ بە زیاتر نەبێت وە بکرێ زیاتر نەبێت، چونکە کەمتر نەبێ وە ئەوە قورسە بۆ مامۆستا یەعنی بەراستی بەڵکو زیاتر نەبێ، چونکە (٥) ساڵ زۆرە خزمەت بکات، تاکۆتایی نەسەکە ئەم خاڵە زیاد بکرێت لە کاتی دامەزراندن نابێت بە هیچ شێوەیەك ئینتیمای حزبی یاخود سیاسی لەبەرچاو بگیرێت ئەمە زیاد بکرێت، خاڵی سێیەم دەکرێ هەڵگرانی بڕوانامەی بکالۆریوس هەرچەندە خوێندنەکەیان لە بواری کۆلێژەکانی پەروەردەش نەبێت، بەڵام هاوشێوەو نزیك بن ئەو هاوشێوەو نزیك بوونە نابێت، چونکە پێم وایە (٩) هەزار (١٠) هەزار ئیختیصاصمان هەیە، هەرواناکرێت تۆ بێیت ئەم بابەتە بکەی بە هاوشێوەو نزیك وەك مامۆستا و ڕێنمایی کاری پەروەردەیی، بەڵێ لابرێ و بە مەرجێ وەزارەت داواکەیان پەسەند بکات، لەوە بەس بەشی کۆمەڵناسی و دەروناسی ئێمە نزیکەی (٩) هەزار تا (١٠)هەزارمان هەیە، ئیتر بۆچی هاوشێوەو نزیك بێ، لە خاڵی چوارەم دەکرێت هەڵگرانی بڕوانامەی پەیمانگا لە کاتی پێویستدا وەکو مامۆستا و ئەو ڕێنمایی کاری پەروەردەیی لابرێت هەر لە قەزاو شارو گوندە شوێنە دوورودەستەکانا دامەزرێن وەکو وتم ئەوەی پێشوو ئاماژەم پێدا دەبێت ئەوە لابرێت، خاڵێکی تریش بە تەسەلسولێکی تر دابنرێت بەم شێوەیە ئەوانەی گرێبەستی هاوسەرگیریان هەیە، وە لەنێوان پەروەردەیی دوو قەزایە یان دوو پارێزگای جیاوازدا لە حوکمی بڕگەی (٢) ئەم ماددەیە بەدەربکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو نجاة خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

سەبارەت ماددێ (٧٠) بڕگێ (٢)هەکە ئەم چینە دێرا دۆماهیکێ بێژیتن هیچ مامۆستایەك ڕاستەو خۆ لە شارەکان دانامەزرێت ڤێرە تڤیا ئەوێدیەکێ کەنە تێدا ئەگەر بۆشای نەبیتن دیف هندنك پسپۆریا چونکە گەلەك جارا هندەك شارێن هەی پسپۆری هەمی پسپۆری لێ نین نو پێتڤینە دێ لڤێرە بیتە دێ قورس بیتن ئەرکێ وان ناف شاراو ڤێرە تڤیا مەرجی دانن کۆ ئەگەر بۆشای نەبیتن ئەگەر بۆشای هەبیت تڤیا دانە شاراژی، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو لەنجە خان.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمن:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە خاڵی چوارەم کە دەڵێت دەکرێت هەڵگری بڕوانامەی پەیمانگا لە کاتی پێویست وەکو مامۆستا و ڕێنمایی کاری پەروەردەیی لە قەزاو شارو گوندو شارو دووره دەستەکاندا دابمەزرێن بە زەرووره‌تی دەزانم ئەوانیش ماوەیان لو دابنرێت کە ئەوەی مامۆستای خەریجی بکالۆریوسە (٥) ساڵی کەمتر نەبێت با بۆ ئەوانەی پەیمانگاش (٧) ساڵ کەمتر نەبیت خۆ هەتا هەتایە هەر لە گوندو شارۆ شارۆچکەکانی دەرەوە نابن، بۆیە دادپەروەری لەوەشدا هەبێت، پێشنیار دەکەم ماوەی کەی وان لە (٧) ساڵ کەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس فەرموو کاك جلال.
**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
خاڵی (٢) لە ماددەی (٧٠) ئەگەر بمانەوێت یەك جاری لەو (٥) ساڵ و (٧) ساڵ و (٨) ساڵ کەمتر و زیاتر نەبێت، بەراستی ئێستا لە هەموو ئیدارە سەربەخۆییەکان لە هەموو شوێنە دوورەکان زانکۆ پەیمانگای تایبەت کراوەتەوە، ئەوانەی دامەزراندن نەماوە بەداخەوە ئەوانەی کە دەبنە وانەبێژیش یان بە گرێبەست هەمووی لەو شوێنانە خەڵکی ئەو شوێنانە داندران چ بە وانەبێژ بێت چ بە گرێبەست بێت یان بە دامەزراندن بێت لە کۆڵ ئەو هەموو خزم و خزمانە دەبینەوە، ئافرەتە دادەمەزرێت لە پاش ساڵێکی ئێستا وانەبێژە سالێ پاشتر دەڵێ بم هێنەوە یان خەسوم نەخۆشە یان دەڵێت دایکم لەسەر جێگایە، یەعنی ئەو هەموو ڕۆتینە کۆتایی پێ دێت، بەراستی ئەگەر ئەو بڕوانامەی وەرگرن لە بکالۆریوس یان پەیمانگا هەرکەسەو لە شوێنی خۆیدا دامەزراو بێ یان گرێبەست بێت، بەصەراحەت ئەویتریش پشتگیری کاك ئازاد ئەکەم مووچەی مامۆستا خوزگە وەزعی حکومەتی کوردستان باش دەبوو لە ڕووی داراییەوە والله ی مامۆستا چەندی پێبدرێ، لە کۆریا باشور مامۆستا مووچەی لە وەزیرو پەرلەمانتار زیاترە، (٢٥)هەزار دۆلار مامۆستا وەریدەگرێت لە کۆریای باشور خۆزگە لە کوردستانیش مووچەیەکی مەعقول پێدەدرا بۆ ئەوەی مامۆستایان لەو پەری باشیدا بانە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس فەرموو کاك علی.
**بەڕێز علی حەمە صالح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، والله من دوو سەرەنجم هەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان یەکەم مەرجەکانی ڕێنمایی کاری پەروەردەیی بنووسرێتەوە کە دەرچووی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی و ڕێنمایی دەروونی بن ئەم چوار هینەمان هەیە، بنوسرێتەوە بۆ ئەوەی جیا بکرێتەوە سەبارەت بە ئەوەی کە دەڵێت بڕوانامەی بەرایی زانکۆ لە بورای پەروەردە بێت و لە

خاڵی (٣) ئەڵێت هەڵگری بڕوانامەکانی تربن لە بـڕی ئەوەی کە وەزارەت و پەیوەنـدکردنی هەبـێ بۆ نموونە هەڵگری بەشی زانستییەکان یان ئاداب ئەمانە خولی (طريقه التدريس) ڕێگاکـانی وانە وتنەوە دەورەیان پێ بوترێتەوە، ئیتر لە مەرجەیە هین ترە یەعنی کە دائەمەزرێت ئەو مەرجەی بۆ دائەنرێت لە بڕی ئەوەی یەك یەك وەزارەت پەسەندی بکـات لە کاتێکـا لە کـاتی وەرگرتنیشـا لە زانکۆ علوم و ئاداب لە پەروەردە نمرەیان زیاتر ئەبێت، کۆلێژی زانست زیاتری ئەوێـت، بەڵام هەر چانسـی مامۆسـتایە زانسـت تەواو کـات کیمیـا تەواو کـات بیرکـاری تەواو کـات یەعنـی هەر چانسـەکەی مامۆسـتایە ئیتـر بـۆ ئەم قبـوڵەی وەزارەتەیـا ئەبێـت، لە بـڕی ئەوە دەورەیەکیـان پێبدرێتەوە کە ڕێگاکانی وانە وتنەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧٠) لە بڕگەی (١) بۆ دامەزراندنی مامۆستا، مامۆستا ڕێنمایی پەروەردەیـی پێویستە جگەلە دامەزراندن ئەم مەرجانە خوارەوە تێدابیت، ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عباس بە تەواوی دانی پێیانی پرۆتۆکۆل چۆن بنووسنەوە دوای یان مەیخوێننەوە یان بیڵێ بۆ ئەوەی بتوانن بنووسنەوە ئەزانم تو ئەتەوێت یارمەتیمان بدەی.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من زۆر یارمەتیم داون بە حەیاتیش نەم خوێندیتەوە یەکەمـین جاریشـە بەس تـۆ جـوابی منت دایەوە، بەراستی هەر نەم خوێندەوە بەس ویستم مەوزوعەکە بـۆت راسـت کەمەوە، بەڵام تـۆ مەجالـت نەدامـێ پێئەچێـت مانـدی ببـی، مـاددەی (١) بڕوانـامەی بەرایـی زانکـۆی لە بـواری پەروەردەیی یەعنی ئەگەر بەس لە بواری پەروەردەیی و زانکۆیە ئیتر بەراسـتی ئەو پەیمانگـانە هەڵگرین ئەمە بـێ ئومێـدیەکی زۆر دروسـت ئەکـات، یەعنـی تـۆ حاڵەتێـك هەیە، لە پەیمانگـا لە خوێندنگایانە ئێستا دەرسی کۆمپیوتەرمان هەیە، دەرسی هونەرەجوانەکانمان هەیە، ئێ ئەمـانە بێ ئومێدیان دەکەین بەراستی لەبەرئەوە مەرج نییە بەس مامۆستا دابمەزرێ و زانکۆی هەبێ و ئەگەرنا ئیتر پەروەردە پێویستە ئەوانە هەڵگرێ بە تاوانی ئەوەی هیچ فکرەکانت تۆزێـك ڕوانـدم سـەرۆك ڕێنمـایی کـاری پەروەردەیـی، مـن لێـرە پشـتگیری کـاك علـی دەکەم بەراسـتی یەعنـی وەزارەت و زانکۆ خۆی نەبەستێتەوە بەم بابەتە بەس بۆ ڕێنمـایی کـاریی پەروەردەیـیە ئەگەر لە کـۆلێژی پەروەردە بـوو جـارێ بـۆ بابەتەکـانی نـاو فیزیـا تـۆ پێویسـتت بە دەرچـووانی کـۆلێژی زانسـتیش دەبێـت، بەراسـتی ئەمـانە دەتـوانێ بـۆ مەسـائیلی پەروەردەیـی دەورەیەکیـان بـۆ

بکرێتەوە بۆ هەڵگری بڕوانامەی پەیمانگا نووسراوە بەس لە کاتی پێویست لە شارۆچەکەو قەزاو گوند و شوێنە دوورەکان یەعنی نازانم بۆ ئەدی قەزاو ناحیەو گوندەکان بۆ بێ ئەهمیەت دەکرێن، یەعنی تۆ بەس محافقە لێ تەرك كردووە بەس محافظە دەرت هێناوە لەو بابەتە دەگەڕێمەوە ماددەی (٢) بۆئەوەی ئەوە نەبێت دوورەکان بکەینە پێویست بەراستی یەعنی دوور نازانم دوور یەعنی چیی ئەو شوێنانەی دوورن ئەمانەیان دەنێرین شوێنە پێویستەکان، عادەتەن شوێنە دوورەکان پێویستن، بەڵام من ئەوە بکەین گواستنەوەی هیچ مامۆستایەك بۆ شارەکان لێرەنا ئێمە شارو شارۆچکەو گوندمان دیاری کردووە لێرانە دەڵێین بۆ شار، کەواتە لێرە لە رووی قانوونییەوە سبیەنێ جەنابی وەزیر تەنها بۆ پارێزگا ناتوانێ، چونکە بەس بەشار دەوترێت بە پارێزگا دەوترێت شار، لەبەر ئەوە ئەم شارە لێرەیە یان دەبێت، لابدەیی یان بابڵێین بۆ شارو شارۆچکەکان بەراستی ئەو کاتە قەزاو ناحیەکان دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای بەخشەندەو میهرەبان، والله سەبارەت بە ماددەی (٧٠) لە خاڵی (٣) و (٤) ئاماژە بە ئەوە کراوە کە دەرچووانی زانکۆ پەیمانگاکان دەتوانن وەك مامۆستای ڕێنمایی کارو پەروەردەیی دابمەزرێن من پێم وایە بەراستی پێچەوانەی پرەنسیبی زانستی و پێوەری یەعنی پەروەردەیی بێت، باشە ئەدی ئەوان وەزیفەیان چی دەبێ یەعنی چی لەوان دەکەن بۆیە من پێم وایە بەراستی گورانکاری بەسەر دابنین چونکە ئەو پێچەوانەی ئیختساسیشە پێچەوانەی پسپۆرییە بڵێین تەنها دەرچووانی بەشەکانی دەروونناسی کۆمەڵناسی کاری کۆمەڵایەتی و ڕێنمایی دەروونی وەك ڕێنمایی کاری پەروەردەیی یان توێژەری دەروونی کۆمەڵایەتی ئەوانە دابمەزرێن، چونکە ئەوەی بەراستی لە خاڵی (٣) وەلە خاڵی (٤)دا دەبینرێ ئەمن پێم وایە پێچەوانەی پرەنسیبەکانی زانست و پسپۆرییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧٠) خاڵی (٢) یاخود بڕگەی (٢) پشتگیری لە رەئی سەرچنار خان دەکەم کە (٥) ساڵ زیاتر نەبێت و رەچاوی بڕیارو ئینتیمای حزبی نەکرێت بۆ دامەزراندن و سەبارەت بە بڕگەی (٣) بۆ ئەوە دەیخوێنمەوە کە تەوزیحەکە بەم دەکرێت هەڵگرانی بڕوانامەی بکالۆریۆس هەرچەندە خوێندوەکەیان لە بواری کۆلێژەکانی پەروەردەش نەبێت، بەڵام هاوشێوەو نزیك بن من دەپرسم لە بەڕێز وەزیر یەعنی ئەم هاوشێوە نزیك بوونەوە تەربییە لە چییە، خۆ دەکرێت مامۆستایەکی بە نموونە بواری یاخود پسپۆری مێژوو جوگرافیا بێت وانەی بیرکاری بڵێتەوە بێگومان نەخێر لێرەش دا هەست ئەکەم غەدرێك لە دەرچووانی بوارەکانی کۆمەڵناسی و

دەروناسی ئەوانە دەکرێت، کەلە کاتێکدا نزیکەی (٩) هەزار دەرچوو لەو بوارەدا هەنە،بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەین کەتەنها بە نەص و ئەوها بێت، کە تەنها دەرچووانی دەروناسی و کۆمەڵناسی و کاری ڕێنمایی و کاری کۆمەڵایەتی دەتوانن وەکو ڕێنمایی پەروەردەیی دابمەزرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان دەست خۆش بیت شیرین خان لەو بابەتە ئەبێ هەندێك حەزرمان هەبێت، ئێمە ئەگەر بیرتان بێت، کاتێك کە بڕیادرابوو بۆ وانەبێژان دابمەزرێن، یەکێك لەو ئیشکالاتانەی کە هەبوو کە کەسێك لە کۆلێژی ئاداب عەرەبی تەواو بکردبایا لەگەڵ کەسێك کە لە کۆلێژ پەروەردەیە، پەروەردەی بنەڕەت عەرەبی تەواو بکردبایا فەرقی هەبوو، دانانی ئەم هاوشێوەیە بۆ ئەوەیە ئەو بەڕێزانەی لە کۆلێژی پەروەردە تەواویان نەکردووە واتە لە ئاداب تەواویان کردووە، بەڵام هاوشێوەو نزیکن بەڕێزان بۆ ئەوەیە کە مەحروم نەبن وئەمە ئێمە ئەبێت، من دڵنیانم لە پەرۆشی ئێوەیە، بەڵام بۆ ئەوەی پەرۆشیەکەمان زیاتر بێت، ئەبێ حەزەربین، ئێمە دەیان کۆلێژی ئاداب هەزاران دەرچووی کۆلێژی ئادابمان لە ئیختیصاصاتی جیا جیا هەیە، کە هیچ مەجالێکی تریان نییە بۆ ئیشکردن جگە لە مەجالی پەروەردە، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ قاعیدە عامەکەی یەکەم کە ئەڵێت ئەبێ بڕوانامەی بکالۆریوسی لە بواری پەروەردە هەبێت، ئەو قاعیدە خاصە دانەنێین کەلە بڕگەی (٣) هەیە، هەزاران دەرچووی ئاداب کە جگە لە مامۆستا هیچ شتێکی تریان پێ ناکرێ بێ بەشیان ئەکەین، لەبەرئەوە داواتان لێ ئەکەم هەندێك حەزەربین وە دەستان خۆش بێ و ئەزانم هەمووی لە پەرۆشیە داینەنێین لابەین ئەوانە مەحروم دەبن، فەرموو خەدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی (١) کە دەڵێت بۆ دامەزارندنی مامۆستاو ڕێنماکاری پەروەردەیی پێویستە جگە لە مەرجە گشتییەکانی دامەزراندن ئەو مەرجانەشی هەبێت، لێرەدا خاڵی (٢) ئەستەمە کە دەڵێت تاوانی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت، ئەوە خۆی لە خۆیدا مەرجێکی گشتییە ئەگەر بگەڕێنەوە سەر قانوونی خدمەی مەدەنی عێراقی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ لەوێ باسکراوە مەرجە گشتییەکانی یەکێکە لە زمنی مەرجە گشتییەکانە، ئەمە بۆیە نابێت صیاغەکەی بەم شێوەیە بێت دەبێت چاك بکرێتن بەم شێوەیە یەکەم بۆ دامەزارندنی مامۆستاو ڕێنماکاری پەروەردەیی پێویستە جگە لە مەرجە گشتییەکانی دامەزارندن بڕوانامەی بەرایی زانکۆی لە بواری پەروەردەیی هەبێت، واتا پێویست نییە خاڵی (٢) لێرە باس بکرێ، چونکە لە زمنی مەرجە گشتییەکانە کەلە قانوون دا هاتووە، بەس سەبارەت بە بڕوانامەی بەرایی زانکۆ ئایا کە ئەوانەی خەریج مەعهەدن ئەوانەش بێبەش ناکرێن لە پیشەیی مامۆستایەتی، چونکە ئێستاش هەمانە زۆر کەس دەرچووی پەیمانگانە، بەڵام مامۆستاشن ئەوە وەکو پرسیارێك سەبارەت بە بڕگەی (٢) واللەی نازانم ئایا هیچ ئاسانکارێك دەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە هاوسەرگیری دەکەن کە زۆرجار کێشەو بۆ ئەوانە دروست ئەبێت، مەسەلەن دەرێ لە گوندن لە شوێنیکی دوورن یەعنی کە هاوسەرگیری دەکەن ئایا هیچ دەرفەتێکیان بۆ ئەرەخسێت کە خۆیان بگوازنەوە بۆ ناو شارەکان،

سەبارەت بە بڕگەی (٣) و (٤) کاتێك کە ڕاپۆرتەکەیان خوێندەوە لە لێژنەی تایبەتمەند گوتیان کە ڕێنمایی کاری پەروەردەیی نامێنتن ئەو ووشەیە نامێنێت لەو هەردوو بڕگەیە، ئەگەر وابێتن کەواتە پێویست بە موناقشە نییە، یەعنی ئەو دەڵێن کە ئیلا ئیختصاصی بڵێن علم نەفس و علم الاجتماع دەبێت وەکو ڕێنمایی کاری پەروەردەیی دابمەزرێت، کەواتە ئەمە هیچ کێشەیەك دروست ناکات ئەگەر ڕێنمایی کاری پەروەردەیی نەمێنێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو کاك ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر ماددەی (٧٠) بڕگەی (٢) باس لەوە دەکرێت کەلە (٥) زیاتر نابێت، لە شوێنە دوورو دەستەکان (٥) ساڵ کەمتر بێت، منیش پشتگیری سەرچنار خان دەکەم کە نابێت لە (٥) ساڵ زیاتر بێت، وە ئەو ماوەیەش کە کەمیش بکرێتەوە بکرێتە (٣) ساڵ پێم باشترە، خاڵێکی تر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان جەنابت باسی ئەوەت کرد خاڵی (٣) کە بەشێکی زۆری لەوانەی کۆلێژی ئاداب و زمانەکان و ئەوانەی کە نزیکن لە کۆلێژی پەروەردە ئەگەر ئەو بڕگەیە لابردرێت مەحروم ئەبن، ئەی ئەوانەی کە دەرچووی کۆلێژە پەروەردەییەکانن کە ئیختصاص و پسپۆریان، سەرەتای تەقدیم کردنیان مەبەستیان ئەوەبوو کە ببنە مامۆستا ئەی ئەوانە ژمارەیەکی زۆر نینە ئەگەر خولێکی دیکە لە کۆلێژەکانا دابمەزرێنن ئەوانەش بێبەش نابن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاگەیاندن بۆچی ئەو شاشەیە دابەش ئەکەن بە دووبەشەوە خۆ مقابلەی تەلەفزیونیمان نییە، دەست خۆش بێت کاك ظاهر، فەرموو کاك هەڵکەوت، لێرە نییە فەرمووو سوسن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەبارەت بە خاڵی (٣) و (٤) پشتیوانی کاك سیپان و سەرچنار خان ماموستا عبدالستار دەکەم، لە راستیدا ئەوەی کە بوویتە جێگای نیگەرانی یەعنی لە خاڵی (٣) و (٤) کە پسپۆرانی ئەو بوارە لەوانەیە خۆشیان پەیوەندیان لە بەشێك بەپەرلەمانتاران کردبێت، نیگەرانی خۆیان دەربڕی بێت، لەوەی کە بۆچی سوود لە لەو پسپۆریانە وەرناگرن، لەبەر ئەوە من پشتیوانی لەو هاوڕێیانە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو گولستان خان.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧٠) بەرایی من یەعنی پێویستە جەنابت ئاماژەیەکی جوانتدا بەو کۆلێژانەی کە هاوشێوەن، ئەکرێت ئەمە بۆ مامۆستا بەس بۆ ڕێنمایی کاری پەروەردەیی کە ئەکاتە توێژەری دەروونی و توێژەری کۆمەڵایەتی، ئەکرێت ئەم بڕگەیە بەجیا بنووسرێت بەم شێوەیەی لێبکرێت تەنها دەرچووانی بەشەکانی دەروونناسی جگە لە دەروونناسی و کلینیکی و

بەشی رێنمایی و دەروونی و پەروەردەیی ئەتوانن وەك توێژەری دەروونی لە قوتابخانەی بنەڕەتی و خوێندنگا ئامادەییەکاندا دابمەزرێن و کاربکەن، تەنها دەرچووی بەشەکانی کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی و دەتوانن وەك توێژەری کۆمەڵایەتی لە خوێندنگە ئامادەییەکان و پەیمانگاکان و قوتابخانە بنەرەتییەکان دابمەزرێن و سەبارەت بە بڕگەی (٢) پشتیوانی لە قسەکانی کاك ظاهر ئەکەم کە ئەڵێت لە (٥) ساڵ بکرێتە (٣) ساڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دامەزراندن بێگومان هاوتاکردنی ئاستی مامۆستا بە پزیشك کە بە قانوون مولزەم ئەکرێت کە دابمەزرێت ئەزانم لەوانەیە ئێستا حکومەت بڵێ جا ئێمە (٧٠) و (٨٠) هەزار مامۆستا مووچەکەی بگاتە ئاستی پزیشك خەریجی پزیشکی، یەعنی ئەمە بۆ بوودجە ئەگەر دیراساتی دنیا بکەین بۆمان دەرئەکەوێت کە ئیستیسماری بەشەری و بەرهێنانی مرۆیی لە ڕێی مامۆستاوە دەست پێدەکات، بۆیە داهاتەکەی دواتر زۆر زۆر زیاتر ئەبێت، وەك ئەو بڕەی ئەچێتە سەر لیستی مووچە، بۆیە لێرە من پێشنیاری ئەوە ئەکەم کە دامەزراندن بۆ مامۆستا هەم لە رووی زەمەنەوە کە ساڵ تێنەپەڕێت لەسەر تەخروجی دابمەزرێت هەم لە رووی مووچەکەشیەوە هاوتای پزیشك بکرێت، ئەمە یەك دوو دامەزراندن بە پێی نەخشەی خواستی پسپۆری بێت، یەعنی قوتابخانەکان پێویستیان بە چ ئیختساسێکە ئەوا دامەزراندن بکرێت ئەوەیا لە یاساکە تەسیبت بکرێ بۆ ئەو تراك وتووکە هەمانە قوتابخانەیەك چەندین مامۆستا هەیە، لەیەك ئیختیصاصایە دیارە دوو ئیختیصاصە، بەڵام لە ئیختیصاصەکانی تر فەراغی زۆرە، بۆیە ئەو ئیشکلاتانەیا حەڵ بێ ئەوە پێشنیاری دووەمەکەم بۆ پشتگیری لە کاك سیپان و سەرچنار خان ئەکەم بۆ ئەو پێشنیارانەی کە کردوویان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت بڕگەی (٣) و (٤) من پێم وایە بۆ ئەوەی پێگە بگەڕێنەوە بۆ رێنمایی کاری پەروەردەیی کە توێژەری کۆمەڵایەتیش هەبێت گونجاوتر بێت، پێویست ئەکات ئەو ئیستیسنایە بکرێت کە ئەبێ پسپۆڕەکە لە بواری خۆیدا بێ نەك دەرچوویەکی پەیمانگا ئەو پۆستەی بدرێتێ ئەوە زانکۆی تایبەت هەیە، کۆمەڵناسی هەیە، دەرووناسی هەیە، ئەوانە ئیشی چارەسەرکردنی کێشەکانی خوێندکاران و قوتابیان ئەکەن یەعنی هەروا بە رۆڵێکی کەم بایەخ تەماشای نەکرێت، بە بڕوای من تەنیا دەرچووەکانی بوارەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئەو چانسەیان بۆ ئەو بوارە هەبێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو هلز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

سەر ماددا (٧٠) دووەم (٥)ساڵ کەمتر نەبیتن تەبعەن یاهەی هاتا (١٣) سالاژی مامۆستایە یێ هێلاینە قەزایەکێ هەر ساڵ ڕێنمایی دەردەکەڤیت ڕێڤبەریا گشتیا پەروەردێ زۆڵمەکا زۆڵم وان مامۆستایا تێتە کرنێ چونکی بەدیلی ڤێت بەدیل نینە ئو ڤێت موافقا مدیری بت مدیرژی موافقێ نادەتن لبەر هندێ (٥) ساڵ گەلەکن ئیستسانایەك ژی بۆبێتە کرنێ ئەڤێت (عقد زواج) هەیی جەنابێ وەزیری توزانی مە ئاریشە هەبوون تەربیا زاخۆ بۆ زەواج کربوو پەروەردا ئامێدیێ گەر دوویف ڤی مەرجێ هەنێ بیتن حەیاتاخۆ (٥) سالاژی دێ تێپەرینن نابنە خێزانەکا یەکگرتی چونکی ئەف مەرجێ هەنێ بیتە ڕێگر سەبارەت بڕگا (٣٠) ڕێنمایی کاری پەروەردەیی بێتە لادان ئەز گەڵ وان ئاخفتنامە وێ روون کرنێ مە کۆ مەیێت هەیی تایبەتمەندێت نزیك بۆ نموونە خەریجێت کۆلیژا زانستی کیمیا فیزیا بیرکاری ڤێتن رووڵێ وان ژی یان ژی بێژین مافێ وانە بێتە دابین کرنێ دفی یاسایێ هەنێ دا بڕگا (٤) ڕێنمایی کاری پەروەردەیی دیساژی بێتە دەرخاندنێ ڤێ بڕگەیدا بڕگا(٥) سیاغەکادی بێتە سیاغەکرنێ ڤی شکلی هە دەبیت مامۆستاو ڕێنماکاری پەروەردەیی دوای دامەزراندنی لە خۆڵی پەروەردەو فێرکردن و دڵنیاجۆری بەشداربێت، کە وەزارەت سالانە ڕێکی دەخات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، لەسەر ماددەی (٧٠) دووەم لە کاتی دامەزراندنی یەکەمجاری مامۆستادا مەرجە مامۆستا لە شوێنە دوورەکان بۆ ماوەیەك کەلە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت هەر لەماددەی (٧٠) لە بڕگەی (٤) دەکرێت هەڵگرانی بڕوانامەی پەیمانگا لە کاتی پێویستدا وەك مامۆستا لە ڕێنمایی کاری پەروەردەیدا لە قەزاو شارۆچکەو گوند و شوێنە دوورەدەستەکان دابمەزرێن، لە ڕاستیدا سەرنجەکەی من بەم جۆرەیە دەکرێت خاڵی (٢) پشتیوانی لە هەموو ئەوانە دەکەم کە دەڵێن نابێت لە (٥) ساڵ زیاتر بێت وە من پێشنیاز دەکەم بۆ یەکەمەکان بەراستی وەکو ئەوەی کە تەشجیعیان بکەین ئەوانەی کە یەکەم ئەبن لە سێ یەکەمەکە بەراستی ئەوانە نەگرێتەوە هیوادارم ئەوە بۆی زیاد بکرێت، بابەتێکی دیکە بابەتی نەقڵ و دامەزراندن و پرسی گەرانەوە وەزیری پەروەردە بەخۆی دەزانێت یەکێکە لە کێشە گەورەکان لە نێوچاوانی مامۆستادا، یەعنی ئەم بابەتە سالانە کێشەیەکی بەردەوام هەمیشە دووبارە ئەبێتەوە لەم پەروەردە بۆ ئەم پەروەردە لە دەرەوەی شار بۆ ناو شار، مدیرەکە موافقەتی بۆی ناکات، بەرێوەبەری پەروەردە مواقەتی بۆی ناکات دەبێت، بێتەوە شمولی کێ دەکات؟ شمولی کێ ناکات؟ هیوادارم ئەم ماددەیە لە ماددەی (٧٠) ماددەیەکی تێرو تەسەڵ بێت، بۆ ئەم شتانە یەکجار دیاری بکات بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەربێت بزانردێت مامۆستا دوای ئەوەی کە لە دەرەوەی شار بۆ دەرەوەی شارە ئێستا لە ماددەی (٧٠) وەکو ئاماژەم پێکرد دەڵێت لە شوێنە دوورەکان، بەڵام هەر

له مادده‌ی (٧٠) له بڕگه‌ی (٤) ئه‌ڵێت له قه‌زاو شارۆچکه‌و گوندو شوێنه دووره ده‌سته‌كان ئێ بۆ هه‌ڵگرانی یه‌عنی ئه‌وانه‌ی كه په‌یمانگایان ته‌واوكردووه به‌و جۆره دووربخرێنه‌وه ئه‌وا ته‌فسیری بۆ كراوه بۆ مه‌سه‌له‌ن بڵێین له خاڵی (٢) به‌م جۆره ته‌فسیر نه‌كرابوو، بۆیه هیوادارم ئه‌م بابه‌ته به ته‌واوه‌تی ئیشی له‌سه‌ر بكرێت وه‌چاره‌سه‌ربكرێت، یه‌ك شتی دیكه له‌سه‌ر ته‌خه‌سوسه‌كان به‌راستی به‌ڕێز وه‌زیری په‌روه‌رده ره‌نگه ئاگاداربێت، بێجگه له رێنمایی كاری ده‌روونی مامۆستای هونه‌ریش ئه‌و كێشه‌یان هه‌یه، یه‌عنی مامۆستا هه‌بووه ئه‌م مامۆستایه مامۆستای میوزیك بووه یان مامۆستای شانۆ بووه وتویانه بڕۆ ده‌رسی شانۆ بووه پێیان گوتووه بڕۆ ده‌رسی موزیك بیده‌وه وتوه ئاخیر من ئه‌ڵف و بێ لیێ نازانم ئێ خۆ ئه‌گه‌ر بڵێی له راستیا په‌یمانگای هونه‌ره جوانه‌كانی ته‌واو كردووه یان هونه‌ری خوێندوه، ئێ خۆ به ئه‌وه ناكرێ كه لێكا نزیكن، بۆیه ته‌خه‌سوس زۆر زۆر گرنگه ئه‌م بابه‌ته هیوادارم ئه‌مه چاره‌سه‌ربكرێت و گرنگی به ته‌خه‌سوس بدرێ و، زۆر سوپاس.

**به‌ڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سه‌رۆكی په‌رله‌مان:**

سوپاس فه‌رموو كاك اسماعیل.

**به‌رێز اسماعیل علی طه:**

**به‌رێز سه‌رۆكا په‌رله‌مان.**

بسم الله الرحمن الرحیم، ئه‌وه‌لی ئه‌ز پشتگیریی و پشته‌ڤانیا دكتور شێركۆ كه‌م بۆ بۆچوونێت وی ێت ده‌ست پێكی عام گوتین سه‌ر دامه‌زراندنا یا مامۆستایاو ئۆ به‌رز راگرتناوانا گه‌هنه وان ئاستێت پێ تڤی دیسا پشته‌ڤانی ێت كه‌م كۆ خاله‌كادی بێته زێده‌كرن ئینتیمایا حزبی به‌رچاف نه‌هێته وه‌رگرتن چێت بیت هنده‌ك بێژن ئه‌ڤه نه‌هاتیه كرن ته‌بعه‌ن ئه‌وێ سه‌رێ وی چ جارا نه‌ئێشابیت ته‌بعه‌ن نزانیت سه‌ر ئێشاندن یا چاوایه ئه‌م زانین یا چاوایه یه‌عنی ئینتیمایا حزبی گه‌له‌كا زه‌ڤه و یا وازحه‌و یا دیاره ژبه‌ر هندێژی هه‌كۆ مامۆستا ته‌عین بیت بۆ دێ داخازا وی چیته ئاسایشێ ئاسایشێ چ عه‌لاقه پێڤه‌یه هه‌تا كۆ مامۆستا فڵان موافقێ سه‌ربكه‌ت یان نه به‌س دابێته گیرۆ كرن و نه گه‌هیته‌ی جهێ ته‌عینه نه‌هێته ته‌عین كرنێ ئه‌ز بینم پێتڤیه فعله‌ن ئینیتمای حیزبی به‌رچاف نه‌هێته وه‌رگرتن بیته مه‌رجه‌كێت مه‌رجێن دامه‌زراندنێ دیسا پشتگیری و پشته‌ڤانیا وان ئه‌نداما كه‌م ئه‌وێت گوتی بێته راست كرن (٥)ساڵ كه‌متر نه‌بیت ئه‌ڤ كه‌متر نه‌بیت مه‌عنا وێ شێت (١٦) سالاژی وێری بیت قه‌زایێ بیتن پێتڤیه شینا كێمتر نه‌بیتن زیاتر نه‌بێت یه‌عنی (٥) سالا زیاتر نه‌مینیت گه‌ڵ بۆ سالا (٦) وی مافێ هه‌ی حه‌قێ هه‌ی بێته ڤه گوهاستن به‌دیلی وێ پێتڤیه ته‌ربیه چاره‌سه‌ر بكه‌ت دیسا هه‌ر عه‌ینی موشكیلا یا هاوسه‌رگیریێ ئه‌گه‌ر هاوسه‌رگیری كر قه‌زایه‌كێ بۆ قه‌زاكادی چاوا دێ بیژتێ توو ناهێیه ڤه گواهستن باشه یێ هاتیه ڤه‌گواهستن دێ شیكه‌ت ئێك دێ دهۆكێ هێته هه‌ولێری دێ شیكه‌ت هه‌ولێرێ دێ هێته دهۆكێ پێتڤیه ئه‌ڤه بێته چاره‌سه‌كرن هه‌ر وه‌كۆ خیشكا سه‌رچنار گوتی گرێبه‌ستێت هاوسه‌رگیریێ پێتڤیه به‌ده‌ر بیتن ژحوكمێ خالا (٢) دیسا پشتگیری و پشته‌ڤانیا هه‌میا كه‌م خیشكا سه‌رچنار خان و خیشكا شیرین خان و گولستان خان و ئه‌ڤێت گوتی بۆ دامه‌زراندنا توێژه‌ری به‌س كۆمه‌ڵناسی و ئۆ ده‌روناسبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو پشتەڤانیت کردن.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئونە من ڤێت خاڵاکا تایبەت بیتن بۆ وانا ئەف خاڵا تە گوتی یا (٣).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین / سەرۆکی پەرلەمان:**

گەیشت تەواو دوو دەقە دکتور اسماعیل، دوو دەقە تەواو بوو بینووسە هەرچی نەت وتووە.

فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من ژی هەر سەر یا (٤) و (٣) بی راستی جەنابێ تەژی روونکردنەوەك دا بەس ئەز بینم ئەف مادده زۆر هەڵەیەو دژی زانستیەو دژی پسپۆریە پیچەك ماددەکێ نە لۆژییە من ڤێت ڤی شێوازی بێتە دارشتن ئەگەر روخسەت هەبیت ئەس ماددێ ناخوینم ڤێ شێوازییە تەنها دەرچووانی بەشەکانی دەروناسی کۆمەڵناسی کاری کۆمەڵایەتی رێنمایی دەروونی دەتوانن وەکو رێنمایی کاری پەروەردەیی یان توێژەرانی دەروونی کۆمەڵایەتی دابمەزرێن چونکی گۆری مادده کەڤن بیتن ڤی شێوازییە کۆ ڤێتەنەری معهد تەکنیکی، تجارە، کۆمپیوتەر، فیزیا هەموو دەبنە رێنمایی توێژەنەیی دەروونناسی چونکی هیچ پەیوەندی بە دەروونی و کۆمەڵایەتی نینە بۆ وێجا کو من ڤێت ئەو گوڕانکاریە کۆ من گوتی تەنها بسپۆروزانست و شارەزایی تێدا بێتە بەر چاف وەرگرتن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی بەرێز کاك عباس فتاح و دیاری انورو گولستان خان و شیرین خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو منی خان.

**بەڕێز منى نبى نادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٧٠) بڕگەی (٢) پێشنیاز دەکەین ئەم بڕگەیە زیاد بکرێت شوێنی دەوام کردنی دەرچووانی بەشی زمانی تورکی لە سنووری وەزارەتی پەروەردە ئاماژە بە بڕگەی (١) لە بڕیاری ژمارە (١٠)ی (٣٤)ی لە رێکەوتی (١٩٧٥/٩/٢)بەهۆی نەبوونی قوتابخانەی تورکمانی لە دەرەوەی سنووری هەولێرو سنووری گەرمیان بە پێویست دەزانین ئەمە لەبەرچاو بگیرێت ئیستسنابکرێت بۆ دەرچووانی بەشی زمانی تورکی چ ئەوانەی کە دامەزراون یان ئەوانەی کە دادەمەزرێن لە مەودوا وەك مامۆستا یان بە هەمیشەیی یاخود گرێبەست، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وەكو ئەندام پەرلەمان قسە دەكات حەقی خۆیەتی. سوپاس فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ئیشكالەی هاتووتە پێش لە برگەی (٣) ئەو ماددەیە لە ئەنجامی تێكەڵ كردنی ئەم دەرفەتەی دراوە بە كۆلێژەكانی تر لە نێوان مامۆستا و ڕێنماكاری دەروونی یە لیژنەی پەروەردەی بەڕێز دەتوانن چارەسەری بكەن بە جیاكردنەوەی لە نێوان مامۆستا و ڕێكاری دەروونی ئەوە دەرفەتێكی زۆرباشە بۆ كۆلێژەكانی زانست و ئاداب و هاوشێوەكانی هەندێكجاریش كشتوكاڵ، بۆ ئەوەی وەكو مامۆستا دەرفەتیان هەبێت ئەگەر پێویست بۆ ڕێنمایی كاری پەروەردەیی باسی ئیختساسی خۆیان هەیە، دەروونناسییە كۆمەڵناسییە كاری كۆمەڵایەتییە ڕێنمایی كاری دەروونی و هەندێك ناونیشانەی دیكەشی هەیە، لەو جۆرە واتە (١) برگە زیاد بكرێت ئەمەش پشتگیرییە لە قسەكانی مامۆستا كاك علی سەرچنار خان سوسن خان كاك سیپان گولستان خان كاك مەم هلز خان دكتور اسماعیل، هیوادارم ئەوای لێبكرێت خالێكی تر ئەوەیە كە سەبارەت بە برگەی (٢) مادەم كەمتر دانراوە لە (٥)ساڵ كەمتر نەبێت، ئینجا بگوازرێتەوە با (٣) ساڵ دابنرێت، بۆیە لەو ڕەوانگەیەوە پشتگیری لە قسەكانی كاك ظاهر گولستان خان و كاك دیاری ئەكەم بۆ چونكە لەسەروی (٥)ساڵیشەوە هەر وەزارەتی پەروەردە دەسەڵاتی هەیە، نەقڵی نەكات یەعنی ئەگەر (٦) ساڵ و (٧) ساڵ و (٨) ساڵیش بێت، بەپێی پێویستی خۆی بێ ئەوكاتە ئێ مادەم وایە با لایەنی كەم (٣) ساڵ دەست نیشانی بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو سارا خان.

**بەڕێز سارا دلشاد بكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە لقی (٣) مەرجەكانی دامەزراندنی مامۆستاو ڕێنمایی كاری پەروەردەیی لە برگەی (٢) بەهۆی نەبوونی قوتابخانەی توركمانی لە دەرەوەی سنووری پارێزگای هەولێرو دائیرەی گەرمیان ئیستسنابكرێت بۆ دەرچووانی وە پشتگیری لە قسەكانی منی خان دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ماددەی دوای ئەومان بۆ بخوێنەوە. لەپێش ئەوە كاك علی مان راسپێردرابۆ ڕوونكردنەوەمان بداتێ سەبارەت بە دابەشكردنی نەوتی سپی بەڕێز سەرۆكی لیژنە فەرموون، دوای ئەوە گولستان خان ببورە. فەرموو كاك علی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چەند گرفتێكە لەگەڵ بەرێز وەزیری سامانە سرووشتییەكان قسەمان كردووە یەكەمیان نەوتی سپیە، سەبارەت بە نەوتی سپی لە قۆناغی ئامادەكردنی تەندەری بە قسەی ئەوان بۆ ناوچە

شـاخاوییەکان تەنیـا نـاوچە شـاخاوییەکان لە مـانگی (١٠) پێـدەچێت (١٥) مانـگ تەواو ببێـت، قۆناغی دووەم بۆ دەوروبەر ئەڵێت لە مانگی (١١)، بەڵام تـا ئێسـتا نە تەنـدەرو نە خسیسـی نیـیە قۆناغی سێیەم ئەکەوێتە ناوشارەکان لە مانگی (١٢)وە ئەگەر بکرێـت گرفتێکـی تـری گەورەمـان ئێمە گازوایلە دوو زەرەرمان لێکردووە یەکەمیان بەهۆی گازوایلەوە نرخـی کارەبـای مولیـدە زۆر گران بووە، دووەمیان نەوتی سپی گران بـووە بـۆ گـازوایلی پـاڵاوگە پێشکەوتووەوکان ئەچێتە دەرەوە بەبێ موافقەی وەزارەتـی سـامانە سرووشـتییەکان، ئەڵـێن هـیچ موڵەتێکمـان نەداون نـا یاسای یە چەنـدین جـار داوای راگرتنمـان کـردووە لەبەرامـبەردا نەوتـی سـپی دەهێنرێـت لەگەڵ روونی پیسی ئۆتۆمبێل کۆمەڵێ مەوادی تری ئەکرێتە گازوایل و ئەفرۆشـرێتە مولیـدەکان، بەمە خواست لەسەر نەوتی سپی زیادی کـردووە ئەمە هۆکـارەکەیەتی وتومـانە رایگـرن چەنـد جـارێ داوامان کـردووە ئـێمە مۆلەتمـان نەداوە، ئـێمەش لایەنـی راگـرتنین بـۆ دۆسـیەی غـازیش چەنـد پێشـنیارێك خسـتومانە روو لەوانە هەنـاردەکردن بـۆ دەرەوە بە تەواوەتـی رابگیـرێ، بـۆیە ئـێمە پێمان باشە راپۆرتیشمان نووسیەوە ئەگەر جەنابتان دانیشتنێك لەسەر ئەم بابەتە بـکەن، وەزیـر خۆی بێت روونکردنەوە بدات شتێکی خراپ نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مـاددەی دوای ئەو بۆمـان بخـوێنەوە دەبـێ دانیشـتن بکەیـن دوای قـانوونی پەروەردە. فەرمـوو گولستان خان.

**بەڕێز گولستان باقی سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری (٩) رێکارەکانی دامەزراندنی مامۆستا رێنمایی کاری پەروەردەیی و فەرمانبەرانی دیـکە لە دامەزراوە حکومییەکاندا

ماددەی (٧١):

یەکەم: مامۆستا رێنمایی کاری پەروەردەیی فەرمانبەرانی دیکەی لە دامەزراوە حکومییەکاندا بە پێی یاسا کارپێکراوەکاندا دادەمەزرێن.

دووەم: ئەنجومەنی پەروەردە لە قەزا ئامادەکردنی نـاوی پـاڵێوراوان و ناردنیـان بـۆ وەزارەت لە رێگەی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە ئەنجام دەدات.

سێیەم: خاڵەکانی بەرایی هەڵبژاردنی پاڵێوراوان کە لە بڕگەی (٢) ئەم ماددەیە ئامـاژەی پێکـراوە لە رێگەی رێنماییە دەبێت، کە وەزیر دیاری دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ناوەکانتان ئەخوێنمەوە، اسماعیل علی طە، سیپان سالم حسن، بدریە اسماعیل محمـود، عمر عبداللە فتاح، دیاری انور حمەرحیم، مەم برهان قانع، جـلال محمـد امـین، عبدالناصـر احمـد علی، عثمان کریم سوارە، روپاك احمد رحمان، چیا حمید شریف، جـوان یـونس محمـد، لیـزا فلـك الدین صابر، هەلکەوت انور خلیفە. فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێز جلال محمد امین:**

بەنــاوی خــوای گەورە، ســەبارەت بە بــڕگەی (١) مامۆســتا رینمــایی کــاری پەروەردەیــی و فەرمانبەرانی دیکە دامەزراوە حکومیەکان لێرە ناحکومیەکانیش بۆ ئیزافە بکرێت بە پێی یاسا کار پێکراوەکانـدا دائەمەزرێـن پـێم وایە بـڕگەی (١) و (٢) و (٣) بکـرێتە یەك بـڕگە ئەنجـومەنی پەروەردە لە قەزا ئامادەکردنی ناوی پاڵێوراوان و ناردنیان بۆ وەزارەت لە رێگای بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەوە ئەنجام دەدات ئەمەی بۆی ئیزافەی بکرێت لە بڕی دووەم بە شێوازی ئۆنلاین و خاڵ بەندی تێدا رەچاو بکرێت و وەهەروەها رێنمایەکە لە رێگای وەزیـرەوە دەری دەکـات واتە تەنیا (٢) بڕگە بێت، بڕگەی (٣) بەم شێوازە تێهەڵکێش کرێ و لە گەڵ بڕگەی (٢)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك عبدالناصر.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، لە ماددەی (٧١) بـڕگەی (٢) دەربـارەی رێکارەکـانی دامەزرانـدنی مامۆسـتاو رێنمـایی کـاری پەروەردەی و فەرمـانبەرانی دیـکە لە دامەزراوە حکومییەکانـدا لێـرە پێویسـتە ئەو دەسـەڵاتە بـدرێت بە بەرێـوەبەری گشـتی لە مـاددەی (٢) پێویسـتە ئەو دەسـەڵاتە بـدرێت بە بەرێـوەبەرایەتی گشـتی پەروەردەکـان بـۆ هەڵبژاردنـی پـاڵێوراوان، لەبەرئەوەی لێـرە بەرێـوەبەرایەتی گشـتی تەنهـا وەکـو بەریـدێك وایە کە ئەو نووسـراوانە لە قەزاکـانەوە دێـت ئەگەیەنێـتە وەزارەت، بـۆچی هـیچ رۆڵێکـی نیـیە ئەو رۆڵە بـدرێت بە بەرێـوەبەرایەتی گشـتی پەروەردەکان لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك عثمان .

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧١) بڕگەی (١) منیش بەهەمان شێوە پاڵپشتی لە قسـەکانی مەلا ناصـر دەکەم، بەڵام کە لێــرە نووســیویەتی ئەنجــومەنی پەروەردە پێویســتە بنووســرێت بەرێــوەبەری پەروەردە لە دەرەوەی شارەکان نەك ئەنجومەنی پەروەردە روون نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو روپاك خان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددە (٧١) بڕگەی (١) کە دەڵێت رێکارەکانی دامەزراندنی مامۆسـتاو رێنمـایی کـاری پەروەردەی و فەرمــانبەرانی دیــکە لە دامەزراوە حکومییەکانــدا، مەبەســت لەوە چیــیە روون کردنەوە بدرێت وە مامۆستا کە دادەمەزرێـت دەڵێـت بە پێـی یاسـا بەرکارەکـان دەرچـووانی چ کۆلێژو پەروەردەیەك دادەمەزرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادده(٧١) بڕگەی (١) و (٢) من پێشنیار ئەكەم وە پشتگیری لە قسەكانی روپاك خـان ئەكەم و سەرەتا و پێشنیار دەكەم هەردوو بڕگەكە بكرێت بە یەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو كاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـادده (٧١) پـێم باشـە رێنمـایی كـاری پەروەردەی جیـا بكـرێتەوە لە مامۆسـتایان، چونكە هەموو قوتابخانەیەك پێویستی پێیەتی وە بەپێی پێویستی قوتابخانەكان دامەزراندنیان بۆ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو كاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیامن ژی هەر سەر خاڵا (٢) بی من پێباشە نەكۆ پتنێ بەرێوەبەرێ گشتی ناڤێ پالێوراوا بڵند كەت هەروەسا سایەتێكی ئونڵاین هەبێت، كۆ كاك جلالی بەعـس كـر بە رێیەكـا سـایەتەكێ ئـون لاین ببێتە بەڵاف كرن پشتەڤانیا كاك جلالی دكەم بۆ گرێـدانا مـاددا (٢) و (٣) ببێـتە یەك مـاددەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو جوان خان.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمـان تێبینـی لیـزا خـانم هەیە، پشـتگیری لێـدەكەم بەوەی كە رێنمـایی كـاری پەروەردەی جیـا بكرێتەوە لە مامۆستا، چونكە هەموو قوتابخانەیەك پێویستی بە رێنمایی كاری پەروەردەی هەیە بە پێی پێویستی قوتابخانەكان دامەزراندنیان بۆ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو كاك هەڵكەوت.

**بەڕێز هەڵكەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، لە ماددەی (٧١) تێبینیم لەسەر خاڵی (١) هەیە، كە مامۆستاو ڕێنمایی كاری پەروەردەی و فەرمانبەرانی دیكەی دامەزراوە حكومییەكان بە پێی یاسای كار پێكراوەكان دادەمەزرێت، هەرچەندە ئیحتمال هەیە، لە یاساكاندا هاتبێت، بەڵام پێم باشە خاڵێك زیاد بكرێت لە دامەزراندن ڕەچاوی ساڵی دەرچوون بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو كاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمەرحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، ماددەی (٧١) بڕگەی (٢) ئەنجومەن لە پەروەردە و قەزا بەدەر لە پێناسەكەی لەسەرەتا كە كراوە بۆ ئەنجومەنی قەزا، جا ئەمە كە لێرە لە بڕگەی (٢)دا هاتووە ئەڵێت ئامادەكردنی ناوی پاڵێوراوان و ناردنیان بۆ وەزارەت لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە ئەنجام دەدات، یەعنی ئەم ئەركە قورسەی هەیە، وە لە ماددەی (١٦٣) لە بڕگەی (٣) دەڵێت نوێنەری یەكێتی مامۆستایانی كوردستان مافی ئامادەبوونیان لەو كۆبوونەوەیان هەیە، كە پەیوەستن بە پرسی مامۆستایان بێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت، یەكێتی مامۆستایانی كوردستان، یەكێتی یەكی حزبیە هی چەند پارتێكی سیاسیە لە هەرێمی كوردستان وە هەموو مامۆستا و بەڕێوەبەرو ئەوانەی دیكە كە لە هەرێمی كوردستان دامەزراون و قوتابخانەو پەیمانگاو ئەوانە دەبن بەڕێوەدەبەن لەوێ ئەندامن و ئەگەر مافی دەنگدانیشیان نەبێت، بە خۆمان دەزانین كاریگەری دەرەكییان هەیە، وە دەتوانن قەراری پێ بگۆڕن وە ئەوە ڕەئی ئەوان وە پێشنیازدەكەم ئەم ئەنجومەنە ئەم كارە نەكات، یان ئەگەر ئەم ئەنجومەنە ئەم كارە دەكات تكا ئەكەم كە یەكێتی مامۆستایانێك ئەگەر لەبەر واقیعە بەس راوێژیان پێ بكرێت لە حاڵەتی زەرووره بۆ حاڵەتی راوێژكردن، نەك ئەوەی كە ئەم ئەنجومەنە لە ماددەی (٧١) چی ئەكات ناوی پاڵێوراوان دەنێریت، بۆیە مەترسی ئەوەمان هەیە، كە ئەم ئەنجومەنە دەستی هەبێت، لە ناردنی ناوی ئەم پاڵێوراوانە راستە دوای لە ڕێی وەزارەتەوە یەكلایی دەكرێتەوە، بۆئەوەی ئەمە دروست نەبێت، ڕێگایەكی زۆر ئاسان هەیە، پێشنیاز ئەكەم ئەمە لە ڕێگایەكی سیستەمێكی ئەلیكترۆنییەوە بۆبكرێت وە راستەوخۆ بچێتە بەردەم ئەنجومەنی وەزارەت، ئەنجومەنی وەزارەت قەراری لەسەر بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیە لە بڕگەی (١) و (٢) باس لە شێوازی دامەزراندنی مامۆستا ئەکات، بەڵام بەراستی هیچ میکانزمێکی روون و شەفافی نییە کە هەمووماان دڵنیا بکاتەوە لەوەی کە سیستەمێکی عادیلانەی روون هەیە، کە خەڵك بەو هۆیەوە دابمەزرێت، ئەو دامەزراندنانەی کە ئێستاش هەن لە هەرێمی کوردستان بەداخەوە نارەزاییەکی زۆریان بە دوای خۆیان دا هێناوە بە هۆی نەبوونی ئەو سیستەمە ناعادیلانەوە، بۆیە من پێشنیار ئەکەم ئەوەی کە کاك جلال و کاك چیا وتیان بەم جۆرە دابرێژرێت، وەزارەتی پەروەردە لە رێگەی سیستەمێکی ئەلیکترۆنییەوە بە شێوەیەکی شەفاف و روون دەرفەتی دامەزراندن بۆ هەموو داواکاران و خوازیاران برەخسێنیت بە پێی پلانێك کە پێشتر وەزارەت راگەیاندووە و پێویستیە دامەزراوە پەروەردەییەکان لە سنووری بەرێوەبەرایەتی و بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکان دەست نیشان کردووە، واتە وەزارەت پێشتر ئیعلان ئەکات من (١٠٠٠) هەزار مامۆستام پێویستە لەو فلان شوێنە لەو شارە لەو شارۆچکەیە و خوازیاریشین بە پێی سیستەمێکی ئەلیکترۆنی (١٠٠%) لە ژێر کۆنترۆڵی وەزارەتا بێت، دەرفەتی تانە هەبێت، روون بێ خاڵەکان دیاربن مەرجەکان دیاربن و وە ئەگەر نا ناعەدالەتی دروست ئەکات، خاڵێکی تر ئەوەیە لە سەرەتای بڕگەی یەکەم کە ئەڵێت بە پێی یاسای کار پێکراوەکان دادەمەزرێن پێشنیار ئەکەم وشەی بە هەمیشەیی بۆ زیاد بکرێت پەروەردە موئسەسەیەکی زۆر گەورەو گرنگە نابێت میلاکی نەبێ، مامۆستا کاتی بێ نابێ وانەبێژ بێ نابێ گرێبەست بێت، ئەبێت بە هەمیشەیی مامۆستا لە سیستەمی پەروەردە دابمەزرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

دەستپێکی ئەز پشگیری و پشتەڤانیا مامۆستا عمر کەم بۆ چوونا راو بۆچوونێت وی دوو خاڵ (١) ئەز حەزکەم ئەڤە لێ زێدەبیتن لبەر چاڤ گرتنا تێکرایی نمرە مامۆستای گەڵ ساڵا دەرچوونێ یەعنی بەس ئیعتمادێ سەر یاسایی چونکی یاسایی بەعسی نمرەو مەعەدەڵی نەکرییە ئێك هەیی مەعدەڵ (٩٠) یێ دەرخستی ئێکێ هەیی مەعدەڵ (٥٠) دەرخستی چەنکی مەعدەڵ (٥٠) واستەیی هەیی دێتە تەعین کرن و دێتە دامەزراندن وە یێ (٩٠) دەرخستی چونك و واستە نینە ناهێتە تەعین کرن وە دیسا ساڵا دەرچوونێژی ئەڤێ ئێك ئەڤە (٧) ساڵە دەرچووی تەخەرۆج کری ئێك پارێ دەرچووی یێ پاربێتە تەعین کرن یێ بەری (٧) ساڵا نەهێتە تەعین کرن ئەڤەژی زۆلمە تێتە کرن ژبەر هندێ ئەزبێژم ئەڤە بێتە بەر چاڤ کرن بەرچاڤ کرنا موعەدەڵێ یێ دەرچووی و گەڵ ساڵا دەرچوونێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك سیپان.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گوتنێت من هاتنە کرن پشتگیریا گوتنێت اسماعیل سگێری و کاك جلال و کاك چیاو کاك عمر دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەو بخوێنەوە.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧٢):

یەکەم: وەزارەت مافی هەیە، دەرچووانی زانکۆی بواری پەروەردە بە گرێبەست و بە بڕە پارەیەکی مانگانە دیاریکراو وەك وانەبێژ دابمەزرێنێت، وە پێشەنگی بدات بە مامۆستایانی وانەبێژی پەروەردەی دانەمەزراو وە ڕێنمایی پێویست بە مافە رەواکانیان دەربچێنێت پاش رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری.

دووەم: وەزارەت مافی هەیە، دەرچووانی زانکۆی بواری پەروەردە هەروەها هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی بواری پەروەردە لە گوندو شوێنە دوورەدەستەکان وەك مامۆستای وانەبێژ دابنێت ئەویش بە بڕە پارەیەك کە لەگەڵ ژمارەی وانەکان بگونجێت و بە گوێرەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بێت.

سێیەم: وەزیر ڕێنمایی پێویست بە مافی دەرچووان هاتوو لە بڕگەکانی (١) و (٢) ئەم ماددەیە دەردەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەرێزان کێ قسەی هەیە؟ لەسەر ئەو ماددەیە ماددەی (٧٢) ناوەکان بنووسن بەڵێ وەزیری پەروەردە ئەگەر دەتەوێت قسەبکەی فەرموو.

**بەڕێز ئالان حمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی کەلەکە نەبێت، تەوزیح بدەم .....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانی زیاتر لە (٢) دەقە قسە بکەی (٥)دەقە قسە بکە لەسەر ئەو ماددانە فەرموو.

**بەڕێز ئالان حمە سعید/ وزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی کەلەکە نەبێت، توزیح بدەم سەبارەت بە ماددەی (٦٨) باسی بابەتی ئەوەی کرد ماموستا عمر بابەتی حزبی بەراستی ئێمە ناتوانین ئینتیمای سیاسی لێبسەنینەوە کەسیش ناتوانێت ئینتیما بۆ هیچ کەس دیاری بکات، ئەکرێت وەزیرێك سەر بە لایەنێکی دیاری کراوبێ، بەڵام جۆری قانوون و ڕێنمایی کاری خۆی ئەکات و موهیم ئەوەیە ئیشەکەی جێبەجێ ئەکات وەحەقمان نییە کێ چیەو کێ چی نییە، حاکمێك دواجار لە ئەسنای کارەکەی مومارسەی کاری سیاسی و حزبی لێی مەمنوعە، بەڵام بەس حەقی تەسویتی لێنەسەندوتەوە وەکەس حەقی

ئینتخابی لێنەسەندوتەوە کە بچێت بەشداری بکات دەنگ بدات بەهەر کەسێك، بەڵام لە ئەسنای مومارسەی کارەکەی خۆی گرنگە ئەوەی کاری پیشەیی خۆی بکات ئیتر خەڵك ئینتیمای سیاسی هەرچ ئەکات چۆنە ئەوا ئارەزوو خۆیەتی و بە موتلەقی ئەوانەی کە ئەیانەوێت حزبایەتی نەبەنە ناو ناوەندەکان خوێندنەوە نابێت، بڵێین لە ئینتخابا لە ئینتخابات بوونی خۆی حزبی لە ناو ناوەندەکانی خوێندن لە وەزیفەی سوڵتەی تەنفیزی جگە لە ریئاسات جا ئەوە ریئاسەی جمهوریە، کۆمارییە جگە لەوانە هیچ عورفێکی موتتەبەعمان نییە کە ئینتخاب بکرێت، لێرە لە عێراقی ئینتیخاب بکرێت بۆ مدیرێکی عام جگە لەوانە کە لە مەجالسی موحافەزات بە گوێرەی قانوونی ژمارە (٣٠)ساڵی ٢٠٠٩ بەڕێوەبەری دائیرەیەك بە تەعین دائەنرێت بە گوێرەی قانوون بێت بە ئینتیخاب دانانرێت بوونی ئینتیخاب لە ناوناوەندەکانی خوێندن بۆ خۆی ئەوە حزبایەتی یە کە گرووپ و حزبە سیاسییەکان تەدەخول بکەن کێ بکەنە بەڕێوەبەری قوتابخانە، بەڕێوەبەر دیاری کراوە و چۆنیش دیاری ئەکرێت لە هەموو ماددەکان تەوزیح کراوە بە شەفافی تۆ کە مەرجت دانا دەبێت، ئەم کەسە بکالۆریۆسی هەبێ ئەم مواسەفاتەی هەبێ دەورەی ئیداریی بینی بی، تاوانی ئابڕوبەری لەسەر نەبێ، ئیتر ئەو کەسە سەربە هەر ئەدایێکە گرنگ نییە گرنگ ئەوەیە مومارسەی قانوونەکەی خۆی بکات، بەراستی چونکە دواجار یەکێتی مامۆستایانیش دیاری قسەی لەسەر بکرێ یەکێتی مامۆستایان بە قانوونێکی ئەم پەرلەمانە بەڕێزە دەرچووە و هەرکەسێکیشی تێدایە و وەهەرکەسێکیش خۆی ئینتیخاب کردووە هەروەکو ئێرە چۆن ئێمە هەموومان لێرە دانیشتووین لە حزبێکەوە هاتووین ئەویش بە قانوون تەنزیم کراوە، بەڵام مومارسەی کارێك ئەکات کە دیفاع لە حەقی مامۆستا ئەکەم، سەبارەت بەوەی کە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان روونی کردەوە دەرفەت بە خەریجی تەربیە دراوە وەکو ئەولەویەت، بەڵام ئەگەر ئەو ماددانەی کەجەنابی سەرۆکی پەرلەمانا ئاماژەی تێدا ئەکات ئەگەر تێدانەبێت هەم کە ئەوەی ئێستا کە واقیعە زەرەری لێی ئەکەوێت، چونکە خەریجمان هەیە ئادابە وانەبێژە ئێستا کاری مامۆستایەتی ئەکات، دەبێ دەرفەت بۆ ئەوانەش هەبێت، بۆیە کەلیمەی هاوتاکان دانراوە، سەبارەت بەوەی کە کاك شێخ ظاهر ئاماژەی پێدا بە تاوانی ئابروبەر حکوم نەدرابێ ئەگەر یەکێك پیاوێکی کوشتبێت ئەگەر یەکێك پیاوێکی کوشتبێت ئەبێ لە سجن بێت نابێ مودیربێ، بەڵام تاوانی ئابرۆ بەر بە گوێرەی ماددەی (١١١) قانوونی عقوباتی عێراقی ساڵی (١٩٦١) بریتییە لە دزی (السرقە) ببێتە لە ئختیلاس بردنی ماڵی حکومەت بریتییە لە رەشوەو بەرتیل ببێتە لە ئیحتلال هەڵخەلەتاندن ببێتە لە هەتکی عەرز تاوانی سێکسی، بیتیە لە ئەمانەتی خیانەت ئەمانە پێیان ئەوترێت بە جۆرەی قانوونی عێراقی ماددەی (١١١)، سەبارەت بەوەی کە معاون ئەگەر خەریجی مەعهەدیش بێت، لەگەڵ ئەوە بەشێك لە بۆچوونەکانی کاك عباسم بۆچوونی باشی دەربڕی وە هەروەها سەبارەت بە پشتگیری بۆچوونی کاك ئازاد و منی خانیش ئەکەم سەبارەت بە مافی پێکهاتەکان دەبێ ئیستسنایەك لە قانوونەکە دابنرێ، بەراستی چونکە ئەو بە عەمەلی تووشی ئەو گرفتە بوون قوتابخانەکان لە ناو شارەکانا لە دەرەوەی شارەکانین، بۆ ئەوەی کاك سیپان باسی کرد دبلۆمەکانیش مەشمولن بۆ دابمەزرێن بۆ وەکو مامۆستا، بەڵام ئەولەویەت بۆ بکالۆریۆسە پاشان بۆ دیبلۆمەکانە واتە ئەوان لە دەرەوەی موعادلەکە نین، ئەوەی سەرچنار خان ئەولەویەتی دامەزراندن دیاری کراوەو باسی هەندێ مەرج

و ئەوانەی کـرد بەڕێـزان ئێـوە لە هەنـدێ شـوێن بەڕێزتـان دەڵـێن ئەو قـانوونە موفەصـەلە لەو شوێنەی حەزتان لێی نەبێ دەڵێن موفەصەلە، لەو شوێنانەی ئەتانەوێت بیکەنە وردەکـاری چـۆن خەڵـك تەعـین ئەکرێـت بە وردی دەتانەوێـت هەمـووی بینووسـینەوە، بەڵام مـن لەگەڵ ئەوەم هەمـووی بینووسـینەوە دەڵـێن ئەنجـومەنی پەروەردە قـانوونی خـدمەی مەدەنـی هـی سـاڵی (١٩٦٠)هەیە، ئەو پێت ئەڵێت خەڵك چۆن تەعین ئەکرێـت کە ئێمە نووسـیومانە لە چوارچێـوەی یاسا بەرکارەکـان، ئەم قـانوونە تائێسـتا پەرلەمـانی کوردسـتان ئیلغـای نەکـردۆتەوە، قـانوونێکی عامە پێم دەڵێ تەعین کاتێك ئەکـرێ کە دەرەجەی وەزیفـی شـاغل هەبـێ بە گـوێرەی قـانوون و رێکارەکانی تری تەعین دیاری کردوون تەعین لە دەسەڵاتی مودیر عام نییە بە گـوێرەی قـانوونی خدمەی مەدەنی، تەعین وەزیـر ئێسـتا دیـاری ئەکـاو بەرزی ئەکـاتەوە بـۆ ئەنجـومەنی وەزیـران، ئەنجومەنی وەزیران تەعینـی ئەکـات، بـۆیە پـێم خـۆش بـوو ئەوە تەوزیـح بـێ لەلاتـان ئەگەرنـا ئەوانەی کە ئێستا مامۆستای وانەبێژن بە گوێرەی رێنمـایی وەزارەتـی دارایـی ژمـارە (١٤) سـاڵی ٢٠٢١ دەسـەڵاتەکە لەلای وەزیـرە، ئـێمە ئەوەنـدە دەسـەڵاتەکەمان شـۆڕکردووتەوە بـۆ خـوارەوە دەسەڵاتەکەمان داوەتە بە مودیر تەربیەی قەزا نەك مـودیری عـام لای مـودیری تەربـیەی قەزایە، ئێمە هەر دای ناینێین ئێستا دانانی بەرێـوبەری قوتابخـانە لەلای وەزیـرە، بەڵام ئـێمە لەم قـانوونە هێناومـانە خسـتومانە لای مـودیر عـام، ئـێمە باسـی لامەرکەزیەت ئەکەیـن کە لە نـاو قـانوونەکە هەبـێ، لەبەر ئەوە ناکرێـت بلـێن واللە ئەنجـومەنی پەروەردەی قەزا لەبەر ئەوەی یەکێتـی مامۆستایانی تێدایە یەکێتـی مامۆسـتایان دامەزراوەیەکـی میهەنیـیە کە کارئەکـات بە گـوێرەی کارە بەرکـارە ئاسـانەکان، لەبەر ئەوەی یەکێتـی مامۆسـتایانی تێـدایە خـۆ یەکێتـی مامۆسـتایان لەوێ مافی دەنگدانی نییە، بەڵام ئەگەر ئەنجومەنی پەروەردە نەیکا ئەی وەزارەتێـك بڕیاربـدات تەعین بۆ شار یان باژێر بکا بۆ پێنجوێن یان ئامێـدی بکـات دەبـێ پەروەردەکەی خـۆی بیکـا، ئەو بەشێکە لەلامەرکەزیەت کەلە ماددەکانی پێشەوە ئاماژەمـان پێـدا، سـەبارەت بەو تێبینـیەی کـاك علی دروستە، بەڵام جەنابی سەرۆکی پەرلەمان تەوزیحی لەسەردا سەبارەت بەوەی شیرین خان ئەویش بە هەمان شێوە هەر ئەو تێبینەییەی کاك علی بۆ جەنابی سەرۆکی پەرلەمـان تەوزیحـی لەسەردا، خەدیجەخان ئەوەش بێبەش نابن، سـەبارەت بە ئەوەی هلزخـان باسـی کـرد بـۆ زەواج یەك یاسای بەرکار حەسەب عیلم و مەعریفەی موتەوازعی من یەك یاسـای بەرکـار لە کوردسـتان نییە دەقێکی قـانوونی بـێ بـابەتی زەواجـی قـانون بەسـتبێتەوە بە وەزیـفەوە بە قـانوون ئـاخر رێنمایش ئەبێ بە قانوون بـێ مـن باسـی قـانوون ئەکەم هـیچ یاسـایەك لە کوردسـتان حەسـەب ئەوەی کە من مەعلوماتێکی موتەوازعم هەیە نییە، دەقێکی قانوونی مەسەلەی تەعین رەبتکا بە زەواجەوە، بۆ نموونە ئەڵێ دکتۆرێك زەواجی کردووە تۆ ئەبێ لە ئامێدییەوە بیهێنـیەوە بـۆ نـاو دهۆك، لەبەرئەوە ئەو بابەتە نییە پشتگیری رایی منی خان ئەکەم پشتگیری بۆچوونی منی خـان ئەکەم، کاك جلال ماددەی (٧١) باس ئەکات نـاحکومییە تێـدانیە نـاحکومی ماددەکـانی وابـزنم لە فەسڵی دوایی دەست پێ ئەکات لە (١٠٣)یەوە ئەوانیش تێدایە باسی دەسەڵاتی تەعینـی مـودیر عامـمان کـرد کە ئەو دەسـەڵاتەی نیـیە بە گـوێرەی قـانوونی خـدمەی مەدەنـی روپـاك خـان ئەو فەرمانبەرانی دیکە بـریتییە لە کـار گوزارە پاسـەوان و حرفـی و هەمـوو ئەوانـی دیـکەش پێـان ئەوترێت فەرمانبەر لە ناو وەزارەتی پەروەردە، سەبارەت بە شـەفافیەت و عـدالەت هەبـێ وە بە

میزاج نەبێ ئێمە دیاریمان کردووە کێ موەهلە بۆ ئەوەی کە ببێتە مامۆستاو دەرس بڵێتەوە وخەتی عامی قانوون ئەکەن ئەوی دیکەش حەتمەن، یەعنی ئەگەر مامۆستا دابمەزرێت خزمەتی وانەبێژی وانەبێژیەکە بە پێی ئەم ماددەی کە ئێستا خوێندنەوەی بۆ ئەکرێت ئەفزەڵییەتی هەیە، وە ساڵی دەرچوون مەوقفی جوگرافی کەس و کاری شەهید ئەمانە هەمووی قانوونی دیکەش هەن ڕێنماییش هەن تەنزیم ئەکەن، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان بۆ ماددەی (٧٢) ئەم بەڕێزانە ناویان نووسیوە،، سپیان سالم حسن، اسماعیل طه، بدریه اسماعیل محمود، عمر عبدالله فتاح، مژده محمود محمد، دیاری انور حمه رحیم، مسلم عبدالله رسول، عثمان علی سمایل، کاوە عبدالقادر حسن، سەرچنار احمد محمود، هلز احمد محمد عبدالستار مجید قادر، گولستان سعید حمه، باڵانبۆ محمد علی، ذکری احمد اسماعیل، هەورامان حمه شریف، روپاك احمد رحمان، جلال محمد امین، دابان محمد حسین، عبدالناصر احمد علی، عباس فتاح صالح، شنو اشقی عبدالله، علی حەمە صالح، شیرین امین عبدالعزیز، یاسین خضر طه، کەس هەیە، نەمان نووسی بێ، نزار ملا عبدالغفار، بەهمەن کاك عبدالله احمد، چیا حمید شریف، خدیجه عمر طه، گلیزار رشید حاجی، زیدان رشید خان اودل، هیقیدار احمد سلیمان، کەس هەیە، نەمان نووسی بێ، بەس ئەوانە قسە ئەکەن کە ناوەکانمان نووسیوە. فەرموو کاك عثمان .

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان، من تەنها داوای فەقەرەیەکم دەکرد ئەویش ڕەچاوی دادگەرییەك بکرێت لە ئەنجامی دامەزراندنی مامۆستایان، بەداخەوە وەکو مووچەکەیان کە پاشەکەوت کراوە دامەزراندنەکەیانیش پاشەکەوت کراوە، ئایا بەیانی ئەگەر ئەو قەیرانە داراییە نەمان پێوەری ئەو خەریج و دامەزراوانەی کە کەلەکە بووە لەسەر یەك، چ پێوەرێك هەیە بە تایبەت لەسەر ڕێنماییەکەو ڕوونکردنەوەی جەنابی وەزیری کە باسی ڕێکاری دامەزراندن و تەعینی دامەزراندنی کرد کە هی ساڵی شەستەکانە کە باس دەکات ئەو کاتی هەموو ساڵێك خەریجەکان دادەمەزران، بەڵام ئێستا بە (١٠) ساڵیش خەریجمان نادامەزرێت ئایا ناکرێت ئەو یاسایە بگۆردرێت، زۆ ر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك کاك نزار.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، سەبارەت بە ماددەی (٧٢) یەکەم وەزارەت مافی دەرچوانی زانکۆی بواری پەروەردەیی هەیە، ئایا پێشتر ئەو دەسەڵاتە درابووە بەرێوەبەرە گشتییەکان لە ئێستادا ئەو دەسەڵاتە لە بەرێوەبەرە گشتییەکان وەردەگرێتەوە بەڕێز وەزیریی پەروەردە، ئەمەیان بابەتەك بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێشنیارەکەم ئاڕاستەی بەڕێز وەزیریی پەروەردە بۆ سەبارەت بە ماددەی (٧٢) یەکەم وەزارەت مافی هەیە، دەرچوانی زانکۆ بواری پەروەردە بە گرێبەست بە بڕە

پارەیەکی مانگانە، ئایا ئەو بڕە پارەیە دیاری کراوە یان لەلایەن وەزارەتی دارایییەوە دیاری دەکرێت ئەمەیان بابەتەك، بابەتی دووەم سەبارەت بە دامەزراندن پێشتر دەسەڵات درابوو بە بەڕێوەبەرە گشتییەکان ئایا لە ئێستادا سەبارەت بەو دەسەڵاتە ئایا لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان وەردەگرێتەوە، ئایا موافق بووینە لە دامەزراندن وەکو وانەبێژ ئەو بەڕێوەبەرە گشتییانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك سپیان.

**بەڕێز سپیان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددێ (٧٢) من ڤێت پرسیارەکێ ئاڕاستەی وەزیرێ پەروەردێ بکەم ژبۆ وێ ئێکی روون کردنێ سەربدەت گوری ڤێ ئاماژە ڤێ چەندێ یە وانە بێژو گرێبەست کرنا مامۆستا ئایا پرۆسا دامەزراندنێ بشێوەیەکێ گشتی هاتیە راگرتن چونکی ل ڤێرێ هیچ رەنگەکی ئاماژە دامەزراندنا مامۆستایا نەکریە بەڵکو بتتنێ ئاماژە وێ چەندێ کریە کۆ وەکۆ وانەبێژ یان گرێبەست بێنە دامەزراندن لەورا داخازا روونکردنێ ژ وەزیرێ پەروەردێ دکەین ئایا دامەزراندن بشێوەیەکی گشتی هاتیە راگرتن لەورا ئاماژە بتنێ ب وانەبێژو گرێبەستا دایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لە پێوەرەکانی دامەزراندنی مامۆستا وانەبێژ گرێبەست یەکەم جار دەبێت لە گوندێك دەست پێبکەت لە شوێنێکی دوورە دەست، باشە ئەوە تازە دەست پێدەکات بۆ دکتۆرێك وایە کە تازە تەعین دەبێت بچێتە تەواڕی کابرا وەزعی زۆر خەتەرە ئەیخەنە بەر دەستی یەکێك کە تازە تەعین بووە، باشە منداڵی کەسێك لە گوندەکەش وەکو منداڵی ئەوانە نییە کە لە شارو پایتەخت ئەبێت کابرایەکی شارەزا بێ ئەهمیەتی هەبێتن، بۆ ئەوەی منداڵەکەی باش فێربێتن یان لە گوندە دەبێت، هەروابێتن یەعنی ئەم پێوەرە چوونە جەنابی وەزیر بۆ لەوێ بێت، بۆ لەوێ دەستی پێ بکاتن، بۆ نەهێتە ناوشار، بۆ ئەوەی خەڵکێکی شارەزا بچێتە ئەوێ فێری کشتوکاڵ بێ فێری صناعات ببێتن، فێری هەموو شتێك بێ نەك هەموو ژیان لەناو پایتەخت دابێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك بەهمەن.

**بەڕێز بەهمەن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله سەبارەت بە خاڵی یەکەمی ماددەی (٧٢) کە جەنابی وەزیریش هەندێك روونکردنەوەی بچوکیشی دا ئەمە دەبێت بزانین لە کوردستان زۆر ئیختساسات هەیە، مێژوو جوگرافیان، کیمیا، فیزیا کە ئێمە ئاداب و علومیشمان هەیە، یەعنی پێویستە لەو ماددەیە ئاماژەی پێبکرێت تەنها

دەرچووانی پەروەردە نا، چونکە ئادابیش ئەوەی هەیە، لە ماوەکانی رابردوویا زۆرجار ئەوانەی کۆلێژی ئاداب ئەو فەراغانەیان پڕ کردۆتەوە، سەبارەت بە ئەولەویەت دان بە ئەوان وانەبێژەکان خۆزگە خاڵێکیشی تێدابایە جەنابی وەزیر ئاماژە بە ئەوە بکرابایە کە ئەکەر لە داهاتوویا لەو مامۆستایانەی کە تەقاعد دەبن مامۆستای تر لە جێی تەعین دەکرێت ئەولەویەت بدرێت بە گرێبەست دواتر بە وانەبێژەکان، با ئەولەویەتیش بەوانەبێژەکانیش بدرێت کە گرێبەستەکان چەند تەعین دەکرێن بە گوێرەی پێویست بکرێتە گرێبەست، سەبارەت بە خاڵێکی تر کە وابزانم لەو ماددەیەش جێی دەبێتەوە قسەی لەسەر بکەین، جەنابی وەزیر زۆربەی مامۆستایان کە ئەزانن ئێستا ئەم یاسایە لەبەر دەستمانە و ئەی خوێنینەوە خوێندنەی بۆ ئەکەین باس لە سەرمووچەو تەرفیعات ئەکەن، یەعنی ئەگەر روونکردنەوەیەکی بدەیەتی، ئەگەر وەزعی دارایی ئێستای کوردستان باش بێت، پێم وابێ جیلی مامۆستا گرنگە لەم کاتە سەرمووچەو تەرفیعاتیان بۆ بکرێتەوە زایدەن ئەوەی کە راستە ئێستا لەو تەرفیعاتە راگیراوە دەکرێت بۆ ئەو مامۆستایانەی تەقاعود دەبن، جەنابی وەزیر ئەمە پێشنیارکەی لە ئەنجومەنی وەزیران ئەوانەی کە تەقاعود دەبن هەموو تەرفیعات و سەر مووچەکەیان بۆ حساب بکرێت کە ئێستا کاتی تەقاعودیانە، بۆ ئەوەی ئیستفادەی لێی بکەن دوای ئێستا تەقاعود بکرێن، لەوە دەچێ لە داهاتویا تەرفیعات و شتیان بۆ حساب نەبێ و بفەوتێ و گوناحە بۆ ئەوان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو گلیزار خان.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧٢) بڕگەی (١) دەڵێت وەزارەت مافی دامەزراندنی هەیە، بەڵام کۆتایی بڕگەکە دەڵێت پاش رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران وەبەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری، کەواتە سیاغەکەی تەواو نییە و باشتر وایە بلێت وەزارەت مافی ئەوەی هەیە، دوای رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران ئەمە لێرەدا سیاغەکەی تەواو نییە، لە بڕگەی (١) لە بڕگەی (٢) لە لای من زۆر روون نییە ئایا لێرەدا تەنها ئەوانەی وانەبێژ بۆ گوندەکان دەست نیشان دەکرێن لەلایەن وەزارەت ئەی گرێبەستەکان لە گوندەکان پێویستی بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران هەیە، یان وەزارەت هەروەها بە شێوەیەکی گشتی بەراستی لەم ماددەیە ئیشارەت بەوە نەدرایە ئایا ئەوانەی لە گوند جا چ گرێبەست بن یان بڵێن وانەبێژبن رێوشوێنیان چۆن بۆیان تەرخان دەکرێت، هەروەها یەعنی پارەکانیان هەروەکو ئەوانەی لەناوشارن یەعنی هاتووچۆشیان بۆیان حساب ناکرێت، هەروەرها دەبێت، ئیشارەت بەوەش بدەین کە شوێنی حەسانەوەیان دەبێ ئیشارەت بەوەش بدەین بەرایی من بە رێنماییەك دەبێت، لێرە ماددەیەك ئیزافە بکرێت بە رێنماییەك کە وەزارەت بە موافەقەتی وەزارەتی دارایی ئەو رێنمایە دەری بخات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو شنو خان.

**بەڕێز شنو اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشیارئەکەم لە ماددەی (٧٢) هەردوو بڕگە وەزارەت مافی هەیە، پێویستە چونکە هەرکاتێك پێویست بۆ ئەبێت کە وەزارەت دەرچووانی زانکۆ بـواری پەروەردە بە گرێبەسـت دابمەزرێنێـت وەکو وانەبێژ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك هەورامان.

**بەڕێز هەورامان حمه شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای بەخشـندەی میهرەبـان، مـن لەسـەر مـاددەی (٧٢) سـێ وتەم هەیە، سـێ سـەرنجم هەیە، لەسـەر بـڕگەی (١) باسـی دەرچـووانی زانکـۆ کـراو پەیمانگاشـی لەگەڵـدا بـێ باشـە باسـی گرێبەست کراوە هەمیشەیی شی لەگەڵـدابێ یـاخود هەمیشـەیی پێشـنیار ئەکەم، بـۆ ئەوەی ئەم بابەتە کۆتایی پێ بێت بـابەتی وانەبێـژ بەراسـتی داوای گرێبەسـت کەن و دوای داوای تەعینـات بکەن بڕگەیەك زیاد بکرێ مامۆسـتای وانەبێـژ یەعنـی مـاوەی وانەبێـژیەکەی لە (٣) سـاڵ کەمتـر نەبێ لە (٥) ساڵیش زیاتر نەبێ، سێیەم دەمەوێت وەڵامێکی سەریح لە جەنـابی وەزیـر وەربگـرم دەربـارەی بەدەرچـووانی پەیمانگـای ئیسـلامییەکان کە لەمـاوەیەك لەمەوپـێش لە وەزارەتـی ئەوقـاف هەبـوون و یەعنـی خەڵکێـی زۆر خەریجـن، بەڵام تـا ئێستاشـی لە گەڵـدابێ ئیعتبـار بە شـەهادەکەیان نـاکرێ و لە هـیچ جێگـایەك حیسـابیان بـۆ نـاکرێ کە ئەوە بەراسـتی دەبـوایە ئیستافادەیان لێی بکرێ و بەجۆرێك لە جۆرەکان بـۆ گونـدەکان بـۆ مورشـیدی تەربیـەوی و ئـیلا ئاخیری، ئایا تاکۆ ئێستا حساب یـان لەلای ئێـوە مەحەلـی ئیعرابیـان چیـیە؟ ئەبـێ زحـمەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبـعەن ئەم مـاددەیە مـاددەیەکی زۆر زۆر گـرنگە، چـونکە بە درێژایـی (٣)سـاڵی رابـردوو کەم جەلەسـە هەبـووە پەرلەمانتـاران و نـوقتە نیزامـی لەسـەر مامۆسـتایانی وانەبێـژو گرێبەسـت و ئەوانە نەگرن لە ماددەی (٧٢) یەکەم ئەڵێت دەرچووانی زانکۆ بـواری پەروەردە دائەمەزرێـت، لە دووەمە ئەڵێت دابنرێ کە تـۆ وتـت دابمەزرێـت پـێم وایە دامەزرانـدن بـابەتێکی فەرمیـیە ئەبـێ هەموو ئیمتیازێکی خانەنشـینی و سـاڵانی خـزمەت و ئەوانەش شـمولی بکـات، یـا ئەوەیە بڵێـی داینێ گرێبەسـت و ئەوانە شـمولی ناکـا، دووەمیـان ئەڵـێ ئەبـێ دابنـرێ و ئەوانە بکـرێن بەیەك، خاڵێکی تر ئەوەیە بەشێکی مامۆستایانی گرێبەست و وانەبێژ ئەوا ئێستاش وانەبێژانیش زیادی کردووە چەندین ساڵە خزمەتیان هەیە، بۆ نموونە (٧) ساڵە (٨) ساڵە (٩) ساڵە ئەمانە هیچ ماف و ئیمتیازێکیـان نیـیە، چەنـدین جـار پەیوەنـدیان کـردووە ئەڵـێن ئەمە نـاکرێ کاتێـك دابمەزرێـین هەموو ئەو ساڵانەمان بۆ حساب نەکرێ بۆ خانەنشینی ناکرێت بۆ نموونە (٢٠) ساڵی تر (٢٥) ساڵ تـر خزمەتـی بکەیـن، ئینجـا ئـێمە دابمەزرێـین، خـاڵێکی تـر ئەمە سـەقفی زەمەنـی تێـدانییە بـۆ گرێبەست و بۆ وانەبێژان، یەعنی ئەو کەسە چەند ساڵ وانەبێژ بێت چەند ساڵ گرێبەست بێـت،

یەعنی پێویستە لێرە ئاماژەی پێبکرێت نەدەیـنە دەسـت قەدەری وەزارەتـی دارایـی بە ڕێنمایی ڕێکی بخ،ا یەعنی مادەم ئـێمە قـانوونەکە دەری ئەکەیـن چواچێـوەیەکی قـانوونی و سـەقفێکی زەمەنـی بـۆ وانەبێـژ چەنـد سـاڵ وانەبێژبـێ و چەنـد سـاڵ گرێبەسـت بـێ ئـێمە دابنێـین و ئەم دەستکراوە نەدەین بە وەزارەتی دارایی، ڕەنگە خەڵك هەبێ (١٥) ساڵ وانەبێژ بێ یان گرێبەست بێ و ئەم سەقفە دابنێین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

تێبینیا من یا ئێکـی ئەڤەیە وەزارەت مـافی هەیە، دەرچـووی زانکـۆی بـواری پەروەردە کـا چـاوا خـاڵی دی جەنـابێ تە ئەو تەوزیـح دا کاچـاوا تە گـوتی هاوشـێوەکان و نزیکـی ئەوان چـونکی دا مافـافێ وانـا نەفەوتیـتن ئەوژی بێـنە دامەزرانـدن چ وانە بێـژ چ گرێبەسـت ئەڤەژی دیسـا بێـتە ئیزافە کرن ڤێرێدا، دا خەرێجێت کۆلیاتێت دی ژی ئەو ماف هەبیتن تێبینا مـن یـا دوویـێ وەسـا دیارە ئەڤ مەسوەدە وەسا یا هتیە دارشتن کۆ هەر وەکۆ چ جارا بودجە ناهێتە پەرلەمانی وەکۆ ئەز خۆ (١٤ تا ١٥) ساڵە بەغدا دەرجە وەکیل وەزیر شن و ئیداریەو مالیە بۆم دەرەجاتێـت تعینـێ مجلس وەزارا عیلاقە پێڤە نینە مجلس وەزارا هەر ساڵ دێ بۆ وەزارەتـا تەخسـیس کەت هەنـدە دەرجێت تەعینێ تە ێت هەی وەزارەتـا پەروەردێ فـلان وەزارەت فـلان وەزارەت ئەڤە نیـنە خـۆ ئێك تەعین ببیت ڤێت ئیلا بچیتە مەجلس وەزارا، مەجلس وەزارا موفقێ بکەتن لەوانێ بێـژیتن پاش ڕەزامەندیا ئەنجومەنی وەزیران بەپێ رینمایەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەمی جار ئەم ڤێرێ گازیت کەین بێژین پێتڤیە لامەرکەزیەت هەبیـت مەرکەزیەت نەبیـت وە ئەم یاسـاێت خـۆدا خـرێ مەرکەزیەت شـداندی ئـیلا موەفقـا ئەنجـومەنێ وەزیـران ئێـك بێـتە دامەزرانـدن تێبینیامن یا سێی بێژم بۆ وانە بێژا پێتڤیە ماددەکێ تـایبەت بـۆ وانـا بێـتە دارشـتن نزیکـی (٣٠) هەزارا هەتا (٣١) هەزاران بۆینە وانەبێژ یەك بۆ هەبیت سـاڵێت وانـا تەحدیـد کـریبن هەتـا چەنـد سـاڵا دێ مینیـت وانە بێـژ دێ بیـتە گرێبەسـت چەنـد سـاڵا دێ مینیـت گرێبەسـت هەتـابیتە دامەزراندنێ هەمیشەیی وە ساڵیت وانا ێت خزمەتێژی بۆ بێنە حسێب کرن نـاچێ بیـت نەهێـنە نەحساب کرن پێتڤیە ئەڤ ماددە چارەسەریا ڤێ گرفتێ و ڤـێ ئیشـکاڵێ بـکەت و پێتـڤیە گەلەك سەر ڕاوەستن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورەو میهرەبـان، سـەبارەت بە مـاددەی (٧٢) کەلەم بـڕگەیەدا بەداخەوە مـافی وانەبێژانـی تێـدا نەدراوە، ئـێمە لەسـەرەتایی ئەم خـولەوە باسـی مافەکـانی وانەبێـژ دەکەیـن و هەتاکو ئێستا نەمان توانیوە هیچیان بۆ بکەین ......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارت چییە با وەختەکەت نەڕوات ئەتەوێت چۆن بێت.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەوەی کە هیچ ساڵێکی وانەبێژی دیاری نەکراوە و وانەبێژ چەند ساڵ وانەبێژبێ دەبێتە گرێبەست و گرێبەست چەند ساڵ گرێبەست بێ دەکرێتە هەمیشەیی، من پێشنیار دەکەم ئەوەشی تێدا نەبێت، بۆچی مامۆستا جیابکەینەوە هەتاکو ئێستا لە ٢٠١٤ مافی دامەزراندنیان لێیان سەندراوەتەوە هی مامۆستایان کران بە وانەبێژ هەمووشیان ئێستا هەیە، ٢٠١٢ خەریجی کولیەی کوردییە ئێستا وانەبێژی بەڕەوا پێی نەبینراوە، یەعنی لە ٢٠١٢ تەخەروجی کردووە، لێرە باس لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی دەکرێ لە ئەم ڕێنماییانە نە مافی درێژی نەخۆشی نەهی خوێندن نە مافی گواستنەوە پێشمەرگە هەیە، بە دوای ژنەکەی کەوتووە بۆ خانەقا لە رانیەوە، لەبەرئەوەی وانەبێژییەکەی لە کیس نەچێ، ئینجا باسی خزمەتی وانەبێژی دەکات بۆیان حیساب نییە بۆ خانەنشینی بۆیان حیسابە نەك بۆ دامەزراندا ئەوە ئیمتیاز نییە، بۆیان دەرماڵەیان نییە، پلە بەرزکردنەوەیان نییە، من پێشنیار دەکەم یەعنی هەر با بەئێکجاری دابمەزرێن چونکە (الحمدالله) نەلە جەنگداین نە قەیرانی دارایشمان هەیە لە ئێستادا ئەم ڕێنمایی وەزارەتی دارایی کە دەرچووە ڕێنمایی ژمارە (١٤)لە خاڵێکدا دەڵێت لە (٢٤) تا (٢٦) هەموو مانگێکدا دەبێ لیستی مووچەکەیان دابین بکرێ، بەڵام پێشێل کراوە و خۆی جێبەجێ نەکراوە، وەزیر لە جەلەسەکەی پێشوتر گووتی ئێمە هیچ کەسێك مامۆستایەکمان نییە لە (٤٠٠) هەزار کەمتر وەربگرێت من بەلامەوە سەیرە جەنابی وەزیر ئاگات لێ نەبێت، لە وەزارەتەکەی خۆت کە (١٥٠) هەزار یان (٢٠٠) هەزار یان (٣٠٠)هەزار وەردەگیرێت بە دڵنیاییەوە هەیەتی و ئەوەتە لە ڕێنمایی وەزارەتی دارایی مانگی (٨) و (٧) نیوە مەقتوع وەریدەگرن هەندێکیش هەیە، لە (١٥٠)هەزار کەمتریش وەری دەگرن بەتایبەتی لە شوێنە دوورە دەستەکان بەپێی سنووری جوگرافیا، بۆیە پێشنیار دەکەم سەبارەت بە وانەبێژان هەمووی بکرێن بە ڕەسمی (الحمدالله) ئێمە لە قەیرانی داریدانین، بۆیە وەیەك شتی دیکە لە خاڵی دووەمدا کە دەڵێ وانەبێژ لەگەڵ بڕ پارەیەك لەگەڵ ژمارەیەك بەشەوانەکانیان بگونجێت لەگەڵ شوێنە دوورە دەستەکان بەخۆت دەڵێی شوێنە دوورە دەست، ئێ بۆ وا پارەکەی هەر واکەم بێ و بە پێی بەشەوانە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك زیدان.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادده (٧٢) ئەگەر بێت و سەیری مادده (٧٠) بکەین بەڕێز جەنابی وەزیر لە بڕگەی (٣) کە دەڵێت هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریوس هەرچەندە خوێندنەکەشیان لە بواری کۆلێژەکانی پەروەردەش نەبێت، بەڵام هاوشێوەو نزیك بن وەکو مامۆستا ڕێنمایی کاری پەروەردەیی

دادەمەزرێـن وەك مامۆسـتا، بەڵام لێـرە دەڵێـت تەنهـا بـوارە پەروەردەییەکـانە ئـێ گرێبەسـتیش هەردەبێتە مامۆستا، کەواتە (٢) ماددەی دژ بەیەکن لە یەکاتـدا دەبێـت چارەسـەر بکـرێ، بـۆیە و داواکـارییەکی یەکجـار زۆری دەرچـووانی کۆلێژەکـانی هەیە، بەتـایبەت کـۆلێژە ئەدەبیەکـان کە هاوشێوەی مامۆستایان ئەژمار بکرێت و بەشێکی هەرە زۆریش کە لێرە ئاماژە پێکرد لە گونـدو شوێنە دوورەکان، لە خاڵی دووەم ژمـارەیەکی زۆری دەرچـووی هەیە، لە بـواری پەروەردەییمـان ئەمســاڵ جێکــاریەکی زۆر کــراوە لەلایەنــی پەروەردەییەکانــدا کە هەمــوو ئیختساســەکان وەرناگیرێـت وە قوتابخانەکـانیش پێویسـتیان پێـیە، لە خـاڵی دووەم کە دەڵـێن وەزارەت مـافی هەیە، دەرچـووانی پەروەردەیـی وەربگیرێـت و هەروەهـا هەڵگرانـی بڕوانـامەی دبلـۆمی بـواری پەروەردەیی ئایا دبیلۆمی لە بواری پەروەردەیی لە کوردستاندا ڕێژەیان چەندە ئەو بەشانە، ئایـا دەکرێت لێرە ئامـاژە پێـبکەن لە یاسـا، بەڵام دبلۆمەکـانی تـر بێـبەش و مەحـروم بکـرێن، چـونکە ڕێژەی هەرە زۆری (٩٩%) دبلۆمانەن کە پەروەردەیی نین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

تێبینیامن سـەر خـاڵا (١) هەبـوو هەروەسـا دەوریـێت زانکـۆی و پەیمانگاکـان ڵێـی بێـتە زێـدەکرن منیش ئەو پێشـنیار هەبـوو هەروەسـا گرێبەسـت و گرێبەسـتە دامەزران دائیمـی بێـتە زێـدەکرن هەروەسا من تێبینەیەك سەر ڤێ خاڵێ هەبوو ئەڤ خاڵە دێ بیتە سـەبەبێ واسـتەو واسـتەکاری گەندەڵیی دووبارە پەروەردێدا ئەز دێ بۆ جەنابی وەزیری بێژم کۆ تەنها یەك قوتابخانێدا (٤ هەتا ٥)کەسا ڵێ ئێك ماڵباتێ وانە بێژن ئەگەر هاتوو ئەڤە بێـنە دامەزرانـدن یەعنـی دێ هەر (٤) کەس ڵـێ ئێـك ماڵبـاتێ تێـنە دامەزرانـدن دێ عەداڵەت چـاوا هێـتە ڕێـك پێکـرن ڤـێ ماددێـدا پێتڤیـیە وەزارەتی پەروەردێ پێداچوونەکێ وان وانە بێژادا بکەتن مەسەلەن قوتابخانەکێدا ڕێڤەبەر بـابە کۆڕێ خۆ کچا خۆ بۆکا خۆ وەکۆ وانە بێژ دامەزراندنە ئەڤەژی یەعنی سوبەهی شناسـێ وانـا بـۆ دامەزراندنێ ژهەر کەسەکی زێدەتربیت هیڤیدارم بێتە ڕێکخستنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو خدیجەخان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە مامۆستایەکی بەڕێز نامەی ناردیە جەنابی وەزیر دەڵێتن بە جەنـابی وەزیـر بڵـێ کە کاتێـك مامۆستای وانەبێژ دادەنێن لە گوندەکان و شـوێنە دوورە دەسـتەکان ڕەچـاوی خەڵکـی گونـدەکە بـکەن، یەعنـی کە مەسـەلەن لەوێ دەرچـوو هەیە دانەمەزراوون ئەوان دابنـێن وەکـو وانەبێـژ، هەروەهـا باسـی ئەوەش دەکـات دەڵـێ لە گونـدەکان خوێنـدنی ئێـواران نییە، ئەگەر موالیـدە گەورەکانیش وەربگیرێن وە سەبارەت بە کردنەوەی پۆلیش ئەڵێتن بە ژمارەیەکی کەمتر بتوانین

پۆل بکەینەوە لە گوندەکان، سەبارەت بە ماددەی (٧٢) بڕگەی (١) و (٢) ئەگەر تەماشا بکەین لە کۆتایی هەردوو بڕگە باس لەوە دەکات کە وەزیر دوایی لەژێر رۆشنە رێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری رێنمایی پێویست دەردەکەتن بۆ مافەکانی ئەوانەی کە گرێبەستن ئەوانەی کە دەبنە وانەبێژ بە گرێبەست مافەکانیان بڵێن مافەکانیان بە رێنمایی رێك دەخات وە عەینەن لە بڕگەی (٣) دووبارە باس لەوە دەکەت کە وەزیر رێنمایی پێویست بە مافی دەرچووان هاتوو لە بڕگەکانی (١) و (٢) ئەم ماددەیە دەردەکەت، من پێم وایە ئەم بڕگەیە (٣) کافییە بۆ ئەم مەبەستە، بۆیە بڕگەی (١) ئەگەر هەتاکو مامۆستای وانەبێژی پەروەردەیی دانەمەزراو هەتا ئێرە کافییە یەعنی ئەوی دیکە پێویست ناکات ورێنمایی دارایی هەتاکو ئابووری ئەگەر نەشمێنێت لە بڕگەکەدا کێشەیەك نابێت وەهەروەها هی (٢)میش هەتاکو مامۆستای وانەبێژ دابنێت هەتا ئێرە دووبارە یەعنی تەواوە، یەعنی هیچ کێشەیەك نییە ئەویش بە بڕەپارەیەك هەتاکو ئابووری بێت، ئەوەش ئەگەر هەڵبگرین دیسان پێم وایە کێشەیەك نابێت کە لەبڕگەی (٣)باس لە ئەوە دەکەت کە وەزیر رێنمایی پێویست دەردەکەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو کاك ذکری.

**بەڕێز ذکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

بناڤێ خۆدێ مەزن و دلۆڤان، ماددێ (٧٢)خالا (١) وەزارەت مافی هەیە، دەرچووانی زانکۆ بواری پەروەردە بە گرێبەست و بە بڕە پارەیەکی مانگانە دیاری کراو وەك وانە بێژ دابمەزرێنیت بەڕێز جەنابی وەزیری پەروەردە ئەگەر ژلایێ بەرێوەبەرایەتی پەروەردە، پەروەردەگشتیەکان ناف هاتنە بلندکرن بۆ وەزارەتێ رێکا حزبی راهاتنە بلند کرن ئایە وەزارەت چۆن ئەوانە دێ هێنە دامەزراندن غەدر ل هندەك خەڵکی هێتە کرن من بەڵگەیێت هەیی دەرچوویێ زانکۆیێ چوویە جهەکی یێ گوتیێ من دامەزرینە وەکو وانە بێژ یێ گوتیێ هەرە پشتگیریا بارەگایەکێ حزبی بینە ئێرەدا وەزارەت لازمە سەر ئەوان خالا راوەستیت بێ فەرق و جودایی سیستەمەکێ عادل هەمی خەڵکی بێتە دامەزراندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو کاك عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله سەبارەت بە ماددەی (٧٢) بە تایبەتی لە بڕگەی (١) کۆمەڵێك قەیدو قیود هەیە، زۆر ئەو ماددەیە بەراستی ئەو بڕگەی ئالۆز کردووە لەولا دەڵێ وەزارەت مافی هەیە، دواتر دەڵێت بە گرێبەست ئینجا دێتەوە دەڵێ وەك وانەبێژ، پێشەنگی دەدات بە مامۆستایانی وانەبێژ دواتر دێتەوە رێنمایی بە مافە رەواکانیان دەردەچوێندرێت رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بە پێی رێنماییەکانی وەزارەتی دارایی، یەعنی ئەو هەمووو قەیدو قیودە زۆر ئالۆز بووە بەراستی، یەعنی من پێم وایە ئەو هەموو زیادە بەڕای من تەبعەن جارێ قەزیەی گرێبەست من پشتگیری

هەموو ئەوانە دەکەم کە باسیان کرد گرێبەست هەر نەمێنیت، یەعنی چییە ئەو گرێبەست و ئەوە یەعنی هەر نەمێنێت ئێمە وەزارەت حکومەت سیستەمی خۆی هەیە، پێوەری خۆی هەیە، وە پێویستی خۆی هەیە، بابڵێین ئێمە تەنها یەك قەیدی پێویستە دوای رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران، چونکە فیعلەن دەبێت، ئەنجومەنی وەزیران موافقەبکات بۆ دامەزراندن دوای رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران وەزارەت مافی هەیە دەرچووانی زانکۆکانی پەروەردەیی بە هەمیشەیی دابمەزرێنێت و تەواو ئەمن رەئیم وایە بەراستی بەس ئەوەیە، چونکە خۆت دەزانی ئێمە (٤) ساڵە لێرە موعانات و کێشەی گرێبەستمان هەیە، خۆپیشاندان دەکرێ گلەیی و گازندە زۆرە ئەم پەرلەمانە کۆبوونەوە دەکەین بۆ بە هەمیشەیی کردنی گرێبەستەکان، یەعنی رای من وایە بەراستی بەهیچ شێوەیەك باسی گرێبەست نەکرێ و بە پێی پێویست کە حکومەت پێویستی پێیەتی دابمەزرێنێت تەواو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو گولستان خان.

**بەڕێز گولستان سعید حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧٢) وانەبێژانە زیاتر لە (٢٠%) کۆی میلاکاتی وەزارەتی پەروەردە پێدەگەیێنن زیاتر لە (٣٠) هەزار مامۆستای وانەبێژ لە ناوەندەکانی خوێندنن، بۆیە من پێم گرنگە وەزارەت بە پێی پێویست مامۆستایانی وانەبێژ دابمەزرێنێت چ لە دەرچووی پەیمانگاکان یاخود دەرچووانی زانکۆکانی بواری پەروەردە و واز لە مەسەلەی گرێبەست و مەسەلەی وانەبێژیش بهێنیت، یەعنی بەراستی ئەم برە پارە جێگیرە کە پێیان ئەدرێت هیچ پێداویستییەکی ئەو مامۆستایانە دابین ناکات کە پێویستیانە چ لە رووی گواستنەوە چ لە رووی دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆیان، لە پاڵ ئەوەشدا کە مامۆستا مەحرومە لە کۆمەلێك ماف بەشێك لەو مافانە هاوڕێم مژدەخان ئاماژەی پێدا، هەندێکیش ئەگەر رێگەم بدەن منیش ئاماژەی پێبدەم دەرماڵەیان نییە، پلە بەرزکردنەوە نایانگرێتەوە، ناتوانن سوپاس و پێزانین وەرگرن وەخێزاندارن هەندێك هیچ حساب بۆ خێزان و منداڵیان ناکرێت، شایستەکانیان بەرامبەر خزمەت و ماندوبوونیان لە (٢٠٠) هەزار بۆ (٤٠٠) هەزارە، جگە لەوەی مافی چاودێریان نییە لە کاتی تاقیکردنەوەکان شوێنی خۆیان جێگیرنین هەمیشە لەوە ئەترسن هەرکاتێك کەسێکی تر بەمیلاك دێتە ئەو مەکتەبە ئەوان لائەدرێن وە شایستەکانیان لە کاتی خۆیان پێ نادرێت، هەمیشە ئەوانە زەمەنێك پارەکان و مەعاشەکانیان وەردەگرن کە وەك خەرجییەك بۆیان خەرج دەکرێت نەوەك مووچە، بۆیە پێویستە بەراستی بەرپرسیاریەتی بەڕێز وەزیر لە ئاستی ئەمەدا یەعنی بەجۆرێك بێت کە بتوانین لەم یاسایەوە مافی تەواوی دەستەبەر بۆ وانەبێژان بکرێت وە مژدەیەکیان بدەینێ کە بە هەمیشەیی بیانووسینەوە لەم یاسایەداو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزارەتی پەروەردە موئەسەسەیەکی گرنگە بۆئەوەی ئەم گرنگییەی خۆی بە گرنگی بمێنیتەوە و دامەزراوە پەروەردەییەکـان ئەرکە پەروەردەییەکـانی خۆیـان جێبەجـێ کەن پێویسـتی بە جێگیرییە لە میلاکا لە ستافا نابێ مامۆستایەك ئەمڕۆ مامۆستا بێ سبەی بیری لەلای ئەوەبێت گرێبەستییەکەی هەڵبوەشێتەوە، بیری لای ئەوە بێت بە وانەبێژ نامێنێت وەپاشان ئەوە بۆ حکـومەتیش ئەرکە حکـومەت وەزارەتـی پەروەردە مامۆسـتا ئەبـێ رابهێنێـت بـۆ ئەرکە پیشەییەکانی بوار کە پەروەردەییەکانی ئێستا وانەبێژە پارەیەکی تێیا سەرف ئەکات (٣٠٠) هەزار (٤٠٠) هەزار تا ملیۆنێك بۆ خولێك دوای ساڵێك ئەم مامۆستایە وانەبێژە ئەڕوات، چونکە ئیلتیزامێکی وای نییە پاشان مامۆستا چۆن ئەبێ بیری لایی ئەوە بێت، دوای نیوەڕۆ بچێت ئیشێکی تر بکات یان لە ساڵی ئاینده کارێکی تر بدۆزێتەوە وانەبێژی دەست ناکەوێتەوە، ئەمساڵ وانەبێژی پێویستە مامۆستا میلاکی پێویستە یان نە یان پێویستیەتی ئایا بە نیازە لە ساڵی ئاینده وەزارەتی پەروەردەو حکومەت قوتابخانەکان داخەن، نەخێر هیچ تەوەقوعێك هەیە ژمارەی خوێندکار کەم کاتەوە، نەخێر زیاد ئەکات بە پێی پلان و بەرنامە، بۆیە بەراستی دەبێت بە هەمیشەیی دابمەزرێت جاران کە ئێمە وانەبێژیمان دەکرد لە سەرووی میلاکەوە مەسەلەن مامۆستایەکی ئامادەیی (٢٢) حصەی دەوتەوە ئەگەر (٤) حصەی بووتایەوە وانەبێژی بۆ ئەوانە دائەنا، ئێستا بۆتە بۆ مامۆستایە هەمیشەییەکان ئەوانەی میلاکی ئەصڵین و حصەی تەواویان هەیە، بۆیە ئەگەر لە حاڵەتی زۆر زۆر ناچاریە پێویست بێت، وانەبێژی و گرێبەست هەبێ ئەبێ ئاوای لێبکرێ بە پێی لە بڕگەی (١) وەك وانەبێژ تەنها بۆ ماوەی (٢) ساڵ بە سیستەمێکی دادگەرانە دابمەزرێنن، لە بڕگەی (٢) وانەبێژان تەنها بۆ ماوەی (٢) ساڵ بە سیستەمێکی دادگەرانە دابمەزرێن، بڕگەیەك پێشنیار ئەکەم ئەویش ئەوەیە مامۆستایانی گرێبەست پاش (٣) ساڵ دەبنە هەمیشەیی و خزمەتیشیان بۆیان ئەژمار دەکرێ و مامۆستایانی وانەبێژ پاش (٢) ساڵ دەبنە گرێبەست و خزمەتیشیان بۆ ئەژمار دەکرێ، ئەمە پشتگیرییە لە قسەکانی کاك دابان و دکتور اسماعیل کاك عبدالستار و گولستان خان و سەبارەت بە قسەکانی وەزیریش لەسەر قسەکانی پێشووی من تەمەنام ئەکرت وابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری هەموو ئەو هاوڕێیانە ئەکەم کە پێش من لەسەر مامۆستایانی وانەبێژ و پرسی گرێبەست سەرنجیان هەبوو لە راستیا من لە هەبوونی ماددەی (٧٢) لەم پرۆژە یاسایە تێناگەم بەو ناوە ناڵێم زیادە ئەزانم ئێستا لودەگەی بۆ پرسی دامەزراندن بەراستی یەعنی تەعین نەماوە ئەم بابەتە دروست بووە، وەزارەتی پەروەردە دەیەوێت بە فەرمی بە یاسایەك ئەوەی هەبێت مامۆستای وانە بێژو گرێبەست دابمەزرێنێت وە ئەو مافەی هەبێت، بۆیە من پێشنیاز ئەکەم ماددەی (٧٢) بڕگەی (١) بەو جۆرەی لێ بکرێت کە وەزارەت نەك مافی هەیە، پێویستە وەزارەت

بەراستی یان ئەنجومەنی وەزیران ئێمە لە ڕێگای ئەم پرۆژە یاسایەوە دەرگایەك بکەینەوە وەکو هاوڕێیان ئاماژەیـان پێکـرا یەعنی بەراسـتی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان پـڕۆژە بـوودجەی نـاهێنته ئەم پەرلەمـانەی کوردسـتانا، ئەگەر حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان ئەگەر حکـومەتی هەرێمی کوردستان پـڕۆژە بـوودجەی بـی هێناتـا ئەم پەرلەمـانی کوردسـتانە وە ئەم پەرلەمـانی کوردستانە بەراستی یاسایی جێبەجێ بکردبا چاوی نەپۆشیایە، ئێوە لەو پەرلەمـانی کوردسـتانە کە زۆر جار دەوترا یان دەوترێت پەرلەمانی کوردستان دەسـەڵاتی نیـیە، پەرلەمـانی کوردسـتان ناتوانێت خەڵك تەعین کات، پەرلەمانی کوردستان ناتوانێت خزمەتی خەڵك کات، پرسی مـووچە پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگەی پڕۆژە یاسای بوودجەوە دەیتوانی هەموو ئەوانە بکات، بۆیە من پێشنیاز دەکەم مادەم ئەو ماددەیە هەر هەیە وەکو خۆی، بەڵام بەم جۆرەی لێی بکرێت وەزارەت پێویستە دەرچـووانی زانکـۆی بـواری پەروەردەیـی وە دەرچـووانی پەیمانگاکـان، یەعنـی تکـایە پەیمانگاکان بەراستی زۆر زۆر گرنگن و دبلۆم ناکرێت بۆ نموونە حەقیان بخۆین بە گرێبەسـت و بە هەمیشـەیی، یەعنـی گـرنگە بەراسـتی ئەگەر گرێبەسـتەکەش نـاتوانن بە هەمیشـەیی خەڵـك تەعـین بـکەن بـا گرێبسـتەکەش چـۆن کـراوە بـا هەروابکرێـت و ئەم بـڕگەیە نەمێنیـت بـابەتی مامۆستایانی وانەبێژ، یەعنی خەڵکێك بۆ نموونە (١٨) سـاڵ بخوێنێـت (٢٠) سـاڵ بخوێنێـت (٢٥) سـاڵ بخوێنێـت بە نمـوونە یەعنـی دوای بە وانەبێـژ دابنرێـت وانەبێـژەکەش ئەوەبـێ کـۆمەڵێ مەرجی بۆی دابنرێت ئەوە ناکرێت بە فەرمی، ئەمە ناکرێت بە هەمیشەیی، یەك سـەرەنج بەڕێـز وەزیری پەروەردە زۆر زۆر گرنگە من دەزانم یەعنی ئەگەر بەرێزتان بتوانن ئەگەر پڕۆژە یاسـایی بوودجەی هەبێت، ئێوەش حەز ئەکەن هەموویان دابمەزرێنن، بەڵام تۆ سـەیری یەك شـت کە بـۆ کواڵێتی پڕۆسەی پەروەردە مامۆستایەك ئەگەر بە وانەبێژ بۆ نموونە لەم شـوێنەیە دەوام بکـات ساڵێکی دیکە کە گرەنتی نییە بۆی دابمەزرێـتەوە وابـێ کـواڵێتی پەروەردەکە چـێ بـێ بیـر لەوە بکەرەوە منداڵێك بۆ نموونە لە سەرەتایی فێربـوونی ئەلـف و بـێ دەچێـتە بەردەمـی مامۆسـتایا مامۆستایەکی وانەبێژی بەڕێز، بەڵام ساڵی ئایندە ئەم مامۆسـتایە بـۆی دووبـارە نـاکرێتەوە یـان بۆی تازە ناکرێتەوە یان ناکرێت بە هەمیشەیی ئەمە لە پرۆسەی کواڵێتی خوێندنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو هلز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

دەست پێکێ ماددا (١)دا مە داخاز کربوو برگەیەك بێتە زێدەکرن پێناسە وانەبێـژێ بێتەکرنـێ دا هەکەر پێناسـا وانە بێـژێ مـاددا (١) دا بـڕگەیەك ژ بڕگەهـا هاتبـا دەسـت نیشـان کرنـێ ئەڤـرۆکە ئەمێت شیایی ژڤێ بەرفرەتر دانین ئەز ڤێ پرسیارێ جەنابێ وەزیری کەم ئایا چ یاسایەك ئایا چ رێکارەکا یاسایی قانوونی مامۆستا (٩)ساڵا وانە بێژبیتن بەری نۆکە جەنابێ وەزیری بەرسڤامندا گوتەمن چ قانوون دی عەقد زەواجی بەرچاڤ وەرگرین بـۆ ڤە گوهسـتنا مامۆسـتایان ئەڤژی ڤـێ پرسیارێ لێت کەم ئایا مەعقوڵە پشتی (٩)ساڵا مامۆستات وانە بێژبیتن دیمـاهیکێ تەلەفـۆنەکێ بێـتە لادان بێژتـێ واللە مە ئەڤـرۆکە شـۆڵیپ تەنەمـان کەرەمەکە هەرە مـاڵاخۆ وەختیـدا وی مامۆستایی (١٢٠٠)یان (١٥٠٠)وانە گوت بن بۆ حکومەتێ دیتنا من ماددا (٧٢) ماددەیەکە ئینای بـۆ

دڵخۆش کرنا جادێ مامۆستایێت وانه بێژ بەری (٢) هەیڤاژی بەری (٦)هەیڤاژی مه ئەف چەنده بۆ رایی گشتی دیار کرد هیچ شێوەیەکی ب هیچ شێوەیەکی ئارایشایا مامۆستایێت وانه بێژا ڤێ ماددێ ناهێته چارەسەر کردن (٣٠)هەزار مامۆستایێت وانەبێژ مه ئەڤرۆکه ێت هەیی شنیکا پیشەنگیێ بدەمه حکومەتێ هەتا حکومەت دیف میزاجێ خۆ بۆمن بودجێ فرێکەتن شنیکا ڤی (٣٠)هزاری دیف محاسسا (٥)هزارا بۆمن پرۆژەیەکی کەته گرێبەست ڤێرێ دیار نینه ئەسڵەن کانێ مامۆستاێن وانه بێژ ماوێ وی یاسایی چەندبیتن سالەکه دوونه سێنه پێنجه تەحدید بکەن دا وانه بێژیش تشتەکێ خۆ بزانیت مەعقول نینه هەتا (١٣) سالاژی پەروەردا زاخۆژی مه مامۆستایێ وانه بێژێ هەی تەلەفۆنەکێ یێ هاتیه لادان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو بدریه خان.

**بەڕێز بدریه اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت به ماددەی (٧٢) منیش هەمان رەئی مامۆستا عومەرم هەیە، پێویستە مامۆستایانی گرێبەست و وانەبێژ لابرێت ببێته یەك پاکێج و ببێته هەمیشەیی، سەبارەت به خاڵی (١) و (٢) پشتگیری له قسەکانی مامۆستا هەورامان ئەکەم سەبارەت به وەزارەتی دارایی پشتگیری له قسەکانی خدیجەخان ئەکەم وه منیش جەخت ئەکەمەوه ئەو خاڵه زیاد بکرێ بکرێته بڕگه (٤) که مامۆستا هەورامان پێشنیاری کرد بێگومان جەنابی وەزیر ئیشارەی به ئەوەدا ئەگەر هەر رێنماییەك دەربکرێت که که وەڵامی هلزخانی دایەوه له چوارچێوەی یاسایه رێنمایی دەرئەکرێت وەزارەتی دارایی رێنمایی هەیە، بۆ نموونه گرێبەستی هەر فەرمانبەرێك یان هەر مامۆستایەك نابیت له (٣) ساڵ زیاتر ببێت، دوای ئەکرێت به هەمیشەیی، بەڵام گرێبەستەکان مەعلومی جەنابتانه زۆر ساڵیان تێپەراند بەبێ ماف و بەبێ ماف و شایسته مەفروز بوو بۆیان بکرێ ئەوه گرنگه که ئەو رێنماییه جێبەجێ بکرێ و پشتگیری له قسەکانی کاك دابان مژده خان خدیجه خان وه مامۆستا عبدالستار گولستان خان مامۆستا عمر مامۆستا هلز دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت به ماددەی (٧٢) وەکو لەسەرەتا کاك دابان ئاماژەی پێکرد رەنگه زیاتربێ له (٣) ساڵ مامۆستایانی وانەبێژ داواکاری ئاراستەی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان دەکەین تەمەننا دەکەین بتوانین لێرەدا حەقیان پێبدەین و له ماددەیەدا من به پێی پێویست جێگری بکەین، سەبارەت به ماددەی (٧٢) بڕگەی (١) پشتگیری له رەئی دکتور هەورامان دەکەم که له پاڵ زانکۆشدا پەیمانگاش بگرێتەوه، وه بۆ بڕگەی (٣) وەزیر رینمایی پێویست دەربکات پێشنیازی ئەوه دەکەم ئەمه هەڵبگرێت وەکو سەرچنار خان وتی زۆر جار ئەمه وتراوه،، یەعنی دەبێ له

هەمـــوو ڕێنماییەکانــدا هەبێــت بە حــوکمی ئەوەی کە مامۆســتایانی وانەبێــژ هاوشــێوەی مامۆستایانی میلاك ئەرکیان لەسەرە وە ئێستا ڕەنگە لە (٣٠) هەزار زیاتر مامۆستا چاویان لەسەر ئەو ماددەیە بێت، چـاوەڕێ چارەنووسـی خۆیـان بـکەن پەرلەمـان بڕیـارێکی دروسـتی لەسـەر بدات، بۆیە پێشنیاز دەکەین مافەکانی وانەبێژان بە نەص لە بڕگەیەکدا بنووسرێتەوە بە نمـوونە وانەبێـژان هاوشـێوەی مامۆسـتایانی مـیلاك لە مافەکـانی ڕێـك بخـرێن وەك مـۆڵەتی خوێنـدن، نەخۆشی، مۆڵەتی دایکایەتی وەمافی گواستنەوە لە پەروەردەییەکەوە بۆ پەروەردەیەکی تـر وە خزمەتی وانەبێژان لە کاتی دامەزراندن حساب بکرێت وە هەروەها ئەو وانەبێژانەی کە (٣) ساڵ خزمەتیان هەیە، بکرێن بە گرێبەست وە ئەو وانەبێژانەی کە (٥) ساڵ خزمەتیان هەیە، بکـرێن بە هەمیشەیی بۆ ئەوەی زیاتر بەو شێوە نەمێنـنەوە وەبە پێویسـتیش دەزانـم پشـتگیری لە دکتـور اسماعیل و کاك دابان و گولستان خـان و وە مامۆسـتا عمـر و کـاك دیـاری و هلـز خـان بـکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ســەبارەت بە مــاددەی (٧٢) یەکەم بـۆ ئەوەی هەمــوو نەخــوێنمەوە بـابەتەکە کـورت کەمەوە وەزارەت مـافی هەیە، مـن لێـرە لەگەڵ ئەوەمە بکرێـت، پێویسـتە یەعنـی پێویسـتە وەزارەت دەرچووانی زانکـۆ بـواری پەروەردەیـی بە گرێبەسـت بە بـڕە پـارەیەکی مانگـانەی دیـاری کـراوە مانگانە وەك وانەبێژ دابمەزرێنیت پیشـەنگی بـداتە، وانەبێـژی پەروەردەیـی لێـرە ئەمە ئیـزافەی بکرێـت لەجیـاتی ڕێنمـایی دروسـت دەربکـات پەروەردەیـی دامەزراو دوای وتـنەوەی وانەی کە ماوەکەی ماوەیەکی بۆی دیاری بکرێت، ماوەی (٣) سـاڵ یـان (٤) سـاڵ ئیتـر ئەوەی کە وەزارەت دەیەوێت بە شێوەیەکی سەرکەوت و یان ئەمە نەبـێ بە بەردەوامـی مەسـەلەن لە دوو دلنیـابن، دووەمیــان وەزارەت دیســانەکە لەگەڵ ئەوەمە بکرێــت پێویســتە بە بــڕە پــارەیەك کە ژمــارەی وانەکان و کرێـی گەیانـدنی شـوێنەکە بگونجێـت، مەسـەلەن بـۆ نمـوونە تـۆ تەحدیـد کـردووە لە دوورترین شوێن دایدەنێی ئێ کرێی وانەبێژیش بە خۆشمان دەزانین بەراستی هەنـدێك حـاڵەت لەوانەیە پارەکە زۆر کەم بێت، یەعنی لەبەرئەوەی دیاری نەکراوە بۆ وانەبێـژ (١٠٠، ٢٠٠)هەزار ئـێ لەوانەیە بەو هندە هەر نەگاتە ئەو شوێنە، بـۆیە بـۆ وانە بێژەکـان بەراسـتی بـۆی دیـاری بکرێـت وەلەگەڵ ئەوەم بڕگەیەك لەو مـاددەیە زیـاد بکـرێ یەعنـی بـۆ ئەوەی کە مەسـەلەن ئەم سـاڵە کە میلاکاتیان ڕێکخستەوە من هەموو لایەکمان دەزانین لە هەموو شاروو شـارۆچکەکان لە زۆربەی شــاروو شــارۆچکەکان بــابلێم (١٠٠،٢٠٠) لەو وانەبێــژانە خەڵــك هەبــووە (٨، ٩) ســاڵە وانەبێــژە نـاردرایەوە بـۆ مـاڵەوە لەبەرئەوەی بەراسـتی مـیلاك ئـێ خـۆیی بەراسـتی پێویسـتە پەروەردە میلاکی خۆی ڕێك بخات، ئینجا وانە بێژ دابنێ بەراسـت (٨) سـاڵ خـزمەت بکـات لابـدرێت ئیتـر

بەراستی بێ ئۆمێد دەبی،بۆیە من بڕگەیەك هەیە، دەمەوێت زیاد بکرێت ئەگەر جەنابتان وەری گرن قۆناغی وانە بێژی و گرێبەستی بە سەرکەوتوویی دوای دامەزراندنی بە هەمیشەیی بە خزمەت هەژمار بکرێت وە ئەو ماوەی کە پێم گووتن لە بڕگەی پێشتر ماوەیەك دیاری بکرێت (٢) ساڵ یان (٣) ساڵ وانەبێژی دوای بکرێت بە گرێبەست دوای (٣) ساڵ دوای کە کرا بە هەمیشەیی ئەم (٦، ٧) ساڵەی کە وانەبێژێکی سەرکەوتوو بۆ یەعنی بەگرێبەست وانەی باشی ووتوتەوە بۆی بەراستی بە خزمەت ئەژمار بکرێ وەمن لەوەیە زۆر پەیوەندار نییە لەو بابەتە، بەڵام وەزیری پەروەردە لێرەیە من پشتگیری كاك بەهمەن دەکەم کە ڕەئیەکی دەربڕی بەراستی یەك لەو مامۆستایانە لە ئەشکالەکانیان ئەوەیە زۆر مامۆستا کە ئێستا خانەنشین دەبن ئەمە (٨) ساڵە پلەیان بەرز نەکراوەتەوە خانە نشین دەبن بە پلەیەی کە بەرز نەکراوەتەوە خۆ عیلاقەی دەکرێ کە ئەو بڕەپارەیەی بۆ پلە بەرزکردنەوە نایاندرێتێ ئێستا کە بۆ مانگانەو ساڵانە، بەڵام ئەم فەرمانە دەربچێت لە کاتی خانەنشین بۆنیان ئاستی پلەکەی دەگاتە چ پلەیەك ئەم پلە بنەرەتییە بەراستی خانە نشینیەکەی بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو كاك عبدالناصر.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٧٢) بڕگەی (١) وەزارەت مافی هەیە، دەرچووانی زانکۆی بواری پەروەردە دابمەزرێنێت بەراستی زۆر برادەران قسەیان لەسەر گرێبەست و وانەبێژو ئەمانە کرد بۆیە لێرە پێویستە زانکۆ پەیمانگاکان، پەیمانگای مامۆستایانیش بۆ زیاد بکرێت مامۆستای وانەبێژ بۆیە پێویستە مامۆستای وانەبێژ لە دوای (٣)ساڵ ببێت بە مامۆستای گرێبەست پاشان لە دوای (٣)ساڵ گرێبەستی ببێت بە هەمیشەیی واتە لە دوای (٦)ساڵ پێویستە ئەو ساڵانەی خزمەت لە وانەبێژی و گرێبەستی هەیە، بۆی بە خزمەت بۆی حسابکرێ هەموو مافێکیان پێ بدرێ لە کاتی خانەنشین بۆنیان یان دامەزراندنیان بۆیان ئەژمار بکرێ وە پشتگیری لە قسەکانی كاك عباس و كاك دابان و سەرجەم برادەران دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو كاك یاسن.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان. من بە ووشەیەکی ڕوحی شاد (نەوشێروان مصطفی) دەستی پێ دەکەم کە گوتی تەمەنام دەکرد لە ناو فەرهەنگی کوردیدا ووشەی گەندەڵی زیاد نەکرێ، بەڵام بە داخەوە منیش تەمەنا دەکەم وشەی گرێبەست و وانەبێژ لە فەرهەنگی کوردیدا بسرێتەوە، یەعنی دوای (٣٢) ساڵی ئێمە ئێستا خەریکین یاسایەك دەردەکەین کە وانەبێژ دابنرێ

و گرێبەســت بکــرێ، یەعنــی حکــومەت پێویســتی بەوەی هەیە، مامۆســتا دامەزرێنێــت بــا دایمەزرێنێـت ئەگەنا وانەبێـژ چیـیە بە (٢) هەزاری یـان (٣) هەزاری کەسـێك لە رانیـیە دەچێـتە بنـاری قەنـدیل دەچێــت دەرســی بە (٢) هەزاری دەڵێــتەوە، یەعنــی بە جــدی بــرادەران ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان نیازی ئەوەیە خەڵك دابمەزرێنیت بە وشەی وانەبێـژو گرێبەسـت، یەعنی چی وانەبێژو گرێبەست بەس بۆمن پێناسەکەن یەعنی کەسێك لە رانییە دەچێتە قەندیل دەرسـی بە (٢)هەزاری دەڵێـتەوە یەعنـی بـا ئەوە نەمێنێـت حکـومەت پێویسـتی بە (٣٠) هەزار مامۆستای هەیە، بای دایمەزرێنێ خەڵاس و بڕاوە، یەعنـی وانەبێـژی چیـیە؟ گرێبەسـتی چیـیە؟ من بە خۆم قسەم لەگەڵ وەزیری دارایی کردووە دەڵێ گرێبەست (١١) ساڵ هەیە، کەچی هێشـتا گرێبەسـتە بە هـیچ یاسـایەك پێمـان دانـامەزرێ، یەعنـی بـۆ بیخەیـنە نـاو یاسـایەوە، بـۆیە مـن پشتگیری لە مامۆستا عبدالستار دەکەم ئەو ماددەیە هەر نەمێنیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو روپاك خان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مامۆستایانی وانەبێـژ زیـاتر لە (٢٠%) میلاکـاتی پەروەردە پێـك دەهێـنن وەهەروەهـا (٣٠) هەزار مامۆستای وانەبێژمان هەیە، بۆ دەبێ ئەو حەق و مافەیان پێبدرێ لەو قـانوونە بەتـایبەت لەو ماددانە ئەو ماددانە بڕگەکانیان خراپ نییە، بەڵام کە ئەوەی بۆی زیـاد بکـرێ وەزارەت مـافی هەیە، دەرچــووی زانکــۆ پەروەردە هەروەهــا بە هەمیشــەیی و گرێبەســت دابمەزرێنێــت وە پێشەنگی بدرێ بە مامۆستایانی وانەبێژ لە بڕگەی (٣) ڕێنمایی پێویست وەزیر رینمایی پێویست دەربکات بۆ مافەکانی مامۆستایانی وانەبێژ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مــاددەی (٧٢) بــڕگەی (١) کە دەڵێــت وەزارەت مــافی هەیە، دەرچــووانی زانکــۆی بــواری پەروەردەیــی دابمەزرێنێــت، مــن پێشــنیاردەکەم بکــرێتە ئیلزامــی بڵێــت پێویســتە وەزارەت دەرچووانی زانکۆی بواری پەروەردەیی دابمەزرێنیـت وەنەك هەر بـواری پەروەردەیـی بەراسـتی بواری دەرچووانی کۆلێژی ئادابیش دابمەزرێن، چونکە ئەوانیش بەراستی ئێستا مەحروم کراون، یەعنی نەدەکرێنە مامۆستا و نەدەتوانن لە شوێنیکی تر دابمەزرێن، بۆیە ئەوانیش مافی خۆیـانە هاوشێوەی دەرچووانی بواری پەروەردەی دابمەزرێن، ئینجا بەراستی ماف و ئیمتیازی وانەبێژان کە زۆربەی برادەران قسەیان لەسەر کرد یەعنی وانەبێژان مامۆستایانی وانەبێژ شایەنی مـاف و ئیمتیــازاتی تەواون هاوشــیوەی مامۆســتایانی تــر، چــونکە هاوشــێوەی مامۆســتایانی تــر وانە ئەڵێــنەوەو وە تەواوکەرن وەکــو پێشــتریش باســمان کــرد عەمــود فەقەری بــواری پەروەردەو

فێرکـردن ئێسـتا مامۆسـتای وانەبێـژە، چـونکە (٢٠%)پێـك دەهێنـێ، بـۆیە لە مەسـەلەی عەلاوە وتەرفیع لە هەموو ئەوانەی پێویستە هاوشێوەی مامۆستای ئاسایی حسابی بـۆ بکـرێ لە بـڕگەی (٢) هەمان شێوە نەوترێ مافی هەیە، بەڵکو پێویست بکرێ و ملزەم بکرێن لەسەر ئەوە ئەوەی تر بەراستـی یەعنـی کەدەڵێـت بە بـڕە پـارەیەك کە لەگەڵ بگونجێـت یەعنـی ئەمە زۆر خـراپە ئەمە بکـرێتە یاسـا یەعنـی وانەبێـژ، وانەبێـژ هەیە، ئێسـتا دەڕواتە گونـدەنەکان بـۆ نمـوونە لە هەریـر دەڕواتە دەشـتی هەریـر دوورتـرین گونـدی سـورچیاتی بەکرێـی وانە، وانە وەردەگـرێتن دەرس وەرئەگرێتن، یەعنی مامۆستا هەیە نیـوەی مـووچەکەی تەنها بە کرێـی رێگـا ئەڕواتـن نیـوەکەی تریش خۆی کرێ چییە ماڵ و منداڵی هەیە، چۆن بژێتن یەعنی چۆن ئەتوانیت یەعنـی مامۆسـتا ئەگەر ژیانی تەئمین نەکرێ ئەگەر مووچەیەکی باشـی بـۆی دابـین نەکـرێ، چـۆن ئەتـوانێ وانەی پەروەردە بڵێتەوە، چـۆن ئەتـوانێ قوتابیەکـانی خـۆی تێبگەینـێ ئەمە زۆر خـراپە، یەعنـی ئـێمە پێویستە بەراستی گرنگی بە مامۆستا بدەین و یەك خاڵ ماوە کە گرنگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بینووسە لە خزمەت دام. سوپاس فەرموو كاك مسلم.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧٢) بەراستی یەکێکە لە هەرە ماددەکانی ئەم پـرۆژە یاسـایە کە بەراسـتی خەڵکێکی زۆر وەك و مامۆستایانی وانەبێژ چاوەڕێ دەکەن کە کێشـەکانیان چارەسـەر بکـرێن وە چاویان لە دەمی ئێمەیە، بەراستی مامۆستایانی وانەبێژ ئەوەندەی کە من سـەیری ئەم مـاددەیە دەکەم بەداخەوە هیچ چارەسەرێکی تێدانییە، راستە وتراوە پێشەنگی ئەدرێت بە مامۆسـتایانی وانەبێـژ بە چارەسـەرکردنی کێشـەکانیان، بەڵام پێشـەنگی لە کاتێـکدا چارەسـەر ئەگەر مـاوەو زەمەنی تێدا دیـاری بکرێـت لە کاتێـکدا چارەسـەرە ئەگەر سـاڵی خـزمەت دیـاری بکـرێ، یەعنـی مامۆسـتایەك (٩) سـاڵ مامۆسـتای وانەبێـژە دوای ئەوە لائەدرێ مامۆسـتایەك دێـتە شـوێنی ئەو کـاتەی کە پێشـەنگی دێـتە پێشـەوە و دەرفەتـی مامۆسـتای وانەبێـژ دێـتە پێشـێ مامۆسـتا کە (٩)ساڵ خزمەتی هەبووە ناتوانێت دابمەزرێت لە کاتێـکدا مامۆسـتایەك دێـتە شـوێنی یەك سـاڵە بووەتە مامۆستای وانەبێژ، بۆیە بەراستی پێوەری عەداڵەت بنەمـایی دادپەروەری ئەوەیە سـاڵی خزمەت دابندرێت ماوەی بە مامۆستای وانەبێژی و بۆشی بە خزمەت حساب بێت، یەعنـی ئـێمە لە ساڵی یەکەمی خولی ئەم پەرلەمانە بەڕێزە مامۆستای وانەبێژ نـزیکەی (١٧) هەزار بـوو ئێسـتا بـۆتە (٣١) هەزار، سـاڵ بەسـاڵ زۆرتـر ئەبـێ خەرێـکە پڕۆسـەی پەروەردەی مامۆسـتای وانەبێـژ ئەخنکێ، بۆیە بەراستی پێویستە لەم یاسایە بەڕێزە چارەسەر بکرێ ئەم کێشەیە هەموو سـاڵێك بەرۆکی خوێندن نەگرێ، بەراستی کە قوتابیەکانمان باجی دەدەن، بەراستی ئەمە چارەسەرەکەی تەنها دیاری کردنی ساڵی خزمەتە با (٥) ساڵ بێ با (٦) ساڵ بێ کە تۆماتیك مامۆستایەك چاوەڕێ ئەکات مودەکەی بگاتە ئەو ماوەیە وە خۆی بە ماف پەروەر نازانێ ئەو کاتەش وەزارەت ئەیزانێ لە نێـوان مامۆسـتایانی وانەبێـژ لیسـتێك هەڵبژێـرێ ئەوانەی کە شـایەنن دابمەزرێـن ئەو کێشـە چارەسەر ئەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، من پێم وایە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەم ماددەیە روحی یاساکەیە وە بەم شێوەیە بڕوا گورزێکی گەورە بەر پەروەردە ئەکەوێ بە مەنتقی خوارەوە کە ئەو ماددەیە ئەخوێنیتەوە ئیتر دامەزراندن نەما، واتە دامەزراندن نەما لەو پەری حالەتا بە گرێبەستە دامەزراندنی مامۆستایان نەما تەواو ئەمە بکەین بە قانوون کە ئیتر مامۆستا تەعین نابێ، ئەی بۆ پۆلیس تەعین ئەبێ ئەی بۆ ئاسایش ئەبێ، ئەی بۆ پزیشك ئەبێ ئەی هەموو چینەکانی تر ئەبن، بەڵام لەم وڵاتە مامۆستا نامێنێ لەو پەری حالەتە ئەبێ بە گرێبەست یان وانەبێژ واتە (٤٠) ساڵ گرێبەست بی بە (٤٠٠) هەزار و (٥٠٠) هەزار ئەمە تەئسیر لە پەروەردە ئەکات ئەئسیر لە فێربوون ئەکات، تەئسیر لە خوێندن ئەکات، من بیر ئەکەمەوە کولیە تەواو ئەکەم باشە بۆ واستە نەکەم بچم ببمە ئاسایش و معاشەکەم سێ ئەوەندەیەو گرێبەستیش نییە یەکجارەکییە، بۆیە بە قوفل کردنی ئەمە بە قانوون، چونکە زۆر روونە ئەڵێ وەزارەت مافی هەیە، دەرچووانی زانکۆ بواری پەروەردە بە گرێبەست و بە بڕەپارەیەکی دیاری کراو وەك وانەبێژ دابمەزرێنێت مافی دامەزراندنی تێدانییە هەموو مافێکی دامەزراندنی وەرگیراوەتەوە، بۆیە من پێشنیار ئەکەم ئەم ماددەیە بەم شێوەیە سیاغە بکرێتەوە وەزارەت مافی هەیە، دەرچووانی زانکۆ پەیمانگاکان بە هەمیشەیی یان بە گرێبەست دابمەزرێن وە پێشەنگی بدرێت بە مامۆستایانی وانەبێژ، بۆیە تکا ئەکەم گورزێکی گەورە لە پەروەردە ئەدەین ئەگەر مامۆستا دانەمەزرێت کەس ناچێت دوای (١٠) ساڵ (٢٠) ساڵ (١٥) ساڵ هەر بە (٤٠٠) هەزار بە (٤١٥) هەزار منداڵ بەچی بەخێوکا ماڵ بەچی بەڕێوەبا، دیسان تەئکید دەکەمەوە بۆ کولیەکانی تر دامەزراندیان هەبێت تەنیاو تەنیا مامۆستا ئەبێ دانەمەزرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مامۆستا ئالان زۆر جار لە موناقشەی ئەم یاسایە بەڕێز وەزیری پەروەردە دەی وت ئەم یاسایە پێویستە کە ئەمانووت زۆر چڕو دارێژراوە، بەڵام لە (٢٠%) مامۆستایانی وەزارەتەکەی کە ناویان وانە بێژە لە یەك ماددەی کەم و کورتە کۆی کردۆتەوە نەی هێناوە وەکو ئەم یاسایە عینوانەی هەیە، تەوەرەیەك بێ لقێك بێ بەشێك بێ پێناسەی وانەبێژکەی ئەرکەکانی کامەیە مافەکانی کامەیە بە چڕوپڕی لەم ئاشکالە دەرچین، چونکە ئەمە سێ ساڵە لەم خولە جەلەسە نییە لە پەرلەمان خاڵی بەناوی پەیڕەوی مامۆستای وانەبێژ بکات ئەو هەموو یاداشتەکەی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانا خۆت شەوانە ئەزانم کە لەناو هەموو وەزیرەکانا زیاتر وەڵامی ئەدەیتەوەو لەسەر خەتی شەوانە یەخەت دەگرێ مامۆستای وانەبێژ، فعلەن من لەگەڵ قسەکەی کاك علی یەم ئەکرێ لێرە نائومێدیان بکەین باشە لە ماوەکی ئەم کابینەیە بە هەزاران کەس لە

سلكی سەربازیا بۆ دائەمەزرێ بۆ لە یەك ناوچەی لە كوردستانا هەزار كەس كە هەر حزبێك وازی هێناوە لە ماڵەكەی خۆی دائەنیشێ پێی ئەڵێت بەس مانگێ یەك چایە بخۆرەوە لەلای مەسئولی ئورگانەكەت و حەقت نەبێ، بەڵام مامۆستایەكی وانەبێژ بە (١٠) ساڵ خزمەتەوە یان بە (١٥) ساڵ خزمەتەوە ئەشمرێ كە ئەمرێ هیچ شتێكی بۆی حساب ناكرێ، بۆیە من پێم باشە ئەم لە (٢٠%)وەزارەتەكەی جەنابت بەراستی یەعنی ئەگەر ئەمڕۆ لەئێرە بەدواوە، یەعنی دوا ئەمەلیان ئەم جەلەسەیە بەراستی وە ئەم یاسایەشە حەق و حقووقی مافەكانیان پێ بدات، مامۆستای بەڕێز جەنابی وەزیر ساڵانە ئەو مامۆستایانەی خانەنشین ئەبن كۆچ ئەكەن كۆچ كردن بە مانای مردن وە ئەوانەش كە سەری خۆیان هەڵئەگرن لە بێ ئومێدیا كێ جێگای ئەگرێتەوە، فعلەن قسەكەی كاك دیاری تەواوە ئەگەر لەم (٩) ساڵە كە بوودجە ناهاتووە هەر ساڵەو (٥) هەزار مامۆستامان دابمەزراندبایە بەراستی ئێستا ئەم ئیشكالەمان حەلكردبوو، بۆیە من پشتگیری هەموو ئەو بەرێزانە ئەكەم دكتۆر اسماعیل مامۆستا عبدالستار گولستان خان مژدە خان كاك دابان هلزخان هەر هەموویان كە باسی ئا ئەمەیان كرد كە پێویستە ئەم دەقە ئەمە بنووسرێت مامۆستایانی وانەبێژ لە یاسایی راژەی شارستانی و یاساو بەركارەكانی بواری وەزیفەی گشتی بیانگرێتەوەو بۆ رێكخستنی ماف و ئەركەكانیان زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

من ئەم پرسیارە لە بەڕێز وەزیر ئەكەم ئەم ماددەیە كە دانراوە لەسەر بابەتی وانەبێژ چی لە مافی وانەبێژ زیادی كردووە، ئەوەتەی كە ئێستا هەیە وەچەند ساڵە وانەبێژ دێتە سەر جادەوە وە داوای مافی خۆی ئەكات چی پێشتر نەبووە كە ئێستا هاتووتە ناو ئەم (٣) بڕگەی ماددەوە كە بە (٣) رێنمایی دانراوە و هەر بڕگەیەك و رێنمایەكی بۆی دانراوە، من دڵنیات دەكەمەوە هیچ شتێكی تازەی تیانییە وە ئەمە مافی وانەبێژ نییە، بەراستی ئەو رێنماییەی كە ژمارەی (١٤) ساڵی ٢٠٢١ باسی ئەكات یەعنی هەر ئەوەیە درێژكراوەتەوە لانەبراوە، بۆ نموونەیا لە بڕگەی (١) یەعنی مەعقولە بڵێی وانەبێژ بەرامبەر بە كرێ دائەمەزرێ بۆ وانەبێژ كرێكارە بەرامبەر بە وانە ئەوترێ، ئەسڵەن وایە هەر ئەو وشەیە نەهاتایە هەرچەندە من لەگەڵ پێشتریشا لیستی دارایی نەبووم ئێستا كاتی ئەوە نەهاتووە كە ئێمە كە چووینە دەرەوە لەم هۆڵی پەرلەمانا بڵێین مافێكمان بۆ وانەبێژ دەستەبەر كردووە، ئەگەر وەزارەتی پەروەردە ئەگەر تۆ پێویستی بە ڕاژەی وانەبێژە لە (٢٠%) میلاكت پڕئەكاتەوە وەكو مامۆستایەك ئەیهێنی (٦) دەرسی پێی ئەڵێتەوە بۆ دایناەزرێنی یا بەهەمیشەیی یا بە گرێبەست ئەم وانەبێژیە چییە، یەعنی ئەوان ئەزانی بۆچی وانەبێژی ئەكەن بەرێز وەزیری پەروەردە بۆ ئەوە نایكەن كە بۆ ئەوە ئەیكەن كە رۆژێك لە رۆژان دابمەزرێن، چونكە ئەو (٣٠٠)هەزارە كە وەری ئەگرن بەشی كرێ هاتووچۆ بەشیش ناكات، جاریش هەیە قەرزی بۆ ئەكەن ئەوان ئەیانەوێت دابمەزرێن ئەوان ئەیانەوێت مافیان جێگیربێ مادەم ئەوان خزمەت بە كەرتی پەروەردە ئەكەن، خۆ ئەبێ وەكو مامۆستایەكی هەمیشەیی كار ئەكات لە ناو وەزارەتەكەتا وانەبێژێكیش بەهەمان شێوە كارئەكات ئەویش دەرس ئەڵێتەوە وانە ئەڵێتەوە مەعقوڵ نییە كە میلاكێك هات پێی بڵێین تۆ بڕۆ دەرەوە ئەوە چارەنووسێكی نادیارە،

تۆ خۆت بخەرە جێگەی وانەبێـژێکەوە (١٠) سـاڵ وانە بێژبیـت کە میلاکێـك بێـت خزمەتـی بـۆی حساب بکرێت نەهیچت بۆ حساب بکرێ نە بە دامەزراندن بۆی حساب بکرێ پێـی بڵـێن فەرمـوو برۆ دەرەوە میلاکێك دێتە شوێنی تۆ، یەعنی ئەبێ ئێمە یەعنی جەخت لەسـەرە ئەوە بکەیـن کە ئەبێـت، مافیـان دیـاری کراوبێـت یـان بە گرێبەسـت یـان بە هەمیشـەیی ئەگەر نـا ئەمە هـیچ چارەسەرێك نییە بۆ مامۆستای وانەبێژ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك دەقە نەم ووتوە قسەت چییە خاڵە پەیڕەوییەکەت بەپێی پەیڕەو فەرموو کاك عمـر قەتعـی ئەکەم حەتمەن.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕێزەوە بە ئامادەبوونی کاك دکتور ئالان و هاورێیەکانی لە وەزارەتی پەروەردە دەروانم وە بەڕێزیش لە ئامـادەبوونی هەر وەزیرێـك وە ئـێمە نەمـان وتـوە ئیشـکالمان لەمەنیـیە ئیشـکاڵمان لەگەڵ ئەو وەزیرانەیە کە کاتێـك بانگیـان ئەکەیـن نـاهێن و ئامادەنـابن، بەڵام کە داوا لەبەرێـزت ئەکەم بە ئامـادەبوون و قسـەکردن و مـوداخەلەکردن بە پێـی پەیـرەوە بـێ بەپێـی بـرگەی (٢) مادەەی (٨٨) بێ وەزیر بـۆی هەیە، تەنهـا (٢)خـولەك لە هەر ماددەیەکـا روونکـردنەوە بـدات نەك وەڵامی ئەندام پەرلەمانان بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان راسـتە بەپێـی پەیـڕەو، بەڵام (٣٣) بەڕێـزی ئەنـدامی پەرلەمـان لەسـەر ئەم مـاددەیە گفتوگۆی کردووە ئەگەر بەڕێز تەنها وەڵامی (٢)کەس بداتەوە ئەدی (٣٠) ئەندامەکەی تری بەڕێـز چ بکەن من بە ئێوە ئەڵێم بەرێـزان چ بـکەن ئـاخیر ئێـوەش بەڕێـزان کاتێـك کە لە خوێنـدنەوەی دووەم پرسـیارێك ئەکەن ئێـوەش پابەنـدی پەیـڕەو دەبـن تەنهـا لەسـەر ئەو مـاددەیە پرسـیاری لێبکەن نەچنە بابەتی تر، فەرموو بەڕێز جەنابی وەزیر تۆ دەتـوانی (٧،٦) دەقە قسـەبکەی، ببـورە کاك جلال ماوە.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧٢) دیارە گرێبەستەکان و وانەبێژەکان دیارە توێژێکی گرنگن وە زۆربـووە هاورێکان بەجوانی و بە دوورودرێژی قسەیان لەسەر کـرد، بـۆیە مـن تەنهـا بە رێـگەی پشـتگیری پشتیوانی لە هاورێیەکانم دەکەم لە بڕگەی (١) من پشتگیری لە گولستان خان، هەروەها کاك عمـر و مژدەخان ئەکەم لە بڕگەی (٢) پشتگیری لە کاك سیپان ئامێدی ئەکەم وە هەروەها لە بڕگەکـانی تر پشتگیری لە بڕگەی (٣) لە کاك چیا دەکەم، سەبارەت بە هەمیشـەیی کـردنیش کە هەمیشـەیی تیا زیاد بکرێت پشتیوانی لە کاك علی و مامۆستا ابوبکر ئەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك شاخوان.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن لە راسـتیدا هەر ئەمویسـت شـتێك بـاس کەم، مـن لەو شـەوانە تەلەفـونێکم بـۆ هـات هـی مامۆستایەکی وانەبێـژ بـوو لە پێنجـوێن بـوو وتـی مـن وانەبێـژم لە پێنجـوێن لەگەڵ مێـردەکەم گەیشتووین بەوەی کە لە یەکتری جیاببینەوە، چونکە مێردەکەم قبووڵی نیـیەو ناتوانێـت لەگەڵ من بێتە پێنجوێن و منیش ناکرێ هەموو رۆژێ لە پێنجـوێنەوە هـاتووچۆ بـکەم بـۆ شـارەزوور و رۆژانە لە پێنجوێنەوە بچم بۆ شارەزوور لە پێنجوێنەوەش بگەرێمەوە بۆ شارەزوور گـوتی ئەمە بوو بە کێشەیەکی خێزانیمـان کـار گەشـتووتە ئەوەی کە مـن لە هاوسـەرەکەم جیـاببمەوە، لەبەر ئەوەی من دامەزراوم بە مامۆسـتای وانەبێـژ وەکـو وانەبێـژ لە پێنجـوێنم ئەمە بـوو بەگرفتێکـی خێزانـی بـۆ ئـێمە، جـامن هـاوڕایی ئەو هـاوڕێ و هاوپیشـانەم کە لەراسـتیدا پێـداگری وشـەی هەڵگرتنی وانەبێژ ئەکەن، لە راستیا وشەی وانەبێژ لەراستی وشـەیەکە تـارادەیەك دەتـوانم بڵـێم لەگەڵ مامۆستاو لەگەڵ ئەوە ناگونجێت وە پشتگیری و پشـتیوانی مامۆسـتا ابـوبکرو هاورێیـان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس ئێستاش داوا لەبەرێز جەنابی وەزیر ئەکەین وەڵامـی ئەو سـەرنج و تێبینـی و پرسیارانە بداتەوە، چونکە ماددەیەکی گرنگە، کاك عمر لێرە نابی بۆ وەڵامەکان فەرمـوو مامۆسـتا ئالان.

**بەڕێز ئالان حمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللهی بـــابەتێکی گـــرنگە، بەڵام دادپەروەری ئەوەیە هەمووومـــان وەکـــو یەك قســـەبکەین، داداپەروەریش ئەوەیە کە هەندێك شت بە ناراستی ئەوترێت راست کـرێتەوە وە مەسـئولییەتی هەرکەسـێکیش وازحە، مـــن لەســـەر مامۆســـتایانی وانەبێـــژو ئەو مـــاددەیە قســـە ئەکەم لە ســـەرچنارخانەوە دەســـت پـــێ ئەکەم بەراســـتی وشـــەی کـــرێم تێیـــدا نەبینیـــوە یـــامن بەهەلە خوێندومەتەوە یا جەنابت هەڵە خوێنـدووتەوە، ئینجـا حەزدەکەیـن بە دیـقەت بـین بەڵـێ، بەڵام نەیوتوە کرێ بابەتی مامۆستایانی وانەبێـژ بەڕێـزان وەکـو وەزیـری پەروەردە وەکـو ئەنـدامێکی ئەنجومەنی وەزیران خـۆم لە هەمـوو کەس زیـاتر بە خزمەتکاری مامۆسـتایانی وانەبێـژ ئەزانـم ئەمەشم بە فعلی سەلماندوە وە زۆریش ئەوانەی کە پرسیارم لێـی ئەکەن یـان ئەلێـرە بابەتەکـان ئەروژێنن بەراستی بەداخەوە مـن زۆربەیـان لە دەرگـای وەزارەت بینیـوە خزمەتیـانم کـردووە و خزمەتیـان ئەکەم هـاتبوون بـۆ پرسـی مامۆسـتای وانەبێـژ بە نووسـراوێك (٦،٥،٤) نووسـراویان ئاراستەی منیان کردووە لەسەر کێشەی مامۆستای وانەبێژ لە فـڵانە گونـدو لە فـڵانە شـوێن، مـن دەڵـــێم بەشـــە هەرە زۆری خەڵکێکـــی تـــریش هەیە، کردوویەتـــی، لەبەرئەوە ئەم مـــاددەیە کە نووسراوە ئاساسترین ماددەی ناو یاساکەیە وە دەیسـەلمێنم کە چـۆن ئەساسـترین مـاددەی نـاو یاسـاکەیە، بەڵام ئەگەر بویسـترێت خوێنـدنەوەی هەڵە بکـرێ بـۆ ڕای گشـتی تێنەگـات ئەمەیـان

بابەتێکی دیکەیە، من حەقم هەیە توزیح بکەم لێرەش رێگەم پێی نەدرێت تەوزیح بکەم من ئیلتزام بە پەیڕەو دەکەم دەچم لەدەرەوە موئتەمەری سحوفی دەکەم قسەئەکەم ماددەی پێش ئەو ماددەی (٧٠) باسی دامەزراندنی کردووە باسی تەعینی کردووە چۆن ئێوە پێتان وایە کە تەعین نەماوە بۆچی تەعین نەماوە؟ باسی دامەزراندنی مامۆستا ئەکات باسی رێنمایی کاری پەروەردە ئەکات لەگەڵ ئەوەشدا باسی پرۆسەی گرێبەست و پرۆسەی وانەبێژیش ئەکات، یەکەم شت حەزئەکەم دۆخی وانەبێژان بۆتان شیبکەمەوە لە هەرێمی کوردستان پێش ئەم کابینەیی ئێمە مامۆستای وانەبێژ ئەگەر رۆژێك دەوام نەبوایە پارەی یەك محازەرەشی بۆی سەرف نەئەکرد بە نموونەش بۆتان ئەهێنمەوە بەشێك لەو مەعلوماتانەی مژدە خان وتی سەرلەبەری ناتەواوە، ئێستا من بە نموونە وەڵامی خۆم ئەدەمەوە یەکەم ئەوەی مژدەخان باسی ئەکات کە مامۆستا لە وانەبێژ (١٥) هەزار وەرئەگرێت ئەمساڵ بۆ یەکەمین جار لە مانگی (٧) لە مانگی (٨) رێنمایی ژمارە (١٤) دەڵێت لە هاوینیشا کە بەدرێژایی تەمەنی مامۆستایی وانەبێژ ئەم رێنمایە شمولی نەکردووە لە هاویندا کەس پارەی وەرنەگرتووە، ئەم ساڵ بۆ یەکەمین جار توانیومانە لە رێگەی رێنمایی دارایی ژمارە (١٤)وە مانگی (٧) و (٨) کە دەوام نییە نیو معاشیان بۆیان حساب کەین کە پێشتر ئەمە نەبووە ساڵانی پێشوو لە مانگی (٣) (١٤)رۆژی پشوو بووە (١٠)رۆژی دیکە یان (٤)رۆژی دیکە هەینی بووە دەوام نەبووە هەر مامۆستایەکی وانەبێژ حدودی (٢٦)هەزار (٥٠) هەزاری وەرگرتووە، ئێستا مامۆستایەکی وانەبێژ لە گوند بێ یان لە قەزاو ناحیە بێ (١٩)بەرەو سەرەوە بڵی (٤٠٠) هەزار وەرئەگرێت، ئەو رۆژەش پێم ووتن کەمە، بەڵێ کەمە پێویستە زیاتر خزمەتیان کەین، بەلێ پێویستە زیاتر خزمەتیان کەین، بەڵام دەبێ هەندێ شت جەنابتان (موشەریعن) هەندەك شت لە چوارچێوەی قانوون بێ بۆ بە من دەڵێن بۆ ناچن قانوونی خدمەی مەدەنی تەعدیل کەن، دەسەڵاتە تەعدیلەکە لەلای ئێوە هەیە، بچن حەقی زەوجی بۆیان ببەستن مەوقعی جوغرافیا بۆیان ببەستن، خۆ ئەم شتانە بەجۆرەی قانوون تەنزیم کراوە، قانوونە خدمەی مەدەنی دەڵێت تەحەکوم کردن لە موەزەف و عیلاقەی بەینی موەزەف و موئەسسە بەگوێرەی ئەم قانوونە بووە بەو جۆرە تەنزیم کراوە قانوونی خدمەی مەدەنی ئەمەی بۆ وانەبێژ تەنزیم نەکردوونە تاکو من بیکەم ئەوەی کە ئێمە کردوومانە بە وجودی خۆمان و بە وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران ئەوەیە کە دۆخی مامۆستایانی وانەبێژ لە دۆخێکەوە بردوومانە دۆخێکی دیکە، بیرشتان نەچێ هەر لەم کابینەیە (٥٠٨٨) کەس کردوومانە هەمیشەیی کاك علی چۆن تەعیناتی رەسمی نەماوە هەر لەم کابینەی ئێمە (٥٠٨٨) مامۆستای گرێبەستمان کردووتە مامۆستای هەمیشەیی، کەوابێ یەکەم بە گوێرەیی ئیمکانیاتەکانی حکومەت ئەم یاسایە دەرگای بەهیچ شێوەیەك لەسەر تەعینی هەمیشەیی دانەخستووە ئەم یاسایە لەسەر بە گرێبەست بوونی وانەبێژ دانەخستووە تەشجیعی ئەکات ئەم یاسایەش دەرگای لەسەر ئەوەش دانەخستووە وانەبێژیش بمینێتەوە، من بە نموونە بۆ جەنابتان ئەهێنمەوە گریمان ئێستا هەموو مامۆستا وانەبێژەکان کردە گرێبەست، یان هەموومان کردە هەمیشەیی ئەگەر تووشی ئەزمەیەکی زۆر زۆر قورس بووین ساڵێك و دوان و سێیان نەمانتوانی هیچ شتێك بکەین، ئایا وەزیر قفل بێ دەسەڵاتی نەبێ لە شوێنك میلاك چۆڵ بوو مامۆستایەك مامۆستای وانەبێژ دانێتەوە، ئەمە بۆ ئەوەیە کە پرۆسەی ئەم بابەتە مامۆستایانی

وانەبێـژ مـن لێـرە دڵنیـایی ئەدەم بە گـوێرەی ئەم قـانوونە لەسـەردەمی مـن تەنفیـز کـرایە، مامۆستایانی وانەبێژ ئەوەی کە ئـێمە نووسـیومانەتەوە ئەفزەلەتیـان هەیە، کەلـیمەی پێشـەنگی ئەفزەڵتیـان هەیە لەهەر دامەزرانـدنێك چ گرێبەسـت بـێ چ بە هەمیشـەیی بـێ یەکەم کەس مامۆسـتایی وانەبێـژ مەشـمولە بە دامەزرانـدن ئەوانەی کە وانەبێژیـان هەیە، خزمەتیـان هەیە تەسەلسول داهێنەر ئێمە بووین (٥٠٨٨) کەسمان کردۆتە هەمیشـەیی تەعینـی دائیمـی بەراسـتی مامۆستایەکی وانەبێژ ئێستا بە گوێرەی هەندێك لەو تەعلیماتانەی کەهەیە، مامۆستایەکی میلاك بە پێـی قـانوونی مەدەنـی (٧) رۆژ ئیجـازەی هەیە، مامۆسـتایەکی وانەبێـژ (٧) رۆژی هەیە، مامۆستایەکی میلاك (٧) رۆژ ئیجازەی مەرەزی هەیە، مامۆسـتایەکی وانەبێـژ (٧) رۆژ ئیجـازەی مەرەزی هەیە، بەڵام بـۆ ئیجـازەی دایکـایەتییەکەی (٢١) رۆژی هەیە، ئەوە قانوونێـك تەنزیمـی کردووە کە ئێمە ئەو قانوونە لەبەر دەستمان نەبـوو، ئەمـن پـێم خۆشـە ئێـوە قـانوونی خـدمەی مەدەنی تەعدیل بکەنەوە، مامۆستای وانەبێـژی تێـبگەن منـیش مـولزەمم خزمەتکارم جێبەجـێ بـکەم، ئـێمە زۆر زۆر بـاش لە ئەهمـیەت و گرنگـی مامۆسـتای وانەبێـژ تێـدەگەین، مـن بەخۆشـم یەکێـك بـووم لەوانەی لەگەڵ ئەوەنەبـووم لە بنەڕەتـدا ئەو سیسـتەمە هەبێـت، بەڵام ئـێمە لەم کـابینەیە نە دروسـتمانکردووە نەهەبـووە، زەرووەرەتێـك شـەری داعـش قەیرانـی دارایـی بڕینـی بوودجە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە هەبـووە کە ئەمە ئێسـتا لە نـاو دەوڵەتـی عێراقیشـە (٢٩٨) هەزار وانەبێژ هەبوون کە ئێستا وا خەریکن بە بڕیاری (١٣٥) بیانکەنە گرێبەستی ساڵانە کە تـازە ئەکرێتەوە، خاڵێکی دیکە کە بە گرنگ ئەزانم بەراستی ئاماژەی پێی بدەم ئـێمە بـۆ خزمەتکردنـی وانەبێژان بەم یاسایە و بەبێ ئەم یاسایەش پرۆژەی خۆمـان داوە وەپرۆژەکەشـمان کە جەنـابی مامۆستا بەهەمەن تەرحی کرد لە شوێنی هەر مامۆستایەکی چـۆڵ مامۆسـتای وانەبێـژ دابنرێـت، نووسیومانە ئەوەشمان نووسیوە کە وانەبێژەکـان بە تەدریجـی، مـن دڵنیـام هەریەکێـك لە ئێـوە وەزیر بـن و لە دەسـەڵاتیش بـن ئەگەر لە جێگـای سـەرۆکی حکومەتیش بـن نـاتوانن (٣٠) هەزار کەس بەیەکەوە دابمەزرێنن، چونکە دەوڵەت لە کاتێکا عێراق لە ساڵی ٢٠١٠ میزانییەکەی گەیشتە (١٠٠) ملیـار دۆلار دەرەجـاتی وەزیفـی لە هەمـوو عێراقـا (١٠٠) هەزار دەرەجەی وەزیفـی بـۆ دەرەجەی وەزیفی لە هەر (١٨) پارێزگای عێراق بە کوردستانیشەوە (١٠٠) دەرەجەی وەزیفی بوو، ئێسـتا ئـێمە بە یەکەوە بـا راسـت گـۆبین لە گەڵ خەڵکـی خۆمانـا مـن لێـرەوە بە خەڵـك ئەڵـێم بەیەکەوە ئێمە (٣٠) هەزارکەسمان پێ ناکرێت، بەڵام بەڵێنمان بە خەڵك داوە پشتیان تێنـاکەین و ئەوی پێمان بکرێت خزمەتیان ئەکەین، بەڵام بە راستگۆیانە پێیان دەڵێین نەك پێیان بڵێین سبەینێ (٣٠) هەزار کەس تەعین دەکەیـن و پێمـان تەعـین نەکرێـت، بەڵام بە دڵنیـاییەوە ئەفـزەڵییەت لە هەر پرۆسەیەکی بە گرێبەست بوون بە دامەزراندنی هەمیشەیی بۆ مامۆستایانی وانەبێژی هـی وەزارەتەکەی ئـێمەیە، بەڵام ئەمەش لەگەڵ ئەنجـومەنی ڕاژە لە هەفـتەی ئاینـدە کۆبوونەمـان هەیە، ئەو نەخشە رێگەی کە داومانە قەسەی لەسەر دەگەین، سەبارەت بە تێبینیەکانی کـاك نـزار بەڵی کاك نزار وەزارەتی دارایی دیاری دەکـات، سـەبارەت بە وەی کە کـاك هیڤیـدار باسـی ئەوەی کـرد کەلە گونـدەکان منـداڵێك چـی بکـات کەمامۆسـتاکە تـازە تەخەروجـی کردبێـت، مامۆسـتای زیــرەك نەبــێ زۆرربەی گەنجەکانمــان کە تــازە تەخــروج ئەکەن بڕواتــان بــێ جــاری واهەیە مامۆستایەکی وانەبێژ نمونەیەکی زۆر جـوانتر زۆر باشـتر لە مامۆسـتایەکی دیـکەش پێشـکەش

ئەکات کە توانا کەفائەتێکی هەیە، ئێمە بەیانی لە هەولێرەوە دەست ئەکەین بە پرۆسەی ڕاهێنانی (٦٠٠) مامۆستایان بە شێوازی (تی ئۆ تی) کە دابەش ئەکرێن بۆ قوتابخانەکان لە گوندەکانەوە وەکو شارەکان مامۆستاکان یەك جۆر ئاستی ڕاهێنانی بەبەرئەکەوێت، سەبارەت بەوەی تەرفیعات وعەلاوە، عەلاوە ئێستا هەیە، بەڵام تەرفیعات ئەو بابەتە سپێردراوە بە مەجلسی خدمە وە ئێمە پشتگیری بابەتی تەرفیعاتی مامۆستایان ئەکەین و وجودیشمان بۆ کردووە شەرت نییە هەموو ڕۆژێ لە ئیعلام قسەمان بۆ کردبێت دەرچووانی پەیمانگا تەکنیکیەکان ئایا دەتوانن ببن بە مامۆستا بەڕێزم من توزێك سەریع قسەئەکەم حەزم لە شتی پەپولیستی نییە، ئەگەر هەموو کەسێك بیەوێت لەسەر وەزارەتی پەروەردەی ببێ بە مامۆستا بەراستی ناتوانین ئێمە ئاگامان لە وەزارەتەکەی خۆمانە ئاگامان لە هەمووووردەکاری وەزارەتەکەی خۆمانە نالێین عالمین عالی بە سیفەتی خوای گەورەیە، بەڵام ڕۆژانە تەمەنی خۆمان ناوە بەم وەزارەتە خەریجێکی تەکنیکی کارگێری کار بۆ نموونە من ئێستا پێت بڵێم بەیانی تۆ ئەکەمە هەمیشەیی، بەڵام خەریجێکی پەروەردە دابنێم تێگەی لەو لایەنەی ئەکەمە هەمیشەیی ئەمە ناکرێت وەزارەتی پەروەردە تەنها سیکتەری حکومەتی هەرێمی کوردستانیە هەموو کەس بیەوێت لە وەزارەتی پەروەدە بێ دوو لەو بێکاریە لەو قەیرانەی کە هەیە، تەئکید لەم قسەیە ئەکەمەوە ئێمە لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لایەنی کەم ئەگەر خۆشم ڕازی نیم لە موستەحەقاتی وانەبێژان لایەنی کەم باشترین مەئوا بووین کە (٣٠) هەزار گەنجی ئەم وڵاتەمان ئێستا گرتووتە خۆمان و خزمەت ئەکات بە منداڵەکانمان و لایەنی کەم لێرەوە لەگەڵ ئێوە هەموو بەڕێزان وجوودی وائەکەین کە ئیستحقاقی ئەمانە زیاترکاو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی بەڕێزان ماددەی دوای ئەوە

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری (١٠) ڕێکارەکانی بەڕێوەبەرو یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە دامەزراوە حکومییەکاندا ماددەی (٧٣):

یەکەم: دانانی بەڕێوەبەرو یاریدەدەری بەڕێوەبەر دامەزراوە حکومییەکان لە ڕێگەی بڕیارێك دەبێت، کە بەرێوەبەری گشتی پەروەردە لەسەر بنەمای پێشنیازی ئەنجومەنی پەروەردەی قەزا دەیدات.

دووەم: دەبێ ڕەچاوی بڕوانامەو لێهاتوویی و ئەزموون و کارامەیی و باڵانسی جەندەری لە کاتی دانانی بەڕێوەبەر یاریدەدەری بەڕێوەبەردا بکرێت.

سێیەم: ماوەی دانانی بەڕێوەبەر ماوەی (٤)ساڵە دەکرێت تەنهاش بۆ جارێك نوێ بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان لەسەر ماددەی (٧٣) هەر بەرێزێك دەیەوێت گفتوگۆی بکات با دەست بەرزبکاتەوە، بەڵێ بەڕێزان ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت لەسەر ماددەی (٧٣) قسەبکەن بریتین لە بەڕێزان،

اسماعيل على طه، كاوه عبدالقادر حسن، عمر عبدالله فتاح، ابوبكر عمر عبدالله، هلز احمد محمد، شێركۆ جودت مصطفى، عبدالستار مجيد قادر، گولستان سعيد حمد، هەورامان حمه شريف، شيرين امين عبدالعزيز، عبدالناصر احمد على، شاخوان رؤوف مصطفى، رێبوار عبدالرحيم عبدالله، چيا حميد شريف، نجاة شعبان عبدالله، دابان محمد حيسن، على حەمە صالح، عثمان على سمايل.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو نجاة خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددێ (٧٣) هەكە ئەم بەرێ خوبدەینێ و بەراووردكەین تەوەرێ (١٠) بەرێ خۆب دەینێ لقا (٢) بڕگەی (١) خاڵی (٢) لە ماددەی (٦٩) باسی ریكاراكانی یاریدەدەری دیاركری ڤێرە دووبارە یا بۆیەڤە ڤیجا بەهندێ دێ تێكەڵ بیت مەرجێت وێ یەعنی تێكەڵ بن هەردوو ڤی مادێت گەڵ ماددێ (٦٩) بەهندێ تڤیا ڤێرە بەس بەعسی رێڤەبەری بكەن نە یاریدەدەری تێبینیا دوویێ ئەكە ئەم بەرێ خۆبدەینە بڕگێ سێیەم ماوەی دانانی بەرێوەبەر (٤) ساڵە دەشكرێت بۆ تەنها جارێك نوێ بكرێتەوە ڤێرە ئەگەر بێتە تەعدیل كرن ڤی شكڵی ماوەی دانانی بەرێوەبەر (٤) ساڵە وە ئەگەر سەركەوتووبوو وە دەرجەی مەعیاری نمرەی قوتابیان لەسەر ئاستی كوردستان لە پلەی (١٠)بن دەكرێت زیاتر لە جارێك نوێ بكرێتەوە یەعنی ئەگەر دەرەجەی مەعیاری لەسەر هەرێماكوردستانێ نمرێت قوتابیا یێ وی رێڤەبەری باش بوون بلیت (١٠) بوون سەر ئاستێ كوردستانێ بیتن زێدەتر جارەكێ بیتن ئەوی رێڤەبەری جارەكادی دانڤە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو كاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیا من یا ئێكی خاڵا (٢) بی رەچاوی بڕوانامەو لێهاتووی بە ئەزموون بیت رەعیا من ئەف تشتە هەموو باشن بەس من ڤێت تشتەك دی لێ زێدە بكەت لێژنەكا تایبەت بێتە دامەزراندن بۆ تاقیكردن و چاڤ پێكەفتن دگەڵ وان مامۆستایا پشتی كۆ مامۆستا ژ تاقیكرنێ و لی چاڤ پێكەفتنێ سەركەفتی دەرباس بۆ بێتە دامەزراندن نەكۆ تەنها بڕوانامە، بڕوانامە ژێهاتی نەتەمامە ئەڤە یەك ماددا (٢) ماوەی دانانی بۆ بەرێوەبەر بۆ (٤) ساڵ بیت بەلێ رَاستە بۆ (٤) بیت بەلێ ئەگەر ئەڤ مامۆستایە مامۆستایەكی شیان نەبیت سەركەفتی نەبیت یەعنی (٤) ساڵا دی عەینەڵ جهدا مینیت من پێ باشە ئەڤە لێ بێتە زێدەكرنێ لی هەر (٦) هەیڤا هەڵسانگاندەك بۆ مامۆستای بێتە كرنێ ئەگەر سەركەفتی بۆ كارێ خۆدا بمینیت ئەگەر ئەگەر (٦)هەیڤا هەڵسانگاندناوی نە باش بۆ رێڤەبەر بێتە گۆرین یان لادان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو كاك رێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هەڵبەتە ئەمە بابەتێکی ماددیەکی زۆر گرنگە دەست خۆشیان لێی دەکەم بە لایەنی کەم لە دانانی بەڕێوەبەر یاخود یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە میزاجیات و عیلاقاتی شەخسی دوور دەخاتەوە بەلایەنی کەم ڕێنماییەك هەیە، یان یاسایەك هەیە لە چۆنییەتی دیاری کردنی یان دانانی بەرێوەبەرو یاریدەدەر، بەڵام من تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە، ئەوە بابەتی ئەزموون یەکسانی جەندەر باڵانسی جەندەری دەکرێ بۆ ناوەندەکانی شارو قەزاو ناحیەکان بێ، بەڵام بۆ گوندێك رەنگە ئەوە ئاسان بێت، تۆ ئەم کەفائەتانە بدۆزیتەوە رەچاوی باری جەندەری بکەی، بۆیە گرنگە گوندو داهاتەکان ئیستیسنا بکەن لەو مەرجانە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس فەرموو کاك شاخوان.
**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٧٣) خاڵی یەکەم دانانی بەرێوەبەرو یاریدەدەری بەرێوەبەر و لەگەڵ ماددەی (٧٣) خاڵی (٣) ماوەی دانانی بەرێوەبەر (٤) ساڵەو دەشکرێ تەنها بۆ جارێك نوێ بکرێتەوە، لەراستی یەعنی بەشی زۆری بەرێوەبەری خۆیندنگەکان لەگەڵ یاریدەدەرکان دەتوانن بڵێین بەشی زۆری لە (٩٠%) زیاتر ئەمانە یەعنی حزبین و لەسەر ئەساسی حزبی بوون و ئەوانە دانراون، لەبەرئەوە یەعنی هیواداریین تکامان وایە یەعنی کەرتی پەروەردە کەرتێکی زۆر تایبەتە ناوی خۆی بە خۆی وەیە وە هیواداریین ئەو بابەتی حزبی بوونە لەسەر ئاستی هەموو شارو شارۆچکەکان و زایەدن لەسەر ئاستی هەموو ئەو خوێندنگانەی کە خوێندنگای بنەڕەتییە ئامادەییە تا سەرەوەتر لە راستیا ئەو بابەتی حزبی بوون و ئەوە هەلبگیرێ و کۆتایی پێ بێت، پشتیوانی کاك دکتور رێبوار ئەکەم، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس فەرموو کاك عبدالستار.
**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ولله بەرایی منیش ئەو ماددەیە ماددەیەکی گرنگە بە تایبەت لە دانانی بەرێوەبەرو یاردیدەدەری بەرێوەبەرو ئەوانە وەسەرۆك بەشیش هەیە، لە هەندێ شوێن کە پێوەر دابنرێت بۆ دیاری کردنی ئەوانە وە هەڵێك بۆ هەموو لایەك برەخسێندرێت بەیانی کە بیەوێت ببێت بە بەرێوەبەر، بەڵام لێرەدا بەراستی باسی ئەمە ناکات تەنها باسی ئەوە دەکات بڕیاریك دابنرێت، بە بڕیارێك دادەنرێت ئەمن بەراستی ئەزمونێکی ئەوکاتی وەزارەتی بۆ باس کەم ئێمە بۆ ئەم بابەتە بەرێوەبەرەکان بەراستی نەك هەر بەرێوەبەری گشتی محاسسەی حزبی بووە بەرێوەبەرەکانیش حزب دایناوە، یەعنی من لە (٤١٢) بەرێوەبەر کە لە کاتی خۆمان هەبووە لە وەزارەتی کشتۆکاڵ لەسەرۆك بەشەکانەوە، یەعنی هیچی نەبووە پێوەری هەبێ حزب دایناوە، ئێمە هەڵسایین لێژنەیەکمان پێك هێنا کۆمەڵێك پێوەرمان دانا بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاریشماندا بۆ ماوەی

هەفتەیەك دەرگامان دەكردەوە بۆ هەركەسێك ئارەزووی دەكات بەرێوەبەرێكمان لابدات یان بەرێوەبەرێك تەقاعود ببێت یان وەفاتی كرد دەرفەتە بەراستی كە یەعنی ئەویش دەتوانێت خۆی دەرخات لەو بەرێوەبەرایەتییە، ئەمن پێم وایە بەراستی دەبێ بەرێوەبەر لەم قەزیەی یەعنی چوار چێوەی بیری حزبی تەسك و لە عیلاقاتی شەخسی ببەینە دەرێ پێوەر دابنێین لیژنەی هەڵسەنگاندن هەبێ وە بەراستی دوای هەڵسەنگاندن منافەسەش هەبێت دەرفەتێك، حەزدەكەم بیزانی سەرۆكی پەرلەمان یەعنی نەڵێن دێتەبان من بە ژمارە پێی دەڵێم یەعنی جوابداتەوە بڵێت نییە بە ژمارەش (٤١٢) كەس پێی دەڵێم چەند كەس فلان حزبە چەند كەس فلانە حزبە بووە، بەخوا دەرگامان كردۆتەوە كاكە ئازادن هەر بە فەقیری نەوێراوە خۆی مرەشەح بكات، جا بۆیە من لەگەڵ ئەوەم بەراستی بەم شێوەیە دەستكاری بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەكانی كاك عبدالستار كاك شاخوان ئەكەم، پێویستە ئەو تابیعە حزبەی بەسەر دەزگای پەوەردە دائەماڵێت وە هەڵی یەكسان برەخسێت بۆ هەر كەسێك كە بیەوێت لە نێو پرۆسەیەكی پێشبركێدا بەشداری بكات، بۆ ئەوەی لێژەنەیەك سەرپەرشتیاری بكات ئەو لێژنەیە بڕیاربدات كە كامەیان لێهاتووە كامەیان رەچاوی بڕوانامەیان ئەكرێ و خاوەن ئەزموون كارامەیە بە بەرێوەبەردابنرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو كاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٧٣) من وەكو پێشنیار پێشنیاری ئەوە دەكەم بەراستی بەرێوەبەری خوێندنگایەك كە ئێستا ئێمە پەروەردەی قەزاكانمان هەیە، هەر قەزاكان ئەم دەسەڵاتەیان پێ بدرێت ئەوەندە رۆتینات زیادن نەكرێت، خاڵی (٢) رەچاو كردنی بڕوانامەو كۆمەڵێك شتی لێهاتووی ئەزموون، پێم وایە بەسە لەمن بڕگەیەدا هەبێ بۆ بڕگەی (٣) بۆ بەرێوەبەری خۆێندنگا، چونكە بەراستی بەرپرساریەتییەكەی زۆر جیاوازە لە بەرێوەبەری فەرمانگەیەك یان مەسئوولیەتێك، یەعنی (٤) ساڵ پێم وایە ئەمە وەكو عورفێكی لێهاتووە (٤) ساڵ كەمە بۆ بەرێوەبەری خۆێندنگایەك، لەبەر ئەوەی تر لەماددەی دوای ئەمە كۆمەڵێك كۆت وبەند دانراوە ئەم بەرێوەبەرە ئەگەر ئەم خاڵانەی تێدابێت لادەدرێ، بۆیە بەراستی بكرێ بە (٦) ساڵ وە ئەگەر سەركەوتووش بوو لە ماوەی ئەم (٦) ساڵە جارێكی تر بۆی دووبارە بكرێتەوە ئەی ئەگەر زۆر سەركەوتوو بوو لە ماوەی ئەو (١٢) ساڵە ئەمەیان هیچ حەڵێكیان بۆ دانەنراوە كە بەراستی زۆر سەركەوتوویە دەكرێتەوە مامۆستای، یەعنی چی لێ دەكرێ هیوادارم ئەمەیان پربكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو عبدالناسر.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورەومیهربـان، ڕێكارەكـانی دانـانی بەڕێـوەبەرو یاردیـدەدەری بەڕێـوەبەر لە دامەزراوە حكومییەكـان دا لە مـاددەی (٧٣) بـڕگەی (٣) مـاوەی دانـانی بەڕێـوەبەر (٤) سـاڵە و دەشكرێت تەنها بۆ ماوەی جارێك نوێ بكرێتەوە، بۆیە مـن پـێم باشـە وای لێبكـرێ بەڕێـوەبەر لە دوای (٤) ساڵی یەكەم دەشكرێت بـۆ (٤) ساڵی دووەم نـوێ بكـرێتەوە بە مەرجـی سـەركەوتن و بەرەو پێشبردنی دامەزراوە پەروەردەییەكان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو كاك عثمان .

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان ماددەی (٧٣) بڕگەی (٢) تەنها مـن حەزدەكەم بـۆ ڕێزگـرتن و پاراستنی زاراوەی زێرینی كوردی، بەراسـتی ئەم ئـم كەلـیمە بیـانییە لابـدرێ باڵانسـی جەنـدەری بەراستی شتێكە وەكو تەعبیر دەكات بۆ ئێمە زیانی دەبێ بـا بگوترێـت یەكسـانی ڕەگەزی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو كاك كاوە.

**بەڕێز كاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٧٣) خاڵی (١) لە بڕگەی (١) لەسەر پێشـنیازی ئەنجـومەنی قەزا دەبێـت، بەڵام دیـاری نەكردووە لەسەر چ بنەمایەك دەبێت، بۆ نموونە مامۆستا ساڵانە هەڵسەنگاندنی هەیە، ئایا لەسەر ئەو هەڵسـەنگاندنە ئەبێـت شـتێكی تـرە لە بـڕگەی (٢) بـاس لە باڵانسـی جەنـدەری دەكـات، پـێم خۆشە ڕوونكردنەوەی زیاتر بدرێت لەسەر ئەوە چۆن لە بڕگەی (٣) ماوەی دانانی بەڕێـوەبەر (٤) ساڵ ودەشكرێ بۆ جارێك نوێ بكرێتەوە ئەمە شتێكی باشە بەڕای من، چونكە لە ١٩٩١ تاكو ئێستا (٣٠) ساڵی ڕابردوو بەڕێوەبەرەكان لەسەر ئەساسی حزبی بوون دانراون و بەڕێوەبەر هەبووە تا خانەنشین بوونی هەر ماوەتەوە لە پۆستەكەی ئەو شـتێكی باشـە، بەڵام دەبـێ پێـوەر هەبـێ بـۆ نموونە ئێمە موشریفی پەروەردەییمان هەیە موشریفی ئیداریمان هەیە، ساڵانە هەڵسەنگاندن بۆ بەڕێوەبەرەكان دەكاتن خۆ دەكرێ بۆ نموونە لەسەر ئەوەبـێ ئەو بەڕێـوەبەری لە (٤) سـاڵەكە بـۆ نمـوونە پـلەی نایـابی هەبـوو زۆر باشـەی هەبـوو لەسـەر ئەساسـێك بـۆی نـوێ بكـرێتەوە، نەك مەسەلەن میزاجـی شەخسـی و یـان دەسـت تێـوەردانی تێـبكەوێ و واسـتەی تێـبكەوێ بـۆ نـوێ كردنەوەی مدەی بەڕێوەبەرایەتییەكەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو كاك ابوبكر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە زۆر گرنگە عەرەب پەندێکیان هەیە، ئەڵێ (الوحدة بأمرها) فعلەن بەڕێوەبەری خوێندنگە کاریگەری زۆر زۆرە ئەو (٣) مەرجەی کە دانراوە بەراستی بڕوانامەو لێهات و ئەزموون زۆر باشە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم دەقانە تەفسیر نەکرێن، یەعنی کە تەفسیری لابەلای بۆی نەکرێ ئەگینا وەکو دەق زۆر جوانە، دووەم ئەگەر کەسێك شایستەبوو ئەو مەرجانەی تێدابوو، بەڵام هەر بە هۆکاری حزبی کە تاوەکو ئێستا لە (٩٨%، ٩٩%) بەڕێوەبەرەکان تەنها لەسەر ئەساسی حزبی دادەنرێن ئەگەر هەر دانەنران بۆ کوێ بەرێ لە کوێ تەعن لە بڕیار بدرێ یان سکاڵا بکات جهەتێك یان شوێنێك هەیە، وە بۆیە ئەمە زۆر گرنگە من پێشم سەیرە بەراستی بەڕێوەبەر ئەمەنە جەختی لەسەر ئەکرێت کە حزبی بێ، دڵنیابن ئەو نەوەی کە لە ناو بەڕێوە ئەبەرێن لە (١٣) ساڵ بۆ (١٨) ساڵ ئەوەنە سرك و وریان زۆر بە زحمەت تازە دەستەمۆ ئەبن بۆ حزبەکانی کوردستان بە حزبەکەی خۆشمەوە، لەبەرئەوە هیچ مەجاڵی ئەوەی تێدانییە کە تۆ ئەمەبکەی بیگەڕێوە بۆ هەڵی خۆی چونکە پۆستێکی کارگێری ئیدارییە فعلەن خەڵکی ئەزموونی پێویستە با لێیگەڕێن، یەعنی ئەم موئەسەسەی وەکو خۆی براو ئەو مەرجانەی جێبەجێ بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك هەورامان.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، من لەسەر ماددەی (٧٣) چەند سەرەنجێکم هەیە، لەسەر بڕگەی (٢) کە دەڵێت دەبێت (ڕەچاو) ڕەچاو سسیفەتێکی زەمەنی تێدانییە بەراستی ڕەچاو بکرێ، یەعنی ئەگەر نەشکرێ هەر ئاساییە لەگەڵ ئەوەم کەئەمە تەنها هەر (حبر علی الورق) نەبێ وەکو هاوڕێیانمان باسیان کرد، بەڵام ئەوەی کە داوای ئەکەم کە لابرێت باڵانسی جەندەرییە کە ئەم کەلیمە جەندەریە ئەم ئەوەتا ووشەیەکی بێ دایك و باوك و کەس نازانێت تەعریفەکەی چییە یان لە باشترین تەعریفی ئەوەیە کە جیاوازی ناکات لە نێوان نێرو مێ و هیچ ئەسڵو فەسڵێکی نییە، بەراستی ئێمە موستەلەحێکی قورئانیمان هەیە، کە خوای پەروەردگار دایبەزاندووە موستەلەحی عەدالەتە، ئیتر کەلیمەی جەندەرمان بۆچییە، لەبەرئەوە بکرێتە دادگەری باشترە وشەی جێندەر کە کەس نازانێت لە کوێوە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی (٧٣ )قسەکانی من کرا بۆ بڕگەی (١) پشتگیری لە کاك عبدالستار دەکەم بۆ بڕگەی (٢) پشتگیری لە کاك چیاو بۆ بڕگەی (٣) پشتگیری لە کاك شاخوان و کاك مەلاناصر ئەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حیسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧٣) بڕگەی (٢) کۆمەڵێ پێوەری باشن کە ئەوانەی هاتوونە پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا هەورامان ئەکەم، وشەی ڕەچاوی تێیایە چاو ئیلزامی نییە ئەکرێت ماددەکە بەم شێوەیە لێبکرێت پێویستە بڕوانامە و لێهاتوویی ئەزموون و کارامەیی و باڵانسی جەندەری کاتی دانانی بەڕێوەبەرو یاریدەدەری بەڕێوەبەردا پێوەر بێ، یەعنی بەو شێوەیەی لێبکرێ، سەبارەت بە خاڵی (٣) پشتیوانی قسەکانی کاك چیا ئەکەم ماددەکە بەم شێوەیە لێبکرێت ماوەی دانانی بەرێوەبەر (٤) ساڵە پاش هەڵسەنگاندن ئەکرێت بۆ (٤) ساڵی تر بەرێوەبەر بێ پاش هەڵسەنگاندنی بۆی زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو کاك اسماعیل

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆك پەرلەمانی.**

تێبینیامن یا ئێکی دانانا بەرێوەبەری ئەزبینم بێژیت بڕیارێك دەبیت بە راوێژ گەڵ ئەنجومەنێ خوێندنگەهێ یەعنی چونکی تۆ مدیرەکی دانیە سەر سەرێ هندە مودەریساو ئو پێنەخۆش بن چەندا نەخۆشە من تەدریساکری پێتڤیە راوێژا مەدرەسێ بێتە کرن ئختیارا مودیرێ واندا کادێ کێ بیتە مودیریێ وانا نە سەرنەهێتە فەرزکرن خالادی ئەز پشتگیریا کاك چیای کەم کۆ هەڵسەنگاندن بۆ هەرچەندە وی گوت بوو بۆ (٦)هەیڤا چێت بیت (٦)هەیڤا یا زحمەت بیت بەس سالانە مومکنە هەڵسەنگاندن بۆ رێڤەبەری بێتەکرن ئەگەر نەیێ ناجح بیت نەیێ سەرکەفتی بیتن ئێکێ دی دانەف شیناوی خالا(٢) ئەز پشتگیریا کاك هەورامان و کاك عثمان ی کەم بۆ پەیڤا جەندەر گۆرین باشترە خالا ئەخیرێ ئەز پشتەڤانیا وان بۆ چوونا هەیات کەم ئەوێت گوتی فعلەن سەر ئەساسێ حزباتی یێ رێڤەبەرو هاریکار نەهێتە دامەزراندن پشتەڤانیا کاك شاخەوانی خوشکا گولستان ماموستا کاوە مامۆستا ابوبکر هەمیات کەم ئەوێت بێژن وە ئەکە ئێك بێژیت سەر ئەساسێ حزباتی یێ رێڤەبەرو هاوکار نەهتینە دانانەن ئەز تەحدیاوی کەم پارێزگەها دهۆکێ قەزا ئامێدیێ بگرە هەتا تۆت گەیە ئاکرێ هەتا تۆ گەهیە بەردەرەش هەتا تۆت گەهیە هەرچەندە زاخۆ یا بۆیە ئیدارا سەربەخۆ سێمێلێ ئەگەر ئێك بێتە تەعین کرن مودیر ئان هاریکار سەر ئەساسێ حزبی نەبیت وێجا ئەز نزانم کەنگی دێ پەروەردە ڤێچەندێ هێتە رزگار کرن ژڤێ خەلاس بیتن خاسەتەن بۆ مدیری و معاونی، زۆر سەپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی حزب و دانانی بەرێوەبەر لەسەر بنەمای حزب شێرپەنجەی دامەزراوەی پەروەردەییە لەم رەوانگەیەوە پشتگیری تەواوی قەسەکانی کاك عبدالستار گولستان خان کاك کاوە کاك ابوبکر دەکەم.....

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پشتیوانمان نییە.....

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك عبدالستار گولستان خان کاك کاوە کاك ابوبکر دکتور اسماعیل دەکەم کە لە (٩٠%) راستە بەرێوەبەری دلسۆزمان هەیە، لەگەڵ رێزی زۆر بۆ هەموو بەرێوەبەرەکان، بەڵام ئەبێ میکانزمێك دابنرێت لێرە هیچ میکانزمێك پێشنیار نەکردووە، پێشنیار ئەکەم برگەیەك زیاد بکرێت بەم جۆرە بەرێوەبەر بە پێی پێوەرێك دادەنرێت کە رێژەی لە (٦٠%) لەسەر بنەمای دەنگی مامۆستایان لە (٣٠%)دەنگی ئەنجومەنی پەروەردە لە (١٠%) بڕیاری بەرێوەبەری گشتی، خاڵێکی تر پشتگیری قسەکانی مامۆستا عثمان مامۆستا هەورامان کاك دکتور اسماعیل ئەکەم وشەی بالانسی جەندەری بگۆرین، زمانی کوردی زمانێکی زۆر زۆر جوانە ئەکرێت هەموو دونیا موعجب بێ بە زمانی کوردی ..

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بکرێت بەچی مامۆستا پێشنیارەکەت بدە...

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوسەنگی رەگەزی یان هاوسەنگی نێوان نێرو مێ یان هاوسەنگی نێوان ژن و پیاو سالم وا قسەی کردووە، کوردی وا قسەی کردووە، قانع وا قسەی کردووە، نالی وا قسەی کردووە، لە هیچ فەرهەنگێکی کوردیدا نییە پێمان بڵێ بالانسی جەندەری چییە بۆ خۆمان دەئاڵێنین لەو زاراوانەی کە هیچ پێناسەیەکیان نییەو لە ناو زمانی کوردیشدا نە پێگەیان هەیە، نە ئەسلیان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو هلز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

رێکارێت دانانێ رێڤەبەری و یاریدەدەری ێت هاتینە عینوانی دا ڤێت برگا (٣)دا تنێ بەعسی ماوێ یاسایی رێڤەبەری کری رێڤەبەری بەس ماوێ یاسایی یێ هاریکاری یان یاریدەدەری نەهاتیە تحدید کرن دێ موتلەقی بیتن هەما هەتا تەقاعودێ هەر ئەودێ هاریکاربتن پشتگیریا کاك چیایی کەم کۆ بەری نۆکە کابینا (٧)دا جەنابێ وەزیری بەرێڤەبەر نەتاتە دانانن ئیلا

ئیمتحانەك كربا وەكۆ سەرپەرشتی ئەف چەندە نە پلەیە بەس تاقی كرن هەبـوو چـاف پێكەفـتن هەبوو سەری وی ئەساسی شنیكا ریبۆقەبەر تاتە دانان لێ نۆكە دیارەژی سەر چ ئەسـاس ئەف رێڤەبەرێت هەنێ ێت هاتینە دانان و (١٠٠%) دگەڵ بۆ چوونا دكتور اسـماعیل مە كـۆ وەرن بەرێ خوبدەنە دهـۆكێ هەش بەردە رەش هەتـا زاخـۆیێ یەك رێـڤەبەری ببیـنە یـێ بـێ لایەن بیـت نە یەكگرتوو لایەنەكی بینن بێـژن ئەڤە رێڤەبەرێكـێ وێـری بـێ لایەنە یـێ كـاری رێڤەبەریـێ كەتـن چونكی دیارە گەلەك كارێت حزبی وان تێـنە كرنـێ سـەبارەت برگـا (٢) بلانسـێ جینـدەری بهێـتە گۆرین پەیڤەكادی تر هەر پەیڤەكا نۆكە كاك عمری ئاماژە پێكری.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو كاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورەو میهرەبـان، بـا تەوەرەكە بكـرێتە دانـانی بەرێـوەبەری یاریــدەدەر لە خوێندنگەو قوتابخانەكانـا دامەزراوە حكومییەكـان پێناسـەكان تەنها خوێنـدنگاو قوتابخانەكـان نین، بۆ خاڵی (١) من پشتیوانی ئەو بۆچـوونەی كـاك عبدلسـتار و ئەو بـرادەرانە ئەكەم كە پێـوەر هەبێـت وە پێـوەرەكەش خـاڵ بەنـدی بێـت، بـۆ نمـوونە مامۆسـتایەك (١٥) سـاڵ خزمەتـی هەیە، یەكێكی تر (٥) ساڵ خزمەتـی هەیە، ئەوەی كە (١٥) سـاڵە كە نـاوەكەی بەرزنـاكرێتەوە بـۆ ئەوەی (٥) ساڵەكە حەقە سكاڵای هەبێـت، پاشـان ئایـا ناكرێـت وەكـو موشـریفەكان بەرێـوەبەر بە تـاقی كردنەوە تێپەرێت وە بۆ خاڵی (٣) پشتیوانی بۆچوونەكەی كاك دابان ئەكەم واللە جەنابی وەزیر هەر ئەو كاتەش جوابم نەداوە، بەڵام زۆر ورد ئەخـوێنمەوە ئەوە مـاددەی (٧٢) حەسـرییە ئەگەر ئەزانی دامەزراندن وانەبێژ ناگرێتەو تكاتان لێدەكەم بە وشـەیەك جێگری كەن، چـونكە حەسـری تایبەت بە وانەبێژە ماددەی (٧٢) نووسیوتانە بە گرێبەسـت ئەگەر دامەزرانـدن ئەیـان گـرێتەوەو ئێمە هەڵەین قەی چی ئەكات ئـێمە هەڵەبـووین، داوادەكەیـن ئەم وشـەیە بۆمـان جێگـری بـكەن دامەزراندن ئەیان گرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو كاك شێركۆ.

**بەڕێز شێركۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێوەر بۆ دانانی بەرێـوەبەر ئەم پۆسـتە پۆسـتێكی قیـادییە ئەم پۆسـتە قیـادییە بە چەند وشەیەكی مەتاتی ناكرێ، یەعنی مەسەلەن بۆ نموونە لێهاتووی بەرێـوەبەر چـۆن ئەپێـورێ ئەزموونی چوون ئەپێـورێ كـێ ئەڵـێ ئەو ئەزمـوونە سـەركەوتووە؟ ئەڵـێ (١٥) سـاڵ بەرێـوەبەر بـووم كـێ ئەڵـێ سـەركەوتوو بـووە؟ مەسـەلەن كارانـامەیی چـۆن ئەپێـورێ، هەمـووی ئەمـانە مەهانـاتن، لەبەرئەوە ئەبـێ ئەمـانە بەرایـی مـن یەعنـی پشـتگیری لەو بەرێـزانە ئەكەم كە داوای پێوەریان كـرد بـۆ دانـانی بەرێـوەبەر، بەڵام گرنگتـرین پێـوەر ئەوەیە نسـبەی نەجـاحەتی چـۆنە، یەعنـی ئەو بەرێـوەبەرە ئەگەر لە (٨٠%) نسـبەی نەجـاحەتی لە و(٤) سـاڵەیا لەو قوتابخـانەیە تەحقیق كرد نە (٤) ساڵ با زیاتریش بمێنێتەوە بۆی تازە بكرێتەوە وە ئەگەر حزبیش بێـتن، بەڵام

نسبەی نەجاح و کارامەیی و ئەزموون و لێهاتووی مومارسەی حزبی نەکرد لەناو خۆێندنگەکەیا تەبیعیە با بەردەوام بێت، لە نسبەی نەجاحەتی لە (٨٠%) ماهارات و کارامەیەی و ئەوانەشی هەیە، پێم وایە ئەوا لە مەزاج دەرئەچین وە دانانی بەڕێوەبەر (٤) ساڵەکە ئەو کاتەی کە ئەوەی سەلماند بۆ (٤) ساڵی تریش بۆی نوێ بکرێتەوەو پێم وایە ئیستحقاقی خۆی ئەبێ، یەعنی ئێمە شەری کەفائەت بکەین هەوڵ بۆ کەفائەت دەین هەتا مەسەلەی جێندەر من لەگەڵ ئەوەم ئەو باڵانسی جێندەر هەر لابرێ، چونکە ئێمە لە دوای کەفائەتا ئەگەرێین ئەگەر ئافرەت بەڕێوەبەری باشتر بۆ لە پیاو بۆ هەموو قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرەکان ئافرەت بێ ئەگەر کەفائەتییان لە پیاوەکانی تر باشتر بۆ کەواتە بۆ کەفائەت بگەرێین نابێ باسی باڵانسی جێندەری بکەین بەراستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر ئەگەر مولاحەزەیەکت هەیە، فەرموو لە چەند دەقەیەکا.

**بەڕێز ئالان حمه سعید صالح/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەخت لەوە ئەکەمەوە نابێ نەئێمە حەقی ئینتیمای حزبی بوونی هیچ کەسێمان هەبێ گرنگ ئەوەیە ئەو مەرجانەی تیابێ ئەوەی کە بەلای ئێمەوە گرنگە بەڕێوەبەر ئاینەکەی هەر شتێکە نەتەوەکەی هەر شتێکە ئینتیمای سیاسیەکەی هەر شتێکە ئەوە تایبەتە بە خۆیەوە، ئەوەی کە گرنگە ئەو مەرجانەی تیابێ کە ئەم یاسانەی دیاری ئەکات پێوەرەکانیش هەمووی دیاری کراون، یەعنی شتێك نییە شەفاف نەبێ، خاڵەك بەلامەوە کە جێگەی ئەوەیە روونی بکەمەوە بەڕێزان ماددەیەك دوای ئەوە بخوێنەوە دەزانن کە بەڕێوەبەر هەڵسەنگاندنی بۆی ئەکرێت وە ئەزانن ئەگەر (٢) ساڵ لەسەر یەك ئەو بەڕێوەبەرە لە قوتابخانەکەی لە هەڵسەنگاندنی دەرئەچێت کە لە ماددەکانی دڵنیایی باسی کردووە ئەگەر (٢)ساڵ لەسەر یەك لاوازبێت، ئەو بەڕێوەبەرە لائەبرێت ئیتر ئەو بەڕێوەبەرە سەر بە هەر حزبێکە، کێیە؟ چۆنە واتە بەبێ پرۆسەی هەڵسەنگاندن بەڕێوەبەر بەردەوام نابێ نەك (٤)ساڵ (٢)ساڵی یەکەم قوتابخانەکەی ئاستی لاواز بەدەست بێنێ هەر لائەبرێت لە بەڕێوەبەری دوور ئەخرێتەوە کەسێکی دیکە ئەکرێتە بەڕێوەبەر، لەبەر ئەوە من دەمەوێت تەئکید لەئەوە بکەمەوە ئەو خاڵە زۆر گرنگە با پێوەری ئێمە پێوەری حزبی و سیاسی نەبێ بۆ شتەکان، پێوەری ئێمە ئەوەیە کێ هەر حزبێکە موشکیلە نییە من بەش بە حاڵی خۆمەوە لە وەزارەتەکەی خۆمەوە ئەمەم پیادەکردووە قورسترین ئیش باشترین ئیش لەلایەن خەڵکێکە لەلایەن ئیشی دیکە، بەڵام لەبەرئەوە پاکە نەزیهە ئیشەکەی خۆی ئەزانێ متمانەم پێکردووە و ئیشکەشی لێم وەرنەگرتووە بیدەم بە ئێکێکی تر لە حزبەکەی من، لەبەر ئەوە ئەساسی ئیشەکە ئەوەیە کێ خزمەت ئەکات دوای ئەوەی من ناتوانم ئەو کەسەی جەنابتان ئەزانن حزبایەتییەکی سابت نییە ئەو کەسەی ئەمرۆ ئینتیمای بۆ حزبەکەی هەیە، مومکنە (٢) ساڵی تر ئینتمای بۆ حزبێکی تر هەبێ یان هەر حزبایەتی نەکا بۆ ئەمە کراوەتە پێوەر لەسەر بەڕێوەبەر ئیلا بەڕێوەبەری قوتابخانە دەبێ خول ببینێ بەکالۆریوسی هەبێ موئەهەلاتی قیادەی هەبێ، ئەگەر موفەق نەبوو (٢)ساڵ لە هەڵسەنگاندنی لە قوتابخانەکەی لادەدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش ماددەی دوای ئەو بەڕێزان ماددەی (٧٤).

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری (١١) کۆتایی پێهێنانی کاری بەڕێوەبەر

ماددەی (٧٤): کاری بەڕێوەبەر لە دامەزراوە حکومییەکان لەم بارانەی خوارەوە کۆتایی پێ دێت:

یەکەم: کۆتایی پێهاتنی ماوەی یاسایی.

دووەم: دەست لە کار کێشانەوەی ئارەزوومەندانە.

سێیەم: ساغ بوونەوەی ئەوەی کە ناتوانیت ئەرکەکەی بەجێ بێنێت جا لەبەر هەر هۆیەك بێت.

چوارەم: سزادانی بەتاوانی ئابڕوبەر یاخود سزایەکی کارگێری کە سەرزەنشت و زیاتربێت.

پێنجەم: ئەگەر (٢)ساڵ لەسەر یەك پرۆسەی لە هەڵسەنگاندنی دەرەکیدا دامەزراوەکەی ئاستێکی نزم بەدەست بێنێت.

شەشەم: وەرگرتنی مۆڵەت زیاتر لە (٦) مانگ بەدەر لە مۆڵەتی دایکایەتی کە بۆ ماوەی (١)ساڵە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان هەر بەڕێزیك قسەدەكات لەسەر ماددەی (٧٤)، بەڵێ بەڕێزان ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسەبکەن لەسەر ماددەی (٧٤) بریتین لە، مەم اسکندر مەم، جوان یونس محمد، چیا حمید شریف، شێرکۆ جودت مصطفی، محی الدین حسن یوسف، اسماعیل علی طه، ابوبکر عمر عبدالله، دابان محمد حسین، عثمان علی سمایل، نجاة شعبان عبدالله، سوپاس فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧٤) والله تێبینیەکم لەسەر قسەکانی جەنابی وەزیر کە پێی وایە ئێمە ئەم ڕاپۆرتەمان نە خوێندوتەوە، خوێندومانەتەوە زۆر بەباشیش کە باسی لەوە کردووە ماددەی دوای ئەو باس لە هەڵسەنگاندنەکە ئەکات، لێرە کەباس لە ماددەی پێشووتری ئەوەی کردووە (٤)ساڵی تر بۆی هەیە خۆی هەڵبژێرێتەوە ئەڵی (٢) ساڵ (٢) ساڵ هەڵسەنگاندنی بۆی بکرێ، بەڵام لێرە باسی ئەوەی نەکردووە ئەگەر دوور خرایەوە جارێکی تر مافی ئەوەی هەیە خۆی هەڵبژێرێتەوە (٤) ساڵی تر یان نە، ئەگەر مافی نییە لەم ماددەی (٧٤) ئاماژەیی پێ بکرێ هەتا (٢)ساڵ لەسەر یەك ئەگەر کەسێك کەفایی نەبوو لە بەڕێوەبەرایەتی دوور خرایەوە (٢) ساڵی تر ئەتوانێت خۆی هەڵبژێرێتەوە، خۆی یەعنی (٢)ساڵ لە دوای ئەوەی لە بەڕێوەبەرایەتی لاچوو جارێکی تر ئەو مافەی هەیە یان نا، وە سەبارەت بە خاڵی (٣) باسی ساغ بوونەوەی کە ناتوانێت ئەرکەکانی جێبەجێ بکات لێرە راپۆرتی پزیشکی بۆی زیاد بکرێت، یەعنی هەر کەسێك بێت و بەناوی ئەوەی بڵێت ئەوە ناتوانێت ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، یەعنی پاش سەلماندنی راپۆرتی پزیشکی ئەوەی بۆی زیاد بکرێت کارێکی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو کاك عثمان .

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی (٥) بڕگەی (٦) ئەگەر (٢)ساڵ لەسەر یەك لەپرۆسەی هەڵسەنگاندنی دەرەکیدا دامەزراوەکە ئاستێکی نزم بەدەست بهێنێت، من پێم وایە بکرێت بە یەك ساڵ، لەبەرئەوەی خۆی ماوەکەی (٤) ساڵە تەقریبەن بۆچی نوێ ئەکرێتەوە، بەڵام لە راستیدا (٤)ساڵەکە دروستە بکرێت بە (١)ساڵ و ئەو بڕگەیە وەهەروەها وەرگرتنی مۆڵەت لە (٦)مانگ زیاتر بەدەرەی مولەتی دایکایەتی کە بۆماوەی (١) ساڵە (٦) مانگەکەش بۆ بەرێوەبەر پێویستە بکرێت بە (٣)مانگ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو کاك مەم.

**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لەلایەن مامۆستا عثمان سێدەری کران پشتگیری دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو جوان خان.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لە خاڵی (٣) پشتگیری لە قسەکانی کاك دابان دەکەم بەوەی کە راپۆرتی پزیشکی هەبێت، لەو بارەیەوە وە لێژنەیەکی پزیشکی راپۆرت بنووسیتن هەر پزیشکێك راپۆرت لەسەر ئەو بابەتە بنوسێت، وە خاڵی (٥) پشتگیری لەو هەڤالانە دەکەم کە دەڵێن (١) ساڵ بێت، چونکە (٢) ساڵ زۆرە بۆ ئەوەی ئەدای قوتابخانەیەك بە شێوازێکی ناشیرین یاخود بەشێوازێکی بڵێین بەو شێوەیە نەبێت، کە بڵێین پێویستە ئەو بەرێوەبەرەیە ئەو قوتابخانەیە بەرێوە ببات، بۆیە (١)ساڵ کافیە بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

هەر ڤێرژی من ماددا(٧٣) بەحس کرد کە برگا (٣)دا من پێ باشە ماددا (٧٤) برگا (٥) ئەگەر (٢)ساڵ لەسەریەك لە پرۆسە ئەف خالە بێتە ڤەگواهستن خالا (٣) بۆ ماددا (٧٣) چونکی وێرێ بەحسی (٤) کرییەو ئەو (٢)ساڵ ژی منژی پێباشە زێدەیەبکرێتە (١)ساڵ هەڵسەنگاندن، چونکە ئەگەر تە (٢)ساڵ هەڵسەنگاندن کر خەڵاس ئێدی ئەو مامۆستا (٢)ساڵ خراب رێڤەبریە پێویست ناکات ئەگەر هەر ساڵ بیتن زۆر باشترە، ئەز بێژم ئەف دوو خاڵێ هەتا خاڵێت (٥، ٦)بێتە گرێدان گەڵ ماددا (٧٣)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس فەرمووو نجاة خان.
**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پشتەڤانیا ئاخفتنێت کاك چیاو جوان خانێ کەم ئەژی بێژم (٢)ساڵ گەلەکن چونکی رێکارێن دەست نیشان کرنا رێڤەبەری دیارن ماددێ (٧٣) بڕگێ (٢) چونکی رێکارین هەیی سەر وان رێکاراو (٢)سالاژی یێ سەرکەفتی نەبیتن گەڵەکن (٢)ساڵ تقیا بیتە ڤی شکڵی بێتە دارشتن پێنجەم رێڤەبەر لە یەك ساڵ پرۆسەی دەنگ دانان هەڵسەنگاندنا دەرەکیدا دامەزراوەکەی لە ئاستێکی نزمدا دەست هێنا تقیا (١)ساڵ بیتن چونکو رێکارێت دانا رێڤەبەری نوکەێت دەست نیشان کری، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس فەرمووو کاك محی الدین.
**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من قسەی کەی من لەسەر (٥) ئەو ماددەیە کەباس لە (٢)ساڵ لەسەر یەك دەکات، ئەمن پێم وایە (٢)ساڵ لەسەر یەك یەعنی باشتر وایە کە لەماوەی ئەو بەڕێوەبەرییەکەی دا مەسەلەن کە بەڕێوەبەرێك ساڵێك ئاستی بەرزترە ساڵی دووەمی نزمترە، یەعنی دەبێت ئەوە زنجیرە بێ لە دوای یەك، هەردوو لە دوایی یەك ئاستەکانی نزم بیتن ئەوەیەك ئەوەی تریان شتێکی باشە، بەراستی ماددەکانی لە (٩٥ تا ١٠٠) باس لە هەڵسەنگاندن و هەیبەتی مامۆستا و ئەو بابەتانە دەکات، بەراستی شتێکی تازەیە لە ئەوەی پەروەردە شتێکی زۆر باشە ئەوەی تریان کە پەیوەندی بە بڕگەی (٦) باس لە مۆڵەتی دایکایەتی دەکات کە ئەگەر بۆماوەی (١ )ساڵ بۆ مافێکی رەوایە، بۆئەوەی بەرێوەبەرێك یان مامۆستایەك یاریدەدەری بەڕێوەبەر بۆ یان بەڕێوەبەر بۆ ئەو مۆڵەتە وەر گرێت، بەڵام لە حاڵەتێك ئەگەر ئەو قوتابخانەی کەلە (٢٠٠) کەمتریان هەیە، یان زیاتریان هەیەن یاریدەدەرەکانی ئافرەت بوون ئایا بەڕێوەبەر دەتوانیت هەموو کاروباری ئەو قوتابخانەیە بەرێوەببات، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم لە حالەتی ئەو جۆرە حالەتانەدا یاریدەدەرێکی کاتی دابنرێت لە رێگەی پەروەردەی ئەو ناوچەیە یاخود ئەو سنوورە جوگرافیەی تا ئەو مامۆستایەی لە مۆڵەتی دایکایەتی دەگەرێتەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس فەرمووو کاك شێرکۆ.
**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە ماددەی (٩٧) باسی هەڵسەنگاندنی دەرەکی کراوە دوای لەوێ موناقشەی ئەکەین لێرەیا لە بڕگەی (٥) باسی هەڵسەنگاندنی دەرەکی ئەکرێت ئەوە بوو کەلەسەری وەستابین، بەراستی بۆئەوەی کەلەو مەتاتیەی دەرچین و لە ماددەی (٩٧) زۆر بە وردی سەیرمان کردووتەوە هەڵسەنگاندن چۆن ئەکرێت، جوابی ئەو پرسیارە زۆر موهیمە بە مەعنای ئەوەی کە ئەرکی

بەڕێوەبەر بریتییە لە تەختیت لە تەنفیز لە بەدواداچوون لە تەقیم بۆ موئەسەسەکەی خۆی لە پاڵیا نسبەتی نەجاح دابنێن، ئەم پێنچ پێوەرە دابنێین لە یاساکەشا هەروا نووسراوە ئەبێ دەورە ببینێ لە مەعناتی کە وەزارەت بۆی دادەنێت، کەوابێ ئەو دەورەیەش هەر نسبەتی نەجاحی هەیە، ئەمانە ئەم پێوەرانە ڕێك ئەبێ بە ناوەرۆکی پرۆسەیەکی هەڵسەنگاندنی زۆر دەقیق کە بەڕێوەبەرمان بۆ ساغ ئەکاتەوە کە ئایە ئەمە لەو (٢) ساڵەیە فیعلەن بەڕێوەبەرێکی موئەهلە یان موئەهل نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

خاڵا (١) ئەز پشتگیریا کاك دابانی کەم کۆ راپۆرتا پزیشکی گەڵ بیتن بێتە دەست نیشان کرن خاڵا (٢) یا (٥) پشتگیریا کاك چیاو خوشکا جوان و خوشکا نجاتێ کەم ئۆ بیتە (١) ساڵ هەڵسەنگاندنا بێتەکرن خاڵا (٦) پشتگیری و پشتەڤانیا دکتۆر محی الدین ی کەم دەمێ ئیجازەو مۆڵەت تێتە وەرگرتن بۆ دەمەکێ کاتی بێە دەست نیشان کرن دا ئەو کارێ ڕێڤەبرنێ بکەتن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (٣)ئەم ماددەیە پشتگیری لە کاك اسماعیل و کاك دابان و جوان خان ئەکەم، بەڵام بڕگەی (٢) کە داوای ئەوەیان کرد دوای سەلماندنی راپۆرتی پزیشکی، بەڵام بڕگەی (٢) جا لەبەر هەر هۆیەك بێ، بەراستی زۆر لاستیکی وناروونە، جا لەبەر هەر هۆیەك، دووەم پێم باشە بڕگەی (٧، ٨) بۆی زیاد بکرێت هەرچەند جەنابی وەزیر لە روونکردنەوەی پێشوویا دەری خستبوو کە لە (٢) ساڵ لەسەریەك ئەگەر ڕێژەی دەرچوون وەکو پێویست نەبوو ئەو دووهەم هەشتەمیش ئەگەر (٣/٢) مامۆستایانی مەکتەبەکەو ئەوەی کە پێی ئەوترێت بەخێوکەرانی ئەنجومەنی قوتابیان و دیدارو گەشە هەردوولایان تێبینی لەسەرئەم بەڕێوەبەر هەبوو ئەو مافە بدەین بەوان، چونکە بەڕێوەبەر لەگەڵ هەردوولا مەعامەلە ئەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئالان حمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیاری کاك دابان کە ئایا مافی هەیە ئەو بەڕێوەبەرەی کە (٢)ساڵ لاوازە دەبێت جارێك ببێتەوە بەڕێوەبەر، بەڵێ مافی هەیە لەبەرئەوەی ئەو کەم و کوری هەبوو، بەڵام تاوانی نەکردبوو قابلی شیاندنە قابلی تەئهیل کردنە، جارێکی تر دەرفەتی پێی بدرێتەوە خۆی تەئهیل

بكاتەوە، بۆئەوی ببێـتەوە بەرێـوەبەر، سـەبارەت بە ئەوەی کە (٢) سـاڵ زۆرەو بکـرێتە یەك سـاڵ خۆی دەبێت دەرەفەت بدەین ئەو بەرێـوەبەرەی کە (١) سـاڵ ئاسـتی قوتابخـانەکەی لاواز دەبـێ مومکینە بۆ ساڵی دووەم ئاستی قوتابخـانەکەی بەرز بکـاتەوە، بەراسـتی دەبـێ دەرفەتـی هەبـێ ئەگەر ساڵی (٢)میش بەهەمان ئاست قوتابخانە کەی پێشکەش کـردەوە ئەوکـاتە دەبـێ پـلەکەی لێی وەربگیرێتەوە، سەبارەت بەو پرسیارەی کە مامۆسـتا شـێرکۆ کـردی هەڵسـەنگاندنەکە چـۆن دەکرێ من بەکورتی هەڵسەنگاندنەکە بۆجەنابتان باس ئەکەم لە یەك دەقەیە کە تەسـەوەردەکەم سوودی هەبێ بۆ بەرچاو روونیتان (Kref ren) رەخنەگر دەبێـتە سەرپەرشـتیاری قەتابخـانەیەك، واتە سەرپەرشـتیارێك بـابڵێین (٤) قوتابخـانەی لەلای دەبـێ بە درێژایـی ئەو سـاڵە کە لەگەڵ رێکخراوی (Bretsh kancel) ئێمە بەرنامەی قونسـوڵخانەی ئەمرێکـی رێکخـراوی (Bretsh kancel) ئـێمە بەرنـامەی (Kaptessi) تواناکانمـان دانـاوە بـۆ دڵنیـای جـۆری ئەم بەرنـامەی بـریتییە لە هەڵسەنگاندن بۆ دامەزراوە دەکرێ لەسەر چوار ئاست، ئاستی (١، ٢، ٣، ٤،) وە بە (٢٥) ستاندەر لە بوارەکـانی کـارامەیی و زانـین وەهەمـوو بوارەکـانی فێربـوون وە هەروەهـا هەڵسـەنگاندن بـۆ مامۆستا دەکرێت بە (٢٠) ستاندەر لەسەر (٦) ئاست ئەویـش کـۆی گشـتی بـوار لە کۆتـایی سـاڵە (٣)کەس کە موشریفن بەناوی هەڵسـەنگێنەری قوتابخـانەکە کە رەپیتـان بەو قوتابخـانەیە نیـیە دەچن سەردانی قوتابخانەکە ئەکەن دەبێ قوتابخانەکە هەموو چالاکییەکانی خۆی لەو بوارانەی کە (٢٠) ستاندەری مامۆستا و هەروەها (٢٥) ستاندەردی قوتابخـانەیە بە دێکومێنـت پێشکەشـی بە قوتابخانەکە بکەن لێژنەکە ئاستی (١، ٢، ٣، ٤)کام ئاسـتەیان بـێ و بـۆ دیـاری ئەکـاو بە کـوردی پرۆسەی هەڵسەنگاندن ئەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس ماددەی دوای ئەو بۆمان بخوێنەوە.

**بەرێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

تەوەری (١٢) ماف و ئەرکی فەرمانبەران

ماددەی(٧٥):

یەکەم: بەرێوەبەر یاریدەدەری بەرێوەبەر ومامۆسـتاو رێنمـایی کـاری پەروەردەیـی لە دامەزراوە حکومییەکاندا لایەنی کەم (٣٠) کـاتژمێر لە سـاڵێکدا مـافی بەشـداریکردن لە خـولی پەرەپێـدانی توانا پیشەییەکانیان هەیە.

دووەم: پێویستە وەزارەت هەوڵ بۆ پەرەپێدانی بەردەوامـی توانـای سـەرکردایەتی بەرێـوەبەرو یاریدەدەری بەرێوەبەر برەخسێنیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەرێزان کێ قسەی هەیە، ناوەکانتان ئەخوێنمەوە بەرێـزان، عبدالناصـر احمـد علـی، رێبـوار عبدالرحیم عبدالله، شێرکۆ جودت مصطفی، اسماعیل علی طه، مژدە محمـود محمـد، هلـز احمـد محمد، ابوبکر عمر عبدالله. فەرموو کاك رێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە قسەکردن لەسەر ماف و ئەرك خۆی بابەتێکی بەهادارە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا کە بڵێین لە قوتابخانەو خوێندنگاکان تەنها بەڕێوەبەرو یاریدەدەر و ڕێنمایی کار فەرمانبەرە یان بڵێین عینوانی دیکەش هەیە بە فەرمانبەر ئەژماردەکرێت، بۆ نموونە نووسەر هەیە، بۆ نموونە خزمەتگوزار هەیە، ئەی کوا ماف ئەرکی ئەمانە لەم یاسایە ئەمە یەك دوو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەشێك لە بەڕێوەبەرو یاریدەدەرەکان داوایان کردووە لێرەوە پەیامێك ئاراستەی بەڕێز جەنابی وەزیری پەروەردە بکەن کە ئەوەی پێدەڵێن موخەسەساتی جوگرافی بەڕێز وەزیری پەروەردە پێم وایە هی مانگی (٧،٨)لێی دەبردرێ لە کاتێکدا ئەمانیش دەوام دەکەن، بۆیە ئەگەر ئیمکان بێ بۆیان خەرج بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك عبدالناصر.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، ماف ئەرکی فەرمانبەران لە ماددەی (٧٥)بڕگەی (٢) پێویستە وەزارەت هەڵ بۆ پەرەپێدانی بەردەوامی توانای سەرکردایەتی بەڕێوەبەرو یاریدەدەری بەرێوەبەر برەخسێنیت لێرە پێویستە، بۆیە وەزارەت هەل بۆ بەردەوامی پەرەپێدانی توانا و بەرێوەبەرو یاریدەدەر و مامۆستایان و توێژەری کۆمەڵناسی و دەروناسی برەخسێنێت ئەوانەشی بۆی زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە تەوەری (١٢) ماف و ئەرکی فەرمانبەران زۆر جیاوازە لە گەڵ ناوەرۆکەکەی، یەعنی ماف و ئەرك زۆر شت دەگرێتەوە ئەم دوو بڕگەیە هەردوو بڕگەکە باس لە خول و گەشەپێدانی توانا ئەگرێتەوە، لەبەرە ئەوە بکرێتە فەرمانبەران و گەشەپێدانی تواناکانیان هەر ماف، چونکە باسی یەك شت ئەکات ماف ئەرك زۆر فراوان و مەتاتیە بەراستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو هلز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

سەبارەت ماف و ئەرکی فەرمانبەران ماددا (٧٥) بڕگا (١) زیاد بیتن شنیکا بتە (٢) یا (٢)میش بتە (٣) مۆلەت و بەرزکردنەوەی پلەو گواستنەوەی فەرمانبەران بە پێی یاسا کار پێکراوەکان دەبێتن بیت هەندێك بیژن یاهەی نەخێر ژێ ٢٠١٦ وەرە ئەف مافێ هەنێ ژێ فەرمانبەران هاتیە وەرگرتنێ بەرهندێ ئەز ڤێ پێشنیارێت کەم بتە بڕگا (١)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری و پشتەڤانیا خوشکا هلزێ کەم کۆ بیتە ماددەکێ دەق نووس کری ئەف پێشنیاری کری چونکی ئەڤە ٢٠١٦ وەرە مافێت وانا ێت راوەسیاینە ژبەرزکرن و دەرماڵی سەرف کرنا جوگرافیا یان گەلەك تشێت دی پێتڤیە بێتە تەخسیس کرن و نیڤیساندن ل ڤێرێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو مژدەخان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددەی (٧٥) پێشنیار دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت بەو شێوەیە (مۆڵەت و ڕێکاری گواستنەوەو پلە بەرز کردنەوەی فەرمانبەران بە پێی یاسای کار پێکراوەکان بێ) وە پشتیوانی قسەکانی مامۆستا ابوبکر و هلزخان و دکتور اسماعیل دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بەشە کە ئەڵێ ماف و ئەرك ماف و ئەرك لە قانوونی خەدەمییە بە وازحی دیاری کراوە، بەڵام وا تێ ئەگەین لە بڕگەی (١) و بڕگەی (٢) وا تێ ئەگەین کە ئەمە باس لە تواناسازی وەشتێکی زۆر گرنگیشە بۆیە ماف و ئەرکەکە لاببرێت ماف و ئەرکی فەرمانبەران بکەین بە تواناسازی فەرمانبەران، بۆئەوەی یەك بگرێتەوە لەگەڵ (٢) بڕگەکەیە، پشتگیری لە مامۆستا ابوبکر و مامۆستا هلز و دکتور اسماعیل و مژدە خان ئەکەم وە لە بڕگەی (١) مافێکی بەشداری بکات بەڵکو بە پێچەوانەوە بڵێین پێویستە بەشداری بکات بۆ وەزارەت خوی ئیلزام کردووە کە پێویستە دەورەی بۆ بکاتەوە، ئەی بۆ فەرمانبەرەکە پێویست نەبێت کە بەشداری بکات، بۆیە نەك بڵێین مافییەتی بەشداری بکات موخەیەری بکەین، نەخێر پێویستە لە هەموو دەقەو ساعەتێکا گۆڕانکاری لە بەرامج و لە مەناهج و لە مەهارات و لە دنیایە ئەوە تازە دەکرێتەوە ئەمە بە پێویستە ئیلزامی بکەین کە ئەبێ بەشداری بکات لەو خول و تواناسازییە بەو شێوەیە پێم وایە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی دکتور ڕێبوار ئەکەم کە باسی لە ئەرك و مافی فەرمانبەران ئەکات، بەڵام هیچ ئاماژەیەك بە فەرمانبەرانی دیکە نەدراوە من ماوەیەکی زۆر لە کەرتی پەروەردە کارم

کردووە خۆشم ژمێریار بووم لە یەکێك لە قوتابخانەکان وەکو فەرمانبەر لەوێ کارم کردووە، بەڵام هیچ باستان لەوەی نەکردووە کەوا قوتابخانە هەیە، ژمێریاریشی تێیدایە نووسەریشی هەیەو بەردەستیشی هەیە، هیچ باستان لەوە نەکردووە، دواتر پشتگیری لە بۆچوونەکانی کاك مەلا ناصرو کاك ابوبکر هەلدەنی و کاك شێرکۆ ئەکەم کە باسی ماف و ئەکی فەرمانبەران ئەکات لەگەڵ ناوەرۆکەکەی ناگونجێت دەکرێت سەردێریکی تر بۆ ئەم ماددەیە دەست نیشان بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس وەزیری پەروەردە دەتەوێ قسەبکەی فەرموو.

**بەڕێز ئالان حمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری بۆچوونی کاك ڕێبوارو لیزا خان ئەکەم تێبینەکان دروستە دەبێ فەرمانبەرانی دیکەش ئاماژەی پێبدرێ، ئەو پرسیارەی دکتور ڕێبوار موخەسەساتی جوگرافی مامۆستا لە ٧/١ مونفەکە هەتا وەکو ٨/٣١ تەبیعی بە گوێرەی ڕێنمایی دارایی ئەوا بەڕێوەبەرکان و یاریدەدەرەکانیشی گرتووتەوە، بەڵام بەراستی ئەمە لە ئەرکابووین نووسراومان بۆ وەزارەتی دارایی کردووە موخسەساتیان بۆ سەرف بکرێت، مامۆستا ابوبکر ئاماژەی پێدا لەگەڵ مامۆستا شێرکۆ تێبینەکە دروستە ئەگەر بکرێتە تواناسازی رەنگە باشتر بێ، بەڵام ئەبێ ئەوەشمان لە یاد نەچێت مەسەلەی راهێنان بەر لەوەی ئەرك بێت، حەقە مافە یەعنی ئەوە مافی تەتویری زاتە، بەڵام دەکرێ ئەو تێبینیەی مامۆستا ابوبکر و مامۆستا شێرکۆ بکرێتە تواناسازی مامۆستا و فەرمانبەران ئەوەی کاك ڕێبوارو لیزاخانیشی لەسەری ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس ماددەی دوای ئەوە فەرموون.

**بەڕێز سەلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧٦): هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی باڵا ماستەرو دکتۆرای هاوتاکراو لە وەزارەتی خوێندنی باڵا توێژینەوەی زانستی باوەر پێکراو لە وەزارەتی پەروەردە هەموو ئەو ماف جیا و کانەیان پێ دەدرێت کە هاوتاکانیان لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بەپێی یاسای کارپێکراوەکان پێیان دراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەرێزان کێ ئەیەوێت قسەبکات؟ بەرێز وەزیری پەروەردە ئەگەر بکرێت روونکردنەوەیەکمان لەسەر ئەو ماددەیە بدەیەتی ئایا ئەو بەرێزانە موخسەساتی تەفەروغی جامعیش وەرئەگەرن، والله حەز دەکەم بە راستی جواب بدەیتەوە بچیتە ناو پرۆتوکۆڵ گرنگە بۆمان، چونکە ئەو یەعنی هەمووی رەقەمە ئایا کە ئەڵێین هەموو یەعنی تەفەروغی جامعیش وەردەگرن، یەعنی ئەگەر یەکێك لەوان لەبەر ئەوەی ئێستا تەنها فیئە کە بۆی هەیە، سوودمەند بێ لە قانوونی وەرگرتنی لەقەب لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەرێزان هەڵگری ماستەرو

دکتـــورا له وەزارەتـــی پەروەردە ئایـــا ئەوان کە تەرقـــیە دەکەن تەرقیـــیەی عیلمـــی دەکەن موخەسەساتی تەرقییەی علمیش وەردەگرن هەمـوو ئەوانە دەگـرێتەوە ئەگەر ئەزیەت بکێشـی وەڵاممان بدەیتەوە.

**بەڕێز ئالان حمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لە گرفتەکان ئەوەیە ئێمە نزیکەی (٢)هەزار هەڵگری بڕوانامەی دکتۆراو ماستەرمان لە ناو وەزارەتی پەروەردە هەیە، بەداخەوە ماف و جـێ کاریـان هاوتـا نـین بە مامۆسـتای ڕەفیقیـان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەمەش یەکێکە لەوانەی وەکو وەزارەتـی پەروەدە بیرمـان لێکـردۆتەوە ئەوانە لە لەقەبـــی عیلمـــی وەرئەگـــرن، بەڵام مخەسەســاتی لەقەبەکـــان وەرنـــاگرن بـــابەتی تەرفەروغیـان نیـیە تەفەروغـی جوزئیـان نیـیە هەرچەنـدە ئـێمە یەك دووجـاریش نووسـراومان پێکـردووە، بەڵام وا وەڵام درایـنەتەوە بەس بـۆ تەدریجیەکـانی جامیعەکـان بە گـوێرەی یاسـای وەزارەتی خوێندنی باڵا، بۆیە ئێمە لەم مادەیە هەر مامۆسـتایەك لە زانکـۆ هەر مـافیکی هەبێـت، هەر جاوکێکی هەبێ مامۆستایانی ئێمەش کە هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمی باڵاو ماستەرو دکتـورا لە وەزارەتـی پەروەردە هەمـــان مافیـــان هەبـــێ تەنـــانەت ئـــێمە داوامـــان کـــردووە بە فەرمـــی مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردە مافیان هەبێت، کە گوڤارێکی علیمی مەحکەم دەربکەین وەکو ئەوەی کە لە زانکۆکـان هەیە، چـونکە لەکـاتی پێشـکەش کردنـی ماسـتەر و دکتـوراش تووشـی زوغبێکی زۆر ئەبن ئەگەر کەسێك ماستەری هەبێ تەقدیمی دکتوار بکات لە وەزارەتی خوێندنی باڵا (٢)توێڤینەوەی هەبێ (١٠)خـاڵ بـۆی حسـاب دەکرێـت بـۆ هەر تـوێژینەوەیەك (٥)خـاڵ، بەڵام مامۆستاکانی ئێمە توێژینەوە نازانن لە کـوێ بـڵاوی بـکەنەوە، چـونکە گوڤارەکـانی زانکـۆ لەودی خۆیان لەسەر بوو، بۆیە هەموو ئەم بـابەتە شـمولی هەمـوو دکتـۆرو مامۆسـتاکان ئەکـات وەکـو ئەوی کە لە خوێنـدنی بـاڵا هەیە، ئەوەش تۆزێـك ئەو مامۆسـتایانەی کە ئێسـتا داواکاریـان زۆر هەیە، بۆ نەقل بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا کەم ئەکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ ڕوونکردنەوەکەت. فەرمووو کاك نزار.

**بەڕێز نزار مەلا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو تێبینیە منیش پشتگیری لە ڕەئی جەنابت دەکەم هەمان تێبینم هەیە، وە تێبینێکی تریشـم هەیە، سـەبارەت بە پـلەی پرۆفیسـور بـۆ وەرگرتنـی دەرمـاڵەی نازنـاوی زانسـتی ئایـا لە وەزارتی پەروەردەش هەمان بڕیار جێبەجێ دەکرێ وەك وەزارەتی خوێندنی باڵا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو خدیجەخان.

**بەڕێز خدیجه عمر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله منیش هەر ویستم ئەو پرسیارە بکەم لە خوێندنی باڵا تەفەروغ جامعی هەیە، پەروەردە بڵێین هیچ تەفەروغی تەعلیمی یان هیچ شتێك بەرامبەر ئەمە هەیە، بۆ ئەوانە مەسەلەی نازناوی زانستیش وادیارە ئەنگو هیچ جیاوازیەك ناکەن، چونکە لە ماددەی دوای ئەوەی کە باسی بەشە وانە دەکەتن هیچ ئاماژە بە لەقەبی علمی نەکراوە، یەعنی ئایا کە ئەوی لەقەبی علمی هەبێت جیاواز دەبێتن لەگەڵ ئەوەی کە لەقەبی علمی نییە عەینەن دکتوراش هەروا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك زیدان.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرایی پشتگیری من لە بۆ قسەکانی جەنابت و کاك نزارو خدیجە خان پرسیاری من لێرە ئەوەیە بۆ خودی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئێمە یاسای (ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٢ مان هەیە، کە تایبەتە بە یاسای بەخشینی نازناوی زانستی و بەرزکردنەوەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتورا کە لە دەرەوەی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵان تا ئێستا حکومەتی هەرێم نە ڕێنمایی نە پەیرەوی بۆ ئەم یاسایە دەری نەکردووە وەکاریشی پێناکات ئەوە ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە بە دواداچوونی لەسەر ئەم یاسایە بکات و کێشەی ئەو ماددەیەش چارەسەر دەبێ، بەڵام لە هەمان کاتدا لێرەش پێویستە یان ئەوتا وەزارەت تەحەمولی هەموو هاوتاکانی دەکات کە لە خوێندنی باڵایە یان دەتوانیت هەموو خاڵەکان لە هەموو بە روونی ئاماژە پێبکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها تێبینیا من سەر کەلیما باوەر پێکراو مـن پێباشـە کەلیما باوەر پێکراو بێتە لادان، چونکی ئەڤە بخو گومانێ چێدکەت کو بەشێك باوەر نامێت ناف وەزارەتێ پەروەدێدا پاوەر پێکراو نین ژبەر هندێ باوەرپێکراو بێتە لادان چونك هەر باوەر نامەك و تەسدیق نەهاتبێتە کرنێ بخۆ ناهێتە قبول کردنێ مادەم ناهێتە قبول کرنێ پێویست ناکرێت باوەر پیپکراو هەبیت چونکی ئەڤە دێ گومانێ چێکەت بەشێك ژ باوەرۆنامێت لێ پەروەردێ یان خوێندنا باڵا باوەر پێکراو نین ئەو وەسانەن هەرکەسێکی شەهادا دەرکی هەبیت پێتڤیە تەسدیق بکەت مادەم تەسەدیق کرییە پێویست ڤێ کەلیمێ ناکەت و زۆر سوپاس، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت رونکردنەوەیەکی باشت دا بەڕێز وەزیری پەروەردەش روونکردنەوەیەکی باشی دا ئەگەر قەرارە لە دەرماڵەو تەفەروغی جامعی و ئەمانە هاوتا کرێتەوە لە بکالۆریوسیشەوە موشکیلەمان هەیە، خۆ بکالۆریوسێك لە خوێندنی باڵا مووچەیەك لە بکالۆریوسێك لە پەروەردە زۆر زیاترە بەهۆی دەرماڵەکانەوە تەنانەت شوفێرێك لە خوێندنی باڵا لە شوفێرێك لە پەرەوەدە زیاترە وە لە شارەوانی زیاترە، بۆیە پێمان باشە بەڕێز وەزیری پەروەردە روونکردنەوەی زیاتر بدات مەبەسیتان چییە لە ئەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشیم بۆ لیژنەوە بۆ ستافی وەزارەت، پرسیارێکم هەیە لە بەڕێز وەزیر ئێمە دەزانین بەشێك لە مامۆستایان بەدەر لە مۆڵەتی خوێندن بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرایان لە دەرەوەی وڵات یاخود لە دەرەوەی هەرێم بەدەست هێناوە ئەمانە کێشەیان بۆ دروست بووە، نزیکەی (٢)هەزار کەس نالێم مامۆستا ئەلێم (٢)هەزار خەڵك هاووڵاتی بۆیان کراوە بۆیان هەموار کراوەتەوە، بەڵام (٢٠٠)کەس ماون ئایا ئەو مامۆستایانە لە وەزارەتەکەی بەرێزیشتان هەبوو بوونیان هەیەو چۆن چارەسەرتان بۆ کردوون دەزانم بەشێکی زۆری چارەسەری لەلای بەرێزتان نییە، بەڵام بەپێی زانیاری بێزحمەت وەڵام دەیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

پرسیارامن ئەڤە ئەگەر حقوقێت ماڵی دروست بن وەکو جامیعێ لێ بێن حقوقێن دەرس گوتنێ، چونکی ماددی دیفرا ماددێ دەرسایە کادێ ژمارە چەند دەرسەد باشە دکتورایێ چەند ساعەت هەنە ماجستێرێ چەند ساعەت هەنە پرۆفیسوری چەند ساعەت هەنە نە مانە ئەگەر وەبیت ئەڤە سەر دیف وێ دروست کربا وەسا دروست نەکریە ئەڤ عام یێ گوتی هەر یەکی هندە دەرسەدە یەعنی ئە نەفسی حقوقی نەداینێ دیڤ پرسیارە وەکۆ ئەڤرۆ من زانی ئەگەر لێ نەسەبا لەقەبا علمی وەرگریت موخەسەساتێت ویژی کێم بن تشتەکێ وەسا هەیە، یەعنی ئەگەر لێ تەربیێ بیت ئو ناسناڤا لەقبێ علمی وەرگرت ئەو لەقبێ علمی بیتە ئەگەرێ هندێ موخەسەسات ژی کێم بن نزانم دەف من گەلەکا غەریب بۆ وە ئێکی تیلفون کر گوتی بەلێ ئەڤە یا هەی دەف من نازنم یەعنی چاوایە ئەگەر بۆمە روون کربا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکەی جەنابت و وەڵامەکەی جەنابی وەزیر نیوەی ڕێگاکەی بۆی کورت کردینەوە لەو ئیشکالانەی لەسەر ئەو ماددانەی هەمانە بۆ خۆتان دەزانن ئەو خاسیەتەی هەیە لەسەر گواستنەوەی بۆ خوێندنی باڵا بۆ هەردوو بوارەکەیە بۆ ئیمتیازو ماددی مەعنەویە هەیە، کەلە هاوتاکانیان هەیانە کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەگەر ئەمە مادەم شەهادەو بڕوانامەکەمان هەم پەسەندکراوە هەم هاوتا کراوە کەواتە چ ئیشکالێکە هەمان ئیمتیازیان پێبدرێت لە رووی ماددی و مەعنەویشەوە، ئەوکاتە پێم وایە ئەو هەزاران کەسە وەزیر باسی ئەکات جەنابی وەزیر ئەبێتە پاڵپشتێك بۆ وەزارەتەکەی کە هەزاران کە توانی زانستیان بە ماستەرو دکتوراوە لەناو سلکی پەروەردەیە خزمەتکەن، بەڵام ئەمە ئەبێت روون بێ وەکو خۆی جێبەجێ بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو گولستان خان.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە نامەیەکمان بۆ هاتووە بە واژووی (٩٥٢) هەڵگری بڕوانامەی باڵای دبلۆم و ماستەرو دکتۆرا داوا ئەکەن کە هەمواری ئەم یاسایە بە شێوازێك بکرێت لەم ئەسلەی خۆیا بە شێوازێك بنووسرێتەوە کە هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی باڵاو ماستەرو دکتۆرا لە وەزارەتی پەروەردە هەموو ماف و دەرماڵەو ئیمتیازاتیان پێبدرێت کەلە هاوتاکانە لە وەزارەتی باڵای هەرێمی کوردستان بەپێی ژمارەی (١٢)ساڵی ٢٠١٣ یاسایی جێبەجێ کردنی ڕاژەی زانکۆی فیدرالییان پێ بدرێ وەك پێدان و بەرزکردنەوەی پلەی زانستی خۆ تەرخان کردنی تەواو نیمچەی خانەشین بوون، هەروەها ئەو دەرماڵەو ماف و جێکانەی کەلە یاساو کارپێکاروەکانی هەرێم دا هاتوون خاڵی (٢) داوا دەکەن هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا لە وەزارەتی پەروەردە وەك هەر فەرمانبەرێکی دیکە مافیان هەیە، داوای گواستنەوە بۆسەر میلاکی هەر وەزارەتێك یان هەرە دامەزراوەیەکی دیکەی سەربە حکومەتی هەرێم بکەن بە مەرجێ ڕەزامەندی وەزارەت و لایەنی بەرامبەری لەسەر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو وەزیری پەروەردە.

**بەڕێز ئالان حمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە وەڵامی کاك علی دەست پێدەکەم فەرمانبەرەکان جیاوازن لە مامۆستاکان لەبەرئەوە فەرمانبەر لە وەزارەتی خۆێندنی باڵا پرۆسەی تەدریسی نییە، بەڵام ئەوانەی کە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریوسن لە وەزارەتی پەروەردە ئەوانە وانە ئەڵێنەوە بەس لە وەزارەتی خوێندنی

باڵا ڕێگا پێیان نادرێت وانه بڵێنەوە ئەو موخەسەساتانه جیاوازن لە وەزارەتی کارەبا جیاوازن لە لای ئێمه مامۆستا (١٥٠)هەزاری هەیە، مەسەلەن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا ئیمتیازێکی دیکەی هەیە، لەبەرئەوە بەس شمۆڵی مامۆستا ئەکات سەبارەت بەوەی کە شایان خان فەرمووی ئەوانەی بڕوانامەی بێ مۆڵەتیان هەیە، بە گوێرەی قانوون بە زمانی قانوون من قسەبکەم بە گوێرەی قانوون کەسێك بڕوانامەکەی هەمووارئەکرێت کە ئەم مەرجانەی تێدابێت یەك بە مۆڵەتی خوێندنی رۆیشت بێت، دوو بە ئیجازەی محاسبە بە هاوڕێتی خێزانەکەی یان بابڵێین هاوژینەکەی روشتبێ وە زانکۆکەشی بڕواپێکرابێ لەگەڵ ئەو بڕە بەرکارانەی لە وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان هەیە، غەیری ئەمە نە ئیجازەی بێ مووچە نە ئیجازەی دایکایەتی نە ئیجازەی چاودێری کۆمەڵایەتی ڕێگا نادات تۆ هیچ بڕوانامەیەکت تەعدیل بکەی کە هاتبێت لەو چوار چێوانە بۆ نموونە خەڵك هەیە، ئیجازەی چاودێری کۆمەڵایەتی کردووە بۆئەوەی ئاگای لە منداڵەکەی بێت، چووە ماستەری هێناوە ئێستا ئەڵێت ماستەرەکەم بۆ تەعدیل بکە ئێ بۆ توو ئەو ئیجازەیەت وەرگرتووە ئاگات لە منداڵەکەت بێت، نەك بچیت بخوێنیت بەراستی ئەم کێشەیە هەیە، بەڵام من بەزمانی قانوون دەتوانم وەڵام بدەمەوە ئەوەی کە بەرێزیان باسیان کرد بە کورتیەکەی گوڵستان خان کە ئەڵێێ هەموو ماف و ئە وجێکانە یەعنی هەموو حەق ئیمتیازاتێك حەق و ئیمتیازاتیش مەعروفە ئەو سیغەیەی کە ئەوان پێشکەش کردووە لەو سیغەیەی کە ئێمە دامان ناوە باشترنیە چونکە ئێمە ئەڵێین چی ئێمە ئەڵێین هاوتاکانیان لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بەپێی یاسا کارپێکراوەکان یەعنی نەك یاسایەك ئەگەر چەند یاسایەك هەبێت، بە یاسای وەزارەتەوە بە یاسای لەقەبی علمیەوە هەموو ئەوانە ئەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری پەروەردە ویستم تەنها یەك پرسیار بکەم کە ئەڵێین هاوتاکراو لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ئەوەی تر ئەژمار کراوە لە وەزارەتی پەروەردە باشترە یان باوەڕپێکراو لە وەزارەتی پەروەردە باشترە چونکە یەکێك ڕەنگە تەعدیلی بکات بەڵام لای ئێوە عەیب نیە ئیختساسی خۆی وەری نەگرتبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو وەزیری پەروەردە.

**بەڕێز ئالان حمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبێ سیغەکە بەو جۆرە بێ هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی باڵا و ماستەرو دکتۆرا هاوتا کراو لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کەلیمەی باوەر پێکراو ئەبێ لابرێت لەبەر ئەوەی کە شەهادەیەك هاوتاکرا پێویستی پێ نیە جارێکی تر ئێمە باسی بکەینەوە باوەر پێکراو لە وەزارەتی پەروەردە پێویست نییە چونکە مەرجەعی هەموو وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تەسدیقی شەهاداتی جامیعە وەزارەتی خوێندنی باڵایە واتە وەزارەتی خوێندنی باڵا چ لێستێکی زانکۆیان بڵاکردوتەوە هەموو حکومەت پێوە مولزمە لەبەرئەوەی ئەو شەهادانە بە شەهادەی باوەر پێکراو بزانێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمو کاک دابان نوقتەی نیزامیت هەیە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر وشەی باوەر پێکراویش لابەی ئەو کاتەی سیغەکە ناتەواوە، چونکە ئەڵێت لە وەزارەتی باڵاو توێژنەوەی زانستی لە وەزارەتی پەروەردە ئەمە مانا ئەدات، من سیغەیەکم دارشتووتەوە ئەگەر جەنابت ڕێگەی بدەیت هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی باڵا ماستەرو دکتورا لە وەزارەتی پەروەردە کە بڕوانامەکانیان هاوتاکراوە لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی یەعنی ئەوانە دوای ئەوەوەبێ ڕەنگە ئەوە تەواوتربێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس ماددەی دوای ئەوە بۆمان بخوێنەوە.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری (١٣) بەشە وانەکان و دابەشکردنی لە دامەزراوە حوکمیەکان دا لقی یەکەم بەشە وانەکان لە دامەزراوە حکومیەکاندا ماددەی (٧٧) یەکەم ژمارەی بەشە وانەی مامۆستایان لە هەفتەیەکدا بەم شێوەی خوارەوەدەبێت یەکەم مامۆستایانی خوێندنی قوناغی بنەرەتی (٢٤) بەشە وانەیە دووەم مامۆستایانی قوناغی ئامادەیی (٢٢) بەشە وانەیە سێیەم بەڕێوەبەر (٤)بەشە وانەیە چوارەم یاریدەدەری بەڕێوەبەر هەر (٨)بەشە وانەیە پێنجەم مامۆستای خاوەن بڕوانامەی دبلۆمیش باڵا (٢٠) بەشە وانەیە شەشەم مامۆستای خاوەن بڕوانامەی ماستەر (١٨) بەشە وانەیە حەفتەم مامۆستای خاوەن بڕوانامەی دکتورا (١٤)بەشە وانەیە دووەم بەشەوانەکان بە پێی پسپۆری و پێداویستی دامەزراوەکە دابەش دەکرێن سێیەم ژمارەی بەشە دەق نووسراوەکەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە لەم بارانەی خوارەوەدا بەم شێوەی خوارەوە کەم دەکرێنەوە یەکەم دووبەشە وانە بۆئەو مامۆستایانەی کە خاڵەکانی یەك و دوو سێ و پێنج و شەشە و حەفتی بڕگەی یەکەم دا هاتوون کەتەمەنیان دەگاتە (٥٠) ساڵ دوو چوار بەشەوانە بۆ یاری دەدەری بەڕێوەبەر کە تەمەنی دەگاتە (٥٠)ساڵ سێ چوار بەشە وانە بۆ ئەو مامۆستایەی کە بەپێی ماددەی (٩٣) ی چوارەم ئەرکی دڵنیای جۆری پیدەسپێردرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کێ لەسەر ئەو ماددەیە قسەی دەکات؟ ناوەکان ئەخوێنمەوە بەڕێزان،

محی الدین حسن یوسف، شێرکۆ جودت مصطفی، اسماعیل علی طه، سیپان سالم حسن، بدریە اسماعیل محمود، ابوبکر عمر عبدالله، مژدە محمود محمد، دیاری انور حمە رحیم، هلز احمد محمد، عمر عبدالله فتاح، فیصل عباس عولا، لقمان حمد حاجی، هێرش حسن حمد، یاسین خضر طه، شادی نوزاد وهاب، چیا حمید شریف، خدیجە عمر طه، ژیان طاهر احمد، زیدان رشید خان اودل، نزار ملا عبدالغفار، حسیبە سعید ابراهیم، فەرموو کاك هێرش.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورەو مهیرەبـان، بەنسـبەت مـاددەی (٧٧)مـن پـێم وایە ئەم بەشـە وانـانە لە هەفتەیەك دا زۆرە پێویستە کەم بکرێتەوە بە رێژەیەك کە مامۆستایانی قوناغی بنەرەتی لە (٢٤) بکرێت بە (٢٠) بەشە وانە هەروەها مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی بکرێـت بە (١٨) بەشـە وانە و هەروەها هەڵگری بڕوانامەکانیش بە شـێوەیەك جیـاوازی تێـدا بکرێـت کە مامۆسـتای بڕوانـامەی خوێندنی باڵا تەنها لە هەفتەیەکدا (١٨)بەشە وانەی هەبێـت، بڕوانـامەی ماسـتەر ببـێ بە (١٤) وە مامۆسـتای یاریـدەدەرو پرۆفیسـۆرو پرۆفیسـۆروی یاریـدەدەر دیـاری نەکـراوە ئەوانەش بەشـە وانەیان بۆ دیاری بکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـودای مەزن و میهرەبـان، مـاددەی (٧٧) خـاڵی (٤،٣) بەرێـوەبەرو یاریـدەدەر، یەعنـی بەرێـوەبەر دەرسـی بـۆ بڵێـتەوە یاریـدەدەر دەرسـی بـۆ بڵێـتەوە ئەی چـۆن ئەو مەکـتەبەی بەرێوەببات، یەعنی بەجدی ئەمـن بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان بـۆیە مـن وا شـارەزامە ئەوەنـدەم مەکتەب کردوون تاکو تەواوم کردووە یەعنی بەجدی بەرێوەبەر بچێ بەلوعەی چاکات ئاگـای لە مەکتەبێ بێت، یان دەرس بڵێتەوە، بۆیە من پێم باشە (٣، ٤) لابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن دوو تێبیـنم هەیە، یەکەمیـان بە گشـتی لەسـەر مـاددەکەیە، ئایـا ئەگەر ئەمە ماکزیمـا ئەو مـاددانەیە یـان حەسـانەیە کەدەبـێ مامۆسـتا بێلێـتەوە ئەی ئەگەر لە تەمەنـی (٥٠) سـاڵ دیـاری کراوە راستە ئەی ئەگەر مامۆستایەك لەو حصانە کەمتـری گـوتەوە چـۆن چـۆنی ئەمە تەکمیـلەی ئەکرێـت، بـۆ ئەوەی بگـاتە ئەو حصـەیە ئـۆ لە مەکـتەبەکەی خۆیـان پێویسـتی لە وەنـدە زیـاتر حسەیان نەبۆ مەسەلەن ئەگەر مامۆستایەکی قونـاغی بنەرەتـی (٢٤) بەشـە وانەی بـۆی دانـراوە ئەی ئەگەر (١٥)بەشە وانە هەبوو لەو مەکتەبەیەی بیلێتەوە تەکمیلەی چوون ئەکا خاڵیکی تـر کە تێبینیم لەسەری هەیە، مامۆستایانی خاوەنی بڕوانامەی ماستەرەو دکتورایە کەمن پێم وایە ئەم حسانەی کە بۆیان دیاری کراوە زۆرە بڕوانامەی ماسـتەر بکـرێنە (١٤) بەشـەوانە و مامۆسـتایانی خاوەن بڕوانامەی دکتورا بکرێنە (١٠) بەشەوانە رەنگە باشتربێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی (٣) بڕگەی (١) پشتگیری لە قسەکانی کاك یاسین ئەکەم بەڕێوەبەر بەشەوانەی نەدرێتێ و خۆی تەرخان بۆ بەڕێوەبردنی دامەزراویە پەروەردەکە وە من بە عەمەلیشم بینیوە، بەراستی زۆربەی کات مامۆستای تر بەشەوانەکانی بۆ وتوتەوە وەخۆی دەرفەتی نەبووە هەندێك حاڵەت لەبەرئەوە ی دانانی (٤) بەشەوانە ئاسان نییە بەسەر پۆلەکاندا دابەش بکرێت هەر شتەکە نابێتە عەمەلی، بەنسبەت خاڵی (٧،٦،٥) لە بڕگەی (١) هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی ماستەر دکتورا، ئەگەر چی لە ماددەی (٧٦) مافەکانیان چەسپاوە، بەڵام بەداخەوە وە تەوەسەر ناکەم بەو زوویەش هەمان ماف وەرگرن کە ئەمە پەیوەندی بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیە، بە خوێندنی باڵاوە هەیە، و چەند ساڵە ئەو هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتورا بە دوای ئەم داواکاریەوەن کە داواکاریەکی ئەکادیمیە وە ماستەرو دکتورا سەروەتێکی گەورەی مەعنەوین بۆ هەر وەزارەتێك بۆی ئەوەی بمێنەوە پاڵنەر بۆ مانەوەیان زۆر بێت، لێرە وەزارەتی پەروەردە ئەرکەکانی قورس کردوون مافەکەشی کەوتووتە لای غەیری وەزارەتی پەروەردە بۆیە من پێشنیار ئەکەم خاڵی (٥، ٦، ٧)لە بڕگەی (١) بەم جۆرە کەم بکرێتەوە دبلۆمی باڵا (١٨) ماستەر (١٤) دکتورا (١٢)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی (١) (٢٤) بەشەوانە زۆرە بکرێتە (٢٢) بۆ خوێندنی ئامادەیی (٢٢) کە بکرێتە بە (٢٠) بۆ خاڵی (٣) لەگەڵ قسەکانی کاك یاسین و مامۆستا عمر بەڕێوەبەر هیچی لە لای نەدرێت بەڕێوەبەر (٨) بکرێت بە (٤) وە هەروەها دبلۆمی باڵا (١٨) بەشەوانەبێت ماستەری بێ ناز ناو (١٤) بێ ماستەری بە ناو (١٠) بێ دکتۆرا بێ ناز ناو (١٠) بێ دکتوری بە ناز ناوەوە (٨) بێ بڕگەی (٣) هی سیاغەیە تێبینیەکەم ئەوەی کە هاتووە بەشە دەقە نووسکراو بڕگەی (١)ی ئەم ماددیە لەم بارانەی خوارەوە کەم دەکرێتەوە کە تەمەنی گەشتە (٥٠) ساڵ، واتە پێویست ناکات لە یەك و دووا دووبارە بێتەوە خاڵی (٣) بکرێتە بەشی دووەم بڕگە (٢)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمه رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بەشێکی قسەکانی من کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك نزار.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله وێڕای ئەو تێبینیەی لەسەر ئەو ماددەمان هەیە، بەڵام تێبینیەکی تریشمان هەیە، بەراستی هەم وێنەگرەکان هەم وێنەگری ناو هۆڵی پەرلەمانیش کەم جار وێنەی ئێمە راستەوخۆ دەگوازێتەوە ئەوە جێگای تێبینیە کە هەمان بوو، سەبارەت بە ماددەی (٧٧) بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر وەزارەتی پەروەردە پەسەندی بڕوانامەی پرۆفیسۆر ودکتورا ماستەری کرد، پێم باشە بەم شێوەیە بێت، ماستەری بێ نازناو (١٦)بەشە وانە دکتورای بێ نازناو (١٤)بەشە وانە مامۆستای یاریدەدەر (١٢) بەشە وانە مامۆستا (١٠) بەشەوانە پرۆفیسۆری یادەدەر (٨) بەشە وانە پرۆفیسۆر (٦) بەشە وانە لێرە پشتگیری لە تێبینیەکەی مامۆستا عمریش دەکەم سەبارەت بە دیاری کردنی پەسەندکردنی ئەم بڕوانامەیانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك زیدان.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە رەنگە من تێبینیەکی جیاوازم هەبێت، پێشتر لەم ماددەیەش دا ئاماژەم پێکرد کە تەعریفی بەشە وانە کرابوو لە خاڵی (١)دا مامۆستایانی قۆناغی بنەرەتی (٢٤) بەشە وانە لە وێدا ئاماژەم پێکرد کە پێویستە مامۆستایانی بنەرەتی بە تایبەت بازنەی یەکەم کە پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەمی سەرەتایین موراعاتی ئەم مامۆستایانە بکرێت لە قۆناغێکدان کە قوتابی تازە دێتە قوتابخانە زۆری پێوە ماندو دەبێ بۆئەوەی پیتە کوردییەکان و پیتەکانی تر فێری بکات و فێری خوێندنەوە بکەن لەم بازنەی یەکەم دا، پێشنیار دەکەم بەشەوانەی مامۆستایان تەنها (١٤) بەشەوانە بێت، بۆ ئەوەی تەرکیزێکی زیاتری لای قوتابی بێت، بۆ فێرکردن لە خاڵەکانی تردا لە بڕگەی (٢)پرسیارم ئاڕاستەی بەڕێز لە خاڵی (١) خاڵەکانی تر (٤، ٥، ٦، ٧) تایبەت بە بڕوانامەی باڵا پرسیارەکەم ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری پەروەردەیە ئێمە کە کاتێك لە ماددەی (٧٦) دەڵێین بە هەموو شێوەیەك هاوتا دەکەین لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەڵام ئەم خاڵانە پێچەوانەی ماددەی (٧٦) هاوتامان نەکر بەشە وانە ئەگەر بڵێین لە زانکۆ بەشە وانە ساعەتێکە، بەڵام لە پەوەردە (٤٠)خولەکە بە ناوی بەشە وانەیە، کەواتە ئێمە لە رووی یاساییەوە ئەو سێ خاڵەمان لە (٥، ٦، ٧) پێچەوانەی ماددەی (٧٦)ە ولە بەشەکانی تریش بەهەمان شێوە دەبێت تەرکیزی لەسەر بکرێت، چونکە تەمەنیش لە یاسایی زانکۆی هەر (٥٠) ساڵ بە کاتژمێر دێتە خوارێ پێویست بە خاڵ ناکات بڵێن لە تەمەن دێتە خوارەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو ژیان خان.

**بەڕێز ژیان طاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٦٢) و (٦٣) بەشی ئەرکەکانی بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر نەهاتیە کە بەڕێوەبەر بێت، یاریدەدەری بەڕێوەبەر ئەرکی پەروەردەو فێرکردنیان هەیە، کەچی لێرە بەشە

وانەیان بۆ تەخصیص کراوە، ئەگەریش دەتانەوێت تەخصیص بکەن خاڵی (٤/٣)ئەم بڕگەیە بمێنێتن هەر هیچ نەبێ باکەم بێتن بەڕێوەبەر (٢) بەشە وانە یاریدەدەری (٤) بەشە وانە هەبێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر من یەك پێشنیار هەیە، هیڤیدارم جەنابێ تەژ پشتەڤانیا ڤێ پێشنیاری بکەتن و یەك تێبینیم هەیە، پێنیارامە ڤێ خاڵێدا رەچاوی مامۆستایان بکەن کۆ خۆدان پێداویستێت تایبەتن و یان کەم ئەندامن یا ن نەخۆشیت درێژخایەن هەنە کە وەکۆ مامۆستاژی دەرسێت خۆ بێژن ئەو خۆدان پێداویستێت تایبەت نەشێن (٢٠) یان (١٨)یان (١٤) یەعنی پێدا چوونێك ڤێ ماددێدا بێتەکرنێ و بێتە تەسبیت کرن کۆ بەرچاڤ بێتە وەرگرتن حسەتا وان کێمتربیت، خاڵا (١) ڤێ تێبینیامە ئەوەبوو کە وەکۆ دکتور زیدانیش پشتەڤانیا وی دکەم کە مامۆستاێن قوناغێ بنەرتی تایبەت ژ پۆلا (١ هەتا ٦)ئەو مامۆستا یەعنی گەلەك گەلەك ماندۆبوونە کە زێدە ئەو قوتابی ساڵا ئێکەمە دووەمە تێنە قوتابخانێ ئەز بێژم (٢٤) زۆر زۆرە ئەگەر بتە (٢٠) یان ژی (٢٠) کێمتر زۆر باشە جەنابێ وەزیر ئەز یەك ژوان قوتابیامە کومن دەرڤەی وڵاتی خاندی ئیحتامالە هەمی ژیاناخۆدا خاندناخۆ من دەرڤەی وڵاتی کرییە لە هەموو ووڵاتێت پێشکەفتی دنیاێدا هەر دبلۆما باڵاو ماستەر و دکتورا زێدەترێن بۆ وان تێتەدان چونکی ئیستافادە ڤێ تەجروبا وان بروانامە وان پسپۆریا وان تێتە وەرگرتنێ، من پێم باشە دبلۆم باڵا ماستەر دکتوراژی (٢٠)حسا کێمتر نەبێت، ڤێرێژی ئەو کەسێن کە بنەرتی تێنەدان حسێ وان بێتە کێمکرن ئیستافەدەژی حسێت زێدەتر بێتە کرنێ پسپۆریێ و شارەزایا وان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك فیصل.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورەو میهرەبان، من ماددەی (٧٧) بڕگەی (١) خاڵی (٧/٦)باس لەوەی دەکات کە ماستەر (١٨) و دکتۆرا (١٤)یە بەپێی یاسایی عێراق وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٢٢) ساڵی ٢٠١١ ماستەر (١٤) دکتۆراش (١٠)یە، پشتیوانیش لە کاك هێرش دەکەم کە یاریدەدەری پرۆفیسۆری باسکرد وەپشتیوانی لە شادی خانیش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧٧) بەڕێوەبەر ئەگەر بەشە وانەی بۆ دابنرێت ئەگەر بۆ گوندەکان ئەوا راست بێت، بەڵام بۆ خوێندنگایەکی قەرەباڵغ لە ناحیەکان و لە سەنتەری قەزاو پارێزگاکان

تەسەور ئەکەم دروست نییە و لە شوێنی خۆی نییە و بۆیە ئەگەر جێگایەك بکرێت ئەوا خراپ نییە و سەبارەت بە خاڵی (٣)من لەگەڵ ئەوەمە بڕگەی (١) و (٢) هەر لابرێت جیاوازی لەسەر بنەمای تەمەن نەکرێت بۆ دیاری کردنی بەشە وانە و سەبارەت بە بڕگەی (٣) ئەڵێت بە پێی ماددەی (٩٣) بڕگەی (٤)لە ماددەی (٩٣) بڕگەی (٤) بوونی نییە، بۆیە ئەمە راست بکرێتەوە بڕگەی (٢)وە پشتیوانیش لە راکەی کاك فیصل ئەکەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو کاك سیپان

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددێ (٧٧)دا داخازدکەم ئەم خالَەکێ زێدەبکەین ژبۆ وێ ئێکی دکۆ دگەڵ دابەش کرنا وان وانا لسەر بڕواناما بێتە دابەشکرن ڤی رەنگی بیتن پێدانا پلەیا زانستی سەرجەم وان هەڵگرێت بڕوانامێت ماستەرو دکتورو پرۆفیسۆر هاریکارێ پرۆفیسۆر ڤی شێوەی لەقەبی علمی بۆ وان بهێتەدان و ئینجا بشێن سەردا بێتە دابەشکرن شێوازێ وانە گوتنێ کۆڤی رەنگیژی بیتن ماستەر (١٤) وانەبیتن دکتورا (١٢)وانەبیت ئەگەر ئەم نازناڤی نەدەینێ دێ چاوا شێین دەرسا سەر فەرزبکەین تڤێت دەست پێکێ ئەم لەقەبێ وانێ علمی بدەینێ نیشکا بێین دگەڵ هندێ داژی ئەگەر مە لەقەب دایێ ئەڤە ئەم شیاین ماددێ (٧٧)دروستی جێبەجێ بکەین و ئەرك و مافێت وان وەکۆ وەزارەتا خۆێندنا بالا لێبین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو کاك شێرکۆ

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بەڕێوەبەرو یاریدەدەرەکەی بۆ وانە وتنەوە، یەعنی ئەم موئەسەسەیە ئەگەر بەڕێوەبەرو یاریدەدەریش دەرس بڵێنەوە بەراستی لەسەر حسابی ئیدارەو قیادەکەی موئەسەسەکە ئەبێت، بە دڵنیایەوە بۆیە من پشتیوانی لە بۆچوونەکانی کاك یاسین و مامۆستا عمر ئەکەم، سەبارەت بەوەی کە بەڕێوەبەرو یاریدەدەر وانە نەلێنەوە سەبارەت بە ماستەرو دکتورا ئێمە لە ماددەی پێشوویا هاوتاکردنیان لەگەڵ وەزارەتی خۆێندنی بالا بە مانای ئەوەی کە حقوق و ئیمتیازاتی ماددی و مەعنەویان بەرز ئەبێتەوە بە پێی ئەم یاسایە، بۆیە پشت بەستن بەوان و پێدانی وانەی زیاتر بەوان لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئیمتیازاتی ماددی و مەعنەویان ئیفێق و تەئسیراتی زۆرتر ئەبێت، بۆ پرۆسەی پەروەردەو خوێندن کە بەراستی یەعنی نەك هەر ئەوەی ئەرکیان زیاتر بکەین و ماستەرو دکتورا بە تەنها نەخێر لەم لاوە لە ماددەی پێشتر ئیمتیازاتیشیان بەرزئەبێتەوە، چونکە موشکیلەی ئەوەیان هەیە، ئەڵێ ئێستا حقوق مان وەکو ئەوانی ترە، بەڵام ئەوا داوا ئەکرێت لێرە کە وانەی زیاتر بڵێنەوە کە فعلەن ئەوە ئیشکاڵە، بەڵام بەم شێوەیە حەل ئەبێت، ئیمتیازاتی ماددی و مەعنەویان لە ماددەی پێشەوا هاوتا ئەکرێت لەگەڵ وەزارەتی خۆێندنی بالا وە لە هەمان کاتیشا ئیفێك و تەئسیری ئەوان لە ساحەیا ئەبێ زیاتر وەك مامۆستایەکی تر کەلە مستوایەکی خوار ئەوان بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس فەرمووو بدریەخان.
**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (٧٧) بڕگەی (١) بۆ خاڵی (٢/١)پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا ابـوبکر ئەکەم لەسەر کەم کـردنەوەی بەشـە وانەکـان، بـۆ خـاڵی سـێیەم پشـتگیری لە قسـەکانی کـاك یاسـین و مامۆستا عمر ئەکەم هەر بۆ گۆڕانکاری لە ڕێزبەندی ئەو خاڵانە پێشنیار ئەکەم خـاڵی (٧) بکـرێتە یەکەم خـاڵی (٦) بکـرێتە بە دووەم خـاڵی (١) بکـرێتە چـوارەم و خـاڵی (٢) بکرێـت بە پێـنجەم، سەبارەت بە بڕگەی (٢) کە باس لە بەشە وانەکان دەکات باس لە پسپۆری دەکـات، مـن ئەم خـاڵە زۆر بە خاڵێکی ئیجابیە دەست خۆشیم هەیە، بەڵام کە تێبینیمان کـردووە سـەیرئەکەین زۆربەی ناوەندەکانی خوێندن کە کاتێك مامۆستا وانەی پەروەردەی ئیسـلامی دائەنرێـت بـۆ پەروەردەی ئیسلامی نە خەریجی لوغەی عەرەبیە نە شـەریعەیە لەگەڵ هەنـدێ تێبینـی بـۆ شـتەکانی تـر بـۆ جەنابی وەزیر بە جێدێلم، بۆیە گرنگە کاتێك ئەم پسپۆرییەی دیاری کردووە و وانەی پەروەردەی ئیسلامیش بۆ خەریجی لوغەی عەرەبی شەریعە بێ، سەبارەت بە هەر لە بڕگەی (٢) من پێشـنیار ئەکەم ئەم بڕگەیە بۆی زیاد بکرێت پێویستە هەڵگرانـی بڕوانـامەی دبلـۆمی بـاڵا (١٨) بەشـە وانە بڵێـنەوە هەڵگـری بڕوانـامەی ماسـتەر (١٤) بەشـە وانە بڵێـنەوە وە مامۆسـتایانی یاریـدەدەر (١٢) بەشە وانە، هەڵگری بڕوانامەی دکتورا (١٠) بەشە وانە وە پرۆفیسۆری یاریـدەدەر (٨) بەشـە وانە پرۆفیسۆر (٦)بەشە وانە لە هەفتەیەك دا بڵێتەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس فەرمووو حسیبە خان.
**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بۆ ماددەی (٧٧) واللە من ڕەئیبەکی پێچەوانەم هەیە بەرامبەر هەندێك هەڤاڵانی بەڕێز، ئەویش لە خاڵی (٣) بڕگەی (١) سەبارەت بە بەشە وانەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان کە (٤) بەشـە وانەیە بە حوکمی ئەوەی (١٤) ساڵ مامۆستا، بۆیە ئەزانم ئەو پەیوەندییە تەندروستەی کە بەڕێوەبەر بە تایبەتی لە بازنەی کەمدا کە دروستی ئەکات لەگەڵ قوتابی لە ڕێگەی گوتنەوەی ئەو بەشە وانەیە لە هەمان کاتیشدا هیچ فەراغێکی باسایی لە ئەرکی بەڕێـوەبەر بەدی ناکرێـت لە (٤) بەشـە وانە، چونکە هەر بەڕێوەبەرێکی بەڕێز لە قوتابخانەکەیدا یاریدەدەرێك یـان دووانـی هەیە، کە ئەرك و ئیشەکانی جێبەجێ بکات و سەبارەت بە بابڵێین خاڵی (٧/٦) پشتگیری ڕایی دکتۆر زیدان و شادی خـان و ئەکەم لە مـاددەی (٧٦) ئـێمە کە باسـی هەڵگرانـی بڕوانـامەی دبلـۆمی بـاڵاو ماسـتەر و دکتۆرامان کردووە بە هاوتاکردنیان ڕاسـتە ئەگەر بێـت و شایستەکانیشـیان جـگە لە هاوتـاکردن پێدرابا نەك ئەو بەشانە زیاتر بەشەوانەی تر پێیان ڕاسپێردرابا، بەڵام لە کاتێك تەنها ئەگەربێت و بە شێوازی زارەکی یان نووسراو ئیمتیازاتەکانیان هاوتا بکرێن تا ئەو کاتەی شایستەکانیان دابین ئەکرێتن با بەشە وانەکانیان بەم شێوەیە بێت، ئەوانەی کە خاوەنی بڕوانامەی دبلۆمی باڵان (١٨) بەشە وانە ئەوانەی ماستەر (١٤) بەشە وانە دکتوارش (١٠) بەشە وانەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی (٧٧) ئاماژە بە بڕوانامەی دبلۆمی باڵاو ماستەر و دکتۆرا کردووە لەوێ باسی لە ماف و جیاوکەکانی و ئێوە دەکات، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم بەشە وانەی ئەو سێ هەڵگری بڕوانامە بە گوێرەی نازناوی زانستی بێت، لەگەڵ نازناوی زانستیان مودەریسە، مودەریس موساعدە، پرۆفیسۆری یاریدەدەر یان پرۆفیسۆرە، کەواتە لەسەر ئەو ئەساسە دابنرێت، بۆیە پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر زیدان دەکەم وە ئەوەی سەبارەت بە بەرێوەبەرو یاریدەدەری بەرێوەبەر من لەگەڵ ئەوەم بەشێك لە بەشە وانەکانیان بمێنێت جۆرێك لەو پەیوەندیەی کەلە نێوان قوتابی، چونکە ئەو مامۆستایەی کە بەرێوەبەرە یان یاریدەدەری بەرێوەبەرە رەنگە تاسەر بەرێوەبەر نەبێت، بۆیە لە پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەدا کاریگەری دەبێت، لەسەر داهاتووی ئەو مامۆستایەی، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم ئەو (٤) بەشە وانەیە بکرێتە (٢) ئەو (٨) بکرێتە (٤) بۆئەوەی بەلایەنی کەم پەیوەندیان لەگەڵ قوتابیان بمێنێ و رەنگە کاریگەری داهاتوو لەسەر ئەو بەرێوەبەرە هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو مژدەخان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧٧) بڕگەی (١) خاڵی (١) مامۆستای قۆناغی خوێندنی بنەرەتی بکرێتە (٢٠) بەشە وانە، مامۆستای قوناغی خوێندنی ئامادەیی ئەویش (٢٠) بەشە وانە بێت، سێیەم یان بەرێوەبەر هیچ بەشە وانەیەکی نەبێت، خاڵی (٤) یاریدەدەری بەرێوەبەر (٤)بەشە وانە، مامۆستای خاوەن دبلۆمی باڵا (١٨) بەشە وانە، مامۆستای خاوەن ماستەر (١٤) بەشە وانە بێ نازناو بە نازناو (١٠)بەشە وانە مامۆستای خاوەن دکتۆرای بڕوانامە (١٠) بەشەوانە بێ نازناو (٨)بەشەوانە من یەك تێبینی دیکەشم هەیە، خاڵی (٢) بڕگەی (٣) ئەو ماددەی (٩٣) کە نووسراوە، چوارەم ئەو چاك بکرێتەوە رێنمایی کاری پەروەردەیی ئەوان دەزانن بەشە وانە بۆیان دیاری نەکراوە ئەوانەی کە بکالۆرسیان هەیە، یاخود دبلۆمیان هەیە، هەر خوێندنگەکە لەوانەیە هەفتەیەك دەوام بکەن، بەڵام ئەوانەی کە هەڵگری بڕوانامەی ماستەرو دکتۆران ئایا کاتەکانی ئەوان دیاری کراوە یاخود مەفروز نییە وەکو دکتۆرایەك کاتیان بۆ دابین بکرێ، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بۆ ئەوەی سەرقاڵی توێژینەوە بن یاخود بەشداری کۆنفرانسی زانستی بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو خدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی منیش هاوڕام لەگەڵ هاوپیشەکانم ئەم بەشە وانانە وکەم بکرێتەوە بە تایبەت لە خاڵی (٧/٦) ئەگەر بکرێت جیاوازی بکەن لە نێوان ئەو کەسانەی کە نازناوی زانستییان هەیە، بەم شێوەیە مامۆستای خاوەن بڕوانامەی ماستەر بە نازناو (١٢) بەشە وانە بێ نازناو (١٤) بەشە وانە وە مامۆستای خاوەن بڕوانامەی دکتورا بە نازناو (١٠) بەشە وانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو هلز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

سەبارەت ماددا (٧٧) بەشە وانا مامۆستایێت قوناغا بنەرەتی گەڵەك ماندی بن، چونکە وان دوو ئەرکێت سەرەکی یێت هەیی پەروەردەو فێرکردنی ژی دیتنامن (٢٤) بەشە وانە بۆ وانا گەلەکن (٢) بەشە وانە بێنە کێم کرنێ مامۆستایێت قوناغا ئامادەیی، چونکە تایبەتی ئەم بەعسی پۆلا (١٢) بکەین چ جارا ڤان بەشەوانا ناراوەستن زێدەترژی بێژن بەڕێز وەزیرێ پەروەردێ تۆ زانی زمانا ژ جارا ئە ڤان بەشەوانا زمانا نادەرکەڤیتن ئیحتمالە یان (٢٤) بەشن یان (٢٥) بەشە وانەنە ئامادەیێ بەر هەندێ ڤێرێژی ڕاستە دێ ویژی وانەبێژ وەکۆ ئەم بێژین محازرە دێ هێتە کرنێ بەس وی مامۆستای نەڤێتن محازرا بێژیتن دێ سەر فەرزکەتن (٢٤) بەشە وانا بێژیتن یان (٢٥)وە قوناغا پۆلا (١٢)دا بار قورساتیەکا گرانە بۆ پۆلا (١٢) بەر هندێ ئەز گەڵ هندێ دامە (٢) بەشە وانە ویرێ بێنە کێم کرن، سەبارەت بە ریڤەبەرا بەڕێزان ئەم واقعی بین رێڤەبەرڤان بەشەوانا نابێژیت، یەعنی ئەم بێژین نە شەفافیەتەك یای هەی نەوعە گەندەلیەك یا هەی خشتا دابەش کرنا بەشەوانا سەرناڤێ وی یە جەدوەڵدا لێ دێ ئیلزاما مامۆستایەکێ هونەرێ کەتن یان مامۆستایەکێ وەرزشی کەتن یان وانەبێژی کەتن ڤان وانەبێژا پێش ڤە بێژیتن بەر هەندێ دینامن برگێت دیفراژی بێژیتن ئەگەر تەمەنی وی ژی (٥٠) ساڵی ێ بووری دێ (٢) بەشە وانێت وی هێنە خار نەهەوجەیە حکومەت ئیلزاما رێڤەبەرێکی کەتن (٢) بەشە وانادا دەرگەهەکی لێ ڤەکەتن کە ئیحتماڵە تەناوبی گەلەك جارا خشتەیدا بێتە کرنێ، سەبارەت برگا (٣/٢) ئەم زانین خەڵکێ هەرێما کوردستانێ زووی پیربیت بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی زوو پیر بیتن مامۆستا یەعنی خەمۆ خەیاڵێت وانا گەلەکن (٥٠) ساڵی، یەعنی تۆ حساب کەی ئەوە چنە نزیکی (٣٠) ساڵا خزمەتا کری شنی تۆ (٢) بەشە وانا بۆ بینیەخارێ کێمتر لێبکەی قەنەعەتا من ئەڤە گەلەك کێمە پێتڤیە پتر مراعاتاوان، چونکە سەوافانا هەیی، فەقەراتێت هەیی، ئێشا دڵی یاهەیی و جەڵتە و باوەربکە مشکیلێت هۆ وەزارەتا پەروەردێ گەلەکن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك اسماعل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**
**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**
ئەز پشتگیری و پشتەڤانیا دکتور زیدانی کەم خیشکا حسیبە هەردووکا، یەعنی ئاشکراکر گوتی ماددێ (٧٦) مە گوتی هاوتاکردنە هەمی باوارادا بەش وەختێ ئەرك و واجبات هاتنەڤێرێ هاتنە تەوزیع کرن وەسا نەهات وێجا ژبەرهندێ ئەز پشتگیریا وانا کەم مامۆستا ابوبکر مامۆستا بدریە وەکی چێت بیت نزانم جەنابێ وەزیری بادینیامن ناگەهیت هندەجارا ئەز بادینی پرسیارکەم بەرسڤامن نادەت وێجا پائەم چ بکەین ئەزمانێ مە بادینیە وەڤێت ئەم بادینی باخڤین من گوتێ پرسیارامن یادی بۆچی ناسنامێ تێتە وەرگرتن مخەسەساتێت وی تێنە خارێ یەعنی ڤیابا بلٚندبیا، یەعنی وەکو مرۆڤ هوسا بەرێ خوب دەتێ مەنتەقەن ڤیا بلٚندبیا بەس هاتنەخارێ کاش بەرچ دیسا پشتگیری و پشتەڤانیا ئەواناد‌کەم ئەوێت بێژن مامۆستایێ قوناغا خوێندنا بنەرەتی گەلەك وەستیت گەلەك زحمەتێت بەتن چونکی زۆر ئەرکا راتبیتن شوانا یەعنی دکتور زیدانی و کاك چیا و خیشکا هلز خان و گەلەك ئەنداما دیاری کر کۆ ئەگەر بێنە کێم کرن یەعنی (٢٤) بێنە خارێ وێجا چ ببنە (٢٢) یان ببنە (٢٠) کێمتربین چونکی مامۆستایێ بنەرەتی راستی گەلەك وەستیتن دیسا خالا (٣) یا (٤) بەرێوەبەرو یاریدەدەر هەما هەردووکا ئەز گەڵ هندێمە ئێدی نەمینیت منژی تەجروبەیا هەی (١٣) سالا ئەز مدرس بۆم پارا پترێ مدیری مەشغولێ ئیدارێ یە ئەگەر چوت سەفێژی دا پشتی چارێکەکێ پشتی (٢٠) دەقا چیتە سەفێدا وەت بێتە ئەگەرێ هندێ ئیزدحام و مشکیلە چێت بن ناف مەدرەسێدا ویجا چ مانعە ئەرکێ رێڤەبرنێ و کارگێری وانا هەبیتن هەوجە نینە ئەف ئەرکێ دی هەبیتن دیسا بۆ خالا (٣) کۆ بۆ پشتی (٥٠) سالا ئەژی گەڵ هندێمە نەتنێ (٢) دەرس بێنە خارێ (٤) بێنەخارێ پشتگیری و پشتەڤانیا هلزخانێ کەم، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان راستە ماددەی (٧٦) قاعیدەی عامە، بەڵام ئەکرێ بە قاعیدەیەکی خاص هەندێك لە و حقوقانەیان کەمتر بێ لەوانەی وەزارەتی کە قاعیدە خاصەکە لە دوای ئەوە لە وەزارەتی خوێندنی بالا، بەڵێ فەرموو ئەوە قانوونی بوو بۆیە خوێندمەوە.
**بەڕێز ئالان حمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**
کاك اسماعیل با نیگران نەبێ واللە من باش لە بادینی تێ ئەگەم و بادینانیشم زۆر خۆش ئەوێت و ناوی هەموو منداڵەکانیشم بادینیە، بەڵام زۆر جار قسەکانی بەڕێزت تەئکیدە لە قسەی بەرێزێکی دیکە، بۆیە من زیاتر ناچمە ناو تەفاسیلەوە دەنا تێدەگەم ئەوەی تێنەگەشتبم ئیعتزار ئەخوازم جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بەر لەوەی وەڵام بدەمەوە دەمەوێت پێشنیارێك بکەم ئەگەر لەو ماددەی پێشوش بە نەقلەکە کاك چیا بابەتێکی باس کرد من دوو ئیزافەی بۆ سەر ئەوەی کاك چیا ئەکەم کە بە عەمەلی لەم رۆژانە بەخۆم تووشم بوو ئەو مامۆستایانەی شیرپەنجەیان هەیە، و ئەوانەشی کە حالەتێکی دەروونیان هەیە، بابڵێین ئەوانەشی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن هەر لێرەش ئیستسنایان بکەین و لە ماددەی پێشووش نەقلەکە ئیستسنایان بکەین، بۆ نموونە مامۆستایەك تەلەفۆنی بۆ کردم وتی من لە سیدسادق مامۆستام و لە نەخۆشخانەی هیوام پێویستیم بە عیلاج هەیە، بۆ ئەو عیلاجانە لە هەفتەیەکدا دووجار

سەردانی نەخۆشخانەی هیـوا ئەکەم نـاتوانم بچـمە سـید سـادق ئەوە راسـتەوخۆ دەبێـت نەقـل بکرێنەوە بۆ ناوشار، یەعنی ئەو ئیستسـنایە هەبـێ، پێشـنیار ئەکەم ئەگەر ئێمە لەبیرمـان چـوو، بەڵام مـن لێـرە پێشـنیار ئەکەم لەگەڵ ئەوەی کـاك چیـاش دەمـج بکرێـت، سـەبارەت بەوەی کـاك یاسین زۆرێك لەو بەرێزانەی ئاماژە بە وەیـان کـرد بـۆ مـدیر دەرس بڵێـتەوە، مـودیر مامۆسـتایە وەدەبێتە مودیر و دەبێت دەرس بڵێـتەوە لەبەر ئەم هۆکـارە، چـونکە مـودیر هەتـا کۆتـایی ژیـانی مودیر نییە بە گوێرەی ئەم قانوونە ئەوەی کە ئێستا (٢٠) ساڵە مودیرە لەمەو دوا بە گوێرەی ئەم قانوونە نابێ مودیر بێ، ئەگەر دیقەتان دا لە ماددەیەکا نووسیومانە دەبـێ وەزارەت ئەم یاسـایە لە ماوەی (٤) ساڵا بەسەر هەموو ئەوانەی ئێستاش جێبەجـێ بکـات، یەعنـی ئەمە بـۆ ئەوەیە کە هەرکەسێك ئەبێتە مودیر وانەزانێ (الى الابـد) مـودیرە، نەواسـتە ئەخـوات نەتەکلیـف لە وەزیـر ئەخـوات، چـونکە ناتوانێـت لە قـانوون لابـدات (٤) سـاڵی خـۆت شـیاو بـووی (٤) دیـکەش دوای خواحافیزت بێ، ئەبێ دەرس بڵێتەوە ئەگەر کەسێك من (٨) سـاڵ پێـی دەرسـی نەڵـێمەوە دوای چۆن بیکەمەوە مامۆستا، لەبەرئەوەی ئەم بابەتە کە دانراوە زۆر بە وردی دانراوە بەرێـوەبەریش (الى الابد) نە مودرین نە بەرێوەبەرن، خالێکی دیکە بەرێزان لەسەر بەشـە وانەکـان زۆر قسـەکرا جا ئەبێ من ئەمـرۆ تۆزێـك پیـاو خـراپ بـم لەم بـابەتەیە، چـونکە دەوڵەتـداری ئەکەم مەبەسـتم ئەوەنییە موجـامله بـکەم، مـن لەگەڵ هەمـوو حەقێکـی مامۆسـتام لەگەڵ مەعاشـی مامۆسـتام، لەگەڵ هەموو شتێکی مامۆستام، بەڵام دەبێ ئـێمە بەراسـتی شـتکە وای لـێ نەکەیـن کەس هەر ئیشیش نەکات، چونکە ئەگەر وایە مـن بە جەنابتـان ئەڵـێم (١٨) بەشـە وانە بـۆ ماسـتەر دانـراوە زەربی (٤٠) خولەکی بـکە ئەکـاتە (٧٢٠) خـولەك تەقسـیمی (٦٠) بکە ئەکـاتە (١٢) سـەعات لە یەك هەفتەیا ئەکاتە (٢) ساعەت لە هەفتەیەکا (٦) رۆژ دەوام هەیە، ئایا ئێوە پێتان رەوا نییە کەسێك ماستەری هەبێت (٢) ساعەت کاربکات، یەعنی تکائەکەم با شتەکان نەبێتە ئەو هەر لەخۆمـانەوە رەقەم لێ بدەین ئەم بەشـە وانەیە نـابێ ئەوەنـدە بـێ ئەمە لەسـەر ئەساسـی نیزامـی وەزارەتـی مەعارفی عێراقی لە ساڵی ١٩٢٣ دانراوە بە موتابقەکردن بە مەنـهەج پسـپۆرەکان و خەبیرەکـانی عێراقی ئەم بەشە وانەیان داناوە، یەعنی هەر لە خۆیەوە نەهاتووە میزاج بێ ئێستا کە دامانـاوە (٢٤)بەشە وانە بێ ئێستاش هەروایە (٢٤) بەشە وانەیە لە عێراقیش لە نیزامی ژمـارە (٣) سـاڵی ١٩٧٧ وە نیزامی ژمارە (٣٠) ساڵی ١٩٧٨ بەهەمان شێوە هی مەدارسـی سـانەوی ژمـارە (٣) سـاڵی ١٩٧٧ مەدارسی سەرەتایی ژمارە (٣٠) ساڵی ١٩٧٨ بەهەمان شـێوە لە سـاڵی ١٩٢٣ وە لەسـەر ئەمە ئەڕوات، بەڕێزان بەس (٢) بەشە وانە لەم یاسایە کەم بـکەرەوە تـۆ حەق ئەدەی بە مامۆسـتایەك دەبێ بەراستی شوێنەکەی بە هەزاران ئەگەر نەڵێم دەیـان هەزار بە هەزارانـی دیـکە پـڕ کەیەوە، بەیانی من ئەو فەراغە چۆن پـڕبکەمەوە، بەڕێـزان یەعنـی خـۆ ئەم بەس رەقەم نیـیە بـوڵێنن بـا مامۆسـتایەك (٢٤) نەڵێـتەوە بـا (٢٠) بڵێـتەوە لەو (٤) بەشـە وانەی کە نـایڵێتەوە (١٢٠) هەزار مامۆسـتا مـیلاکم هەیە، بـزانم چ فەراغێـك و چ نەقسـێکی گەورە دروسـت ئەبـێ، جـامن لەگەڵ هەموو حەقێکی مامۆستام، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئێمە بیرمان نەچێـت ئـێمە بەرپرسـیارتیمان لەسەر شانە ئەو ماستەرەی کە جەنابتـان باسـی ئەکەن حسـابی کە تەنهـا رۆژێ (٢) سـەعاتی بەر ئەکەوێت (٢) سەعات ئیش کردن لە (٢٤) سەعاتایا هەموو ئینسانێك پێم وایە خۆی مورتاح کات دەبێـت ئەو (٢) سـەعاتە ئـیش بکـات، بەڵـێ ئەو تێبینـیەی کـاك چیـاش دروسـت بـوو کە ئەبـێ

خزمەتێکی زیاتر و عەتایەکی زیاتر لێی چاوەڕێ بکرێ، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بەرێزێك تێبینیەکی دا ووتی ماددەی (٩٣) چوار خاڵی (٤) لابراوە، راست ئەکات (٤) لابراوە ئەگەر بەرێزان لەلێژنە ئاگایان لێی بێ، مژدە خان پرسیارێکی کرد ئایا ماستەر و دکتۆرەکان کاتیان ئەبێ بۆ توێژینەوە بەڵێ ئەوا من ماستەرم حساب کردووە (٢) سەعاتە ئاخر کات دانانرێت بۆ توێژینەوە، چونکە لە زانکۆکانیش ئەوان ئەو حصەیەی کە ئەڵێتەوە و ئەوەی موتەفەریقە بەڵێ دەتوانێ هەم ماستەر هەم دکتۆرا توێژینەوەی خۆی بکات ئەو بەشە وانانەی کە ئەمێنێتەوە دەبێ بیڵێتەوە بە تەکمیلە بیڵێتەوە، ماددەی پاش ئەمە موعالەجە کراوە ئەگەر هاتوو مامۆستایەك ئەو ئێستاش هەیە، بەرکارە لەم نیزامە هەیە، لە قوتابخانەکەی خۆی ئەو بەشە وانەیەی نەوتوە لە قوتابخانەیەکی نزیکی خۆی نزیکترین شوێنی خۆی بەشە وانەکەی خۆی تەواو بکات، هەم لەم پەیڕەوی قوتابخانەکان هەیە، هەم لای ئێمەش هەیە، لەم ماددەیە تەئکید لەوەی شیرپەنجەی تەئکید لەوەی خاوەن پێداویستی تایبەت وە تەئکیدیش لەوانەی کە گرفتی دەرونیان هەیە، ئەمن نامەوێت زۆر بچمە ناو تەفاسیلەکەوە بەراستی ئێمە مامۆستامان هەیە، یەعنی ئیحالەی لێژنەی پزیشکی نابێ کەس کارەکەی رازی نابن ئیحالەی لێژنەی پزیشکی ببێ گرفتیشمان هەیە، بەراستی گرفتمان لەناو پۆلا هەیە، هیچشمان پێناکرێ بەبێ لێژنەی پزیشکی هیچ دەسەڵاتێکی قانوونیمان نییە ئەم حالەتانە ئەگەر دەسەڵات بدرێ بە وەزیر یان ئیستسنائێك بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس ماددەی دوای ئەومان بۆ بخۆێنەوە.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لقی (٢) دابەش کردنی بەشە وانەکان لە دامەزراوە حکومییەکاندا

ماددەی (٧٨):

یەکەم: شێوازو ژمارەی دابەشکردنی بەشە وانەکان لە دامەزراوە حکومییەکاندا لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەتەوە ساڵانە و پێش کۆتایی هاتنی مانگی تەموز پەسەند دەکرێت.

دووەم: ئەگەر مامۆستایەك نەیتوانی ئەو بەشە وانانەی لە دامەزراوە پەیوەندارەکەدا بۆی تەرخانکراوە و بیڵێتەوە ئەوا دەبێت پاشماوەی بەشەوانەکانی لە دامەزراوەیەکی حکومەتی دیکە دا تەواو بکات.

سێیەم: لە هیچ دامەزراوەیەکی حکومی کرێی وانەبێژ بۆ هیچ مامۆستایەك ئەژمار ناکرێت ئەگەر تەواوی بەشە وانەکانی خۆی نەوتبێتەوە.

چوارەم: مامۆستایانی گوندو شوێنە دوورە دەستەکان حوکمەکانی ماددەی (٧٧) بڕگەی (٢) ئەم ماددەیە نایان گرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ناویان بنووسە ئەو بەرێزانەی ئەیانەوێت قسەبکەن، بەرێزان ئێمە تا ساعەت (٨) دائەنیشین هەر بەرێزێك ئەیەوێت ئیسراحەت بکات قانوونی کاریشمان لەبەردەستە خۆتان ئەزانن ئەویش تەواو ئەبێت، عەینەن ئەم قانوونە دوای ئەوەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئەویش

وایە ئەم وەرزە ئەبێ هەرسێکیان ان شاءالله تەواو ئەبێ سێ قانوونی موهیمن دەبێ تەواوی بکەین، بەڕێزان (٧٨). محی الدین حسن یوسف، شێرکۆ جودت مصطفی، اسماعیل علی طه، ابوبکر عمر عبدالله، مژدە محمود محمد، عمر عبدالله فتاح، دیاری انور حمە رحیم، دابان محمد حسین، یاسین خضر طه، روپاك احمد رحمان، شادی نوزاد وهاب، هلز احمد محمد، شومۆل اشین صابر، فەرموو روپاك خان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله ئەمن سەبارەت بە ماددەی (٧٨) زیاتر پرسیارە لە بەڕێز وەزیری دەکەم دەڵێ لە دامەزراوەیەکی تر ئەگەر مامۆستا بەشە وانەی خۆی تەواو نەکرد تەواوی کە ئەی ئەگەر ئەو دامەزراوەی کە بۆی دیاری کرا دوور بوو لە دامەزراوەکەی تر، واتە بوو بە بارگرانی بەسەر مامۆستا ئەو کات چ، چونکە تائێستا ئەو گرفتە هەیە، چارەسەر نەکراوە لە ناوەندەکانی خوێندندا لە دامەزراوەکان، بۆیە پێم وایە دەبێ ئەم یاسایە ئاماژە بکات بە ڕێکخستنی میلاك کە ئێستا گرفتە لە ڕێی داتەپێسی میلاکات، یەعنی لە وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧٨)بڕگەی (١) لێرە ئاماژە بە ئەوە کراوە شێوازو ژمارەی دابەشکردنی بەشە وانەکان لە دامەزراوە حکومییەکان لێرە کە ئاماژە بە ژمارە کردووە لە جاری پێشوش ئەوەنە بوو کە ماددەی (٧٧) ئەبێ کە مادەم وەزارەت یان ئەنجومەنی وەزارەت کۆئەبێتەوە دانیشێت شێوازو ژمارەکانی بەشە وانەکان ئەمە هەر کافییە، سەبارەت بە ماددەی (٢) زۆر بە نەرم و نیانی باس لە ئەوە ئەکات ئەگەر مامۆستایەك نەیتوانی گشت ئەو بەشە وانانە بڵێتەوە ئەوا ئەتوانێ لە شوێنکی تر تەعویزی کاتەوە، بەڵام ماددەی (٣) زۆر توندوتیژە یەعنی هەرەشە ئامێزە وەکو هین وایە ئەڵێت نابێ لە هیچ دامەزراوەیەکی حکومی کرێی وانەبێژی بۆ هیچ مامۆستایەك ئەژمار ناکرێت، ئەگەر تەواوی بەشە وانەکانی خۆی نەوتووبێتەوە، من لەگەڵ ئەوەیام ئەو ماددەی (٣) بەم شێوەیە لێبکرێت مامۆستایانی وانەبێژ هەمان حوکمەکانی ماددەی (٧٧) بڕگەی (٢) ئەیانگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧٨) هەمان تێبینی روپاك خانم هەیە، لە خاڵی (٢) ئەڵێت ئەگەر مامۆستایەك نەیتوانی گشت بەشەوانەکانی بڵێتەوە دەبێ لە دامەزراوەیەکی دیکە تەواوی بکات، ئەو بارگرانییەی کە لەسەر مامۆستا دروست ئەبێت، لە دوو دامەزراوەی پەروەردەیا وانە بڵێتەوە بەراستی زۆر گرانە، پێویستە ئەمە چارەسەر بکرێ و بۆی ئەکرێت لەسەر ئەم ماددەیە بنووسرێت باخۆد ئەو

حاڵە ئیزافە بکرێت تا دابەشکردنەوەی میلاکات بەشێوەیەکی گشتی تا مامۆستا تووشی ئەو تەزاروبە نەبێ دوو جەدوەڵی کارکردنی هەبێ لە دوو دامەزراوە وانە بڵێتەوە وەهەروەها دوو خەریتەی کارکردن و پلانی هەبێ بۆ ساڵەکەی هەمووی بۆی دەکرێت ئەوەی بۆی ئیزافە بکرێت دابەشکردنەو بۆ ئەوەی تەواوی میلاکات لە وەزارەتی پەروەردە پشتگیری لە وتەکانی روپاك خانیش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان، واللە وابزانم ئێمە بێ فایدە دانیشتووین هەرچی گوتمان جەنابی وەزیر تەوزیحاتی داو ئێمەی قفل کرد هیچی نەگۆڕی، ئەگەر وایە بۆ خۆمان ئەوەندە ماندوو بکەین، پشتگیری شادی خان دەکەم یەعنی بەجدی ئەمن مامۆستام برادەرە لە مەکتەبێکی (٤)دەرسی هەیە، لە مەکتەبێکی تر (٢) بەشە وانەی هەیە، ئاخیر چۆن دەبێ لەو مەکتەبەی بچێتە ئەو مەکتەبە ئەو مامۆستا قۆربەسەرە یەعنی بەجدی ئەتوو نە ژیانت تەئمین کردووە، مەعاشی بە دوومانگ جارێك دەی دەیتێ نە سەیارەی هەیە، نەهیچی هەیە، قۆر بەسەرەی کرێچی، یەعنی هیچ ئیشێکی پێی ناکرێت ئەگەر ژیانی مامۆستا لە ژیانی ئەندام پەرلەمانی خۆشتر لێدەکەن واللە هەر رۆژەو لە مەکتەبەکی دەرسی پێی بڵێنەوە، ئەمن پێم خۆشە ژیانی مامۆستا لە ژیانی من خۆشتر بێ، یەعنی بۆیە من پێشنیار دەکەم مامۆستا لە قوتابخانەکەی خۆی دەرسی بڵێتەوە لە بەشەکانی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو کاك محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧٨) برگەی (١) باس لە شێوازو دابەشکردنی بەشەوانە دەکات، من پێم وایە ئەو شێوازو ژمارەکەی چونکە ژمارەکان تەحدید کراوە لە ماددەی پێش خۆی، بۆیە وا پێشنیار دەکەم کە دابەشکردنی بەشەوانەکان لە دامەزراوە حکومییەکاندا لەلایەن ئەنجومەنی وەزارتەوە ساڵان پێش کۆتایی هاتنی مانگی تەموز پەسەند دەکرێن شێوازەکەو ژمارەکەی لابەن، چونکە هەمووی شێوازەکانی هەم ژمارەکانی تەحدید کراوە لە پێش خۆی، زۆ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو مهیرەبان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ماددەی (٧٨) برگەی (٢) ئەڵێ ئەگەر نیتوانی لە دامەزراوەی پەیوەندیدارەکە بۆی تەرخانکراوەو ئەو بەشە وانانە بڵێتەوە ئەوا دەبێ پاشماوە بەشە وانە لێی دامەزراوە حکومییەدا تەواو بکات، من پشتگیری رایەکەی روپاك خان

ئەکەم، پرسیارەکە ئەوەیە بۆ نموونە ئەگەر مامۆستایەك (٢٠) بەشە وانەی هەبوو لە قوتابخانەیەك (٢) بەشە وانەکەی تر لە کوێ بۆی دائەنێن، ئایا مەکتەبێکی دیکە هەیە، قوتابخانەیەکی دیکە هەیە، (٢) بەشە وانەی کەم بێت، ئەی ئەو قوتابخانەی کە ئەو (٢) بەشە وانەی کەمە بۆ خۆی مامۆستای نییە تا شێوازی دیراسەی خۆی هەیە، مەنهەجی خۆی هەیە، پلانی خۆی هەیە، ئسلوبی گوتنەوەی خۆی هەیە، ئەمە چۆن ئەم دووانە بەیەکەوە دەگونجێت، بۆیە من پێم باشە ئەگەر زۆر زەرور بێ نسبەی بۆی دابنرێت ئەگەر بابڵێین لە (١٥) بەشە وانە کەمتری هەبوو ئەو کات لە شوێنێکی دیکە یان (٢٠) بەشە وانە کەمتری هەبوو ئەو کاتە لە شوێنێکی دیکە بە گونجاندن بە رەچاوکردنی باری جوگرافیا نازانم هەموو ئەوانەی شێوازی وانە وتنەی بەرێکەوتن لەگەڵ قوتابخانەیەکی دیکە، یەعنی هەر قوتابخانەیەك میلاکی خۆی هەیە، چۆن ئەمە ئەخەیتە ناو جەدوەلەوە، چۆن ئەی هێنی، چۆن ئەم تەلەبانەی بۆ نموونە مامۆستایەکی بیرکاری بە دوو مامۆستا ئەڵێتەوە ئەمە، من پێشنیار ئەکەم چارەسەر بکرێت یان روونکردنەوەی تەواومان بداتێ لەسەر ئەمە، ئەو خاڵەی دیکەش دەڵێت لە هیچ دامەزراوەیەکی حکومی کرێی وانەبێژی بۆ هیچ مامۆستایەك ئەژمار ناکرێت ئەگەر تەواوی بەشەوانەکانی خۆی نەوتبێتەوە، ئەگەر مامۆستایەك (٢٠) بەشە وانەی نەوتبێتەوە بەڕێز وەزیر ئەگەر مامۆستایەك (١٨) بەشە وانەی وتویێتەوە (٢) بەشە وانەی نەوتویێتەوە یان (٤) نەوتبێتەوە چۆن تەعامول لەگەڵ ئەمەیا ئەکرێت، ئایا ئەمە نابێتە بڕینی هۆی ئەمە پێناچێت قاڵبی هەندێ جار بەکار بهێنرێت مدیرەکە لە کێشەیە ئیلا ئاخیری بەجۆرێك لە جۆرەکان بۆ تۆڵە کردنەوە چۆن ئەگەر بەشە وانەیەکی کەم بۆ ئەم مامۆستایە هەر مووچەکەی نادەیتێ، هیوادارم وەڵام بدەیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك دیاری ئەکەم بڕگەی (٢) لە ماددەی (٧٨) ئەوەی بۆی زیاد بکرێت بە مەرجێك بەینی جوگرافی لێك نزیك بێت ئەو شوێنە بڕگەی (٣) بەڕێز جەنابی وەزیر ئەمە ئەگەر لە شوێنی دوورە دەستەکان لە دێیەکان ئەم گرفتە چۆن چارەسەر ئەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر فتاح عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەبڕگەی (٢) ماددەی (٧٨) منیش بەراستی بە ئیشکاڵی ئەیبینم مامۆستایەك لە قوتابخانەکەی خۆی (٢٠) حصەی بڵێتەوە و بۆ نموونە بۆ (٢) حصەی بینێری بۆ دوو سێ کیلۆمەتر (٢) حصە بڵێتەوە، ئەمە هەر حصە نییە (٢) حصە بڵێتەوە یان نە مامۆستامان هەیە، (٢٠٠) یان (٣٠٠) تەلەبەی هەیە، مەجبورە بەو بەشە وانەکانەوە بیناسێت بچێت بۆ خوێندنگەیەکی تر تەعارف و منداڵەکان بیناسێت وەرەقە راست کردنەوەی ئیمتحاناتی لە

ئەستۆیە ئەرکەکە زۆر قورسە، بۆیە پشتگیری لە قسەکانی کاك دابان و شادی خان و کاك یاسین و کاك دیاری و ابوبکر ئەکەم و پێشنیارەکەشم رێك بەو جۆرەیە ئەگەر مامۆستایەك نەیتوانی گشت (٤/٣) بەشە وانەکانی تەواو بکات، بۆ نموونە مامۆستای بیرکاریمان هەیە، بەهۆی چوار پۆلییەو ئەتوانێت (٢٠) حصەی لە مەکتەبەکەی خۆی بڵێتەوە (٢) حصە ماوە ببەخشرێت لەوە، یەعنی ئەو (٤/٣) لەسەر رێژە دامناوە بۆ (٢٤) بەشە وانەی بنەرەتی (١٨) حصە ئەکات بۆ مامۆستایانی خوێندنی ئامادەیی ئەوانەی نزیکەی (١٧) حصە ئەکات ئێ بەسە مامۆستایەك (١٧) حصە بڵێتەوە لە حالەتی ناچاریا لێی قەبوڵ کەین، بۆیە من پێشنیار ئەکەم بکرێتە (٤/٣) ئەگەر نەیتوانی (٤/٣) کەمتر بوو قەیچی ئەکا با بنێردرێت بۆ مەکتەبێکی تر، تەبعەن ئەمە کێشەیەکی گەورەیە بۆ وانەکانی کۆمەڵایەتی بۆ بیرکاری و کیمیا و فیزیا رەنگە کێشەیەکی بەسیت بێت، مەسەلەن ئەبێ یەك رۆژ بینێری بۆ مەکتەبێ بەسەریەکەوە (٤) بیرکاری بڵێتەوە شتی وا ئەبێ قەد، یەعنی ئەگونجێت لە لای عیلمیەوە ناگونجێ، پاشان بۆ کۆمەڵایەتی ئەبێ بینێری بۆ (٢) حصەی مەکتەبێك دوورتر زۆر قورسە، ئەوە پێشنیاری ئەخیر بڕگەیەك زیاد بکرێت بە زنجیرەی پێنجەم مامۆستایانی نەخۆشی شیرپەنجەو خاوەن پێداویستی تایبەت تەنها (٥/٣) بەشە وانەکانیان بڵێنەوە ئەم ماددەیە تەقریبەن پاشکۆی ماددەی پێشووە ئەوە تەقریبەن هەندێك ئیستسنائی تیایە، ئەمە حەل ئەبێ من بیرم مابوو لەلای خۆشم نووسیبوو کە لێرە ئەو ئیستسنایە بۆ شیرپەنجەو بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت تەبعەن ئەبێ بڵێین دەتوانن وەکو دەرفەت پێیان بدرێ نەوەکو ئیجباری کەئیلا شیرپەنجە وانە بڵێتەوە، لەگەڵ ئەوە نیم مامۆستایەك نەخۆشی دەروونی هەبێ هیچ جۆرێك مامۆستا منداڵ ئامانەتە مامۆستا نابێ کێشەی دەروونی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

ئەز پشتگیری و پشتەڤنیا سەیدایێ عمر دکەم بۆچوونێت ویدا وەدیسا یا مامۆستا ابوبکری ئەڤە ئیزافەبیت بەمەرجێك مەوقفێ لێك نزیك بیت وەدیسا ئەز پێشنیارکەمەڤە (٧) سەعاتا ئەم سەیەك ێت رونیشتی یەك ساعەت تنێ مە بهێن ڤەدان یادای تەرکیزامە نەمان یەعنی ئەز داخازدکەم ئان رێستەکێ وەرگرین یان ژی بێەدواخستن بۆ سبەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو هلزخان

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

سەبارەت مادا (٧٨) دووەم تەبعەن بەعسی نیسابە تەکمیلە نیساب موشکیلەنینە حەق سەرمامۆستای بەس ڤێرێ ئەو بەرێزێت ئاماژە وێ هندێ کری کۆ مەوقع جوگرافی لێك نزیك بیتن ئەڤە لێبێتە ئیزافە کرنێ، چونکی مەهەبوون حاڵەتێت هۆسا گوندەکی (١٠) بەشە وانەت گوتن گوندەکێ دیتر (١٢) بەشە وانا پێ بێژیتن تەکلیفە بۆ ژبلی کۆ هزرێت مامۆستای سەر (٢)

قوتابخانـا تـاتنه دابەشـكرنێ بەرهنـدێ ئەگەر مەوقـع جـوگرافی لێـك نزیـك بـن حەقەكەو هـیچ مشكیلە سەرقێ ماددێدانینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو كاك شەمۆل.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمەش وەكو لێژنە لەگەڵ جەنابی وەزیر لەسەر ئەو ماددەیە زۆر گفتوگۆمان كـرد، چـونكە لەوانەیە لەئەمری واقع دا جێبەجێ كردنی زۆر ئاسان نەبێت، بۆیە پێشنیارەكەی مامۆستا عمر و مامۆستا هلز خان بە باش دەزانم یەعنی دەكرێـت گۆڕانكـارییەكی تێـدا بكرێـت كە بەو شـێوەیە بڕوات ئاسان نییە لە جێبەجێ كردنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مـاددەی (٧٨) بـڕگەی (٢) ئەوەی كە دەڵێـت لە دامەزراوەیەكـی حكـومی دیـكەدا كە تەواوی بكات، ئایا ئەگەر شوێنەكەی دوور بوو ئێستا پارساڵ من مامۆستام دەناسی لە ناو رانییە بەشـە وانەی هەبـوو ولە گونـدیش بەشـە وانەی هەبـوو ئایـا كرێـی هاتووچۆیـان بۆیـان سـەرف دەكرێت ئەوانە، چونكە لەوانەیە قورس بێت لەناو رانییە ئەو مەكتەبەی یەكەم كە دەرسی تێـدا دەڵێتەوە دوور بـێ لە شـوێنەكەی لەوانەیە بەو شـێوازە (٢) كرێـێ هـاتووچۆ بكەوێـتە ئەسـتۆی زۆربەی مامۆسـتای وانەبێـژ، لە رووی مـاددییەوە وەزعیـان بـاش نیـیە بەداخەوە، سـەبارەت بە خـاڵی (٣) كە دەڵێـت لە هـیچ دامەزراوەیەكـی حكـومی كرێـێ وانەبێـژی بـۆ هـیچ مامۆسـتایەك ئەژمار ناكرێت، ئەگەر تەواوی بەشە وانەكانی خۆی نەوتبێتەوە ئەبێ بەڵـگەی پـێ بێـت، یەعنـی بەڵگەی سەلمێنەری پێ بێت، كە نەیتوانیوە بۆ نموونە قاچی دەشكێ یـان رووداوێكـی ناخۆشـی بەسەردێ یەعنی لەو حالەتانەدا چی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ئالان حمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەو تێبینـیەی كـاك یاسـین دەسـت پـێ ئەكەم بەراسـتی مـن پەرلەمـانم قفـل نەكـردووە بەس موجەرەد حەقم هەیە، تەوزیح بدەم دواجار نە دەنگ ئەدەم لەسەر ئەم مەشـروعە مەشـروعەكە لە پەرلەمانەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەكان چۆن دەنگی لەسەر بدەن ئێمە ئەوا جێبەجێ ئەكەین، من بەس لێرە بە گوێرەی پەیڕەو تەوزیح ئەدەم، سەبارەت بە كاك دابان وە ئەو تەوزیحانەی مـن ئەیدەم یەعنی حەقێكی خۆمە لە ڕەوانگەیەوە بەرپرسـیاری یەكەمـی وەزارەتەكەم، ئەوەی كـاك دابان ئەڵێت ئەو مـاددەیە هەرەشـەیە بە عەكسـەوە ئەو مـاددەیە رێگـرییە لە گەنـدەڵی، یەعنـی بەراستی هیچ هەرەشەیەكی تێدانییە ئەڵێت با تەوزیح بـدەم لە هـیچ دامەزراوەیەكـی حكـومی

کرێی وانەبێژ بۆ هیچ مامۆستایەك ئەژمار ناكرێت كە تەواوی بەشە وانەكانی خۆی نەوتبێتەوە، بۆ نموونە ئالان مامۆستای کیمیایە (١٠) بەشە وانەی وتوەتەوە (١٢) بەشە وانەی ماون چۆن مامۆستایەکی وانەبێژیان داناوە ئێ خۆ ناکرێت حکومەت بێ خەڵك بكات بە بن دیوارو بچێ ملیونێك و پێنج سەد هەزار دینار بداتە مامۆستایەك و لەولاوە وانەبێژێك بچێ بە (٤٠٠) هەزار دینار هەموو ئەزیەتەکەی بۆی بکێشێ و بۆ مامۆستاکە دەرس بڵێتەوە، ئەمە ناکرێ ئەمە ڕێگرییە لە گەندەڵی ئەمە نەزمانی هەرەشەیەو نە توندە، لەبەرئەوەی لەهیچ دامەزراوەیەکی حکومی ئەگەر مامۆستا بەشە وانەکەی خۆی تەواو نەکات ناتوانێ وانەبێژێك دابنێ وەك ئەوەی لە شوێنی موەزفێك ناتوانی موەزفێکی دیکەی دابنێی بڵێ با ئەو موەزەفە با ئیش نەکا موەزفێکی دیکە با لە جێگای ئیش بکات، سەبارەت بە مامۆستای میلاك لە هیچ دامەزراوەیەکی حکومی کرێی وانەبێژی بۆ هیچ مامۆستایەك سەرف ناکرێت ئەگەر تەواوی بەشە وانەکانی خۆی نەڵێتەوە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کرێی وانەبێژی تەنها بۆ مامۆستای وانەبێژە وای لێ ئەکەین وازح بێت بەڵێ فەرموو وەزیری پەروەردە.

**بەڕێز ئالان حمه سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە بارگرانییە ئەگەر تۆ مامۆستایەك تەکمیلەی پێبکەی چی جوابی ئەو مامۆستایانە ئەدەنەوە کە (٢٤) بەشە وانە ئەڵێنەوە لەو فەرزنا واحساب کەین یەك و (٢٠٠) هەزار وەرئەگرێ وەمامۆستا هاورێکەشی لە هەمان قوتابخانە بە بەرچاوی ئەوەوە (٤) بەشە وانە ئەڵێتەوە هەمان پارە وەرئەگرێت، ئەمە ناعەدالەتیە دەبێ ڕێك بکرێتەوە مامۆستاکان خۆیان ئەو ناعەدالەتیان قبووڵ نییە، لەبەرئەوەی خۆیان ئەوانەی کە لەژێر بارو لەژێرفشاری کە بەشە وانەی خۆیان ئەڵێنەوە ئەوا ئیلتزاماتی خۆیان بەجێ ئەهێنن ئەوان حەز ئەکەن هاورێکەی خۆیان لە قوتابخانە لە گەڵیایەتی وەکو ئەو معاش وەرئەگرێئەو لە هەفتەیەکا (٤) سەعات دەرس ئەڵێتەوە ئەو (٢٤) دەرس بڵێتەوە، ئەمە ڕێگرییە لە نا عەدالەتی، بۆ ئەوەی دادپەروەری لە نێوان مامۆستایان جێبەجێ ببێ ئەوەی مژدەخان ووتی بەڵێ موستەحەقاتی ....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەبێ ئەو قسەی خۆی تەواو کات چۆن ئەبێ لە ناو قسەی خەڵکا قسە بکەی (١٠) کەس قسەی خۆی کردووە، سەبرتان هەبێ با قسەی خۆی بکات، بەڵێ فەرموو وەزیری پەروەردە.

**بەڕێز ئالان حمه سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی مژدە خان ئاماژەی پێدا موستەحەقات بەڵێ بۆ مامۆستایەکی وانەبێژ (٢) لە قوتابخانەیا دەرس بڵێتەوە ئەو ڕێکارانەی لە مانگی (٨) ئەگەر لە خەیاڵم بێ لە ٨/١١ دەرمانکردووە لە وەزارەتی پەروەردە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر وای لێبکەین بەڕێز وەزیری پەروەردە نەصەکە لە هیچ دامەزراوەیەکی حکومی کرێی وانەبێژ بۆ هیچ مامۆستایەکی دیکە ئەژمار ناکرێ، ئەگەر میلاك تەواوی بەشە وانەکانی خۆی نەوتبێتەوە، ماددەی دوای ئەو بخوێنەوە.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧٩):

یەکەم: وتنەوەی وانەی تایبەت لەلایەن مامۆستای دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاری حکومییەکاندا لە دەرەوەی قوتابخانە لە بەرامبەر پارەیەك یان قەرەبوویەکی تر قەدەغەیە جگە لە هەلومەرجەی لە بەندی دووەمی ماددەی (١٤٧)ی ئەم یاسایەدا هاتووە.

دووەم: ئەو مامۆستایەی سەرپێچی بەندی یەکەمی ئەو ماددەیەی کرد سەرەتا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار بە نووسراو ئاگادار دەکرێتەوەو لە کاتی دووبارە کردنەوەی سەرپێچییەکەی بە گوێرەی سەرپێچی کارپێکراوەکان یەکێك لە سزا کارگێرییەکانی بەسەردا دەسەپێت.

سێیەم: بەکارهێنانی ناوی دامەزراوەیەکی حکومی بۆ کاری بازرگانی لەلایەن دامەزراوەی ناحکومی یان کەسانی دیکەوە قەدەغەیە.

چوارەم: پرۆگرامەکان و کتێبەکانی خوێندن ماف و خاوەندارییەتی دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەت وە بەهیچ شێوەیەك نابێت بەبێ فەرمی وەزارەت کورت بکرێتەوە یان دەستکاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان مونا خان ناوەکان بنووسە، شێرکۆ جودت مصطفی، اسماعیل علی طە، عمر عبدالله فتاح، مژدە محمود محمد، هلز احمد محمد، دیاری انور حمە رحیم، گولستان سعید حمد، دابان محمد حسین، عثمان کریم سوارە، شیرین امین عبدالعزیز، گۆران عمر علی، ژیان طاهر احمد، مەم برهان قانع، فەرموو ژیان خان.

**بەڕێز ژیان طاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧٩) بڕگەی (١) دێری کۆتایی نووسراوە کە جگە لەو هەلومەرجە تایبەتانەی لە بەندی (٢)ی (١٤٧) ئەم یاسایەدا هاتووە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە ماددەی (١٤٧) ئەم پرۆژە یاسایە هیچ هەلومەرجێك نەنووسراوە ئەو هەلومەرجانەی باسی لەسەر دەکرێت لە نوسخەی کۆندا هەبووە نوسخە ئەسلیەکەدا هەیە، کە حەوت بەندە، بەڵام لەم ماددەیەدا هیچ هەلومەرجێك تێدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دەبێت پێداچوونەوە بکەن بۆ ژمارە ماددەکان، چونکە هەندێ ماددە لادراوە لەبەرئەوە تەرقیمیش هەندێ گۆڕاوە، دەست خۆش بۆ تێبینیەکەت، بەڕێزان چەند کەس لەگەڵ قسەکەی ژیان خانە، کاك مەم تەرکیزمان دابێ کاك دیاریش ئەوەیە کێ تر گوڵستان خانیش ئەوەیە شیرین

خانیش هەر ئەوەیە کێی تر بەرێزان هلز خانیش دکتۆر شێرکۆ کێ شتێکی جیاوازی هەیە، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێجگە لەو تێبینییەی کە وترا ئەڵێ وتنەوەی تایبەت لەلایەن مامۆستایانی دامەزراوەی و پەروەردەو فێرکاری حکومییەکانە لەلایەن دەرەوەی قوتابخانە لە بەرامبەر بڕە پارەیەك یا قەرەبوویەکی تر قەدەغەیە، یەعنی ئەمە بۆ ئەو پەیمانگانەی کە دەورات ئەکەنەوە لە هاوینانە بەرامبەر بڕە پارەیەك دەورەی تەقویەیە دەرس کردنی ئاستی خوێندکارەکانە هەندێ خوێندکار هەیە، مەسەلەن پێش بچێت لە شەشی ئامادەیی دەرس وەرئەگرێ پێش ئەوەی هەرخۆی ئایا ئەم ماددەیە بەسەر ئەو پەیمانگانەی مامۆستایانەش جێبەجێ ئەبێ یان نە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧٦) خاڵی (٢) ئەڵێت ئەو مامۆستانەی سەرپێچی بەندی یەکەمی ئەو ماددەیەی کردووە، سەبارەت بەو بەشە کارگێرییە سزای کارگێری ئایا ئەگرێتەوە، مامۆستا هەیە ئەسیلە ئەفرۆشێت مامۆستا هەیە مەسەلەن بۆ نموونە لە زۆربەی تەلەبە بیستومانە کە بە پارە دەرچووە ولەگەڵ ئەوەشا هیچ مەعلوماتێکی نییە، قۆناغەکانی خوێندنی بە پارە بڕیوە، ئایا سزای بۆ ئەو مامۆستایانە دانراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو عثمان .

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧٩) بڕگەی (٣) بەکارهێنانی ناوی دامەزراوەیەکی حکومی بۆکاری بازرگانی من پێشیاردەکەم ئەمەشی بۆی زیاد بکرێت، کاری بازرگانی و بەرژەوەندی شەخسی لەلایەن دامەزراوەی ناحکومی یان کەسانی دیکەوە قەدەغەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (١) ئەم ماددەیە هەم باشەو هەم خراپە، ئەو کاتەی کە مووچەی مامۆستا باش بکرێ وە مامۆستا مورتاح بێ پێویستی بە ئیشی دووەمی نەبێ ئۆ تەنانەت ئەمە لە قانوونەکانی مەبدەئی بەرکاریشە هەروایە، یەعنی هیچ موەزفێکی حکومی بۆی نییە کارێکی تر بکات لە راستیا، بەڵام ئێمە ئەزانین لە هەرێمی کوردستان مامۆستا بە (٥٠٠) هەزار و بە (٧٠٠) هەزارو تەنانەت بە ملیۆنێکیش لە سەنتەرەکانی شارا ناژیت، لێرەش دەستی ئەبەستیەوە ناهێڵی هیچ

ئیشێکی تر بکات، تەنیا لە دامەزراوە ناحکومییە، کەواتە رێك بەدەستی خۆت ئەو مامۆستا بەتوانانە کە هەن لە دامەزراوەی حکومییە دەرئەکەی کە بچن بۆ دامەزراوەی ناحکومی، یەعنی نەتیجەکە رێك ئەوەیە ئەو قوتابخانە حکومییەکان بهێڵێت کە ئەمە یەکێك لە کێشەکانە لە کوردستان بەراستی کە جۆرێك پشتگیری بە دامەزراندنی حکومی، من پێشنیار ئەکەم ئەم ماددەیە بە موتلەق نەبێ لەکاتی وەرزی خوێندنا بۆ نەبێت وانەی تایبەت بلێتەوە با لە پشووی هاوینە مامۆستایەك سەربەست بێت دووەمانگی هاوینەکەی سەرقاڵی وانە وتنەوە بێت، خاڵێکی تر بڕگەی (٥) زیاد کەین لەم ماددەیە ئەویش ئەوەیە مامۆستاو فەرمانبەری حکومی مافی گواستنەوەی هەبێت، بۆ دامەزراوەیەکی ناحکومی پەروەردەیی بەپێی یاسایی کار کە ئەمە زەمانی ئەوە ئەکات کە عیلاقەیەکی تەندروست هەبێ لە نێوان قوتابخانەیەکی دامەزراوەی پەروەردەیی حکومی لەگەڵ ناحکومی، تۆ ئیختیار ئەدەیە دەست ئەوەی دڵی لای دامەزراوەی ناحکومییە، من ئێستا ئەزانم بەپێی یاسا مامۆستا لە دامەزراوەی حکومی کەچی لەولا بەفعلی مدیری قوتابخانەیەکی ناحکومییە، یەعنی بەفعلی لەپشت قوتابخانە ناحکومییەکەوەیە، بۆ ئەوەی ئەمە نەهێڵین کێ ئەوەی بە ئاشکرا لە حکومی بمێنێتەوە کێش هەیە بچێتە ناحکومی بەپێی یاسایی کار دەرفەتی پێبدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧٩) برگەی (٣)هەمان پرسیاری کاك بەڵێنم هەیە، کاری بازرگانی چییە ئەمە یەك، دوو ئەم کارە کە کاری بازرگانییە کارێکی خراپە، بەڵام کە ئەوەی ئامـاژەیی پێکراوە نووسراوە قەدەغەیە چییە یەعنی ئەگەر سزایەکی موعەینی هەیە، بالێرە بنووسرێت، یەعنی یاسای کارپێکراو هەیە، با ئاماژەی پێی بکرێ بۆ نموونە ئەگەر کاری بازرگانی کرا هەر قەدەغەیە کرا چییە، یەعنی ئەمە تۆ ووتت قەدەغەیە، بەڵام ئەی گەر کرا ئیجرائاتەکە چییە ئاماژەی پێبکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی کاك عمر دەکەم قسەکانی من لەلایەن ئەوەوە کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆچی نزا ئەم دێ بەپێت مامۆستای بەتەنگ کەین ئەم زانین مامۆستا ئەڤە چەند ساڵە قوربانیا دەت بەس ئەم شێین چارسەر کەین ئەگەر خۆ دەرسێ تایبەت وانێت تایبەت ئیشکالەك هەبێت

ئەم شـێین چارەسـەر کەیـن ئەم بێـژین وتـنەی وانە تـایبەت لە لایەن مامۆسـتای دامەزراوە قەدەغەیە بۆ قوتابیەکانی ئەو خاندنگەها کە تەنها ئەما تۆ تەمامەن مەنع کەی دەرسێ خسوسی بۆچی مهندس پشتی دەوامێ مەکتەبا ئیستشاری ڤەت کەت و بۆ خـۆ ئـیش کەتـن دکتـور یـێ چیتە دەوامێ و ئێڤاری یـێ تێت عیـادێ ڤەت کەتـن بۆخـۆ میهەنـیـە سەحییە چنە دەوامـێ و ئێڤاری تێن بۆخۆ عیادێت خۆ ڤەت کەن دێ بۆمە مەدرسێ هێتە مەحروم کرنێ ژڤێ ئەوێ دیـێ و مەعلم ئەگەر تەربیێ و ئەم شیاباین هند مـووچەکێ وەساو راتبەکـێ دابـایێ مـنەت کربـا ئەز باوەرناکەم چ مامۆستا بۆ خوشێیت خۆ دەرسێت خسوسیبدەت چ مامۆستا بۆ خۆشیا دلـێ خـۆ دەرسێن خسوسی نادەن بەس چنکی پێتڤینەو موحتاجن وێجا ژبەرهندێ ئەزبێژم بەس بلابێـتە مەنعەکرن نەفسێت قوتابییێت مەدرەساخۆدا گەنـدەلی چـێ نەبیـت، یەعنـی ئەو ئەز مەدرەسـێ فلان مەدرەسێمە یا مەدرەسا نابیـت ئەز دەرسـێت خسوسـی دەمەف قوتابییـێت فـێ مەدرەسـێ ئەما مەردەسەکادی بیتە ئەگەرێ هندێ ژیانا عەیالێ من خۆش ببیت بۆچیە دێ ڤێ مەنعـێ کەن ئەز بێژم بلانێ بەس بلارێگە مەدرەسێ بێتە گرتن نەفسێت مەدرەسا خـۆدا دەرسـێت خسوسـی نەدەت بۆ قوتابیێت خۆ ئەما بۆ قوتابیێت مەدرەسەکادی وەکۆ مهندسا وەکـۆ دکتـورا وە زەمـین مسـاحییە وەکـۆ گەلەك میهەنـێ دی دەف ئەڤە باشـترە ودێ پتـر فایـدێ قوتابیـاژی بیـتن و مەدرەسادابیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو هلز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧٩) قەدەغە کرنا ماددێت تـایبەت ئیجابـات و سـلبیاتێت خۆێـت هەی ئەم زانین هندەك تازە ێت بۆینە تاجر ئیحتماڵە درس دەرسا خۆ نابێژن دێچیتن بۆ تەلەبـێ خسوسـی گریتن بۆ هندێ دەولەمەندبیتن ئەڤە سڵبیاتن ئیجابات ژی ێـت هەی بـارۆدوخێ مامۆسـتا نەیـێ باشـە (٥٠٠) هەزار و (٦٠٠) هەزار نەشـێت مەعیشـەتێ خـۆ بـدەتێ حکـومەتێ قەتعـێ نـادەتێ حکومەت پلە بەرزکرناوی یا راگرتی حکومەتێ مافێن وی ێت دراستایی نەداینێ دێ چاوا شـێتن بۆ خۆ خانی کریتن یان خانی ئاڤاکەتن عەیـالی خـۆ فرێکەتـا مەدارسـا مەسـاریفاکەتن بەرهنـدێ ئەف قەدەغەکـرنە مـوتلەقی ئەز گەڵ دانیـنم یـادیترژی دایـی و بـابێ تەلەبەی یـێ هەی یـێ دەولەمەنـدە ئەگەر کـوڕێ وی یـان کچـاوی قەتابخـانەیەکێ بیـت مامۆسـتا وانـێ بـۆت بێـژیتن ئاسـەتنگێ پێتڤـی نەبیـتن دێ کـاریگەریێ کـوڕێ وی کەتـن یـان کچـاوی کەتـن خـاس مەعـدەڵی ناچاربیتن بچت مامۆستایەکێ وانا تایبەت بۆ بگرتن بۆ هندێ کۆ ئاسـتێ وی قوتـابی بڵـند کەتـن ژبەر هنـدێ ئەف ئەوێـدیا هەنـێ پرسـیارەکێ جەنـابێ وەزیـری ئایـا ئەگەر مەنـوکە گـوت وانـا قەدەغەکر دێچڵ سەنتەراکەین باشە سەنتەرا سەنتەرهەنە نوکە سەنترێت هەیی هێـز کرنـا وانـا ئەو سەنتەرێت هەیژی ئەف مامۆستاێت چنە وێرێ هەر ئەو قوتابێت خۆ بەنە وێرێ باشە دێچڵ دەرکرنا مەرزەما کەین جەنابێ وزیری کـو نـۆکە رەخ قوتابخانـا ئیعـدادیەت کـاوە کـۆ مەزنتـرین ئیعدادیە لی دهۆکێ رەخ وێڤە هەتا دەرێ هەمی ئەوێ بۆینە پەرتوك خانەو مەرزەمەنەو دەهـان مەرزەمەێت هیدان هاتی راسـتە چـوارەم دا بەعسـی پرۆگرامـێ خانـدنێ هـاتیە کرنـێ لـێ لازمە

سەریعی دەرکرنا مەرزەماژی بکەن کۆ (٣)وەزارەت بێ مەعنینیە جەنابێ وەزیری وەزارەتا پەروەردێیە وەزارەتا ناف خۆیە وەزارەتا رەوشەنبیرییە ئەگەر ئە وخالا (١) هاتە پەسەندکرنێ پێتڤییە قەدەکرنا مەرزەماژی چونکی حەقیقەت ئەو تۆشی مەشاکلات بیتن پۆلا (١٢)مەنهەجێ کیتابێ قوتابی دێ چت مەرزەمێ خینیت مەرزەمەژی ئیشتهادا مامۆستایە احتماڵە تشتەکێ تێدا گوتی ئاریشەدێ تێدا پەیدابن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە ووتەکانی دکتۆر اسماعیل ئەکەم لەگەڵ مامۆستا هلزخان ئەوەی بەندە دووەمی ماددەی (١٤٧) باسکرا کە بەندی دووەمی نییە، بەڵام پرسیارێك لەسەر ئەوەی کە ئەڵێن لە بڕگەی (١) لەم ماددەیە ئەڵێن لە دەرەوەی قوتابخانە ئەی لە ناوەوەی قوتابخانە، یەعنی ئێستا لەم بڕگەی (١) مەنعی دەرەوەی قوتابخانە ئەکەین کە چالاکی تایبەتی تێدا بکات ئەی لە ناوەوەی قوتابخانە جوابێکم دەست کەوێت لەوەیە حەلی وەسەت کە حقوقەکە دەست کەوێت هەم ئەوەی کەلێی ئەترسن ئیستغلال بکرێن تەدریس بۆ بازرگانی یان بۆ ئەوان لەسەر حسابی هینی حکومەت حەل ئەبێ کە لەکاتی پشووەکانا بۆ قوتابی غەیری ئەو قوتابخانەیان بتوانێ، یەعنی لە کاتی بڵێت عوتلەی هاوینە بتوانێت دەرسی تایبەت بڵێتەوە قوتابی غەیری قوتابخانەکەی خۆی، پێم وایە ئەمە حەلێکی وەسەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو (١٤٧) و (١٣٥)ە بەڕێزان. سوپاس فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، وێڕای پشتگیریم لە قسەکانی مامۆستا عمر کاك دابان هلز خان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لەم پرۆژەش ئەم سەرنجە هەبوو، هیوادارم لە ڕەچاوکردنی لە مولاحەزەکان ڕەچاوی قسەکان بکەین هەوڵدەین هەرجارەو کەسێك بێت، مەسەلەن هەندێ جار بڕگەیەك ماددەیەك لە مولاحەزەیەك هەڵدەگرێت دوای کە کران قسەکان دوایی ناچاری پشتگیری بکەی، یان دووبارە قسەکانی بکەی، بۆیە لەم پرۆسەیە زۆر هین نەبین وە خەڵکیش ئامادەی ئەوەی تێدابێت، بڵێت پشتگیری ئەوە ئەو ئەکەم، یەعنی یان قسەکانم کراو هیوادارم ئەو تەنەوعە دروست کەن هەمووجارێك بۆ نموونە هەرجارێك کەسێك لە پێشا قسەبکات لەسەر پرسی مامۆستای خصوصی یەعنی ئەم بابەتە بابەتێکی گرنگە، بەس ئایا چۆن تۆ قەدەغە دەکەی، یەعنی بەناوی جیاواز لە پەیمانگاو شوێنە مەسەلەن بلێین نا فەرمیەکان ئەگەر لە مۆئەسەسە نەکاریت ئێمە ئەزانین مامۆستایەکی زۆر هەیە، تایبەت ئەگیرێن لە ماڵەوە، یەعنی چۆن تەعامول لەگەڵ ئەمەیە ئەکەین، پێم وایە جێبەجێ کردنی لە ئەرزی واقیعە قورسە، بۆیە من ئەو پێشنیارەی مامۆستا عمرم پێ باشە سالانیش هەبوو یەعنی ئەو کاتانە بێت کە وەرزی خوێندن نییە ئەمە یەکەم، دووەم ئەمەی بەهێزکردن لە بڕی ئەوەی خولی بەهێزکردن بکرێتەوە

مامۆستای تایبەت بگیرێت گرنگە وەزارەتی پەروەردە بیر لەوە بکاتەوە خۆی وسیستەمی خۆی بەهێز بکات تاوەکو مامۆستا نەچێت بۆ پەیمانگا خوێندکار نەچێت بۆ پەیمانگاو مامۆستای دیکە بگیرێت و ئیلا، ئاخیری خاڵی چوارەمی ئەم ماددەیە بەڕێز وەزیری پەروەردە لە ئەرزی واقیعە چۆن تەعامول لەگەڵ مەلزەمە ئەکەن منیش لەگەڵ مەلزەمە نیم، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە لە کۆتایی بڕگەی (٤) ئەڵێت بەبێ فەرمی وەزارەتێك ئەگەر کورت بکرێتەوە یان دەستکاری بکرێت مەبەستی لە پرۆگرام و کتێبەکانی خوێندنە، باشە ئەگەر بەشێك مامۆستای بەشێك بە پێویست نەزانێت یان مامۆستایەك زۆر جار هەندێك لەو مەنهەجەی بەشێك کێشەی خوێندنی ئێمە زۆری مەنهەجە، مەنهەجەکە زۆر زۆرە لە بڕی ئەم قەدەغەکرنە یەعنی پرسیارێك هەبە، ئەم مەلزەمە بۆ هاتووتە ئاراوە، ئەم کورتکردنەوەی بۆچی هاتووتە ئاراوە، کێشەیەك هەیە لە مەنهەجە ئەم مەنهەجە پێویستە وەزارەتی پەروەردە پێش قەدەغە کردنی کورتکردنەوەکەی یەکەم شت هەوڵبدات خۆی مەنهەجی خۆی ئەگەر پێی وایە هەندێ شتی تێدایە زەروورنییە هەندێك کورت بکاتەوە سیستەمی خوێندنەکەی خۆی چاکی بکاتەوە، چۆن لە ئەرزی واقیعە مامۆستایەك بە قوتابییەکانی ئەڵێت ئەم بەشە گرنگ نییە ئەم چەند هینە سەعی تێیدا مەکەن ئەی چۆن تەعامول لەگەڵ ئەمە ئەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو وەزیری پەروەردە.

**بەڕێز ئالان حمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە ماددەی (٧٩) خاڵی (١) بەراستی هەر لەناو وەزارەتی پەروەردەش دوو تەوەر هەبوو بۆ خۆم ئەوەنە بێت لە مەسئولیەتێك دەرچم تەحەمولی مەسئولیەتەکە ئەکەم، بەڵام من بەخۆم لەگەڵ ئەوەنیم پێم وایە ئەو بابەتە لە ئەرزی واقیع قورسە، ئەو وانانەی خسوسی تۆ قەدەغەی بکەی لەبەرئەوەی ناکرێت تۆ لەهەر بەردەرگایەك پۆلیسێك دانانێیت، خەڵك ئەگەر مامۆستای بۆ منداڵی خۆی گرت وەئەمە ناچێتە بواری جێبیەجێ کردنەوە وپشتگیری ئەو پێشنیارەی برایی بەڕێزم مامۆستا اسماعیل ئەکەم کە دیاری کەین لەلایەن کەم سیاغەیەکی باشتری بکەینەوە دیاری بکەین کە بۆ قوتابیانی قوتابخانەی خۆی قەدەغە بێت، چونکە یەعنی ئەو مامۆستایەی خۆی نەچێتە ماڵەوە دەرسی خسوسی پێی بڵێت کەواتە بەڵێ خەلکێك لێرە هەیە، ئەبێ ئەو مامۆستایە واجبەکەی خۆی لە ناو قوتابخانەکەی خۆی باش بەجێ نەهێناوە بچێت لە ماڵەوە دەرسی پێی بڵێتەوە، بەس ئەوە رەئی من ئەوەی کاك اسماعیل پێشنیاری کرد گونجاوە باشە ئەگەر تەمەنای ئەو بکەین بابەتەکە چارەسەر ئەکات ئەگەرنا لە ئەرزی واقع تۆزێك قورسە، ئەوەی کاك گۆران فەرمووی بابەتی پرسیارو سزا ماددەی (٨٨)کە گۆران ئاماژەی پێدراوە ئەگەر گەیشتینە سەر ماددەی (٨٨)بە تەفاسیلەوە باس ئەکات، ئەوەی مامۆستا عمر باسی کرد بیداتەکەی ئەویش وەکو مامۆستا اسماعیل هێنای، بەڵام دواتر لەگەڵ ئەوەی ناحکومی تێکەڵ بوو لە قوتابخانە ناحکومییەکان مامۆستای حکومی بێ هەیە، بەسێ وانەش دەرس بڵێتەوە دوای لە یاساکە پێی ئەگەین شێوازی عارەق خواستن مۆڵەتی بێ مووچە تەواو کردنی نیسابی خۆی هەیە، دوای تەواوکردنی نیسابی خۆی بچێت لە قوتابخانەیەکی

ئەهلیش دەرس بڵێتەوە، بەڵام بە ڕێژی (٨٠%) و (٢٠%)کەلە یاسای ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠١٢ ی پەرلەمانی کوردستان بۆ قوتابخانە نا حکومییەکانیش ئەو کاتەش ئاماژەی پێدراوە لێرەش ئاماژەی پێدراوە، سەبارەت بەوەی کاك دابان پرسیاری کرد مەبەست چییە لەوکارە بازرگانییەکان کاك دابان زۆرجار قوتابخانەیەکی ناحکومی بۆ ئەوەی قوتابی رابکێشێت بۆلای خۆی مامۆستا دابان لە قوتابخانەی کوردستانی حکومی ئەم ساڵ مامۆستای ئێمەیە ئەمە بەکارهێنانی ناوی موئەسەسەیەکی حکومییە بۆ تەوسیع کردنی بازرگانی خۆی، تۆ دەکرێ مامۆستا دابان ئەگەر ئیعارەیە لەلای تۆ دەکرێ ناوی مامۆستای دابان بهێنی، بەڵام ناکرێت بەس باسی ناوی موئەسەسەی حکومییەکەی بکەی ئەو قوتابخانەیە بۆ نموونە لە هەولێرە قوتابخانەیەکی زۆر باشە تۆ بازار پەیداکردنی خۆت لەسەر ناوی موئەسەسەیەکی حکومی ببینی دەکرێت بەو ڕێگایانەی کە ڕێگە پێدراوە کارەکانی خۆت بکەی، مامۆستا هلزخان فەرمووی بۆ سەنتەر هەیە، سەنتەرەکان ڕێگە پێدراون ڕێنماییمان هەیە، ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ ژمارەی (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ هەمانە (٢) ڕێنمایی لە وەقایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە نزیکەی حەوت هەشت هەزار گەنجی ئەم وولاتە لەسەر ئەو سەنتەرانە کارئەکەن، بەراستی هەموویان مۆڵەتیان هەیە، خاڵی مەلزەمە زۆر بە سەریعی مەبەستەکەم عیبارەی مەلزەمەیە کە ئەڵێت چی پرۆگرامەکان و کتێبەکانی خوێندن، یەعنی حقوقی مولکی یە ماف و خاوەندارەیەتی دەگەرێتەوە بۆ وەزارەت بە هیچ شێوەیەك نابێ بە بڕیاری فەرمی وەزارەت کورت کرێتەوە، یان دەستکاری بکرێت کاکە دیاری من ڕێزم هەیە، مامۆستا دیاری چی باشە بخوێنیتەوە چی باش نییە نەیخوێنیتەوە، چونکە هیچ کەسێك لەو مامۆستایانەی وانە ئەڵێنەوە پسپۆری مەناهج نین تابزانی چی دائەنێن بۆ قوتابیان ئەو کتێبانە بەسیلسیلە دانراون، ئێمە وەختی خۆی بابەراستی تۆزێك من بە سەریحی بڵێم بۆ هەموو ئەوانەی کە نیگەرانیش ئەبن لە ئەمانە وەختی خۆی زۆربەمان قوتابی بووینە مامۆستا لە پۆلەوە واجباتی پێی ئەنووسینەوە ئێستا لە پۆلەو مامۆستا واجیات نانووسیتەوەو مەلزەمەکەی ئەو بکرێت،مەلزەمەکە چییە هەر کتێبەکەیە خۆ شتێکی لێی زیاد نییە بەس کورتی کردۆتەوە، یان ئاسانی کردووە لەبەرکردن یان دیارە کە ئەو کتێبە کە دانراوە چۆن ئەیەوێت مێشك هەژان بۆ قوتابییەکە دروست بکات نەك بەوەی شێوازی تەقلیدو خاڵبەندی بخەیتە بەردەستی قوتابی و دەرخی کاو لەبەری کات ئەیەوێت بیر بکاتەوە، لەبەرئەوە خاڵی چوارەم ئاماژە بەئەوەدا حەقی هیچ کەسێك نییە کتێبەکانی خوێندن دەستکاری کات کورتی بکاتەوە هەر مامۆستایەك تێبینیش لەسەر هەر پرۆگرامێك هەیە، هەڵەی تێیدایە دەیەوێت کە پێشنیارەکانی خۆی لەڕێگای سەرپەرشتیاری پەروەردەییەوە بدات بەبەرێوەبەری گشتی پرۆگرامەکان دراسە دەکرێت، لەبەر ئەوە کارێکی گرنگە ئەگەر ئێمە لەم پەرلەمانەوە بە قانوونەوە بە قانوون مەلزەمە مەنع کەین بەراستی عائیلەکان گیرۆدە بوون بەدەستی مەلزمەوە، هەر ماڵێك ڕا ئەکات تەلەبەی پۆلی (٩)ی هەبێ بای (٢٠٠) هەزارو (٣٠٠) هەزار مەلزەمە بۆی بکرێت ئەی باشە کتێب هەیە، ئەم کتێبە دانراوە مامۆستا ئەبێ ئەم کتێبە بڵێتەوە وەکاری مامۆستاشە لەناو قوتابخانەکە بە قوتابییەکان بنووسێتەوەو وەکو جاران بەراستی وە کاتیشی هەیە، دەبێ ئەو کاتەش بدات بە قوتابییەکان ئەوە بنووسنەوە یان ناکرێت بڵێت من لە گرووپێکی فایبەر دائەنێم تێبینیەکان وەکو جاران

دەرسی خۆت شەرحی ئەکەیتەوە وەکو جاران تێبینیش قوتابیەکان دەفتەریان هەبوو ئەیاننووسی، ئێستا نەقوتابی ئەنووسێتەو تێئەگەی ئەبێ عائیلەکەشی راکات، چوار پێنچ مەلزەمە لە چوار پێنج شوێن بکرێت بەراستی ئەمە گرنگە قەدەغەی کەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بەڕێزان ماددەی دوای ئەومان بۆ بخوێنەوە، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری (١٤) لێژنەکانی قوتابخانەو خوێندنگەو پەیمانگە حکومییەکان

ماددەی (٨٠):

یەکەم: لەگشت قوتابخانەوە خوێندنگە کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی و پەروەردەیەکی حکومی بە بڕیاری بەڕێوەبەرەکەی ئەم لێژنانە پێك دەهێندرێت:

١-لێژنەی دڵنیایی جۆری لێژنەی تاقیکردنەوەکان.

٢- لێژنەی وردبینی کردنی نمرەکان.

٣- لێژنەی کارگێری.

٤- لێژنەی هونەری و کاروباری وەرزشی و هونەری و ئەدەبی و چالاکییەکانی.

٥- لێژنەی ژینگەو پاك و خاوێنی بە دواداچوونی تەندروستی.

دووەم: هەرلێژنەیەکی دیکە بە پێویست دەزانێت و دامەزراوەکانی لێی ئاگادار دەکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان کێ ئەیەوێت قسەبکات لەسەر ئەم ماددەیە؟ محی الدین حسن یوسف، شێرکۆ جودت مصطفى، اسماعيل علی طە، هلز احمد محمد، گولستان سعيد حمد، شیرین امین عبدالعزیز، چیا حمید شریف، بهجت علی ابراهیم، گلاوێژ عبید عثمان ، ابوبکر عمر عبدالله، مژدە محمود محمد، فەرموو کاك بهجت.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

سەبارەت ماددێ (٨٠) بەعس لە دروستکرنا لێژنا کەتن لە قوتابخاناو خوێندنگاو پەیمانگێت حکومی دەست خۆشی لێت کەین لێژنێت باشێت دانای بەس رەعیامن لێژنەکا گەلەك گرنگ گەلەکا میهم تێدانینە پێشنیارکەم ئیزافە کەنە سەر ئەڤێ لێژنا بەدواداچوونا مەرجەکانی تەندروستی فرۆشگایەت قوتابخاناو یان خوێندنگەکان چونکە ئەم بینین رۆژانە یان هایڤانە مەگولێت بیتن تەلەبە تەسەموم بۆ چێت بیتن پێویستە ئەف لێژنەیە زەroورە وە گرنگە تێداهەبیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

د ماددا (٤٢)دا كۆمەلێك مناقشەك زۆر سەركرد بەعس هاتەكرنێ كۆ ئەو رەفتارێن نەشیاو وەكو كێشانا جگاراو چەك و رەفتارێن كۆ دژی یان رێكلام كرن بۆ ئەحزابێن سیاسی وێرێ درێژی هاتە بەعس كرن ئەوژی من پێشنیاركرد كۆ لێژنەك بێتە دروست كرنێ من ڤێت ڤێرێدا لێژنەك بێتە دروست كردنێ بناڤێ لێژنا رەفتاری ئەولێژنە كۆڤان تشتا كۆنترۆڵ بكەت هەم ماددا (٤٢)دا هەم ڤێدا ئەو رەفتارێن كۆ نەشیاو رەفتاری بێتە دروست كرن لێ زێدەبیت یان لێژنا كارگێری و رەفتاری ڤێرێدا لێژنا كارگێری هەیە، یان زێدەبكەن یان دەمج بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو مژدەخان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم ماددەی (٨٠) بڕگەیەك زیاد بكرێت بە هەشتەم لێژنەی بەرزەفتكردن لێژنەی ئینزباتی كاتێك لە ماددەی (٤٢)دا ئەو سزایە دانراوە بۆ خوێندكار پێویستە بە لێژنەیەك ئەو سزایە دیاری بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو كاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

ئەزپشتگیریا خیشكا مژدە كەم وەئەز بێژم هەر بۆ چوونا سەیدایێ چیا ژی هەر ئەو بۆ وەكۆ بەعسی رەفتاراكری ئەكە لێژنەیا ئینزباتی هەبت دێ وان تشتا چارەسەركەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٨٠) بڕگەی (١) نووسراوە ئەگەر مەبەست بێت، لە بڕگەی (١) بڕگەی (٢) بەدوادا نەهاتووە، بۆیە پێشنیاری ڕاست كردنەوەی دەكەم ئەگەر مەبەستەكە ئەوبێت، كە ئاماژەی بە یەكەم كردەوە وەپێشنیاری ئیزافەكردنی لێژنەیەك دەكەم لێژنەی خەرجی و لە قوتابخانەو خۆێندنگاكان یاخود لێژنەی چاودێری ودارایی وە پشتگیری لە رەئی كاك بهجت و مژدەخان ئەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو گولستان خان.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨٠) پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێز کاك چیا ئەکەم سەبارەت بە لیژنەی کارگێری و رەفتاری و دارایی و وای لێبکرێت، سەبارەت بە پێنجەم خاڵیان لیژنەی هونەری بۆ کاروباری وەرزشی و هونەری و ئەدەبی و چالاکی و بوونە نیشتمانییەکان ئێمە نەورۆزمان هەیە، پێوستە ئەو لێژنانە متابع بن پاشان لە دوای شەشەم من پێم گرنگە لێژنەیەکی دیکە هەبێت لێژنەی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان ئەمەش بە دروست کردنی فۆرمێك مەسەلەن فیت باکی مامۆستایان بگەڕێتەوە هەرچ ئاستێك ئەتوانن تێگەیەشتن بە قوتابی بێن ئەو ئاستەی قوتابی بەرزکردنەوە یان قوتابییەکان لە جۆری تێگەیشتن لە مامۆستاکان رازین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك ابوبکر عمر عبدالله.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری کاك چیاو مژدە خان و دکتۆر اسماعیل ئەکەم بۆ بڕگەی (٨) ناو بنرێت لیژنەی بەرزەفت کردنی کارو رەفتارە رێی پێنەدراوەکان بە گوێرەی ماددەی (٤٢)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری پێشنیارەکانی دکتۆر اسماعیل و مامۆستا ابوبکر و مژدەخان ئەکەم بەو ئیشکالەی کە حانووت هەیە، لە قوتابخانەیە وەپارە سەرف دەکرێت وەچوارەم کە ئەڵێن لیژنەی کارگێری بیکەین بە لیژنەی کارگێری و دارایی، بۆ ئەوەی لیژنەی داراییەکان وردبینیە چ موعاملەیا لەگەڵ حانوتا لەگەڵ هەر شتێکی ترا لەوێ کۆنترۆل بکرێت، بکرێت بە کارگێری و دارایی و کە بۆی زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاردەکەم جگە لە لیژنەی تاقیکردنەوەکان لیژنەی گازندەشمان هەبێت، چونکە زۆر جار لەوەختی نموونەکان و تاقیکردنەوەکان یان لێژنەی گازندە لە قوتابخانەکان هەبێتن، جگە لەوە پشتگیری لە مژدەخان و دکتۆر اسماعیل و مامۆستا ابوبکر دەکەم وە پێشنیاری ئەوە دەکەم لێژنەی کارگێری و دارایش بگرێتەوە لێژنەیەکی تایبەت بێت، بەبەرزەفت کردن بۆ رەفتارەکانی ناو ئەو دامەزراوانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو هلز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

سەبارەت ماددا (٨٠) پشتگیریا دکتۆر اسماعیل و مژدە خانێ و کاك چیاو مامۆستا ابوبکری و دکتور شێرکۆ دکتور محی الدین کەم کۆ لێژنەیەکادی بێتە ئیزافە کرن گرنگترین لێژنەیە لێژنا ئینزباتیە چونکی مەڤێرێ ماددا (٤٢)دا برگا (٣)دا مە بەعسی ڤێ عقوبەیێ یاکری کۆ (١٠) رۆژا قوتابی دێش قوتابخانێ هێتە دیرکرنێ ئەگەر ئەڤ بریارە ژ لێژنە نەبیتن هندەك جارا کێشێن کۆمەڵایەتی چێت بن ریڤەبەر تنێ ڤێ بڕیارێ بدەتن دێ کێشێت کۆمەڵایەتی بۆ چێبیتن بەرهندێ ئەز پشتگیریا ڤان بەرێزێت هەت کەم کۆ فعلەن لێژنا ئینزباتی لێژنەکا گرنگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو گەڵاوێژ خان.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨٠) پشتگیری لە رایی هەندێك برادەران دەکەم کە باسیان کرد چەند لێژنەیەك زیاد بکرێت، سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی مامۆستایانیش پێم باشە روونکردنەوەیەك بدەم لێژنەی دڵنیایی جۆری ئەم کارە دەکاتن لە قوتابخانە وەکو زانکۆ کان هەم فیت باکی مامۆستا وەردەگرێت هەم فیت باکی ئیدارەش وەردەگرێتن و کاریگەری مەسەلەن چۆنییەتی فێربوونی قوتابیان وەپێم باشە لێژنەی پرۆگرام و هەڵسەنگاندنیش زیاد بکرێت لێرەوە لە حەفتەمیش هەر لێژنەیەکی تریش وەزارەت بە پێویستی دەزانێت بە مەرجێك پێش دەست پێکی ساڵی خوێندندا دامەزراوەکانی لێی ئاگادار بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بەرێز وەزیر قسەتان هەیە؟ لێرەنە ماوە بەڵێ بەم شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنەکانی ئەهێنین بەیانی دانیشتن ئەکەینەوە.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

خۆتـان فەرمـوون مـاددەی (٨١)مـان بـۆ بخـوێننەوە بەڕێـز وەزیـر لە کۆبـوونەوەی ئەنجـومەنی وەزیرانە.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی نۆیەم: پلانی فێرکردن و پرۆگرامەکانی خوێندن

تەوەری یەکەم : پلانی فێرکردن

ماددەی (٨١):

یەکەم/ پلانـی فێرکـردن لە دامەزراوە حکومییەکـان لە لایەن ئەنجـومەنی وەزارەتەوە بڕیـاری لێدەدرێت.

دووەم/ دەبێت پلانی فێرکردن ئەم تەوەرانە لە خۆ بگرێت:

١ - بنەما گشتییەکان.

٢ - بەهاکان.

٣ - ئەو ئامانجانەی دەبێت لە هەر بازنەیەکدا بۆ منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران دیاری بکرێت.

٤ - ئەو کارامەییانەی لە منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران چاوەڕێ دەکرێن.

٥ - ئەو بابەتـانەی خوێنـدن کە دەبێـت بخـوێنرێن لە هەر بـازنە و قۆناغێکـدا، هەروەهـا نـاوەڕکی سەرەکی بابەتەکە و ئامانجەکەی.

٦ - ژمارەی بەشە وانەکان بۆ هەر بابەتێك لە ساڵێکدا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ کـێ قسـە دەکـات لە سـەر ئەو مـاددەیە؟ (دکتـۆر محـی الـدین، شـیرین خـان، کـاك حـاجی هەڵکەوت)، کاك عمر نیزامییە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە پێی خاڵی دووەم لە ماددەی (٥٦) قسە دەکەم، ئێمە لە ماوەی رابـردوو چەنـدین یاداشـتی پەیوەندیدار بە ژیانی خەڵك پێشکەش کـردووە لەسـەر کێشـەی نەوت، لەسـەر کێشـەی بێکـاری گەنجان، لەسەر پلە بەرزکردنەوە، لەسەر کێشەی هاتووچۆ، رێگاکـان، لەسـەر ژیـانی خەڵـك هـیچ یەکێك لەو یاداشـتانە نەخـرانە بەرنـامەی کـارەوە ئەگەر ئەوانە حکومەتیـان بوێـت و پاسـاوەکە ئەوە بێت کە حکومەت نایەتە پەرلەمـان ئـێمە پرسـاندنمان پێشکەش کـردووە پرسـاندن بە بـێ ئامادەبوونی حکومەتیش دەڕوات ئێستا سێ رۆژ تێدەپەڕێت بەسەر هەموو ماوە قانونییەکـانی پرساندندا بێ زەحمەت بۆچی هیچ شتێك پەیوەندیدار بێت بە ژیانی خەڵك چاودێری حکومەت لێپرسینەوە لە حکومەت ناچێتە بـواری جێبەجـێ کـردنەوە پەیـڕەوی نـاوخۆ ئایـا بەس مـاددەی (٧٦)ە؟ بەس تەشـریعە؟ تەشـریعیش ئەو یاسـایانەی حکـومەت دەنێرێـت؟ بە راسـتی ئەمە مەسئولییەتێکی گەورەیە لەسەر شانی ئێوەی بەڕێـز جەنابـت کە جێبەجێکـاری پیـڕەوی بە پێـی مـاددەی (١٨) لە سـەر دەسـتەی سـەرۆکایەتییە بەرنـامەی کـار دادەنێـت هـیچ جـوابێکی نیـیە؟ پرسیارە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستتان خۆش بێت ناردوومانە مامۆستا عمر لەبەر ئەوەی، وەرزی یاسادانان تەواو ببوو کە ناردمان دەبێت جارێکی تر بینێرینەوە ناردوومانە ئەگەر جوابیان نەدایەوە داوای غیابی بکە بە غیابی بۆت دەکەین مانع نییە بڵێ مودەکە تەواو بووە بە غیابی بۆم بکەن بە غیابی بۆت دەخەینە بەرنامەی کار بەسەرچاو با پەروەردە تەواو بێت بۆت دەخەینە بەرنامەی کار، دکتۆر محی الدین فەرمووو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕۆژتان باش، ماددەی (٨١) لە بڕگەی یەکەم نوسراوە پلانی فێرکردن لە دامەزراوە پێموایە دامەزراوە پەروەردەییە حکومییەکان بێت، وە بڕگەی دووەمی ئەو ماددەیە کە خۆی لە شەش بڕگە دەگرێتەوە لە بڕگەی (٣٣)ی ماددەی یەکەم بە تێر و تەسەلی ئاماژەی پێکراوە، بۆیە لێرە دووبارە کراوەتەوە پێشنیار دەکەم بڕگەی دووەمی ئەو ماددەیە لاببرێت پێویست ناکات و لەگەڵ ماددەی (٨٢) بکرێتە بڕگەی یەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر محی الدین دەکەم، وە سەبارەت بە ماددەی (٨١) بڕگەی یەکەم کە دەڵێت پلانی فێرکردن دیارە پلانی فێرکردن تەنیا هەر بابی نەزەری نییە، بۆیە باس لە خوێندنی پراکتیکی جۆراوجۆر نەکراوە وەك ئەمە گرنگیەکی زۆری هەم بۆ هۆشیاری و هەم بۆ فێربوونیش دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك حاجی هەڵکەوت فەرموو.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، لە ماددەی (٨١) بڕگەی چوار هاتووە دەڵێت ئەو کارامەییانەی لە منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران چاوەڕێ دەکرێن پێم باشە لەم فەقەرەی چوارە بڕگەیەك بۆی زیاد بکرێت هەموو ئەو قوتابی و خوێندکارانە بەهرەیەکی زیادیان هەیە لەچاو هاوپۆلەکانیاندا جیا بکرێنەوە و لە قوتابخانەیەکی نموونەیی پێیان بخوێنرێت و زۆریان توانای بڕینی لە ساڵێکدا دوو پۆلیان هەیە، لەبەر ئەوە لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووکانیش بە هەمان شێوە تەلەبەی وا هەیە کە بەهرەی جیاوازیان هەیە لە ساڵێکدا دەتوانن دوو پۆل ببڕن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە ماددەی (٨٢).

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری دووەم: پڕۆگرامەکانی خوێندن

ماددەی (٨٢)

یەکەم/ پێویستە هەر یەك لە باخچەی منداڵان، خوێندنی بنەڕەتی، خوێندنی ئامادەیی، پەیمانگا پەروەردەییەکان، خوێندنی خێرا و نەهێشتنی نەخوێندەواری پڕۆگرامی خوێندنی تایبەت بە خۆیان هەبێت کە لەگەڵ توانستەکانی منداڵ و قوتابی و خوێندکار لە هەر قۆناغ و بازنەیەکدا بگونجێت.

دووەم/ پڕۆگرامی خوێندن بریتییە لە:

١ - بەشێکی پلانی فێرکردن کە پەیوەستە بە قۆناغێکی خوێندن یان بازنەیەکی دیاریکراو.

٢ - کتێبەکانی خوێندن لە هەر بابەتێك.

٣ - کتێبەکانی ڕاهێنان.

٤ - ڕێبەری مامۆستا.

٥ - ڕێبەری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.

٦ - ڕێبەری سیستەمی تاقیکردنەوەکان و هەڵسەنگاندن.

سێیەم/ پڕۆگرامەکانی خوێندن بۆ هەر بازنە و قۆناغێك لە لایەن وەزارەتەوە بڕیاری لێ دەدرێت ئەویش بە سوود وەرگرتن لە کەسانی پسپۆڕ و ئەزمونە جیهانییە سەرکەوتووەکان.

چوارەم/ ئەرکی ئەنجومەنی وەزارەتە کە لایەنی کەم هەر چوار ساڵێك لە سەر پێشنیازی لیژنەی پسپۆڕ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرامەکانی خوێندن بە ڕێگا و میکانیزمی زانستی گونجاو بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی پڕۆگرامەکانی خوێندن پێداچوونەوە بە پڕۆگرامەکاندا بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عثمان لە ماددەی (٨١) ناوت نوسرابوو؟ بەڵێ فەرموو، دوایی ئەوە لە سەر ماددەی (٨٢) ناو دەنوسین.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨١) من پێموایە بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت ئەویش بەها نیشتیمانییەکانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك عثمان، لە سەر ماددەی (٨٢) کێ قسەی هەیە؟ دکتۆر ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، لە بڕگەی یەکەمدا باس لەوە دەکات کە باخچەی منداڵان و خوێندنی بنەڕەتی پڕۆگرامی خوێندنی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆ بەرچاو روونی ئێمە وا پێویست دەکات ئێمە ئاشنا بین بەو پڕۆگرامە ئەگەر بکرێت بە پاشکۆ لەگەڵ ئەم پڕۆژە یاسایە

هاوپێچ بكرێت گرنگە بۆ تێبینی ئەگەر هەمانبێت لەسەر خودی مەنهەجەكە و پڕۆگرامەكەشمان هەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لەنجە خان فەرموو.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی سێیەم كە دەڵێت پڕۆگرامەكانی خوێندن بۆ هەر بازنە و قۆناغێك لە لایەن وەزارەتەوە بڕیاری لێ دەدرێت پێشنیار دەكەم وەزارەت بكرێتە ئەنجومەنی راوێژكاری وەزارەت كە بە سەرۆكایەتی وەزیرە، لەبەر ئەوەی لەناو وەزارەت چەند فلتەرێك دەبڕی تا دەگاتە ئەو قۆناغەی دەگاتە بەردەستی ئەنجومەنی راوێژكاری بە سرۆكایەتی وەزیر ئینجا بڕیاری لێ دەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەخێرهاتنی بەڕێز وەكیلی وەزیری پەروەردە و بەڕێز بەڕێوەبەرە گشتییەكان دەكەین، سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە سەر خاڵی دووەم تێبینیم هەیە و لە سەر بڕگەی سێیەمیش لە خاڵی دووەم پێشنیار دەكەم بەو شێوازە لێ بكرێت نوسراوە كتێبەكانی خوێندن لە هەر بابەتێك یەعنی ئەمە زۆر روون نییە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەكەم بكرێتە كتێبەكانی خوێندن لە گشت بوارەكانی خوێندندا یانیش كتێبەكانی خوێندن لە گشت بوارەكانی پەیوەندیدار بە قۆناغی خۆی، وە لە بڕگەی سێیەمیش پێشنیار دەكەم سەبارەت بە پڕۆگرامەكانی خوێندن لە كۆتایی بڕگەی سێیەم ئەمە زیاد بكرێت، هەروەها راستە ئێمە لە وانەكانی خوێندندا باس لە پڕۆسە و ئەو كارەساتانەی بە سەر گەلی كورد هاتووە چ ئەنفال چ جینۆساید و كیمیابارانی هەڵەبجە، بەڵام پێم باشە بەم شێوازە ئەم بڕگەیە زیاد بكرێت، هەروەها بەشێكی باشی وانەكان تایبەت بكرێت بە باسكردن لە ئەنفال و كیمیاباران و جینۆسایدی گەلی كورد كە ئەمەش بەشێكە لە مێژووی گەلی كورد و ناكرێت لە راگەیاندنەكان باس لەو كارەساتانە بكرێت كە بەسەر گەلەكەماندا هاتووە، وە بۆئەوەی نەوەی داهاتوو ئاشنا بێت بەو كارەسات و جینۆسایدەی بە سەر گەلەكەماندا هاتووە پێویستە زیاتر لە قۆناغەكانی خوێندندا ئاماژەی پێ بدرێت، هەروەها پێشنیار دەكەم سەبارەت بە مەسەلەی ژینگەپارێزی زۆر گرنگە وەكو وانە بخوێندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، كاك مەلا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، سەبارەت بە ماددەی (٨٢) بڕگەی چوارەم ئەركی ئەنجومەنی وەزارەتە كە لایەنی كەم چوار ساڵ جارێك لە پێشنیاری لیژنەی...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مەیخوێنەوە كاك مەلا ناصر.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـۆیە لە پێشـنیاری لیـژنەی پسـپۆڕ لە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی پڕۆگرامەکـان و خوێنـدن بە میکانیزمی زانستی گونجاو بە مەبەستی هەڵسـەنگاندن و پەرەپێـدانی پڕۆگرامەکانی خوێنـدن پێـداچوونەوە بە پڕۆگرامەکانـدا بکـات، بـۆیە چـوار سـاڵ زۆرە پێویسـتە هەڵسـەنگاندن بـۆ پڕۆگرامەکانی خوێنـدن و پێـداچوونەوە بـکەن بە بەردەوامـی لە کـاتی پێویسـتدا پڕۆگرامەکـان بگۆڕن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بـڕگەی دووەم لە مـاددەی (٨٢) پێناسـەی پڕۆگرامەکـانی خوێنـدن لە بـڕگەی (٣٥) لە مـاددەی یەکەم بە تێـر و تەسـەلی پێناسـەکراوە، وە دووبـارە کـردنەوەی دیسـان لێـرە زۆر ڕوون نیـیە و ژمارەی ماددەکـانی ئەم یاسـایە (١٨١) مـاددەیە بـۆئەوەی لە ژمـارەی ماددەکـان کەم بکەیـنەوە و بەهای خۆی لە دەست نەدات پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئەو ماددەیە تەنها ناونیشانەکەی بمێنێت کە بە بڕگەیەك بێـت بەنـاوی پڕۆگرامەکـانی خوێنـدن بـۆئەوەی ئەوەی دەیهەوێـت شـارەزا بێـت بچێتەوە سەر بڕگەی (٣٥) لە ماددەی یەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بەم مـاددەیە ئیـزافەیەکم بـۆ بـڕگەی سـێیەم هەیە کە دەڵێـت بە سـوود وەرگـرتن لە کەسانی پسپۆڕ پێم باشە دوو وشەی بۆ زیاد بکرێت پسپۆڕی ناوخۆیی و بیانی بەم شـێوەی لـێ بکرێت ئەویش بە سوود وەرگرتن لە کەسانی پسپۆڕی ناوخۆیی و بیانی، چـونکە زۆر جـار هەیە پێویستمان بەم پسپۆڕانەش هەیە کە بیانییەکان دەتـوانن ئیـزافەی باشـتر بـۆ کەرتـی پەروەردە دابین بکەن، هەروەها پشـتگیری لە بۆچوونەکـانی سوسـن خـانیش دەکەم بە تـایبەتی لە پرسـی ژینگە پێویستە لە پەروەردە زیاتر گرنگی پێ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا نجاة فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ب ماددێ (٨٢) بڕگا دوویێ خاڵا چارێ دیاردەیەکا نە یا جوان یا هەی ناڤ کۆمەڵگەهێ مەدا ئەوە کو ڕێبەرێ مامۆستایا دەستێ قوتابیاندا گەلەکێ هەی ل ڤێـرە دێبیـتە ئەگەرێ هنـدێ

كـو داهێنـان لای قوتابیـان کـێم ببیـت، ل بەر هنـدێ نابیـت رێـبەرێ مامۆسـتا بکەڤیـتە دەسـت قوتابیان دڤیا خالەك هەبیت ل ڤێرە رێگرییێ ل ڤێ چەندێ بکەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك ازاد فەرموو.

**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨٢) بڕگەی دوو شەش نوقتەیە نوقتەی سێ و چـوار و پێـنج و شـەش نوقتەکـانی زۆر مـوهیمن، بەڵام ئێسـتا لەبەر ئەوەی سـەعاتی دەوام ئەوەنـدە کەمە ئەو چـوار نـوقتەیە هـیچ جێبەجێ ناکرێت ئەگەر سەعاتی خوێندن زیاد نەکرێت مەسـەلەن راهێنـان و رابەری مامۆسـتا و سەرپەرشـتی پەروەردە و تـاقیکردنەوەی هەڵسـەنگاندن بـاش دەزانـن ئەوانەی پەروەردەییـنە ئەوانەی دەرسیان وتووتەوە باش دەزانن ئەوانە جێبەجێ ناکرێت دەبێت سەعاتی خوێندن زیـاد بکرێت ئەگەر زیاد نەکرێت ئەوانە جێبەجێ ناکرێن، بۆیە دەوامێکی کەم دەکەین و مەنهەجێکـی زۆرمان هەیە بیگۆڕین مەنهەجەکە کەم بکەین دەوامەکە زیاد بکەین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، گلوستان خان فەرموو.

**بەڕێز گلوستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (٨٢) بـڕگەی دووەمیـان لە کتێبەکـانی راهێنـان هۆکارەکـانی فێرکـردن و پەروەردەییش زیاد بکرێت، مادام قۆناغی باخچەش دەگرێتەوە لەوانەیە کتێبی راهێنان بـۆ ئەو تەمەنە باش نەبێت هۆکارەکانی فێرکردن و پەروەردەیی گرنگە، بـۆیە مـن پـێم باشـە ئەوە زیـاد بکرێت، زۆر سوپاس.

بکەین دەوامەکە زیاد بکەین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٨٣): بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی پڕۆگرامەکـانی خوێنـدن دوای راسـپاردەی نوسـەرانی کتێبەکـان و پسـپۆڕان پـاش رەزامەنـدی وەزارەت مـافی گۆڕانکـاری لە نـاوەڕۆکی کتێبەکـانی خوێندندا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی لەسەر ماددەی (٨٣) هەیە؟ (دکتۆر محی الدین، دکتۆر اسماعیل، هلز خان، لنجە خان، سەرچنار خان، دکتۆر ادریس، لیزا خان، گولستان خان)، لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لێرەش دوای ڕاسپاردەی نوسەرانی کتێبەکان و پسپۆڕانی بیانی و ناوخۆیی بۆ زیاد بکرێت ئەو دوو وشەیە بۆ ئەو ماددەیە ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعيل على طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بينم ل ڤێرێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکانی خوێندن داوای ڕاسپاردەی لیژنەی دانانی پرۆگرام دەکات نە نوسەران دڤێت لیژنەکا تایبەت هەبیت بۆ دانانا پرۆگرامی نوسەران تشتەکێ جودایە وێ لیژنێ ژی ئەگەر پێوەر بۆ بێنە دیار کرن سەر چ ئەساس و بنەما ئەو لیژنە تێتە هەلبژاردن کو ئەو لیژنا پەروەردێ چونکی لیژنەکا زێدەیا گرنگە مەسیرێ ئاڕاستەکرنا یا گەلەکێ و موجتەمەعەکێ ب ڤێ لیژنێ یا گرێداییە دڤێت پێوەر پێوەرێت زانستی بن بۆ هەلبژاردنا وانا، وە ئەخیرێ دبێژیت کتێبەکانی خوێندندا هەیە ئەم بێژین پێتڤیە ئەڤ زیادە بێتە سەر بە مەرجێك پێچەوانەی بنەماکانی دەستوور و یاسابەرکارەکان نەبێت یەعنی ئەو گۆڕانکارییە بیت پێتڤییە ل دیڤ بنەمایا و ئارمانجێت دەستووری بیت یاسایێت کار پێ تێتە کرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ب ماددا (٨٣) هەمان تێبینییا دکتۆر اسماعیلی من یا هەی مەنینە نوسەرانی کتێبەکان مە یا هەی لیژنەی دانانی پرۆگرامەکان ئەگەر ب ڤی ناڤی بیت، هەروەسا ئیزافا ئەوێ برگێ بێتە کرنێ بە مەرجێك لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان ناکۆك نەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لەنجە خان فەرموو.

**بەڕێز لەنجە ابراهيم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکانی خوێندن دائم ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە نووسین و دانانی کتێبەکان پێم گرنگە لێرە ئەو ڕۆڵەیان بەرچاو بکرێت، وە هەروەها مافی هەڵسەنگاندن لە پاڵ مافی گۆڕان زیاد بکرێت لە ناوەڕکی کتێبەکانی خوێندندا لە کاتی پێویست، لەبەر ئەوەی ئەگەر هەڵسەنگاندن نەبێت بە چی گۆڕانکاری دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە وتەکانی دکتۆر اسماعیل و مامۆستا هلز دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پڕۆگرامەکانی خوێندن ڕەنگە هەندێك جار خودی وەزارەت یان بەڕێوەبەرایەتی پڕۆگرامەکان بە پێویستی بزانێت خۆی پڕۆگرامەکان بگۆڕێت یەعنی خۆی داوا دەکات، بۆیە پێویست ناکات راسپاردەی نوسەران و پسپۆڕان وەرگرێت هەندێك جار هەیە زەرووڕەت دەزانێت یان زەرووڕەت وا پێویست دەکات کە پڕۆگرامەکان بگۆڕی، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرامەکانی خوێندن مافی گۆڕانکاری پەرتووکەکانی خوێندنی هەیە دوایی وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی پەروەردە و راسپاردەی نوسەرانی پەرتوکەکان و پسپۆڕانی بواری پەروەردە و فێرکردن، وە لەگەڵ ئەوەم هەر سێ ماددەی (٨١، ٨٢، ٨٣) پەیوەست بە پلاندانانی فێرکردن و پڕۆگرامەکان لە یەك ماددە بە بڕگەی جیاجیا لە ژێر ناونیشانی پلانی فێرکردن و پڕۆگرامەکانی خوێندن یەك بگرنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، گلستان خان فەرموو.

**بەڕێز گلستان باقی سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ب ماددێ (٨٣) من پرسیارەك هەیە ژ جەنابێ وەزیری کو ئەو کەسێن پێداچوونێ ب کتێبێت خاندنێدا دکەن ب چ میکانیزم و پێوەر دێهێنە هەلبژاردن، چونکی وەکی ئەم دبینین و دزانین گەلەك خەلەتی د پڕۆگرامێت خاندنێدا هەنە ئەوێن دهێنە راسپاردن بۆ ڤێ مەبەستێ ب لەهجا دەڤەرێن خۆ دنڤیسن نەك کوردییەکا درست، ژبەر هندێ پشەڤانیا دکتۆر اسماعیلی دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دەیەم: تاقیکردنەوەی نمرەی دەرچوون کاتی نمرە و بڕوانامەکان

تەوەری یەکەم: ئامانجەکان

ماددەی (٨٤): ئامانجی تاقیکردنەوەکان بریتییە لە:

یەکەم/ پێوانە و هەڵسەنگاندن سەبارەت بە ئاستی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان.

دووەم/ پێـوانەی ئاسـتی بەرەو پێشـوەچوون و فێربـوونی قوتابیـان و خوێنـدکاران لە بـواری پەروەردەیی و فێرکردن لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە.
سێیەم/ هەڵسەنگاندنی ئاسـتی سـەرکەوتنی مامۆسـتایان و بەڕێـوەبەران و کارمەنـدانی دیـکەی دامەزراوەکان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا.
چوارەم/ دانانی پلانی داهاتوو بۆ گەشەپێدانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە سـەر ئەنجـامی تاقیکردنەوەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کێ قسەی هەیە؟ بەڵێ سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (٨٤) سـێ بـڕگەیە ئەگەر دیـقەت بـدەین سـەرەتا پێـوانە و هەڵسـەنگاندنە پاشتر پێوانەیە دوایی هەڵسەنگاندنە ئەگەر بـیکەین بە بڕگەیەکـی گشـتگیر هەمـووی تێـدا جـێ بکەینەوە دەتوانرێت ئاوای لێ بکرێت لە جیاتی سـێ خـاڵ بێـت، وە لە بـڕگەی سـێیەمدا دەڵێـت هەڵسەنگاندنی ئاستی سـەرکەوتنی مامۆسـتایان یەعنـی چـی سـەرکەوتنی مامۆسـتایان؟ ئەگەر لیژنە روونکردنەوەمان بداتێ لەسەر ئەو بابەتە لێی تێنەگەیشتم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك ازاد فەرموو.

**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددەیە هاتووە تاقیکردنەوە نمرەی دەرچـوون و کـاتی نمـرەی بڕوانامەکـان بە راسـتی ئەمە تەڵەبەی بەس لە سەر تاقیکردنەوە و لە سەر نمرە هەڵدەسـەنگێنین یەعنـی ئوسـلوبێکی تـر نیـیە تەنها نمرە لە سەر دەرەجەکە نەبێت لە سەر شتی تریش بێت یەعنـی لەوانەیە تەڵەبە دەمێـك کە ئیمتیحـان دەدەن دەرەجەکەی ئەوهـا نەبێـت، بەڵام مسـتەوایەکی باشـی هەیە بە رای مـن ئەوە زیاد بکرێت هەڵسەنگاندن تەنها لە سەر نمرە نەبێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە، ئەو ئامانجـانەی لەو مـاددەیەدا هـاتوون پێموابێـت هەمـووی ئامـانجی پەروەردەییـنە پرسـیار ئەی ئامـانجی قوتابیـان چیـیە لە تـاقیکردنەوە؟ لە لیـژنەی تایبەتمەنـد دەپرسم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینییا من ل سەر بڕگا سێ بوو هەڵسەنگاندنا سەرکەوتنی مامۆستا ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەینە ناڤ و نیشانی نڤیسییە تاقیکردن نمرە و کارتی نمرە و بڕوانامە ئەڤا هەڵسەنگاندنا مامۆستای هیچ پەیوەندی ب ناڤ و نیشانی ڤە نینە من پێ باشە ماددا سێ بێتە راکرن، هەروەسا پشتەڤانیا کاك ازادی دکەم کو هەڵسەنگاندن نەك تەنها ل سەر نمرە و تاقیکردنێ بیت پێتڤیە هندەك تشتێت دی ژی سەر زێدە بکەن مەسەلەن رەفتارا قوتابی و بەشدارییا قوتابی د ناڤ قوتابخانێدا کو ئەو ژی بەشەك بیت ژ هەڵسەنگاندنێ نەك تەنها نمرە و نمرە کافی نینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دکتۆر ڕێبوار فەرمووو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە تاقیکردنەوە خۆی میکانیزمێکی گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی توانا و شیانی قوتابیان چ بۆ ئەوەی ئایا چەند لە ماددەکە تێگەیشتووە و چەند دەتوانێت ماددەکە ئیستیعاب بکات، وە چەند دەتوانێت تەعبیر لەو چاپتەرە بکات کە پێی دراوە کە تاقیکردنەوەی لەسەر کراوە، بەڵام خاڵێك زۆر گرنگە کە پەیوەستە بە بواری فێرکاری نەك بە بواری پەروەردە ئەویش دەرخستنی ئەوەی کە پێی دەڵێن فروق فەردی جیاوازییە توانستی نێوان قوتابییەکان، بۆیە گرنگە ئاماژەی پێ بکرێت، لەبەر ئەوەی فروق فەردی یەکێکە لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکان لە پرۆسەی فێرکردن بەتایبەتی لە پرۆسەی تاقیکردنەوەکاندا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك دکتۆر محی الدین فەرمووو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی بەڕێز سەرچنار خان دەکەم سەبارەت بە پوختکردنەوە و کورتکردنەوە و داڕشتنەوەی ئەو بڕگانەی ماددەی (٨٤)، وە سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ئاستی سەرکەوتنی مامۆستایان پێموایە سەرکەوتنی مامۆستایان بکرێتە ئاستی مامۆستایان مستەوایان سەبارەت بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، وەڵامەکانتان بەڕێز وەکیلی وەزیر دەنووسێت لیژنە یارمەتیمان بدەن، فەرمووو دکتۆرە.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەرەتا دەستخۆشـی لە هەڤـاڵان دەکەم بـۆ دەوڵەمەنـدکردنی ئەم مـاددەیە ئامـانجی تاقیکردنەوەکان بکرێتە تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندن لە لیژنەش کردمانە ئەوە، بەڵام نازانم لێرە نەنوسراوە بە نیسبەت خاڵی سێیەم کە زۆربەی ئەندامان پرسیاریان هەبوو هەڵسەنگاندنی ئاستی سەرکەوتنی مامۆستایان وبەڕێوەبەران و کارمەندانی دیکەی دامەزراوەکان لە پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن تەبعەن ئێمە پڕۆسەی دڵنیایی جۆریمان هەیە کە مامۆستایان پرسیارەکان چۆن دادەنێن، وە ڕێژەی دەرچوونی قوتابیان و فیدباکی قوتابیان لەسەر تاقیکردنەوەکان ئەوە ئاستی سەرکەوتنی مامۆستایانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵامی پرسیارەکەی سەرچنارخانە؟ بەڵێ سوپاس، ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری دووەم : بنەمای تاقیکردنەوەکان

ماددەی (٨٥):

یەکەم/ تاقیکردنەوەکان لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکانی خوێندن بنیاد دەنرێن.

دووەم/ کتێبە بڕیارلێدراوەکانی خوێندن تەنها سەرچاوەن بۆ تاقیکردنەوەکان.

سێیەم/ سزا کارگێڕییەکانی گزیکردن بە ڕێنماییەك ڕێك دەخرێن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(کاك بەڵێن، مامۆستا عبدالستار، کاك چیا، دکتۆر زێدان، لیزا خان، کاك هیڤیدار، گولستان باقی)، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینییەکەی من لەسەر بڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیە کە دەڵێت سزا کارگێڕییەکانی گزیکردن بە ڕێنماییەك ڕێك دەخرێت، بەڵام روون نییە کێ ڕێکی دەخات ئەنجومەنی وەزارەت ڕێکی دەخات لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان ڕێکدەخرێت ئەگەر ئەندامانی بەڕێزی لیژنە روونکردنەوە بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، لە ماددەی (٨٥) لە خاڵی یەکەم تاقیکردنەوەکان لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکانی خوێندن بنیات دەنرێن وەڵا من دەڵێم بنوسرابا ناوەڕۆکی بابەتەکان، چونکە ناوەڕۆك جیایە لە خودی بابەتەکە واتا تۆ شتێکت پوخت کردۆتەوە و ڕێکت خستووە

ناوکێکـت لـێ دەرهێنـاوە ئەمە مانـای ئەوەیە کە ئەگەر ئەو قوتـابییە وەڵامێکـی داوە بەڵام ناوەڕۆکی بابەتەکە نەبوو رەنگە بە راست بۆی دانەنرێت، بـۆیە مـن پێمـوایە ئەم نـاوەڕکە زیـادە لەوێ هەر بڵێین تاقیکردنەوەکان لەسەر بابەتەکانی خوێندن بنیاد دەنرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پیشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی سێیەم ئەوەی کە باسی گزیکردن دەکات یەعنی تەنها سەیری قوتـابی کـراوە لێـرە ئەی ئەوەی کە دزە بە پرسیار دەکات، چونکە حەقە ئەوەش باس بکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، لە ماددەی دوای ئەوەدایە، دکتۆر زێدان فەرموو.

**بەڕێز زيدان رشيد خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨٥) خـاڵی یەکەم و دووەم بە هاوشـێوە دەبیـنم کاتێـك دەڵێـت نـاوەڕۆکی بابەتەکـان یـان کتێـبە بڕیارلێـدراوەکان نـاوەڕۆکی کتێبەکـانیش هەر لە نـاوەڕۆکی کتێـبە بڕیارلێـدراوەکان وەگیـراوە، بـۆیە پـێم باشـە بکـرێتە تـاقیکردنەوە لەسـەر بابەتەکـانی کتێـبە بڕیارلێدراوەکانی خوێندن دەکرێت، وە خاڵی سێیەم سـزای کـارگێڕی گزیکـردن بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمان یەکێك لەو کێشانەی کە لە وەزارەتی پەروەردە و لە وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵاش هەیە گزیکردنە و مامەڵە کـردنە لەگەڵ گزیکـردن، بـۆیە ئەمە پێویسـت بە رێنمـاییەکی فـراوان ناکـات گزیکردن وازحە دەبێت بڵێین هەر قوتابی و خوێندکارێك گزیـی بکـات لە تـاقیکردنەوەی رۆژانە، هەفتانە و مانگانە یان کۆتایی بە کەوتوو هەژمار دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من ل سەر مـاددا یەکێـیە ئەز ژی دگەل مامۆسـتا عبدالسـتاریمە و دێ پشـتەڤانیا وی کەم کەلیما ناڤەڕۆك بێـتە راکـرن، هەروەسـا پشـتی برگـا ئێکـێ بـرگەیەك لـێ بێـتە زێـدە کـرن رێژەیـا بەشـدار بوونـا قوتـابی ل پـۆلان و بـابەتێن پەروەردەیـی، چـونکی تـاقیکردن نەك تەنهـا ل سـەر ناڤەڕۆکێ بابەتێت کتابی بێت، هەروەسا بەشدارییا قوتابی و شێوازێ وی دناڤ پۆلێدا بێتە زێدە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێـك لە رەگەزە گرنگەکـانی رەخسـاندنی دۆخـی تاقیکردنەوەکـان تەنهـا پڕۆگرامەکـان و دەستنیشان کردنی کتێبەکان و بابەتی گزیکردن نییە ئەو ژینگەی ئەو دۆخی تاقیکردنەوەی تێدا بەڕێوە دەچێت یەکێك لە رەگەزە گرنگەکانە لە هیچ ماددەیەك ئاماژەی پێنەکراوە ئەمە تەبعەن لە کاتی ئاساییش هەر وایە پۆلێکی خوێندن ناتوانرێت خوێندنێکی سەرکەوتووی تێدا بەڕێوە بچێت پەروەردەیەکی سەرکەوتووی تێدا بەڕێوەبچێت ئەگەر پـۆلەکە سارد بێت بە زستان و گەرم بێت بە هاوین، وە لەناو زەجە و دەنگەدەنگ و فەوزا و بۆ نمونە نەبوونی کارەبا و ئەوانەدا بێت، بەڵام ئەمە بۆ تاقیکردنەوەکان هەر سەختە و رێگرییەکی زۆر زۆر گەورەیە، وە خوێندکار و قوتـابی رووبەڕووی زەحمەتـی زۆر دەبـنەوە لە ئێسـتاوە بـۆ خوێنـدنی ئاسـایی قوتابخانەکـان خەریکن لە رێگەی خێرخوازانەوە داوای نەوت دەکەن داوای پانکە و سپلیت دەکەن بۆ هاوین بۆ تاقیکردنەوەکان دۆخەکە زیاترە، بۆیە من پێشنیار دەکەم برگەیەك زیاد بکرێت بەم جۆرە لەسـەر وەزارەت پێویستە کەشی گونجاو بۆ بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکان دابین بکات کەشی گونجاو ئاو و هەوا دەگرێتەوە تەنانەت رێگەگرتن لە قسە و قسەڵۆکی ئیمتحـان تەئخیـر دەبێـت تەئخیـر نابێـت پرسـیار دزەی پێکـرا دزەی پێنەکـرا کە ئەوانە لە رووی نەفسـییەوە کـاریگەری گەورەیـان لەسەر قوتابی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ب ماددا (٨٥) پشتگیرییا مامۆستا عبدالستار و دکتـۆر زێـدانی دکەم کـو برگـا ئێکـێ و دوویێ دەمج بیت یەعنی ئەوەلی بەحسێ ناوەڕۆکا بابەتێت خاندنێ یا دی بەحسێ کتێبێ کـری ئـاخر چ دنـاڤ کتێبێـدایە؟ ناڤەڕۆکـا بـابەتییە لـبەر هنـدێ سـیاغەکا دیتـر بـۆ بهێـتە کرنـێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ســـەبارەت بە مـــاددەی (٨٥) بـــڕگەی یەکەم پێشـــنیار دەکەم بەو شـــێوەیە دابڕێـــژرێتەوە تاقیکردنەوەکان لە سـەر پڕۆگـرامە بڕیاردراوەکـانی خوێنـدن بەڕێـوە دەچێـت، وە ئەوەی تریـان پەیوەنـدی بە گزیکـردن پشـتگیری کـاك بەڵـێن دەکەم و پشـتگیری قسـەکانی کـاك عمـر دەکەم سەبارەت بە دابینکردنی کەشێکی گونجاو بۆ کاتی ئەزموونەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٨٥) یەکەم پشتگیری قسەکانی کاك عمر دەکەم تەنها لەناو تاقیکردنەوەکە نە دەبێت وەزارەت رۆڵی هەبێت لە ماڵ لە کاتی سەعی کردن بۆ تاقیکردنەوەکان گرنگترین شتە بەتایبەتی پۆلی سێ و شەشی ئامادەیی، وە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان سزا کارگێڕییەکانی گزیکردن بە رێنماییەك رێك دەخرێن موهیمترین شت ئیمتیحانە بەتایبەت وەزارییەکان ئەم رێنماییانە بەرچاوونی هەبێت چۆنە چۆن نییە شێوازی گزیکردن چ پێشکەوتنێکی هەبووە ئێستا بەو رێنماییە چۆن دەبێت بەرچاورونی هەبێت ئێمە دەنگی پێدەدەین، وە دەسەڵات دەدەینە وەزارەت ئەم رێنماییانە چۆن دەبێت؟ بیستوومانە ئەمانە بە بێتەل قسە دەکەن بۆ ئەکتەر و حەیای ئیمتیحان دەچێت دەبینین چ بڵاو دەبێتەوە ئەگەر وەزارەت روونکردنەوەمان بداتێ لەسەر شێوازی گزیکردن و رێنماییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەکیلی وەزیری پەروەردە ئەو پرسیارانە بنووسی بۆئەوەی هەر کات بەڕێز وەزیری پەروەردە هات بتوانێت وەڵام بداتەوە، لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیە هەمان پێشنیاری کاك پێشەوام هەیە یا ئەوەیە بڕگەی سێیەم لەم ماددەیە بچێتە ماددەی (٨٨) لەوێ زیاد بکرێت یا ئەوەیە کە باس لە سزا کارگێڕییەکانی گزیکردن دەکرێت لە پاڵ ئەوەش باس لە دزە بە پرسیار کردنیش بکرێت یەکێك لەم دووانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

د بڕگا ئێکێ و دوویێدا پشتگیری و پشتەڤانیا مامۆستا عبدالستار و خوشکا هلز و دکتۆر زێدانی دکەم کو بێتە رێکخستن، چونکی ناڤەڕۆك و کتێبا بڕیار لێدای هەر یەك تشتە ئەگەر ببیتێ ئێك خالە، دیسان پشتگیری و پشتەڤانیا دکتۆر محی الدینی و مامۆستا عمری دکەم ب زێدەکرنا ئەڤە ژی ببیتە بنەمایەکا تاقیکرنێ د کەش و هەوایەکی گونجاو بۆ تاقیکرنا بێتە دابینکرن یەعنی ئەگەر فیعلەن جەوەکێ گونجاو و مەناسب بۆ ئیمتیحانا نەبیت دبیت ببیتە ئەگەرێ هندێ مەسیرێ گەلەك قوتابییا ژ دەست بچیت، چونکە جەو نە جەوەکێ موناسبە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ازاد فەرموو.

**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە تەوەری دووەم بنەمای تاقیکردنەوەکان لە لای ئێمە تەنها ئیمتیحان لە کتێبەکە دەکرێت، وە بۆیە گزیکردن دەکرێت لەبەر ئەوەی ئەگەر تا ئێستا رێگەمان لە غەشکردن نەکردووە چونکە

هەمـوو ئیمتیحانەکـان بە وەرەقە و قەلەمە ئسـلوبێکی ترمـان نیـیە مەسـەلەن هەڵسـەنگاندنی ئاستی زانیاری گشتی قوتابی و خوێندکار لەناو پۆل بێت یەعنی دەبێت رێی لێ بگرین لە جێیان لە پـۆلی یـازدەوە لە زانکـۆ وەردەگیـرێن تەقـدیم دەکـات لە زانکـۆیەك لە پـۆلی شـەش ئەگەر دەرەجەی زیـاتر بـوو زانکـۆکەی خـۆی وەریـدەگرێت لە لای ئـێمە لە یەك جـێ ئەگەر وەرگیرێـی، لەبەر ئەو سـەبەبیە تـاقیکردنەوە تەنهـا بە وەرەقە و قەلەمە و یەك تـاقیکردنەوەش دەکرێـت لە بەکەلـۆرییە، بـۆیە دەڵـێم بـا ئەو مـاددەیە زیـاد بکەیـن هەڵسـەنگاندنی ئاسـتی زانیـاری گشـتی خوێندکار و قوتابی لەناو پۆل بکرێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێخ ظاهر فەرمووو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، تێبینی من لە مادده (٨٥) بـڕگەی سـێیەم سـزا کارگێڕییەکـانی گزیکـردن بە رێنماییەك رێك دەخرێت مـن پـێم باشـە و پێشـنیار دەکەم لێـرە عقـوبەکە دیـاری بکرێـت کاتێـك قوتـابییەك بیوێـت گـزی بکـات بزانێـت سـزاکەی چیـیە، چـونکە بە پێـی مەبـدەئی (لا جریمـة و لاعقوبـة) کاتێـك تـۆ شـتێکت بە تـاوان دانـا لە بەرامـبەریش دەبێـت عقـوبەکەی دابنرێـت، وە سەبەبێکی تریش کە ئەوەیە نەسەکت هەبوو عقوبەیەکت دانرا لە کاتی جێبەجێ کـردن یـا خـود لە کاتی گزیکردن هیچ کەسێك ناتوانێت تەلاعوبی تێدا بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨٥) پێشنیار دەکەم بڕگەی یەکەم و دووەم تێکەڵ بکرێـت، چـونکە بنەمـای تاقیکردنەوەکـان هەم لەسـەر نـاوەڕۆك بنیـاد دەنرێـت هەم لەسـەر کتێبەکـان، بـۆیە بەم شـێوەی لێبکرێـت گونجـاوترە تاقیکردنەوەکـان لەسـەر نـاوەڕۆکی کتێـبە بڕیارلێـدراوەکانی خوێنـدن دادەنرێت، وە پشتیوانی مامۆستا عبدالستار و مامۆستا هلز دەکەم، وە بە هەمان شێوە پێشـنیار دەکەم بڕگەیەکـی تـر زیـاد بکرێـت رەخسـاندنی کەشـێکی گونجـاو بـۆ کـاتی ئەنجامـدانی تاقیکردنەوەکان، وە پشتیوانی رەئییەکەی مامۆستا عمر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسـەر بـڕگەی یەکەم و دووەم هەسـت دەکەم هەر یەك مانـا دەبەخشـێت ئەگەر دیـقەت بـدەی دەڵێت تاقیکردنەوەکان لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکانی خوێندن بنیات دەنرێـت دووەمـیش دەڵێـت کتێبە بڕیار لێدراوەکان تەنها سەرچاوەن بۆ تاقیکردنەوەکان ئێ ئەو کتێبانە چی تێدایە غێر هەر بابەتەکانی خوێندنی تێدایە، لەبەر ئەوە ئەگەر بڕگەی یەکەمیش لابرێت هەر دەبێت یان دەبێت

بڵێی ناوەڕۆکی کتێبە بڕیار لێدراوەکانی خوێندن تەنها سەرچاوەن بۆ تاقیکردنەوەکان دەمج بکرێت هەر دەبێت، وە بڕگەی سێیەم لەگەڵ قسەی کاك شێخ ظاهرم کە دەڵێت سزا کارگێڕییەکانی گزیکردن بە ڕێنمایی ڕێك بخرێت بەس ئەگەر کارگێڕی بێت جیاوازە لەوەی کە بڵێین هەر سزایەکی وەکو چۆن لە قانونی عقوباتدا هاتووە دەبێت لێرە دیاری بکرێت، بەس ئەگەر کارگێڕی بێت دەکرێت بە ڕێنمایش ڕێك بخرێت، وە ئەگەر ڕوونکردنەوە بدەن ئەم چەند جارە دەڵێین ئەم یاسایە ڕێنمایی زۆری تێدایە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەمە دوایی دەربچێت گرفت بۆ وەزیر بۆ پەرلەمان بۆ هەمووی دروست دەکات تکایە ڕەچاوی ئەو خاڵە بکەن تا دەتوانن ئەم ڕێنماییانە کەم بکەنەوە لە چەند بابێکی گشتگیردا ئەم یاسایە با دەربچوێنرێت و ئەو شتە زیادانەی لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی دوای ئەوە فەرموون.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری سێیەم تاقیکردنەوەکان

ماددەی (٨٦) : دیارە دوو ئاڕاستە هەبوون لەناو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا یەکیان ئەوە بوو کە پێشنیاری یەکەم کە کۆی پڕۆسەکە بە پێی پەیڕەو ڕێك بخرێت ئەوەی دیکەیان ئەوە بوو کە لە پڕۆژەکەدا هاتووە لە لایەن وەزارەتی پەروەردە هەرچەندە موناقەشەی زۆر لەسەر کۆی بڕگە و ماددەکانی کراوە کۆدەنگییەکی تەواو لەسەر ئەوە دروست بوو دواتر کە بەو شێوەیە دەقەکە دەقنووس بکرێت ڕێکخستنی تاقیکردنەوەکان لە دامەزراوەکاندا بە پەیڕەوێك ڕێك دەخرێت کە ئەنجومەنی وەزیران دەریدەکات.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەسەر ماددەی (٨٦) هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات با ناوی تۆمار بکات تا ناو تۆمار دەکرێت دکتۆرە شایان نوقتە نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صاڵح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بە پێی ماددەی (٥١) قسە دەکەم ئەمڕۆ کۆبوونەوەی لیژنەی تەندروستیمان هەیە لە هەمان کاتدا جەلسەی پەرلەمانیش هەیە من هەر دووکم پێ گرنگە بە ڕاستی پێم باشە لە کاتی وا بنووسرێت ئەندام پەرلەمانەکە لە جەلسەی پەرلەمانە، چونکە بڕگەیەك لە ماددەی (٥١) باسی ئەوە دەکات کە دووشەمان کۆبوونەوە بێت، بەڵام دەزانم دەستەی سەرۆکایەتی جەدوەلێکیان دانابوو بۆ ڕێکخستن کە دەتوانن چوار شەممانیش کۆببنەوە، ئینجا ئێستا چوارشەممەیە هەم جەلسەیە هەم لیژنەیە بنووسرێت لە جەلسەی پەرلەمانە نەك مۆڵەت، چونکە من هەردووکم بەلاوە گرنگە بە ڕاستی، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ماددەی (٨٦) ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت گفتوگۆ بکەن (کاك دکتۆر اسماعیل، مامۆستا ابوبکر، مامۆستا عمر، کاك چیا، کاك حاجی هەڵکەوت، دکتۆر شێرکۆ، سەرچنار خان، کاك بەڵێن، مامۆستا هلز)، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له ماددەی (٨٦) باسی تاقیکردنەوەکان دەکات له دامەزراوەکاندا، بەڵام ئەوەی سەیرە دەڵێت بە پەیڕەوێك رێك دەخرێت کە ئەنجومەنی وەزیران دەریدەکات رێکخستنی پەیڕەوی تاقیکردنەوە بۆچی دەچێتە ئەنجومەنی وەزیران و چ پێویستی بە ئەنجومەنی وەزیران هەیە؟ ئەگەر هاوڕێیانی لیژنە وەڵاممان بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینی کاك بەڵێنم هەیە، بۆیە پشتیوانی له قسەکانی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك حاجی هەڵکەوت فەرموو.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له ماددەی (٨٦) دوو پێشنیار هەیە پێشنیاری دووەم دەڵێت رێکخستنی تاقیکردنەوەکان له دامەزراوەکاندا بە پەیڕەوێك رێکدەخرێت کە ئەنجەومەنی وەزیران دەری بکات پێم باشە ئەمەی بۆ زیاد بکرێت جگە له بارودۆخی نا ارامی گرنگە پێشنیارەکان له یەکە پەروەردەییەکانەوە بەرز بکرێتەوە بۆ وەزارەت و پاشان له کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری کۆتایی لێ بدرێت، وە هاوڕاشم لەگەڵ قسەکانی کاك بەڵێن و سوسن خان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری له قسەکانی کاك بەڵێن دەکەم لەگەڵ سوسن خان، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزارەت ڕێکخستنی تاقیکردنەوەکان لە دامەزراوەکاندا بە پەیڕەوێك ڕێك بخات و ئەنجومەنی وەزیران پەسندی بکات، چونکە بابەتی تاقیکردنەوەکان مەسەلەیەکی سیادی و نیشتیمانییە بەڵێ پێویستی بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینی یێت هەی تێبینیيا ئێکێ من پێ خۆش بوو چونکی تاقیکردن گرنگترین قۆناغە د پەروەردێدا و دەبی ل ڤێرێ هاتبا دەستنیشان کرن نەکو تەحویل کربا بۆ پەیڕەوەکێ هاتبا ڕێکخستن، چونکی راستی ئەو تاقیکرنێت ڤێ گاڤێ تێنە کرن ئەڤە سەرێ چەند سالایە ئەز بێژم کوردستان هەمی شاهدە ل سەر کو سیستەمێ هەڵبژاردنا دبیتە ئەگەرێ چەند تشتەکا ئێك قوتابی باش سەقافەت و خاندن و فێرکردنێ گەلەك ئیهتیمامێ نادەتێ ب دەرەجەکا گەلەکا مەزن، چونکی زانیت هەڵبژاردنن نە پێتڤی هندێیە تشتەکێ بۆ خۆ ژبەر بکەت یان تشتەکێ باش تێبگەهیت دوو دبیتە ئەگەرێ هندێ غەش و گزیکردن یا ب ساناهی بیت و گەلەکا ئاسان بیت و ب بلوتۆزا هندەك معەدەلێ خۆ بکەنە (٩٠ و ٩٥)، ئو مە گو لێ دبیت چەند جارا تالبێت خۆ د وەستینن و زەحمەتێ دبەن بنە قوربانی هندێ هندەکێت ب بلوتۆزێ دبیتە ئەگەرێ هندێ سی چل دەرەجا ل معەدەلی ژ وی پتر بیت ئەوێ شەڤ و رۆژێت خۆ دکەتە ئێك کو دا بۆ خۆ موعەدەلەکێ دەربێخیت، ژبەر هندێ من پێ خۆش بوو ل ڤێرێ نەهاتبا ڤەگوهاستن بۆ پەیڕەوی هاتبا ڕێکخستن ئاها ل ڤێرێ هاتبا ڕێکخستن و ئەڤ سیستەمە دوماهیکەك بۆ هاتبا یەعنی سیستەم بهێتە هەلبژاردن و نە فرۆقاتێت فەردی دروستاهی تێتە دیارە کرن، وە عەدالەت ژی تێدا ناهێتە کرن و واقع شاهدە ئەڤە چەند سالە ئەم قوتابیێت خۆ دبینین هەر ساڵ چیرۆکێت غەشێ مە گو لێدبیت بۆچی مە گو لێدبیت بۆچی ئەنتەرنێت تێتە گرتن د فەترا ئیمتحانادا ئەنتەرنێت تێتە گرتن حەتا ئیمتیحان خەلاس بن، چونکی گەلەکا ب ساناهییە غەش بێتە کرن بۆچی گەلەکا ب ساناهییە غەش بێتە کرن چونکی سیستەم هاریکارە بۆ هندێ، ژبەر هندێ من پێ خۆش بوو کو هاتبا دەستنیشان کرن د ڤێرێدا یا دوویێ فیعلەن ئەز پشتەڤانیا مامۆستا ابوبکری دکەم وەزارەت ڕێنماییا یان پەیڕەوی دانێت ئەنجومەنێ وەزیران تەسدیقێ ل سەر بکەت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو دوو پێشنیارە کە یەکێکیان وەزارەت پەیڕەو دابنێت ئەوی تریان ئەنجومەنی وەزیران مەعلومی جەنابتانە کە ئەنجومەنی وەزیران کاتێک داوای لێ دەکرێت کە پەیڕەو دابنێت کاتێك کە ئەو پەیڕەوە تەقاتوعی نێوان وەزارەتەکانی تێدا بوو وەکو تەندروستی وەکو دارایی وەکو ئاوەدانکردنەوە وەکو هەر وەزارەتێکی تر، بۆیە لێرەدا ئەمە ئیختساسی وەزارەتی پەروەردەیە، بۆیە ئەو پێشنیارەی کە دەڵێت ئەنجومەنی وەزیران پێمەوایە زیادە و پێویست ناکات وە ئەنجومەنی وەزیران ئەرکی زۆری لەسەرە، وە تەنها وەزارەت خۆی ئیختساسی خۆیەتی ئەو پێشنیاری یەکەمە پێموایە گونجاوترە پشتگیری لە قسەکانی کاك عمر و سوسن خان و کاك بەڵێن و دکتۆر اسماعیل دەکەم.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

د دێرا یەکەمدا نقیسییە یەکەکیان ئەوەیە کە لە پرۆژەکەدا هاتووە من پێ باشە ل ڤێرێ ئیشارەت ب وێ ماددا ناڤ پرۆژێدا بکەت ماددا ژمارە چەند برگا چەند ل وێرێ ئیشارەت پێ بێتە دان دا ئەم بزانین ئەڤ پرۆژە چ ماددەیە، هەروەسا بۆ دوماهیێ ژی پشتەوانیا کاك بەڵێن و سوسن خانێ دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە سیاغەی ئەم ماددەیە هەڵەیە، لەبەر ئەوەی لە ماددەی قانوونیدا قەت نابێت بڵێی دوو پێشنیار هەیە یەکێکیان ئەوەیە کە کۆی پرۆسەکە بە پەیڕەوێك ڕێك بخرێت و یەکێکیان ئەوەیە کە لە پرۆژەکەدا هاتووە شتی وا مەتاتی چۆن دەبێت دەبێت لابرێت ئەمە یەکەم دووەم هەر جارێ پرۆژەکە دیار نییە هەر چییە بێینە سەر ئەوەی کە باس دەکات ڕێکخستنی تاقیکردنەوە لە دامەزراوەکان بە پەیڕەوێك ڕێك دەخرێت کە ئەنجومەنی وەزیران دەریدەکات ڕێکخستنی تاقیکردنەوە جارێ دەبێت بزانین چییە دووەم ئایا ئەوەندە قورسە ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوی بۆ دەربکات ئەی وەزارەتی پەروەردە بۆ نایکات؟ ئەی لە قانوونەکە بۆ تەحدید ناکرێت هەندێك شتی تێدایە کە ئەوەندە زەرور نییە لەم قانوونە بە خاڵ هاتووە و درێژەی

پێـدراوە شـتە ئەساسـی و زەرورییەکـان نەهـاتووە، بەڵام ئەوانەی کە لاوەکـین سـەیر دەکەی لە قانوونەکە هاتووە...

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارت چییە؟

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارم ئەوەیە ئەو پەیڕەوە لابرێت پێویست ناکات ئەنجومەنی وەزیران ئەمە دابنێت.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ب ماددا (٨٦) ئەز گەلـدا نـیمە پەیـڕەو بێـتە رێکخسـتن، چـونکە د پـڕۆژێ حکومەتێـدا هەبوو نزیکی هەشت ماددا تێدا هەبوو ئەز نزانم چاوا یەکسەر تەحویل کرینە کو ب پەیڕەوەکێ بێتە رێکخستن دوو سیستەمێ ئیمتیحاناتا مە گەلەك تێبینی ل سەر هەبوون نوکە ببیتە پەیـڕەو هیچ تێبینییەکا مە بەرچاڤ ناهێتە وەرگرتنێ، ئو سبەهی دێهێـتە دەنگـدانێ ل سـەر ڤـی یاسـای ئەم دێ چاوا دەنگدانێ کەین سەر پەیڕەوەکێ من ب خۆ ب چاڤ نەدیتییە یان من تێبینییێت خۆ ل سەر هەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ بەڕێـزان، بەڕێـز جەنـابی وەزیـر ئەگەر روونکردنەوەیەکـت هەیە لە سـەر ئەم بـابەتە یـان ئەوانی پێشووتر چەند دەقەیەك فەرموو.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

بەیانیتان باش.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەخێربێی.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

زۆر سـوپاس، ئەگەر سـی چـرکە دەرفەتـم بـدەی ئەمـڕۆ (١٠/٥) رۆژی مامۆسـتایانی جیهـانییە سـبەینێ (١٠/٦) رۆژی مامۆسـتایانی کوردسـتانە پیرۆزبـایی لە مامۆسـتایانی کوردسـتان و مامۆستایانی جیهانیش دەکەین لە کاتێکدا ئێمە سەرقاڵی پڕۆژە یاسای پەروەردەیـن ئەوەنـدەی فریاکەوتم کە لەو تێبینیانەی بەڕێزان نووسـیویانەتەوە ئـێمە لیژنەیەکمـان لە وەزارەت دروسـت کـردووە بە سەرپەرشـتی بەڕێـز بریکـاری وەزارەت دوای ئەوەی کە گەیشـتینە ئەو بـڕوایەی کە سیسـتەمی تاقیکردنەوەکـان پێویسـتی بە پێـداچوونەوە هەیە، وە سیسـتەمی هەڵسـەنگاندن پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە لە قۆناغی بنەڕەتی، وە هەروەها ئامادەییش مەبەستم لە پـۆلی یەك تا پۆلی دوازدەیە بڕیاردرا ئەو لیـژنەی ئـێمە کە پێکهـاتووە بە سـەرۆکایەتی بەڕێـز بریکـاری وەزیـر ئەزمـوونی چەنـد وڵاتێـك وەربگـرن لە هەمـوو جـۆرە سیسـتەمەکان کە سیسـتەمی

تاقیکردنەوەکانیان چۆنە، وە چ شێوازێکە دیراسەیەك بکرێت ووۆرکشۆپێکی لەسەر بکرێت، وە ئەزموونی ئێستای خۆمان چۆنە وە دەتوانین چی تێکەڵ بکەین کە بتوانین پەیڕەوێك حازر بکەین مەسەلەی ئەوەی کە بە پەیڕەو بێت یا بە ڕێنمایی بێت بە هەردووکیان ئاساییە، بەڵام کاتێك گوتوومانە بە پەیڕەو بێت چونکە گۆڕینی پەیڕەو تۆزێك زەحمەترە لە لای وەزارەت نییە ڕێنمایی بێت و تەنها بە وەزیر بگۆڕدرێت، بۆئەوەی ئیستیقرارێکی هەبێت گوتوومانە بە پەیڕەو بێت پەیڕەویش ئەنجومەنی وەزیران دەریدەکات مەبەستەکە لێرە تەنها ئەوە بوو پرسیارێك کرا بوو کێن ئەوانەی مافی پێداچوونەوەی پرۆگرامەکانیان هەیە گولستان خان ئەوانەی کە مافی پێداچوونەوەیان هەیە ئەو بەڕێزانەن کە خەبیرن شارەزایان پێ دەوترێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان، وە بە هاوکاری لەگەڵ سەرپەرشتیاران و مامۆستایانیش سوود لە ئەزموونی ئەوانیش وەردەگرن ئەوەشی کە هەیە سوپاس بۆ تێبینی و سەرنجەکانی ئەو بەڕێزانە لەسەر ماددەکانی پێشوو.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە فەرموون.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پێش ئەوەی بچمە سەر ماددەی (٨٧) لەسەر ماددەی (٨٦) سەرچنار خان پرسیارێکی کرد وتی چۆن دەبێت دوو پیشنیار هەبێت ئەوە هەڵەی تایپە لانەچووە کاتێك کە خەریکی ئامادەکردنی راپۆرتەکە بووین لانەبراوە سەرچنار خان.

ماددەی (٨٧):

یەکەم/ وەزیر دەبێت ساڵانە لیژنەی باڵای تاقیکردنەوەکان لە کەسانی پسپۆڕ و بە ئەزموون پێکبهێنێت.

دووەم/ لیژنەی باڵای تاقیکردنەوەکان بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوە سەرتاسەرییەکان، دانانی پرسیارەکانیان، پاراستنی نهێنییەکانیان، پێشنیازکردنی ڕێنمایی بۆ ڕێکخستنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان، سەلامەتی راگەیاندنی ئەنجامەکانیان و یەکلاکردنەوەی تانەکان.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، دەربارەی ماددەی (٨٧) هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات با ناوی تۆمار بکات، بەڵێ بەڕێزان ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت لەسەر ماددەی (٨٧) گفتوگۆ بکەن بریتین لە بەڕێزان (کاك مم اسکندر، کاك شێخ ظاهر، کاك نزار، کاك بهجت، سوسن خان، کاك عبدالستار، شیرین خان، شیرین امین، دکتۆر شێرکۆ، مامۆستا عمر، دکتۆر اسماعیل، هلز خان، سەرچنار خان)، کاك مم اسکندر فەرموو.

**بەڕێز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودایێ مەزن و دلۆڤان، ب دیتنا من ئەڤە گرینگترین ماددەیە د ناڤا ڤی پرۆژەیدا، چونکە چارەنڤیسێ ماندیبوونا هەم قوتابی و هەم خێزانا وی یا ماددی و مەعنەوی هەم ژی یا وەزارەتێ و حکومەتا هەرێما کوردستانێ ژی دەستێت ئەڤێ لیژنێدایە، ژبەر هندێ ئەز ب گرنگ

دبینم گەل ڤی ماددەی هندەك سزا بهێنە دیارکرن بۆ هەر حاڵەتەکێ دزە پێکرنا زانیارییەکێ دڤێ لیژنێدا، چونکی چارەنڤیسێ هەموو خەلکێ کوردستانێ هەمووو قوتابییا پێڤەگرێدایییە بلا سزا تێدا بهێت دیار کرن ئەو سزا ژی ب رەنگەکێ عەلەنی بهێتە کرن بۆ هندێ ئەم بشێین ب رێکا ڤێ دادپەروەرییێ دروست بکەین ناڤبەینا هەمی قوتابییادا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك نزار فەرمووو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە، سەبارەت بە ماددەی (٨٧) من پێموایە هەردوو خاڵەکان بکرێنە یەك خاڵ ئەمە یەك، وە سەبارەت بەو لیژنەی کە پسپۆڕن ئایا ئەم پسپۆڕانە لەناو وەزارەت بۆ (اعتراض)ی قوتابیان جارێکی تر هەمان ئەو پسپۆڕانە دەبن یاخود کەسانی تر (اعتراض)ی قوتابیان وەردەگرنەوە؟ بۆیە ئەم بابەتە زۆر هەڵدەگرێت پێمباشە هەم ئەو لیژنەی کەوا بەدواداچوون سەبارەت بە (اعتراض)ی قوتابیان دەکات، وە لە هەمان کاتیشدا سەبارەت بە خاڵی دووەم لیژنەی باڵای تاقیکردنەوەکان بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوەکان بۆ تەنها ئەو لیژنەیە بەرپرسە ئایا کەسانی تر لەناو وەزارەتی پەروەردە لەم لیژنەیەدا هەن وەکو بەڕێوەبەرە گشتییەکان یاخود نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك بهجت فەرمووو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، ئەز سەر ماددێ دێ پێشنیارا خۆ ب کورتی عەرزێ جەنابێ وەزیر و لیژنا پەیوەندیدار کەم لیژنا باڵای تاقیکردنەوەکان وەزیری پەروەردە پێك دێت بۆ قۆناغی ئامادەیی ب هەمی بەشێت خۆڤە یا دوویێ لیژنەی تاقیکردنەوەکان بەڕێوەبەری گشتی هەر پارێزگایەك پێك بهێنرێت بۆ قۆناغی بنەڕەتی یەعنی ئەو قوتابییێت ل قۆناغێ بنەڕەتی رێڤەبەرێ گشتی ل هەر پارێزگەهەکێ ئەو سەلاحییەت بۆ رێڤەبەرێ گشتی ل پارێزگەها بهێتە دان کو بشێت لیژنەیکێ پێك بینیت بۆ سەرپەرشتی کرن و رێڤەبرنا پرۆسا تاپیکردنەوێت بنەڕەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك شێخ ظاهر فەرمووو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (٨٧) خاڵی یەکەم وەزیر دەبێت ساڵانە لیژنەیەکی تاقیکردنەوە لە کەسانی پسپۆڕ و بە ئەزموون پێکبهێنرێت من پێشنیار دەکەم ئەو لیژنەیە تەنها بۆ یەك ساڵ ئەندامانی لیژنە بەردەوام بن یەعنی ساڵانە بگۆڕن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی پێشنیاری کاك شێخ ظاهر دەکەم ئەوەی راستی بێت لە ماددەکانی (٨٤-٨٥-٨٦) هەندێك هەڵەی رێزمانی تێدایە، بەڵام بۆئەوەی سوود لە کات وەربگرین من ئاماژەم پێنەداوە، بەڵام زۆر پێویستە لەو یاسایەدا لیژنەیەکی پسپۆڕی زمانەوانی دابنرێت، بۆئەوەی بە کۆی یاساکەدا بچێتەوە لە ماددەی (٧٨)یش هەندێك هەڵەی تێدایە لە بڕگەی یەکەمدا بۆ نمونە پێك بهێنرێت لەسەر یەك نووسراوە کە دەبێت جودا بنووسرێت، وە هەروەها لە بڕگەی دووەمیش کە دەڵێت لیژنەی باڵای تاقیکردنەوەکان بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوە سەرتاسەرییەکان دانانی پرسیارەکان، نهێنییەکانیان ئەمانە پێویست ناکات بەم شێوازە بنووسرێت تەنها بنووسرێت پرسیارەکان نهێنییەکان وە لە کۆتاییشدا ئەنجامەکانیان بکرێتە ئەنجامەکان باشتر دەبێت، بۆیە زۆر پێویستەپسپۆڕی زمانەوانی بە کۆی یاسەکەدا بچێتەوە بۆئەوەی رێك و پێك بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨٧) کە دەڵێت لیژنەی باڵای تاقیکردنەوەکان بەرپرسە زۆر جار بەتایبەت لە تاقیکردنەوەکانی وەزاری هەڵە هەبووە لە پرسیارەکاندا رەنگە قوتابی و خوێندکاریش بەجێی هێشتبێت، بەڵام بەداخەوە بە هیچ شێوەیەك ئاماژە بەوە نەکراوە وە پێویست دەکات دانانی میکانیزمێکی گونجاو بۆئەوەی کە رێگری لەوە بکرێت چیتر لە ئەنجامدانی ئەو پرسیارانە و تاقیکردنەوەکان ئەو هەڵەیە دووبارە نەبێتەوە، وە هاوکات پشتیگیری لە کاك مم دەکەم کە پێویست دەکات لەسەر ئەو خاڵانەی کە هاتووە لە دانانی پرسیارەکان پاراستنی نهێنییەکان و پێشنیاز کردنی رێنماییەکان بە هەمان شێوە وەکو ئاماژەم پێکرد لە بوونی هەڵە لە پرسیاردا پێویست دەکات سزایەك دیاری بکرێت لەم ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨٧) بڕگەی دووەم بەتایبەتی خۆی لیژنەیەکی باڵا هەیە بۆ دانانی پرسیار، وە لەهەمان کاتدا هەر ئەم لیژنەیە بەرپرسیاریشە لە راگەیاندنی ئەنجامەکان و یەکلاکردنەوەی تانەکان من دەپرسم دەکرێت لیژنەیەك خۆی پرسیار دابنێت و هەر ئەویش دوایی تانەکان یەکلایی بکاتەوە؟ من پێموایە دەبوو لیژنەیەکی تایبەتمەند جیاواز لەو لیژنەی کە پرسیار دادەنێت و دواتر پاراستنی نهێنییەکان و پێشنیاری رێنماییەکان دەکات لیژنەیەکی تایبەتمەند

هەبێت بۆئەوەی کە ئەو قوتابیانەی تانەیان لێدا بە راستی بێ لایەنانە، وە ئاگای لە هیچ شتێك نەبێت تانەکان یەکلایی بکاتەوە هەتا ئەگەر ئەم لیژنەیە ئەگەر قوتابی قەناعەتی نەهات بە ئەنجامی تانەکەی ئەو کاتە چ دەبێت؟ من پێموایە بە راستی مافی قوتابییە کە لە شوێنێکی دیکە ئەگەر بکرێت تانەی لێبدات، وە ئەوەش کە یەك ساڵ ئەو لیژنەیە بمێنێتەوە من پشتگیری پێشنیارەکەی کاك شێخ ظاهر و برادەرەکانی دیکە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ئەندامانەی کە هەڵدەبژێردرێن وەکو لیژنەی تاقیکردنەوەکان لە دێری یەکەم دەڵێت بە ئەزموون بن و ئاوا پێموایە ئیزافەیەك بکرێت باشە کە باس لە رابردوویان بکات پاشخانیان پاك بێت، چونکە بەعزێك لەوانە چووبنە لیستی رەشەوە یا مەسەلەن تێبینی هەبووبێت لەسەر ئەندامەتییان لە لیژنەکەدا پێویست نامکات جارێکی تر تەرشیح بکرێنەوە بۆ ئەندامەتی ئەو لیژنەیە، بۆیە پاشخان پاك زۆر دروستە بە بڕوای من، وە تەنها بۆ یەك ساڵ بێت، بۆیە پشتگیری لە بۆچوونەکەی کاك شێخ ظاهر جەنابی مامۆستا عبدالستار دەکەم، وە یەك ساڵ بێت ساڵانە ئەو لیژنەیە بگۆڕدرێت پێم باشترە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ب ماددا (٨٧) دووەم لیژنا باڵا تاقیکرنا بەرپرسیارە ب رێڤەبرنا تاقیکرنێت سەراسەری ب دانانا پرسیارا، بەس بەحسێ وەڵامێت نموونەیی نەهاتیە کرنێ کو ئەم زانین وەڵامێت نموونەیی ب دوو جۆرا تێنە دانان وەڵامێت نموونەیی دانەرێ پرسیارێ وەختێ پرسیارا دانێت فرێ دکەت بۆ لیژنا باڵا پشتی هنگی وەختێ رۆژا ئیمتیحان تێتە کرنێ لیژنەیەکا دیتر تێتە پێکئینان سەر ئاستێ هەر چار پارێزگەها نوێنەرێت وانا وەڵامێت نموونەیی دانێن کو ئەڤە ئێك ژ ئەرکێت لیژنا باڵا تاقیکرنێیە، هەروەسا بەحسێ پشکنینا تێنووسا ژی نەهاتییە کرنێ کو نوکە تێنووس نینە سۆمایە ئەڤە ژی ئەرکەکێ لیژنا باڵایا تاقیکرنێیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لە نیشانەکانی سیستەمی تەندروست کارگێڕی تەندروست ئەوەیە کە سیستەمێکی دڵنیاکەرەوەی هەبێت بۆ وەرگرتنی تانەکان و نارەزاییەکان و وەڵامدانەوەیان، وە یەکلاکردنەوەی ئەنجامەکانیان لەم روانگەیەوە نابێت ئەو لیژنەی کە سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکان دەکات و پرسیار دادەنێت و ئیشرافی دەکات خۆشی لە ئەنجامی هەڵەی

خۆیەوە بۆ نموونە دەکرێت تانە دروست بێت هەر خۆشی وەڵامی تانەکان بداتەوە، بۆیە پشتگیری لە قسەکانی کاك عبدالستار دەکەم پێشنیار دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت بەم جۆرە وەزارەت لیژنەیەکی سەربەخۆ پێك دەهێنێت بۆ وەرگرتنی تانەکان و یەکلاکردنەوەی ئەنجامەکانیانوە سەبارەت بە گۆڕینی لیژنەکەش ساڵانە پشتگیری لە قسەکانی کاك شێخ ظاهر کاك عبدالستار و کاك دکتۆر شێرکۆ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێژیت وەزیر دەبێت ساڵانە لیژنەی باڵای تاقیکردنەوەکان لە کەسانی پسپۆڕ و بە ئەزموون پێك بهێنێت مەبەست پی ساڵانە ئەمری وەزاری دەربکات یا ساڵانە ئەندامەکان بێتە گۆڕین؟ چونکە مومکینە هندەك ئەندام زۆر خیبرەیان هەبێت استغناء لێ ناکرێت کو هەموو جار بێتە گۆڕین ئەمرێ وەزارییە و یەعنی هەموو ساڵ جارێك ئەمرێك دەرچێت ئەوما ئەگەر هەموو ئەندامەکان بگۆڕن ئەمە شتێکی عەمەلی نییە دا بزڤرمە بادینی، وە خاڵا دوویێ پشتەڤانیا دکتۆر شێرکۆ دکەم کە فیعلەن پێتڤییە خەلفییەکا باش و (ماضی)ییەکا باش هەبیت دیسا پشتەڤانیا مامۆستا عمر و کاك عبدالستاری دکەم یەعنی لیژنەکا تایبەت بۆ تانە لێدانێ هەبیت کو ئەڤ لیژنەیە یا یاسایی بیت سەر مستەوای عام دیسان پشتگیرییا هلز خانێ دکەم هەر نەفسی لیژنە بەرپرسە ژ دانانا وەڵامێت نموونەیی، وە پشکنینا سۆما یێت قوتابیان ئەڤە ژی هەر دوو بێنە ئیزافە کرن دا بزانیت لیژنە پێتڤییە پرۆسێ ببەت هەتا دوماهیکێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر ئەگەر لە ماوەی دوو دەقە وەڵامەکان بدەی.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

ئەوەی کە کاك مم ئاماژەی پێدا لە ماددەی (٨٨) لە ماددەی پاش ئەوە هەیە، وە ئەوەی کاك نزار ئاماژەی پێدا بەڵێ هەمان لیژنەیە ئەوەی کاك شێخ ظاهر ئاماژەی پێدا مامۆستا اسماعیل تەوزیحێکی زیاتری لەسەردا نووسراوە ساڵانە لیژنەکە پێکدێت، بەڵام مەرج نییە هەموو ئەندامەکانی لیژنەکە بگۆڕێن ئەگەر هیچ تێبینییەکیان لەسەر نەبێت خیبرەیان پەیدا کردووە و ئەزموونیان هەبێت لەوە دەچێت هەر نەشگۆڕێن بە راستی ئێستا ئێمە لیژنەیەکمان هەیە ساڵانە دوو بەڕێز وەفاتیان کردووە رۆحیان شاد بێت ئەوانی دیکە هیچیان نەگۆڕاون سەبارەت بەوەی شیرین خان لیژنەکە میکانیزمی داناوە برای بەڕێز کاك دکتۆر سەیوان سەرۆکی لیژنەکەیە ئەوە دوو ساڵە ئێوە دەبینن کەمترین هەڵەی پرسیار لە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی وەزاری هەبووە، وە سەبارەت بەوەی کاك عبدالستار تێبینییەکەی بەجێیە وە منیش خۆم پشتگیری دەکەم مەبدەئێکی قانوونیش هەیە (لا یجوز جمع بین الخصب و الحکم فی شخص واحد)، لەبەر ئەوە دەبێت دەقێکی بۆ دابڕێژین ئەوەی هلز خان ئاماژەی پێدا ئەوەش دروستە کە زیاد بکرێت بابەتی پشکنین هەرچەندە وەڵامی نمونەیی تۆزێك بابەتێکی تەکنیکییە، بەڵام ئەرکی لیژنەکەشە پشکنین بکات، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
ماددەی (٨٨) فەرموون.
**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (٨٨):
یەكەم/ هەر كەسێك دزە بە پرسیاری تاقیكردنەوەكان بكات یان زانیاریان لەبارەوە بدركێنێت یان مامەڵەی پێوە بكات بە بەندكردن سزا دەدرێت كە لە سێ ساڵ كەمتر نەبێت.
دووەم/ ئەگەر كەسی هاتوو لە بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە ئەندامی لیژنەی تاقیكردنەوەكان بوو یا تایبەتمەند بوو بە گواستنەوە، پاراستن یان هەڵگرتنیان سزاكەی دەبێت دوو هێندە و بە تاوانی ئابڕووبەر ئەژمار دەكرێت و لە وەزیفەش دەردەكرێت.
سێیەم/ ئەگەر تاوانبار فەرمانبەر یان كارمەندێكی دیكەی حكومەت بوو هەمان حوكمی بڕگەی دووەمی ئەم ماددەی لەسەر جێبەجێ دەكرێت.
چوارەم/ ئەم تاوانە بە تێپەڕبوونی كات سیفەتی تاوانكاری لەدەست نادات.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
بەڵێ بەڕێزان، دەربارەی ماددەی (٨٨) هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بكات با دەست بەرز بكاتەوە، بەڵێ بەڕێزان ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت لەسەر ماددەی (٨٨) گفتوگۆ بكەن بریتین لە بەڕێزان (كاك ادریس، دكتۆر رێبوار، كاك حكمت، كاك حاجی هەڵكەوت، كاك شێخ ظاهر، خدیجە خان، كاك عبدالستار، دكتۆر هەورامان، كاك رزگار، مامۆستا عمر، كاك مەم بورهان، كاك دیاری، كاك دكتۆر شێركۆ، كاك دكتۆر محی الدین، مامۆستا ابوبكر، مامۆستا هلز، سەرچنار خان، مامۆستا عثمان)، كاك ادریس فەرموو.
**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (٨٨) سزا بۆ ئەو كەسانە دیاری كراوە بۆ ئەو كەسانەی كە دزە بە پرسیارەكانی تاقیكردنەوەكان و زانیاری و مامەڵە پێكردن دەكەن ئەویش كە سێ ساڵ زیندانی كردن كەمتر نەبێت، بەڵام سزا بۆ بكەری ئەم زانیارییانە دیار نەكراوە هەر دوو لا تاوانبارن ئەوەی كە دەزێت و ئەوەی كە دەفرۆشێت مەرج نییە ئەوەی كە یەكەم جار ئەم زانیارییانەی بەدەست بكەوێت قوتابی یان خوێندكار بێت لەوانەیە كەسانی تر بێت و لە دەست چەند كەسی ترەوە تا بگاتە دەستی خوێندكارێك یا قوتابییەك، بۆیە من پێشنیار دەكەم كە سزا بۆ بكەرەكەش دیار بكرێت كە لە سزای فرۆشیار كەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
كاك حكمت فەرموو.
**بەڕێز حكمت محمد عبو زید:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ل هەمی وڵاتێت پێشكەفتی ئەڤ سزایێت هندە قورس یەعنی من گو لێ نەبوونە، ژبەر هندێ ئەز پێشنیار دكەم سزایەكی مادی یانیش سزایەكی كاتی كو ژ وەزیفێ بێتە دوور كرن

مەسترین سزا ژی ئەو بیت کو ژ وەزیفا خۆ ب تەمامەتی بێتە لادان ب راستی ئەڤ سزایە گەلەك قورسن ناکرێت گەل هاولاتییێت خۆ و خەلکێ خۆ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك حاجی هەڵکەوت فەرموو.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، لە ماددەی (٨٨) یەکەم هاتووە دەڵێت هەر کەسێك دزە بە پرسیاری تاقیکردنەوەکان بکات یان زانیاریان لەبارەوە بدرکێنێت یان مامەڵەی پێوە بکات بە بەندکردن سزا دەدرێت کە لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت پرسیارەکەم ئاڕاستەی بەڕێز جەنابی وەزیر دەکەم ئایا یاسایەك هەیە کە دوای سێ ساڵ زیندانی کردن نەتوانێت بگەڕێتەوە سەر پیشەکەی ئەگەر مامۆستا بێت؟ ئەگەر یاسا هەبێت ئەوا کارێکی باشە ئەگەر یاساکە ئەو بڕگەی تێدا نییە داواکارم ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت کە دوایی زیندانییەکەش نەتوانێت بگەڕێتەوە سەر پیشەکەی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، ماددەی (٨٨) پێشنیاز دەکەم لەم چوار بڕگەیە هەمووی بکرێتە یەك بڕگەی موفەسەڵ، وە جێی هەموو ئەوانەی تێدا بکرێتەوە بەم جۆرە یەکەم هەر کەسێك دزە بە پرسیاری تاقیکردنەوەکان بکات یان زانیاریان لەبارەوە بدرکێنێت یان مامەڵەیان پێوە بکات، وە هەر کەسێك کە هاوکاریان بکات سزا دەدرێت کە لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت، وە هەروەها ئەگەر ئەو کەسە ئەندامی لیژنەی تاقیکردنەوەکان بوو یان تایبەتمەند بوو بە گواستنەوە یان پاراستن یان هەڵگرتنی سزاکەی دوو هێندە دەبێت و بە تاوانی ئابڕووبەر ئەژمار دەکرێت، وە ئەوەی کە دەڵێت ئەگەر تاوانبار فەرمانبەر یان کارمەندێکی دیکەی حکومەت بوو هەر بە هەمان شێوە بکرێت بە یەك بڕگە زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ماددەی (٨٨) بڕگەی یەکەم بە راستی دوو مافە هەم مافی گشتیشی پێوە رەبتە کاتێك کە دزە بە پرسیار دەکات لەوانەیە کوڕی هەژارێك بۆ نمونە نەچێتە ئەو شوێنەی کەوا بەو دەرەجە تەزویرەوە وەریگرتووە، بۆیە من دەڵێم سزاکە زیاد بکرێت، بەڵام دوایی تەحقیقی لیژنەی تایبەتمەند سزاکە سێ ساڵە و هەروەها هەندێك پارەشی لەگەڵ دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جێگـای دەستخۆشـییە بەراسـتی لەم چەنـد سـاڵەی رابـردوودا وەزارەتـی پەروەردە و لیـژنەی تاقیکردنەوەکـان تـا ئاسـتێکی زۆر بـاش توانیویـانە کـۆنترۆڵی دزە پێکـردن و ئەو بابەتـانەی پرسیارەکان بکەن هەرچەندە هەندێك جار قسـە لەسـەر ئەو بابەتانە دەکرێـت، بەڵام بە راسـتی ماوەی چەنـد سـاڵێکە مەسـەلەی دزە پێکردنـی پرسـیارەکان تـا ئاسـتێکی بـاش کـۆنترۆڵ کـراوە هەندێك جار هەندێك حاڵەت روو دەدات دزە بە پرسیارەکان ناکرێت دزە بە وەڵامی پرسیارەکان دەکرێت لەناو هۆڵەکانی تاقیکردنەوەکان مەسەلەن نمونە هەیە جـاری وا هەیە کارگوزارێـك ئـاو دابەش دەکات وەڵامەکان لە قوتابییەك یان لە کەسێك بۆ قوتابییەکی نـاو هـۆڵەکە دەگـوازێتەوە ئەو حاڵەتـانەش روویـداوە، بـۆیە جـگە لەوانەی کە دزە بە پرسـیارەکان دەکەن ئەوانەی دزە بەوەڵامی پرسیارەکان دەکەن پێویستە ئەوەش بخرێتە ناو چوارچێـوەی یاساییەوە، وە خاڵێـك هەیە هەندێك جار پێش ئەزمونەکان بە تایبەتی ئەوانەی تاقیکردنەوەی دەرەکی دەکەن هەندێك کەس دەگوازنەوە بـۆ پەروەردەکـانی دوورە دەسـت یـان لە دەرەوەی شـارەکان بـۆ ئەوەی زیـاتر ئاسـانکاری بۆیـان بکرێـت، لەبەر ئەوە پێشـنیاری ئەوە دەکەم وەزارەتـی پەروەردە و لیـژنەی تاقیکردنەوەکـان بە مـاوەیەکی دیـاریکراو بـۆ ئەو قوتابیـانەی تـاقیکردنەوەی دەرەکـی دەکەن نەگـوازرێنەوە و لەگەڵ ئەوەم سـزای ئەوەم سـزای زیـاتر بکرێـت و بەشـێك لە سـزای مـاددیش بخرێتە سەر ئەو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دزەپێکردنـی پرسـیارەکان چاوپۆشـی کـردنیش لە دزە پێکـردنەکە هەر هەیە وەکـو چۆن لە قانووندا هەیە دەڵێت (من تغاض عنه) دەزانێت کە پرسیارەکان دزەی پێـدەکرێت، بەڵام چاوپۆشی لێ دەکات، بۆیە کاتێك کە دەڵێت هەر کەسێك دزە بە پرسیاری تاقیکردنەوەکان بکات یـان چاوپۆشـی لە دزە پێکردنـی بکـات واتـا علمـی پـێ هەیە، بەڵام قسـە ناکـات یەعنـی هـیچ هەڵوێستێکی نییە ئەویش هەر مەشمول بێت بەو سزایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بڕگەی یەکەم و بڕگەی دووەم بکـرێتە یەك بـڕگە، وە وای لێبکرێـت لە شـەش مانگ کەمتر نەبێت و لە یەك ساڵ زیـاتر نەبێـت، چـونکە هەر خـوای گەورە هەڵە ناکـات ئەوەش تێیـدا روون بکـرێتەوە ئەگەر بە ئارەزوومەنـدانە سـزای لەسـەر دانـرێ، بەڵام ئەگەر کەسـەکە بە

هۆیەكی تەكنیكی بوو حەق نییە وای لێ بكرێت، بۆیە من پێشنیار دەكەم وەكو پێشتریش ئیشارەتم پێدا لە شەش مانگ كەمتر نەبێت و لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت ئەگەر لەكاتی دووبارە كردنەوەی بە مەبەست یەعنی بە ئارەزوومەندانە ئەوە سزاكەی ببێتە دوو هێندە و لە وەزیفەكەش دوور بخرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دكتۆر هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، سەبارەت بە ماددەی (٨٨) كێ ئەمە ساغ دەكاتەوە كە كێ دزەی پێكردووە و كێ فرۆشتوویەتی و كێ مامەڵەی پێكردووە و كێ چاوپۆشی لێ كردووە بە راستی دەبێت لیژنەیەك ئەمە ساغ بكاتەوە پێم باشە ئەوە زیاد بكرێت دووەم بە راستی بابەتەكە دەبێت تەسنیف بكرێت ئەوەی كە دزەی پێكردووە و ئەوەی كە زانیاری دەدات و ئەوەی كە مامەڵەی پێوە دەكات یان ئەوەش زیاد بكرێت، چونكە ئەمانە هەر یەكە و دەبێت حوكمێكی هەبێت حوكمێك بەسەر هەموویان نابێت بە راستی، چونكە جیاوازن، بۆیە پێم باشە تەسنیف بكرێت و هەر یەكەیان حوكمی خۆی وەربگرێت لە كۆتاییدا منیش لەگەڵ ئەوەم كە ئەم حوكمە زۆر قورسە و زۆر قاسییە بە راستی دەبێت تەخفیف بكرێت و لەگەڵ ئەو بەڕێزانەم كە داوای تەخفیف كردنی سزاكە دەكەن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەكەم لە ماددەی (٨٨) من پێموایە وای لێ بكرێت هەر كەسێك دزە بە پرسیاری تاقیكردنەوەكان بكات یان بیكڕێت یان چاوپۆشی لێ بكات وەك ئەوەی كە كاك دكتۆر شێركۆ باسی كرد، ئینجا كە دوایی دێت یان زانیارییان لەبارەیەوە بدركێنێت یان مامەڵەی پێوە بكات بە بەڵگەی روون ئێستا لێرە هیچ نەگووتراوە هەر كەسێك دەتوانێت بێت و یەكێكی تر خەتابار بكات بڵێت ئەمە دزەی بە پرسیارەكان كرد بە بەڵگەی یاسایی روون ئەو كاتی سزا دەدرێت بە سێ ساڵ كەمتر نەبێت، وە لە ماددەی دووەم بەراستی منیش لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەم كە بەتایبەتی لە بڕگە ئەخیری لە وەزیفە دەربكرێت پێموایە ئەمە قورسە، چونكە ئەو وەزیفەیە پێموایە هەر بۆ ئەو نییە یەعنی حەقی ماڵ و منداڵیشی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دكتۆر رێبوار فەرموو.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێموایە ئەمە ماددەیەكی زۆر زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی پەیوەستە بە نەزاهەت و مزداقییەتی ئەزموونەكان و نەتیجەی ئەزموونەكان دواجار دەگەڕێتەوە سەر سومعەی وەزارەتی پەروەردە و

بەتایبەتی بۆ لیژنەی باڵای تاقیکردنەوەکان، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەگەر چی لەم دەقەدا ئاوا هاتووە تەنها ئەوەی کە دزە بە پرسیارەکانی کردووە سزاکەی دیاریکراوە، بەڵام ئەوەشی کە وەردەگرێت یا دەیکڕێت سزاکەی دیار نییە بۆ نمونە ئەگەر قوتابییەك یا خوێندکارێك پرسیارەکانی کڕی یا بە دەستی گەیشت دەبێت سزای ئەوەش دیاری بکرێت بە لایەنی کەم ئەو قوتابی و خوێندکارە ساڵی خوێندنی بە کەوتوو ئەژمار بکرێت، چونکە جاری وا هەبووە بینیومانە لە ساڵانی رابردوو قوتابییەك یا خوووندکارێك تەنانەت لە سۆشیاڵ میدیا بڵاوی کردۆتەوە بە ئاشکرا، بۆیە دەبێت هەردووکی سزاکەی وەرگرێت من لەگەڵ ئەوەم سزاکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (٨٨) من پێشنیار دەکەم بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەم بکرێتە یەك بڕگە، لەبەر ئەوەی لێك نزیکن و ئەو سزایەی کە هاتووە لە بڕگەی دووەم بە تاوانی ئابڕووبەر هەژمار دەکرێت لەگەڵ ئەوەی کە هەر سزایەکی توندتر کە لە یاسا بەرکارەکاندا هەیە لەسەری جێبەجێ دەکرێت، واتا هەرسێ بڕگە بکرێتە یەك و ئەمەشی بۆ زیاد بکرێت و خاڵی چوارەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، واتا ماددەی (٨٨) بکرێتە دوو بڕگە و پشتگیری کاك دکتۆر رێبواریش دەکەم کە ئەو ماددەیە وەك خۆی بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، خدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێموایە کە ئەم ماددەیە یەکجار گرنگە بەتایبەت بۆ کۆنترۆڵ کردن و چاودێری کردنی پرۆسەی تاقیکردنەوەکان لە بڕگەی دووەم و سێیەمی ئەم ماددەیە باسی زەرفی موشەدەد کراوە کە ئەمەش بنەمایەکی گشتییە لە قانوونی عقوباتی عێراقیشدا هاتووە کە هەر کەس کە فەرمانبەر بێت سزاکەی دوو ئەوەندە دەکرێت، بەڵام لە بڕگەی دووەم جارێك زەرفی موشەدەد بەسەر ئەو کەسەدا جێبەجێ دەکرێت سزاکەی دەبێتە دوو هێندە و لە کۆتاییشدا دەڵێت لە وەزیفەش دەردەکرێت یەعنی فەسلیش دەبێت، وە هەروەها دەڵێت بە تاوانی ئابڕووبەریش هەژمار دەکرێت کە کەسێك تاوانی ئابڕووبەری ئەنجامدا لە کۆتاییدا ناتوانێت داوای هیچ وەزیفەیەکیش بکات یەعنی یەکێك لە مەرجە گشتییەکانی دامەزراندن ئەگەر دوای فەسل دووبارە داوای دامەزراندن بکاتەوە ئەوە تاوانێکی ئابڕووبەری ئەنجامداوە یەکێك لە مەرجە گشتییەکانی تێدا نییە واتا ناتوانێت دووبارە داوای وەزیفە بکات یەعنی وەکو ئەوە وایە کە عەزلیش کرا بێت هەم فەسلە هەم عەزلە هەم زەرفی موشەدەدی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت بە راستی ئەم سزایە تۆزێك قورسە، بۆیە منیش پێموایە پێداچوونەوەیەك بکرێت دەرکردن لە

وەزیــفە یــان ئەو تــاوانی ئــابڕووبەرە بە شــێوازێکی دیــکە کە جەنــابی وەزیــریش لێــرەیە پێداچوونەوەیەك بکرێت باشتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا نجاة فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستی ماددێ (٨٨) گەلەکا گرنگە دیارکرنا دەست پاقژییا ئەنجامـدانا ئەزموونـایە، بەس ل ڤێـرێ قوتابی ب روون و ئاشکرا ناڤێ وی نەهاتییە دەبیت کو دبێن هەر کەسـەك ئـو ژ وا قوتـابی نـاڤێ وی ب سەراحەت بێت دا ئەو ژی جەزایێ خۆ وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم بورهان فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مـاددەی (٨٨) بـڕگەی یەکەم هەڵـبەتە سـێ هۆکـار هەیە کە دەبێـتە هـۆی ئەوەی کە سـزای بـۆ دانـراوە سـێ سـاڵ یەکەمیـان دزە کـردن بە پرسـیار دووەم زانیـاری لەبـارەیەوە و سـێیەمیان مـامەڵە پێـوەکردن یـا فرۆشـتنی پرسـیارەکان کە ئەویـش هەر دزە پێکـردنە و هەم دەشیفرۆشـێت کە رەنـگە ئەوەیـان قۆرسـتر بێـت مـن پێشـنیاز دەکەم ئەم سـزایانە سـەقفێك دابنرێت لە ئەوەندە بۆ ئەوەندە بۆ نمـونە ئەوەی کە زانیـاری لەبـارەوە ئاشـکرا بکـات رەنـگە بڵـێ فەسلی ئەوەندە هەندێك پرسیاری لـێ هـاتۆتەوە ئەمەش دیسـانەوە دزەکردنـی زانیـارییە، بـۆیە ئەم حاڵەتانە ئەهوەندترە بەرامبەر بەوەی کە مـامەڵەی بازرگانیـان پێـوە بکـات یـا دزە بە تەواوی پرسیارەکان بـکەن، بـۆیە مـن پێشـنیاز دەکەم لە سـێ مانـگ کەمتـر و لە دوو سـاڵ زیـاتر نەبێـت یەعنــی سـەقفێك دابنرێـت، وە بە نیسـبەت بـڕگەی دووەمەوە بۆمـانی روون بـکەنەوە تـاوانی ئابڕووبەر و ئەو شتانە بخرێتە پاڵ مامۆستایەك یا سەرپەرشتیارێك زانیـارییەکی دزەپێکـردووە یان زانیاری بڵاوکردۆتەوە وەکو تاوانی ئابڕووبەر بە بڕوای من ئەم مەسەلەیە لابرێت هەر بڵـێن سزاکەی دەبێت دوو هێندە و ئەگەر دووبارە بوویەوە لە وەزیفە دەربکرێت مەسـەلەی ئـابڕووبەر لابرێت باشترە بۆ سومعەی هەم خانەوادەکەی و هەم سومعەی کەسەکە خۆشی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا هلز فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ب مـاددێ (٨٨) سـێ تشـتێت هـاتین تەسـریبە تیجـارەتە ئـو دانـا مەعلوماتـایە ئـو یەك سزایێ بۆ هاتییە دانان، ژبەر هندێ ئەز گەل وان بەڕێزانەمە کو ئەڤێت هەنێ ژێك بێنە جیاکرنێ، وە سەبارەت ب ئەو بەڕێزێت دبێژن ئەڤ ماددا هەنـێ یـا توونـدە ئەم ژبیـر نەکەیـن ئەو کەسـێ تیجارەتێ ب پرسیارا بکەت و وەڵامێت وانا زەرەرێ ل سەد هەزار قوتابییا دکەت و مەسیرێ وانا بن پێ دکەت، چونکە ئەگەر ئیسپاد بوو کە ئەڤی ئەسیلەیێت فرۆشتی یان یێت تەسـریب بـووی

ئیحتیمـاله ئیمتحـان ئیعـاده ببیـت وی وەختیـدا ئیمتیحـان ئیعـاده بـوو سـەد هەزار تەلەبە موتەزەرەرن یەعنی مەعقولە مامۆستایەك یان سەرپەرشتیارەك یان فەرمانبەرەك گەهشتییە وی ئاسـتی ئـو بێـت خیـانەتێ ل ئەمـانەتێ بـکەت ئەسـیلێ بفرۆشـیت و تیجـارەتێ پـێ بـکەت یـان وەڵامێت نمونەیی ئەز ب خۆ مودیرا قاعێ بووم د چارێك سەعاتێدا چـل وەڵامێـت نمـونەیی ب بلۆتۆزی بۆ تەلەبەی هاتن ل دپێنج دەقێت دوماهیکێدا مەعقولە ئەز بێژمێ تو عوفووی هەمـا ب شـەش هەیڤـا بێـیە حـوکم کرنـێ تەبـعەن شـەش هەیـڤ نـابیتە رادع جارەکـا دیتـر دێهێـت وێ جەریمێ دووبارە دێکەنەڤە، ژبەر هندێ ئەز گەل هەبوونا ڤێ ماددێمە ئو ئەگەر توونذتر ژی ببت دابیتە رادعەك بۆ وان بەرێزا دا جارەکا دیتر وی کارێ هەنێ دووبارە نەکەن.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن دزەپێکردنی پرسیار و خیانەتکردن لەو ئەمانەتە گەورەیە بە راستی پـێچەوانەی هەمـوو ئەو خەسڵەتانەیە کە دەبێت پەروەردەکارێك هەیبێـت مامۆسـتا بێـت یـان فەرمـانبەر، بـۆیە مـن قسەم لە سەر سزاکان نییە وە سزاکان بمێننەوە، بەڵام قسەم لەسەر ئەوە هەیە کە لە وەزیـفەش دەربکرێـت مـووچەی مامۆسـتا و فەرمـانبەر تەنهـا مـوڵکی خـۆی نیـیە مـوڵکی منداڵەکانیشـە لە هەرێمی کوردستان هەر کەس بێ مووچە و بێ کار دەبێت حکومەت هـیچ هاوکـارییەکی ناکـات ئەوەی دەگیرێت و دەخرێتە زینـدانەوە و تـاوانێکی کـردووە زۆر باشـە بەس بـۆ منـداڵەکانی بـۆ بـاجی تاوانبـاری باوکیـان یـان دایکیـان یـان کەسـێکی خێزانەکەیـان بـدەن حکـومەت هاوکـاری ئەوانەش ناکات لێرەش من پێموایە ئەمە رێك نان برینی منداڵەکانیشیتی، بۆیە وای لـێ بکرێـت رەوانەی خانەنشـینی بکرێـت ئەگەر پـازدە سـاڵ خزمەتـی هەبـوو لایەنـی کەم مامۆسـتایەك لە تەمەنی شەست ساڵیدا و فەرمانبەرێك ئەم خیانەتەی لێ دەوەشێتەوە لە تەمەنی شەست ساڵی چۆن دەتوانێت بچێـت کـار بکـات ئەگەر لە وەزیـفەکەش دەربکرێـت، بـۆیە بە ئیجبـاری رەوانەی خانەنشینی بکرێت ئەمەش پشتگیرییە لە قسەکانی کاك هێرش و کاك عبدالستار و خدیجە خـان و کاك مەم لەم بڕگەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستی من تێبینیم لەسەر ئەم ماددەیە هەیە مـاددەیەکی عیقـابییە دەقێکـی سـزاییە کە هـاتۆتە ناوەڕاستی ئەم یاسایە و لە کاتێکدا کە ئێمە یاسای بەرکارمان هەیە یاسـای سـزاکانی عێراقیمـان هەیە (قانون اصـول محاکمـات جزائـی)مـان هەیە لەگەڵ قـانونی (انضـباط موظـف الدولـة) ئەم سێیانە دەتوانێت ئەم بابەتە حەل بکات ئەگەر لە حاڵەتێکیش قسە لەسـەر ئەوەیە کە ئەم بـابەتە بمێنێـتەوە دەبێـت وردەکـاری زیـاتری تێبکرێـت بـۆ نمـونە دەڵێـت دەبێـت هەر کەسـێك دزە بە پرسیاری تاقیکردنەوەکان بکات ئـێمە دوو جـۆر تاقیکردنەوەمـان هەیە مەسـەلەن لەوە دەچێـت

بلێین تاقیکردنەوە ئەگەر وەزاری بێت پۆلی نۆمان هەیە و پـۆلی دوازدەمـان هەیە پـۆلی دوازدە ئەگەر مەسیری بێت پـۆلی نـۆ مەسـەلەن جیـاوازە، ئینجـا دزە کـردنەکەش شـێوازەکەی زانیـاری لەبارەوەیە بدرێ یان مامەڵەی پێوە بکرێت هەر دووکی هەر یەك سـزای بـۆ دانـاوە و سزاکەشـی تەحدید کردووە بە بەندکردن کە لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت خۆی راسـتە حەپـس تـا پێـنج سـاڵە، بەڵام دەکرێت بڵێی بۆ نمونە لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت لەگەڵیشیدا غەرامەی بۆ دابنێـی، چـونکە کاتێك ئەوە دەچێتە ناو دادگای تایبەتمەندەوە ئیتر ئەوە سەڵاحییەت دەدرێت بە قازی یەعنی تۆ حەسری دەسەڵاتی قازی ناکەی بە پێی کەیسەکە کەیس بۆ کەیـس جیـاوازە یەعنـی دەبێـت ئەو دەسەڵاتە بهێڵرێتەوە بۆ قازی هەم بە عقوباتی مالی بێت و هەم بە عقوباتی بەدەنی بێت هەم بە شـێوازی جەریـمەکە بێـت کە چـۆن کـراوە لەسـەر ئەو ئەساسـە عقـوبە دابنرێـت نەك ئەوەی کە هەمووی بە یەك شێواز مامەڵەی پێوە بکرێت، وە لە خاڵی دووەمیشدا کە (جرائم مخلة باشـرف) خۆمان دەزانین ئەگەر ئابڕووبەر بێت یەکسەر دەچێتەوە بۆ عەزل ئایا لە کاتی دووبارە کـردنەوە من لەگەڵ ئەوەم دەزانم تاوانێکە دەیکات بەس وەکـو وتـم ئەم تەسـنیفاتانە و ئایـا دەبێـت ئەوە وردەکاری تری تێدا بکرێت بە (جرائم مخلـة باشـرفة) دوایـی سـەری لە عەزل دەربچێـت یـان نـا ئەوەش قسەیەکی ترە، وە بـڕگەی چـوارەم کە دەڵێـت ئەم تـاوانە بە تێپەڕبـوونی کـات سـیفەتی تاوانکاری لەدەست نادات (عـدم التقـادم) بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان باسـی تەقـادوم بـۆ حەقـی مەدەنیـیە بـۆ حەقـی جەزائـی نیـیە ئەمە لێـرە بـاس باسـی جەزائیـیە حەقـی مەدەنـی حەقـی تەقادومی تێدایە نەك جەزائی ئەو بڕگەیە دەبێت لابرێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مم اسکندر فەرموو.

**بەڕێز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، لە ماددەی (٨٧) کە پێشنیاری ئەوەم کرد کە سـزا لێـرەدا هەبێـت بـۆئەوەیە چــونکە ئەم لیــژنەیە تــایبەتە بەرپرســیاریەتییەکەی دیــارە خەڵکــی تــر لە مــاددەی (٨٨) ئەو مەسئولیەتییەیان نییە یەعنی لە ماددەی (٨٨) ئەم سزایانە بۆ هەموو خەڵکە بـۆ فەرمـانبەرێکی حکـومەتە بـۆ هـی وەزارەتە بـۆ کاربەدەسـتێکە بـۆ قوتـابییەکە بـۆ هـاوڵاتییەکە بـۆ هەموویـانە دەمویست لە ماددەی (٨٧) هەندێك سزای توندتر هەبن کە تایبەتە بەوانەی کە دەبێت پاراسـتنی نهێنی ئەو پرسیارانە بکرێت، وە لە ماددەی (٨٨) باسی ئەو کەسانە نەکراوە کە کڕیارە مەسـەلەن ئێستا فرۆشـتن دەکرێـت چـونکە کڕیـار هەیە دەبێـت سـزا بـۆ ئەوانەش دیـار بکرێـت، هەروەهـا پشـتگیری لە هەمـوو ئەو هەڤـاڵانە دەکەم کە باسـی ئەوە دەکەن کە پرسـیار دەکڕێـت و بەدوای دەکەوێت سزا بدرێن هەرچەندە لە ماددەی (٨٥) لە بـڕگەی سـێیەم باسـی گزیکـردن کـراوە کە بە پەیڕەوێك رێك دەخرێـت، بەڵام لێـرەدا ئامـاژە پێبکرێـت بـۆئەوەی روون و وازحتـر بێـت باشـتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من چوار تێبینیم هەیە تێبینی یەكەم هەرچەندە لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٨٧) باسی تاقیكردنەوەی سەرتاسەری كردووە لە بڕگەی یەكەمیشدا هەر كەسێك دزە بە پرسیاری تاقیكردنەوە سەرتاسەرییەكان بكات واتا ئەوە ئیزافە بكرێت، بۆئەوەی جیابكرێتەوە لە تاقیكردنەوەكانی تر بڕگەی دووەم من لەگەڵ ئەو سزایەدام، بەڵام ئەم سزایە ئایا وەكو كەتن وەكو گوناح یان وەكو تاوان وەكو جینایە مامەڵەی لەگەڵدا دەكەین، چونكە سێ ساڵ كە كەمتر نەبێت دەچێتە قاڵبی جونحەوە ئەقسای سزاكە دیاری نەكراوە ئایا ئێمە ئەم سزایە بە تاوان لە قەڵەم دەدەین یاخود بە كەتن؟ لە بڕگەی چوارەم پشتگیری سەرچنار خان دەكەم هەرچەندە تەئكیدی موئەكەدە لەبەر ختورەتی ئەم تاوانە كە ساڵانە دڵەڕاوكێ بۆ هەزاران خوێندكار دروست دەكات، بەڵام من پێم باشە بڕگەی پێنجەمیش زیاد بكرێت بۆ ئەو كەسانەی كە ئەم دڵەڕاوكێیە بڵاودەكەنەوە بێ ئەوەی بەڵگەیەكیان بەدەستەوە بێت ئایا ئەو كەسانەش تاوانبار نین كە هاوڵاتیان دەخەنە قەلەقییەوە پرسیارەكان دزەی پێكرا پرسیارەكان بڵاوكرایەوە ئەمەش بە رای من هەر تاوانە، چونكە تەئسیر و كاریگەری خۆی هەیە لە سەر رەوشی تاقیكردنەوەكان، بۆیە پێم باشە بكرێت بە بڕگەی پێنجەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك فیصل فەرموو.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، ماددەی (٨٨) یەكەم ئەوە دژ بە دەقەكانی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) نییە ئەگەر نییە سێ ساڵ واقعی نییە بیكەن بە ماوەیەك واقعی بێت كۆتاییەكەشی دیاری نەكراوە تا چەند ساڵ، وە پشتگیری لە قسەكانی سەرچنار خان و كاك ابوبكر دەكەم.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دكتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو پرسیار ل بەڕێز جەنابی وەزیری و لیژنێ ژی ئەرێ ئەڤە بەحسێ هەمی تاقیكردنانە یان ژی بەس یێت نیشتیمانینە؟ یەعنی دڤێت بێت دیارە كرن چونكی تاقیكردن گەلەكن سەرەتایی یێ هەی هەتا دوماهیكێ تاقیكرن تێت كرن ئەگەر ئەڤە بۆ هەمیبا بیت راستی گەلەكا دژوارە ئەگەر بەس بۆ وەزاری بیت ئەز دەستخۆشیێ ل وەزارەتێ دكەم دەستخۆشیێ ل لیژنێ دكەم كو ئەڤ ماددەیە ئینا د ڤێرێدا، چونكی مافێ نزیكی سەد هەزار ئو چێدبیت پتر ژی قوتابییا تێتە پاراستن ب ڤێ ماددەی ئەڤە ماددەكا رادعە حەقیقەت بۆ هندێیە هندەك كەس نەكەڤیتە ڤێ خەلەتییێدا دەستخۆشیێ دكەم، بەس ڤێ پرسیارێ تەئكید كا بەحسێ هەمی تاقیكردنایە چونكی عام یا هاتی ئەگەر وەسا بیت ل ئیپتیدائیێ كەسەكی ئەڤ تشتە كربیت نەفسی حوكمی بۆ

دانێنه سەر، ئو پرسیارا چارێ (حق التقادم) مەقسەد پێ یەعنی (أثر الرجعی) دێهێته کرن ئەگەر ئەڤ یاسایە دەرکەفت (أثر الرجعی) ئەڤێت هاتینە گرتن دێهێنە عقوبە کرن یان ناهێنە عقوبە کرن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، جەنابی وەزیر ئەگەر لە ماوەی دوو سێ دەقەیەکدا وەڵامەکان بدەیەوە فەرموو.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتەکە گرنگ بوو دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم لە کوردستان هیچ دەقێکی قانونی نییە کە مامەڵە بکات لەگەڵ بابەتی دزەپێکردنی پرسیارەکان و مامەڵە پێکردنی لە لایەن هەر کەسێکەوە بێت لە عێراقدا قەرارێکی تەشریعی هەیە قەراری رەقەم (١٣٢)ی (١٩٩٦)ی مەجلیسی قیادەی سەورەی مونحەل کە ئەم قەرارەش لە عێراقدا لە ساڵی (٢٠٠٠) تەعلیق کراوە موشەرعی عێراقی ئەو کات دایناوە کە لە ساڵێك زیاتر نەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە دزە بە پرسیارەکان دەکەن، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەندامانی لیژنەی تاقیکردنەوەکان بوون بۆیان هەیە تا حەوت ساڵ عقوبە بدرێن کە لەو ماوەیە ئەخیر لە عێراق الحمدلله لە کوردستان پرسیارمان پێش تاقیکردنەوە کەشف نەبووە و دزەی پێنەکراوە، بەڵام لەناو تاقیکردنەوەکان کە هەموو قوتابییەك دەچێتە ژوورەوە قوتابی گزی دەکات لە هەموو شوێنێك گزی هەیە، بەڵام ئیجرائاتەکانی ئێمە زۆر توندن بۆ زەبت کردنیان ئەمە بابەتێکی ترە، وە بەڕێزێك فەرمووی ئەمە بکرێتە پارە ئێ ئەگەر بکرێتە پارە دەوڵەمەندێك دەتوانێت پارە بدات بە راستی وە ئەگەر مەبەستی بێت قۆپیە بکات دەتوانێت لێی دەرباز بێت و پارە بدات، لەبەر ئەوە نابێت بکرێتە پارە بۆچی ئەو سزایە دەبێت عەزل بێت لەبەر ئەوەی بە گوێرەی قانوونی ئینزیباتی مۆزەفینی دەولی ساڵی (١٩٩١) ماددەی (٨) سزای عەزل سێ حاڵەتی بۆ دیاریکراوە هەر کەسێك جەریمەیەك بکات زەرەر لە مەسڵەحەتی عام بدات لە ئەسنای وەزیفەکەی عەزل دەکرێت سێ حاڵەتی عەزل هەیە کە مۆزەفی تێدا عەزل دەکرێت وە عەزلیش ناگەڕێتەوە بۆ وەزیفە ئایا ئەمە زەرەر لە مەصڵحەتی عام نادات؟ بە دڵنیایی زەرەر لە مەسڵەحەتی عام دەدات، لەبەر ئەوە پێویست دەکات سزاکە عەزل بێت چونکە مەتابقی قانوونی ئینزیباتی مۆزەفینی دەولەیە مامۆستا فەرمووی بۆچی ئەمە تاوانی ئابڕووبەر بێت بەڕێزان ئەمە موشەرع سەلماندوویەتی کە ئەمە تاوانی ئابڕووبەرە دوێنێ شەرحم کرد ماددەی (١١١) لە قانونی عقوباتی عێراقی ساڵی (١٩٦٩) باس لەوە دەکات دەڵێت تاوانی ئابڕووبەر (جرائم مخلە بالشرف) بریتییە لە دزی کردن بریتییە لە ئیختیلاس بریتییە لە رەشوە بریتییە لە (خیانة فی الامانة) ئەمە خیانەتە لە ئەمانەت کاك عمر گوڵپی دەڵێت بۆ لە وەزیفە دەربکرێت وەڵامی ئەوەم دایەوە کە موتابیقی قانونی ئینزیباتی مۆزەفینی دەولە ماددەی (٨) ئاماژەی پێداوە، وە کاك ابوبكر ئاماژەی بەوەدا ئایا ئەمە جەریمەیە یا جونحە خۆی هەموویان جەریمەن موخالەفەش جەریمەیە جەریمە تەوزیع دەبێت بەسەر جینایە و جونح و موخالەفە، ئینجا کاك ابوبكر جەریمەیە لەبەر ئەوەی بە گوێرەی موشەڕەعی عێراقی بونیانی ئەرکانی جەریمەی تێدا جێبەجێ دەبێت کە بریتییە لە روکنەکانی ماددی و مەعنەوی و نەفسی ئەم هەموو روکنانە لەمە جێبەجێ دەبێت وەختی خۆشی موشەڕەعی عێراقی لە ساڵی (١٩٩٦) ئەمەی داناوە سەرچنار

خان فەرمووی (عدم التقدم) لە قانونی جینائی نییە لە مەدەنییە (عدم التقدم) خـۆی لە قـانونی جینائییە بە راستی (عدم التقدم) واتا هەر چەند فەترەی زەمەنی بە سەر ئەو جەریمەیە تێـپەڕی بێت ئەگەر ئەم ساڵ یەکێك بە پرسیارەکان کردبێت دوو ساڵی تر تۆ بزانیت کە ئەم کەسـە دزەی بە پرسـیارەکان کـردووە حەقـی ئەوەت هەیە قـانونییەن مـورافەعە بـکەی لە قەزا، وە ئەمە لە هەموو نەك لە قانونی جینائی داخلی لە قانونی جینائی دەولـی ئیتیفـاقییەی (عـدم التقـادم فـی جرائم الحربی) ساڵی (١٩٦٨) یش هاتووە بۆ جەرائیمەکان، وە مامۆستا اسـماعیل ئەو تێبینیـیەی تێبینییەکی جوان بوو دەبێت ئەوانە جیا بکرێنەوە بە راستی ئەوەی فەرموویەتی ئایا بۆ هەموو تاقیکردنەوەکانە بەم سیغەی ئێستا بەڵێ بۆ هەموو تاقیکردنەوەکانە ئەگەر بمانەوێـت جەنابتـان موشـــەڕەعن دەتـــوانن تـــاقیکردنەوە گشـــتییەکان و نیشـــتیمانییەکان جیـــا بـــکەنەوە لە تاقیکردنەوەکانی ئاسایی ناو قوتابخانەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە بەڕێزان.

**بەڕێز گلستان باقی سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری چواردەیەم: پشتڕاستکردنەوەی بەڵگەنامەی دەرچوون

ماددەی (٨٩):

یەکەم/ پێویسـتە بەڕێـوەبەرایەتی پەروەردە بە بـێ بەرامـبەر بەڵگەنـامەی دەرچـوون لە کـاتی بەکارهێنانی لە ناو وڵاتدا پشتڕاست بکات.

دووەم/ ئەرکی وەزارەتە بەرامبەر بە رەسمێك بەڵگەنامەی دەرچوون لە کاتی بردنی بۆ دەرەوەی وڵات پشتڕاست بکات.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ بەڕێـزان لە سـەر ئەم مـاددەیە کەس قسـەی هەیە؟ ئەو بەڕێـزانەی لەسـەر ئەو مـاددەیە دەیانەوێت گفتوگۆ بکەن بـریتین لە بەڕێـزان (مامۆسـتا ابـوبکر، مامۆسـتا عمـر، سـەرچنار خـان، دکتۆر اسماعیل، مامۆستا عمر، بدریە خان، روپاك خان، کاك مسلم، کاك مەلا ناصر، دکتۆرە شایان، کاك دابان، کاك دکتۆر رێبوار، کاك حاجی سفین، کـاك سـروان، کـاك چیـا، سوسـن خـان، مامۆسـتا وەیسی، رۆبینا خان)، مامۆستا ابوبکر فەرمووو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێ لەسـەر سـیاغەکەی قسـە بـکەم راسـتاندنە نەك پشتڕاسـت وەکـو تەسـدیق لە هەر دوو بڕگەکە بکرێتە راستاندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨٩) بڕگەی دووەم ئەرکی وەزارەتە بەرامبەر بە رەسمێك بەڵگەنامەی دەرچوون لە کاتی بردنی بۆ دەرەوەی وڵات پشتڕاست بکاتەوە ئەو رەسمە بۆ دیاری نەکراوە؟ پرسیارە بۆ جەنابی وەزیر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە شایان فەرمووو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە تەوەری چواردەمە نەك چواردەیەم راست بکرێتەوە بێ زەحمەت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبداللە رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشانەکە پشتگیری لە مامۆستا ابوبکر دەکەم سەبارەت بە بڕگەی دووەمی ماددەی (٨٩)ش ئەو رەسمەی دیاریکراوە بۆ راستاندنی بڕوانامەکە پێویستە دیاری بکرێت کە چەندە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دابان فەرمووو.

**بەڕێز دابان محمد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨٩) بڕگەی دووەم یەعنی یەك کارە لە دوو وەزارەتی جیاواز بە دوو ئالییەتی جیاواز ئەمە جێبەجێ دەکرێت بۆ نمونە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بە بێ پاڵپشتی قانونی لە کاتی وەرگرتنی بڕوانامەکاندا رسوماتێك وەردەگیرێت کە زۆرە، بەڵام ئێستا ئێمە پاڵپشتی قانونی بۆ دەردەکەین بە بێ ئەوەی دیاری کرابێت، وە دیاریش بێت کە کێ ئەو رسوماتە دیاری دەکات هەر نوسراوە ئەرکی وەزارەتە بەرامبەر بە رەسمێك بەڵگەنامەی دەرچوون واتا ئەرکی وەزارەتە بەڵگەنامەکە بەرامبەر رەسمێك ئێ رەسمەکە کێ دیاری دەکات؟ وە بۆ بڕەکەشی سەقفێك دابنرێت راستە دۆلار دینار بەهاکەی دەگۆڕێت، بەڵام هەر سەقفێکی بۆ دابنرێت و مایەی ئەوەش بێت لە کاتی گۆڕانکاریدا دەستکاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سروان فەرمووو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـودای گەورە و میهرەبـان، مـن پشـتگیری پێشـنیارەکەی بـدریە خـان دەکەم لە سـەر شیکردنەوەی رەسم ئەگەر وەزیری پەروەردە دواتر تەوزیحێك بدات، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وڵاتێکـی وەکـو ئـوردن رەسـمەکانی جیـا کـردۆتەوە لەسـەر بەڵگەنامەکـان بەتـایبەتی ئەو بەڵگەنامانەی لە بواری پەروەردە و لە بورای خوێندنی باڵا دەدرێن یەکێکیان بۆ وافدینە کە هەم بۆ بەڵگەنامەکـان هەم بـۆ نـاوخۆش رەسـمێك وەردەگیرێـت بـۆ وافـدین بە هەردووکـی چ ببـاتە دەرەوە چ بباتە نـاوخۆ، بەڵام بـۆ هاوڵاتیـانی خۆیـان تەنهـا ئەوەی کە بەڵگەنـامەکە ببـاتە دەرەوە رەسمەکە وەردەگیرێت من لێرە دەمەوێت ئەوە بڵێم کە پێویستە فەقەرەیەك ئیـزافە بکرێـت بـۆ خەڵکانی بیانی کە لە هەرێمی کوردستان بۆ نمونە بەڵگەنـامەیەکی وەزارەتـی پەروەردەیـان پـێ بێت بۆ ئەمانیش پێویستە بە پارە بێت ئەوی تر ئەو رەسمە چەندە ئەگەر دیاری بکرێـت باشـترە، وە ئەگەر وشەی کوردی بەرامبەر بە وشـەی عەرەبـی رەسـم هەبێـت ئامـاژەی پێبکرێـت باشـترە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەلا وەیسی فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (٨٩) پرسـیارێکم هەیە لە بەڕێـز وەزیـری پەروەردە ئایـا بەڵگەنـامەی دەرچـوون لە وەزارەتـی پەروەردە چەنـد جـار دەردەچێـت؟ ئەوەی تـریش مـن هـاوڕای ئەو بەڕێـزانەم کە داوای دیـاری کردنـی رەسـمێك دەکەن مـن پـێم باشـە بکرێـت بە دووەم ئەرکـی وەزارەتە بەرامبەر بە رەسمێك کە وەزارەت دیاری دەکات یـاخود بە ڕێنمـاییەك دیـاری دەکرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاجی سفین فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (٨٩) منـیش پشـتگیری ئەو بـرادەرانە دەکەم کە ئەو رەسـمە چـۆنە دیـاری بکرێت، وە پشتگیری بدریە خان و کاك مسلم و کاك سروان و کاك دکتۆر ڕێبوار و کاك مەلا ویسی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕۆبینەخان فەرموو.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨٩) دبێژیت پێویستە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بە بێ بەرامبەر بەڵگەنامەی تەسدیق بکات ئایا جەنابی وەزیر بەری نوکە بۆ تەسدیق کرن رسومات هاتییە وەرگرتن ئایا ئیلغاء بوویە؟ ئەگەر هاتوو چەند جارا دێشێت بەڵگەنامە وەرگریت بە بێ رسوم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستپێکێ ئەز پشتگیرییا مامۆستا ابوبکر دکەم بۆ ڤان هەر دوو پەیڤا راستاندن شینا پشتڕاستکرن دروسترە، ئو یا دوویێ بۆ رەسمێك ئەگەر مەبەست پوول بیت یەعنی تابعەك بیتە لێدان ئەو پوول ئەکید پێتڤییە ب یاسایێ هاتبیتە رێکخستن، ژبەر هندێ ئەز بێژم رەسمێك بیت دیڤ یاساییێت بەرکارکری بێتە ئیزافە کرن کو دیڤ ئەو قانونێت مەعمول بهێت د ڤێرێدا دێهێتە چارەسەر کرن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبداللە فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم لە ماددەی (٨٩) بڕگەیەك زیاد بکرێت بەم جۆرە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەس و کاری پلە یەکی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی لە رسوماتی هاتوو لە بڕگەی دووەمدا ببەخشرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەلا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، پشتڕاستکردنەوەی بەڵگەنامەی دەرچوون ماددەی (٨٩) سەبارەت بە بڕگەی دووەم ئەرکی وەزارەتە بەرامبەر بە رەسمێك بەڵگەنامەی دەرچوون لە کاتی بردنی بۆ دەرەوەی وڵات پشتڕاست بکات، بۆیە پێویستە وەزارەت ئەو رەسمە دیاری بکات و جیاواز بێت لە نێوان بۆ نموونە نۆی بنەڕەتی و دوازدەی ئامادەیی، لەبەر ئەوەی وەزارەتی پەروەردە تەنها تا دوازدەی ئامادەییە ئەوە دیاری بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، روپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لە مـاددە (٨٩) بـۆ ناونیشـانەكەی پشـتگیری لە قسـەكانی مامۆسـتا ابـوبكر و كـاك مسـلم دەكەم، بۆ بڕگە (٢) پشتگیری لە قسەكانی بدریە خـان و كـاك مسـلم و كـاك مەلا ناصـر دەكەم كە ئەو ڕەسمە دیاری بكرێ و هەموو ئەو بەڕێزانەی كە داوایان كرد.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنـابێ وەزیـرێ یەك ژ ڕۆتینیاتێـت هەری زێـدە كـو نـاڤ پەروەردێ دا مـانە ئەڤ بـابەتێ دانـا بەڵگەنامەیە، بۆ نموونە ئەز وەكی هاووڵاتیەكی وەختـی كـو داخـازا بەڵگەنـامەكی ژێ پەروەردێ بكەم دێ داخـازێ دكەم پەسـەندە ژ لایـی پەیوەندیـدار بیـنە ئەڤ ئەم بەڵگەنـامە بـۆچییە؟ ئەڤ بەڵگەنـامە گەلە جـارا پەسـەند زۆر زەحـمەتە، بـۆ نمـوونە ئەگەر جیهەتەكـی حزبـی وەك كـاك كادیرەكی حزبی ئەز نەشێم ل لایەنێت حزبی بەڵگەنـامێ ببەم بـۆ پەروەردێ دا تـاكو بەڵگەنـامە بن، پشتی بەڵگەنامە هاتیە دان بۆ باژێرەكی مەسەلەن شارۆچكە ئان جهەك دبێژیتە ببە محـافزێ تەسدیق بكا یەعنی ببە پارێزگای ئەڤە جێ بارگرانیەكی دارایـی  زۆر لەسـەر هـاووڵاتی دروسـت كرد پێتڤیا لە هەر ئیدارەكی و ئەو بەڵگەنامە وەختی بێتە دان ئەو تەسدیق بكەن ل دهۆكێ بێت یان هەولێری بت، ئەو شارۆچكەیەت دەروبەرێـت پـارێزگەهێ بـن پێتڤیـا ئەو بـۆ وان تەرتیـب و ڕێكەن، بابەتی دوویی كو من ڤیا بەحس بكەم كاك عمر بەحس كر ماڵبـاتێ شـەهید و زینـدانیەن سیاسی بێ بەرامبەر بەڵگەنامە ماددا دوویی دا پشتەڤانیا ڕەئیا وی دكەم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی بۆ ڕای بەدریە خان كاك سەروان و كاك عمر  و كاك حاجی سفین و هەروەهـا لە بـڕگەی تـایتڵەكەدا یەعنـی شـتێك دەبێـت زیـاد بكـرێ ئەویـش كە دەڵـێ پشـت ڕاسـتكردنەوەی بەڵگەنامەی دەرچوون، بۆ كێ؟ دەبێ بنووسرێ بـۆ قوتابیـان. خوێنـدكاران بـۆ كـێ؟ هەروەهـا لە ناوەڕۆكی بڕگەی یەكەم و دووەمیش دا یەعنی پیویستە ئاماژە بە ناو بكرێ مـن پێشـنیار دەكەم بەو شـێوەیەی لـێ بكرێـت، پێویسـتە بەڕێـوبەرایەتی پەروەردە بە بـێ بەرامـبەر بەڵگەنـامەی دەرچوون لە كاتی پێویست لەناو وڵاتدا بۆ قوتابیـان یـان خوێنـدكاران پشتڕاسـت بكـاتەوە،  زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك مم فەرموو.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەمدا دەستەواژەیەك هاتووە لە نەوەدەکانەوە هاتۆتە ناو فەرهەنگی زمانەوانی پشتڕاست دەکاتەوە واتا لەڕووی مەفهومەوە یەعنی پشتێك خوارە تۆ ڕاستی دەکەیتەوە، بڕوانامەیەك ناڕاستە تۆ ڕاستی دەکەیتەوە، لە کاتێك دا ئیشی وەزارەت ئەمە نییە مەسەلەی پشت ڕاست دەکاتەوە. ئەمە تەسدیق کردنە و پەسەند کردنە، بۆیە پێشنیاز دەکەم هەموو ئەو دەستەواژانە زۆر غەڵەتن هەم لەناو یاساکانی ئێمەدا کە هاتوون پشتڕاست دەکاتەوە هەر لابرێ ئەمە وشەیەکە بێ مەعنایە یەعنی بە غەڵەت هاتۆتە ناو فەرهەنگی کوردیمان، زمانەوانیمان، بۆیە لە هەردوو شوێنەکە بڵێ پەسەند دەکات ئەو هینە، وەزارەت ئەوە پەسەند دەکات، بە بڕوای من ئەوەی کە بە تایبەتی وەزارەت ئەرك نا. پێویست ناکات ئەرکیەتی ئەرکی تری هەیە، وەزارەت بەرامبەر بە ڕەسمێ بەڵگەنامەی دەرچوون بۆ دەرەوەی وڵات پەسەند دەکات، پێوستەکە لابرێ بەڕێوبەرایەتی پەروەردە .... ئایا لە نێوان وەسیقەی تەخەروج و شەهادەی تەخەروج ئێمە بەس بەڵگەنامەی دەرچوونەکە پەسەند دەکات، یاخود کاتێك کە بۆ دەرەوەی وڵاتێك شەهادەی تەخەروجە بڕوانامە لە نێوان بەڵگەنامە و بڕوانامە ئەوەمان بۆ ڕاست بکەنەوە ئایا بڕوانامە گونجاوتر نییە بڵێین بڕوانامەی دەرچوون یان نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حسابی موداخەلەیەك و نوقتەیەکی نیزامیم بۆ بکە، یەعنی کە قسە ئەکەم، نوقتە نیزامیەکەم لەسەر ئەوەیە کە جەنابی وەزیر ئەڵێ هیچ قانوونێکمان نییە کە ئەم جەریمەیەی تیا بێ لە قانوونی عقوبات دا لە بابی خیانەی ئەمانە جێی ئەبێتەوە ئەو جەریمەیە، ئەوەی کە ماددەی پێشوو، ئەمە خاڵێك، خاڵی دووەم تەقادوم ئەڵێ بۆ بابەتی سزایی هەبێ نەخێر نابێ، بۆ بابەتی مەدەنییە، سزایی حەقی عام و خاسی تێدایە کە حەقی عام بوو هەزار ساڵیش بێ هەر حەقی عامە ئەم جەریمەیەش حەقی عامە پێویست ناکات ئەوە بێت، تەقادوم لە جەزائیا بەس بۆ ئەحداسە، ئینجا دواییش خۆی وردەکاریەك بکا لەو بابەتە باشترە، سەبارەت بە بڕگەی یەکەم من پشتگیری لە وتەکانی مامۆستا ابوبکر هەڵەدنی دەکەم و ئەوانەشی کە ئەڵێن پشتڕاست کردنەوە بکرێ، بەڕاستاندن، چونکە ئێمە لە عورفی قانوونیشدا بۆ تەسدیق و موسادەقە ڕاستاندن بەکارئەهێنین، بڕگەی دووەم ئەڵێ ئەرکی وەزارەتە بەرامبەر بە ڕەسمێك خۆی ئەو ڕەسمە ئێمە قانوونی ڕەسمی تابعمان هەیە ڕەسمی عەدلیمان هەیە دیاری کراوە، یەعنی ئێستا پێویست ناکات لێرە بڕەکەی بێت هەر ئەتوانین بڵێین بە پێی یاسا بەرکارەکانی تر ئەو بابەتە حەل ئەبێت و سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ بەڕێز جەنابی وەزیر ئەگەر لە ماوەی دوو، سێ دەقیقەیەکا فەرموو.

**بەڕێز ئالان حمە سعید صالح/ وەزیری پەروردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی تێبینیەکەی مامۆستا ابوبکر کە کاك مم هەروەها تەئیکیدی لێ کردەوە، دروستە، یەعنی بکرێتە ڕاستاندن باشترێکە، ئەوەی بەدریە خان کێ تەحدیدی رسومات ئەکا یان قانونەکە تەحدیدی دەکات یان وەزارەی مالیە ئەوە هەر کاك دابانیش پرسیاری کرد، تێبینی کاك د.ڕێبوار دروستە ئەوەی کاك بەڕێز مەلا وەیسی ئاماژەی پێ دا چەند جار ئەو بەڵگەنامەیە یان ئەو وەسیقەیە دەدرێت، جارێك بە خۆڕایی ئەدرێت، بەڵام جارەکانی دیکە لەوە دەمەوێ تەوزیحێك بدەم ئەو قوتابیە لای ئێمە قوتابی نەماوە دەرچووە تەواو یەعنی ئەوەی کە بە گوێرەی قانوون لەسەر ئێمە بێ بەخۆڕایی هەموو شتێك بکەین ئەوە کۆتایی هاتووە، بۆتە دەرچوو جارێك بەڵگەنامەیەکی ئەدەینێ بەبێ بەرامبەر، بەڵام جارەکانی دیکە بە پارەیە، بۆ ئەوانەی دەرەوەی وڵات جیاوازە، ئەوەی کاك چیا ئاماژەی پێیدا، پێدانی شەهادە ڕۆتینیاتی تیایە، پێدانی شەهادە هەندێك جار وا هەست دەکەی ڕۆتینیاتی تیایە، بەڵام بۆ ڕێگری کردنیشە لە سو ئیستیفادە، جاران خەڵێك هەبووە دوو جار و سێ جار شەهادەی بردووە لە دائیرەکان پێی دامەزراوە، ئێستا دەبێت هەر شەهادەیەك بۆ هەر شوێنێك ئەڕوا بە عینوانێك بڕوا، ڕاستە ئەم گرفتەمان لەکەرتی تایبەت هەیە، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزمونەکانمان ڕاسپاردووە کە دیراسەی ئەوە بکەن و موعالەجەی بکەن، بەڵام بۆ ئەوەی ڕیگری بکەین لەوەی وئیستفادە لە شەهادە بکرێ وای لێ کراوە، ئەوەی کاك مم دروستە لە بەڵگە نامە و بڕوانامەکان بنووسرێ بڕوانامەکانی دەرچوون یەعنی وەسیقەیی تەخەروجیش و هەم شەهادەشی تیا بێ و سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ بەڕێزان ماددەی دوای ئەوە، ماددەی/٩٠ نجاة خان فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی یازدەیەم: سیستمی دڵنیایی جۆری سەرپەرشتی کردن و هەڵسەنگاندن

ماددەی (٩٠): سیستمی دڵنیایی جۆری لە بەشی کارگێڕی دامەزراوەکان، مامۆستا، قوتابی، خوێندکار ڕێگەکانی وانەوتنەوە، پرۆگرامەکانی خوێندن و ژینگەی خوێندن پێك دێت.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ بەڕێزان لەسەر ماددەی (٩٠) هەر بەڕێزێك ئەیەوێ گفتوگۆ بکات؟ کاك ابوبکر و لەگەل کاك حاجی فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر لە ماددەی یەکەم برگەی (٤٢) دڵنیایی جۆری بە ڕێکار پێناسە کراوە، ئەڵێ ئەو ڕێکارانەیە کە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە دامەزراوەکان دا بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم یاسایە دەگیرێتە بەر، لێرە ئێوە ئەڵێن سیستمە، ئەمە دوو شتی لێك جیاوازن، ئایا دڵنیایی جۆری ئەگەر سیستم بێ جیاوازە لەوەی کە ڕێکار بێ، دوو شتی لێك جیاوازن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك حاجی هەڵکەوت فەرموو.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٩٠) سیستمی دڵنیایی جۆری بە بەشی کارگێری دامەزراوەکان ... قوربان گیان هەر هەمان تێبینی لەسەر ئەوە مامۆستاکان و بەخاڵ بنووسرێ، خاڵی یەکەم/ مامۆستا، خاڵی دووەم/ قوتابی و خوێنکار، خاڵی سێیەم/ ڕێگەکانی وانەوتنەوە، خاڵی چوارەم/ پرۆگرامەکانی خوێندن، لەویا نەهاتووە خاڵی پێنجەم بکرێتە ژینگەی خوێندن، هەمان ڕەئی مامۆستا ابوبکرم هەیە.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئالان حمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر وا نووسرابێ ئەوە ئیزدواجیەتە، چونکە دڵنیایی جۆری پرۆسیسە بەڕاستی بەر لەوەی ڕێکار بێ، بەڵێ ئەڵێم ئەگەر وا نووسرابێت دەبێ چا بکرێتەوە، چونکە ئەمەیان دروسترێکە کە پرۆسێسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی دوای ئەو، نجاة خان فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری یەکەم: بەرپرسیاریەتی دڵنیایی جۆری لە وەزارەت

ماددەی ( ٩١):

١-وەزارەت بەرپرسە لە جێ بەجێ کردنی بنەماکانی دڵنیایی جۆری و متمانە بەخشین لەبەر ڕۆشنایی پێوەر و ستانداردی زانستی دا و بەرپرسە لە پەرەپێدانی بەردەوامی توانای کادیرانی پەروەدە و فێرکردن.

٢-لەپرۆسەی دڵنیایی جۆری دا ڕەچاوی فیدباکی قوتابی و خوێندکار و کارمەندانی دامەزراوەکە دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ بەڕێزان لەسەر ماددەی (٩١) کێ قسەی هەیە با ناوەکان تۆمار بکەین، ئەو بەڕێزانە ویستیان لەسەر ماددەی (٩١) گفتوگۆ بکەن، سارا خان، کاك پێشەوا، کاك چیا کاك د.ڕێبوار، کاك د.اسماعیل، مژدە خان، سەرچنار خان، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا دڵشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تەوەری یەکەم، بەرپرسیاریەتی دڵنیایی جۆری لە وەزارەت، بڕگەی (٢) لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری ڕەچاوی فیدباکی قوتابی و خوێندکاران و کارمەندانی دامەزراوەکە دەکرێت، پێم

باشه دڵنیایی جۆری پرۆسەیەکی بێ کۆتایی و زیادیشی بۆ بکرێت مەبەستی سەرەکی تێیدا بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و فێربوون لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستا و قوتابی یان بە شێوازێکی بەردەوام و ڕێگا نیشان دانیان بۆ خۆ چاك كردن و گەشەپێدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك تێبینی ئەو کەلیمە فیدباك بهێتە گۆهرتنێ، کەلیمەیەکی ستانداردی کوردی بێتە دانان چێ ترە لە جهێ فیدباك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشتی قسەکەی کاك چیا ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك د.ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ريبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتێکی فەوقەلعادە گرنگە مەسەلەی دڵنیایی جۆری، بەڵام من پرسیارەکم لەم بڕگەیە هاتووە کە وەزارەتی پەروەردە لێی بەرپرسە ئایا بەشێك هەیە لە نێو وەزارەتی پەروەردە بەناوی بەشی دڵنیایی جۆری بۆ ئەوەی سەرپەرشتی پرۆسەکە بکات، چونکە ئەمە پرۆسەیە، ئەگەر نییە دەبێ ئێستا ئەحداس بکرێ ئەو بەشە دەبێ هەبێ، دوو/ ئایا لە بڕگەکەدا باس لە سیستمی دڵنیایی جۆری دەکات کە بەڕاستی بۆ ئێمە بەرچاو ڕوونیمان نییە کە ئایا سیستمەکە چییە دەرئەنجامی چیین، چۆن پرۆسەکە بەڕێوە ئەچێ خاڵی گرنگ لە سیستمەکە دا چییە ئەگەر بە پاشکۆ دایان نابا لە پرۆژە یاسایەکە بۆ ئەوەی بەرچاوی ئێمەش ڕوون بێ کە چۆن چۆنی ئەم سیستمە پیادە دەکرێ، چونکە زۆر زۆر گرنگە ئێمە بەرچاو ڕوونیمان نییە نازانین چۆنە ئایا ئەوە پشت دەبەستن  بە خاڵ لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری، ئەگەر بۆ نموونە کەسێك دەرنەچوو لە دڵنیایی جۆری چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جوان خان فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان تێبینی کاك چیام هەیە کە فیدباکەکە بکرێتە وشەیەکی کوردی پشتگیری لێ دەکەم، پشتگیری لە قسەکانی د.ڕێبواریش دەکەم.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مژدە خان فەرمووە.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٩١) لە ڕیزی سێیەم دا نووسراوە کادیرانی پەروەردە، وشەی کادیر موستەڵەحێکی حزبییە پێشنیار دەکەم بگۆڕێ بۆ ستاف یاخود وشەیەکی گونجاوتر، سەبارەت بە دووەمیش وشەی فیدباك هەیە، ئەگەر بکرێتە موستەڵەحێکی کوردی لەوانەیە باشتر بێت، چونکە فیدباك کوردی نییە، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرچنار خان فەرمووە.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لەو بەڕێزان ئەکەم کە ئەو وشە ئینگلیزیانە نابێ بێتەناو ماددەی قانوونیەوە، بۆ نموونە ستاندار دەتوانی هەر لای بەی بڵێی لەبەر ڕۆشنایی پێوەری زانستی، ئەوە هەر ستانداردەکە لەویا حەل ئەبێ، کادیر ئەوە وشەیەکی حزبیە و وەکو مژدە خان ئەڵێ پەروەردەیی نییە، موستەڵەحێکی پەروەردەیی نییە و ئەبێ لابچێت، فیدباکیش بە هەمان شێوە ئینگلیزییە ئەبێ لابچێت و وشەیەکی کوردی لەبری دابندرێت، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.اسماعیل فەرمووە.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێت من ژ لای خوشکا سەرچنار هاتنە کرن، پشتگیری و پشتەڤانیا سەرچنارێ دکەم.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مم فەرمووە.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم لەجیاتی وشەی کادیر ئەگەر کارمەند بەکاربهێندرێ، ڕەنگە تا ڕادەیەکە گونجاوتر بێ کارمەندانی پەروەردە و فێرکردن، دەربارەی ئەوەی کە زۆر لە ئەندامانی بەڕێز باسی دەستەواژەی فیدباکیان کرد، فیدباك لە عەرەبی دا ئەوترێ (التغذیە العکسیە) فیدباك مەسەلەن لە فەرهەنگی زمانەوانی دا لەناو میدیایا فیدباك بەرامبەر دەنگدانەوەش بەکارئەهێنرێ، بەڵام ڕەنگە لێرەیا مەسەلەی دەستەواژەی دەنگدانەوە ئەو جێگەیە نەگرێت، مەفهومەکە بەو شێوەیە نییە، من پێشنیاز دەکەم ناچار ئەبین لە لایەنی زمانەوانی هەندێ جار چەند وشەیەك بە کاربێنین بۆ ئەوەی چەمکێك یا موستەڵەحێك بگەیەنین، بۆیە لێرە ئەکرێ بڵێین لەجیاتی فیدباك ڕەنگە ئەگەر ئەم پێشنیازە قبوڵ بکرێ و ڕەچاوی چۆنیەتی توانای

وەرگرتنی قوتابی و خوێندکار و کارمەندانی دامەزراوەکە و توانای وەرگرتنی بکرێ ڕەنگە کەم تا زۆر جێ بگرێ و سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر ئەگەر بە کورتی فەرموو.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو بەڕێوبەرایەتییەی کە چیا فەرمووی بەڵێ ئێمە بەڕێوبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیاری پەروەردەییمان هەیە سەرپەرشتیاری ئەم پرۆسەیە دەکا و مودیریەتێکیش هەیە بەناوی بەڕێوبەرایەتی دڵنیایی جۆری، سەبارەت بە دەستەواژەکان ئێمە ئەشکالێکی تێدا نابینین، گرنگ زمانی تێگەیشتنە، کادیریش وشەیەکی حزبی نییە، ئەسڵەن وشەکە وشەیەکی فەرەنسییە بەکاردەهێندرێت بۆ کەسێك کە شارەزایی لە بوارێکا هەبێ، وەختی خۆشی لە فەرەنسا بەکارهێنراوە لەو بوارانەی کە تەدریبی مامۆستا و ستافی مامۆستایان ئەکەن، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی دوای ئەوە بەڕێزان، ماددەی/٩٢ فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩٢):

١-ڕێبەری دڵنیایی جۆری لەلایەن وەزارەت بڵاودەکرێتەوە، وێنەیەکی لای دامەزراوە حکومیەکان دەپارێزرێت و دەبێتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ پیادە کردن و بەدواداچوونی بەرێوەچوونی پرۆسەی دڵنایی جۆری.

٢-بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی کارمەندان و خودی دامەزراوە حکومییەکان لەڕووی کارگێڕی و ژینگەییەوە وەزارەت بەر لە کۆتایی مانگی ئایاری هەر ساڵێك فۆرمی وەك یەکی هەڵسەنگاندن بەسەر دامەزراوەکان دا بەش دەکات، ئەو فۆرمانە دەبنە بنەمایەك بۆ هەڵسەنگاندنی خودی و دەرەکی ناو بە ناو لەلایەن دامەزراوەکانەوە و دەبنە بنەمایەکیش بۆ ڕاپۆرتی سەرپەرشتیاران.

٣- بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی دڵنیایی جۆری و پیادەکردنی بە باشترین شێوە بەرێوبەرایەتیەکی کارگێڕی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دادەندرێت.

٤- ئەو بەڕێوبەرایەتییە لە کۆتایی هەر دوو وەرزەکانی یەکەم و دووەم زانیاری سەبارەت بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری کۆ دەکاتەوە و لەسەر بنەمای ئەوە پوختەیەك لەسەر پابەندی دامەزراوەکان لە کۆتایی ساڵی خوێندن پێشکەش بە بەڕێوبەرایەتی گشتی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتی کردن دەکات. سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ بەرێزان لەسەر ئەم ماددەیە هەر بەڕێزێك ئەیەوێ گفتوگۆ بکات؟د.شایان، روپاك خان، بدریە خان، کاك مسلم، حسیبە خان، مامۆستا عمر، د.شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٢) بـڕگەی (١) لەگەڵ مـاددەی (٩٥) بـڕگەی (١) هەمـان واتـایە، بـۆیە پێشـنیار دەکەم لاببرێـت، بـڕگەی (٢) ی مـاددەی (٩٢) لەگەڵ بـڕگەی (١) ی مـاددەی (٩٤) هەمـان واتـایە، بـۆیە پێشنیار دەکەم لاببرێت لەگەڵ بـڕگەی یەکەمـی مـاددەی (٩٤) تێکهەڵکێشـێك بکـرێ و یەکێکیـان لاببرێت و دەشکرێ ئەوەیـان لابرێـت، چـونکە هەمـان واتـا دەدەن، لەو کـاتەدا تەنهـا بـڕگەی (٣) دەمێنێتەوە و دەتوانن یەکەم و دووەم بکەن بە بڕگەی (١) و بڕگەی (٢)، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی (٩٢) بەشێوەیەکی گشتی بابەتی دڵنیایی جۆری شـتێکی زۆر باشـە، ئەمە هەگبەی مامۆستایە، هەگبەی کارمەندانە و قوتابیانە لەناو دامەزراوە پەروەردەییەکان، بەڵام ئایـا لێـرە لە سێ بڕگەیا کە ئێمە خوێندوومانەتەوە شتێکی تیا نییە ئایا ئەوە بکرێ بە بنەما کە هەڵسەنگاندنە بـۆ کارمەنـدە بـۆ مامۆسـتا، قوتـابییە لە دامەزراوە پەروەردەییەکـان بکـرێتە بنەمـا بـۆ شـوکر و سوپاس و ڕێزپێدان و پلە بەرزکردنەوەی ئەو کەسە کە هەڵی دەسەنگێنی جیاواز لە کەسێکی تر کە هەگبەیەکی دەوڵەمەندی هەیە لە زانیـاری، لە کـارو چـالاکی لە بینـین و ڕاهێنـان باشـتر نیـیە ئەمە بکرێتە بنەما و پێوەرێك بۆڕێز پێدان و شوکر و سوپاس لێدان و دامەزراوە پەروەردەییەکە یاخود وەزیرەوە، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ڕای د.شایان دەکەم ماددەی (٩٢) بڕگەی یەکەمی هەمان ئەو بڕگەیە کە لە مـاددەی (٩٥) بـڕگەی (١) ی خـاڵی (٢) هـاتووە، هەروەهـا ئەگەر بێتـو ئەو مـاددەیە بلێـین لێـرە بمێنێـتەوە پێویستە پێداچوونەوەیەك بکرێ لەگەڵ ئەو ماددانەی هاوشێوەن، چونکە پێویست ناکات هەندە زاراوەکان دووبارە بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٩٢) بڕگەی (٢) وشەی خودی و دەرەکی ئەوە پێویستە شەرح بکـرێ ئەگەر بەڕێز جەنابی وەزیر شەرحێکمان باتێ، سـەبارەت بەو پێشـنیارەی مامۆسـتا مسـلم سـەبارەت بە هەگبەی مامۆستا و فەرمانبەران گـرنگە ئەوە ئەگەر بە خاڵێـك جـێگەی بکـرێتەوە پشـتگیری لـێ ئەکەم.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دڵنیایی جۆری و بەڕێوەبردن زۆر زۆر گرنگە، بەڵام پێموایە بەڕێوبەرایەتیەکی پێویست نییە، هەم بارگرانی حکومەت و دامەزراوەکانیەتی بۆیە پێویستە پێشنیار دەکەم بەش بێ لە ناو بەڕێوەبەرایەتی گشتی و هۆبەیەك بێ سەر بە بەڕێوبەرایەتیەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، روپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك مسلم و بەدریە خان دەکەم.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر ئەگەر سەرنجێك؟ لێرە نییە، ماددەی دواتر ماددەی (٩٣) بەڕێزان فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری دووەم: بەڕێوەبردنی سیستمی دڵنیایی جۆری لە دامەزراوەکاندا

ماددەی (٩٣):

١-بەڕێوەبەری دامەزراوە بەرپرسە لە جێگیر کردنی سیستمی دڵنیایی جۆری لە دامەزراوە و سەرپەرشتی کردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە بە گوێرەی یاسا و ڕێنماییەکان، پیادەکردنی ڕێبەری دڵنیایی جۆری کە لەلایەن وەزارەتەوە ئامادە ودابەش دەکرێ.

٢-ئەنجومەنی دامەزراوە یەکێك لە ئەندامەکانی دوای بەشداری کردنی لە خولی ڕاهێنان بە بەرپرسیارییەتی سەرپەرشتی کردن و بەدواداچوونی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دڵنیایی جۆری ڕادەسپێردرێت.

٣-هەر مامۆستایەك پێویستە بە گیانی هاوکاری لە پیادەکردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆری بەشدار بێت و کار بکات بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە لەو بابەتەی کە پەیوەستن بە ئەرکەکانی خۆی. زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵی بەڕیزان لەسەر ماددەی (٩٣)؟، بڕۆنە سەر ماددەی (٩٤) نجاة خان فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری سێیەم: سیستمی دڵنیایی جۆری لە دامەزراوەکان دا

ماددەی (٩٤):

١-پێویستە هەموو دامەزراوەکان بەر لە کۆتایی مانگی ئایاری هەر ساڵێك و لە ڕێگای پڕکردنەوەی فۆرمێکی وەك یەکی دڵنیایی جۆری کە وەزارەت دایدەڕێژێت هەلسەنگاندنی ساڵانە بۆ ئاستی فێربوونی قوتابیان و خوێندکاران هۆبەندی کادیرانی وانەوتنەوە و کارگێڕی، بەڕێوەچوونی پرۆسەی دامەزراوەکان، چالاکییە جۆراوجۆرەکان و ئاستی سەرکەوتنیان لە پیادەکردنی سیستمی دڵنیایی جۆری بکەن.
٢-پوختەیەك لە فۆرمەکانی هەلسەنگاندن لەگەڵ بەڵگەکان و پێداویستیەکان بۆ لایەنە پەیوەندارەکان بەرز دەکرێتەوە، هەڵسەنگاندنەکە دەبێتە بنەمای بابەتیانەی پرۆسەی هەلسەنگاندن.
٣-مافی هەر کەسێکە کە بەرژەوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەبێت، وێنەیەکی ڕاپۆرتی کۆتایی هەر دامەزراوەیەك بە دەست بهێنێت لەڕێگەی داوایەك کە پێشکەشی بەڕێوبەرایەتی گشتی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتی کردن دەکرێت.
٤-ئەگەر کەموکوڕی لە کاری دامەزراوەکە بەدی کرا و لە کاتی دیاری کراودا چارەسەر نەکرا ئەوا ئەرکی وەزارەتە ڕێکاری پێویست بەرامبەر بە دامەزراوەکە بگرێتە بەر. سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لەسەر ماددەی (٩٤)؟ ماددەی دوای ئەوە بەڕێزان ماددەی (٩٥) فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری چوارەم: ڕێبەری دڵنیایی جۆری

ماددەی (٩٥):

١-/١/ وەزارەت ڕێبەری دڵنیایی جۆری لە بواری پەروەردە و فێرکردن دا بڵاودەکاتەوە.
٢/ ڕێبەری دلنیایی جۆری پێناسەی دڵنیای جۆری و سیستمەکەی بەڕێوەبردنی سیستمی دڵنیایی جۆری لە وەزارەت و دامەزراوەکان و نیشاندەرەکانی دڵنیایی جۆری لە وانەوتنەوە، بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان، شێوازەکانی وانەوتنەوە، پرۆگرامەکان و ژینگەی دامەزراوەکە، پێکهاتەکانی هەگبەی مامۆستا، دیاری کردنی ڕۆڵی کەسوکاری قوتابیان و خوێندکاران لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری، نموونەیەکی فۆرمەکانی هەڵسەنگاندن و چۆنیەتی پڕ کردنەوەیان لەلایەن کادیرانی دامەزراوەکان لەخۆ دەگرێت.
٢-دەبێت ڕێبەری دڵنیایی جۆری پێش دەست پێ کردنی ساڵی خوێندن لەلایەن وەزاەرتەوە ئامادە بکرێت و بەسەر دامەزراوەکان دا دابەش بکرێت.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ بەڕێزان ماددەی (٩٥)؟ د.شایان بەس ئەو تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکەصالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی/٩٤ کەش تێبینیەکی بچووکم هەیە، هەر لە ماددەی/٩٢ ئاماژەم پێیدا بوو بەس بۆ ڕێکخستنەوەی سیاغەکە لە دێری دووەمی بڕگەی یەکەمی ماددەی/٩٤ کە نووسراوە وەزارەت دایدەڕێژێت، بنووسرێ دایدەڕێژن و دابەش دەکات، ئەوکاتە هیچ کێشەیەك دروست نابێت کە لە

ماددەی/٩٢ ئەگەر بڕگەکە لابرێت، سەبارەت بە ماددەی/٩٥ بڕگەی/١ وەکو باسمان کرد دووبارەیە لە ماددەی/٩٢ بڕگەی/١ هەیە، یەعنی هەمان ناوەڕۆکن فە یەکێکیان دەبێ لابرێت، لەولایە پێشنیازم کرد لابرێت، دەتوانرێ لێرە بمێنێتەوە، دەتوانرێ لەگەڵ بڕگەی/٢ ی ماددەی/٩٢ تێکەڵکێش بکرێت، دوای ئەوە کورت بکرێتەوە، سەبارەت بە بڕگەی/٢ ی ماددەی/٩٥ لەگەڵ ماددەی/٩٢ بڕگەی/١ تێکەڵکێش بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی(٩٦) کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری پێنجەم: هەگبەی مامۆستا و بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر

ماددەی(٩٦):

١-هەر مامۆستا و بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەرێك هەگبەیەکی تایبەت بە خۆی دەبێت بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە تایبەتیەکان سەبارەت بە باشی کارەکانیان.

٢-هەگبە ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

١/فێربوونی بەردەوام لەڕێگەی ئاشنا بوون بە گەشەکردنەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن.

٢/سازدانی سیمیناری پەروەردەیی و فێرکردن یان بەشداربوون تێیاندا.

٣/ ئەنجامدانی ڕاپۆرت و توێژینەوەی پەرورەدەیی و فێرکردنی جیاواز.

٤/بەشداری کردنی مامۆستا لە کارەکانی دامەزراوەکەی بۆ سەرخستنی ئەرکەکانی بەرەو پێش بردنی لە هەموو بوارەکاندا.

٣-وەزارەت مافی زیادکردنی پێکهاتەی دیکەی بۆ هەگبە هەیە، دەبێت بە ڕێنمایی ڕێك بخرێت.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ بەڕێزان لەسەر ئەم ماددەیە؟ تەنها کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها خاڵی یەکەمی ڤیا مامۆستا و بەڕێوەبەر و یاریدەدەر، بەڵێ هەندەك فەرمانبەرێت دی لوێرێ دا ئیش کەن بڤیا ئیشا سەرەك، بۆ نموونە ئەڤ کاتبێ لوێرێ کە ژی کارکەن، هەموو فەرمانبەرەك کە لوێرێ کارکا بەخۆ هەبت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مم فەرموو.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی بەڕێز و جەنابی وەزیر بۆمان ڕوون بکاتەوە و ئەم دەستەواژەی هەگبەیە لە کوێوە هێناوە؟ هەگبە لە زمانەوانیا زۆرجار بە یەکێك ئەڵێی ئادەی بزانم چی لە هەگبەیایە، چی لە مێشکتایە؟ ئەشێ مەسەلەی وشەی هەگبە ئەمەش بگرێتەوە، لەلای من ئەوەی لە هەگبەمایە ئەمەوی بۆتان شەرح بکەم، یاخود مەسەلەن لە کوردەواری دا هەندێ جار ئەڵێ ئەوەی لە

هەگبەیـایەتی لەنـاو بوخچەکەیـایەتی، بـۆیە پێمـوایە ئەم دەسـتەواژانە بە تـایبەتی یاسـایەکی وەزارەتی پەروەردە و کێشەی وەزارەتی پەروەردە و بەشـێ لە میتـۆدی خوێنـدنی ئەم وەزارەتە دەسـتەواژە گەلـێ، چەمکگەلێکیـان بەکارهێنـاوە مەفهـومەکەی خـۆی نـاگەیەنێ لە خوێنـدنی سەرەتاییەوە بگرە تا قۆناغەکانی دیـکە، بـۆیە لەنـاو یاسـاکان دا مـن پێشـنیاز دەکەم، ڕێـك ئەمە مەبەسـتیان لە فـایلە، فایلێـك هەیە مامۆسـتاکان هەیەتـی ئەمـانەی تیـایەتی، ڕەنـگە دۆسـیە جێگەکەی باشتر بگرێ لە جیاتی هەگبە و سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس، دۆسـیەش ئینگلیـزیە، ئـاخر پێشـتریش موناقەشـە کـرا، جەنـابی وەزیـر ئەگەر موداخەلەیەکت هەیە فەرموو.

**بەڕێز ئالان حمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابـزانم تەنهـا دوو پرسـیاری تیـا بـوو مەبەسـت چیـیە لە خـود هەلسـەنگاندن و هەڵسـەنگاندنی دەرەکی، بەدریە خان پرسیاری کرد بوو، خـود هەڵسـەنگاندن دامەزراوەکە، قوتابخـانەکە لیـژنەی پەرەپێدانی بـۆ خـۆی هەیە، لیـژنەی پەرەپێـدانی قوتابخـانە دائەمەزرێنـی لەوێ ئەنجـامی ئەوە هەلسەنگاندنێك بۆ خۆی ئەکا و هەلسەنگاندنێکی تەخمینیە، بۆ ئەوەی بزانـێ لە کۆتـایی سـاڵ چ ئاسـتێك بەدەسـت دەهێنێـت، هەڵسـەنگاندنی دەرەکـی ئەو هەڵسـەنگاندنەیە کە سـێ سەرپەرشتیاری جیاوازی دەرەوەی قوتابخانەکە بـۆ مـاوەی سـی ڕۆژ یـان زیـاتر لە قوتابخـانەکە ئەمێنـنەوە پێـداچوونەوە بە هەمـوو دۆکیۆمێنتەکـان ئەکەن و هەڵسـەنگاندنی کۆتـایی بـۆ دامەزراوەکە ئەکەن، سـەبارەت بەوەی کە کـاك مەم فەرمـووی هەگـبەی مامۆسـتا حەقیـبەی موعەلیم و مودەریسە، مەبەست لە کۆی ئەو چالاکییانەیە کە ئەو مامۆستایە ئەنجامی دەدات لە شێوازەکانی وانە وتنەوەی لە سیمینارەکانی لە نووسینە پەروەردەییەکانی، لە چالاکیە میـدیاییە پەروەردەییەکـانی، وەك ئەوەی کە لە وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا هەیە، ئەو مامۆسـتایە هەگـبەی ئەبێ و نوقاتی لەسەر دەبێت دوایی دڵنیایی جۆری خاڵبەندی ئەو مامۆستایە دیاری ئەکا کە ئەو مامۆستایە ئەمساڵ لە چ ئاستێکا ئەو چالاکیانەی ئەنجام داوە.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، سوپاس، ماددەی/٩٧ بەڕێزان فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری شەشەم: هەڵسەنگاندنی ساڵانەی دامەزراوە حکومیەکان و فەرمانبەرەکانیان

ماددەی(٩٧):

١-کادیرانی پەروەردە و فێرکردن و کادیرانی کـارگێڕی سـالانە لەلایەن بەڕێـوەبەری دامەزراوەکە هەڵسەنگاندنیان لە بوارە جیاوازەکان دا بۆ دەکرێت.

٢-ئەنجامەکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن لە تۆمارەکانی دامەزراوەکە تۆمار دەکرێن و پوختەیەکی لە شێوەی فۆرمێك بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و وەزارەت دەنێردرێن.

٣-هەڵسەنگاندنی ساڵانە بۆ دیاری کردنی خاڵەبەهێز و لاوازەکانی کادیرەکان و دامەزراوەکە دەکرێت و وەك بنەمایەك بۆ پێشکەشکردنی سوپاس و پێزانین بەکاردێت.
٤-هەر دامەزراوەیەك لەلایەن لیژنەیەکی هەلسەنگاندنی دەرەکی سەر بە وەزارەت و بەپێوەرەکانی وەزارەت و فۆرمی تایبەت کە بەر لە دەستپێکی ساڵی خوێندن بەسەر دامەزراوەکان دا دابەش دەکرێت، هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت و ئەنجامی ئەو هەلسەنگاندنە وەك هەلسەنگاندنی بەرێوەبەر و دامەزراوەکان هەژمار دەکرێت.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ بەڕێزان لەسەر ئەم ماددەیە؟ بۆ ماددەی تر، ماددەی/٩٨ فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری حەفتەم: پرۆسەی هەڵسەنگاندن و دەرهاویشتەکانی

ماددەی(٩٨):

١-ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتی کردنە، فۆرمەکانی هەلسەنگاندن کۆ بکاتەوە و کورت و پوختیان بکات و تۆمار و شی کردنەوەیان بۆ بکات و سوودیان لێ وەربگرێت.
٢-ئاستی کارامەیی هەر دامەزراوەیەك بەپێی زانیاری و بەڵگەکانیان راپۆرتی ساڵانە دەبێت و دامەزراوەکان بەم جۆرە پۆلین دەکرێن:
١/ئاستی یەکەم پێویستی بە پشتیوانی گەورەیە.
٢/ئاستی دووەم پێویستی بە پشتیوانییە.
٣/ئاستی سێیەم ناوەند.
٤/ئاستی چوارەم باشە.
٣-هەر کارمەندێکی پەروەردەیی و فێرکردن لەهەر دامەزراوەیەك بەپێی هەلسەنگاندنی هەگبەکەی پۆلین دەکرێت بۆ:
١/پێویستی بە پشتیوانییە.
٢/پەسەند.
٣/ناوەند.
٤/باشە.
٥/زۆر باشە.
٦/نایاب.
٤-وەزارەت بە پشت بەستن بە ئاکامەکانی پیادەکردنی سیستمی دڵنیایی جۆری و پرۆسەی هاندان جێ بەجێ دەکات.
٥-ڕاپۆرتی ئەنجامەکان پرۆسەی هەڵسەنگاندن لەناو دۆسیەی دامەزراوەکەدا هەڵدەگیرێت و وێنەیەکی بۆ بەڕێوبەرایەتی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتی کردنی لە پارێزگا بەرز دەکرێتەوە.
سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ بەڕێزان لەسەر ئەم ماددەیە؟ ڕوپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئاستی یەکەم و دووەم کە دەڵێ پێویستی بە پشتیوانی گەورەیە، پشتیوانی گەورە چییە؟ یەعنی ڕوون نییە ئەگەر زیاتر ڕوون بکرێتەوە، ئاستی دووەمیش هەر پێویستی بە پشتیوانییە ئەوە ڕوون بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من تێبینیەکەم هەم بۆ ماددەی/٩٦ و ٩٨ یشە، چونکە لێرەش باسی دامەزراوە ئەکرێ پرسیارەکەی من ئەوەیە مەبەست تەنها لە دامەزراوە حکومیەکانی کەرتی پەروەردەیە ئەوانەی کەلە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە بەڕێوە ئەبرێن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان پرسیاری ڕوپاك خانم هەبوو پشتیوانی لێ ئەکەم، بەس والله یەك پرسیارم لە جەنابی وەزیرە ئەگەر ئەرك نەبێ، لە ماددە/٩٢ و ٩٦ دا زۆر لەیەك چوون، ئەگەر ئەو دوو مادەیە بکرابان بە یەك باشتر نەبوو؟ هۆکار چییە بوون بە دوو ماددەی جیاواز؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر ئەگەر لە ماوەی دەقەیەك فەرموو.

**بەڕێز ئالان حمەسعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، سەبارەت بە ئاستی یەك و دوو و سێ و چوار ئەوە ئاستی قوتابخانەکەیە، قوتابخانە تەسنیف ئەکرێ بۆ سەر چوار ئاست هەر ئاستێك نمرەیەکی خۆی هەیە، بۆ نمونە لە نمرەی(٦٣) هەتا نمرەی هەشتا و دوو دەست پێ ئەکات بە ئاستی سێیەم، بەڵام نمرەی یەك و دوو ئاستەکانی لاوازن ئەو دامەزراویە پێویستی بەوەیە دەعمێکی زیاتر بکرێ لەبەرئەوەی کەموکوڕی هەیە لە پرۆسەی دڵنیایی جۆرییا، سەبارەت بەوەی کە کاك بەڵێن فەرمووی بەڵێ بۆ ئەهلیەکانیش جێ بەجێ ئەکرێ، بەڵام ئەوە لە فەسڵی ئەهلیەکان دا ئاماژە بە سیستمی دڵنیایی جۆری ئەوانیش ئەدرێت.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەلێ بەڕێزان ماددەی/٩٩ فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری هەشتەم : دڵنیایی جۆری لە کاتی دامەزراندنی دامەزراوەیەك دا

ماددەی(٩٩):

١-هـیچ دامەزراوەیەك دانامەزرێـت و مـۆڵەتی پـێ نادرێـت ئەگەر پێداویسـتیە خوازراوەکـان و ڕێکارەکانی دڵنیایی جۆری و ڕێبەری دڵنیایی جۆری نەبێت.

٢-١/ هەموو دامەزراوە حکومیەکان هەر چوار ساڵ جارێك داوای باوەڕپێدان لە وەزارەت دەکەن کە وەك سەلماندنی کوالتی وانەوتنەوە وایە لە دامەزاروەکەدا.

٢/ وەزارەت لەو ڕووەوە پشت بەو هەلسەنگاندنەی دامەزراوەکە کە لە چوار ساڵی پێشتر دەستی هێناوە دەبەستێت. سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ بەڕێزان لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، لە مـاددەی/٩٩ خـاڵی/١ ئـێمە ئەمـانەوێ دڵنیـایی جـۆری بکـرێتە بەشـێك لە وەزارەتــی پەروەردە، نەك دامەزراوەیەکــی ســەربەخۆ بــێ، لێــرە ئەڵــێ هــیچ دامەزراوەیەك دانامەزرێت، یەعنی بەتەمای چەند دامەزراوەی تر دابمەزرێنی لەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هەلسەنگاندن و ماددەکانی پاشی وە ئەوەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی دێت، ئەو هاوسەنگیە کو دەکرێت؟ سەرپەرشتیاری پەروەردەییش هەلسەنگاندن دەکات، دڵنیایی جۆریش هەردوکیان تەقریبەن هەمان ماف و ئەرکیان هەیە، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خالًا/١ ی نڤیسیە هیچ دامەزراوەیەك، مەرام ژی حکومیە ئان نا حکومیە ل ڤێرێ وازح نەکریە کو هەردوو دامەزراوەی حکــومەت و نــاحکومی، هەروەســا خــالًا/٢ ی ژی دا بێژیــت دامەزراوە حکومیەکان، من پی باشە ناحکومیەکان لێ زێـدە بـت هەر چـوار سـاڵ نـا هەر دوو سـاڵ جـارەك داوای باوەڕپێـدان بکـاتن، نە هەر چـوار سـاڵ، چـوار سـال زۆرە، پێتڤـی هەر دوو سـاڵ داخـازا باوەرنامەیی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جەناب وەزیر ئەگەر سەرنجێك هەیە فەرموو.

**بەڕێز ئالان حمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس تەنها بۆ ئەوەی کاک گۆران تەئکید دەکەمەوە مەبەستی ئەوەیە ئەگەر قوتابخانەیەکی حکومی دابمەزرێ دەبێ حەدی ئەدنای موستەلزەماتی پرۆسەی دڵنییایی جۆری تیا بێت ئینجا تۆ ئەو قوتابخانەیە بکەیتەوە، ئەوەی کاك چیاش لە بابی قوتابخانە نا حکومیەکان ئامـاژەی پـێ ئەدرێ، بەڵام چوار ساڵ زۆر نییە بۆ ئەکریدیتەیشن، چونکە ئەکریدیتەیشن پرۆسەیەکی قورسە بۆ باوەڕپێدان.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆرسوپاس، بەڕێزان زۆر سوپاستان ئەکەین کە ڕاو سەرنج و تێبینیەکانتان زۆر چڕ کردەوە، ئەمرۆ توانیمان ١٩ مادده تەواو بکەین، بۆیە ئێستاش دانیشتنەکە هەڵ ئەگرین تا سەعات ٢ ئەو کات دێینەوە خزمەتتان.

## پاش پشوو

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
دەست بە دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، (د.گلاویژ) ماددەی (١٠٠)، بخوێنەوە، فەرموو.
**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
تەوەری نۆیەم: ئامانجی سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندن
ماددەی (١٠٠):
یەکەم: ئامانجی سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندن گەیشتنە بە ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان و باشترکردنی پرۆسەی پەروەردەیی و فێرکردن و بنیاتنانی تواناکانە لە دامەزراوەکاندا.
دووەم: دەبێت پەرەپێدانی شێوازەکانی پێوانە و هەڵسەنگاندنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە رووە جیاوازەکانیانەوە بەپێی بنەما و پێوەری بابەتی بێت کە مەبەست لێی پەرەپێدانی بوارەکانی پێشخستنە لای قوتابی و خوێندکار و فەرمانبەرانی دامەزراوەکە بۆ باشترکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و ناوەڕۆکەکانیان و شێوازەکانی وانە وتنەوە و تاقیکردنەوەکان و بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی توانای مامۆستاکانە.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
ماددەی (١٠٠) دکتۆرە، فەرموو.
**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لقی یەکەم: ئەرکەکانی سەرپەرشتیکردن:
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
(د.شایان)، فەرموو.
**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پێم وایە ماددەی (١٠٠) دوور و درێژە دەتوانین پوختی کەینەوە لە بڕگەی یەکەم کە نوسراوە (ئامانجی سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندن) ئەوەندە لاببرێت، ئەوەی تر بهێڵرێتەوە، لە بڕگەی دووەم دوو دێری یەکەم لاببرێت، جا ئەگەر تێکهەڵکێشی بکەین بەو شێوەی لێدێت هەر دەبێتە یەك بڕگە (گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان و باشترکردنی پرۆسەی پەروەردەیی و فێرکردن) تا کۆتایی بڕگەی یەکەم، ئینجا لە بڕگەی دووەمیش بە پەرەپێدانی بوارەکانی پێشخستن لای قوتابی دەستپێبکەین، با هەردووکی بکرێتە یەك کورت بکرێتەوە بەو شێوەی لێبکرێت کە باسم کرد، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
دەست خۆش، ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لقی یەکەم: ئەرکەکانی سەرپەرشتیکردن:
ماددەی (١٠١):
یەکەم: ڕێنوێنی بەداواداچوون هەڵسەنگاندن پشتیوانیکردن و پشکنینی کاری دامەزراوەکان لەڕووە جیاوازەکانەوە.
دووەم: پشتگیریکردنی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستەکانیان.
سێیەم: داهێنانی ڕێکاری بابەتیانە بۆ دڵنیایی جۆری.
چوارەم: ئامادەکردنی راپۆرتی ساڵانە سەبارەت بە باش بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و پلان و پێشنیازەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دڵنیایی جۆری سەرپەرشتیاری و چۆنیەتی گەشەکردنی پرۆسەی پەروەردەیی و فێرکاری و چالاکییەکان، کاروباری دارایی و کارەکانی دیکەی بەڕێوەبەرایەتیەکە.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
کێ قسەی هەیە لەسەر ماددەی (١٠١)؟ ماددەی (١٠٢)، فەرموو.
**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لقی دووەم: ئەرکەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی:
ماددەی (١٠٢):
یەکەم: ڕێنوێنی بەدواداچوون، هەڵسەنگاندن، پشتیوانیکردن و سەرپەرشتیکردنی کارەکانی دامەزراوەکان بۆ دڵنیابوون لە ئاستی پەروەردەیی و فێرکردن و ڕێگەکانی کارکردنیان بە مەبەستی گەشەپێدانی کاری دامەزراوەکان وپرۆسەی پەروەردە و فێرکاری بەشێوەیەکی گشتی.
دووەم: پشتگیریکردنی دامەزراوەکان لە کارەکانیاندا.
سێیەم: دڵنیابوون لە هەبوونی ڕێکاری تۆکمە بۆ دڵنیایی جۆری لە دامەزراوەکاندا.
چوارەم: هەڵسەنگاندنی کاری کارگێری دامەزراوەکان بەپێی پێوەرەکانی وەزارەت.
پێنجەم: هەڵسەنگاندنی پابەندبوونی مامۆستایان لە کاتی وانە وتنەوەدا بەپێی پێوەرەکانی وەزارەت.
شەشەم: هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی پابەندبوونی دامەزراوەکان بە یاسا و ڕێنماییەکان ئاستی تۆمارکردنی دەستکەوتەکانی دامەزراوەکە و تۆمارکردنی هەرپێشێلکارییەك کە لە دامەزراوەکەدا ڕوویدابێت.
حەوتەم: هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی پابەندبوونی دامەزراوە بە پرۆگرامەکانی خوێندن رادەی پشتیوانیکردن و هاندانی کارامەیی سەرکردایەتی لای قوتابیان و خوێنکاران و مامۆستایان.
هەشتەم: دڵنیابوون لە پابەندبوونی مامۆستایان بە ئامادەکردنی هەگبەکانیان و کۆکردنەوەی بەڵگەی دڵنیای جۆری و زانست خوازی بەردەوام.

نۆیەم هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بەپێی پێوەری تایبەت.
دەیەم: هەڵسەنگاندنی ئاستی پەروەردەیی و فێرکردنی قوتابیان و خوێندکاران و رێژەی دەرچوونیان.
یازدەیەم: هەڵسەنگاندنی ژینگەی خوێندن.
دوازدەم: هەڵسەنگاندنی ئاستی چالاکی ئامادەیی و پیشەیی و پەیمانگا پەروەردەییەکان لەڕووی هەماهەنگی کردنیان لەگەڵ بازاری کاردا.
سێزدەم: هەڵسەنگاندنی پلانی خوێندنی دامەزراوەکان، چۆنیەتی جێبەجێکردن و ئەنجامەکانیان ئەوەش بەپێی چەند فۆرمێکی هەمەلایەنە و پێوەری باوەڕپێکراو.
چواردەیەم: هەڵسەنگاندنی هەر بوارێکی دیکە کە سەرپەرشتیار لەچوارچێوەی داواکارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دڵنیای جۆری و هەڵسەنگاندن بە گرینگی دابنێت لەڕووی سوودگەیاندن بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن.
پازدەیەم: کارکردن لەپێناو سوودوەرگرتن لە گرینگی توێژینەوەکانی ناوەوە و دەرەوەی هەرێم سەبارەت بە گەشەپێدانی سیستەمی پەروەردەیی و فێرکردن.
شازدەیەم: وەرگرتنی سکاڵای قوتابیان و خوێندکاران و کەسوکاریان لەبارەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری لە دامەزراوەکان و لێکۆڵینەوە لێیان، بۆ ئاشکراکردنی ناوی سکاڵاکار و بڕیاردانی گونجاو لەبارەیانەوە لە ماوەیەکدا کە لە یەك مانگ تێپەڕ نەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٠٢) کێ قسەی هەیە؟ (د.شایان)، مامۆستا (عبدالستار)، دکتۆرە، فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەمی ماددەی (١٠٢) لەناوەڕۆکی بڕگەی یەکەمدا هەیە کە دەڵێ (پشتیوانیکردن و سەرپەرشتیکردنی کارەکانی دامەزراوەکان)، بڕگەی دووەمیش دەڵێ (پشتگیریکردنی دامەزراوەکان لە کارەکانیاندا) ، کەواتە با بڕگەی دووەم لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا (عبدالستار)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم مادەیە و ماددەکانی پێشووتریش ئەمن تەماشادەکەم بەشی زۆری بریتییە لە هەڵسەنگاندن، هەڵسەنگاندن بۆ پەروەردە، هەڵسەنگاندن بۆ قوتابی، هەڵسەنگاندن بۆ مامۆستا، بۆ دامەزراوە، بەڵام لەمەیان لە ماددەی (١٠٢) باسی ئەرکەکانی سەرپەرشتیاری کردووە، سەرپەرشتکارە یەك کەس ئەم تەقیمە دەکات، بەڕای من بەراستی ئەوە پێویستی بە ئەوە هەیە یا لیژنەیەکی پسپۆڕ یان هەیئەتێك یەعنی چۆن ئەم هەموو هەڵسەنگاندنە دەکات بۆ نمونە سەرپەرشتکار چۆن ئەم هەڵسەنگاندنە دەکات، بەڕای من پێویستە یان هەیئەتێك هەبێت یان لیژنەیەکی پسپۆڕ کە وەزارەت دروستی دەکات بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی قوتابی، بۆ هەڵسەنگاندنی پەروەردە، بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستا، بۆ ئاستی مامۆستا، بۆ ئاستی خوێندن، بۆ ئاستی زانست، بەڕای من

ئەوە ئیشی یەك کەس نییە کە نووسراوە (ئەرکەکانی سەرپەرشتیکردن)، یان (ئەرکەکانی سەرپەرشتیکار) هەر وەکو چۆن لە تەوەرەی نۆیەمیشدا هەر هەمان بۆ نمونە باسکراوە، ئامانجی سەرپەریشتیکردن و هەڵسەنگاندن، لەوێش دیسانەوە هەڵسەنگاندن باسکراوە بەس ناڵێ کێ دەیکات، بەڕای من پێویست بە هەیئەتێك هەیە بیکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (١٠٣)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لقی سێیەم: ڕێکاری ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی سەرپەرشتیار لە کاتی سەردانی دامەزراوەکاندا:

ماددەی (١٠٣):

یەکەم: ئامادەکاری بۆ سەردانی دامەزراوەکان بەپێی ڕێکارەکان پێداویستەکانی سیستمی دڵنیای جۆری.

دووەم: بەداواداچون و سەرپەرشتیکردنی کاری دامەزراوەکان دڵنیابوون لە بوونی ڕێکاری فەراهەمکردنی دڵنیایی جۆری بەدواداچوون.

سێیەم: شیکردنەوەی ئەنجامی سەردانکردنەکان وە نووسینی ڕاپۆرتی کۆتایی هەڵسەنگاندن.

چوارەم: ڕاگەیاندنی ڕاپۆرتی کۆتایی و ناردنی وێنەیەکی بۆ دامەزراوە پەیوەندیدارەکە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ قسەی هەیە؟ (د.اسماعیل)، کاك (گۆران)، کاك (بهجت)، مامۆستا (عبدالستار)، شێخ (ظاهر)، کاك (بهجت)، فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لقی سێیەم ڕێکاری ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی سەرپەرشتیارە یەعنی سەرپەرشتیار وەکو اختصاص دڤێ ماددەیدا، ماددەی (١٠٣)دا گەلەکی گرینگی بە اختصاصی وی نەهاتیە دانێ، پێشنیارێ دکەم ماددەیەك لڤێرێ بێتە زێدەکرن بێژیتن (گرینگە سەرپەرشتیاری پسپۆر لە سیستەمی دڵنیایی جۆری کار بکات بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی زانستی مامۆستا بە گوێرەی پسپۆریەکەی) ڕێنمایێت وەزارەتێ پتر گرینگی و ئەهمەیەتیا دایا هەڵسەنگاندنا شێوێ بڕێڤەچوونا کارێ لێژنا ئو پسپۆریا سەرپەرشتیاری دڤێرەدا هاتیە فەرامۆش کرن، داخاز دکەم ئەڤ خالە بەرچاڤ بێتە وەرگرتن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك (بهجت)، کاك (گۆران)، فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك (بهجت) دەکەم، هەروەها دانانی ئەو لیژنەیەش بەراستی زەرووریەتی هەیە کە لەناو پڕۆژە یاسەکە جێگای بکرێتەوە وەکو مامۆستا (عبدالستار)

فەرمووی نابی تەنها یەك كەس هەڵسەنگاندن بۆ ئەوانە بكات، پێویستە كە لیژنەیەك هەبێت هەڵسەنگاندن بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (شێخ ظاهر)، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠٣)، بڕگەی سێیەم و چوارەم یەك مانای هەیە بۆیە پێشنیار دەكەم هەردووك بكرێتە یەك بڕگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەسپێكی ئەز پشتەڤانیا كاك (بهجت)ی دكەم، وێ خالا وی ئیزافەكری، یا دووێ ئەز پرسیار دكەم ڕاگەیاندن مەخسەدی چییە ڕاگەیاندن؟ یەعنی ئعلام، تەعمیم، بۆ چ ئاست؟ بۆ كێ ڕاگەینیت ڕاپۆرتێ؟ بێتە دیاركرن، هەكە ڕاگەیاندن ئەز تێنەگەهیشتم دڤێرێدا پرسیارا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس كاك دكتۆر، مامۆستا (عبدالستار)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٠٣) خاڵی چوارەم، ڕاگەیاندنی ڕاپۆرتی كۆتایی، ئێمە نازانین لەكوێ ڕادەگەیەنێ؟ شوێنەكەی كوێیە؟ یەعنی بۆ اعلامە؟ یان لە وەزارەتە؟ پاشان ناردنی وێنەیەك بۆ دامەزراوە پەیوەندیدارەكان یەعنی ئەو ڕاپۆرتەی بڵێین سەرپەرشتكارە كە ڕاپۆرتێكی هەیە هەرچەند باسم كرد ئەگەر ئەمە هەڵسەنگاندن بێت دەبێت لیژنە بێت، بەڵام سەرپەرشتكار دەتوانێ ڕاپۆرتی هەبێت، بەڕای من ئەوە پێش ئەوەی كە ڕای بگەیەنێ وێنەی بۆ دامەزراوە پەیوەندیدارەكە بنێرێ بەڕای من بۆ وەزارەتی بنێرێ، لێرەدا هیچ دیار نییە ئەم سەرپەرشتكارە پەیوەندی چییە لەگەڵ وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز وەزیرە پەروەردە هەتا سەرپەشتیاری تەواو دەبێت پرسیارەكان بنووسیتەوە یەك جار دەرفەت دەدەین بۆ هەمووی، ماددەی (١٠٤)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لقی چوارەم: دامەزراندنی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی:

ماددەی (١٠٤):

یەكەم: مەرجەكانی دامەزراندنی سەپەرشتیاری پەروەردەیی:

١-بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت و ناونیشانی مامۆستا بێت.

٢- ئەزموونی لەبواری پەروەردە و فێرکردن لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت و لە و ماوەیە لایەنی کەم پێنج ساڵ کاری وانە گوتنەوەی کردبێت.
٣- بەشداری لە خول شیاندنی سەرپەرشتیاری کردبێت کە وەزارەت بەهاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە ساڵانە ئەنجامی دەدات.
٤- بەتاوانی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت، سزای کارگێری وەك سەرزەنشت و زیاتری بەسەردا نەسەپێنرابێت.
دووەم: ڕێکارەکانی دامەزراندنی سەرپەرشتیاران:
١-سەرپەرشتیار لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ لە بەڕێوەبەراتی گشتی دڵنیایی جۆری سەرپەرشتیکردن بەپێی تاقیکردنەوەی بابەتیانە دەپاڵێورێت، فەرمانی دانانیان لەلایەن وەزیرەوە بۆ دەردەچێت.
٢- لەکاتی پاڵاوتن لە پێشینەی بۆ ئەو کەسانەیە کە خاوەنی بڕوانامەی بەرزتر و لێهاتوویی زیاترن.
٣- هەر کەسێك کە داواکاری بۆ کاری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پێشکەش کردبێت، کارەکەی پێ نەدرێت بەپێی یاسای ئەنجومەنی شورای بەرکار لە هەرێم مافی داخوازی و تانە لێدانی هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ (د.ریبوار)، (د.اسماعیل)، مامۆستا (عثمان)، (د.محی الدین)، (لیزا) خان، (سارا)خان، کاك (ئازاد)، (لیزا) خان، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز جەنابی وەزیر، ئایە مەرجی تەمەن بۆ لێرە دیاری نەکراوە؟ هەروەها ئەگەر مەرجێکی دیکەشی بۆ زیاد بکرێت کە کەسەکە پێویستە زمانەکانی کوردی و عەرەبی بە باشی بزانێت، بەراستی ئەوانەی ئێستا تەخەروج دەکەن زۆربەیان لەو دوو زمانە شارەزاییەکەی ئەوتۆیان نییە، ئێستا ئەو قوتابخانە ئەهلیانە بەتایبەتی زمانی کوردی تێدا زۆر لاوازە، بۆیە ئەو کەسەی کە هەڵدەستێت بە سەرپەرشتیاریکردنی بەپێدانی ئەم پۆستە پێی پێویستە ئەو دوو زمانە عەرەبی و کوردی بەڕای من بە باشی بزانێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (سارا) خان، فەرموو.

**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی (لیزا) خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (ازاد)، فەرموو.

**بەڕێز ازاد اكرم بهرام:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنسـبەت دامەزرانـدنی سەرپەرشـتیار داوا دەكەیـن سەرپەرشـتیاری توركمـانیش، سـریانیش هەبێت، چونكە ماددەكانی اختصاص ئەمن بەخۆم لە دەرسی من مامۆستا هـاتیە گۆتی تـوركی نازانم تەماشای دەرسەكەشمی كردییە، مانای وایە ئەگەر سەرپەرشتیاری اختصاصی بیركاری و فیزیا و كیمیا و بایلۆجی و ماتماتیك و تاریخ و جوگرافیا هەبی ئەو كاتە دەتانی لە دەرسمان تـێ بگا و دەتوانی ئەو تەنها نەك مەكتەبی توركمانیەكان مەكتەبەكانی دیش تەماشا بكـات، بەڵام ئەو سەرپەرشتیارەی كە دێنە مەكتەبی توركمانی مەكتەبی سریانی دەبێ زمانی سریانی یـان زمـانی توركمـانی بزانـی، بـۆیە داوا دەكەیـن ئیستسـنایەك بـۆ دامەزرانـدنی قوتابخـانە توركمانەكـان و قوتابخانە سریانیەكان ببێت، سوپاستان دەكەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

(د.ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكێ لە خاڵەكان باس لە (١٠) ساڵ ئەزموون دەكات لەبواری پەروەردە و فێركردن، من پێم باشە (٥) ساڵ لە چوارچێوەی ئەو (١٠) ساڵەدا بۆ نمونە پۆستێكی ئیـداری هەبووبێـت لە قوتابخـانەكە یـان لە خوێنـدگاكە وەكـو بەڕێـوەبەر وەكـو یاریـدەدەری بەڕێـوەبەر یەنـی ئەوەش بكرێـت بە مەرجێـك، چـونكە پۆسـتی ئیـداری، ئەزمـوونی ئیـداریش گـرینگە بـۆ ئەوەیـی كە كەسـێك سەرپەرشتیارێكی لێهاتوو بێت، یەكێكی تر لە خاڵەكان باس لەوە دەكات باسی ئەگەر كەسێك بۆ نمونە تەقدیمی سەرپەرشتیاری كردوو دەرنەچوو لە مەرجەكانـدا یـان دەرنەچـوو منافسـی زۆر بوو ئایا ئەوە مافە بە یەكجاری ئیسقات دەكرێت بۆی نییە جارێكی تر پێشكەش بكاتەوە؟ ئەگەر ئەوە ئیزافە بكرێت باشە چونكە ئەو مافەی بۆ بەیەكجاری ئیسقات نەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس كاك دكتۆر، مامۆستا (عثمان)، فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ماددەی (١٠٤) خاڵی دووەم و سـێیەم ئەگەر لێـی وردبینـەوە ئەزموونی لەبـواری پەروەردە و فێركـردن لە (١٠) سـاڵ كەمتـر نەبێـت، خـاڵی سـێیەم بـاس لەوە دەكـات دەڵـێ (بەشـداری لە خـولی شـیاندنی سەپەرشـتیاری كردبێـت) یەعنـی ئەوە پـێم وایە هەردووكیان لەناو یەك جێیان دەبێتەوە خاڵی سێیەم وای لێبكرێت (بەشداری خـولی شـیاندنی سەرپەرشتیاری پێ بكرێت)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یــا یەكــێ تیبینــا مــن یــا یەكــێ پرســارەكا ئەرێ رێنمایكــار ئــان تــوژینەر پێویســتی دینیــنن سەرپەرشــتیاری نینــت لە خانــدنگەها بچــت هەڵســەنگاندنا كــارێ وانــا بێتە كــرن، هەلســەنگاندنا عەمەلێ وانە بێتە كرن، ئەگەر ئەڤ مەرجە بچیت ئیللا (٥) ساڵا وانە گوتبن مەعنــا وێ رێنمایكــار چ جار نابیتە سەرپەرشتیار جێ ناگری چونكە ئەو دەرسا نابێژیــت، ئەو وانە نابێژیــت، رێنمایكــار بەس مەشاكلا وانا حەل دكەتــن، فەئەز بێــژم لڤێــرێ پێتڤیــا مەرجەك بێــژیتن جــگە لە رێنمایكــار، یەعنی ئەو مەرجــی هــاتیە دانــان بــوو دەرس گــۆتنێ ئــیلا هەر پێــنج ســاڵا دەرس گــۆتبن دڤێــتن ئیســـتثنائەك هەبیـــت بـــۆ مورشـــید تەربەویـــێ ئەگەر نەبیـــت مەعنـــا وی چ جـــارا ئەو نـــابنە سەرپەرشــتیكار، حەز دكەم خــالا پێنجــی بێــتە ئیــزافە كــرن وەكــو مەرج تاقیكرنێــت تێــنە كــرن دەربچیــت، یەعنــی هەر ئەو چ تاقیكرنــا هەنە تەبــعەن دئیمتحانــاتی یــا پــێش ئیــدیێ پێتڤیــا وان ئیمتحانـــا دەربچیـــت تاقیكرنـــا دەربچیـــت ئەو ژ مەرجەكـــی ژمەرجێـــت یێـــت دامەزردانـــدنا سەرپەرشتیاری، هەر ئەڤەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٠٤)، خاڵی سێیەم باس لە (٥) ساڵ دەكات كە كاری وانە وتــنەوەی گــوتبی پێشــنیاری ئەوە دەكەم ئەو (٥) ساڵە بكرێتە (٧) ساڵ، چونكە (٥) ساڵ بۆ وانە وتــنەوە بــۆ سەرپەرشــتیارێك پێم وایە ئەزمووونەكەی كەمە، ئەوەی تری پێشــنیار دەكەم كە یەك دوو خــاڵی دیــكە زیــاد بكرێــت ئەنجامی باش لە هەڵسەنگاندن و دڵنیایی جۆری و رێژەی دەرچوونی قوتابیــان و بەدەســتهێنانی ئاستێكی باشی بەدەست هێنابێت، فەلسەفە و بنەما پەروەردەییەكانی بە روونی لەبەرچاو بێــت و تێگەیشتبێت، گونجاو بێت هەم لەڕووی جەستەیی، دەروونــی، تەندروســتی گونجــاو بێــت بــۆ كاری سەرپەرشتیاری، ئەوەی پەیوەندی بەوەشەوە هەبێت بۆ رێكارەكانی لەگەڵ ئەوەمە كە ئەو بانگەوازكردنەكە بە ئاشكرا بكرێت بۆ ئەوەی زۆرترین مامۆستایان ئاگاداری بــن، یەعنــی قەتــیش نەكرێـــت تەنهـــا لە چوارچێـــوەی ئەوەكـــا بـــۆ ئەوەی زۆرتـــرین ژمـــارەی مامۆســـتایان ئەوانەی دەیانەوێت كە ئەوە بكەن ئەوە بكرێت، ئەوەی تریان پەیوەندی بە خاڵی سێیەم هەیە لە بــڕگەی دووەم دەســـت خۆشـــی لە وەزراەتـــی پەورەردە دەكەم بەراســـتی كە ئەو رێگـــایەی كـــردیتەوە ئەوانەی كە ئەوانەی ناحەقیان بەرامبەر دەكرێــت یــاخود كە داواكاریەكانیــان وەرناگیرێــت پەنــا بباتە بەر ئەنجومەنی شورا ئەوە بەلایەنی كەم جۆرێك لە رێگری كەم دەكــاتەوە رەنــگە نەتــوانین ئەو هەمــوو شــتە بنبــڕ بكرێــت، بەڵام بەلایەنــی كەم جــۆرێكە لە رێگریكــردن لە نــاعەدالەتی و دابینكردنی عەدالەت و پەنابردنە بەر یاسا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (دیاری)، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انورحمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەڕێز وەزیری پەروەردە وێڕای پشتگیریم لە بەشێك لە قسەکانی (لیزا) خان، کاك (د.ریبوار) ماددەی (١٠٤) لە بڕگەی یەکەم، خاڵی دووەم ئەزموونی لەبواری پەورەردە و فێرکردن لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت، من پێم وایە ئەم ئەزموونە کەمە قسەکەم لەسەر ئەمەیە ناکرێت بۆ نمونە هەندێك جار بەڕێزێك ببێت بە سەرپەرشتیار کە ئەزموونی لە بەشێك لە مامۆستاکانی کەمتر بێت، مامۆستایەك بۆ نمونە ئەگەر لە تەمەنی (٣٠) ساڵیدا ببێت بە مامۆستا لە (٢٥) ساڵی ببێت بە مامۆستا دوای (١٠) ساڵ ببێت بە سەرپەرشتیار ئایا ئەزموونی ئەم لەگەڵ مامۆستایەك بۆ نمونە رەنگە مامۆستاکە (٣٠) ساڵ مامۆستا بێت، بۆیە من پێم وایە تەمەنەکە کەمە، ئەزموونەکە کەمە، ئەو (١٠) ساڵە زیاد بکرێت ئەمە یەکەم، دووەم لەوەی کە دەڵێت (٥) ساڵ کاری وانە وتنەوەی کربێت ئەمە رووبەڕووی یەك شتمان دەکاتەوە بە تایبەت لەو وانەی کە پۆستی کارگێریان هەبووە، بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەرکان، ئەگەر بۆ نمونە بەڕێوەبەرێك دوو خول بەڕێوەبەر بووبێت کەمترین وانە وتۆتەوە، ئەم مەرجە من پێشنیاز دەکەم وانە وتنەوەی بەردەوام بۆ نمونە بەڕێوەبەرێك کە وانەی وتۆتەوە بۆ نمونە بڵێین بەپێی ئەم پرۆژە یاسایە چوار وانە دەڵێتەوە، لە هەفتەیەکدا چوار حصەیە، بۆیە پێشنیاز دەکەم ئەزموونی لەبواری پەروەردە و فێرکردن لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبێت، لایەنی کەم (٥) ساڵ کاری وانە وتنەوەی بەردەوامی کردبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەریز وەزیری پەروەردە، فەرموو.

**بەڕێز ئالان حمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٠٢) پشتگیری تێبینیەکەی (شایان) خان دەکەم، تێبینیەکەی دروستە، چونکە ئەو خاڵە تەقریبەن دوو جار دووبارە کراوەتەوە، ئەوەی جەنابی مامۆستا (عبدالستار) فەرمووی لە هەمان ماددە چۆن یەك کەس ئەو کارانە هەمووی دەکات، یەك کەس نایکات، یەك کەس هەڵسەنگاندن ناکات، من دوێنێش بە کورت و پوختی سیستەمەکەم عەرزی جەنابتان کرد ئێستاش بە پوختی عەرزی جەنابتانی دەکەمەوە، (٢٥) ستاندارد هەیە بۆ دامەزراوە کە لەسەر چوار ئاست پۆلێن دەکرێت، ئەم (٢٥) ستانداردە لەسەر چوار بواری سەرەکی بواری مەعریفەیە، بواری کوالێتییە، بواری کارامەییەکانە، لەهەمان کاتدا بیست ستانداریدش هەیە لەسەر شەش ئاست مامۆستای پێ پۆلێن دەکرێت، هاوڕێی رەخنەگر کریتیکال فرێند ئەوەی کە موشریفە بە بەردەوامی لەگەڵ قوتابخانەیەك دەبێ ئەرکی چییە؟ سێ شتە، ڕێنوێنیان دەکات، بەداواداچوون دەکات، کاری هەڵسەنگاندنیشیان بۆ دەکات، دەیەوێت ئەو موئەسەسەیە باش بکات، لە کۆتایی ساڵدا سێ سەرپەرشتیاری دیکە لە دەرەوەی ئەو قوتابخانەیە دەچن بۆ ماوەی دوو رۆژ، سی رۆژ لە قوتابخانەکان دەمێننەوە داوای هەموو ئەو دۆکۆمێنتانەی لێ دەکەن کە ئەو ساڵە ئەو قوتابخانەیە، ئەو خوێندنگەیە کارەکانی تیا کردووە، لە کۆتاییا هەڵسەنگاندنەکە لیژنەیەکی سێ کەسی دەیکات، کە بریتین لە سێ سەرپەرشتیار دانەیەکیان سەرۆکی لیژنەیە

دوانیان ئەندامە، کەوابێت هەڵسەنگاندنەکە یەك کەس نایکات لیژنە دەیکات، سەبارەت بەوەی ماددەی (١٠٣) بۆ اختصاص گرینگی پێ نەدراوە؟ بەڕێزان ئەم سیستەمە بەڵێ بەڵام ئەوە لە ڕێبەرەکانی وردەکاری دڵنیایی جۆری دادەنرێن بۆیە بۆنمونە ئەوە ئیحتماله ئەو سێ سەرپەرشتیارە ببێتە چوار ببێتە پێنج بۆیە نەمان ویستووە تۆزێك جامدی بکەین، سەبارەت بە ئیختصاص بۆ گرینگی پێ نەداوە؟ ئێستا ئیتجاهی تازە بۆ ئەوەی کە کاری سەرپەرشتیاری بکات لە جیهانا بریتییە لەوەی کە تۆ دامەزراوە هەڵسەنگێنی، با تۆزێك واقعی بین رەنگ بێت ئەوانەی کە مەیال بن بۆ ئەوەی سیستەمی کۆنی ئیشراف کە لە عێراقدا هەبووە بگەڕێتەوە مامۆستایەك کە وانەی وتۆتەوە لە ساڵێکدا بەراستی موشریف دووجار یان سێ جار توانیویەتی بچێتە قوتابخانەکەی لەم دوو سێ جارە رۆشتۆتە قوتابخانەکەی ئەگەرچوبێتە ژوورەوە مشاهەدەیەکی مامۆستاکەی کردبێت ئەمە کافی نییە، لێرە ئیختصاص نەماوە، لێرە دامەزراوە هەلسەنگاندنی بۆ دەکرێت، بەگوێرەی ستاندار مامۆستا و قوتابخانە و بەڕێوەبەرەکە و موئەسسەکە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، ئەگەر مامۆستایەك تواناکانی باش نەبوون، هۆکاری ئیشراف چییە بۆ نمونە موشریفێکی موختەصی کیمیا دەچێت بۆ موشاهەدەیەکی مامۆستایەکی کیمیا ئەگەر کارەکەی باش نەبوو ئەم ئەرکە بەگوێرەی ئەم یاسایە، بەگوێرەی ئەو کارانەی کە ئێمە دەیکەین سپێرراوە بە دامەزراوەی تواناسازی ئەوەی کە دوێنێ کاك (د. شێرکۆ) تێبینی لەسەر دا کە ئەویش بریتییە لە راهێنانی مامۆستایان، هەموو مامۆستایەك بۆی هەیە بەپێی ئەم یاسایە (٣٠) سەعات راهێنان بۆخۆی وەربگرێت لە ساڵیکدا لەو ناحیە لە ناحیەی ئیختصاصی و عامیش تەقویە دەکرێت، سەبارەت بە تێبینیەکەی (لیزا) خان مەرجی تەمەن دیاری نەکراوە بەراستی ئەو شتانە لە رێکاردا دیاری دەکرێن، زمانی عەرەبی و کوردیش ئەگەر ئەوە بێت پێویست بکات لە رێکاردا دیاری دەکرێت، بەڵام زمانی کوردی ئەساسییە، ئەوەی کاك (ئازاد) بە هەمان شێوە قوتابخانەیەکی تورکمانی ئەو مامۆستایە ناچێ سەیر بکات مامۆستایەکی تورکمانی دەرسی کیمیا چۆن دەڵێتەوە بە تورکمانی، ستاندار هەیە بۆ هەموو قوتابخانەکان بەگوێرەی ئەو ستانداردەی و ئیختصاصە، بەڵام ئەگەر قسەکە لەوەوە بێت مامۆستایانی پێکهاتەکانی تورکمانی و مەسیحیەکانیش ئەوانیش تەقدیم بکەن ئەوانەش لە کۆی گشتی تەقدیم دەکەن، ئەگەر گرفتێك لەوە بێت بزانی کە حصەیەك بەر ئەوان ناکەوێت دەکرێت لێرە ئاماژەی پێ بدرێت بۆ پێکهاتەکان لە پێکهاتەکانیش مافیان هەبێت، حصەیەکی دیاریکراویان وەکو کۆتا لەبواری ئیشرافا هەبێت، خاڵێکی دیکە ئەوەی کاك (د.ریبوار) ئاماژەی پێدا ئەگەر پۆستی ئیداری هەبێت باشترێکە، بەڕاستی ئەگەر بەس بۆ پۆستی ئیداری حەصری کەین مامۆستایەکی زۆر مەحروم دەبێت، چونکە ئێمە شەش هەزار و هەشت سەد و پازدە گریمان قوتابخانەمان هەیە، کە دەبێت شەش هەزار و هەشت سەد و پازدە مودیرمان هەیە، ئەگەر دوو بەرامبەریش معاونمان هەبێت هەمووی دەکاتە حەقدە هەزار، بیست هەزار، سی هەزار کەس، بەڵام ئێمە سەدو بیست هەزار مامۆستای میلاکمان هەیە، لەبەر ئەوە بۆیە تەحدید نەکراوە تەنها بۆ ئەوانەی پۆستی ئیداریان هەیە، بۆیە مامۆستایان مەحروم نەبن، سەبارەت بەوەی، بەڵێ هەردووکیانی تیایە ئەوە لە موفازەلە دەردەکرێت، سەبارەت بەوەی جەنابی مامۆستا راستکردنەوەیەکی کرد ئەویش ئەوەیە کە دەڵێ بەشداری خولی پێ بکرێت ئەوە

دروستریکە، ئەوەی جەنابتان دروستتریکە، سەبارەت بەوەی کە رێنمایکاری بۆ تیا نییە؟ بەڕێزان رێنمایکـار ئـێمە تەعریفـی مامۆسـتامان لەم قـانوونە کـردووە مامۆسـتا ئەو کەسـەیە کە وانە دەڵێتەوە، کەوابێت غەیری مامۆستا کە وانە دەڵێتەوە هەمووی فەرمانبەرە، ئەگەر رێنمایی کاری تێکەی لەبەر ئەوەی رێنمایکار لە ئەساسدا فەرمانبەرە ئەو کاتە خەریجێکی کولیەی هەندەسـە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بیناسازی وەزارەتی پەروەردەش دامەزراوە دەبێت ئەویش مافە هەبێـت تەقدیم بکات، دەبێت یەکێکی دیـکەش کە ژمێریـارە لەنـاو دیـوانی پەروەردەکـان دەبێـت مـافی هەبێـت تەقـدیم بکـات، لەبەر ئەوە کـاری سەرپەرشـتیاری کـاری مامۆسـتا دەبێـت، ئەو بـابەتەی ئەنجامــدانی هەلســەنگاندن ئەو راگەیانــدنەکە چــۆن دەکرێــت؟ ئەو راگەیانــدنە دەدرێــتە دامەزراوەکە، دەدرێتە قوتابخـانەکە، دەدرێـتە خوێنـدنگەکە، ئاسـتەکەی خـۆی پـێ دەوترێـت وە وێنەیەکیشی نووسـراوە دەدرێـتە لایەنـی پەیوەندیـدار، کـاك (دیـاری) باسـی ئەوەی کـرد ئەوەی خزمەتی زیاتر کردبێت مامۆستایەك ئەگەر (١٠) ساڵ خزمەتـی کردبێـت، مامۆسـتایەك (٢٠) سـاڵ خزمەتـی کردبێـت ئەمە لە مفـازەڵە ئەمە مەرجـی گشـتین دانـراون، بەڵام ئەو کـاتە رێکـاری ورد هەیە، لەناو رێکارەکـان ئـێمە دەتـوانین مەرجـی سـەقفی تەمەنـیش دابنێـین ئەوەی (لیـزا) خـان باسی کرد، چونکە ئێمە ئەم سـاڵ تەقـدیماتی ئـێمە ئـۆنلاین بـووە شـەفاف بـووە، زیـاتر لە چـوار هەزار مامۆستا تەقدیمی کردووە، لە ماڵی خۆیەوە تەقدیمی کردووە کەس رێگەی لێ نەگرتـووە، بەبـێ هـیچ فلتەرێـك بەڵام موالیـدی (١٩٦٨) مـان دانـاوە بـۆ؟ لەبەر ئەوەی حیسـابی ئەوەمـان کردووە ئەو کەسەی کە دەبێتە موشریف لایەنی کەم چۆن ئەڵێی لەسـەر حـافی تەقاعـد نەبێـت دوای ساڵێك یەکسەر تەقاعود بێت و پلەی سەرپەرشتیاری پـێ دەدەیـت و نەقسـت بـۆ دروسـت دەبێتەوە، لایەنی کەم بتوانێ هەشت ساڵێك، شەش ساڵێك بتـوانی خـزمەت لە بـواری ئیشـراف بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ماددەی (١٠٥) بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەروازەی سێیەم: دامەزراوە ناحکومییەکان:

بەشی یەکەم: ئامانج و دامەزراندن:

تەوەری یەکەم: ئامانج:

ماددەی (١٠٥):

ئامانج لە مۆڵەت پێدانی دامەزراندنی دامەزراوە ناحکومیەکان ئەمانەن:

یەکەم: رەخساندنی بواری نوێ بۆ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەراورد بە تواناکانی حکومەت.

دووەم: دابینکردنی و ئامادەکردنی پێداویستییەکان جۆراوجۆرەکان بۆ نـوێکردنەوەی پرۆسـەی پەروەردە و فێرکردن لەرێگەی پرۆگرام و رێکارە هاوچەرخەکاندا.

سـێیەم: هانـدانی پرۆسـەی بەرهەمهێنـانی نیشـتمانی بیـانی لەبوارەکـانی پەروەردە و فێرکـردن لەچوارچێوەی سیستەمێکی هاوچەرخدا.

چـوارەم: ڕەخسـاندنی هەلـی کـار لەبـواری پەروەردە و فێرکردنـدا بـۆ ڕەوەنـد و کەسـانی بیـانی ئەوانەی گەڕاونەتەوە لە هەرێم.
پێـنجەم: سـوودوەرگرتن لە ئەزمـوون و پێـوەرە زانسـتییەکان و سـەرکەوتووەکان بە مەبەسـتی دەوڵەمەنـدکردنی پرۆسـەی پەروەردە و فێرکـردن و بەرزکـردنەوەی ئاسـت و بەکارهێنـانی تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتوو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کێ دەیەوێـت قسـە بکـات لەسـەر مـاددەی (١٠٥)؟ کـاك (دیـاری)، کـاك (سـەرکۆ)، مامۆسـتا (عبدالستار)، کاك (یاسین)، (د.ریبوار)، (لەنجە) خان، کاك (حاجی هەڵکەوت) کـاك (شـێخ ظـاهر)، کاك (هێڤیدار)، کاك (دیاری)، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەڕێز وەزیری پەروەردە، خاڵی چـوارەم دەڵـێ (ڕەخسـاندنی هەل لەبـواری پەروەردە و فێرکردن بۆ ڕەوەند و کەسانی بیـانی و ئەوانەی گەڕاونەتەوە هەرێـم) پرسـیارەکەی مـن ئەوەیە ئەم هەلە هەلـی خوێنـدنە؟ یـاخود هەل بـۆ دامەزرانـدنیش و بـۆ سـوودوەرگرتن لە تواناکانیان؟ ڕوونە پرسیارەکەم؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (سەرکۆ)، فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك (دیاری) قسەکانی منی کرد، دەست خۆش.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، کاك (یاسین)، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودا، پرسیارەکەم ئاراستەی جەنابی وەزیرە چونکە کاك(دیاری) ڕوونیکردەوە، بەڵام من دەمەوێت شتێکی دیکەی بۆ زیاد بکەم، ئایا ئەو کەسەی کە ڕەوەندی کـوردییە یـاخود کەسـێکی بیانییە چ هەڵسەنگاندنێکی بۆ دەکرێت کە بـۆ نمـونە لێـرە دەرس بڵێـتەوە، لەبەر ئەوەی مـن زۆر مامۆستام لە زانکۆیەکـان لە خوێنـدنی ئەهلییەکـان بـۆ نمـونە بـرادەرن دەڵـێن خەڵـك هـاتووە لە ئەمریکای لە ئەڵمانیای لە فەرەنسای لێرە دەرس دەڵێتەوە هیچ مسـتەوایەکی نیـیە، لەوێ ئیشـی دەست نەکەوتووە بۆیە هاتۆتە ئێرە ئیش دەکات، هەڵسەنگاندنی چی بۆ دەکرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا (عبدالستار)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا سوودبینین لە ئەزموونی وڵاتان و کەسانی پسپۆڕ کارێکی نەك هەر باشە زۆر پێویستیشە، بەڵام لێرەدا من تەماشام کرد تەقریبەن تا ماددەی (١٢١)ە پەیوەندیدارە بەو ماددەوە، نزیکەی (١٦) ماددەیە وابزانم، چاوێکم پێدا خشاند نازانم نابینم ئەم موئەسەسەیە، ئەو کەسەی کە بەیانی دێ داوای مۆڵەت دەکات لەکێ داوا دەکات؟ راستە دەزانم سەر بە وەزارەتی پەروەردەیە بەس دامەزراوەیەك موئەسەسەیەك یەعنی هەیئەتێك هەیە پێشوازی لێبکات، هەڵسەنگاندنی بۆی هەبێت، پێوەری بۆی هەبێت، کۆمەڵێك شتی باش نووسراوە لێرە لە پێوەرەکان لە قەزیەکان، بەڵام ئەوەی کە هەستم کرد نەبوونی دامەزراوەیەکە بۆ پێشوازی لێکردنیان و مۆڵەت پێدانیان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامانج لە دامەزراوەی ناحکومی کۆمەڵێك ئامانجی گرینگی تێدایە، بەڵام یەکێك لە ئامانجەکان کە پێویستە تێیدابێت ئاماژەی پێبکرێت بریتییە لەوەی کە تێیدا نییە، کێبڕکێکردن لەنێوان ئەو دامەزراوە ناحکومییەکان بە مەبەستی یەك بەرەوپێشچوونی کەرتی پەروەردە، دوو کوالێتی خوێندن، ئەگەر ئەوە ئاماژەی پێبکرێت واتە یەکێك لە ئامانجەکانیش ئەوە بێت بریتی بێت لە بوونی کێبڕکێی نێوان ئەو دامەزراوانە بۆ ئەو مەبەستانەی کە باسم کرد خاڵێکی ئیجابی دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (لەنجە) خان، فەرموو.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە پێشنیار دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت کە ئیلزام بکرێت لەسەر دامەزراوە ئەهلییەکان یان ناحکومییەکان، گرینگیدان بەشێوەیەکی بنەڕەتی بۆ فێربوونی زمانی دایك هاوتەریب لەگەڵ زمانی ئەو سیستەمەی کە پەیڕەوی دەکات، دیاردەیەك هەیە هەموومان ئاگادارین لە قوتابخانە ناحکومییەکان زۆری منداڵەکان ئێستا زمانی ئینگلیزی لە ماڵەوەش بەکار دەینن، خوێندن و نووسین بە کوردی کەمتر فێردەبن، تەبعەن ئەمە لەگەر ئەوەی نین کە منداڵ مەنع کەین، خۆزگە هەموو منداڵەکی کورد هاوتەریب لەگەڵ زمانی کوردی سێ چوار زمانی دی فێربێت، ئەوە تەئکید لەگەڵ ئەوەیداین، بەڵام لە هەموو دونیا گرینگی بە زمانی دایك دەدرێت، بۆیە لە قوتابخانە ئەهلییەکان بکرێتە ئیلزام کەوا دەبی منداڵ خوێندن نووسین، قسەکردن بە زمانی کوردی لە ناحکومییەکانیش زۆر بە باشی فێربیت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك حاجی (هەڵکەوت)، فەرموو.

**بەڕێز هەڵکەوت أنور خلیفه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠٥) پێشنیاری ئەم خاڵە دەکەم بکرێتە خاڵی شەشەم، ڕەچاوکردنی بڕی ئەو پارەی لە قوتابی و خوێندکار وەردەگیرێت بە دینار بێت بۆ هەموو ئاستەکانی خوێندن بازرگانییەکی بێ کێشە کە هیچ زیان بە خاوەنی پڕۆژە پەروەردەییەکان ناکەوێت و ئەوەی زەرەرمەندی یەکەمە کەسوکاری قوتابی و خوێنکارن جگە لە خەرجی هاتووچۆشیان کە لەسەری دەمێنێت پێویستی بە چارەسەرکردنێکی بنەڕەتی هەیە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێخ (ظاهر)، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠٥)، خاڵی یەکەم ڕەخساندنی بواری نوێ، پێم وایە ئەگەر بکرێتە بواری زیاتر، لە نوێ باشترە، پیشنیار دەکەم خاڵێکی تریش بۆ ئەو ماددەیە زیاد بکرێت ئەویش بەو شێوەیە دابینکردنی تەکنەلۆژیای سەردەم لە دامەزراوەکاندا بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی کەرتی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، سوپاس، کاك (هیڤیدار)، فەرموو.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە کۆی گشتی لەسەر ئەو بابەتە قسە دەکەم بابەتی کەرتی ئەهلی، خوێندنی تایبەت، بەپێی ئەو ئامارانەی کە لە بەڕێز وەزیری پەروەردەوە وەرم گرتووە لە ڕێگەی ناردنی پرسیارێکی پەرلەمانی وەڵامەکانمان وەرگرتووە ئەو داتایانەی کە لای من هەیە، دەردەکەوێت شیرازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان جارێ چۆنە؟ پرسیاری یەکەم جەوهەری بوو بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکرێ لە هەموو دونیا خوێندنی ئەهلی هەیە، بەڵام فەرقی ئەم قانوونە دڵخۆشکەرە ئەوەی کە جەنابت ڕوونکردنەوەت دەدا لەکاتی کەشوهەوای جێبەجێکردنەکەشی وابێت دڵخۆشکەرە، بەڵام ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە خەڵك لە قوتابخانەی ئەهلی بەشێکیان دەردەچێت زۆر فەرقە لەوەی کە لە قوتابخانەیەکی حکومەت، دەبێت لیقلیان وەکو یەك بێت، منافەسە هەبێت لەبەینی ئەهلی و حکومەت، بۆ ئەوەی تێبگەین بۆچی خەڵك منالێ خۆی دەباتە قوتابخانەیەکی ئەهلی، بۆ پارەی هەیە دەباتە قوتابخانەیەکی ئەهلی،؟ کە لەکاتێکدا خوێندنی حکومی هەیە بەبەلاش یەك دیناریش ناداتن، بۆ دەچێتە ئەهلی؟ ئەمە گرینگە جەنابت وەڵام بداتەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ئەو ئامارانەی لە وەزارەتی پەروەردە لەڕێگای پرسیارێکی پەرلەمانیم وەرگرتووە ڕێژەی شەش پۆینت نۆ (٦,٩) لە قوتابیەکانی خەلکی هەرێمی کوردستان بۆ (٢٠٢١) شەش بۆینت نۆ (٦,٩) لە قوتابخانە ئەهلییەکانە واتە زۆرترین لە

قوتابخانه حكومييەكانە، لەوە دەردەكەوێت، تەنها (١٥%)ی خەڵكی پارێزگای دهۆك و ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ لە قوتابخانە ئەهلييەكانە، هەژاری ئەو پارێزگایە دەردەكەوێت لێرە، دەبێت حكومەتی هەرێمی كوردستان وا نەكات لە محافەزەیەكی وەكو پايتەخت كە (٦٠%)ی قوتابخانە ئەهلييەكان لە هەولێرە وا بكات خەڵكی ئێرە ئاستی مەعريفەتيان زۆر بەرزبێت، لە دهۆك زۆر كەم بێت يان لە سلێمانی زۆرتربێت لە شارێكی تر، دەبێت بەراورد هەبێت لەمەدا، بابەتێكی عەدالەتی خوێندن دەبێت جەنابی وەزیر ئەو رەقەمانە شی بكاتەوە، كەچی لە حكومييەكان زۆرترينی لە سلێمانییە خوێندنی حكومی، دواتر (٢٨%) دهۆكە ئینجا (هەولێر)ە، لە حكوميەكەش هەر وایە، ئەمە زۆر گرینگە ئەم داتایانە شی بكەیەوە عەدالەتی خوێندن هەبێت، مەعریفە لە ئاستی هەموو تاكەكانی ئەمە قوتابیەكانی هەرێمی كوردستان بەرزبێتەوە، خوێندنی حكومی دەبێ ليقڵی بكرێتەوە، قوتابخانەيەك، ناوچەيەك كە هەژاربێت دەبێت وەكو يەكێك فێربێت كە لە قوتابخانەی ئەهلی دەخوێنێت، لايەنی كەم دەبێت وەكو ئەو بێت بەڕێز وەزیری پەروەردە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز روبینە اويملك عزيز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەوەری دووەم: جۆرەكانی دامەزراوە ناحكومييەكان:

ماددەی (١٠٦):

يەكەم: دامەزراوە ناحكومييەكان چوار جۆرن:

١-دامەزراوە ناحكومی خۆمالی كە پرۆگرامی حكومی يان پرۆگرامێكی تايبەت بەخۆيان كە لە وەزارەت رێگەپێدراوە پێيان دەكەن.

٢- دامەزراوە ناحكومی قازانج و نەويست پرۆگرامی حكومی يان پرۆگرامێكی تايبەت بەخۆيان كە لە وەزارەت رێگەپێدراوە پيادە دەكەن.

٣- دامەزراوەی ناحكومی نێودەوڵەتی كە بريتينە لەم دامەزراوانە كە لە:

أ-پرۆگرامێكی خوێندن ناوەندێكی متمانەدەری نێودەوڵەتی و فێركردنی جيهانی و پێشكەوتوو تێدا پيادە دەكرێت.

ب- سيستەمێكی ئەزموونەكانی ناوەندێكی پەروەردەيی و نێودەوڵەتی و متمانەداری و باوەرپێكراوەيان تێدا پيادە دەكرێت.

ج- سيستەمێكی سەرپەرشتياری هەڵسەنگاندنی ناوەندێكی پەروەردەی نێودەوڵەتی باوەرپێكراويان هەبێت.

٤- دامەزراوەی ناحكومی بيانييەكان كە پرۆگرامی خوێندن و سيستەمی تاقيكردنەوەكەيان جۆری بڕوانامەی هەڵسەنگاندنی لە وڵاتێكی دياريكراو پيادە دەكەن بەرەچاوكردنی بنەما گشتييەكانی خوێندن لە هەرێمی كوردستان و وەكو ئەوەی لە ياسا كارپێكراوەكاندا هاتووە.

دووەم: گشت دامەزراوە ناحكومييەكان پابەندن بە پيادەكردنی سيستەمی دڵنيايی جۆری نابێت ئامانجەكانيان لەگەڵ ئامانجی فەلسەفی ئەم ياسايەدا ناكۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەریـزان کـێ قسـەی هەیە؟ (هلـز) خـان (سـەرچنار) خـان، (د.محـی الـدین)، (د.اسـماعیل)، مامۆستا (عمر)، کاك (سەرکۆ)، مامۆستا (عبدالستار)، (سوسن) خان، کاك مەلا (ویسی)، کـاك مەلا (ویسی)، فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (١٠٦) پێشـنیار دەکەم لە خـاڵی یەکەم لە مـاددەی (١٠٦) دەسـتەواژەی یـان پرۆگرامێکـی تـایبەت بەخۆیـان کە لە وەزارەت ڕێـگە پێـدراوە پیـادە بـکەن بگۆڕدرێـت یـان بە پرۆگرامێکی تایبەت بەخۆیان بە ڕەچاوکردنی بنەما گشتییەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت پیادە بکەن هەر وەکو لە بڕگەی (٢)ی هەمان خاڵدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (سوسن) خان، فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر خاڵی سێیەم بڕگەی (أ) هەیە کە نووسرایە پرۆگرامێکی خوێندنی ناوەنـدێکی متمانەدەری نێودەوڵەتی فێرکردنی جیهانی پێشـکەوتوویی، لە ڕاستیدا وشـەکان لەپـاڵ یەکتـر دانراون بێ ئەوەی واتایان هەبێت، ئەو ڕستەیە ماندووت دەکات بۆیە دەبێت لێك جیـابکرێنەوە و ڕێك بخرێنەوە، چونکە من بەراستی لێی تێناگەم ئەوجا ڕێك بخرێتەوە باش دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا (عبدالستار) ، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مـاددەی (١٠٦) بـڕگەی یەکەم، خـاڵی چـوارەم، بـاس لە دامەزراوە ناحکومییەکـان دەکـات بیانییەکان کە دیارە کە پرۆگرامی خوێنـدن و سیسـتەمی تـاقیکردنەوە تـا ئەخیـری دەڵـێ پیـادە دەکەن، لە کوێ پیادە دەکەن؟ نازانم من لەم خاڵەی تێناگەم لە کوێ پیادەی دەکەن، پاشانیش من پـێم وایە ئەوە لە کۆتـاییەکەی شـتێك نووسـراوە کە وەك بە ڕەچـاوکردنی بنەمـا گشـتییەکانی خوێندن پێم وایە پێش ئەوەی ڕەچاوی ئەمە بکرێت حەتـمەن دەبێـت لیژنەیەکیـان هەبێـت یـان کۆمەڵێـك پێـوەر هەبێـت ئەو ڕێکخـراوە ناحکومیـانەی کە دێـن بـۆ نمـونە پرۆگرامێکیـان هەیە دەیانەوێت پیادەی بکەن لە شـوێنێك لە شـوێنەکان بەراسـتی بەم فلـتەرەدا تێپەڕێـت نەك دوای بێن و موافەقەیان بۆ بکەین و مۆڵەتیان پێ بدەین و دوایـی بلێـی وەڵا بنەماکـانی ئـێمە یـان بـۆ نمونە پێوەرەکـانی ئـێمە ئەمە نـایگرێتەوە، ئەوەی (سوسـن) خـان باسـی کـرد پشـتگیری دەکەم، فعلەن ئەوەی (أ) روون نییە، کۆمەڵێك وشە و شت پرۆگرامێکی خوێندنی ناوەندی متمـانەدەری نێـودەوڵەتی فێرکردنـی جیهـانی نـازانم ڕێکـی بـخەن باشـە، پـێم وایە دەکرێـت بە دوو کەلـیمە

پرۆگرامێکی نێودەوڵەتی فێرکردنی جیهانی پێشکەوتوو، کۆمەڵێك وشە پـێم وابـێ لەوێ زیـادە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (سەرچنار) خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (١٠٦) بـڕگەی یەکەم، خـاڵی یەکەم و خـاڵی دووەم کە دەڵـێ دامەزراوەی نـاحکومی خۆمـاڵی لەگەڵ دامەزراوەی نـاحکومی قـازانج نەویسـت، ئەگەر دیقەتـی بـدەین هەردووکی یەك شتی هێناوە هێناوە فاریزەش جیاواز نییە تیایـا، کە دەڵێ پرۆگرامـی حکـومی، یان پرۆگرامێکی تایبەت بەخۆیان کە لە وەزارەت ڕێگەپێدراوە پیادە دەکەن، دووەمـیش هەر بە هەمان شێوە هێناویەتی، جیاوازییەك خۆ دەبێـت لە بەینـی پێناسـەی ئەو دوانە هەبێـت چـونکە ئەمایان نا حکومییە دەڵێ قازانج نەویستیشە، خۆ دەبی پێناسـەکەی جیـاواز بێـت ئەمە خاڵێـك، خاڵی دووەم دامەزراوەی ناحکومی نێودەوڵەتی پێم باشە ئەو بڕگەیەی کە زیادکراوە کە دانراوە لە چوارەمی دەڵێ ئەودی و دامەزراوە ناحکومییە بیانییەکان کە پڕۆگرامی خوێنـدن سیسـتەمی تاقیکردنەوەکان جۆری بڕوانـامە و هەڵسـەنگاندنی وڵاتێکـی دیـاریکراو پیـادە دەکەن، ئەمە زیـاد بکرێت بۆ ئەو خاڵە، بە ڕەچاوکردنی بنەمـا گشـتییەکانی خوێنـدن لە هەرێمـی کوردسـتان وەکـو ئەوەی لە یاسای کارپێکراوەکان هەیە، یەعنی ئەو بە ڕەچاوکردنی بنەما گشتییەکانی خوێندن لە هەرێمـی کوردسـتان وەك ئەوەی لە یاسـا کارپێکراوەکانـدا هەیە زیـاد بکرێـت بـۆ خـاڵی دووەم ئەوەی دامەزراوەی ناحکومی نێودەوڵەتی بڕگەی (أ)ی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە باس لە ئامانجەکانیان گونجاو بێت یاخود لەچوارچێوەی ئامانج و فەلسەفەی ئەم یاسـایەدا نـاکۆك نەبێـت، ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتیـانە پەروەردەییـانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەن، بەڕێزان ئێمە مانەوەمان ئەگەر بۆ ئەوەی بـزانین ئەم مـیللەتە ئاینـدەی هەیە دەبێـت سـەیری ئێسـتای منـداڵەکانمان بکەیـن منـداڵ فێـری چ زمانێـك دەبێـت، فێـری چ پەروەردەیەك دەبێـت، فێـری چ کلتوورێـك دەبێـت، ئەوە ئەهێڵێـتەوە، ئەوە ئەپـارێزێ، ئەمەی لە هەرێمی کوردسـتاندا هەیە سـەدان منـداڵمان هەیە ئێسـتا لەو خوێنـدنگە ناحکومیـانە نـازانن بە زمانی باوك و دایکیان قسە بکەن، نازانن قانع ونالی و سـالم و کـوردی کێن، نـازانی خـانی کێـیە، داگیرکـار تەنهـا بە چەك و تـۆپ و دەبـابە داگیرمـان ناکـات، بەو جـۆرە داگیـرت دەکـات، سـەرەتا زمانەکەت لێ دەسێنێتەوە پاشان ئەگەر تۆ زمانی فارسی فێربووی، تـورکی فێربـووی، ئینگلیـزی فێربووی بە مەنتقی ئەو زمانەش بیر دەکەیتەوە، بە مەنتقی ئاینی ئەو زمانەش بیر دەکەیـتەوە، بە مەنتقی کلتووری ئەو زمانەش بیر دەکەیتەوە، بە کوردیەکەی ئەمە ڕێك مناڵ خاڵی دەکـاتەوە لە کوردبـوون، لە نیشـتمانی بـوون، لە نەتەوەیـی بـوون، لە ئـاینی میللەتەکەشـی، ئەو خوێنـدنە

نێودەوڵەتیانە مەترسییەکەیان ماوەیەکی تر دەردەکەوێت، من یەك پرسیار لە خۆمان دەکەم بۆ یەك موئەسەسەی نێودەوڵەتی نایە زانکۆیەك بۆ هەرێمی کوردستان دروست بکات بێ بەرامبەر منداڵ تیایا بخوێنێت، بۆ؟ لەبەر ئەوەی لەسەرووی (١٨) ساڵەوە ئەو ئیشی پێی نییە، ئەو منداڵێکی دەوێت تەمەنی پێنج شەشە ساڵ بێت، دە ساڵ بێت، بۆ ئەوەی هەموو ئەو بەهایانەی خۆی دەیەوێت تیایا بچێنێت، دوایی لە (١٨) ساڵ تۆ منداڵێکت دەست کەوتووە ئەسڵەن کوردی نازانێ، ئەسڵەن تۆ دەبێ جارێکی تر بیخەیتەوە ناو سیستەمێکی تری کوردبوون، ئەو یاسایەش ماددەکانی دوای ئەوەش رێك تەکریسی ئەو واقیعەیە کە ئێستا هەیە، ئەو واقیعەی کە ئێستا هەیە ئەیکات بە یاسایی، خوێندنگەی حکومیمان هەیە بەم ستراتیجە، بەم یاسایە زۆر باشە، خوێندنگەی ناحکومیمان هەیە واقیعێکە دەبێت مامەڵەی لەگەڵ بکەین، بە یاسایی بکەین زۆر باشە، بەس خوێندنگەی نێودەوڵەتی بەڕێزان تورکیا وڵاتێکی دراوسێمانە ساڵانە چل هەزار گەنج بێ بەرامبەر وەردەگرێت، ئەزانی ئیشی چییە پێیان؟ فێری تورکیان دەکات، کە فێری تورکی کردن فێری کلتووری تورکیایان دەکات، فێری حەزارەتی تورکیایان دەکات، ئۆتۆماتیکی دەبنە هەڵگری پەیامێکی تورکی لە وڵاتەکانی خۆیان، ئەی ئێمە دەتوانین منداڵێکی ئینگلیز، منداڵێکی فارس، منداڵێکی عەرەب، منداڵێکی تورك فێری کوردی بکەین؟ بۆیە من دژی خوێندنگەی نێودەوڵەتیم لە کوردستاندا، ئەو پێشنیارەکەمە هەرچی شتێك پەیوەندی بە خوێندنگەی نێودەوڵەتی هەیە لایبەرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس مامۆستا، کاك (سەرکۆ)، فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠٦) پرسیارەکانم ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری پەروەردەیە ئەگەر ئێمە لە پێناسەی (٢٢) هاتووە ئەوەی کە باسی دامەزراوەی ناحکومی قازانج نەویست دەکات لە پێناسەی (٢٢) باسی دامەزراوەی ناحکومی قازانج نەویست دەکرێت، ئەگەر جەنابتان سەیری دەکەی ئێمە هەندێك زانکۆمان هەیە کە بەناوی مەبەستم خوێندنی باڵایە بەڵام زانکۆمان هەیە بەناوی زانکۆی قازانج نەویستەوە دامەزراوە کاری کردووە بەڵام نزیکەی دە هەزار دۆلار لە خوێندکار دەسەنێ، دواترش بەناوی قازانج نەویستەوە باس دەکرێت، ئەوەی کە لای من گرینگە ئەو قازانج نەویستە بەس بۆ جوانکردنی ئەو دامەزراوەیە خۆتان دەزانن بەشێکی دەبێ بەکاربێتەوە بۆ پرۆگرامی خوێدن ئەوەی لە پێناسەی (٢٢) دا هاتووە باسی دەکات خوێندکار و مامۆستا و منداڵان خەرج بکرێتەوە، بەڵام لە واقیعا ئەمە وا نییە، یەعنی چۆن ڕێگری دەکرێت لە ئەرزی واقیعا کە ئەم قازانج نەویستە حەقیقی بێت، نەك ئەوە بێت کەس بە ئیتارێکی قانوونی بکرێت لە بڕگەی سێیەمشدا دامەزراوەی ناحکومە نێودەوڵەتی من ناچمەوە ئەو تەفاصیلەی مامۆستا (عمر) باسە کرد بەراستی لەگەڵ بەشێکی قسەکانیانم کە پێویست دەکات مۆرکی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردبوونی تیا هەبێت ئەم خوێندانانە پشتیوانی دەکەم، بەڵام یەکێك لە کێشەکان ئێستا جەنابتان دەزانن لە بواری دامەزراوەی ناحکومی پەروەردەییا بووە بە کارێکی بزنسی، یەعنی جەنابت سەیری بکە ئێستا لەناو بازاردا ئەوانەی کە بزنس دەکەن ئەم مۆڵەتی خوێندنانە

که بەناوی دامەزراوەی ناحکومییەوە دەفرۆشرێتەوە ، جەنابتان چیتان بۆ ئەوە کردووە، زەویان بۆ دابین دەکرێت، ئایا ئەمە تەنها وەکو بزنسێك سەیر دەکرێت یان ئەیەوێت پرۆگرامێکی خوێندنی نێودەوڵەتی وشیاری بێنێتەوە ناو هەرێمی کوردستانەوە، لە بەشی (ب) سیستەمێکی نویێ لە (ب)، (ج) ئەوانە باسی سیستەم کراوە یەعنی ئەگەر پێناسەش نەکراوە لە پێناسەکان ئەگەر بۆمان روون بکاتەوە جەنابی وەزیر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم هەیە، پرسیارێکم هەیە لەسەر دامەزراوەی ناحکومی قازانج نەویست، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا چ دامەزراوەیەك بێ ئەو هەموو خەرجییە بکات بەبێ ئەوەی کە قازانجی نەوێت، مەبەستیان ئایا ئەو دەزگا خێرخوازیانە کە دێن قوتابخانە و کۆمەڵگای پەروەردەیی دەکەنەوە، ناتوانی ئێستا ڕێگە لە خوێندنی ناحکومی بگرێت بۆتە واقعێك، ئاسانکاری زۆریان بۆ کراوە، بۆیە بەشێك لەگەڵ قسەکانی مامۆستا (عمر)م بۆیە سەرباری ئەو هەموو ئاسانکارییە، ئەو هەموو قازانجەی کە دەکا تەنها مەبەستیان قازانجە بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەوانە پابەند بکرێن زیاتر، پابەند بکرێن بەو یاسا کارپێکراوانەی کە لە هەرێمی کوردستانا ناکۆك نەبێت لەگەڵ فەلسەفەی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری و پشتەڤانیا خوشکا (سەرچنار) دکەم گۆتنێت وێدا، هەر هەمان پرسیارا (د.محی الدین) کری ئەز وێ پرسیارێ دکەم نەوازحە قازانج نەویست و قازانج ویست چۆن دەبیتە قازانج نەویست ڕێکخراوێت دەولی بەڕێڤەبرنا ڕێکخراوە یا ڕێکخراوێت خێرخوازینە ڕێڤە بەن، وەسبینم ماددەك کە لکیرێ بێتە ئیدی کرن مە خاندنێ تەینێت نەحکومی پابەند نابن باج و زەریبێ و فایدیکی گەلەکی باش دبەن یەعنی، کا لکیرێدا جێبەجێ بکەن کو ئەڤ پابەند بن بئیلتیزاماتێ خۆێت ماددێ دگەل حکومەتێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا (هلز)، فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددا (١٠٦) هەمان پرسیار منا هەی ئەگەر دامەزراوەی ناحکومی قازانج نەویست بت خۆ ڕێکخراوەکا خێرخازی نینە، جا لڤێرێ تەوزیحەك هەبت، ڕێکخراوا خێرخازییە! نمونە هەن؟ دوو ئەگەر فعلەن وەبیتن بۆچی یەك پێناسە بۆ دوایا هاتی یەك و دوو هەمان پێناسەیە چواردە وشە، چواردە وشە هیچ گۆڕانکاری ژبسەردا نەهاتییە، سەبارەت ژمارە (٣)، (أ) بێتە قەیت کرن

ئامـاژە (سـەرچنار) خـانی پـێ کـری بەرەچـاوکردنی بنەمـا گشـتییەکانی خوێنـدن لە هەرێمـی کوردستان وەك ئەوەی لە یاسا کارپێکراوەکاندا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری سێیەم: دامەزراندنی دامەزراوەی ناحکومی:

مادده (١٠٧):

هەر کەسێك عێراقی بێت یان بیانی سرووشتی بێت یـان مەعـنەوی شایسـتەی یاسـایی هەبێـت مافی دامەزراندنی دامەزراوە ناحکومی هەیە ئەگەر مەرجەکانی بەخشینی مۆڵەتی تێدا بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەلا (ناصر)، کاك (یاسین)، کاك (مەم برهان)، مامۆستا (نجـاة)، (سوسـن) خـان، کـاك (چیـا)، کاك (مەم برهان)، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمدقانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت هاوڵاتیانی هەرێمی کوردسـتان وەکـو هـاووڵاتیەکی عێراقـی لێـرە هـاتووە دەڵـێ هەر کەسێکی عێراقی بێت یان بیانی یەعنی ئەمە زیادە، هەر کەسێك ئەگەر عێراقی نەبێـت بیانیـت، ئەگەر بیانی بوو کەواتە هـاووڵاتی وڵاتەکەی خـۆتە، بـۆی ئەمە هەر زیـادە پێویسـت ناکـات، هەر کەسـێکی سرووشـتی یـان مەعـنەوی لەبەر ئەوەی بیـانییە دەگـرێتەوە و عێـراقیش دەگـرێتەوە کەواتە گشتگیرە هەموو کەس دەگرێتەوە، یەعنی ئیستیسنا نییە،ناڵێم مۆزەمبیقییەك بـۆی نیـیە یان فڵان، مۆزەمبیقیەکیش دەبێت بە بیانی یان فڵان دەبێت بە هین، بـۆیە بە بـڕوای مـن زیـادە، بڵێی هەر کەسێکی سرووشتی یان مەعنەوی کە شایستەی یاسـایی هەبێـت مـافی دامەزرانـدنی دامەزراوەی ناحکومی .....هتد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (یاسین)، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، جـارێ مـن پێشـەکی لەگەڵ ناحکومیـدا نـیمە هەر پـێم خۆشـە نەمێنـێ، یەعنـی پێشـنیار دەکەم حکـومەتی هەرێـم ئەوەنـدە قوتابخـانە و زانکۆیـانەی هەنە بکرێتەوە ئەوانە بنێرێتەوە ماڵی خۆ، یەعنـی بە جـدی ئەوە دەبێـتە دووتەبەقە دروسـت دەبێـت هەژاری و سەرمایەدار باقی دیکە کەسی دیـکە نـامێنێ، بەڵام لیـرەدا شـتێکی سـەیر هەیە دەڵـێ هەر کەسێك عێراقی بێت یان بیـانی یـان سرووشـتی یـان مەعـنەوی شایسـتەی یاسـای هەبێـت مافی دامەزراندنی دامەزراوەی ناحکومی هەیە ئەگەر مەرجەکانی بەخشینی مۆڵەتی تێـدا بێـت، ئـێ باشـە بەیـانی ئەو وڵاتە عەرەبیـانە دێـن هەموویـان دەوڵەمەنـدن دێـن هەمـوو کـۆڵانەکی مەکتەبەك و زانکۆیەکی لێ دەکەنەوە، یەعنی بەسیتترین نمونەتان پێ بڵێم ئەو شوقانەی لەکنە

مە دروست دەکرێن سەرمایەدارێکی عەرەب هەشت سەد شوقەی کڕیوە لەوێندەر، بەیانی دێ هەشت سەد ماڵی تێ دەکا هەر ئەوانیش وەکو مە نینە منداڵ دروست نەکەن یەکی پەنجا منداڵی دێ پەنجا ساڵی دیکە هەولێر دەبێتە عەرەبستان، یەعنی بەجدی نابێ ئاوا بەشێوازێکی فراوان بکرێ، یەعنی عەلەل ئەقەل مەرجی بۆ دابنرێ، بۆ نمونە هەولێر چەند مەکتەبی هەڵدەگرێت، سلێمانی چەند مەکتەبێ، ئەوا هەر ئاوا بێت قەسەم بە خوای دە ساڵی دیکە کوردستان دەبێتە هەموو بە عەرەبی قسان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مەلا (ناصر)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، دامەزراندنی دامەزراوەی ناحکومی پێویستە وای لێبکرێت، هەر کەسێك داواکاری دامەزراندنی دامەزراوەی ناحکومی بکات عێراقی بێت یان بیانی سروشتی یان مەعنەوی پێویستە بڕوانامەی زانکۆیی یان پسپۆڕی هەبێت لەو بوارەدا، مافی دامەزراندنی دامەزراوەی ناحکومی هەبێت ئەگەر مەرجەکانی بەخشینی مۆڵەتی تێدابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (سوسن) خان، فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا لێرە نووسراوە هەر کەسێك عێراقی بێت یان بیانی سرووشتی بێت یان مەعنەوی، لەپێش بیانی دەبێت (،) دابنرێت بۆ ئەوەی ئەوانە لەیەك جیا بکرێتەوە، ئەگەر بڕیار بێت سروشتی یان مەعنەوی بێ دەبێت کەسێکی بۆ دابنێین لە پێش سرووشتی کەسێکی سرووشتی بێت یان مەعنەوی شایستەی یاسایی هەبێت پاشان هەتا کۆتایی، بەڵام من دەڵێم ئەگەر مەرجەکانی بەخشینی مۆڵەتی تێدا بێت چ پێویست دەکات ئاماژە بە سرووشتی یان مەعنەوی هەموو ئەو مەرجانە بکەین، چونکە لێرەڕا لە مەرجەکان هەموو ئەو شتانە باسکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (چیا)، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێ باشە کەلیمە سرووشتی و مەعنەوی بێتە لادان، هەر کەسەکی عێراقی بێت یان بیانی شایستەی یاسایی هەبێت، چونکی کەلیمە سرووشتی و مەعنەوی لڤێرێدا نایت بەکارهینان، یەعنی توو کەسەکی کەس کۆمپانیا دەینیت کۆمپانیا بکەسی نایێتە دانان، یان سرووستی بیت یان مەعنەوی هیچ پێویست ناکات تێدا هەبت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (نجاة) خان، فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددێ (١٠٧) هەر کەسەکی عێراقی بیت ڤی شێوەی لێبهێتن، هەر کەسەك هاولاتی هەرێمی کوردستان یان عێراقی بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (١٠٨)، فەرموو.

**بەڕێز سارا دلشاد بكر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لقی یەکەم: مەرجەکانی بەخشینی مۆڵەتی دامەزراوەی ناحکومی.........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری پەروەردە هەموو دامەزراوەی ناحکومی بەیەکەوە وەڵام بدەرەوە (١٠) دەقەت ئەدەمێ، وا باشترە، با ڕەبتی بکەی بە یەکەوە بۆخۆت پرسیارەکان بنووسی، بەڵێ فەرموون.

**بەڕێز سارا دلشاد بكر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددە (١٠٨):

یەکەم: دەبێت پرۆژەی بنیاتنانی دامەزراوەکە ناکۆك بێت لەگەڵ بەها نیشتمانی بنەما گشتییەکان بنچینەکانی فەلسەفەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێم.

دووەم: نابێت داواکاری مۆڵەت ڕێکخراوێکی سیاسی یان ئاینی بێت.

سێیەم: پێویستە داواکاری مۆڵەت بە تاوانی ئابروبەر حوکم نەدرابێت.

چوارەم: پێویستە داواکاری مۆڵەت قەرز و باجی حکومەتی لەسەر نەبێت و بەڵگەنامەی ئەستۆ پاکی قەرز و باج لەگەڵ داواکاری مۆڵەتدا پێشکەش بکات.

پێنجەم: پێویستە داواکاری مۆڵەت تەلاری تایبەت بەخۆی یان گرێبەستی سەرەتای بۆ بەکرێ گرتنی تەلارێکی گونجاو یان زەویەکی گونجاو بۆ دروستکردنی تەلاری پەروەردەیی و فێرکاری هەبێت، مەرج و ڕێکارەکان بەپێی ڕێنماییەك دەبێت کە وەزیر دەری دەکات بێ ئەوەی مەرجە بیناسازیەکان لەو مەرجانە توندتر بن کە بۆ دروستکردنی تەلاری دامەزراوەی حکومی دانراون.

شەشەم: پێویستە داواکاری مۆڵەت ناوێکی جیاکەرەوە بۆ دامەزراوەکە دیاری بکات بە جۆرێك کە ناوەکە یان ناوە لێکدراوەکە نابێت بە تەواوی هەمان ناو بێت کە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی فێرکردنی دیکە بێت لە هەمان بەڕێوەبەرایەتی گشتی و پەروەردە نابێت ناوەکە لەگەڵ پەیامی پەروەردە ناکۆك بێت.

دووەم: ئەگەر داواکار مۆڵەتی دامەزراوەی دیکە هەبێت مافی هەڵبژاردنی هەمان ناوی دامەزراوەکەی پێشتری بۆ دامەزراوە نوێکە هەیە، بەڵام بە زیاد کرد وشەیەك یان ناوێکی دیکە.

حەوتەم: نابێت داواکاری مۆڵەت لە (٦) ساڵی پێشتر دەستبەرداری خاوەنداریەتی دامەزراوەیەکی ناحکومی ببێت بۆ کەسێکی تر.

هەشتەم: دەبێت داواکاری مۆڵەت گشت مەرجەکانی پێشکەشکردنی مۆڵەتی تێدابێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.هەورامان)، مامۆستا (عبدالستار)، (روپاك) خان، كاك (دابان) كاك (ياسين)، (بدريە) خان، كاك (رزگار عيسى)، (گليزار) خان، (ليزا) خان، كاك (ديارى)، كاك (مسلم)، كاك (رزگار)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠٨) یەكێك لە ماددەكان هەرە گرینگە كە دەتوانیتن هەموو نیگەرانی پەرلەمانتارە بەڕێزەكان بەلاوە بباتن پێویستە زۆر لەسەری ووردببین، بۆیە من سێ فەقەرەی لێ زیاد دەكەم پێش هەموو شت یەكەم داواكار دەبێت دەرچووی زانكۆ بیتن، بڕوانامەی ماستەری هەبیت، پێویستە دیاری بكرێت كە ئاستی زانستی و بڕوانامەی ئەو داواكارە چییە، ناكرێتن هەر كەسەكی كە پیشەی ئەو نەبیتن داواكاریەكەی پێشكەش بكاتن، دووەم دەبیت ئەزموونی هەبیتن ئەو فەقەرەیە زیاد بكرێتن دەبیت ئەزموونی هەبیتن لە پەروەردەی ناحكومی، خاڵی سێیەمیش بەو شێوەیە زیاد بكرێتن دەبیت رۆیا و فەلسەفەی پەروەردەیی پێشكەش بكاتن كە لە خزمەت پەروەردەی هەرێمی كوردستان بنیاتنەربیت، لە ئاستی ستانداردی جیهانی بیت، تاكەكی كورد و كوردستانی پەورەردە بكات لە رووی زانست و توانایییەوە، ئەم خاڵە زۆر زۆر گرینگە چونكە زۆر لە بەڕێزەكان ئاماژەیان بەوەدا كە مەترسی لە پەروەردەی ناحكومی هەیە دیار نییە بە چ ئاست و ئاڕاستەیەك دەڕۆن پێم وایە ئەم سێ خاڵە جێگیربكرێتن خزمەت بەو ماددەیە دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (کلیزار) خان، فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر چەندە من ئەو مداخەلە لە ماددەی (٣٨)م كرد كە دەبوایە لێرە بیكەم لەبەر ئەوە پێتڤێتن لڤێرێدا ئەم خالەكی لێ ئیزافە بكەین بێژین قوتابخانە و باخچێت ناحكومی هەندەك مەعایر تێدا هەبن كو وزارەت تەحدید بكەت، هەرچەندە خالا پێنجی ئیشارەت پێدایە، بەڵام مەبەستم لڤێرێدا تەلار و ئەو نینە، هەندەك مەعایر هەنە بۆ ڤان قوتابخانە و باخچێت ئەهلی ڤێت وزارەت تەحدید بكەت بۆ ڤان مەعایرا روخسەتێ بهێتە دان، بۆ ڤان قوتابخانێت ناحكومی، هەروەسا پێتڤێت ڤێت حكومەت بخوە سعرێ وانە یان بێژین ئەوی دیا دەرامەتا وی چەندە بێت حكومەت بخۆ تەحدید بكەت بسعرەكی مەعقول بتن، نە بسعرەكی ئەوسا بیتن خەلك نەشێن بچوكێت خۆ بهنێرنە ڤان قوتابخانە، بۆنمونە من تەحس كر كو باخچێت حكومی ژمارا وانا كێمە مە پێویستی بباخچێت ئەهلی هەیە ئامانجێ ڤێ یاسایێ لەوما مەسەلەن حكومەت دەرفەتێ دایە كو باخچێت ئەهلی هەبتن، بەڵام باخچێت ئەهلی خزمەتا فەرمانبەرا ناكاتن چونكە بۆ نمونە مە گوت فەرمانبەر هەیە بۆنمونە مەعاش (٥٠٠) هەزار وەردگریت یان (٤٠٠) هەزار ئەڤ باخچێت ناحكومی كێمتر (١٠٠) هەزار هەتا (١٥٠) هەزار كەمتر نینە ڤی جا ناعەدالیەك ژدروست دكەت و

هاریکاری فەمانبەرێ مە ژنایێتە کرنێ، ئامانجیش ناگریت ڤە، برئەیا من ڤێت ئەم خالەکی دی لـێ ئیزافە بکەین ئەڤ مەرجێت هەنێ ژتێدا هەبن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.هەورامان)، فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای بەخشـندەی میهرەبـان، مـاددەی (١٠٨) مـن پـێم باشـە کە لەوەدا کە دەڵـێ نابێـت دامەزراوەکە ناکۆك بێت لەگەڵ بەها نیشتمانی و پێش بەهـا نیشـتمانی بەهـا ئاینییەکانیشـی بـۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (دابان)، فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، وێڕای تێبینیم لەسەر هەر هەشت خاڵەکەی ماددەی (١٠٨)، لەوەی کە مەرجەکـان تـا رادەیەك ئاسانکارین، بەڵام قسەی من زیاتر لەسەر بڕگەی پێـنجەمە کە جۆرێـك لە بەریەککەوتـن لەگەڵ وەزارەتـی شـارەوانی ، دەسـتەی وەبەرهێنـان دروسـت دەکـات لێرەیـا بـاس لەوە دەکـات کەسێك ئەگەر مۆڵەتێکی دامەزراوەیەکی حکومی ئەبێ یان هی خۆی بـێ یـان بەکرێـی گرتبێـت یاخود دروستی بکات، لەماوەی رابردووا بەڕێز وەزیر خۆی ئاگادارە وەزارەتـی شـارەوانی زەوی داوە بە موساتەحە بۆ خوێندنگا مۆڵەتەکەی هێشتا لە وەزارەتی تەربیە وەرنەگرتووە، ئیستیسمار رێکـاری خـۆی هەیە بـۆ ئەوەی کە کەسـێك زەوی پـێ بـدرێت مەکتەبێـك دروسـت بکـات بەپێـی ئەمەش وەزارەتــی تەربیــیە بەڕێنمــاییەك دەتــوانێ مــۆڵەت بــدات بە کەســێك ئەگەر پــارچە زەوییەکی هەبێـت مەکتەبـی لەسـەر دروسـت بکـات، ئەوەشـی کە هەیە لێـڕە دەڵـێ ئەو مەرجە بیناسازیانەی لەو مەرجانە توندتر نەبن کە لە دامەزراوەیەکی حکومیدا هەبێت، یەعنـی بـۆ ئەو تەسهیلاتە بکرێت، کاتێك کەسـێك مەکتەبێکـی حکـومی یـان حکـومەت خـۆی دروسـتی دەکـات ئەوەی کە دروسـتی دەکـات بـۆ مەرجەکـان تونـدتر نەبـن؟ یەعنـی دەکرێـت مەرجەکـان زۆر زۆر ئاسانتر بن، یەعنی لە قانوونەکەدا بەم شێوازەدا هاتووە، مـن دەممەوێـت بەرچـاورۆوونیم هەبێـت بـۆ لەمەولا کـێ ئەتـوانێ مـۆڵەتی دروسـتکردنی خوێنـدنگا بـدا؟ دامەزراوەی حکـومی بـدا؟ ئایـا دەسـتەی وەبەرهێنــان راسـتە تێبینیمـان هەیە، بەڵام لەو مەجـالەدا رەنـگە بـڕگە و ماددەکـانی تەفاصیلتر بن، باشتر بن، وەزارەتـی شـارەوانی لایەزال ئێسـتا زەوی دەدات و مەکـتەب دروسـت دەکرێت، ئێستا وەزارەتی پەروەردەشی هاتۆتە سەر کە خۆی دەتوانێ بە رێنمایی وەزیر وا بکات کە مەکـتەب دروسـت بکرێـت، ئەگەر بەڕێـز وەزیـر روونکـردنەوە بـدات لەسـەر ئەوە زۆر زۆر سوپاسی دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (روپاك) خان، فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەكانی (د.هەورامان) دەكەم، بەڵام بەهای ئاینی ئیسلام و نیشتمانی و بنەما گشتییەكان، لە دووەم پێم باشە بەڕێز وەزیر روونكردنەوە بدات لەسەر ڕێكخراوی سیاسی یان ئاینی مەبەستیان چییە زیاتر لەسەر ئەو بڕگەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك (دیاری)، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، پشتیوانی بەشێكی قسەكانی كاك (دابان) دەكەم، بەڕێز وەزیری پەروەردە منیش سەرنجەكانم لەسەر بڕگەی پێنجەم لە ماددەی (١٠٨)ە ئەمە كە دەڵێت پێویستە داواكاری مۆڵەت تەلاری تایبەت بەخۆی، یان گرێبەستی سەرەتایی بۆ بەكرێ گرتنی تەلارێكی گونجاو هەبێت، ئەمە بەریەككەوتن ناكات؟ بۆ برادەرانی قانوونیش ئەم پرسیارە، ئەمە بەریەككەوتن ناكات لەگەڵ یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦) چونكە لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)دا لە بەشی دووەم لە ماددەی دووەمدا لە بڕگەی دەیەمدا دەڵێت فێركردن هەموو ئەو بەشانەی كە فێركاری واتە هەموو ئەو قوتابخانە و ئەوانە دەگرێتەوە، لە یاسای وەبەرهێنانا یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦) بەڕوونی ئاماژەی بەوەی كە تەسهیلات بۆ وەبەرهێنەرەكان بكرێت، زەویان پێ بدرێت و .....هتد، ئەم بابەتە بەریەككەوتن نییە لەگەڵ ئەمەیا؟ چۆن ئەمە كە لەو یاسایە ڕێگەی پێدراوە، دیاریكراوە، ئەم بابەتە دێتە لای وەزیری پەورەردە و لای وەزارەتی پەروەردە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (مسلم)، فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مەرجەكانی بەخشینی مۆڵەتی دامەزراوە ناحكومییەكان راستی من سەرنجێكم هەبوو لە ماددەی (٥) كە ڕێ خۆشكەری و ڕێگەدانە بە كردنەوەی دامەزراوە پەروەردەییەكان لە بنار و لە تەلاری كرێ نشینی بەراستی ئەوە پێم وایە گرفتی پەروەردەی گەورە دروست دەكات، ئێمە ئەگەر سەیری بینای ئەو دامەزراوە پەروەردەیـیە ناحكومییانە بكەین كە لە بینا و تەلاری كرێ نشینیان دەبینین بەراستی زۆر گرفتی پەروەردەیان تیایە، بۆ نمونە بینایەك كە لەڕووی ژینگەی قوتابخانە  وەكو ساحە، وەكو باخچە، وەكو نەگونجانی شێوازی بینایەكە، شوێنی جوگرافی بینایەكە، یەعنی زۆر بینایە پەروەردەییمان هەبووە لەناو ترفیك، بەراستی ئەمن پێم وایە ڕێگە خۆشكردن بۆ كردنەوەی تەلارێكی پەروەردەیی بۆ كرێ نشینی ئەوە گرفتێكی گەورە دروست دەكات، پێم وایە ئەو كەسەی كە خاوەنی دامەزراوەیەكی ناحكومییە دەبێت بە خاڵ بنووسرێت بكرێتە مەرج لەسەری، بتوانێ دابینی ئەو بینایە بكات بەو مەرجانەی كە وەزارەت

لێــره دیــاری دەكــات، بــۆ ئەوەی كە لەڕووی ژینــگەی پەروەردەیــی قوتابخــانە و دامەزراوە پەروەردەییەكان زۆر گونجا و شیاو بێت بۆ قوتابی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (لیزا) خان، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیزافەیەكم بـۆ بـڕگەی یەكەمـی ئەو مـاددەیە هەیە كە دەڵـێ دامەزراوەكە نـاكۆك نەبێـت لەگەڵ بەها نیشتمانییەكان پێم وایە باشـترە ئیـزافەی بەهـا نیشـتمانی و كلتـووری ئاینییەكـان بكرێـت، لەبەر ئەوەی كە هەرێمـی كوردسـتان مـاڵی پێكهاتەكـانە، پێكهاتەكـانیش هەم لەڕووی ئـاینییەوە تایبەتمەندی خۆییان هەیە هەم لەڕووی كلتووریشەوە، جگە لەوەش كە هەڤاڵانم (د.هەورامـان) قسەی لەسەر ئەو بابەتە كرد پشتگیری ئەویش دەكەم كە بەهـا ئاینییەكانیشـی بـۆ زیـاد بكرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك (چیا)، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز جەنابی وەزیری ئەڤ خالە زۆر زۆر گرینگە ئەز بـاوردكەم خـالەكی هـاتیە ژبیركـرن هەمـی مەرجێ كە هاتینە خاندن زێدەتر سەر پڕۆژەیە بەس سەر داواكاری نینە، من ڤێت خالەك لێ بێتە زێدەكرن بڤـی شـێوازی كەسـێ داواكـار رێـز لە هەمـوو یاسـا و سـەروەری و (ستاتوسـا) هەرێمـا كوردستانێ و بەهایێ نیشتمانی بێتە گرتن، ئەڤە تایبەتی لسەر داواكاریە، چـونكە ئەگەر رێـز  لە (ستاتوسـا) هەرێمـا كوردسـتانێ و بەهـای نیشـتمانی نەگرێـت ئەو پـڕۆژە هـیچ سـوودەك بـۆ كوردستان نابیت، هەروەسا خالەك دی هەیە بەلكـی تێبینیەكـا ئیستسـمار گەلەك جـارا موافەقاتـا داتە بەرهەم هێنانێ كو قوتابخانەكی چێكەت پشتی قوتابخانە چێكرا حكومەت ڤـێ قوتابخـانێ وەرناگرت چونكی ژبەر میلاكات و تشت، ئەڤە نەها چەندین ئەز پێدزانم مەدرەسـە تەمـام بیـنە، حازر بینە كەرتێ گشتییە بەس وەكو حكومەت ڤان پرۆژە ئیستلام ناكەت چونكی میلاكات نینە، ژبەر هندێ ژبـی پێتڤیـا یـان مـوافەقە نەهـاتبیە دان كـو بینایێـت ئاڤـاكرینە، ئەگەر هەبـت پێتڤیـا حكومەت ئیستلام بكەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (علی حمە صالح)، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، رەنگە ئەو قسەی من دەیكەم رەبتی بەئەوەوە بێت كە زیـاتر لە سێ سەد قوتابخانە كە دەبوایە پێشكەش بە حكومەت بكرایە نەكـراوە، یەكێـك لە ئامانجەكـانی یاسـای وەبەرهێنـان چ بـوو؟ ئەوە بـوو لەبـری حكـومەت كۆمپانیاكـان لە چوارچێـوەی پـرۆژەی وەبەرهیانانا خەدەمات بـكەن (٩٤%) زۆر بە دەقیقـی پرۆژەكـانی وەبەرهێنـان قوتابخانەیـان تیـا

نییە، ئامانجەکە ئەوە بوو بنکەی تەندروستیان تیا نییە، ئەوەشیان کردیان کردیان بە ئەهلی، یەعنی لە هیچ شوێنێکی قانوونی وەبەرهێنان ڕێگە بەوە نادات پڕۆژە خزمەتگوزاریەکانی ناو پڕۆژەی وەبەرهێنان بکرێت بە ئەهلی، هەیە فرۆشتوویەتیەوە، واتە لەبری ئەوەی قوتابخانەکە تەسلیمی حکومەت بکات کراوە بە ئەهلی و فرۆشراوەتەوە، ئەمە ئەبێت لێرە میکانیزمێکی گونجاو بدۆزرێتەوە، حەل چییە بۆ ئەمە؟ هەروا بەردەوام بێت؟ چونکە ئێستا شار دروست نابێت هەموومان دەزانین، زەوی دابەشکردن نەماوە، ئەوەی هەیە تەنها پڕۆژە ئەهلییەکانە، ئێستا پڕۆژە ئەهلییەکانیش بەشێکی هەرە زۆری قوتابخانەی هەر تیا دروست ناکەن، یەعنی پڕۆژەی ئەهلی هەیە سێ هەزار وەحدەی سەکەنییە پڕۆژەی نیشتەجێبوون، سێ هەزار وەحدەی سەکەنی قوتابخانەیەکی تیا نەبێت! هەیە زیاتر، هەیە زیاتر، دەبێ میکانیزمێك بۆ ئەمە بدۆزرێتەوە، شار چی لێدێت لە نەتیجە؟ ئەم پڕۆژەیە هەمووی شوقەیە هەمووی شوقەیە مەساحەی نییە، قوتابخانەیەکیشی نییە، دەبێت قوتابیەکان یان بچنە ئەهلی یان بێنە دەرەوە دەبنە بارگرانی بەسەر حکومەت، من چەندین جار لەگەڵ جەنابی وەزیریشا قسەم کردووە، ئاگام لێیە کتابیشی کردووە بۆ بەشێکیان، بەڵام لە نەتیجە دروست نەکراوە، ئایا میکانیزمی ئەمە چییە جەنابی وەزیر کە بتوانرێت ئەم مۆڵەتەی درا کاکە دووسەد ملیۆن دۆلارت قازانج کردووە با ملیۆنێك دۆلار بکەی بە مەکتەب، بکەی بە بنکەی تەندروستی، ئەمە هەر وا بەردەوام دەبێت؟ چونکە ئێستاش هەر وایە، ئەو پڕۆژانەی ئێستاش دەستپێدەکەن هەر وایە، ئەوەی بەیانیش دەست پێدەکات هەر وایە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا (عبدالستار)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی سێیەم لە ماددەی (١٠٨) باسی داواکاری مۆڵەت دەکات ئەو کەسەی کە داواکاری مۆڵەت دەکات، تەبعەن ئەوە خۆی دەبێت ڕێکخراوێك بێت یان دامەزراوەیەکە، یەعنی کەسێك نییە بڵێی بە تاوانێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت، نازانم خۆی موئەسەسە نییە، چونکە ئەوە لەسەر نووسراوە مەرجەکانی بەخشینی مۆڵەتی دامەزراوەی ناحکومی، خۆ کەسێکی مەعنەوییە ئەوە، ئەمە یەك دوو من پێم وایە دەبێت ئەم ڕێکخراوانە، ئەم دامەزراوانەی کە دێن بەشێوەیەك لە شێوەکان وەزارەت زۆر وردەکاری بکات لەوەی کە نەك هەر لەسەرەوە خاڵێك نووسراوە ئێستا دێمە سەری خاڵی یەکەم ئایە ئەمە پرۆگرامەکەیان چییە لەبنەرەتدا پرۆگرام و پەیڕەویان چییە؟ باسی چی دەکەن؟ چونکە ئێمە بینیمان لەم کوردستانە ڕێکخراوی خێرخوازی هاتووە، بەڵام خەریکی هەڵگێڕانەوەی خەڵك بووە لە موسلمانیەتی و شت، ڕێکخراوێکی خێرخوازی بووە هاتووە خەریکی بۆ نمونە جاسووسی بووە، ڕێکخراوێکی خێرخوازی بووە، بەڵام هاتووە کۆمەڵێك خوی خراپی هێناوەتە ناو ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە، من پێم وایە دەبێت وەزارەت لەم ڕووەوە وردەکاری ئیجگار ئیجگار زۆر بکات لەو مەوزوعە، لە خاڵی یەکەمیش پشتگیری مامۆستا (هەورامان)، ئەو بەڕێزانەی دیکەش دەکەم، بەس هەر من پرسیارێکم هەیە نازانم یەعنی بۆچی کاتێك کە باسی ئەو بنەمایانە دەکرێت بنەمای گشتی، ئینجا باسی بنەمای

نیشتمانی کە دەکات کلتوور و شتە جوانەکانی کوردەواری خۆمان بنەما گشتییەکان هەمووی لەسەری هاوڕاین، باشە بۆ باسی بنەمای ئاینی ناکرێت؟ ئەمن هەست دەکەم نازانم لە نووسینی ئەم بنەما ئاینیانە هەڵسوکەوتی ئاینی نازانم بۆ را دەکەن؟ بۆچی باس نەکرێت؟ ئێمە میللەتێکین خەڵکەکەمان بەراستی بە گشتی هەر لەم هۆڵە ئەوەی کە موسلمانە مەخصەدم یەعنی لێرانە بڵێی کاکە تۆ موسڵمانی دەڵێ لەتۆ موسڵمانترم، ئەی کاکە باشە بۆ ئێمە بۆ گرینگی چاك بەو بەها و بەو بنەما ئاینیانە نەدەین کە بەراستی کۆمەڵگای پێ دەپارێزێت، کۆمەڵگای پێ بەختەوەر دەبێت، کۆمەڵگای پێ خۆشحاڵ دەبێت، بڕوا بکەن شتێك کە ماێتە لەناو ئەو خەڵکەی ئێمە کە ڕەبتی بەیەکەوە هەیەو خەڵك پێی دڵخۆشە و خۆی پێ ڕاگرتووە و محەبەت و خۆشەویستی هەبووە بنەما ئاینییەکانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستت خۆش بێت مامۆستا (عبدالستار)، بەڵام ئاین بەشێکە، بەها ئاینییەکان بەشێکن لە سیستمی گشتی، نەك بنەما باسی بەها دەکەین. قیەمی ئاینی بەشێکە لە سیستەمی گشتی، کاك (یاسین)، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و مهرەبان، پێشەکی پشتگیری (لیزا) خان، کاك (چیا)، کاك (د.هەورامان) دەکەم، ئەمن هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەو پڕۆژەی نیم، بەڵام ناعیلاجم چبکەم دەبی قسەی هەر لەسەر بکەم دەنا بە جدی حەق وەیە ناحکومی هەر نەمینێ، بەس حکومەت بی، بەڵام مەجبوورین، قسەکەی کاك (علی حمە صالح)ی سەدا سەد ڕاستە یەعنی بە جدی کابرا کە بتوانێ مەکتەبێك بکاتەوە دەشتوانێ زەویش بۆخۆی دابین بکات، ئەمن یەك نمونەت پێ دەڵێم زەویەکی وەزارەتی پەروەردەی دراوەتە دوو ئەندام پەرلەمانان کتابیشم بۆ جەنابی وەزیری کردووە من چوار ساڵە خەریکم زەویەکەم پێ لێناستێنرێنەوە زەویەکەیان کردووە بە قوتابخانەی ئەهلی، یەعنی لە نەخشەی بنەڕەتی شارەکەیدا ئەو زەویە بۆ قوتابخانەی دانراوە یەعنی ئەمن هەتا کتابەکەم ئاڕاستەی جەنابی وەزیر کردووە ئەو زەویانەی کە لە نەخشەی دادەنرێن لە شارەوانی تاپۆ بکرێن لەسەر وەزارەتی پەروەردە زۆربەی مکتەبەکانی کوردستان بینایەکەیان ئی وەزارەتی پەروەردەیە، بەڵام زەویەکەیان ئی شارەوانییە، بۆیە دەستیان دەڕوات کە تێکی بدەن، خاڵێکی دیکە دەمەوێت زیاد بکرێت یەعنی هەر گەڕەکەی یان شوێنێك کە قوتابخانەی ئەهلی لێ دەکرێتەوە ئێمە منداڵی شەهیدمان زۆرە بە حوکمی ئەوەی ئێمە لافاوێك خوێنمان داوە تا ئەو کوردستانەمان دروست کردووە، بۆیە حەق وایە مەرجیان بۆ دابنرێت هەر قوتابخانەیەك لە هەر پۆلێکی دە دوازدە تەلەبەی منداڵی شەهید وەرگیرێت، یەعنی ئەو مەرجانە مەرجی زۆر سەیر و سەمەرەن یەعنی بە جدی بەڕێز جەنابی وەزیر ئەمن بەیانی دەتوانم بچم مەکتەبەکی دانێم بەو مەرجانە، مەرجی قورسی تێدا نییە، بۆیە داوات لێ دەکەم مەرجەکان قورستر بکەن، کابرا ئەهلییە یەعنی بۆ من زەوی بدەمێ کاکە، یەعنی لەسەر حیسابی من دەبی بێ ئەوەی کاك (علی) سەدا سەد ڕاستە بۆخۆشم پرسیارم ئاڕاستە کردوون ئەو پڕۆژانەی ڕانیەی هەر هەموویان هەر ئی ڕانییەی نییە قەلادزێ هیچی تێدا نییە، نە بنکەی

تەندروستی تێدایە، نە بنکەی ئـاگر کـوژێنەوەی تێـدایە، نە مەکتەبـی تێـدایە، نە ڕەوزەی تێـدایە، زەویەکەش کۆمپانیایەکە داگیری کردووە دەڵێ دەیفرۆشم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستت خۆش بێت، (بدریە) خان، فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٠٨) بۆ بڕگەی یەکەم پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا (هەورامان)، (ڕوپاك) خـان دەکەم، بـۆ بـڕگەی دووەمـیش هەمـان پرسـیاری (ڕوپـاك) خـانم هەیە، بـۆ بـڕگەی سـێیەم پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا (عبدالستار) دەکەم، بۆ پێنجەمیش مامۆسـتا (مسـلم) پشـتگیری دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستت خۆش بێت (بدریە) خان، (سوسن) خان، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەك ڕوونکردنەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەو دوو ئەندام پەرلەمانە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نابێت، مۆڵەتم نەداین، ناوی خەڵك مەهێـنە شـکاتت لـێ دەکەن، بەڵـێ زۆر سـوپاس، نـابێ بەبـێ مۆڵەت قسە بکەی کاك (یاسین)، (سوسن) خان، فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن لەسـەر بـڕگەی یەکەم و دووەم و سـێیەم تێبینـیم هەیە ئەوەی کە دەڵـێ دەبێـت پـڕۆژەی بنیاتناني..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

(سوسن) خان یەك لەحزە، ئەندامانی پەرلەمان داوا دەکەن کاك (یاسین) ڕوونکردنەوە بدات، ئایا پەرلەمانی کوردستانە؟

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حەز دەکەی ناوەکەشیان دەدەم.........................

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ناو مەینە لێرە.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان نین هی عێراقن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، (سوسن) خان، فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن لەسـەر بـڕگەی یەکەم دووەم و سـێیەم تێبینـیم لە بـڕگەی یەکەمـدا پێشـنیار دەکەم بەو شێوازەی لێبکرێت دەبێـت لابردرێـت لە سـەرەتادا بنووسـرێت (پـڕۆژەی بنیاتنـانی دامەزراوەکە نابێت ناکۆك بێت لەگەڵ بەها نیشتمانی و بنەما گشتییەکانی بنچینەکـانی فەلسـەفەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێم)، لە بڕگەی دووەمدا یەعنـی دەڵێن نابێـت داواکـاری مـۆڵەت ڕێکخراوێکـی سیاسـی یـان ئـاینی بێـت یەعنـی مانـای نیـیە لەبەر ئەوە مـن پێشـنیار دەکەم بەو شـێوازە ڕێـك بخرێتەوە (ڕێکخراوی سیاسی یـان ئـاینی نابێـت داواکـاری وەرگرتنـی مـۆڵەت بـۆ دامەزرانـدنی دامەزراوەی ناحکومی ئاراستەی وەزارەت بکات)، لە بڕگەی سێیەم پشـتیوانی کـاك (عبدالسـتار) دەکەم لە راستیدا فعلەن ئەو رستەیە زۆر نارێکە چونکە نووسراوە پێویستە داواکاری مۆڵەت بە تاوانی ئابڕوبەر حوکم نەدرابێت، ئەمە هـیچ مانـایەك نـادات لەبەر ئەوە مـن پێشـنیار دەکەم بەو شـێوازەی لێبکرێـت (پێویسـتە ئەو کەسـەی کە داواکـاری مـۆڵەت بـۆ دامەزرانـدنی دامەزراوەی ناحکومی ئاراستەی وەزارەت دەکات بە هیچ تاوانێکی ئابڕوبەر حوکم نەدرابێت)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێـز وەزیـری پەروەردە داوا دەکـات قسـە بکـات چـونکە دەڵـێ پرسـیارەکان لەسـەرم کەڵەکە دەبن، راستیش دەکات، بفەرموون.

**بەڕێز ئالان حمه سعید (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، ئەگەر کاتمان بدەیتێ بۆ ئەوەی بتوانین هەندێك روونکردنەوە بدەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە تەئکید کات هەیە، روونکردنەوە بدە، فەرموون.

**بەڕێز ئالان حمه سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بەڵام من یەکەم رۆژیش هەندێك تەوزیحم بۆ جەنابتان دا، یەك با ئەوە کۆتایی پێ بێنین نابێ مەکتەبی ئەهلـی هەبێـت، چـونکە ئەو رۆژە پـێم وتـن (لتعلـيم الاهلـی والخـاص حـق مكفول وينظم باالقانون) دەسـتووری عێـراقییە، تەواو لەسـەرووی قـانوونەوەیە، ئەمە بـابەتێکە یەعنی با دایخەین و با ئاوای لێـبکەین بەدەسـتی ئـێمە نیـیە، هەیە و یاسـای پـێ دەرچـووە، تکـا ئەکەم بۆ ئەوەی با مزایەدە لەسەر یەکتر نەکەیـن، مـن لە دەبەیەکـی ئـاوەوە هەتـا بـزنس نەك لە کوردستان لەسەر کورەی ئەرز نیمە، بەڵام بە روحیەتی دەوڵەتداری شت دەنووسـینەوە، ئـێمە کە ئەمانەمان نوسیوە بۆ ئەوە نییە ئەوەی هات بە پارچەیەك وەرەقە مۆڵەتێکی پێ بدرێت، جـا تکـا دەکەم بۆیە با بە مەسئولیەت قسە لەسەر ئەو بابەتانە بکەیـن، چـونکە ئـێمە وەزارەتـین، مـن بـۆ خۆم (١١١) ئەندام پەرلەمـان لەم هـۆڵە هەیە بەرامـبەر بە هەمووتـان بەرپرسـیارم، لە (٧/١٠) لێـرە سـوێندم خـواردووە یەك ئیجـازە بە تەسـهیلاتیش باسـی گەنـدەڵی نـاکەم بە تەسـهیلاتیش بە مەبەستێ بە یەکێ درابێ مـن مەسـئولم فەرمـوو بیڵـێن، بەڵام بـا نەبێـتە ئەوەی کە ئـێمە وامـان کردووە فەوزا دروست بێت، لەبەر ئەوە قسەکان دەبێت بە مەسئولیەت بێت بەڕێزان، سـەبارەت

به قوتابخانەی ئەهلی بەڕێزان سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هی موئەسەساتی ئەو دەوڵەتە تەشجیع کردنی ئیستیسماریشی تیایە، قانوونی ئیستیسماریش هەیە کە بواری تەربیە و تەعلیمیش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە شتێك کە گرینگ بێت بەلای ئێمەوە ئەوەیە ئێمە مادده بە مادده لەسەر ئەم پڕۆژەیە بڕۆین، چونکە باسی باجی تیایە، باسی فورسەی عەمەلی تیایە، باسی رێکاری مۆڵەتی تیایە، باسی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی تیایە، باسی هەموو شتێکی تیایە، زۆرە ماددەکانی شەست حەفتا ماددەیە، بەس لە یەکەمەوە هەرچی تورەیی خۆمان هەیە لەسەر مەکتەبی ئەهلی دەری ببڕین باش نییە، با مادده بە مادده موناقەشەی بکەین، بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین وەڵام بدەینەوە، ئەوەی کاك (دیاری) باسی دەکات، بەڵێ ئەم خاڵە مەبەست هەلی پەروەردە و فێربوونە، ئەوەی کاك (یاسین) باسی دەکات خەڵك لە دەرەوە دێت و بێ مستەوایە نازانم لەم وڵاتە ئێمە هەست دەکەین نیزاممان جێبەجێ کردووە، تەعلیماتمان جێبەجێ کردووە، کابرایەك لە ئەمریکا نایەت هەر لەخۆیەوە بڵێ من بەکالۆریۆسم هەیە دەچم لە مەکتەبێك دەرس دەڵێمەوە، دەبێت بێت لە وەزارەتی پەروەردە شەهادەکەی تەعدیل بکات، بیناسێنین، زانکۆکەی موعتەرەفە، باوەڕپێکراوە، باوەڕپێکراو نییە، ئینجا رێگەی پێ دەدرێت لە مەکتەب، خۆ منداڵی خەڵکی لەبەردەستدایە، ئەمە نە پسکیتە، نە نوقڵە لە دوکانێکا، ئەمە سلعەیەکی ئیعتیادی نییە، ئەمە منداڵی خەڵکە لەبەردەستی ئەمانەیە، لەبەر ئەوەی ئەو رێکارانە دەگیرێنە بەر و بەراستی پەیڕەویش دەکرێن، ناکرێ وا وێنا بکرێن کە ئەمانە هیچی نەکراوە، کاك (عبدالستار) فەرمووی داوای مۆڵەت لەکێ دەکرێ؟ داوای مۆڵەت لە وەزارەت دەکرێت لە ماددەی (١١٠) ئاماژەی پێداوە، یەعنی ئەگەر بە زمنیەنیش بیخوێنیتەوە هەموو ماددەکان دەیبینی، کاك حاجی (هەڵکەوت) باسی ماددەیەکی کرد ئەوە لە ماددەکانی باشتر، بەڵێ بەڵێ بەڕێوەبەرایەتیەکمان هەیە ناوی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی ناحکومییە کە لەم پڕۆژەیە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە کۆتایی خاڵەکاندا کراوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ناحکومی، کاك (هێڤیدار) دەڵێ خەڵك بۆ دەچێ لە ئەهلی دەخوێنێ، وەڵاهی کاك (هێڤیدار) ئەبێ تۆ راپرسییەك لەناو خەڵکدا بکەی، بۆ من وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە! ئیمە قوتابخانەی حکومیمان هەیە و قوتابخانەی ناحکومیمان هەیە، دایك و باوك بڕیار دەدات منداڵەکەی دەخاتە چ قوتابخانەیەك، ئینجا ئیستا ملیۆنێك و نۆ سەد و بیست هەزار قوتابیمان هەیە، سەد و سی و شەش هەزار قوتابی و منداڵ و خوێندکار لەناو ناوەندەکانی خوێندنی ناحکومین داتای ئەم ساڵە، بەڵام دەبێت خەڵك وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، هەیە ئیمکانیەتی هەیە منداڵەکەی دەباتە ناوەندێکی ناحکومی، هەیە ئیمکانیەتیشی نییە، بەڵام لە بەشەکانی دیکەی ژیان لەخۆی دەگرێتەوە لەبەر وەزیفەکەی و لەبەر دەوامەکەی، دائیرەکەی و تا سەعات (٤)ی ئێوارە لە ئیشە منداڵەکەی بردۆتە ئەوێ، هەیە هەر حەزی لێیە ئەو جۆرە لە خوێندن بۆ منداڵەکەی دەستەبەر دەکات، ممکینە خەڵکێکیش هەبێ ئەو قسەی من زۆر دەقیق نەبێت حەزیشم لێ نییە بیکەم، بەڵام ناچارم، ممکینە خەڵکێکیش هەبێ بۆ چاولێکەری ئەویش منداڵەکەی لە مەکتەبێکی ئەهلی بێت، بەڵام ئەمەیان وەکو ممکینە قسەی لەسەر دەکەم، بەڵام ئایا قوتابخانە حکومییەکان و قوتابخانە ئەهلییەکان نسبەی نەجاحیان بەرزترە، ئێمە بەراستی مونافەسەمان نییە لەبەینی ئەوەی قوتابخانەی من منداڵی قوتابخانەی ئەهلیش بە منداڵی خۆمان دەزانم، ئێمە حکومەتین

لێی بەرپرسین، بەڵام ئەگەر داتات لەمن دەوێ بۆ نمونە لە یەکێك لە قۆناغەکانی (١٢)ی ئامادەیی پێت دەڵێم ڕێژەی دەرچوون لە قوتابخانەکانی حکومی (٤%) زیاتر بووە لە ڕێژەی دەرچوون لە قوتابخانەکانی ناحکومی، من نەك باسی تەنها یەکەمەکان، باسی ئەوە ناکەم ساڵی پار دوو کچ دوو خوشك لە گوندێکی قەلادزێ کە باوکیان خانەنشینە بۆ نمونە هەردووکیان کۆلێژی طبیان هێناوە لە گەرمیان و لە زانکۆی سلێمانی، من باسی پۆلێکی کاملت بۆ دەکەم (٤%)ی زیاترێکە، بەڵام ئەمە گرفتەکە نییە چونکە ئەو منداڵەی لە ناحکومیش دەخوێنێ ئێمە هەر لێی بەرپرسین وەکو حکومەت، خۆ ئەوە حەقی چییە، باوك و دایکی ئەو تەبەنی ئەوەی کردووە کە لە مەکتەبێکی ئەهلی بخوێنێ، سەبارەت بەوەی کە کاك مەلا (ویسی) تێبینی دا تێبینییەکانی پەسەندە، (سوسن) خان ماددەی (١٠٦) بەراستی ماددەی (١٠٦) زۆر زۆر وازحە خاڵێ سێیەم پرۆگرامی خوێندن بەعزێك لە بەڕێزان باسیان کرد، پرۆگرامێکی خوێندنی ناوەندێکی متمانەپێکراوی متمانەدەری نێودەوڵەتی، واتا شوێنێك کە (accredition) بدات موعتەبەر بێت لەڕووی نێودەوڵەتییەوە وە شوێنەکەش جیهانی بێت، پێشکەوتوو بێت، کە دەڵێی جیهانی بێت، پێشکەوتوو بێت هەموو موئەسەسەیەکی (accredition) لە لای ئێمە موعتەبەر نییە، ئێمە فەرمانی وزاریمان هەیە (٢٣) موئەسەسەی (accredition)مان لە دونیایا ئیعتیبار پێ کردووە کە ئەمانە بۆیان هەیە تەقدیمی قوتابخانەی نێودەوڵەتی بکەن، خاڵێکی دیکە ئەوەی کاك (عبدالستار) فەرمووی ئەو قوتابخانانە کامانەن ئەو قوتابخانەی کە بیانین قوتابخانەی ئەڵمانییە، فەرنسییە، ئێرانییە، بە سیستمی کاملی وڵاتەکەی خۆیان دەخوێنن، بەڵام مۆڵەت لە ئێمەوە وەردەگرن، ئیجازەیان لای ئێمەیە، نوێکردنەوەیان لای ئێمەیە، سەرپەرشتیکردنیان هەر لەلای ئێمەیە، دوور نین لە دەستی وەزارەت، ئەوەی (سەرچنار) خان باسی کرد کە ئەو دوو ماددەیە ئەو دوو جۆرە قوتابخانەیە هیچ فەرقی نییە بگەڕێوە بۆ ماددەی (١) خاڵی (٢١-٢٢) تەعریفی قوتابخانە قازانج نەویستەکانی ناحکومی کردووە، دەڵێ ئەو قوتابخانانەن کە کۆی گشتی پارەکە بۆ سوودی دامەزراوەکە سەرف دەکرێت، نمونەشمان هەیە لە کوردستانە، بەڵام لەوە دەچێت پێویست نەکات باسی ئەو قوتابخانانە بکەم، تەسویق و تەرویج بۆ هەندێك لە قوتابخانەکان بکەم، مامۆستا (عمر گولپی) دەڵێ من دژی خوێندنی نێودەوڵەتیم، وەڵاهی لە سعودیە کەس دژی خوێندنی نێودەوڵەتی نییە، مەدارسی نێودەوڵەتی هەیە، لە ئەوروپا هەیە لە شەرقی ئەوسەت هەیە، مەدارسی نێودەوڵەتی چییە؟ ئەم کتێبەی کە ئێمە دامان ناوە کتێبی زانست و بیرکارییە لە قوتابخانەیەکی ئەهلی ئێمە بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنرێ، مەدرەسەیەکی نێودەوڵەتی ئەم کتێبە ناخوێنێت، دێت بۆ نمونە هی کۆمپانیای کامبریج دامەزراوەی کامبریج، دامەزراوەی ئەلفا، دامەزراوەی پێرسن، دامەزراوەی (mm) دەهێنێت کە ئەوانە شەریکاتی موعتەبەری مناهجن دەڵێ ئێمە دەمانەوێت لە قوتابخانەکەمان ئەمە بخوێنین، هەموویان کۆمپانیایی پێشکەوتووی جیهانی باوەڕپێکراون، (accredition) هەیە، وەزارەتی پەروەردە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکانی تەصدیقی دەکات، دێت متمانەیەك، براندێکی نێودەوڵەتی دێنێ کە موئەسەسەیەکی عالەمی سەرپەرشتی دەکات، دێت سیستمێکی ئیشرافی عالەمی دێنێ کە ئەمە سەرپەرشتی دەکات، ئەم سیستەمانە لەلای ئێمە ناسراون مۆڵەتیان پێ دەدەین، ئەمە قوتابخانەی ئینتەر ناشناڵە، هۆکارێکن بۆ پێشکەوتن، هۆکارێکن بۆ

ئاست بەرز، بۆ ئێمە بڵێین یەکسەر ئەو قوتابخانە ڕەفز بکەیتەوە، ئێمە لەو ماددەیە نوسیومانە دەبێت هەموو قوتابخانە ناحکومییەکان هاوبەهابن، هاوکۆك بن لەگەڵ بەها نیشتمانییەکان و بنەما گشتی فەلسەفییەکانی ئەم یاسایە کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە بۆ خوێندن ئینجا دوایی باسی هەندێ تەفاصلی دیکەش دەکەم، سەبارەت کاك (سەرکۆ) پرسیاری لێ کردم لێرە نەماوە من پێم خۆشە ئەو پرسیارە ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا بکات چونکە من مەسئول نیم لە زانکۆکان، ئەگەر زانکۆی قازانج نەویست هەیەچۆن با پێی بڵێ، بەڵام من پێی دەڵێم قوتابخانەی قازانج نەویست هەیەو جوانیش بەڕێوە دەبرێت، خێریشی نییە، بۆ نمونە قوتابخانەیەك لەلای ئێمە منداڵێك ئەگەر تێچووەکەی لە ساڵێکدا یەك ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار لەسەر حکومەت بکەوێ ئەم قوتابخانەیە ممکینە ملیۆنێك و دوو سەد هەزار، ملیۆنێك و سێ سەد هەزار دینار پارە لە قوتابیەکانی وەردەگرێت، ئەمە لەناو قوتابخانەکە بۆ پرۆژەی قوتابخانەکە سەرفی دەکاتەوە چەند نموزەجێکیشمان لەو بارەیەوە هەیە، مۆڵەتی خوێندن دەفرۆشرێتەوە؟ من پێم خۆشە هەر ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێز یەك مۆڵەتی خوێندنی لە (٧/١٠)ی (٢٠١٩)ەوە هەتا ئێستا بینیوە فرۆشراوەتەوە، ئێمە بۆمان تەحویل کردووە پێمان بڵێ، هەر بیدەرێ بۆ رای گشتی باسی بکە، بڵێ ئەو مۆڵەتێکە ئێوە داوتانە، کابرا فرۆشتوویەتییەوە، خۆشتان عیلمتان پێ هەیە و چون تەحویلتان کردووە، چونکە گۆڕینی خاوەندارێتی بە قانوون تەنزیم کراوە، یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠١٢) کە ئێمە ڕێنماییمان پێ دەرکردووە لەسەر ئەساسی ئەوە ئیش دەکەین، لەبەر ئەمە قسەکان ناکرێ بەبێ بەڵگە بدەن بەراستی، سەبارەت بەوەی کە زەریبە دەدەن؟ بەڵێ زەریبە دەدەن، ماددەیەك هەیە هەر باسی باج دەکات، بەڵام دەڵێ بەگوێرەی یاسا بەرکارەکان، بەڵام من بۆیەپێم خۆش بوو ئەو تەوزیحانە بدەم بۆ ئەوەی ماددە بە ماددە بڕۆین دوایی بگەینە ئەوێ، بۆچی کاك (مم) نووسراوە عێراقی و بیانی؟ بەراستی هەندێك جار ترس هەیە فەرمانبەرێك هەڵە بکات، من کەسێکی بیانیم دێمەوە لەوە دەچێت ئەو فەرمانبەرە وا تێگەیشتبێت کە ئەو بەس بۆی هەیە بۆعێراقی بێ، ئەگەر نەنووسرێ عێراقی و بیانی، جا دەبێت ئەوە بگەڕێنیتەوە بۆ مەحکەمە تەفسیری بکات، بگەڕێیتەوە بۆ موشەریع کە پەرلەمانتارە تەفسیری بکات بزانێ مەبەستەکە چی بووە لەکاتی دانانیا، ئەم تیکرارە تیکرارێکی ئیجابییە، تیکرارێکە بۆئەوەی موەزەف بزانێ کە کەسێکی بیانیش هات ئەگەر عێراقی نەبێت مافی هەیە تەقدیم بکات، ئەوەی کاك (یاسین) باسی دەکات، ئەگەر کابرایەك عەرەب بێت، کابرایەك تورك بێت، ئەجنەبی بێ، دەبێت قوتابخانەیەك دروست بکات ئیستیسمار لە کوردستان دروست دەکات خۆ خانووەکە نادات بە کۆڵیا بەراستی، ئیستسمار دەکات، هەلی کار دەرەخسێنێت، منداڵ لێی دەخوێنێت، بەگوێرەی قانوونیش وەری دەگرێت، یەعنی ئەم قانوونەی کە دەردەچێت بەگوێرەی ئەم یاسایە ئیستسماری خۆی لێ دەکات، ئەوەی کاك (رزگار) باسی کرد داواکار مەرج نییە دەرچووی زانکۆ بێت، بەڕێزان مەرج بکرێت کە دەرچووی زانکۆ بێت، ناکرێت لەوە دەچێت موستەسمیرێك هەبێت پارەی پێ بێت، دەوڵەمەندێك بێت، بازرگانێك بێت، بەڵام دەرچووی زانکۆ نەبێت، بەڵام خۆی مئەسەسەکە بەڕێوە نابات، ئەوەی کە موئەسەسەکە بەڕێوە دەبات مەرج هەیە کێ دەبێتە مودیری ئەم قوتابخانەیە، وەکو ئەوەی کە لە قوتابخانەیەکی حکومی هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە ناکرێ ڕێگە لە

خەڵك بگرین دوایی فورسەی ئیستیسمار کەم دەکەینەوە، خاڵێکی دیکە وەزارەتی شارەوانی زەوی داوە، وەزارەتی تەربییەش موافەقەتی نییە ئێمە هیچ وەزارەتی شارەوانی، هیچ زەویەکی نەداوە هیچ قوتابخانەیەك بەبێ رەزامەندی ئێمە پرۆسەکە بەم جۆرەیە، هەر کەسێك دێت قوتابخانەیەکی ئینتەر ناشناڵ تەقدیم دەکات دێت پرۆگرامەکانی دێنێت بۆ لای ئێمە دەینێرین بۆ مودیریەی عەمامەی مەناهیج سیستمی ئەزموونەکانی دێنێ بۆ لای ئێمە دەینێرین بۆ مودیریەی عامەی ئیمتحانات ئینجا نووسراوێکی بۆ دەکرێت (accredition) دێنێ براندەکەی دێنێ کە سەپۆرتی دەکات، نوسراوێکی بۆ دەکرێت لەلایەن دەستەی ئیستسمارەوە بۆ ئێمە، ئێمە پێی دەڵێین بەپێی ئەو (accredition) ئەوانە ئێمە لاریمان لێی نییە ئەگەر ئێوە زەوی بۆ تەرخان بکەن پاشان بەگوێرەی رێکارەکان مۆڵەتیان پێ دەدرێت، واتا ئێمە عەدەم مومانەعە دەدەین ئینجا دەستەی ئیستسمار دەست دەکات بە کارەکانی خۆی، ئەوەی کاك (علی)ی باسی کرد لەم کابینەیە لە ئەنجومەنی ئابووری بڕیاری ساڵی (٢٠٢٠)ی جەنابی سەرۆکی حکومەت هەیە، لەپێشتر ئەوەی کە کاك (علی) باسی دەکاتی هی پێشترە، ئەگەر بەڵگەی ئێستا هەیە من پێم خۆشە بیداتە دەستەی ئیستسمار، من پێم خۆشە بیداتە دەستەی ئیستسمار، چونکە بڕیاری ئەنجومەنی ئابووری هەیە دەڵێ (کاتێك مۆڵەت دەدرێت بە پڕۆژەیەکی وەبەرهێنانی عەقاری دەبێت خزمەتگوزاری قوتابخانەی تێدا بێت)، ئینجا ئێمە لەرێگای دەستەی وەبەرهێنانەوە تا ئێستا (١٣) دەرفەتی دروستکردنی قوتابخانەمان لە رێگای بەڕێز سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانەوە دەست کەوتووە، لە پێشتر ئەو قوتابخانانەی کە ئەو یەکەی نیشتەجێبوونانەی کە لە کوردستانا هەبوون ئێمە نووسراومان بۆ دەستەی وەبەرهێنان کردووە نووسیومانە چی هەیە بەگوێرەی یاسا مافی ئەوەی هەبێت قوتابخانە دروست بکات یەعنی ئیلتیزام بێت لەسەری قوتابخانە دروست بکات نەیکردبێت بۆمان دیاری بکەن، ئێمە لەسەر ئەو مەلەفە بەراستی بەدواداچوونی وورد دەکەین لەسەر مەلەفە کۆنەکان، لەسەر مەلەفی تازە بڕیاری ئەنجومەنی ئابووری هەیە، مولزەمە دەستەی ئیستسمار جێبەجێی بکات بەراستی، ئینجا ئەوە دەبێت لەگەڵ دەستەی ئیستسمارا قسە بکەن، رێکخراوی سیاسی و ئاینییەکان چین؟ حیزبی سیاسی بۆی نییە قوتابخانە دابمەزرێنێت، تەوزیحی کاك (دیاری انور) ماددەی (١٠٨) پێنجەمی دەویست، بەڕێزان یەعنی ئێمە ئەوەی داوای دەکەین لە قوتابخانەیەکی حکومی بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران هەر موئەسەسەیەکی حکومیش دابمەزرێ دەبێت مۆڵەتی بینا وەربگرێت، یەعنی ئەگەر تۆ قوتابخانەیەکیش دروست بکەی دەبێت مۆڵەتی بینا وەرگریت، مۆڵەتی بیناش لەکوێیە؟ لە شارەوانییە، رێکار هەیە بۆ مۆڵەتی بینا، خەریتەی پەسەندکراو هەیە، ئێ ناکرێت من بینایەك بۆخۆم وەکو حکومەت دروست بکەم بۆ کۆمەڵێك مەرج، بەڵام داوای زیاتر لەتۆ بکەم، هەر داوای ئەوەت لێ دەکەم کە لەسەر حکومەت، من بۆت تەوزیح دەکەم، ماددەکەت بۆ تەوزیح دەکەم، دەڵێم ماددەکە وا دەڵێت، دەڵێ ئەوەی تۆ بۆ حکومەتی داوا دەکەی دەبێت هەمان شتیش داوا بکەی لەسەر ئەوەی کە لە کەرتی ئەهلی قوتابخانەکە بەو مەرجانە دروست بکات، کاك (دیاری) ئەمە بۆیە بۆ جەنابت تەوزیح دەکەم ئەم بابەتە حەقی بەسەر ئەم پڕۆژەیەوە نییە، ئەم بابەتە باسی یەك شت دەکات دەڵێ (ئەو کەسەی دێت قوتابخانەیەکی ناحکومی دروست دەکات نابێت لەوە زیاتری لێ داوا بکەین لە دروستکردنی مەرجە

هەندەسیەکان کە لە مۆڵەتی حکومتدا خۆت دروستی دەکەی)، ئەم ماددەیە فەقەت باسی ئەو بابەتە دەکات، سەبارەت بەوەی کاك (مسلم) یەك مۆڵەتەمان نەداوە لەناو وەزارەتی پەروەردە بەبێ پەسەندکردنی لیژنەی هەندەسی، هەر مۆڵەتەکیشمان داوە ئێوە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان لە هەموو لیژنە جیاوازەکان بەو پەڕی شەفافیەتەوە لە باخچەیەکەوە هەتاوەکو هەموو قوتابخانەکان وەرن سەیری فایلی هەموو مۆڵەتەکان بکەن هەر مۆڵەتێك لیژنەی هەندەسی رەفزی کردبێتەوە، هەر داواکارییەك لیژنەی هەندەسی رەفزی کردبێتەوە ئێمە رەفزمان کردۆتەوە، دەزانی بۆ؟ لەبەر ئەوە من حیسابی ئێستا ناکەم، حیسابی بیست ساڵ ئیعتباری خۆم دەکەم، ناچم ئیجازەیەك بدەم بە قوتابخانەیەك دە مەتر لە بەنزینخانەیەك دوور بێ، بەیانی بەنزینخانەکە گڕ بگرێت منداڵی خەڵك بمرێت مەلەفەکەی هەڵدەنەوە بڵێن لە سەردەمی (ئالان حمه سعيد)ەوە ئەم مۆڵەتە دراوە، لەبەر ئەوە پێم خۆشە بێن سەیری هەموو مەلەفەکانی مۆڵەتەکانی وەزارەتی پەروەردە بکەن، ئەوەندە بە ووردی کاری لەسەر دەکەین ئەوەی مهندیسەکان رازی نەبن مۆڵەتی پێ نادەین، هەتا لەسەر مەسەلەی کارەبا و زەختی عالیش یەعنی رەئی مهەندیسەکان ئەوە بێ کە نابێ ئەم مۆڵەتە لێرەدا بدرێت ئێمە نایدەین، چیشمان مۆڵەت داوە پێم خۆشە حەز دەکەم وەکو لیژنە بێن سەیری بکەن بەراستی، سەبارەت بەوەی کاك (چیا) بەراستی یەك قوتابخانە نییە تەواو کرابێت لەناو پرۆژەکان ئێمە وەرمان نەگرتبێت، یەك قوتابخانە هەبێ من ئەم شەو وەری دەگرم، بەڕێزان ئەگەر تەواو نەکرابێت ئەمە بابەتێکی دیکەیە، ئێستا من نمونەی قوتابخانەیەکت بۆ دەهێنمەوە قوتابخانەی (لالاڤ) ئێمە بەیانی وەری دەگرین بۆچی؟ قوتابخانەکە تۆ ئاوا دەیبینی تەواوە، هەموو شتێکی تیایە، رەحلەی تیایە، وات بۆردی تیایە، ژووری مودیر رێکخراوە، بەڵام هەتا کاك (چیا)، بۆ (هلز) خانیشم نارد پێری شەو پرسیاری ئەو بابەتەی لێکردم ئێستا لە ژوورەوە نییە، هەتا وەکو کەتیبەی... (هلز) خان ئاگادارە هەتاوەکو کەتیبەی پەنجەرەکانمان نەبەست قوتابخانەکەمان ئیستیلام نەکرووە بۆ؟ وتمان بەیانی منداڵێك بکەوێتە خوارەوە لە پەنجەرەیەك دەڵێن بۆ ئەو قوتابخانەیە ئیستلام کراوە، هەر قوتابخانەیەك مەرجەکانی تیا بێت، بەچی وانەبێژیمان هەیە بتوانین میلاکی بۆ دابنێین، کاك (یاسین) منداڵی شەهیدان حصەی بۆ دانراوە، بەڵام وەکو تەمەنام کرد ماددە بە ماددە موناقەشە بکەیت ئەگەینە ئەوەی کە هەموو شتێك لەناو ئەم پڕۆژە یاسایەدا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (١٠٩) بخوێننەوە، سوپاس بۆ روونکردنەوەکانت، فەرموو.

**بەڕێز خدیجه عمر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لقی دووەم: پێداویستییەکان لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری مۆڵەتدا:

ماددەی (١٠٩):

یەکەم: دەبێت داواکاری مۆڵەت ئەم خاڵانە لەخۆ بگرێت:

١-سوودە پەروەردەیی و فێرکاری کۆمەڵایەتییەکانی دروستکردنی دامەزراوەکە.

٢- سەرچاوە داراییەکان لایەنی پشتیوانکار.

٣- بڕی کرێی خوێندنی ساڵانە و ژمارەی قیستەکان دەبێـت کرێـی خوێنـدن بە دراوی نیشـتمانی بێت.
٤- مەرجەکانی وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران و مەرجەکانی گواستنەوەیان.
٥- پرۆگرامەکانی خوێندن بەجۆرێك کە لەگەڵ ئامانج و فەلسەفەی ئەو یاسایەدا ناکۆك نەبێت.
٦- بنەماکانی دەرچوون و مانەوە و سیستەمی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن.
٧- بنەماکانی سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندن.
٨- زمانی خوێندن.
٩- بازنە و قۆناغ و ژمارەی ساڵەکانی خوێندن.
١٠- کارامەیی داواکراو لە فەرمانبەرەکانیاندا.
١١- چۆنیەتی دابینکردنی چاودێری تەندروستی و چالاکییە جۆراو جۆرەکان.
١٢- پەیڕەوی ناوخۆی پێشنیازکراو بۆ کارگێری.
١٣- ڕێکارەکانی بەدەست هێنانی دڵنیایی جۆری.
١٤- شوێنی دامەزراوەکە.
١٥- پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی ئەسۆ پاکی لە قەرز و باجی دەرامەت.
دووەم: ئەگەر داواکە سەبارەت بە دامەزراندنی دامەزراوەیەکی ناحکومی نێودەوڵەتی یان بیانی بێت ئەو کاتە پێویستە نوسراوێکی فەرمـی سـەبارەت بە بەدەسـت هێنـانی بەڵگەنـامەی کاندیـد بوون بۆ متمانە بەخشین (**accredition**) لەلایەن ناوەندی سەرەکی دامەزراوە نێـودەوڵەتیەکە یـان دەوڵەتە پەیوەندیدارەکە لەگەڵ داواکاریەکە هاوپێچ بکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.محی الدین)، (د.اسماعیل)، (ڕوپاك) خان، (لیزا) خان، (سوسن) خان، کاك (چیا)، کاك (بهجت)، مامۆستا (عمر)، (ڕوپاك) خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن لەسـەر مـاددەی (١٠٩) بـڕگەی سـێیەم جێگـای دەسـت خۆشـییە زۆر باشـە، بـڕگەی پێـنجەم قوتابخانە هەیە کە دەڵێ پرۆگرامەکانی خوێندن لەگەڵ ئامانج و فەلسـەفەی ئەم یاسـایە نـاکۆك نەبێت، بەڵام قوتابخانە هەیە قوتابخـانەی نێـودەوڵەتی ئێسـتا مێـژووی ئاینەکـان دەخوێنـدرێت پەروەردەی ئیسلامی هاوشێوەی ئاینەکان وەکو یەك دەخوێنرێت، ئایا ئەوە چۆن جێی دەبێتەوە لەگەڵ ئەم یاسـایە، هەروەهـا لە دووەم قوتابخـانەی نێـودەوڵەتی لە هەرێمـی کوردسـتان ئێسـتا دەبینـین ژمارەکانیـان زۆرن، مەنهەجیـان جیـاوازە لەگەڵ مەنهەجـی حکـومی دیـارە، بەڵام لە قۆناغی ئامادەیی کێشەیەکی زۆر بۆ قوتابیان دروسـت دەبێـت بەتـایبەت لە قۆنـاغی پـۆلی (١٢) چونکە زۆرینەیان یاخود بەشێکیان دەتوانم بڵێم پۆلی (١٢) تاقیکردنەوەی دەرەکیان نییە، یاخود ئێستا بۆ نمونە قوتابخانەکانی سابیز ئەگەر هەشیان بێت قوتابیان نامێنێ و مامۆستاشیان نیـیە بـۆ پـۆلی (١٢)ە، ئێسـتا لە قوتابخانەکـانی سـابیز سـەروەرانی نێـودەوڵەتی پـۆلی (١٢)ی نیـیە، مامۆستاشـی نیـیە، وەزارەتـیش تـا ئێسـتا ئەو کێشـەیەی چارەسـەر نەکـردووە، ئایـا ئەوە چـۆن چارەسەردەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (بهجت)، فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددەێ (١٠٩) پێداویستێت پێشکەشکرنا داواکاری بۆ مۆڵەتێ، هەم ماددێ (١١٠) هەردووکا ڕەبتەکا پێکڤە هەی ژبەر هەندێ ئەگەر نمونەیەکی ئەز بێژم بچیك خانییێ خۆ تۆ ئاڤا بکەی محەلەکی ژگەرەکەکی ژگەرەکێت شارەکی شارەوانی دبێت ئەویدیا مۆڵەتا خۆ بۆمن بینی، نەخشا خۆ بۆمن بینە، کانێ دێ توو چ ئاڤاکەی، چەند مەساحەتێ ئاڤا کەی، چەند تەبەقە دێ ئاڤا کەی، لەوما لڤێرێ ئەز فەرد بینم یەعنی دگەل ئەو شەرتێت وەزارەتێ دانا کە جهێ دەست خۆشینە، ئەڤە ژی لێ بێتە ئیزافەکرن، خالا چاردێ ئێکێ بێژیت شوێنی دامەزراوەکە ئەگەر گەلڤێ داخازا سایت پلانێ وێ دامەزراوێ دگەل نەخشەی بیناسازیێ وێ ژی تەلەب بکەن بۆ هەردووك مادده ماددەی (١٠٩)، مادده (١١٠) دێ کامل تر بیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەکەم لە دوای (١٥) خاڵەکە من خاڵێك زیاد دەکەم ئەویش ئەوەیە بەڵێننامەیەك بدات کە پابەند دەبێت بە مەرج و تایبەتمەندییەکانی قوتابیان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت چونکە ڕاستە لە یاساکە هەمانە کە دەبێت ژینگەی قوتابخانە وا بێت ، ژینگەی بیناکان وا بێت ئەوانە، بەڕاستی زۆرینەی موئەسەسەکان فەرامۆشیان کردووە ناگەڕێنەوە بۆی، لەم یاسایە ماددەیەکی سەربەخۆ هەیە، بەڵام زۆر زۆر گرینگە بۆ ئەوەی ئەو کەسەی دێتە پێشەوە داوای مۆڵەت دەکات بزانێ ئەرکەکانی چین؟ بەتایبەتی ئەو ئەرکە تایبەتەی لەسەرە لێرە بە خاڵێك هەبێت. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (لیزا) خان، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە بڕگەی یەکەم کە باس لە داواکاری مۆڵەت دەکات ئەگەر بێت و خاڵێکی دیکەی بۆ زیاد بکرێت بۆ ئەوەی کە ئایا توانای دامەزراوەکە بۆ وەرگرتنی قوتابی و خوێندکار چەندە بۆ ساڵێکی خوێندن؟ قوتابخانەی ئەهلی هەیە ژمارەیەکی زۆر لە قوتابی یان خوێندکار وەردەگرێت بۆ ئەوەی کە داهاتی زۆرتر بێت، ئەمەش تەئسیر لەسەر تواناکانی قوتابی لەسەر وەرگرتنی دەرسەکان دەکات، بۆیە ئەگەر مەرجێکی بۆ زیاد بکرێت کە توانای هەر دامەزراوەیەك بۆ وەرگرتنی قوتابی و خوێندکار چەندە بۆ ساڵێك باشتر دەبێت لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە بڕگەی چوارەمی ئەم ماددەیە دوو جار مەرجەکان نووسراوەتەوە بۆیە پێشنیار دەکەم بەو شکلەی لێبکرێت، مەرجەکانی وەرگرتن و گواستنەوەی قوتابیان و خوێندکاران، نەك دووجار مەرجەکان دووبارە بکرێتەوە، خاڵی پێنجەم ئاماژەی بە تەنها بە پرۆگرامەکانی خوێندن کردووە، بەشێك لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری بریتییە لە پەروەردەکردنی نەوەکان، بۆیە پێشنیار دەکەم لەدوای پرۆگرامەکانی خوێندن پەروەردەکردنیش ئیزافە بکرێت، خاڵی شەشەمیان کە باس لە بنەماکانی دەرچوون و مانەوە و سیستەمی تاقیکردنەوەش ساڵنامە دەکات پێم وایە دەبێت ساڵنامەی خوێندن بکەوێتە پێشەوە بەم شکلە بێت، ساڵنامەی خوێندن و سیستەمی تاقیکردنەوە و دەرچوون و دەرنەچوون، مانەوەکە بکرێتە دەرنەچوون، خاڵی دەیەم کە باس لە کارامەیی داواکراو دەکات، پێشنیار دەکەم نەك هەر داواکراو لە کارمەندان، لە فەرمانبەرەکانی دەکات بەڵکو کارامەیی داواکراو لە ئەندامانی دەستەی وانە وتنەوە و فەرمانبەرەکانیدا، لە هەمان کاتدا لە خاڵی چواردە پێشنیار دەکەم جگە لە شوێنی دامەزراوەکە ژینگەی دامەزراوەکەش پێویستە ڕەچاو بکرێت، پشتگیری (لیزا) خان دەکەم لەسەر ئەوەی کە توانای وەرگرتنی قوتابیان لەو دامەزراوەیە چەندە بخرێتە بەرباس، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، (د.اسماعیل)، فەرموو.
**بەڕێز اسماعیل علی طه:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەوەلی من پرسیارەك هەی، خالا سێ بێژیتن بری کرێی خوێندنی ساڵانەو ژمارە و قیستەکان دەبێت کرێی خوێندن بە دراو نیشتمانی بیت، پشتی ڤێ یاسایێ دهێتە تەتبیق کرن ڤێ گاڤێ ژیا تەتبیقە، چونکە ڤێ گاڤێ دەزانم مەدارسێ تەنێ لدهۆکێ دۆلاری دێتە وەرگرتن نە بدراڤێ نیشتمانی، جا پشتی ئەڤە دێتە پەسەند کرن یان ژی ئەمە هەر ئەڤە هەبوویە، ئەڤە ئێکی یا دوێ ئەز بینم خالا شازدێ ئیزافەکەن بێژن بەلێننامەیەکا پێشکەش کەت پابەند بی بهەمی یاسایێت کارڤەکار لکوردستانێ، یەعنی یەکی تەعەهودەکی پێشکەش کەتن مولتەزم بیتن چ یاسا هەنە مولتەزیمە بیشوانە یاسا باجێ چونکی ئەز دزانم هەندەك باجێ نادا، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، (د.ریبوار)، فەرموو.
**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هەڵبەتە ئێمە دەزانین قوتابخانەی نێودەوڵەتی جیاوازی زۆرە لەگەڵ قوتابخانەی ناحکومی، قوتابخانەی نێودەوڵەتی زۆربەی جار خاوەنەکەی کەسێکی بیانییە یان کۆمپانیایەکی بیانییە یان لقێکی ئەم قوتابخانەیە کە نێودەوڵەتییە دێنێتە کوردستان، بەڵام قوتابخانەی ناحکومی دەکرێت خاوەنەکەی خۆماڵی بێت یان کەسێکی هاوڵاتی ئەم وڵاتە بێت بەس ئیعتیماد لەسەر سیستەمێکی خوێندنی نێودەوڵەتی بکات، ئەوەی کە من دەمەوێت بڵێم بەڕێز وەزیری پەروەردە

ئەوەیە هەندێ لە خاوەنی قوتابخانە ناحکومییەکان ئەیانەوێت بەناوی نێودەوڵەتییەوە فێڵ لە کەسوکاری قوتابیان بکەن هەمان کرێی ئەو خوێندنەی کە لە قوتابخانە نێودەوڵەتی وەردەگیرێ هەمان ئەو کرێیە لە قوتابخانەی ناحکومی وەربگیرێ، بە بەڵگەی چی؟ بە بەڵگەی ئەوەی کە بەبیانووی ئەوەی کە ئیعتماد لەسەر سیستەمێکی خوێندنی نێودەوڵەتی دەکات، بۆیە حەقە وەکو وەزارەتی پەروەردە چاودێرییەکی چڕی ئەو بابەتە بکەن ناکرێت کرێی خوێندن لە قوتابخانەی ناحکومی هەمان ئەو کرێیە خوێندنە بێت کە لە قوتابخانەیەکی نێودەوڵەتیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (سوسن) خان، فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینیەکەم هەر لەسەر بڕگەی سێیەمە بڕی کرێی خوێندنی ساڵانە و ژمارەی قیستەکان، و دەبێت کرێی خوێندن بە دراوی نیشتمانی بێت، بەڕای من دەبێت کرێی خوێندن لابدرێت بنووسرێت تەنیا بڕی کرێی خوێندنی ساڵانە و ژمارەی قیستەکان بە دراوی نیشتمانی دەبێت، چەند پرسیارێکیشم هەیە لە بەڕێز وەزیری پەروەردە پرسیارەکەم یەکەم سەبارەت بە کرێی خوێندن لەو قوتابخانە ناحکومیانە ئایا وەزارەت هیچ ڕۆڵێکی هەیە لە دیاریکردنی نرخی کرێی خوێندنی قوتابخانە ناحکومییەکان؟ چونکە هەر جار بە کەیفی خۆیان کرێی خوێندن زیاد دەکەن، کەم دەکەن، پرسیاری دووەمم مەرج بوو دیاریکردنی کرێی خوێندن لەو دامەزراوانە چییە؟ ئەگەر بۆ ئێمە ڕوون بکرێتەوە چونکە لە هەندێك حاڵەت بڕواتان هەبێت گوێبیستی ئەوە بووین کە تەنانەت ئەو قوتابخانانە لە کرێی خوێندنی قوتابیان تەنانەت ئەو قوتابخانەیان تەعمیر دەکەنەوە، ئەوەش بەراستی کارەساتە بۆیە ئەگەر وەزارەت چاودێری زیاتر بخاتە سەر ئەو قوتابخانانە بۆ ئەوەی کرێی خوێندنی زیاتر لە خێزانەکان وەرنەگیرێ مەمنون دەبین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (چیا)، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگا سێ دەست خۆشی ل جەنابی وەزیری دکەین، چونکە ئەڤ پرگە زۆر زۆر گرینگە کە بدراڤێ نیشتمانی بتن، هەتا نوکە ئەکسەریەت قوتابخانە پار بدۆلار دێتە وەرگرتن، حەتا پارەی خارنێ ژی بدۆلار دێتە وەرگرتنێ، بتەنها یەك ئیزافە هەیە برگا چارێ مەرجەکانی وەرگرتنی قوتابیان من پێ باشە چونکی قوتابی ئەهلینە سەر قوتابی ئەهلی بێتە فەرز کرن ل بەرچاڤگرتنا ڕێژەکا تایبەت ماڵباتێن شەهیدا و زیندانێن سیاسی، چونکی حەقی وانە بێنە وەرگرتنێ و خالی بەری بەس لڤێرێ مەرجێ قوتابیانە ژبەر هەندێ زۆر سوپاس ئەگەر ل ڤێرێ یان وێڤەتر بێتە وەرگرتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١١٠) بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشکەشکردنی داواکاری مۆڵەت و ڕێکارەکانی وەزارەت بۆ پێدانی:

ماددەی (١١٠):

یەکەم:

١-پێشکەشکردنی داواکاری مۆڵەت لە نێوان ڕۆژی یەکەمی مانگی تشرینی دووەم و تا ڕۆژی یەکەمی مانگی ئادار دەبێت.

٢- پێشکەشکردنی داواکاری مۆڵەت دوای پێدانی ڕەسمی پێشکەشکردنی داواکاری کە لە خشتەی پاشکۆی ئەم یاسایەدا هاتووە و هەبوونی گشت مەرجەکانی ماددەی (١٠٩) لە داواکراودا دابینکردنی گشت پێداویستییەکانی ماددەی (١١٠) دەکرێت.

٣- پێش بڕیاردان لە داواکە وەزارەت مافی داواکردنی گۆڕینی داواکارییەکە و ئامادەکردنی هەر پێداویستییەکی پێویست لەو داواکارییەدا هەیە بە گۆڕینی نرخی ساڵانەی خوێندنی پێشنیارکراوەوە.

٤- وەزارەت لە ماوەی (٦٠) ڕۆژ لە ڕێککەوتی پێشکەشکردنی داواکارییەکە بە گشت مەرج و پێداویستییەکانەوە وەڵام دەداتەوە ئەگەر لەو ماوەیەدا وەڵامی نەدایەوە داواکارییەکە بە ڕەتکراو هەژمار دەکرێت.

دووەم:

١-لە ئەگەری ڕەتکردنەوەی داواکارییەکە لەلایەن وەزارەتەوە دەبێت ڕەتکردنەوەکە بە نووسراو و هۆداربێت لەو بارەدا ڕەسمەکانی پێشکەشکردنی مۆڵەت نادرێتەوە.

٢- داواکاری مۆڵەت مافی دادخوازی لە بڕیاری ڕەتکردنەوە یان وەڵام نەدانەوە لە ماوەی دیاریکراو لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێککەوتی پێڕاگەیاندنی بڕیارەکە یان دوای تێپەڕبونی شەش ڕۆژەکە هەیە.

سێیەم: لە ئەگەری پێنەدانی مۆڵەت داواکار مافی هەیە دوای نەمانی هۆیەکانی پێنەدانی مۆڵەت و پێدانی ڕەسمی نوێ جارێکی دیکە داوای مۆڵەت پێشکەش بە وەزارەت بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک (مەم)، (بدریە) خان، کاک (مسلم)، (شیرین) خان، کاک (جمال) مامۆستا (عمر)، کاک (هیمداد)، کاک (جمال)، فەرموو.

**بەڕێز جمال حویز مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم تەنها لەسەر پێناسەی ماددەکە هەیە ڕێك بخرێت بەو شێوەیە (ڕێکارەکانی وەزارەت بۆ پێشکەشکردن و داواکاری پێدانی مۆڵەت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاک (هیمداد)، فەرموو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی من دووبارە دەست خۆشی لە لیژنەی پەیوەندیدار و جەنابی وەزیر و وەزارەت دەکەم بەراستی پرۆژە یاسایەکی زۆر زۆر تێر و تەسەلە و جوانە، تێبینیەکەی من لەسەر خاڵی یەکەمە لێرە مەوعیدێك دانراوە بۆ پێشکەشکردنی داواکاری مۆڵەت لەنێوان ڕۆژانی یەکەمی مانگی تشرینی دووەم، ڕۆژانەی یەکەمی مانگی ئادار، ئەوە سەبەبەکەی چییە؟ لەبەر چ ئەو ڕۆژە دانراوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (شیرین امین)، فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە داواکاری مۆڵەت من پرسیارێکم هەیە لە بەڕێز وەزیر چی لە ماددەی (١١٠)، (١٠٩)، (١٠٨) سەبارەتە بە داواکاری مۆڵەت و وە ماددەی دواتریش، ئایا پاش ئەوەی ئەم یاسایە چووە بواری جێبەجێکردنەوە ئەم ڕێکارانە بەڵێ تەسبیت دەبێت، بەڵام بۆ پێشتر هیچ پێداچوونەوەیەك دەکرێت؟ بە نمونە من پرسیارێکم هەیە، لە باغێکی گشتیا لە قەزای کەلار مەکتەبێك دروستکراوە مەکتەبەکە کراوە بە ئەهلی من نزیکەی دوو ساڵە ئەو سکاڵایەم داوە بە داواکاری گشتی بەڵام بە حوکمی ئەوەی دەستی مەسئولێکی لەپشتەوە سکاڵاکە بەپێی پێویست ناجوڵێنرێت، کەواتە ئەو مەکتەبانەی کە هەم ئەهلین وە بەڕێکاری نایاسایی، لەسەر موڵکی گشتی دروستکراون پێشتر هەبووە یان پێش ئەم یاسایە چی ڕێکارێکی لەبەرامبەر دەکرێ؟ یاخود هیچ پێداچوونەوەیەك دەکرێت یاخود نا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (مەم برهان)، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٣)وە لە یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (٣٥)ی (٢٠٠٧) ئەوەی کە پەیوەندی بە مۆڵەت وەرگرتنەوە هەیە یان تۆمارکردنی کاری ڕۆژنامەگەرییەوە سەقفی مانگێك دانراوە ئەگەر لە ماوەی ئەم مانگەدا وەزارەت وەڵامی نەدایەوە مۆڵەت پێدانەکە موعتەرەفە یەعنی ئیتر ئەوە قبوڵکراوە، پەسەند کراوە، ئەمە چ شتێکە؟ ئەمە لە ڕوانگەیەوە کە ڕێزگرتنە لە خاوەن داخوازیەکەو ئەوەی کە داخوازییەك پێشکەش دەکات، دەبێت تۆ ڕێزی لێ بگری، دەبێ موئەسەساتی دەوڵەتی بە بایەخەوە تەماشای داخوازییەکان بکات، خاوەن کارێك داوای کردنەوەی مەکتەبێکی حکومی دەکات دامەزراوەیەکی ناحکومی دەکات ئێ کە ئەم پرۆژەیە تەقدیم دەکات پارەی تیا سەرف دەکات لەم حاڵەتەدا ئێوە (٦٠) ڕۆژتان داناوە لە ماددەی (٤)دا ئەگەر (٦٠) ڕۆژەکە وەڵامی نەدایەوە واتا قبوڵ نەکراوە، ڕەفز کراوە، لە کاتێکدا بە بڕوای من ئەوە دەبێت وەڵام بدرێتەوە هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەکەی پێ بوترێت، بۆیە باشتر وایە وا موتتەبەعترە مەسەلەی بڕگەی چوارەم ئەوە باسکرا لەدوای (٦٠)

ڕۆژەکە ئەگەر وەڵامـی نەدرایەوە ئەوە بە مـۆڵەت پێـدراو دادەنرێـت، ئەگەر وای لێکـرا خـاڵی دووەمیـان ئەوەی دواتـر لە بـڕگەی دووەم وای لێبکرێـت (داواکـاری مـۆڵەت مـافی داخـوازی لە بڕیاری ڕەتکردنەوەکە)، واتا یـان وەڵام نەدانەوەکەی لە مـاوەی دیـاریکراو لابرێـت، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەوە بەو شـێوەی لێبکرێـت، ڕەتکـردنەوەکە لە مـاوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێککەوتـی ڕاگەیانـدنی یـان تێپەڕبـوونی (٦٠) ڕۆژەکە هەیە، واتـا پێویسـت دەکـات وەزارەت ئەم جـۆرە داخوازیـانە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرێت، بەو شێوەیە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا (عمر)، فەرمووە.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پشـتگیری لە قسـەکانی کـاك (مەم) دەکەم، موئەسەسـەکانی حکـومەت ئەبـێ پشـتگیری وەبەرهێـنەران بـکەن، هـانی وەبەرهێنـان بـدەن لە ڕێکـارە کارگێرییەکـان، مـادەم ئەمە مـافێکی دەستوورییە دروستکردنی قوتابخـانە و ناوەنـدی پەروەردەیـی نـاحکومی بـۆیە پێشـنیار دەکەم وەزارەت لە مــاوەی (٣٠) ڕۆژدا لە ڕێکەوتــی پێشکەشـکردنی داواکــارییەکە بە گشــت مەرج و پێداویستییەکان وەڵام بداتەوە، ئەگەر لەو ماوەیە وەڵامـی نەدایەوە ئەوەی تیـا نەبێـت بە هـیچ جۆرێـك وەزارەت موئەسەسـەیەکی گەورەیە پسـپۆری هەیە، شـارەزایی هەیە، لیـژنەی هەیە، کارمەندی هەیە، یەعنی ئەمە فەرامۆشکردنی داواکاریەکەیە، پاشان (٦٠) ڕۆژ دوو مانـگ دەکـات هەر خۆی لەولا کاتی تەقدیمکردنی مـۆڵەت نیشـان کـراوە وابـزانم یـان سـێ مـانگە چـوار مـانگە شـتێکی ئـاوایە مەحـدودە، جـا لە (٦٠) ڕۆژیشـدا وەڵامـی نەدەیـتەیەوە و دوای ئەو خەریکـی ڕێککـردنەوەی مەرجەکـان بێـت ئەوە دیسـانەوە سـاڵیکی لە کـیس چـوو، دەبێـت دیسـان دەبـێ ساڵێکی تر مۆڵەت... بەڕاستی ئەمە قورسە، ئیزعاجکردنی وەبەرهێنەرانە، خـاڵیکی تـر لە بـڕگەی دووەمدا خاڵی یەکەم دەڵـێ (پـارەی ڕەسمەکەشـی بـۆ نـادرێتەوە) یەعنـی وەزارەت وەڵامیشـی نـاداتەو، پـارەی ڕەسـمەکانیش نـاداتەوە، ئەوە هەسـت دەکەم ئیجحـافە بە حەقـی وەبەرهێـنەر، ئەگەر لە کاتی یاسایدا وەڵام درایەوە ئەوە ڕەسمەکانی بـۆ نەگەڕێنـرێتەوە، واتـا ئەگەر وەزارەت پابەند بوو لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا یان ئەو ڕۆژەی دەچەسپێ وەڵامـی دایەوە قەی چـی دەکـات بـا ڕەسمەکانی بۆ نەگەڕێنرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (بدریە) خان، فەرمووە.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددە (١١٠) بـڕگەی یەکەم، خـاڵی چـوارەم هەمـان پێشـنیاری کـاك (مەم)م هەبـوو پشـتیوانی لـێ دەکەم، بەڵام لێـرەدا کە دەچیـتە بـڕگەی دووەم لێـرە کە وەڵام نـاداتەوە دەچیـتە بــڕگەی دووەم تێکگیرانێــك هەیە کە دەڵــێ (لە ئەگەری ڕەتکــردنەوەی داواکــاریەکە لەلایەن وەزارەتەوە دەبێت ڕەتکردنەوەکە بە نووسراو هۆدار بێت لەو بارەدا ڕەسمەکانی پێشکەشکردنی

مـۆڵەت نـادرێتەوە)، ئەمە لێـرەدا لەگەڵ خـاڵی چـوارەمی بـڕگەی یەکەم تێکگیرانێـك هەیە، پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا (عمر) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتەڤانیا کاك (مەم)ی دکەم، بەس ئەز دبێژم پێتڤیـا ل سـەر وەزارەتـێ مـودەی (٦٠) رۆژا دا وەڵامـی بـداتەڤە یـان قەبـولکرنێ یـان رەفـز کرنـێ، ئەمـا ئەکە بێژیـت نە رەفـز کـربیتن جـواب نەدابیتەڤە برەفزێ حسێب بیت فیعلەن دێ زەرەرمەند بیتن، چونکی دخیلا ڤان هەیڤاچ دەبیـت گەلەك تەهیەئێ و گەلەك کارێت خۆ بکەتن و هەمی ژی تێچ و مەسـرەفە، ژبەر هنـدێ ئەز نـابینم ئەڤەیا عادل بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (مسلم)، فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـارە لە خـاڵی چـوارەم  لە مـاددەی (١١٠) بـاس لە ئەگەری داوی تێپەڕبـوونی (٦٠) رۆژ لە وەڵام نەدانەوەی بە رەتکـراوە حیسـابە، بەڵام لە خـاڵی دواتـردا رێـگە دروسـتەکە ئەوەیە کە هۆکـاری رەتکردنەوەی مۆڵەتەکە بنووسرێ و وەڵامیش بداتەوە، بۆیە داوا دەکەم ئەو بەشەی ئەخیـری کە وەڵام نادرێتەوە لە خاڵی چوارەم لابرێت، چونکە لە بڕگەی دووەمدا بە وازحترو بە تەندروسـت تر نووسراوە، کە وەڵام بدرێتەوە، هۆکارەکەشی بنووسـرێ، چـونکە لە خـاڵی سـێیەمدا دەڵـێ (لە ئەگەری پێنەدانی مۆڵەتەکە خاوەن مۆڵەت دەتوانێ گرفتەکەی چاك بکات دووبـارە داوا بکـاتەوە کە مۆڵەتی نوێ پێشکەش بکات)، پشتگیری لە قسەکانی مامۆسا (بدریە)، مامۆستا (عمر) دەکەم بۆ ئەوەی کە ئەگەر هاتوو داواکار مۆڵەتەکەی رەتکراوە لە باجەکە ببەخشرێ، یاخود رەسـمەکەی پێ بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١١١) مان بۆ بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لقی چوارەم: پێدانی مۆڵەت و دەرئەنجامەکانی

ماددەی (١١١):

یەکەم: تەنها پاش بڕیاری وەزیر بە پێدانی مۆڵەت و بەجێهێنانی ئەم ئەرکانەی خوارەوە مـۆڵەت بە کارپێکراو هەژمار دەکرێت:

١-پێدانی رەسمی دامەزراندن.

٢- دانانی دڵنیایی بانکی بە بڕێك كە وەزیر بە ڕێنمایی بڕیاری لێ دەدات و بۆ ماوەی (٣) ساڵ دەبێت، ئەویش بۆ دڵنیابوون لە بەڕێوەبردنی کاری دامەزراوەکە و بەشێوەیەکی باش، لەکاتی نوێکردنەوەی مۆڵەتدا دامەزراوەکە پابەند دەکرێت بە نوێکردنەوەی دڵنیایی بانکی.

٣- پێشکەشکردنی ئەو پێداویستیانەی دیکە کە وەزارەت بە پێویستی دەزانێت.

دووەم: پێدانی مۆڵەتی باخچە و قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومییەکان بەپێی پێویست و پلانی وەزارەت و جۆری پسپۆڕییەکان دەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم، خاڵی دووەم من پێشنیار دەکەم لێرە بڕەکە دیاری بکەین ئەویش بە بڕێك (٥%) کۆی سەرمایەی خەملێنراوی پرۆژەکە بێت، بەشێوەی نەقدی لە بانك، یەعنی ئیشێکی زۆر قورس نییە دەکرێت سەرمایەداریش پابەند بکرێت بەو بڕە پارەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(سوسن) خان، فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم لێرە بڕگەیەك زیاد بکرێت، لیژنەیەك دوای ئەوەی کە ئەو دامەزراوەیە هاتە تەئسیسکردن لەلایەن وەزارەتەوە سەردانی ئەو قوتابخانەیە بکات بۆ ئەوەی بزانین ئایا تەواوی ئەو مەرجانە ڕەچاو کراون یان نا، چونکە ئێمە بینیومانە لە هەندێك لە قوتابخانەکان بەراستی بۆ نمونە باخچەیە بۆ قوتابیان دابین نەکراوە دوای ئەوەی کە قوتابییەکان وەرگیراون لە تەواوی ئەو کاتەی خوێندن هەم تەعمیرات دەکرێت، هەم باخچە دروست دەکرێت، ئەویش لەگەڵ ئەو ڕێنمایی و ئەو یاسایە بەراستی ناگونجێت، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم لیژنەیەکی وەزارەت چاودێر بیت و سەردانی ئەو قوتابخانانە بکات کە تەواو دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەو، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١٢):

یەکەم: ڕێگە بە دەست بەکاربوونی هیچ دامەزراوەیەك نادرێت و ناتوانێت قوتابی و خوێندکار وەربگرێت تا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە مۆڵەت وەرنەگرێت.

دووەم:

١-ئەو کەسەی مۆڵەتی دامەزراندنی دامەزراوەیەکی ناحکومی وەردەگرێت دەبێت لە ماوەی یەك ساڵ لە ڕۆژی وەرگرتنی مۆڵەتەکە دامەزراوەکەی دەستبەکاربێت و تەنها یەك جار و بۆ ماوەی یەك ساڵ و ماوەکەی بۆ درێژ دەکرێتەوە.

٢- ئەگەر دروستكردنی تەلاری دامەزراوەكە بەپێی مەرجەكان زیاتر لە دوو ساڵی لە رۆژی وەرگرتنی مۆڵەت خایاند دەكرێت ماوەی یەك ساڵی تریش بدرێت بە خاوەن مۆڵەت بە مەرجێك رەسمەكان بدات.
٣- درێژكردنەوەی ماوەكاتی هاتوو لە خاڵەكانی (٢،١)ی ئەم بڕگەیە بە بڕیاری وەزیر لەسەر داوای خاوەن مۆڵەت و پێشنیاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی ناحكومی دەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كاك (علی) لە ماددەی پێشووتر باسی كرد بلفعل واقیعە ژمارەیەكی زۆر پرۆژەكانی وەبەرهێنان بینای داینگە یان بینای قوتابخانەیان دروست كردووە خۆیان بەكاری دەهێنن، بۆیە من بڕگەیەك پێشنیار دەكەم لەم ماددەیەم بە باش زانی، بە زنجیری چوارەم مۆڵەتی ناحكومی بە بینایەك نادرێت كە لە چوارچێوەی پڕۆژەكانی وەبەرهێنان دروستكراون و موڵكی گشتین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش، (د.رێبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماوەی دوو ساڵی رابردوو مەعمەعەیەك دروست بوو لەسەر قوتابخانەیەكی نێودەوڵەتی بە هۆكارێكی سیاسی وڵاتێك تەدەخولی كرد كە من نامەوێت ناوی قوتابخانەكە و حكومەتەكە بێن، دەوڵەتەكە، بە هەر حاڵ هەر چۆنێك بێت ئەو قوتابخانەیە مافی موڵكداری لێ وەرگیراوە لە كۆمپانیایەكە كە قوتابخانەیەكی نێودەوڵەتی بە كەسێكی سەرمایەدارێكی هەولێر درا، ئایا ئەم قوتابخانەیە ئێستا بە نێودەوڵەتی هەژمار دەكرێت یان بە قوتابخانەی ناحكومی هەژمار دەكرێت؟ ئایا دوای ئەوەی كە خاوەنداریەتیەكەی چوو بۆ كەسێك بابڵێین سەرمایەدارێكی كوردستانە، ئێستا هەموو مەرجەكانی قوتابخانەی نێودەوڵەتی بەشێك لە مەرجەكان دابین ناكات، بۆ نمونە تەتبیق ناكات، بۆ نمونە لە كلاسێكا بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی كە پێویستە (١٥-٢٠) قوتابی تێدا بێت ئێستا (٤٠-٤٥) قوتابی تێدایە، یەعنی گۆڕانكاری كراوە لە مەرجەكانی، ئایا وەكو وەزارەتی پەروەردە چۆن مامەڵەتان لەگەڵی كردووە؟ ئاگاداری ئەو تەفاصیلەن؟ بەڕێز وەزیری پەروەردە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (١١٣)، فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لقی پێنجەم: نوێكردنەوەی مۆڵەت:

ماددەی (١١٣):

یەکەم: دەبێت داواکاری نوێکردنەوەی مۆڵەت پێش بەسەرچوونی مۆڵەتی کارپێکراو لایەنی کەم بە سێ مانگ پێشکەش بە وەزارەت بکرێت.
دووەم:
١-نوێکردنەوەی مۆڵەت هەر سێ ساڵ جارێك دەبێت.
٢- رێکارەکانی نوێکردنەوەی مۆڵەت بە رێنماییەك کە وەزیر دەری دەکات رێك دەخرێت بە رەچاوکردنی ئەوەی کە وەزارەت دەبێت لە ماوەی (٣٠) رۆژدا لە رۆژی پێشکەشکردنی داوای نوێکردنەوەی مۆڵەت بە گشت پێداویستییەکانیەوە بڕیار لەسەر نوێکردنەوەی یان رەتکردنەوەی داواکە بدات.
٣- ئەگەر گشت مەرجەکانی نوێکردنەوەی مۆڵەت لە داواکاریەکەدا هەبوو مۆڵەتەکە نوێ دەکرێتەوە.
٤- لە کاتی نوێکردنەوەی مۆڵەت دامەزراوە ناحکومییەکان مافیان هەیە لەسەر هەمان نرخی ساڵانەی خوێندن کە پێش نوێکردنەوەی مۆڵەت هەیان بووە بەردەوام بن.
٥- ئەگەر نوێکردنەوەکە سەبارەت بە دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی یان بیانی بوو دەبێت دامەزراوەکە نوسراوی متمانە (**accredition**) نەك کاندیدبوون لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکە یان دەوڵەتە بیانییەکە هاوپێچ بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەی هەیە؟ (د.شایان)، فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە خاڵی سێیەمی بڕگەی دووەم تحصیل حاصڵە، یەعنی ئەگەر هاتوو مەرجەکانی نوێکردنەوە هەموو مەرجەکانی تێدابوو ئەی خۆ مۆڵەتەکەی هەر پێ دەدرێ، بۆیە پێم وایە لابرێت ئەوە باشترە، کە هەموو مەرجەکانی تێدا بوو مۆڵەتەکە هەر وەردەگرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لقی شەشەم: دەستبەرداربوون لە خاوەنداریەتی مۆڵەت و گواستنەوە:
ماددەی (١١٤):
یەکەم: خاوەنی مۆڵەت تەنها پاش تێپەڕبوونی (٤) ساڵ بەسەر دامەزراندنی دامەزراوەکە بەشێوەیەکی کرداری مافی دەستبەرداربوونی خاوەنداریەتی مۆڵەتەکەی هەیە.
دووەم:
١-خاوەن مۆڵەت ناتوانێت بێ رەزامەندی فەرمی وەزارەت و هەبوونی گشت مەرجەکان لەو کەسەی داواکاری ببێتە خاوەنی دەستبەرداری مۆڵەتەکەی ببێت.

٢- لەکاتی هەبوونی مەرجەکان لە داواکاردا وەزارەت داواکاریەکە پەسەند دەکات لە ماوەیەك کە نابێــت لە (٦٠) ڕۆژ تێــپەڕ بکــات لە ڕێککەوتــی پێشکەشــکردنی داواکــاریەکە بە گشــت پێداویستییەکانیەوە.

سـێیەم: مـۆڵەت نادرێـت بە هـیچ کەسـێك کە لە مـاوەی (٦) سـاڵی پێشـتر دەسـتبەرداری خاوەنداریەتی مۆڵەتەك بێت کە مۆڵەتەکەی هەڵوەشێنرابێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ دکتۆرە، فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێیەم هەمان ناوەڕۆکە لەگەڵ بڕگەی حەوتەمی ماددەی (١٠٨) یان ئەوەتـا دەتـوانین ئەو بڕگەیە لابەرین لە بڕگەی حەوتەم تەنها ئەوەندە زیاد کەیـن لە کۆتـایی دێـرەکە یـان مـۆڵەتەکەی هەڵوەشێنرابێتەوە یان ئەوەی تر لابرێت واتـا بـڕگەی حەوتەمـی مـاددەی (١٠٨) لابرێـت و ئەوە بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستتان خۆش بێت، کاك دکتۆر، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خالا سیێ من تێبینیا لسەر مـۆڵەت نادرێـت بە هـیچ کەسێك کە لە مـاوەی (٦) سـاڵ پێشـتر، ئەز بێــژم نــا ســاڵی تەحدیــد نەکــر بەس ئەم جــار تەحدیــد کەیــن مەڕڕە بێــژین یەکجــاریش ژی دەسبەرداری خاوەنداریەتی بیـت جـارێکی تـر مـۆڵەتی پـێ نادرێـت، نە بەس بـوو سـاڵ، چـونکە مەعنا وێ بوو خۆ تیجارەت دکەت مۆلەت وەردەگری، مۆلەت دەفروشی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، (گلیزار) خان، فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەك ئاڕاستەی وەزیر دەکەم حیکمەت لەوە چییە کە تیپەڕبوونی (٤) سـاڵ حەق تصـروفی تێدا هەبێت؟ حیکمەت لەوە چییە لەو چوار ساڵە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوای ئەوە ماددەیەکمان بۆ بخوێننەوە، ماددەی (١١٥)، فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١٥):

یەکەم: لە حالەتی مردنی خاوەن مۆڵەت مۆڵەتەکە بۆ میراتگرەکەی دەگوازرێتەوە و بە مەرجێك گشت مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی هاتوو لەم یاسایەدا لە میراتگردا هەبێت.

دووەم: لە کاتی بوونی مەرجەکانی ئەم یاسایە لە میراتگردا میراتگر یان نوێنەرێکی دەتوانێت کەسێك کە مەرجەکانی تێدا بێت بە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکە هەڵبژێردرێت، هەروەرها دەتوانێت دامەزراوەکە بفرۆشێت یان دەستبەرداری بێت بۆ کەسێك کە مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی تێدابێت.
سێیەم: ئەگەر مەرجەکانی وەرگرتنی مۆڵەت لە میراتگردا یا ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات بوونی نەبوو ئەوا دامەزراوەکە دەفرۆشرێتەوە یان دەستبەرداری دەبێت بۆ کەسێك کە مەرجەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی تێدا بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بینم خالا سێیێ یەعنی پێتڤیا وازحتر لێبێت باشە ئەگەر نەهاتە فرۆتن ئەگەر ئەو مەرج دکەسێدا نەبوو دێ مەسیرێ وان قوتابیان ڤێ دڤێ دامەزراوەیێ دێ چبیت؟ یەعنی پێتڤیا دیماهیکێ ئەگەر ئەڤە ئەڤە ئەگەر ئەڤە هەمی چێ نەبوو حکومەت وەکو وەزارەتا تەربیێ رێڤە ببەت بەردەوامی رێڤەبردنا وێ دا بدات حەتا بگەهیتە قۆناغەکا سڵامەتیێ، تۆ نا چبیت دوو ساڵ بمینی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.رێبوار)، فەرموو.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسیری قوتابی، چارەنووسی قوتابی زۆر گرینگترە لە دامەزراوەك، یەعنی لەناکاو ئەگەر ئەو بڵێین میراتگرەکەی ئەو مەرجانەی تێدا نەبوو، دامەزراوەکە فرۆشراوە، ئەی چارەنووسی قوتابیەکان، ئەمە پرسیاری یەکەم، پرسیاری دووەم لە حاڵێتێکدا ئەگەر فرۆشرا ئایا پارەکەی بۆ خەزینەی حکومەت و وەزارەتی پەروەردە دەبێت یان چی لێدەکرێت ئەو پارەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١٦):

یەکەم: دامەزراوەی ناحکومی مافی گواستنەوەی بۆ تەلارێکی تر هەیە.

دووەم: مەرجەکانی گواستنەوەی دامەزراوەکە لە تەلارێك بۆ تەلارێکی دیکە بە رێنمایی کە وەزیر دەری دەکات رێك دەخرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری چوارەم: بارەکانی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت

ماددەی (١١٧):

لە هەر یەك لەم بارانەی خوارەوەدا ئەرکی وەزارەتە لە ماوەی (٦٠) رۆژدا مۆڵەتی دامەزراوەی ناحکومی هەڵوەشێنێتەوە:

یەکەم: کاتێك دامەزراوەیەك دەفرۆشرێت یان خاوەنەکەی دەستبەرداری دەبێت بەبێ رەزامەندی فەرمی وەزارەت.

دووەم: کاتێك دامەزراوەیەك بەردەوام دەبێت لە داخستنی دەوام بەڕووی قوتابیان و خوێندکاران زیاتر لە یەك هەفتە و بێ هۆی رەوا و بێ گوێدان بە هۆشداری فەرمی وەزارەت.

سێیەم: کاتێك دامەزراوەیەك دەگوازرێتەوە لە تەلارێك بۆ تەلارێکی دیکە بێ رەزامەندی فەرمی وەزارەت.

چوارەم: کاتێك خاوەنی مۆڵەت لەکاتی دیاریکراودا داوا سەبارەت بە نوێکردنەوەی مۆڵەت پێشکەش بە وەزارەت ناکات بێ گوێدان بە هۆشداری دووبارەی وەزارەت سەبارەت بە بەسەرچوونی مۆڵەتی کارپێکراو.

پێنجەم: کاتێك دامەزراوەیەك لەو کاتەی بەپێی بڕیاری مۆڵەت بۆی دیاریکراوە دەستبەکارنابێت بێ بوونی پاساوێکی رەوا کە لەلایەن وەزارەتەوە پەسەند کرابێت.

شەشەم: کاتێك دامەزراوەیەکی ناحکومی نیودەوڵەتی یان بیانی متمانەی ئەکریدیتەیشنی ئەکادیمی لەدەست دەدات لەو کاتەدا دامەزراوەکە دەکرێت بە دامەزراوەیەکی خۆماڵی.

حەوتەم: کاتێك سەلمێنرا کە بڕیاری پێدانی مۆڵەت لەسەر بنەمای بەڵگە و نوسراوێکی ساختە بێت.

هەشتەم: کاتێك خاوەن مۆڵەت پاش ئاگادارکردنەوەی دووبارەی فەرمی لەلایەن وەزارەتەوە بەڵگەنامەی ئەستۆپاکی پێشکەش نەکات.

نۆیەم: کاتێك دامەزراوەکە پابەند نابێت بە ئەرك و پابەندی یاسایی و کارگێریەکانی سەرەڕای هۆشداری دووبارەی وەزارەت.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (د.رێبوار)، فەرموو.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی حەوتەم کە باس لە سەلماندنی بەڵگەنامەکە دەکات ئایا تەزویرە یان راستە، ئەوە پێویستە پێش پێدانی مۆڵەت، دەبێت وەزارەتی پەروەردە ئەرکی بەدواداچون بکات ئایا کە ئەو بەڵگەنامانە دروستن یان نا؟ ئەگینا کە کەوتە دوای مۆڵەتەکە من پێم وایە ئەمە وەکو تێبینی وەربگیرێت.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.شایان)، فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو لایەك ماندوو نەبن، هیوادارم تەحەمولی ئەو موداخەلەیەم بکەن، بەڕێزان لە لاپەڕە (١٠١) مەرجەکانی بەخشینی مۆڵەتی دامەزراوەی ناحکومی لەو لاپەڕەیەدا باس لە بڕگەی چوارەمی ماددەی (١٠٨) ئاماژە بەوە دەدات بەڵگەنامەی ئەستۆ پاکی لەگەڵ داواکاری مۆڵەت پێشکەش دەکات، ئەوەی کە داوای مۆڵەت دەکات، لە خاڵی (١٥)ی بڕگەی (١)ی ماددەی (١٠٩) بەڵگەنامەی ئەستۆ پاکی یەکێکە لە خاڵەکانی پێداویستییەکان لەکاتی پێشکەشکردنی مۆڵەت، کەواتە ئەگەر هەر لە سەرەتاوە بەڵگەنامەی ئەستۆ پاکی نەبێت مۆڵەتی نادەیتێ کەواتە چۆن لێی دەستێنیتەوە، من وەها تێی گەیشتووم، لەگەڵ پێشکەشکردنی مۆڵەتەکە بەڵگەنامەی ئەستۆپاکیش پێشکەش دەکات، ئەگەر بەڵگەنامەی ئەستۆ پاکیەکەی هەبوو ئەوجا مۆڵەتەکەی دەدەیێ، یەعنی کەواتە چۆن مۆڵەتت داوەتێ لێرانە هەتا هەڵی وەشێنیەوە لە خاڵی هەشتەم، بۆیە پێم وایە دەبێت ئەو خاڵە لابردرێت، ئەگەر روونکردنەوەشی پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دواتر دەرفەت دەدەین، (د.اسماعیل)، فەرمو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خالا سێی بێژیتن کاتێك دامەزراوەیەك دەگوازرێتەوە لە تەلارێك بۆ تەلارێکی دیکە بێ رەزامەندی فەرمی وەزارەت. ئەز بێژم ئەو رەزامەندی بلا ببیتە بێ ئاگەهداری نە رەزامەندی چونکە ئەڤە واقیعەن لکوردستانێ دروست بوو دەمێ کۆرۆنا چێ بووی هەندە مەدارسێت هەندە بینایەتا ئاڤا بوون گەلەك کراوەنە زێدەیا گران بوو، تەواصل دگەل وەزارەتا تەربیێ کرن ئەم نەشێین تەکالیفا کرێ بدەین مەدڤێت ئەم نەقل ببین، وانا گوتی دەوام نینە، ئەو مەجبوربوون خۆ نەقل کرن، وەکو خۆ ڤەگواستین هاتنە سزادان و عقوبەکرن، عقوباتێ گران ژی بوون، سەد ملیۆن هاتیە عقوبەکرن، فە ئەڤە نەیا عەمەلییە، ئەز بێژم نە بێ رەزامەندی بێژیت بێ ئاگەهداری، مادەم ئاگەهداریا وانا کرییە چونکو هەندە جاران هەندەك زروفێت قەهارن، باشە مەدرەسەك هاتە خارێ هەرڤت هەرڤت تەواو یەعنی هەدم چێبوو هەرڤت ئێ باشە پێویستە رۆژا باشتر بێنە ڤەگواستن، ئەو رەزامەندیا فەرمیا رەسمی موحتاجی رێکارانە، داخازەکا، تەلەبەکا، مواجەها وەزیرییە، مواجەها مودیر عامییە، شینا ئەوێ خرێ بی بێژنێ بێئاگەهداریا وەزارەتێدا یەعنی رێك ساناهیتر لێبکەڤیتن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە، بەڵێ بەڕێز وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز ئالان حمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس بۆ ئەوەی کەڵەکە نەبێت وەڵا لەو مولاحەزەی (شایان) خان دەستپێدەکەم دەمەوێت یەك تەوزیح بۆ جەنابی بدەم، ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەی لە ماددەی (١١٧) تێبینیەکە ووردە، بەڵام خاڵی هەشتەم دەڵێ (کاتێك خاوەن مولك) یەعنی ئەم کەسە مۆڵەتەکەی وەرگرتووە، بەڵام

ئێمە فەقەرەیەکمان هەیە لە دواوە باسی تازەکردنەوەی مۆڵەت دەکەین سێ ساڵ جارێك، یەعنی تۆ مۆڵەتەکی قوتابخانەیەکی ئەهلیت هەیە ئینجا دێی لە تازەکردنەوەدا دەبێت ئەستۆ پاکی بێنیتەوە، ئەگەر داوامان لێکردی ئەستۆپاکیت نەهێنایەوە ئەو رێکارەت بەرامبەر دەگیرێت، بەڵام ئەوەی لە ماددەی (١٠٨) هەیە ئەوە بۆ ئەو کەسەیە کە یەکەم جار تەقدیمی مۆڵەت دەکات، وازحە؟ ئەوە سەبارەت بەوە، سەبارەت بەوەی کە بەڕێزان هەندێك تێبینیان هەبوو (روپاك) خان باسی قوتابخانەیەکی کرد نێودەوڵەتی بەڵام ناوی نەهێنا، باسی قوتابخانەی (سابیس)ی کرد، (سابیس) پۆلی دوازدەیان نەماوە لە سەروەران، قوتابیەکان نەقڵ بوون، لەبەر ئەوە کێشەی ئەوەیان نەبووە، بەڵام منداڵەکان دەیانەوێت بە ئیمتیحانی لۆکاڵ ئیمتیحان بکەن، کاك (بهجت) تێبینی هەبوو سوپاس بۆ تێبینیەکان، ئەوەی (لیزا) خان سەبارەت بە عەدەدی قوتابیان جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی پێداوە ئەو پرۆژە یاسایە دەڵێ (هەر قوتابخانەیەك مۆڵەتی نوێ وەردەگرێت بۆی نییە یەك ساڵ لە سێ پۆلی خوێندن زیاتری هەبێت) واتا پۆلی (٣،٢،١)، دوای ئەوە بەگوێرەی مەساحە حەدەدی قوتابیەکان دیاری دەکرێت، ئەوەی کاك (محی الدین) ملاحەزەیان لە خاڵی شەشەم دروست بوو، کاك (اسماعیل) مولاحەزەی هەیە، بۆ داواکاری نوێ یان کۆنە لە ماددەی (١٠٩)، بەراستی ئەمەی لێرە هەیە بۆ داواکاری نوێیە، بەڵام ئێمە دەتوانین بۆ داواکاریە کۆنەکانیش ئەوانەی مۆڵەتیشیان کۆنە دەتوانین بیکەنە دراوی نیشتمانی بەڵام دەبێت مراعاتی قوتابخانەی ئینتەر ناشناڵ بکەین، مامۆستایان ئەجنەبییە، کتێبیان لە کۆمپانیای ئەجنەبی دەکڕن، براندیان و تەعامولیان و ئیشرافیان لەگەڵ موئەسەساتی دەولییە، ئەوانە بە دۆلار پارە دەدەن، یەعنی دەبێ حیسابی ئەوە بکرێت سعری دینار و دۆلار ئیستقرار نەکان ئەگەر بۆ ئەوان ئیسنا بکرێت، ئەگەرنا دەکرێ هەموو ئەوانی دی وای لێبکرێت، کاك (ریبوار) بە دڵنیایی چاودێری هەبووە و سزاش هەبووە، بەس لە ساڵی (٢٠٢٠) دا سێ سەد و پەنجا ملیۆن دینار سزای قوتابخانە ناحکومیەکان دراوە ئەوە هەر وەکو زانیارییەك بۆ خۆت، ئەوەی (سوسن) خان تێبینیەکەتان دروستە بەڵام وەزارەت کە مۆڵەت دەدات (سوسن) خان نرخی دیاری کردووە، نرخەکان لە مۆڵەتەکاندا دیاری دەکرێت، بەگوێرەی ئەو تێچووە نسبەیەك لە ئەرباح دیاری دەکرێت بۆ قوتابخانەی خۆماڵی بۆ قوتابخانە لۆکاڵیەکانیش سعرەکان دەنووسرێت، سەبارەت بە (گلیزار) خان پرسیاری کرد بۆچی حیکمەت چییە تا چوار ساڵ بۆی نییە مۆڵەت وەرگرێتەوە، بەراستی وەکو ئەوەی کە ئەو بەڕێزە وتی بۆ ئەوەی مۆڵەت نەفرۆشرێتەوە، یەعنی من ئیستا بڕۆم تەقدیمی کەم من مۆڵەتەك وەربگرم با مەحسوبیەت و مەنسوبیەت بچم بیفرۆشمەوە بە (١٠) دەفتەر خێر ساڵێکی دیکەش بچم مۆڵەتەکی دیکە تەقدیم کەمەوە، ئەو کەسەی کە مافی خاوەندارێتیەکە دەستبەردار دەبێت مانای وایا وازی لەو کارە هێناوە، ناکرێت ئەو دەرگایە بکرێتەوە بەراستی، سەبارەت بەوەی مامۆستا (اسماعیل) باسی مەسیری ئەو قوتابیانەی کرد چیان بەسەر دێت؟ مامۆستا (اسماعیل) پێمان وابێ لە ماددەی (١٢٠) هەڵە نەبم ئاماژە بەوە دراوە لە حاڵەتێکدا بڕیاری داخستنی دامەزراوەیەك بدەی هێشتا خوێندن تەواو نەبووبێت قوتابخانەیەك بەڕێوەبردنێکی هاوبەش دەبێت، تێچووەکەی هەموو لەسەر حیسابی خاوەنەکەی دەبێت، بۆ ساڵی ئایندەش دەبێت زەمان گواستنەوەی ئەو قوتابیانە بکرێت بۆ قوتابخانەیەکی دیکە یان حکومی یان ناحکومییە، بەڵام زەمانی قوتابیەکان

هەمووی کراوە لەناو ئەم پڕۆژە یاسایە، سەبارەت (شیرین) خان ئەو مەکتەبەی لەسەر موڵکی گشتی بنیاتنراوە ئێمە هەر لەسەر ئەوەی کاك (یاسین)یش من بیرم چوو ئەوەی کاك (یاسین) باسی دەکات ئەگەر ئەو قوتابخانەیە بێت ساڵی (٢٠١٨)یە ئێمە داوای یاساییمان تۆمار کردووە، داواکاری گشتی لەناو لیژنەدا لیژنەی تەحقیقمان لە وەزارەتی پەروەردە دروست کردووە و ئەنجامەکانیشی پێری کۆنوسەکە خراوەتە دەستی من، بەڵام هی ساڵی (٢٠١٨)یە، سەبارەت بەوەی کاك (مەم) دەفەرموێت بۆ دەبێت ئەو ماددەیەی کە دەڵێت ( لە ماوەی شەست رۆژ خاڵی چوارەم ئەگەر وەڵام نەدرێتەوە) من لەگەڵ ئەوەم خاڵی چوارەم لابرێت ئەو تێبینیە دروستە، بەڵام سەبارەت بە ماوەی شەست رۆژەکە بۆچی؟ لەبەر ئەوەی هەر کەسێك تەقدیمی مۆڵەت دەکات بۆ وەزارەتی پەروەردە یەکسەر مۆڵەتی پێ نادرێت حەقدە دائیرەی مەعنی لە هەرێمی کوردستان دەکات بە شارەوانییەوە، بە ئەتفاوە، بە صحەوە، بە ئاسایشەوە، بە هەمووو ئەو جیهەتانە هەمووی نوسراوی بۆ دەڕوات، ئەو نوسراوانە دەبێت پشتراست بکاتەوە لەلایەن ئەو دائیرانەوە بیهێنێتەوە ئینجا دواجار دەبێتە مۆڵەت، (سوسن) خان فەرمووی بۆ لیژنەیەك نییە بچێ سەردانی بکات؟ ئاخیر جار لیژنەی هەندەسی دەچی هەموو میعیارەکانی تیا نەبێت کۆنووسی بۆ بەرز ناکاتەوە تاوەکو وەزیر فەرمانەکەی پێ بدات، لە ئێستایا بابەتەکە وایە، ئەوەی مامۆستا (عمر) فەرمووی بۆ خیطاب زەمان ئاساییە ئەگەر نیسبەتێکیش دیاری بکرێت، بەڵام ئەگەر دیاریش نەکرێت دەکرێت دوایی بە رێنمایی ئەو بابەتە دیاری بکرێت، دەکرێ قوتابخانەی حکومی و ئەهلیش دروست بکات، لە ماددەی (١١٢) دەڵێ (رێگە بە دەستبەکاربوون هیچ دامەزراوەیەك........... ناتوانێ قوتابی خوێندکار وەرگرێت)، ئەو خاڵەی مامۆستا (عمر)م بەراستی بیرچۆتەوە ئایا مەبەستەکەی چی بوو، دەکرێ قوتابخانەی حکومی و ئەهلیش دروست بکات من تێبینیەکەم لەلای خۆم نوسیبوو، بەڵام سەبارەت بەوەی کاك (د.ریبوار) ئەو قوتابخانەی کە جەنابت ئاماژەت پێدا تەقدیمی کردووە بۆ ئەوەی کە لە قۆناغی شەش بکرێتە قوتابخانەیەکی نێودەوڵەتی، وەزارەت پێش مۆڵەت چۆن بزانێ ئەو بابەتانە تەزویرە؟ وەزارەت کتابی رەسمی بۆ دێت، لە هەموو ئەو حەقدە دائیرە مەعنییەی کە باسم کرد ئینجا دوای ئەوە لەسەر بنەمای کۆنووسی لیژنەی هەندەسی وەزیر بڕیار دەدات مۆڵەتەکە بدرێت، بەڵام لاسامح الله نووسراوی وەزارەتێك، نووسراوی دائیرەیەك لە دائیرە مەعنییەکان تەزویر کرا، هەر کاتەك سەلمێنرا کە ئەو نوسراوە تەزویرە ئەو کاتە ئەو بڕیار و رێکارانەی لە بەرامبەر وەردەگیرێتەوە، فەرقی ئەو بابەتە بۆ (شایان) خان باس کرد، بەڵام ئەوەی کە مەبەستمە ئەویش ئەوەیە مامۆستا (اسماعیل) لە ماددەی (١٢٠) دا ئاماژەی پێدراوە کە حقوقی قوتابی لە هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتدا پارێزراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری پێنجەم:رێکارەکانی لێکۆڵینەوەی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی دامەزراوەی ناحکومی:

ماددەی (١١٨):

یەکەم: مەبەستی لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە پێشێلکاریەکانی دامەزراوەی ناحکومی وەزیر لیژنەیەك لێکۆڵینەوەی بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەرێکی گشتی و ئەندامێکی چەند فەرمانبەرێکی دیکە کە یەکێکیان یاسایی دەبێت پێك دەهێنێت لیژنەیەك راسپاردەکانی پێشکەش بە وەزیر دەکات.

دووەم: ئەرك و رێکارەکانی کاری لیژنە بە رێنمایی کە وەزیر دەری دەکات رێك دەخرێن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١٩):

یەکەم:

١-لەکاتی سەلماندنی یەکێك لە بارەکانی ماددەی (١١٧)ی ئەم یاسایە وەزارەت پێش دەرکردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت مافی سەپاندنی پێبژاردنەکی ماددی هەیە کە لە (١٠) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و ..............................

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (شەمۆل) تەواوی بکە، فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١٩):

یەکەم:

١-لەکاتی سەلماندنی یەکێك لە بارەکانی ماددەی (١١٧)ی ئەم یاسایە وەزارەت پێش دەرکردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت مافی سەپاندنی پێبژاردنێکی ماددی هەیە کە لە (١٠) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٥٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

٢- وەزارەت مافی دەستبەسەرداگرتنی بڕی دڵنیایی بانکی بەشێوەیەکی کاتی هەیە.

دووەم: لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە بڕیاری وەزیر بە سەپاندنی سزای پێبژاردنی دارایی یان هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت خاوەنی مۆڵەت دەتوانێت دادخوازی و تانەلێدان لە بڕیارەکە بدات، بەپێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شورای بەرکار لە هەرێم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ماددەی (١١٩)، مامۆستا (نجاة)، فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله.:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارەکا ژ جەنابێ وەزیری هەی ئەڤ سەپاندنا بژاردا ماددی ل سەر چ بنەما هاتیە دەستنیشانکرن؟ (١٠) ملیۆن هەتا (١٥٠) ملیۆن، ئایا ل سەر ئەساسێ ژمارەیا قوتابیێدا یان جورێ خاندنی یان جۆرێ قوتابخانێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (١٢٠) مان بۆ بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢٠):

یەکەم: لە ئەگەری دەرکردنی بڕیاری هەڵوەشانەوەی مۆڵەت خوێندن لە دامەزراوەکە تا کۆتایی ساڵی خوێندن بەردەوام دەبێت لە ڕێگەی بەڕێوەبردنێکی هاوبەشەوە لەنێوان دامەزراوەکە و وەزارەت و گشت تێچووەکانی بەڕێوەبردنە هاوبەشەکە لەسەر خاوەنی دامەزراوەکە دەبێت.

دووەم: بە هەماهەنگی لەگەڵ خاوەنی ئەو دامەزراوەیەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی دراوە وەزارەت دەتوانێ دوای تەواو بوونی ساڵی خوێندن قوتابیان و خوێندکاران بۆ دامەزراوەیەکی حکومی یان ناحکومی بگوازێتەوە بە ڕەزامەندی قوتابیان و خوێندکاران و بەخێوکارانیان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ قسەی هەیە لەسەر ماددەی (١٢٠)؟ ماددەی (١٢١)مان بۆ بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری شەشەم:

حوکمە هاوبەشەکان:

ماددەی (١٢١):

خاوەنی دامەزراوەی ناحکومی بەدیهێنانی ئەرکەکان لە ئەستۆ دەگرێت و بەرپرسە لە فەراهەمکردنی مافەکانی فەرمانبەران و کارمەندانی دیکەی دامەزراوەکە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢٢):

یەکەم: هەموو دامەزراوەیەکی ناحکومی مافی کردنەوەی چێشتخانە و فرۆشتگای لە دامەزراوەکە بەپێی مەرجە تەندروستییەکان هەیە.

دووەم: دەبێت نرخی خواردن و شتومەکی فرۆشتگا گونجاو بێت و ئەنجومەنی وەزارەت مافی کەمکردنەوەی نرخەکانی هەیە ئەگەر لەچاو نرخی بازار و هاوشێوەکانیان بەرزبوون.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ دوای ئەوەمان بۆ بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢٣):

یەکەم: دەکرێت تەلاری دامەزراوە ناحکومیەکان موڵك یان کرێ بن.
دووەم: ئەگەر تەلاری دامەزراوەیەکی ناحکومی لە سێ نهۆم زیاتر بوو کە هەرسێکیان پۆلی تێدابێت ئەو کاتە پێویستە ڕەزامەندی فەرمی وەزارەت وەربگیرێت، ئەو هەڵومەرجە تایبەتانە روون بکرێتەوە کە وایان کردووە تەلارەکە لە سێ نهۆم زیاتر بێت پاش ئەوە وەزارەت بڕیاری خۆی دەدات.
سێیەم: ئەو تەلارانەی دوای دەرچوونی ئەم یاسایە بۆ دامەزراوەی ناحکومی دروست دەکرێن دەبێت رووبەری پۆلەکانیان لە (٣٥م٢) کەمتر نەبێت.
چوارەم: دامەزراوە ناحکومییەکان مافی خۆیانە تەلارەکانیان بۆ دوو دەوامی یەك لەدوای یەك بەکار بهێنن.
پێنجەم: نابێت ئەو مەرجە بیناسازیانەی لە دامەزراوە ناحکومیەکاندا داوا دەکرێن لەو مەرجانە توندتر بن کە لە دامەزراوە حکومییەکان داوا دەکرێن لە کاتی دروستکردنی تەلارەکانیاندا.
شەشەم: تەلاری ئەو دامەزراوە ناحکومیانەی پێش دەرچوونی ئەم یاسایە دروستکراون بەپێی یاسا و رێنمایی مۆڵەتی کارپێکراوی کاتی دروستکردنیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.
حەوتەم: خاوەنی دامەزراوەی ناحکومی مافی هەبوونی نووسینگەی خۆی لە تەلاری دامەزراوەکەدا هەیە.
هەشتەم: ژێرزەمین بە نهۆم هەژمار ناکرێت، نابێت هیچ پۆلێکی وانە وتنەوە لە ژێرزەمین هەبێت، بەڵکو دەکرێت بۆ هۆڵی کۆبوونەوە و هۆڵی تاقیکردنەوە و تاقیگە و کافتریا و کاری خزمەتگوزاری بەکار بهێنرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ مامۆستا (هلز)، (د.شایان)، کاك (گۆران)، مامۆستا (هلز)، فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢٣)دا یەکەم بێژیتن لازمە دامەزراوە ناحکومی یان ئاڤاهیێ مولك بت یان کرێ بت، باشە ئەگەر نەملك بت نە کرێ بتن جەنابی وەزیری ئەمە ئەڤ حالەتە هەی لە دهۆکی مەزنترین ئاڤاهیێ ئامادەییا ئامەد سەنتەرێ دهۆکێدا حاجەتا پەروەردە رۆژئاڤا پێ هەیە بۆماوێ پێنج ساڵا پێش چاڤێت حکومەتێ تەبعەن نوکە من بخۆیا دایە داواکاری گشتی بەس دیارە رێکار ناهێنە هاڤێتن یان رێکار گەلەك سستن، بۆ ماوەی پێنج ساڵا بینایەتێ حکومەتییە، دوو قوتابخانە تێدابوون، ئامادەییا (ئامەد) دگەل قوتابخانا (ناسیا) بنەرەت ئەڤە هەردوکی بووینە ئاوارە نوکە قوتابخانەیەکا ناحکومی کو قوتابخانە ئەمریکییە تێدا بێ کو هیچ رێکارەکا یاسایێ ژدەرحەقی وان بێتە کرنێ، ئایە ئەڤە مولکە؟ یان ئان ئەڤە کرێیە؟ ئەگەر کرێ بتن مرۆڤ کەنگی مولکی خۆ دداتە کرێ جەنابێ وەزیری، ئەگەر ئەز نەکرێدار بم، ئەگەر ئەز کرێدار بم مەعقولە رابقی جارەکا دی کرێیەکا لسەر خۆ زێدە بکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.شایان)، فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم لەگەڵ بڕگەی پێنجەمی ئەم ماددەیە لە ماددەی (١٠٨) لە بڕگەی پێنجەمدا ئاماژەی پێدراوە، راستە ماددەی (١٠٨) مەرجەکانی بەخشینی مۆڵەتی دامەزراوەی ناحکومییە، بەڵام ئەوەشیان حوکمە هاوبەشەکانە، وەك بڵێی هەمان شت دووبارە کراوەتەوە، بۆیە پێشنیار دەکەم لابرێن ئەو دوو بڕگەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (گۆران)، فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێکم لە بەڕێز وەزیری پەروەردە هەیە، سەبارەت بە خاڵی چوارەم دامەزراوە ناحکومییەکان مافی خۆیانە تەلارەکانیان بۆ دروست بکەن، لە خاڵی چوارەمدا دەڵێ دامەزراوە ناحکومیەکان دەتوانن بەسەر دوو دەوام لەدوای یەك بەکار بهێنرێت، بەس ئایە هەندێ قوتابخانە هەیە کە سێ دەوامی تیا دەخوێنرێت، ئایا ئەوانەش لەگەڵ ئەمەیا رێك دەکرێنەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی داوی ئەوەمان بۆ بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەم:

پڕۆگرامەکانی خوێندن سیستەمی وەرگرتن تاقیکردنەوەکان و بڕوانامەکان لە دامەزراوە ناحکومییەکان:

تەوەری یەکەم:

پڕۆگرام و کتێبەکان و بابەتەکانی خوێندن:

لقی یەکەم:

پڕۆگرامەکانی خوێندن:

ماددەی (١٢٤):

هەر دامەزراوەیەکی ناحکومی دەبێت بە یەك لەم چوار جۆرە پڕۆگرامانەی خوێندن پابەند بیت:

یەکەم: پڕۆگرامەکانی خوێندنی وەزارەت لەو بارەدا کە دامەزراوەکە دامەزراوەیەکی ناحکومی خۆماڵی بێت.

دووەم: پڕۆگرامەکی تایبەت لەو بوارەدا کە دامەزراوەیەکی ناحکومی پێش وەختە و بە فەرمی رەزامەندی بۆ پڕۆگرامەکەی لە وەزارەت وەرگرتبێت.

سێیەم: پڕۆگرامی دامەزراوەیەکی ناحکومی نێودەوڵەتی دانپێنراو کە لەلایەن بنکەی سەرەکی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکە پەسەندکرابێت لەلایەن وەزارەتیشەوە مۆڵەتی پێدرابیت.

چوارەم: پرۆگرامی دامەزراوەیەکی ناحکومی بیانی کە تایبەت بێت بە رەوەندە بیانییەکان و لەلایەن دەوڵەتی پەیوەندیدار و وەزارەتەوە پەسەند کرابێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز روبینا اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لقی دوو:

بابەتەکانی خوێندن:

ماددەی (١٢٥):

بابەتەکانی خوێندن لە دامەزراوە ناحکومییەکان بەپێی پرۆگرامی خوێندن و دامەزراوەکە دەبێت کە پێشتر لە وەزارەت رەزامەندی بۆ وەرگیراوە.

دووەم: هەر دامەزراوەیەکی ناحکومی دوای ئاگادارکردنەوەی وەزارەت مافی زیادکردنی بابەتی خوێندن و پرۆگرامەکانی حکومەتی هەیە بەو مەرجانەی کە کاریگەری لەسەر بابەتەکانی خوێندن نەبێت لەگەڵ بنەما گشتییەکان و فەلسەفەی ئەم یاسایە ناکۆك نەبیت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لقی سێیەم: کتێبەکانی خوێندن:

ماددەی (١٢٦):

یەکەم: ئەو دامەزراوە ناحکومیە خۆماڵیانەی پرۆگرامی وەزارەت پیادە دەکەن هەمان کتێب بەکار دەهێنن کە لە دامەزراوە حکومییەکان بەکاردێت و مافی بەکارهێنانی کتێبی تریشیان هەیە بە مەرجێك پێش وەختە وەزارەتی لێ ئاگادارکرابێتەوە.

دووەم: ئەو دامەزراوە ناحکومییە خۆماڵیانەی پرۆگرامی تایبەت بە خۆیان دەخوێنن پاش رەزامەندی وەزارەت مافی هەبوونی کتێبی تایبەت بەخۆیان هەیە.

سێیەم: دامەزراوە ناحکومییە نێودەوڵەتی و بیانییەکان کتێبی تایبەت بەخۆیان دەخوێنن، بەڵام دەبێت رەزامەندی فەرمی وەزارەتی بۆ وەربگیرێت.

چوارەم: لە گشت دامەزراوە ناحکومییەکان دەبێت بابەتی زمانی کوردی بەپێی پرۆگرامی وەزارەت بخوێنرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢٦) دێری سێیەم باس لەوەی دەکات کە بۆ گۆڕینی پرۆگرامەکە یان کتێب بەکارهێنانەکەی مافی بەکارهێنانی کتێبی تریشیان هەیە بە مەرجێك پێش وەختە وەزارەتی لێ

ئاگاداربکاتەوە، ئەو ئاگادارکردنەوەیە پێویستی بە موافەقە رەزامەنـدی هەیە، مـن پـێم وایە ئەو ئاگادارکردنەوەیە بکرێتە رەزامەندی، رەزامەندی وەزارەتی وەرگرتبێت، نەك ئاگـاداری بكـاتەوە و بچی ممارەسەی بکات، دەبێت پێش وەختە رەزامەندی وەربگیرێت لەبری ئاگادارکردنەوەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لقی چوارەم: زمانی خوێندن:

ماددەی (١٢٧):

یەکەم: دامەزراوەی ناحکومی بەهەمان ستافی بەڕێوەبردن دەتوانێت خوێندن بەیەك یـان زیـاتر لە زمانەکانی عەرەبی و تورکمانی و سـریانی و کلـدانی و ئاشـووری و ئەرمەنـی و ئینگلیـزی یـان هەر زمـانێکی دیـکەی جیهـانی بـاوەڕپێکراو بکـات بەمەرجێـك بـابەتی زمـانی کـوردی و زمـانی عەرەبی بەپێی سیستەمی وەزارەت بخوێنرێت.

دووەم: رەوەنـدی بیـانی و پەنابەرەکـان دەتـوانن لە دامەزراوە ناحکومییەکـان بە زمـانی خۆیـان بخوێنن بەمەرجێك تێیاندا بابەتی زمانی کوردی و زمـانی عەرەبـی بەپێـی سیسـتەمی وەزارەت بخوێنرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوای ئەوە، کاك (بهجت)، فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢٧) چـونکە بەحسـێ زمانێـت نـاحکومی دکـاتن پێویسـتە یەعنـی وەزارەتـا پەروەردێ برێکار رێڤەبەری گشتی ل پارێزگەها لیژنەیەکی پێکبینیتن هەڵسەنگاندنا کاروبارێـت وان بکـات، راپۆرتا سالانە بداتە وەزارەتێ، ئەگەر لیژنەیەکا حکومی سەرپەرشتیا ڤـان دامەزراوێـت زمانێـت نەحکـومی نەکەت سـەربەخۆبن ئەڤە زەرووره یەعنـی لیژنەیەکـا حکـومی سەرپەرشـتیاری ڤـان خیندنگەها بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (مم اسکندر)، فەرموو.

**بەڕێز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمی ڤان ماددێ بڤی رەنگی دا ئەم ئاماژە پێ دکەین کو دگەل زمانێت بیانی پێویسـتە خانـدنا زمـانێ عەربـی و کـوردی ژبەرچـاڤ ڤەگـریتن بـۆچی ئەم هەرێمـا کوردسـتانێ ئەم بەرپرسـین بەرامبەر زامنێت دایك زامنێت کوردییە، بۆچی ئەوەندە پێداگری ل سەر زمانێ عەرەبـی دکەیـن ل هەمبەر زمانێ کوردی کو بکەینە شریك، یەعنی مەبەست ژێ چییە؟ پێویسـتی بڕونکردنەکـی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە، فەرموو.
**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
تەوەری دووەم: سیستەمی وەرگرتن.
ماددەی (١٢٨):
یەکەم: بنەمای سەرەکی وەرگرتنی قوتابی و خوێندکار بەپێی ئەو مەرجانەی وەرگرتن دەبێت کە پێشتر لەلایەن دامەزراوەکە لەکاتی داواکردنی مۆڵەتی دامەزراندن پێشکەش بە وەزارەت کراوە مۆڵەتی لەسەر وەرگیراوە بە ڕەچاوکردنی حوکمی بڕگەکانی خوارەوەی ئەم ماددەیە.
دووەم:
١-لە باخچەی منداڵانی ناحکومی ئەو منداڵانە وەردەگیرێن کە لەرۆژی تۆمارکردنیان یان لە (٣١)ی کانوونی یەکەمی ئەم ساڵە تەمەنی چوار یان پێنج ساڵ تەواو دەکەن.
٢- هیچ منداڵێك لە قوتابخانەی بنەڕەتی ناحکومی وەرناگیرێت ئەگەر لە (٣١)ی (کانوونی یەکەم)ی ئەو ساڵە تەمەنی نەبێتە (٦) ساڵ.
٣- نابێت تەمەنی قوتابی لە قوتابخانەی بنەڕەتی ناحکومی لە (١٩) ساڵ تێپەڕ بێت.
٤- نابێت تەمەنی خوێندکاری ئامادەیی ناحکومی لە (٢٨) ساڵ تێپەڕ بێت.
سێیەم: ئەو قوتابی و خوێندکارانەی لە دامەزراوەکە لە پۆلێکی دیاریکراودا دەخوێنن جێگایان لە پۆلێکی بەرزتری هەمان دامەزراوە بۆ ساڵی خوێندنی دواتر دابینکراو دەبێت بەمەرجێك قوتابییەکە یان خوێندکارەکە دەرچێت و دامەزراوەکەش ئەو پۆلەی هەبێت و کرێی ساڵانەی خوێندن بدات.
چوارەم: دامەزراوە ناحکومییەکان بۆیان نییە قوتابی و خوێنکار لەبەر هۆی ناپەروەردەیی یان ئەوانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن وەرنەگرن تەنها لەحالەتی ئەوە نەبێت کە قوتابی و خوێنکار پێویستی بە پۆلی تایبەت هەبێت یان لەو بارەدا کە وەرگرتنی قوتابی و خوێندکار ببێتە هۆی خەرجی زیاتر لەسەر دامەزراوەکە.
پێنجەم:
١-ئەرکی هەموو دامەزراوەیەکی ناحکومییە ساڵانە پێنج کورسی بەخۆڕایی بۆ کوڕ و کچی شەهیدان و هاوسەرەکانیان تەرخان بکەن بەو مەرجەی ئەو ژمارە داواکاریە هەبێت و داواکار مەرجەکانی هاتوو لەم یاسایەی تێدا بێت.
٢- ئەرکی هەموو دامەزراوەیەکی ناحکومییە ساڵانە پێنج کورسی بەخۆڕایی بۆ کوڕ و کچ و هاوسەری ئەنفالکران و جینۆسایدکراوان و کەم ئەندامانی سەنگەر یان کوڕ و کچیان تەرخان بکەن بەمەرجێك ئەو ژمارە داواکاریە هەبێت و داواکار مەرجەکانی هاتوو لەم یاسایەدا تێدا بێت.
شەشەم: دامەزراوە ناحکومییەکان مافی ئەوەیان هەیە کە بەڕێژەی (١٠%) لە سەدی کورسییەکانی هەر پۆلێك بەپێی ڕێکاری دامەزراوەکە قوتابی و خوێنکار وەربگرن.

حەوتەم: پێویستە دامەزراوە ناحکومییەکان ساڵانە و پێش کۆتایی مانگی (تشرینی یەکەم) لیستێك بە ناو و تەمەن و پۆلەکانی قوتابیان و خوێندکاران بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پەیوەندیدار بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە بنێرن.
هەشتەم: هیچ دامەزراوەیەکی ناحکومی نابێت قوتابی یان خوێندکاری دامەزراوەیەکی ناحکومی دیکە وەربگرێت و ڕەزامەندی لەسەر گواستنەوە و بەشداریکردنی لە خوێندن بدات ئەگەر خوازیارەکە پێش وەختە بەڵگەنامەی گواستنەوەی لە دامەزراوەی دووەمەوە نەهێنابێت.
نۆیەم: دامەزراوە ناحکومییەکان مافیان هەیە قوتابی و خوێندکار لەسەر بنەمای تاقیکردنەوە و نمرە وەربگرن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کێ دەیەوێت قسە بکات لەسەر ئەو ماددەیە؟ کاك (عثمان)، فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(١٢٨) بڕگەی پێنجەم، خاڵی دووەم ئەرکی هەموو دامەزراوەیەکی ناحکومییە ساڵانە پێنج کورسی بەخۆڕایی بۆ کوڕ و کچ و هاوسەری ئەنفالکران و جینۆسایدکراوان و کەم ئەندامانی سەنگەر یان کوڕ و کچیان تەرخان بکەن بەمەرجێك ئەو ژمارە داواکاریە هەبێت و داواکار مەرجەکانی هاتوو لەم یاسایەدا تێدا بێت، من پێشنیار دەکەم بکرێت بە (١٠) کورسی لەبەر ئەوە زۆر زۆر کەمە (٥) کورسی، هەروەها کوڕ و کچی پێشمەرگەی دێرینیش شمولی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (ژیان) خان، فەرموو.

**بەڕێز ژیان طاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەناوی لیژنەی شەهیدان دەست خۆشی لە وەزارەتی پەروەردە دەکەم بۆ زیادکردنی ئەم دوو خاڵە، بۆ تەرخانکردنی کۆرسی تایبەت بۆ کچ و کوڕی شەهیدان، بەڵام جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر لە سنووری قوتابخانەیەك داواکاری نەبوو، بەڵام لە سنووری قوتابخانەیەکی تر زیاتر لە پێنج کورسی حاڵەتی داواکاری هەبوو لەو حاڵەتەدا دەمەوێت بزانم چۆن تەعامول لەم حاڵەتەدا دەکرێت؟ چونکە لە پارێزگای دهۆك من نازانم لە هەولێر یان سلێمانیش وایە یان نا، لە پارێزگای دهۆك وەرگرتنی قوتابیان لە قوتابخانەکان بەپێی سنووری جوگرافیایە، بۆ نمونە ئەگەر قوتابخانەی (A)ی داواکاری نەبوو لە قوتابخانەی (B)ی ئایە ئەو کوڕ و کچی شەهیدان وەردەگیرێن یا نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس ئەو سیستمی شوێنی جوگرافیایە بۆ خوێندنگەی ئەهلی نییە، (لیزا) خان، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەرجی تەمەن لێرەش دیاری كراوە من پێم باش نییە مەرجی تەمەن، ئەلعان بووە بە قوتابخـانە ئەهلییەكـان نەبێـت بـا هەر قوتـابییەك ئەمە وەكـو ئەمە وایە جیاكـاری بـكەی، قوتـابییەكی كەم ئەندام وەرنەگریت لە پۆلێكدا، قەیچی دەكات تەمەنی گەورەیە و حەز دەكات بخوێنێت لە پـۆل لەگەڵ هاوپۆلەكانی دانیشێت با ئەو مەرجەی تەمەنە نەمێنێت، دواتر كە باس لە مەرجی تەمەن دەكـات خـاڵی سـێیەم و چـوارەم لەگەڵ خـاڵی دووەم لەگەڵ بـڕگەی پێـنجەم خـاڵی دووەم ناگونجێت، ئەو دەڵێ هاوسەری ئەنفالكراو، رەنگە ئافرەتی ئەنفال تەمەنێكی گەورەی هەبێت، بۆ مافی ئەوەی نەبێت بخوێنێت لە پۆلا لەگەڵ قوتابیەكانی تر؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (مەم برهان)، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر دیقەت بدەن لە بڕگەی دووەم، خاڵی دووەمیان دەڵێ هیچ منالێك لە قوتابخانەی بنەڕەتـی ناحكومی وەرناگیرێت ئەگەر لە (٣١)ی كانوونی یەكەمی ئەم ساڵە تەمەنی نەبێتە (٦) سـاڵ، واتە لە (٣١)ی كانوون دەبێت تەمەنی ببێتە (٦) ساڵ، نا تەواو نییە، یەعنـی دەبێـت لە (٣١)ی كـانوون تەمەنی ببێتە (٦) ساڵ، (٥) ساڵ، (١٢) مانـگ و ئەوانە نابێـت دەبـێ بڵێـی تـاوەكو (٣١)ی كـانوون تەمەنی ببێتە (٦) ساڵ تاوەكو، وازحە نوێنەرانی وەزارەتـی پەروەردە؟ وازحە وابـزانم گەیشـت یان نا؟ نا وا نییە كاكە، دەمێنێتەوە سەر بڕگەیەكیان بڕگەی پێـنجەم زەحـمەت نەبـێ بە نسـبەت بڕگەی پێنجەم و پێنجەم خاڵی یەكەم و خاڵی دووەم بەس تەنیا لە خاڵی دووەمدا ئەگەر دیقەت بدەن بەس خاڵی دووەم لە دوای هاوسەری بنوسرێ شەهیدان، پێنجەكە بكرێـت بە (١٠) كورسـی بـڕگەی یەكەم لابەیـن، واتـا هاوسـەری شـەهیدان و ئەنفـالكراوان و كەسـوكاری قوربانیـان و جینۆسـاید كەم ئەنـدامانی سـەنگەر (١٠) كورسـیان تێكـرا بـۆ تەرخـان بكـرێ بەو شـێوەیە بێـت بەمەرجێك، بۆ ئەوەی بڕگەی یەكەم لابەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (مم اسكندر)، فەرموون.

**بەڕێز مم اسكندر مم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵا تێبینییە كۆی پڕۆژەیە یەعنی ئەوە گەیشتینە مـاددەی (١٢٣) تـا ئێسـتا نـازانم مـن هەفـتەی رابردوو مۆڵەت بووم ئەو قسـەیە كـراوە یـان نـا؟ بەڵام لە هەمـوو شـوێنێك نوسـراوە قوتـابی و خوێندكار، خوێندكار و قوتابی یەعنی ببورن بەس هەسـت دەكەم ئەمە عەیـبەیەك بـی، كەسێك لێرە قوتابی بێت لەو بەر تێپەڕێ دەبێتە خوێندكار، یەعنی بۆ ئەمە لێـرەدا هەبیـت؟ بـۆچی رێـك نەكەوتـن لەسـەر ناوێـك لێـردا هەبێـتن، دوو لە بـڕگەی پێـنجەم خـاڵی دووەم باسـی كورسـی بەخۆڕایی كرا بۆ كوڕ و كچ و هاوسەری ئەنفالكراو، جینۆسایدكراو، كەم ئەنـدامی سـەنگەر، داوا

دەکەیـن زینـدانیانی سیاسـیش ئیـزافە بکرێـت منـداڵەکانی ئەوانـیش لەو مـافە بێـبەش نەبـن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو مـاددەیەدا پێـنجەم لە یەکەم و دووەم تەقـریبەن کـچ و کـوڕی هاوسـەری ئەنفـالکراوان و جینۆساید ئەوانەش هەر بە شەهید هەژمار کراون، یەعنی وەکو خاڵی یەکەم وەکو کوڕ و کچـی شـەهیدان و هاوسـەرەکانیان بـۆیە پێشـنیار دەکەم دەمـج بکرێـت، دوو زینـدانیانی سیاسـی و پێشمەرگە دانەبڕاوەکان، پێشمەرگە دێـرینە دانەبڕاوەکـان ئەوانەی کە تەسـلیم دەبـنەوە لە شـاخ بەردەوامن و تا ڕاپەڕین ئەوانەش منداڵەکانیان مافی ئەوەیـان هەیە هەم زینـدانیانی سیاسـی و هەم وەکو ئەوانیش ئەوە بی، ئەوەی تریان لە پێنجەم هەر لە بڕگەی شەشەم نوسراوە دامەزراوە ناحکومییەکان مافی ئەوەیان هەیە کە بە ڕێژەی (١٠%) لە کورسی هەر پۆلێك بەپێی ڕێکرەکانی دامەزراوەکە قوتـابی و خوێنــدکار وەربگــرن، یەعنــی بە زیــادەوە ئەو (١٠%) زیــاد لەوەی کە ژمارەکەی بۆ دانراوە وەردەگیرێت، بۆ نمونە ئەگەر (٢٠٠) قوتـابی بـۆ دانرابێـت ئایـا دەتـوانێ لەو (١٠%) زیـادی بکـات بیکـاتە (١٢٠) لە سـەدا ئەوە یـان ئەوە، پێویسـتی بەڕوونکـردنەوەیە خـاڵی شەشەم لە بڕگەی پێنجەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (د.لقمان)، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە وەڵا من پێشـنیارێکم هەیە ئیـزافەی بکرێـت لەسـەر مـاددەی (١٢٨) دیـارە ژمــارەیەکی زۆر خوێنــدنگای ئەهلــی لە شــار و شــارۆچکەکان لە چوارچێــوەی پرۆژەکــانی وەبەرهێنـان زەویـان بـۆ تەرخـان کـراوە بـۆیە ئەو قوتابخانـانەی کە لە چوارچێـوەی پرۆژەکـانی وەبەرهێنان زەویان بۆ تەرخان دەکرێت ڕێژەیەك لە کورسییەکانیان لەسەر بنەمای پێشبڕکێ بـۆ گەڕەکەکـان بێـت لە (١٠%) کەمتـر نەبێـت، هەروەهـا بە ڕێـژەی داشـکاندنی (٥٠%) بـۆ منـداڵانی دانیشتوانی ئەم گەڕەکە ناچار بکرێت کە داشکاندنیان بۆ بکرێت، چونکە ئێمە لێـرەدا بەپێـی ئەو ڕێزبەندییە بێت کۆمەڵێك فیئە کورسیان بۆ تەرخـان دەکرێـت، کەواتە خەڵـکی عـام دەمینـێ کە هـیچ ئیجـازەکی نەبێـت، بـۆیە ئەمە لەچوارچێـوەی ئەو خوێنـدنگایانە ناچاریـان بکـرێ زەویـان بەبەلاش پێ دەدرێت ئەوە بکرێت کارێکی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (١٢٩) مان بۆ بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری سێیەم:

تاقیکردنەوە و نمرە و بڕوانامەکان:
لقی یەکەم:
تاقیکردنەوە و نمرەکان:
ماددەی (١٢٩):
یەکەم: کات و شێوەی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکان دانانی نمرە لە دامەزراوە حکومییەکان بەسەر هەموو ئەو دامەزراوە ناحکومییەکاندا پیادە دەکرێت کە پرۆگرامی حکومی دەخوێنن جگە لەو دامەزراوە پێشوەختە مۆڵەتیان لە وەزارەت وەرگرتووە بۆ پیادەکردنی سیستەمێك کە بەشێك لە وردەکارییەکانی جیاوازە لە سیستەمی حکومی.
دووەم: ئەرکی هەموو ئەو دامەزراوە ناحکومیانە نێودەوڵەتی و بیانیەکان دەکات شێوەی تاقیکردنەوە نمرەدانانی تایبەت بەخۆیان هەبێت پێشتر لەلایەن وەزارەتەوە پەسەند کرابێت.
سێیەم: لە رێگە و رێکاری تایبەتی وەزارەت بڕیارە لە شێوەی هەژمارکردنی نمرەکانی قوتابیان دامەزراوە ناحکومی نێودەوڵەتی بیانیەکان و ئاستەکانیان دەدات بە مەبەستی وەرگرتنی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم.
چوارەم: پاش وردبینی دامەزاروەکانی بە وێنەیەك ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی پۆلەکانی بۆ یەکە تاقیکردنەوەکان و بەشی ئەرشیف لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان دەنێرن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کێ قسەی هەیە؟ ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لقی دووەم:
بڕوانامەکان:
ماددەی (١٣٠):
یەکەم: ئەو دامەزراوە ناحکومیانەی پرۆگرامی وەزارەت دەخوێنن دەکەونە ژێر هەمان مەرج و رێکاری پێدانی کارتی هەڵسەنگاندن و بڕوانامەی نمرە و بەڵگەنامەی دەرچوون ئەوانەی کە لە دامەزراوە حکومییەکاندا پەیرە و دەکرێت.
دووەم: کارتی هەڵسەنگاندن بڕوانامەی نمرە و بەڵگەنامەی دەرچوونی هەر قۆناغێك لەو دامەزراوانە هاوتایە لەگەڵ کارتی هەڵسەنگاندن و بڕوانامەی نمرە و بەڵگەنامەی دەرچوون لە قوتابخانە و خوێندنگا و پەیمانگا پەروەردەییە حکومییەکان.
سێیەم: ئەم دامەزراوە ناحکومیانەی پرۆگرامی نێودەوڵەتی بیانی دەخوێنن دەکەونە ژێر ئەو مەرج و رێکارە تایبەتانەی پێدانی کارتی هەڵسەنگاندن بڕوانامەی نمرە و بەڵگەنامەی دەرچوون کە پێشتر لەلایەن دامەزراوەکەوە پیشکەش بە وەزارەت کراوە وە ڕەزامەندی لەسەر دراوە.
چوارەم: بەڵگەنامەی دەرچوون لە پۆلی دوازدەیەمی خوێندنگا ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنەمای دەرچوون لە تاقیکردنەوە نێودەوڵەتییەکان دەدرێت، بەڵگەنامەی دەرچوون لە

پۆلی دوازدەیەمی خوێندنگا ناحکومییە بیانییەکان لەسەر بنەمای دەرچوون لە تاقیکردنەوە بیانییەکاندا دەدرێت.

پێنجەم: وەزارەت تاکە لایەنە کە مافی پشتگیری کردن و بەرامبەرکردنی بەڵگەنامەکانی دەرچوونی هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان کێ قسەی هەیە؟ (د.محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی پێنجەم لەو ماددەیە کە باس لەوە دەکات کە وەزارەت تاکە لایەنە مافی پشتگیریکردن و بەرامبەرکردنی بەڵگەنامەکانی هەیە، من پێشنیار دەکەم ئەو بەرامبەرکردنە بکرێتە هاوتاکردن، پەسەندکردنیشی بۆ ئیزافە بکرێت، کەواتە وەزارەت تاکە لایەنە کە مافی پشتگیریکردن و هاوتاکردن و پەسەنکردنی بەڵگەنامەکانی دەرچوونی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری چوارەم:

حوکمە هاوبەشەکان:

ماددەی (١٣١):

یەکەم: هەر ساڵێکی خوێندن لە دامەزراوە ناحکومییەکان لایەنی کەم لە (١٧٠) ڕۆژ خوێندن پێك دێت، هیچ ڕۆژێك خوێندن لە (٥) پێنج کاتژمێر کەمتر نابێت.

دووەم: ساڵنامەی خوێندن و کاتەکانی دەوام و پشووەکان لە دامەزراوە ناحکومییەکان بەپێی ئەو پرۆگرامە ڕێك دەخرێت کە پێشتر ڕەزامەندی لەسەر وەرگیراوە لە وەزارەت، بەرەچاوکردنی بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە و حوکمەکانی ماددەی (٣١)ی ئەم یاسایە.

سێیەم: دامەزراو ناحکومییەکان دەتوانن ڕۆژ و کاتژمێری زیاتر بخوێنن وەك لەوەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە هاتووە، هەروەها دەتوانن لەو ڕۆژانەدا بخوێنن کە بەپێی ماددەی (٣١) پشوو نییە.

چوارەم: دامەزراوە ناحکومییەکان دەتوانن سوود لە سیستەمی دوو مامۆستا لە پۆل وەربگرن کە یەکێکیان دەبێت بە مامۆستای سەرەکی و ئەوەی دیکەش دەبێتە مامۆستای هاوکار.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (یاسین)، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە ماددەی (١٣١) خاڵی یەکەم دەڵێ (هەر خوێندنگایەکی دامەزراوەی ناحکومی لایەنی کەم (١٧٠) ڕۆژی خوێندنی پێك دێت، هیچ ڕۆژێك خوێندن لە (٥) کاتژمێر کەمتر نابێت، ئێ ئەدی ئەگەر ئەوەی دوو دەوامی هەیە ئەهلی؟ سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، باشە، دوای ئەوە، فەرموو.
**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (١٣٢):
ڕێکارەکانی گواستنەوەی قوتابی و خوێندکار لەنێوان دامەزراوە ناحکومی و حکومییەکاندا بەپێی ڕێنماییەك کە وەزیر دەری دەکات ڕێك دەخرێت.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
کێ قسەی هەیە؟ دوای ئەوەمان بۆ بخووێننەوە، فەرموو.
**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (١٣٣):
یەکەم: هەموو قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگایەکی پەروەردەیی ناحکومی لە ساڵی یەکەمی دامەزراندنیدا دەتوانێن بە یەك پۆل دەستپێبکات.
دووەم:
١-ئەو قوتابخانە بنەڕەتییە ناحکومییەی کە لە ساڵی یەکەمی خوێندندا گشت پۆلەکانی یەك بازنەی خوێندنی تێدا نییە دەبێت بۆ ساڵی دواتر پۆلی نوێ بکاتەوە بۆ ئەوەی لە ماوەی سێ ساڵی خوێندندا ببێتە خاوەن گشت پۆلەکانی یەك بازنەی خوێندن.
٢- ئەو خوێندنگە ناحکومییەی کە لە ساڵی یەکەمی خوێندندا گشت پۆلەکانی ئامادەیی تێدا نییە دەبێت بۆ ساڵی دواتر پۆلی نوێ بکاتەوە بۆ ئەوەی لە ماوەی سێ ساڵی خوێندندا ببێتە خاوەن گشت پۆلەکانی خوێندنی ئامادەیی.
٣- ئەو پەیمانگا پەروەردەییە ناحکومییەی کە لە ساڵی یەکەمی خوێندندا گشت پۆلەکانی پەیمانگای پەروەردەیی تێدا نییە دەبێت بۆ ساڵی دواتر پۆلی نوێ بکاتەوە بۆ ئەوەی لە ماوەی پێنج ساڵی خوێندندا ببێتە خاوەن گشت پۆلەکانی خوێندنی پەیمانگای پەروەردەیی.
٤- کۆمەڵگەی پەروەردەیی ناحکومی دەبێت لە ساڵی یەکەمی خوێندندا لایەنی کەم پۆلێکی لە هەر قۆناغێکی خوێندن هەبێت هەر ساڵێکی خوێندن پۆلێکی نوێ زیاد بکات بۆ ئەوەی ساڵ لەدوای ساڵ ببێتە خاوەن گشت پۆلەکانی خوێندن.
سێیەم: هەموو قوتابخانەیەکی بنەڕەتی ناحکومی بۆ درێژەدان بە خوێندن دەتوانێت خوێندنی قۆناغی ئامادەیی بکاتەوە بەمەرجێك لەلای وەزارەت مۆڵەتی بۆ وەربگرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی سێیەم:

پێکهاتە کارگێڕییەکان لە دامەزراوە ناحکومیەکاندا:

تەوەری یەکەم: بەڕێوەبەر، یاریدەدەری بەڕێوەبەر، مامۆستا، فەرمانبەران:

ماددەی (١٣٤):

یەکەم: پێویستە هەموو دامەزراوەیەکی ناحکومی بەڕێوەبەرێکی هەمیشەیی هەبێت.

دووەم:

١-ئەگەر مارەی منداڵان لە باخچەیەکی منداڵان لە (٢٠٠) منداڵ زیاتر بوو پێویستە یاریدەدەرێکی بەڕێوەبەر دابنرێت.

ب- ئەگەر ژمارەی قوتابیان و خوێندکارانی قوتابخانە یان خوێندنگە یان کۆمەڵگەی پەروەردەیی یان پەیمانگایەکی پەروەردەیی ناحکومی گەیشتە (٢٠٠) یاریدەدەرێکی بەڕێوەبەر یان زیاتری بۆ دادەنرێت.

سێیەم: پێویستە هەموو دامەزراوەیەکی ناحکومی ژمارەیەك مامۆستای هەبێت کە لەگەڵ ژمارەی منداڵان یاخود قوتابیان و خوێندکارانیاندا بگونجێت و ناکۆك نەبێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی وەزارەت.

چوارەم: پێویستە هەموو قوتابخانە و خوێندنگا کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگایەکی پەروەردەیی ناحکومی ڕێنمایکارێکی پەروەردەیی بۆ هەر (٢٥٠) قوتابی و خوێندکارێك هەبێت.

پێنجەم: پێویستە هەموو قوتابخانە خوێندنگا و پەیمانگایەکی پەروەردەیی ناحکومی فەرمانبەرێکی تەندروستی هەبێت یان خزمەتگوزاری تەندروستی لە ڕێگەی گرێبەستێك لەگەڵ دامەزراوەیەکی تەندروستی دابین بکات.

شەشەم: پێویستە هەموو کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی ناحکومی بەڕێوەبەرێکی خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی هەبێت هەروەها بەڕێوەبەرێك بۆ هەر یەك لە بەشەکانی باخچەی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی و قۆناغی ئامادەیی دابنێت، بەڕێوەبەری کۆمەڵگە بەرپرسی یەکەمی کاری ئەکادیمی و کارگێڕی و دارایی دەبێت هەروەها ئەرکی سەرەکی سەرپەرشتیاری و دڵنیایی جۆری لە گشت قۆناغەکانی خوێندن لە کۆمەڵگاکەدا دەکەوێتە ئەستۆ.

حەوتەم: هەموو دامەزراوەیەکی ناحکومی دەبێت ژمارەیەك کارمەند و فەرمانبەر دابمەزرێنێت بەپێی پێداویستی دامەزراوەکە و بەو ناونیشانەی دامەزراوەکە پێویستیەتی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەگەر لەسەر ژمارەکانە بەڕێزان قسەتان لەسەر ژمارەکان کردووە، ئەگەر لیژنەکان گەیشتنە گۆڕینی ژمارەکانی حکومی دڵنیابن ئەوانەی ناحکومیش لەگەڵی دەگۆڕێت، بەڕێزان تەسبیتی کەن بەڕێزان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لەسەر ژمارەکان قسەیان هەیە هاوشێوەی حکومی، لیژنە موختەسەکان، ئێ کێ جیا لەوانە قسەی هەیە با ئەوانە دەست بەرز کەنەوە؟

جگە لە ڕەقەم، کاك (یاسین)، (شادی) خان، کاك (علی)، (گلوستان) خان، کاك (چیا)، (جوان) خان، (مژدە) خان، (د.اسماعیل)، کاك (شاخوان)، کاك (شاخوان)، فەرموو.

**بەڕێز شاخوان ڕؤوف مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣٤) بڕگەی چوارەم جگە لەوەی بابڵێین توێژەرێکی دەروونیشی بۆ زیاد بکرێت جگە لە توێژەرە کۆمەڵایەتییەکە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(شادی) خان، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەم ماددەیە یەك تێبینی هەیە لە (٢٠١٩/١٠/٢٤) جەنابی وەزیر فەرمانێکی وەزاری دەرکردوو کە لە هەموو خوێندنگە و قوتابخانە و پەیمانگا و دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکاندا بەبێ ڕەچاوکردنی ژمارەی خوێندکار و قوتابی ئەگەر هەردوو ڕەگەز لەو دامەزراوەیەدا بوونیان هەبێت دوو توێژەر هەبن هەردوو ڕەگەز بن، ژمارەی نوسراوەکەش (٢٠٥٤٨) ئەم پڕۆژەیە لە وەزارەتەوە هاتووە، فەرمانە وەزارییەکەش هی ساڵی (٢٠١٩) ئەم فەرمانە وەزارییە هەڵدەوەشێنینەوە کار بەمە دەکەین ئەگەر ئێمە فەرمانە وەزارییەکە هەڵنەوەشێنینەوە باشترە لەبەر ئەوەی تۆ هەردوو ڕەگەزت هەیە، لە حکومیەکان دەزانین ڕەنگە حکومەت نەتوانێ دایان مەزرێنێت ئەوە دامەزراوەیەکی ئەهلییە چ ئیشکالیەتێکمان دەبێت لەوەی کە هەروو ڕەگەز توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونیمان هەبێت یان پەروەردکارمان هەبێت، بۆیە زۆر گرینگە ئێمە کار بەوەیان بکەین، مادەم هەردوو ڕەگەز لە شوێنەکەدا دەخوێنن خوێندکار و قوتابیمان هەیە، با هەردوو ڕەگەز توێژەری دەروونی کۆمەڵایەتی کاری کۆمەڵایەتیمان هەبێت، ئەگەر لەسەر ناوەکەشی دواتر هەر گۆڕانکارییەکی بەسەردا هات یان وەکو پڕۆژەکە مایەوە ئەوە ئیشکالیەتێکمان نییە، بەڵام بۆ ئەوە لاببەین کە فەرمانە وەزارییەکەی (٢٠١٩) باشترە لەمەی ناو پڕۆژەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (جوان) خان، فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی (شادی) خان دەکەم، سەبارەت بە ڕێنمایکارێکی پەروەردەیی یەك ڕێنمایکار زۆر کەمە بۆ (٢٥٠) قوتابی، هەردوو ڕەگەزەکە هەبێت زۆر گرنگە چونکە هەندێك کێشە هەیە لەوانەیە بە ڕەگەزەی بەرامبەر بکرێت نەك بە جیاواز، بە نسبەت فەرمانبەرێکی تەندروستی ئەویش پێم باشە هەردوو ڕەگەز بێ، چونکە هەندێ کێشەی تەندروستی هەیە لەوانەیە قوتابییەکی ئافرەت پێی شەرم بێت بۆ فەرمانبەرەکی کە ڕەگەزی نێرە باس بکات بۆیە لە هەردوو شوێن هەردوو ڕەگەزەکە بەکار بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (چیا)، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێت من ژلایەن (شادی) خان، (جوان) خانێ هاتە کرن، پشتەڤانیا وان دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(لیزا) خان، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە هەموو قسەکانی پێشووتری خۆم دەکەم، هەروەها داوا دەکەم کە توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونیشی بۆ زیاد بکرێت، ئەمە لەبەر دوو خاڵە یەکەمیان ئێستا کێشە دەروونییەکان و کۆمەڵایەتییەکان زۆر زۆر بۆتەوە لە قوتابخانەکان، دووەم خاڵیش ئەمە دەرفەتی کاریش بۆ ئەو توێژەرانەی کە دەرفەتی کاریان نییە بۆ ئەوانیش ئاسانکاری دەبێت ئەگەر ئەم خاڵەی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، کاك (یاسین)، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری (شادی) خان، (جوان) خان، (لیزا) خان دەکەم، بەڵام لە خاڵی حەوتەمدا دەڵێ (هەموو دامەزراوەیەکی ناحکومی دەبێت ژمارەی کارمەند و فەرمانبەرانی دامەزرێنەر بێت بەپێی پێداویستییەکان، لێرەدا روونی نەکردۆتەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان زۆر مامۆستامان هەیە، زۆر کارمەندمان هەیە دەوامی حکومیشیان هەیە دەچن لە ئەهلیش دەوام دەکەن، بۆیە من پێم باشە ئەوانەی دەوامی حکومیان هەبێ لەوێ دەوام نەکەن بۆئەوەی فەراغ دروست نەبێ یەعنی بەجدی مامۆستا هەیە لە سێ مەکتەبان دەرس دەڵێتەوە یەعنی بۆ؟ سوپاس،

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ماددەی (١٣٥) تیایەتی ئەوە، دەستت خۆش بێت، کاك (علی)، فەرموو.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا من پرسیارێکم لە جەنابی وەزیر هەیە، بەپێی فەرمانە وزارییەکەی جەنابتان لە (٢٠١٩) بۆ هەر (١٥٠) خوێندکارێك قوتابیەك ڕێنوێنیکارێ هەیە، ئایا لە دوای دیراسەت لێکۆڵینەوە ئێستا کراوەتە (٢٥٠) یەعنی ئەمە بەر مەبنای چییە دیراسەتان کردووە؟ خواستی مەکتەبەکانە؟ حەز دەکەین بۆمان روون بکەیتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (گلوستان) خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە بڕگەی چوارەم من تێبینیم هەیە راستییەکەی ئەو ژمارەیە زۆر قوتابی و خوێندکار یەك رێنمایکاری پەروەردەییە بۆیە پێشنیار دەکەم ژمارەکە بکرێتە (١٥٠) قوتابی و خوێندکار، رێنمایکاریش هەر وەك ئەوەی کە لە هی حکومییەکە پێشنیارم کرد ناوی توێژەری کۆمەڵایەتی و توێژەری دەروونی بێ، چونکە هەردوو نەوعەکە پێویستە رەچاوی رەگەزش بکرێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، فەرمانەکەمان بۆ بنێرە دوایی (شادی) خان، (مژدە) خان، فەرموو.
**بەڕێز مژدە محمود محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بەو بڕگەیە راستە ئێوە گوتتان ئەگەر رەقەمەکان لە حکومی بگۆڕێن ئینجا لەوەش دەگۆڕێ، بەڵام لەوانەیە حکومەت مەرج نییە بیگۆڕێت بڕیار بدات بۆ نمونە (٢٥٠) بکاتە (١٥٠) قوتابی و خوێندکار، بەڵام ئەوەیان ئەهلییە حکومەت لەوانەی بارگرانی دارایی بەهۆی قەرزی حکومەتەوە یاخود هەر بابەتێکی دیکە و ئەوە بێ نەتوانێ بیکات، بەڵام با لە کەرتی ناحکومیدا ئەوە پەیڕەو بکرێت، پێشنیار دەکەم هەموو (٢٠٠) کان بکرێتە (١٠٠)، (٢٥٠) کەش بکرێتە (١٥٠) خوێندکار، سوپاس،
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، ئەگەر پێشتر خۆیان فەرمانێکیان هەبووبێت هەر رەقەمی تیا نەبوبێت، ئێمە هەر ئەو فەرمانەی خۆیان لەناو نەصەکەدا دایدەرێژینەوە، هەر رەقەمی تیا نییە، (د.اسماعیل)، فەرموو.
**بەڕێز اسماعیل علی طە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەز جارەکا دیێ فیعلەن پشتگیریا خوشکا (گلوستان) دکەم، کو توێژینەر بیتن نە رێنمایکار بیت چونکە ئەم گەلەك جارا دووبارە دووبارە کری دادەرچوێت کۆمەڵناسی و دەروونناسی بێ بەش نەبن، دیسان نەفسی پرسیارا یا مامۆستا (علی حمە صالح) نەفسی پرسیارێ دکەم رێکەڤتا (٢٠١٩/١٠/٣١) ئەو ئەمرێ وزاری دەرکەڤتییە هەر (١٥٠) یا رێنمایکارەك بوو هەبیت، بۆچی ل ڤێرێ کرا (٢٥٠) بۆچی هەر سەر وێ رێنماییێ نەچوو (١٥٠) رێنمایکارەك هەبا، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، ماددەی (١٣٥)ش بخوێننەوە دوای رێگا دەدەین وەزیر قسە بکات، فەرموو.
**بەڕێز شەمول اشین صابر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (١٣٥):
یەکەم:
١-دەبێت رێژەی مامۆستا هەمیشەییەکانی دامەزراوە ناحکومیەکان لە (٨٠%)ی کۆی ژمارەی مامۆستایانی دامەزراوەکە کەمتر نەبێت.

٢-دەبێت ڕێژەی مامۆستا هەمیشەییەکان لە هەر یەك لە سێ قۆناغی کۆمەڵگەی پەروەردەیی لە (٨٠%)ی مامۆستایانی قۆناغە پەیوەندیدارەکەی کۆمەڵگە کەمتر نەبێت.
٣-دەبێت لایەنی کەم (٨٠%)ی بەشە وانەکانی هەر یەك لە (١٢) ساڵەکەی خوێندنی قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و (٥) ساڵەکەی پەیمانگای پەروەردەی بە مامۆستا هەمیشەییەکان بدرێت.
دووەم:
١-لە کاتی دەوامی فەرمی دامەزراوە حکومییەکاندا هیچ دامەزراوەیەکی ناحکومی مافی نییە مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردەیی دیکە و سەرپەرشتیاران و کادیرانی دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتییەکان بەکار بخات، ئەوانە نەبێت کە مۆڵەتی بێ مووچەیان وەرگرتووە یا خواستراون.
٢- تەنها پێش دەستپێکردن یان دوای تەواوبوونی دەوامی فەرمی ئەو دامەزراوە حکومیەی کە مامۆستا و فەرمانبەرە حکومیەکە کاری تێدا دەکات و دوای مۆڵەت وەرگرتنی نوسینێکی لە دامەزراوە حکومییەکە لەلایەن مامۆستا و فەرمانبەرەوە دامەزراوەی ناحکومی مافی بەکارخستنی مامۆستا و فەرمانبەری پەروەردەیی دیکەی حکومی هەیە.
سێیەم- هیچ کەس ناتوانێ لە یەك کاتدا بەڕێوەبەری دوو دامەزراوەی ناحکومی بێت.
چوارەم: هەر مامۆستایەك بە هۆکاری تەندروستی خانەنشین کرا بێ مافی کارکردنی لە دامەزراوە ناحکومییەکاندا نییە.
پێنجەم- پێویستە دامەزراوە ناحکومییەکان لە مانگی یەکەمی ساڵی خوێندندا ناوی ئەندامانی کارگێری و مامۆستایان بۆ وەزارەت بنێرن.
شەشەم:
١-بەڕێوەبەری هەمیشەیی یاریدەدەری بەڕێوەبەری هەمیشەیی مامۆستای هەمیشەیی و ڕێنمایکاری پەروەردەیی هەمیشەیی لە دامەزراوە ناحکومییەکان ئەوانەی خوارەوەن:
أ-ئەوانەی لە دامەزراوە ناحکومییەکەدا دامەزراون بێ ئەوەی لە کەرتی گشتی کار بکەن.
ب- ئەوانەی تەمەنیان لە (٦٣) ساڵ تێپەڕ نەبووە.
ج- ئەوانەی لە دامەزراوەکە دامەزراون بێ ئەوەی گرێبەستی کاری هەمیشەییان لەگەڵ شوێنێکی دیکە هەبێت.
سێ: بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر مامۆستا و ڕێنمایکاری پەروەردەیی کەرتی گشتی کە خواستراون یان خاوەنی مۆڵەتی بێ مووچەن بە کارمەندی هەمیشەیی هەژمار ناکرێن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ ناوەکانیان بنوسە، (د.اسماعیل)، کاك (یاسین)، (گلوستان) خان، کاك (بالانبو)، کاك (عثمان)، کاك (مەلا ویسی)، کاك (یاسین)، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٣٥) مافی دامەزراندنە بڵێین بۆ نمونە کارمەند و مامۆستا و ئەوانە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو کارمەند و مامۆستایانە هەموو ئەو مافەیان هەیە کە بۆ نمونە لە حکومی دەوام

دەکەن، بۆ نمونە دەرماڵەیان هەیە بەیانی خانەنشین دەکرێن یان هەموو ئەو مافەیان هەیە یان نا، هیچ روونکردنەوەیەکی نەداوە، ئەگەر جەنابی وەزیر یان لیژنە روونکردنەوەمان بداتێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستت خۆش بێت، کاك (مەلا ویسی)، فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣٥) ماددەیەکی زۆر گرینگە چونکە دەتوانین بڵێین هەلی کار بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان دەرەخسێنێ، بۆی پێشنیار دەکەم کە بەدەق ڕێگری بکرێت لە مامۆستایانی دامەزراو بۆ ئەوەی زیاتر لە یەك قوتابخانە و دامەزراوەکانی پەروەردەیی کەرتی تایبەت کار بکەن وانە بڵێنەوە، چونکە ئەمە وا دەکات مامۆستاکە توانای خۆی لە کەرتی تایبەت خەرج بکات و خوێندنی کەرتی گشتی پشت گوێ بخات، بەداخەوە لە ئێستادا ڕێژەیەکی زۆری مامۆستا هەیە لە چەندین قوتابخانەی ئەهلی و حکومی دەوام دەکات و دەرچووانی زانکۆش دەرچووی زانکۆی واش هەیە دەرفەتی کارکردنی لە هیچ شوێنێکی تر بۆ نارەخسی بەتایبەتی ئەو مامۆستایانەی پۆلی (١٢) دەڵێنەوە، بۆیە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و رەخساندنی دەرفەت بۆ گشت تاکەکان ڕێگە بە مامۆستایانی کەرتی گشتی نەدرێت سوودمەند ببن لە کەرتی ناحکومی تەنها ئەگەر مۆڵەتی بێ مووچە یاخود تەنسیب بکرێن بۆ کەرتی تایبەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (عثمان سێدەری)، فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣٥) بڕگەی شەشەم (ب) ئەوانەی تەمەنیان لە (٦٣) ساڵ تێپەڕ نەبووە، واتا ئەوانە تەبعەن مەشمول نابن بەوەی کە بتوانن لەو شوێنانەدا دابمەزرێن، بۆیە من پیشنیار دەکەم بکرێت بە (٦٨) ساڵ لەبەر ئەوە بۆ دکتۆرێك تەمەنی (٨٠) ساڵە دەتوانێ عیادەی هەبێت و کاری خۆی بکات بەڵام بۆ دکتۆرێك ئەو مافەی پێ ڕوا نەبینرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (گلوستان) خان، فەرموو.

**بەڕێز گلوستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٣٥) پێشنیار دەکەم لە بڕگەی یەکەمی، یەکەم کە دەڵێ دەبێت ڕێژەی مامۆستا هەمیشەییەکانی دامەزراوە ناحکومییەکان لە (٨٠%) لە سەدی کۆی ژمارەی مامۆستایانی پێویستی دامەزراوەکە کەمتر نەبێت، واتا مامۆستایانی پێویستی دامەزراوەکە بێت (٨٠%) دائیمیەکان بێت، من پێشنیار دەکەم مافی ئەم مامۆستایانە دەستەبەر بکرێت لەم خاڵەیا کە مافی مۆڵەت و مافی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و ئەو شتانەیان بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی کە هیچ فەرقێکی نەبێت لەگەڵ ئەو مامۆستایانەی لە کەرتی گشتی کار دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (بالانبو)، فەرموو.

**بەڕێز بالانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـاددەی (١٣٥) بـڕگەی دووەم، خـاڵی یەكەم، لە كۆتاییەكەیـدا دەڵـێ یـان ئەوانەی خواسـتراون، خواسـتراو مەبەسـتیان لە چیـیە؟ مەبەسـتیان لەوەیە كە دامەزراوە نـاحكومیەكە پێویسـتی پێیەتی یان وەزارەت پێویستی پێیەتی؟ پێشم وایە ئەو خواستراوە پێشنیار دەكەم كە لابرێت، لەبەر ئەوە وەزارەت دەستكراوە دەكات بۆ ئەوەی كەسێكیان ویست دەتوانن لەو شوێنە دەست بەكاربێـــت، كەســـێكیش ئەگەر نەیانەوێـــت دەڵـــێن خواســـتراو نیـــیە پێویســـتیان پێـــی نییە.......................

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نا خواستراو مەبەستیان نیزامی ئیعارەیە، بە ئیعارە وەری دەگرن لە حكومەتی وەردەگرن.

**بەڕێز بالانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبەستم وایە ئەگەر مامۆستایەك لە كەرتی حكومی كاری كرد بە هیچ شێوەیەك لە كەرتی تایبەت كاری پێ نەدرێت، بە ڕەچاوكردنی ڕەخساندنی هەلی كار بۆ خەڵكانی كە بێكارن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەڤە كارەكی باشە ئەم دشێین یەعنی دەلیڤە و دەرفەتێ باش بۆ دەرچوویا ببینین بەرێ خۆ بدەینە ڤان مەدرەسا خاسەتەن خەریجێت ڤان ساڵا و كو نەهاتینە دامەزراندن، بەلێ مافێ وانە یێ پاراستی بیتن نەفسی سەرەدەریا فەرمانبەرێ حكومەتێ فەرمی دگەل بێتە كرن، ژبەر هندێ بینم خالەك زێدە ببتن لێبرینا خانەنشینی لێ بهێتە برین ژمووچەیێ وانا، وەكو فەرمانبەرێت فەرمی بێنە هەژمارتن، دا مافێ وانەیە پاراستی بیت بۆ تەقاعدێ و خانەنشینیێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری پەروەردە بۆ ئەوەی زۆر نەبن پرسیارەكان، فەرموو.

**بەڕێز ئالان حمە سعید (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، (نجات) خان پرسیاری كرد لەسەر چ بنەمایەك لە مـاددەی (١١٩) ئەم (١٠) ملیـۆنە دانراوە؟ ئیعتماد كراوەتەوە سەر یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠١٢)، مامۆستا (هلز) باسی ئەو قوتابخـانەیەی كـرد، مامۆسـتا ئەو قوتابخـانەیە بە فەرمـانی پارێزگـار دراوە (٩) ڕۆژی دیـكە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك دەدرێتەوە، تەواوی تێچووی ئەو قوتابیانە لەسەر ئەو قوتابخانەیەیە كە قوتابخانەیەكی قازانج نەویستە مۆڵەتەكەی، ئەهلییەكان سێ دەوامیان هەیە كاك (گۆران) پرسیاری كرد، ئەهلییەكان سێ دەوامیـان نیـیە. مـاددەی (١٢٦) كـاك (محی الدین)

پرسـیاری کـرد لە خـاڵی سـێیەم بە دڵنیـاییەوە بە وازحـی نوسـراوی بەڵام دەبێـت ڕەزامەنـدی فەرمانی وەزارەت وەربگرن بۆ کتێبەکانی خوێندن، کاك (یاسین) هەر پرسـیاری کـرد لەسـەر دوو دەوامـی ئەویـش زۆر بە کەمـی بە دەگمە ئەگەر دانەیەك دوان هەبێـت دوو دەوامـی تیـا بێـت باڵەخانەیە ئەگینا هەر نییە. (شادی) خان، بەڕێزان کاك (چیا)، (مـژدە)خـان، کـاك (علـی)ی ئەوانە لەسەر ئەو حەددەدە قسەیان کرد، فیعلەن ئەوەی کە لێـرە نوسـراوە بە نیەتەکـی بـاش نووسـراوە ڕەنگ بێت هەڵە بێت، بەڵام بە نیەتەکی باش نووسراوە، ئەویش نیـتەکە ئەوەیە لەگەڵ حکـومی یەکسان بکرێتەوە، ئەگەر نا لە فەرمـانە وەزاریەکەی سـاڵی (٢٠١٩) (١٥٠)یە، بەلای ئێمەشـەوە زۆر زۆر ئاساییە لەپێناو ڕەخساندنی دەرفەتێکی کار ئیعتماد بکـرێتەوە سـەر فەرمـانە وەزاریـیەکە و بکـرێتەوە دەق لێــرە دابرێــژرێتەوە، بەڵام نــیەتەکە بــاش بــووە نووســراوە یەك بخــرێ نەك مەبەسـتەکە مەبەسـتەکی خـراچ بـێ، بەڵام هەڵەیە بەراسـتی هەڵەیە. سـەبارەت کـاك (یاسـین) پرسیاری دەوامی ئەوەی کرد جەنابی سـەرۆکی پەرلەمـان وەڵامـی دانەوە دەوام تەنـزیم کـراوە، سـەبارەت بە هەنـدێ پرسـیاری دیـکە لیژنەکـان لە ڕێـگەی بەڕێـوەبەری گشـتی پارێزگاکـانەوە پێویسـتە پێـك بهێنـرێن، لەنـاو بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی پارێزگاکـان بەڕێـوەبەرایەتی خوێنـدنی ناحکومی هەیە، مەرجی وەرگرتن لە قوتابخانە ئەهلییەکان لەسەر بنەمـای جـوگرافی نیـیە تـا لە قوتابخانەکانەیەك هەبێت لە قوتابخانەیەکی دیکە مافت نەبێـت تەقـدیم کەی، تەنهـا دەمەوێـت لەسەر ئەو ڕێژەی (٨٠%)، (٢٠%)ە قسە بکەم، ڕێژەی (٨٠%)، (٢٠%) لە یاسای ژمارە (١٤)ی سـاڵی (٢٠١٢) قوتابخـانە ناحکومیەکـانی پەرلەمـان هەیە، بەڵام بەم تەفصـیلاتە نیـیە، ئەم تەفصـیلاتە ڕێگەی گرتووە لەوەی کە ئیستغلال لە بـابەتەکە بکرێـت، بیریشـمان نەچـێ بەگـوێرەی قـانوونی خدمەی مەدەنی قانوون ڕێگا نادات هەندێك دەرەجاتی وەزیفی موحەددەد نەبێ ڕێگـری لێـبکەی ئیشی دووەم نەکات، هەندەك دەرەجاتی موحەددەد، بۆ نمونە دیاری کردووە تا پلە (٧)، ئەوانە بـۆ نمونە ڕێگایان لێ دەگیرێ کە کارێکی دیکە بکەن، بەڵام لەوانی دیکە ڕێگە ناگیرێ بە هیچ جـۆرێ لە قانووندا، حەز دەکەم ئەگەر سەیرێکی قانوونی خدمەی مەدەنی بکەن، ئەمەی کە کـراوە لێـرە ئەمەش قانوونە، ئەمەی کە کراوە لێرە بۆ ئەوەیە دەرفەتێکی کار بڕەخسێ بـۆ ڕێـژەی (٨٠%) بـۆ ڕێژەی (٢٠%)، ئەگەر قوتابخانەیەك (١٠٠) مامۆستای هەبێـت (٨٠) مامۆسـتای دەبێـت دەرچـووی دانەمەزراوە بێت خۆی گرێبەستی لەگەڵ بکات، (٢٠%)ی مامۆسـتاکان (٢٠) مامۆسـتاکانی دیـکە دەتوانێ بە سێ شێواز بەرێ، یەکەم ئەو مامۆستایە لە حکومەت مۆڵەتی بـێ مـووچەی کردبێـت بتوانن لەوێ بێـت بەس دەبێـت لە زمنـی (٢٠%) بێـت. دووەم ئەو مامۆسـتایە بە ئیعـارە بـڕوات وەکو ئەوەی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان تەوزیحی کرد کە سیستمی خواسـتنە، واتـا بە خـزمەت بۆ حیساب دەکرێت بەڵام مـووچەکەی لەسـەر دامەزراوە نـاحکومییەکە دەدرێـت، سـێیەم ئەگەر مامۆسـتایەك لە قوتابخـانەکەی خـۆی لە بنەڕەتـی بێـت (٢٤) بە وانە و لە ئامـادەیی (٢٢) بەش وانەی تەواو کردووبوو مافی خۆیەتی لە قوتابخانەیەکی ئەهلی دەوام بکات، بەڵام هەر دەبێـت لە زمنی (٢٠%) بێـت، نابێـت لە زمنـی (٨٠%) بێـت، ئەمەش وای کـردووە نـوێترین ئامـار بـدەمە جەنابتـان ئـێمە ئێسـتا دە هەزار مامۆسـتامان لە کەرتـی تـایبەت لە قوتابخـانە ناحکومییەکـان و باخچەکـان و پەیمانگاکـان هەن، لەم دە هەزارە تەنهـا پێـنج سـەد و نەوەد و هەشـت مامۆسـتای حکومی تیایە، کە ناکاتە (٧%)ی ئەم ڕێژەیە، یەعنی ئێمە وامـان تەنـزیم کـردووە ناکـاتە (٧%)ی

ئەم ڕێژەیە، پاش ئەوە لەم قانوونە هەتا تەحدید ی کردووە ڕێگە لە ئیستغلال دەگرێ، دەڵێ ئەگەر کۆمەڵگایەکی پەروەردەیی کە بریتییە لە باخچە، بریتییە لە قوتابخانە و خوێندنگا دەبێت هەر دانەیەکیان بە جیا حیسابی ئەم (٨٠%) بکات، بەڵام بۆ (٢٠%) باشە هەر بمێنێتەوە، ئێمە دەبێت دەعمی قوتابخانەیەکی ناحکومیش بکەین چونکە دواجار هەر منداڵی ئەو وڵاتەیە لەوێ دەخوێنێ، ئەگەر قوتابخانەیەکی ناحکومی تازە مۆڵەتی وەرگرت پۆلی (١٢)ی هەبوو پێویستی بەوە هەیە زەمەنێك بەسەر کارەکانیا بڕوات هەتاوەکو مامۆستای گونجاو پێ دەگەیەنێت بۆ ئەوەی لە پۆلی (١٢) وانە بڵێنەوە، لەو حاڵەتە ئیستفادە لە مامۆستایانی کەرتی حکومی دەکەن بەو سێ تەریقەیە ئەیخواستن و مۆڵەتی بێ مووچە هەروەها تەواوکردنی بەشە وانەکان لەچوارچێوەی (٢٠%)ی میلاك بیانبەن سوودی لێ وەرگرن، لەبەر ئەوە ئەمەی کە ئێستا هەیە ئێمە لە یەکەم دەست بەکاربوونمان لە کابینەی نۆیەم زۆر تەرکیزمان لەسەر ئەو بابەتە کردووە، من ناڵێم مخالەفات نەکراوە، بەڵێ مخالەفات کراوە، دوێنێ داوای داتای ئەم مەکتەبانەم کرد کە مخالەفەیان کردووە، تەنها لە کوردستان لە کۆی پێنج سەد و ئەوەندە دامەزراوەی ناحکومی تەنها هەشت دامەزراوە مخالەفەی کردووە. ئەلەسەر ئەوە، دەرفەتێکی کاری زۆر باشمان بۆ خەڵك ڕەخساندووە تەسەوڕکەن چوار هەزار فەرمانبەر لە کەرتی ناحکومی، خوێندنی ناحکومی کار دەکات تەنها (٩٨) یان فەرمانبەری حکومەتی هەرێمن، ئەوانەی دیکە فەرمانبەر نین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (١٣٦) ئەو ماددەیەش موهیمە، فەرمووو.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری دووەم: مافەکانی فەرمانبەرانی دامەزراوە ناحکومییەکان:

ماددەی (١٣٦):

یەکەم: خاوەنی دامەزراوەی ناحکومی بەرپرسە لە پاراستنی ماف و شایستە ماددی و مەعنەوییەکانی کارمەندەکانی لە ماوەی خزمەتکردنیان لە دامەزراوەکەدا، هەروەها پابەند دەبێت بە ڕەخساندنی دەرفەتی شیاندن و فێربوونی بەردەوام و ڕاهێنانیان لەسەر پرۆسەی دڵنیایی جۆری.

دووەم: پێویستە دامەزراوەی ناحکومی ئەو تۆمارانەی هەبێت کە یاسایی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە مەرجی گرتوون ئەوەش بەمەبەستی جێگیرکردنی مافەکانی مامۆستا و فەرمانبەر و کارمەندەکانی دیکە.

سێیەم: فەرمانبەری دامەزراوە ناحکومییەکان مافی پشوویان بەپێی گرێبەستی نێوان کارمەند و دامەزراوەکە دەستنیشان دەکرێت بە ڕەچاوکردنی حوکمەکانی یاسای کاری بەرکار لە هەرێم.

چوارەم: بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر و مامۆستا و ڕێنمایکاری پەروەردەیی دامەرزراوە ناحکومییەکان مافی بەشداریکردنیان لە خولی بەهێزکردنی تواناکان و فێربوونی بەردەوام هەیە کە لە ساڵێکدا نابێت لە (٣٠) کاتژمێر کەمتر بێت و لەسەر خەرجی دامەزراوەکە بۆیان دەکرێتەوە.

پێنجەم:
١-نابێـت کاتژمێرەکـانی کـارکردنی فەرمـانبەرانی دامەزراوە ناحکومییەکـان لە (٨) کـاتژمێر لە ڕۆژێکدا و لە (٤٠) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا زیاتر بێت.
٢- ژمارە بەشە وانەکانی مامۆستایان بەپێـی ئەو گرێبەسـتە دەبێـت کە لەنێـوان دامەزراوەکە و مامۆستایەکە بەستراوە بە ڕەچاوکردنی کاتژمێرەکانی کار لە هەفتەیەکدا.
٣- لە حـاڵەتی کـارکردنی زیـادە یـان وتـنەوەی بەشـە وانەی زیـاتر وەك لەوەی لە گرێبەسـتەکەدا هاتووە دەبێت دامەزراوەکە مافی هەر کـاتژمێرێکی کـارکردنی زیـادە بە مامۆسـتا و فەرمـانبەرە پەیوەندیدارەکە بدات.
شەشـەم: کەمتـرین بـڕی مـووچەی مانگـانەی فەرمـانبەری دامەزراوە ناحکومییەکـان نابێـت لە کەمترین مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەر هاوشێوەکانی لە کەرتی گشتی کەمتر بێت.
حەوتەم: لە پشـــووی هاوینـــدا مـــووچەی مامۆســـتا و کارمەنـــدانی هەمیشـــەیی دامەزراوە ناحکومییەکان بەپێی گرێبەستی نێوان کارمەند و دامەزراوەکە دەبێت لە هیچ بارێکدا نابێـت لە (٧٠%)ی مووچەی مانگانە کەمتر بێت.
هەشتەم: خاوەنی دامەزراوەی ناحکومی بەبێ دیاریکردنی هۆیەکەی مافی دەرکردنی بەڕێوەبەر یان کارمەندانی وانە وتنەوە و کارمەندانی دیکەی نییە دەبێت پشت بەست بێـت بە ڕاسـپاردەی لیژنەیەك کە بۆ ئەو مەبەسـتە لەلایەن دامەزراوەکە دروسـت دەکرێـت، دوای ئەوەی ڕەزامەنـدی وەزارەتی بۆ وەردەگیرێت بڕیاری لەبارەوە دەدرێت.
نۆیەم: مەرجەکانی بەکارخستن و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست و ناکۆکییەکانی نێوان دامەزراوە ناحکومییەکان و فەرمانبەران و کارمەنـدانی دیـکەی دامەزراوەکـان بەپێـی حوکمەکـانی یاسـای کاری بەرکار لە هەرێم مامەڵەیـان لەگەڵ دەکرێـت، ئەگەر دەقێکـی دیـکەی جیـاواز لەم یاسـایەدا نەهاتبێت.
دەیەم: ســـاڵەکانی کـــارکردنی بەڕێـــوەبەر، یاریـــدەدەری بەڕێـــوەبەر، مامۆســـتا، ڕێنمایکـــاری پەروەردەیی لە دامەزراوەی ناحکومی بە ڕاژەی کردەیی بۆ گشت مەبەستەکان هەژمار دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ (د.شێرکۆ)، فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە، ئەمە دامەزراوەی نـاحکومییە هێشـتا لە هەرێمـی کوردسـتان یاسـای کـار فەراغێکی تەشریعی هی عێراق بەکار دەهێنـین، بەڵام ئەوەی کە بەتەمـاین خۆمـان ئێسـتا دەری کەین و هاتووە بۆ پەرلەمان و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، بۆیە کاتێك کە دەڵێن بەرکـار مـن تەرکیزم لەسەر ئەوەیە کە هەمان حقوق و ئیمتیازانی خدمەی مەدەنی لە ناحکومی و لە کەرتـی تایبەتدا چونکە ئەمـانە لە یاسـای کـاردا ئەوە تەسبیت دەکەیـن، خانەنشـینی، پاراسـتن، حقـوق، ئیمتیـازات، هاوتا بێت، مامۆستایەك لە حکومی چی وەردەگرێت چۆن دەپارێزرێ، قانوون چی بۆ دەکات، بۆ ناحکومیش بە هەمان شێوە، بۆیە ئیزافەیەك بۆ ئەم ماددەیە لە بڕگەیەك لە بڕگەکاندا

مەسەلەی هاوتاکردن، هاوتاکردنی حقوق و ئیمتیازاتی ئەوانەی کە لە ناحکومیدا کار دەکەن ئیتر مامۆستا بێت یان ئەوە حکومییەکە، بەپێی قانوونی خدمەی مەدەنی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا (عبدالستار)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٣٦) بڕگەی یەکەم نازانم لێرە ئەگەر لە شوێنی دیکە باسکرابێت، لێرە باس نەکراوە ئایا فەرمانبەرانی دامەزراوەی ناحکومی چۆن دادەمەزرینرێن؟ ئایا هەلی یەکسانیان بۆ نارەخسێنن وەکو لێرە باسی هەلی ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان کراوە یان بڵێین بۆ شیاندن، ئەمن پێم وایە دەبێت ئەوە دەرفەتی یەکسان، هەلی یەکسانیش بۆ دامەزراندنیان بڕەخسێنرێت ئەمە یەك، دوو سەبارەت بە کاتەکانی کارکردن لەلایەك دەڵێ (٨) سەعات لە هەفتەیەکدا، یەعنی ڕۆژی (٨) سەعات کار بکات، لەلایکی دیکە دەلی (٤٠) کاتژمێر کەمتر نەبێت، (٤٠) کاتژمێرەکە ئەگەر تەماشای بکەی ڕۆژی دەکاتە (٥) سەعات، ئەگەر هەفتەی (٧) ڕۆژ بێت کارکردنەکە، مەبەستم ئەم جیاوازییە چییە یەعنی، فەرمانبەر دیارە کاتی کارکردنی وا نییە؟ بۆ لەوێ (٥) سەعات دەکات، لەوێش دەکاتە (٨) سەعات، هۆکارەکەی چییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (ادریس)، فەرموو.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣٦) گرینگترین مافی هەر فەرمانبەری خانەنشینە کە لەو ماددەیە باس نەکراوە بۆیە من پێشنیار دەکەم پێویستە دامەزراوە ناحکومییەکان مافی خانەنشینی فەرمانبەرەکانی لە ئەستۆ بگرێت یان بە شێوەیەك لەگەڵ حکومەت ڕیك بخرێن کە یەك سیستەمی خانەنشین لە هەموو هەرێمی کوردستان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (عثمان سێدەری)، فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی کاك (ادریس) دەکەم، بە نسبەت بڕگەی خانەنشینی بە هیچ شێوەیەك ئیشارەتی پێ نەدراوە، هەروەها پشتیوانی لە قسەکانی مامۆستا (عبدالستار)، کاك (شیرکو) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان زۆر سوپاس، (شادی) خان، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستییەکەی ئەو ماددەیە لەگەڵ ئەوەی کە ماددەیەکی زۆر زۆر باشە زۆر باش داڕێژراوەتەوە، بەڵام هەندێك تێبینی بچووکم هەیە لەسەری یەکێکیان لە خاڵی دووەم کە باس لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەکات مەبەست لێی تەقاعودییە دوای تەواوبوونی خدمە، ئێمە دەبێت بە ماددەیەك لە ماددەکاندا ئەو ڕێگەیەش بگرین یان ئەو ڕێگەیە ببەستین کە دامەزراوە ناحکومییە پەروەردەییەکان نەتوانن کارمەندەکانیان بە عەقدی موقەت بکەن، بۆ چەند مانگی خوێندنەکە بێت دوایی عەقد هەڵوەشێننەوە، بۆیە بە بڕگەیەك زیاد بکەین بۆ ئەو ماددەیەی کە دوای ئەوەی کە مامۆستا و فەرمانبەری دامەزراوەکە بە تێستی چەند مانگیدا تێدەپەڕێ دەبێت عەقدەکەی ببێتە عەقدێکی دائیم بۆ ئەوەی ئەو دەستەبەری کۆمەڵایەتییەی بۆ تەقاعودی و بۆ ئیشەکانی دیکەی بۆی دەکرێت بە عەقدێکی هەمیشەیی بێت و بتوانرێ سوودمەند بێت ئەو فەرمانبەرە، یاخود ئەو مامۆستایەی کە لە کەرتی تایبەتدا ئیش دەکات سوودمەند بێت لە تەقاعودی. خاڵێکی دیکە لە پێنجەمی نوسراوە نابێت کاتژمێرەکانی کارکردن، من پێم وایە ڕەنگە ئەم خاڵە تەزاروبێك لەگەڵ یاسای کار دروست بکات لە دواترا کە لە ئیستایا چ کاتژمێرەکە یاخود (٨) کاتژمێر دەکات، دەتوانین ئێمە دایبڕێژینەوە بۆ ئەوەی کە کاتژمێرکانی کارکردن لە دامەزراوە ناحکومییەکانی پەروەردەدا بە ڕێکخستنەوە لەگەڵ یاسای کاری بەرکار لەو حاڵەتەدا دەکرێت ئەم یاسایەی کە دەدەچێت یان ئێستا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لە پەرلەمان یان ئەو یاسایەی کە پێشتر بەرکارە ڕێك دەبێتەوە و توشی ئەو تەزارووبەش نابین، چونکە دواتر باس لەوە کراوە هەر کاتژمێرێك سەرو کاتژمێری کارکردن بێت بە کاتژمێری ئیزافی بۆ مامۆستا یان فەرمانبەرەکە هەژمار دەکرێت، ئەو ڕێژە مووچەیەی کە دیاریکراوە بەراستی ئەمە زۆر زۆر گرینگە هەرچەندە زۆربەی هەرە زۆری دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان ئەو ڕێگەیە دەگرنەبەر کە لە عوطڵەی هاویندا کار بە مامۆستاکان دەکەن، دەوراتیان هەیە یاخود بەشداری خولی هاوینەیان هەیە بۆ خوێندکارەکانی خۆیان کە دەکرێت ئەمەش ئیزافەیەکی تێدا بکرێت لە حاڵەتی بەردەوامبوونی کارکردنی مامۆستاکەیا، ڕاستە پشووی هاوینەیە، بەڵام ئەو کاردەکان لەبەر ئەوەی (٧٠%)ی مووچە نەبێت بە مووچەی تەواو بێت، کاتێك کە کار دەکات یان کە دەورەیەك دەڵێتەوە لەگەڵ دامەزراوەکە ڕێککەوتنێکی هەیە لەسەر ئەو بابەتە، بۆیە دەبێت ئەو تەفاصیلانە بەراستی مادەم ئەوەندە بە تەفاصیل ئەو ماددەیە ئەوەندە بە گرینگییەوە باسی کارەکانی مامۆستا و فەرمانبەرانی کردووە لە ناو دامەزراوەکاندا، ئەو تەفاصیلە وردانەشی تیا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مەلا (ویسی)، فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە ماددەی (١٣٦) دوو تێبینیم هەبوو، تێبینی یەکەم بۆ جەنابی وەزیر ئایا هیچ جیاوازییەك هەیە لەنێوان فەرمانبەر و کارمەند؟ وابزانم زیاتر لە دام ودەزگا رەسمییەکانی حکومەت فەرمانبەر بەکاردێت، لێرە لە چەند شوێنێك کارمەند و فەرمانبەر هاتووە، ئەگەر یەك بی وابزانم یەك مانا پێویستە، ئەوەی تریشیان لە خاڵی شەشەمین باس لە مووچەی فەرمانبەرە گرێبەستەکان دەکات ئی وەزارەتی پەروەردە کە لە ماوەی رابردوو سکاڵا هەبووە لە پەیوەندیکردن وە بەدواداچونیشم کردییە، وەکو پێویست مووچەکان نەدەدرا، ئایا لە کاتی جێبەجێکردنی ئەو یاسایە کە چووە بواری جێبەجێکردن قەرەبووی ئەو کەسانە دەکرێتەوە کە جیاوازی لە مووچەکانیان هەبوو؟ زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، بەڕێزان پێش ئەوە دەرفەت بدەم بە بەڕێز وەزیر قسە بکات لەبەر ئەوەی یاسای کار ئێستا لە پەرلەمانە ئێمە لە قۆناغی نوسینەوەی راپۆرتین، ئەوەی کە لە برگەی پێنجەمی یەکا هاتوو مەبەستی ئەوە نییە کە هەموو رۆژێ (٨) سەعات ئیش بکات کە زەربی دەکەی (٦×٨) دەکاتە (٤٨)، مەبەستی ئەوەیە (٤٠) سەعاتەکە دەبێت دابەش کەی بەسەر (٦) رۆژەکەیا، بەڵام هیچ رۆژێك لە رۆژەکان نابێت لە (٨) سەعات زیاتر بێ، لە راستیا ئەگەر قانوونی کاری لەسەر جێبەجێ بکەین زەرەریانە لەبەر ئەوەی لە قانوونی کار (٤٨) سەعاتە، ئەوەی خۆی بێ باشە، من یەك پێشنیارم هەیە بەڕێز وەزیری پەروەردە لە شەشەمدا کەمترین بڕی مووچەی مانگانەی فەرمانبەری دامەزراوە ناحکومییەکان نابێت لە کۆی مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکانی فەرمانبەرە هاوشێوەکانیان لە کەرتی گشتی کەمتر بێت، چونکە ئەو ترسەم هەیە کە نوسیومانە لە کەمترین مووچە کەمتر نەبێت، هەموویان بڕۆن بۆ ئەوەی کە رێك کەمترینەکە دابنێن، سوپاس ئەگەر دەتەوێت قسە بکەی لەسەر ئەو ماددەیە گرینگە، فەرموو.
**بەڕێز ئالان حمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سوپاس، وەڵا ویستم قسەیەکی خۆم راستکەمەوە بۆیە لە کۆنووس دەنووسرێ، ئەو قانوونەی کە پیشتر ئاماژەم پێدا ئیستیدلالمان کرد بۆ سەر قانوونی ئینزیباتی موەزەفینی دەولە بوو ماددەی (٦) نەك قانوونی خدمەی مەدەنی، بەس بۆ ئەوەی لە کۆنووسەکە بە هەڵە لەسەرم تۆمار نەبێت. سەبارەت بەوەی کە جەنابت تەوزیحت کرد لەبەر ئەوەی دەوامی بەشی هەرە زۆری قوتابخانە و ناوەندەکانی ناحکومی لە هەفتەیەکدا (٥) رۆژە کە دەڵێ نابێ لە (٨) سەعات زیاتر کاری پێ بکەی (٥×٨) دەکاتە (٤٠) سەعات، مەبەستەکە لێرە لەوەیە چونکە ئەوان موعەزەمیان رۆژانی شەممان دەوامیان نییە مەگەر حاڵەتەکی زۆر زۆر ئیستیسنائی بێت. ئەوەی (شادی) خان باسی دەکات، ئەوەی کە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی پێدا من تەواو هاوڕای ئەوەم کە وای لێبکرێت بەراستی، بەڵام لە برگەی حەوتەم نوسیومانە نابێت لە (٧٠%) کەمتری پێ بدات، ئەوە جیا لەوەی کە مافی ئیجازە و هەموو شتێکی هەیە، بەڵام دەبێت ئاگایەکیشمان لەوە بێت ئەم بابەتانە زیاتر لەگەڵ قانوونی کار تەنزیم دەکرێن، سیاسەتی حکومەت تەنزیمییە نەك

تەدەخولییە، دەبێت مافەكانیشیان دەستەبەر كەین، بەڵام دواجار گرێبەستێك ئەمە وەڵامێكیش بۆ جەنابی كاك مەلا (ویسی) دواجار گرێبەستێك لەنێوان ئەو دوو تەرەفە هەیە چ مامۆستا (العقد شريعة متعاقدين) چ مامۆستا، چ دامەزراوەكە، ئەگەر مامۆستایەك هەست دەكات دامەزراوەكە نەیتوانیوە وەكو پێویست عەقدەكەی جێبەجێ بكات مافی هەڵوەشاندنەوەی هەیە و مافی سكاڵاشی هەیە، لە رانیا ئەم حاڵەتەمان هەبووە، لە دادگا و مامۆستاكانیش بردویانەتەوە و وەزارەتیش دیفاعی لێ كردوون. سەبارەت ئەوەی كە لە خاڵی هەشتەم هەیە خاوەنی دامەزراوەكە بەڕێزان ئاماژەتان بەوە كرد زۆر گرینگە ئەم بابەتە پەیوەندی بە كوالێتییەوە هەیە ئێ خۆ ئێمە ناكرێ مامۆستایەك كە كوالێتی باش نەبوو لەسەر مەكتەبێكی ئەهلیش فەرزی بكەین، ناكرێ ئەگەر لێی رازی نەبوو ناكرێ، بەڵام نوسیومانە چی؟ هیچ قوتابخانەیەكی ئەهلی بۆی نییە بەبێ هۆ، هۆیەكی موقنیع، هۆیەك كە بیداتە وەزارەت لەبەر ئەم هۆكارە ئەم گرێبەستەی هەڵوەشاندۆتەوە بەبێ هۆ بۆی نییە ئەو فەرمانبەرە یان ئەو مامۆستایە دەربكات، بەڵام ئەگەر بابەتەكە لەسەر ئەساسی كوالێتی بوو ئەمە ئەو كاتە حەق دەكەوێتەوە، بەڵام ئەویش دەبێت بسەلمێنرێت بۆچی لەسەر ئەساسی كوالێتیە و كەمتەرخەمی موئەسەسەكە لەوێدا چەندن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، قانوونی كارمان هەیە دەبێت تەواوی كەین، ماددەی (١٣٧)، فەرمووو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەوەری سێیەم: بەكارخستن لە دامەزراوە ناحكومییەكان:

لقی یەكەم: مەرجەكانی بەكارخستن:

ماددەی (١٣٧):

یەكەم: مەرجەكانی دامەزراندنی بەڕێوەبەر:

١-خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانكۆیی بێت.

٢- ئەزموونی كار یان چالاكی لەبواری پەروەردە و فێركردن لە (٥) ساڵ كەمتر نەبێت لە عێراق یان دەرەوەی عیراق.

٣- نابێت بە تاوانی ئابڕوبەر حوكم درابێت نابێت سزای كارگێری وەكو سەرزەنشت و زیاتر درابێت.

٤- دەكرێت هەڵگرانی بڕوانامەی زانكۆ هەرچەندە خوێندنەكەیان لەبواری پەروەردە نەبوبێت وەك بەڕێوەبەر بەكار بخرێن بە مەرجێك پێش دامەزراندنیان خولی شیاندنی بەڕێوەبەریان بینیبێت.

دووەم: مەرجەكانی دامەزراندنی یاریدەدەری بەڕێوەبەر:

١-دەبێت یاریدەدەر بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان بڕوانامەی زانكۆیی لەبورای پەرورەدە هەبێت.

٢- دەبێت یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانە و پەیمانگای پەروەردەیی بڕوانامەی زانكۆیی لە بواری پەروەردەدا هەبێت ئەزموونی لەبورای پەروەردە لە (٥) ساڵ كەمتر نەبێت.

٣- نابێت بە تاوانی ئابروبەر حوکم نەدرابێت و نابێت سزای کارگێری وەك سەرزەنشت و زیاتر درابێت.

سێیەم: مەرجەکانی دامەزراندنی مامۆستا و ڕێنماییەکانی پەروەردە:

١-خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت لە بورای پەروەردەدا.

٢- نابێت بە تاوانی ئابڕوبەر حوکم درابێت.

چوارەم:

١- بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە سەر خەرجی دامەزراوە ناحکومییەکە لە یەکێك لەو خولانەی شیاندن بەشدار دەبن کە وەزارەت ساڵانە ڕێکی دەخات.

٢- مامۆستا و ڕێنمایکاری پەروەردەیی لەسەر خەرجی دامەزراوە ناحکومییەکە لە یەکێك لەو خولانەی شیاندن و دڵنیایی جۆری بەشدار دەبن کە وەزارەت ساڵانە ڕێکی دەخات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان (د.محی الدین)، (د.شێرکۆ)، مامۆستا (عمر)، (جوان) خان، (گلوستان) خان، (لیزا) خان، (لیزا) خان، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز جەنابی وەزیر بۆ دامەزراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان پێویست دەکات هەر فەرمانبەرێك ئەگەر بەڕێوەبەر بێت یان یاریدەدەر بێت پێویستە زمانی ئینگلیزی بزانێت، خۆی ئەگەر بکرێتە مەرجێك لێرە دابنرێت، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (نزار)، فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٣٧) لە خاڵی دووەم ئەزموونی کارکردن یان چالاکی لە بواری پەروەردە و فێرکردن لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت لە عێراق یان دەرەوەی عێراق، بۆچی لە عێراق یان دەرەوەی عێراق بۆ نانوسرێ لە هەرێم یان لە دەرەوەی هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (گوڵستان) خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێز (لیزا) خان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (جوان) خان، فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی (لیزا) خان، (گلوستان) خان دەکەم، من لەسەر بڕگەی سێیەم قس دەکەم، مامۆستا ئەرکی چەندە گرینگە لە قوتابخانە ڕێنمایکاری پەروەردەیش دوو هەندە ئەرکی گرینگە و پێویستە لە قوتابخانەکان، هەمان مەرج بۆ مامۆستا و ڕێنمایکاری پەروەردەیی دەرچووە کە ئەوە ڕێنمایکاری پەروەردەیی پێچەوانەی ئەو پێناسەیەیە کە لەو یاسایەدا بۆی کراوە، ئەو فەرمانبەرەیە هەڵگری بڕوانامەیە لەبواری کۆمەڵناسی و دەروونناسی، لێرە دەڵێ خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لەبواری پەروەردە، دەبێت خاوەنی بڕوانامە بێت لە کۆمەڵناسی و دەرونناسی، بۆیە زۆر گرینگە ئەوە بکرێتە بڕگەیەکی جیا ڕێنمایکاری پەروەردەیی خاوەنی بڕوانامەی دەرونناسی و کۆمەڵناسی بێت، جیا بکرێتەوە لە مامۆستا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.شێرکۆ)، فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە وتەکانی خاتوو (لیزا) دەکەم، زمانی ئینگلیزی زمانی زانستە ئەمڕۆ لە دونیایا، ئێمە لە ناحکومیەکان ئامانجمان ئەوەیە کە ئەوەی نەماتوانیوە لە حکومیەکەیا تەحقیقی بکەین لە کوالێتی لە ئەوانەیا لە ناحکومیەکەیا تەحقیقی بکەین، بۆیە پشتیوانی لە بوونی زمانی ئینگلیزی دەکەم بۆ بەرێوەبەر، بەڵام بۆ ئەرکەکانی بەڕێوەبەر کە لە ماددەی (٦٢)دا دانراوە لەم یاسایە بۆ حکومییەکان لێرەدا بۆ ناحکومییەکان ئەرکی بەڕێوەبەر هەمان ئەرك بێت، چیمان وتووە لە (٦٢) بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەی حکومی ماددەی (٦٢) هەمان شت بۆ ناحکومییەکەش هەبێت، ئەرکی بەڕێوەبەر وازح بێت لەوێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەکەم سەبارەت بە خاڵی دووەم پشتگیری لە قسەکانی کاك (نزار) دەکەم، سەبارەت بە خاڵی چوارەم پێشنیار دەکەم کە کاتەکە دەستنیشان بکرێت بۆ ئەو ڕاهێنانەوە بۆ ماوەیەك کە لە (٣٠) سەعات کەمتر نەبێت، لە بڕگەی دووەم خاڵی دووەم ئەو (٥) ساڵە زۆرە بەراستی بۆ ئەوەی دەرفەت لەبەردەم گەنجاندا هەبێت بینە یاریدەدەری بەڕێوەبەر ئەو (٥) ساڵە بێتە (٢) ساڵ، چونکە لە کەرتی گشتی کاری دەست نەکەوێ و لەوێش ئەو لەمپەرانە لەبەردەمیان هەبێت قورسە، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم بۆ ئەوەی مافی ئەو قوتابخانە ناحکومیانە دەستەبەر بێ ئەویش بەشداری ڕاهێنانەکان کاتێك کە لە وەزارەت دەکرێنەوە ئەمەی بۆ زیاد بکرێت لە هەردوو خاڵی یەکەم و دووەم بە بڕی تێچووی ڕاستەقینەی هەر بەشداربوویێك بۆ ڕاهێنان، واتا حکومەت قازانجی لێ نەوێ لە کاتی بەشداری ڕاهێنان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو مـاددەیە لە بـڕگەی یەکەم دامەزرانـدنی بەڕێـوەبەر، دامەزرانـدنی یاریـدەدەری بەڕێـوەبەر، دامەزرانـــدنی مامۆســـتا تەنهـــا بڕوانـــامەی زانکـــۆیی پەســـەندە، ئەی دەرچـــووی پەیمانگـــا پەروەردەییەکـان؟ مـافی ئەوەیـان نیـیە ئەوانەش وەکـو مامۆسـتا دابمەزرێـن؟ بەتـایبەتی لە بـاخچەی سـاوایان، لە بنەڕەتیـا، ڕەنگـی دەرچـوانی بەشـی هـونەری شـانۆ، شـێوەکاری، مۆسـیقا پێویسـت بـن بە هەر یەك لەو قوتابخانـانە، بـۆیە ڕێگـرتن لە دەرچـوانی پەیمانگاکـان پـێم وایە نـاحەقییەکە بەرامـبەر ئەوانە، ئەوی تـر لە سـەرجەم ناوەنـدەکانی خوێنـدنا سەرپەرشـتیاری پەروەردەیـــی زۆر گـــرینگە، لە قوتابخـــانە ناحکومییەکـــان هـــیچ ئاماژەیەکمـــان نەبینـــی بە دەستنیشـــانکردنی سەرپەرشـــتیاری پەروەردەیـــی ئەوە گـــرینگە ئەو بـــابەتە لەبیـــر نەکرێـــت لەوێندەرێش ئەو پرۆسەیە بەردەوام چاودێری بکرێت بۆ ئەوەی کۆنتاکت بکرێت لەگەری ئینجـا سەرپەرشـــتیاری پەروەردەیـــی ســـەر بە وەزارەتـــی پەروەردە متـــابەعەی بەدواداچـــوونی ئەو دامەزراوانە دەکات یاخود خۆیان دای دەمەزرێنن کۆنتاکت لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە دەکات بۆ ئەوە بتـوانین متـابەعەی باشـی ئەو دامەزراوانە بکـات، پشـتگیری قسـەکانی کـاك (عمـر) دەکەم سەبارەت بە کەمکردنەوەی ئەو (٥) ساڵە بۆ (٢) ساڵ بۆ ئەوەی بتوانێ کەسێك ببێـتە بەڕێـوەبەر یان یاریدەدەری بەڕێوەبەر بەتایبەتی لە بواری پەروەردە و فێرکردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لقی دوو: گرێبەستی دامەزراندن:

ماددەی (١٣٨):

یەکەم: پێویستە گرێبەست لەنێوان دامەزراوەی نـاحکومی و هەر فەرمـانبەرێکی دامەزراوەکەدا هەبێت.

دووەم: دەبێت گرێبەستەکە ماوەی کارکردن و بڕی مووچە و کات و شێوازی کار و پشـووەکان و مافەکانی تری کارمەندان سزایەکانی جێبەجێنەکردنی ئەرکەکانی تێدا هاتبێت.

سـێیەم: گرێبەسـتی دامەزرانـدنی بەڕێـوەبەر لەنێـوان بەڕێـوەبەر و خـاوەنی دامەزراوەکە یـان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات واژوو دەکرێت.

چوارەم: گرێبەستی دامەزراندن فەرمانبەرانی دیکە لەنێـوان فەرمـانبەرەکە و بەڕێـوەبەر واژوو دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، کـێ قسـەی هەیە؟ مامۆسـتا (عمـر)، مامۆسـتا (عبدالسـتار)، مامۆسـتا (ویسـی)، مامۆستا (عبدالستار)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن خـاڵێکی ئیـزافیم هەیە بـۆ ئەمە ئەویـش ئەوەیە ئەو گرێبەسـتەی کە دەکرێـت لەنێـوان ئەو فەرمــانبەر و ئەو دامەزراوە نــاحکومییە وێنەیەکــی بــدرێت بە فەرمــانگەی پەیوەندیــدار لە وەزارەتی پەروەردە، هیچی تێدا نیـیە ئەمە یەك، دوو باشـە ئەگەر نیـزاع و کێشـە پەیـدا بـوو لە نێـوان ئەو فەرمـانبەرە و ئەو دامەزراوە نـاحکومیە کـێ چارەسـەری دەکـا؟ راسـتە بەپێـی یاسـا بەرکارەکان تەعامولی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام من پێم وایە زۆر جار بەراستی من هەستم کـردووە هەندێ لەو فەرمانبەرانە بەتایبەتی پاسـەوانەکان سـتەمیان لـێ کـراوە، نەیـان زانیـوە بەراسـتی نەیان توانیوە سکاڵای خۆیان ببەنە لایەکی کێشـەکەیان بـۆ چارەسـەر بـکەن، بەتـایبەتی لەڕووی مووچە و شایستە داراییەکانیان، بەڵام من پێم وایە خاڵێکی تر بنووسین خاڵی شەشـەم لەکـاتی هەبوونی هەر کێشەیەك وێڕای یاسا بەرکارەکان لەلایەن وەزارەتەوە کۆتا بڕیار بدرێت، بۆ ئەوەی ئەو کەسە ستەمی لێ نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ دەستەبەرکردنی مافی کارمەند و کرێکـار لە دامەزراوەی نـاحکومی پێشـنیار دەکەم بـڕگەیەك زیـاد بکرێـت بە زنجیـرەی پێـنجەم ئەویـش بەم جـۆرە وەزارەت مەرجەکـانی کۆتـایی پێهێنـانی گرێبەسـتی هەر کارمەنـدێك دیـاری دەکـات. چ کاتێـك دامەزراوەی نـاحکومی دەتـوانێ بە فەرمانبەرێکی بڵێ کاکە تۆ خواحافیز ئەو مەرجـانە هەبـن ئەو مەرجە فەنیـانە چـونکە وەزارەت وەسیت و چاودێر و پارێزەری مافەکانی ئەوانیشی دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان گرێبەسـتی نێـوان مامۆسـتایان و کارمەنـدانی دامەزراوە ناحکومییەکـان لە مـاددەی پێشووتر ناکۆکیەکان خازع کراوە بۆ قانوونی عەمەل، واتـا ئەگەر نـاکۆکی تەنـازوع لەنێوانیانـدا دروسـت بـوو دەچـن بـۆ قـانوونی عەمەل، دەچـن بـۆ مەحـکەمەی عەمەل، جـیهەی موختەسـی خۆیانیان هەیە، دەکرێت وەزارەت دیفاعیان لێ بکات، ئەگەر ئـێمە حاڵەتەکـانی کۆتـای پێهێنـانی گرێبەست بە ڕێنمایی بدەین بە وەزارەت حەقێکیان لـێ وەردەگرینەوە کە لە قـانوونی عەمەلـدا هاتووە حاڵەتەکانی کۆتایی پێهێنـانی گرێبەسـت لەلایەن خـاوەن کـارەوە زۆر قورسـە یەعنـی بە ئاسانی ناتوانێ کۆتایی پـێ بێنـێ، لەبەر ئەوە ئەگەر جەنابتـان سـەیری مەشـروعەکەی قـانوونی عەمەل بـکەن یـان ان شـاءالله کە راپـۆرتەکە هـات بۆتـان دەردەکەوێـت کە لە سـاڵحیانە بەپێـی قـانوونی عەمەل بـێ نەك بەپێـی ڕێنمـاییەك بـێ کە وەزارەت دەری دەکـات، مامۆسـتا (ویسـی)، فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٣٨) ماددەیەکی زۆر گرینگە، چونکە زەمانەتی ماف و شایستە داراییەکانی فەرمانبەرانی گرێبەستە، دەست خۆشی لە وەزارەتی پەروەردە دەکەین کە ئەو ماددەی جێگیر کردووە، بەڵام من بەراستی هیچ ئەوەکم نەدیت ئەو کەسەی کە گرێبەست دەکات لەگەڵ کێ گرێبەستەکە بکات؟ یەعنی کەسێکی دیاریکراو نییە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە بەڕێوبەرایەتی یاسایی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردە چاودێری و پێداچووونەوە بۆ ئەو گرێبەستانە بکەن یاخود کلێشەیەکی تایبەت بە گرێبەستەکان ئامادە بکەن تاوەکو مافەکانی مامۆستایانی وانەبێژ و فەرمانبەرانی گرێبەست بپارێزرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەتەوێ قسە بکەی بەڕێز وەزیری پەروەردە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئالان حمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر بە کورتی، لەگەڵ ئەو تێبینیەی (لیزا) خانم لە ماددەی (١٣٧) بەڵام جەنابی سەرۆکی پەرلەمان خاڵێک هەیە ئەگەر ئیزافەی بکەین هەست دەکەم بیرمان چووە، مەرجەکانی دامەزراندنی بەڕێوەبەر لایەنی کەم خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت، بۆیە ڕێگا لە ماستەر و دکتۆرا نەگرێت لەوێ ببن بەوە. لە تێبینیەکی (جوان) خان دروست بوو لەسەر هەمان ماددە، هاوڕای کاك (عمر)، مامۆستا (محی الدین)م کە بکرێتە (٢) ساڵ ئەگەر بە گونجاو زانرا، کاك (شیرکۆ) ئەرکەکانی بەڕێوەبەر لە ماددەی (١٣٩) دیاریکراوە. کاك (محی الدین) سیستمی ئیشراف لە ماددەی (١٤٧) دیاریکراوە، نوسخەی گرێبەست لەلای کێ دەبێت؟ نوسخەی گرێبەست لەوەزارەت دەبێت، لە کاتی هەر حاڵەتێکدا واقیعەیەك ڕوویدا لە بەیتی کۆمەڵێك مامۆستا قوتابخانەیەکا، گرێبەستەکە لەلایەن دامەزراوە ناحکومیەکەوە نەدەدرا بە دادگا تەهەروبیان دەکرد، ئێمە لە وەزارەت نوسخەمان نارد بۆ دادگا کە ئەو نوسخەی گرێبەستانەمان لەلا هەیە. سەبارەت بەوەی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان فەرمووی فعلەن ئەوە لەڕێگای قانوونی عەمەل تەنازوعەکان یەکلایی بکرێتەوە باشترێکە، بەڵام هەر بۆ زانیاریشتان ئێمە یەکەمین وەزارەتین لە مەسەلەی دەستەبەرکردنی فەرمانبەران و مامۆستایانمان لە کەرتی تایبەت بە تەقیم و هەڵسەنگاندنی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کە ئەرکەکانمان زۆر باش بۆ مامۆستایان لەم بوارە جێبەجێ کردووە، ئەو پرسیارەی ئەخیر کە کێ گرێبەست دەکات؟ لە نێوان بەڕێوەبەر و خاوەنی دامەزراوەکە یان ئەو کەسەی کە خاوەنی دامەزراوەکە تەخویلی دەکات، بەڵام بۆ مامۆستا لەنێوان خاوەنی دامەزراوەکە ئەو کەسەی کە تەخویلی دەکات بۆ بە تەنها نەدراوە دەست بەڕێوەبەر؟ چونکە بەڕێوەبەریش کەسێکە گرێبەستی لەگەڵدا کراوە لەوە دەچێت نەتوانێ ئیلتیزاماتی مالی بەرامبەر مامۆستا بکات لە پاشەڕۆژ جێبەجێ بکات لەبەر ئەوە خاوەنەکە ئەسیڵە یان خۆی یان ئەو کەسەی کە خۆی تەخویلی دەکات لە پرۆژەکەش نوسراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری چوارەم: ئەرکەکانی بەڕێوەبەر لە دامەزراوە ناحکومییەکاندا:

ماددەی (١٣٩):

بەڕێوەبەر نوێنەرایەتی دامەزراوە ناحکومییەکان دەکات و ئەم ئەرکانەی هەیە:

یەکەم: ئەو ئەرکانەی لە بڕگەکانی ماددەی (٦٢)ی ئەم یاسایەدا هاتووە.

دووەم: بەرزکردنەوی پێشنیاز بۆ خاوەن دامەزراوەکە سەبارەت بە گرێبەست لەگەڵ فەرمانبەران بەپێی پێویستی یان هەڵوەشاندنەوی گرێبەستیان.

سێیەم: هەر ئەرکێکی دیکەی پەروەردەیی کەلەلایەن خاوەن دامەزراوەکە وە پێی رادەسپێردرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێت قسە بکات، کاك (یاسین)، (د.شێرکۆ)، (د،شێرکۆ)، فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر داوای ئەوەم کرد کە لە ماددەی (٦٢) دا ئەرکەکانی بەڕێوەبەر کاك (ئالان) باسی ئەوەی کرد وتی لە ماددەی (١٣٩) دا باس کراوە بەڵام بڕگەی (١٢) سەیر بکەین لە ماددەی (٦٢) کە باس لەوە دەکات دەڵێ بەرزکردنەوەی نوسراو بۆ بەرێوەبەرایەتی پەروەردە سەبارەت بە گواستنەوەی هەر فەرمانبەرێکی پەروەردەیی، ئەمە ناحکومییە، لەبەر ئەوە ئەگەر کۆپی پەیستی بکەین دەکەوینەوە ئەو هەڵەیەوە، دەبێت ئەوە راست بکەینەوە، پرسیارم هەیە لەسەر دووەم بڕگە ئایا بەرزکردنەوەی پێشنیار بۆ خاوەن دامەزراوەکە سەبارەت بە گرێبەست لەگەڵ فەرمانبەران بەپێی پێویست ئایا لەم قانوونەدا کە ئەمە قانوونی وەزارەتی پەروەردەیە، وەزارەتی پەروەردە بڵێ ئەو لەگەڵ خاوەن کارەکەدا گرێبەسەکەی وا لێبکات وا لێبکات، ئەمە جێی پرسیارە یەعنی، پرسیاری دووەم کە دەڵێ هەر ئەرکێکی پەروەردەیی تر کە لەلایەن خاوەن دامەزراوەکەوە پێی بسپێردری، ئایا ئێمە ئیستا لەم یاسایە کە بۆ وەزارەتێکی حکومییە بڵێین خاوەنی قوتابخانەیەکی ناحکومی هەر ئەرکێکی تری پێ بسپێرێ ئایا ئەو ئەرکەی تر موافیقە لەگەڵ مەنهەج یان موافیق نییە، ئەم داوانە پرسیارن بڕگەی دووەم  و بڕگەی سێیەم لای من پرسیارن روونکردنەوەمان لە کاك (ئالان) دەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (یاسین)، فەرموو.

**بەڕێز یاسین حضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی دکتۆر دەکەم، بەڵام لێرەدا دەڵێ لە دووەم دەڵێ بەرزکردنەوە پێشنیازی بۆ خاوەن دامەزراوەکە سەبارەت بە گرێبەست لەگەڵ فەرمانبەران بەپێی پێویست یان

هەڵوەشـاندنەوەی گریبەسـت، باشـە کەسـێك (٥) سـاڵ لە دامەزراوەیەك ئـیش دەکـات دوایـی دامەزراوەکە سەرۆکی ئەو دامەزراوەیە ئیشی پێ نیـیە کـابرا دەری دەکـات مـافی ئەو کـابرایەی چییە؟ جەنابی وەزیر جارەك لەپرسیاری پێشووشدا جوابی نەدامەوە، ئایا ئەو کەسـەی کە لەوێ دەبێ بە مامۆستا یان دەبێـت بە فەرمـانبەر وەکـو مامۆسـتای حکـومی مافەکـانی هەیە یـان نـا؟ جوابی ئەوەی نەدامەوە، کابرا (١٥) ساڵی دەوام دەکات دوای (١٥) ساڵی دەڵـێ ئیشـم پـێ نەمـای خانەنشین دەکرێ چی لێ دەکرێت؟ یەعنی بۆمان روونکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرباری پشتگیریکردنم لە قسەکانی (د.شیرکۆ) نەك هەر بڕگەی (١٢) بەڵکو بڕگەی (١٣)مـیش بە هەمـان شـێوە بـاس لە پێشـنیازکردن بـۆ بەڕێـوەبەرایەتی پەورەردە و ڕەخسـاندنی هەل بـۆ مامۆســتایان و فەرمــانبەرانی دامەزراوەکە، ئەو دەقە ئەرکــی بەڕێــوەبردن ناحکومییەکــان پێویسـتیان بە داڕشـتنەوەی سـەرباری بـوونی ئەو مـادەیە، بەڵام پێویسـتی بە دارشـتنەوەیەکی وردتترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤٠):

یەکەم: ئەو ئەرکـانەی لە ماددەکـانی (٦٣-٦٤-٦٥)ی ئەم یاسـایەدا هـاتوون بەسـەر یاریـدەدەری بەڕێــوەبەر و مامۆســتا و ڕێنمایکــاری پەروەردەیــی لە دامەزراوە ناحکومییەکانــدا جێبەجــی دەکرێت.

دووەم: دامەزراوە ناحکومییەکان دەتوانن ئەرکی دیکە بە یاریـدەدەری بەڕێـوەبەر و مامۆسـتا و ڕێنمایکاری پەورەدەیی بسپێرن ئەویش دوای ڕێککەوتنی دوولایەن لەگەڵیاندا یـان بە مەرجێـك لە گرێبەستی دامەزراندندا هاتبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێت قسە بکات؟ (شیرین) خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٣٩) باسی ئەرکەکانی بەڕێوەبەر دەکات لە ماددەی (١٤٠) باسـە هەمـان ئەرك دەکـات تەقریبەن دەتوانین بڵێین ئەم دوو مـاددەیە نـزیکن لە یەکەوە کە باسـی یاریـدەدەری بەڕێـوەبەر دەکــات، بــۆیە پیشــنیازی ئەوە دەکەم کە ئەو دوو مــاددەیە تێهەڵکــێش بکرێــت و بکرێــت بە ماددەیەك یاخود بڕگەیەك ئیزافە بکرێتە سەر (١٣٩)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستەکانت خۆش بێت، سوپاس، مامۆستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٤٠) ئەو کات من موناقەشەی ماددەی (١٦١)مان دەکرد وتمان یان دەبێ لێرە وشەی ناحکومی زیاد بکەین یان ئەبێ لێرە لە بڕگەی یەکەم کاتێك باسی ئەو ئەرکانەی لە ماددەکانی (٦٣-٦٤--٦٥) هاتووە لێرە (٦١)یش ئاماژە پێ بدەین، چونکە من بەرچاوم نەکەوت بەراستی لە هیچ ماددەیەك تەنزیمی ژمارەی قوتابی بەرامبەر بە بەڕێوەبەر، بەرامبەر بە ژمارەی فەرمانبەران، ژمارەی مامۆستایان بکات بۆ قوتابخانەی ناحکومی، تەنزیمی ژمارەی قوتابیان بۆ ڕێنمایکاری پەورەردەیی بکات، تەنها لە ماددەی (٦١) دا ئەم تەنزیمەی تێدایە، ئێمە لە ماددەی (٦١)دا باسی ناحکومی ناکات، بۆیە زەرووره پێشنیار دەکەم ئەلێرە لە ماددەی (١٤٠) بڕگەی یەکەم ئەو مەرج و ئەرکانەی لە ماددەکانی (٦١-٦٣-٦٤-٦٥) هاتوون بۆی زیاد بکرێت، واتا (٦١) بۆ ئەم سێ ماددەیە زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی لێرە تەنزیمی ئەوە بکەین کە قوتابخانەی ناحکومیش پابەندە بەو ژمارەی کە قوتابی دەستنیشان کراوە، بەڕێوەبەر، ژمارەی یاریدەدەری بەڕێوەبەر بۆ ژمارەی قوتابیەکانی، ژمارەی فەرمانبەر بۆ ژمارەی قوتابیەکانی، ڕێنمایکاری پەورەردەیی بۆ ژمارەی قوتابیەکانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (١٤١)مان بۆ بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری پێنجەم: ئەنجومەنی کارگێری دامەزراوەی ناحکومی:

لقی یەکەم: پێکهێنانی ئەنجومەن:

ماددەی (١٤١):

یەکەم: لە هەر قوتابخانە و خوێندگە و کۆمەڵگەیەکی پەورەردەیی و پەیمانگایەکی پەروەردەیی ناحکومیدا ئەنجومەنێك پێك دەهێنرێت بە سەرۆکایەتی خاوەن دامەزراوەکە یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات بە ئەندامیەتی هەر یەك لە:

١-بەڕێوەبەری دامەزراوەکە.

٢- دوو نوێنەری دەستەی مامۆستایان.

٣- ڕێنمایکاری پەروەردەیی ئەگەر لە دامەزراوەکەدا هەبێت.

دووەم: لە هەر باخچەیەکی منداڵانی ناحکومیدا کە ژمارەی منداڵانی لە (٥٠) منداڵ زیاتر بوو ئەنجومەنێك پێك دەهێنرێت بە سەرۆکایەتی خاوەن دامەزراوەکە یان ئەوەی نوینەرایەتی دەکات و ئەندامیەتی هەر یەك لە:

١-بەڕێوەبەری باخچەکە.

٢- دوو نوێنەری دەستەی مامۆستایان.

٣- چاودێرێك.

سـێیەم: بڕیارەکـانی ئەنجـومەنی هـاتوو لە بـڕگەی یەکەم و دووەمـی ئەم مـاددەیەدا پـاش ڕەزامەندی خاوەن دامەزراوەکە یان نوێنەرەکەی بە پەسەند کراو هەژمار دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێـت قسـە بکـات؟ (سوسـن) خـان، (جـوان) خـان، کـاك (مەلا ناصـر)، (سوسـن) خـان، فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لە ماددەی (١٤١) لە بڕگەی سێیەمدا ئایـا وەزارەتـی پەروەردە نـاتوانی سـەبارەت بەو خـاڵە ڕێنمایکـاری پەوەرەردەیـی ئەگەر لە دامەزراوەکەدا هەبێـت ئایـا ناتوانرێـت لە مەرجەکانـدا یەکێك لەوانەی کە ئیجازەی قوتابخانە ناحکومیەکان دەدات بکرێتە مەرج کە دەبـێ ڕێنمایکـاری پەروەردەیی تیدا هەبێت چـونکە کێشـەکان هەمـان کێشـەن، کۆمەلگـا هەمـان کۆمەڵگـایە، بـۆیە ئەگەر ڕێنمایکاری پەورەردەیی لەو قوتابخانانەش هەبێت باشە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، (جوان) خان، فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمـان تێبینـیم هەیە، پشـتگیری لە قسـەکانی (سوسـن) خـان دەکەم، دەبێـت ڕێنماییکـاری پەروەردەیی پێویستە هەبێت، هەم بۆ خودی منداڵەکە، هەمیش بۆ هەلی کار بۆ ئەو دەرچوانەی زانکۆی کۆمەڵناسی و دەروونناسی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، کاك (نزار)، فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (١٤١) خـاڵی یەکەم لە هەر قوتابخـانە و خوێنـدنگە و کۆمەڵگـایەکی پەروەردەیی پەیمانگای پەروەردەیی نـاحکومی ئەنجومەنێـك پێـك دەهێنرێـت بە سـەرۆکایەتی خاوەن دامەزراوەکە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی بە سەرۆکایەتی خاوەن دامەزراوەکە بێت؟ بۆ بە سەرۆکایەتی حکومەت نەبێت؟ چـونکە هەر کێشـە و گرفتێـك کە ڕوودەدات ئەو ئەنجـومەنەکە چارەسەری دەکات تەوجیهات لە خـاوەن کـارەکە وەردەگرێـت، پـێم وایە نـاکرێ سـەر بە خـاوەن پرۆژەکە بێت مەبەستم ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (مەلا ناصر)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـاوی گەورە و میهرەبـان، ئەنجـومەنی کـارگێری دامەزراوەی نـاحکومی پێکهێنـانی ئەنجومەن، لە ماددە (١٤١) بڕگەی یەکەم و دووەم پێویستە نوێنەری سەندیکای مامۆستایان زیاد

بکرێت ئەندامی ئەو ئەنجومەنە پەروەردەییە بن مافی پێشنیار و دەنگدانیان هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموٚستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەنجومەن کارێکی گرینگی لە ئەستۆیە هەست دەکەم یەکێك لە ئیشە گەورەکانی کوالێتی و لایەنە هونەرییەکانی موئەسەسەی پەروەردەییە، موستەسمیر وەبەرهێنەر بەراستی زۆر روونە بەدوای قازانج دەگەڕێ، بەدوای دیناریٚ زیاترە، مافی خۆشیەتی، ئەنجومەنی کارگێریش بەدوای پەرەپێدانی دامەزراوەکە و پاراستنی کوالێتی خوێندن و ئیدارەدانێکی باشتر و پەروەرەیەکی باشترە دەگەڕێ، بۆیە من پێم وا نییە من پێم باشە بە هیچ جۆرێك سەرۆکایەتی ئەم ئەنجومەنە خاوەنی مئەسەسەکە نەبێت، خۆ ئەگەر خاوەنی موئەسەسەکە مەرجەکانی بەڕێوەبەری تیا بوو ئەوە شتێکی زۆر زۆر باشە و ئەگونجێ، بەڵام ئەگەر تیایا نەبوو خاوەنی مئەسەسە و بەڕێوەبەر دوو کەسی جیاواز بوون بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری دامەزراوەکە بێت، ئەمە لە بڕگەی یەکەم، لە خاڵی سێیەمی بڕگەی پشتگیری لە قسەکانی (سوسن) خان، (جوان) خان دەکەم رێنمایکاری پەروەردەیی بۆ ئەم دامەزراوە ناحکومیانەش زەرووڕە، دامەزراوەی ناحکومیمان هەیە (٢٠٠-٣٠٠-٤٠٠-٥٠٠) قوتابی هەیە، ئەگەر لە ماددەی پێشوو ماددەی (٦١) زیاد بکەین بۆ ناو ئەرکەکانی، پایەندییەکانی ئەوە رێك جێگەی بۆتەوە، ئەگەر نا دەبێ لێرە ئەو زیادکردنە هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ماددەکانی پێشووتر هەیە بە ژمارە دەڵێ ئەوەندە یەعنی بۆ ناحکومیش وەکو حکومی تەحدیدی کردووە بەس دەبێ ژمارەکەی کەم کەینەوە، (مژدە) خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٤١) سەرەتا پشتیوانی قسەکانی کاك (عمر) دەکەم، لە خاڵی سییەمدا کە دەڵێ رێنمایکیاری پەروەردەیی ئەگەر لە دامەزراوەکەدا هەبێت ئەو لەدوای ئەگەرەکە لابدرێت، بەڵام ئێمە دەتوانین شتێکی دیکە بکەین جگە لەو خوێندنگایانەی کە تازە دەکرێنەوە و کە بەس لە بازنەی یەکەم پێك هاتووە، ئەوان لەوانەیە نسبەی تەلەبەیان کەم بێت ئەگەر رینمایکاریشیان نەبێت لەوانەیە ئاسایی بێت، بەس لەوانەدا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، (د.محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا من پرسیارەکەم ئاراستەی بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەم، کۆمەڵگایەکی پەورەردەییمان هەیە لە قۆناغی باخچەی ساوایان تا ئامادەیی، ئەنجومەنەکەی پێك دێت لە بەرێوەبەری

دامەزراوەکە لەگەڵ نـوێنەری دوو مامۆسـتایا، هەر یەکیـان لە بـاخچەی سـاوایان بەتەنیـایە، بنەڕەتی بە تەنیایە، ئامادەیش بە تەنیایە، ئەگەر نمونەیەك بێنینەوە بـا بڵێن (فاخرمێرگەسـۆری) بکەینە ناحکومی ئایـا ئەو ئەنجـومەنە دەتـوانێ ئەو کۆمەڵگایە بە دوو نـوێنەری مامۆسـتایان و خـاوەن دامەزراوەکە ئەو هەمـوو ئەو بەڕێوەبەریـان هەر یەکە و ئەنجـومەنێکی لـێ بـوو لە ئەنجومەنەکەی سەرووتر بەشداریان پێ دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.شیرکو)، فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە باس لە مەجلیسی ئیداری دەکەین، واتا باس لە ئیدارە و هەیکەلی ئیـداریش دەکەیـن، لە هەیکەلـی ئیـداریا ئەگەر دیـقەت بـدەین دەڵـێ لەگەڵ دوو مامۆسـتا لەگەڵ ڕێنمایکـار، ئەی ئەوەی کە بەرپرســی دارایــیە؟ ئەی ئەوەی کە بەرپرســی (HR) و ســەروەتە مــرۆییەکەی ئەو موئەسەسـەیە، ئەی ئەوەی کە بەرپرسـی ئۆپەرەیشـن و راپەڕانـدنی کـارە تەنفیزییەکـانە؟ بـۆیە مەجلسـی ئیـدارە چـونکە قەرار دەردەکـات ئەبـێ پێکهـاتەکەی پێکهـاتەیەکی موتەکامـل بێـت لە ڕووی هەیکەلـی ئیـدارییەوە، ناکرێـت هەر مامۆسـتا و ڕێنمایکـاری تیـا بێـت، دەبێـت ئەو دوان سیانەشـی تیابێـت، ئەوە بـۆ باخچەکـانیش هەر تەواوە، چـونکە ئـێمە باسـمان لە موئەسەسـەیە، موئەسەسـە دەبێـت ئەمـانە تیـا بێـت، ئەمە لە هەیکەلـی ئیـداری مەکـتەبە حکومییەکـان نیـیە، نوقتەی زوعفیشیانە، ئەمە ناحکومییەکە کە متەتەورتـرە ئـێمە لەڕووی موئەسسـیەوە بە بـڕوای مـن پێویسـتە داوای ئەوە بکەیـن کە دەبـێ ئەمـانەش لە مەجلسـی ئیـدارەیا بـبن بـۆ ئەوەی کە قەراریان دا لەسەر ئەساسی ئەو بەشانەش قەرار بدەن، ئەوانـیش بەشـدار بـن لە سـونعی قەرار، کە ئەوە شـتێکی زۆر دروسـتە و قەرارەکە موتەکامـل تـر و باشـتر دەردەچێـت وەکـو مەجلسـی ئیدارە، مادەم باسی ئەنجومەنی کارگێری دەکەین دەبێت بەشـە کارگێرییەکـان لە هەیکەلـدا لەم مەجلیسەیا بە بڕوای من تیا بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (١٤٢) بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لقی دووەم: ئەرکی ئەنجومەنی دامەزراوە ناحکومییەکان:

ماددەی (١٤٢):

یەکەم: بەدواداچــون بــۆ بەڕێوەچــونی پرۆســەی خوێنــدن و پرۆســەی دڵنیــایی جــۆری لە دامەزراوەکە و هەڵسەنگاندنی وەرزانەیان.

دووەم: بەدواداچون بۆ وردەکاریەکانی پلانی ساڵانەی دامەزراوەکە.

سـێیەم: تـاوتوێکردن و چارەســەرکردنی ئەو پرسـە گرینگـانەی پەیوەسـت بە دامەزراوەکـان وبەرێوەبەر داوا لە ئەنجومەن دەکات کە لەو بوارەدا یارمەتی بدەن.

چوارەم: بەڕێوەبردنی دامەزراوەکە بەجۆرێك لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم یاسایەدا بگونجێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کێ قسەی هەیە، کاك (لقمان)، (د.شێرکۆ)، کاك (لقمان)، فەرموو.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٢) کە لە ماددەی (٤١) دیاری دەکات کە ئەنجومەنێك پێك دێت بە سەرۆکایەتی خاوەنی دامەزراوەکە بەڕێز جەنابی وەزیر و وەزارەتی پەروەردە ئەزانن جۆرێك لە خاوەنی دامەزراوەکانی خوێندنی ناحکومی ئەسڵەن پسپۆر نین خەریج نین من دەتوانم دە کەست بۆ بژمێرم لە هەرێمی کوردستان خاوەنی خوێندنگای ناحکومینە کە ئەسڵەن بڕوانامەشیان نییە، چۆن دەکرێت ئەمانە بەدواداچون بکە بۆ پرۆسەی دڵنیایی جۆری و پرۆسەی خوێندن؟ من دەپرسم ڕۆڵی وەزارەت لەم ئەنجومەنە و چاودێریکردنی پرۆسەی خوێندن و پرۆسەی دڵنیایی جۆری چییە، بۆیە ئەمە ئەگەر ڕاست بکرێتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.شیرکو)، فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە کە باس لە ئەرکی ئەنجومەنەکە دەکەین تەبعەن بێگومان پێویستە پلان، جێبەجێکردن، بەدواداچون، هەڵسەنگاندن تەسەلسولەکەی بەو شێوەیە بێت چونکە ئەوە تەعریفی نیزامە، نیزام بریتییە لەو چوارە، بۆیە یەکەم پێشنیار دەکەم یەکەم کە باس لە بەدواداچون و هەڵسەنگاندن دەکات بکەوێتە ئەخیر بێت بە چوارەم، چونکە ئەوە هەڵسەنگاندن دوای جێبەجێکردن و بەدواداچوون دێت، لە دووەمدا کە دەڵێ بەدواداچوون بۆ وردەکارییەکانی پلانی ساڵانە فەراغێکمان هەیە لێرە ئەم موئەسەسەیە کێ پلانی بۆ دادەنێ؟ لەم قانوونەدا باسمان نەکردووە دامەزراوەی ناحکومی چۆن پلان دادەنێ؟ کێ پلانی بۆ دادەنێ؟ ئەمە یەك، دوو ئەم پلانە تەبعەن دەبێت لەسەر ئەساسی نیت ئەسیسمێنت و حاجە و خواستەکان بێت، لەبەر ئەوە لە دووەمدا ئیزافەی ئەوە بکەین کە بڵێین یەعنی بەدواداچوون بۆ ئەو پلانەی کە لەلایەن فڵانەوە دادەنرێت، تەبعەن دەبێت ئەمە ئەنجومەنەکە ئەم پلانە دابنێت وەکو ئەنجومەن ئەو ئیزافەی بۆ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (١٤٣)مان بۆ بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری شەشەم: لیژنەکانی قوتابخانە و پەیمانگای پەروەردەیی و فێرکردنە ناحکومییەکان.

ماددەی (١٤٣):

لە هەر قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی و پەیمانگایەکی پەروەردەیی ناحکومیی بەڕێوەبەر لایەنی کەم ئەو شەش لیژنەیە دادەنێت کە لە ماددەی (٨٠)ی ئەم یاسایەدا هاتووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەریزان كێ قسەی هەیە؟ ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی چوارەم: سیستەمی دارایی.

تەوەری یەكەم: كرێی ساڵانەی خوێندن.

ماددەی (١٤٤):

یەكەم: هەموو دامەزراوەیەكی ناحكومیی مافی وەرگرتنی كرێی ساڵانەی خوێندنی هەیە .

دووەم: كرێی ساڵانەی خوێندن، كتێبەكانی خوێندن و جلی یەكپۆشی ساڵی خوێندن لەخۆ دەگرێت بەرەچاوكردنی حوكمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٣٤)ی ئەم یاسایە.

دووەم: هەر دامەزراوەیەكی ناحكومی كە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە دەستبەكاربووە دەبێت لە ماوەی سێ ساڵ لە دەرچوونی ئەم یاسایە لەگەڵ حوكمەكانی خاڵی یەكی ئەم بڕگەیە خۆی بگونجێنێت.

سێیەم: دامەزراوە مافی هەیە بڕی تێچووی خواردن و كرێی هاتووچۆی قوتابی و خوێندكار وەربگرێت بە مەرجێك ئارەزوومەندانە بێت.

چوارەم: دامەزراوە ناحكومییەكان مافیان نییە بێ رازیكردنی بوونی بەخێوكار یان بێ رازیبوونی خودی قوتابی یان خوێندكار ئەگەر تەمەنی (١٨) ساڵ یان زیاتر بوو هیچ بارگرانییەكی دارایی بخەنە ئەستۆیان جگە لەو كرێیانەی كە لەو ماددەیەدا هاتوون.

پێنجەم: دامەزراوە ناحكومییەكان دەتوانن لەسەر كرێی ساڵانەی خوێندنی خۆیان كە لەكاتی وەرگرتنی مۆڵەت بڕیاری لێدراوە بەردەوام بێت بێ هیچ دەستتێوەردانێك.

شەشەم:

یەكەم: ئەگەر بەخێوكار لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە پێدانی قستی یەكەم پەشیمان بوو لە دانانی یان بەردەوامبوونی منداڵەكەی یان قوتابی یان خوێندكارەكەی لە دامەزراوەكە ئەركە لەسەر دامەزراوەكە (٩٠%)ی پارەكەی بۆ بەخێوكاری قوتابی بگەرێنێتەوە و گەڕاندنەوەكە پارەی كتێب و جلوبەرگی بەكارهاتوو ناگرێتەوە.

دووەم: منداڵ و قوتابی خوێندكار لە كرێی وەرزی دووەم دەبەخشرێت ئەگەر پێش دەستپێكی وەرزەكە دامەزراوەكەی بەجێهیشت بە كشانەوەی یان گواستنەوە.

حەوتەم: ئەركی دامەزراوەكەیە پێش دەستپێكی ساڵی خوێندن یان پێش دەستپێكردنی خوێندنی منداڵ و قوتابی و خوێندكار گرێبەستێك لەگەڵ بەخێوكار سەبارەت بە ماف و ئەركەكانی هەردوو لایەنە بكات بە مەرجێك ناوەڕۆكەكەی بە زمانی دایك بێت و هیچ بڕگەیەكی گرێبەستەكە لەگەڵ هیچ لە ماددە و بڕگەیەكی ئەم یاسایە ناكۆك نەبێت.

هەشتەم: هەر قوتابی یان خوێندكارێك یەكەمی سەر ئاستی هەر پۆلێك لە پۆلەكانی خوێندن بێت لایەنی كەم (٥٠%)ی كرێی خوێندنی ساڵەكە دەبەخشرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ کاك (چیا)، (سوسن) خان، (د.شێرکۆ)، (لیزا) خان، ناویان بنووسە، کاك (چیا)، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند تێبینیەك مە هەبوون، ماددا (٤٤) بەشی دووەم خالا یەکێ نقیسییە کرێی سالانەی خوێندن بۆ جلی یەکپۆشی سالانە، پێتڤیا ئەڤە ل ژێر چاڤدێریا وەزارەتا پەروەردێ بت، چونکی ئەگەر هاتوو وەزارەتا پەروەردێ چاڤدێریا ڤان کریا نەکەت دێ هەندە زێدە گاڤێ تێنە کرنێ، خالا سێدا دامەزراو مافی هەیە بڕی تێچووی خواردن و کرێی هاتووچو ئەڤە جەم هەروەسا لڤێن چاڤدێریا وەزارەتا پەروەردێ بوو چونکی هەندەك جها شوان تەنها پارەی جلوبەرگێ (١٥٠) تا (٢٥٠) دۆلار یەك پۆشك یەك دەستە جل شخەلکێ وەرگرتینە ئەڤە ژبارگرانییە، هەروسا خالا حەفتێ ئەگەر گرێبەست ناڤبەینا بابێ قوتابی یا خویندکارەك دابتن پارەی گرێبەستی ژخەلکی هاتینە وەرگرتنێ (٥٠) تا (٧٥) یەعنی ژبلی پارەی کو توو دی پارێ خوێندنێ پارێ ئابوونێ ئەڤ تشتە زۆر تشتەکی خەلەتە بێتە وەرگرتنێ پارەی گرێبەست، گرێبەست شتەکە کو ئەڤ قوتابی تێنە وەرگرتن بەس پارەی گرێبەستێ هندەك دامەزراوە هاتیە وەرگرتنێ لناڤبەینا (٥٠) حەتا (٧٥) دۆلارا بۆ هەر گریبەستەکی ژقوتابی هاتە وەرگرتنێ، ئەڤە ئەگەر نەبن چاودێریا وەزارەتێ گەل زێدە گاڤی ل سەر ڤان پارە دێتە وەرگرتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (لیزا) خان، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکەی من لە دەرەوەی ئەو ماددەیە راستی تا ئێستا ئەم پڕۆژەیەم خوێندۆتەوە هیچ ئاگاداری سیستەمی (ppp) نەبووم لەناو ئەو پرۆژەیە باس نەکراوە، ئەو قوتابخانانەی بە هەردوو سیستەمی وەك بڵێن هەم حکومەت سەرپەرشتیان دەکات هەم کەرتی تایبەت، چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، چونکە ئەو قوتابخانەی هەیە کە سیستەمی سابیسە لە هەرێمی کوردستان قوتابییەکان هیچ پاریەك نادەن بە قوتابخانەکە، ئایا ئەو دارایـیەی ئەو داهاتەی کە بۆی دابین دەکرێت چۆنە؟ ئەگەر روونکردنەوەیەکمان بۆ بدات بەڕێز وەزیر، هەروەها پرسیارێکی تریشم لە ماوەکانی رابردووا وابزانم وەزارەتی خوێندنی باڵا داشکانی کرد بۆ ئەو زانکۆیانەی کە ئەهلین ناحکومین، ئایا وەزارەتی پەروەردەش هیچ پرۆژەیەکی وای لە دەستە کە بڕیارێکی وا بدات کە داشکان بکا بۆ ئاسانکاری بۆ قوتابیان خوێندکاران؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.شیرکو)، فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی (public private partnership) (ppp) فعلەن وازح نییە لەم یاسایەدا، ئەو شەراکەتە بۆ بەڕێوەبردن یان بۆ ئەوەی کە حکومەت بەشێکی بکا و کەرتی تایبەت بەشێکی بکا ئەوانە پێویستی بە تەوزیح کردنە ئەمە یەك، دوو من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە دەیەم ئیزافە بکەین بۆ ئەم ماددەیە لەسەر مەسەلەی کرێی خوێندن، کرێی خوێندن بەڕێزان ئەگەر پیابچینەوە بە قوتابخانە حکومیەکاندا یەعنی فەوزایەکە لە رەقەم بە ئارەزووی خۆیان بەرز و نزم و جیاوازییەکی زۆر زۆر هەیە لە کرێی خوێندنەکان، بۆیە پێویستە لەم یاسایەدا ئەم ئیشکالە حەل بکەین، ئێمە لە لیژنەی داراییا باسمان کرد کە دەبێت ئەوە حەل بکرێت، چونکە بەراستی ئەزمەیەکی گەورەیە، قورساییەکی گەورەش و لە هەمان کاتیشدا موبەرری نییە ئەو نرخە یەعنی خەیاڵیانە، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم کە دەیەم زیاد بکرێت مادەم باس لە چۆنیەتی دانی قستەکان و ئەوانە دەکەین باس لەوەش بکەین سەقفی قازانج یەعنی سەقفی پارە چەند بێت، بۆ نمونە بڵێین دەیەم کرێی خوێندن بریتی بێت لە تەواوی تێچوو واتا عەقدی مامۆستا و عەقدی فەرمانبەر و کرێی بینا و یەعنی تەواوی تێچوو زائیدەن لە (١٠%) قازانج بێ، (١٠%) زۆر دەکات، یەعنی قوتابخانەیەك بای پێنج سەد هەزار دۆلار تێچووی هەیە، بای ملیۆنێك دۆلار تێچووی هەیە (١٠%)کەی زۆر دەکات، لەبەر ئەوە مەرج نییە ئیللا لە (١٠%) بێت مەبەستم ئەمەیە سەقفێك دابنێین بۆ تەنزیمی مەسەلەی ئەم کرێیە، یەعنی حەلیکی بۆ بدۆزینەوە، چونکە ناکرێ بیدەینە دەست خۆیان، ئەگەر سەیری ژمارەکان بکەین بەراستی زۆر ترسناکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری پەروەردە منیش مداخەلەیەکم هەیە، لە پێنجەمدا دەڵێ (دامەزراوە ناحکومییەکان دەتوانن لە کرێی ساڵانەی خوێندنی خۆیان کە لەکاتی وەرگرتنی مۆڵەت بڕیاری لێدراوە بەردەوام بن بێ هیچ دەست تێوەردانێك) ئەی ئەگەر ئەو بارانەی کە ئێمە تووشی قەیران دەبین و جەنابتان تەدەخول دەکەن و ئێمە ئێستا ئەم ماددەیە دانێین ئیتر حەسانەیان دەدەینی و بە هیچ شێوەیەك ناتوانین تەدەخول بکەیت بۆ کەم کردنەوە؟ حەز دەکەم وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەیتەوە، ببورە (مژدە) خانیش دەیەوێت قسە بکات، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی تۆ و بەڕێز (د.شیرکو) دەکەم، سەبارەت ماددەی (١٤٤) بڕگەی شەشەم کە دەڵێ (پارەی کتێب و جلوبەرگی بەکارهاتوو ناگەڕێتەوە) کتێبەکان ئەگەر بگەڕێنرێتەوە بۆچی پارەکەی بگێڕێتەوە؟ چونکە (١٠%)ی کرێی خوێندنەکەشی هەر لێ دەگێڕێتەوە، کرێی پارەی کتێب و جلوبەرگیش، جلوبەرگ بە هەر حاڵ لەبەرکراوە، بەڵام کتێب دەتوانرێت بگەڕێتەوە، پارەی کتێبەکە لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ بەڕێز وەزیری پەروەردە ئەم ماددەیە و ماددەکانی تریش ئەگەر بفەرموویت.

**بەڕێز ئالان حمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، خۆی ئەو بابەتە دەکرێت بە دوو گۆشە نیگا خوێندنەوەی بۆ بکرێت لایەنێکیان ئیجابی، لایەنێکیان سلبی، لایەنە سلبییەکەی ئەوەیە کە جەنابت فەرموووت حەسانەیان پێ دەدا، بەڵام لایەنێکی ئیجابیشی هەیە ئەویش ئەوەیە کەسێك مۆڵەت وەردەگرێت بە دوو ملیۆن دینار قوتابخانەیەك ناحکومی دەکاتەوە، مۆڵەتت پێداوە فەرمانت پێداوە لەپڕ فەرمانێکی دیکەی بۆ دەردەکەی تۆ نرخی خوێندن لەوێ دەکەی بە ملیۆنێك دینار، ئەم نرخی خوێندنەی کە دەیکەیتە ملیۆنێك دینار بەبێ ئەوەی هیچ حیساباتێك لەسەر بوودجە و لەسەر تێچووی ئەو دامەزراوەیە بکەی ئەو دامەزراوەیە تووشی زەرەریکی گەورە دەکەی، تووشی حاڵەتی مایە پوچبوونی دەکەی، لەبەر ئەوەی لە بڕیارێکی میزاجی ئەم کەسە کە مۆڵەتی وەرگرتووە بە دوو ملیۆن دینار تۆ لەپڕ دەیکەیتە ملیۆنێك دینار یان دەیکەیتە ملیۆنیك و چوار سەد یان دەیکەیتە ملیۆنیك و پێنج سەد. ئێمە بە عەمەلی ئەم حاڵەتانەمان هەبووە، قوتابخانەیەم ملیۆنێك و هەشت سەد هەزار دینار کرێی خوێندنەکەی بوو ئەم قوتابخانەیەمان دابەزاندبوو بۆ ملیۆنێك و پێنج سەد و پەنجا هەزار دینار لە نەتیجە بەڕێوەبەری دامەزراوەکە و هەموو ئەوانە هاتن هەرچی بەیانی مالی خۆیان هەبوو خستیانە روو بۆ ئێمە ملیۆنێك و شەش سەد و بیست و پێنج هەزار دینار تێچووی هەر قوتابیەك بوو، یەعنی بڕیارەکەی ئێمە بڕیارێکی مجحیب بوو بە حەقی ئەوان بەراستی، لەسەر ئەساسێکی دروست نەبوو، لەبەر ئەوە تۆ کە مۆڵەتت داوە دەبێ بە دیراسە وەکو وتی مەرجەکانی پێدانی ئەو نرخانە چین؟ مەرجەکانی پێدانی ئەو نرخانە دیراسە دەکرێت ئینجا نرخەکەی دەدەیتێ، کە تۆ مۆڵەتت دایێ بە نرخێك ناکرێت تۆ نرخەکە بە میزاجێك و بە قەرارێکی میزاجی وەزیر هەر لەخۆتەوە تەلاعووبی پێ بکەی بیهێنیتە خوارەوە، بەڵام حاڵەتی داشکاندنی دۆخی نائاسایی ئەمەیان بابەتێکی دیکەیە جیاوازە، هەڵە نەبم لە یەکێك لە ماددەکان جێگەمان کردبۆوە ئەگەر هەڵە نەبم ئەویش ئەوەیە داشکاندن لە زرووفی تایبەت بە گوێرەی پێشنیارێك دەبێت دوو بابەتمان نوسیبوو یەکێکیان ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لێبدا، یەکییان ئەوە بوو ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردە بڕیاری لێبدا. حاڵەتی داشکاندنی عام بۆ هەموو قوتابخانەکان جیاوازە، پاراستنی قوتابخانەیەکیش دووری خەیتەوە لە میزاجی وەزیر بڕیارێکی لەسەر بدا تووشی مایە پووچبوونی بکات ئەمەیان بۆ ئەوەیە، ئەگەر دەقەکە باش نییە دەکرێ بڵێین جگە لەو حاڵەتانەی کە داشکاندنی گشتی لە دۆخە نەخوازراوەکان لەبەر رەچاوکردنی باری دارایی کۆی گشتی قوتابیان دەکرێن ئەو باشترێکە. تێبینی بەڕێزان جەنابی سەرۆکی پەرلەمان تێبینی کاك (شێرکۆ) هەڵە نەبم لەسەر ماددەی (١٣٩) کە دەڵێین ئەرکەکانی بەڕێوەبەر لە ماددەی (٦٢) هاتووە دەتوانین بڵێین جگە لە خاڵی (١٢-١٣) یەعنی ئەوە ئیزافە بکەین تێبینیەکەی جەنابت دروستە، ئەوە کاك (یاسین) تەوزیحمان کردووە کاك (یاسین) لێرە نییە تەوزیحمان کردووە کە ناتوانین بێ هۆکار دەری بکات. سەبارەت بەوەی کە کاك (عمر) لە ماددەی (١٣٤) جەنابی سەرۆکی پەرلەمان متی ئەگەر ئیشکالتان لەسەر

ڕەقەمەکان هەیە قسە دەکەین، بەس من دوێنێش وتم ئەوە لە ماددەی (١٤٥) نییە لە ماددەی (١٣٤) هەیە، ئەوەی ماددەی (١٤١) (سوسن) خان کە دەڵێ ئەگەر ڕێنمایکار هەبێت، لە قوتابخانە حکومییەکان سیفەتی ئیلزامییە کە دەبێت ڕێنمایکار دابمەزرێ، بەڵام ڕەقەمێك دیاری کراوە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان وتی دوای دیراسەی دەکەین، گریمان کردمانەوە بە (١٥٠) بەڵام قوتابخانەیەکە و یەکەم جارە مۆڵەتی پێ دەدەین و سێ پۆلی خوێندنی هەیە و (٩٠) تەلەبەی هەیە، کەوابێ ئەو قوتابخانەیە ڕێنمایکاری نییە تۆش بۆت نوسیوە بەگوێرەی یاسا دەبێت ئەنجومەنەکەی تۆ ڕێنمایکاری تیا بێت، لە حاڵەتی پێویست کە قوتابخانەکە هەیبوو دەبێت دایبنێ، ئەمە هیچ ئیخلالێك بەوە ناکات کە دانانی ڕێنمایکاری لە قوتابخانە ئەهلییەکان ئیلزامییە، ئیلزامییە، بەڵام بەگوێرەی ئەگەر قوتابخانەیەك، باخچەیەك، نەگەیشتە ئەو حەددە ئێ خۆ ناتوانی بۆی بکەی بە ئیلزامی لەناو ئەنجومەنەکەدا ئللا دەبێ تیایا بێ.

خاڵێکی دیکە ئەوەی کاك (محی الدین) ئاماژەی پێدا بەگوێرەی هەر قۆناغێك ئەو ئەنجومەنە دەبێت دابمەزرێ، سەبارەت بە ئەوەی کاك (شێرکۆ) تێبینییەکی بەسوودی دا لەسەر ئەوەی کە ئەنجومەنی دامەزراوەکە خەڵکی (**HR**) ئەوانەی تیا بێت بەراستی، چونکە تەبیعەتی قوتابخانە تایبەتەکان تا ڕاددەیەك جیاوازە لەوەی کە خەڵکی دیکە کاری تیا دەکات، دەکرێ ئێمە بنوسین هەر کەسێکی دیکە کە بەڕێوەبەری قوتابخانە لەناو دامەزراوەکە بەپێویستی بزانێ بیخاتە ناو ئەو لیژنەیە، ئیتر ئەو کاتە  دەکرێ بەڵام تێبینییەکە گرینگە. ئەوەی کاك (لقمان) چۆن دەبێت خاوەنی قوتابخانەکە ڕۆڵی هەبێت لە ئەنجومەنەکە؟ خاوەنی قوتابخانەکە مالیکە، یەعنی تۆ دیدێکی واقعی حیساب بکە ئەگەر ئەم خاوەنی قوتابخانەیە ئاگای لە کاروباری ئەو قوتابخانەیە نەبێت بوودجەکەی ئەم قوتابخانەیە کێ دابینی دەکات؟ داهاتی ئەم قوتابخانەیە لە پارە و لەو بودجەیە دێ کە مالیکی قوتابخانەکە دابینی دەکات، خۆ بەڕێوەبەرەکە دابینی ناکا بە تەنها، ئەو کەسەی کە مالیکیش بێت حەقی هەیە لە هەموو ئەلف و یائێکی هەموو ئەو دامەزراوەیەی خۆی لەڕووی تیجارییەوە بزانێ، ئایا بەگوێرەی پێویست مامۆستا دانراوە یان هەر لەخۆیەوە مودیر بە میزاجی دە مامۆستای زیاد داناوە بارگرانی بۆ ئەو دروست کردووە، ئایا نەقسی هەیە یان نەقسی نییە؟ ئایا نەفەقاتی تەشغیلی ئەو موئەسەسەیە بەگوێرەی پێویستی موئەسەسەکەیە یان نا؟ لەبەر ئەوە مالیك خاوەنی موئەسەسەکە ئەوەی کە خاوەنداریەتی دەکات بەگوێرەی یاسا حەقی هەیە لەم ئەنجومەنە بێت، نووسراویشە لەناو پڕۆژەکە دەڵێ (خۆی یان کەسێك کە خۆی تەخویلی بکات) مومکینە کەسێك تەخویل بکات کە موئەهەلاتی تەربەوی تیا هەبێت.

ئەوەی کاك (شێرکۆ) دەڵێ کێ پلان دادەنێت؟ لەناو ئەو قوتابخانانەی کە سیستەمی وەزارەتی پەروەردە دەڕۆن کە ئاماژەی پێ دەدات بە سیستەمی ئیشرافەکە هاتووە، پلان لەوێ دادەنرێت، دامەزراوەکە، قوتابخانەکە پلانی ساڵانەی خۆی دادەنێ بە هەمان سیستەمی ئیشراف تەقیم دەکرێتەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت لە ناحکومی، لەناو قوتابخانەی حکومی لیژنەی کوالێتی و پەرەپێدان هەیە ئەو لیژنەیەی کوالێتیی پەرەپێدان ........ بەڵێ بەڵێ ئاخر نا دەڵێ ئەو قوتابخانانەی بەندێکی تیایە ماددەیەکی تیایە ئەگەر هەڵە نەبم نا لە ناحکومی بۆ جەنابت باس دەکەم ئیشراف باسی سیستەمی ئیشراف دەکات ماددەی (١٤٧) هەموو ئەو قوتابخانانەی ئێمە

وتمان چوار جۆر قوتابخانە هەیە، دوانیان مەشمولە بە سیستەمی ئیشرافی ئێمە، ئەو دوانەی کامانەن، ئەوانەی کە ناحکومین بە سیستەمی وەزارەتی پەروەردە دەخوێنن ئەوانەی کە قازانج نەویستن بە سیستەمی وەزارەتی پەروەردە دەخوێنن مەشمولن بە سیستەمی ئیشرافی ئێمە، سیستەمی ئیشرافی ئێمەش ئەوەیە لێژنەی کوالێتی پەرەپێدان لە قوتابخانە هەیە، ئەوان بەرنامە و پلانی کاری خۆیان دادەنێن، دوو جۆر قوتابخانەی دیکە دەمێنێتەوە قوتابخانە بیانییەکان ئەو قوتابخانانە کە لە وڵاتی دایکەوە پرۆگرام و سەرپەرشتیان لەوێ دەکرێ وە وەزارەتی پەروەردەش سەرپەرشتیان دەکات، قوتابخانەی چوارەمیش قوتابخانە نێودەوڵەتییەکانن ئەوانە دوو جۆر ئیشراف دەکرێن، ئیشرافێکیان وەزارەت دەیکات ئیستا ئێمە (٣٣) قوتابخانەی ئەنتەرناشنالمان لە کوردستان هەیە (٣٣) موشریفی تایبەت بەو قوتابخانانەمان هەیە، هەروەها سیستەمێکی دیکەیان هەیە بۆ هەڵسەنگاندن ئەوەیە کە سوپەر ڤایزەرەکانی خۆیان لە دەرەوەی وڵاتەوە دێن ئەوانەی کە (**acredit**)ی ئەو قوتابخانەیان کردووە لە دەرەوەی وڵاتەوە دێن موئەسەسەکە هەڵدەسەنگێنن بەگوێرەی ئەو پێوەرانەی خۆیان کەوایە ئەوانە وابێ خازعن بۆ دوو جۆر هەڵسەنگاندن بۆ دوو جۆر پلان و بەرنامەی کار، بەڵام پلان دانان لە قوتابخانەیەکی ئەهلی هەمان شێوەی ئەو پلان دانانەیە کە لە قوتابخانەیەکی حکومی هەیە بۆ قوتابخانە ئەهلییەکانی سیستەمی وەزارەتی پەروەردە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە بەڕێزان، فەرموو.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤٥):

یەکەم:

١-کرێی ساڵانەی خوێندن لایەنی کەم سێ قست دەبێت.

٢- قستی یەکەم لە کاتی تۆمارکردن یان پێش دەستپێکردنی ساڵانەی خوێندن دەدرێت.

٣- قستی دووەم لەکاتی دەستپێکردنی وەرزی دووەم دەدرێت قستی سێیەم لەگەڵ وەرگرتنی کارتی نمرە.

دووەم: ئەگەر بەخێوکەر پابەند نەبوو بە دانی کرێی ساڵانەی خوێندن لەکاتی خۆیدا دامەزراوەکە مافی هەیە داوا لە وەزارەت بکات بە گواستنەوەی منداڵ و قوتابی خوێندکار بۆ دامەزراوەیەکی  دیکە دەبێت وەزارەت لە ماوەی (١٥) رۆژ لە رێکەوتی داواکاریەکە و بڕیارەکە گواستنەوەکەی جێبەجێکردنی بدات.

سێیەم: بۆ وەرگرتنی کرێی ساڵانەی خوێندن و دامەزراوەی ناحکومی مافی کردنەوەی ژمارەی بانکی هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کێ دەیەوێت قسە بکات لەسەر ئەو ماددەیە، تا ئەوان ناو دەنووسن لەسەر ماددەی پێشوو قسە بکە، (سوسن) خان، فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من تێبینیەکەم لەسەر ماددەی (١٤٤) لە بڕگەی یەکەمە کە باسی ماددەی (١٣٤) دەکات بەپێی ئەو ماددەیەش دەبی پەرتوکەکانی خوێندن یەعنی بدرێتە قوتابخانەکان، لێرەدا بەراستی لە هەندێك لە قوتابخانەی ناحکومی تا ئێستاشی لەگەڵدابێت پەرتووکی کوردی بەسەریان دابەش نەکراوە، راستە لە بواری کوردیدا کەم گرینگە پێ دەدرێت ئەوجا چ جا لەبەر ئەوەی پەرتوکەکەش بە درەنگ بگاتە دەستیان، بۆیە پێشنیار دەکەین کە بەسەر ئەو قوتابخانانەدا پەرتووکەکان زوو دابەش بکرێت، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم لە راستیدا سەبارەت بە بڕی تێچووی خواردن یەعنی نازانم جەنابی وەزیر ئاگاداری ئەو بابەتەیە یان نا لە مانگی رەمەزان لە پشووەکان لە هەموو ئەو کاتانە تێچووی خواردن لە قوتابی وەردەگیرێ، ئەگەر ئێمە حیسابی بکەین بەراستی ئەگەر قوتابخانەیەك (٥٠٠) تا (٧٠٠) قوتابی هەبێت بەراستی دەیان دەفتەر دۆلار قازانج دەکات، لەبەر ئەوە من داوا لە وەزیری پەروەردە دەکەم کە پێداچوونەوەیەك بەو بابەتەدا بکەن کە لە کاتی پشووەکان، لەکاتی مانگی رەمەزان تێچووی خواردن لە قوتابی وەرنەگیری بۆ ئەوەی زەرەرمەند نەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (١٤٥)، مامۆستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەم لێرە باسی قستەکان کراوە من پێشنیار دەکەم قستی ئاسانترین بکرێنە چوار قست لایەنی کەم چوار قست، هەندێ خوێندنگە خۆیان کردوویانە بە قستی زیاتریش، بەڵام لێرە مادەم بە یاسایی دەکرێن پێشنیار دەکەم چوار قست بێت، قستی یەکەم لەکاتی تۆمارکردن، قستی دووەم لە کۆتایی وەرزی یەکەم، قستی سێیەم لە ناوەراستی وەرزی دووەم، قستی چوارەمیش لە کۆتایی ساڵ و وەرگرتنەوەی نمرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (روبینە) خان، فەرموو.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابێ وەزیری بەحسی وێ یەکێ کرد ئایا زیادکرنا قستا و کەم کرنا قستا هاتیە رێکخستن، لە قوتابخانەیەك من زۆر چەند قوتابخانە منێ دیتین ئەڤە دە ساڵە تەقریبەن قستێت وان مەحدوودن، ئەڤ سالێ زێدە کرین، ئایا بموافەقا وەزارەتێیە ئان حەسەب قوتابخانەیە؟ من دڤێت ئەگەر مەبلەغێ پارە بۆ مە کا دچەوا تەسبیت کەن، وەزارەتا ئان هەر مەدرەسە بخوویە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (١٤٦) مان بۆ بخوێننەوە، دەتەوێ قسە بکەی؟قسەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز حكمت محمد عبو زيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەوزیـحەكە، قوتابخـانە هەیە ئێسـتا لە زاخـۆ یەعنـی حەتـا حەقـی ئیمتحانەكـان لە قوتـابی وەردەگریت، حەز دەكەم بەڕێز جەنابی وەزیر پێداچوونەوەیەكی لەم جـۆرە بابەتـانە بكـات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كە ئەم قانوونەمان دەركرد وەزارەت مولزەمە بە جێبەجێكردنی دەبێ ئەو ئەركـانە هەمووی بگرێتە ئەستۆ، كاك (بالانبو)، فەرموو.

**بەڕێز بالانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـاددەی (١٤٥)، بـڕگەی دووەم دەڵـێ (ئەگەر بەخێوكـار پابەنـد نەبـوو بە دانـی كرێـی سـاڵانەی خوێنـدن لە كـاتی خـۆی دامەزراوە مـافی داوە داوا لە وەزارەت بكـات بە گواسـتنەوەی منـداڵ و قوتابی و خوێندكار بـۆ دامەزراوەیەكـی دیـكە)، ئەمە لێـرە تەقـریبەن لەوانەیە كۆمەڵێـك گرفـت دروست بكات وەزارەت لەخۆیەوە ئەم خوێندكارە بۆ كوێ نەقڵ دەكات؟ دایـك و باوكێـك ئەگەر كێشەیان نەبێت پێم وا نییە پارەی خوێندكارەكە نەدەن، بەڵام ئەگەر زروفێكی بەو شێوەیە هاتە پێشەوە دایك و باوك ئامـادە نەبـوون پـارەكە بـدەن پـێم وایە ڕەزامەنـدیش نـادەن منـداڵەكەیان یەعنی خوێندنگایەكی بۆ دەستنیشان ناكەن كە ئەو خوێندنگایە نەقلـی بكـات، ئەگەر هـاتوو ئەو خوێندكارە لە خوێندكاری زمانێكی غەیرە كوردی بوو وەزارەت بۆ كوێی نەقـڵ دەكـات؟ ئـێ ئەم لیرە پارەی نەدابێ  لەوێش پارە نادا، من پێشنیار دەكەم یەعنی گونجاندنێك بكرێت بۆ ئەوەی تـا ئەم كێشـەیە یەكلایـی دەكـرێتەوە ئەم خوێنـدكارە لەم خوێنـدنگایە بەردەوام بێـت، بەڵام كە خوێندنی ئەو ساڵەی تەواو كرد شەهادەكەی پێ نەدرێت تا بەخێوكارەكانی تێچووی خوێندنەكە دەدەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (١٤٦) مان بۆ بخوێننەوە،

**بەڕێز خديجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەوەری دووەم: باجەكان.

مـاددەی (١٤٦): باجەكـانی سـەر دامەزراوە ناحكومییەكـان بەپێـی یاسـا كارپێكراوەكـانی هەرێـم دەبێت بە ڕەچاوكردنی ئەوەی لە ماددەی (١٧٣)ی ئەو یاسایەدا هاتووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان كێ دەیەوێت قسە بكات؟ (د.شیركو)، كاك (سیپان)، كاك (سیپان)، فەرموو.

**بەڕێز سيپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددا (١٤٦) ئاماژە بە وەرگرتنا باجێ ل سەر دامەزراوێن ناحكومی دكەتن، ئایا هەتاكو نوكە لڤـی دەمی وەزارەتا پەروەردێ چ داهاتەك یان چ باجەكی ژوان خوێنـدنگەهێن نـاحكومی وەردگریـت یـان پەیمانگـای نـاحكومی وەردگریـت، ئامـاژە ب مـاددا (١٧٣) ژدایە، مـاددا (١٧٣) ئامـاژە ب وێ چەندێ كو دشێت بەخشینێن دارایی، یـارمەتێن دارایـی وەربگریـت كەواتە حكـومەتێش دشـێت

وەربگریتن یان برەنگەکی دییە، داخازا روونکرنێ ژ جەنابێ وەزیری پەروەردێ دکەم، هەم ئەم خوێندنگە ئایا باجێ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە (١٧١)ە غەڵەتە.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر (١٧١) بیتن دوێرێ ئاماژە بوێ چەندێ دا کا دێ باجی ب چ رەنگی بدا، دەست خۆش، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، (د.شیرکو)، فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله (١٧١)کەکە بێ لە بری (١٧٣)کە تێبینیەکم لا ئەبا لەسەر، بەڵام دوو نوقتە هەیە کە زۆر دەمەوێ تەرکیزی بکەمە سەر مەسەلەی دیوانی چاودێری دارایی بۆ دامەزراوە ناحکومییەکان، لەگەڵ مەسەلەی ئایا لە سیستەمی باجی هەرێمدا باج بۆ دامەزراوەی ناحکومی هەیە وەکو قانوون ؟ ئێمە بەڕێوەبەری گشتی باجی هەرێممان بانگ کردووە وەکو لیژنەی دارایی داوامان لێ کرد کە پێمان بڵێ ئایا دامەزراوەی ناحکومی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان ئایا ئەمانە باج دەدەن یان باج نادەن؟ جوابێکی وازحی نەداینێ، بۆیە من پرسیارم لە کاك (ئالان) هەیە پێمان بڵێ لێرەیا تەبعەن زۆر مهیمە کە دەڵێ باج بدرێ، چونکە پارە پەیدا دەکا کە پارە پەیدا دەکات ئەمە سیستەمی باجی هەرێم یەعنی من زەنم وایە کە بۆ دامەزراوەی ناحکومی شتێکی وازحی نەبێت باجی لێ بسەنێ، ئایا ئەمە جوابەکەی لای جەنابت هەیە یان نا؟ لەگەڵ ئەوەی کە دیوانی چاودێری دارایی مولزەم کەین بەوەی کە دامەزراوەی ناحکومیی تەدقیق ووردبینی خارجی بۆ بکات، دیوانی چاودێری دارایی چونکە حاڵاتی زۆر هەیە لە پارە خواردن، لە ئیختیلاس، لە ناو دامەزراوە ناحکومیی خۆیان بۆخۆیانن، چونکە کەس نییە رەقابەی خارجیان بۆ بکات لە بەعزێکیانا تەبعەن، ئەمە چۆن بگیرێ، ئەمە بەوە بگیری کە دیوانی چاودێری دارایی مولزەم بێ بەوەی کە بۆ دامەزراوە ناحکومییەکانیش تەدقیق و ووردبینی خارجیان بۆ بکا و راپۆرت بدات بە سەروو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (١٤٦) تەواو، ماددەی (١٤٧) مان بۆ بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێزشەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی پێنجەم: سیستەمی دڵنیایی جۆری سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندن لە دامەزراوە ناحکومییەکاندا:

ماددەی (١٤٧):

هەموو دامەزراوەیەکی ناحکومی کە پرۆگرامی حکومی بەکار دەهێنێت پێویستە پابەندی سیستەمی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری و هەڵسەنگاندنی وەزارەت بێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە؟ ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤٨):

یەكەم: هەموو دامەزراوەیەكی ناحكومی كە پرۆگرامی تایبەت بەخۆی تیا پیادە دەكات ئەوەی كە پێشتر لەلایەن وەزارەتەوە پەسەند كراوە دەبێت بەشی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیكردن و هەڵسەنگاندنی تایبەتی خۆی هەبێت.

دووەم: هەر كات وەزارەت بە پێویستی بزانێ مافی سەرپەرشتیكردنی ئەو دامەزراوانەی هەیە كە پرۆگرامی خوێندنی خۆیان پیادە دەكەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤٩): ئەركی هەموو دامەزراوەیەكی ناحكومییە بەر لە كۆتایهاتنی مانگی تەموز هەڵسەنگاندنی ساڵانە بۆ چالاكییەكانی دامەزراوەكە و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ساڵی خوێندنی پێشوو بكەن بۆ ئەوەی لەكاتی دانانی پلانی ئایندەدا سوودی لێ وەربگیرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥٠):

یەكەم: هەڵسەنگاندنی ساڵانەی ئەو دامەزراوانەی كە پرۆگرامی حكومی پیادە دەكەن بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت:

١-هەڵسەنگاندنی ساڵانەی كادیرانی پەروەردەیی لەلایەن بەڕێوەبەرەوە.

٢- ئەنجامەكانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن لە تۆمارەكانی دامەزراوە پەروەردەییە ناحكومییەكاندا تۆمار دەكرێن و پوختەیەكیش بەشێوەی فۆرمێك بۆ وەزارەت وە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەیی پارێزگاكان یان ئیدارە سەربەخۆكان دەنێردرێت.

٣- هەڵسەنگاندنی ساڵانە بۆ دیاریكردنی خاڵە بەهێز و لاوازەكانی كادیرەكان و دامەزراوەكە دەكرێت و وەك بنەمایەك بۆ پێشكەشكردنی سوپاس و پێزانین بەكاردێت.

٤- دامەزراوەكان لەلایەن لیژنەیەكی هەڵسەنگاندن و وەزارەت بەپێی پێوەر فۆرمی تایبەت كە بەر لە دەسپێكی ساڵی خوێندن بەسەر دامەزراوەكان دابەش دەكرێن هەڵسەنگاندیان بۆ دەكرێت لە ئەنجامی ئەم هەڵسەنگاندنە بە گشتی وەك هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەر و دامەزراوەكە هەژمار دەكرێت.

دووەم: هەڵسەنگاندن ساڵانەی ئەو دامەزراوانەی کە پرۆگرامی خۆیان بەکاردێنن بەپێی ئەم پێوەرانە دەبێت کە لەکاتی داواکردنی مۆڵەت پێشکەش بە وەزارەت کراوە و رەزامەندی لەسەر وەرگیراوە  بە رەچاوکردنی حوکمەکانی بڕگەی دووەمی ماددەی (١٤٩)ی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەو وشەی کادیرە جارێکی تر لابرێتەوە، چونکە وشەیەکی حزبییە و پەروەردەیی نییە، بکرێت بە کارمەندان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی شەشەم: حوکمە گشتییەکان.

ماددەی (١٥١):

یەکەم: هەموو قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگە و پەیمانگە پەروەردەییە ناحکومییەکان جلی یەکپۆشی تایبەت بە خۆیان دەبێت کە لەلایەن دامەزراوەکەوە دیزاین دەکرێت.

دووەم: دەکرێت قوتابخانە ناحکومییەکان باش دەوامی فەرمی قوتابخانە شوێنی حەواندنەوە بۆ قوتابیانی خۆیان بکەنەوە پاش وەرگرتنی مۆڵەت لە وەزارەت و کرێی مانگانە بەپێی گرێبەستێکی نێوان بەخێوکار و قوتابخانە ناحکومییەکە دەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (سیپان)، کاك (جمال)، (رۆژان) خان، (رۆژان) خان، فەرموو.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددا (١٥٠) ببورن مە دەستخەرا کر بەس مە جواب نەدا، خالا چارێ بگا دووەم بێژێتن ماددا (١٤٩) بڕگا دوو، بڕگا دوو ل ماددا (١٤٩)دا نینە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قانوونی کە راپۆرتتان حازر کرد چاکی کەن، کاك (سیپان)، فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(١٥١) دووەم، ڤێ پرسیارا ئاراستەی وەزیری پەروەردێ بکەم، ئایا لە خاندنگەهێن ناحکومی بەشێن ناڤخۆ هەنە؟ چونکی وەکو بزانم هەتا نوکە خوێندگێ ناحکومی بەشێ ناڤخۆ نینە، ئاماژە بوی چەندێ پشتی دەواما فەرمی، ئایا هەم دناڤا بینایا تێدا بکەنە بەشە ناڤخۆیی یان دشێن بینایەتا بکرێتن و ئینجا وی پارە ژی ل سەر خوێندکاران حیساب بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (جمال)، فەرموو.

**بەڕێز جمال حويز مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە حوكمە گشتییەكان ماددەی (١٥١) بڕگەی یەكەم هەمـوو قوتابخـانە و خوێنـدنگە و كـۆمەڵگە و پەیمانگـا پەروەردەیـیە ناحكومییەكـان جلـی یەك پۆشـی تـایبەت بەخۆیـان دەبێـت كە لەلایەن دامەزراوەكەوە دیـزاین دەكـرێ، تەبـعەن ئەوە دەبێـتە یاسـا، پـێم باشـە ئەوە زیـاد بكـرێ لەژێـر چاودێری وەزارەتدا، سبەینێ بكرابایە بە كەیفی خۆیان دەتوانن بە گـران بەسـەر خوێنـدكارەكان بفرۆشنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (د.شێركۆ)، فەرموو.

**بەڕێز شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرەدا باسی جلی یەك پۆشی كراوە بـۆ دامەزراوە ناحكومییەكـان هەمـان شـتمان بـاس كـرد بـۆ دامەزراوە حكومییەكان بۆ یەك پۆشی و ڕێك پۆشی كە پێوەرەكـانی وروژێـنەر نەبێـت و داب و نەریتی كۆمەڵگە بپارێزێت و ئەمانە، لێرە هەمان ئیزافە بكەین ئەگەر لەوێ ئیقرار كـرا كە ئیـزافە بكرێ لێرەش بۆ ناحكومییەكانیش بە هەمان شێوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥٢):

یەكەم: دەبێـت دامەزراوە ناحكومییەكـان گشـت ئەو تۆمارانەیـان هەبێـت كە وەزیـر لە ڕێـگەی ڕێنماییەوە دەریان دەكات.

دووەم: دامەزراوەی ناحكومی قازانج نەویست ساڵانە لەلایەن وەزارەتەوە چاودێری دەكرێت بە مەبەسـتی دڵنیـایی لەوەی كە قـازانجی دامەزراوەكە بـۆ پەرەپێـدانی دامەزراوەكە و قوتـابی و مامۆستا و كارمەندانی دیكەی دامەزراوەكە خەرج دەكرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە بە تایبەت بڕگەی دووەی لە سەدا سەد داراییە، پەیوەندی بە حیساباتێكی وردەوە هەیە كە پیشانی بدات ئەم دامەزراوە ئەم ساڵ قازانجی كردووە یان نا، قازانجەكەی بەكاردێنێتەوە بۆ ئەو موئەسەسەیە یان دەچێتە گیرفانی خاوەنی موئەسەسەكەوە، بەپێـی سیسـتەم كـار دەكـات یـان نـا؟ بۆیە ئەمە لە توانـانی وەزارەتـی پەروەردەدا نیـیە ئەم هەلسـەنگاندنە وردە بكـات، ئیشـی ئەم جـۆرە

کارانە ئیشی دیوانی چاودێری داراییە، بۆیە پێشنیار دەکەم لە ڕێگەی دیوانی چاودێری داراییەوە وەزارەتی پەروەردە ئەم هەڵسەنگاندنانە بکات ئەوە خاڵێك لە بڕگەی دووەم ئەوە زیاد بکرێت وەزارەتی پەروەردە لە ڕێگای دیوانی چاودێری داراییەوە، بۆ ئەوان بسپۆڕن لەو بوارەوە، شارەزایی تەواویان هەیە، پاشان بڕگەیەك زیاد بکرێت ئەگەر دامەزراوەیەکی قازانج نەویست دەرکەوت کە قازانجی ویستووە یاخود پابەندی پرانسیپەکانی قازانج نەویستی نەبووە وەزارەتی پەروەردە بڕیار دەدات ئەم دامەزراوەیە چارەنووسی چی بێت، من یەعنی پێم باشە ئەمەی تیا جێ بکرێتەوە، قازانج نەویست دەرکەوت فێڵی کردووە لە حکومەت، نەخێر قازانج دەکا و پارە وەردەگرێت، ئیستیفادە دەکات، وەزارەتی پەروەردە لەو کاتە بڕیاری چی دەبێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (١٥٣) مان بۆ بخوێننەوە، فەرمووو.

**بەڕێز گەلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥٣): دامەزراوە ناحکومییەکان مافی کردنەوەی خولی بەهێزکردنیان تەنها بۆ قوتابیان و خوێندکارانی خۆیان هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێت قسە بکات؟ (د.شیرکو)، (د.محی الدین)، (د.شیرکو)، فەرمووو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بۆ حکومییەکان وتومانە کە خول وە ئیلزامیشمان کرد، داوامان کرد ئیلزامیش بکرێن نەك هەر بۆ مامۆستا و ئەوانە خول بکرێتەوە بەڵکو بۆ کادیرەکان بۆ کادیرەکان یان فەرمانبەرەکانیشیان، لێردا کە ئیلزامی دەکەی تەنها بۆ خوێندکار و قوتابی ئەی ستافەکەی، ئەی تیمەکەی یەعنی بۆچی بۆی نەبێ خولیان بۆ بکاتەوە؟ لەبەر ئەوەی بۆ ئەم بەستنەوەیە من پێم وایە ماددەکە باشە بەڵام ئەوەی بۆ ئیزافە بکەین کە بۆ تیم و بۆ ستاف و بۆ هەموو ئەوانەی کە لەو دەزگایە کار دەکەن، بۆی هەبێ خولیان بۆ بکاتەوە، خولی تواناسازی بەتایبەتی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.محی الدین)، فەرمووو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە ماددەیەکی باشە، بەڵام ئایا ئەو خولە بەهێزکردنانە بێ بەرامبەرە یان بە بەرامبەرە؟ ئەگەر بێ بەرامبەربوو بۆ ڕێگایان لێ بگرین بۆ قوتابیانی دەرەوەی دامەزراوەکانی خۆیانیش ئەو کارە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (چیا)، فەرمووو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێ باشە نەك تەنها بۆ قوتابیێن خوە بن هەندەکیش وان خولان هەیە بۆ زمانێ ئینگلیـزی کـو زۆر باشە قوتابییێن دەرڤە ژی ئیستیفادەکی باش ژوان خولان بکەن، ئەز بێژم بلا نەدڤێتە گرێـدانێ تەنهـا قوتابیان ناڤخۆیی خۆبن بلا بۆ کەسانی دی پێویستیان پێ هەبت پـارەکی بـدەن، نـووکە مەسـەلەن قوتابخانەیەکی ئەهلی هەیە ل زاخۆ هاڤینا هەندەك خولا ڤەکـر بـۆ ئینگلیـزی زۆر زۆر ئیسـتیفادەکی باشـە، قوتـابێن دەرڤەی وێ دامەزراوێ ئیسـیفادەی ژێـکەن ئاسـتەکی زۆر بلنـدە، ئەز بێـژم بـلا ئەم قەپات نەکەن تەنها بۆ وان، ڤەکری بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: ئەم دامەزراوە ناحکومیـانەی مۆڵەتیـان دوای دەرچـوونی ئەم یاسـایە وەرگرتـووە مـافی هێشتنەوە یان گۆڕینی ناوی خۆیـان هەیە بە مەرجێـك مـۆڵەت لە وەزارەت وەربگـرن و ئەو رسـمانە بدەن کە بەپێی خشتەی هاوپێچی ئەم یاسایە دانراوە.

دووەم:

١-خـاوەنی دامەزراوەی نـاحکومیی خۆمـاڵی مـافی گـۆڕینی دامەزراوەکەی بـۆ دامەزراوەیەکـی نێـودەوڵەتی هەیە بەمەرجێـك نوسـراوێکی ئەکریدیتەیشـن لە ناوەنـدەکی جیهـانی بـاوەڕپێکراو پێشکەش بکات.

٢- پرۆگرام و شێوازی تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی باوەڕپێکراوی هەبێت.

٣- رەسمی گۆڕینی مۆڵەت کە (٥٠%)ی بڕی رەسمی پێدانی مۆڵەتە بدات.

٤- گۆڕانکـاریەکە گشـت قۆناغەکـان بگـرێتەوە، بەڵام لە پـۆلی یەکەم دەسـتپێبکات و ئەو قوتـابی و خوێندکارانەی پێش گۆڕینی دامەزراوەکە بۆ دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی لە دامەزراوەکە بـوون هەر بە سیستەمی خۆماڵی خۆیان بەردەوام دەبن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ (د.شێرکۆ)، (لیزا) خان، (لیزا) خان، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بـڕگەی دووەمـی ئەم مـاددەیە کە بـاس لەوە دەکـات کە خـاوەنی دامەزراوەکە مـافی گـۆڕینی دامەزراوەکەی هەیە بـۆ دامەزراوەیەکـی نێـودەوڵەتی، ئایـا ئەمە کـاریگەری لەسـەر سیسـتەم و پرۆگرامی خوێنکار و قوتابیان نابێت؟ پێم وایی کاریگەری دەبێت بۆیە ئەگەر بێت و ئەمەی بـۆ زیـاد بکرێت بە مەرجێك کاریگەری لەسـەر سیسـتەم و پرۆگرامـی خوێنـدنی قوتـابی و خوێنـدکار نەبێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.شیرکو)، فەرموو.

**بەڕێز شێرکو جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی دووەمدا خاڵی یەکەم باس لەوە کراوە کە دەڵێ بەمەرجێك نووسراوێکی (**accredition**) لە ناوەندێکی جیهانی باوەڕپێکراو پێشکەش بکات، جەنابی وەزیر فەرمووی کە لیستێکیان هەیە بەو شوێنانەی کە بڕواپێکراون لەلایەن وەزارەتەوە واتا ئەم دەبێت بچێت لە یەکێك لەو ناوانەی ئەو لیستە کە وەزارەت بڕوای پێیەتی ئەکریدیتەیشن بێنێ، ئەمە پێویستە بە بڕوای من لێرە ئیزافە بکرێت دەڵێ کە لە ناوەندێکی جیهانی باوەڕپێکراو لەلایەن وەزارەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ماددەی (١٥٥) مان بۆ بخوێننەوە ئاخر ماددە دەبێت ئەمڕۆ، فەرموو.

**بەڕێز روبیە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥٥):

یەکەم: هەر دامەزراوەیەکی ناحکومی سەرپێچی پابەندەکانی ئەم یاسا و ڕێنمای وەزارەت بکات بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت کە لە دە ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سەد و پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سەرباری ئەوەی وەزارەت مافی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی هەیە.

دووەم: هەر کەس و لایەنێك بەبێ ڕەزامەندی فەرمی وەزارەتی دامەزراوەی ناحکومی بکاتەوە بە پێبژاردنێك کە لە پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سەد و پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت وەزارەت دامەزراوەکە دادەخات.

سێیەم: سزایەکە بڕگەکانی یەکەم و دووەمی ئەم ماددە ڕێگە لەوە ناگرێ ڕێکاری یاسای دیکە بەرامبەر سەرپێچیکار بگرێتە بەر ئەگەر سەرپێچییەکی دیکەی کردبێت و سزایەکە لە یاسایەکی دیکە دەقنووس کرابێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(سەرچنار) خان، (د.شیرکو)، مامۆستا (عمر)، مامۆستا (عثمان)، (مژدە) خان، کاك (مسلم)، کاك (شاخوان)، کاك (رزگار)، ئەوە ئەو ناوانەن کە بەیانی بۆیان هەیە لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکەن، دانیشتنەکە هەڵدەگرین.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

بەڕێککەوتن لەسەر ئەوەی هەمەوواری یاسای هەڵبژاردن، بۆیە کاتیش لەبەردەم نەماوەو کۆمسیۆنیش لە ئێستادا کارا نییە، بۆیە لەبەردەم ئەوەی ئایا هەرێمی کوردستان بکەوێتە فەراغی دەستووری یان موئەسەسات و دام و دەزگا دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان پارێزراوبن ئەکید هەمووومان لەگەڵ ئەوەینە کەخاڵی دووەم هەڵبژێرین، بۆیە بۆ دەوڵەمەندکردنی هۆکارەکانی دەرچوواندن پشتیوانی لە ڕای کاك زیاد و کاك زانا ز گوڵستان خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێ من ژ لایێ د. زانا هاتنە کرین پشتیڤانێ وی دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار تەواوبوو داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین راپۆرتمان بۆ ئامادەبکەن بەمەبەستی دەنگدان. بەڕێزان دەست بە دانیشتنەکەمان ئەکەینەوە فەرموون، بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار جێبەجێ ئەکەین کە بریتییە لە خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژە یاسای پەروەردەو فێرکاری لە هەرێمی کوردستان- عێراق، داوا لە بەڕێزان لە لیژنەی پەروەردە ئەکەم بێنە سەر منەصەکەو لە شوێنی خۆیانبن، ماددەی (١٥٦) بخوێننەوە لەبەر ئەوەی ئەم بەڕێزانەی لەسەر ماددەی (١٥٥) ناویان نووسی بوو کەسیان لێرە نین. فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەروازەی چوارەم/ ئەرك و پێکهاتەی وەزارەتی پەروەردە:

بەشی یەکەم/ ئەرکەکانی وەزارەت، ماددەی (١٥٦):

وەزارەت لەڕێگای ئەم رێکارانەی خوارەوە هەوڵی گەیشتن بە ئامانجە گشتی و هاوبەشەکانی پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردن دەدات.

١ - جێبەجێ کردن و بەدواداچوون بۆ ئەو ئەرکانەی لەم یاسایەدا هاتوون.

٢ - چەسپاندنی بنەمای فێرکردنی گشتی بەرمەبنای دابینکردنی هەلی پەروەردەیی و فێرکاری گونجاو.

٣ - کارکردن بۆ دابینکردنی دڵنیایی جۆری و بەستنەوەی بە رێکاری سەرپەریشتی کردنی هەموو دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکان.

٤ - دروستکردن و دامەزراندن و بەڕێوەبردنی دامەزراوە حکومییەکان بە هەموو قۆناغ و جۆرەکانیان هەروەها پارێزگاری کردن لە سەربەخۆییان و دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی بەگەڕ کەوتن و بەردەوام بوونی کارەکانیان.

٥ - دابینکردنی هۆکارەکانی فێرکردن و تەکنیکە پێویستە پەروەردەییەکان بۆ کاری پەروەردەو فێرکردن.

٦ - دیاریکردنی بنەماو پێوەرە گشتییەکانی گەشەپێدانی پڕۆسەی فێرکاری.

٧ - دانــان و نــوێکردنەوەی پلانــی فێرکــردن و پرۆگرامەکــانی خوێنــدن بەســوود وەرگــرتن لە پێشکەوتنەکانی ئەو بوارە.
٨ - گرینگیدان بە توێژینەوەی پەروەردەیی و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی جیاوازو سوود وەرگرتن لە ئەنجامەکانیان، بۆ گەشەپێدانی پرۆسەی فێرکاری.
٩ - خوێندنەوەو دانانی ڕێگەو هۆکاری گونجاو، بۆ بەرەوپێشبردنی خوێندنی ئەکادیمی و پیشەیی و کارکردن لەسەر گەشەپێدانیان.
١٠ - گرینگیــدان بە گەشــەکردن و بەرەو پێشــچوونی توانســتە پیشــەییەکان و زانســتەکانی کــادیرە پەروەردەییەکان.
١١ - گرینگیدان بە چالاکی وەرزشی لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان.
١٢ - گرینگیــدان بە لایەنــی دەروونــی قوتابیــان و خوێنــدکاران و دابینکردنــی خزمەتگــوزارییە تەندرووستییەکان هەروەها توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و دڵنیـابوون لە تەندروسـتی و سـەلامەتی قوتابی و خوێندکاران و سەلامەتی ژینگەی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان.
١٣ - ئامادەکردنی پلانی نیشتیمانی سەرتاسەری، بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری.
١٤ - هاندانی پتەوکردنی پەیوەندی لەنێوان دامەزراوەو کەسوکاری قوتـابی و خوێنـدکاران لە ڕێگـای بەهێزکردنی ڕۆڵی ئەنجوومەنی بەخێوکاران.
١٥ - کــارکردن بــۆ هانــدانی وەبەرهێنــان لەبــواری پەروەردەو فێرکــاری لەلایەن کەرتــی تــایبەت و فراوانکردنی چوارچێوەی هاوکاری لەگەڵیاندا سەبارەت بە جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامە و پرۆژە پەروەردەییانەی ئامانجیان بەهێزکردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە.
١٦ - گرینگیدان بە پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە نیشتیمانی نێودەوڵەتییەکان و ئـاڵوگۆڕی بۆچـوون، لە بوارە جۆراو جۆرەکانی پەروەردەو فێرکـردن و نـوێنەرایەتی هەرێـم لەو کـۆنگرەو کۆبـوونەوەو ڕێکخراو و کۆڕە هەرێمی و نێودەوڵەتیانەی کە ئامانجی پەروەردەیی و فێرکارییان هەیە.
١٧ - هەر ئەرکێکی پەروەردەیی و فێرکردنی دیکە، کە ئەنجوومەنی وەزارەت پەسەندی دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، ئەوانەی کە باسکرا هەمووی دەکرێ بڵێین بەشـێکە لە سیاسـەتی پەروەردەیی و فێرکردنی وەزارەتی پەروەردە، ئەوەی کە پێی دەڵێین (**education policy**) بەشـێکە لە سیاسەتی پەروەردەیی و فێرکردنـی وەزارەتـی پەروەردە ئەوەی کە پێـی دەڵـێین ( **education policy**)، زۆر گرینگە ئەگەر بڕگەی یەکەم بەوە دەست پێبکات یەکێك لە ئەرکە هەرە گرینگەکانی وەزارەتـی پەروەردە بریتـی بێـت لە داڕشـتنی سیاسـەتی پەروەردەیـی و فێرکـردن هەروەهـا بەدواداچوون بۆی و جێبەجێ کردنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك ازاد.

**بەڕێز ازاد اكرم بهرام:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمن بە ئەركی دەزانم وەزارەت چەند كێشەیەكی هەیە لە كێشەكانی پەروەردە، كێشەی بیناو مامۆستاو پرۆگرام و دەوام، باسی ئەوانە لێرە نەكرایە وەزارەت ئەو كێشانە چۆن چارەسەر دەكات یەعنی كێشەی بینایە بەچ یاسایەك بەچ شكلەك باس نەكرایە، كێشەی هەرە گەورەش ئێستا ئەو چوار خاڵەیە نازانم لۆ لێرە باس نەكرایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی دووەم: پێكهاتەو ئەنجوومەنی وەزارەت.

تەوەری یەكەم/ پێكهاتەكانی وەزارەت.

ماددەی (١٥٧):

بڕگەی یەكەم:

١ - وەزیر: سەرۆكی باڵای وەزارەتەو بەرپرسی كارەكانییەتی ئاڕاستەكاری پلانەكانییەتی و سەرپەرشتی كارو چاودێرە بەسەرییەوە، بە بڕیارو سەرپەرشتی خۆی و بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە سەرجەم ئەو بڕیارو ڕێنماییانە دەردەچن، كە پەیوەندییان بە ئەرك و پێكهاتەو دەسەڵات و ئەو كاروبارە هونەری و دارایی و كارگێڕی و ڕێكخستنەكانی وەزارەتەوە هەیە، وەزیر وەك ئەندامێك لە ئەنجوومەنی وەزیران لەبەردەمیدا بەرپرس دەبێت.

٢ - نوسینگەی وەزیر: كە لەلایەن فەرمانبەرێكەوە بەڕێوەدەبردرێت كە بڕوانامەی بەرای زانكۆی هەیەو چەند فەرمانبەرێكی دیكە یارمەتی دەدەن.

بڕگەی دووەم:

١ - بریكاری وەزارەت: وەزارەت یەك بریكاری دەبێت لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی وەزیر پێی رادەسپێردرێت یارمەتی وەزیر دەدات لە ڕای كردن و سەرپەریشتی كردنی كاروباری وەزارەتدا.

٢ - نوسینگەی بریكاری وەزارەت: كە لەلایەن فەرمانبەرێكەوە بەڕێوەدەبردرێت كە بڕوانامەی بەرای زانكۆی هەیەو چەند فەرمانبەرێكی دیكە یارمەتی دەدەن.

٣ - وەزارەت ژمارەیەك راوێژكاری دەبێت ژمارەیان لە پێنج زیاتر نابێت و ئەو ئەركانە جێبەجێ ئەكەن كە وەزیر بەپێی پێداویستی وەزارەت پێیان دەسپێردرێت وە دەبێت هەریەكەیان خاوەن بڕوانامەی بەرای زانكۆبن و ئەزموونیان لە بواری پەروەردەو فێركاری لە (١٥) ساڵ كەمتر نەبێت.

٤ - بەڕێوەبەرە گشتییەكانی ناو وەزارەت و پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆكان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەمە؟ فەرموو ڕۆژان خان.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥٧) بڕگەی یەکەم خاڵا دووێ، هەروەسا بڕەی دووەم خاڵا دووێ، چەند فەرمانبەرێکی دانـایتن بـۆ یارمەتیـدانی نوسـینگەی بریکـاری وەزارەت هەروەسـا نوسـینگەی وەزیـر، ئەڤ فەرمانبەرە بێتە تەحدید کرنێ مەسەلەن ڕێژەی وانا زێدەتر نەبن ژ (٥) کەس یـان (٧) کەس یـان (٣) کەس، ڕێژەك هەبیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە راوێژکار، من دوو پرسـیارم هەیە حەزدەکەم ئاڕاسـتەی جەنـابی وەزیـری پەروەردە بکەم، ئایا دیاریکردنی پێنج راوێژکار لەسەر چ بنەمایەك بووە بۆچی پێنج راوێژکار؟ ئایا لە حاڵی حـازردا وەزارەتـی پەروەردە چەنـد راوێژکـاری هەیە دوای ئەوەی ئەم یاسـایە دەربچێـت تەنـاقز ناکات لەگەڵ بوونی ژمـارەی راوێژکارەکـان بەڕێـز وەزیـری پەروەردە کە لە وەزارەتـی پەروەردە هەیە، ئایا وەزارەتەکانی دیـکە هەرچەنـد ئەوە پەیوەسـتە بە حکـومەتی هەرێـم، بەڵام ڕێـژەیەك دیاریکراوە لە ئەنجوومەنی وەزیران ڕێگەیان پێدرابێت بـۆ وەزارەتەکـان بـۆ ئەوەی ئەم ڕێـژەیە پێنج بێت یان چەند کەسێك بێت وەکو راوێژکار داینێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو گەلاویژ خان.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥٨):

یەکەم: ئەم بەڕێوەبەریەتییە گشتیانەی خوارەوە لە وەزارەت دەبن.

١ - بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان.

٢ -بەڕێوەبەرایەتی گشتی باخچەی منداڵان و فێرکردنی بنەڕەتی.

٣ -بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی.

٤ -بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگاکان.

٥ -بەڕێوەبەرایەتی گشتی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتی کردن.

٦ -بەڕێوەبەرایەتی گشتی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن.

٧ -بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرامەکانی خوێندن.

٨ -بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانانی پەروەردەیی.

٩ -بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی تورکمانی.

١٠ -بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی سریانی.

١١ -بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و هونەر.

١٢ -بەڕێوەبەرایەتی گشتی بیناسازی.

١٣ - بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ناحکومی.
دووەم: لەگشت پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکانی هەریم بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە دەبێت.
سێیەم: هەریەك لەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتیانەی لە بڕگەکانی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیەدا هاتوون، لەلایەن فەرمانبەرێکەوە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوە دەبردرێن، کە دەبێت بڕوانامەی بەرای زانکۆی هەبێت و ئەزموون و خزمەتیشی لەبواری پەروەردە و فێرکردن یان بواری ئەکادیمی لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێت.
چوارەم:
١ - ئەرك و دەسەڵاتی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پەیڕەوێك رێکدەخرێت کە ئەنجوومەنی وەزیران دەریدەکات.
٢ - ئەنجوومەنی وەزیران دەتوانێت لەکاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی هاتوو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا لەسەر پێشنیاری وەزارەت لێکبدات یان تێکەڵیان بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێکم هەبوو سەبارەت بە مامۆستایانی وانەبێژ، ئەکەوێتە دەسەڵاتی کام لەم بەڕێوەبەرانەوە سەرپەرشتییان بکات؟ سەبارەت بەخاڵی پێنجەمیش بەڕێوەبەرایەتی گشتی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتی کردن، ئەگەر بەدواداچوونیشیان بۆ زیادبکرێت من پێم باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك ازاد.

**بەڕێز ازاد اکرم بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی تورکمانی وسریانی، گرینگییەکی زۆر موهیمی هەیە لەهەرێمی کوردستان، چونکە بەڕاستی لە هەرێمی کوردستان ئەمە دوو دائیرەمان هەیە وەك دائیرە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری تورکمانی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی تورکمانی، بەڵام لەناو ئەو یاسایەدا باسی هەیکەلیەی هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکان دەکات تەنها باسی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی تورکمانی ناکات، لەبەر ئەوە بەڕاستی......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ازاد لەناو ئەم یاسایە باسی هەیکەلیەت ناکرێت بە پەیڕەو هەیکەلیەت تەعدیل ئەکرێ.

**بەڕێز ازاد اکرم بهرام:**

...... بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی تورکمانی و سریانی هەیکەلیەمان نییە، ئەمە دەمانەوێت گرینگی پێبدرێت چونکە بەڕاستی لۆ ئێوومە زۆر گرینگە لۆ هەرێمی کوردستانیش زۆر گرینگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرمووو کاك محمد:

**بەڕێز محمد سعدالدين انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتیانە کە وەزیر یان وەزارەت بۆی هەیە یەکیان بخات ئەمە نیگەرانین لەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان بیر لەوە بکەنەوە تورکمانی و سریانی یەکبخەن یان شتێك هەبێت کە ئستسنا بکرێت، دووەمیش ئەوەی کە باس دەکرێت هەیکەلی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتیانە یەعنی شتێك ئیزافە بکرێت هەر بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەك بەگوێرەی ئیختیصاص و گرینگی خۆی میلاك و هەیکەلیەی هەبێت بۆ ئەوەی ئەمە بتوانین ئەو داواکارییە لە وەزارەت بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە ماددەی (١٥٩). فەرمووو گەلاویژ خان.

**بەڕێز گلاوێژ عبيد عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥٩):

١-وەزیر مافی هێنانە ئاراو لێکدان و هەڵوەشاندنەوەو گواستنەوەی بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەی هەیە دوای ڕاساندنی لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە.

٢-پێکهاتەی نووسینگە و بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی وەزارەت و ئەرکەکانیان لە ڕێگەی پەیڕەوێکی ناوخۆ کە وەزیر بەرەچاوکردنی حوکمەکانی ئەم یاسە دەری دەکات ڕێکدەخرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرمووو گەلاویژ خان.

**بەڕێز گەلاوێژ عبيد عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان پێش ئەمە هەست دەکەم وشەیەکمان زیادە لە ماددەی (١٥٩)، پێکهاتەی نوسینگەو بەڕێوەبەرایەتییەکان بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بە پەیڕەو ڕێکدەخرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرمووو حسيبە خان.

**بەڕێز حسيبە سعيد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری دووەم/ ئەنجوومەنی وەزارەت:

ماددەی (١٦٠):

١-ئەنجوومەنێك بەناوی ئەنجوومەنی وەزارەتی پەروەردە پێکدێت بە سەرۆکایەتی وەزیرو ئەندامیەتی هەریەك لە (بریکاری وەزارەت، ڕاوێژکارەکانی وەزارەت، بەڕێوەبەرە گشتییەکان).

٢-بەڕێوەبەری نوسینگەی وەزیر سکرتێری ئەنجوومەن دەبێت کارەکانی ڕێکدەخات کۆنووسی کۆبوونەوەکان تۆماردەکات و بڕیارەکانی ئەنجوومەن بۆ لایەنە پەیوەندارەکان دەنێرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ماددەی (١٦٠)؟کەس قسەی نییە. فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦١): ئەرکەکانی ئەنجوومەنی وەزارەت پێکدێت لە:

١ - داڕشتنی پلانی کاری وەزارەت و بەدواداچوون بۆ جێبەجێ کردنی لەبەر رۆشنایی ئامانجەکانی ئەم یاسایە.

٢ - گرتنەبەری رێکاری پێویست سەبارەت بە بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردەو فێرکاری.

٣ - بڕیاردان لە ساڵنامەی خوێندن وچەسپاندنی رۆژە پشووەکانی خوێندن.

٤ - ئامادەکردنی پێشنیازە بودجەی ساڵانەی وەزارەت و پێکهاتەکانی و راساندنی راپۆرتی ژمێرەیی کۆتایی.

٥ - دانانی ئەرکە لەپێشینەییەکان و رێسا گشتییەکان بۆ پێدانی مۆڵەتی خوێندن و شاندن و زەماڵەکان.

٦ - بڕیاردان لە رەشنووسی رێنماییەکان و هەموار کردنەوەیان.

٧ - کارکردن بۆ دابینکردنی دڵنیایی جۆری.

٨ - پێشنیاری هەموار کردنەوەی یاسا.

٩ - گفتوگۆکردن و بڕیاردان اە راپۆرتی ساڵانەی کارەکانی وەزارەت.

١٠ - تاوتوێ کردنی راپۆرتی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە.

١١ - هەر ئەرکێکی دیکەی لەم یاسایەدا هاتووە هەر کارێك وەزیر لەبەر رۆشنایی حوکمەکانی ئەم یاسایەدا بەپێویستی دەزانێت کە ئەنجوومەن تاوتوێی بکات و بڕیاری لێبدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس قسەی نییە. فەرموو کاك شەمۆڵ.

**بەڕێز شەمۆڵ اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦٢):

١ - ئەنجوومەن کۆبوونەوەی مانگانەی دەبێت و دەتوانێت لەکاتی پێویستدا کۆبوونەوەی دیکە لەسەر داوای سەرۆك بکات و بڕیارەکانی بەئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی دەدرێت، جگە لە دەنگدان لەو پرسانەی کە بەپێی یاسا تەنها لە دەسەڵاتی وەزیرە.

٢ - سەرۆکی ئەنجوومەن مافی بانگێشتکردنی پسپۆڕان و کەسانی پەیوەستداری بۆ کۆبوونەوەکان هەیە بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس قسەی نییە، فەرموو کاك شەمۆڵ.

**بەڕێز شەمۆڵ اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦٣):

بەشی سێیەم: ئەنجوومەنی پەروەردە لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان:
تەوەری یەکەم
پێکهاتەو کۆبوونەوەکان
١ - لەهەر بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی پەروەردە لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان ئەنجوومەنێك پێکدێت بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی و ئەندامیەتی هەریەك لە
- یاریدەدەرانی بەڕێوەبەری گشتی.
- بەڕێوەبەرەکانی پەروەردە لە سنووری پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان.
- بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتی کردن.
٢ - دەکرێت کەسانی پسپۆڕ بۆ کۆبوونەوەکان بانگێشت بکرێت بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.
٣ - نوێنەری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان مافی ئامادەبوونی لەم کۆبوونەوانە هەیە کە پەیوەستن بە پرسی مامۆستایان بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.
٤ - کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکی ئەنجوومەن لە کۆبوونەوەکان پێشوەختە مافی دەستنیشان کردنی جێگرەوەیەکی بۆ بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکە هەیە.
٥ - کۆبوونەوەی ئەنجوومەن لایەنی کەم مانگی جارێك دەبێت و هەرکاتێکیش پێویست بوو دەتوانێت کۆبوونەوە بکات و بڕیارەکانی ئەنجوومەن بەدەنگی زۆرینە دەبێت جگە لە دەنگدان لەو پرسانەی کە تەنها لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری گشتییە.
٦ - بەڕێوەبەری گشتی بڕیاردەرێك بۆ ئەنجوومەن لەنێو فەرمانبەرانی پەروەردە دیاری دەکات کە دەبێت بڕوانامەی بەرایی زانکۆ هەبێت و لە تۆمارکردنی کۆنووسی کۆبوونەوەکان و گشتاندنیان بەرپرس بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس قسەی نییە. بەڕێزان ئەمە ڕێك بەرمەبنای ئەو دوو قانوونەی تر کە بۆ وەزارەتی شارەوانی و کارەبامان دەرکردبوو بە هەمان تەشکیلەو هەیکەلیەدامان ڕشتۆتەوە لەبەر ئەوە ڕەنگە موناقەشەی زۆر نەوێت. فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦٤):
تەوەری دووەم
ئەرکەکانی ئەنجوومەنی پەروەردە لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان
١ - جێبەجێ کردن و بەدواداچوونی ئەو پلان و پڕۆژانەی کە وەزارەت لە سنووری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دایڕشتووە هەروەها کارکردن بۆ دڵنیایی لە جێبەجێ کردنی پڕۆژەکان و پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی وەرزی لە بارەیانەوە بە وەزارەت.
٢ - گفتوگۆ کردن لەبارەی کێشەی پەروەردەو فێرکاری و کارگێڕی و هونەریەکان لە سنووری بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە و بەدواداچوون بۆ ئاستەکانی خوێندن و پرسی دڵنیایی جۆری لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەنجوومەندا.

٣ - روانین لەو پرسانەی کە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکانی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان دوچاری دەبن.
٤ - پێشنیار کردن بۆ وەزارەت سەبارەت بە دامەزراندنی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزاکە، کە پشت بە پێشنیازی لیژنەی پسپۆڕ دەبەستێت.
٥ - پێشنیار کردن بۆ وەزارەت سەبارەت بە دابەشکردنی فەرمانبەران و گشت کادیرانی تر بەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاو قەزاکانی.
٦ - پێشنیار کردنی ئاڕاستە گشتییەکانی پلانی پەروەردە و فێرکردن لە سنووری کاری ئەنجوومەنەکەو ئاڕاستە کردنی بۆ وەزارەت.
٧ - پێشنیار کردنی دابەشکردنی بودجە بەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی ناوەندی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و قەزاکان هەروەها پێداچوونەوە بەسەر راپۆرتی ژمێرەی کۆتایی.
٨ - بەرزکردنەوە پێشنیاز بۆ وەزارەت سەبارەت بەو پرسانەی کە دەبنە هۆی باشترکردنی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی پەروەردەو فێرکردن بەشێوەیەکی گشتی.
٩ - پێشنیاز کردنی کردنەوەی قوتابخانەی نوێی حکومی یان داخستنیان بەگوێرەی پێداویستییەکانی بەرژەوەندی گشتی.
١٠ - هەرئەرکێکی دیکە کە لەلایەن وەزارەتەوە دەخرێتە ئەستۆی ئەنجوومەنی پەروەردەی پارێزگا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس قسەی نییە. فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦٥):

بەشی چوارەم: ئەنجوومەنی پەروەردە لە قەزاکان:

تەوەری یەکەم

پێکهاتەو کۆبوونەوەکان

١ - دەبێت لە هەر قەزایەك بەڕێوەبەرایەتییەکی پەروەردە هەبێت.
٢ - لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەی قەزاکان ئەنجوومەنێك بەناوی ئەنجوومەنی پەروەردەی قەزا پێکدەهێنرێت بەسەرۆکایەتی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزاو ئەندامیەتی هەریەك لە:
- سەرپەرشتیاری پەروەردەی یەکەمی قەزا.
- بەڕێوەبەری کارگێڕی و دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتی کردن.

٣ - نوێنەری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان مافی ئامادەبوونی لەو کۆبوونەوانە هەیە کە پەیوەستن بە پرسی مامۆستایان بێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.
٤ - بەڕێوەبەر بڕیاردەرێك بۆ ئەنجوومەن لەنێو فەرمانبەرانی پەروەردە دیاری دەکات کە دەبێت بەرایی زانکۆ هەبێت و بەرپرس دەبێت لە تۆمارکردنی کۆنووسی کۆبوونەوەکان و گشتاندنیان.
٥ - کۆبوونەوەی ئەنجوومەن لایەنی کەم مانگی جارێکە و هەر کاتێك پێویست بوو دەتوانێت کۆبوونەوە بکات و بڕیارەکانی ئەنجوومەن بەدەنگی زۆرینە دەبێت جگە لە دەنگدان لەو پرسانەی کە تەنها لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرە.

٦ - دەکرێت خەڵکانی پسپۆڕ بۆ کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن بانگێشت بکرێن لە کاتی پێویست بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ فەرموو کاك عثمان سێدەری.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦٥) بڕگەی یەکەم: دەبێت لە هەر قەزایەك بەڕێوەبەرایەتییەکی پەروەردە هەبێت، بۆ ئەم مەبەستە پێشنیار دەکەم *ئستسنائێك* بکرێت بەپێی ڕێژەی دانیشتوان یان بەپێی ڕێژەی قوتابخانەکان لەبەر ئەوەی ئێمە قەزامان هەیە، بۆ نموونە قەزای (ماوەت) زۆر زۆر کەمە ڕێژەکەی لەوانەیە لەم بابەتانەش قەزای تریشمان هەبێت هەمان شێوەبێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەمە ڕێکبخرێتەوانێ بە لەبەرچاو گرتنی ڕێژەی دانیشتوانی ناوچەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦٦):

تەوەری دووەم

ئەرکەکانی ئەنجوومەنی پەروەردە لە قەزا

١ - جێبەجێ کردن و بەدواداچوونیان لەو پلانو پرۆژانەی کە وەزارەت لە سنووری قەزا دایڕشتووە هەروەها کارکردن بۆ دڵنیایی لە جێبەجێ کردنیان و پێشکەش کردنی راپۆرتی وەرزی لەبارەیانەوە بە ئەنجوومەنی پەروەردەی.

٢ - گفتوگۆ کردن لەسەر کێشەی پەروەردەیی و فێرکردن و کارگێڕی و هونەرییەکان لە سنووری قەزاکە و بەدواداچوون بۆ ئاستەکانی خوێندن و پرسی دڵنیایی جۆری.

٣ - پێشنیاز کردن بۆ وەزارەت سەبارەت بە دامەزراندنی بەڕێوەبەری دامەزراوەی پەروەردەو فێرکردن هەروەها گشت کادیرانی دیکەی دامەزراوە حکومییەکان لە قەزاکان و پشتبەست بە پێشنیازی لیژنەی پسپۆڕ.

٤ - بەرزکردنەوەی پێشنیاز بۆ ئەنجوومەنی پەروەردە سەبارەت بۆ ئاڕاستە گشتییەکانی پەروەردەو فێرکردن لە قەزاو ئەو پرسانەی کە دەتوانن ببنە هۆی باشترکردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بەشێوەیەکی گشتی.

٥ - بەرزکردنەوەی پێشنیاز بۆ ئەنجوومەنی پەروەردەی پارێزگا سەبارەت بە دامەزراندنی قوتابخانەی حکومی نوێ یان داخستنیان بەگوێرەی پێداویستییەکانیان بۆ بەرژەوەندی گشتی.

٦ - هەر ئەرکێکی دیکە کە لەلایەن ئەنجوومەنی پەروەردەی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ بە ئەنجوومەنی پەروەردەی قەزا دەسپێردرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل ڤێرێ تنێ بەعسێ پارێزگا هاتییە کرن، من پێ باشە ئیدارە سەربەخۆکان ژ لێ بێتە زێدە کرن، چونکی پشتی ڤان ماددەیێ ئیدارە سەربەخۆکان ژ لێ هاتییە زێدە کرنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك ئالان.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەیانیتان باش ئایا لەسەر تێبینییەکانی دوێنێ ئەم جەلسەیە درێژکراوەی ئەوەیە قسە ئەکەین یان بەس تێبینییەکان؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ئەمڕۆ قسە بکە. فەرموو کاك ئالان.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کاك ازاد باسیکرد هەموو ئەو تێبینیانە کە لە ئەرکەکانی ئەنجوومەنی وەزارەت هەیە دەستنیشان کراون دەبێت بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن، حوکمەکانی ئەم یاسایەش باسی پڕۆگرامەکان و هەموو ئەو بابەتانەی تیایە کە ئەرکی وەزارەتن. سەبارەت بە مودیریەت پرسیارێك کرا ئەبێت مودیرەتیەکان فەرمانبەرەکانیان دیاریکراو بێت، ئەو بابەتە تە تەعلیماتی دارایی لە هەموو دائیرەکانی حکومەت تەنزیم دەکرێ مودیریەتێك چەند فەرمانبەری هەبێت دەرماڵەی بۆ ئەبەسترێت ئەوە کاری وەزارەتی داراییە. سەبارەت بە دیاریکردنی پێنج راوێژکار، ئێمە لە ئێستایە بەڵێ پێنج راوێژکارمان هەیە، ئەم پێنج راوێژکارە گرینگن بۆ هەموو بوارەکان بەتایبەت ئەوانەی کە شارەزابن لە بواری پڕۆگرامەکان لە بواری دڵنیایی جۆری هەموو ئەو تەخەسوسە جیاوازانەی لەناو وەزارەتی پەروەردە هەیە. سەبارەت بە مامۆستای وانەبێژ گوڵستان خان پرسیاری کرد، لەلای مودیریەتی عاممەی پارێزگاکانە دانانیان. سەبارەت بە هەیکەلییەت، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان وەڵامی دایەوە بۆ کاك ازاد.بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی تورکمانی سریانی بەس لێرە وەکو مودیریەتی عام دەنووسرێت هیچ هەیکەلیەتێك دیاری نەکراوە. ئەوەی کاك محمد پرسیاری کرد، نیگەران مەبن لەوە، چونکە ئێمە کە ئەو بەڕێوەبەرایاتیەمان کە نووسیوەتەوە بۆ ئەوەی زیاتر ئەگەر هاتوو تێکەڵی کرد لەگەڵ ئەو بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەرزشی و هونەری یان ئەزمونەکان و پڕۆگرامەکان بەیەکەوە. کاك عثمان سێدەری مولاحەزەیەکی زۆر جوانیدا بەڕاستی ئەمە یەکێکە لە گرفتەکانی ئێمە، ئێمە لە یاسای پڕۆژەکە نووسیومانە لە هەر قەزایەك دەبێت بەڕێوەبەرایەتییەکی پەروەردە هەبێت، بۆ نموونە قەزای (قەرەداغ) ژمارەی دانیشتوانەکەی زۆر زۆر کەمەو قوتابخانەکانی کەمە لە ماوەت قەزایە، بەڵام پەروەردەمان نییە، پەروەردەمان بەس لە شارباژێڕ هەیە دەکرێت ئەم پێوەرە بگۆڕین بیکەینە پێوەری ژمارەی قوتابیان و خوێندکاران یان پێوەری دانیشتوان، هەندێك قەزای دیکەش هەیە بۆ نموونە لەناو سەنتەری سلێمانی یان

لەنـاو سـەنتەری هەولێـرە پێویسـتمان بە دوو پەروەردە هەیە لەبـاتی پەروەردەیەك، لەبەر ئەوە ئەوەی کە ئێستا لە سلێمانیا یان دهۆك هەمـانە رۆژئـاواو رۆژهەڵات کە ئـی سـەنتەری قەزاکەیە ئەو مولاحەزەی کاك عثمان، من داوا ئەکەم کەوا بەهەند وەرگیرێت، جەنابی سەرۆکی پەرلەمـان لە زۆربەی ئەم پـڕۆژە یاسـایە شـتێك هـاتووە دەڵـێ، دەبێـت بڕوانـامەی بەکالۆریۆسـی هەبێـت حەسری کردووە ئەگەر بکرێت بەلایەنی کەم بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت، بۆیە بۆ ماسـتەرو دکتۆراش رێگە بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـز وەزیـری پەروەردە زۆر سـوپاس، بەڕێـزان بەم شـێوەیە کۆتـایی بە دانیشـتنی ئەمڕۆمـان ئەهێنین ان شاءالله دانیشتنی داهاتوومان یەکشەممە دەبێت، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

بۆ ڕاگەیاندنە ئەتانەوێ ئیشی لەسەر بکرێت ئەبێت یاداشتمان بدەنێ، بەڵێ سوپاس، کاك حکمت گیان بەس بینووسەو بماندەنێ بەسەرچاو، فەرموون ماددەی (١٦٧)، فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەروازەی پێنجەم:

حوکمە دارایی و گشتییەکان.

بەشی یەکەم:

حوکمە داراییەکان.

تەوەری یەکەم: داهاتەکانی وەزارەت ماددەی (١٦٧)، داهاتەکانی وەزارەت پێکدێت لە:

١ - بەشە بوودجەی وەزارەت لە بوودجەی گشتی هەرێم.

٢ - داهاتی فرۆشتگاکانی دامەزراوە پەروەردەی و فێرکردنە حکومییەکان.

٣ - یارمەتی و دیاریی بەخشین و ئەو سپاردانەی کە دەدرێت بە وەزارەت بەمەبەستی دروستکردنی تەلاری دامەزراوەی پەروەردەی و فێرکاری یان گەشەپێدان یان فراوانکردن یان نۆژەنکردنەوە یان دابینکردنی پێداویستییەکانیان.

٤ - هەر داهاتێکی دیکە، کە بۆ وەزارەت و دامودەزگاکانی بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێم دادەنرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، کێ قسە ئەکات لەسەر ئەم ماددەیە؟ فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من دوو پرسیار ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری پەروەردە ئەکەم، یەکەم: ئایا بەشە بودجەی وەزارەتی پەروەردە چەندە؟

دووەم: لە خاڵی سێیەم باس لە یارمەتی و دیاری و بەخشین ئەکات، ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکمان بۆ بدەن کە کێن سەرچاوەکانی ئەم دیاریی و بەخشینە؟ کێن ئەو ڕێکخراوانە؟ کێن ئەو کەسایەتیانە؟ ئەگەر ڕوونکردنەوەك هەبێت لەو بارەیەوە سوپاسیان ئەکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (١٦٨) بەڕێزان فەرموون، فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦٨)، ئەو بابەت و کەرەستەو ئامێرانەی کە وەزارەت بەمەبەستی پەروەردەو فێرکردن هاوردە دەکات، یان ئەوانەی بۆ ئەو مەبەستە بۆ وەزارەت دەبەخشرێن، لە ڕەسمە گومرگییەکان دەبەخشرێن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ فەرموو کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله هەر لەسەر ئەو ماددەیە، بەڕێز وەزیری پەروەردە، دوێنێ برادەرەك لەو هەولێرە برادەرەك ملی منی گرت لە شاری بەحرکە................

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ماددەی (١٦٩) بخوێننەوە.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

..................ئاخر دەبێت قسەکە بگاتە وەزیری پەروەردە.........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر پەیوەندی بەو ماددەیە هەیە؟

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

پەیوەندی بە پرۆسەی خوێندنەوە هەیە، ئێستا ئەو قانوونە هەمووی خوێندنەوەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەتەوێت حەل بێت، بڕوابکە وەرە لەگەڵی باس بکە وا باشتر حەل دەبێت، نابێت لەناو ماددەیەك قسەیەکی تر بکرێت، ماددەی (١٦٩) بخوێننەوە، ماددەی (١٦٨) ڕوونە باسی چی ئەکات، بەڵێ ماددەی (١٦٩) بخوێننەوە، فەرموو گەلاویژ خان.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦٩):

وەزارەت لەڕێگەی ڕێنماییەوە کە وەزیری دەریدەکات مافی وەرگرتنی ڕەسمی لەو کارو خزمەتگوزاریانەی خوارەوە هەیە.

١ -هاوتاکردنی بڕوانامەکان.

٢ -وردبینی کردنی بەڵگەنامەو وەرگێڕانیان.

٣ -وێنەی زیادەی بەڵگەنامەکان.

٤ -ڕسووماتی پێدانی مۆڵەت و نوێکردنەوەی مۆڵت و گواستنەوەی دامەزراوەی ناحکومی و ناو و گۆڕینی دامەزراوەو ئەو خزمەتگوزاریانەی دیکە، کە پەیوەندییان بە دامەزراوە ناحکومییەکانەوەهەیەو لە خشتەی هاوپێچدا هاتوون.

٥ -بەژداربوون لە تاقیکردنەوە دەرەکییەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٦٩) کێ ئەیەوێت قسە بکات؟ بەڵێ، (سەوسەن خان و د.ڕێبوار).فەرموو سەوسەن خان.

**بەڕێز سەوسەن محمد میرخان:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم کە بڕگەیەك زیادبکرێت، بڕگەی شەشەم، کەسوکاری شەهیدان و جینۆسایدکراوان و زیندانیانی سیاسی لەو ڕەسمە ببەخشرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتیوانیم بۆ قسەکانی خاتوو سەوسەن سەبارەت بەوەی کە کەسوکاری شەهیدان بەخشرێن لەو ڕسووماتانە، هەڵبەتە من جەخت ئەکەمەوە لەسەر داواکارییەکم کە لە دانیشتنەکانی ڕابردووش تەرحم کرد، ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری پەروەردەم کرد، بەڕێز وەزیری پەروەردە ئەویش ئەوەیە کە، ئەو ڕێنماییەی دەرچووە لە وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە ئەزموونە دەرەکییەکان ڕێگری دەکات لەوەی کە قوتابی یان خوێندکار بتوانێ بخوێنێت، بۆچی ستەم لە قوتابی بکرێت؟ قوتابییەك ئەگەر توانای دارایی باشە بچێت لە خوێندنگەیەکی ناحکومی بخوێت ئەهلی، بۆچی ڕێگەی لێ بگیرێت؟ بۆیە زۆرێك لە کەسوکاری قوتابیان و خوێندکاران داوایەکیان ئاراستە کردووین،ئێمەش لێرەوە ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری پەروەردەی دەکەی...............

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیوەندی بەو ماددەیەوە هەیە؟

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

............بەڵێ پەیوەندی بەوەوە هەیە، پەیوەندی بە خاڵی پێنجەمەوە هەیە کە باس لە ئەزموونی دەرەکییەکان ئەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی (٧٠) بخوێننەوە، فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گلاوێژ عبيد عثمان:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧٠)، وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری، بڕی کرێی وانە بێژی لە دامەزراوە حکومییەکاندا دیاری دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەسەر ئەم ماددەیە قسە ئەکات؟

ئەو بەڕێزانەی لەسەر ئەم ماددەیە قسە ئەکەن، (کاك لقمان، کاك عثمان سێدەری، کاك عباس، خدیجە خان، کاك جەلال، گوڵستان سعید)، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان سعيد حمد:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە کرێی وانەبێژی ئێمە لە ڕابردووا ئاماژەماندا بە هەندێك کەموکوڕی و وەزعی مامۆستای وانەبێژ، ئەگەر بڕیارە هەر بەوانە بێژی بمێننەوە، من داواکارم هەر لێرەدا هەندێك خاڵ زیادبکرێت، وەك خەرجکردنی دەرماڵەی هاوسەرگیری، دەرماڵەی مناڵ، دەرماڵەی وانە وتنەوە، یەعنی بۆ ئەوەی هیچ نەبێت تۆزێك ڕەوشیان بگاتە ئاستێك وەزعێکی شایستە بێت بۆ ئەوان، وە بتوانن قەرەبوویێك بە وەزعی مامۆستای وانەبێژ بێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو عثمان.

**بەڕێز عثمان كريم سوارە (عثمان سێدەری):**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن پـێم وایە كە بەم شـێوەیەی لێبكرێـت، وەزارەت هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەتـی دارایـی و ئابووری بڕی كرێی وانە بێژی لە دامەزراوە حكومیەكاندا دیاری دەكات بە مەرجێك لەگەڵ ژیـانو گوزەرانی كەسەكاندا بگونجێت، هەروەها تێبینییەكی تریشـم هەیە، لەوانەیە پەیوەنـدی بەمەوە هەیە ئەگەر جەنابت مۆڵەتم بدەی، دیارە بەو پێـیەی كە سكاڵایەكی زۆرمـان بـۆ هـاتووە لەسـەر مـۆڵەتی دایكـایەتی بەتـایبەتی مامۆسـتایانی وانەبێـژ و مامۆسـتایانی گرێبەسـت كە بیسـت و حەوت ڕۆژە زۆر كەمە، بۆیە داواكارم جەنابی وەزیر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لەگەڵ جەنـابی وەزیـر قسـە بـكە، كـاك عثمـان، دەسـتت خۆشـبێت، بـۆیە تكـادەكەم تـایبەت بەو ماددەیە قسە بكەن، جەنابی وەزیر لێرەیە دوای ئەتـوانێ وەڵامـی پرسـیارەكانی ترتـان بـداتەوە، فەرموو خدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله من ئەو ماددەیەم پێ زیادە، چونكە ئـێمە لە مـاددەی (٧٢) باسـی ئەو بابەتەمـان كردبـوو لە پـڕۆژەكەدا هـاتووە كە دەڵێـت وەزارەت بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەتـی دارایـی بـڕی كرێـی وانەبێژی دیاریی دەكات، نازانم دووبارە بۆچی چ پێویستییەك دەكات دووبارە لێرە ئەم ماددەیە وەكو ماددەیەكی سەربەخۆ باس بكرێـت، چ جیـاوازییەكی هەیە لەگەڵ مـاددە (٧٢)، كە لەوێـش عەینەن باسكراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو كاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەسەلەی وانەبێژی، ئەگەر وەزعی حكومەتی هەرێم لە داهاتوو باش بێت، ئەوە ئەو وانە بێـژانە دەبــنە گرێبەســت، ئەولەویەت لەبــۆ ئەوانەیە یــان بــۆ ئەوانەی پێشــتر گرێبەســت نەبــووە، مەوزووعێكی زۆر مووهیم دوێنێ مامۆستایەك تەلەفۆنی كـرد لە گونـدێكی دەورووبەری كـۆیە، دەڵێت ئێمە چـوار بڕوانـامەی بە كالۆریۆسـمان هەیە، وانەبێژیـان بـۆ دامەزرانـدووینە لە دەرەوە دێن،چوار ڕۆژیكە دەبێتە باران و ڕێگا دەگیرێت دوو، سێ حەفتە لەوانەیە باران ببارێت و نایەن بۆ شوێنەكە، دەڵێت ئەولەویەت باشترە ئێمە بین لەو گوندە، بڕوانامەی بەكالۆریۆسـمان هەیە لە شوێنی ئەوانە وەكو وانەبێژ دامان بنێن كە وەزعەكی باش حەل دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو كاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٧٠)، وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری بڕی کرێی شایستەو دەرماڵەی هاتووچۆی وانەبێژی دیاریی دەکات، من پێم باشە ئاوای لێبکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی (لقمان وردی):**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧٠)، لای هەموومان ڕوونە کە مامۆستای وانەبێژ مەغدورە، ئەو بەشە پارەیەی کە لە بەرامبەر وانەوتنەوە پێی ئەدرێت بەشی ماندووبوونەکەو بەرامبەر مادنووبوونەکەی نییە، بۆیە پشتوانی لە پێشنیارەکەی برای بەڕێزم کاك عباس دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٧١)، بخوێننەوە بەڕێزان، فەرموو ڕۆژان خان.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧١):

١-هەرکەسێك دامەزراوەیەکی پەروەردەی و فێرکردن بێ بەرامبەر دروست بکات و بیبەخشێت بە وەزارەت لە بڕێکی باش دەبەخشرێت کە هاوتای(٢٠%) لە سەدی تێچووی دامەزراوەکە بێت.

٢-دامەزراوەی ناحکومی قازانج نەویست مافی لێخۆشبوونی لە باج بەپێی یاسا بەرکارەکان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەی؟ ئەو بەڕێزانەی لەسەر ئەم ماددەیە قسەیان هەیە، (کاك لقمان، کاك چیا). فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤ ماددە من زۆر پێ باشە، بەس بڕگەك بێنە لێ زێدەکرنێ، کەسێك کو دامەزراوەیێ پەروەردەی دروست بکەت، ئازاد بیت لە دەستنیشان کرنا ناڤێت وێ دامەزراوێ ئەڤ هەقە بێتە وی دامەزراوێ، ئەو کەسێ کە قوتابخانەکی چێکریت هەر ناڤەکی کە ئازادییە وی بیت لسەر وێ قوتابخا دانیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی (لقمان وردی):**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٧١)، من تێبینییەکم هەیە لەسەر بڕگەی دووەم، دامەزراوەی ناحکومی قازانج نەویست مافی لێخۆشبوونی لە باج بەپێی یاسا بەرکارەکان هەیە، زۆرجار ئەو دامەزراوانەی کە بەناوی قازانج نەویست دەکرێن لە هەرێمی کوردستان، لە ڕاستیدا دامەزراوەی (١٠٠%) قازانج ویستن، بۆیە ئەبێت ئەمە کۆمەڵێك مەرج و پێوەر دابنرێت بۆ ئەوەی ئەم بڕگەیە و ماددەیە بە خراپ بەکارنەهێندرێت دواتر بۆ مەبەستی بازرگانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٧٢)، بخوێننەوە بەڕێزان، فەرموو ڕۆژان خان..

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧٢):

ئەو ڕەسم و سزا کارگێڕی و کرێیانەی کە وەزارەت وەریان دەگرێت، لە ئەژمێرێکی بانکی تایبەت بە وەزارەت کۆدەکرێنەوەو تەنها بۆ دروستکردن یان نۆژەنکردنەوەی تەلاری قوتابخانە یان پێداویستی دامەزراوە حکومییەکان یان پاداشتی مامۆستایان و فەرمانبەران بەکاردەهێنرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٧٢) کێ قسەی هەیە؟ ئەو بەڕێزانەی لەسەر ئەم ماددەیە قسەیان هەیە، (خدیجە خان، شنۆ خان، کاك لقمان، شیرین خان)، فەرموو خدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من بەس تێبینیم کرد، لە چەند ماددەی پێشووتریش باسی ڕسوماتەکان دەکات کە لە خشتەی هاوپێچدا هاتووە، بەس هیچ خشتەی هاوپێچمان نەدیتییە کە هاوپێچ کرابێت لەگەڵ پڕۆژە یاسایەکە، نازانم نەمبینیوە ئەو ڕسوماتانە چین لە خشتەی هاوپێچ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بیدایەت لەگەڵ پڕۆژەکە هاتووە خدیجە خان، فەرموو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی (لقمان وردی):**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٧٢)، من پێم باشە ئەو ڕێژەیەی دیاریی بکرێت بە کراوەی نەبێت، ڕێژەکە (٢٥%)بێت،(٣٠% )بێت، ڕێژەکە دیاریکراو بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو شنۆ خان.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی کاك لقمان دەکەم، کە ڕێژەیەك دیاریی بکرێت لە نێوان (٢٥%)بۆ (٣٠% )،زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری قسەکانی شنۆ خان و کاك لقمان دەکەم، دەڵێ ئەو ڕسم و سزا کارگێڕی و کرێیانەی کە وەزارەت وەریان دەگرێت و لە ئەژماری بانکی تایبەت بە وەزارەت کۆدەکرێتەوە، بەڕێژەی ٣٥%، پێشنیار دەکەم وای لێبکرێت ٣٥% بۆ دروستکردنی یان نۆژەنکردنەوەی تەلاری قوتابخانە، ٣٥% بۆ پێداویستی دامەزراوە حکومییەکان، ٣٠% بۆ پاداشتی مامۆستایان و فەرمانبەران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٧٣) فەرموون بیخوێننەوە، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧٣):

دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان دەتوانن یارمەتی دارایی و بەخشینەکان وەربگرن، بەمەرجێك لەژێر چاودێری و دارایی بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەت بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٧٣)، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ (د.ڕێبوار، کاك جلال، سەوسەن خان) ، فەرموو کاك جەلال.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆرجار دامەزراوە پەروەردەی و فێرکارییەکان یەعنی ئەوانەی ناحکومییە دەتوانن ئەو یارمەتیانە وەرگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەوسەن خان.

**بەڕێز سەوسەن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە دەڵێت دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان دەتوانن یارمەتییە دارایی و بەخشینەکان وەربگرن، بەمەرجێك لە ژێر چاودێری، لە ژێر چاودێری وەزارەتی دارایی یان وەزارەتی پەروەردە، پێویستە لێرە ئاماژەی پێبدرێت بۆ ئەوەی ڕوونبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٦٩)، یارمەتییە داراییکان و بەخشینەکان ، بە وەزارەتی پەروەردە سپێردراوە، بەڵام لەو ماددەیە هاتووە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکاریش دەتوانێ ئەوە وەرگرێت ئەگەر بڕیارە وەرگرێت ئایا دوایی ئەو داهاتە چی لێدەکات، ئایا دامەزراوەکان حەقی تەسەروفیان هەیە یان وزەزارەتی پەروەردە حەقی تەسەروفی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٧٤) فەرموون بیخوێننەوە، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری دووەم: حوکمە گشتییەکان ماددەی (١٧٤)، وەزارەت مافی ناردنی نێردەی زانستی بۆ دەرەوەی هەرێم و پێشوازیکردنی نێردەی زانستی لە دەرەوەی وڵات هەیە بەپێی یاساو ڕێنماییە کارپێکراوەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧٥):

یەکەم: شکۆی دامەزراوە پەروەردەی و فێرکارییەکانی هەرێم لە سنووری یاسادا پارێزراوە، نابێت هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەبێ پرس بچنە ناو حەرەمیان تەنها لەو بارەدا نەبێت، تاوانێکی بینراو هەبێت لەسەر داوای بەڕێوەبەرایەتی دامەزراوەکە یان پشتبەست بە فەرمانی دادوەر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ماددەی (١٧٥) کێ قسەی هەیە بەڕێزان؟ کاك ازاد دەزانم، بەس با تەنزیمی کەم ئەوانەی لەسەر ماددەی (١٧٥) هەیانە ناویان بنووسین، دوای ئەگەڕێینەوە دەرفەت بە تۆ ئەدەین لە ماددەی (١٧٤) قسە بەکەی، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

٢-دەستدرێژی کردنە سەر مامۆستا لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەرکەکەی یان بەهۆی وەزیفەکەییەوە، بە باری توندکاری سزای دەستدرێژی کردنە سەر فەرمانبەری دەوڵەت دادەنێرت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێــزان ئەوانەی لەســەر مــاددەی (١٧٦) قســەیان هەیە بــا دەســت بەرزکەنەوە، تــا ناویــان دەنووسرێت؟ کاك ازاد لەسەر ماددەی (١٧٤) قسە بکە فەرموو کاك ازاد.

**بەڕێز ازاد اکرم بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مـاددەی (١٧٤)، ئەگەر زیادبکرێـت ڕەچـاوی پێکهاتەکـانیش بکرێـت، چـونکە دەڵێـت وەزارەت مـافی نێـردەی زانسـتی بـۆ دەرەوەی هەرێـم هەیە، ڕەچـاوێکیش بـۆ پێکهاتەکـان دابنرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی لەسەر ماددەی (١٧٥) قسەیان هەیە، (کاك عباس، کاك مەلا ناصر، سەوسەن خـان، کاك جەلال، روبینە خان، کاك لقمان)، فەرموو کاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ماددەی (١٧٥)، بڕگەی یەکەم، من تەها ئەوەی دێری ئاخیری لەسـەر داوای بەڕێـوەبەرایەتی دامەزراوەکە، من بەڕێوەبەراییەتەکە بە باش دەزانم لەم بابەتە تەرك بکرێت، تەنها پشتبەستن بە فەرمانی دادوەر تێدا بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو روبینە خان.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (١٧٥) دووێ، بێژیـت دەسـتدرێژی کـردن بـۆ سـەر مامۆسـتا لە کـاتی جێبەجـێ کردنـی ئەرکەکەی، وەکو دیاربوو دوهێ ژی لە ڕاپۆرتەکا دیاربوو، کو مامۆسـتایەکی دەسـتدرێژی کـرییە سەر چەند منداڵ یان چەند قوتابی (١٣١)، ئەگەر نزانم درست بیت، ئایا ڕاستە قانوون عقوبات و قانوون بەرکارەکان عقوبەی هەیە و لەسەر وی ژی شـمول بیـتن، بەس لێـرەدا پێویسـت بـوو کـو ئەو سزایە بێتە دیارکرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەوسەن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان تێبینی روبینە خانم هەیە، چونکە ئێمە دەبینیین یەعنی زۆرجار مامۆستاش دەسـتدرێژی دەکاتە سەر قوتابی، لەبەر ئەوە پێویستە بڕگەیەك زیادبکرێت بە بڕگەی سێیەم بـۆ ئەوەی مـافی قوتابیش پارێزراو بێت، پشتیوانی روبینە خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەم دەستدرێژی کردنە مەبەستی تەعدایە، یەعنـی تەعەدیـیە، تەعەدی بەو مەعنـایە نـا، مەعنای لێدان، پەلاماردان، فەرموو کاك ناصر.

**بەڕێز عبدالناصراحمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧٥) حوکمە گشتییەکان بڕگەی دووەم، دەستدرێژی کردن بۆ سەر مامۆستا لە کاتی ئەرکەکانی یان بەهۆی وەزیفەوە باری توندی سزای دەستدرێژی کردنە سەر فەرمانبەری دەوڵەت دادەنرێت، بۆیە پێویستە ئەو کەسەی دەستدرێژی دەکاتە سەر مامۆستا سزاکەی دیاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، سزای فەرمانبەری دەوڵەت بە قانوون ئەو کەسەی کە دەستدرێژی ئەخاتە سەر فەرمانبەری دەوڵەت دیاریکراوە، بەڵام لێرە بۆ مامۆستا کراوە بە باری توندکار، لەبەر ئەوە پێویست ناکات دیاریکەین، فەرموو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی (لقمان وردی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٧٥)، هەمان سەرەنج و تێبینی کاك عباسم هەیە، کە لەسەر داوای بەڕێوەبەرایەتی لابرێت، هەروەها پشتیوانی لە پێشنیازەکەی روبینە خان و کاك مەلا ناصر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك جەلال.

**بەڕێز جەلال محمد عبدالله (جەلال پەرێشان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم، بەڵام مامۆستا ئەوەندە پیرۆزە یەعنی لە سەرۆکی وڵات و لە سەرۆکی هەرێم و لە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و لە هەموو ئەوانەی لەو هۆڵە دانیشتینە مامۆستای ئەزیز هەموانی پەروەردە کردووە، بەڕاستی زۆرجار مامۆستا دەستدرێژی دەکرێتە سەر، بەڵام لە ڕێی سولحی کۆمەڵایەتی شتەکە بە دوو دەقە حەل دەکرێت، ئەو کەسەی تەعەدای کردووە جەزای خۆی وەرناگرێت بەڕاستی، یابانییەکان وتەیەکی زۆر پیرۆزیان هەیە لەبارەی مامۆستا، دەڵێ ( ئەگەر تۆ هاتی بەرامبەر مامۆستا ڕاوەستای، زۆر مێیە پێش نەوەك پێیەکانت بگاتە سەر سێبەری مامۆستا)، چونکە مامۆستا ئەوەندە پیرۆزە بەڕاستی دەبێت هەموومان بەو شێوازە بیر لە پاراستنی مامۆستا بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٧٦)، بەڕێزان بۆمان بخوێننەوە، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧٦):

یەکەم: دامەزراوە حکومییە پەیوەدیدارەکان لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان زەوی پێویست بۆ دروستکردنی باخچەی منداڵان و قوتابخانە و پەیمانگای پەروەردەییەکان و ناوەندەکانی پەروەردە کردنی دیکەی حکومی تەرخان دەکەن.

دووەم: ئەگەر زەوی پێویست بەپێی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە تەرخان نەکرا، وەزارەت بۆی هەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدارەکان و دوای ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران زەوی گونجاو بکرێت یان بە موڵك بکرێتە سەر وەزارەتێ، چونکە لەلایەن حکومەت دیاری دەکرێت بێ ئەوەی کاریگەری لەسەر بودجەی وەزارەت هەبێت.
سێیەم: ئەو زەویانەی دامەزراوەی حکومییان لەسەر بوونیاتنراوە یان بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکراون، بەناوی وەزارەت دەکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ماددەی (١٧٦) کێ قسەی هەیە؟( کاك عثمان سێدەری، کاك عباس، کاك جەلال، جوان خان). فەرموو جوان خان.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیری پەروەردە، ئەم یاسایە هەموو ئەو خوێندنگە کوردیانە دەگرێتەوە کە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمیشن وانییە کە وەزارەت سەرپەرشتیان دەکات، لێرە کە باسی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان دەکرێت لە هەر بابەتێك پێم باشە ناوی ناوچە کوردستانییەکانیش تێدا زیادبکرێت، بۆ ئەوەی خوێندنگە کوردییەکانی ناوچە کوردستانییەکانیش بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو عثمان.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە (عثمان سێدەری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧٦) بڕگەی دووەم: کە باس لە کڕینی زەوی دەکرێت ئێشارەت بە شتێك دراوە، زەوی گونجاو بکڕدرێت یان بە موڵك بخرێت، ئەو (یان)ە، بە بۆچوونی من زیادەیە لاببرێت، وای لێبکرێت، زەوی گونجاو بکڕدرێت و بە موڵك بخرێتە سەر وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك جەلال.

**بەڕێز جەلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموومان دەزانین هەزاران قوتابخانەمان پێویستەو دەیان قوتابی و خوێندکار بەبێ ئەوە ماونەتەوە، جار وایە لە پۆلێك دەبینیین پەنجا شێست قوتابی لە پۆلێکە، بەڕاستی ئەو زەویانەی کە دەڵێت دەمەزراوەی حکومیان لەسەر بکرێت، خۆزگە هەمووی دەگەڕێتەوەو دەدرێتە وەزارەت و بۆ ئەوەی بینای قوتابخانە دامەزرێت، نە بەناوی وەزارەت بکرێت، بێتەوەو لەژێر تەسەروفی وەزارەتی پەروەردە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (١٧٦)، کە سـێ بـڕگەیە، مـن بـڕگەی دووەم بە زیـاد دەزانـم لەبەر ئەوەی حکومەت مولزیمە بەوەی کە بەڕاستی لە خاڵی یەکەم زەوی دابینکات، لە حاڵەتێك دەڵێت ئەگەر دابینی نەکرد، ئێ خۆ ئەگەر حکومەت دابینی نەکات کێ دابینی دەکـات؟ یەعنـی تـۆ لە هـاوڵاتی دەکڕی؟ خۆ ئەو کاتە هەر مولزیمە بە حکومەت، بۆیە من ماددەی دووەمم سەرتا پێم وایە زیادە، بڕگەی یەکەم و سێیەم پێم وایە بەسە بۆ ئەم ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٧٧) بخوێننەوە کاك شەمۆڵ.

**بەڕێز شەمۆڵ اشی صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧٧):

پێویستە لەسەر وەزیر ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە دەربکـات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ (خدیجە خان، مامۆستا نجاة)، فەرموو نجاة خان .

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەکە سـەحکەینە مـاددێ (١٧٧)، پشـتی وی مـاددەکی کەمە ئەو ژی کـو پێویسـتە لسـەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن، ئەڤ مـاددەیە ئـێ کەمە، ژی بـیکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خدیجە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧٧)، سیغەکەی بەم شـێوازە لێبکرێـت، پێویسـتە لەسـەر وەزیـر ڕێنمـایی پێویسـت بـۆ ئاسـان جێبەجـێ کردنـی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە دەربکـات، (ئاسـانکردنی) نـا (ئاسـان)، لەگەڵ ئەمەکەش دیارە کە غەڵەتێکی مەنبەعی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وایە دروستە، قسەکەت تەواوە، ماددەی (١٧٨) بخوێننەوە فەرموو، فەرموو کاك شەمۆڵ.

**بەڕێز شەمۆڵ اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧٨):

١-یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤)ی یاڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو هەڵدەوەشێتەوە.

٢-یاساو قوتابخانه و پەیمانگا نا حکومییەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق، ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠١٢) هەڵدەوەشێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کێ لەسەر ئەم ماددەیە قسەی هەیە؟

ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە، فەرموو کاك راهی.

**بەڕێز راهی رەهبەر ابراهیم**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧٩):

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە، فەرموو کاك راهی.

**بەڕێز راهی راهبر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٨٠):

١ - ئەرکی وەزارەتە پێش دەستپێکی نزیکترین ساڵی خوێندن، دوای دەرچوونی ئەم یاسایە دامەزراوە حکومییەکان بەجۆرێك ڕێکبخات کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاوتا بێت.

٢ - ئەرکی گشت دامەزراوە ناحکومییەکانە پێش دەستپێکی نزیکترین ساڵی دەستپێکی خوێندن دوای دەرچوونی ئەم یاسایە خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی بگونجێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان کێ لەسەر ئەم ماددەیە قسە ئەکات؟ (کاك چیا) فەرموو، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو جەنابێ تە کە بەعس کریە ڤێریی کو ئەڤ یاسایێ ب ماوەیەکێ نزیك دەستپێدکەت، سالا خوندنێ ژ نوکە دەستپێکریە، ئەگەر ئەم خۆ بگرن هەتا ساڵەکی دی تەقریبەن دێ یازدە هەیڤێ دی بۆرتن، بۆیە من پێ باشە پشتی دوو هەیڤەك دی ئەڤ یاسایە بێتە جێبەجێ کرن، نەك دەستپێکەکا ساڵەکا نوی، دەستپێکا ساڵەکا نوی پشتی ساڵەکا دییە، ئەڤە بو یاسا زۆر درەنگە، ژبەر هندێ ئەڤ یاسایە دەستپێکێ سالا نییە نوکە، پشتی هەیڤەك دوو هەیڤ ئەڤ یاسایە بێتە جێبەجێ کرن باشترە بۆ ساڵەکا دی، ئەو کەلیما ساڵەکا دی، بچی دەمێ پشتی رۆژنامە وەقائیعی دەرکەت یەکسەر بێتە ئامادەکاری بۆ جێبەجێ کرنێ، نە بۆ ساڵەکی، ساڵەك گەلەك درەنگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە، فەرموو گەلاویژ خان.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٨١):

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)، جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ماددەی (١٨١)، دەست بەرزکاتەوە؟ کەس قسەی نییە، هۆیەکانی دەرچوواندن بخوێننەوە، فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن:

بەمەبەستی ڕێکخستنی بوارە جیاوازەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لەسەر کۆمەڵێك بەهای سەردەمیانە و بۆ بنیاتی تاکێکی خوێندەوار و هۆشیار و دیموکراسی خواز و داهێنەر و بەهاداری کوردستانی و مرۆڤ دۆست، هەروەها بە مەبەستی گەشەپێکردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان- عێراق، تا ببێتە مایەی بەرەوپێش بردنی تواناکان و خۆشگوزەرانی تاك و کۆمەڵ و بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی و دەوڵەمەند کردنی کلتوری گەلی کوردستان- عێراق، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن هەیە؟ ئەو بەڕێزانەی قسەیان هەیە لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن، (کاك چیا، سەوسەن خان)، سەوسەن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر چەند وشەیەك هەیە، بۆیە لە ڕستەی دووەم (بوونیات) بکرێتە (بوونیاتنانی)، ئەوەی دووەم لە ڕاستیدا (تاکی خوێندەوار و وشیار و دیموکراسی خواز)، بکرێتە (فاریزە) تەنیا کۆتاییەکەی بکرێتەوە، هەروەها ئەوەی کە نووسراوە (بەهاداری کوردستانی).

لە ڕاستیدا نازانم زیادە و نا مەفهوومە، چونکە زۆر تەعبیر دەگرێت لە قانووندا نازانم ئایا بنووسرێت نەنووسرێت، بە ڕەئی من زیادە ئەوە، هەروەها لو جێیەی کە دەڵێ (وە هەروەها بە مەبەستی گەشەپێکردنی)، (گەشەپێکردنی)، بکرێتە (گەشەپێدانی)، هەورەها ئەوەی کە پێویستە زۆر تەرکیزی لەسەر بکرێت لە ڕاستیدا چونکە ئەمە یاسای پەروەردەیە زۆر زۆر پێویستە یەعنی لە ڕووی مەسەلەی زمانەوانی و پسپۆڕانی زمانەوانی پێدابچنەوەو یاسایەکی ڕێك و پێك بێت، یاسای پەروەردە و فێرکردنە زۆر زۆر زەروورە ئەم خاڵە ڕەچاو بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
زۆر جوان هاتییە داڕشتن، تەنها یەك کەلیمە من دوڤییە لێ زێدە بکەم، ل جێهەکیدا کەلتوریێ پێکڤە ژیانێ لێ بێتە زێدە کرن، بەهاکانی کوردستانی و مرۆڤ دۆستی و کەلتوریێ گەلێ کوردستانێ، ل وێرێ دا کەلتوریێ پێکڤە ژیانێ بێتە زێدە کرن، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەم یاسایە لە ماوەی حەفتەیەکدا ناتوانین ئامادەی بکەین بۆ دەنگدان، لەبەر ئەوەی سەدان، دەتوانم بڵێم زیاد لە دوو، سێ هەزار پێشنیازی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەبەر دەستی لیژنە تایبەتمەندەکانە.
هەروەها پیاچوونەوەی زمانەوانی ئەویێ و هاوئاهەنگیشی ئەوێت لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و بەڕێز وەزیری پەروەردە، لەبەر ئەوە چاوەڕێی ئەوە نەبن لەماوەی حەفتەیەکا بتوانین ئامادەی بکەین بۆ دەنگدان، بەڵێ بەڕێز وەزیری پەروەردە قسەی خۆت بکە، فەرموو کاك ئالان.
**بەڕێز ئالان حەمە سعید / وەزیری پەروەردە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەڕێزان بەیانیتان باش زۆر زۆر سوپاس، پێشەکی ئینجازەم بدەن بەناوی وەزارەتی پەروەردە سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاڕاستەی هەموو ئەو بەڕێزانە بکەین کە پشتگیری ئەو پڕۆژە یاسایەیان کردووە، جەنابی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، جەنابی جێگر، جەنابی سکرتێر.
هەروەها سوپاسێکی تایبەت بۆ سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان، کە ڕۆژانە گفتووگۆیەکی زۆریان کردووە بە مەبەستی دەوڵەمەند کردن.
سوپاس بۆ سەرەنج و بۆ تێبینییەکانتان بۆ دەوڵەمەند کردنی پڕۆژە یاساکە، بە دڵنیاییەوە داوای ئەوە ئەکەین لە کەم و کوڕیمان ببورن ئەگەر شتێکی باشتر ڕوئیایەکی باشتر هەبێت، پێویستە هەمووومان لەبەرچاوی بگرین سەرەنج و تێبینییەکانتان بە دڵنیاییەوە پڕۆژەکەی دەوڵەمەند کردووە، تەوەقوعی ئەوە ئەکەین کە شتێکی باشتری لێ دەربچێت.
بەس تەنها دەمەوێت ئەوە بڵێم ئەم پڕۆژە یاسایە کە ئەچێتە بواری جێبەجێ کردن جیاوازە لەگەڵ خۆ گونجاندن لە ئەحکامەکان، لەدوای ئەوەی کە لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیع بڵاوئەبێتەوە دەبێت جێبەجێ بکرێت، بەڵام هەندێك خاڵ هەیە کە لەناو دەقەکاندا ڕێگەی پێدراوە گونجاندنی بۆ بکرێت واتا تەکەیوف بکەین دامەزراوەکان لەگەڵ ئەم بابەتە، ئەگەر بە پووختی هەندێك وەڵام بدەمەوە، بەڵام پێش وەڵامەکە دوو بابەت باسکرا کە جێگەی سەرەنج بوو، دانەیەکیان لەناو نووقتە نیزامییەکان سەبارەت بە زمانی کوردی.
بەداخەوە لە بەڕێوەبەرایەتی یان مودیری عامەی تەقویم و ئیمتیحاناتی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی عێراقی فیدڕاڵ، لە ڕۆژی ( ٦ی/١٠) گشتاندنێك دەرکراوە لە نەتیجەی پرسیار کردن لە بابەتێك کە قوتابییەکی عەرەب لە تەربییەی کەرخ لە بابەتی کوردی دەرنەچووە.

پرسیاریان کردووە لە مودیری عامە، مودیری عامەش ئەمەی کردۆتە گشتاندن، وا ئیعتبار ئەکەن دەرچوون لە ماددەی کوردی نییە، بەڵکو تەنها بۆ فێربوون و بۆ بابەتی تێگەیشتنە بابەتی زمانی کوردی، ئەمە لە ڕاستیا هەر هەمان ڕۆژ، من لەگەڵ بەڕێز وەزیری پەروەردەی عێراق.
ڕۆژی پێنج شەممە و ڕۆژی جمعە و ئەم بەیانییەش پێش ئەوەی کە داخلی کۆبوونەوە بێت، چونکە داوام لێکردووە کۆبوونەوە بکا و بڕیاری پێویست بدەن، هەروەها نامەیەکی زۆرمان لە بەینا گۆڕاوەتەوە بەڕێز وەزیر موتەفاهیمە لەوە، بۆمان شەرحکردۆتەوە کە بەپێی ماددەی (٤)ی دەستووری عێراقی، ئەوەیە کە دەڵێ (اللغة العربية واللغة رسمية هما اللغتان الرسميتان، اللغة العربية واللغة الكوردية هما اللغتان الرسميتان العراق)، ناڵێت زمانی کوردی زمانی دووەمە، ئەلێت زمانی فەرمییە.
لەبەر ئەوە ئێمە ئەوەمان بە تەقلیل کردن بە کەمکردنەوەی شەئنی زمانێکی فەرمی زانیووە، کە لە دەستووری عێراقدایە، پەیامی خۆمان بەڕێگەی دیبلۆماسی بەڕێگەی پەیوەندییەکان داوە، بۆ ئەوەی کە ئەو حاڵەتەی کە هەیە بتوانین چارەسەری بکەین بەشێوەیەکی عەقڵانی.
هەروەها بە وەزارەتی پەروەردەی عێراقیشمان وتووە زۆر بژاردەمان لەبەردەستدایە هەتا ئیلغاکردنەوەی ماددەی عەرەبیش، بەڵام ئێمە تەمەنا نائەکەین پەنا بەرینە بەر ئەو بابەتانە ئیلغا کردنەوەی ئیمتیحانات، تەمەنا ئەکەین ئێوە بڕیارەکە چاککەنەوە، چونکە پێمان وایە هەڵە بە هەڵە چارەسەر ناکرێت زمانی عەرەبی و زمانی کوردی.
دوو زمانی فەرمین کە لە دەستووری عێراقیدا هاتوون دەبێت ڕێزیان لێ بگیرێت، ئێستا وەزارەتی پەروەردەی عێراقی فیدراڵ لە کۆبوونەوەن لەسەر ئەو بابەتە، ئەوەی کە بەمن گەشتووە بەڕێز وەزیر پێی وتووم ئەمڕۆ بڕیارەکە ڕاست ئەکەمەوەو بڕیاری پێویست ئەدەم بۆ ئەوەی کە زمانی کوردی پارێزراو بێت، ئێمە پێمان وتوون تەوەقوعی ئەوەتان لێ ئەکەین کە پێکەوە هاوکاری زیاترکەین کە زمانی کوردی لەو ناوچانەی دیکەش گەشە پێبدەین لە ناوچەکانی خوارو و ناوچەکانی عێراق، تەنها بۆ زانیاری و ئەبدێت کردنەوەی بەڕێزان، ئێمە لە خەتین هیچ کاتێك ئەو بابەتە بەجێناهێڵێین، بەڵام دەمانەوێت بە زمانێکی دایەلۆگ بابەتەکە چارەسەر بکرێت، ئەگەر چارەسەر نەکرێت بڕیاری گونجاو و پێویست ئەدەین کە شکۆی زمانی کوردی بپارێزێ و دەستوریش بپارێزێت.
سەبارت بە بابەتێکی دیکە کە لە سۆشیال میدیا قسەی زۆر لەسەر دەکرێت ئەویش بابەتی دەستدرێژییە کە گوایە لەلایەن مامۆستایەکی بەریتانییەوە، لە ڕاستیا ئەم مەلەفە کۆنە یەعنی ئی سەردەمی پێش ئێمەیە ساڵی (٢٠١٥-٢٠١٦)، (٢٠١٦-٢٠١٧) مامۆستایەك لە یەکێ قوتابخانەکانی کوردستان بووە، ئەو مامۆستایە چەند نامەیەکی لە ڕێگەی مەسنجەرەوە ناردووە، نەك بۆ ئەم قوتابیانە بە تەنها، بۆ کۆمەڵێك قوتابی لە کەمبۆدیا، فلیپین، تورکیا، مەغریب، صین، چەند دەوڵەتێکی تیایە، ئاخیر جار تەلەبەیەکی (١٣)ساڵی کەمبۆدی شکایەتی لێکردووە، ڕۆژی (٢٣ی/٨).
دادگای لیڤەرپول جینایەتی لیڤەرپول، بە بیست مانگ ئەوەی حوکم داوە، بەڵام تەنها بۆ زانیاریتان هیچ سکاڵایەك لە کوردستان لەسەر ئەو بابەتە تۆمار نەکراوە لە کاتی خۆی، نە لەلایەن دایك و باوکەکانەوە نە لەلایەن ئەو قوتابیانەش تەمەنیان گەیشتۆتە ئەو تەمەنە

بەڕێزان، چونکە ئەو قوتابخانەیە ساڵی (٢٠١٥-٢٠١٦) مۆڵەتی وەرگرتووە، کە مافی هەبووە منداڵی (٤، ٥، ٦) ساڵ، وەربگرێت، واتە منداڵی (١٣)ساڵ و (١٠)ساڵ، لەو قوتابخانەیە لەو کاتەیا نەبووە کە ئەو کەسە بەڕێوەبەر بووە، ئاخیر ڕۆژی بوونی ئەو کەسە لە کوردستان، مانگی (١٠ی ٢٠١٧) بووە، لەدوای مانگی (١٠ی ٢٠١٧) پەیوەندی بەو قوتابخانەیەوە نەماوە.
سەبارەت بە پرسیارەکان کاك (ازاد) حسەی تورکمانی بە ڕێنمایی دیاریی ئەکرێت.
سەبارەت بە کاك (د.ڕێبوار) بەشە بوودجەی وەزارەت چەندە؟ ئەوە بابەتی بودجەیە جەنابت کەی بوودجە هاتە پەرلەمان بوودجەی هەموو وەزارەتەکان و سێکتەرەکان دیاریی دەکرێت، کێن ئەوانەی بەخشین ئەکەن کاك د.ڕێبوار؟ ڕێکخراوەکان بەخشین ئەکەن بەتایبەتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لەناو عێراقا کلاس ئێجوکەیشن هەیە، ئەو کلاس ئێجوکەیشنانە هەموو ڕێکخراوەکانی بواری پەروەردەی نێودەوڵەتییان لە خۆیان گرتووە، کە دەعمی وەزارەتی پەروەردەی عێراق و وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دەکەن.
سەبارەت بە قوتابیانی خوێندنی دەرەکی؟ کاك د.ڕێبوار خوێندنی دەرەکی دەرفەتی پێدراوە یەعنی ناکرێت کەسێك مەسەلەن تەمەنی (٥٠)ساڵ بێت، کە مافی هەیە تاقیکردنەوەی دەرەکی بکات، بێت لەگەڵ قوتابییەکا دانیشێت کە (١٦)ساڵ بێت، بۆخۆشی لەوە ئەچێت لە ڕووی نەفسییەوە باش نەبێت، بۆیە خوێندنی دەرەکی ڕێگە گرتن نییە لە خوێندن، بەڵام وەکو کردنەوەی دەرگایەکا بەڕووی خوێندنا.
سەبارەت بە ماددەی (١٧٠)؟ پشتگیری ڕای خەدیجە خان دەکەم.
سەبارەت بەوەی کە کاك جەلال لە ماددەی (١٧٠) ئاماژەی پێدا، ئەویش بە هەمان شێوە ئەو بڕەیە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە دیاریی دەکرێت.
سەبارەت بە ناحکومییەکانیش؟ ئەتوانن فەن وەرگرن، ناحکومییەکانیش ئەگەر فەنیش وەرگرن خۆیان بەرپرسن لە بودجە و ڕێکخستنی کاروبارەکانی خۆیان.
سەبارە بەوەی کە ئایا قوتابخان حەقی ئەوەی هەیە تەسەروف بکات بەسەر هەر مینحەیەك یان تەربییەکان؟ نەخێر دواجار داهات کۆدەکرێتەوەو لە داهاتی گشتی وەزارەت دەبێتە داهاتی گشتی وەزارەت.
سەبارەت بە ماددەی (١٧٦)، (جوان خان)، تێبینییەکی دروستیدا، هاوڕای پێشنیارەکەم، کە باسی ناوچە ئیدارییەکانی دەرەوەی هەرێمیش بکرێت.
ئەوەی کە کاك (عباس)، فەرمووی ئەوەی کە لەو ماددەیە زیادە؟ لە ڕاستیدا کاك عباس لەو ماددەیە زیاد نییە، چونکە بۆ نموونە حکومەت ئەتوانێ زەوی تەرخان بکات لە شوێنێك کە گەڕەکێکی تازە بێت لە ئیفراز کردنا بەشی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان دائەنێت.
بەڵام ئەگەر ئێمە لە شوێنێك قەڵەباڵغییەکی زۆرمان لەسەر بوو لە گەڕەکێکی کۆن، حکومەت پێویستی بەوە بوو قوتابخانەیەك دروستکات، هەروەها زەویش نەبوو شارەوانی تەرخانی کردبێت، دەبێت حکومەت بیکڕێتەوە زەوییەکە بۆیە بوونی ئەو ماددەیە لەوێیا زەرووره.
سەبارەت بەوەی کاك (چیا)؟ لە سەرەتا ئاماژەم بەوەدا کە ئەم پڕۆژە یاسایە فەرق هەیە لە بەینی گونجاندن و جێبەجێ کردن لەگەڵ دەرچوونی پڕۆژە یاساکە و بڵاوبوونەوەو لە لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیع جێبەجێ ئەکرێت، بەڵام گونجاندنەکەی بەپێی ئەحکامەکانە.

من دووباره زۆر زۆر سوپاسی جووهدی پەرلەمانی کوردستان دەکەم بە دڵنیاییشـەوە ئەوەی کە ئێمە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردوومانە ئەم پڕۆژە یاسـایەمان ئامـادە کـردووە، هەروەهـا جووهـدی ئێـوەی بەڕێـز لە پەرلەمـانی کوردسـتان لەم خـولە، ئەمە پـڕۆژە یاسایەکی نەوعییە بۆ هەردوولامان ئەبێتە جێگەی شانازییەکی گەورە کە ڕۆڵمـان هەبـووە هەم لە پێشکەش کرد و هەم لە تەشریع کردنی ئەم پڕۆژە یاسایە، هەروەها سیسـتەمێکی پەروەردەی کوردستانی بنیات ئەنێین، کە جێگای ڕەزامەندی هەموو لایەکمان بێت، دەستتان خۆشبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز وەزیری پەروەردە، بەم شێوەیە دانیشتنەکەمان هەڵئەگرین.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |